# قاسملوو؛
# لە ئاوێنەی بیروڕادا

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی:
رەحمان نەقشی

بەرگی دووەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناوی کتێب:
# قاسملوو؛ لە ئاوێنەی بیروڕادا


کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

دیزاین وێنەی سەربەرگ نیگارکێش: ناسر قازی زادە

دیزاین سەربەرگ: ڕەحمان نەقشی

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەممەد

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٧٢١ - ٢٠٢١

چاپ: چاپخانەی غەزەلنووس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو؛
# لە ئاوێنەی بیروڕادا

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی:
ڕەحمان نەقشی

بەرگی دووەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٥


١- قاسملوو، وانەیەک بۆ خەبات و چرایەک بۆ داهاتوو ................... وریا رەحمانی.......................١٦

٢- تایبەتمەندییە بەرزەکانی شەهید دوکتور قاسملوو ................... حوسێن نازدار......................١٩

٣- د. قاسملوو لە پێناو «مانەوە» دا بەرەو مەرگ هەنگاوی نا ............ ئاگری باڵەکی.................٢٢

٤- لە نێوان خۆبەخت کردنو هەلپەرستیدا ....................... کەریم پەرویزی..............................٢٥

٥- وتوویژ، داوێک بۆ تیرۆری ئاشتی و دیالۆگ..... ن: ئیبراهیم قاسمیزاد......و: هیوا میرزایی.......٣٠

٦- ئێران و قەتڵ لە ڤیەننا ................... مایکڵ ڕۆبن ......... کامێنتری مەگەزین.............................٣٣

٧- نامەیەک بەبۆنەی لەدایکبوونی د. قاسملوو ........................ ناسر باباخانی.............................٣٥


## بابەتی ساڵی: ٢٠١٦


٨- کامەران بەدرخان - عەبدولڕەحمان قاسلمو ..... موسا عەنتەر .... و: بەکر شوانی...................٤٠

٩- قاسملوو، رێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان .............................. حەتەم کێڵەشین ......................٤٣

١٠- لە یادی د.قاسملوو دا ............................................ ئا; رۆژنامەی کوردستان.............................٤٨

١١- رازی هەرمانی دوکتور قاسملوو ........................................ ئازاد کەریمی .............................٥٣

١٢- چۆن هزری قاسملوو بکەینە بەرنامەی کار؟ ....................... مستەفا شەڵماشی.........................٥٧

١٣- قاسملوو کاریزمایەکی ئەرێنی و رێبەرێکی بەهەڵوێست ................ عەزیز شێخانی.................٦٣

١٤- قاسملووی ئاکادێمیک ............................................ سۆران عەلیپوور.............................٦٧

١٥- قاسملوو، رێبەرێکی واقیعبین ............................. برایم چووکەڵی...............................٧١

١٦- هەموو ژیانی قاسملوو حیزبی دێموکرات بوو! ......................... کۆسار فەتاحی.........................٧٥

١٧- بۆ یادی ٢٧ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو............................ دەبابەی کۆڕێ...........................٧٩

١٨- دوکتور قاسملوو، دیپلۆماتێکی ئارمانخواز ............................. شاهۆ حوسێنی........................٨٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٧

١٩- شەهید دوکتور قاسملوو و دوو چەمکی «ئازادی» و «شەخسییەت»........... سمایل شەرەفی........ ٩٠
٢٠- وانەکانی د.قاسملوو و شوێندانەرییان لە سەر حیزبی دێموکرات ..... تەیموور مستەفایی................٩٢
٢١- دکتۆر قاسملوو روحی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن و دێمۆکراتێکی کوردە! .... محەممەد سلێمانی..........٩٨
٢٢- قاسملوو، رووخانی جیهانی دووجەمسەری و جیهانی تاک جەمسەری ...... شاهۆ حوسینی..........١٠١
٢٣- دوای ٢٨ ساڵ لە شەهیدبوونی ڕێبەرێک ................................ کەماڵ کەریمی..............................١٠٤
٢٤- کوردستانی ئێران؛ قاسملوو و بۆسەی ڤییەن ...... کریس کۆچێرا .... کوردستان .....................١٠٧
٢٥- قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ ................................ سمایل بازیار...............................١١٤

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٨

٢٦- قاسملوو وەک هێمایەک................................................ قادر وریا...................................................١٣٢
٢٧- هۆکارەکانی پەلکێشکرانی د.قاسملوو بەرەو بۆسەی مەرگ ...... عومەر باڵەکی...................١٣٥
٢٨- هاوکێشەی سوود و زیان لە ڕوانینی د. قاسملوودا............... حەسەن شێخانی ....................١٤٥

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٩

٢٩- لە یادی قاسملووی رێبەردا ........................................ کاوە بهرامی ............................................١٥٠
٣٠-پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو،پڕاگماتیزمی بەپڕەنسیپ ..... د. ئیدریس ئەحمەدی...................١٥٤
٣١- لە سییەمین ساڵی تێرورکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیدا......... د. میرۆ عەلیار.........١٥٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣٢- له یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوودا ....... لوقمان مێهفەر......١٦٣

٣٣- قاسملۆ سیمبوولی گەلی کورد یان حزبی دیموکرات؟ ...... ئەنوەر حسێن (بازگر)..................١٦٧

٣٤- قاسملوو، ریفۆرمیستێک بەو شاخانەوە ...................... ڕێبوار کەریمی..............................١٧١

٣٥- دوکتور قاسملوو، تێکۆشەرێکی نەسرەوتوو، ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو.........ئاشق ئیسماعیلی.....١٧٥

٣٦- تیرۆری دوکتور قاسملو و مامەڵەی پشتی پەردەی دونیای سۆسیال دێمۆکراتی دۆست!....... حەسەن ئەهوەن..........١٧٩

٣٧- له یادی ڕێبەری کارێزمای گەلی کورد دوکتور عبدولرەحمان قاسملودا............وەستا ڕەحمان.......١٨٢

٣٨- کۆمەڵناسیی مەعریفی،یادێک له شەهید قاسملۆ .......... له ڕۆژهەڵاتەوە: ا.غ..............................١٨٦

٣٩- خومەینیو قاسملو.. لەنۆڤل لو شاتووە تا تاران ............ ئا: ڕێژنە سەردار ............................١٨٩

٤٠- کێ «قاسملو»ی بەکوشت دا؟ ...................................... سات محەمەد .................................١٩٤

٤١- عەبدولڕەحمان»ی عاشق ........................................... سات محەمەد...........................................١٩٧

٤٢- قاسملوو؛ هێمای نەتەوەیەکی خاوەن کەرامەت ................. ڕێبوار کەریمی.........................١٩٩

٤٣- حەوت وانە لە قاسملوو بۆ ڕێبەرانی داهاتوو .................. مەجید حەقی..............................٢٠١

٤٤- هزری قاسملوو ئاوێنەیەک بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو ................ سۆران شەمسی........................٢٠٧

٤٥- بۆشایی ڕێبەریی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هۆکارەوە تا چارەسەر ......... قادر وریا.........٢١١

٤٦- ئولگوویەک بۆ هەموو وەرزەکانی ژیان ...................... د. کوێستان گادانی.............................٢١٦

٤٧- بزووتنەوەی کوردستانی ئێران ئێستاش باوەڕیبە بیرۆکە دێموکراتیکەکانی د. قاسملوو هەیە...... خالید عەزیزی .........٢٢١

٤٨- د. قاسملوو ڕچەشکێنی ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە .......... عوسمان بایدەمیر....٢٢٥

٤٩- گەڕانەوەیەک بۆ بیرەوەریی دانیشتنەکانی گۆڕاییەکەی (قەڵاتی شا) ....ئەحمەد شێربەگی.......٢٢٦

٥٠- دوکتور قاسملوو؛ ڕێبازێک بۆ ڕووناکبیری کورد .............. شاڕوخ حەسەنزادە...................٢٢٩

٥١- قاسملوو هێشتاش بۆ لاوانی کوردستان هەر سەرمەشقی خەباتە .........ئیبراهیم لاجانی.....٢٤٢

٥٢- بەرژەوەندیی پشتگیری لە جووڵانەوەی کوردا! .................... مەولوود سوارە.........................٢٥٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

٥٣- ئەوەی لە قاسملووەوە ماوەتەوە ........................................ شەماڵ تەرغیبی......................................٢٥٨
٥٤- لە یادی ٣١ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملودا ............. خالید حەسەن پوور...........................٢٥٩
٥٥- کوردایەتیی دوکتور قاسملوو ........................................ شەهلا دەباغی........................................٢٦٨
٥٦- لە بەهاری پراگەوە تا سەهۆڵبەندانی خۆرهەڵات ............ پێشەوا عەلیپوور..............................٢٧١
٥٧- باس لە سەر دوکتۆر قاسملوو! ............................... کاووس عەزیزی..................................٢٧٥
٥٨- رۆژێک بۆ بیر کردنەوە .................................. کەماڵ حەسەن پوور.....................................٢٧٨
٥٩- هزری مرۆڤـتەوەر هەرگیز نامرێ ......................... مووسا باباخانی......................................٢٨٠
٦٠- تێڕوانینێکی مافناسانە لەسەر دۆسیەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی.......... فاراز فیروزی..........٢٨٨
٦١- قاسملوو دەبێ لەسەراوە بخوێندرێتەوە! ........................ شەهلا دەباغی....................................٢٩٢
٦٢- بەرهەمی ١٨ ساڵ رێبەریی قاسملوو ........................ ناسر پیرۆتی.......................................٢٩٤
٦٣- رێبەر و رێباز ............................... برایم جەهانگیری...........................................................٢٩٦
٦٤- جێ پەنجەی د. قاسملوو لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کورد دا......... عەبدوڵلا حیجاب .......٣٠٢
٦٥- قاسملوو؛ دیپلوماتی سەردەم و سیاسەتمەداری کورد ............. ناسر سالحی ئەسل..........٣١٢
٦٦- چی لە نەمر دوکتور قاسملوو فێر بین؟ ........................ ئەلبورز رۆئین تەن.......................٣١٧
٦٧- عەبدولڕەحمان قاسملوو، میراتێکی نەناسراو؟ ...........فیلیپ بولانژێ ... و: دیلان هەردی.......٣٢٧
٦٨- د. قاسملوو؛ هێندەی دەیناسم، دەنووسم ....................... مەلا بەختیار...................................٣٣٦
٦٩- ڕوانگە و هزری د. قاسملوو بۆ مافەکانی ژنان .............. گەلاوێژ پەیڕەوان..............................٣٤٢
٧٠- ڕوانینی د. قاسملوو بۆ زمان و پەروەردە ...................... ئەحمەد ڕەحمانی.............................٣٤٥
٧١- دێموکراسی و دوکتور قاسلموو ................................. شاهۆ مەتین......................................٣٤٧
٧٢- قاسملوو، ڕوحی قەڵەم و ئەدەبی بەرگری .................. ئەنوەر عەزیزیان..............................٣٥٠
٧٣- دکتۆر قاسملوو، سیاسیەکی هەڵکەوتووی کورد ................ شۆڕش ئەسەدزادە.........................٣٥٢
٧٤- دوکتور قاسملو ڕێبەرێکی نمونەیی !..................... سەید ئەحمەد حسەینی.............................٣٥٤
٧٥- دکتور قاسملووی ڕێبەر قوتابخانەیەک بۆ کوردایەتی و ناسنامەیەک بۆ نەتەوەی کورد! ........... ئەنوەر کەریمی............٣٥٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دیمانه و وتووێژکان

١- کریس کۆچێرا: دوکتور قاسملوو ئەنسیکلۆپیدیایەکی زیندوو بوو.......ڕۆژنامەی کوردستان...٣٦٤
٢- قاسملوو چۆن ژیا؟ گفتگۆ لە گەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە ................ خالید محەممەدزادە.......٣٦٩
٤- دەوڵەتی ئوتریش لە نێوان دوو ڕیسواییدا!! ........ وتوویژ لەگەڵ د.میرۆ عەلیار ..................٣٨٠
٥- هەڤپەیڤین لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە................. عەلی بداغی.............................. ٣٨٥
٦- وتووێژ لە گەڵ دوکتور ئیسماعیل بێشکچی ....................... ئازاد کوردی..............................٣٩٧
٧- وتووێژ لەگەڵ دوکتور «کارۆڵ پروون هووبێر»...................... ڕەحیم قادری..........................٤٠٠
٨- هەڤپەیڤین لە گەڵ دوکتور «کارۆڵ پروون هووبێر»................ فەتاح کاویان............................٤٠٨
٩- بەشداریی د.قاسملوو لە کلاسی دەورەکانی سیاسیدا ............. چەکۆ ڕەحیمی.........................٤١٤
١٠- دیمانەی تەلەڤیزیۆنی «تیشک» لەگەڵ مستەفا هیجری ..........................................................٤١٧
١١- وتووێژ لە گەڵ کاک دوکتۆر حەسەنی شەتەوی .......... محەممەدی فەقێ عەلی..................٤٣٢
١٢- وتووێژ لەگەڵ دوا خانەخوێی د. قاسملوو(کەریم پیرۆتی) ...... مەسعوود مەناف..................٤٤٥
١٣- وتووێژی ئازاد شێخی: لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ..................................................٤٥٢
١٤- وتووێژی تایبەتی «کوردستان» لەگەڵ د.پیتێر پیلتز...........................................................٤٨٥
١٥- وتووێژی کوردکاناڵ لەگەڵ خالید عەزیزی ................. مەنسوور مروەتی...............................٤٨٩
١٦- وتووێژی کوردستان لەگەڵ نەسرین قاسملوو ...... هەڤپەیڤین: د.ئومید ساعێدی..................٥٠٩.
١٧- مام جەلال چۆن ویستی عەبدولرەحمان قاسملۆ لەکوشتن بپارێزێت؟.............ئامادەکردن: حلمی ڕەسوڵ ڕەزا....٥١٦
١٨- عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەوانەی دیومن کەسم لە سەرووی دوکتۆر قاسملوو نەدیوە......... عەلی بداغی.........٥٣٠
١٩- کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو لە ئیلهام بەخشین بە ژنانی نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا.......... شەونم هەمزەیی .......٥٤٥
٢٠- ڕێژیمی ئێران بە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو(دیمانە)............ ئازاد مستۆفی.........................٥٥٣

## بەشێک لە هونراوە و پەخشان

١- هەمیشە... قاسملوو... هەمیشە(پەخشان) .................... شێرکۆ بێکەس..........................................٥٦٠
٢- هەواڵی خەم ............................................. ئەنوەر سوڵتانپەنا ......................................٥٦٦
٣- لە کۆچی قاسملوو دا ........................................ جەلال مەلەکشاه ........................................٥٧٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤- شەهید ................................................ جەلال مەلەکشاە ..........................................................٥٧٣
٥- شینی بیری بۆ قاسملوو ............................ ڕازاو هەمزەپوور .............................................٥٧٥
٦- مەرگی قاسملوو ، مەرگی خۆرە تاوە ......................... ئەحمەد شێربەگی....................................٥٧٧
٧- گەورەم، سەروەرم شەهید قاسملوو! ...................... حەمەرەسووڵ کەریمی...............................٥٨٠
٨- گەواهینامەی مێژوومان(هونراوە) .............................. مەهاباد قەرەداغی ...................................٥٨٢
٩- باری وەفا(هونراوە) .............................................. بێبەش پیرۆتی .............................................٥٨٦
١٠- بۆ ڕوحی پیرۆزی قاسملوو(هونراوە) ........................ کەریم فەرخەپوور...................................٥٨٨
١١- بۆ یادی سی ساڵەی شەهید د.قاسملووی نەمر(هونراوە) ....... لە ڕۆژهەڵاتەوە......................٥٩١
١٢- قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە! (پەخشانە شێعر) ................ هاشم ڕۆستەمی........................٥٩٤
١٣- قاسملوو نەمرە ............................................ برایم جەهانگیری..................................................٥٩٩

* گوڵبژێرێک لە وتەکانی دوکتور قاسملووی نەمر..............................................................................٦٠٣
* ئەلبۆمی وێنە.......................................................................................................................٦٢٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەیەك لە بارەی ئەم بەرهەمەم

**ڕەحمان نەقشی**

وەک دەزانن لە مێژە گرنگیدان بە کۆکردنەوە و بە ئەرشیڤ کردنی نووسین و بابەتی پێوەندیدار بە پرسی کورد بە تایبەتی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانم کردوە بەپیشەی خۆم. هەر لە سەر ئەم ڕێچکەیە ساڵانێک بوو هەوڵی بەدواداگەڕان و کۆکردنەوە و بە ئەرشیڤ کردنی ئەو نووسین و بابەتانم دەدا کە لە بارەی تیرۆری ڕێبەری گەورە، د.قاسملوو و کارەساتی لە دەستدانی ئەو کەسایەتییە سیاسیەی کورد نووسراون و بڵاو بوونەوە. لەم بارەیەوە جگە لە ماڵپەرە کوردییەکان و سایت و پەیج و کەناڵەکانی حیزبی دیموکرات و ئەندامان و لایەنگرانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لە سێرچ (بەدوا داگەڕان)ی گۆگل و یاهووش سوودم وەرگرتوە.

ئەوەندەی بە زمانی کوردی بابەتی جۆراوجۆرەم لە بارەی ئەو تیرۆرە و شەهید کرانی ئەو ڕێبەرە سیاسییە کوردە دەست کەوتوە، کۆم کردووەتەوە و نیازم وابووە ئەگەر ڕۆژێک بۆم گونجا وەک کتێب بڵاویان کەمەوە. بە خۆشی‌یەوە زەحمەتی چەند ساڵەم گەیشتووەتە ئاکام و توانیومە زۆربەی ئەو بابەتانەی لەم بارەیەوە هەبوون کۆ بکەمەوە و ڕێکوپێکیان بکەم بۆ ئەوەی وەک کتێبێک بە سەر یەکەوە بڵاویان بکەمەوە و وەک دیارییەکی خۆم بیخەمە بەرچاو و بەر سەرنجی خوێنەری ئەمڕۆی کورد و نەوەکانی دواڕۆژ.

هەواڵی بە ئاکام گەیشتنی ڕەنجی چەند ساڵە و بیرۆکەی خۆم وەک بڵاوکردنەوەیان لە توێی کتێبێک دا لە گەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئەدیب نووسەر و کەسایەتیی سیاسیی دیاری گەلی کورد باس کرد. تکاشم لێکرد کە زەحمەتی نووسینی پێشەکی بۆ ئەو کتێبە بکێشێ. بەخۆشی‌یەوە مامۆستا نە تەنیا قبووڵی کرد پێشەکی‌یەکە بنووسێ، بەڵکوو چاوپێداخشاندنەوەی بەشێکی زۆری بابەت و نووسراوەکانیشی وەئەستۆ گرت، کە ئەمە بوو بە هۆی زیاتر ڕێکوپێکبوون و کەمبوونەوەی هەڵە و کەموکووڕییەکانی کتێبەکە. شایانی باسە لەبەر زۆریی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەتەکان نەکرا سەرجەمیان لەم کتێبەدا بگۆنجێنم تەنیا بەشێکیانم بۆ ئەم دوو بەرگە هەڵبژارد. هیوادارم لە داهاتوودا بۆم برەخسێ ئەوانەی ماون لە بەرگێکی دیکەدا بڵاو بکەمەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی سپاس و پێزانینی خۆم بۆ گەورەیی و دڵاوایی‌و هەموو زەحمەتەکانی جەنابی مامۆستا دەرببڕم. هیوادارم هەر ساخ و سەلامەت و تەمەن درێژ بێ و بەردەوام بێ لە خزمەتی نەتەوەی بەشخوراوی کورد.

هەروەها سپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هەوڵیان داوە بە نووسین یان پێکهێنانی وتووێژ و سیمینار تیشک بخەنە سەر ئەو کارەساتە دڵتەزینە و لایەنە جۆراجۆرەکانی ژیان و خەباتی د.قاسملوو و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و، هەر وەها خەساری گەورەی لە دەستدانی ئەویان باس کردوە.

پێویستە وەبیر بێنمەوە ئەم کتێبە بەرهەمی نووسین یا وەرگێڕانی من نیە. هەر لە جێدا من نە نووسەرم، نە وەرگێڕم. لێکۆڵەریش نیم و لەسەر ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا هاتوون، لێکۆڵینەوەیەکم نەکردوە. کاری من تەنیا کۆکردنەوەی وتار و بابەتی نووسەران لە ماڵپەڕەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ریکوپیک کردن و ئامادەکردنیان بۆ بڵاوبوونەوە لە فۆڕمی کتێب‌دا بووە. نووسەرانی بابەتەکان خۆیان لە نێوەڕۆکی نووسینەکانیان بەرپرسیارن.

بژی کورد و ئازاد و ئاوەدان بێ کوردستان

بەڕێزەوە: ڕەحمان نەقشی

جوولای ٢٠٢١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی

## هەوڵێکی دڵسۆزانە

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

زۆر لە خوێنەرانی سایتە کوردی‌یەکان کاک ڕەحمان نەقشی تێکۆشەری پڕکار و ماندوویی نەناس لەڕێی کارەکانیەوە دەناسن. ئەو کە یەکێک لە ئەندامانی لە مێژینەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، تائێستا دەیان نامیلکەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بەخەباتی ڕزگاری‌خوازانەی کوردەوە ئامادە کردوە و لە سایتە ئینتەرنێتی‌یەکان بەتایبەتی دوو سایتی «گیارەنگ» و «کوردستان و کورد» و تۆری کۆمەڵاتی فەیس بووک دا بڵاوی کردوونەوە. ئەو هاوڕێیە ئۆگری‌یەکی کەم وێنەی بە کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنت و بابەتی بەسوودەوە هەیە. زۆرجارمان دیوە کۆمەڵێک لە وتارەکانی نووسەرێکی بەتوانای کورد، یان بەشێک لە وتووێژەکانی کەسایەتی‌یەکی خەباتگێڕی کوردی بڵاو کردۆتەوە کە لەوانەیە خاوەنەکەیان بەشی زۆریانی هەر لەبیریش نەمابن. ئەمە بێجگە لەوە کە لەمێژساڵە مانگانە کورتەیەک لە کار و چالاکی‌یەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بووڵتەنێک‌دا ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەوەندەی ئەمن لەبیرم بێ کارەکانی کاک ڕەحمان تائێستا لە بووڵتەنی چەند لاپەڕەیی و نامیلکەی ١٠٠ تا ١٥٠ لاپەڕەیی‌دا دەرکەوتوون. بەڵام ئەمجارەیان دەستی داوەتە کارێکی یەکجار گەورەتر. هەموومان دەزانین شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو کەسایەتی‌یەکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانی و تەنانەت نێونەتەوەییش بوو. هەربۆیەش لەوکاتەوە کە بەدەستی غەدر و تاوان شەهید کراوە ساڵانە لە بۆنەی جۆراوجۆردا یادی دەکرێتەوە و لەسەری دەگوترێ و دەنووسرێ. ئەگەر هێندێک لە ئێمە ئەو بابەتانەمان هەر دوای بڵاوبوونەوە پشتگوێ خستوون، ڕەحمانی نەقشی بە حەوسەلەوە هەموویانی ئاڕشیڤ کردوە و وەک گەنجینەیەکی بەنرخ پاراستوونی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە ئەم بەینانە کاتێک ویستوویەتی بە بۆنەی سی ودووەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملووی نەمرەوە بڵاویان بکاتەوە بۆی دەرکەوتوە کە ئەوەی ئەو کردوویەتی لە کەمتر لە هەزاران لاپەڕەدا جێی نابێتەوە. بەناچار هەروەک بۆخۆی نووسیویە گوڵبژێرێکی لێ کردوون و کتێبێکی «دوو بەرگیی (هەریەکەی ٦٠٠ لاپەڕە) لێ ئامادە کردوون بەو ئومێدە کە بتوانێ لە دواڕۆژدا ئەوانی دیکەش ڕێکبخا و بڵاویان بکاتەوە.

ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە بەشێکی زۆر کەم لە وتە و ئامۆژگاری یەکانی دوکتۆری شەهید لەخۆی دەگرێ و ئەوی دیکەی ئەو وتار و نووسین و وتووێژانەن کە بە زمان و قەڵەمی تێکۆشەرانی کورد و غەیری کورد بە بیروباوەڕی جیاوازەوە لەبارەی دوکتۆری نەمرەوە بەرهەم هاتوون. خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە بابەتە هەم ئۆگرانی دوکتۆر قاسملووی شەهید دەگەڵ بەشێک لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە کەم هاوتایە ئاشنا دەکا و هەم دەرس و ئەزموونی باشی بۆ تێکۆشەرانی ڕێی ڕزگاری بەتایبەتی بەرەی لاوی ئەمڕۆ و دواڕۆژ لێوەردەگیرێ.

وێڕای دەست خۆشی و پیرۆزبایی لە کاک ڕەحمان ئاواتەخوازم زۆر کەسی دیکە ئەو ڕچەیەی کاک ڕەحمان هەڵگرن و لە کۆکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانەدا کە دەتوانن ببنە سەرچاوەیەکی لێ فێربوون و کەرەسەیەک بۆ مێژوونووسین و مێژوونووسان، یارمەتیدەر بن.

ژووئیەی ٢٠٢١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی: ٢٠١٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، وانەیەك بۆ خەبات و چرایەك بۆ داهاتوو

**وریا رەحمانی**

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ ٢٦ ساڵ بەسەر تیرۆر کرانی شەهیدی ڕێبەر، دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو بەدەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەشاری "ڤییەن"ی پێتەختی وڵاتی ئۆتریشدا تێدەپەڕێ. ئەوە لەحاڵێک دایە کە تۆز و خۆڵی زەمانە نەیتوانیوە لە گرینگیی ئەو کارەساتە شوومە و گەورەیی ئەو مەزنە پیاوەی مێژووی هاوچەرخی کورد کەم بکاتەوە.

د. قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەرێکی هەڵکەوتەی خەباتی هاوچەرخی کورد لە چوارچێوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازانە و میللی – دێموکراتیکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو، لەهەمان کاتدا تیۆریسییەنێکی شارەزای گۆڕەپانی سیاسییش بوو کە تەئسیر و کاریگەریی ئەندێشەکانی زۆر زوو سنووری رۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاند و نەتەنیا هەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا درەوشایەوە. بەجۆرێک کە تا ئێستا وەک «مۆدێرنیتەی ڕێبەرانی کورد» و وەک «پێغەمبەری ئاشتی» پێناسە کراوە.

خولیای سیاسی و خەباتی د. قاسملوو تەنیا رزگاریی نیشتمان نەبوو، بەڵکوو لە مەودایەکی هەراوتردا خەونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی بۆ مرۆڤی کورد و نیشتمانی کوردستان دەدی و بەم پێیەش دیسکۆرسی خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و رۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی میللی دێموکراتیکانە داڕشت. بەشێکی زۆری نزیکایەتی و دۆستایەتیی ئەو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستانەی کە ئێستا بەپیری پرسی کوردەوە دێن و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بەرگریی لێ دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دیپلۆماسیی د. قاسملوو و ئەو کاریگەرییە بەرفراوانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسییەی کە لەمەیدانی سیاسەتی جیهانیدا داینا و وەک میراتێکی بایەخدار لەدوای خۆیەوە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بە گشتی بەجێی هێشت.

گرینگیی ڕێباز و ئەندێشەکانی د. قاسملوو تەنیا لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا بەرتەسک نابێتەوە و هەرچی زیاتر بەسەر کاتی شەهیدبوونیدا تێدەپەڕێ، حەقانییەت و گرینگییەکەی زیاتر دەردەکەوێ و خۆ دەنوێنێ.

بە تێپەڕبوونی چەند ساڵێک پاش شەهیدبوونی د. قاسملوو خەبات و بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی هاتنە کایەی هەندێک فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی مێتۆدی خەبات گۆڕاو هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەم پارچەیەی نیشتمان پاشەکشەیەکی مێژوویيان بەرەو قووڵاییەکانی خاکی باشووری کوردستان دەست پێکرد. بەجۆرێک کە بۆماوەی نزیک بە دوو دەیە خەبات لەم پارچەیەی کوردستان نەیتوانی بەنیسبەت هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە کاریگەری چاوەڕوان کراوی هەبێ. کەچی جموجۆڵەکانی یەک دوو ساڵی ڕابردووی حیزبی دێموکرات کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە، وەگەڕ کەوتنی بزاڤێکی بەرینی جەماوەری لەنێوخۆی وڵاتدا، دوبارە و بۆجارێکی دیکەش بابەتی خەبات و بووژانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خستۆتەوە نێو بازنەی باس و هاوکێشە سیاسییەکانی نێوخۆیی و دەرەوە.

بەرجەستە بوونەوەی گوتاری «ڕۆژهەڵات مێحوەری» و پێکهاتنی هێزی «پارێزەرانی ڕۆژهەڵات» وە چوونەوەی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ سەر سنوورەکان و هەروەها هاتنە ئارای بەدەیان ڕێکخراو و «ئێن. جی ئۆ» و دامەزراوەی سیاسی و مەدەنیی چالاک لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، مزگێنیی سەردەمێکی نوێ لە خەباتی میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان پێ دەبەخشێ.

بەرۆژەڤبوون و پێشکەوتنی پرسی کورد لەئاستی ناوچەیی و جیهانی و هەروەها دروستبوونی ئینتما و عەقڵانییەتی قووڵ و گشتگیری نەتەوەیی لەنێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا بەهەموو پێکهاتە و ناوچە جۆراوجۆرەکانیەوە ترسێکی وەها بەرینی خستۆتە نێو دڵی ڕێژیمەوە کە ڕۆژ نییە ڕۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە بەبێ تاوان ڕاپێچی ئەشکەنجەخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەکرێ و بە پەتی بێدادی سێدارەیان نەسپێرێ و تەنانەت لە ژینگە و دارستانەکانی کوردستانیش خۆش نابن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بەشێکی دانەبڕاوی نیشتمانی گەورەی کوردان دێتە ئەژمار بەڵام دەرکی واقعییەت و هاوکێشە تایبەتەکانی ئەم پارچەیە گرینگیی تایبەتی خۆی هەیە و لێکدانەوە و کاری تایبەتیشی دەوێ. هەربۆیەش پێویستە کوردی ڕۆژهـەڵات بۆ جارێکی دیکەش بە گیانێکی مـەیدانداـرانـەوە بە بەرجەستەکردنەوەی هێما و نمادە نەتەوەییەکانی خۆیەوە بێتەوە مەیدانەوە و بە دەرس وەرگرتن لە وانەکانی خەباتی شەهید د. قاسملوو و لەژێر ڕۆشنایی ئەندێشەکانی ئەودا هەنگاوێکی دیکە بەرەو سەرکەوتن باوێژێ و لاپەرەیەکی نوێ لە خەبات و بەرخۆدان لەم پارچەیەی کوردستاندا تۆمار بکات.

بەلە بەرچاوگرتنی واقعییەکانی ئێستای خەبات لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەیەکی بەرین و گشتگیری جەماوەری لەم پارچەیەی کوردستاندا، زەروورەتـی گەڕانەوە بۆ ڕێباز و بنەماکانی ئەندێشەی سیاسیی د. قاسملوو هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ و وەک حەقیقەتێکی لەبڕان نەهاتوو لە ئێستا و داهاتووشماندا بوونی هەیە. هەر بۆیەشە کە بەراستی قاسملوو؛ وانەیەکە بۆ خەبات و چرایەکە بۆ داهاتوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٥


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تایبەتمەندییە بەرزەکانی شەهید دوکتور قاسملوو

حوسێن نازدار

دوکتور قاسملوو،بە شاهیدی و ئیعترافی زۆر کەسایەتی ناوداری کورد و ئێرانی و جیهانی کەلە نزیکەوە ناسیویانە، گەورەترین و بەئێعتبارترین کەسایەتی سیاسی و مێژووی کورد بوو، تەنانەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دا کەسایەتیەکی کەم وێنە بوو، بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان بۆبەشێکی بەر چاو لە دەسکەوتەسیاسیەکانی خۆی قەرزداری زانایی و زیرەکی سیاسی ئەو رێبەرە مەزنەیە، بەداخەوە ئیستاشی لە گەلدا بێ گەلی کورد رێبەرێکی دیکەی هاوتای قاسملووی نەبوەتەوە.

دوکتور قاسملوو، خوێندکارێکی زیرەک و بە بەرنامە، مامۆستایەکی کەم وێنە، بیرمەند و رووناکبیرێکی بیرکراوە و تێژبیر و وریا و ژیربوو. دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مودێرن و سیمایەکی دێموکرات، مرۆڤێکی شورشگێر، سیاسەتوانێکی واقع بین و نمونە، دیپلۆماتێکی هەڵکەوتو و سەفیرێکی گەورەی نەتەوەی چەوساوەی کورد بوو.

دوکتور قاسملوو، مودیرێکی داهێنەر و چالاک و پڕکار و ماندووی نەناس، رێکخەرێکی بە توانا و ئەمانەت دار، پێشمەرگەیەکی بە نەزم و دیسیپلین، تێکوشەرێکی خاکی و خەڵکی و بەهەست و قسە خوش و راستگۆ، کوردێکی مافخواز و نیشتمان پەروەر بوو.

شەهید دوکتور قاسملوو، باورێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، پێی وابوو دێموکراسی شتێک نییە تەنیا تایبەت بە هێندێک کەس و چەند وڵات بێ، بەڵکو دەسکەوتێکی مروڤایەتییە و هەرکەسێک و هەر وڵاتێک مافی هەیە کە هەیبێ و کەڵکی لێ وەرگرێ، ئەو نەک هەر بۆ دۆستان تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی دێمۆکراسی دەپاراست و دەیفەرموو: «خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی و چینایەتی.»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د ـ قاسملوو، باوڕی قووڵی بە «ئازادی و داد پەروەری» هەبوو، پێی وابوومرۆڤ هەروەک بۆ درێژەدان بە ژیان پێویستی بە «ئاو هەوا» هەیە، هەر بەم چەشنەش بۆپەرەگرتن و گەشە کردن و درەوشانەوی کومەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بە «ئازادی و دادپەروەری» هەیە.

شەهید دوکتور قاسملوو، باوڕی قووڵی بە»دۆستایەتی و پێوەندی و هاوکاری»نێوان مرۆڤەکان هەبوو، پێی وابوو بۆ بەردەوام بوونی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەپاراستنی «بەرژەووندی و سەربە خۆیی و حورمەتی»بەرانبەر، پێویستە ئەو پێوەندی و هاوکارییە هەمیشە گەشە بکا و پەرە بستێنێ.

د. قاسملوو، بە زیرەکی و توانا و ئەزموونی کەم وێنەی خۆی رۆنێسانسێکی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا وەڕێخست، پێرەوپرۆگرامی حیزبی لە سەر بناغەو بنچینەی دیمۆکراسی و بەرژەوەندی گەلی کورد و سەربە خۆی سیاسی بڕیاردان دارشتەوە و کردییە بە رێبازی سیاسی حیزبی دێموکرات.

## سوسیالیزمی دێموکرانی لە ناو حیزب دا چەسپاند و کردییە بە ئامانجی دوا رۆژی حیزبی دێموکرات

دوکنور قاسملوو، لەئاستی کوردستان و ئێران و جیهان دا، بەراستی خەباتگێڕێکی شێلگیر و لە خۆ بوردو و ماندووی نەناسی رێگای ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوایەتی بوو.لە بەر هەموو ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەی کە د. قاسملووی نەمر هەیبوون، شەمشەمە کوێرەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران،دوژمنانی ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ، بە پیلانی ئاشتی و بەغەدر و خەیانەت دەست بەکار بوون و مامۆستای دێموکراسی و پێغەمبەری ئاشتییان شەهید کرد.

رێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەیانزانی کە د. قاسملوو هەروەک لە خەبات بۆ دادپەروەری سیاسی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی دا شێلگیرە، زۆر زیاتر لەوەش باوەڕی بە وتووێژ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد هەیە و هەر بۆیە کاتێک لە رێگای نیزامی یەوە زەفەریان پێ نەبرد، فێڵبازانە و دەغەڵکارانە لە دەروازەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاشتیخوازانەوە بۆی هاتنە مەیدان و بە ناوی وتووێژی ئاشتیخوازانە لەسەر مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لە ڤییەن دەگەڵی دانیشتن و تێروریان کرد.

ڕێبەرانی حکومەتی ئیسلامی ئیران بە هەڵە چوون، پێیان وابوو بە تێروری د. قاسملوو، ڕێباز و ئامانج و حیزب وگەلی قاسملووشیان تێرور کردوە، بەڵام ئیستا پاش تێپەر بوونی ٢٦ساڵ بەسەر شەهید بوونی د.قاسملوو دا،حیزبی دێموکرات و بیر وریێباز و ئامانجی قاسملووش بەردەوام لەبەرەو پێش چوون و گەشە کردن و درەوشانەودان و ریێبواران و قوتابیانی قوتابخانەی قاسملووش، ئاڵای پڕلە شانازی ئەویان بە شەکاوەیی راگرتوە و بۆ گەیشتن بە ماف و ئامانجە بەرزەکانی گەلی کورد، دڵسوزانە و سەربەرزانە و شێلگیرانە و بێ ووچان خەبات دەکەن و بەرەو ئاسۆی روون هەنگاو دەنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د. قاسملوو لە پێناو «مانەوە»دا بەرەو مەرگ هەنگاوی نا

**ئاگری باڵەکی**

ساڵانە کە لە ٢٢ی پوشپەڕ نزیک دەبینەوە پرسیارێک زیاتر لە هەمیشە بیر و زەینمان بەخۆوە خەریک دەکات، ئەویش ئەوەیە کە بەراستی بۆچی شەهید دوکتور قاسملوو تووشی ئەو داوە هات و تێرۆر کرا؟!

د. قاسملوو کەسێکی سیاسیکارو دووربین بوو، بەڵام چۆن بوو لە داوێک کەوت کە بەدەیان جار سەبارەت بەم جۆرە پیلانانە هاوڕێیان و ئەندامانی حیزبەکەی خۆی ئامۆژگاری دەکرد کە قەت باوەڕ بە دوژمن نەکەن.

**پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە؛ هۆکاری چ بوو کە دوکتور قاسملوو لەو داوە کەوت و دوور لە چاوی هاوڕێ و ئەندامانی حیزب توشی کارەساتیکی وا بەژان هات کە قەرەبووکردەنەوەی زەمەنیکی زۆری دەوێ؟**

شەهید د. قاسملوو کەسایەتییەکی دوورئەندێش بوو، بە فاکت و لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکان بۆ داهاتوو دەیڕوانی، هیچ کات بڕیارێکی بەبێ پرس و راو هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی نەدەدا، هەر بۆیەش لە پێوەندی لە گەڵ مزاکرە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وا بیری دەکردەوە، زۆر هۆکار هەبوون کە دوکتور قاسملوویان بۆ دانووستان لە گەڵ ئەم رێژیمە هان دەدا.

دەتوانرێ گرینگترین هۆکارەکان ئەوانە بن کە چەند مانگێک پێش تیرۆرکرانی، ئێران و ئێراق کۆتاییان بە شەڕ هێنابوو، خومەینی ماوەی مانگێک بوو لە ژیاندا نەمابوو، رەفسەنجانی کە بە کەسێکی پراکماتیزم و ئەهلی سازان ناوی دەرکردبوو، بۆ ماوەیەکی کاتی جێگای گرتبوویەوە. دوکتور قاسملوو لەوە نیگەران بوو کە دیسان پەیماننامەیەکی دیکە وەک ئەلجەزائیری ١٩٧٥ دووبارە بێتەوە، کە حکوومەتەکانی ئەوکاتی ئێران و ئێراق لەسەر لەناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێک کەوتبوون ، ئەو چەند جارێک باسی لە نیگەرانیی خۆی لە دووبارەبوونەوەی نسکۆیەکی دیکە بۆ بزووتنەوەی کورد بە هۆی لێکنزیکبوونەوەی ئێران و ئێراق کردبوو.

د. قاسملوو ئەوەی باش دەزانی لە بوونی وەها هاوپەیمانییەکدا بزووتنەوەی کورد چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ لە باشووری کوردستان تووشی نسکۆیەکی تر دەبێت، هە ربۆیە ویستی بە هەر نرخێک بێت ڕێگاچارەیەک ببینێتەوە بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە لەو قەیرانە ڕزگار بکات.

شەهید دوکتور قاسملوو دەیهەویست پێشگیری لە ڕووداوێکی نەخوازراو بکات و بەهەر شێوەیەک بێت نەهێڵێ کە شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شکست بێت.هێلێن (نەسرین خانم)ی هاوسەری لە بارەی ئەوەی کە بۆ د. قاسملوو چووە سەر میزی گفتوگۆ دەڵێت: «عەبدوڕەحمان چوو دەگەڵگورگان دابنیشێ، ڕۆژێک پێشتر پێیگوتم دەچێتەڤییەنو لەسەر ئەو بڕوایەبوو ڕەفسەنجانیو دەوڵەتیئێران ناوێرن هیچی لێبکەنو لەوە بە تەواوی ئەرخەیان بوو کە دەوڵەت پێویستی بە ڕێککەوتنێک دەگەڵ حیزبی دێموکرات و دەگەڵ کوردەکان هەیە. بۆ ئەوەی بیروبڕوای توندوتیژیی خەڵکی دنیا لە دژیخۆیان خاو کەنەوە، پێویستیان بەرێککەوتنێک دەگەڵ ئێمەهەیە، هەروەها بۆ مانەوە لە سەر دەسەڵات پێویستیان بەو ڕێککەوتنەهەیە».

پێش تێرۆرکرانەکەی، ماوەی چەند هەفتەیەک بوو کە ئیجازەی پێ درابوو کە سەفەر بۆ ئەمریکا بکات، کاتێک ماڵپەری ویکیکیس دۆکومێنتە نهێنییە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکای بڵاو کردەوە، لە چەند دۆکومێنت کە تایبەت بوون بە نوێنەرایەتی ئەمریکا لە بەغدا دەردەکەوێ کە د. قاسملوو لە هەوڵدا بووە کە پشتگیری مەعنەوی ئەمریکا بەدەست بهێنێت و لەگەڵ ئەوەیدا کە دژی ئیمپریالیزم بووە، بەڵام لەو بڕوایەشدا بووە کە لە سیاستەدا دەبێ بەدوای بەرژەوەندیدا بگەڕێیت. لەو دۆکومێنتانەدا هاتووە: «ڕێبەری پێشووی حیزبی دێمۆکرات جەختی کردووەتەوە کە پووڵ و چەکی ناوێ، بەڵکو ئەوەندە بەسە کە پشتیوانی سیاسی و مەعنەوی لێبکرێت».

ئەوە کە بەڕوونی دەرکەوتبوو دوکتور قاسملوو لە لایەن دەسەڵاتدارە ئایینییەکانەوە وەک دژیمەزهەب ناسرابوو، بێهیچ ئەملاو ئەولایەک لە لایەن ڕێژیمی توندوتیژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆماری ئیسلامی کە مانگێک پاش مردنی خومەینی و دوای شەڕێکی هەشت ساڵە کە خومەینی لە دژیعێراق وەڕێی خستبووو تەنیا ساڵێک بوو ئەو شەڕەتەواو ببوو لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دوکتور قاسملوو باشترین کەس بوو بۆ دەسەڵاتدارانی رێژیم کە دەبوو بیکوژن. داخوا لەبەر ئەوە کوشتیان کە هەستیان بەلاوازبوونی رێژیمەکەیان دەکرد؟

د. قاسملوو دەیهەویست لە جیهانی دوو جەمسەریدا رێگای سێیەمیش ببینێتەوە، بۆیە دەیهەویست سیاسەت بکات، دەیهەویست لە هەمانکاتدا کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، حیزبێکی چەپە، بەڵام دەبێ پەیوەندیشی لەگەڵ ئەمریکای سەرمایەداریدا هەبێ، چونکە د. قاسملوو ئابووری خوێندبوو، ئەو زۆر لەمێژبوو بۆی دەرکەوتبوو کە عەداڵەت و یەکسانی دوو شتی لیک جیاوازن. بۆی دەرکەوتبوو کە جیهانی سۆسیالیستی تاک لە ناو دەبات و بڕیار بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، هەر بۆیەشە لە کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێمۆکراتدا سۆسیالیزمی دێمۆکرات دێنێتە نێو بەرنامەی حیزب، ئەو سۆسیالیزمە دێمۆکراتیکەی کە زۆربەی وڵاتانی ئیستای رۆژئاوا کاری پێ دەکەن و تێیدا سەرکەوتوو بوون، قاسملوو دەیهەویست لە جیهانی دوو جەمسەری خۆی رزگار بکات و کورد نەبێتە گەنمی نێوان دوو بەرداشان و بەردەوام بهاڕدرێت.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە دوکتور قاسملوو پڕمەترسیترین رێگای گرتە بەر تا بزووتنەوەی کوردی رۆژهەڵات بە دۆخی ئەمڕۆ نەگا، بەڵام بەداخەوە نەک بە مەرگی پێشی لەو کارەساتە نەگرت، بەڵکو بە مەرگی ئەو، زۆرێک لە هاوکێشەکان لە کوردستان و ئێران بە نەمانی ئەو بە قازانجی کورد نەبوون.

دوکتور قاسملوو ئەوەی کرد کە پێشەوا کردی، بەڵام لە کات و شوێنی جیاوازدا. پێشەوا لە کاتی خۆیدا پشگیری لە کوشت و کوشتاری خەڵکی مهاباد گرت و ویستی بەو هۆیەوە هیچ تاکێک لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیا، تووشی ئەزیەت و ئازار نەبێت و پیشەوا ئەوەی کردە سەرمەشق کە ئازادی خوێنێ دەوێ، هەر بۆیەش قاسملوو بە دەرسوەرگرتن لەو راستییە مێژووییە، ویستی بە بە هەنگاونان بەرەو مەترسییەکی ئاوا گەورە کە گیانی لە سەر دانا، بزووتنەوەی میلەتەکەی بە ئاقارێکی دیکەدا بەرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە نێوان خۆبەخت کردنو هەلپەرستیدا

کەریم پەرویزی

«چی وا لە کەسێک دەکا کە ببێ بە دوکتور قاسملووی رێبەر، کە لە لای زۆر کەس وەکوو رێبەری کاریزماتیک چاوی لێ بکرێو بە هـەزاران کەس لایەنگرو هۆگری هزرو کردەوەکانی بنو چی وا دەکا کە کەس یا کەسانێک گەر تەواوی توانای خۆیانو دەروبەریان بۆ وەگەڕ خرابێ کە کەسایەتییەکی دیارو جێگای پەسندی لێ دروست بکرێ، هێشتا جێ ناگرێ؟»

لە بیرکردنەوەو تێڕامانی خۆمدا چەندین هۆکارو پێوەرم دادەناو هەڵم دەسەنگاندنو هەر بۆم جێبەجێ نەدەبوو! بە واتایەکیتر چەندین پێوەرو هۆکارم کە دیاری دەکرد، نەدەبوونە شتێک کە لەسەر ئەساسی ئەو هۆکارانە، جیاوازییەکی بنەڕەتی و جەوهەری لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست بکا.

گەر خوێندن و خوێندەواریو بەشداری لە ناوەندە ئاکادیمیکەکاندا وەک پێوەر دابنێی، ئەو پرسیار دەمێنێتەوە کە: خۆ بە سەدانو هەزاران کەس لە نێو نەتەوەی کورددا چوونەتە زانستگاو خوێندنی زانستیو ئاکادیمیکیان لە بەرزترین ئاستەکانیشدا تەواو کردوەو گەر بەوە بوایە دەبوو ئێستا سەدانو هەزاران مرۆڤی لەو بابەتەمان هەبوا کە کەسێکی کاریزماو رێبەرێکی بلیمەت بووایە و هەرکامەیان بۆخۆیان دوکتور قاسملوویەک بوونایە، کەچی وانیە! بۆ؟

گەر نووسینو خوێندنەوە دەکەی بە پێوەر، ئەی خۆ سەدان نووسەرو کتێبنووسو بە میلیۆن! کتێب خوێنمان هەیەو بۆچی کتێبنووسینو کتێب خوێندنەوە نەبۆتە هۆی ئەوە کە بە شێوەی ئۆتوماتیکو خۆبەخۆ، ئەو تاکە ببێ بە رێبەری گەل؟!

دەکرێ چەندینو چەند پێوەرو پێوانەو هۆکاری دیکە دەستنیشان بکەیو لە مێتۆدێکی «تەتبیقی» دا کەسەکان هەڵ سەنگێنیو بۆت دەرکەوێ کە ئەو پێوەرانە ئایا دەبنە جیاکەرەوەی نێوان «رێبەر و نارێبەر» یان نە؟

ئەوەی کە بە تێگەیشتن‌و بیرکردنەوەی مندا هات‌و لە لای خۆمەوە توانیم وەک هێڵی جیاکەرەوەو هۆکاری شوناسبەخشین بە مرۆڤەکان دەسنیشانی بکەم، بریتی بوو لەو هەڵوێست‌و هەڵبژاردنەی کە مرۆڤ لە کاتی بەربژارە جیاوازەکان‌و دووڕێیانەکاندا وەریان دەگرێ‌و لە راستیدا بەو هەڵوێست‌و هەڵبژاردنانە، بوون‌و کەسایەتیی خۆی پێناسە دەکاو شوناسی خۆی دیار دەکاو خۆی وەکوو مرۆڤێکی خاوەن ئیرادەیەکی تایبەت درووست دەکا و رۆ دەچنێ.

لەو دوو ڕێیانانەدا کە مرۆڤێک تووشی دەبێ‌و لە نێوان خۆی‌و خەڵکدا دەست دەداتە هەڵبژاردن، هەڵوێستی راستەقینەی ئەو دەردەکەوێ و نیشان دەدا چ جۆرە کەسایەتییەکی هەیەو بەرەو چ ئاسۆیەک هەنگاو دەنێ. لەوێ‌داو لەو دوو ڕێیانەدایە کە لە نێوان خۆبەختکردن‌و هەلپەرستیدا، بژاردەی بەردەست پێک دێ‌و مرۆڤی خەباتکارو فیداکار خۆبەختکردن دەبژێرێ و کەسایەتیی هەلپەرست لە دەرفەتەکە بە قازانجی تاکەکەسیی خۆی کەڵک وەر دەگرێ.

بۆ ئەوەی شتەکانمان لێ روونتر بێتەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی لاوەتیی دوکتور قاسملووی نەمر کە ئەوکاتە هێشتا نەببوو بە «دوکتور».

عەبدورەحمانی قاسملوو وەک هەموو دەزانن‌و خۆیشی باسی کردوەو لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کراوە، منداڵی بنەماڵەیەکی دەسڕۆیشتووی ئەوکاتی کۆمەڵگای کوردەواری بووو بۆیە هەلی بۆ رەخسا بوو کە درێژە بە خوێندن بداو لەبەر توانای تاکەکەسیی خۆی، لە خوێندنگایەکی تایبەتیی ئێران کە بۆ کەسە زیرەکەکان دابین کرابوو، دەیخوێندو دوایەش لەبەر زیرەکی‌و لێهاتوویی خۆی بورسی خوێندنی پێ درا لە لایەن حکوومەتی ئەو کاتەوە و رۆیشتە ئورووپا بۆ خوێندن.

تا ئێرەی نابێ بە پێوەرێکی بەرچاو کە کەسایەتیی راستەقینەی ئەو مرۆڤە دەر بخاو رەنگە بە سەدان‌و هەزاران کەسی بەو تایبەتمەندییانەوە لەو جۆرە خوێندنگانەدا خوێندبێتیان‌و بوورسیان وەرگرتبێ‌و رۆیشتبنە دەرەوەی وڵاتیش بۆ درێژەدان بە خوێندن. بەڵام ئەوکاتەی کە دوکتور قاسملووی نەمر، لە نێوان بەربژارەکاندا دەبێ هەڵ بژێرێ، ئەو چرکەساتەیە کە کەسایەتی‌و بوونی تایبەتی خۆی دەسەلمێنێ‌و خەریکی رۆنانی شوناسی تایبەتیی خۆی دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرۆڤێک کە ئیمکاناتی باشی بنەماڵەو کۆمەڵگای بۆ ئامادەکراوە، دەتوانێ بە لێهاتوویی خۆی لەوانەش کەڵکی زیاتر وەربگرێو قۆناخەکانی گەشەکردنو بەرەو سەرەوە رۆیشتنی باشترو خێراتر لە زۆر کەسی دیکە بپێوێ، بەڵام دوکتور قاسملوو لە وەها قۆناخو چرکەساتێکدا لە نێوان بەرژەوەندیی تاکەکەسدا کە زۆرتر پێ بگاو گەشە بکا، یان لە بەرامبەردا بەرژەوەندیی گەلو ئارمانەکانی کە ئارمانی گەلو خەڵکن هەلبژێرێ، دەست دەداتە خۆبەختکردن لە پێناوی ئارماندناو لە ئیمتیازەکانی کە لەبەردەستیدایە چاوپۆشی دەکا.

کەسایەتیی دژبەرو پێچەوانەی ئەم جۆرە هەڵوێستەی دوکتور قاسملووی مەزن، دەتوانین بە کەسانی وەها پێناسە بکەین کە رەنگە لە نێو کۆمەڵگاو بنەماڵەدا ئیمکاناتو دەرفەتی زۆریان بۆ نەرەخسابێو لە بیرکردنەوەو تێگەیشتنی خۆشیاندا ئامادەی هەنگاوی شۆڕشگێڕانە دژ بە ستەمو چەوسانەوە نەبن، بەڵام کاتێک کە دەرفەتێک دەرەخسێو رەنگە بە پەیوەستبوونی بە ریزی حیزبێکەوە یان بە هەر دەرەتانو دەرفەتێکی دیکە کە رەنگ بۆی بێتە پێش، قازانجو بەرژەوەندییەکی لەروانگەی ئەوەوە گرنگ و تایبەتی بۆی دابین بکاو لەوەها دۆخێکدا هەلەکە دەقۆزێتەوەو ئیمتیازاتێکی زۆر کەم کە وەبەرچاو نایەن، لەدەست دەدا بۆ ئەوەی شتی زۆر بەسوودترو پڕبەرژەوەوەندیتر وەدەست بێنێو ئەم هەڵوێستو بژاردەیەی ئەو کەسە نەک لە رووی پێبەندبوون بە ئارمانو بڕوا بە رێگاکەوە نەبووە بەڵکوو لە رووی هەلپەرستییەوە بووە. ئەم جۆرە کەسە تا ئەو کاتە لەو رێگایەدا بەردەوام دەبێ کە قازانجو بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی دابین بکرێو قازانج وەرگرتنی درێژەی هەبێو هەرکات لە رێگایەکی دیکەدا و رەنگە پێچەوانەی ئەوەی پێشوو، قازانجی زیاتری بەرچاو بکەوێ، رێگاکەی دەگۆڕێ.

گەر بە لاپەڕەکانی مێژوودا دەگەڕێیو مێژووی ژیانو خەباتی دوکتور قاسملووی رێبەر دەخوێنییەوەو چاوی لێ دەکەی، بە فراوانی ئەو جۆرە دووریانەی «بەرژەوەندیی زیاتری تاکەکەسی یان خۆبەختکردن لە پێناوی ئارمانەکاندا» چەندپاتە دەبینییەوە کە بەردەوامو لە هەموویاندا دوکتور قاسملووی مەزنو رێبەر، بە ئیرادەو هەڵبژاردنێکی وشیارانەو مێژووییەوە رێگای فیداکاریو خۆبەختکردن هەڵ دەبژێرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوسەردەمەداکە ئەحمەد تۆفیق سەرۆکی حیزب بووو دوکتورقاسملوو دەیتوانی بە نیزیکبوونەوە لەو، جێگای خۆی قایمتر بکا، نەیکردو بێدەنگ نەبووو ئەوکاتەش کە بە نارەوا تۆمەتیان بۆی هەڵبەستو بڕیاری وەلانانیان لە ڕەوتی حیزبایەتی دا، بە دژی حیزبی دێموکرات کە بەلای دوکتور قاسملووەوە سەمبولی ئارمانەکان بوو، نەجووڵایەوەو هەڵوێستی زەربەلێدانو دژایەتیکردنی حیزبی دێموکراتی نەگرت!

ئەوکاتەی کە لە ئوروپا چ لە باری کەسایەتیی سیاسیو ئاکادیمیکو چ لە باری پێگەی کۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە خاوەنی ئیمتیازاتی بەرچاو بوو، هەموو ئەوانەی لە دووریانی خۆبەختکردن و بەرژەوەندیی تاکەکەسیدا بەجێ هێشتو خۆی و ئیمکاناتو ئیمتیازاتی وەدەست هاتووی خۆی پێشکەشی حیزب کردو هەرچی بەدەست دێناو هەر کارێکی دەکرد، دەیکردە سەرمایەو لە خزمەت حیزبی دێموکراتو ئارمانەکانیدا دادەنا.

لە جۆری کەسانی پێچەوانەی ئەو شێوازەی دوکتور قاسملوو، دەتوانین نموونە بدۆزینەوەو باسیان بکەین، هەرچەند لە لای خۆمەوەو لە مێشکی خۆمدا ڕەنگە بۆ هەرکام لە ڕستەکانو کردەوەکان، دەموچاوێکی تایبەتیی کەسێکم لەبەرچاو بێ، بەڵام نموونە هێنانەوەو هەڵسەنگاندنی کەسانی دیاریکراو، دێڵمەوە بۆ ئەرکو بەرپرسیارەتیی مێژووی هەر تاکێک بۆخۆیو باسەکە بە گشتی دەکەم.

کەسایەتیی هەلپەرست نەک ئیمتیازێکی تاکەکەسی ناکاتە فیدای ئارمانەکان، بەڵکوو لە دەرەتانو دەرفەتو سەرمایەکانی ڕێبازو ڕێگاکە بە قازانجو بەرژەوەندیی تاکەکەسی کەڵک وەردەگرێو وەکوو بازارییەک چاو لە شۆڕشو خەبات دەکا کە گەر هەندێک سەرمایەی بۆ شۆڕش دانا، دەبێ بەچەندین قات سوودو بەرژەوەندیی لێ وەربگرێتەوەو لەو کاتانەدا کە بەرژەوەندیی تاکەکەسیی گەر بە تۆزقاڵێک لە نێو کۆڕی یاراندا وە مەترسی بکەوێ یان بە باشی دابین نەکرێ، ئامادەیە لەپێناوی جوبران کردنەوەی ئەو زەرەردا زەربەی گەورەتر لە ئارمانەکانو بەرژەوەندییەکانی حیزبو شۆڕش بدا.

دوکتور قاسملووی نەمر لە بەربژارەکاندا هەردەم دەرووەست بە ئارمانەکان بووو لە کۆتایی ژیانیشدا بە بەختکردنی گیانی مۆرکی هەمیشەیی لە ڕاستگۆبوونو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیرادەی بەرزی خۆبەختکردن لەپێناو ئارمانی ئاسوودەژیانی خەڵکدا دا، بە شێوازێک کە تەنانەت دوژمنانیش توانای بێ‌ڕێزی پێکردنیان نیەو کۆماری ویلایەتیی فەقیهی کە ئەو ڕێبەرەی تیرۆر کردوە، بوێری‌و جورئەتی ئەوەی نیە کە ئەو تیرۆرە وەئەستۆ بگرێ‌و پەلەقاژەی ئەوە دەکا کە پەڵەی ڕەشی ئەو تاوانە لە خۆی دوور بکاتەوەو کەسی دیک بە تاوانبار بناسێنێ.

لەبەرامبەردا زۆر کەس‌و کەسایەتیی وا بوون‌و هەن کە خۆیان‌و دەوروبەرەکەیان هەوڵێکی زۆر دەدەن کە بە پڕوپاگەندەو پێداهەلگوتن، وا نیشان بدەن کە ئەوانیش کەسانی لێوەشاوەو لێهاتووو ...و ڕێبەری بلیمەتی گەلن، بەڵام گەر بە لاپەرەکانی ژیان‌و کردەوەکانیاندا دەچیەوەو چرکەساتەکانی هەڵوێست وەرگرتنیان دەخوێنییەوە، زۆرتر وەکوو کەسانی هەلپەرست دێنە بەرچاو تاکوو کەسانی فیداکارو خۆبەختکەرو مرۆڤیش بە هەڵوێست‌و هەڵبژاردنەکانی، خۆی دەسەلمێنێ، نەک بە غەریزەو نان‌و ئاوخواردنەکانی!

بۆیەو لە ڕەوتێکی مێژوویی وەهادایە کە دوکتور قاسملوو دەبێ بە ڕێبەری ناودارو خۆشەویستی خەڵک‌و کەسانی هەلپەرستیش هەرچەند خۆیان‌و دەوروبەرکانیان هەوڵیان بۆ بدەن هەر «ناچەقن بە دڵەوە»

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتوویژ، داوێك بۆ تیرۆری ئاشتی و دیالۆگ

ئیبراهیم قاسمی‌زاد
و: هیوا میرزایی

٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵلا قادریئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، کەسایەتی کوردی عێراقی و مامۆستای زانکۆ لە لەقی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی شاری ڤییەن لە ڕەوتی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە دەستی نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی تیرۆر و شەهید کران.

دوکتور قاسملوو لەو بڕوایەدا بوو کە مرۆڤەکان بۆ چارەسەری هەر جۆرە گرفت و ئاریشەیەک دەتوانن لە دەور مێزێک کۆببنەوە و بە وتوویژ و دیالۆگ ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەری ئاریشە سیاسییەکان بدۆزنەوە و بە لێوردبوونەوە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ گرفتە سیاسییەکان بدۆزنەوە. دوکتور قاسملوو لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە زۆری هەوڵدا کە خواستەکانی خەڵکی کورد بگەیێنێتە گوێی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی نوێی ئێران و پرسی کورد کە لە سەردەمی شاوە بە بێ چارەسەری مابوویەوە، لە ڕێگەی وتوویژ و شێوازە ئاشتیخوازانەکان چارەسەر بکا.

خومەینی بە بیانووی ئەوەیکە هەموو «موسڵمانین و لە ئیسلامدا هەموو پێکەوە بەرانبەرین» وەڵامی نەرێنی بەم خواستانە داو بە کەڵکوەرگرتن لە چەکی ئایین دەستی کرد بە سەرکوتی هەموو ڕەنگە دژبەرەکان و خواستەکانی نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی ئێران. دوای چەند مانگ وتوویژ، پێداگری و جەختی کوردەکان لە سەر داواکاریەکانیان، خەڵکی کوردستان بە پێی خووی دژە زوڵم و قەبووڵ نەکردنی ستەم، ملیان نەدا بە گوشار و زۆرەملییەکانی ئاخوندەکان و بایکۆتکردنی ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەیان کرد، و ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ڕق و تووڕەیی دوو هێندەی کۆماری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامی به ڕێبەریی خومەینی. دوای ئەم کاره خومەینی له ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨حوکمی جیهادی له دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و بەمشێوەیه شەڕێکی هەمەلایەنەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند.

لەوێڕا که له فەلەسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بێجگه له هەڵێنجانی تایبەتی ئاخوندەکان له دینی ئیسلام، ئایینی شێعه و زمانی فارسی، پێگەیەک بۆ باوەڕەکانی دیکه، ڕەنگ و نەتەوەکانی دیکه بوونی نەبووه و نییه، بۆیه دەسەڵاتداران له بوونی ئۆپۆزیسیۆنێک به ڕێبەریی دوکتور قاسملوو به جیددی دەترسان. قاسملوو به کەسایەتی و ڕیبەرییەکی کاریزماتیک و به تێڕوانینی پێشکەوتووانه و زانستیانەوه به پرسگەلێک وەک دێموکراسی، مافی مرۆڤ، پرسی نەتەوەیی و پرسه سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابوورییەکانی کۆمەڵگا، هەروەها به پێداگری لەسەر دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات له بواره سیاسی و ئابوورییەکان، کۆماری ئیسلامی به پێکۆڵ کێشا. زیاد لەمانەیش پێوەندی دوکتور قاسملوو لەگەڵ دونیای دەرەوه، تواناکانی ئەم ڕێبەره هەڵکەوتووه له جیهانی سیاسەتی دەرەوه و دیپلۆماسی و داکۆکی له پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەو هۆکارانه بوون که قاسملووی کردبووه مەترسییەکی جیددی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

قاسملوو مرۆڤێکی شۆڕشگێڕی بەتەواو مانا بوو و چاوەڕێ نەدەما که هەلومەرج بۆ خەبات و مافویستی بێتەگۆڕێ، بەڵکوو ئەو خۆی هەلومەرجی دەهێنا گۆڕێ و لەو بڕوایەدا بوو که تەنیا کۆمەڵگایەکی شۆڕشگێڕی زیندوو به ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و به بەرنامه دەتوانێ وڵات له چنگی ئیسلامییه توندئاژۆ و دواکەتووەکان ڕزگار بکا. ئەم تایبەتمەندیانەی دوکتور قاسملوو بووه هۆی دژایەتی هەرچی زیاتری ڕێژیم لەگەڵ ئەو، تا ئەو جێگایەی که بڕیاری شەهیدکردن و له سەر ڕێگه لابردنی ئەم کەسایەتییه مەزنه له لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوه دەرکرا.

توندوتیژی و تیرۆر بەشێک له چیەتی جیانەکراوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانه که هیچکات دەسبەرداری ئەو نابێ. ئاشتیخوازی به ڕواڵەت و وتووێژ بۆ چارەسەری پرسه جۆراوجۆرەکانیش له فرت و فێڵەکانی دیکەی ڕێژیمه بۆ زەبرلێدان بەلایەنی بەرانبەر و یان وەرگرتنی پوان و ئەم خۆبەدرۆ نیشاندانه له زۆریەک لەپرسه چارەسەر نەکراوەکانی نێوخۆیی و دەرەوه وەکوو پرسی مافی مرۆڤ له نێوخۆ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسی ناوکی لە دەرەوە بە زەقی بەرچاو دەکەوێ. ڕێژیم بۆ لەسەر ڕێگە لابردنی دوکتور قاسملوویش هەر لەم سیاسەتە کەڵکی وەرگرت و بە فرت و فێڵ توانی بە ئامانجە دژەمرۆییەکانی خۆی بگا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەم هەنگاوە ناجوامێرانە و دژەمرۆییە هیچکات نەیتوانی درێژەدەرانی ڕێگای ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووە لە گەیشتن بە ئازادی، بەرابەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە لە ڕێبازەکانی ئەم مرۆڤە مەزنەی مێژووی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو دڵسارد بکاتەوە. لەبەر ئەوەیکە ڕێبوارانی ڕێگەی قاسملوو ئەم ڕاستییانەیان لەبەرچاوە کە بەرنامە وهەوڵی قاسملوو بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران و ڕزگارکرنی خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، هەرمان و هەتاهەتاییە. لەبەر ئەوەیکە کەلتووری سیاسی ئەو بوو کە نیشتمانەکەی بکاتە گۆڕەپانێک بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازانی دیکەی ئێران، کاتێ کە ڕێژیم هەلومەرجی بۆ ئەوان دژوار کردووە.

ئەمساڵ ٢٦ ساڵ لە تیرۆری دوکتور قاسملوو تێدەپەڕێ بەڵام هێشتا بکەرانی ئەم جینایەتە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بوون لەبەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە ئۆرووپاییەکان لەگەڵ ئێران بە سزای کردەوەکەیان نەگەیشتوون. تەنانەت جینایەتکارانێک وەک سەحراڕوودی ئازادانە هاتوو و چووی وڵاتانی جیهان دەکا.

ئەمڕۆکە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی جیهانی و هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە قوتابی ڕێبازی ئەم بیرمەندە مەزن و خەباتکارە ڕاستەقینەیەی ڕێگەی ئازادی و ئیلهام بەخشی ڕێگەی مرۆڤە ڕزگاریخوازەکان دەزانن، لە کوردستانیەوە بگرە تا ئێرانی هەوڵ بدەن تاکوو بکەرانی گەلاڵەی تیرۆر و بکوژانی پێغەمبەری ئاشتی هەرچی زیاتر ڕیسوا بکەن و لە دادگایەکی نێونەتەوەیی دادگاییان بکەن. تاکوو خوێنی بە ناحەق ڕژاوی دوکتور قاسملوو و هەزاران شەهیدی ڕێگەی ئازادی بەفیڕۆ نەچێ.

سەرچاوە: کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئێران و قەتڵ لە ڤیەننا

**مایکڵ ڕۆبن کامێنتری مەگەزین**
**لە ئینگلیزییەوە: ئێن ئێن ئێس**

ڕۆژ بیست و شەش ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، سی کاربەدەستی ئێرانی، لە ئاپارتمانێک دا لە ڤیەننا لەگەڵ سی سیاسەتمەداری کورد کۆبوونەوە تا کۆتایی بە شەڕێکی درێژخایەن بێنن. کاتەکە هیوابەخش بوو بۆیە کە ساڵێک بەر لەمە، ئایەتوڵا خومەینی مردبوو و عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی - کە لە لایەن زۆرێک لە چاودێرانی شارەزای ئێران، وەک کەسایەتییەکی میانڕۆ و پڕاگماتیست دەناسرا - لە بەرەبەرەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێراندا بوو. ڕەفسەنجانی دوو حەوتوو دواتر، بە وەدەستهێنانی ٩٦ لە سەدی دەنگەکان، وەک براوەی هەڵبژاردن ڕاگەیاندرا. هاوکات لەگەڵ ئەمانە، شەڕی ئێران - عێراقیش نزیک بە ساڵێک بوو کۆتایی هاتبوو و زۆربەی دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان چاوەڕوانیان دەکرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەمەودوا تەرکیز لەسەر سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ئەو وڵاتە دەکات.

بەڵام ئەوان لە هەڵەدابوون. لە ١٣ی جولای ١٩٨٩دا، دانوستانکارە ئێرانییەکان چەکەکانیان دەرهێنا و د. عەبدوڵڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نوێنەری حیزبەکە لە ئەورووپا و کوردێکی عێراقیی ناوبژیوانکەریان تیرۆر کرد. زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ دەنگی شەڕەتەقەیەک لە ئاپارتمانێکی ناوەڕاستی ڤیەننادا بشارێتەوە. پۆلیسی ئوتریش گەیشتە شوێنەکە بەڵام دانوستانکارە ئێرانییەکان، هیچ بەرپرسیارێتییەکیان وەستۆخۆ نەگرت. پۆلیسی ئوتریش، پاش وەرگرتنی ئیفادەیان، محەمەدجەعفەر سەحراڕوودی، مستەفا ئاجوودی، پارێزگاری ئەوکاتی کوردستان و ئەمیر بوزورگیانی ئازاد کرد و بەڵێنی لێوەرگرتن کە ئەگەر پێویست بێ، بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبەردەست بن. بەڵام ئەوان خێرا گەڕانەوە تاران.

زیاتر سەبارەت بە د. قاسملوو تەنیا چەند ڕۆژ دواتر بوو کە پرسیار لەسەر ئیفادەی کاربەدەستە ئێرانییەکان سازبوون. چ بەڵگەیەک نەدۆزراوە کە نیشان بدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس یا کەسانێک ویستبیان بەزۆرەملی بچنە ناو ئاپارتمانەکە. دوو لە قوربانییەکان، دانیشتبوون کاتێک تەقەیان لێکرابوو و سەرجەم قوربانییەکان، بۆ ئەوەی - بکوژان - لە مەرگیان دڵنیا بن، تیری خەڵاسیان لە سەر دابوو.

زانیارییەکانی پزیشکی دادوەری، ئاکامگیری یەکینەی دژەتیرۆری پۆلیسی ئوتریش دەسەلمێنێ کە قوربانییەکان نەک لە لای دەرگاوە بەڵکوو لەو شوێنەوە تەقەیان لێکراوە کە کاربەدەستە ئێرانییەکانی لێ دانیشتبوون. تەنانەت شوێنی - کەوتنی - پووکەکانیش دەستێدابوونی دانوستانکارە ئێرانییەکانی دەسەلماند.

پۆلیسی ئوتریش - دواتر - داوای ڕادەستکردنەوەی سێ ئێرانییەکەی کرد بەڵام تاران ڕەتیکردەوە هیچ کام لەو کەسانە ڕادەستی ئوتریش بکات و بگرە سەرۆکی تیم - ی تیرۆر - ەکە، واتە سەحراروودی پلەی بەرز کرایەوە و بوو بە سەرۆکی ئیتلاعاتی سپای قودس. ئەو پلەبەرزکردنەوە و هەروەها ئاستی باڵای وەفدە دانوستانکارەکە، نیشانی دا کە تیرۆرەکە، کردەوەیەکی خۆسەرانە نەبووە بەڵکوو لە لایەن کاربەدەستانی پایەبەرزی ئێرانەوە پلانی بۆ دارێژراوە.

گەلۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرزی ئاسایشی نیشتمانیی کات - واتە هەمان حەسەن ڕووحانی کە سەرۆککۆمار ئۆباما وەک شەریک حیسابی بۆ دەکا - نەبوو کە هاوئاهەنگیی تیرۆری لەم چەشنەی دەکرد؟ ئەمڕۆ لە بیست و شەشەمین ساڵوەگەڕی یەک لە کردەوە هەرە قێزەونەکانی ئێران - بە تایبەت کردەوەی ڕێبەریی باڵای ئێران عەلی خامنەیی و حەسەن ڕووحانی - بڕیارە لە ڤیەننا، مامەڵەیەک لەسەر بنەمای "متمانە"کردن بە ئێران ئەنجام بدرێ. مامەڵەیەک کە نیشان دەدا ئێران چۆن بە پەرەپێدانی تیرۆریزم و سەرسەختی سەرکەوتووە و لە بەرانبەردا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چەندە لاسەنگ بووە! «مایکڵ ڕوبن»*، لێکۆڵەری «ئەنیستیتۆی ئەمێریکەن ئینتەرپرایز»ە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی تەرخان کردووە بە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بە تایبەتی کار لەسەر ئێران، عێراق، تورکیا و کۆمەڵگای کوردستان دەکات. ناوبراو هەروەها ماوەیەکیش ڕاوێژکاریی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بوو و لە زانکۆکانی کوردستانیش وانەی وتۆتەوە. ڕۆبن هەر ئێستا لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەمریکا، بە تایبەت لە ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنستیتۆی ئامەژپێکراو و کامێنتری مەگەزیندا وتار بڵاودەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نامەیەك بەبۆنەی لەدایكبوونی د. قاسملوو

ناسر باباخانی

لەو ڕۆژەوە دوور بۆتەوە سایەت لە سەری من

سووتاوە لەتاوت هەموو گیان و جگەری من

مەزن سەرکردەم سڵاو!

دەزانی بۆچی بەم دوودێڕە شێعرەی وەفایی دەستم پێکرد؟ چون لە ڕاستیدا هیچ ڕستەیەک وەک ئەم بەیتە گوزارە لە دەروونی شڵەژاوم ناکا، ئەم بەیتە گوزارە لە دۆخی هەموو تاکێکی کوردی وەفادار بە ڕێبازت دەکا کە لە پاش کۆچی سوور و ناوادەت تووشی سەرلێشێواوی بوون و پەشێو کوتەنی وەک چنگێک دانەوێڵەی فڕێدراوی ئاشی مێژوو لێرولەوێ پەراکەندە و سەرگەردان بوون. خۆ ئێمە هەر هەموومان خۆ بە میراتگری خوێن و قەڵەمت دەزانین، کەچی نە حورمەتی خوێنت پارێزرا و نە ڕێزی قەڵەمت گیرا! خۆ هەرچی بیڵێم تفی بەراوەژوویە، بەڵام لە لای تۆ کوڵی دڵ هەڵنەڕێژم ئەدی سکاڵا بۆ کێ بەرم؟

زۆر کەس لە سەر ژیان و ئەندێشەی تۆیان نووسی، بە سەدان کتێب، وتار، شیعر، کۆنفرانس، بەڵگەفیلم، وتووێژ و... بڵاوکرانەوە بۆ ئەوەی چاکترت بناسین، دەستی هەموو لایەک خۆش بێ، بەڵام منی قەڵەم کول و بیرکورت چ بنووسم و باسی چی بکەم؟ بۆیە شاعیر کوتەنی: مێروولە نەچێ چاکە بە گژ قوللەیی قافا!

با شرۆڤەی زانستی و لێکدانەوەی بەرهەم و وتەکانت بمێنێ بۆ پسپۆڕ وهاوڕێیانی پێشوو و پێشووترت! ئیزن بفەرموو لەم شەوەدا، شەوی یەلدا، شەوی لەدایکبوونت، چەند ڕستەیەک بۆ دڵی خۆم بنووسم:

من وەک تارماییەک تۆم لەبیرە... وەک شتێکی دوورەدەست، وەک تاسەی دایکێکی دوورخراو لە جگەرگۆشەکەی، وەک تامەزرۆیی پاڵەیەکی ماندوو بۆ قاپێک دۆی ترش و ساردی بە قەزوان، وەک حەزی مناڵێکی هەژاری پێخواس بۆ بەستەنی دەستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کیژۆڵەکی پۆشتە، وەک حەسرەتی پێشمەرگەیەکی کونجی بەندیخانە بۆ ئازادی و سەربەستی...

منداڵ بووم، پێموایە ساڵی ١٣٥٨ بوو. ڕۆژێکیان لە گەڕەکی سەربەرداشی مەهاباد بەرەو مەیدانی چوارچرا بووینەوە، بابم دەستی گرتبووم. تۆ قسەت دەکرد، دوور بە دوور وەک تارماییەک دیتمی، تەمەن بەشی ئەوەی نەکرد لە وتەکانت تێبگەم... ئیتر لە پاش ئەم میتینگە لە هەر کوێ ناوت هاتبا یان قسەت کردبا قوت دەبوومەوە، ئێستاش پاشی نیزیک بە چوار دەیە لە هەموو کەلێن و قوژبنی ژیانی تاکەکەسی و کاریمدا بوونت هەیە...

خوێندکار بووم، لە زانکۆی مازەندەران لە بابولسەر لە باکووری ئێران، پووشپەڕی ١٣٦٨ بوو بەرەبەرە بەرەو کۆتایی تاقیکردنەوەکانی زانکۆ دەچووین... هاوڕێیەکی بانەیی لەپڕ لێمان وە ژوور کەوت، شڵەژابوو کوتی بیستووتانە دوکتور قاسملوو وەبەر دەسرێژ کەوتووە و بریندار بووە...؟ گەنج بووم، زۆر لە دنیا حاڵی نەبووم بەڵام بڕوام پێبکە ئاسمان هەرەسی بەسەرمدا هێنا... شتێکی سەیرت عەرز بکەم، لەم شوێنە دوورەی ئێمە لێمان دەخوێند ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران زمانحاڵی ئەو حیزبەی جەنابت سەرکردایەتیت دەکرد زۆر باش ئانتێنی هەبوو، ئەوەم بۆیە عەرز کردی بزانی بەداخەوە دۆخی ئێستای ڕاگەیاندنمان وەک هەموو شتەکانی تر گەلێک خراپە! هەر لەوێش لە زمان کاک ئەحمەد شێربەگییەوە گوێمان لێبوو کە تۆ بۆ هەمیشە نەتەوەکەت بە سەغیری جێهێشت!

تاقیکردنەوەکان تەواو بوون، لە بابولسەر بۆ تاران و لەوێشڕا ڕۆیشتمەوە بۆ مەهاباد. ئۆتۆبۆووسەکانی مەهاباد بەیانیان زۆر زوو دەگەیشتنەوە، وڵات هەر تاریک بوو، شەقامەکانیش چۆلوهۆل. لە هەورازەکەی تەپەی قازی وەسەرکەوتم. لە دەرگام دا. لەو دیوی دەرکەکە بە دەنگی هەناسە و نیخەنیخی سینگی ناسیمەوە. دایکم بوو، ئاخر نەخۆش بوو ئاسمی هەبوو پشووی زوو سوار دەبوو (خودا لە مردووی هەموو لایەکمان خۆش بێ)، دەرگای بەڕوودا کردمەوە و لە ئامێزی گرتم و کوتم: دایە دوکتور... بەدەم هەنیسکانەوە کوتی دەزانم ڕۆڵە...


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەم!

من پێموایە جەنابت بەرلەوەی سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی سیاسی بی، ڕۆشنبیرێکی بە تەواو مانا بووی! چون بە باوەڕی من دوو تایبەتمەندی سەرەکی واتە: «داهێنان» و «شوێندانەری» لە ژیان و سیاسەتەکانی جەنابتدا بەئاشکرایی بەدیدەکرێن. ڕێک ئەم دوو خاڵەی ئێستا لەسەر ساحەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان نادیترێن. خۆ دەمێک ساڵە بەناو ڕووناکبیرەکانمان تەنیا پۆزی ڕۆشنبیری لێدەدەن و نازانن «داهێنان» بەری چ دارێکە و لە قوللەی قافی گۆشەگیریڕا نوسخە بۆ شاخ و شار دەپێچنەوە بێئەوەی خۆیان لەناو بەتنی ڕووداوەکاندا ئامادە بن، کەچی تۆ نەک لەناو جەرگی ڕووداودا بەڵکوو خودی ڕووداو بووی. تۆ هەم داهێنەر بووی هەم شوێندانەر!

زۆر دژوارە باسکردن لە هەموو ڕەهەندکانی ژیانی تۆ، دەرفەتی دەوێ، دەرفەتێک بەقەرا تەمەنی نەتەوەیەکی فەرامۆشکار. دەزانی، بەردەوام سەرسامم دەکەی. سەرسامم بەو پێشەکییەی بۆ «تاریک و ڕوون»ی مامۆستا هێمنت نووسیبوو، شارەزایی سیاسەتمەدارێک لە ڕەخنەی ئەدەبی تا ئەم ئاستە؟! سەرسامم کاتێ بەم هەموو زمانە لێدوانت دەدا بۆ ڕاگەیاندنە ناوخۆیی و بیانییەکان! هەستم بە شانازی دەکرد کە تۆ سەرکردەمی. سەرسامم ئێستاش کە دەبینم لە سەردەمی تۆدا پرسی کورد لە ئێران ببوو بە ڕۆژەڤی میدیاکانی دنیا، سەرسامم بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانت لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییەکانی جیهان و... ڕاستی ئێمە ناوی ساڵانی سەرکردایەتی جەنابتمان ناوە: قۆناغی قاسملوو.

سەیرە لە چاخی ئاوابوونی چەمکی کاریزمایی، ئێمە هەرهەموومان ڕوو لە چیا هاوار دەکەین:

هۆ شۆڕەسوار...

کەی دێیە خوار؟!

من دەڵێم جگە لە تۆ و هزری تۆ کەس شک نابەین وەک ڕێنشانیدەر، بۆیە بە خۆم دەڵێم دەبێ بەردەوام بخوێنینەوە و بخوێنینەوە. دەبێ ئاستی پەروەردە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانستمان بچێتەسەر. خوێندنەوەی سەرلەنوێی جەنابت ئەرکی هەمووماننە، ڕاست دەکەن قاسملوو قوتابخانەیە، بەڵام خۆزگە ئەوەشیان درکاندبا چەندە لەم قوتابخانەیە فێر بوون؟

هەرچەند دۆخەکەمان لەچاو باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا بە گشتی باش نییە، بەڵام تۆ کارێکی واتکردووە کە هەست بە بوون بکەین و هیوادار بین بە دوارۆژ و یەکبوون و یەکگرتن، چون بەبێگومان بوونمان بە ناوی تۆوە گرێدراوە. لە شەوی لە دایکبوونت واتە یەکی بەفرانبارڕا تا ڕۆژی شەهیدبوونت، بازنەیەک سازبووە کە تێیدا دێین و دەچین، واتە چ شەوی لە دایک بوون و چ ڕۆژی شەهید بوونت بیانوویەکن بۆ زیندوو بوونمان.

گەورەم!

تۆ وەها تێکەڵ بە گۆشت و خوێن و ئێسکی ئەم نەتەوەیە بووی کە ئەم جیلەی ئێستا پاش شەهید بوونت سوێندی هەرەگەورەیان «بە قەبری دوکتور قاسملوو»یە. بۆیە گەشبینم بە داهاتووی خۆمان هەرچەند:

**کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بە منی کرد**
**سەرما بە هەتیو با بە دەواری شڕی ناکا**

لە کورتی دەبڕمەوە. مەزن سەرکردەم، لەبری ماڵاوایی سڵاو و هەزاران سڵاو... ئەم نەتەوەیە فێری ماڵاوایی لە تۆ و لە ڕێبازت نەبووە و نابێ هەرگیز!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دیسەمبەری ٢٠١٥


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی:
# ٢٠١٦

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کامەران بەدرخان - عەبدولڕەحمان قاسلمو

**موسا عەنتەر**

**و. لە تورکییەوە: بەکر شوانی**

«ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە گیانی پاکی قاسملو و عەنتەر، دوو کەسایەتیی زۆر تایبەتی میللەتی ئێمە لە سەدەی بیستەمدا» دوو گەنجی کوردی خەڵکی ورمێ لە ئیستانبوڵ دەیانخوێند؛ حوسێن قاسملو لە بەشی ناوخۆیی زانکۆی تەکنیکی دەژیا و لەو زانکۆیە دەیخوێند. ئەحمەد قاسملویش لە کۆلێژی پزیشکی دەیخوێند و لەو بەشی ناوخۆییە دەژیا کە من دامەزراندبوو. پێم وابێت ساڵی ١٩٤٥ بوو، ڕۆژێک حوسێن گەنجێکی تازەپێگەیشتووی چاوگەش و بلیمەتی بۆ لای من هێنا و گوتی: «کاک موسا، ئەمەیش عەبدولڕەحمانی برا بچووکمانە.» عەبدولڕەحمان ئەو ساڵە لە ئێران قۆناغی ئامادەیی تەواو کردبوو و بۆ خوێندن هاتبوو. گەنجێکی چوست و بەرچاو بوو. لە سەرتاپای جەستەی وزەی کۆمەڵایەتی هەڵدەقوڵا. برا گەورەکانی، ئەحمەد و حوسێن وەک ئەو نەبوون. عەبدولڕەحمان هەرە زیاد مەیلی بەلای هونەرەوە بوو. دەیویست لە کۆلێژی ئەدەبیات سۆسیۆلۆژی بخوێنێت. لەوێ ناونووسم کرد. لە بەشە ناوخۆییەکەی من دەمایەوە. زۆربەی ئەو کاتانەی وانەی نەدەبوو، لای من کاتی بەسەردەبرد. ئەو بەردەوام بە ئاگری کورد و کوردستان دەسووتا. دوای نزیکەی پێنج مانگ ئارەزووی لە کۆلێژی ئەدەبیات نەما و سەرلەنوێ و لە سفرەوە دەستی پێ کردەوە. لە هەموو هەلێکدا بە منی دەگوت خوازیارە بچێت بۆ ئەوروپا. ئەو سەردەمە، ڕۆژی هەینیی یەکەمی هەموو مانگێک دەچوومە ماڵی دادە مەزییەت خاتوونی خوشکی کامەران بەدرخان لە شیشلی و لەوێوە تەلەفۆنمان بۆ کامەران بەگ دەکرد کە ئەو کاتە لە پاریس دەژیا. ڕۆژێک باسی ئارەزوو و لێهاتوویی ئەم گەنجەم بۆ کامەران بەدرخان گێڕایەوە. گوتی: "سەر سەر و سەرچاو. کوڕی خۆم، بۆم بنێرە. من لێرە بورسێکی بۆ دابین دەکەم. «کاتێک ئەم مزگێنییەم بە عەبدولڕەحمان گەیاند، فرە شادمان بوو. پێم گوت: "بەڵام مەرجێکم هەیە؛ ئەگەر برا گەورەکانت ڕازی بن...» وەک ئاگر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وابوو. هەر ئەو ئێوارەیە هەر دوو برا گەورەکانی گەیاندە کنم. هەردووکیان ڕازی بوون، بەڵام گوتیان پارەی پێویستیان پێ نییە و نامە بۆ ئێران دەنێرن و پاشان عەبدولڕەحمان بۆ ئەورووپا بەڕێ دەکەن. گوتم: «پارەتان لێ ناخوازم. من ئەم ئەرکە دەگرمە ئەستۆ. برای ئێوەیە، برای منیشە.» عەبدولڕەحمان بە ماوەیەکی کورت ناوی خۆی لە زانکۆ سڕییەوە، بەڵگەنامەکانی ئامادە کرد و لە وێستگەی سرکەجییەوە بەرەو ئەورووپا بەڕێمان کرد. بێگومان شەڕی دووەمی جیهانی بەکۆتا هاتبوو. عەبدولڕەحمان پاش ئەوەی گەیشتە پاریس، چ لە ڕووی زانستی و چ لە ڕووی ئەدەبییەوە پەیوەندی لەگەڵ من نەپچڕاند. دوای ئەوەی بە جوانی فێری زمان بوو و دەوروبەرێکی گونجاوی دۆزییەوە، هەر بابەتێک دەربارەی ئاشتیی جیهانی هەبوایە و هەر بابەتێکی زانستیی ناو کتێبخانەکانی ئەوێ کە بۆ من سەرنجڕاکێش بوایە، نامە بۆمی دەنارد. کامەران بەگیش پێی سەرسام بوو. عەبدولڕەحمانیش بێ سنوور ڕێزی لە کامەران بەگ و هاوسەری پۆڵۆنیایی وی دەگرت. ئەویش حسێبی کوڕی خۆی بۆ عەبدولڕەحمان دەکرد. کامەران بەگ لەبەرئەوەی خاڵی هاوسەری من بوو، منی بە خوارزا ناودەبرد و جارێک لە تەلەفۆندا گوتی: «کوڕم، لەبەرئەوەی منداڵم نەبوو، خەمگین بووم. بەڵام تۆ و عەبدولڕەحمان ئەو کێماسییەتان بۆم پڕ کردەوە. ئێستا زۆر بەختەوەرم. بشمرم، وەجاغم ڕۆشنە.» کامەران بەگ بەو قسەیە شەرەفی پێم بەخشی و لە ژیانمدا گەورەترین میهرەبانی بۆم نواند. مەحاڵە بتوانم بە وشە گوزارە لەو شەرەف و شکۆیە بکەم. دوای نواندنی ئەو میهرەبانییە بەردەوام وا هەستم دەکرد وەک ئەوەی کوڕی کامەران بەگ بم. بە درێژایی ژیانم هەموو هێز و توانای خۆم خستە کار بۆ پاراستنی ئەو شەرەفە. ئێستایش کەسایەتیی شکۆداری ئەو کڵاوڕۆژنەی ژیانی منە. پێم وایە ئامۆژگارییەکانی کامەران بەگ لە بواری هەستی نەتەوەییدا ڕۆڵێکی گەورەیان لەوەدا هەیە کە من توانیومە تا ئەمڕۆ لە سیاسەت و ئاکاردا لەسەر پێی خۆم ڕابوەستم. ئەگەر سەرنج بدرێت، عەبدولڕەحمانیش لەسەر هەمان بیر و باوەڕ بوو. بەڵام ئەو لە من سوودمەندتر بوو، چونکە مردنەکەیشی شەرەفمەندانە بوو. وای چەند بەختەوەر دەبم ئەگەر منیش شانسم هەبێت و وەک ئەو لە پێناوی گەلەکەمدا شەهید بکرێم! عەبدولڕەحمان ئێستا لە ناو گەلی خۆیدا وەک ئاڵا چەقیوە و بە ئاسمانەوە دەشەکێتەوە. ئەدی مەگەر ئەمە ترۆپکی شەرەف نییە؟!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوە: کتێبی «بیرەوەرییەکانم»ی موسا عەنتەر...

تێبینی: موسا عەنتەر چەند مانگێک دوای تیرۆرکردنی د. عەبدولڕەحمان قاسلمو ئەم بیرەوەرییانەی نوسیوە. ڕێککەوت وابوو خۆیشی ئەو شانسەی بەرکەوت و ڕۆژی ٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٩٢، واتە ٣ ساڵ و دوو مانگ و حەوتوویەک دوای تیرۆرکردنی د. قاسملو، لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا بەدەستی چەتەکانی دەوڵەتی تورک تیرۆر کرا.

ئەم بابەتە لە لاپەڕەی فەیسبووکی وەرگێڕ وەرگیراوە.

سەرچاوە: bschwani.blogspot.com

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، ڕێبەرێك بۆ هەموو وەرزەكان

**حەتەم کێلەشین**

بەڕایی: قاسملوو بوێری و شەفافییەتی کردبوو بە بنەمای کاری خۆی و زۆر بە قووڵی دژی بێ ئیرادەکردن و هەر جۆرە بە ئامرازبوونی مرۆڤ بوو، ئەو خەباتگێڕە مەزنە سەربەخۆیی ئیرادەو کردەوەی کردبووە بناخەی کاری خۆی و پارتەکەی.

کەسایەتیی پراگماتیستی قاسملوو ببووە هۆی ئەوەی تاک تاکی ئەندامانی پارتەکەی بڕوا بەم ئەندێشەیە بێنن کە «حیزب، بەرهەم و کەڵەکەبووی ماندوونەناسێتیی شۆڕشە». ناوبراو دژی «بەستراوەیی کەسایەتی» و هەر جۆرە تاکپەرستییەک بوو، لەم وتارەدا تێدەکۆشین هێندێک لایەنەکانی کەسایەتیی سیاسی ئەو ڕێبەرە بەتواناو ئەو شۆڕشگێڕە ئازادیخوازو دیموکراسیخوازە بە بێ زێدەڕۆیی بخەینە بەرباس.

## قاسملوو شۆڕشگێڕێکی پراگماتیست و واقعگەرا

قاسملووی خاوەن پوتانسییەلی فیکری و تئوریکی دەوڵەمەندو بە هاوکاری کەسانێکی بەتوانای وەک دوکتور سەعید شەرەفکەندی و.. کە - لە راستیدا وەک زنجیرەیەکی فیکری بەهێز. هەمیشە خاوەن ئەندێشەی نوێ بوون و توانای بەرهەم هێنانەوەی ئەڵتێرناتیڤی نوێی خەبات بوون، حیزبی دیموکراتیان کردبووە ئەکتەرێکی سەرەکی لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و ئێران. لەراستیدا قاسملوو بەپشت بەستن بەو ژێرخانە تیۆریک و فیکرییەوە، رەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان بەراستی و دروستی لێکدەدایەوە و راڤەی دەکردن. قاسملوو شارەزای خەڵکەکەی خۆی و تانوپۆی کۆمەڵگەکەی و شیرازە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکەی بوو. هەر بۆیەش ڕێبەرێکی سەرکەوتوو بوو. تێگەیشتوویی و راڤەی دروستی هەلومەرج و روانگەی ریالیستیی وەک بەشێکی جیانەبۆوەی خووخدە و کەسایەتییە سیاسییەکەی، تەواوکەری پراگماتیسمی قاسملوو لەقۆناخە جیاوازەکانی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو تایبەتمەندییانە دەبوونە هۆی ئەوەیکە قاسملوو وەک ڕێبەرێکی پراگماتیست و لە هەمان کاتدا بەرپرسیار، ئەوەی کە لە پێوەندیی لەگەڵ خەبات بۆ رزگاری گەل و حیزبەکەی بە زمان دەیوت، بە کردەوە بسەڵمێنێ و هەر ئەم خسڵەتە بەرزەی بوو بە هۆی ئەوەیکە بە سەرکەوتوویی بزووتنەوەی میللی - دیموکراتیکی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەلات لە قۆناخی ئەستەم و پڕ لە هەوراز و نشێوی چەکداری دا ڕێبەری بکا.

## قاسملوو ڕێبەرێکی خاوەن بیری ئیستراتێژیک

خەبات و رەوتی ناسیونالیستی پێویستی بە ڕێبەرایەتییەکی هەڵسووڕ و کارامە هەیە کە توانای بیرکردنەوەو تیۆریزە کردنی بنەماکانی خەباتی هەیە و لە هەمانکاتیشدا خاوەن پوتانسییەل و دەسەلاتی پراکتیک و جێبەجێ کردنی بیروبۆچوون وئەندێشەکانی بێ. کۆی ئەم خسڵەت و تایبەتمەندییانە ئەندێشەی ستراتژیکن. قاسملوو لەگەڵ ئەوەیکە روانگەو خوێندنەوەیەکی دروستی لەپرس و رووداوە سیاسییەکان هەبوو و تەنیا بە روانگەیەکی «ژورنالیستی» و ئاستەکی نەیدەڕوانیە هاوکێشە و رووداوەکان. بەپێی خوێندنەوەی دروستی لە پرسە سیاسییەکان لە مەیداندا دەوری دەگێڕاو وەک ڕێبەرێکی ستراتژیک و خاوەن تایبەتمەندی «دوارۆژ بینی» سەبارەت بە پرس و رووداوە سیاسییەکانی کوردستان، ئێران، رۆژهەلاتی نێوەراست و جیهان هەمیشە کاریگەری پۆزەتیڤ و ئەکتیڤی لەسەر بڕیارە سیاسی و هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. هەر ئەم تایبەتمەندییە بەرزانەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا دەبێ بە حیزبێک کە توانای سەرکەوتن بە سەر تەنگ و چەلەمەکان و دەرباز بوون لە هەر جۆرە قەیرانێکی چاوەڕواننەکراوی هەیە.

## قاسملوو و دێموکراسی

دوکتور قاسملوو رۆڵێکی بەرچاو لە ساغ کردنەوەی حیزبی دیموکرات دا دوای خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ (بە ڕێبەرایەتیی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان) دەگێڕێ و سەربەخۆیی حیزب جارێکیتر دەگەڕێنێتەوە و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزب دەکاتە حیزبێکی مودێرن و خاوەن پێڕەو و پرۆگرام کە تێدەکۆشێ مەیدانی خەبات بەرینتر بکاتەوە و لە هەموو ئەو لایەنانەی خەبات بۆ وەدیهێنانی ماف و داخوازییەکانی گەلی کورد کەڵک وەرگرێ. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە حیزب لەسێ رەهەندی ناسیۆنالیستی، چینایەتیی و خەبات بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکرات لەئاستی سەرانسەریی ئێراندا درێژە بەچالاکی بدا. بەڵام باوەڕی قووڵی قاسملوو بە دێموکراسی لەم وتە بەنرخەی دا زیاتر دەردەکەوێ کە دەڵێ: (خەباتی ئێمە بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی، نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوایەتی یا چینایەتی). دکتور قاسملوو ئەوەندەی بڕوا بە دێموکراسی هەیە کە بەردەوام لەسەر تەمرینی دیموکراسی قسە دەکا و هەموو رۆژێک و هەموو جێگەیەک وەک دەرفەتێک بۆ تەمرینی دیموکراسی لەبەرچاو دەگرێ.

### قاسملوو، نووسەر و تئۆریزانێکی بەتوانا

دوکتور قاسملوو لە باری تیۆریکیشەوە وەک بیرمەندێکی هەڵکەوتەو لێهاتوو بەرچاوە و هێندێک بەرهەمی لەپاش خۆی بە جێ هێشت کە هێشتاش کتێبخانەی کوردی شانازییان پێوە دەکا، گرینگترینی ئەم بەرهەمانە کتێبی «کوردستان و کورد»ە کە لەروانگەیەکی زانستییەوە، هەلومەرجی جوگرافیایی، مێژوویی، ئابووری، مرۆیی و کۆمەڵناسیی کوردستانی لێک دەداتەوە. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە دوکتور قاسملوو لە کاتی نووسینی ئەم بەرهەمە بەسوودە بە هۆی دوور بوون لە کوردستان و نەبوونی بواری لێکۆڵینەوەی مەیدانی کەندوکۆسپی زۆری بۆ نووسینی لەبەر بووە. هەروەها «کوردستان و کورد» لە سەردەمێک دا نووسرا کە سەرچاوەو ژێدەری زانستی هاوئاستی ئەو بەرهەمە لە کتێبخانەی کوردی دا دەگمەنن تا دوکتور قاسملوو بتوانێ کەڵکیان لێ وەرگرێ، کە ئەمە خۆی بایەخی ئەم بەرهەمەی قاسملوو زیاتر دەکا. هەروەها بیروبۆچوونەکانی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجود، رێگەی گەشەی ئابووریی ناسەرمایەداری، هەلومەرجی ئەو کاتی بلۆکی رۆژهەڵات و دەوڵەتە کۆمۆنیستییەکان و باس کردنی سوسیالیزمی دیموکراتیک بۆ یەکەم جار لە ئەدەبیاتی سیاسیی گەلی کورد و نووسین لەم بارەیەوە لە قۆناخێک دا کە گوتاری چەپی ئۆرتۆدۆکسی، گوتاری زاڵی کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و رووناکبیرییەکانی ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەردەمی کوردستان، ئێران و ناوچەیە، سەرەڕای ئەوەیکە دژەباوی و بوێری و لە هەمانکاتدا دوارۆژبینیی کاک دوکتور قاسملوو نیشان دەدا، دەرخەری تێگەیشتنی بەرهەست (ئوبژکتیڤ) و دروستی قاسملوو لە پرسە (کلان)ە سیاسییەکانی سەردەمە.

## قاسملوو، دیپلۆماتیکی بەواتای راستەقینەی وشە

لایەنی دیپلۆماتیکی قاسملوو یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم جوامێرە مەزنەی گەلی کوردە. قاسملوو کە لە زانکو بەناوبانگەکانی ئوروپا خوێندنی تەواو کردبوو و چەندین زمانی زیندووی جیهانی دەزانی، تەنانەت لە دژوارترین قۆناغەکانی خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی دا گرینگیی چالاکیی دیپلۆماتیک و پێکهێنانی لۆبیی کورد لە وڵاتە زلهێزەکان و رێکخراوە کاریگەرەکانی جیهان لەبیر ناکا و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدا و دامەزراندنی پێوەندیی قووڵ و راکێشانی پشتیوانیی مەعنەوی و دەرمانی وڵاتێکی وەک فەڕانسە و کردنەوەی نوێنەرایەتیی حیزب لەو وڵاتەدا، بوون بە ئەندامی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست، پێکهێنانی پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە ئازادیخوازو پێشکەوتووەکان لە وڵاتانی دیکەی جیهان وەک بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین و شەخسی یاسر عەرەفات و.. بەشێک لەو هەوڵ و چالاکییە دیپلۆماسییانەی شەهید قاسملوون.

## قاسملوو و سیاسەتی ئەخلاقگەرایانە

قاسملوو هەمیشە ئەخلاق بە مەرجی پێویست بۆ چالاکی سیاسی دەزانیێ. ناوبراو هەمیشە دژی روانگەی ماکیاڤێلیستی لە سیاسەتدا بووە و ئەمەشی بەکردەوە لە چەند دەیەی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات دا سەلماندوە. قاسملوو بە روانگەیەکی ئەخلاقی و دەروەستانە دەیڕوانیە بابەتی سیاسی و لە نێوخۆی رێکخستن و لە دەرەوەش و لە ئاستی پێوەندی (کلان) و هاوکێشە سیاسییە پێچەڵاوپێچەکانی ناوچەو جیهان دا ئەم دەروەست بوونەوەی دەپاراست. کە رەنگە شێوەی هەڵسوکەوتی ئەخلاقمەندانەی ناوبراو لەگەڵ رێژیمی بەعسی عێراق و هاوکات پێوەندیی چڕوپڕی لەگەڵ رێبەرانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی باشووری کوردستان گەورەترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە بن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئاکام:

دەبێ ئەمە لەبیر نەکەین کە سەرکردە و ڕێبەرە گەورەکان لە کاتی تێپەڕین بە ڕێگایەکدا تەنیا پێیدا تێناپەڕن، بەڵکوو هاوکات ئەم ڕێگایە درووست و هەمواریش دەکەن بۆ نەتەوەکەیان و جیلەکانی دوای خۆیان، قاسملووش خاوەن ئەم تایبەتمەندییە بوو. لە بەرەبەری پووشپەڕێکی دیکەداین و ساڵرۆژی تیرۆرکردنی ناجوامێرانەی قاسملووی مەزن دیسان نزیک دەبێتەوە، لەو ساڵڤەگەڕە تاڵەدا ڕەنگە ئەم شتانەی لە سەرەوە باسیان لێ کرا، بەشیکی کەم بن لەو وانەگەلەی ڕێبەرانی هەنووکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەبێ سەرنجی بدەنێ و لە ڕێبەری شەهید ڕۆژهەڵات فێری ببن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد    ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# له یادی د.قاسملوو دا

**ئامادەکاری: ڕۆژنامەی کوردستان**

له بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی شەهید کرانی ڕێبەری گەورەمان د. قاسملوودا دەکرێ له ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە له کەسایەتیی و ڕۆڵی دوکتور قاسملوو بڕوانین. لەم نێوەدا پرسیارێک که دەکرێ بێتەئارا ئەوەیه که: چۆنیەتی مامەڵەی ئێمه لەگەڵ د. قاسملوو دەبێ چۆن بێ؟ ئایا دەبێ تەنیا به شێوەی عاتفی و ڕۆمانتیک مامەڵەی لەگەڵ بکەین یان پێویسته که مامەڵەیەکی ئەکتیڤ و ئاوێته لەگەڵ بیری ڕەخنەییمان لەگەڵیان هەبێ؟ د. قاسملوو کاریزما و سەمبولێکی ئێمەیه و خویایه که سەمبولسازی له پرۆسەی خەباتدا پێویسته؛ سەمبولەکان دەتوانن ڕۆڵی کاتالیزۆریان له ڕەوتی خەباتدا هەبێ. له بنەڕەتدا سنووری نێوان سەمبول و پێویستی(ی سەمبول) له ڕەوتی خەباتدا لەگەڵ کەڵک وەرگرتنی ئامرازی لەم کەسایەتییانه چیه؟

**د. هاشم ئەحمەدزادە؛ مامۆستای زانکۆ:**

١- ئەگەر کەسایەتیی کاریزماتیک به کەڵکوەرگرتن له کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی بتوانێت کۆمەڵێک مرۆڤی کۆمەڵگه یاخود حیزبێکی دیاریکراو بکاته ڕێڕەو و لایەنگری چالاکی بیر و باوەڕەکانی، ئەوە بێ هیچ شکێک دوکتۆر قاسملوو کەسایەتییەکی لەم چەشنه بووە. ئەگەر کارتێکەریی و ناوبانگی کەسایەتییەک سنوورەکانی حیزبێکی دیاریکراو دەرباز بکا و ببێ به خاڵی هاوبەشی هاوارو ئاواتی جەماوەرێکی بەربڵاو، هەمدیسان دوکتۆر قاسملوو کەسایەتییەکی کاریزما بووە. ئەگەر کاریزما بریتی بێ له ئەو کەسەی که جەماوەر لەسەر بنەمای ئەزموونی تاکبڕواییانەی خۆیان و لەئاستی تاکەکەسیدا خۆشیان بوێ و وەدوای ئامانج و باوەڕە سیاسییەکانی بکەون، ئەوە دیسانەوە دوکتۆر قاسملوو کەسایەتییەکی کاریزمایی بووە. بۆ هەموو ئەو کەسانەی که ساڵانێکی دوور و درێژی تەمنیان له تاراوگەدا تێپەڕ کردبێ و به



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەردەوامی لەهەوڵی رزگاریی نەتەوەکەیاندا بووبن و تا ئاستە هەرە بەرزەکانی خوێندن چووبن و دواتر توانیبێتیان ببن بە کەسایەتی‌یەکی زانستیی باوەڕپێکراو و کارای ئاکادیمی، روونە کە دەبێ چ وزەیەکی زۆر و چ تواناییەکی هەمەلایەنە دەکار هاتبێت تا ئەم قۆناخانە تێپەڕ بووبن. ئاوارەبوون لە دەریای فەرهەنگێکی نامۆی ئوروپایی لە سەرەتاکانی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا بۆ مرۆڤێکی دونیای سێهەمی و سەر بە نەتەوەیەکی بێدەوڵەت، تەنیا بەهۆی باوەڕی بەرزی هزری و هیوای بەرزە فرانەوە دەتوانێت ببێ بە پێشزەمینەی سەرکەوتن لەبواری خوێندن و باوەڕمەندی بە خەونەکانی نەتەوەکەیەوە. دوکتۆر قاسملوو ئەو کەسە بوو کە توانی بە سەرکەوتوویی ئەم خەونانە لە ئاستی تاکەکەسیدا بێنێتە دی. بەڵام خۆ ئەوە کۆتایی رەوتەکە نییە و ئەو دەبێ بگەڕێتەوە گۆڕەپانیی راستەوخۆی خەبات. ئەو دەبێ ئەمجارەیان بۆ رزگاریی گەلەکەی و وڵاتەکەی دەستبەرداری هەموو بەرژەوەندییە تاکەکەسی‌یەکانی خۆی لە تاراوگە بێت و بگەڕێتەوە ناو جەرگەی هەڤاڵانی لە هەلومەرجی دژواری خەبات و تێکۆشان لە وڵاتێکی جیهانی سێهەمی‌دا. دووری لە وڵات بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەرکی خۆگونجاندنەوە لەگەڵ فەرهەنگی کۆندا ئەستەم دەکات. بەڵام دوکتۆر قاسملوو لەم بەرەیەشدا سەرکەوتووە و بە قسەی زۆربەی هەرە زۆری رێبەرانی حیزبی دێموکرات ئەو رۆڵێکی بڕیاردەری لە بووژاندنەوەی حیزبدا لە بواری رێکخراوەیی و فکریدا هەبووە.

٢- ئەوەی دەبێ لەگەڵ ئەو میراتە پڕبەهایەدا چۆن هەڵسوکەوت بکرێت پرسێکی سەرەکی‌یە بۆ سیاسەتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. یەکەم شت بە باوەڕی من ئەوەیە کە میراتی دوکتۆر قاسملوو دەبێت وەک سامانێکی نەتەوەیی سەیر بکرێ و لە چوارچێوەی بەرتەسکی حیزبیدا زیندانی نەکرێ. دووەم خاڵ ئەوەیە کە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و دەستکەوتەکانی دوکتۆر قاسملوو دەبێ شێوازییانە بێ. هەلومەرجی سیاسیی سەردەمی ئێستا و سەردەمی دوکتۆر قاسملوو زۆر جیاوازە و مرۆڤ ناکرێ وەڵامی پرسەکانی ئێستای بزووتنەوەی کورد لە هەڵوێست و دەقەکانی دوکتۆر قاسملوودا بدۆزێتەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە سیاسەتی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەتوانێ و دەبێ لەجەوهەری بۆچوونەکانی دوکتۆر قاسملوو کەڵک وەرگرێ. وریایی و بوێریی سیاسی، چالاکیی رۆژانە و بەردەوام، دیپلۆماسیی وشیارانە و کاریگەر و هەوڵدان بۆ زیندووڕاگرتنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزووتنەوەی دێموکراتیکی کورد ئەو خاڵە سەرەکی‌یانەن کە دەبێ جیلی ئێستای سیاسی لێی فێر بێ و دەکاری بێنێ. لە هەمان کاتدا بزوتنەوەیەکی دێموکرات و سێکولار بەدوور لە باوەڕی ئایینی و جەزمییانە دەبێ باوەڕی بەو ڕاستی‌یە هەبێت کە هیچ کەس لە دەرەوەی ڕەخنە نییە و هەموو سیاسەت و کردەوەکانی دوکتۆر قاسملوو وەک هەر بیریارێک و ڕێبەرێکی دێموکراتی‌تر ناتوانێ وەک دەقی پیرۆز سەیر بکرێ. ئەگەر خۆشەویستیی جەماوەریی دوکتۆر قاسملوو و کەسایەتیی کاریزمایی ئەو، گەنجینەیەکی بێوێنەیە بۆ گۆشدانی بزووتنەوەی دێموکراتی کورد لە سەردەمی ئێستادا، هەڵسەنگاندنی ڕەخنەییانەی کارکرد و میراتی ئەو بەشێکە لە ئەرکی ڕێبەرایەتیی سیاسەتی ئێستای بزووتنەوەی کورد. بۆچوونی زانستی و خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی مێژوو فێرمان دەکات کە هیچ کەسێک ناتوانێ وەڵامی هەمیشەیی و نەگۆڕی پرسگەلی سیاسی پێبێ. وەفاداری بە ئارمانج و باوەڕەکانی مرۆڤە بلیمەتەکانی مێژوو تەنیا و تەنیا بریتییە لە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەوان و فێربوون لە ئەزموونەکانیان بە شێوەیەکی بانمێژوویی و شێوازییانە.

## ئیقباڵ سەفەری؛ کەسایەتیی سیاسی:

بە بڕوای من چۆنیەتیی مامەڵەمان لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی و ئاکادمیکی د. قاسملوو دەبێ چەند شێواز لەخۆ بگرێ:

**یەکەم:** ئەوەی کە ئەو خەباتکارێکی لیهاتوو بوو کە بۆ ڕزگاری گەلێکی بەشخوراو بە شیوەیەکی مودێرن و سەردەمیانە خەباتی دەکرد. کە ئەمە بۆخۆی باوەڕی قووڵی د. قاسملوو بۆ ڕزگاری و دێموکراسی و ئازادی دەسەلمێنێ.

**دووهەم:** کەسایەتی‌یەکی سیاسی بوو کە سەرەڕای داسەپانی شەڕ بەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە لایەن کۆنەپارێزانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێرانەوە، بەڵام هیچکات لە دیالۆگ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شیوەی هێمنانە خافڵ نەبوو. ئەمەش نیشانەی باوەڕی قووڵی د. قاسملوو بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی ئاشتیانە بۆ گەیشتن بە مافەکان بوو.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سێهەم**: کەسایەتی‌یەکی سیاسی و دیپلۆماتکار بوو کە هەم توانای رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ دۆست و نەیاردا هەبوو، هەمیش شارەزایی هەبوو لەدانوستانە سیاسی و دیپلۆماسی، ناوچەیی، نێودەوڵەتی و بگرە نێونەتەوەییەکان دا.

**چوارەم**: ئەو سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕی تەواوی بە رزگاری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، لەهەمانکاتدا بابەتی عەدالەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خولیا بەهێز و بەرچاوەکانی بوو.

**پێنجەم**: رێبەرایەتی شۆڕشیکی لە ئەستۆ بوو کە دڕندەترین رێژیمی سەردەمی، رووبەڕووی تەنگەژە کردبۆوە.

ئەگەر بمهەوێ وڵامی پرسیاری سەرەوە بدەمەوە، ناکرێ رۆڵی د.ق اسملوو لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلەکەمان بە شیوەی ساکار بدەمەوە. بۆیە دەبێ چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسایەتیی سیاسی و ئاکادمیکی ئەو، مامەڵە و هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە و بەدوور لە دەمارگرژی بێ.

بە بڕوای من مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی و رۆڵی د. قاسملوو لە خەباتی رزگاریخۆازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا، نابێ تەنیا عاتیفی بێ. ئێمە مرۆڤین و هیچ مرۆڤیکیش لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی دا، بێ هەڵە نابێ. سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ رێزی تایبەتی بۆ کەسایەتی و رۆڵی دابنێین و لە راستیدا سەمبولێکی ئێمەیە بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە هیچ کەم‌وکوڕی‌یەکی نەبووە. ئێمە لە بەیانی تاکو ئێوارێ بە بەژن و باڵای د-قاسملوودا هەڵبلێین، تۆسقاڵێک بە کەسایەتی ئەو زیاد نابێ و بە پێچەوانەش، ئەگەر رەخنەشی لێ بگرین، تۆزقاڵێک لێی کەم نابێتەوە. نەک هەر ئێمە، دۆژمنەکانیشمان بە رۆڵی دوکتور قاسملوویان دەزانی، بۆیەش وەها داوێکیان بۆ لە نێوبردنی دانا.

بە باوەڕی من لە هەمانکاتدا کە سەمبولەکان لە پرۆسەی خەبات‌دا رۆڵ و جێگەی خۆیان هەیە بەڵام زیاتر باوەڕم بە چاندنی بیر و هزری نەتەوەیی و نیشتمانی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی هەیە کە تاکەکانی نێو کۆمەڵ بگەنە ئاستێکی هزری کە مامەڵەیەکی زیندوو و ئەکتیڤ لەگەڵ سەمبولەکان بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر تەنیا بە شێوەیەکی عاتفی و ڕۆمانتیک لەگەڵ ڕێبەرانمان هەڵسووکەوت بکەین و بە بیرێکی کراوە مامەڵەیان لەگەڵ نەکەین و بەبیرێکی دوگم بیانکەینە ئاکتۆری ڕەخنەهەڵنەگر، ئەوا دەتوانێ ئاسەواری نێگەتیڤیشی هەبێ؛ بە تایبەت لە ئەحزابی کوردیدا کە دیموکراسی بەچاکی نەهادینە نەبووە. لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە ڕۆڵی کەسایەتیەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ، بۆیە پێویستە بە گوێری سەردەم ڕۆڵی ڕێبەرانمان پێناسە بکەین و هەڵسەنگاندنیشمان بۆ بیر و کردەوەی ئەوان لە چوارچێوەی ڕەوتی مێژوویی و بە لەبەرچاو گرتنی سیاقی مێژوویی و زەمان و مەکانی ئەو ڕێبەرانە بێ و نابێ لە قۆناغی مێژوویی خۆیان جیایان بکەینەوە. سەردەم، سەردەمی نوێیە و ئامرازی نوێ، تاکتیکی نوێ، ستراتیژی دیاریکراو و چاوکراوەیی زیاتر دەخوازێ. لە کۆتایدا سەرەڕای ڕێزدانان بۆ ڕۆڵ و کاریگەری شەهید د. قاسملوو لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر بە چاوێکی بابەتیانە و بە دوور لە دەمارگرژی لە ڕۆڵ و نەخشی ئەو بڕوانین، دەتوانێ باشتر یارمەتیدەری خەباتمان بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# رازی هەرمانی دوکتور قاسملوو

**ئازاد کەریمی**

لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا هەوڵدان بۆ بەدووربوون لە کوێربوونەوەی ناوونیشان، ناوبانگ، بنەچە و بنەماڵە لە تاریکاییەکانی لەبیرکردنەوەی هزری زەمان و هەڵپێچان لە سووڕی رووداوەکان باو بووە. ئەمەش نەریتی ئەو کەسانەیە وا خاوەن بەهرەیەکی تایبەتی ماددی یان مەعنەوین. بەڵام دوای پەیدابوونی تێڕامان و بیرکردنەوە، مانەوەی ناوبانگ بۆ بەرگری کردن لە نەریتە ئەخلاقی‌یەکان وەک نرخێکی رەوشت بەرزانە لە فەرهەنگی ئەندێشەگەری وزانایی‌دا رەگی داکوتا.

لائوتێسێ، کۆنفۆسیوس، زەردەشت، بودا، مەسیح، هۆمێر، ئەفلاتون، هێرمێس، مانی وئەرەستو، بەناوبانگترین کەسایەتی‌یەکانی جیهانی کەونارن. ئەوان ناوبانگیان زۆرزیاترە لە دنیاگرێکی وەک ئاتیلا، ئەسکەندەر، نێرۆن، ستالین وهیتلێرکە جیهانی مرۆڤایەتی‌یان لە کونترۆڵ کردنی ئیرادەی بەشەری‌دا مانا دەکرد و دەیانویست جیهان و دانیشتوانەکەی بەشێک لە داراییەکانی ئەوان بێ و تەنانەت شەرەف وبەها مرۆڤایەتی‌یەکان و رەوشت بەرزی و ئەخلاق بە گوێرەی پێوەرەکانی ئەوان پێناسە بکرێن. بەڵام دەوری کاریزماکان یان سەرکردە نەمرەکان لەتۆمار کردنی لاپەڕە رەنگینەکانی مێژوودا بە قەد گەورەیی واتای ژیانی پڕبایەخ و هزرمەندانەی مرۆڤایەتی گرنگە، لەبەر ئەوەی هەم پەرەپێدەری هزری رەوشتبەرزانەن و هەم رێبەرایەتیی کۆمەڵگەکان بۆ گەیشتن بەئازادی و بەختەوەری دەگرنە دەست. کاریزماکان رەفیقی رۆژانی تەنگانەی خەڵکی خۆیانن و لەفیدا کردنی گیانی خۆیان ناترسن، هەر بۆیە خۆشەویستن و تەنانەت جۆری ژیان و رێبازی کاریزماتیکی ئەوان دەبێتە هەوێنی بیرکردنەوە و بەدواداچون و لایەنگری کردنی ئەوان لە لایەن بەشێکی هەرە گەورەی کۆمەڵگەکانەوە، بۆ وێنە جۆرج واشینگتۆن، جۆزێف گاریباڵدی، ئابراهام لینکۆڵن، مهاتما گاندی، چێ گێڤارا، مارتین لوتێرکینگ و نێلسۆن ماندێلا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ناو ئێمەی کورددا چەند کەسایەتی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، مەلا مستەفا بارزانی، شێخ سەعید پیران، سەید ڕەزا دێرسیمی و... نموونەی کەسایەتی‌یە کاریزماتیکەکانن. ئەوان لە سەردەمدا ژیان و، سەرۆکایەتیی کۆمەڵگەی خۆیان لە ئەستۆ گرت.

کاریزما کوردەکان و زۆربەی کەسایەتی‌یە کاریزماتیکەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ئاکامێکی دڵتەزێن و تراژیکیان هەبووە و تۆماری ژیانیان بە خوێن و مەرگ و تیرۆر و کوژران کۆتایی پێهاتووە. ئەم جۆرە هەڵبژاردنەی ڕەوشی ژیان لە لایەن کاریزماکانەوە هەڵبژاردنی ژیانێکی ریسکئامێزە و تەنانەت لە نێو ریبەرەکانیشدا، تەنیا کەسانێک ئەو ریسکە بە ژیانیان دەکەن و بۆ رزگار بوونی کۆمەڵگەکەیان لە نەهامەتی و ئازار و هەژاریی، ژیان و گیانی خۆیان دەخەنە مەترسی‌یەوە.

یەک لە کارێزما کوردەکان، شەهید دوکتورعەبدوڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەو حیزبەی کە هەژدە ساڵ کەسایەتیی یەکەمی بوو و ڕێبەرایەتی کرد. دوکتور قاسملوو لەساڵانی هەرە دژواری ژیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەردەمی شەڕی ساردی نێوان بلۆکی کاپیتالیستی و بلۆکی کۆمۆنیستی‌دا بوێرانە ڕێبەرایەتی حیزبەکەی کرد.

دوکتور قاسملوو دوای هێرشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان ئازایانە بڕیاری بەرخۆدان و خۆڕاگری دا. دوکتور قاسملوو بیرمەندێکی پراگماتیست بوو و تیۆری‌یەکانی «معطوف» بە کردەوە بوون.دوکتور قاسملوو لە مەنتق و هێنانەوەی بەڵگە و بەڵگاندنی وتە و بیرۆکەکانی‌دا، بە توانا بوو و هێزی ئافراندنی ئەندێشەی نوێ و هێنانەئارای بیرۆکەی تازەی هەبوو. بەم هۆیە دوژمن لێی دەترسا و لەئاکامدا بە فێڵ و تەڵەک، خۆی وا نیشاندا کە تەسلیمی حەقیقەت و حەقانییەتی داخوازییەکانی کورد بووە و دەیەوێ لاپەڕەیەکی نوێ لەمێژووی پێوەندی‌یە خوێناوی‌یەکانی لەگەڵ گەلی کورددا هەڵبداتەوە و بەداخەوە ناجوامێرانە شەهیدیان کرد.

دوکتور قاسملو بۆ ئەوەی ناسنامەی کورد بسەلمێنێ هەوڵی زۆری داوە. هاوسەرەکەیان دەگێڕێتەوە زۆر جار لە بەر دەرکی فڵانە ڕێکخراوی کولتووری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە فەڕانسە چاوەڕوان بووە تاکوو بچێتە ژوورەوە و سەبارەت بە پەرتووکێک یان بابەتێک کە پەیوەندی بە کەسایەتیی کورد و کوردستانەوە هەیە و دەیسەلمێنێ کورد خاوەن کەسایەتیی فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆیەتی، بۆ کاربەدەستانی ئەو شوێنە کولتووریە قسە بکا؛ بۆ ئەوەی بتوانێ پاڵپشتیی مەعنەوی بۆ دۆزی کورد پەیدا بکا و ڕێگەیەک بۆ رزگاربوونی کورد لە ستەمی بێگانەکان بکرێتەوە.

لە کاتێکدا بە هەزاران کەس لە مەیدانی دیفاعی چەکدارانەدا حزووریان هەبوو بەڵام دوکتور قاسملوو شەڕخواز نەبوو، خۆی و ئەندامانی حیزبەکەی بۆ پاراستنی خۆیان و نەتەوەکەیان چەکیان هەڵگرتبوو. لەبەر ئەوەی کە ڕێژیمی دەسەڵاتدار لە ئێران تەنیا بیری لە سڕینەوە و سەرکوت دەکردەوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک سەرکوتی کوردی دەکرد و بەتایبەت دوای ئەوەی خومەینی فتوای جیهادی لە دژی کورد دەرکرد دوکتور قاسملوو بڕیاری بەرگریکردنی ڕەوای گەلی کورد لە گیان و ماڵ و نامووس وخاک و کوولتور و نیشتمانی خۆی دا و بە بیانووی ئاشتیخوازیی و نیشاندانی ژێستی مرۆڤدۆستیی ئیدەئالیستی، خۆی و خەڵکەکەی نەدا بە دەستەوە. بەباوەڕی وی لە کاتێکدا دوژمن بە هەموو شێوەیەک پەلامارت دەدا بەرگری چەکدارانە بە تەواوی ڕەوایە و دەبێ بەکار بهێنرێ.

دوکتور قاسملوو هەرچەند ساڵانێکی زۆر لەتاراوگە ژیا، بەڵام هەمیشە کورد و کوردستان چەقی بیروهزری ئەو بوون. ئەو شۆڕشگێڕانە ژیانی ئاسوودەی ئورووپای جێهێشت و لە پێناو گەلەکەیدا ژیانی سەخت و پڕشانازی پێشمەرگانەی هەڵبژارد.

ڕێباز و ژیانی پڕ لە شانازی دوکتور قاسملوو ئۆلگوو و ڕێنیشاندەری هەزاران هەزاران ڕێبواری ریگە و ڕێبازی ئەون. خۆڕاگری و متمانە بەخۆبوون وانەیەکە کە قاسملوو بە ڕێبوارانی داوە.

دوای ٢٧ ساڵ لەشەهید بوونی دوکتور قاسملوو، یادو بیرەوەریەکانی لەهزر و بیری کۆمەڵگەدا زیندووە و سەرەڕای شانتاژ و شارلاتانیزمی کۆماری ئیسلامی بۆ داخستنی پەروەندەی تێرۆری دوکتورقاسملوو لە دادگای ئوتریش و پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکانی تراژیدیای تێرۆری دوکتور قاسملوو لە پێش چاوی ڕای گشتیی جیهاندا، بەڵام لە دوایین هەڵوێستی ڕێبوارانی ڕێبازی دوکتورقاسملوودا لەکاتی سەردانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرۆک کۆماری ئێران بۆ ئوتریش لەچەند مانگی رابردوودا وهەڵوەشاندنەوەی ئەم دیدارە فەرمی‌یەی حەسەن روحانی بۆ ئەم وڵاتە، ناڕەوابوونی بەرەی دژەکورد و کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێرانی بۆ هەموو جیهان جارێکی دیکە سەلماندەوە و ئەو راستی‌یەی سەلماند کە خوێنی شەهید دوکتور قاسملوو ون نەبووە و پەروەندەی تیرۆری رێبەرەکەیان لە دڵ و ویژدانیاندا کراوەیە و هەتاهەتایە کراوە دەبێ. رۆژی ١٣ی جولای ١٩٨٩ رۆژێکی رەشە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا، لەم رۆژەدا دوکتور قاسملوو شەهید کرا، بەڵام خەڵکی کورد رووسوورن بە هەبوونی سەرکردەیەکی کاریزمای وەک ئەو گەورە پیاوە و، هیوادارن رۆژێک دابێ ئامانجەکەی وەدی بهێنن؛ ئەو ئامانجەی کە کەرامەت وماف بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٦


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چۆن هزری قاسملوو بکەینە بەرنامەی کار؟

مستەفا شەڵماشی

لە کەسمان شاراوە نییە کە شەهیدی ڕێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو کاریگەری‌یەکی گەورەی لە سەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە هەموو کوردستان بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبووە و تائێستاش هەیە. بەتایبەت لە نێو ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا ئەوکاریگەری‌یە زۆر بەرچاوە و هزری قاسملوو لە راستی‌دا بە سەر رێڕەوی خەباتی دێموکراتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا زاڵە.

ئەوەندەی پەیوەندی هەبێ بە مەسەلەی کوردەوە بەگشتی، لە نێو رێڕەوی خەباتی چەندین ساڵە و شێوەی لێکدانەوە و سیاسەتسازی و رێبەری کردنی دوکتور قاسملوودا وانەی زۆر گەورە هەن کە دەکرێ رێبەرانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان‌دا لێیان فێر بن و بیانکەنە چرای رووناککەرەوەی قۆناغە تاریک و بەرتەسکەکانی خەباتی خۆیان بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دەوروبەریان و بۆ زاڵبون بەسەر پلانی نەیارانی کورددا، کە بە داخەوە هەر چوار دەوریان تەنیوە.

یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم هەموو رێبەرانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوەیە کە بە هۆی دابەشکرانی کوردستان بەسەر چوار وڵاتی ناوچەی پڕکێشە و ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەداخەوە لە هەریەک لەو بەشانەی کوردستان‌دا لە خەبات‌دا بی، هەر چوار دەورت دوژمنی فکری و هزری مەسەلەکەی تۆیە. هیچ کام لەو وڵاتانەی کە بەشێک لە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، لە راستی‌دا موافقی چارەسەری مەسەلەی کورد لە هیچ یەک لەو وڵاتانەدا نین. رێژیمەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانەدا لە باشترین حاڵەت‌دا بە هۆی رکەبەریی ناوچەیی رەنگە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خەبات‌دا بە قازانجیان بێ بە هۆی جووڵانەوەی کوردەوە فشارێک بۆ وڵاتەکەی دراوسێیان بێنن و لە کۆتاییش‌دا مامەڵەی پێوە بکەن. هونەری رێبەرانی کورد لەوە دایە کە چۆن بتوانن پارسەنگێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەم لە ناکۆکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوان دژبەرەکانیان کەڵک وەرگرن و هەم بەکردەوە نەچنە ژێر باری داخوازی‌یەکانی ئەو وڵاتانە کە لە کۆتایی‌دا بە زیانی هەموو نەتەوەی کوردن. دوکتور قاسملوو لەو پەیوەندی‌یەدا فۆرمولێکی زۆر کاری و بەهێزی دیبۆوە. لە فۆرمولی دوکتور قاسملوودا فاکتەری هێزی کورد بۆخۆی رۆڵێکی گەورەی پێدرابوو و لە راستی‌دا بەدەستهێنانی ئەنجامی هاوکێشە سیاسی‌یەکە درابوو بە هێزی جووڵانەوەی کورد. بۆ وێنە سەرەڕای پەیوەندی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، هیچ کاتێک دوکتور قاسملوو تای تەرازوی دۆستایەتی بەلای حکوومەتی ئەو وڵاتەدا نەشکاندەوە، هەمیشە دۆستایەتی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد لە باشوور راگرت و تەنانەت یارمەتی دا و هیچ کات قبووڵی نەکرد کە لە رێگای ئەو و حیزبەکەیەوە بچوکترین فشار بۆ جووڵانەوەی کورد لە باشوور بێ. مەسەلە ئەوە نەبوو کە داوای لێ‌نەکرێ، بەڵام وەڵامی ئوسوولی هەبوو، ئەو هێزی جووڵانەوەی کوردی دەبردە تەشکی ئاسمان لە بەرامبەر نەیاراندا. لە کاتی فشارهێنان‌دا ئەو مەرجی بۆ نەیاران دیاری دەکرد و بە ئاشکرا پێی رادەگەیاندن کە ئەگەر فشار بێنن خەباتی رۆژهەڵات و باشوور لێک‌گرێ دەدەن. هاوکێشەی قاسملوو ئەوە بوو کە بەردەوام داوا بکا کە مەسەلەی کورد بە شێوەی سیاسی چارەسەر بکەن و ئەگەر ئەو کارە نەکەن، کێشەی خۆیانە و، کوردی رۆژهەڵات ئامادە نییە دژی خوشک و براکانی بوەستێتەوە. ئەو سیاسەتە نەتەوەییەی بە جۆرێک جێگیر کردبوو کە لە کۆتایی‌دا وای لێهاتبوو بە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات‌دا خەباتگێڕانی باشوور دەهاتن و زەربەیان لە حکوومەتی بەعسی فاشیست دەدا و بە نێو بنکە و بارەگاکانی دێموکرات‌دا دەگەڕانەوە، بەڵام دەوڵەتی عێراق هەر باسیشی نەدەکرد، چونکە وەڵامەکەی دەزانی.

دەرسێکی گەورەی دیکە بۆ هەموو کورد کە قاسملوو هێنایە بەرباس، پەیوەندیی دیپلۆماسی بوو لە سەر بناغەی قازانجی هاوبەش. ئەو دەرسی داین کە سەردەمی پەیوەندی کۆلۆنیالی، یا بەزەیی مرۆڤایەتی، یا برایەتی ئیدئۆلۆژیکی بەسەر چووە. کورد نابێ تەسلیمی پەیوەندیی کۆلۆنیالی بێ و تەنیا بۆ پاراستنی گیانی ببێتە داردەستی هێزی دەرەکی، یا بچێ وەک قوربانی‌یەک بپاڕێتەوە یارمەتی بدەن، یا خۆی بە ئیدئۆلۆژیەکەوە ببەستێتەوە و چاوی داخا و هەرچی پێی دیکتە کرا بیڵێتەوە. بەڵکوو دەبێ بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی هەڵسەنگێنێ، لەگەڵ بەرژەوەندیی لایەنی بەرامبەر تاووتوێی بکا و هاوکێشەیەک بدۆزێتەوە کە بەرژەوەندیی هەردووک لا بگرێتەوە و بەم جۆرە مامەڵە و دۆستایەتی بکا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێهەم هزری گەورەی قاسملوو لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی کورددا ئەوە بوو کە هەرچەند کوردستانی بە یەک وڵات و نەتەوەی کوردی بە یەک نەتەوە دەزانی، بەڵام جیاوازی‌یەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانی دەخوێندەوە و پێی وابوو کە هەر پارچەیەی دەبێ بۆخۆی بە پێی هەل‌ومەرجی خۆی خەبات بکا و قۆناغەکانی خەباتی خۆی دیاری بکا. پێی ڕەوا نەبوو هیچ پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکەی دیکەی کوردستان‌دا دەستێوەردان بکا. نەزەری ئەوە بوو کە پێویستە دۆست و هاوکاری یەکتر بن، بەڵام نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەردەن. سەردەمانێک لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئەودا حیزبی دێموکراتی کوردستان، گەورەترین حێزی کوردی و، جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەورەترین جووڵانەوەی کوردی بوو. بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نەحیزبی دێموکرات و نە جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بچوکترین دەخالەتیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌دا نەکرد. دەستێوەردانی هێزی پارچەیەک لە پارچەکانی دیکەدا لە نێوان پارچەکانی کوردستان‌دا کێشە دروست دەکا و ئەمەش مەترسی‌یەکە لە سەر پرسی کورد بە گشتی.

چوارەم وانەی گەورەی قاسملوو ئیمان بە چارەسەری ئاشتیخوازانە، پێکەوەژیانی مرۆڤانەی نێوان گەلانی ناوچە، وەلانانی رق و تۆڵە و کارکردن بۆ سەقامگیریی دێموکراسی و ئاشتی بوو. کە بەداخەوە گیانی خۆشی لە سەر دانا. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووە چەک تەنیا بۆ بەرگری بەکار دەهات، بە توندوتیژی هیچ کێشەیەک چارەسەر نەدەکرا و کۆتایی هەموو گرفتێک لە سەر میزی وتوویژ ئیمکانی هەبوو. کە مخابن لە وڵاتانی دیکتاتۆری‌لێدراو و تا سەر ئێسقان پربوغز و غەرەزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا، ئەو ڕێڕەوە جارێ زەمینەی زۆر کەمە و بەداخەوە زۆر جار لایەنگرانی دەبنە قوربانیی بیروبۆچوونە ئینسانی و دێموکراتیکەکانی خۆیان. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە داهاتوو هەر هی ئەو بۆچوونە ئینسانیانەیە.

لە ڕێبازی پڕسەروەری قاسملوودا و لە هزری دەوڵەمەند و پڕزانستی ئەودا دەکرێ دەیان وانەی دیکەش هەڵێنجین، بەڵام لێرەدا بەو چوار وانە گرنگە بەسندە دەکەم و دەچمە سەر ئەو بەشەی کە ئێمەی دێموکرات دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ هزر و کەلەپوورێک بکەین کە قاسملوو بۆی هێناوینە نێو گۆڕەپانی خەبات.سەرەڕای ئەوەی کە ئەو چوار وانەیە پێویستە بکەینە ڕێبازمان، دەبێ لە ژیانی سیاسیی ڕۆژانەشمان‌دا وریا بین کە لە کۆتایی‌دا بە جۆرێک هزر و بیرەکانی قاسملوو بەکار بێنین کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاریگەریی ئەرێنی لەسەر خەباتی ئەمڕۆ و داهاتوومان دابنێین. ئەوکاتەیە کە نرخی تەواویشمان داوە بەو کەلەپوورە سیاسی‌یە دەوڵەمەندەی کە بۆی بەجێ‌هێشتووین. ئەوەش چەند میتۆد و میکانیزمێکی پێویستە.

**یەکەم:** پێویستە هەموومان لەوە خۆ بپارێزین کە موزایەدەی سیاسی بە هزر و بیروبۆچوونەکان و شێوەی ڕێبەری‌کردنی شەهید قاسملووە بکەین. قاسملوو بەشی هەموو کوردی تێدایە وەک ئەندامێکی بەرهەمهێن لە نەتەوەیەک. هەروەها ڕێبەری هەموو ئەندامێکی دێموکرات بووە وەکوو ڕێبەرێکی کاریزماتیک کە تاکوو ئێستاش و دوای شەهیدبوونیشی لەسەر هەموان باندۆری هەیە. کە وابوو لە کوردستانی گەورەدا هیچ بەشێک ناتوانێ قاسملوو تەنیا بە هی خۆی بزانێ و لە نێو بنەماڵەی دێموکراتیش‌دا هیچ کەس ناتوانێ تەنیا خۆی بە درێژەدەری ڕێگای قاسملوو پێناسە بکا و ئەوانی دی بە دژبەری ئەو ڕێگایە. قاسملوو بۆخۆی درێژەدەری ڕێگایەک بووە کە پێش خۆی شەهیدی وەک پێشەوا قازی محەممەد و دەیان شەهیدی پایەبەرزی دیکەی پێشکەش بە نەتەوەکەی کردووە. هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و لایەنگرانی ڕێبازی دێموکراتیش لە رابردوو، لە ئێستا و لە داهاتوش‌دا هەر ڕێبواری ئەو ڕێگایەن. بنەماڵەی گەورەی دێموکرات ئەگەر ببێتە سەدماڵیش هەمووی هەر ڕێبواری ئەو ڕێگایەن، کە دیارە شەهیدی ڕێبەر قاسملوو باشترین ڕێ‌نیشاندەری ئەو بنەماڵەیە بووە و وانەی زۆر بە نرخی بۆ بەجێ هێشتووین.

**دووەم:** مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە هیچمان هەوڵ نەدەین بیر و هزرەکانی شەهیدی ڕێبەر قاسملوو بکەینە جۆرێک مەزهەب یا ئیدئۆلۆژی نەگۆڕ. کە قابیلی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن نەبن، یا نەکرێ ئاڵوگۆڕیان بە سەردا بێ و لەگەڵ هەلومەرجی تازە نەگونجێندرێن. هەرچۆنێک بێ هزر و سیاسەت و تەنانەت زانستی هەموو بلیمەتەکانی دنیا لە سەر بناغەی داتاکانی سەردەمی خۆیان داڕێژراون و ڕەنگە (بەشێک لە)ئەو زانیاری و داتایانە لە کاتی ئێمەدا گۆڕابن. کە وابوو هیچ تیوری‌یەکی سیاسی و تەنانەت هیچ تیوری‌یەکی زانستیش نەگۆڕ نییە و دەکرێ بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سێهەم:** لە هەڵسەنگاندنی مێژوومان‌دا غەدرە پارێزراویی بۆ کەس دانێین، بە رێبەرانی گەورەی وەک، پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو یا دوکتور شەرەفکەندیشەوە. رووداوە مێژووییەکان دەبێ وەک خۆیان هەڵسەنگێنین، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ رۆڵی سەرەکی تێدا هەبووە. ئەگەر لەو رووداوانەدا تەنانەت رێبەرێکی کاریزمای وەک شەهید دوکتور قاسملووش نەخشی سەرەکی هەبووبێ، پێویستە بابەتیانە شرۆڤەیان بکەین.

**چوارەم:** نابێ بە دایم دووبارەی بکەینەوە کە ئیدی قاسملوویەکی دیکە ناتوانێ لە دایک ببێتەوە. ئەگەر ئێمە ئاوا لەو سیمبۆلە بەنرخەی گەلەکەمان بکەین، ئەوە بێگومان بە باری نەرێنی‌دا بەکارمان هێناوە. نابێ رێبەرانی ئێستامان بە سەروەرانی پێشوومان بشکێنین. نابێ رێگای بریاردان لە رێبەرانی ئێستامان بەربەست بکەین و بەدایم لەگەڵ رابردوو بەراوردیان بکەین. بەهەرحاڵ ئێمە لە سەردەمێکی جیاوازدا دەژین، مەجبورین بە پێی ئیمکانات و هەلومەرجی ئەمرۆ سیاسەت دارێژین و هەنگاو هەڵێنین.

**پێنجەم:** خەیانەتێکی گەورەمان بە سیمبۆلەکانی خەباتمان کردووە ئەگەر بمانهەوێ وەک ئامرازێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاریان بێنین کە جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ ئێمە هەیە. یەکێک لە بەهاکانی کە دوکتور قاسملوو زۆری هەوڵ دا بیهێنێتە نێو سیاسەتی کوردی‌یەوە، پلۆرالیزمی سیاسی و قبوولکردنی جیاوازی‌یەکان بوو. ئێستا زۆر غەدرێکی گەورە دەبێ لە خودی ئەو، ئەگەر هەوڵ بدەین جیابیران بکوتین بەوەی کە گۆیا لە رێبازی قاسملوو لایان داوە، دژی بۆچونەکانی قاسملوون. سەنگەر گرتن لە پشت سیمبۆلە نەتەوەیی و حیزبی‌یەکان لە بایەخی ئەوان کەم دەکاتەوە. ئەوان دەبێ بە پانتایی نەتەوە و حیزب و رێکخراوە جۆراوجۆرەکان و بیروبۆچوونە جۆراوجۆرەکان، کارتێکەری‌یان بمێنێ. ئەوەیە رێزلێنانی راستەقینە لەوان، بەردەوامی دان بە رێبازیان و کەڵکی ئەرێنی وەرگرتن لێیان.

با لە وتە و تیۆری‌یەکانیان بۆ کوتانی جیابیرانمان کەڵک وەرنەگرین کە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا لە لایەن ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانەوە دارێژراون. با هەر مەسەلەیەک لە زەمان و مەکانی خۆی‌دا هەڵسەنگێنین و ئەگەر دەلیلی قانیعکەرمان بە دەستەوە نەبوو لە پشت رێبەرانی وەک شەهید قاسملوو سەنگەر نەگرین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە هزر و بیری قاسملووەکان بە پێی هەلومەرجی ئەمڕۆ هەڵسەنگێنین و لە تاقیکردنەوەکانیان کەڵک وەرگرین. لە هێڵە گشتی‌یەکانی ڕێبازی ئەواندا کە لە سەرەوە ئیشارەیان پێکرا بمێنینەوە و بە پێی ویستەکانیان، بەڵام بە میکانیزمی ئەمڕۆیی کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا یەک بگرنەوە، بەرنامەی کارمان داڕێژین.

لە ٢٧ ساڵەی شەهیدکرانی ڕێبەری شەهیدمان قاسملوودا سڵاو دەنێرم بۆ ڕووحی پاکی و، هیوادارم بتوانین ئامانجەکانی وەدی بێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ جووڵای ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو کاریزمایەکی ئەرێنی و ڕێبەرێکی بەهەڵوێست

عەزیز شێخانی

بزووتنەوە رزگاریخوازەکان و زۆر بزووتنەوەی دیکە لە رەوتی کار و تێکۆشان و تەنانەت مانەوەدا پێویستیان بە رەمز و سەمبولە. کاریزما و سەمبولە گەلیی و نەتەوەییەکان بە گوێرەی سەردەم، جۆغرافیا و کولتوور دەردەکەون و رۆڵی بەرچاو دەگێڕن. بەکارهێنانی سەمبول و رەمزە جیاوازەکان بەشێکی سرووشتی و نەپچڕاوە لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی‌یە. لە قۆناخی خەباتی رزگاریخوازانەدا سەمبولەکان کۆکەرەوەن و لە سات و کاتی دژوار و ئاڵۆزدا دەبنە هۆی یەکگرتوویی زیاترو رێبەرایەتیی بەرەی دژبەر لە ئەستۆ دەگرن. لە ژێر تیشکی بوون و بیر و لێکدانەوەی رەمز و کاریزماکاندا وێنەیەکی کۆکراوەتر دەخوڵقێ. کاریزما چەمکێکی فرەمانا و هاوکێشەیەکی کراوە و ئازاد و دەرکەوتەیەکی چەند روخساری‌یە. کاریزما جۆری زۆرە و لە شیکردنەوەی ئەو چەمکەدا باس لە کاریزمای ئەرێنی و نەرێنی و هەروەها زڕەکاریزما دەکرێ. شایانی باسە، کە بەشێکی زۆر لە سیاسەتکارەکان هەوڵدەدەن لە کاتی پێویستدا خۆیان بە خاوەن کاریزما پێشان بدەن.

خەباتی رزگاریخوازنەی گەلانی جیهان و تەنانەت قوتابخانەی ئایینی و کولتوری‌یەکان تەژین لەو رەمز و خەباتکارانەی، کە بەنرخی ژیانی خۆیان رێبەرایەتیی رەوت و پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان کولتووریان کردوە. سەمبولەکان بە وێنە، گێڕانەوە و پەیامەکانیان وێنەیەکی کورت و پوخت لە بارودۆخەکان پێشان دەدەن. بەشێک لە کاریزماکان لەگەڵ قوربانیدان و فیداکاری لە پێناوی گەل، ئازادی و خاکدا گرێدراون و تایبەتمەندیی گەورە دەبەخشنە مرۆڤە خاوەن بەهرە و رەمزەکان. ئەو جۆرە لە کەسە کاریزماکان سەرکردایەتی و رێبەرایەتی گەیشتن بە دوارۆژێک دەکەن، کە لەمرۆ باشترە و هەڵگری ویستی زۆرایەتیی نەتەوەیەک یان کۆمەڵە خەڵکێکە. کاریزما نەتەوەیی و خەڵکی‌یەکان جیاوازن و هەر سیاسەتکار و رێبەرێک خاوەنی مەرجی بوونە کاریزما و سەمبولی گشتی نییە.پرسی نەتەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد خاوەنی رەوایەتی یاسایی و سرووشتی‌یە، کە پاڵپشتی بەهێزە بۆ سەمبولە ئازادیخواز و نەتەوەییەکان. کوردەکان لە بەر نەبوونی دەوڵەت نەبوونە خاوەنی رەمز و سەمبولە فەرمی‌یە دانپێدانراوەکان، بەڵام وەک نەتەوەیەک خاوەنی کۆمەڵێک رەمز و سەمبولن، کە لەیەکتر جیاکردنەوەیان ئاسان نییە. قاسملوو یەکێک لەو رەمز و کاریزمایانەی کوردە، کە بەزۆر هۆکار لە دوای تیرۆرکرانی بەدەستی غەدر و خەیانەت، جێگە و پێگەی شیاوی پارێزراوە. لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٩٨٩ی زایینی، دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی دیالۆگ لە سەر پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی لەپێتەختی وڵاتی ئوتریش شەلاڵی خوین کرد. لەو رووداوەدا، ستراتیژی ستەم و سیاسەتی رەشەکوژی دەوڵەتی ئێران و مەزڵومییەت و رەوایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیەکی ژێردەست کەوتنە بەرامبەرکێ.

کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوو لە پرۆسە و رەوتێکی درێژخایەن‌دا شکڵی گرت. ناوبراو لە بۆتەی کار و تێکۆشان و خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەی‌دا تایبەتمەندی‌یەکانی کاریزمایەکی ئەرێنی دەستەبەر کرد. کاریزمابوونی ناوبراو لەسەر بەستێنی بیری نەتەوەیی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و ئازادیی مرۆڤ هەڵچنراوە. قاسملوو لە هەموو سیاسەتمەدارە کوردەکان جیاوازە، چونکە ئەو جیهانی بیری دەکردەوە و ناوچەیی هەڵسوکەوتی دەکرد. حیزبی دێموکرات و پاشخانی مێژوویی ئەو حیزبە، رێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز دژ بە دەسەڵاتی ناڕەوا و داگیرکەر لە ئێران‌دا، هەڵوێست و سەربەخۆیی سیاسی ناوبراو و حیزبی دێموکرات لە سەردەمی سکرتێری ناوبراودا و کەیسی تیرۆرکرانی (ئەگەرچی هەڵەی تکنیکی لە وتوێژەکەدا هەبوو)، ناوبراوی کردە یەکێک لە سەمبولە ناسراو و دیارەکانی بزووتنەوەی کورد.

قاسملوو حیزبی دێموکراتی بووژاندەوە و کولتورێکی تازەی لە حیزبایەتی و سیاسەت کردن هێنایە نێو ریزی حیزب. ناوبراو ئەندازیاری دیپلۆماسی کورد لەجیهانی رۆژئاوا و لێکگرێدەری خەباتی کوردان لەگەڵ جیهانی دەرەوە بوو. ئەو داهێنەری رەچاوکردنی هاوکێشەی ئەخلاق وسیاسەت و پاراستنی سەربەخۆیی بۆ حیزب بوو، کە هێشتا لە کوردستان‌دا کەمتر رەچاو دەکرێ. کاریزمابوونی قاسملوو لە خۆناسینی رژدی ناوبراو لە نەتەوەکەی، ناوچە و جیهان سەرچاوە دەگرێ. ئەو لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگای گەورەکردنەوەی خۆی و بیرۆکەکانی بەو پلەیە نەگەیشت، بەڵکو بە تێکۆشان دژی تاک پەرەستی و خۆپەرەستی، ناو و ڕێبازێکی لە دوای خۆی بەجێهشت. ناوبراو لە سێ قۆناخی ژیان و لە سێ گۆڕەپانی نەتەوەیی، نێونەتەوەیی و حیزبیدا دەرفەتی دەرکەوتن و دەربڕینی بۆ ڕەخسا. ئەو ئازادی و نیشتمانەکەی خۆشدەویست و بەشێکی سەرەکی تەمەن و ژیانی بۆ تەرخان کردن. بایەخ و ئامانجەکانی قاسملوو لە گەڵ بایەخە جیهانییەکان و چەمکە مرۆڤییەکان یەکانگیر و هاوتا بوون. ئەو بە تێکۆشان و مەرگی، وێنەیەکی ساکار، لە مانا و بایەخە ئینسانی و مافە ڕەواکانی کورد دەخاتە بەرچاو.

پرسی بوونە کاریزما پشت بە هەست و کف و کوڵ دەبەستێ، بۆیە پێویستی بە خەملاندن و عەقڵاندن هەیە. ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی قاسملوو یان بزووتنەوەیەکی خاوەن کاریزما و جیاکردنەوەی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان لەیەکتر، بەرێچکەی زیندوو هێشتنەوەی بیروباوەڕ یان ڕێباز و کولتووری ڕێبەریکی خاوەن بەهرە دەناسرێن. کاریزما تایبەتمەندییەکی دیاری هەیە، کە کەسانی لایەنگر و هاوڕێی هەوڵدەدەن وەک ئەو دەربکەون. بەواتایەکی دیکە، ئەرکەکان جیاوازن و کاریزما زیندوو و کۆچکردوەکان لەدوو دۆخی جیاوازدا دەژین، کە تەفسیرکردن و هەڵسەنگاندیان جیاوازە. ڕێبەرە کاریزماکان خاڵ و یاساکان دادەڕێژن و دواکەوتوو و جێبەجێکەری خاڵ بە خاڵی یاسا و ڕێسا نووسراوەکان نین. لەهێزێکی سیاسیدا مرۆڤی کاریزما دەربڕی وزە و توانای کۆمەڵە فاکتەر و ئەکتەرێکە، کە دەرفەتی دەرکەوتن و خۆدەرخستنیان بۆ ڕەخساندوە.

سەمبول و ڕەمزەکان بۆ تێگەیشتن لە جیهانی کوردان و درێژەی تێکۆشان و کارکردن بۆ گەیشتن بەمافەکان پێویستن، بەڵام ناکرێ کەڵکی نەرێنی لەوان وەرگیرێ. پرسی کاریزما کۆچکردوەکان ئاڵۆزترە و ڕێبوار و لایەنگرەکانیان لەسەر گواستنەوەی ئەو کاریزمایە بۆ جێگرەوەکانیان بە ئاسانی هاوڕا نابن. لەنێو حیزبی دێموکراتدا چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ کەسایەتیی قاسملوو و میراتی کاریزماتیکی ناوبراو نەچۆتە چوارچێوەی پلان و بەرنامە و فازی تازە. چۆنیەتی درێژەدان یان گواستنەوەی کاریزما لەنێو ڕێکخراو و پارتێکی ڕزگاریخواز تایبەتمەندی خۆی هەیە. کەسایەتی کاریزماتیکی سەرکردەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیک پێوەندی بەچەندایەتی و چۆنیەتی ڕەچاوکردنی ڕێنوێنی و خوێندەوەکانی هەیە. لەپێوەندی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوودا، گرینگە کە جێگرەوە و بڕیاردەرەکانی حیزبی دێموکرات، لەدرێژەدان بەرێبازی کار و تێکۆشانی کاریزما کۆچکردوەکەیان مکوڕ و وەفادار بن. ڕەچاوکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و کارکردن بۆ بە کولتوورکردنی ئازادی و مافە ڕەواکانی کورد لەو ئەرکانەن، کە دەکەوێتە ئەستۆی میراتگرانی قاسملوو.

قاسملوو هێشتا لە نێو ڕێڕەوان و ئۆگرانی حیزب و ئامانجەکانیدا بە کاریزمایەکی تاقانە دەناسرێ. باوەڕ و کولتوری سیاسەت و دەرهاویشتەی بەهرەکانی لە نێو کۆڕی ڕێبوار و لایەنگرانیدا بڕوا بەخۆبوون زیاتر دەکا و وزەی ڕێکخراوتر دەداتە تێکۆشانی بە کۆمەڵ. قاسملوو ڕێبەرێکی ورەبەخش و ئەرێنی لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا دەمێنێتەوە، بەڵام هەوڵدان بۆ دوور ڕاگرتنی بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی لە ڕەخنەی لۆژیکی و خوڵقێنەر زەبر لە پرێستیژ و کەسایەتیی کاریزماتیکی ناوبراو و ڕێبوارانی دەدا. کەسایەتیی کاریزماتیکی قاسملوو خۆکردە و تێکەڵ بە خوێن و فرمێسکی کوردانە. فیداکاری ناوبراو تەمەن سەوزە، بەڵام لایەنگر و ئۆگرانی نابێ ڕێڕەوێکی بە درووشم بن، بەڵکو هاوڕێ و لایەنگرێکی خاوەن کردەوە و سۆزدار کە بە هەموو تواناوە وانە باشەکانی قاسملوو لە مەیدانی کار و تێکۆشاندا ڕەچاو بکەن.

بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بەو ڕەمز و سەمبولانەیە، کە بە سەرمایەی مەعنەوی و کۆکەرەوەی زۆرایەتیی کۆمەڵگا دەناسرین. قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییانەی کوردە، کە بەزۆر پێوانە و پێوەر کاریزمای گەلێکی ژێر دەست و چەوساوەیە. هێز و تاکە خاوەن کاریزما مێژووییەکان لە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن ناپرینگێنەوە و ڕەمز و ڕێبەرەکانیان دەبەنە نێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵک و لە بازنەی حیزبدا قەتیسی ناکەن. خەڵکی کوردستان و نەوەی تازە چاوەڕوانە، کە دێموکراتەکان چەندە و چۆن درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی یەکێک لە ڕەمزە دیار و ڕوخسارە ناسراوەکانی سیاسەت لە کوردستانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ جووڵای ٢٠١٦


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملووی ئاکادێمیک

سۆران عەلیپوور

کە ناوی قاسملووی شەهید دێتە سەر زمانان، بەبێ ویست وێنەی کەسایەتی‌یەکی سیاسی لە زەینی بەردەنگدا دەنەخشێ، ئەوەش بەبێ هۆ نیە، قاسملوو زۆربەی ژیانی خۆی بۆ سیاسەت یان بە دەربڕینێکی دیکە وەک بۆخۆی دەڵێ بۆ لابردنی ستەم تەرخان کردبوو. سیاسەت و سیاسەتکاری بۆ کوردان لە یەکەم تێڕوانین‌دا هونەری بەڕێوەبردنی وڵاتێک نیە، بەڵکو زیاتر هونەری بەرەنگاربوونەوە و چەسپاندنی ناسنامەیە. گوتاری باڵای بەرەنگاریی زۆربەی مەودا مەدەنی و فەرهەنگی‌یەکانی دیکە و تەنانەت ژیانی ئاسایی خەڵکیش دەباتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، لانیکەم لەرووی ئەزموونی‌یەوە ئەو بانگەشەیە پشتیوانی زۆرە. لەوانەیە د. قاسملووی شەهید نموونە و بەڵگەیەکی بەرچاو بێ. ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە لەمەیدانی ئاکادێمیادا ئەسپی خۆی تاو دابوو و لە سەردەمێکدا نامەی دوکتوراکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر کوردستان پێشکەش کردبوو، کە کتێبخانەی کوردی لەو بارەوە یەکجار دەستکورت و هەژار بوو، ئەو لەخەباتی سیاسیی خۆشی‌دا بە نەفەسێکی ئاکادێمی دەینووسی و دەئاخاوت، لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا تەنها مێژووی سیاسی حیزبێک نانووسێتەوە بەڵکو هاوکات بە شێوەیەکی بابەتیانە تێکستێکی دەوڵەمەندی پڕ لە فاکت، لێکدانەوە و ئەنجامگیری پێشکەش بە خوێنەری کوردی دەکا.

لەوانەیە لە بنەڕەتەوە لێکجیاکردنەوەی قاسملووی ئاکادێمیک کە سەردەمانێک لە زانکۆکانی پراگ، فەرانسە و بەغدا خەریکی لێکۆڵینەوە و وانەبێژی بوو لە گەڵ قاسملووی سیاسی کە لەدەریای پڕ گێژەن و تۆفانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا دەیویست کەشتی کوردان بگەیەنێتە کەنار، زۆر ئاسان نەبێ، ئەوەش بە چەند هۆکارێک: یەکەم ئەوەی کە لە کوردستان‌دا گوتارێکی زاڵی بەرەنگارخوازی نەتەوەیی هەیە، ئەو گوتارە لەوانەیە کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئیدۆلۆژی جۆراوجۆر، بەڵام نێوەرۆکی ناسنامەخوازی خۆی ون نەکردووە. د. قاسملووش نەک هەر لەژێر کاریگەری ئەو گوتارە زاڵەدا بووە بەڵکوو لە تیۆریزەکردنی ئەو گوتارە و خەباتی سیاسیی کوردەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژهەڵاتدا بەشی شێری وەبەرکەوتووە. هۆکاری دووهەم ئەوەیە کە د. قاسملوو نووسینە ئاکادێمیەکانی بەنەفەسێکی کوردانە نووسیوە و نووسینە سیاسیەکانیشی بە نەفەسێکی ئاکادێمی داڕشتووە، ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیە لە نێوان قاسملووی سیاسی و قاسملووی ئاکادێمیکدا لەژیانی ئەو کەسایەتی‌یەدا ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ. دوایین هۆکار کە هۆکارێکی سوبژێکتیوە، پەیوەندی بە توانایی د. قاسملوو لە ڕاگرتنی باڵانس لەنێوان دژبەرەکان‌دا هەیە، ئەو هاوکات لە چەندین پانتایی‌دا کاروچالاکی دەکرد، بۆیە ئاکادێمی‌بوونیش یەکێک لەو خەسڵەتە بەرچاوانەی بوو، کە نەدەکەوتە دژایەتیی لەگەڵ شۆڕشگێڕ بوونێکی ڕادیکاڵانە. مارک کراویتز لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی «قاسملووی ژیر و زانا، سەفیرێکی هەڵسوور بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر» دا دەنووسێ: ئەو بە هاسانی دەیتوانی توونﺪوتیژی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی – چەکدارانە لەگەڵ شک و گومانێکی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی زانستی خۆی ئاوێتە و یەکانگیر بکا «(ڕۆژنامەی لیبراسیۆن، ٧ی ئوتی ٨٩). ئەو هۆکارە سۆبژێکتیڤە کاتێک دەبێتە ئەرگۆمێنتێکی بەهێز کە بە دیدێکی بەربڵاوترەوە لە کەسایەتیی قاسملوو بڕوانین، ئەو لە یەک‌کاتدا ئازادیخوازێکی ڕادیکاڵ، ئاشتیخوازێکی دێموکرات، مرۆڤێکی ئەدەب‌دۆست و خۆش‌ڕاوێژ، سیاسی‌یەکی وردبین و دیپلۆماتێکی زمانزان بوو، کەواتە تەنیا قاسملووی ئاکادێمیک نەبوو کە ئەو کەسایەتیەی گەیاندبووە لوتکە، لەگەڵ ئەوانەدا دەبێ پێگەی کۆمەڵایەتی و کۆنتێکستێک کە قاسملوو چالاکی تێدا دەکرد لەبەرچاو بگرین.

باکگراوندی ئاکادێمی د. قاسملوو لە چەند ئاستدا خزمەتێکی گەورەی بە خۆی، بە حیزبی دێموکرات و سەرەنجام بە پرسی کورد کردووە، ئەو پاشخانە زانستی‌یە و کاریگەری‌یەکانی لە زۆربەی نووسین و ئاخاوتنەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەکانی‌دا هەست پێ دەکرێ و دەناسرێتەوە. بۆ نموونە لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی‌دا هەموو بنەماکانی نووسینەوەیەکی زانستیانەی مێژوو ڕەچاو دەکات، لەگەڵ ئەوەدا کە خەباتی شاخ و دووردەستی لە سەرچاوە و بەڵگەکان کێشەی بۆ دروست دەکا، بەڵام بێلایەنی و ئۆبژێکتیڤ بوونی خۆی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەپارێزی، هەرچەند پێی وایە ئەو بێلایەنی‌یە کارێکی ئاسان نیە، بە تایبەت ئەگەر مێژووی حیزبێک بنووسیەوە و بۆخۆشت ئەندامی ئەو حیزبە بی. د. قاسملوو لەو کتێبەدا هەلومەرجی پێش ڕووداوەکان بەخوێنەر دەناسێنی، هۆکار و کاریگەریەکان بە میتۆدێکی لۆژیکی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئاوەزمەندانە دەستنیشان دەکا و ئەنجامگیری دەکا. ئەو ڕەوالّی کارکردنە لە دەقی «کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک» و ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەکانی حیزبدا و زۆر وتاری دیکەشدا بە تەواوی هەستی پێ دەکرێ. ستراکتۆرێک لەدابەش کردنی بابەتەکاندا هەیە، دەقەکان چڕوپڕن و بە زمانێک نووسراون کە خوێنەر پەیامەکان وەردەگرێ، گرێ و گۆڵ لە نووسینەکاندا نین و سەر لەخوینەر ناشێوێنێ. باسەکان پۆلێن دەکا و دەیانناسێنێ. کەواتە ئەزموونی زانستیی بەرچاورِوونی‌یەکی زۆری بەد. قاسملوو داوە لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانی‌دا، باڵانسێک کە لە نێوان جەمسەرە سیاسی و شەپۆلە ئیدۆلۆژیەکان دا دروستی دەکرد، ریشەی لە خوێندنەوەی ئاکادێمی ئەو مرۆڤە بۆ ڕووداو و دیاردەکان دا هەبوو.

ئەو سەرمایە بۆ حیزبی دێموکراتیش بەکەڵک بوو، وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە سیاسەتی سەربەخۆ و ئەخلاقگەرایانە، باوەڕ هەبوون بە دێموکراسی نەک هەر تەنیا وەک ئیدۆلۆژی بەڵکو وەک فەرهەنگ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و باوەڕهەبوون بە مافەکانی ژنان، چۆنیەتیی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتان و پاراستنی بەرژەوەندی‌یە گشتی‌یەکان بکەین. ئەو بە هەمان نەفەسی پێداگۆگیانە کە وانەکانی ئابووری لە زانکۆ دەکوتەوە، لە چیاکانی کوردستاندا بەشداری دەورەکانی سیاسی پێگەیاندنی کادری دەکردو لەوێش ڕۆڵی مامۆستایەکی دەگێڕا، باسەکانی لەسەر ئابووریی سیاسی بەڵگەیەکی دیارن بۆ ئەو بانگەشەیە.

لەسەر ئاستی نەتەوەیش‌دا جێ‌پەنجەی سەرمایەی زانستی و ئاکادێمی د. قاسملوو لە ناساندنی مەسەلەی کورد بە کۆڕ و کۆمەڵی جیهانی‌دا دیارە و پەیوەندی‌یە تایبەتیەکانی لەگەڵ کەسایەتی‌یە ئاکادێمیەکاندا و ئەزموونی کارکردن و توێژینەوەکانی تۆڕێکی بەربلاوی پەیوەندی بۆ کوردان دروست کردبوو. کاریگەریی ئەو پەیوەندیانە لە نەهادینەکردنی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای زیاتر لە دوو دەیە بە ئاشکرا دەبینرێن. ئەرکێکی دیکە کە د. قاسملوو بە سەرکەوتوویییەوە بەجێی گەیاند چۆنیەتیی ئاوێتەکردنی خەباتێکی ناسیۆنالیستی لە فۆرمی چەکداری‌دا لەگەڵ ئەرزش و بەها جیهانیەکاندا بوو، ئەوە یەکێک لە کارە ئەستەمەکانی ئەو سەردەمە بوو، د. قاسملوو لێرەش‌دا دەبوو بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە زانستی‌یەکانی و سنوورەکانی نێوان بزووتنەوەیەکی چەکداری دێموکراسیخواز لەگەڵ ئامانجەکانی گرووپە تیرۆریستی‌یە چەکدارەکان لێک جیا بکاتەوە، لەوانەیە لە نێوخۆدا ئەوە باسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژ نەبووبێ، بەڵام سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یە بە دنیای دەروەە لەو سەروبەندەدا کارێکی دژوار بوو.

جیاوازی‌یەک کە د. قاسملوو لەگەڵ زۆر ئاکادێمیکی دیکە هەیبوو ئەوەبوو کە ئەو بۆ گەیشتن بە ویستەکانی تەنیا لە چوارچێوەی دیوارەکانی زانکۆ و تیۆری و کتێب دا نەمایەوە و بە پراکتیکیش ڕووی کردە چیاکانی کوردستان و ئەوەی لە تیۆری‌دا باوەڕی پێی هەبوو لە پراکتیکیش‌دا هەوڵی بۆ دەدا. وەک هەر کەسایەتی‌یەکی ئاکادێمی ئاواتی د. قاسملوو ئەوە بوو کە بتوانێ خەریکی توێژینەوە و خویندن و نووسین بێ و کاتی خۆی بۆ ئەدەب و مێژوو تەرخان بکا، بەڵام ئەو ئاواتە بە بێ وەدیهاتنی مافە سەرەتاییەکان زیاتر لە خەونێک دەچوو، ئەو وەک کوردێک بەرپرسایەتی‌یەکی گەورەتری لە ئاست کوردستان‌دا هەبوو، لە وتووێژێک‌دا لەگەڵ هەواڵنێری بی بی سی بێهروز یوسف زاددا پەردە لەسەر ئەو خۆزگە و ویستە تاکەکەسیانەی خۆی هەڵدەداتەوە دەڵێ:

«من ئەگەر ئێستا بمیتوانیبایە بۆخۆم بڕیار بدەم، پیم خۆش بوو خەریکی زانست بام و کارم لە سەر مەسەلە ئەدەبی و فەرهەنگی‌یەکان کردبا، هیوادارم هەلومەرجێک بێتە پێس کە وڵاتەکەمان ئارام بێتەوە و ئەمن لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان‌دا بۆ وێنە گوندی قاسملوو، رەنگە ئێوە نەزانن کە گوندێکی ئاوا هەیە. ئێمە ناوی خۆمان لەو گوندە وەرگرتووە، دانیشم و هەتا ماوم بخوێنمەوەو بنووسم.» (کوردستان – ژ ٥١٤)

سەرەرای ئەوەی کە ئەو خۆزگەیەی د. قاسملوو تا ئێستاش هەر وەک خۆزگەیەک ماوەتەوە، بەڵام ئەو لە ژیانی سیاسی خۆی‌دا کەڵکی لەو سەرمایە زانستی و پاشخانە ئاکادیمیە وەرگرت و لەو ڕێگەیەوە گوتاری سیاسی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بە شێوەیەکی مۆدێرن و دێموکراسیخوازانەی گونجاو لەگەڵ پێوەر و بەها جیهانی‌یەکان‌دا داڕشتەوە، تەنانەت لە دوایین دانیشتنەکانی‌دا لەگەڵ نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی‌دا ئەو تۆنە ئاکادێمیە لە ڕوونکردنەوەی داواکانی حیزبی دێموکرات‌دا و باس لە داهاتووی ئێران‌دا بە ڕوونی دێتە بەرگوێ، تۆنێک کە لەوێ دوای چەند دەنگی کپکراوی دەمانچەیەک بێدەنگ دەکرێ، بەڵام بۆ هەمیشە لە یادەوەری نەتەوەیەک دا دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢١ جووڵای ٢٠١٦


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، ڕێبەرێکی واقیعبین

برایم چووکەڵی

ئێوارەیەکی درەنگی ئەنگوستە چاو، پێشمەرگە بە لاپاڵێکی دەڤەری حەوتەوانەی بانە بە بەرزاییەکی کە ٥ ناوچەی بانە، سەردەشت، سەقز، مەهاباد و بۆکانی لێوە دیار بوو، ریزیان بەستبوو، بەرەو گەورکایەتی مەهاباد دەرویشتن، لەو بەرزاییە شۆقی چراکانی شار و گوندەکان بریقەبریقیان دەدایەوە، پێشمەرگە خەیاڵ هەڵیگرتبوو و بیری لە نان و ئاو و چوونە نێو خەڵک دەکردەوە کە بە دیتنیان هەموو دەحەسانەوە. سەعات دووی شەو بوو لە دۆڵەدرێژی پشتی مووسێ لە چۆمی "بناوەرەشان" وەک هەمیشە بارگەوبنەیان کردەوە و لە تاشەبەردێک دەگەڕان کە بەیانی سەریان لە بن سێبەرەکەیدا بێ، بەڵکوو خۆر زوو لە خەو راستیان نەکاتەوە. بەیانی رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ جیژنی قوربان بوو پێشمەرگەکان نەک هەر نانیان پێ نەبوو، بەڵکوو لەو شوێنە ئاوێکی زۆر خاوێنی فێنکیشی لێنەبوو، سەرەڕای ئەوە چەند ئاژەڵێکیان هێنا و راستەوپاستەیان کرد و بێنان دەستیان کرد بە برژاندن، وەک عادەتی هەموو رۆژێ سەعاتی ١٢ و نیوی نیوەرۆ لە چەند رادیۆی بچوک کۆدەبوونەوە کە گوێ بۆ هەواڵەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان رابگرن، بە نەبوونی دەنگی شمشاڵی قالەمەڕە و خوێندنەوەی سروود، پێشمەرگە کەوتنە دەنگەدەنگ، کەمێک دواتر بۆمان دەرکەوت کە بە ناو دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی پڕشوورەییدا لە سەر مێزی بەناو وتووێژ دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی شەهید کردووە. بەروودانی ئەو کارەساتە خوێناوییە کە لەڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش روویدا، دۆستان و لایەنگرانی گەلی کوردی لەسەرانسەری جیهان بەگشتی و گەلی کوردی بەتایبەتی لەهەر چوار پارچەی کوردستان هەژاند، تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە ٣ کەس بوون، راستەوخۆ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ تیرۆری رێبەرانی حیزب و هاوڕێیانی رەوانە کرابوون. ئەگەر بمانهەوێ باسی کارنامەی کۆماری ئیسلامی بکەین تا ئیستا زۆر باس لە کردەوە تیرۆریستیەکانی کراوە و بە دەیان و سەدان بەڵگەی روون بۆ ئەو کردەوە قیزەونانەی خراوەتە روو، هەروەها لە سەر شەهید بوونی رێبەری شەهیدمان زۆر لایەنی ئەو جینایەتە سامناکە باس کراوە، بەڵام بە پێویستی

دەزانین لەسەر هێندێک خاڵی گرینگی روانگەی رێبەری شەهیدمان لە ساڵیادی شەهید بوونی‌دا پێ‌دابگرینەوە. شەهید دوکتور قاسملوو تا کاتی شەهیدبوونی خزمەتێکی گەورەی بە نەتەوەی کورد کرد و شەهیدبوونەکەشی ئەو راستی‌یەی دەرخست کە کەسایەتی‌یە گەورەکان بە مردنیان شوێنەواری زۆر گەورە لەسەر خەڵک و نەتەوەکەیان دادەنێن، ئەو لە سەردەمی خەبات و تێکۆشانی سیاسی‌دا خزمەتێکی گەورەی بە حیزب و نەتەوەکەی کرد، کاردانەوەی شەهیدبوونەکەشی هێندەی دیکە گەلی کوردی بە دنیا ناساند. نامەی هاوخەمی گەلانی دنیا و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان سەبارەت بە کارەساتی ڤییەن دەری دەخا کە نەمر دوکتور قاسملوو خاوەنی کەسایەتی‌یەکی بەرز سیاسی لە ئاستی جیهان‌دا بووە.

## پاراستنی روحیە لای دوکتور قاسملوو

تایبەتمەندیی رێبەری کارامە لەوە دایە کە لەکاتی تەنگانەدا، میتۆد و میکانیزمی دەرباز بوون لە تەنگو چەڵەمەکان بخاتە روو. کاتێک بزووتنەوە یان میکانیزمی دیپلۆماسی و تەنانەت بزووتنەوەی چەکداری، کارایی ئەوتۆی نامێنێ یان لە کزی دەدا، ئەوە سەرکردەی لێزان و کاریزمایە کە دەبێ روحیەی خۆی بپارێزێت و ورە بە هاوسەنگەرەکانی ببەخشێ؛ ئەو هاوسەنگەرانەی لە رەوتێکی دێموکراتیکدا بڕیاریان داوە ئەو سەرکردەیە سەرکردایەتی‌یان بکا. دوکتور قاسملوو لە گۆڕینی میکانیزم لە دۆخە جیاوازەکان‌دا کەسێکی کارامە و لێهاتوو بوو. هەمیشە ئەو کردەوەیەی سەرکردەیەک دەبێ لەکاتی پێویستدا بیکا، ئەگەر تەنانەت گیانیشی لەپێناوی‌دا فیدا بکردایە، جێ‌بەجێی دەکرد. ورە بەخشین بۆ پاراستنی روحیەی هاوسەنگەرەکانی یەکێک لەخسڵەتە بەرزەکانی نەمر دوکتور قاسملوو بوو. دوکتور قاسملوو دەیویست بە هاوسەنگەرەکانی بڵێ کە دێموکراتێکی راستەقینە هەم دەتوانێ دیپلۆماتێکی کارامە بێ، هەمیش پارتیزانێکی نەسرەوتوو. ئەو لە واقیعدا درێژدەری راستەقینەی رێبازی پێشەوا قازی محەممەد بوو، چونکە هەردووکیان شەهیدبوونیان نەک نائۆمێدی بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەڵکوو روحیە و ورەی نەتەوە و هاوسەنگەرەکانی بەرز کردەوە و، ئەوەی بەکردەوە سەلماند کە شۆڕشگێڕ بوون و دیپلۆماتبوون و تەنانەت شەهیدبوونیشی دەبێتە هۆی بەرهەق بوون و زیاتر ناساندنی دۆزی رەوای نەتەوەکەیان. هەر ئەوەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وایکردووە کە درێژەپێدەرانی ڕێگەکەی ئێستاش لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێناو ڕوحیەدان بە ئەندامان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی هەموو گیان فیدای و لەخۆبردوویەکن. شەهید دوکتور قاسملوو لە سەرەتای لاوی‌یەوە هەوڵی بۆ لابردنی زوڵم و ستەم داوە تا کاتی شەهیدبوونی ئەو تایبەتمەندی‌یەی ئالوگۆری بەسەردا نەهاتووە و بەردەوام خەباتی بۆ کردووە، ئەو هەمیشە خۆشبین بووە لە سەخترین هەلومەرجدا ڕوحیەی خۆی پاراستوە.

## دێموکراسی وەکوو کردارێکی شۆڕشگێڕانە

لەمێژووی سیاسیی جیهاندا دەگمەنن ئەو ڕێبەرانەی دێموکراسی وەکوو میکانیزمی ڕزگاری و ڕێبازی دوای ڕزگاربوون سەیر بکەن، زۆربەی بزووتنەوەکان لە جیهان ڕەواییان بەهەموو توندوتیژی و کردەوەیەکی نادێموکراتیک لە پێناو بەئەنجام گەیشتنی خەباتەکەیان داوە، هەمیشەش و یان لانیکەم زۆربەی کات شۆڕشگێڕەکان پاش گەیشتن بە دەسەڵات بوونەتە دیکتاتۆر و، لەسەر میراتی خەباتە ڕەواکەیان بوونەتە سەرکردەیەکی داپڵۆسێنەری خۆسەپێن، بەڵام دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەوە دێموکراسی وەکوو ڕێگەی ڕاستەقینە بۆ ڕزگاری و ڕێبازی ژیان بۆ بەختەوەرکردنی گەل لەدوای ڕزگاری چاو لێ‌دەکرد. لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزب، باوەڕێکی پتەوی بە دێموکراسی وەکوو میکانیزمی سەرەکیی خەبات هەبوو، لە نێوخۆی حیزب هەموان دەیانتوانی هەموو قسەیەک و هەموو پێشنیارێک بۆ سەرخستنی خەبات بکەن و، کۆنگرە یەک لەدوای یەکەکانی دێموکرات سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە. جاری وا هەبوە لەژێر تۆپبارانی دوژمن و لەتاراوگە و لە نێو شاخ و بەندەن‌دا، کۆنگرە بەستراوە. لە دەرەوەی حیزبیشدا دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دەبێ لە نێو ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیم هاوفکر و هاوخەبات بدۆزێتەوە و لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران کار بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسی لەئێران‌دا بکەن. دوکتور قاسملوو باش لەوە تێگەیشتبوو کە ئەگەر کورد لەئێران‌دا بمێنێتەوە، دەبێ گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی پێشوو و تەنانەت حاکمییەتی ئێستادا بکا و بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران یەکگرتوو و هەماهەنگ بێ، جا ئەگەریش کورد بڕیاری جیابوونەوە و بوون بەدەوڵەت بدا، پێویستی بەدراوسێی دۆست هەیە. هەر بۆیە دێموکراسی لای دوکتور قاسملوو هەم میکانیزم بوو، هەمیش ئەنجام.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کوردستان وەک سەنگەری ئازادی

ڕێبەری شەهیدمان پێداگری لە سەر ئەوە دەکرد کە خەڵکی کوردستان داوای دێموکراسی و مافی چارەنووسی خۆیان دەکەن، سەرکردە و حیزبێک کە باسی مافی چارەی خۆنووسین و دەوڵەت - نەتەوە دەکا، هەرگیز کوردستان بە مەبەستی ئێرانچییەتی ناکاتە سەنگەری ئازادیی هەموو ئێران، بەڵکو ڕێباز و کرداری حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوکتور قاسملوو وایکردبوو کە هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی نێو جوغرافیای ئێران، کوردستان بە شوێن و زەمینەی خەباتی رزگاری نەتەوەیی خۆیان بزانن و، هاوکات بیروڕا و فیکری دوکتور قاسملوویان بەو دەروازیە دادەنا، کە ئازادی ئێرانی لێدەبینرا و هەست پێدەکرا. چونکە باوەری دەولەت - نەتەوە و مافی چارەی خۆنووسینی دوکتور قاسملوو لە سەر حیسابی هیچ نەتەوە و جوغرافیای هیچ لایەکی دیکە نەبوو، کوردستان سەنگەری ئازادییە لەبەر ئەوەی هەر کەس و لایەنێک لە روانگەی کوردەکانەوە سەیری خەبات بکات، هەم مانەوەی لە نێو ئێران بەرزگاری دەبینێ و هەمیش دابەشبوونی ئێران بە رزگاربوون دەزانێ و، ڕێک لە سەر بنەمای باوەڕبوون بە دێموکراسی، دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بەرز کردبۆوە. هەروەها ئەو باوەڕی وابوو خەباتگێڕانی ڕێگای رزگاری ئێران هەر ئەوانە نین چەکیان لە شانە و لە بەرەکانی شەڕدا دژی ڕێژیم شەڕ دەکەن بەڵکوو تێکڕای ئەوانە کە بە گوێرەی توانای خۆیان بە گیان و دڵ بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانی دژی ڕێژیم بەشدارن، تێکۆشەری ڕێگای ئازادین. ٢٢ی پووشپەڕ کە ڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوویە، لە راستیدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێبەرە مەزنەی لێئەستاندین کە لە کردەویەکی تێرۆریسیدا لە گەڵ هاوڕێیانیدا شەهیدیان کرد، بەڵام ڕێبازی قاسملوو، ئامانجەکانی قاسملوو، هەر لە مەیدان دایە، حیزبی قاسملوو و نەتەوەی قاسملوو هەر زیندوون، هەر بەرێگای قاسملوودا بەرەو ئامانجە پیرۆزەکانی قاسملوو هەنگاو دەنێن. بە شەهیدبوونی قاسملوو نە خەباتی خەڵکی کوردستان و حیزبی قاسملوو وەستا، نە کۆماری ئیسلامی بە ئاواتی گەیشت، چونکە کۆماری ئیسلامی خەونی یەکجاری نابوودیی حیزبی قاسملووی بینیبوو، بەڵام خەون و ئاواتەکانی بوونە بلْقی سەر ئاو، خەڵکی قارەمانی کوردستان و قوتابییەکانی قاسملووی شەهید لە خەبات نەوەستان و هەر بە ڕێبازی ئەودا دەڕۆن. لەم یادەشدا بەڵین بە ڕێبەری شەهیدمان دەدەینەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی دەست لە خەبات هەڵنەگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ جووڵای ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەموو ژیانی قاسملوو حیزبی دێموکرات بوو!

**کۆسار فەتاحی**

دەور و نەخشی کەسایەتی‌یەکی وەک د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی کورد لە ئێران‌دا ئەوەندە کاریگەرو شوێندانەر بووە کە هەڵدەگرێ باسێکی تێر وتەسەلی لەسەر بکرێ. مرۆڤێک کە دەیتوانی وەک هەر مامۆستایەکی زانکۆ لە فۆرمی ئاکادیمیکی خۆی نەترازێ و لەسەر کورسی دەرسوتنەوەکەی نەیتە خوارێ و خۆی لەخەتەر و مەترسی خەباتێکی راستەقینەی سیاسی‌یەوە نەگلێنێ. دیارە ئەوکاتیش هەر دەیتوانی قاسملوو بێت «منهای» چارەنووسێکی خوێناوی!

بۆچی ئەمەی نەکرد و چۆن ژیانی خۆی گرێ دا بەژیانی پڕهەوراز و نشێوی حیزبی دێموکراتەوە؟ و گەلێک پرسیاری دیکەی لەم چەشنە زەین و مێشکی بەهەزاران ئینسانی تەنیوە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان قاسملوو بە کاریگەرترین کەسایەتیی سیاسی و مەعنەوی لە ژیانی سیاسیی خۆیان‌دا دەزانن.

ئەگەرچی ئەوە بۆ بیست و حەوت ساڵ دەچێ کە کەسایەتی‌یەکی هەڵکەوتوو و بیرمەندێکی وەک د. قاسملوو بەجەستە لەنێو جەرگەی خەباتی سیاسی - چەکداری کورددا نەماوە، بەڵام قورسایی مەعنەوی و کاریگەریی بیر و ئەندێشەی ئەو لەبواری سیاسەت‌دا بە تەواوی هەست پی دەکرێ. رەنگە ئەگەر ئەو تیرۆرە نگریسە رووی نەدابا و قاسملوو شانسی ئەوەی هەبایە درێژە بەرێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بدا، زۆر کێشە کە ئەمڕۆ بەرۆکیان بە حیزبی دێموکرات گرتووە، بەبوونی ئەو، کاریگەری و قورساییان لەسەر رەوتی کار و خەباتی حیزبەکەی دانەدەنا. رەنگە مرۆڤ بۆ چەسپاندنی ئەم ئیدعایە بتوانێ هەزار ویەک دەلیل بێنێتەوە، بەڵام لێرەدا تەنیا دەلیلێکی سادە بۆ باشتربوونی دۆخی ژیانی سیاسیی حیزب لە ژێر قورسایی رێبەری قاسملوودا دێنمەوە کە دەتوانێ ئەو وێنایەمان لا دروست بکا کە خوێندنەوەی پێشوەختی رووداوەکان، بنەماکانی شرۆڤەی سیاسی هەلومەرجی لە زەین و بیری قاسملوودا پێک دەهێنا. بەو واتایە کە نەخشە رێگای قاسملوو بۆ بە گژاچوونەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووداوه نەخوازراوەکانی دوارۆژ، پشتیان بەو شرۆڤانە دەبەست کە ناوبراو بۆ هەلەمەرجەکەی دەکرد. وەک ئاماژە دەتوانم باسی دوایین وتاردانی د. قاسملوو بکەم بۆ پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری لە شیمالی کوردستان. ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێتە ئەو قسانەی کە قاسملوو لە وێدا بۆ پێشمەرگەکانی دەکا، ئەو راستییە دەردەکەوێ کە ئەو خوازیاری بەرفراوانکردنی مەیدانی کار و چالاکی هێزی پێشمەرگە بووە و قسە لەوە دەکا کە ئەو جێگایانەی لە شیمالیترین ناوچەی کوردستانی ئێرانەوە تا جنووبیترینی کە تا ئێستا پێشمەرگە دەستی پێرانەگەیشتووە، دەبێ ببێتە مەیدانی جەولە و عەمەلیاتی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات. بێگومان ئیدەی بە سەرانسەریکردنی خەباتی چەکداری لە رۆژهەڵاتی کوردستان‌دا لە ناو زەینی ئەو سکرتێرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەبووە.

لە سۆنگەی ئەم کورتە ئاماژەوە دەتوانم بپرژێمە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ د. قاسملوو بکەین؟ پێم خۆشە بە خاڵبەندی روانینیەکانی خۆم بخەمە بەرباس:

**یەکەم،** نەخش و دەوری ئەو رێبەرە تەنیا وەک هی سکرتێرێک نەبوو کە حیزبەکەی لە کۆنگرەیەکەوە بۆ کۆنگرەیەکی دیکە بگوازێتەوە. قاسملوو مێعماری حیزبی دێموکرات بوو. بە شاهیدی تەواوی ئەو ئەدەبیاتە نووسراوەی کە مێژووی حیزبی دێموکراتی لە خۆ گرتووە قاسملوو لە بەرنامەڕیژی و هەیکەلبەندی و دانانی ستراتیژیی‌یەکی روون و دیاریکردنی ئامانجی دوارۆژ و دێموکراتیزەکردنی رەوتی هەڵبژاردەنە دەروون حیزبی‌یەکانەوە بگرە تا موتوربەکردنی بەرنامەی سیاسی حیزب لەگەڵ بەها بەرزەکانی ژیانی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو وەک یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکان‌دا، بەرێکخراوکردنی هێزی پێشمەرگە کە لە فیرگە و ئامووزشگای نیزامی‌یەوە پێ بنێتە نێو جەرگەی خەباتی چەکداری‌یەوە و، هەروەها بایەخدان بەچینی هەژار وکرێکار و جێگیرکردنی تێزی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە بەرنامەی حیزب‌دا و کردنەوەی دەرگا بۆ هاتنەناوەوەی نەوەی نوێ و خویندەواری کورد و دوورکەوتنەوە لەرادیکالیزمی سیاسی هتد وەک تیۆریسیەن و ستراتیژیستێکی هەڵکەوتوو هاتە مەیدانەکەوە. سەرباری ئەمانە دانانی بنەمایەکی پتەو بۆ دیپلۆماسی کە جورئەتێکی گەورەی بە رێبەرایەتیی حیزبەکەی بەخشی تا لەپێوەندییە سیاسی‌یەکانیان لەگەڵ حزب و لایەن ودەوڵەتەکان‌دا سەرکەوتووانە دەربکەون.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتەعبیرێکی سادەتر قاسملوو حیزبی دێموکراتی بە سەرمایەیەکی گەورە دەبینی کە ریشەیەکی قووڵی لەدڵی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەبوو، بۆیە لە سەر بنەمای ئەو سەرمایە مەزنە حیزبی دێموکراتی لە فۆرمێکی نوێدا بووژاندەوە کە توانی لە سبەینێی دوای شۆڕشی خەڵکی ئێراندا ببێتە گەورەترین حیزبی کوردستانی و تەرەفی راستەقینەی ململانێکان لەگەڵ حکوومەتی کوماری ئیسلامیدا. حیزبی دیموکراتی پێش قاسملوو پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەبوو کە د. قاسملوو وەک مێعمارێکی لێزان حیزبی دێموکراتی نۆژەن کردەوە.

**دووەم،** روانینی قاسملوو بۆ مێژووی دروستبوونی حیزبی دێموکرات، دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی حیزبەکەی سەردەمی پێکهێنانی کۆماری کوردستان، دەستبردن بۆ بەئازارترین زامەکانی جەستەی حیزب بەمەبەستی سارێژکردنیان و رەخنەی ریالیستیانە و بوێرانە لە کەموکورییەکانی ئەو حیزبە، دەستەویەخەبوونی فیکری لەگەڵ مەیل ورەوتە ناسیونالسیتە توندئاژووەکان و دەستە و تاقمە بەستراوەکانی حیزبی تودە و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی توانای خوڕاگری حیزب لە بەرانبەر هێژموونیخوازی ریکخراوی موجاهیدیندا و دەرکەوتنی سەربەرزانە لەهەلومەرجی قەیران و لەدەمی کارەساتدا کارێکی وای کرد کە ئەم حیزبە بتوانێ دریژە بە ژیانی سیاسی خۆی بدا. بۆیە مانەوەی حیزب لەدوای بڕینی ریگەیەکی درێژی پڕ کەندو لەندی زیاتر لە ٧٠ ساڵ قەرزاری زیرەکی قاسملوویە. قاسملوو حیزبەکەی خۆی فیرکردبوو کە پشت بەسیستەمی بەڕێوەبەری ببەستێ نەک بەرێبەر و سکرتێر. بۆیە ئەمە میراتیکی گەلێک دەولەمەندە کە بۆ تێکۆشەرانی حیزب ماوەتەوە.

**سێهەم،** ئەوەندەی بە کولتووری سیاسی حیزبی دێموکراتەوە دیارە، فەردپەرستی دیاردەیەکی بێگانەیە بەو حیزبە. رەسەنایەتیی میراتی قاسملوو لەفەردپەرەستی بەرییە. بۆیە نزیکبوونەوەی عاتیفی لەقاسملوو بە بێ دەرکی پەیام وئامۆژگارییەکانی ناتوانێ دەرکێکی دروستمان لەو رێبەرە بۆ بەدەستەوە بدا. ئەگەرچی ناکرێ و ناتوانین خۆشەویستی کەسانی وەک ئەو لە ناو دڵی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستاندا بە کەم بگرین، بەڵام بەکاربردنی ناوی د. قاسملوو بۆ داخستنی دەمی رەخنەگران نەک خزمەت بە گەشەکردنی ئازادیی رادەربڕین ناکا، بەڵکوو راست لادانە لە رێرەو و رێبازی فیکری و سیاسیی ئەو. ئەرکی گەورەی رێبوارانی ریگای قاسملوو ئەوەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که لە ریگای وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە ئەندێشەکانی‌دا بتوانن ئەو رەگە بەهێزانە پەیدا بکەن کە لەگەڵ پلورالیزمی سیاسی، فرەچەشنی لە بیرکردنەوەدا، شیوازی موناقشەکردنی مابەینی بیروڕاکان، بە رەسمی‌ناسینی پێگەی رەخنە لە دەرەوە و ناوەوەی حیزب‌دا وهاوکات پتەوکردنی بنەماکانی دێموکراسی لە ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات‌دا، هەم کولتوورێکی دێموکراتیک و سەردەمیانە کە ریشەکانی لە نێو خودی حیزب‌دا دەبینرێن گەشە پێ‌بدەن و هەم تاکی کورد لەگەڵ ئاسۆکانی روانینی قاسملوو و ئەو رێبازەدا ئاشنا بکەن کە قاسملوو لە پێناوی‌دا گیانی بەخت کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ جووڵای ٢٠١٦


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆ یادی ٢٧ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو

**دەبابەی کۆڕێ(لە ناوخۆی وڵات)**

دوکتور قاسملوو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازەو تێکۆشەرەی کورد لە تەمەنی لاوەتیەوە ئاوێتەی سیاسەت دەبێ و یەکەم ویستگەی ژیانی سیاسی لەنێو حیزبی توودە دەست پێدەکات. ئەو ئاوێتەبوونەی قاسملوو بەسیاسەت گەر بە هۆی بارودۆخی ئەو کاتی ئیران بێت (یا) بە هۆی پێکهاتەی بنەماڵەکەیەوە( یا) خود بە هۆی خوێندن لە قوتابخانە و هاوپیوەندی لە گەل هاوپۆلە ئازەریەکانی بێت، سەرچاوەی لە دەرک و شعوری ئەو ئینسانە گرتووە وەگەڕکەوتنی ژیانی سیاسیی ناوبراو تا کاتی شەهیدبوونی ناوەستێت.

کاک دوکتور باش ئاشنابوونی بە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پەیوەندیکردن بە تێکوشەرانی سیاسی ئەو سەردەمی حیزب، ویستگەی ژیانی سیاسی دێنێتەوە نێو بزاڤی میللی دێموکراتیکی رۆژهەلاتی کوردستان بەرێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەر زۆر زوو بە هۆی هەڵسووڕان و تێکۆشانی دەبێت بە ئەندامی چالاک و هەڵسوورو دیار لە نێو حیزبدا.

دوکتور قاسملوو ئینسانێکی بیرتیژ و ستراتیژزانێکی بەهێز بوو بۆ ئەو سەردەمی کە سەرو ٩٠٪ خەڵک نەخۆێندەوار بوون، خەڵک بەگشتی وەرزێر بوو، سیستمی عەشیرەیی هەبوو ئاغا و دەرەبەگ رۆڵی ئەساسیان دەگێڕا، لەم بارودۆخە سەقەتەدا پرسیاری زۆری لەمێشکی دا موتوربە دەبن کە بێ وەلامن. بۆیە دەست بەخۆێندنەوەی سۆسیۆلۆژی، ئابووری، سیاسی کۆمەڵگاکەی دەکات و لە کۆتایدا بەو قەناعەتە دەگات کە هۆکاری هەر هەموو ئەم نەهامەتیانە سیستمی بەرێوبەری وڵاتە (پاشایەتی).

کاک دوکتور ئیسانێکی زمانزان، سیاسەتڤان، دیپلۆماتکارێکی باشی سەردەمی خۆی بوو. بە تایبەت لە نێو جولانەوەکانی سەردەمی خۆی بە سەرکردەیەکی خاوەن بڕیاری واقعبینانە دەناسرا. پاش گیران و ئاشکرا بوونی تێکۆشەرانی حدک لەسەردەمی پاشایەتیداو، هەڵوەشانی رێکخستەکانی حیزب و بەنهینی کارکردنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ئەندامانەی مابوونەوە، کاک دوکتور لەسەر بڕیاری بنەماڵەکەی دەنێردرێتە دەروەی وڵات بۆ درێژەپێدان بە خوێندن، بەڵام لەوێیش لە تێکۆشان ناوەستێت؛ کتێبی بیرمەندانی وەک لاک، هابز، مۆنتسکیۆ و زۆریتر دەخوێنێتەوە و دەرسیان لێ وەردەگرێت تاکو بتوانێ لەو ئاراستە فکریەی ئەوان پێشکەشیان کردوە ژیانێکی نوێ بۆ نەتەوەکەی بەرهەم بێنێت. پاش وەرگرتنی دوکتۆراکەی، دەست دەکات بە وانە وتنەوەی لە زانکۆکانی ئورووپاو لەو سەردەمەدا کتێبە بەناوبانگەکەی «کوردستان و کورد» دەنووسێت. مانەوەو وانەگوتنەوەی لە زانکۆکانی ئورووپاو خۆپێگەیاندنی لە بواری هزری رۆشنبیریەوە پۆختەتری دەکات بۆ بوون بە قارەمانێکی وەک نێلسۆن ماندێلا و مهاتما گاندی و چێگوارا لە پێناو نەتەوەکەی دا.

تا ئەو کاتەی شۆڕشی گەلانی ئیران دژی رێژیمی حەمەرەزا شاه دەست پێ دەکا و کاک دوکتور بە پەلە خۆی دەگەیەنێتەوە ناو بازنە نهێنیەکانی حیزبی دێموکرات تاکو تاکتیک و ستراتیژیکی باش و واقعبینانە بۆ  بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان دابڕێژن و گەلی کوردیش بە مافە رەواکانی بگات. بۆیە هەر زۆر زوو شۆعاری «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» ی هەڵگرت. چوون کاک دوکتور باش دەیزانی تاکوو ئێران وڵاتێکی دێموکراتیک نەبێ، خود موختاری لە کوردستان پیادە ناکرێت، بۆیە پاش رووخانی رێژیمی پادشایەتی لە کاتی دانووستاندن داوا رەواکانی گەلی کوردیان بۆ دەخاتە روو،بەڵام بەڕێوەبەرانی رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو تا ئەو کاتەی ئاشیان بە باشی نەدەگەڕا، دژایەتیان لە دژی مافەراوەکانی گەلی کورد دەرنەبڕی و بۆ کاتبەفیرۆدان و کاتکڕین هەنگاوبەهەنگاو لە گەڵ داخوازییەکانی کورد بە بێ ئەوەی باوەڕیان پێی هەبێ دەڕۆشتنە پێش.

کورد و حیزبی دیموکرات باوەڕیان بە خەباتی ئاشتیخوازانە لە نێو خۆی ئیراندا هەبووە و تا ئێستایش هەیە، بۆیە لە یەکەم هەلبژاردنی مەجلیسی خوبرەکان د. قاسملوو خۆی پاڵاوت، دەنگی پێویستی هێنا بەڵام کاتێک لە پیلانگێڕیەکەی خومەینی و رێژیمەکەی تێگەیشت و نەچوو، خومینی (پیاوی ناخ رەش و دڵ پر لە قینەکەی دژی کورد) سەبارەت بە دوکتور قاسملوو دەڵێت: «ای کاش میآمد». ئەم وتە قیزەونە، سەرچاوەی گرتوو لە ناسینی باشی کاک دوکتور لای خومەینی گەیاند، چوون باش دەیزانی قاسملوو بیر و باوەڕەکەی لە گەڵ جەهل و خورافات و دیکتارویەتی خومەینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵناکات. بەو هەرەشەیش گەلی کورد حیزبی دێموکرات و ڕێبەری شەهیدمان وازی لە خەباتی ئاشتیخوازانە نەهێنا و سەر لەنۆی بەشداری هەلبژاردنەکانی مەجلیسی نوینەران کردو لە کوردستان هەموو بەربژێرەکانی بژاقی نەتەوەیی کورد بۆ مجلیس لە لایەن خەڵکەوە دەنگی متمانەیان پێ درا. بەڵام حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی پیادەکردنی بنەماکانی دێموکراسی لە ئێراندا هەر زوو بڕیاری شەڕی دژی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو دا. بۆیە حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو مەجبوور بە شەڕ لەگەڵ حکومەت بوون، شەڕێک کە بەسەر میللەتی کوردسو حئیزبی دێموکرات دا سەپێندرا.

دوکتور قاسملوو پاش کۆنفڕانسی سێهەم و لە کۆنگرەی سێهەم دا کە وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، خەباتی دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی و دوای شۆرشی گەلانی ئێرانیش دژ بە دەسەلاتی سەرروٚی کۆماری ئیسلامی ئێران دریژە پێدا. شەهید دوکتور قاسملوو هاوکات لەگەڵ ڕێبەرایەتی کردنی جووڵانەوەیەکی چەکداری، دیپلۆماتکارێکی بەتوانا و لێزان بوو. ئەو کاتەی کە لە گەرمەی شەڕی چەکداری دا بوو، دیسانیش پێی وابوو ئاشتی و مافەرەواکانی خەڵکی کوردستان لە لوولەی تفەنگدا بەدی نایەت. بۆیە لە یەکێک لە ڤیدیۆکانی دا کە بۆ پۆلیک لە پیشمەرگەکان قسە دەکات دەڵێت: «ئیمە باش دەزانین کۆماری ئیسلامی بە هێرشەکانی ئێمە ناروخێت، بەڵام ئەوەندەی سەرئێشە بۆ درووست دەکەین تاکوو دەڵێت چیتان دەوێت؟ ئەوکات ئێمەش لە سەر مێزی وتوویژ باسی مافە زەوتکراوەکانی خۆمانیان لەگەڵ دەکەین.» لیرەدا جورێک لە فەلسەفەی دانووستاندن دێنێتە نێو شێوازەکانی خەبات.

کاک دوکتور شورشگێرێکی نەتەیی و عەداڵەتخوازێکی واقعی بوو. بۆیە لە ڕێبەرایەتی حیزبێکی نەتەوەیی وەک حیزبی دێموکراتی دەکرد. عەدالەتخواز بوو بۆیە باسی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیکی هینایە نیو پێرەو و پرۆگرامی حیزبەکەیەوە. ئەو کاتەی هەموو ئۆپۆزیسیونی کوردو ئێرانی هەر جارەو بەلایەکدا دەیانشکاندەوە: (یا بەرەو ئیمپرالیزم یا بەرەو سۆسیالیزم) بەڵام بە بۆچوونی من تێکەڵکردنی جیهانبینی و خوێندنەوەو فکری حیزبی دێموکرات و ڕێبەرەکەی لە گەڵ هەرکام لەم دوو بەرەیە هەڵەیە. شەهید قاسملوو پێی وا بوو ئەو دونیایەی سۆسیالیزم داوای دەکات (یوتوپایە)، یا وەک ئەرستوو دەڵێ: (مەدینەی فازلە)یە. کاک دوکتور پێی وا بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاویتەبوونی هەر حیزبێک بە ئایدۆلوژیەکەوە ئەو حیزبە لە قالب دەداو تووشی جۆرێک لە داخراوی فکریی دەکات. بۆیە خۆی لە هەر ئایدئۆلۆژییەک بۆ حیزبەکەی دەپاراست و سیاسەتی بە پێی «ئەمری واقیع» دەکرد.

کاک دوکتور باوەڕی بە جودایی دین لە دەوڵەت هەبوو. بۆیە لە حیزبەکەشیدا هەم پێشمەرگەی سوفی تێدابوو هەم خەڵکی لاییەک و باوەڕمەند بە ئایین و ئاینزاکانی دیکە. هەمووشیانی لە ژێر چەتری حیزبی دێموکراتی کوردستان دا پێکەوە کۆ کردبۆوە. لە روانگەی ئازدی تاکیشەوە(فردی) مرۆڤێکی لیبراڵ بوو، باوەڕی بو ئازادی تاکەکان هەبوو، تا ئەو ئاستەی سنووری ئازادیەکانی لایەنی بەرامبەر پیشل نەکرێ. بۆیە دەتوانیین بڵێین لە ژیانی تایبەتی خۆشیدا مرۆڤیکی فرەرەهەند بووە.

کاک دوکتور قاسملوو لە بۆ دەستەبە کردنی مافەکانی  گەلی کورد، درگای هەموو دەوڵەتان،NGO، رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی دەکوتا. یەکێک لەو رێکخراوە نێودەوڵەتیانە، ئەنترناسیونالٚ سۆسیالیست بوو. پێی وابوو دەبێ لە رێگای ئەو هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازانەی کە لە نێو ئەم رێکخراوەدا فشار بخاتە سەر حکومەتەکانیان بۆ بە رەسمی ناساندنی مافە رەواکانی میللەتەکەی و هاوکات فشار بخەنە سەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەسمی ناسینی مافی کورد.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی کەسیی و حیزبیی کاک دوکتور «سەربەخۆیی سیاسی» بوو. نمونەی هەرە بەر چاو لەم پێوەندییەدا پێوندی حیزبی دێموکرات و کاک دوکتور لەگەل رێژیمی بەعسی عێراق بوو. لەسەردەمی خەباتی چەکداری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەل کۆماری ئیسلامی کە هاوکات بوون لە گەڵ شەڕی نێوان عێراق و ئێران. بەڵام حیزب و دوکتور قاسملوو سەرەرای ئەو پەیوەندییە هیچکات نەبوونە ئامرازێک بۆ رێژیمی عیراق کە بە نیسبەت شەڕ لە گەڵ رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا لە یەک بەرە دابوون (بوونی دوژمنی هاوبەش).

لە لایەکی تریشەوە شەهید دوکتور قاسملوو هیچکات باوەڕی بە دیکتاتوریەتی حیزبی نەبووە. بۆیە باشترین هەوڵەکانی بۆ درووست کردنی بەرەیەک لە گەڵ هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بوو. کە بۆ جاری یەکەم توانی بەرەیەک ویران موجاهیدین خەلق و چەند هێزیکی تر دژی رژیمی ئێران درووست بکات، بەڵام


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەخابن بەرژەوندی تەسکی حیزبی و هێژموونیخوازیی لایەنێکی دیار و، جیاوازی لە دید و بۆچوون بۆ خەباتی ئیستا و چۆنییەتی ئیدارەکردنی داهاتووی ئێران وای کرد(بەرە)لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە.

کۆماری تێرۆر و سێدارەی ئیسلامی ئێران وایزانی بە تیروری کاک دوکتور قاسملوو یادو رێبازەکەی فەراموش لە نێو دەچێ و فەرامۆش دەکرێن و خۆی و حیزبەکەی لەیادی تێکۆشەرانی شۆرشگێرو قوتابیانی بیرو رێبازی دەچنەوە. بەڵام بە خوێندنەوەی ئەمرِۆی حیزب و گەلەکەی دەبێ باش بزانێت کورەی خەبات دژی زوڵم و دیکتاتۆریەت لەهەر کات بە تینترە، قەلای جەهل و خورافەیان لە هەموو کات زیاتر لەرزۆکترە و هەر دلۆپە خوێنێکی کاک دوکتور ئێستا مەشخەڵی رێگای تێکۆشانمانە.

لە کۆتایی‌دا بە بیر و باوەرِێکی چەسپاو و بە وەرەی پولایین بە شەهید کاک دوکتور قاسملوو دەڵێین: کاک دوکتور گیان! تا بە دەستی پرِ لە ئازادی لەسەر گۆرِی تۆی رێبەرمان و هەموو شەهیدان گوڵە شلێرە نەرِوێنین، لەخەبات و تێکۆشان ناوەستین. برِیاریش بێت لەسەر وەسیەتی خۆت: بۆ شەهیدەکانمان نەگرین و درێژە بە رێگاو رێبازیان بدەین. هەور وەک خۆت فەرمووت: «باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی رێگایانە« و وەک بەرِێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە دەفەرمووی: «کاک دوکتور قاسملوو گیان تۆ لە وێژدانمان دا زیندووی».

سەرچاوە: ماڵپەرِی کوردستان و کورد - رِێکەوتی: ٢٣ جووڵای ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو، دیپلۆماتێکی ئاڕمانخواز

شاهۆ حوسێنی

## پێشەکی:

لە هەر لق و رشتەیەکی زانستی بۆ تێگەیشتن لە دەرکەوتەکان، بۆ بیرکردنەوە و ئەندێشە کردن لەمەڕ پێوەندی‌یەکانی دەروونی دەرکەوتەکان، بۆ پلان‌داڕێژی عاقڵانە و بەکەڵک و بەگشتی بۆ خوێندنەوەیەکی زانستی‌یانە پێویستی بە تیئۆری هەیە، لە راستی‌دا لەژێر تیشکی تیئۆری دەکرێ خوێندنەوەیەکی عەقڵانی و زانستی لە دەرکەوتەکان بکرێ، یەکێک لەو دەرکەوتانە، پێوەندی‌یەکانی نێونەتەوەییە، کە خاوەنی تیئۆری‌گەلێکی جواروجۆرە و هەرکام بە پێی روانگە، خواست و ئارەزووکانیان، خوێندنەوە، بۆچوون و داڕشتنی جواروجۆریان پێشنیار کردوە.

گومان لەوەدا نیە کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرتای سەرهەڵدانیەوە، بەهۆی ئەوە کە خاوەن شوناسێکی شۆڕشگێرانە بووە و لەگەڵ دەسەڵاتێکی پاوانخواز و دیکتاتۆر چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا، لە بەربەرەکانی و بەرخۆدان‌دا بوو، وەک زەروورەت پێوەندی بە حکوومەت، دەوڵەت و ناوەندەکانی نێونەتەوەیی جۆراوجۆر گرتوە. بەپێی کردەوەکانی دیپلۆماتیکی حیزبی دێموکرات دەکرێ سێ قۆناغی تایبەت لە مێژووی حیزب‌دا لە ئاستی پێوەندی‌یەکانی نێونەتەوەیی دیاری بکەین:

**قۆناغی یەکەم:** تا بەر لە دەرکەوتنی شەهید دوکتور قاسملوو وەک ریبەرێکی کاریزما، بە هۆی زاڵ بوونی باوەرمەندی بە دەور و هێزی دەوڵەت و حکوومەتە زلهێزەکان لە پێوەندی‌یەکانی نێونەتەوەیی لە ئەندێشەی بەرپرسانی ئەو سەردەمی حیزب، دەکرێ ئەو قۆناغە وەک قۆناغی رێئالیزم دەستنیشان بکرێ، لە راستی‌دا لەگەڵ ئەوەدا کە لە بیر و ئەندێشەی بەرپرسانی ئەو سەردەمی حیزب‌دا، حکوومەت و دەوڵەت ئەکتەری سەرەکیی نیزامی نێونەتەوەیی بوو، هیچ رێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی بەهێز وەک ئەکتەر و کایەکەری نێونەتەوەیی دەوری نەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**قۆناغی دووهەم**: سەردەمی دەرکەوتنی شەهید دوکتور قاسملوو وەک کەسایەتیی یەکەمی حیزب. دوکتور قاسملوو وەک ئیدئۆلۆگی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە ئاستی نێوخۆیی، بنیاتنەری ئارمانخوازیش بوو لە ئاستی پێوەندییەکانی نێونەتەوەییدا.

**قۆناغی سێهەم**: قۆناغی پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو هەتا ئێستا.

**پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی:**

پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی وەک زانست، بە زانستی خوێندنەوە و توێژینەوەی پێوەندیی نێوان وڵاتە سەربەخۆکان، ریکخراوە نێونەتەوەییەکان، ریکخراوە ناحکوومییەکان دەگوترێ. تیئۆرییەکانی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی بەگشتی لە دوو رێبازی ئێپیستمولۆژیکی «پۆزیتیویزم» و «پەسا پۆزیتیویزم» دا جیدەگرن، گرینگترین تیئۆری پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی کە لە ئێپیستمولۆژی پۆزیتیویزمدا جیگیر دەبێ رێئالیزمە.

**ئەلف: رێئالیزم (realism)لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی:**

رێئالیزم (realism)وەک ئەندێشەیەکی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی پێداگرە لەسەر دەرکەوتە عەینی و مادییەکانی وەک هێزی نیزامی، دەسەڵاتی دەوڵەتەکان و هێژمۆنی حکوومەتەکان لە نیزامی نێونەتەوەییدا، بۆ مسۆگەر کردنی بەرژەوەندییەکان. ئەوان نیزامی نێونەتەوەیی بە چوار تایبەتمەندی پێناسە دەکەن:

١- نیزامی نێونەتەوەیی، نیزامیکی ئانارشیکە، نیزامی نێونەتەوەیی لە دۆخی کێشە و قەیرانی دائیمیدا بەسەر دەبا و هیچ ئەکتەرێک بەتەنیا ناتوانێ پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان ریکوپێک بکا، بەڵکە پێویستیان بە دۆست و هاوپەیمان هەیە.

٢- دەوڵەتەکان گرینگترین ئەکتەر و کایەکەری پێوەندییەکانی نێونەتەوەیین.

٣- هەموو ئەکتەرەکانی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی کایەکەرانێکی ژیرن و ژیرانە هەڵسوکەوت دەکەن( ئەوە بەو مانایە نیە کە دەوڵەتەکان هەڵە ناکەن یان شکسست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناخۆن، بەڵکە بەو مانایەیە کە بە پشتبەستن بە داتا و زانست هەڵسوکەوت دەکەن)، دەوڵەتەکان خوازیاری بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیین و هەمووشیان حەول دەدەن زۆرترین بەرژەوەندی مسۆگەر بکەن.

٤- هەموو ئەکتەرەکانی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی بیر لە بەردەوامی و مانەوەی خۆیان دەکەنەوە.

لە راستیدا ریئالیزم نەریتیترین تیئۆری و خوێندنەوە لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەییە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تۆسیدید و کتێبی مێژووی شەڕی پلۆپنزی، ئەو تیئۆرییە بەو تایبەتمەندیانەوە بۆتە بنەمای دیپلۆماسی و پێوەندی گرتنی بەرپرسانی قۆناغی یەکەمی دیپلۆماسی حیزبی دیموکرات لەگەڵ حکوومەت و دەوڵەتانی دەوروبەر (هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەوان زانست و زانیاری زانستیان لەسەر تیئۆرییەکانی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی و یەک لەوان ریئالیزم هەبوە).

**ب: ئارمانخوازی (Idealism) لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی:**

بنەمای سەرکیی ئەندێشەی ئارمانخوازی (Idealism) لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی بەپێچەوانی ریئالیزم نەک هێژمۆنبوونی دەسەڵات و مسۆگەرکردنی زۆرترین بەرژەوەندی، بەڵکوو ژیان و خزمەت بە کۆمەڵگەی جیهانی بە کەڵکوەرگرتن لە ئیدەی ئیمکانی پێکەوەژیانی دوور لە شەڕ و کێشەی نەتەوەکانە. ئیدئالیزم لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێوەندی بۆ ئەو مەبەستە باشترین و ئیدئالترین کەرەسەیە بۆ لێکتێگەیشتن و ئاشتیی نێوان نەتەوەکان، کەوابێ گرینگترین جیاوازیی ئیدەئالیزم لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی لەگەڵ ریئالیزم، پێداگری ریئالیزم لەسەر دەور و بەرژەوەندیی دەوڵەتەکانە و بەپێچەوانە پێداگری ئیدەئالیزم لەسەر دەور و بەرژەوەندیی نەتەوەکانە. ئارمانخوازی لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی ریشە و بنەمای لە نەریتی رۆشنگەری سەدەی هەژدەهەم دایە کە لەسەر ئەو باوەڕەیە، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیی، کردوە و کرداری مرۆڤەکان پێکدێنێ و بۆ گۆڕینی کردار و کردەوەی مرۆڤەکان پێویستە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە بگۆڕدرێ، بە پێچەوانەی ریئالیستەکان کە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بە سەرکوت و هێزی نیزامی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەسەڵات دەکرێ ئاڵوگۆڕ سازببێ. ئاڕمانخوازەکان بەپێچەوانەی ڕیئالیستەکان کە نیزامی نێونەتەوەیی بەردەوام ئانارشیک فەرز دەکەن، لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەستێنی سیاسی دەکرێ لە ڕێی پێکهێنان و پەرەگرتنی ڕێکخراوە ناحکوومی و نوێیە نێونەتەوەییەکان ئاڵوگۆڕی بەرسەردا بێ. ئاڕمانخوازەکان بە پێچەوانەی ڕیئالیستەکان لەسەر ئەو باوەرەن کە نەتەوەکان خوازیاری ئاشتی و پێکەوەژیانن و ئەوەش بێگومان لە ڕێی سەرهەڵدان و بنیاتنانی حکوومەت و دەسەڵاتی دێموکراتیک مسۆگەر دەبێ. کەوابێ بەگشتی دەکرێ تایبەتمەندییەکانی ئاڕمانخوازەکان لە ئاستی پیوەندییەکانی نیونەتەوەیی بەو شێوەیە دەستینشان بکرێ:

**ئەلف: گرینگیدان بە نەتەوە لە بەرامبەر دەوڵەت و حکوومەت.**
**ب: گرینگیدان بە بنەماکانی زەینی و غەیرە مادیی دەسەڵات.**
**پ: مومکین بوونی ئاڵوگۆڕ ساز کردن لە نیزامی نێونەتەوەیی لە ڕێی گەشە و پەرەی ناوەندەکانی نێونەتەوەیی و ناحکوومی.**
**ج: کۆمەڵگەی نیونەتەوەیی و نەتەوەکان خوازیاری ئاشتی و پێکەوەژیانن.**
**چ: گەیشتن بە سوڵح و ئاشتەوایی لە پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی لە ڕێی سەرهەڵدانی دەسەڵاتە دێموکراتەکان مسۆگەر دەبێ.**

شەهید دوکتور قاسملوو وەک مێعمارێکی مۆدیرن و خاوەن هزر، کاتێک دروشمی ستراتیژیکی «دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»ی هەڵبژارد، باش دەیزانی کە تەنیا ڕێگای مسۆگەر بوونی مافی کورد لە سیستمێکی دێموکراتیک دایە. ئەو بە هێنانەگۆڕی تێزی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەر بەو جۆرەی ئاڕمانخوازەکان پێشنیاریان کردبوو کە گۆرینی بەستێنی سیاسی دەبێتە هۆی گۆڕانی تاک و کردوەی تاک، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سیستمێکی پەرەپێدەری عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دێموکراتیک دەتوانێ هەم لە ئاستی نێوخۆیی قەیرانی مافی تاک و کۆمەڵگە چارەسەر بکات و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییش‌دا دەتوانێ بنیانەری جیهانێکی ئارام و دوور لە شەڕ و قەیران بێ. لە ئاستی نێونەتەوەیی و دیپلۆماسی‌دا شەهید دوکتور قاسملوو هەر بەو جۆرەی کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکی وەک ئانتی‌تێزی کاپیتالیزم و کۆمۆنیزم لە ئاستی نێوخۆیی هێنایە ئاراوە، بە هەڵبژاردنی ئورووپا وەک ناوەندی دیپلۆماسی، لە ڕاستی‌دا ئانتی‌تێزێکی جۆغرافیایی لە بەرامبەر ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت دیاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد. دوکتور قاسملوو لە ئاستی نێونەتەوەییش‌دا مێعماریکی مۆدێڕنی دیپلۆماسی بۆ حیزبی دێموکرات و کوردی ڕۆژهەڵات بوو. شەهید دوکتور قاسملوو وەک نوینەری دەروونی نابەئاگای کورد، باش لە بیری بوو کە یەکێتی سۆڤیەت چۆنی پشت لە کۆماری کوردستان کرد و ئەمریکا چۆنی پشت لە شۆڕشی بارزانی کرد. دوکتور قاسملوو هەروەک ئاڕمانخوازەکان، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ڕیکخراوە ناحکوومی‌یە نێونەتەوەییەکان دەتوانن کاریگەریان هەبێ لەسەر گەیشتنی نەتەوەکان بە مافەکانیان و گەیشتن بە جیهانێکی ئارام و دوور لە پاوانکردنی مافی تاک و نەتەوەکان بە هۆی حکوومەتە پاوانخوازەکان و نەتەوەکانی‌تر؛ بۆیە هەموو حەول و هێزی خۆی خستە گەر بۆ چوونە نێو ڕیکخراوەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست و بە ئەندام بوون لەو ڕیکخراوەیەدا، کە هەڵگری هزر و ئەندێشەیەکی ئۆمانیستانە، ئەنترناسیونال و ئاڕمانخوازنە بوو. دوکتور قاسملوو وەک ئاڕمانخوازێکی ئەنترناسیونال، خوازیاری ئاسۆیەکی دوور لە شەڕ و گەیشتنی هەموو نەتەوەکان بە مافەکانیان و جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و ئەهوەنی بوو. دەشێ بگوترێ کە دوکتور قاسملوو بەرهەم و منداڵی ڕاستەقینەی سەردەم و ڕۆژگاری خۆی بوو کە بە دروستی لە ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم تێگەیشتبوو و حەولی دەدا کردار و کردەوەکانی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە هەماهەنگ بکات.

**سەرچاوەکان:**


١- دوئرتی، جیمز، رابرت فالتزگراف، نظریەهای متعارض در روابط بین الملل، مترجم: علیرضا طیب، وحید بزرگی، تهران، قومس، ١٣٨٣.

٢- رینولدز، فیلیپ الن، شناخت اصول روابط بین الملل، ترجمه: جمشید زنگنه، تهران، دفتر مطلعات سیاسی و بین المللی، ١٣٨٠.

٣- قوام، عبدالعلی؛ روابط بین‌الملل نظریەها و رویکردها، تهران، سمت، ١٣٨٠.

٤- کیسینجر، هنری، دیپلماسی، دوره دوجلدی، ترجمه: فاطمه سلطانی یکتا، رضا امینی، تهران، انتشار اطلاعات، ١٣٨٣.

٥- لینکلیتر، اندرو، آرمان‌گرایی و واقع‌گرایی، ترجمه: لیلا سازگار، تهران، وزارت امور خارجه، مرکز چاپ‌و انتشارات، ١٣٨٥.

٦- مشیرزاده، حمیرا، تحول در نظریەهای روابط بین الملل، تهران، سمت، ١٣٨٨


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتیساڵی: ٢٠١٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەهید دوکتور قاسملوو و دوو چەمکی «ئازادی» و «شەخسییەت»

**سمایل شەرەفی**

**قسەیەکی بەناوبانگی شەهید قاسملوو هەیە کە دەڵێ: «هیچ نێعمەتێک لە جیهاندا لە ئازادی بە نرختر نیە، ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان و ڕێگا نادا بکرێ بە مۆرە. ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتەدەر و ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ.»**

لێرەدا دوو چەمکی «ئازادی» و «شەخسییەت» بەشی سەرەکیی ئەو پەیامەن کە شەهید قاسملوو دەیهەوێ بیگەیەنێ. ناکرێ ئەم قسەیەی دوکتور قاسلموو تەنیا لە بەستێنێکی خەباتکارانە (سیاسی)دا بۆ قسە و باس لە سەرکردن کورت بکرێتەوە، بەڵکوو دەشێ لە هەموو بەستێنێکی کۆمەڵایەتیشدا – ئەوەی پێوەندیی ڕاستەخۆی بە ڕۆڵی تاکی ئینسانەکانەوە هەیە – ڕەچاو بکرێ و بە نموونە قسەی لە سەر بکرێ.

ئینسان چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ و چ وەک نەتەوە، کە نەتوانێ «ئازاد» بێ(بژیت)، ناتوانێ خاوەنی شەخسییەت (کەسایەتی)یەکی کامڵ بێ. لە ئەگەری وەها حاڵەتێکدا، ئەو نینسانە، ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیە بە هۆی ئازاد نەبوونیەوە، «ئیرادە»ی ئەوەی نیە کە «خۆی» بڕیار لە سەر «هەڵوێست» و «چارەنووس»ی خۆی بدا. بۆیە وەک «مۆرەیەک» ناچارە ملکەچ بێ. لێرەدایە کە شەهید قاسملوو بە ئەرزشەوە باس لە نێعمەتی ئازادی دەکا و پێی وایە شەخسییەت و کەسایەتیی هەر فەرد (ئینسان) و کۆمەڵ و نەتەوەیەک، پێوەندیی ڕاستەوخۆیی بە ئازادییەوە هەیە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە بە بێ «ئازادی»، ئینسان بەتاڵە لە شەخسییەت و کەرامەت.لە بەستێنە گەورە خەباتکارانەکەیشدا کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە «ئازادی»ی نەتەوەیەکەوە هەیە، هیچ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆفیرێک ناکا و ئەرزشگوزارییەکانی شەهید قاسملوو لێرەشدا هەر گرینگی و بایەخی خۆیان هەیە. نەتەوەیەک کە بیهەوێ کەرامەتی ئینسانیی خۆی وەدەست بهێنێ و، لە نێو گەلاندا، ئەویش ببێتە خاوەن شەخسییەت کە پێگە و جێگای ڕەوای خۆی هەبێ (پێبدرێ)، دەبێ سەرەتا هەوڵێ وەدەستهێنانی نێعمەتێک بە ناوی «ئازادی» بدا.

خەباتی مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاست لە سەر بنەمای ئەم تەعبیرە ژیرانەیەی شەهید قاسملوو بەڕێوە چووە. هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی «ئازادی» و «کەسایەتی» بەخشین بە میللەتێک کە سەرفەرازانە و زیندوو بژی، تایبەتمەندیی سەرەکیی خەباتی حیزبی دێموکرات بووە و هەیە.دامەزرانی کۆماری کوردستان لە سەر دەستی ڕێبەرێکی بەشەخسییەتی وەک پێشەوا قازی محەممەد، پیش هەموو شتێک کەسایەتی و شەخسییەتی بە تاکی کورد و بە بەشێک لە نەتەوەی کورد بەخشی. چونکی ئینسانی کورد هەستی بە «ئازادبوون» کرد و بە کردەوە هەستی بە بوون و ئیرادەی خۆی وەک ئینسان و وەک میللەتێک کە خاوەنی «خۆیەتی» کرد.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، ڕاستە ئینسانی کورد و نەتەوەی کورد «ئازادی»ی لێ زەوت کرا، بەڵام بەردەوامبوون لە خەبات بۆ سەربەستی و عەوداڵبوون بە دوای «ئازادی»دا، ئینسانی کورد و نەتەوەی کوردی هەر بە «بەشەخسییەت»ی و خاوەنی کەسایەتی هێشتەوە. کە بێگومان ڕێبەرانی «بەشەخسییەت»ی وەک شەهیدان قاسملوو و شەرەفکەندی و ئەوانی دوای ئەوان و، بە هەزاران ئینسانی بە "شەخسییەت" کە خۆیان لە کۆت و بەندی «ملکەچی» ڕزگار کرد و «ئازادانە» بۆ ئازادیی خاک و خەڵک تێکۆشان و بەشێکیان لە پێناو هەر ئەم «ئازادی» و «شەخسییەت»ەدا، «ئازادانە» و»بەشەخسییەتەوە» گیانیان بەخت کرد، لە درێژەدانی ئەم ڕێبازەدا ڕۆڵیان گێڕا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وانەکانی د. قاسملوو و شوێندانەرییان لە سەر حیزبی دێموکرات

**تەیموور مستەفایی**

**لە ساڵی ١٣٢٤ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا و عەبدولڕەحمان قاسملوو لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لە شاری ورمێ یەکیەتیی لاوانی دامەزراند و بەم چەشنە هەر لە مێرمنداڵییەوە پێی نایە دنیای سیاسەت و بە سیاسەت ئاشنا بوو.**

لە ساڵی١٣٢٧ بۆ خوێندن ڕووی لە پاریس کرد کە هاوکات لەگەڵ تەقەکردن لە حەمەڕەزا شا بوو، قاسملووی لاو کە ڕووخانی کۆماری کوردستانی بە دەستی ڕێژیمی پاشایەتی دیتبوو و لەگەڵ سیاسەت ئاشنا بوو، هەر چەند تەمەنی لە ١٨ ساڵ زیاتر نەبوو، لەپاریس لەنێو خوێندکارانی ئێرانیدا وتارێکی لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دا کە ئەم وتاردانە بوو بە هۆی تووڕەیی باڵوێزی ئێران لە فەرانسە و بەو هۆیەوە داوایان لە فەرانسە کرد کە عەبدولڕەحمان قاسملوو لەو وڵاتە وە دەر بنێن و بە هۆی پێوەندیی گەرمی نێوان فەرانسە و ئێران قاسملوو لە پاریس دەرکرا و ڕووی لە وڵاتی چێکۆسلۆڤاکی کرد. لەو ماوەیەدا کە لە فەرانسە بوو بە هاوکاریی چەند خوێندکارێکی کورد کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان لە ئۆرووپا دامەزراند. لە کاتی گیرسانەوەی لە چێکۆسلۆڤاکی بڕوانامەی لیسانسی لەو وڵاتە وەرگرت.

لە ساڵی ١٣٣١ بە هۆی پەرەگرتنی خەباتی خەڵکی ئێران و پێکهاتنی زەمینەی تێکۆشانی سیاسی لە نێوخۆدا، قاسملوو کە هزر و خولیای خەبات لە پیناوی مافی نەتەوەکەی لە مێشکیدا بوو، گەڕایەوە بۆ ئێران و بەهاوکاریی حیزبی توودە و چەند ئەندامێکی دڵسۆز کومیتەی کوردستانی حیزبی دیمۆکراتیان دامەزراندەوە و دەستیان دایە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی و هەروەها ڕێکخستنی لاوان لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. بە ڕوودانی کوودەتای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ ئەو بوارەی کە تاڕادەیەک بۆ ئازادییە دێموکراتییەکان ڕەخسابوو، لە نێو چوو و خەبات و تێکۆشانی قاسملوو و هاوڕێیانی کەوتە بواری نهێنییەوە.

لە جۆزەردانی ١٣٣٤ لە کەوتەرانی مەهاباد کۆبوونەوەیەک بۆ روونکردنەوەی چۆنیەتیی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. پاش ئەم ڕێکەوتە پۆلیسزدە بوونی حیزبی توودە بوو بە هۆی ئەوەی کە قاسملوو بتوانی هەڤاڵەکانی ڕازی بکات کە جیا لە حیزبی توودە و سەربەخۆیانە تێکۆشانی خۆیان درێژە پێ بدەن. بەشدارانی ئەم کۆبوونەوەیە کە ٧تا٨ کەس بوون بڕیاریان دا کە لەمەوبەدوا بە جیا و سەربەخۆ لە حیزبی توودە تێکۆشانی خۆیان درێژە پێ بدەن و ناوی ئەم کۆبوونەوەیان نا «کۆنفرانسی یەکەم». لێرەوە بوو کە د.قاسملوو بناغەی سەربەخۆیی حیزبی دانا و حیزبی دێموکراتی لە پاشکۆیەتیی حیزبی توودە هێنایە دەرەوە.

لە سالی ١٣٣٦ بۆ جارێکی دیکە عەبدولڕەحمان قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ چێکۆسلۆڤاکی و لە ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) پاش سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق د.قاسملوو جارێکی دیکە بە هیوای بووژاندنەوەی خەباتی حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و تا ساڵی ١٣٣٩ هەموو هەوڵێک دەدات تا ئەندامانی پەڕیوە بووی دەستی زۆرداریی ڕێژیمی پاشایەتی ڕێک بخاتەوە بەڵام لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو نابێت و لە ساڵی ١٣٣٩ (١٩٦٠) لە سەر فەرمانی حکوومەتی عێراق لەم وڵاتە دەردەکرێ و بۆ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ پراگ.

ساڵی ١٣٣٩ تا ساڵی ١٣٤٩ د.قاسملوو بێجگە لە دەرکردنی چەند ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی کوردستان و چەند پێوەندییەک بە ڕێبەرایەتیی شۆڕشی ٤٦-٤٧ (سولێمان مۆعینی، ئیسماعیل شەریفزادە) هیچ ئاگادارییەکی لە تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان نامێنێ. لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا بە پشتیوانیی ڕێبەرانی شۆڕشی ئەیلوول حیزبی دیمۆکرات دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەحمەد تەوفیق و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حیزب لە پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی دوور دەکەوێتەوە تا ئەو جێگایە کە لە کۆنگرەی دووەمدا کە ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٤) بە ڕێوە چوو، د.قاسملوو و چەند کەسێکی دیکە کە لە کادرە هەرە بە توانا و دڵسۆزەکانی حیزب بوون بە تۆمەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵبەستراوی سیخوڕی کە لە لایەن باڵی ئەحمەد تەوفیقەوە دەدرێتە پاڵیان، بە ناڕەوا لە حیزب دەردەکرێن.

کۆنگرە کەسانێک بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵدەبژێرێ کە بۆ خۆیان بەشداری کۆنگرە نەبوون، بۆ وێنە کاتێک کە هەواڵ بە مامۆستا هەژار دەدەن کە لەم کۆنگرەیەدا بۆتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بە پیکەنین و گاڵتەوە دەڵێ من نەک هەر ئەندامی حیزبی دێموکرات نیم، بەڵکوو هەر کوردی ئێرانیش نیم.

پاش کۆتایی هاتنی کۆنگرە، بە هۆی ناڕەزایەتی لە ئاکامی کۆنگرە، ئەندامانی حیزب بە سەر دوو بەشدا دابەش دەبن کە هە ر بەشێکیان دیفاع لە جەریانێکی کوردستانی باشوور دەکەن و ژمارەیەکی بەرچاویشیان واز لە تێکۆشانی سیاسی دێنن و ڕوو دەکەنە کار و کاسبی بۆ بژیوی ژیانیان.

ساڵی ١٩٧٠ پاش دەرچوونی بەیانییەی ١١ی ئازار و بە فەرمی ناسینی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی باشوور لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە جارێکی دیکە د.قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و وێڕای چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو ئەندامانی حیزب کە دانیشتووی عێراق و کوردستان بوون،

پێشنیاری یەکگرتنەوەیان پێ دەکات. لە ئاکامدا بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر، ڕیزەکانی تێکۆشەرانی دێموکرات یەک دەخاتەوە. لەو کاتەدا نە تەشکیلات بە مانای ڕاستەقینەی خۆی بوونی هەبووە، نە بەرنامە و پێڕەوێک کە لە چوارچێوەیدا پێوەندیی ئەندامانی حیزب پێکەوە دیاری بکرێت و نە ڕۆژنامە و پەروەردە کردنێک لە ئارادایە. هەوڵدان بۆ یەکخستنەوە و بە بەرنامە کردنی حیزب لە ڕاستیدا زیندووکردنەوەی حیزب بووە کە لەم پێوەندییەدا مەئموورییەت دەدرێ بە د.قاسملوو تا لە ماوەی ٣ مانگدا بەرنامە و پێڕەوێکی ڕێکوپێک ئامادە بکا و پاش جێبەجێ بوونی کارەکان بەرەو گرتنی کۆنفرانسێک بچن بۆ ئەوەی ڕەواییەک بدرێ بەو ڕێبەرییە.

کۆنفرانسی سێهەم ساڵی ١٣٥٠ لە شاری کۆیە بە ڕێوە چوو. لە گەڵاڵەکردنی بەرنامە و پێڕەو، دانانی ڕێبەرییەکی بەکۆمەڵ بۆ حیزب و... د.قاسملوو دەوری تایبەتی گێڕاوە. لەڕاستیدا ئامادەکردنی زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکانی پێوەندیدار بە کۆنفرانسەوە کە لەحیزبدا بە کۆنفرانسی زیندووکردنەوەی حیزب ناوبانگی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرکردووە، لە ڕێگای ئەوەوە بووە. ناوەڕۆک و خاڵە گرینگەکانی بەرنامە و پێڕەو بریتی بوون لە:

١- دانانی ڕێبەریی بەکۆمەڵ بۆ دەرکردنی بڕیاری بەکۆمەل

٢- دانی شوناسێکی سەربەخۆ بە حیزب و دووری کردن لە بەستراوەیی

٣- پەرەدان بە دێموکراسی چ نێوخۆیی بێت، یا لە دەرەوەی حیزب بێت

٤- پەروەردە و بارهێنانی کادر ئاڵقەی پێوەندی حیزب و کۆمەڵانی خەڵک

٥- دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان و تێکۆشەر بۆ چوارچێوەی فیکری دان بە حیزب و ئەندامانییە پەسەندکرانی ئەم بەرنامە و پێڕەوە لە ڕاستیدا حیزب دەکەوێتە قۆناغێکی نوێوە لە چوارچێوەی ئەم ساختار و بەرنامە و سیاسەتەدا حیزبی دێموکرات توانی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی مافخوازانە بکات کە لە ماکۆوە تا ئیلام لە دژی سەرکوت و داگیرکاری کۆماری ئیسلامی درێژەی هەبووە.

هاوکات لەگەڵ بەرەنگاری و پەلاماری هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی و شکستهێنان بە دەستووری جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد حیزبی دێموکرات لە خزمەتکردن بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ناوچە ئازادکراوەکاندا بە دانانی قوتابخانە بۆ منداڵان، کێشانی ڕێگاوبان، دانانی بنکەی دەرمانی لە ناوچە جیاجیاکان، دانانی سیستمێکی قەزایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خەڵک، دابەشکردنی زەوی و زار بە سەر جووتیارانی بێ زەویدا و هتد غافڵ نەبووە. ئەمە نیشانەی بەهێزیی ڕێکخراوی حیزب بوو کە بە بێ ئیمکانات ئەم کارانەی ڕادەپەڕاندن.

لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتکردندا د.قاسملوو فێری کردین تا سەر دێموکرات بین و هەنگاوێک نەکشێینەوە، فێری کردین بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ڕەوا لە کەرەستەی ناڕەوا کەڵک وەرنەگرین ئەمە ئەو پەڕی دووربینی لە سیاسەتدا بوو، واقێع بینی فێر کردین و گوتی نابێ لە سەر ئاوات و ئارەزوو سیاسەت دیاری بکەین، بەڵکوو دەبێ ڕاستییەکانی کۆمەڵگا بۆ دیاریکردنی سیاسەت لە بەرچاو بگرین. قاسملوو بێجگە لەو دەرسانە کە فێری کردین و نەسڵ لە دوای نەسڵ شانازیی پێوە دەکەین،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ناساندنی بزووتنەوەی کورد بە بیروڕای گشتیی جیهان دەستی دایە تێکۆشانێکی دیپلۆماتیکی بەرین و بوو بە باڵوێز و نوێنەری نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت. ئەو بە توانا و لیهاتوویی و زمانزانییەکەی توانی دەنگی مەزڵوومییەتی ئەم نەتەوەیە بە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی جیهان بگەیەنێت و دۆستی وا بۆ کورد پەیدا بکات کە لە ڕۆژی تەنگانەدا بتوانن بە هاواری کوردەوە بێن کە نموونەی بەرچاوی ئەو بە دەنگەوە هاتنە پاش کۆڕەوەکەی ساڵی ۱۹۹۱ی زایینی کوردستانی باشوور بڕیاری ناوچەی ئەمنی لێ کەوتەوە کە بە ئیبتکاری فرانسوا میتران و فەرانسییەکان بوو کە هەموویان دۆستی د.قاسملووی نەمر بوون. لێرەدا بیروڕای چەند کەسایەتیەک دەکەمە هەوێنی بابەتەکە و بەڵگەی نووسینەکەم.

کریس کۆچێرا لە پیوەندی لەگەڵ کەسایەتیی د.قاسملوودا دەنووسێ: «قاسملوو هیچکات خۆی تەنیا بۆ کوردستانی ئیران تەرخان نەکردبوو. ئەو هەرکات لەگەڵ ئۆرووپاییەکان قسەی دەکرد لە بارەی مەسەلەی کورد بە گشتی و ۲۵ میلیۆن کوردەوە قسەی دەکرد.

«جاناتان ڕێندل هەواڵنێری ئامریکایی دەنووسێ: «لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا بۆ ئۆرووپا قاسملوو لیستێکی بە من نیشان دا. کاتێک لە قاسملووم پرسی ئەم لیستە چییە و بۆ چییەتی؟ وتیان: ئەم لیستە پێوەندییان هەیە بە شار و گوندەکانی کوردستانی عێراقەوە کە عەمەلیاتی ئەنفال تێیاندا بەردەوامە و ئەم لیستەیەم بۆ وڵاتانی ئۆروپایی ئامادە کردووە».

لە کردنەوەی کۆنسوولگەریی فەرانسە لە هەولێر د.بێرنارد کۆشنێر وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی فەرانسە وتی وتەکەم بە یادی عەبدولڕەحمان قاسملوو دەست پێ دەکەم کە منی لەگەڵ کورد و کوردستان ئاشنا کرد.

نموونە لەم بارەوە یەکجار زۆرن بە سەدان ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەداری بەناوبانگی دیکە هەرکام بە شێوەیەک ستایشی زانایی و لیهاتوویی د.قاسملوویان کردووە و ڕایانگەیاندووە کە لە ڕێگای ئەوەوە لەگەڵ کێشەی کوردستان ئاشنا بوون.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەموو ئەمانە گرینگتر دەتوانین ئاماژە بە جێگیرکردنی سیستمی ڕێبەریی بەکۆمەڵ لە حیزبی دێموکراتدا لە لایەن شەهیدی نەمر د.قاسملووەوە بکەین کە ئەم شێوە ڕێبەرییە توانی دوای شەهیدبوونی د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی کە دوو کۆڵەکەی بەهێز و بێ هاوتا بوون لە حیزبی دێموکراتدا کە حیزب پاش ئەوانیش توانی درێژە بە ڕێبازەکەیان بدات. د.قاسملوو ئەزموونی لە بزووتنەوەکانی پێشووی کوردستان وەرگرتبوو کە بە هۆی ڕێبەریی فەردییەوە تووشی تێکشکان ببوون. هەر بۆیە بە هەموو توانایەوە دژی فەردپەرستی و ڕێبەریی فەردی هەرچەندە نەفەرەکە بەتوانا و دڵسۆزیش بووبێ، دەوێستایەوە و درووشمی جەمعگەرایی بەرز دەکردەوە. هەموو لە بیرمانە و بیستوومانە و وەک بەڵگە ئێستاش لە بەردەستدایە کە کاتێک گرووپی ٧کەسی لە حیزبی دێموکرات جیا بوونەوە لە میتینگی مەهاباد کە بەو بۆنەوە پێک هاتبوو بەشدارانی میتینگ دروشمی بژی د.قاسملوویان دەدا کە بێ ڕاوەستان خەڵکەکەی دەنگ دا و داوای لێ کردن ئەو دروشمە دووپات نەکەنەوە، لەوێ دەڵێ ماوەیەکە یەکترمان نەدیتووە و وادیارە ئێوە دروشمی حیزبی دێموکراتتان لە بیر چۆتەوە. حیزبی دێموکرات دژی فەردپەرستییە، دروشمی حیزبی دێموکرات درووود بەر دێموکراتە. بۆیە دەڵێم ڕێبەری بێ هاوتا تا دوا هەناسە ڕێبواری ڕێگاتین و بە دڵنیاییەوە دروشمی ڕێبوارانی ڕێگاکەت هەر بژی دێموکرات دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دکتۆر قاسملوو روحی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن و دیمۆکراتێکی کوردە!

**محەممەد سلێمانی**

٢٨ ساڵ لەمەوە بەر، دەسەڵاتی ئاخوندی بێمانای ئێران دیارترین مرۆڤی هاوچەرخی مێژووی سیاسی وڵاتی، واتە دکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێ لە گەڵ عەبدوڵا قادری ئازەر بەرپرسی پەیوەنییە نێونەتەوەیەکانی حیزب بە پیلانێکی تیرۆریستی لە سەر مێزی وتووێژی ئاشتی لە ڤیەن شەهیدکردن. ڕێژیمی ئاخوندی ئێران بەرپرسی زۆر بەی ئەو تیرۆرە سیاسیانەیە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتدا ئەنجامدراون و بەرنامەی زۆربەی تیرۆرەکان لە ناوندی بڕیاردانی تاراندا دەرچوون و ئێستا دەسەڵاتی خۆسەپێنی ئێران بکوژی هەموو قەتڵە سیاسیەکانە کە مرۆڤی زۆر گەورەی تێدا بۆتە قوربانی سیاسەتی دەپلۆسێنەرانەی ئاخوندەکان. دکتۆر قاسملوو بەروحی شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناسیۆنالیزمی مۆدڕن و دێمۆکراتیکی کورد ناسرابوو و، هەرلەوکاتەشدا ڕێبەری بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی و جەماوەری بەدژی حکوومەتی ناوەندی تاران لە کوردستان دەکرد و، توانیبووی نیگەرانی و دڵەڕاوکەی زۆر بخاتە نێو دڵی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران . ئەو نیزامەی کە پێک هاتەی فەلسەفەی لەسەر دژایەتی ئازادی و مافی سیاسی نەتەوەکانی وڵات دامەزرابوو و، بێزاری و هەوڵو خەباتی سیاسی و چەکداری لە زۆر بەی بەشەکانی وڵات بۆ مەبەستی خۆپاراستن و بەرگریکردن لە بەرانبەر ڕێژیمی ئاخوندیدا بە شێوەی دیار و بەربڵاو بەدوایخۆیا هینا و توانی خەونی دەسەڵاتی تاران بە خێرای لە گۆڕبنێت. بەڵام هەلومەرجی شۆڕش و بەرخۆدانی نیشتیمانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر دیارتر و بەرچاوتر خۆی دەنواند و هەربۆیەش حکوومەتی نیزامی ئاخوندی ئێران بەدوای ڕێگایەکدا دەگەرا هەتا بتوانێت بە پیلانێک خەباتی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەری حدکا و ڕۆڵی گەورە پیاوی مێژووی هاوچەرخی سیاسی ئێران و کوردستان دکتۆر قاسملوو لە نێوبەرێ بۆ ئەوەی ئەگەر نەشتوانن بڵاوە بە خەباتی کورد بکەن، بەڵام بەرەو لاوازی و ستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرن. ئەوەی گرینگ و جێگای شانازی و تێرامانە ئەوەیە کە قوتابیانی ڕێبەرانی شەهید توانیویانە ڕەوڕەوەی شۆڕش بەرەوپێشبەرن و ئیدامە بە شێوەکانی خەبات لە کوردستان بدەن. خەباتی قاسملوو بۆ وەدی هێنانی مافی سیاسی و نیشتیمانی گەلی کورد لە چوارچێوەی وڵاتی فرەنەتەوەیی ئێراندابوو و، بنەمافکریەکانی تێکۆشانی ڕێکخراوەی قاسملوو بەتەواوی دێمۆکراتیک و ئاشتیخوازانەبوون. ئەو هەوڵیدەدا بە ڕێگای سەقامگیرکردنی دێمۆکراسیدا مافی سیاسی هەموولایەک و یەک لەوان گەلی کورد پارێزراوبێت و کەس دەست ڕێژی نەکاتە سەر هۆئیەتی نەتەوەی لایەکەی تر. ئەو سیاسەت و بیرکردنەوە فراوان و مرۆڤ دۆستیە لە گەڵ ژیانی سیاسی و پاشکەوتوانەی ئاخەندەکان بەتەواوی دژ بەیەکبوون و، هەر بۆیەش بە هەموو شێوەیەک دژایەتیان دەکرد و بەدژی دەوەستانەوە و هەوڵیاندەددە لە بەینی بەرن. قاسملوو زۆر بە هێمنی بەرنامە و گەلالەی سیاسی و نەتەوەی بەمەبەستی چارەسەرکردنی پرسی سیاسی و نیشتیمانی کورد لە گەڵ کاربەدەستانی تاراندا هێناوبوویەوە گۆڕێ و لە زۆر بەی دیدار و چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنی و رادیۆ و ڕۆژنامەکاندا چ لە سەر ئاستی ناخۆ و دەرەوەدا ئەو پەیامەی ڕاگەیاندبوو کە « ئێمە دەمان هەوێت لە چوار چێوەی ئێران دا مافی سیاسی و نەتەوەی گەلی کورد دابین بکرێ و دێمۆکراسیش جێگربکرێ و هەموو بەشەکانی وڵات و جومگە سەرەکیەکانی حکوومەت بگرێتەوە». کاتێک کاربەدەستانی تاران تۆزێک جێگای پێیخۆیان قایمکرد لە تاران و چەند شار و ناوچەی دەورووبەری، دژایەتی مافەڕەواکانی کوردیان بە ئاشکرا ڕاگەیاند و هەتا فتوایی ٢٨ی گەلاوێژی لێکەوتەوە و کوشتن و بڕینی کوردیان بە خەزا و عەلازانی. حیزبی دێمۆکرات و ڕێبەری گەورەی شۆڕشی کوردستان زۆر ژێرانە توانی بەهاوکاری و دڵ گەرمی پێک هاتەی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی، پێشبەو پیلانەی دوژمن بگرێ و حدکا هەر لەسەرەتاوە رایگەیاند کە ڕێگای چارەسەرکردنی پرسی کورد و گەلانی دیکەی وڵات دەکرێ بە ڕێگای ئاشتی و دوور لە توندوتیژی چارەسەربکرێت. بەڵام کاربەدەستانی تاران ئەو بەرنامەیان بەڕێوەبرد کە خۆیان دایاننابوو ئەویش دوور لە ئاشتی و پێکەوە ژیانی فرەی لە وڵاتدا. دژایەتی سەرانی حکوومەت بۆ حیزب و شەخسی دکتۆر قاسملوو شتێکی نامۆ و سەیر نەبوو، چوونکی بیر و هزری ئازادیخوازی و دێمۆکراتیکی قاسملوو بەتەواوی ئەوانی توشی» شۆک و فەتای سیاسی و نزای» خۆیانکردبوو و بەروویەکەی دیکەیدا باشترە بڵێین نێوەرۆکی داخوازی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد لە گەڵ ویست و ئامانجی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنەپەرستانەی حکوومەتی ئاخوندەکانی ئێران نەدەگونجاو هەر دەبوو دژایەتی هەتا سەرئیسقانی لێبکرێ. ڕێژیم هەموو ڕێگاکانی بەدژی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی تاقیکردوە و نەیتوانی پێشی رەوتی خەباتی بەربڵاوی کورد بگرێ و، گەلی کورد بەشێوەی بەرچاو پشتگیری ئەو خەباتەیاندەکرد کە قاسملوو لە کوردستان ڕێبەری دەکرد. کاتێک لە تاران پیلانی ئەو تیرۆرکردنەیان دانا، زۆر باش دەیانزانی کە دکتۆر قاسملوو و حیزبەکەی گەورەترین مەترسین بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئاخوندەکان و ئەو دەسەڵاتەی کە بەزۆر خۆی بەسەر ئیرادەی گەلانی وڵاتدا فەرزکردەوە. ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کاتێکدا ئەو یادە بەرزو و مێژوویە ڕێزدەگرن هەتا بە وردی و جەوهەریانە دێراسە و خوێندنەوەی چەمکە سیاسی و فیکرییەکانی دکتۆر قاسملوو لە دڵ و هەستیاندا بە زیندووی ڕابگرن و لە پەند و ئامۆژگاریەکانی وانەی خەبات و بەرخۆدان فێربن. ڕۆڵەکانی دێمۆکرات لازمە بە ڕاسپاردە و بیری دکتۆر قاسملوو کە چەسپاندنی دێمۆکراسی و یەکگرتووی ڕێکخراوەی لە سەر بنەمای دێمۆکراتیک و بەر بڵاوی کرداری بوو، پەیڕەوی لێبکەن و هەموو لایەک بۆ بە هێزترکردنی و گەشەی خەباتی سیاسی و نەتەوەی هەوڵ و هەنگاوەکانیان یەکبخەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٧


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، رووخانی جیهانی دووجەمسەری و جیهانی تاك جەمسەری

شاهۆ حوسینی

## پێشەکی:

چەمکی جیهانی دووجەمسەری لەپاش کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و هەروەها قۆناغی عەمەلی، ئەم چەمکە لەخۆگری کلتوور و ئاماژەیەک لە ستراتژی و دەورەیەک لەپێوەندێکانی نێونەتەوەییە کە لەسەر لێواری کەلێنێکی ئادیۆلۆژیک لە نێوان کمۆنیست و لیبرالیسم دا جێگیر ببوون. یەکێتی سۆڤییەت و ویلایەتە یەکگرتۆکانی ئەمریکا وەک دوو ناوکی سەرەکی ئەو پێکهاتەیە بوون، حیزب و ریکخراوە چەپەکان رووی ستراتژی و سیاسەتیان، بنەمای هزری و کلتووری جوڵانەوە و خەباتیان، یەکێتی سۆڤیەت بوو، وە حیزب و رێکخراوە راست و ناسیونالیستەکان بنەمای هزری و کلتووری جوڵانەوە و سیاسەتیان ئەمریکا بوو. ئەو رەوتە هەڵبەت نەک تەنیا تێکهەڵچوونێکی ئایدۆلۆژیک، بەڵکە ئاراستەیەکی ناراستەوخۆی نیزامی و ژێئۆپۆلەتیکیشی لەخۆ گرتبوو، لەراستیدا ئەو کێبرکێیە لەچوارچێوەی پاراستنی هاوسەنگی هێز و دەسەڵات، پێش گرتن بەپەرە و هێژمۆنی لایەنی بەرامبەر و حەول بۆ هێژمۆن بوون لە پێوەندێکانی نێونەتەوەییدا بوو.

### کوردی رۆژهەڵات و جیهانی دوو جەمسەری

سەرهەڵدانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان ئەگەر وەک سەرەتای خەبات لەچوارچێوەی پێکهاتەیەکی مۆدێرندا پێناسە بکرێت، ئەوا دەشێ بگوترێت کە خەباتی نوێ و مۆدێرنی کورد لە سەردەمی جیهانی دووجەمسەر و هەرەتی بۆشایی ژێئۆپۆلەتیکی لە رۆژهەلات سەری هەڵدا، بەڵام هەر زوو بوو بەقوربانی پاراستنی هاوسەنگی دەسەڵات لەلایەن دووجەمسەری یەکێتی سۆڤییەت و ئەمریکاوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەجۆرێک کە باس لەوە دەکرێت کە شەری سارد لەپاش کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی لەقەیرانی کۆماری ئازەربایجان و کۆماری کوردستان‌را سەری هەڵدا و دەستی پێکرد. سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران و کۆڵەبارێک لە ئەزموون و تەجرووبەی ژیان و بوون لە وڵاتانی کۆمۆنیستی و دێموکراتی ئوروپی (کە بۆ دکتۆر قاسملوو بەستێنیکی باش بوو تا لە حیزبی تودە بە هزر و جەستە و لە یەکێتی سۆڤییەت بە زەین و عەلاقە دابریت و روو لە ئورووپای ناوەندی بکات کە نە چەپێکی تۆخ و رادیکاڵی وەک یەکێتی سۆڤێیەتە و نە کاپیتالیستێکی تۆخ و رادیکاڵی وەک ئەمریکایە) هەر زوو دکتۆر قاسملووی وەک رێبەریکی خاوەن هزر و گەلاڵە و حیزبی دیموکراتی وەک حیزبێکی پێشرەو دەر خست، هەر لەدرێژەی ئەو رەوتەش دایە کە بەنووسینی کوورتە باس و بە لەبەر چاوگرتنی دۆخی ئابووری، کلتووری و کۆمەڵایەتی کوردستان، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین و دۆخی دووجەمسەری جیهان، بە سۆسیالیسمی دیموکراتیک لەناوەندی هزری سیاسی جیهان‌دا بگیرسێتەوە. ئەوە لەکاتێک‌دایە کە میخائیل گۆرباچۆف ئاخرین سەرۆک‌کۆماری یەکێتی سۆڤییەتیش بەرەبەرە خەریکی پێکهێنانی رێفۆرمێکە لەناو یەکێتی سۆڤییەت‌دا لەژێر ناوی گلاسنۆست و پرۆستریکا.

گلاسنۆست وەک هەنگاوی یەکەمی رێفۆرمی گورباچۆف لە ساڵی ١٩٨٥ بۆ چاک سازی و رێفۆرم لەناو سیستمی سیاسی یەکێتی سۆڤییەت کە سیستمیکی دیکتاتۆری و داخراو بوو، هاتە ئاراوە، واتە گلاسنۆست هەنگاوێک بوو بەرەو کردنەوەی ئارامی فەزای سیاسی و تێپەران لەو کەشە داخراوە دیکتاتۆرەی پێشوو بوو.

پرۆستریکا وەک هەنگاوی دووهەمی رێفۆرمی گۆرباچۆف لە مانگی ژوئەنی ١٩٨٧ وەک رەوتێک بۆ رێفۆرم و ئاڵوگۆری لە سیستم و پێکهاتەی ئابووری یەکێتی سۆڤییەت‌دا هاتە ئاراوە کە سیستمیکی ئابووری کۆمۆنیستی و حکوومی بوو کە سیستمێکی گەندڵ و فەشەڵ بوو.

بێ گومان ئەو ئاڵوگۆریانە بۆ دکتۆری قاسملووی وریا و بیرمەند سیگناڵ گەلێکی روون و ئاشکران لە ئاڵوگۆری گەورە هەم لەناو یەکێتی سۆڤییەت و هەمیش لە جیهانی پێوەندێکانی نێونەتەوەیی و بەگشتی جیهانی دووجەمسەری‌دا، دکتۆر قاسملوو رەنگە پێش بینی ئەوەی دەکرد کە کردنەوەی دەرگاکانی سیاسی و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئابووری لە یەکێتی سۆڤییەت بەمانای کۆتایی عومری و پیکهاتەیەکی دەسەڵات داری و مۆدێلێک لە حکوومەت کردن لەناو بەشیکی بەرچاو لە ژێئۆپۆلەتیکی جیهان و هەر بەو پێیەش لەناو چوونی سیستمی پاراستنی هاوسەنگی هێز و دەسەڵات لە پێوەندێکانی نێونەتەوەیی‌دایە، ئەو بەژیری و بە وریایی رەنگە پێش بینی ئەوەی دەکرد کە ئامریکا وەک تاک جەمسەری زلهێزی جیهانی دەبێتە ناوەندی زۆر گەڵاڵە بۆ ئاڵوگۆری لە رۆژهەڵاتی ناوین، بۆیە رەنگە هەستی بەوە دەکرد کە کوردی رۆژهەڵات پیویستی بە لۆبیکی بەهێز هەیە لە ئەمریکا بۆ شوێن‌دانەر بوونی لۆبی کورد لە ئەورووپا لەسەر ئاڵوگۆڕێکانی رۆژهەڵاتی ناوین، واتە وەک تەواوکەری لۆبی کورد لە ئورووپا و بۆ بەهێزتر کردنی لۆبی کورد لە ئورووپا، بۆیە سەردانی ئەمریکای بە زەروو دەزانی و گەڵالەی بۆ دارشتبوو، ئەوە لە کاتێک دابوو کە دکتۆر قاسملوو لە ١٣ ژووئیەی ١٩٨٩لە ویەنی پێتەختی وڵاتی ئوتریش شەهید دەبێت و لە ٢٥ دێسامبری ١٩٩١ یەکێتی سۆڤییەت دەرووخێت و جیهانی دووجەمسەری دەچتە باوەشی مێژوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوای ٢٨ ساڵ لە شەهیدبوونی ڕێبەرێك

**کەماڵ کەریمی**

٢٨ساڵ بەسەر شەهیدبوونی دوکتۆر عبدالرحمان قاسملوو ڕێبەری گەورەی گەلەکەمان تێپەڕی. لە دوای پێشەوا قازی محەمەد ئەو دووهەم ڕێبەری حیزب بوو کە بە دەستی تاوانبارانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا شەهید دەکرا و بەمجۆرە خەسارێکی گەورە لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوت. ئەم هەموو ساڵە ماوەیەکی زۆربوو کە گەلێک و حیزبێک بە بێ ڕێبەرێکی لێهاتووی وەک قاسملوو، ژیانی سیاسیی تێپەڕ بکا و دەکرا زۆر شت لە بیربباتەوە، کەچی لە دوای ئەو هەموو ساڵانە نە تەنیا هیچ شتێک لە بیر نەکراوە؛ بەڵکوو ساڵ بە ساڵ زیاتر گەلەکەمان، نەتەوەکەمان و دۆستەکانمان بە خەم و پەژارەیەکی زۆرترەوە بیر لەو ڕۆژە دەکەنەوە و بە جۆش و خرۆشێکی لەبنەنەهاتوو هەستی خۆیان بۆ ئەو خەسارە گەورە دەردەبڕن.ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەی دەستی تێرۆری دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، گیانی ئەو گەورە پیاوەی لە نەتەوەکەمان ئەستاند، ئیستا بووەتە ڕۆژی دەربڕینی ڕق و توورەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لایەنگرانی ئاشتی و مرۆڤایەتی بەرامبەر بەو کردەوە دژی ئینسانییە. ئەوان دەیانەوێ بە دنیا بڵێن، ئەگەر قاسملوو بە جەستە لە نێویاندا نەماوە بەڵام ڕۆحی باڵی کێشاوە بەسەر ڕۆژهەڵاتدا و ژیانی سیاسی و داهاتووی ئەو گەلە بەبێ یاد و ناوی قاسملوو مانای نیە. لە خۆڕا نیە هەتا ئێستاش و بە دڵنیاییەوە هەتا سەرکەوتن بە سەر دەسەڵاتدارانی بکوژی قاسملوودا و وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەو، دروشمی قاسملوو، قاسملوو، ڕێگەت درێژەی هەیە دروشمی سەر زاری خەڵکی کوردستانە بۆ دەربڕینی نارەزایەتییەکانیان لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

**بەڵام بۆ؟**

مێژووی تێکۆشانی د.قاسملوو، هەر لە سەرەتای دەسپێکردنی ژیانی سیاسیی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و، هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی بۆ خستنە بەرچاو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و جێبەجێکردنی بەرنامە و پڕۆژە سیاسییەکانی حیزب لەلایەک و هەروەها توانایيە زانستی و سیاسییەکانی ناوبراو، لەسەریەک د. قاسملوویان کردبوە کەسایەتییەکی دیار لە نێو حیزبی دێموکرات و دواتر لە نێو بزووتنەوەی کورددا.

لە باری کار و بەڕێوەبەریی ئەرکی حیزبیدا، تواناییەکان و بەردەوامی قاسملوو لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا، زۆر زوو دەوری حاشاهەڵنەگری ئەویان وەک ڕێبەرێک سەلماند. لە باری سیاسیشەوە تێگەیشتنی سەردەمیانەی ئەو کە بەدووربوو لە هەرچەشنە دەمارگرژی و ئایدیۆلۆژی پەرەستییەک، وایکردبوو کە لەهەر زەمانێکدا کە حیزبەکەی و بزووتنەوەی کورد لەگەڵ پرسێکی تازەی سیاسی بەرەوڕوو دەبۆوە، هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات بە ڕێبەری قاسملوو دەبوونە سەرەتایەک بۆ گۆڕانێکی جیدی لە کاری فیکری و سیاسیدا. هەرچەند لەو سەروبەندەدا کە بە شێوەیەکی دەمارگرژانە شەڕی ئایدیۆلۆژییەکان لە ئارادابوو زۆرجار لە لایەن هێندێک تاقم و گرووپی دژبەریەوە هێرش دەکرایە سەر ئەو بۆچوون و هەڵوێستانە، بەڵام بە تێپەڕبوونی زەمان هەموو تێدەگەیشتن کە د.قاسملوو بە پشتبەستن بە تێگەیشتنە زانستی و فیکریەکانی، سیاسەتەکانی دادەڕێژێ و ئەو بوو کە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵات تێدەگەیی.

لە لایەکی دیکەشەوە، د.قاسملوو زۆر بە باشی ئاگاداری جێگەوپێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بوو کە لە درێژەی خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی تێکۆشەرانی دێموکراتدا، متمانەی تەواوی خەڵکی کوردستانی بەدەست هێنابوو. هەر بۆیە کاتێک کەسایەتییەکی مەزنی وەک قاسملوو پاش دوو دەیە، وەک ڕێبەری ئەو حیزبە دەگەڕێتەوە نێو باوەشی خەڵکەکەی، زۆر زوو متمانەی پێدەکرێ و پشتیوانی جەماوەری بۆ ساز دەبێ. ئەو بەباشی لەوە تێگەیشتبوو کە ئەو متمانەپێکردنەی خەڵکی کوردستان، ئەرکی حیزبەکەی قورستر کردوە و بەو پێوانە دەبێ سیاسەت بکا. لە خۆڕا نەبوو کە هەرکات پرسێکی گرینگی سیاسی دەهاتە پێش د.قاسملوو بە هەست پێکردن بە بەرپرسیاریەتیی حیزبەکەی لەئاست بەرەوپێشبردن و بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی بزووتنەوەی کورد و ئاگاداربوون لە پشتگیری خەڵکی کۆردستان قسەی نەتەوەیەکی دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی لە مەیداندا و بە کردەوە ڕێبەریی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی لەبەرانبەر ڕێژیمێکی جینایەتکاردا دەکرد، وەک ڕێبەرێکیش هەوڵی دەدا دوژمنەکانی ڕازی بکا بەوەی کە کێشەی کوردستان بە شەڕ چارەسەر نابێ. خەڵکی کوردستان لەمە تێگەیشتبوون کە ڕێبەرەکەیان لەبەر دەستەوەستانی و بێدەسەڵاتی نیە کە بەردەوام پەیامی ئاشتی بڵاو دەکاتەوە بەڵکوو جیا لە باوەڕی قووڵی بە ئایدیاکانی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری کێشەکان، بەشێکی لەبەر پاراستنی نیشتمان و خەڵکەکەی بوو لە ئاگری شەڕ، کە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی وتووێژەوە هەلێک بۆ دابینکردنی مافەکانیان بەدەست بێنێ. ئەگینا ئەو باش دەیزانی کە تێکۆشەرانی کوردستان و بە تایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات هەرگیز لە بەرانبەر دەسەڵاتدارانی زۆرداری کۆماری ئیسلامیدا چۆک نادادەن و هەروەک ئیستاش دوای تێپەڕبوونی ٢٨ ساڵ بەسەر شەهیدبوونیدا، وەفادار بە فکر و ئەندیشەکانی قاسملووی ڕێبەریان، لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان بەردەوامن.

لایەنێکی بەرجەستەی دیکەی کەسایەتی دوکتور قاسملوو، دەوری ئەو بوو لە گەیاندنی پەیامی خەڵکی کوردستان بە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان. قاسملوو تاکە کەس بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە هۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ حیزب و کەسایەتییەکانی ئوروپایی ببووە زمانحاڵی کوردستانی دێموکرات و ئازادیخواز. لە ماوەیەکی کورتدا خەڵکی کوردستان دیتیان کە بە هۆی قاسملووی ڕێبەریانەوە بێ پشتوپەنا نین و دەنگیان سنوورەکانی بەزاندوە و تەنانەت تیمەکانی ڕۆژنامەنووسی و یارمەتی تیمە پزیشکییەکانی دوورەوڵاتانیان لە نێو خۆیاندا دەدی. هەر ئەو بوو کە توانی هاوخەمی و سۆزی خەڵک لە ئورووپا بۆ خەڵک و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێنێ کە بۆ هەتا ئێستاش ئیعتیبار و پشتیوانیەکە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتە ڕەواکەی.

بەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکەش دوکتور قاسملوو لەدوای ٢٨ ساڵ لە شەهیدبوونی، سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی، ڕێبەری و بەردەوامبوونی، فکر و ئەندیشەکانی و ئامادەبوونی بۆ فیداکردنی گیانی لە پێناو ئامانجەکانی گەلەکەیدا، ئیستاش ڕێبەرێکی زیندووە و خەڵکی کوردستان لەسەر درێژەدانی ڕێگەکەی سوورن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوردستانی ئێران؛ قاسملوو و بۆسەی ڤییەن

کریس کۆچێرا

**ڕۆژی ١٣ی ژووئیە، عەبدوڕڕەحمان قاسملوو، کوردی ئێرانیی دژبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە دوو گوللە کە لەسەری دران، لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی لە باڵەخانەیەکی ڤییەن کوژرا.**

**قاسملوو ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی دەکرد. دە ساڵە سوپای ئێران شەڕی بەسەر «پێشمەرگە»کاندا سەپاندوە.**

دوای زنجیرە پێوەندییەک لەنێوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و بەرپرسانی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە دیسامبری ١٩٨٨ و ژانویەی ١٩٨٩دا، قاسملوو پێوەندیی بە مەئموورانی ئێرانەوە دەگرێ، یەکێک لەوان محەممەد جەعفەر سەحرارودی، جێگری ئیتتیلاعاتی بەشی دەرەوەی سوپای پاسداران لە کوردستانی ئێرانە کە لەوەختی تەقەکردنەکەدا بریندار دەبێ و لە نەخۆشخانە دەخەوێندرێ، پۆلیسی ئوتریش ڕێگای دەدا لە نەخۆشخانە بچێتە دەرێ و پەنا بەرێتە بەر باڵیۆزخانەی ئێران لە ئوتریش و دوایە ڕۆژی ٢٢ی ژووئیە خاکی ئوتریش بەرەو ئێران بەجێ بێڵێ. کەسی دووەم، بوزورگنیا (ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگنیا) لەلایەن پۆلیسەوە دەگیرێ و بۆماوەیەک لە گرتووخانەی پۆلیس دەبێ و دوایە حوکمەکەی هەڵدەوەشێ و دەگەڕێتەوە تاران. سێیەمین کەس، حاجی مستەفا لاجیوەردی، سەرۆکی سرویسی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێرانە کە توانی بێ گیروگرفت ئوتریش بەجێ بێڵێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەڵگەیەکی ناوازە

وتوویژ لەنێوان نێردراوانی تاران و ڕێبەرانی کورددا لەلایەن بەشدارانەوە تۆمار کرابوو. پۆلیس کاسیتەکانی لەدەستدا بوو،و دوایە دابوونی بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران. عەبدوڵلا حەسەنزادە سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆخۆی ڕێگای پێداین گوێیان لێبگرین. ئەمە بەڵگەیەکی ناوازەیە. بەبێگومان عبدوڕڕحمان قاسملوو هەرگیز ئاوا بە دڵسۆزییەکی وەستایانە تێگەیشتنی خۆی لە خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران شی نەکردۆتەوە.

پرسیار و وەڵامەکانی لایەنی ئێرانی کە بەدڵنیایی پێیان وا بوو هەرگیز ئاشکرا نابن، بەجۆرێک شێوەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی مێشکی ئەوان نیشان دەدا و دەری‌دەخا کە چەندە لەنێوان تێگەیشتنی سیاسیی مۆدێرن و بیروباوەڕی خەلیفە عەلی‌دا لە هاتوچۆدان.

پرسیار ئەوەیە داخوا پیاوکوژەکان پاش ئەوەی قسەی کوردەکانیان بیستوە بڕیاریان داوە بیانکوژن، یان لەجێدا بڕیاری کوشتنەکە پێشتر دراوە؟ تەنیا پرۆسەی دادگاییکردنی پیاوکوژەکان دەتوانێ وەڵامی ئەم بابەتە بداتەوە.

بەخوێندنەوەی دووبارەی ئەم بەڵگە ناوازەیە، دەکرێ ئەم سیناریۆیە پێشبینی بکرێ: کاربەدەستە ئێرانییەکان نەک هەر دەیانزانی کە حیزبی قاسملوو و بزووتنەوەی کوردی ئێران بە زەبرەکانی سوپای ئێران و لەتبوونی تازە لە ساڵی ١٩٨٨دا زۆر لاواز بووە، بەڵکوو دەیانزانی کە ویستی قاسملوو گەیشتن بە چارەسەرێک لە ڕێگای وتووێژەوە بوو، ڕەنگە ئەوان هیوادار بووبن کە قاسملوو بە هەنگاوێکی نیوەچڵ ڕازی بێ: قانوونیکردنی حیزبەکەی. بەڵام قاسملوو پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە خودموختاریی کوردستانی ئێران بەڕەسمی لەلایەن ڕێبەرانی تازەی ئێرانەوە (خومەینی ٤ی ژوئەنی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کرد)، ڕابگەیەندرێ. شەوی ١٢ی ژووئیەی ١٩٨٩ مەئموورانی ئێران دوای یەکەم وتوویژ دەگەڵ قاسملوو، لەکاتی پێوەندی لەگەڵ بەرپرسەکانیان لە تاراندا فەرمان وەردەگرن کە «بیانکوژن».

«سلام علیکم»، سەحرارودی ڕادەگەیەنێ: «ئێمە پێکەوە بڕیارمان دا کە ئەم دیدارە دەبێ بەتەواوی نهێنی بمێنێتەوە، چونکە دوژمنان نایانەوێ ئەم مەسەلانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چارەسەر بکرێن». لەدرێژەدا سەحرارودی بەڕاشکاوی دەڵێ: تەنانەت لەنێو دەوڵەتی ئێرانیشدا کەسانی وا هەن کە نایانەوێ ئەم جۆرە دیدارانە هەبن و لەنێو دەزگای بەڕێوەبردنی حکوومەتیشدا مومکین نیە بەئاشکرا لەوبارەیەوە قسە بکرێ.

عەبدوڕڕەحمان قاسملو ڕاستەڕێ باسی بابەتەکە دەکا: «لە دیدارەکەی پێشوودا ئێمە قامکمان خستە سەر دوو خاڵی بنەڕەتی یەکیان قبووڵکردنی ئەسڵی خودموختاری و دووەمیش ئیجازەی تێکۆشانی ئازادانەی حیزبی ئێمە لە وڵاتدا. ئێوە وەڵامتان دایەوە کە ئێستا ڕێبەرانی دەوڵەت موافیقی ئەسڵی خودموختاری نین، لەبارەی خاڵی دووهەمەوە، ئێمە لە دەفتەری سیاسی بە درێژی لەوبارەیەوە باسمان کردوە کە داخوا پێشمەرگە دەبێ چەک بکرێ یان نا؟ دەفتەری سیاسی بەو ئاکامە گەیشت کە مومکین نیە پێشمەرگە چەک بکرێ. ئێوە باش دەزانن کە پاش دەساڵ شەڕ و ئەو هەموو قوربانییە، ئەسڵی خودموختاری بۆ ئێمە گەڕانەوەی بۆ نیە. بە زمانێکی دیکە، ئەگەر ئێوە نێوەرۆکی ئەسڵی خودموختاریتان قبووڵە چ ترسێکتان لە بەکاربردنی ئەم وشەیە هەیە؟» (قاسملوو هەروا پێ لەسەر ئەسڵی ئۆتۆنۆمی دادەگرێ و نیشان دەدا کە پیاوێکە هەرگیز ئامادە نیە دەست لە ئەسڵی خودموختاری هەڵبگرێ). «بەرەی من بەرەی دێموکڕاسی و خودموختارییە» هەرلەوکاتەدا قاسملوو بەردەنگەکانی بۆ وتوویژ لەگەڵ خۆی بانگ دەکا و هۆشدار دەدا کە: «بەدڵنیاییی ئەگەر مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ دەبێتە هۆی برەوپەیداکردنی دروشمی سەربەخۆیی». لێرەدا سەحرارودی دەست بە قسە دەکا: «یەکەمین جارە کە لەنێو خۆماندا لەبارەی بۆچوونی ئیسلام بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی قسە دەکەین. ئێمە بۆ چارەسەری مەسەلەکانمان نە چاو لە خۆرئاوا دەکەین نە لە خۆرهەڵات بەڵکە حیساب لەسەر خۆمان دەکەین و لەو بارەیەوە ئامادەین بۆ گەیشتن بەدڵخوازەکانمان خۆمان بکەینە قوربانی.

لێرەدا قاسملوو دێتە نێو قسەکانی و دەڵێ : «ئەوکۆسپانەی بۆ ڕانەگەیاندنی ڕەسمیی خودموختاری ژماردتن منیان قانیع نەکرد» و لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: «ئێستا وەختی ئەوە هاتوە کە خامەنەیی و ڕەفسەنجانی کە نوێژی هەینی بەڕێوە دەبەن، مەسەلەی خودموختاری لە نوێژی هەینیدا ڕابگەیەنن». قاسملوو لێرەدا بەدرێژی تێگەیشتنی خۆی لە خودموختاری شی دەکاتەوە: «بۆ ئێمە چوار خاڵی بنەڕەتی هەن:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**یەکەم:** خودموختاری کە بەمانای لابردنی دەسەڵاتی مەرکەزی (واتە دابەشکردنی دەسەڵات)ـە،

**دووەمین:** مەسەلەی بنەڕەتی بۆ ئێمە زمانی کوردییە، زمانی کوردی دەبێ زمانی ڕەسمیی ناوچەی کوردنشین بێ،

**سێیەمین:** مەسەلە دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچەی خودموختارە، لەم بارەیەوە دەبێ هۆیەکانی جوغرافیایی و ئابووری و بەتایبەتی ویستی خەڵکی ناوچەکە لەبەر چاو بگیرێ، و ...

**چوارەمین مەسەلەش:** ئەسڵی دابینکردنی ئەمنیەتی ناوچەی کوردنشینە کە دەبێ بەدەست کوردەکانەوە بێ. ئەمانە ئەو چوار ئەسڵە گرنگەن کە ئێمە پێیانەوە پابەندین و شتێکی لەوە زیاترمان ناوێ. ئێمە لەبارەی جێبەجێکردنی ئەمانەوە زۆر واقیعبینین و بۆنموونە، دەزانین کە لە دیاریکردنی سنوورەکاندا، حەتمەن هێندێ ناکۆکی پەیدا دەبێ، بەڵام ئەگەر بناخەکە چارەسەر بکرێ کورد لەسەر وردەکارییەکان ئامادە نین شەڕ بکەن.

پاشان قاسملوو ئاکام وەردەگرێ کە: «گۆڕینی وشەی خودموختاری مومکین نیە. ئەم وشەیە بۆ گەلی کورد بارێکی ئیحساسی، مێژوویی هەیە. ئەمە سیمبولێکە. ئەگەر ئێوە نێوەرۆکی ئەم خودموختارییە قبووڵ دەکەن بۆچی پێ لەسەر گۆڕینی ئەم وشەیە دادەگرن؟ کاتێک ئێوە دەقێکی پیرۆز لە ئیسلامدا دەخوێننەوە بە «بسم الله الرحمان الرحیم» دەست پێدەکەن و وشەی خودموختاری بۆ ئێمە وەک «بسم الله الرحمان الرحیم» بۆ ئێوەیە. ئێوە خودموختاریتان قبووڵە بەڵام «بسم الله الرحمان الرحیم» نا».

لێرەدا وتووێژکەرە ئێرانییەکان دەڵێن کە لەوبارەیەوە دەبێ پێوەندی دەگەڵ تاران بگرن و بۆکاتی دیداری دواتریش سبەینێ بە تەلەفون خەبەر دەدەنەوە، ئەمە لەحاڵێکدا بەم قسانە هیوایەکی زۆر لەلای کوردەکان دروست دەکەن.

لە دیداری دواتـردا ڕۆژی ١٣ی ژووئیە، سەحرارودی دەڵێ پێوەندیی دەگەڵ «برادەران»ی تارانی گرتوە. «دوێنێ ئێوە گوتتان ئیمامانی نوێژی هەینی لە نوێژی جومعەی تاراندا لەبارەی خودموختارییەوە قسە بکەن، لێرەدا هێندێ گیروگرفت هەن،


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشنوێژ دەتوانێ قسە لەگەڵ خەڵک بکا بەڵام دەبێ بڵێم کە لەبارەی هێندێ مەسەلەوە ئێمە بۆچوونی جیاوازمان هەیە».

سەحرارودی لەبارەی ئەوەی لەنێو حکوومەتدا مەسەلەکان چۆن ڕایی دەکرێن دەست دەکا بە درێژدادڕی و دەڵێ: «دیارە ئێمە هێندێ گیروگرفتمان هەن، بۆ وێنە لەبارەی نەخشی بازاڕەوە دەیان ساڵە تووشی ئەو باسەین کە هێندێک پێیان وایە نابێ دەستی بازاڕ لە کۆنترۆڵی ئابووریدا ئاوەڵا بکرێ، و دەبێ هەژاران وەک چینێکی ژێردەست ببینرێن. ئەمەش ڕۆژگارێک بوو کە هێشتا ئیمام مابوو و بەوە کە گوتی ئیسلام لایەنگری سەرمایە نیە، مەسەلەکەی چارەسەر کرد. هەروا ئەوە کە نەخشی ئیسلام کۆنترۆڵی دەوڵەت نیە، بەڵکوو نێوبژیوانە. ئەم سێیەمین بۆچوونەش نەزمی خۆی هەیە، لێرەدا دەمەوێ نموونەی بازرگانیی دەرەوەتان بۆ بێنمەوە کە سێ جار مەجلیس ڕەتی کردەوە و بەناچار مەسەلەکە درا بە ئەنجومەنی بەرژەوەندی (کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام).

ئێستا بێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری.. ئەمەش ڕاست وەک مەسەلەی ئابوورییە کە دوو بۆچوونی لەبارەوە هەیە: یەکێک پێیوایە کە ڕاست وەک سەردەمی حەزرەتی عەلی (زاوای پێغەمبەر، خەلیفەی چوارەم)... کە وەک خەلیفەی موسوڵمانان حکوومەتی دەکرد بەڵام هێندێ ناوچە هەبوون کە ناویان ویلایەت (پارێزگا) بوو، کە «والی» (فەرمانڕەوا) کان دەسەڵاتێکی پتر لە خودموختارییان هەبوو. بەڵام ڕایەکی دیکە هەیە کە دەڵێ ئەمە پێوەندیی بە سەردەمی حەزرەتی عەلییەوە هەیە و ئەمڕۆ هەلومەرج گۆڕاوە. ئێمە لە گەمارۆی دوژمنان داین، وڵاتانی ئەندامی ناتۆ، ڕێژیمە کۆنەپەرستەکان، کە ناهێڵن خودموختاری بە ناوچەیەکی دیاریکراو ببڕێتەوە و هەوڵ دەدەن پەل بۆ هەموو جێیەک باوێژێ و سەرەنجام بگاتە جیابوونەوە. کەوایە خودموختاری مەسەلەیەک نیە کە بتوانی بە ڕاگەیاندنی لە نوێژی هەینیدا چارەسەری بکەی. مەسەلەی دووەم ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات لەحاڵێکدا دەیەوێ مەوقیعییەتی ئێستا بپارێزێ، هەر لەوحاڵەدا داخوازی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامییە، بەڵام ئەمە شتێکە کە بەباوەڕی من بۆ قبووڵکردن نابێ». لێرەدا سەحرارودی دووبارە میکانیزم و کارکردی کۆماری ئیسلامی بە درێژی شی دەکاتەوە: «بۆنموونە لەبارەی پێوەندییەکانی دەرەوە، پێش بڕیاردان چەند ساڵ قسەی لەبارەوە کرا. بۆ وێنە بۆ پچڕاندنی پێوەندی دەگەڵ ئەمریکا، یان دامەزراندنی پێوەندی دەگەڵ شووڕەوی تەنیا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕیاری تاقەکەسێک نەبوو، بەڵکوو دوو یان سێ و تەنانەت دەساڵی پێچوو کە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تازە لە شووڕەوی بڕیارمان دا پێوەندیی لەگەڵ دامەزرێنین. بۆ وای لێهات؟ چونکە دەگەڵ ئەفغانستان، پاکستان، وڵاتانی خەلیج و دەگەڵ خۆرئاوا گیروگرفتمان هەبوو. بەمجۆرە لە مەسەلەی خودموختارییشدا دەبێ ساڵانێکی دوورودرێژ قسە بکرێ و دڵنیام کە لە هەلومەرجی ئێستادا، ئەو خودموختارییەی ئێوە دەتانەوێ قبووڵ ناکرێ». ئەو نۆرەقسە دەداتە حاجی مستەفەوی.

حاجی مستەفەوی: «بسم الله الرحمان الرحیم... حیزبە کۆمۆنیستەکان تیئۆریی خۆیان لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتیی ستالین دادەنێن. عەرەبەکان دەڵێن: ئەمەش ڕوانگەی ئێمە. حیزبە سۆسیال دێموکڕاتەکان ڕێگای خۆیان هەیە بەڵام حکوومەتی ئیسلامی هەتا ئێستا لەبارەی مەسەلەی نەتەوایەتییەوە هیچ لێکدانەوەیەکی نەبووە. ئەگەر بتوانین کۆماری ئیسلامی بێنینە سەر لێکدانەوە سەرکەوتنێکی گەورە دەبێ. لە ئیسلامدا لەلای پێغەمبەر و جێنشینەکانی سوننەتێک هەیە، هیوادارم لەسەر ئەم مەسەلەیە ساغ بنەوە و بگەنە ڕێگاچارەیەک لەنێوان سوننەت و ئەو شتەدا کە ئێوە داوای دەکەن...» لێرەدا قاسملوو دەست بە قسە دەکا و موخالەفەتی خۆی دەگەڵ بیروڕای بەردەنگەکانی ڕادەگەیەنێ.

«ئێوە دەڵێن مەسەلەی بنەڕەتی نەک مەسەلەی خودموختاری بەڵکوو پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکڕات و کۆماری ئیسلامییە. ئێمە بۆ چارەسەری مەسەلەی خودموختاری هاتووینە ئێرە». قاسملوو بە درێژی ڕوونی دەکاتەوە کە مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەتوانێ شێوەی جۆراوجۆر بۆ وێنە سەربەخۆیی، فیدراڵیزم و خودموختاریی هەبێ. مەسەلەی ئێمە ئەوەیە بزانین کە بە هەرحاڵ کۆماری ئیسلامی نیازی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیی هەیە یان نا و ئەگەر هەیەتی دەیەوێ بە چ شێوەیەک جێبەجێی بکا. داخوا دەیەوێ خودموختاری بدا یان فیدراڵیزم بەرقەرار بکا و یان سەربەخۆیی قبووڵە؟ ئێمەی کورد چارەسەری مەسەلەکەمان لەسەر لانیکەم واتە خودموختاری داناوە. دەتوانین فیدراڵیزمیش قبووڵ بکەین. دیارە بەباوەڕی من لە سەرەتای ئیسلامدا جۆرێک فیدراڵیزم هەبوو. باشترە فیدراڵیزم هەڵبژێرین و بۆ نموونە یەکیەتیی کۆماری فیدراڵی ئێران پێک بێنین. ئێستا کە ئێوە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نە سەربەخۆییتان قبووڵە، نە فیدڕالیزم و نە ئۆتۆنۆمی مانای ئەوەیە کە ناتانەوێ مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر بکەن».

پاشان ئاکام وەردەگرێ کە لەوانەیە «سبەینێ ناوچەیەکی دیکە لە ئێران داوای خودموختاری بکا، کەوایە دەبێ ئازایانە مەسەلە نێوخۆییەکان بەپێی «اصول» چارەسەر بکرێن و قانوون لەبارەی هەمووانەوە بەڕێوە بچێ. ئەگەر ئەمڕۆ نەمانەوێ ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەین سبەینێ لە وڵاتدا بێسەرەوبەرەیی دروست دەبێ». دوای باسێکی کورت هەردوو لا وادەی دیدارێک بۆ ڕۆژی دواتر دیاری دەکەن. فازیل ڕەسووڵ نێوبژیوانی کوردی عێراقی ئاکام لە وتووێژەکان وەردەگرێ و دەڵێ: «یان هەر ئێستا ڕێکدەکەون و باس و وتووێژ بێشەڕ درێژەی دەبێ، یان بە درێژەدانی شەڕ وتووێژ بەرەوپێش دەبەن. بەباوەڕی من باشترە هەر ئێستا ڕێکبکەون. ئێستا بۆ ئەم کارە وەختێکی باشە، لەحاڵێکدا سێ ساڵ دواتر بارودۆخ دەگۆڕێ و پارسەنگی هێزەکان تێکدەچێ و ئیدی هەلومەرج دەگۆڕێ».

ئەمانە دوا وشەن کە دەبیسترێن، و هەرلەوکاتەدا دەنگی وێککەوتنی مێز و کورسییەکان دێتە بەر گوێ و دەنگی کپی هاویژرانی چوار گوللە و ئیدی هیچ... لەحاڵێکدا دراوسێیەکان بە ئاگاداریی سەحرارودی کە بۆخۆشی بریندار ببوو، پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار دەکەن، پۆلیس دێتە ئاپارتمانەکە و سێ تەرم دەدۆزێتەوە.

---------

**(لۆمۆند، یەکەمی ژانویەی ١٩٩٨)**

**(فرانکفۆرتێر- ئالگمانیە. ١٩ی ژانویەی ١٩٩٨)**

**(دێر ستاندارد، ٣٠ی ژانویەی ١٩٩٨)**

**وەرگێڕان (بۆ فارسی) سوهەیلا قاسملوو ١١ی ژوئەنی 2017**

**وەرگێڕان بۆ کوردی «کوردستان»**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ

سمایل بازیار

## قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ

٧٠ ساڵ پێش ئێستا لە فرۆکەخانەی مێهراباد لە تاران عەبدولڕەحمانی قاسملوو کە ئەو کات تازەلاوێکی ١٨ ساڵە بوو، سواری فڕۆکە دەبێ و بەرەو پاریس وەڕێ دەکەوێ. ئەمە سەرەتای سەفەرێکە کە ٤١ ساڵی خایاند. ئەو سەفەرە سیاسییە لە ١٣ی ژوئییەی ساڵی ١٩٨٩ بە گیان لەدەستدانی لەڤییەن لە پایتەختی ئوتریش کۆتایی پێهات.

ئەو کات کە ئەو سواری فڕۆکە بوو و بەرەو پاریس کەوتەڕێ، بۆ یەکەم جار بوو سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەکرد و بۆ یەکەم جاریش بوو پاریسی دەبینی و هەرگیز نە بەفکری ئەودا دەهات و نە بە فکری کەسی دیکەدا کە ٤١ ساڵی دی لەو شارە ئەو بە خاک دەسپێردرێ و ئەوێ دەبێتە مەزارگەی ئەو.

ئەو ٤١ ساڵە سەفەرێکی دوور و درێژە و چەند ڕەهەندێکی گرینگ لە ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی دوکتور قاسملوو دەگرێتە خۆ کە ئەمن لێرەدا تەنیا باس لە ڕەهەندێکی ژیانی سیاسی - فیکری دوکتور قاسملوو دەکەم.

ئەگەر بمانەوێ سیمای سیاسیی دوکتور قاسملوو وێنا بکەین، دوو هێڵی سەرەکی سیمای سیاسی و فکریی ئەو تەرسیم دەکەن. ئەو دوو هێڵەش نەتەوەیی بوون و عەداڵەتخواز بوونە، واتە چەپ بوونە و دەمەوێ بەو پرسیارە بچمە نێو باسەکە کە ئایا ئەو دوو هێڵە سەرەکییەش لەو ٤١ ساڵەدا وەک خۆیان مانەوە؟ یان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و گۆڕان، هەروەها ئامانج لەو باسە چییە؟ مەبەست ئەوەیە کە بڵێم ئینسان دەتوانی و دەبێ بگۆڕدرێ، ناکرێ هەر وا بە هێندێک شتی چەقبەستوو و دۆگم بنووسێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیە. ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم ئەو دوو گۆڕانکارییە گرینگەن لە ژیانی سیاسی و فکری دووکتور قاسملوودا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەم قۆناغی ژیانی سیاسیی دوکتور قاسملوو (١٩٤٧ - ١٩٧٠) بۆ ماوەی ٢٣ ساڵە. ئەو قۆناغە چۆنی پێناسە بکەین دوکتور قاسملو لەودا لە ڕووی فیکری و سیاسییەوە هەم چەپێکی کوردە و هەم چەپێکی ڕادیکاڵە، بەڵام دواتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و لە چەپێکی کوردەوە دەبێتە کوردێکی چەپ و لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەبێتە چەپێکی میانەڕەو.

چالاکیی سیاسیی د.قاسملوو بە حیزبی تودەی ئێران دەست پێدەکا بە ڕەسمی، هەرچەند پاشخانی چالاکیی لە سازمانی جەوانانی ئەو حیزبەدا هەبوو، بەڵام پێناچێ زۆر جیددی بووبێ. چالاکیی ئەو لە حیزبی تودەدا بە گەیشتنی بە فەڕانسە و لەم وڵاتە دەست پێدەکا، دیارە براکەی «ئەحمەد قاسملوو» پێشتر لە فەڕانسە بووە و ئەندامی حیزبی تودە بوو.

دیارە چەپبوونی دوکتور قاسملوو پاشخانێکی دوورتری هەیە و ئەو کات کە لە تارانیش قۆناغی دواناوەندیی دەخوێند، سیمپاتیی بۆ چەپ هەبوو، ئەو هەم بە کردەوە چەوسانەوە و ڕەنج و کوێرەوەری جوتیارانی گوندەکەی خۆی دەبینی کاتێک کە بۆ پشووی هاوین دەچووە گوندی قاسملوو و هەم لە دواناوەندیدا لە تاران بەهۆی مامۆستایەکی قوتابخانەی ئاشنا ببوو بە کتێب و نووسراوەی ڕێبەرانی چەپ وەکوو لێنین.

د.قاسملوو بۆ چەپ بوو؟ لەو کاتەوە کە مرۆڤ خۆی ناسیوە هەمیشە دەغدەغەی یەکسانی و عەداڵەتی بووە. مرۆڤ هەموو کاتێ عەوداڵی عەداڵەت بووە. هەر ئایدۆلۆژییەک بانگەوازی یەکسانیخوازیی کردبێ و خۆی بەوە باسەوە خەریک کردبێ، لای خەڵک سەرنجڕاکێش بووە و خەڵک وەدووی کەوتوون. چەپیش یەکێک لەو ئایدۆلۆژیانەیە کە نە تەنیا خۆی بە مەسەلەی یەکسانی و عەداڵەتەوە خەریک کردوە، بەڵکوو بانگەشەی عەداڵەت و بانگەشەی یەکسانی و بەرابەری دەکا، هەر بۆیە جەزابیەتی زۆرە بەتایبەت بۆ ڕوناکبیران و بە تایبەتیتر بۆ کورد. چونکی کورد هەمیشە و بە درێژایی سەدان ساڵە زوڵمی لێکراوە و کەوتۆتە بەر تیغی غەدر، بۆیە هەمیشە عەوداڵی ئایدۆلۆژیایەک بووە کە بتوانێ ئەو یەکسانییە و ئەو بەرابەرییەی بۆ دابین بکا و ئەو زوڵمەی لێی دەکرێ، ئەوەی لەسەر بڕەوێنێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا با بپرسین کە لە بنەڕەتدا فەزای سیاسیی ئەوکات چۆن بوو؟ فەزای ئەو کات و ئەو سەردەمە و گوتاری سیاسیی ئەوکات موتەئەسیرە لە ئەندێشەی چەپ. واتە گوفتومانی چەپ بەسەر کەش و هەوای فیکریی ئەو سەردەمەدا زاڵە و تەنانەت کاریگەریی کردووەتە سەر هێزە ئیسلامییەکانیش، با نموونەیەک بێنینەوە لە ڕێکخراوێکی کوردی، لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

کۆمەڵەی ژ - کاف ڕێکخراوێک بوو نەتەوەیی - ئیسلامی. یەک لە چوار کۆڵەکەکان کە ژـ کاف لەسەری ڕاوەستاوە ئیسلامێتییە، بەڵام دەبینین ئەندێشەکانی چەپ لەو ڕێکخراوەیەشدا ڕەنگی داوەتەوە و لە نۆ ژمارەی گۆڤاری نیشتماندا کە هەر نۆ ژمارەی بەرگی یەکەمی بە ئایەتەکی قورئان چاپ بووە، لە سێ ژمارەیدا لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ وتاری تێدایە و، عەکسێکی لینینی تێدا بڵاو بۆتەوە کە تەواوی لاپەڕەیەکی گۆڤاری نیشتمانی گرتووە و هەروەها شێعرێکی تێدایە کە بە لینینیدا هەڵکوتووە.با نموونەیەکی دیکە بە ئێران بێنمەوە. «نهضت خداپرستان سوسیالیست» یەکەم ڕێکخراوی ئیسلامی بوو لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئێران پێکهات، ئەو ڕێکخراوەیەی دواتر بوو بە نیهزەتی ئازادی؛ دەبینی ناوەکەی بەخۆوەیەتی و بۆ خۆیان دەڵێن بزووتنەوەیەکی خوداپەرستن بەڵام لە عەینی کاتیشدا سوسیالیستن.

سازمانی موجاهدینی خەلق ئەو ڕێکخراوەیەی لە ساڵەکانی ١٣٤٣ - ١٣٤٤دا پێکهات. سازمانی موجاهدین ڕێکخراوێکی ئیسلامییە، بەڵام ئەندێشەکانی مارکسیستی بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە لەو سازمانەدا قەبووڵ کراوە.

یەکێک لە ڕێبەرەکانیان بەناوی مەحموود عەسکەری‌زادە کتێبێکی هەبوو بە ناوی «اقتصاد به زبان ساده» ئەوە لە شانەکانی سازمانەکانی چەپ وەک دەرس دەگوترایەوە و دەخوێندرا. یان دوکتور عەلی شەریعەتی، ئیدئۆلۆگی بەناوبانگی شۆڕشی ئیسلامی، ئەو کەسەی سوخەنرانییەکانی لە حوسەینییەی ئێرشاد بە ناوبانگن و بوون بە کتێب؛ بەڵام ئەندیشەکانی شەریعەتی هەم کاریگەریی مارکسیزمی بەسەرەوەیە و هەم کاریگەریی ئیگزستانسیالیزمی بەسەرەوەیە؛ یانی شەریعەتی هاتووە ئەندیشەکانی مارکس و ژان پۆل سارتری لەگەڵ دین تێکەڵ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردوە، کەوابوو ئێمە چاو لە ژینگەکە و چاو لە دۆخەکە دەکەین. فەزاکە ئەوەیە، ئەگەر سەیری گۆڕانکارییەکانی دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ و ٦٠ لە پاش دووهەم شەڕی جیهانی دەکەین، ئەو سێ دەیە لوتکەی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلانی ژێردەستەیە. بە دەیان وڵاتی تازە لەو ماوەیەدا هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیاو لەو خەباتە ڕزگاریخوازانەیەدا مارکسیستەکان و چەپەکان دەوری سەرەکی دەبینن. دەبینین ژینگەکە و هەلومەرجەکە ئەوەیە و کەوابوو ئاساییە بۆ تازەلاوێکی تەمەن ١٧ – ١٨ ساڵ کە ئەندێشەی چەپ بۆ ئەو جەزابیەتی هەبێ. وەبیر قسەیەک لە «ڕۆمێن ڕۆڵان» کەوتمەوە کە دەڵێ: ئەو کەسەی لاو بێ و ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ نەبێ، دڵی نییە.

دوکتور قاسملوو ئەودەم کە ئێران بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئورووپا، لە ئورووپایەش هەر بەسەر فەزایەک و بەسەر ژینگەیەکی وادا دەکەوێ. ئەو کاتەی د.قاسملوو دەگاتە پاریسە، ئورووپا ئێستا لە ژێر خۆڵەمێشی شەڕ سەری وەدەر نەناوە و وەخۆ نەهاتۆتەوە. لەوێ لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی پاش شەڕدا کە دەکرێ، ژێنەڕاڵ دوگول کە سەمبولی مقاومتی فەڕانسەوییەکانە، – چونکی فەڕانسە تەسلیمی ئاڵمان بوو دوگول خۆی بە دەستەوە نەدا و سەرۆکایەتیی نەهزەتی مقاومەتی میللیی کرد – کەچی ئەو لە یەکەم هەڵبژاردن کە لە دوای شەڕ کرا بە هاوپەیمانیی چەپەکانی دۆڕاند، دوکتور قاسملوو پێی نابووە وەها ژینگەیەک.

لە بریتانیا چی؟ لە بریتانیاش چێرچیل کە سەرۆکایەتیی ئینگلستانی دەکرد لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا، بەڵام ئەویش لە پاش شەڕ کایەکە دەدۆڕێنێ و هەڵبژاردنەکان بە زیانی وی و لە قازانجی چەپەکان دەشکێتەوە. دوکتور قاسملوو ساڵێک لە فەڕانسە دەمێنێتەوە و دوایە بۆ درێژەپێدانی خوێندن بە ناچاری فەڕانسە جێ دەهێڵێ و دەچێتە چێکۆسلۆاکی. دەچێتە وڵاتێک کە سوسیالیستییە و دەچێتە زانکۆ و لەوێ ئابووریی سوسیالیستی دەخوێنێ و لە ڕاستیدا لەوێ بە چەمک و مەقولەکانی مارکسیستی ئاشنا دەبێ. سرووشتییە کە هەموو ئەوانە کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەو هەبوو تا کەسایەتییەکی چەپی لێ دەربچێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئێستا پرسیاری دووهەم، ئەدی بۆ حیزبی توودەی هەڵبژارد؟

ئەو کات حیزبی توودە تەنیا حیزبی پێشکەوتوو و بە نفووزی چەپی سەراسەری لە ئێران بوو، ئەو کات حیزبی دیکە نەبوو کە ئیدعای چەپ بوون بکا و پێشکەوتنخواز بێ. دوکتور قاسملوو هەر بۆخۆی لە «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا» دەڵێ حیزبی توودە بە نفووزترین حیزبی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو لەو کاتدا زۆربەی نووسەران، ڕووناکبیران، هونەرمەندان، خوێندەواران یا ئەندامی حیزبی توودە یا لانیکەم سەمپاتی ئەو حیزبە بوون، بە تایبەت سەرکەوتنی یەکیەتیی سۆڤیەت لە شەڕ بە دژی فاشیزمدا ئێعتباری ئەو حیزبانەی زۆر سەیر بردبووە سەرێ.

ئێرنێست همینگوای، نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی بە دوای سەرکەوتنی سۆڤییەت بەسەر ئاڵمانی هیتلێری‌دا دەڵێ: هەر مرۆڤێک ئازادیی خۆش بوێ زۆر پتر لە تەمەنی خۆی قەرزداری یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەرتەشی سوورە، چوون فاشیزمی شکەست داوە. فاشیزم هەیولایەک و ئەژدیهایەک بوو دنیای قووت دەدا. ئەم نەخش و دەورەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە تێکشکانی فاشیزمدا ئیعتباری ئەو حیزبە کۆمۆنیستانەی یەکجار زۆر بەتایبەت لە جیهانی سێهەمدا و تەنانەت لە ئورووپایەش بردە سەرێ.

«هابز باوم» دەڵێ شتێکی زۆر سەیر نییە ئەگەر ئەو حیزبانە لە پاش شەڕ پێشوازییەکی زۆریان لێکرا. چوون ئەو فیداکارییە و ئەو دەور و نەخشەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە تێکشکاندنی فاشیزمدا ئیعتباری کۆمۆنیستەکانی لە جیهانی سێهەم و لە ئورووپاش زۆر بردە سەرێ.

ئەم قۆناغە لە ژیانی سیاسیی د. قاسملوو(١٩٤٧ – ١٩٧١)، ئەو لە پێشدا چەپە و دوایە کوردە، واتە پرسی نەتەوەیی بۆ ئەو لە ئەولەوییەتی یەکەمدا نییە و پرسە چینایەتییەکان بۆ ئەو لە پێشەوەن.

## قاسملوو لە بۆتەی گۆڕانی فیکریدا

لە ساڵی ١٩٧٠ دا دوکتور قاسملوو بە ڕەسمی حیزبی توودەی ئێران بەجێ دێڵێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆنفڕانسی سێی حیزب و دواتر لە کۆنگرەی سێهەمدا دەبێ بە سکرتێری ئەو حیزبە. سرووشتییە ئەتۆ ببی بە سکرتێری حیزبێکی نەتەوەیی یانی لەوە بەدواوە مەسەلەی کورد بۆ تۆ مەسەلەی ئەساسییە و چارەسەری پرسی کورد بۆ تۆ لە سەرەووی هەموو پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەیە. هەر لە ئەساسدا پێویستیی دروستبوونی حیزبی دێموکرات چییە؟ فەلسەفەی وجوودییەکەی چییە؟ هەموو حیزبێک لە ئاکامی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست نابن، جا ئەو کەلێنانە یا چینایەتییە یا مەزهەبییە یان نەتەوەییە.

حیزبی دێموکراتیش زەروورەتی پێکهاتنەکەی لە سەر ئەو ئەساسە درووست بووە کە کەلێنی نەتەوەیی هەبوو لە ئێراندا و چارەسەری مەسەلەی میللی زەروورەتی دروستبوونی حیزبی دێموکراتی پێک هێناوە. ئێستا ئەو پرسیارەش لە جێی خۆی دایە کە ئایا دوکتور قاسملوو ئەو ئاڵوگۆرە کە دوای ٢٣ساڵ لەودا دروست دەبێ کتوپڕە؟ نا ئەمە شتێکی مێژووکردە و بە زەمان هاتووە و وردە وردە ئەو گۆڕانکارییەی تێدا دروست کردوە. بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر چییەتی ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئەندێشەی سیاسیی د. قاسملوودا دروست بووە و هۆکارەکانی، با باسێک لەوە بکەین کە ئایا دوکتور قاسملوو کەسێکی نەتەوەیی بووە یا نەتەوەیی نەبووە؟ بەشێک لە وەڵامی ئەو پرسیارە لەو باسەدا دراوەتەوە، بەڵام زۆر کەس دەڵێن چونکی قاسملوو خودموختاری ویستووە کەوابوو نەتەوەیی نەبووە. ئەم باسە هەیە و ئێستا هەندێ ئینترناسیونالیستی دوێنێ و ناسیونالیستی ئەمڕۆ ئەو قسانە دەکەن، دیارە خۆ ئەوە باشە و ئێمەش پێشوازی دەکەین لەو گۆڕانەی لەواندا دروست بووە و لە ئینترناسیونالیستەوە بوون بوونە ناسیونالیست، دیارە لە بنەڕەتدا هەر باسەکە ئەوەیە و پێشوازی لە گۆڕان دەکەین و دەڵێین کە ئینسان دەبێ بگۆڕدرێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، بەڵام ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەی لە بەرنامە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و لە یەکەم بەرنامەدا لە ساڵی ١٩٧١ حیزب باسی لە خودموختاری کردووە نەتەوەیی نەبووە، یا لەو وتووێژەی کە چەند ساڵ لەوە پێش لە تەلەڤیزیۆنی بی بی سی بڵاو بۆوە - دیارە ئەو وتووێژە ٢٥ ساڵ لەوە پێش «عینایەت فانی» لەگەڵ دوکتور قاسملوو کردبووی و لەوێدا باس لە ئێرانی بوون دەکا و لەسەر ئەوە زۆر باس کرا کە ئەوەتا خۆی پێ ئێرانییە. ئەمن دەمەوێ وەڵامی ئەوانە بدەمەوە و لەسەر ئەو باسانە تۆزێک ڕاوەستم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**یەکەم**: لە ستراتژیی دوکتور قاسملوودا لە ئاسۆی دووری ئەودا، هەمیشە کوردستانی سەربەخۆ بوونی هەبووە. بۆ ئەوە بەڵگە زۆرە کە دەیانهێنمەوە. با بچن بەرهەمەکانی بخوێننەوە و وتوێژەکانی ببینن تا بزانن کە لە ئاسۆی دووری ئەودا هەمیشە کوردستانی سەربەخۆ و کوردستانی یەکپارچە هەیە و هەمیشەش بووە.

با باس لە چەند نموونەیەک بکەین. لە پێشدا با بە ئیرەجی کەشکوولی دەست پێبکەین، ئیرەج کەشکوڵی ئەندامێکی سازمانی ئینقلابی حیزبی توودە بوو کە ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٨دا لە باشووری کوردستان بوون و دەیانویست لە ڕێگای باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرنامەکانیان و چالاکیی خۆیان لە ئێراندا پەرە پێبدەن. ئەو دەڵێ: ئەو کات کە دوکتور قاسملوو چاوی بە ئێمە کەوت لە بوونی ئێمە لە کوردستانی عێراقدا ڕازی نەبو. ئەو پێی خۆش نەبوو کە مارکسیستەکانی ئێرانی لە کوردستان لاوانی کورد بۆ لای کۆمۆنیزم ڕاکێشن. کەشکوڵی دەڵێ دوکتور قاسملوو لە بوونی چەپی سەراسەری لە کوردستان ناڕازییە و نەیدەویست لاوی کورد بۆ لای ڕێکخراوێکی چەپی سەراسەری بڕوا.

بەڵگەی دیکە با بێنینەوە، برنامەی حیزبی دێمکرات کوردستان کە سەرەتا لە کۆنفرانسی سێ و دواتر لە کۆنگرەی سێ دا پەسند کرا، لە فەسڵی یەکەم و لە ئامانجە گشتییەکاندا، لە خاڵی دووهەمدا دڵێ: ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیی دادپەروەرانەیە. لە کوێ ئەو کۆمەڵگەیە پێکدێ، خۆ ناڵێ لە ئێرانێ. نا ڕوونە ئەوە بۆ کوردستانە، ئەوەیە کە دەڵێین لە ئاسۆی دووروی ئەودا، کوردستانی سەربەخۆ هەیە. سەرنج بدەنە ئەوە کە هەر لە خودی برنامەکەدا وا دەڵێ. ئەو پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیی بۆ ئێران ناوێ ئەوەی بۆ کوردستان دەوێ. خۆ ناکرێ لە کوردستان ئابووریی سۆسیالیستی پیادە بکرێ و لە شوێنەکانی دیکەی ئێران ئابووریی بازاڕی ئازاد (سەرمایەداری) بەڕێوەبچێ. دوکتور قاسملوو دواتر لە ساڵی ١٣٦٢دا ڕاشکاوانەتر لە «کورتەباس»دا، باس لەوە دەکا کە ئەو کۆمەڵگەیە و ئەو سۆسیالیزمەی بۆ کوێ دەوێ. لەوێ بە ڕوونی دەڵێ کە ئەو ئامانجەی بۆ کوردستان دەوێ. هەر لەوێ دوکتور قاسملوو پرسیارێک دەکا و بۆخۆیشی وڵام دەداتەوە. دەپرسێ ئەو سووسیالیزمەی دمانەوێ دایبمەزرێنین چ جۆرە سووسیالیزمێکە و ئایا بە تەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان دامەزراوە؟ دوایە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵامدا دەڵێ نا، «سۆسیالیزمێک کە لەگەڵ وەزعی وڵاتەکەمان بێتەوە، چوونکی ڕاستە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری بەڵام هێشتا خۆی بە تەواوی لە پێوندییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار نەکردووە.» دیقەت بکەن دەڵێ کۆمەڵی کوردەواری، واتە وڵاتەکەمان، یانی کۆمەڵی کوردەواری نەک ئێران.

لەسەر یک پارچەیی کوردستان و لە سەر ئەوێ هەر چوارپارچەی کوردستان لە داهاتوودا دەبێ یەک بگرێتەوە. دوکتور قاسملوو لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سرووشتێکی تایبەت کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نییە، بۆ کورد تەنیا ئەوە نییە جیابێتەوە لە ئێران، لە عێراق یا لە تورکیە؛ بەڵکوو پێش هەموو شتێک یکگرتنەوەیە، یانی پێش جیابوونەوە بۆ کورد پرسێکی سەرەکی یەکگرتنەوەی ئەو چوار پارچەیەی کوردستانە.»

د. قاسملوو ئەو کات کە مارکسیستیشە و دەبێ بەپێی بیردۆزەکانی ئەو مەکتەبە پرسی نەتەوەیی ببەسرێتەوە بە سەرکەوتنی چینی کرێکار، بەڵام ئەو سەربەخۆیی کوردستان نابەستێتەوە بەو ڕۆژەی کە چینی کرێکار بێتە سەر دەسەڵات و جا ئەو پرسە بێتە گۆڕێ. ئاخر کۆمۆنیستەکان و جەپی ڕادیکاڵ دەڵێن هەتا چینی کرێکار نەیەتە سەر دەسەڵات، نابی ئەتۆ گرینگی بە پرسی نەتەوەیی، بە پرسی ژنان و پرسی کولتوری و هیچ کام لەو شتانە بدەی؛ کەچی دەڵێ نا ئەوە پێوەندی بەوەوە نییە و تەنانەت ئەگەر نیزامەکە سەرمایەداریش بێ، وڵاتێک دەتوانێ بەخۆی جیا بێتەوە و نابی ڕابوەستێ لەسەر ئەوەی کە کەی و چ کاتێک چینێ کرێکار دێتە سەر دەسەڵات.

ئەوە کە سەربەخۆیی نەتەوەیەک لە سێبەری ڕێژیمی سەرمایەداریدا جێبەجێ دەبێ یا تەنیا لە ڕێژیمی سووسیالیستیدا، دوکتور قاسملوو دەڵێ: هیچ کام لەوانە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە حاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی، خۆی هەیە. مافی یەکگرتنەوە تەنانەت لە مافی جودابوونەوە زیاترە، کە وابوو ئێمە ئەو مافەمان هەیە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوونکە دابەشبوونی کوردستان لە ڕاستیدا دابەشبوونێکی دەستکردە. ئاخۆ ئەمانە ناتوانن بەڵگە بن بۆ نەتەویی بوونی ئەو؟

لە وتوویژ لەگەڵ «عینایەتی فانی» لە «بی بی سی» دا دەڵێ چی؟ باسی ئەوەی کردوە کە ئێمە ئێرانین. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ. ئەرێ ئەو باسی ئەوەی کردوە و گوتویەتی «نەتەوەی ئێران»؟ با بڕۆن هەموو وتووێژەکە ببینن و ئەگەر گوتبێتی نەتەوی ئێران قەبوولمانە. کێشەی ئیمە لەگەڵ ناسیونالیستەکانی ئێرانی لەسەر «نەتەوەی ئێران»ە، لەبەر ئەوەیە کە ئێمە باوڕمان بە نەتەوەی ئێران نییە و پێمانوایە نەتەوەی ئێران شتێکی دەستکردە و هەر بوونی نییە. دوکتور قاسملووش قەت باسی نەتەوەی ئێرانی لە هیچ جێیەک و لەو وتووێژەشدا نەکردوە. دوای ئەوە ئێران وەک چی؟ ڕوونە ئێران وک یەکەیەکی جوغرافی هەیە و حاشای لێ ناکرێ، بەڵام ئەگە لە هەموو وتارکان، نووسراوەکان و وتووێژەکانی دوکتور قاسملوودا لە شوێنێک باسی لە نەتەوەی ئێران کردبێ، ئێمە قسەمان نامێنێ، کە دەشزانین قەتی نەکردوە.

با نموونەیەکی دیکە بێنینەوە لە سەر خودموختاری، ئەوەی کە دەڵێن چونکی خودموختاریی ویستوە نەتەوەیی نەبووە. باشە مەلا مستەفای بارزانی مەگەر یەکێک لە سیمبولەکانی کوردایەتی نییە؟ کێ شکی لەوەیە کە مەلا مستەفای بارزانی نوێنگەی هەرە ڕوونی  کوردایەتی نەبووە، بەڵام ئاخۆ مەلا مستەفا لە تەواوی سەردەمی ژیانی سیاسیی خۆیدا شتێک زیاتر لە خودموختاریی ویستوە ،ئەوەی بۆخۆیان پێی دەڵێن حوکمی زاتی؟

با نموونەیەکی دی لە ئێستادا بێنینەوە، خۆ ئیدی ئێستا گومان لەوەدا نییە کە ڕێبەرانی باشووری کوردستان نەتەوەیین و ئێستا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە دۆڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پێکبێنن و هیوادارین بەم ئاوات و ئارەزوویەش بگەن؛ بەڵام دەبینین کە لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا، باشووری کوردستان نیزیک بە چل و حەوت ساڵ خودموختاریی ویستووە، بیست ساڵیش داوای فێدڕاڵی کردوە، خۆ ئەگەر وابێ دەبێ بگوترێ ئەوان لە ڕابردوودا نەتەوەیی نەبوون و هەر ئەو سێ – چوار ساڵە نەتەوەیی کە داوای سەربەخۆیی دەکەن؟ ئەم ئیستدلال و بەڵگانەی ئەوان دەیهێننەوە بە قەولی مەولەوی «پایەکەیان چووبین»ە و، زۆر زەعیفە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا با باس لەوە بکەین کە ئەم ئاڵوگۆڕە فیکرییە چۆن لە د.قاسملوودا پێک هات، واتە لە چەپێکی کوردەوە بوو بە کوردێکی چەپ؟ باکگراوەندی ئەم گۆڕانکارییانە چین و لە کوێوە کاریگەرییان کردە سەری و لە کامە بەستێندا دروست بوون؟

دوکتور قاسملوو کتێبەکەی (کوردستان و کورد) لە ساڵی ١٩٦٢دا تەواو دەکا. ئەو لە ساڵی ١٩٥٨ەوە دەستی بە نووسینی ئەو کتێبە کردوە کە تێزی دوکتوراکەیەتی، بەڵام سەرنج بدەنە عینوانی کتێبەکەی. ئەوکات کە ئەو مارکسیست - لێنینیستە، ئەوکات کە ئەو ئەندامێکی حیزبی تودەیە، «کوردستان و کورد» دەنووسێ. یانی بۆ یەکەم جار کوردێک بە شێوازی ئاکادمیک لە سەر پرسی کورد و لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان دەنووسێ.خۆ ئەگەر شوێنپێی ئەنگیزەی ئەو کتێبەی هەڵبگری، بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەش - حەوت ساڵ پێش لە دەسپێکی نووسینی ئەو کتێبە، ئەو کاتەی دوای کودیتاکەی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بەنەهێنی و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵی پێشوا قازی محەممەد ماوەتەوە. وەک بۆ خۆی دەڵێ لەو ماوەیەدا دەڵێ ئیستفادەیەکی زۆری لەکتێبخانەکەی پێشوا کردوە و هەر لەوێ هەست بەوەی دەکا کە کەلێنێک هەیە لە کتێبخانەی کوردیدا و دەبێ کتێبێک بەشێوەی ئاکادمیک لە سەر کوردستان و کورد، واتە هەر چوارپارچەی کوردستان بنووسرێ.

خراپ نییە هەر لەو پێوەندییەدا باس لە فاکتێرێکی دیکەش بکەین. ئەو گۆڕانکارییەی دەکرێ لە هەموو ئەوانەی دیکە شوێنکاری زیاتری لەسەر دوکتور قاسملوو دانابێ و وایکردووە لە باری فیکرییە ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵەی بەسەردا بێ. ئەویش ئەو ماوەیە و ئەو کاتانەی کە ئەو لە نێو حیزبی توودەدا بەجیدی لەگەڵ شوینیزمی فارس بەرەڕوو دەبێ. ئەو کاتەی د. قاسملوو لە ئورووپایە و لە دەیەی ٦٠ دا بە هەموو وجوودەوە هەست بە شوینیزمی فارس لە نێو حیزبێکی کۆمۆنیست(تودە)دا دەکا ئەویش لە ڕێکخراوێکی چەپدا کە ئوسوولەن نابێ ڕێکخراوێکی چەپ تێڕوانینی شوینیستیی هەبێ. بەڵام ئەو زۆر بە باشی هەستی پێدەکا و بە بڕوای ئەمن ئەمە فاکتێریکی سەرەکییە بۆ بیچمگرتنی ئەو گۆڕانکارییە لە دوکتور قاسملوودا، لەوەی کە لە چەپێکی کورد ڕا بۆ کوردێکی چەپ بگۆڕدرێ. بۆ ئەوەش بەڵگەمان زۆرن کە ئاماژە بە هیندێکیان دەکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتا با بزانین دوکتور سارمەدیین سادقوەزیری لەسەر دوکتور قاسملوو دەڵێ چی؟ ئەوکات کە دوکتور قاسملوو کادری حیزبی توودەیە بەڵام پرسی کوردی نەخستۆتە پراوێزەوە و هەموو کاتێ دەغدەغەی ئەو بووە. ئەو دەڵێ قاسملوو بە درێژایی ئەو ساڵانەی ئەندامی حیزبی توودە بوو، هەمیشە هۆگرییەکی زۆری بۆ کورد و خوێندنەوە لەسەر ئەو بابەتە هەبوو. یانی کاتێک کە ئەو کۆمۆنیستێکە و بۆ کۆمۆنیستەکان پرسی نەتەواییەتی پلە دوو و پلە سێیە، بەڵام ئەو قەت پرسی کوردی نەخستە پەراوێزەوە. با نموونە لەو ململانێیانە بێنینەوە کە دوکتور قاسملوو لە ئورووپای شەرقی لەگەڵ شوینیستە فارسەکانی نێو حیزبی توودە بوویەتی.

دوکتور قاسملوو ئەو کات کە بە خۆی کادری حیزبی تودەیە لە نامەیەکدا کە بۆ کاک کەریمی حیسامی نوسیویەتی و ئەو نامانە ئێستا هەن؛ دەڵێ: «بە نەزەری من بۆ ئەوانە - یانی بۆ ڕێبەرانی حیزبی توودە - پرسی کورد و هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان وەک شتێکی دەرەجە چوار و دەرەجە پێنجە و لە هەموو لایەکیش بە ناسیۆنالیست و مونحەریفمان دەزانن؛ بە تایبەتی ئەمن. »

وەک دەبینین دوکتور قاسملوو لەو نامەیەدا گلەیی دەکا و بۆ کاک کەریمی حیسامیی نووسیوە و دەڵێ؛ «ئەوانە بە ناسیۆنالیست و مونحەریفمان دەزانن و کورد و ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ئەوانە بایەخی نییە و ئاخریش ڕوژنامەی کوردستانی لە دەستیان دەرهێنا. » وەک دەزانین دەوری دووهەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٦ لە ئورووپای شەرقی دەرچوو و بیست و پێنج ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بۆوە. کێشەکە لێرەدا دابوو کە ڕێبەرانی حیزبی توودە دەیانگووت دەبێ ناوی ڕۆژنامەکە بنێن «نامەی مردم» و دەبێ ئۆرگانی حیزبی توودەش بێ و گرینگ نییە ئەگەر بە کوردی وتاری تێدا بنووسن. دوکتور قاسملووش کێشەی ئەوەیان لەگەڵ دەکا کە دەبێ ناوی کوردستان و ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بێ. کوردستان، هەر ئەو کوردستانەی میراتی سەردەمی کۆمار و هەمان ناو و دوایەش لە بن دەستی دەرهێنان.

ئێحسان تەبەری لە کتێبی «کژ راهە»دا دەڵێ: دوکتور قاسملوو بە «لطایف الحیل» ڕۆژنامەی کوردستانی لە دەست ئێمە دەرهێنا. بەڵێ لە دەستی دەرهێنان و بە ناوی کوردستان بڵاوی کردەوە. لە نامەیەکی دیکەدا دوکتور قاسملوو دەنووسێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە چۆن کێشە و ململانێی هەیە لەگەڵ شوینیستە فارسەکانی نێو حیزبی توودە. ئەو دەڵێ: «چاوم بە ڕام کەوت (ڕەزا ڕادمەنێش، سکرتێری ئەوکاتی حیزبی توودەی ئێران) و پێی گوتم ئێوە هەمووتان ناسیۆنالیستن و دەبێ خۆتان یەکلا بکەنەوە و دەست لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵگرن. »

هەر لە ڕاستیدا هەموو هەوڵی حیزبی توودە ئەوە بوو. حیزبی توودە لە ساڵی ١٣٢٤بەولاوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتیش بە فیرقە بکا؛ یانی وەکوو فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ببێتە لقێکی ئەیالەتیی ئەو حیزبە. واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبێ، بەڵام لقی ئەیالەتی و لقی کوردستانیی حیزبی توودە بێ. بەڵام لە ڕاستیدا دوکتور قاسملوو نەیهێشت. با بۆ مێژوو بڵێم کە دوو کەس نەیانهێشت حیزبی دێموکراتی کوردستان ببێ بە لقی ئەیالەتیی حیزبی توودەی ئێران. یەکەمیان ئەحمەد تەوفیق و پاشان دوکتور قاسملوو، هەڵبەت هەر کامەیان بە مێتۆدی خۆیان.

ئەحمەد تەوفیق بە پێداگرییەکی توند لە سەر ناسیۆنالیسم، بەڵام دوکتور قاسملوو بە خوێندنەوەیەکی دیکە لە سۆسیالیسم، بە خوێندنەوەیەکی جیا لە خوێندنەوەی حیزبی توودە بۆ سۆسیالیسم و بۆ چەپ. ئەوان هەر کام بە مێتۆدی خۆیان نەیانهێشت حیزبی توودە حیزبی دێموکراتی کوردستان قووت بدا.

ئەو دەرگیری و ئەو کۆنتاکتەی دوکتور قاسملوو لە گەڵ ڕێبەرانی حیزبی توودە لە ساڵانی دەیەی ٦٠ دا هەیەتی، دەگاتە ئەو جێیەی کە چیدی ئیعتماد بە دوکتور قاسملوو ناکەن، با بزانین لەو پێوەندییەدا کاک کەریمی حیسامی دەڵێ چی؟

کەریم حیسامی خۆی یەکێک لە ڕەخنەگرانی دوکتور قاسملوویە، بەڵام ئەوە باشە کە بەڵگەکان لەوی بێنینەوە. کەریم حیسامی دەڵێ: کاتێک ڕێبەرانی حیزبی توودە ئیجازەیان پێداین سەردانی عێراق بکەین، ئەو کاتەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦ – ١٣٤٧ درووست دەبێ؛ حیزبی توودەی ئێران بۆ ئەوەی کایەکە بە سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە نەدۆڕێنێ کە ڕەقیبی بوو، دواجار لەسەر هاندان و پێداگریی کاک کەریمی حیسامی و دوکتور قاسملوو سەردانێکیان دەکەین. ئەوان (کەریم حیسامی و ڕادمەنش) دێن لە بەغدا چاویان بە کاک سولەیمانی مۆعینی و کاک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەمەدەمینی سیراجی دەکەوێ. بۆ ئەو سەفەرە ڕادمەنیش بە کەریمی حیسامی گوتوە کە نابێ قاسملوو بزانێ کە ئێمە ئەو سەفەرەی دەکەین بو بەغدا. کەریم حیسامی دەڵێ لەبەرچی؟ بۆ نابێ دوکتور قاسملوو بزانێ؟ ئەویش دەڵێ: لە سەر قاسملوو ئەزموونمان هەیە، ئەو ئەندامی حیزبی توودە بوو و ئێمە ناردمانەوە کوردستان، کەچی بوو بە هۆی بنەڕەتیی لێکپچڕانی حیزبی توودە و حیزبی دێموکراتی کوردستان. ڕادمەنیش و حیزبی تودە ئیدی چیدی متمانەیان بە د. قاسملوو نامێنێ.

## قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ قاسملوو، تیتۆی کورد

ئێستا باس لە قۆناغی دووهەمی ژیانی سیاسیی د.قاسملوو دەکەین کە دوکتور قاسملوو چۆن لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەبێتە چەپێکی میانە؟ ئێستا ئیدی لە چەپێکی کوردەوە بۆتە کوردێکی چەپ، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە، (لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە بۆ چەپێکی میانە) چۆن دروست دەبێ؟ ئەو گۆڕانکارییە ساڵی ١٩٨٣ بە نووسین و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی «کورتە باسێک لە سەر سوسیالیسم» خۆی دەرخست. لەوێ ئیدی دوکتور قاسملوو بە تەواوی مەرزبەندیی خۆی لە گەڵ چەپی ڕادیکاڵ ئاشکرا دەکا. لەوە بە دوا ئیدی ئەو کۆمۆنیست نییە و کۆمۆنیست نەماوە، بەڵکوو سۆسیالیستە. دەقیقتر بڵێم ئیدی بەرەو سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەڕوا و بە دەرکردنی ئەو نامیلکەیە ماڵئاوایی لە متافیزیکی کۆمۆنیزم دەکا.

مێتافیزیکی کۆمۆنیسم مەسەلەی چینایەتی وەک پرسی بنەڕەتیی هەموو لێکدانەوەیەکی سیاسی بەکار دەهێنێ و کێشەکانی دیکە وەک کێشەی نەتەوەیی، کێشەی ژنان، کێشەی کولتوری؛ ئەوانە بەلایەوە مەوزووع نین. ئەو هەموو تەحلیلێکی سیاسی و هەموو لێکدانەوەیەک لە سەر بنەمای چیینایەتیە و دوکتور ماڵئاوایی لە ئەمە.

دوکتور قاسملوو ساڵی١٩٧٠ هاتەوە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بوو بە ڕێبەری ئەو حیزبە. کە چاو لە بەرنامەکانی ئەو کاتی حیزب دەکەین، دەبنین بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی٣دا گوزارشت لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکا و بۆ یەکەم جار سوسیالیسم بەڕەسمی دێتە نێو بەرنامەی حیزبەوە وەک ئامانجی دوارۆژ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ئەساسنامەی حیزبدا نووسراوە: «حیزبی دێموکراتی کوردستان پێڕەوی لە تیئۆریی گەشەسەندنی کۆمەڵ دەکا.» ئەمە بێ ئەملا و ئەولا ماتریالیزمی تاریخیی مارکسە. بەپێی ئەو ئیدەیە (تاریخگەرایی یا هیزتوریزم) مێژووی مرۆڤایەتی سەرەتایەک، مەبدەئێک و مەقسەدێکی دیاریکراوی هەیە و هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا «مانادارن» و هەر قۆناغێک لە مێژوو پێشکەوتووترە لە قۆناغی پێش خۆی و بمانەوێ و نەمانەوێ؛ واتە بەدەر لە ئیرادەی مرۆڤ دەگەینە قۆناغی کۆتایی و هەرە پێشکەوتوو، واتە قۆناغی (کۆمۆنیزم).

ئەگەر چاو لە ئەدەبیاتی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب بکەن لە کۆنگرەی ۳دا، دەبینین کە پڕە لە ئەدەبیاتی مارکسیستیی ڕادیکاڵ، ئیستعماری کۆن، ئیمپریالیزم، بورژووازی، چین، فیئۆداڵ، دەرەبەگ، زەروورەتی تاریخی، پڕە لە ئەو دەستەواژانە. یانی کە وابوو لە سەرەتادا بەرنامەی حیزب لە کۆنگرەی ۳ دا گوزارشت لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکا بەڵام ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کەی ڕوو دەدا؟ لە ساڵی ۱۹۸۳ دا. بە چی ڕوو دەدا؟ بە نووسینی «کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم. » کورتە باس چ بوو؟ کورتەباس پێناسەی سوسیالیزمی دێموکراتیکە. سۆسیالیزمی دێموکراتیکی پێناسەکراو لە کورتە باسدا چییە و چیی دەوێ؟

مرۆڤی موتەمەدین مرۆڤی هەمیشە عەوداڵ و تامەزرۆی ئازادی و عەداڵەتە، بەڵام کامیان دەبێ پێش ئەوی دیکەیان کەوێ؟ ئازادی یان عەداڵەت؟ کێشەکە لێرەدایە کە کامیان لە پێشترن؟ هەر کۆمەڵگەیەک هەر کام لەم دوو چەمکەی وەپاش گوێ دابێ و پەراوێزی خستبێ زەرەری کردوە. سوسیالیزمی مەوجوود، ئازادییەکەی لە بەر چاو نەگرت، دیتمان چیی لێ بەسەرهات. ئێستاش لە ئۆورووپای سەرمایەداریدا عەداڵەتەکە ئەو جۆرەی کە دەبێ ببێ لە بەرچاو ناگیرێ. کە وابوو مەوزووع چیە و کورتەباس دەیهەوێ بڵێ چی؟ هەموو مەبەستەکە ئەوەیە کە کورتەباس دەیهەوێ ئەو دووانە پێکەوە کۆ بکاتەوە. دیارە ئەوە کارێکی دشوارە و هەروا سادە نییە هەوڵە کە بۆ ئەوەیە.

دوکتور قاسملوو لە «کورتەباس»دا باس لە دێموکراسیی کۆمەڵایەتی، دێموکراسیی سیاسی و دێموکراسیی ئابووری دەکا، هەر سێکیان پێکەوە باس دەکا. «کورتە باس» چیی دیکە دەڵێ؟ کورتەباس هێندێک مەرزبەندی و پەیامێکیشە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیامەکە چییە؟ دوکتور قاسملوو دەڵێ دەمانهەوێ سوسیالیزمێک دابمەرزێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێتەوە، ئەمە یانی چی؟ یانی چیدیکە چەپی لۆکاڵی و چەپی کورد نەبێتە پاشکۆی چەپی سەراسەری. لە هەموو مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەمیشە چەپی ناوچەیی چەپی کورد ویستوویەتی پاشکۆی چەپی سەراسەری بێ و، چەپی سەراسەریش کاریگەری ناسیونالیزمی ئێرانیی بە سەرەوەیە، وەک ئەو نموونانەی باسمان کرد کە چۆن ڕێبەرانی حیزبی تودە دوکتور قاسملوو و کوردەکان بە ناسیونالیست و بە مونحەرێف دەزانن. هەمیشەش چەپی سەراسەری بە گوێی چەپی مەنتەقەیی هەڵێناوە و بە چەپی کوردی گوتوە کە بۆ لای کوردایەتیی نەچن، کوردایەتیی پرسی دەرەجە سێ و دەرەجە چوارە و بۆ ئێمە مەسەلەی ئەساسی مەسەلەی چینایەتییە.

هەر ئەم بەقسەکردنانە بوو کە چەپی سەراسەری چیی بە سەر چارەنووسی ڕێکخراوی چەپی ناوچەیی هێنا. دیتمان ڕێکخراوی «سەهەند» چیی بە سەر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هێنا. ئەوانی هەر لە کوردایەتیی شوشتەوە و بەتاڵی کردن و ئەو پرسەی بۆ کردن بە دەرەجە سێ و چوار. ئا لێرەدایە کە دوکتور قاسملوو دەیهەوێ ئەمە بسەلمێنێ و سنووری خۆی لەگەڵ ئەو تێفکرین و مێتۆدە جیا کاتەوە، دواتر لە هێژموونیی چەپی جیهانیش یانی ئینترناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریش ڕزگارمان بکا. ئاخر دەبوو هەمیشە لەژێر ئاڵای پاراستنی بەرژەوەندیی ئینترناسیۆنالیزمیی پرۆلیتاریا بەرژەوەندییەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت بپارێزرێ. دیارە نەک چەپ هەموو، بەڵکوو ئەو چەپانەی کە سەر بە ئۆردوگای سۆسیالیستیی بوون؛ بەڵام دوکتور قاسملوو بەوەش دەیهەوێ خۆی لە ژێر هێژموونیی ئینتێرناسیونالیزم پرۆلیتاریاش بێنێتە دەرێ. دیارە خۆ دوکتور قاسملوو دژایەتیی یەکیەتیی سۆڤییەتیی نەکردووە و هەر لەو «کورتە باسە»ی‌دا دەڵێ سۆڤییەت دۆستی ئێمەیە، بەڵام ئێمە سەربەخۆین و سەربەخۆبوون لەگەڵ کلکایەتی فەرقی هەیە و ئەوەی حیزبی توودە دەیکرد کلکایەتیی بوو. دوکتور قاسملوو لە کورتە باس‌دا دەڵێ: یەکیەتیی سۆڤییەتی دۆستی ئێستراتژیکیی ئێمەیە، بەڵام ئێمە لە سیاسەت و بەڕێوەبەریی خۆماندا سەربەخۆین. ڕاست وەک ئەوەی تیتۆ کردی. دوکتور قاسملوو ئا لێرەدا تیتۆی کوردانە. «تیتۆ»ش لە یوگوسلاڤیا خۆی لە ژێر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێژموونیی یەکیەتیی سۆڤیەت هێنایە دەرێ. ئەویش دەیگوت دۆستایەتیت دەکەم بەڵام خۆم بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆم دەدەم.

دوکتور قاسملوو لە «کورتەباس»دا دەڵێ چی و مەرزبەندیەکان چی بوون؟ مەرزبەندییەکان ئەوە بوون کە سنووری نێوان خۆی و حیزبی توودە بکێشێ، مەرزبەندی لەگەڵ ستالینیزم بکا و سنوورێک لە نێوان خۆی و ئەو جۆرە بیرکردنەوە دوگم و ویشکەی دابنێ کە ساڵانێک بوو بەسەر فەزای فیکریی ئەو حیزبانەدا حاکم بوو و مەجالی ڕەخنەگرتنیان نەدەدا. دواتر پێداگری لە سەر پێگە و شوێنی دێموکراسیی و هەموو ئەمانە نیوەڕۆکی مەسەلەی سوسیالیزمی دیموکراتیک، پیناسە کراو لە «کورتە باس» دا بوو. لێرە پرسیار ئەمەیە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکی چۆن لە نێو حیزبەکەی خۆیدا جێ خست؟

لە کۆنگرەی شەشدا کاتێک دوکتور قاسملوو ئەو بیرۆکەیە دێنێ بۆ جاری یەکەم وەرناگیرێ و پەسند ناکرێ، ئەوە نیشاندانی قووڵایی سەمپاتییە بۆ چەپی ڕادیکاڵ لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا کە ئەوەندە بەهێزە «کورتەباس» دەنگ ناهێنێتەوە. دوایەش کە پەسند کرا دەبینین ڕێکخراوەکانی وەک کۆمەڵە و «راە کارگر» و ڕێکخراوە چەپییەکانی دیکە هەموو هەڵوێست دەگرن لە بەرامبەر ئەم نامیلکە و گوتارە نوێیەی دوکتور قاسملوودا. کۆمەڵە دەڵێ: «ئەوە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری بۆ ئێمە بەدیاری دێنی»، ڕایکارگەر دەڵێ: «ئەم سۆسیالیزمە بۆ ڕۆژی قیامەتە». دوکتور قاسملوو لەو بارودۆخەدا بە هێنانەگۆڕێی ئەو بابەتە وەک ئەوەی بوو کە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ڕووبار مەلە بکا، بەڵام ئەو لەو بارودۆخەدا قسەی خۆی کرد و باسەکەی خۆی هێنایە پێشێ و لەسەری پێداگر بوو. چەند ساڵ دواتر و بە ڕووخانی دیواری بێرلین و لە بەریەک هەڵوەشانی سوسیالیزمی مەوجوود دەرکەوت کە بووچوونەکانی دوکتور قاسملوو درووست بوون، بەڵام بە داخەوە چوار مانگ پێش ئەوەی ئەو ڕووداوانە ڕوو بدەن و دوکتور قاسملوو دروستبوون و دەقیقبوونی بووچوونەکانی لە سەر ئەو بابەتانە بە چاوی خۆی ببینێ شەهید بوو.

ئەم تەحەولە فیکرییەش لە د. قاسملوودا زەمینە و بەکگراوندی هەیە و بەرهەمی وردبوونەوە و بە چاوی کراوە ڕوانین لە ڕووداوەکان بوو؛ وەک: ژیانی تاراوگەیی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و لە نیزیکەوە هەستکردن بە کەموکوڕییەکان، نارەساییەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆسیالیزمی مەوجوود بە تایبەتی لە بواری نەبوونی دیموکراسی و ئازادی و بوونی دەوڵەتانی توتالیتریی لەم وڵاتانە؛ هەروەها ڕووداوەکانی لەهێستان و ڕاپەڕینی مەجارستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی بە تایبەت ڕووداوی «بەهاری پراگ» لە ساڵی ١٩٦٨؛ دەرکەوتنی قوتابخانەی «فڕانکفۆرت»، «چەپی نویێ» و «ئۆرۆکۆمۆنیزم» کە هەر کامەیان بە شێوازێک لەگەڵ چەپی کلاسیک و ئۆرتۆدۆکس سنووربەندییان دەکرد. ئەوانە هەموو لە چاوی وردبینی ئەو بەدوور نەمانەوە و شوێنەواری قوڵیان لەسەر دانا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئاگۆستی ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو وەك هێمایەك

**قادر وریا**

٢٩ساڵ بە سەر تیرۆری د.قاسملوودا ڕابرد. ئەمریکا دوای ٢٩ ساڵ، بۆ یەکەم جار ئەمساڵ لە سەر زمانی برایان هووک، بەڕێوەبەری سیاسەتدانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، بە ڕەسمی ڕێژیمی ئێرانی وەک ئەنجامدەری تاوانە تیرۆریستییەکەی ٢٩ساڵ لەمەوبەری ڤییەن ناوبرد.

٢٩ ساڵە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە دەوڵەتان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانیەوە، ئەوەندە بە دەنگ دادخوازیی خەڵکی کوردستانەوە نەهاتوون کە چی دیکە ڕێگە بەدەوڵەتی ئوتریش نەدەن پەروەندەی ئەم تیرۆرە دابخا. وڵاتانی ئورووپاییش کە ئوتریش یەک لە خۆیانە و لە یەکییەتییەکەیان و شووڕا و پارلمانەکەیاندا ئەندامە و ڤییەن، پێتەختی ئەو ولاتەیان کردووە بە بنکەی ژمارەیەک لە ناوەندە سیاسی و ئابوورییەکانی ئورووپا و جیهان، پووشبەسەرکردنی ئەم تیرۆرەیان هەر وا بە لاوە ئاساییە! لەوانەشە هەتا ژماردنی پێچەوانە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست پێنەکا و دەنگی شەقبردنی پایە و کۆڵەکەکانی مانەوەی ئەو ڕێژیمە بە باشی بە گوێیان نەگا، ئەو بێدەنگی و بێتەفاوەتییەی خۆیان لەئاست چارەنووسی پەروەندەی تیرۆری ڤییەن، هەروا بپارێزن. بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەشەی کوردستان کە قاسملوو نوێنەرایەتیی خەبات و خۆڕاگریی خەڵکەکەی لە پێناوی ئازادی، دیموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانیاندا دەکرد، بەتێپەڕینی ساڵەکان نەک هەر د. قاسملوو، ڕێگا و ڕێباز و ئامانجەکانی و، هەروەها تاوانی تیرۆری ئەو ڕێبەرە لێوەشاوەیەی خۆیان لەبیر نەکردوە، بەڵکوو ساڵ بە ساڵ زیاتر، ئەویان کردوە بە ڕەمز و هێمای خۆیان.

د.قاسملوو تا پێش تیرۆرکرانی لە لایەن نێردراوانی ڕێژیمی ئێران، لە کۆڕ و کۆمەڵی ئێرانی، ناوچەیی و جیهانیدا، زیاتر وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، دەناسرا. بەڵام لە دوای شەهیدکرانی لە سەر مێزی وتووێژ، لە ماوەیەکی کەمدا بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە سیمای سەرکردەی شەهیدی نەتەوەیەکی زۆرلێکراو. ڕاستە خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی، بەشی هەرە سەرەکیی خەباتی ئەو حیزبەی پێک دێنا کە قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، ئەوەش هەر ڕاستە کە پرسی نەتەوەیی و مافی نەتەوەیی بەشی هەرە دیاری هزر و ڕوانین و خەبات و تێکۆشانی د.قاسملوو لە دوو دەیەی دوایی تەمەنیاندا پێک دێنا، بەڵام ئەوانە هیچ کامیان بە ڕادەی شەهیدکرانی لە سەر میزی وتوویژ، ئەویان نەکرد بە ڕەمزی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک. ئەوانەی لە ناوەندی دەسەلاتداریێتیی ڕێژیمی ئێران نەخشەیان بۆ تیرۆری ئەو ڕێبەرە داڕشت و دوایەش لە خۆشیی سەرکەوتنی پیلانەکەیان سەرمەستانە پێکەنین، عەقڵیان لە شاقەلەکانیان کورتتر بوو.

ئەوان بیریان لەوە نەکردبووە نرخێک کە بۆ لەنێوبردنی ئەو سەرکردەیە دەیدەن، کڕێنی نەفرەتیکی هەتاهەتایی بۆ خۆیان و ڕێژیمەکەیان لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە.

دیارە لەوە گەوجتر بوون لەم ڕاستییە تێ بگەن کە بە پیلان و دەهۆ لەنێوبردنی ڕێبەر و نوێنەری خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەیەک ئەویش لە کاتێکدا بە پێشوازیی ڕێگای ئاشتیخوازانەی چارەسەری کێشەی کورد و ڕێژیمی ئێرانەوە هاتوە، هەروا بە هاسانی بە سەریاندا تێپەڕ نابێ و، ئەگەر تاوانەکەیان لە ئوتریش و ئورووپا و ڕادەی جیهانییشدا بەرەوڕووی کێشەیەکی ئەوتۆیان نەکاتەوە، لە نێو ئەو خەڵکەی قاسملوو ڕێبەریان بوو، شوێنەواری تاوانەکەیان بە توندی بەرۆکیان دەگرێ. بە ڕێکەوت نیە، قاسملوو ٢٩ ساڵ دوای شەهید بوونی، بۆ نەوەی ئەمڕۆ نەک هەر نامۆ و ناوێکی نەناسراو نییە، بەڵکوو باوەڕ و ڕوانگەکانی، ئەو بایەخ و پەرەنسیبانەی هێنایە نێو خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی نەتەوەکەی و بەگشتی کولتووره سیاسییە دەوڵەمەندەکەی، خۆشەویست و جێگەی ڕێزن و، تێکۆشەرانی ئەمڕۆ سەرەڕای جیاوازیی جۆر و دۆخ و شوێنی تێکۆشان، و جۆراوجۆریی حیزب و ڕێکخراوەکانیان، ئیلهامیان لی وەردەگرن.

د.قاسملوو لە مێژ ساڵە بووە بە سیمبولێک. سیمبولی خەباتێکی ڕەوا و سیمای پرسێکی لەمێژینە. پرسی ملنەدانی نەتەوەیەک بۆ بندەستی و داواکردنی مافی بە ئازادژیان. چارەنووسی خوێناویی قاسملوو، پەیامێکی تاڵ، هەر لەو کاتەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرکدارکەرانەی بۆ  ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی ڕاگوێزت. پەیامەکە ئەوەیە کورد لە ئێران، ئەگەرجیابوونەوە و سەربەخۆییشی نەوێ، ئەگەر سەرەتاییترین مافەکانیشی لەتوێی خودموختاری و لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکپارچەشدا داوا بکا، ئەگەر نیازی دوورکەوتنەوە لە بەرگریی چەکدارانە و نیەتی گرتنەبەری ڕێگای ئاشتیخوازانەشی هەبێ، وەڵامەکەی لە لایەن دەسەلاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەر یەک شتە: بەردەوامیی بندەستی و بەرقەراریی گرتن و تیرۆر و سەرکوت. هەرچی لە ڕووداوە خوێناوییەکەی ڤییەن دوور دەکەوینەوە و پێ بە پێی ئەوەش، لە گەڵ درێژتربوونەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستەی لە تاران لە سەر کارە، ڕاستی و بابەتی بوونی ئەو پەیامە زیاتر خۆی دەردەخا. قۆڵی ئەو تیرۆریستانە بێجگە لەمار و دووپشک، مێشکی ئەو دەسەڵاتدارە تاوانبارانە بێجگە لە پیلانی شووم، هیچی تریان بۆ کورد تێدا نییە. چار هەر ئەوەیە چارەنووسی د.قاسملووی هێمای ڕێبەرێکی لە ڕێی ئاشتیدا شەهیدکراو، شانبەشانی کولتوورە سیاسی و مودێڕنەکەی بکەین بە ڕێنوێنی خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی خۆمان، بۆ ئەوەی بێ دوودڵی و بەوپەڕی لێبڕاوییەوە، هەتا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و ڕزگارکردنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستی، لە تیکۆشان بەردەوام بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد  -  ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هۆکارەکانی پەلکێشکرانی د.قاسملوو بەرەو بۆسەی مەرگ

**عومەر باڵەکی**

* **عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** میللەتی کورد وەجاغی کوێر نییە، بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد کوڕێکی دیکەی نەبووە بڵێ قاسملووم...

* **ڕۆئیا حەکاکیان،** نووسەری کتێبی پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە: ئەمن لەو لێکۆڵینەوەی کردوومە بۆم دەرکەوتووە کە لەنێو هەموو ئەوانەی بە دەستی کۆماری ئیسلامی تێرۆر کراون و کوژراون، کەسێک کە دەیتوانی بێگومان ڕێبەرێکی نیشتمانی بۆ هەموو ئێران بێ، مسۆگەر عەبدوڕەحمان قاسملوو بوو...

------

کەسایەتی، زانایی و ئاستی بەرزی سیاسیی د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێگەیەکی قورسی دابوو بە حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی کوردستان و ئێران و دنیای دەرەوەش. هەر ئەوەش بوو کە دوژمن بە هەستکردن بەو پێگەیە هەوڵی دا ئەو دژبەرە سەرسەخت و کاریزمایە لەسەر ڕێگەی لاببا و بەپیلانێکی تێرۆریستیش توانی بەو ئامانجەی بگا.

٢٩ ساڵ لەمەوبەر، ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٣ی ژوئییەی ١٩٨٨) لە شاری ڤییەن، پێتەختی وڵاتی ئوتریش دەستی ڕەشی تێرۆر لە بەرگی دیپلۆمات و لەسەر مێزی وتوویژ بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێراندا گەیشتە د. قاسملوو، ڕێبەری کاریزمای کورد و حیزبی دێموکرات. کۆماری ئیسلامی هیچ تێچوویەکی ئەوتۆی بۆ تێرۆری ڤییەن کە کوژرانی عەبدوڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا قادریئازەر لەڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و فازیل ڕەسووڵ لە دۆستانی حیزبی لێ کەوتەوە، نەدا. لەگەڵ ئەوەی بەڵگەی ڕوون و تەواو بە دەست پۆلیسەوە هەبوو کە دەری دەخست بکوژەکان کێن و لە کوێن، تێرۆریستەکان لەژێر چاوەدێریی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزە ئەمنیەتییەکانی دەوڵەتی ئوتریش بەڕێی ئێران کرانەوە و خوێنی بە ناحەقڕژاوی قاسملووی نەمر و هاوڕێیانی کرا بە بەهای خێروبێری ساتوسەودای بازرگانیی ئێران لەگەڵ ئوتریش.

پەروەندەی تێرۆری ڤییەن سەرەڕای دەنگدانەوەی زۆری لەو وڵاتە و دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری میکونووس و هەوڵەکان بۆ هاتنەوە بەرباسی ئەم ڕووداوە لە کۆبوونەوەیەکی پاڕلمانی ئوتریشدا، هەتا ئێستاش بەستراوە و بێ ئەنجامە، هەڵبەت بۆ کورد و حیزبی دێموکرات ئەو پەروەندەیە هەمیشە بەکراوەیی دەمێنی هەتا ئەو کاتەی لە دادگایەکی دادپەروەردا فەرماندەر و بکەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە بڕیاری شیاوی خۆیان لەسەر دەدرێ.

## د.قاسملوو بۆچی بە پێی خۆی بەرەو پیری مەرگ چوو؟

بەپێی هەموو ئەو نووسینانەی لەبەردەست دان و ئەو زانیارییانەی لەسەر کەسایەتیی د. قاسملوو هەن، قاسملوو کەسێکی کەمتەرخەم نەبووە کە بەئاسانی بکەوێتە داوی دوژمن. بەتایبەت کە باش دەیزانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی فتوای کوشتنی داوە؛ بەڵام بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئەو کاتی ناوچە و ئەم گۆڕانکارییانەی لەگۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کوردستاندا هاتبوونە پێش، دەتوانین لێکی بدەینەوە کە د. قاسملوو لەبەرچی پەلکێشی ئەو دانوستانە تراژیدیکە کراوە.

* شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق لە بەرەکانی شەڕدا ڕاگیرابوون و دوو لایەن بە نێوبژیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان کەوتبونە دانوستان بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە. ئێران و عێراق بەتەمابوون دوای گەیشتن بە قۆناغی ئاشتی (ڕێکەوتننامەی الجزایر ١٩٧٥)ی نێوانیان جێبەجێ بکەن. ئەو ڕێککەوتنە باس لەوە دەکا لەسەر سنووری فەرمیی هەر دوو لا بە قووڵایی ٢٠ کیلۆمیتر دەبێ چۆل بکرێ و ئاسەواری ژیانی لێ نەمێنێ و ببێتە ناوچەیەکی قەدەخەکراو و کەس بۆی نەبێ تێیدا بژی. ڕێژیمی سەدام و لایەنی عێراق یەکلایەنە ماوەی چەند ساڵێک دەبوو کەوتبووە جێبەجێکردنی ئەو ئۆپەراسیونە و بە تایبەت لە ساڵانی ١٣٦٧ - ١٣٦٨دا بە تەواوەتی نێوەرۆکی ڕێکەوتننامەی ئەلجەزایری لە باشوری کوردستان پیادە کرد و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسەتی زەویی سووتاویان خستە بواری جێبەجێکردنەوە. د.قاسملوو لە نیزیکەوە دەیدی حوکمەتی عێراق چی دەکا و لەوەش نیگەران بوو کە حوکمەتی کۆماری ئیسلامیش لە دوای شەر هەناسەیەکی بێتەوە بەر و ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمان سیاسەت بگرێتە بەر.

* د. قاسملوو دەیهەویست پێش ئەوەی بەغدا و تاران لێک نیزیک ببنەوە و ڕێکبکەون، کوردی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی گەیشتبێتە سازانێک، چونکە پێی وابوو دوای ئەو ئەمە کورد هیچی دەست ناکەوێ و چیی پێ نابڕێ.

* ئێران لە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراقدا شەکەت ببوو و قەیرانە نێوخۆییەکانیش برستیان لێ بریبوو. لەو هەلومەرجەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەرنامەی تێپەڕین لەو قۆناغەیان هەیە. ڕەفسەنجانی وای دەنواند کە بەرنامەی سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ دژبەرانیشی هەیە. وابوو کە پێشنیاریی دانوستان و ڕێککەوتن لە نێوان حوکمەت و حیزبی دێموکرات (د. قاسملوو) هاتە گۆڕێ و بەرنامەی بۆ داندرا.

* لەو سەروبەندەدا خومەینی نەخۆشە و ململانێی نێوان قۆڵە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لەسەر دەسەڵات بەرەو ئاقاری توندوتیژی دەچوو. ئایەتوڵڵا سەید حەسەن تەباتەبایی کە یەکێک لە مەرجەعە تەقلیدەکانی شیعە بوو، ڕەخنەی توندی لە سیاسەتەکانی حوکمەت هەبوو و درێژەدانی شەر لە دژی عێراق و سیاسەتی سەرکوتی خەڵکانی ناڕازیی ئێرانی مەحکووم کردبوو. نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ زیاتر دەبوون و ئەمەش ڕێبەرانی ڕێژیمی نیگەران کردبوو و دەیانەویست ئیبتکاری عەمەل لە هێزە کاریگەرەکان بستێنن. چەند مانگێک بوو حکومەت مێهدی هاشمی، یەکێک لە فەرماندە باڵاکانی سپای پاسداران و خزمی نیزیکی ئایەتوڵڵا مونتەزیریی بە تاوانی وەرێخستنی شەر دژی ئیسلام ئیعدام کردبوو، ئەوەش زیاتر ئاوری دووبەرەکیی نێو دەسەڵات لە تارانی خۆش کردبوو.

* ئەو ڕووداوانەی نێو دەزگای حاکمییەتی ئێران ئەو تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەی لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی دروست کردبوو کە لەنێو دەسەڵاتی ئێراندا دوو گرووپ هەن، گرووپێکی لیبراڵ و گرووپێکی توندئاژۆ. هەر بۆیە هەوڵیان دەدا پشتی ڕەفسنجانی بگرن کە وای دەنواند لایەنگری کرانەوە و سازان لەگەڵ دنیای دەرەوە و تەنانەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دژبەرانێتی. بەتایبەت کە ئێرانی وێرانی دوای شەڕ پێویستیی بەسەدان میلیارد دۆلار سەرمایە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە شەڕلێدراوەکان و بووژاندنەوەی ئابووریی تێک تەپیوی وڵات هەبوو، و هەموو ئەوانە زەروورەتی ئاشتەوایی هەمەلایەنەی دەهێنایە پێش چاو.

* لە مارسی ١٩٨٨ (ڕەشەممەی ١٣٦٦ی هەتاوی) شاری هەڵەبجە بە بۆمبی شیمیایی هێرشی کرایەسەر. د. قاسملوو ئەو بۆمبارانەی مەحکوم کرد، ئەوە ساردیی خستە نێو پێوەندییەکانی حیزبی دیموکرات و حوکمەتی عیراق و حیزبی دیموکرات لەوە نیگەران بوو کە بکەوێتە نێو بەرداشی دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق.

* دۆخی داسەپاوی نوێ بەسەر شوێنی مانەوە و شێوەی چالاکیی هێزی پێشمەرگە و داهاتووی پڕ ئەگەر و ئەممای ئەم هەلومەرجە دوکتور قاسملووی هێنابووە سەر ئەو قەناعەتە کە هەم ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لەو دۆخە ببینێتەوە و هەم وزەی خەباتگێڕیی حیزبی دێموکرات لەسەر پێ ڕابگرێ.

* لە دەوری دووهەمی وتووێژەکان لە ساڵی ١٩٨٩ (جۆزردانی ١٣٦٨) خومەینی مرد و بەپێی هەموو پێوانەیەک مەنتیقی دەهاتە بەرچاو کە ڕەفسنجانی لە پۆستی سەرکۆماریدا (و لەحاڵێکدا کە نازناوی «سەرداری سازندەگیی» درابوویە) ئامادەیی پتری هەبێ بۆ چارەسەری کێشە نێوخۆییەکان بە تایبەتی پرسی کورد لەم وڵاتە.

ئەمانە و ڕەنگە زۆر هۆکاری دیکەی ئاشکراو شاراوە بووبن بۆ ئەوەی د. قاسملوویان بەرەو ئەو وتووێژەی پاڵ پێوە نابێ و لە هەموو ئەوانە گرینگتر باوەری بنەمایی د.قاسملوو بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد فاکتەرێکی دیکەیە کە وەک دیمان لە پێناو ئەو باوەرەدا گیانی خۆی دانا. لە یەک رستەدا دەتوانین بڵێین مەنتیق و چەکی سەرەکی و دڵخوازی د.قاسملوو لە ڕاستیدا وتووێژ و دانوستان لەگەڵ نەیارانی و پابەندبوون بە ئوسووڵەکانی دێموکراسی بوو.

## پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ لە داوخستنی د.قاسملوو

کۆماری ئیسلامی ماوەی ١٠ساڵ بوو هەناسەی ئاسوودەیی لە کوردستان نەدابوو. پێگە و هێزی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کوردستان و تەنانەت ئێراندا کۆماری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامیی هەراسان کردبوو، بەتایبەت کە زەبری قورسی گیانی و ماڵیشی لە سۆنگەی شەڕی کوردستان و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتەوە وێ کەوتبوو و دەیویست دوای تەواوبوونی شەڕ لەگەڵ ئیران عێراق خۆی لەگەڵ کێشەی دژە شۆڕشیش! یەک لا بکاتەوە. ڕێژیم لە مەیدانی شەری نیزامیدا بۆی دەرکەوتبوو کە ناتوانن بەرەنگاری هێزی پێشمەرگە - کە خۆی لەگەڵ هەلومەرجەکە گونجاندووە و پێکهاتەی تەواو پارتیزانی بە خۆیەوە گرتووە - ببنەوە و لە کوردستانی وەدەرنێن؛ هەر بۆیە دەبوا بەدوای چارەسەرێکی دیکەدا بن کە ئەویش وتوویژ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان و شەخسی د.قاسملوو بوو. لەو وتووێژانە یان حیزبی دێموکراتیان ناچار بە سازان دەکرد، یان دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەرەخسا لە سەری حیزبی دێموکرات بدەن.ڕفسنجانی بە هێنانی دوکتور قاسملوو بۆ سەر مێزی وتووێژ - بەدوای دوو ئامانجەوە بوو کە هەر دووکیان لاوازکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێ دەکەوتنەوە. یەکەمیان ڕاکێشانی حیزبی دێموکرات بۆ گۆڕەپانی سیاسیی نێوخۆی وڵات وەک حیزبێکی سیاسیی ڕێگەپێدراو بەپێی قانوونی بنەڕەتیی وڵات کە چەکداماڵین لە هێزی پێشمەرگە بەدوودا دەهات؛ لە قۆناغی دووهەمدا ئەگەر د.قاسملوو ملی بۆ ئەو داوا و پێشنیارە نەدابا، لە هەلی مومکیندا بیکوژن و حیزبی دێموکرات بێ سەر بکەن.

بۆ جێبەجێبوونی ئەو پیلانە لە پێشدا دەبوا متمانەی د.قاسملوو وەدەست بێنن و هەتا ئەو جیگایە بچنە پێش کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشنیاریان بە د.قاسملوو کرد کە پێویستە هەر بە تەنیا تۆ ببینین، د.قاسملوو باوەریان پێ بکا و بەپێی خۆی بچێتە قەتڵگە و بەداخەوە پیلانەکەشیان سەری گرت.

## لە تاوانی ڤییەن هەتا بڕیاری مێکونووس

لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا کە لە ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا و لە ژێرناوی «هۆکارەکانی پەلکێشکرانی د. قاسملوو بەرەو بۆسەی مەرگ» چاپ و بڵاو بۆوە، باسمان لەوە کرد کە چۆن کۆماری ئیسلامی لە نیازپاکیی د. قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد کەلکی خراپی وەرگرت و پیلانیان لە دژی گێڕا، بەڵام ئەوەی گرینگ بوو ئەمە بوو کە چۆن بتوانن متمانەی دوکتور قاسملوو وەدەست بێنن و بیخەنە بۆسەی مەرگەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە قۆناغی یەکەمدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە نییەتی ئاشتیخوازانەی خوالێخۆشبوو جەلال تاڵەبانی کەڵکیان وەرگرت. بەوەش دوو ئامانجیان دەپێکا: یەکەم کوشتنی د.قاسملوو و دووهەم چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور. بەڵام لەگەڵ ئەوەی چەند گەڕ و دانیشتن لەنێوان دوکتور قاسملوو و تیمە تێرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی بە بەشداریی مام جەلال (وەک لایەنی سێهەم) دەکرێ، کەچی لەبەر کارقاییمیی مام جەلال و چەند هۆیەکی تر پیلانەکەیان بۆ ناچێتە سەر و ئەمجارەیان بەبیانووی درکاندنی نهێنیی وتووێژەکانەوە هەوڵی لادانی مام جەلال و یەکیەتیی نیشتمانی لە ڕەوتی دانوستانەکاندا دەدەن.

لە فازێ نوێی پیلانەکەدا کە لەدوای مردنی خۆمەینی دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ د. فازیڵ ڕەسووڵ، نووسەر و کەسایەتیی ڕووناکبیری کوردی باشووری کوردستان کۆدەبنەوە و وەک نێوبژیوان بۆ درێژەدانی گەڕی نوێی دانوستانەکان ئەرکداری دەکەن. دوکتور فازیڵ ڕەسووڵ دوای سەردانی دوکتور قاسملوو لە پاریس و گەیاندنی پەیامی لایەنی ئێرانی لەسەر کاتی دانوستانەکان ڕێک دەکەون و بەمجۆرە دوکتور قاسملوو بەپێی خۆی دەچێتە نێو بۆسەی مەرگەوە.دانیشتنەکەی یەکەم کە ڕۆژی ١٢ی مانگی جولای دەبێ، لایەنی ئێرانی زیاتر بۆ کات کوشتن و شناسایی وردتری شوێنی کۆبوونەوەکە دایدەنێن و سبەینێی ئەو ڕۆژە پیلانەکەیان جێبەجێ دەکەن. دوای تێرۆرەکە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس هەموو وردەکارییەکانی جینایەتەکەی ئاشکرا، دەکا بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئۆتریش شتێکی دیکەی دەویست. ئەوان لەپێناو بەرژەوەندیی ئابووریی و سەودای خۆش و پڕ خێروبێر لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دادپەروەری و سەروەریی میللیی وڵاتی خۆیشیان وەلا نا.

لە کۆبوونەوەیەکی پارلمانی ئۆتریشدا کە بۆ تاوتوێی پەروەندەی تێرۆری ڤییەن پێکهاتبوو، پارلمانتارێکی فراکسیۆنی لیبرالەکان دەڵێ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان لەهەمبەر ئێراندا نەک لەسەر بنەمای سەروەریی نیشتمانی، بەڵکوو بەرژەوەندیی ئابووریی مەوداکورت بووە و لەو بارەیەوە بەتوندی ڕەخنەی لێدەگرێ. ئەو دەڵێ ساڵی ١٣٦٣ لانس، وەزیری دەرەوەی ئۆتریش یەکەم سیاسەتمەداری ڕۆژئاوایی بوو کە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ سەردانی ئێرانی کرد. هەروەها ساڵی ١٣٦٦ ئۆتریش یەکەم وڵاتی ڕۆژئاوایی بوو کە «ویلایەتی»، وەزیری دەرەوەی ئێرانی بانگهێشت


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد. کاتێکیش لە ساڵی ١٣٦٨دا فتوای کوشتنی سەلمان ڕوشدی لەلایەن ڕێبەری ئێرانەوە درا، هەموو وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا باڵوێزەکانیان لە تاران کشاندەوە، تەنیا ئوتریش نەبێ کە پێشتر بەبیانووی پشوو گەڕابوونەوە و دەوڵەت نەیویست نێوانی لەگەڵ ئێران تێک بدا. دیارە بەدەر لە چۆنیەتیی پیلانی وردی کۆماری ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی ئەم تێرۆرە، کەمتەرخەمییەکانی لایەنی حیزبی دێموکراتیش ڕەخنەی جیددیی لەسەرە، بۆ نموونە نەدەبوا قایل بەوە بن کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و شەخسی مام جەلال لە دانوستانەکە دەراوێژرێن، یان کاتێک کە کۆماری ئیسلامی پێشنیاری ئەحمەد بێنبنلا، سەرۆک کۆماری پێشووی ئەلجەزایر وەک لایەنی سێهەم لە وتووێژدا ڕەت دەکاتەوە و د. فازیڵ ڕەسووڵ پێشنیار دەکا، سەیرە دوکتور قاسملوو ناکەوێتە گومان و ئاسان بەوە مل دەدا. یان کاتێک لایەنی ئێرانی لە پڕدا کەسێکیان پێ ئیزافە دەبێ لایەنی حیزبی دیموکرات بۆ ڕازی بوون یا بۆ ئەوانیش کەسێکیان بە هەیئەتە ئیزافە نەکردووە؟ ڕەنگبێ زۆر لێکۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنە، یان ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دەسکەوتنی زانیاری لە ناوەندە ئەمنیەتییەکان ڕۆژێک ڕووناکایی بخاتە سەر ئەو تاریکییە کە چی وایکرد دوکتور قاسملوو ئەو متمانەیەی لا دروست بێ تا ئەرخەیان لەگەڵ تێرۆریستەکان دابنیشێ.

سێ ساڵ دواتر و دوای تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جێگرەوەی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی دیکەی لە ڕیستورانتی میکونووس و؛ پاشان لە بڕیارە مێژووییەکەی دادگای بێرلین (مێکونووس) دا بوو، کە زۆر لایەنی شاراوەی ئەم تێرۆرە دەرکەوت. لێرەدا بە کورتی تیشک دەخەینە چەند وێکچوویی و خاڵی جیاوازی ئەم دوو کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی.

## خاڵە وێکچووەکان:

* بڕیاری هەردوو تیرۆرەکە لەلایەن کومیتەی تایبەت لە شووڕای ئەمنیەتی باڵای کۆماری ئیسلامی درابوو کە لەژێر سەرپەرستیی شەخسی ڕێبەری نیزامدا کار دەکا.

* هەردووک تیرۆرەکە ئامانجیان لێدان لە سەری جووڵانەوەی کورد و بە ڕوونی کەسی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* هەردووک تیرۆرەکە لە دەرەوی سنوورەکانی ئێران و لەسەر خاکی وڵاتانی ئورووپایی کران و لە هەردووک تیرۆرەکەدا کاربەدەستانی پلەبەرزی باڵویزخانەی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵی سەرەکیان گێراوە بۆ بە سەرخستنی تیرۆرەکان.

* لە هەردووک تیرۆرەکاندا تیرۆریستەکان بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیک هاتوچۆی وڵاتانی ئورووپاییان کردووە و لە هەر دوو تێرۆرەکەدا ئەو چەکانەی کەڵکیان لێ وەرگیراوە و دوایە دۆزراونەتەوە؛ لە لێکۆڵینەوەکاندا ڕوون بۆتەوە ئی جبەخانەی ئەرتەشی ئێرانن.

* لەکاتی تیرۆرەکاندا هەر دوو وڵاتی ئوتریش و ئاڵمان دوو شەریکە بازرگانیی گەورەی ئێران بوون، بە تایبەت لەباری فرۆشتنی چەکوچۆڵ و کەرەستەی نیزامیدا.

## جیاوازییەکانی تێرۆری ڤییەن و مێکونووس

* لە دوو وڵاتی جیاوازی ئورووپایی بەڵام هاوسنووری یەکتر کران.

* لە تیرۆری ڤییەندا تیرۆریستەکان، شەهیدەکانیان (قوربانییانی کردەوە تێرۆریستییەکەیان) لەنیزیکەوە ناسیوە و چەندین جار لە نیزیکەوە لەگەڵ یەکتر دانیشتنیان بووە و بکوژەکان لە ماوەیەکی زەمەنیدا هەوڵیان داوە متمانەی قوربانییەکان وەدەست بێنن. بەڵام بە پێچەوانەوە لە تیرۆری میکونووسدا تێرۆریستەکان شەهیدەکان ناناسن و هیچ پێوەندییەکی پێشتریان پێکەوە نەبووە و ئەو کاتە قوربانییەکانیان لە نیزیکەوە دیتووە کە تەقەیان لێکردوون.

* لە تێرۆری میکۆنوسدا کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کردەوە تێرۆریستییەکە لە کەسانی غیرەئێرانی و ئێرانی کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام لە تیرۆری ڤییەندا هەموو تێرۆریستەکان ئێرانی و سەر بە دامودەزگای سپای پاسدارانی ئێران بوون و بە پاسپورتی ساختە و ناوی خوازراو لەژێرناوی دیپلۆماتدا لەسەر میزی کوشتارەکە دانیشتوون.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەڵویستی ئوتریش و ئاڵمان و دەزگای قەزایی ئەو دوو وڵاتە

* دەزگای قەزایی ئوتریش دوای ئاشکرابوونی کردەوە تێرۆریستییەکە نەیتوانی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و لە ڕاستیدا وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە توانیی زاڵ بێ بەسەر دەزگای قەزاییدا؛ بەڵام دەزگای قەزایی ئاڵمان لە ڕەوتی تیرۆری میکونوسدا توانیی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و هەتا ئەو جێگایە چووە پێش کە توانی لە حوکمی کۆتاییدا کاربەدەستانی پلەیەک و هەرە سەرووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرماندەر و بکەری ئەسلیی ئەو تیرۆرە بە جیهان بناسێنێ. ئەوەش لە مێژووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا شتێکی دەگمەن بوو کە دادگای جینایی وڵاتێک حوکمی گرتنی دەسەڵاتدارانی وڵاتێکی دیکە بکا کە هێشتا لەسەر تەختی دەسەڵاتن.

* دەزگایی قەزایی ئوتریش کەوتە ژێرکاریگەریی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و ملی دا بە دیزەبەدەرخۆنەکردنی کردەوە تیرۆریستییەکە، بەڵام دەزگایی قەزایی ئاڵمان نەچووە ژێرباری هیچ هەڕەشەیەک یان بەرتیل وەرگرتنێک؛ بەڵکوو ئەو هەڕەشە و بەرتیلدانەی وەک بەڵگە بەکار هێنا بۆ سەلماندنی ئەوە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تاوانباری سەرەکین لەو کردەوە تیرۆریستییەدا.

* لە شوێنی تیرۆرکردنی د.قاسملوو و هاوڕێیانیدا بە قسەی سەرۆکی دەزگای دژەتیرۆری ئوتریش هەموو بەڵگەکان شاهیدی بۆ ئەوە دەدەن کە تێرۆرەکە کاری دیپلۆماتە ئێرانییەکانە، چونکە دوای کەمتر لە سەعاتێک پۆلیس لە شوێنی ڕووداوەکەیە و سەحراڕودی بە برینداری کەوتۆتە دەستی پۆلیس و، بوزورگیان بە پاکەتێکی پۆستی کە خوێناوییە و بەستەیەک دۆلاری ئەمریکی لە شوێنی ڕووداوەکە پۆلیس گرتوویەتی و لە یەکەم لێکۆڵینەوەدا پۆلیس بۆی دەرکەوتووە کە قسەی سەحراڕودی و بوزرگیان لە بابەت چۆنیەتیی ڕووداوەکە لەگەڵ یەکتر ناتەبان. هەروەها کەرسەی تیرۆرەکە لە ماوەیەکی کورتدا لە لایەن پۆلیسەوە دۆزرانەوە، وەک دەمانچە کە نیشانەی پەنجەی سەحراروردی لەسەر بوو و، دۆزینەوەی دوو سوێچی ماتۆرسیکلیت مۆدیل سوزەکی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی کابرای فروشیار لەگەڵ سەحراڕودیدا، کابرای فروشیار تەردەست سەحراڕودی دەناسێتەوە و، ئەوانە هەموو بەلگە بوون لە بەردەستی دەزگای قەزایی ئوتریش.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* له حاڵێکدا بۆ دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی بکەرانی تیرۆری میکۆنوس پۆلیسی ئالمان دەبوایە کاری زۆر ورد و دەقیق و درێژماوە بکا هەتا بتوانی سەرەداوێک لە جینایەتەکە وەدەست بێنێ، چونکە لە شوێنی ڕووداوەکە تەنیا ئاسەواری بەجێماو، تەرمی شەهیدەکان و چەند بریندارێک بوو، بکەرەکان بۆی دەرچووبوون و شوێنپێیان لەدوای خۆیان بەجێ نەهێشتبوو.

* ڕەوتی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و بڕیاردان لەسەر پەروەندەی مێکونووس زیاتر لە پێنج ساڵی خایاند، بەڵام بە پیچەوانەوە دەزگایی قەزایی و دەوڵەتی ئوتریش پەلەیان هەبوو هەرچی زووتر دوو تیرۆریستەکە، واتا سەحراڕودی و بوزرگیان بەڕێی ئێران بکرێنەوە. بۆ نمونە ڕۆژی ١٣ی مانگ جینایەتەکە ڕوو دەدا و هەر ئەو ڕۆژە ئەو دوو کەسە دەستبەسەر دەکرین، بەڵام ٢٢ی مانگ واتا تەنیا١٠ ڕۆژ دواتر سەحرارودی لە نەخۆشخانەوە لەژێر چاوەدێریی پۆلیسی دژەتیرۆری ئوتریش دەبردرێتە فرۆکەخانە و بەرەو تاران بەری دەکرێ.

**سەرچاوەکان:**


– ئیسکۆرت بەرەوە تاران، پیتر پلیچ وەرگێرانی حەسەن کتیبی ئەیوب زادە
– خولیا و مەرگی قاسملووی کورد، کارۆڵ پروونهووبێر، وەرگێرانی فەتاح کاویان
– پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە، ڕوئیا حەکاکیان، وەرگێرانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە
– ترور بەنام خدا، پرویزدستمالچێ
– نرخی نەوت و خوێن لە ڤییەن، (باسێکی پارلمانی ئوتریش لەسەر تیرۆری د.قاسملوو، وەرگێرانی تاهیر حیکمەت
– قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە، قادر وریا
– دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی مودێرن و شۆرشگێرێکی دێموکرات، ئا: کاوە بەهرامی
– ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا، نەسرین قاسملوو، وەرگێرانی ناهید حوسێنی


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد – ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هاوکێشەی سوود و زیان لە ڕوانینی د. قاسملوودا
## (خوێندنەوەیەک بۆ «گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا»)

**حەسەن شێخانی**

«گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا.» ئەم وتەیە زۆر جار خوێندنەوەی هەڵەی بۆ دەکرێ و تەنانەت دەکرێتە پاساودەری کردەی سیاسیی کەم دەسکەوت و پڕزیان. ئەم وتەیە هەڵگری سێ ڕەهەندی بیری قاسملوون: نرخی ئازادی، هاوکێشەی سوود و زیان و، مرۆڤتەوەری لە سیاسەتدا. وە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی دروست بۆ ئەم وتەیە بکرێ، دەبێ بخرێتە نێو کانتێکستی بیر و ئەندێشەی قاسملوو و کۆی ئەم ڕەهەندانەی بیری قاسملوو بەیەکەوە لەبەرچاو بگیرێن. ئەگەر ئەم وتەیە لە بەستێنی بیری قاسملوو جیا بکرێتەوە و بە شێوەیەکی ئینتزاعی(ئابستراکت) و تاکڕەهەندی بخوێندرێتەوە و شی بکرێتەوە، دەبێتە هۆی خراپ خوێندنەوە و هەڵەتێگەیشتن؛ هەڵەتێگەیشتنێک کە دەکرێتە پاساودەری ناعەقڵانیی سیاسی و کردەوەگەلێک کە زیانەکانیان زیاترن لە دەسکەوتەکانیان.

دوکتور قاسملوو خاوەنی ڕامان و پێرسپێکتیڤێکی بەرینی سیاسی بوو. ئەو سیاسییەکی زۆر ژیر بوو. بەشێوەیەکی عەقڵانی و «زەمینی» سیاسەتی دەکرد و ڕەچاوی هاوکێشەی سوود و زیانی لە کایەی سیاسەت و پرۆسەی خەباتدا دەکرد. ڕاستە دوکتور قاسملوو پێی وابوو گەیشتن بە ئازادی خوێن و قوربانیدانی دەوێ، بەڵام بەتەواوی شەهادەتتەڵەبی و بەخۆڕایی بەکوشتدانی مرۆڤەکان (پێشمەرگە)ی ڕەت دەکردەوەو بەدروستی سنووری نێوانیانی دەکێشایەوە. لە شەهادەتتەڵەبیدا هاوکێشەی سوود و زیان هیچ جێگایەکی لە لێکدانەوەدا نییە، هاوکێشەیەک کە دوکتور قاسملوو پێداگری لەسەر دەکرد و بە مەرجی تێکۆشانی دروستی دەزانی. بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە، ئەم وتانەی دوکتور قاسملوون کە دەڵێ: «پەیامم بۆ کادر و پێشمەرگە و بۆ هەموو ئەندامانی حیزب ئەوەیە کە ئینزباتی خۆیان بەرنە سەر؛ ڕێکوپێکتر کار بکەن؛ چۆنیەتیی تێکۆشانی خۆیان بەرنە سەرێ. زەربەلێدان لە دوژمن باشە بەڵام خۆ بپارێزن لە هێرشی بێسوود و پڕزیان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پایگاگرتن باشە بەڵام بەهەموو نرخێک نا. پایگاگرتن و زەڕبە لە دوژمندان زۆر باشە بە شەرتێک نرخی گران نەبێ. نابێ لە بیرمان بچێ کە پێشمەرگە و ئەندامی حیزب و بەتایبەتی کادری حیزب سەرمایەی هەرە بەنرخی حیزب و میللەتن و نابێ بەخۆڕایی بە فیڕۆ بچن.» بۆ ئەوەی خوێندنەوە و شیکردنەوەیەکی دروست بۆ «گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا»، بکەین، دەبێ ئەم وتانەی قاسملوو لەبەرچاو بگرین. لێرەدا دوکتور قاسملوو بە ڕوانینێکی بایەخداری مرۆیی دەڕوانێتە کادر و پێشمەرگە و ئەندامی حیزب و لە هەمبەریاندا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ. بە ڕاشکاوی دەڵێ نابێ بەخۆڕایی لەدەست بچن. ئەمەش واتا گرینگیدان بە گیانی پێشمەرگە و پاراستنی پێشمەرگە. بە دەربڕینێکی دیکە قاسملوو وەک کەرەسە و ئامراز لە پێشمەرگە ناڕوانێ بەڵکوو بە ڕوانینێکی ئۆمانیستی، وەک مرۆڤ لێیان دەڕوانێ کە دەبێ بپارێزرێن و بەخۆڕایی فیدا نەکرێن. ئەمەش واتا ئەخلاقمەداری لە سیاسەتدا؛ واتا مرۆڤتەوەری لە خەباتدا. وەرگێڕانی ئەمڕۆیی ئەم وتانەی دوکتور قاسملوو ئەوەن کە لەپێناو بەڕۆژەڤبوونی کاتی و کورت ماوەدا و، لەپێناو پڕۆپاگاندایەکی زووتێپەڕ(ی فەزای مەجازی)دا نابێ کادر و پێشمەرگە فیدا بکرێن. سەرنج بدەن چۆن قاسملوو بەخشینی نرخ لەپێناوی ئازادیدا، هاوکێشەی سوود و زیان و، مرۆڤتەوەری و ئەخلاقمەداری لە سیاسەتدا بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە و پێوەندییەکی دروست و لۆژیکی لەنێوانیاندا وێنا دەکا. هیچ کامیان لەبەر ئەوەی دیکە وەلانانێ و چاوپۆشی لێناکا. ڕوانگەیەکی یەکگرتوو لە کۆی هەر سێکیان دەخەملێنێ و پێشکەش دەکا. ئەوانەی کە لەو سێ تێرمە تەنیا بەخشینی نرخ لەپێناوی ئازادیدا دەبینن و دوو تێرم و تێفکرینەکەی دیکە فەرامۆش دەکەن، دیارە لە قاسملوو تێنەگەیشتوون؛ دیارە توانای دیتنی هەموو ڕەهەندەکانی بیری قاسملوویان نییە؛ دیارە خوێندنەوەیەکی کەموکورت و ناتەواویان لە وتەکانی قاسملوو هەیە.

دوکتور قاسملوو لەلایەک دەڵێ کردەی شۆڕشگێڕانە، کردەیەکی کوێرکوێرانە و بێ پلان و بێدەسکەوت نییە، لەلایەکی دیکە وەک کەسێکی مرۆڤتەوەر، گیانی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی بەلاوە زۆر گرینگ و بایەخدارە، کە نابێ بەخۆڕایی بەفیڕۆ بچن. لێرەدا «عقل لە سیاسەتدا» و «مرۆڤتەوەری و ئەخلاق لە شۆڕشدا» بەرجەستە دەبنەوە. لە نەبوونی ئەم مەفهوومانەدا سیاسەت و شۆڕش لە ماناکانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیان بەتاڵ دەبنەوە؛ واتا لە سیاسەتدا کەفوکوڵ و هەستەکان زاڵ دەبن و لە شۆڕشیشدا ئامانجەکانی شۆڕش دێنە ژێر پرسیار و لە نێوەرۆکی مرۆیی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە.

کاتێک میللەتێک بڕیار دەدا بە ئازادی بژی، دەبێ خەبات بکا و لە ڕەوتی ئەم خەباتەشدا لەدەستدانی کادر و پێشمەرگە چارەهەڵنەگرە؛ چونکە خەبات بەبێ خوێن و قوربانیدان ناکرێ، بەڵام قسە لێرەدایە کە بارەتەقای هەر پێشمەرگەیەک کە لەدەست دەچێ، دەبێ زەڕبە لە دوژمن بدرێ. ئەگەر لە نەبوونی پلانێکی تۆکمە و ستراتیژیکدا و، لە ئەنجامی گرتنەبەری ڕێکارێکدا، تێچووی زۆر بدەی و سەرمایەیەکی مرۆیی زۆر لەدەست بدەی، بەڵام بارتەقای ئەو تێچووە، دەسکەوت بەدەست نەهێنی و زەڕبە لە دوژمن نەدەی، ئەوە لەگەڵ عەقڵانیەتیی سیاسی و ئەو تێکۆشانە دروستەی کە قاسملوو باسی دەکا، نایەتەوە. بەردەوامبوون لەسەر ڕێکارێک کە تێچووی زۆرە و دەسکەوتی کەمە، واتا گرینگینەدان بە گیانی ئەو کەسانەی پەیوەستی ڕیزەکانت دەبن؛ واتا وەک کەرەسە و ئامراز مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی پەیوستت دەبن؛ واتا دوورکەوتنەوە لەو مرۆڤتەوەرییەی کە ڕۆحی وتەکانی دوکتور قاسملوون.

ئەوانەی «گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدا»، وا لێک دەدەنەوە کە بەبێ ڕەچاوکردنی هاوکێشەی سوود و زیان، دەبێ تێچوو بدەی و سەرمایەی مرۆیی لەدەست بدەی، لە قاسملوو تێنەگەیشتوون؛ چونکە ئەو بە ڕاشکاوی دەڵێ زەڕبەلێدان لە دوژمن باشە بەڵام بە شەرتێک نرخەکەی گران نەبێ. ئەگەر زەڕبەیەکی ئەوتۆت لە دوژمن نەدا بەڵام نرخی گرانیشت دا و لەسەر ئەم ڕێچکەیەش هەر بەردەوام بووی، واتا قوتابیی باشی قاسملوو نیت و بەگوێرەی پێناسە و شیکردنەوەکانی بۆ خەبات، ناجووڵێیەوە.

بەپێی وتەکانی دوکتور قاسملوو، لە هەر کار و کردەوەیەکدا دەبێ نرخەکەت لەبەرچاو بێ، نابێ کارێک بکەی کە نرخی زۆر بێ و دەسکەوتی کەم؛ ئەمەش واتا عەقڵانیەتیی سیاسی. عەقڵانیەتێک کە لە نەبوونیدا سیاسەت واتای خۆی لە دەست دەدا. ڕێنوێنی قاسملوو بۆ ڕێبوارانی ڕێبازی، ئەوەیە کە ئاستی تێکۆشانی خۆیان بەرنە سەر، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر نرخی کەم دەسکەوتی زۆر بەدەست بێنن. لەژێر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیشکی ئەو وتانە و بەگشتی بیری قاسملوودا، دەتوانین ئەوە بڵێین کە بوونی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆ و حزووری فیزیکی و مەیدانیی پێشمەرگە لە نێوخۆ ئەرکێکی پیرۆز و باشە بەڵام بە هەموو نرخێک نا؛ و نابێ ئەم حزوورە کەم دەسکەوت و پڕزیان بێ. ئەمەیە ئەو عەقڵانییەتەی لە وتە و بیری سیاسیی قاسملوودا بوونی هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی: ٢٠١٩

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە یادی قاسملووی ڕێبەردا

کاوه بهرامی

٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ مێژوویەکی تاڵ بۆ گەلی کورد بەگشتی، بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە لە کردەوەیەکی تیروریستیدا، کۆماری ئیسلامی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێی تێکۆشەر و ماندوونەناس کاک عەبدوڵا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک دوکتوور فازڵ ڕەسووڵ کەسایەتی ناسراوی کوردی باشوور لە سەر مێزی بە ناو وتووێژ لە ویەن پێتەختی وڵاتی ئۆتریش تیرۆر کرد و شەهید بوون؛ هەنوکە سی ساڵ بە سەر ئەو کردەوە تیرۆریستییەی سپای پاسدارانی ڕێژیم تێدەپەڕێ بەڵام گەلی کورد و دوکتووری ڕێبەر و سەرکردە و دیپلۆمات و مامۆستای زانکۆ و ئابووریناس و هاوڕێیانی لە بیر نەکرد و بۆ هەتاهەتایە لە ئاسمانی بایەخە مرۆڤایەتییەکاندا.

دوکتور قاسلملوو ڕێبەرێکە پاش ٣٠ ساڵ هزر و ئەندێشە و نووسین و ڕێنوێنییەکانی هەردەم زیندوون و جێگای تایبەتییان لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئێران و کوردستان هەیە.

سی ساڵ بە سەرکارەساتی ناجوانمێرانە و تیرۆریستی و دژی گەلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ شەهیدکرانی ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو کە ئەو کات سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو تێدەپەڕێ. هەرکامە لە ئێمە کە لە نیزیکەوە پێوەندی و ناسراویمان لەگەڵ ڕێبەری نەمری گەلەکەماندا هەبووە، هەڵسوکەوت و ڕێنوێنییە بەنرخەکانی لە گوێمان دەزرینگێتەوە و لە پێش چاومان ون نابێ و لە بیرو دڵمان جێگای خۆی کردۆتەوە، من نووسەر نیم بەڵام ئۆگریم بە شەهید دوکتور قاسملوو هانی دام پاش شەهیدبوونی گۆشەیەکی کەم لە نووسین و وتە و ڕێنوێنییەکانی بە هاوکاری کۆمەڵێک لە هاوڕێیان و ئۆگرانی دوکتور قاسملوو لە پەرتوکێک بەناوی «تاڤگەی حەقیقەت» لە چوار بەرگ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(١٣٧٥)کۆبکەمەوە و بە کورتیش کتێبێک بە ناوی ڕێبەری مودیر و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات وەک سەرەتایەک لە ژیانی ناوبراو بنووسم؛ تا ئەو کات هیچ کەس و لایەنێک لەو پیوەندیەدا بەرهەمەکانی کاک د.قاسملوویان بڵاو نەکردبوویەوە بەڵام بەخۆشییەوە ئێستا ئۆگرانی دوکتور قاسملوو و دڵسۆزانی کورد بەپێی زانیاری و بەدوادا چوونەکان یان کۆمەڵێک کتێب یان لەو پێوەندییە سەبارەت بە گەورەیی و لێزانی و سیاسەت و دیپلۆماسی شەهیدی هەمیشە زیندوو کاک دوکتور قاسملوو نووسیوە و کۆ کردۆتەوە کە بۆ من جێگای شانازییە و دەسخۆشیان لێدەکەم.

لە یادەوەری و بیرەوەرییەکانمدا سیهەمین ساڵی شەهیدکردنی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو بە کورتی یادێک لە چۆنییەتی لێدوان و باس و بابەتە بەنرخەکانی لەم نووسینەدا دەکەم. کاک د.قاسملوو لە کۆڕ و سمینارەکاندا بەردەوام باسی لەوە دەکرد کە ئازادی و دێموکراسی دوو چەمکی تەواوکەری یەکتر بۆ رزگاری گەلانی ئێران لەچنگ دیکتاتۆری و پاوانخوازین و پێی وابوو دێموکراسی لە ئێران بە بێ پاراستن و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەکان سەقامگیر نابێ، پێویستە ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە بیر لە چارەسەری گەلانی ئێران بکاتەوە. هەر لەو پێوەندییەدا دەفەرمێ هەرگیز (خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی، تا حیزبی دێموکرات ماوە دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی). شەهید دوکتور قاسملوو ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتن و ڕێکخستنی بنەمای فکری و سیاسی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبوو. ئەو، حیزبی دێموکراتی لە بواری بۆچوونی سیاسی گەیاندە لوتکەی ئەحزابی پێشکەوتوو؛ بۆ یەکەمین جار دێموکراسی لەگەڵ سوسیالیزم لە گوفتمانێکدا بە ناوی کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم پێکەوە گرێدا، دیموکراسی نێوخۆیی حیزبی کردە مەبنایەک بۆ پێکەوەکارکردن و ڕێکارێک بۆ پێکەوەبوونی گەلان و رزگاری لە چنگ دیکتاتۆری و پاوانخوازی.

ئەگەر چاوێک لە ڕەوتی کاری سیاسی - کۆمەڵایەتی - دیپلۆماسی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن توانی ئەم حیزبە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەم ڕێک بخات، لە گۆشەنیگایەکی کورتیش بێت بڕوانینە ئەدەبیات و شێوەی ئاخاوتنەکانی ئەوکات خۆی و بەرێوەبەرانی حیزب و ڕاگەیاندنەکانی ئەو کاتەی حیزب بۆمان دەردەکەوێ ئەدەبیاتێکی جیاواز لە هەموو ئەدەبیاتەکانی دیکە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوفتمانێکی سادە بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ گەشەکردنی سیاسی و فەرهەنگی و دەستنیشانکردنی ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد بە ئەدەبیاتێکی رەوان و سادە و پاراو پەیام و بۆچوونەکانی حیزبی ئێمە لەبەر دەست کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەرۆژهەڵات بەهەموو چین و توێژەکانی دەگەیشت.

زۆرجار رەخنە لەحیزبی ئێمە دەگیرێ و دەڵێن وتووێژی حیزبی دێموکرات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەردەمی کاک د.قاسملوو لەجێی خۆیدا نەبووە لەبەر ئەوە، سەرئەنجامی ئەو وتووێژەش شەهیدکرانی رێبەری سەرکردەمانی بە دواوە بوو؛ رەنگە لەبواری چۆنییەتی و رێگا و شوێنی ئەمنییەتی ئەو بارودۆخە راست بێ بەڵام دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز بوو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کێشەکانی گەلی کورد لە رێگای دیالۆگ و ئاشتییەوە و بێ خوێنرشتن چارەسەر بکات، بۆیە رێگای وتووێژی لەگەڵ دوژمنانی گەلی کورد بۆ چارەسەری کێشەکان دەزانی، خەباتی چەکداری وەک خەباتێکی سەپێندراو بەسەر گەلی کورددا چاو لێدەکرد، رێبەری دەکرد و هەردەم خوازیاری بەرگری رەوا بوو.

بەهۆی خوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامە و کتێب و راگەیاندنەکان لێکدانەوەکانی هەردەم واقعبینانە و دروست بوون، هەر بۆیە لەبواری جهانبینییەوە زۆر دەقیق و ورد بوو.

باوەڕی تەواوی بەپاراستنی مافی مرۆڤ و کەرامەتی ئینسانی هەبوو، یەکەم حیزب بووین یاسای شەڕمان لەبواری دیلەکانی شەڕەوە لە کوردستان بڵاو کردەوە و لەکاتی خەباتی چەکداریدا توندوتیژ و لە کاتی شەڕدا لێکۆڵینەوەی لەو کەس و لایەنانە دەکرد کە یاساکانی شەڕ ناپارێزن و رینوێنی دەدان.

لە سەختترین هەلومەرجی خەباتی چەکداریدا بایەخی تەواوی بە مافی ژنان ئەدا و پێگری بەرەوپێشچوونی مافی ژنانی دەکرد، کۆرو کۆبونەوەی بۆ ساز دەکردن، هانی ئەدان کە دەبێ هەوڵ بدەن بە مافی خۆیان بگەن، لەپەیوەندی لەگەڵ بەرێوەبردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم رێبەرێکی لێوەشاوە و هەم مودیرێکی مودەبیرو کاردان بوو، سیاسەتی ناوخۆیی و بەڕێوەبەری حیزبی بە باشی رێک دەخست و سیاسەتی دەرەکی بەپێی لێکدانەوەی بارودۆخی ئەو کات دادەڕشت، ئەو چەمکی سەربەخۆیی سیاسی هێنایە ناو فەرهەنگی حیزبی دێموکراتی کورستانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران و حیزبێکی سەربەخۆی بۆ گەلی کورد ڕێک خست. فەرهەنگی ڕەخنە لەخۆگرتن و ڕەخنەگرتنی هێنایە ناو حیزبی دێموکرات بۆ گەشەکردن و پێداچوونەوە بە کەم و کووڕییەکان و ساق کردنەوەی هەڵەکان دەورێکی کاریگەری بوو.

سەرەرای هەموو خاڵە بەقوەت و شۆڕشگێڕانەکانی لە مەیدانی خەبات لە شاخ و شار، لە بواری سیاسی و دیپلوماسی لە ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان، شەهید دوکتور قاسملوو وەک مامۆستایەکی لێهاتوو و زانای زانکۆکانی ئورووپا توانی دەورێکی کاریگەر بۆ ناساندنی دۆزی کورد و ئێش و ئازارەکانی گەلی کورد بگێڕێ و لە ئاستی جیهاندا کورد بە دونیا بناسێنێ. لە کۆتایی دەبێ بڵێین بۆ گەلی کورد لە دایک بوو، لە پێناوی ئامانجەکانی گەلی کوردیش گیانی شیرینی بەخت کرد. هەردەم وتە بەنرخەکانی لە مێشکی ئێمەدا چرای ڕووناکی ڕێگای خەباتمان دەبن تا گەیشتن بە سەرکەوتن.

هەر وەک ڕێبەری گەورە و زانامان دەڵێ: باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو، پڕاگماتیزمی بەپڕەنسیپ

دوکتور ئیدریس ئەحمەدی

دوکتور قاسملوو بەردەوام لە لێدوانە سیاسییەکانیدا، هەروەها لە چاوپێکەتن لەگەڵ ڕۆژنامەوانان و کەسانی ئاکادێمی، جەختی دەکردەوە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی «واقعبینە». لە لایەکی دیکەوە، لە لێدوان و نووسراوەکانیدا، بەردەوام دووپاتی دەکردەوە کە حیزبی دێموکرات، «حیزبێکی بەرپرسیارە». بەپێی تێگەیشتنی باو لە چەمکی «سیاسەتی واقعبینانە»، ئەو جۆرە لە سیاسەتکردن لەبەرانبەر سیاسەتی مەرامتەوەر یان ئایدیالیزمدا دادەنرێ و لەو پەیوەندییەدا، ئاماژە بە فکری سیاسی کەسانێک وەک ماکیاڤێلی و بیسمارک دەدرێ. تێگەیشتنی باو لە ماکیاڤێلی ئەوەیە کە ناوبراو ڕای وابوو کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یان ڕاگرتنی دەسەڵات، سیاسەتڤان یان ڕێبەری سیاسی نابێ هیچ پڕەنسیپێکی ئەخلاقی ڕەچاو بکا. بیسمارکیش پێداگری لە سەر دەوری یەکلاکەرەوەی هێز لە سیاسەتدا دەکرد؛ بۆ نموونە، وتەیەکی بەناوبانگی گرنگی دەدا بە وەدەستهێنانی متمانەی کۆمەڵانی خەڵک و تەنانەت لایەنی بەرانبەر لە سیاسەتدا، بۆیە پێداگری لە شەفافییەت لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا دەکرد.

هەڵبەت دوکتور قاسملوو هەروەها «پڕاگماتیست» بوو، واتە سیاسەتی لە بەر تیشکی پارسەنگی هێز دادەڕشت و لەو شوێنەی پێویست بایا، هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنی سیاسی دیکە دەکرد بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشی سیاسی، واتە ئەو لایەنانەی کە لە ڕووی مەرامیسیاسییەوە لە حیزبی دێموکرات جیاواز بوون.

هەڵبەت پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو، پڕاگماتیزمێکی بەپڕەنسیپ بوو. ئەمەیە پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو لە پڕاگماتیزمی لایەنی دیکە جیا دەکاتەوە. بۆ نموونە کۆماری ئیسلامیش پڕاگماتیزم لەخۆ دەنوێنێ، بەڵام هیچ پڕەنسیپێکی ئەخلاقی سیاسی ڕەچاو ناکا، نە لە نێوخۆ لەگەڵ دژبەرانی، نە لە ئاست نێودەوڵەتیدا.

کاتێک باسی دوکتور قاسملوو دەکەین، دەبێ هاوشێوەی بیرمەندانی سیاسی بەرجەستە، جیاوازی لە نێوان دوو قۆناغ لە ژیاندا بکەین. لە قۆناغی گەنجیەتیدا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور قاسملوو زۆرتر ئایدیالیست بوو. لە تێزی دوکتوراکەیدا

ئەم ئایدیالیزمە بە ڕوونی دەردەکەوێ؛ هەم سەربەخۆییخواز بوو، هەمیش سۆسیالیزمی بەپێی مۆدێلی مەوجوودی ئەوکات دەویست. بەڵام کاتێک کە دوکتور قاسملوو دەبێ بە ڕێبەری حیزبی دێموکرات، بە لەبەرچاوگرتنی پارسەنگی هێز لە نێوان گەلی کورد و دەوڵەتانی حاکم بە سەر کوردستاندا وێڕای واقعیاتی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، خودموختاری وەک ئامانجی حیزبی دێموکرات دیاری دەکا. هەروەها بەرە بەرە لە سۆسیالیزمی مەوجوود لە ئەورووپای شەرقی دوور دەکەوێتەوە و دواجار سۆسیال دێموکراسی غەربی پەسەند دەکا. دوکتور قاسملوو بە ئەزموون بۆی دەرکەوتبوو کە سۆسیالیزمی مەوجوود ناتەبایە لەگەڵ ئازادی و دێموکراسی، بۆیە ئامادە بوو کە پێداچوونەوە بە فکری سیاسی خۆیدا بکا.

بەو پێیە، پڕاگماتیزمی دوکتور قاسملوو پێچەوانەی ئەخاق یان مەرامی سیاسی نییە، بەڵکوو سیاسەتی ژیرانە و بەرپرسیارانەیە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی سیاسیدا.

کەوابوو، پراگماتیزم بەتاڵ نییە لە ئایدیال یان مەرامی سیاسی، بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵ ئایدیالیزم، واتە هەڵگرتنی مەرامگەلێک کە زۆر ناکۆک بن لەگەڵ واقعی مەوجوود یان بە بێ ئەوەی لێکدانەوەی دروست کرابێ لە سەر زەمینەی گەیشتن بە ئامانجەی سیاسی پەیوەندیدار بەو مەرامانەوە. بە واتایەکی دیکە، ئەگەر لایەنێکی سیاسی توانایی یان هێزی ئەوەی نەبێ بە ئامانجێکی سیاسی بەرزەفڕ بگا، نەک تەنیا خەڵک پەرێشان دەکا، بەڵکوو دوژمنی زۆریش بۆ خۆی دروست دەکا و دواجاریش تووشی شکست دەبێ.

پڕاگماتیزم هەروەها جیاوازی هەیە لەگەڵ دۆگماتیزمی سیاسی، واتە ئامادەنەبوون بەپێداچوونەوە بە فکر یان مەرامێکی سیاسی کە بە ئەزموون دەرکەوتووە کە واقعبینانە نییە، یان ئامادە نەبوون بۆ هاوکاری لەگەڵ لایەنی سیاسی جیاواز لە پێناو لاوازکردنی دوژمنی هاوبەش یان گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش.

بەڵام لای دوکتور قاسملوو، پڕاگماتیزم دەکرێ بڵێین پشتئەستوور بوو بە ئەخلاقێکی بەرپرسانە. بە چ مانایەک؟ بۆ نموونە، کاتێک دوکتور قاسملوو خودموختاری وەک ئامانجی حیزبی دێموکرات دیاری دەکا یان پێکهێنانی سیستمێکی فێدراڵی لە ئێراندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به مومکین دەزانێ، کە لەوێدا کوردستانی ئێران بتوانێ هەرێمێکی خودموختار بێ، ئەو ئامانجەی لە بەر تیشکی پارسەنگی هێز وێڕای واقعیاتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دیاری کردبوو. ئاماژەی بەوە دەدا کە کوردستان بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە، بۆیە داواکردنی سەربەخۆیی هەرچەند دروست و پیرۆزیش بێ، دژایەتی هەر چوار دەوڵەت لەگەڵ خۆیدا دێنێ، هەروەها وڵاتانی دیکەش، لەوانە وڵاتانی عەرەبی و زلهێزان، ئەگەر دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان نەکەن، پشتیوانیشی لێ ناکەن. لەلایەکی دیکەوە، کوردستان دەستی بە دەریا ناگا، بۆیە لە ڕووی ژێئۆپۆلیتیکەوە، چوار دەورەکەی پێکهاتووە لە نەیار و دوژمن. بەو پێیە، لێکدانەوەیەکی بابەتییانە، ئەرکێکی ئەخلاقییە لە سیاسەتدا. وردتر بڵێین، دوکتور قاسملوو پێداگری دەکرد کە حیزبی دێموکرات ناتوانێ سۆز یان بەڵێنییەک بە خەڵکی کوردستان بدا یان ئامانجێکی سیاسی دیاری بکا کە زەمینەی وەدەستهێنانی نەبێ. کەوابوو، پراگماتیزمی دوکتور قاسملوو هەروەها جیاوازی هەیە لە گەڵ ئەو لایەنە سیاسیانەی کە پۆپۆلیستن، واتە قسەیەک دەکەن کە ڕەنگبێ بەشێک لە جەماوەر لە ڕووی ئیحساساتییەوە گوێڕایەڵی بن، بەڵام لە ڕاستیدا درۆیان لەگەڵ دەکەن، ئەویش خۆویستانە تەنیا لە پێناو ئەوەی کە پشتیوانی خەڵک بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن یان بە دەسەڵات بگەن. نموونەیەکی دیکە ئەو گرووپانەن کە بە وتەی دوکتور قاسملوو، لە کاتی دانوستاندندا، خوازیاری شەڕن، کاتێکش کە شەڕ بەرپا دەبێ، مەیدان چۆڵ دەکەن.

بەو پێیە، لە فکری سیاسی دوکتور قاسملوودا، سیاسەتی واقعبینانە، هەروەها پراگماتیزم وێڕای بەرپرسیاربوون وەک ئەخلاقی سیاسی، پێکەوە پەیوەندییان هەیە و تێکڕا چوارچێوەیەکی سیاسی پێک دێنن بۆ ئەوەی ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو بتوانن لە بەر تیشکی گۆڕان لە پارسەنگی هێز و هەلومەرجی سیاسیدا، سیاسەت دابڕێژن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی جولای ٢٠١٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە سییەمین ساڵی تێرۆرکرانی
# دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانیدا

**میرۆ عەلیار**

**ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی جوولای ١٩٨٩ی زایینی) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک عەبدوڵا قادریئازەر نوێنەری حیزب لەدەرەوەی وڵات و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ نووسەر و مامۆستای زانکۆ، لەلایەن تیمێکی تێروری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە سەر مێزی وتووێژ لە وییەن شەهید کران.**

سی ساڵ بەسەر ئەو جینایەتە سامناکەی ڕێژیمی ئێران دژ بە کورد تێدەپەڕێ. دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی چۆتە نێو مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردەوە و لە بیروباوەڕی نەتەوەکەیدا زیندووە.

ئاستی سەرکەوتوویی و لێهاتوویی و شوێندانەربوونی هەر ڕێبەرێکی سیاسی بە دوو پێوەر هەڵدەسەنگێندرێ: یەکەم، بە کاریگەریی و بەرهەم و دەسکەوتە سیاسییەکانی لە کاتی ژیانیدا و دووهەم، بەو میراتە سیاسی و هزریانەی کە ڕێبەرەکە لە دوای خۆی بەجێیان دەهێڵێ.با هەر ئەو دوو پێوەرەش بکەین بە بنەما بۆ خستنەڕووی بەشێک لە دەسکەوت و خزمەت و میراتە سیاسییەکانی عەبدولڕەحمان قاسملوو.

## بەرهەم و دەسکەوتە سیاسییەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

**یەکەم:** دابینکردنی یەکێتی فیکری و سیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا: ئەو کاتەی ڕێبەریی حیزب کەوتە دەستی دوکتور قاسملوو، ئاڵۆزییەکی فیکری بەرچاو بەسەر ڕێبەرایەتی حیزبدا زاڵ ببوو و هەرکەسەی بۆ لایەکی ڕادەکێشا! بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەندوکۆسپەکان هەنگاویان بە دوکتور قاسملوو شل نەکرد و توانی بە هاوکاریی هاوبیرەکانی و بەبێ حەزفی جیابیرەکان، ڕێبەرایەتی حیزب لە دەوری بەرنامە و پێڕەوێکی سەردەمیانەدا کۆبکاتەوە و بەشێوەیەک ژیرانە جیاوازیی بیروبۆچوونەکان بۆ یەک ئامانج مودیرییەت بکا. ئەو بڕوای بەو ئەسڵە سەلماوە هەبوو کە جیاوازیی بەگشتی و جیاوازیی بیروباوەڕ بەتایبەتی، بە نکۆڵی لێکردن و زۆر و هەڕەشە ڕەنگە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بکرێ، بەڵام سەرکوت نابێ و لەنێوناچێ و دوای ماوەیەک، لەشوێنێکی دیکە و بەشێوەیەکی دیکە و ئەوجارە ڕادیکاڵتر و بەشێوەی ڕووخێنەر سەرهەڵدەداتەوە.

لەپێناو دابینکردنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و بۆ ئەوەی بتوانی جیاوازییەکان بکەی بە دەرفەت و مودیرییەتی بکەی، دەبێ جیاوازیی وەک ئەسڵێکی ئاسایی و دێموکراتیک بسەلمێندرێ و ڕێزی لێبگیرێ. بیروبۆچوونە جیاوازەکان ئەگەر سەرکوت کران، کێشە و دووبەرەکی و لاوازبوونی بزووتنەوەی لێدەکەوێتەوە.

**دووهەم:** دابینکردنی سەربەخۆیی سیاسی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوکتور قاسملوو توانی حیزبەکەی لە هەر چەشنە بەستراوەییەک بەملا و بەولا ڕزگار بکا و لەباری سیاسی و تەشکیلاتی و تیئۆریکەوە هوییەتێکی سەربەخۆ بدا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. سەربەخۆیی سیاسی بەو مانایە کە پێوەر و پێوانە لە داڕشتنی سیاسەتەکانی حیزب، بەر لە هەموو شتێک دەبێ بەرژەوەندیی خەڵک و جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بێ و تەنیا ڕێبەرایەتی حیزب ئەو سیاسەتە دیاری دەکا.

**سێهەم:** قاسملووی ڕێبەر چەمکی خودموختاری و خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێرانی کرد بە پێناسەی بێ ئەملا و ئەولای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە هەر شوێنێک باسی خودموختاری و خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرابایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی دەکەوتەوە بیری بیسەر.

**چوارەم:** بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی شا، کاتێک دوکتور قاسملوو گەڕایەوە بۆ کوردستان، بەڕاستی بێجگە لەو کەسانەی کە ڕابردووی سیاسی و خەباتیان هەبوو، کەم کەس قاسملوویان دەناسی و حیزبی دێموکرات لە ژێر بارانی تانە و تۆمەت و هێرشی تەبلیغاتیی زۆر لایەنەدا بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام قاسملووی لێهاتوو لە ماوەی تەنیا چەند ساڵێکدا حیزبی دێموکراتی گەیاندە لووتکە و کردی بە حیزبی بەنفووز و یەکەمی کوردستانی ئێران و یەکێک لە حیزبە شوێندانەر و سەرەکییەکانی کورد بەگشتی.

**پێنجەم**: بووژانەوە و گەشەپێدان بە بیر و هەستی نەتەوەیی. لە دوای شۆڕشی ٥٧ بیروباوەڕ و ئیدئۆلۆژی چەپ بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا زاڵ بوو و پرسی نەتەوەیی لە بەرنامەی حیزبە چەپەکاندا نەک هەر لە ئەولەوییەتدا نەبوو، بەڵکوو بە بیرێکی دواکەوتووانەش دادەنرا!

لەو کەشوهەوایەدا قاسملوو ئاڵای خەباتی نەتەوەیی بەرز کردەوە و بە دەستی بەتوانای ئەو و بە هەوڵ و تێکۆشانی حیزبەکەی ئەو، خەباتی نەتەوەیی بە مەودایەکی زۆرەوە، بوو بە خەباتی ئەسڵی و سەرەکیی خەڵکی کوردستان.

**شەشەم**: دێموکراسی و مودێڕنیزەکردنی ژیان و خەباتی حیزب. دوکتور قاسملوو بە تەواوی، هەستی بە زەروورەتی بوونی دێموکراسی بۆ گەشەسەندنی حیزب و جووڵانەوەی نەتەوەیی کردبوو و لێبڕاوانە هەوڵی بۆ پەرەدان بە دێموکراسی دەدا. لە هەموو کۆبوونەوە و دەرفەتێکدا لەسەر پاراستنی ئوسوول و موناسباتی دێموکراتیک لە حیزبدا پێداگریی دەکرد و لە تێکۆشان بۆ جێگیرکردنی کولتوورێکی سیاسیی دێموکراتیک ماندوو نەدەبوو.

باوەڕی وابوو کە خەباتی ڕزگاریخواز بۆ ئەوەی تووشی دووبەرەکی نەبێت و بتوانێ کەڵک لە پوتانسیەلەکانی خۆی وەربگرێ و ئازادی و دێموکراسی بۆ کۆمەڵگا دابین بکا، دەبێ لە خۆیدا ماهییەتەن دێموکراتیک بێ و بڕوای بە پڕینسیپەکانی دێموکڕاسی هەبێت.هەروەها، پرسی ژن وەک پرسێکی یەکلاکەرەوە بۆ گەشەسەندن و بەرەوەپێشچوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی، بە بێ دەروەستبوون بە ئوسوول و بنەماکانی دێموکراسی لە بنەماڵە و حیزب و کۆمەڵگادا، چارەسەر ناکرێ.

**حەوتەم**: نێونەتەوەییکردنی پرسی کورد. بەبێ هیچ چەشنە گومانێک دوکتور قاسملوو لە ناساندنی پرسی کورد و جووڵانەوەی کورد وەک بزووتنەوەیەکی ڕەوای نەتەوەیی دێموکراتیک بە دنیا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی گێڕا. پێی وابوو کە پرسی کورد دەبێ لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێران دەربچێ و ڕێژیم بە ئاسانیی نەتوانێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدوور لە چاوی بیرورِای گشتی جیهانی کورد قەڵاچۆ بکا و مافەکانی پێشێل بکا.

زانایی و بەئەزموونبوون و کەسایەتی کاریزماتیکی ئەو لە لایەک و شارەزایی بەسەر چەند زمانی گرینگی دنیادا و لێهاتوویی ئەو لە گەیاندنی پەیام بە بەردەنگی خۆی لەلایەکی دیکەوە، دیپلۆماتێکی بەتوانای لە دوکتور قاسملوو دروست کردبوو و یارمەتی دابوو بە سەرکەوتنی ئەو لە ئەرکی نێونەتەوەییکردنی پرسی کورددا.وەک کەسایەتیش، قاسملوو لە نێو کۆمەڵگای سیاسی و ڕووناکبیرانی ئورووپادا جێگایەکی شیاوی بۆخۆی مسۆگەر کردبوو. دۆستانی قاسملوو ئێستاش لایەنگرانی بەئەمەگی کورد و پرسی کوردن.

**هەشتەم:** ڕاشکاوی و ئازایەتی لە دەربڕینی بیروباوەڕ و قەناعەتدا. دوو نموونە: خوێندنەوەیەکی نوێ لە سوسیالیزم و هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیک بۆ نێو حیزب لە کاتێکدا کە تێڕوانین و تێگەیشتنی چەپی سوننەتی لە کوردستان و لە خودی حیزبی دێموکراتیشدا لەوپەڕی خۆیدا بوو! هەروەها، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ دوکتور قاسملوو نەچووە ژێر کاریگەریی و هەڵڵاوهوریا و تەبلیغاتی حیزبی توده و هاوبیرانی. ئەو بوو دەنگی هەڵبڕی و گوتی ڕێژیمێک کە گەلانی ژێردەستەی ئێران بە تاوانی ئازادیخوازی سەرکوت دەکا و مافەکانیان پێشێل دەکا و بڕوای بە ئازادی و دێموکراسی نییە، ناتوانێ ڕێژیمێکی عادڵ و دژی ئیمپریالیست بێ.

حیزبەکەی قاسملوو زۆر زوو دەنگی پێی دیکتاتوریی نوێی بیست، بە دژی وەستایەوە و لە ڕیفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا بەمەبەستی دیاریکردنی نەوعی نیزامی داهاتوو، بەشداریی نەکرد.

## میراتە سیاسی و هزرییەکانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

* قاسملووی خەباتگێڕ لەگەڵ ئەوەی بڕوای قووڵی بە چارەسەریی پرسی کورد لە ڕێگای سیاسی و وتووێژەوە هەبوو و لەو ڕێگایەشدا سەری بەرزی دانا، بەڵام فێری کردین کە خۆبەدەستەوەدان و ئاشبەتاڵ و خافڵبوون لە خەبات بۆ ئازادی، بۆ خۆمان و حیزبەکەمان بکەین بە هێڵی سوور و «تابۆ». بە بڕوای قاسملوو، پرسی کورد ڕێگاچارەی نیزامی نییە، بەڵام نە بەو مانایەی کە ڕێژیمی حاکم حاشا لە بوونی کورد بکا، بە ئاور و ئاسن هێرش بکاتە سەر کوردستان و لەنێوبردن و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەڵاچۆی ژن و منداڵ و پیر و گەنجی کورد بۆخۆی بەڕەوا بزانێ، بەڵام کورد داماو و دەستەوئەژنۆ دانیشێ، وەدەست نەیە و بەرەنگاری دوژمن نەبێتەوە و چاوەڕوانی ڕەحمی دیکتاتور بێ داخوا کەنگێ ڕێگاچارەی سیاسیی پرسی کوردی بەبیر دادێ!

بەپێچەوانە، مەبەستی دوکتور قاسملوو لەو قسەیە ئەوە بوو کە ڕێژیم بەچەک و بەڕێگای نیزامییەوە جووڵانەوەی کوردی پێ لەنێو ناچێ و کورد دەبێ بەخەباتی بێوچانی خۆی بەشێوەی جۆراوجۆر، یەک لەوان خەباتی چەکدارییە، حکوومەت ناچار بکا کە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد ڕێگای وتوویژ و سیاسی بگرێتە بەر.

* قاسملووی دێموکرات دەیگوت، لەپێناو پاراستنی کەرامەتی یەکترو دابینکردنی یەکێتی و یەکگرتوویی لایەنەکانی نێو جووڵانەوە و گەشە و پەرەپێدان بەحیزبایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازدا، دەبێ لە هەموو حاڵەتێکدا دەروەست و پابەند بین بە پێوەر و پرینسیپەکانی دێموکڕاسی. پێی وادەگرت کە خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەباتی نەتەوەیی. ئەو بەدروستی دەیزانی پرسی دێموکراسی و پرسی خەبات بۆ ئازادیی و مافی نەتەوەیی بە هیچ شێوەیەک لەیەک جیا ناکرێنەوە.

* قاسملووی خاوەن ستراتێژی دەیگوت، دەبێ هەوڵ بدەین کە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد ببێت بە فاکتەرێکی سیاسیی سەربەخۆ لەناوچەدا و بۆ ئەو مەبەستە، پێویستمان بە یەکێتی و هاوهەڵوێستیی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی هەیە.

* ڕێبەری نیشتمانپەروەر فێری کردین، دەبێ بڕوابەخۆ بین و لە خەباتدا پشت بەخەڵک و هێزی خۆمان ببەستین، بڕوامان بە داهاتوو و بە سەرکەوتن هەبێ. دەیگوت، ڕەمزی سەربەرزی و سەرکەوتن لە خۆڕاگریی و بەردەوامبوون لە خەبات لە پێناو ئازادییدایە : «گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ ئامادە بێ نرخەکەشی بدا».

* واقیعبینی: واقیعبینی سیاسی بەرهەمی باشناسینی دۆخی سیاسی و مێژوویی ئەو جوغرافیایە کە خەباتی تێدا دەکەی، خوێندنەوەی فاکتەرە شوێندانەرەکانە، هێزی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دروست لە بارودۆخی بەردەستە و سەرەنجام، داڕشتنی سیاسەت و ئامانج و ستراتێژیی خەبات لەسەر بنەمای ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێکرا و ڕەچاوکردنی سیاسەتی هەنگاوبەهەنگاو بۆ گەیشتن بە ئامانجە. لە ژیان و خەباتی سیاسیی دوکتور قاسملوودا ئەو تایبەتمەندییانە بەڕوونی دەبینرێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەو سیاسەتە واقیعبینانەیە، سەقامگیریی سیاسی لە حیزبی دێموکراتدا مسۆگەر کرد**

لەو پێوەندییەدا، ئەگەر بە دوور لە دەمارگرژیی ئاورێک لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بدەینەوە، ئاڵوگۆڕەکانی ئەورۆ گەڕانەوە بۆ بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی قاسملوویان پێوە دیار نییە؟!

* قاسملووی زانا و بیرمەند پێی دەگوتین کە لەژیانی خوسووسی و حیزبی و خەباتماندا، فێربوون و خۆپێگەیاندن و خۆپۆشتەکردن بە چەکی زانست، بکەین بە ئەرکی ڕۆژانە.

* قاسملووی بە بیروباوەڕ، ڕێبەربوون و ڕێبەریکردنی بە کەیفییەتێکی جیاوازەوە پێناساندین. ڕێبەری خەباتگێڕ و بەئەخلاق بەپێی وەسیەتنامەکەی «لە ماڵی دنیا تەنیا کتێبخانەیەکی لە پاش بەجێ دەمێنێ و ئەویش، لە ڕێگای جێنشینەکەیەوە دەگەڕێتەوە سەر دارایی حیزب»! هەموو ئەو توانا و تایبەتمەندییە بەرزانە، قاسملوویان کردبوو بە کەسایەتی و ڕێبەرێکی کاریزماتیک و خاوەن نفووز و ئۆتۆریتەی مەعنەوی. قاسملوو ئەگەرچی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵام وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی چاو لێدەکرا و خەڵک لەدەرەوەی حیزبەکەشی، دوکتور قاسملوویان وەک ڕێبەری هزری و سیاسی خۆیان قەبووڵ کردبوو و ڕێزیان لێدەگرت.

**قاسملوو وەک ڕێبەرێکی مێژووسازی دێموکرات و نیشتمانپەروەر،هەتاهەتایە لەبیر ناکرێ.**

برینی قاسملوو پاش ٣٠ ساڵ ئێستاش هەر تازەیە و خوێنی لێ دەچۆڕێ. ئەو برینە ئەوکاتە سارێژ دەبێتەوە کە کورد بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی کە ئامانجی قاسملوو بوون، بگا؛ کەوایە، با بە هەموومان بە خەباتی بەردەوام و لێبڕاوانە بۆ سارێژکردنەوەی برینی ڕێبەرە تاقانەکەمان تێبکۆشین.

بەرز و پیرۆز بێ یادی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملووی مەزن و هاوڕێکانی کاک عەبدوڵا قادری ئازەر و کاک دوکتور فازل ڕەسووڵ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە یادی ۳۰ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوودا

**لوقمان مێهفەر**

قسەکردن لەسەر کەسایەتی سیاسیی دوکتور قاسملوو، ڕۆڵی ڕێبەری کردنی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و باندۆڕی لەسەر حیزبی دێموکرات، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی زانستی لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە هەیە و گرنگیشە کە دادپەروەرانە ئەو کارە بکرێت؛ بۆیە لەو نووسینە کورتەدا من خۆم لەو باسە دەبوێرم و وەک پێشمەرگەیەکی ڕێبازی دێموکرات و هاوکات ڕێبوارێکی ڕێبازی پیرۆزی شەهید دوکتور قاسملوو سەرنج دەخەمە سەر چەند تایبەتمەندییەکی بەرزی ئەو ڕێبەرە کاریزمایەی نەتەوەکەمان. لەڕاستیدا هەر چەندە تا ئێستا چەندین تێزی ماستەر و دوکتورای لەسەر نوسراوە کە بە بڕوای من مافی خۆیەتی بەڵام هێشتا کەمیان نوسیوە و گوتووە، بەڵکوو دەبێ بیر و هزری شەهید قاسملوو وەک بەشێک لە بەرنامەی پەروەردە لە قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستاندا بگونجێندرێ.

پێشەکی دەمهەوێ بڵێم کە بۆ یاد لە شەهیدانمان دەکەینەوە؟ فەلسەفەی یادکردنەوە یان ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان چییە؟ مەگەر ئەوە نییە لەو ساتەدا کە بەپێوە دەوەستین بیر لە ئامانج و خەسڵەتە بەرزەکانی شەهیدان دەکەینەوە؟ لە سی ساڵەی شەهیدکرانی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملووی بیرمەندیدا ئەوەی دەبێ سەرنجی بدەینێ و لێی فێر بین هەمان ئەو تایبەتمەندییە بەرزانەن کە ئەگەر بیانکەینە سەرمەشقی ژیان و تێکۆشانمان ئەوا هەم لە ئاسۆی گەیشتن بە سەرکەوتنی خەبات نزیکتر دەبینەوە و هەمیش ڕۆحی شەهیدان شاد دەکەین و ناو و یادیشیان زیندوو ڕادەگرین.

## ئەخلاقی سیاسی

شەهید قاسملوو فێری کردین لە سیاسەتدا پابەندی ئەخلاق بین چوونکە باوەڕێکی قووڵی بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە سیاسەتی حیزبەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزێکی کاریگەری جەماوەری و چەکداری خاوەن دەیان هەزار پێشمەرگەی لەپشت بوو بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کە هەرگیز نابێت حیزبی دێموکرات بەشێوەیەک سیاسەت بکات کە زیان بە هاوبەش و هاوخەباتەکانی خۆی بگەیەنێ کە تووشی هەڵەیەک بێت دواتر نەتوانێ قەرەبووی بکاتەوە. ئەوە بنەمایەکی سەرەکی بوو لە هزری قاسملوودا کە باڵی بەسەر سەرجەم ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتدا کێشا و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕەچاوی ئەو ئەسڵە دەکرێت. ڕەنگە پابەندبوونی حیزب بەو ئەسڵەوە حیزبی دووچاری کێشە و ئاستەنگی کاتی کردبێتەوە بەڵام دەرەنجام، پرەستیژ و متمانەی حیزب زیادی کردووە. هەر لەو ڕاستایەدا ئیستراتیژیک بیری دەکردەوە و فێری دەکردین ئیستراتیژی فیدای تاکتیک نەکەین، بەرژەوندی گشتی و نەتەوەیی لە سەرەوەی بەرژەوەندی کەسی و حیزبی دابنێین.

## یاساتەوەری

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات وەک دەستوور یان یاسای بنەڕەتی هەر وڵاتێک دەکرێ چاوی لێ بکرێ و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. بەتایبەتیش بەرنامەی حیزبی دێموکرات کە مەبەستییەتی کۆمەڵگایەکی کراوە و دێموکرات و دادپەروەر دابمەزرێنێ، نزیک بە تێکڕای ئەو مەرج و پێوەرانەی کە دەبێ کۆمەڵگایەکی لەو چەشنە هەیبێ لەو بەرنامەیەدا هەیە. بێگومان کرۆکی بەرنامەکە و هەمووارکردنەوەشی کاریگەری بیرتیژی و دونیابینی شەهید قاسملووی لەسەر بووە و بە تێپەڕینی کات بایەخ و گرنگی ئەو بەرنامەیە زیاتر دەردەکەوێت. جگە لەوە شەهید قاسملوو زۆر یاسا و ڕێسای دیکەی پەیوەست بە حیزب و شێوەی خەباتەکەی لە چوارچێوەی بڕیار و ڕاسپاردەدا دەگەیاندە تەشکیلاتی حیزب کە هەر یەکێک لەوان دەرخەری ڕوانگەی یاساتەوەری و یاسامەندی ئەو بوون کە پێشوەختە دەیهەویست ئەندامانی حیزبەکەی خۆی بە ڕێزگرتن لە یاسا بار بهێنێ تا لە داهاتوودا ئاسانتر بتوانێ جێبەجێی بکات.

تەنانەت لە کاتی خەباتی چەکداری و لە بەرامبەر توندوتیژی و کاولکارییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا ڕێگەی نەدەدا یاساکانی شەڕ لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە پێشێل بکرێن، چوونکە پێیوابوو کە کەسی شۆڕشگێڕ و هێزی پێشمەرگە هیچ کاتێک نابێ هەڵەی دووژمنەکەی دووبارە بکاتەوە یان وەک ئەو ڕەفتار بکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵکوو بەلایەوە گرنگ بوو کە باوەڕی ئاشتیخوازانە و مرۆڤدۆستی ئێمە دەبێ لە کاتی شەڕیشدا بە کردەوە بچەسپێ؛ وەک نموونە ئازادکردنی دیلەکانی شەڕ و تیمارکردنی دیلە بریندارەکان پابەندبوونی حیزبی دێموکرات بە یاساکانی جەنگەوە نیشان دەدات. هەربۆیەش خەباتی چەکداری حیزبی دێموکرات وەک خەباتێکی بەرگری نەتەوەیی ڕەوا پێناسە کرا و دونیاش بە چاوی خۆی دیتی کە کێ داگیرکەر و تیرۆریستە.

## مرۆڤتەوەری و مافی ژن

حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی جەماوەری مەزن تێکڕای چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا خۆیان تێدا دەبیننەوە و ئەوان پێکی دەهێنن. ئەوەش کە چۆن دەکرێ حیزبێکی سیاسی ئەو هەموو جیاوازییانە لە خۆیدا بۆ مەبەستێکی سیاسی لە تەشکیلاتێکدا جێگا بکاتەوە لەوانەیە بۆ چەند هۆکار بگەڕێتەوە: یەک لەوان بیری نەتەوەخوازی و ڕزگاری نیشتمان کە حیزبی دێموکرات ئاڵاهەڵگری ئەو خەباتەیە بە درێژایی مێژووەکەی، هۆکارێکی دیکەش نرخدان بە کەسایەتی تاک و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ و بۆچوونەکەیەتی. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شەهید قاسملوو پێداگری کردن بوو لەسەر ئەوەیکە ئەندامی حیزب دەبێ ئازاد بێ لە دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانیدا، تاک بە گشتی دەبێ ئازاد بێ لە بیرکردنەوەدا و نابێ بێدەنگ بکرێت. ئەو کۆمەڵگای خۆی باش دەناسی و ڕێزی لە جیاوازییەکانی دەگرت. هەوڵی دەدا تاکەکان بەشدار بکات لە خەباتدا و متمانەبەخۆبوونیان لا بەهێز بکات. دەرفەتی ڕەخساند تا ئەندامانی حیزب خۆیان پێبگەیەنن و خۆ پەروەردە بکەن، زیاتر لە پیاوانیش پشتیوان و هاندەری ژنان و کچان بوو تا لەو هەلومەرج و بارودۆخەی ئەوکات کە زۆر شتیان لەدەست چبوو بتوانن قەرەبووی بکەنەوە. باوەڕی قووڵی بە بەشداری و چالاکی ژنان لە شۆڕشدا هەبوو و جێی بەتاڵی ئەوانی وەک خاڵی لاواز دەبینی. ڕوانگەی شەهید قاسملوو سەبارەت بە مافی ئەندام بە گشتی و مافی دەربڕین بەتایبەتی ڕوانگەیەکی کراوە و دێموکراتییانە بوو هەربۆیەش لە حیزبی دێموکراتدا بە ئاسانی هەست بە ئاراستە جیاوازەکان و بۆچوونە هەمەچەشنەکان دەکەین، بە واتایەکی دیکە ئەندامان ئازادن لە دەربڕین و بیروباوەڕیان تا ئەو کاتەی بەرژەوەندییەکانی حیزب و نەتەوە نەکەنە ئامانج کە زیان بە هەمووان بگەیەنێت یان ئازادی و مافی کەسانی دیکە پێشێل نەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## واقعبینی لەنێوان سەربەخۆییخوازی و پێکەوەژیاندا

بەداخەوە کوردستان بەهۆی داگیرکاری و دوژمنانی دیکتاتۆرەوە بە قۆناخی جیاوازدا تێپەڕیوە و دووچاری توانەوە و قەڵاچۆکردن بۆتەوە. لەگەڵ ئەوەش کە خەبات بۆ دژایەتی داگیرکەران هەر هەبووە بەڵام بە خواست و ویستی دڵخواز نەگەیشتووە و کوردەکان بەگشتی بێ وڵات و کیانی سەربەخۆی خۆیانن. سەبارەت بە ڕوانگەی شەهید قاسملوو لەسەر خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، زۆر جار لایەن یان کەسانی هەلپەرست بەوە تۆمەتباری دەکەن کە داوای مانەوەی لە چوارچێوەی ئێراندا کردووە و لەبەرامبەریشدا دوژمنانمان بە جوداخواز کە هەوڵی پارچەکردنی ئێران دەدات ناوی دەبەن. لەڕاستیدا یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی شەهید قاسملوو سەربەخۆیی خوازی بوو کە لە کەسایەتی خۆیدا ڕەنگی دابۆوە. وەک کەسایەتی خاوەن هزر و تێڕوانینی خۆی بوو و نەدەکەوتە ژێر کارتێکەری هیچ تەوژمێکی فکری. ئەو تایبەتمەندییە کەسییەی شەهید قاسملوو توانی سەربەخۆیی سیاسیش بۆ حیزبی دێموکرات بگێڕێتەوە. ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە جگە لە کۆماری کوردستان وەک لوتکەی ئاواتی گەلی کورد بە ڕێبەری حیزبی دێموکرات، ئەوا دیسان هەر حیزبی دێموکرات بوو کە خودموختاری و مافی خۆئیدارەکردنی کوردستانی بە بێ شەرت بۆ کوردستان داوا کرد و خەباتی بۆ کرد و قوربانی گەورەشی لە پێناوی دا؛ بەڵام خودموختاری لە ڕوانگەی قاسملوودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واقعبینییە سیاسییەی کە بە هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە کردوویەتی لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە باوەڕی قووڵی بە هاتنەدی دێموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی گەلانی دیکەی ئێران لەگەڵ گەلی کورد و کرانەوەی دەرفەت و سنوورەکان بەڕووی کوردستاندا تا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بتوانێ لەبەرەوپێشبردنی کاروباری وڵاتەکەیدا کەڵکی لێوەربگرێت.

لە کۆتاییدا وێڕای سەری ڕێز و کڕنۆش بۆ بیر و هزری شەهید قاسملوو، ڕوو بە نەیاران و دوژمنانی حیزبی دێموکرات و شەهید قاسملوو دەڵێم کە دوای ٣٠ ساڵ لە تیرۆرکرانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی نەتەوەکەمان تا دێت شوناسی نەتەوەیی زیاتر ڕەگ دادەکوتێ و تیشکی ڕێنوێنی و هزری قاسملوو بەتینتر و مەودادرێژتر دەبێ و ڕێگا و ڕێبازی پڕ لەسەروەری خەبات و تێکۆشانە پیرۆزەکەشی بەربەرینتر و ئاوەدانتر دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملۆ سیمبوولی گەلی کورد یان حزبی دیموکرات؟

ئەنوەر حسێن (بازگر)

قسە لەسەر کەسێک دەکەین کە سیاسەتمەدار، دیبلۆمات، پێشمەرگە، تێکۆشەر، نووسەر، کاریزما، قسەخۆش، دیموکراسیخواز، چەپ، مارکسیست و سۆسیالیست، کەسێکی نەتەوەیی، دیموکرات، کەسایەتییەکی سیاسیی گلۆباڵ، کەسایەتییەکی ئەنترناسیۆناڵ.

بەڵام تیرۆرکردنی واتا باس لە ڕووداوێک دەکەین، کە هەر دەڵێی دوێنێ ڕووی داوە، هێندە بەسوێ و ئازارە، ڕەنگە هێشتا قبووڵکردنی سەخت و دژوار بێت، یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و یەکێک لە ڕابەرانی کاریزمایی حزبی دیموکرات بە فیزیکی لە ناوماندا نییە، بەڵام ئایدیا و ئارمان و ڕێبازەکەی هێشتا سیمبوولی شۆڕش و قوربانیدان و خۆڕاگرییە، وەکو خۆیشی دەڵێت: «باشترین خەڵات بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگەکەیانە». واتا کۆبوونەوە و ڕێزگرتن لە د. قاسملۆ و پرۆتستۆکردنی ئەو کردەوەیە، هەر ڕێک درێژەپێدانی ڕێگەکەیەتی. چونکە گەر حزبی دیموکرات، سەدان سەروەریی مێژوویی، سیاسی و نیشتیمانیی گەورەی هەبووبێت، یان هەبێت لە ناویاندا، یەکێک لە شانازی و سەروەرییەکانی قاسملۆیە. ئەوەش نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە سکرتێری حزبی دیموکرات بووە، نەخێر، بەڵکوو لەبەر ئەوەی د. قاسملۆ بۆخۆی کەسایەتییەکی گلۆباڵ بوو تا لۆکاڵ.

ئەو لەسەر ئاستی دونیا، وەکو یەکێک لە ڕابەرانی کورد دەناسرا و سەیری دەکرا، پێش ئەوەی وەکو سکرتێری بناسرێت، دەکرا قاسملۆ هێشتا لەناوماندا بوایە. یان لەگەڵ حزبی دیموکراتیش نەبوایە، بەڵام هیچکام لەوانە لە ڕۆڵ و کاریگەری و کەسایەتی و سیمبوولیزمی ئەوی کەم نەدەکردەوە. هەرگیز نەدەگوترا بەوەها حاڵێکیشەوە وەک یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی و نیشتیمانی قبوڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەکرێت. ڕەنگە یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەم ڕۆڵەی د. قاسملۆ بێت، کاتێک باسی قازی دەکرێت، بێ سێ و دوو باس لە قاسملۆش دەکرێت.

یان کاتێک باس لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت، لە پاڵ دەیان شەهید و سەرکردەی تردا، ناوی قاسملۆ دێتە گۆڕێ. تەنانەت کە باس لە یەکێک لە نزیکترین دۆستە خۆرئاواییەکانی کورد دەکرێت لەسەر ئاستی جیهانیدا، مومکن نییە قاسملۆ بەحس و باس نەبێت، یان کە باس لە حزبی دیموکرات دەکرێت، بێ سێ و دوو بڵێن حزبەکەی قاسملۆ.

بۆیە، هەندێکجار یان زۆرتر لە جارێک، حزبی کوردی تووشی هەڵەیەکی مێژوویی، سیاسی و نەتەوەیی دەبێت کە سەرکردە و کاریزماکانیان تەنها و تەنها بە موڵکی حزبێکی بچکۆلە دەبینن، تا سەرکردەیەکی کوردستانی، یان هیومانیست، یان گلۆباڵ. بۆیە حزبی دیموکرات، هەرگیزا و هەرگیز نابێت ڕێگە بدات، قاسملۆ، فکر، ئایدۆلۆژیا و کاریزمابوونی و ڕێباز و خەت و وجوود، تەنانەت شەهیدبوون و مەرگیشی بە تەنیا بە سەروەری بۆ دیموکرات بزانێت و بەس.

مەبەستمە بلێم، گەر حزبی دیموکرات وەها بیر بکاتەوە لەهەمبەر د. قاسملۆ، بێگومان هەوڵێکە بۆ بچووککردنەوەی کەسایەتییەکی گەورە، لە چوارچێوەیەکی بچووک و لۆکاڵی حزبی، کە یەکەم زەرەمەند خودی حزبی دیموکرات دەبێت. - کە بۆچوونی من، حزبی دیموکرات. گەر بە عەلەنی ئەوەی ڕانەگەیاندبێ، کە قاسملۆ هی هەموانە یان لانیکەم هی ئەکسەریەتی خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە زۆرتر وەکو سکرتێری حزبەکەی ناساندوویەتی، دەتوانم نموونەی زۆر بێنمەوە بە تایبەت بۆ ئەو ڕابەرانەی کە شەهیدبوون یان گیانیان لە دەست داوە، کە دەکرا هەر لە ڕێگەی خودی حزبەکانیانەوە گەورەتر نیشان بدرێت و بکرێنە سیمبوولی هەموان، موڵکی هەموان، بەڵام کە نەیانکرد، حزبەکانیان زەرەریان کرد چونکە بەوە دڵی هەزاران کەسیان ڕەنجاند، کە کاریزمایەک وەکو موڵکی حزبێک ناسێنرا.

لەمبارەیەوە حزبی دیموکرات لە بەرامبەر قازی محەمەد باشتر مامەڵەی کرد و شوێنی خۆیشی گرت و تا ئەم ساتەش لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان وەها سەیری دەکرێت کە موڵکی هەموو کوردە و پێم وایە لە چل ملیۆن کەس، چوار کورد نادۆزیتەوە دژی قازی محەمەد بێ و بە موڵکی خۆی نەزانێت. ئەم تێڕوانینە مانای ئەوە نییە کە حزبی دیموکرات شانازی بە قاسملۆ نەکات، بەڵام دەبێ ڕێگە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بدات، ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەوەی خەڵکانی تریش بە هی خۆیانی بزانن. چونکە ئەوە واقیعە، گەر غیابی مام جەلال بە (ی.ن.ک) دیارە، کە بێگومان دیارە. گەر غیابی مەلا مستەفا بە پارتییەوە دیارە. کە دیارە. گەر غیابی ئۆجەلان بە(pkk)وە دیارە، کە بێگومان دیارە، گەر غیابی فوئاد مستەفا سوڵتانی بە کۆمەڵەوە دیارە، بێگومانیشم کە غیابی د. قاسملۆش بە حزبی دیموکراتەوە دیارە. بەڵام گەر ئەنجامگیری ئەم بۆچوونە کۆ بکەینەوە، غیابی هەموویان بە کورد و کێشە ڕەواکەیەوە دیارە. غیابی هەموویان، چەندە کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ڕەوتی حزبەکانیان هەیە، چەند هێندە کاریگەریی لەسەر گەلی کورد و خەبات و تێکۆشان و ناسینەوەی بزووتنەوەکەوە هەیە.

ئەم بۆچوونەی من ڕەنگە خەڵکانێک بە سۆز و عاتیفەی بزانن، ڕەنگە گلەیی ئەوانە ڕاستیشی تێدا بێت، چونکە ئامار و فاکتێکی کۆنکرێتیم پێ نییە، ئەگەرچی سەددەرسەد یەقینم هەیە. بەڵام ئەمە کاری حزبی دیموکراتە، سەبارەت بە قاسملۆ ئەمە بکاتە فاکت و لە ڕێگەی دراسە، لێکۆڵینەوە و درووستکردنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی تایبەت بیخاتە بەردەست. ئەگەرچی دەبێت دان بەوەشدا بنێم. هێشتا هەندێک لە دژەکان، یان لە مێژوویەکی خوێناویی ڕابردوو تێنەگەیشن و نەناسین و تەئیدی ئەم فاکت و لێکۆڵینەوانە نەکەن، یان پێیان وا بێت قاسملۆش بێ کەموکورِیی نەبووە و هەرگیز وەکو کارەکتەری سەرەکی و کاریزماتێکی نەتەوەیی نایناسن، کە دەکرێت ئەوەش بە بۆچوونێک بزانین.

دەبێت ئەوەش بە ئاسایی و ئاسانی قبووڵ بکەین، کە دوژمنانی گەلی کورد لەپێشەوەی ئەو بۆچوونەن بەردەوام ئەوە دەڵێنەوە و دەیانەوێت کەسایەتی د. قاسملۆ و خەت و ڕێبازەکەی کەم بکەنەوە، کە زۆر درۆزنانە ئەمانە دەڵێن، چونکە دەیان ساڵ بە دوایدا وێڵ بوون، کە تیرۆری بکەن سەرئەنجام بە داخەوە کە کردیان. واتا تیرۆرکردنەکەشی کە هەر لەو کاریزماتیک و گەورەیی و بەهێزییەوە بوو، چونکە پێیان وا بوو، بە تیرۆرکردنی قاسملۆ بزووتنەوەکە، حزبەکە و خەباتەکە کۆتایی دێت. بەڵام بە هەڵەدا چوون. د.قاسملۆ بەو پێیەی زوو لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆرئاوادا تێکەڵ بوو، کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو کولتوورە خۆرئاواییە مۆدێرنەوە، کە ڕەنگبێت هەندێک لەو چەمک، فەلسەفە و بۆچوونانە بۆ ئەوکات بۆ گەلی کورد تازە بوو، بەڵام قاسملۆ توانی ئەو چەمک و مەفهومانە بگوازێتەوە، کە لە ئێستای خەباتی سیاسیی گەلی کورد، ناوچەکە و جیهانیشدا کاریگەریی گەورەیان هەیە و داناوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**یەکەم**: د. قاسملۆ گەر خاوەنی تێزی گواستنەوەی دیموکراسیی خۆرئاوایی نەبێت بۆ کوردستان: یان لانیکەم لە ڕۆژهەڵات، بەڵام یەکێکە لە پێشڕەوانی ئەم میتۆد – ڕێبازە – گواستنەوەی دیموکراسی – چەمکەکانی لیبرالیزم – ئازادییە شەخسییەکان – فەردییەکان – بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

**دووەم**: د. قاسملۆ ڕۆڵی هەبوو لە گواستنەوەی فکر و ئایدیای سۆسیال دیموکراسی: و زوو درکی بە گرنگیی ڕێباز و ڕەوتی سۆسیال دیموکراسی کردبوو، کە چینی ناوەڕاست، چەندە ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا هەیە دەتوانێت خزمەتی گەورە بە شۆڕش بکات. واتە قاسملۆ لە دەورانێکدا کە گەرمەی ڕەوت و ڕێبازی مارکسیزم – ماوئیزم – قسەوباس بوو لە کۆمۆنیزمی کرێکاری، فکری لە گواستنەوەی ڕەوتی سۆسیال دیموکراسی بۆ کوردستان دەکردەوە، کاریگەریشی دانا، ئەگەرچی خودی قاسملۆ خۆیشی کەسێکی چەپ و مارکسیست بوو، چ لە دەورانی گەنجیی سەردەمی حزبی تودە، چ دواتر وەکو کەسایەتی کوردی سۆسیالیست مایەوە بەڵام دەکرێت بڵێین دیسان د. قاسملۆ، یەکێکە لە ڕابەرانی گواستنەوەی ڕەوتی سۆسیال دیموکراسی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان.

**سێیەم**: بیروڕای د. قاسملۆ بە خەباتی چەکداری هیچ پارادۆکسێکی تێدا نییە، لەگەڵ خەباتی دپلۆماسی و ئاشتیخوازانەی، بەو دەلیلەی قاسملۆ دەیان ساڵ لە خەباتی چەکداری شەهید نەبوو، بەڵام لەپێناو ئاشتی، خەباتی دپلۆماسی ڕێگای بەخت کرد.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، ریفۆرمیستێك بەو شاخانەوە

ڕێبوار کەریمی

ئەو خوێندنەوە فەرمییانەی بۆ کارنامەی سیاسیی دکتۆر قاسملوو دەکرێن، بەزۆری پرۆفایلێک لە کەسایەتیی ئەو بەدەستەوە دەدەن کە دواجار بە چاک یان خراپ، پێوەندییان بە ژیان و بەسەرهاتی ئەو سەرکردە شەهیدەوە، لە دە ساڵەی کۆتایی ژیانیدا هەیە. لەم پرۆفایلەدا سیمای قاسملوو وەک سەرۆکی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە وێنا دەکرێ. پێداگریی میراتگرانی حیزبیی ناوبراو لەسەر کارەکتەری شۆڕشگێڕانەی د.قاسملوو لەکاتێکدایە کە ئەو بە بەردەوامی لەلایەن بەشێکی زۆر لە نەیارە سیاسییەکانیەوە بە کەسێکی «ناشۆڕشگێڕ» ناوزد دەکرا: ئەوانەی لە حیزبەکەی ئەو جیابوونەوە وەک هێمایەک بۆ ناشۆڕشگێڕانە بوونی ڕێبازی ئەو، پاشگری «ڕێبەڕایەتیی شۆڕشگێڕ»یان بەناوی خۆیانەوە نووساند. چەپە تیژپەڕەکانی ڕۆژهەڵاتیش، پێیاندەگوت «سازشکار» (وەک هێمایەک بۆ لاشەڕی و هەوڵی ئەو بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی). ئایا قاسملوو کامیەک لەمانە بوو: ڕێبەڕێکی شۆڕشگێڕ (وەک لە وێژمانی حیزبی – فەرمیدا دەگوترێ) یان مرۆڤێکی سازشکار و ناشۆڕشگێڕ (وەک نەیارەکانی دەیانگوت)؟

### «قاسملوو» کام قاسملوو؟!

هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سیاسی – چەکداریی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی ڕۆژهەڵات، بێ گەڕانەوە بۆ نەخشی دەورانسازی د.قاسملوو، هەڵسەنگاندنێکی پڕکەمایەسی دەبێ. ئەو دیارترین کەسایەتیی ئەو بزووتنەوەیە بوو. بەڵام هەڵسەنگاندنی کەسایەتی سیاسیی د.قاسملووش تەنیا لەبەرایی ڕووداوەکانی ئەو دە ساڵەی بزووتنەوەی سیاسی – چەکداریدا هەڵسەنگاندنێک دەبێ پڕ کەمایەسی. ژیانی ڕۆشنبیری و ئەو ئەزموونانەی کەسایەتیی سیاسیی قاسملوویان لە بۆتەی خۆیاندا قاڵ کردووەتەوە، سەردەمێکی دوور و درێژ دەگرێتەخۆ کە گەرمەی شۆڕشی چەکداریی هەشتاکان تەنیا یەک لە چواری ئەو مەودا دووردرێژە پێکدەهێنێت. ئەو دەمەی شۆڕشی چەکداری – سیاسیی ڕۆژهەڵات دەستیپێکرد، قاسملوو ئیدی نەک هەر کەسایەتییەکی پێگەیشتوو و کامڵی سیاسی بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵکو وەک یەکێک لە پێشەنگە بەئەزموون و شارەزاکانی گۆڕەپانی سیاسەت، لەسەر ئاستی هەموو ئێراندا، چاوی لێدەکرا. تەنانەت ئەگەر چاوێکی خێرا بە تێکڕای ئەو چارەکە سەدەیەشدا بخشێنین کە تێیدا قاسملوو لە ئەورووپا، لە گەنجێکی چەپی خوێنگەرمەوە بوو بە ئابووریزانێکی بەتوانا و سیاسەتمەدارێکی زانا، هێشتا دەکرێ چەندین وێستگەی فکریی جیاجیا لەو چارەکە سەدەیەدا لێکهاوێربکەین. بۆیە باسکردن لە قاسملوو هەمیشە باسکردنە لە «قاسملووەکان». هەموو داکێشانێکی کەسایەتیی ئەو سەرکردەیش بۆ چوارچێوەی یەک ڕاڤەی دیاریکراو، لەباری مێتۆدیکەوە هەڵە و لەباری سیاسیشەوە چەواشەکارانەیە.

## قاسملوو چی نەبوو؟

ئەگەرچی لە ژێر کاریگەریی وێژمانی چەپدا «شۆڕشگێڕبوون» هەمیشە وەک فەزیلەتێک وێنا کراوە، بەڵام بە بڕوای من نە شۆڕشگێڕبوون هەمیشە فەزیلەتە، نە قاسملووش کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ بووە. پێموایە دوو دەستەواژە کە دەتوانن زۆر باشتر کەسایەتیی خەباتکارانەی قاسملوو وێنا بکەن، یەکیان سەربزێوی و سەرکەشییەکی خۆڕسک و ئەوی دیکەیان «ڕەخنەگرێکی ڕۆشنبیرانە«یە. سەربزێوی خەسڵەتێکی زاتییە لە زۆر لە مرۆڤەکاندا، کە لە قاسملووش مرۆڤێکی نەسرەوتەی بێقەراری دروستکردبوو. بەدڵنیاییەوە ڕێکخراوە و بیرێکی «چەپی شۆڕشگێڕ» گونجاوترین دەفر بووە بۆ ڕۆحی بێقەراری مرۆڤێکی زیت و سەربزێو کە تاسەی گۆڕینی دنیا هەڵیگرتبوو. بەڵام بەڕوونی دیارە تا تەمەنی ئەو گەنجە شۆڕشگێڕەمان هەڵدەکشێ، گیانی سەرکەشییەکەی هێورتر دەبێتەوە و ئێمە قاسملوویەک دەبینین سەبوورتر، ئەقڵانیتر، دووربینتر. لەبەرامبەردا، پەروەردەبوونی وەک کەسایەتییەکی ئاکادێمیک لەبواری پەرەسەندندا لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و؛ شەقڵگرتنی زیاتری کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی وەک مرۆڤێکی مۆدێرن لە ئەورووپای ڕۆژاوادا، تایبەتمەندیی ڕەخنەگرانەی ڕووناکبیرێکی دەروەست و چاونەترسیان بە قاسملووی «میانساڵ» و گەڕاوە، بەخشیبوو.

بەم شێوەیە، چیرۆکی ژیانی قاسملوو، دەبێتە چیرۆکی مرۆڤێکی بیرکەرەوەی مۆدێرن - بەمانا کانتییەکەی -، کە ڕەخنەگرییەکی ڕۆشنبیرانەی ڕیسککارانە، لە بەستێنی خولیای ئازادیخوازیی نەتەوایەتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا، ئەڵقە بێپسانەوەکانی بەسەرهاتی خەباتکارانەی پێکدێنن و مانایان پێ دەبەخشن. لەڕاستیدا، لە کەسایەتیی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەپ و ڕۆشنبیرانەی د.قاسملوودا، ڕەخنەگرێکی چاونەترس بەدی دەکرێ کە لە یاخیبوونەکانیدا جەربەزەییەکانی سمکۆی شکاک و، لە مشتومڕە فکرییەکانیدا گیانی لێپرسراوێتی «بیریارانی سەر شەقام»ی ساڵەکانی ٦٠ و ٧٠ زایینی و، لە خوێنگەرمیی ئازادیخوازانەیدا نەسرەوتەیی شۆڕشگێڕانەی چریکە چەپەکانی ئەمریکای لاتین و، دواجار وەک کوردێکی «زانای جیهاندیدە»ی پێگەیشتووی پراگ و پاریس، پایتەختەکانی دێموکراسی و شارستانیەت، بە سەروجامانە و جلوبەرگی کوردانە و پشتێنە هەمیشە ڕەنگ ڕۆشنەکەیەوە، لەنێو شاخوداخەکانی کوردستاندا، خەونی بەدنیایەکی باشترەوە بۆ ئادەمیزادی سەدەی بیستەمی کوردستان و نەوەکانی دوای خۆیەوە دەبینی.

## شۆڕشی ڕیفۆرمیستێکی شێلگیر

وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، بە دیتنی من، قاسملوو چەپێکی شۆڕشگێڕ نەبوو، تەنانەت ئەگەر ئەم ئیدیعایەی من پێچەوانەی ئەو ڕێتۆریک و ڕەوانبێژییەش بێ کە د.قاسملوو بۆخۆی بەکاری دەهێنا. ئاشکرایە چەمکەکانی «شۆڕشگێڕی» و «ریفۆرمخوازی» هەڵگری بارێکی بەهایی تایبەتن. ئێمە دەزانین «ناشۆڕشگێڕبوون» لە وێژمانی چەپدا، ئەویش لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، چ بارێکی مانایی نێگەتیڤی لەخۆیدا هەڵگرتبوو. قاسملوو هەرگیز لەو بەستێنە وێژمانییەی چەپ دانەبڕا، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو دوو تایبەتمەندییەی کەسایەتیی ئەو کە لەسەرەوە باسمکردن، ئەویان کردبوو بە ڕیفۆرمخوازێکی شێلگیر، کە بەرپرسانە و ئازایانە ئامادەی دانی نرخی ئەو ڕیفۆرمخوازییەشی بوو. ئەو بیروبۆچوونانەی کە بوونە هۆی دەرکرانی لە چێکۆسلۆڤاکیای دوای بەهاری خوێنینی پراگ، هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ بەرۆژکردنەوەی تێگەیشتنەکانی لە سۆسیالیسم، هەوڵەکانی بۆ پێکهاتنێکی لانیکەمی لەگەڵ کاربەدەستانی دوای شۆڕشی ئێران بەهیوای بەردەوامیدانی ئاشتیانە بە مافخوازییەکانی گەلی کورد لە ئێرانی دوای شۆڕشدا، لەو نموونە بەرجەستانەن کە دەیسەلمێنن قاسملوو لە باری سیاسییەوە پراگماتیستێکی بنەماگەرا (واتە، شەرکەر لەسەر بنەماکان و مامەڵەگەر لەسەر شتە لاوەکییەکان) و لە باری ئەرزشیشەوە ڕیفۆرمیستێکی شێلگیربوو. ڕەنگە بپرسرێ ئەی دە ساڵ خەبات بەو شاخانەوە ئەگەر شۆڕشگێڕی نەبوو چی بوو؟!

من ناڵێم هیچ ساتەوەختێکی شۆڕشگێڕی لە باوەڕ و بڕیار و کرداری قاسملوودا بەدی ناکرێ. بەڵام قاسملوو ڕیفۆرمیستێک بوو کە تەنانەت شۆڕشگێڕبوونەکەشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- به شێوەیەکی پاڕادۆکسیکاڵ - هەڵبژاردنێکی ڕیفۆرمیستیانەی کاتی بوو لەڕووی بێدەرەتانییەوە. کاتێک قاسملوو دەڵێ «ئێمە خەباتی چەکداری بۆ ئەوە دەکەین کە حکومەت وادار بە وتووێژ بکەین»، ئەمە دەریدەخا «کارتی شۆڕشگێڕی» جا گریمان ناوەرۆکەکەی خەباتێکی توندوتیژانەی خوێناویش بێت، دواجار هیچ نییە ئامرازێک نەبێ بۆ پێملکردنی دەسەڵاتداریێتی بۆ گۆڕان و گۆڕانکاری. خەباتی چەکداری لە ویژمانی ڕزگاریخوازانەی قاسملوودا هیچکات پرسێکی ستراتیژیک نەبووە. بەتێگەیشتنی من بەشێک لەهۆکاری ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ پێشزەمینەی مەعریفیی قاسملوو وەک مامۆستایەکی وانەی پەرەسەندن، کە باش زانیویەتی ئازادی بەندە بە پەرەسەندنەوە و، مەرجی پایەداریی پەرەسەندنیش هاوسەنگییە لە پەرەسەندندا لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، فەرهەنگی و دواجار سیاسیدا، ئەویش لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییدا.

بەوەشەوە، ئەوە ڕاستییەکە کە قاسملوو، لەڕێی خۆی و ئەو پرۆژەیەوە کە لە قۆناغی خەباتی چەکدارانەدا ڕێبەرایەتیی کرد، گەلێک کەسی ئاوێتەی پرۆژەیەک کرد کە بە هەموو شۆڕشگێڕانەبوونی سروشتەکەشیەوە، دەبووایە «تاکتیکێکی کاتی» بێت. ئەوە ئیتر تەنزی تاڵی ئەم چیرۆکەیە کە، تاکتیکێکی کاتی بەچەشنێک شقڵی خۆی لە زهنیەتی ئاوێتەبووانی ئەو پرۆژەیە دا، کە ئیدی زۆریان خۆیان مەحکووم بە شۆڕشگێڕ بوونێکی تاهەتایی کردووە. بەبێ ئەوەی سەرنج لەو ڕاستییە بدەن کە شۆڕشگێڕ بوونی مێعماری سەرەکیی پرۆژەکەیان نەک شتێکی ستراتیژیک و تاهەتایی، بەڵکو هەڵبژاردنێکی کاتی و بگرە نابەدڵانە و داسەپاوی ڕیفۆرمیستێکی شێلگیر بوو. لەڕاستیدا، درەوشاوەیی چیرۆکی ژیانی دکتۆر قاسملوو پێش هەموو شتێ بەو هۆیەوە بوو کە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو، لێوەشاوەیی تەعدیلی ئازایانە و بەردەوامی هەڵوێستەکانی پێ دەبەخشی - ئەمەش ڕێک بەهۆی کارەکتەرە ڕیفۆرمیستیانە شێلگیرانەکەیەوە. لەبێ قاسملوویيدا بەڵام پرسی «شۆڕشگێڕی» لە گرێژنەی مێژوویی خۆی دەرچووە و ئەنجام بووەتە ئەو دۆخەی لە بزووتنەوەی «سیاسی - شۆڕشگێڕانە«ی ڕۆژهەڵاتدا دەیبینین: داوێستاوی و کۆنەواری لە ژێر دەمامکی شۆڕشگێڕیدا و، دەستەوستانی لە ئاست پێویستییەکانی خۆگونجاندنێکی ساختاری لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزە بوونی کۆمەڵگەی پەرەئەستێنی ڕۆژهەڵات. ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە هەموو کات زیاتر پێویستییان بە گەڕانەوە هەیە بۆ سەرەتاکانی ئەندێشەی ڕیفۆرمیستیی قاسملوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو، تێکۆشەرێکی نەسرەوتوو، ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو

ئاشق ئیسماعیلی

**بە بۆنەی سی ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمرەوە.**

وشەی «هەڵکەوتوو» مانایەکی مەزن و بەرینی هەیە و تەنیا بۆ مرۆڤە دەگمەنەکانی مێژوو بە کار دێ، بە ڕاستیش دوکتور قاسملوو نەک هەر لە بارێکەوە، بەڵکوو لە زۆر بار و بوار دا هەڵکەوتوو بوو.

دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی خوێندەوار، بیرمەندێکی زانا و سیاسەتزانێکی بە ئەزموون بوو، کە لە قۆناخێکی گەلێک ناسک و گرینگی مێژوویی دا، وەک ئەستێرەیەک لە ئاسمانی مێژووی خەباتی نەتەوەی چەوساوەی کورد دا درەوشایەوە و هەرچەند زووش ئاوابوو، گەلێک لاپەڕەی ئەو مێژووەی بەشۆقی خۆی تیشک ئاژن کرد. ئەو تیشکە لەسەر ئە و لاپەڕانە تۆمار بوو و ئێستا دوای تێپەڕینی سی ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژە دا کە هەوری ڕەشی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخۆیەوە پێچا و لەبەرچاوی هاوڕێیان و نەتەوەکەی ون کرد، هەر وا لە دڵی کوردان دا ماوە، لە تویێ ئاسەوار و ئامۆژگارییەکانی دا ڕووناکایی دەبەخشێ و گومانی تێدا نیە کە تا هەتایەش هەر دەمێنێ. ژیان وخەباتی پڕ بەرهەرمی کاک دوکتور قاسملوو و بیرو باوەڕی ئەو مرۆڤە مەزنە لە زۆر لایەن و لە پەنجەرەی گەلێک ڕوانگە و بیروبۆچوونەوە خراونەتە بەرلێکدانەوە و بێگومان لەمەودواش باس دەکرێن و شی دەکرێنەوە. ئەم وتارە دەتوانێ تەنیا یادکردنەوەیەکی کورت بێ. پێمخۆشە لە سییەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ئەو ڕێبەرە مەزنە دا باسی چەند تایبەتمەندیی ئەو بکەم و بیرەوەرییەکیش لەو پێوەندییە دا بگێڕمەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی پێشکەوتنخواز و مۆدێڕن بوو.**

تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکڕات، ئەوانەی لە کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی دوکتور قاسملوو دا بەشداربوون، هەموویان لە بیریانە کە زۆر جار ئەو دەیگوت حیزبی ئێمە دەبێ ببێتە حیزبێکی مۆدێڕن، تا بتوانێ لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم خۆی ڕێکخا و لە دنیای پێشکەوتوو دا بناسرێ.

دەکرێ بڵێین تێگەیشتنی ئاستی مۆدێرنی و نوێخوازیی دوکتور قاسملوو، بۆ خەڵکی تێکەڵاوی خەباتی ئەو کاتە و بە گشتی لە دنیای بیری سیاسیی تاڕادەیەکی زۆر نەریتی و کلاسیکی کوردیی ئەو سەردەمە دا بە تەواوی مەیسەر نەبوو، بەڵام ئەو بە هەرحاڵ، لەو کاتەوە کە دەرفەتی بۆ ڕەخسا، شوێنەواری خستە سەر هەموو لایەنە فکری و پراتیکییەکانی خەباتی حیزبی دێمۆکڕات و لە نوێکردنەوەی قەوارە و بەرنامەی ئەو حیزبە دا دەوری سەرەکیی گێڕا.

**دوکتور قاسملوو سیاسەتزان و دیپلۆماتێکی کارامە و جێکەوتوو بوو.**

ئەوەندەی من بزانم هیچ مرۆڤێکی سیاسیی کورد، پێش دوکتور قاسملوو تا ئەو ڕادەیە لە موتوربەکردنی زانست و تیئۆریی سیاسی لە گەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی خەبات دا شارەزا نەبوو. ئەو کە دەیگوت:»سیاسەت هونەری مومکینە« بە ڕوونی دەیزانی ئەو هونەرە چۆن لە پێچ و خەمەکانی خەبات دا بەکار بێنێ. لێکدانەوەی ئەو لە سەر بارودۆخە سیاسییەکان، تەنانەت لە ئاستی جیهانی دا جێگای سەرنج و لێوردبوونەوە بوون، کە بە داخەوە ئەو کات بە هۆی جۆراوجۆر و یەک لەوان زاڵبوونی جەوی شەڕی چەکداریی داسەپاو و کەمبوونی مۆڵەتی باس، لێدوانی سیاسی و هێندێک هۆی دیکە کە ئێستا دەرەتانی باسکردنیان نیە، کەمتر پێیان دەزانرا. «کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم»ەکەی کە لە بەرەبەری کۆنگرەی شەشی حیزب دا بڵاو بۆوە و پێشبینییەکانی لە سەر وەزعی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستیی ئەو سەردەمە، هەر لەو کاتە دا کە بەراوەردێکی ڕاستبینانەبوون و لەو سەردەمە دا دەرک نەکران، نموونەی شارەزایی و وردبینیی سیاسیی ئەو بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوکتور قاسملوو دژی فەردپەرستی بوو.

ئەو سەردەمەی دوکتور قاسملوو وەک مرۆڤێکی سیاسیی کارامە ناسرا و ئەو کاتەش کە سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەش دا گەورەکردنەوەی کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان و پەسن و پێهەڵگوتنی ڕێبەران شتێکی باو بوو. دوکتور قاسملوو دژی ئەو دیاردەیە بوو و باوەڕی وا بوو کە ئەو جۆرە شتانە پەسند نین و لە گەڵ سیستیمی دێمۆکراتی ناتەبان. ئەو بڕوای وا بوو کە پێوەندیی حیزبایەتی و بەدەنەی حیزب و ڕێبەرایەتی، دەبێ لە سەر هاوخەباتی‌یەکی توند و تۆڵ، لێکنیزیکبوون و بناخەیەکی هاوڕێیانە بێ. ئەو لە ماوەی ژیانی خۆی دا دژی ئەوەش بوو کە وێنەی بڵاو بکرێتەوە و درۆشمی پێوە بدرێ.

بۆخۆم بیرەوەرییەکم لەو بارەوە هەیە، کە پێم‌خۆشە لێرە دا بۆ خوێنەرانی ئەم وتارەی بگێڕمەوە:

پاییزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، کۆمیتەی شارستانی مەهاباد لە گوندی «سوێناس» کۆنفرانسێکی بەرینی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی شارستان پێک‌هێنا. منیش لەو کۆنفرانسە دا بەشدار بووم. ئێمە بەشداربووانی کۆنفرانس نەمان‌دەزانی کە کاک دوکتوریش دێتە ئەو کۆنفرانسە. بارودۆخەکە وای هەڵدەگرت کە لە بەر پاراستنی باری هێمنایەتی، تەنانەت شوێنی کۆنفرانسەکەش تا چەند سەعات پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوە، بە نەهێنی ڕاگیرابوو و سروشتی بوو مەسەلەی هاتنی هاوڕێ سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ئەو شوێنەش بە نەهێنی ڕابگیرێ.

تازە بەڕێوەبەری بەرنامە چووبووە پشت میکرۆفۆن و بە تەمابوو ڕیزی بەرنامەی کاری کۆنفرانس ڕابگەیەنێ، کە لە پڕ ڕایان‌گەیاند کاک دوکتور لێرەیە. خەڵکەکە کاتێک ئەمەیان بیست، هەستانە سەرپێ و هەموو ڕوویان بۆ لای دەرگای شوێنی کۆبوونەوەکە، کە مزگەوتێکی گەورە بوو وەرگێڕا. کاک دوکتور وەژوور کەوت، خەڵکەکە ڕێگایان بۆ کردەوە و ئەویش لە کاتێک دا لێکدا لێکدا دەستی بۆ خەڵکەکە هەڵدێنا و سڵاوی لێ‌دەکردن، تا ڕیزی پێشەوە کە لە نێزیک شوێنی قسەکردن بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هات. لەو حاڵە دا بەڕێوەبەری بەرنامە کە دیار بوو لە خۆشیی هاتنی دوکتوری زەوق گرتوویەتی، بەدەنگێکی بەرز دروشمی «بژی دوکتور قاسملوو»ی دا و خەڵکەکەش بەگەرمی دووپاتیان کردەوە.

کاک دوکتور دانیشت و من کە زۆری لێ‌دوور نەبووم و دە ڕوخسارییەوە ڕامابووم، بە ڕوونی هەستم کرد کە ئەو دروشمدانەی پێ‌خۆش نەبوو.

یەکەم کەس کە لەو کۆنفرانسە دا قسەی کرد، دوکتور خۆی بوو و یەکەم شتیش کە باسی کرد، مەسەلەی درۆشمدانەکە بوو. ئەو کات بۆ من کە لاو بووم و لەمێژ نەبوو بە کردەوە حیزبایەتیم دەکرد، مەسەلەیەکی زۆر سەرنجڕاکیش بوو کە ئەو بە توندی ناڕازیبوونی خۆی لەو چەشنە درۆشمدانە دەربڕی و گوتی:

«هاوڕێیان! من ئەو درۆشمدانەی ئێوەم پێ‌خۆش نەبوو. ئێمە هەموومان ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕاتین. کە وا بوو کاتێک درۆشم دەدەین، نابێ درۆشم بە ناوی کەس»فەرد»ەوە بدەین، با ئەو کەس، یان کەسایەتی‌یە سکرتێری حیزبیش بێ، بەڵکوو دەبێ بڵێین «بژی حیزبی دێمۆکڕات» و بە ناوی حیزبەوە درۆشم بدەین، کە جێگای لە سەرەوەی هەمووانە...» (دیارە ئەوە پوختەی قسەکانی کاک دوکتور بوو، کە من بە باشی لە بیرم ماون و دەقی نووسراو نین).

یادی بەرز و ڕێگای تێکۆشانی پڕ ڕێبوار بێ!

ئەم وتارە پێشتر لە «هەوارگەی ئاشق»، ساڵی ٢٠٠٧ دا بڵاو کراوەتەوە و ئێستاش بە هێندێک ئاڵوگۆڕەوە لە سەر ئەم دیوارە دانراوەتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕیکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تیرۆری دوکتور قاسملو و مامەڵەی پشتی پەردەی دونیای سۆسیال دیمۆکراتی دۆست!

حەسەن ئەهوەن

نیزیک بەسی ساڵ، بە سەر تێرۆرو شەهیدکردنی دوکتور قاسملو لە گەورە رێبەرانی لە بیر نەکراوەی جووڵانەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بەتایبەت لە رۆژهەڵات و هەیئەتی هاوڕێی لە سێیەمین رۆژی وتوویژ دەگەڵ بەڕواڵەت دیپلۆماتکارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە «وین»ی پێتەختی وڵاتی ئوتریش بۆ گەیشتن بە رێگا چارەیەکی ئاشتی یانەی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تێدەپەڕێ. حیزبی سوسیال دیمۆکرات، بەڕێوەبەری دەوڵەتی ئەو کاتی ئوتریش بوو.

ئەو دانیشتنە و ئاکامە دڵتەزێنەکەی هاوکات بوو دەگەڵ کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و دەوڵەتداریی سوسیال دیمۆکراتەکان لە ١٧ وڵاتی ئوروپاییدا. ئەو سوسیال دیمۆکراتانەی کە بەڕواڵەت لە نیزیکترین دۆستانی جووڵانەوەی کورد و شەخسی دوکتور قاسملوو وەک گەورە کەسایەتیی سیاسی ناوداری کورد بوون بە جۆرێک کە تەنانەت شێوە ئامانجی فیکری حیزبیش لە کۆنگرەی شەشەم را بەرەو دامەزرانی کۆمەڵێکی سوسیال دیمۆکرات کێشرا.

### لێرە دا کۆمەڵە پرسیارێک کە تا ئێستا بە دەگمەن هاتۆتە گۆڕێ دەورووژێنین؟

ئایا دوکتور قاسملوی زانا و رێبەر و وردبین لە سیاسەت، نێوەرۆک و ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە بنج و بناوانی لە سەر ویلایەتی فەقیهـ و «تقیه» دامەزراوە و یاسای ئەو وڵاتەش بەو پێیە دارێژراوە، نەدەناسی؟ ئایا شارەزای عورفی وتوویژ بەبێ پشتیوانی لایەنێکی قایم لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا نەبوون؟ ئایا بەپێی چەندین جار ئەزموونی دانیشتن دەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، دیسان هەر دوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵ بوون؟ ئایا بوونی جیناحی بەڕواڵەت نەرمکێشی ئەوکات و ئیسلاحتەڵەبی دواتر لە دەوڵەت ا، شوێندانەری چەشنێک سازانی لێ دەکەوتەوە؟ ئایا کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق، گریمانەی هەرەس پێهێنانێکی دیکەی وەک پەیمانی ساڵی ٧٥ی "الجزایر"ی بۆ کوردی رۆژهەڵات و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی لێ دەکرا؟ ئایا لەتبوونی حیزبی دێموکرات پاش کۆنگرەی هەشت و رەقیبێکی سیاسی وەک «شورای ملی مقاومت» کە لە سەرەتادا حیزب وەک کۆڵەکەیەکی بە هێزی بوو و دواتر ئیمکانی مانەوەی تێدا نەما، هۆکارێک بوو بۆ ئەگەری قۆستنەوەی سازانێک؟ و...

یان، بە خوێندنەوەی ئەوەی کە دونیای غەرب و بە تایبەتی ئوروپای سوسیال دێمۆکڕات، سەرگەرمی کێبەرکێی پەیتا پەیتای ساتوسەودای بێ ئەژماری ئابووری دەگەڵ رەییس دەوڵەتی ئیسلامی ئەوسەردەمە مەلا هاشمی رەفسنجانی دەرفەتێک بوو بۆ دانیشتن؟ دانیشتن و دانووسانێک لە جەرگەی ئورووپای سوسیال دێمۆکراتدا، کە دوکتور قاسملو لەو دونیایە دا خاوەنی زۆر دۆست لە کەسایەتی یە ناسراوەکانی حکوومی و مەدەنی و حقوقی بوون و خۆیانی تێدا بە پارێزراو دەزانی.

بە هەر پێوانەیەک، وتووێژێکی نێوان گەورە رێبەرێکی ناسراوی نێونەتەوەیی وەک دوکتور قاسملوو و نوێنەرانی حکومەتی ئیسلامی لەپێتەختی وڵاتی ئوتریش ناکرێ گەورە بەرپرسانی دەوڵەتی و ئەمنییەتی ئەو وڵاتەی لێ ئاگادار نەبووبێ و بە بێهۆش لایەنی نێوبژیوانی ئەو دانیشتنەش پێشنیار نەکراوە.

کورد و هێزە رەسەنەکانی رۆژهەڵات بە گشتی و حیزبی دێمۆکڕات بە تایبەتی، زەربەیەکی گەورەی بە تێرۆر و شەهیدکردنی دوکتور قاسملو وە جەستەی کەوت، یەک وڵاتی ئوروپایی و هیچ حیزبێکی سوسیال دێمۆکڕات متەقیان لێنەهات، لە بەرامبەر دا وڵاتی سوسیال دێمۆکڕاتی ئوتریش بێ مایەترین و پاشکەوتووترین ئامرازەکانی لە رەدە و ئیستاندارد خاریجکراوی بە کۆماری ئیسلامی ئێران نەغد کردەوە و باقی وڵاتانی ئەو بازنەیەش هەر کامە و بە شێوەیەک بەشی خۆیان پچڕی. ئورووپای سوسیال دێمۆکڕات تەنانەت لە رێگای دامەزراوە مەدەنێکانی مافی مرۆڤیشەوە هیچ کاردانەوەیەکیان نەبوو، چۆن زەرەری بۆ پەزی دەبوو. کەوابوو ئەو دامەزراوەش لە ئەگەری بەرژەوەندیدا دمکوت دەبێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش سی ساڵ بە سەر ئەو کارەسات و جینایەتە، کە بە ئاشکرا لە نێو ماڵی ئورووپادا کرا، ئێستاشی دەگەڵ بێ ئاوڕی جیدی لێ نەدراوە… هەر ساڵە و جارێک بیرەوەری ئەو رۆژە تاڵە، کەم و زۆر دەکرێتەوە بێ ئەوەی حیزبە کورد یەکان بە گشتی و بەتایبەت حدکا و حدک بیرێکی ئەساسی و یاسایی کە بێ شک پێویستی بە دانانی مایەی مادی زۆرە و دەبێ تیژبینترین، زیرەکترین و بە غیرەتترین وەکیل و مافناسەکانی نێونەتەوەیی بۆ مەحکومکردن و بە چۆکداهێنان و سەلماندنی ئەو تێرۆر و جینایەتە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تەرخان کرابان و هەروەها بێ هەڵوێستی دەوڵەتی سوسیال دێمۆکڕاتی ئوتریش یان بە تەنگەژە کێشابا…

هەر ساڵە و نوێنەرانی حدکا و حدک و باقی حیزبە کوردستانییەکان کە ئەندامی هەمیشەیی یان چاوەدێرن لە کۆنگرەی ئینترناسیونال سۆسیالیست کە سۆسیال دێمۆکڕاتەکان دامەزرێنەرین، تێچوویەکی زۆری بۆ دەدەن بێ ئەوەی هیچ باسێکی گرینگ سەبارەت بە پرسی کورد و تێرۆر و شەهید کردنی ڕێبەرانی کوردی تێدا بخەنە بەرباس و بۆ جارێکیش بێ، بەکۆدەنگی، کۆنگرەی سوسیال دێمۆکڕاتەکان بە تەنگەژە بکێشن.

بەرز و بەڕێز بێ یادی ڕێبەرانی تێرۆر کراوی کورد شەهیدان دوکتور قاسملو و دوکتور سادقی شەرەفکەندی بە دەستی ناپاکی کۆماری جینایەتکار و تێرۆریستی ئیسلامیی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# له یادی ڕێبەری کارێزمای گەلی کورد دوکتور عبدولڕەحمان قاسملودا

**وەستا ڕەحمان**

ڕۆژی هەینی، سێزدەی جولای ١٣٦٨ی هەتاوی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئێوارە هاوینێکی سازگار و چراخانیی شاری وییەن پێتەختی ئوتریش لە گەرەکێکی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی دیتودا لە ماڵێکی بێدەنگ و کپ لە سەر مێزی وتووێژ قرمژنی گوللەی تیرۆریستانی دڵڕەشی نێردراوی جمهوری ئیسلامی سینگی پڕ لە هیوا و ئاواتی مەزنە پیاوی ناودار و سیاسەتمەداری بەتوانای نەتەوەی کورد، ڕێبەری خۆشەویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور عبدولڕەحمانی قاسملویان پێکا و دڵی ئەو ئەویندارە ڕاستەقینەی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسییان لە لێدان خست. دوکتور قاسملوی نەمر لە شارێکدا تیرۆر کرا کە لەگەڵ پراگدا مەودایەکی کەمیان هەبوو، ئەو پراگەی کە لە ژیانی سیاسیی دوکتوری سەرکردەدا دەوری تایبەتی هەبوو. پاش ڕاپەرینە مەزنەکەی ١٩٥٦ی مەجارستان لە دژی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٦٨ ڕاپەرینی خەڵکی چێکوسلاواکی بە ڕێبەریی ئەلکسیندر دوبجی لە دژی سۆڤییەت و بۆ بە دەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی دەستی پێکرد، بەڵام بە داخەوە ڕاپەرینەکە هەر زوو لە لایەن سۆڤییەتەوە سەرکوت کرا و دوکتور قاسملووش بە تاوانی پشتیوانی لەو ڕاپەرینە مەجبور کرا کە ئەم وڵاتە بەجێ بێڵێ. هەر ئەو دووربینی و وردبینی و ئاشقی ئازادی و دێموکراسییەی دوکتور قاسملو بوو بە هۆی ئەوە کە پاش ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هێندێک حیزب و لایەنی بەڕواڵەت کۆمۆنیست و پاشکەوتوو ویستیان جەریانی پراگ و ڕۆڵی دوکتور قاسملو وەک خاڵێکی ڕەش لە مێژوی سیاسیی ئەودا بناسێنن؛ بەڵام ڕێبەری گەورە دوکتور قاسملوی نەمر لە میتینگی سەد هەزار کەسیی شاری مەهاباد لەنێو ئاپۆرای خەڵکدا دەری خست کە ئەو چ کاریزمایەکی جیاوازە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە کاتێک تورەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەو جەریانە هەڵپەرستانەیە لە دروشمی مەرگ بۆ حیزبی تودە رەنگ دەداتەوە، دوکتور قاسملوی شەهید زۆر بە ئارامی و بە کەلام و راوێژە جوانەکانی جەماوەر هێور دەکاتەوە و دەڵێ مەرگ بۆ تودە دروشمی حیزبی ئێمە نییە. ئەو رستەیە نێوەرۆکی بڕوای دوکتور قاسملوو بە دێموکراسی و ئازادیی بەیان بۆ زۆر کەس و لایەن دەردەخا. زۆر ناکێشێ حەققانیەتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵپەرەستیی ئەو جەریانانە بۆ هەموو کەس و لایەنەکان ئاشکرا دەبێ و سیاسەتی قاسملوو، دوربینیی قاسملوو و لێهاتوویی قاسملو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان روون دەبێتەوە.

دوکتور قاسملوی نەمر بێ ترس لەو پرۆپاگەندە و تاونبارکردنانە لە پێناو ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەریدا شێلگیرانە خەباتی کرد و دڵنیا بوو کە سوسیالیزم بێ دابینکردنی دێموکراسی راستەقینە ناتوانێ بەردەوام بێت، هەر بۆیە لە وتوێژێکی رادیوییدا «لەگەڵ بی بی سی» رادەگەینێ کە خراپترین دێموکراسیی پێ لە باشترین دیکتاتۆری باشترە. شەهیدی سەرکردە لە سەر دێموکراسی سور بوو و پێیوابوو شەرتی ئەساسی بەرەو پێشچوون و نەمانی زوڵم و زۆر سەرتا دابینکردنی دێموکراسیە هەر بۆیە ئازایانە و بوێرانە مەسئەلەی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دێنێتە گۆرێ و وەک ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات دیاری دەکا کە سەرەئەنجام لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا پەسەند کرا.

دوکتور قاسملوی رێبەر لە نێو بەرداشی شەری سارد و مەکتەبە شوێنیستەکانی ناوچەدا خەباتێکی بەرگریی چەکدارانەی بە دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران وەرێخست و لێزانانە لە هەموو بوارەکانی خەباتدا هەوڵی بۆ دا و رێبەریی کرد. مەسئەلەی کوردی لە نێو گەلانی ئێراندا زەق کردەوە و بە کردەوە بە ئێرانی نامۆ بە کوردی سەلماند کە کورد گەلێکی جیایە و لە بەشێکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە کوردستانی ناوە دەژی و داوای مافی رەوای نەتەوەیی خۆی دەکات، هەر وەها شان بە شانی ئەو خەباتە لێبراوانەیە لە کوردستان لە هەمان کاتدا دەرگای دیپلۆماسی لە دونیای دەرەوە کردەوە و کۆر و کۆمەڵ و حکومەتەکانی ئورووپایی لە مەسئەلەی کورد باشتر تێگەیاند. ئەو لەو مەیدانەدا بە دەیان کەسایەتیی ئورووپایی وەک فرانسۆ میتەران، دوکتور بێرناردکۆشنێر، دوکتور فردریک تیسۆ، هانس فیشێل لە دۆستانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیزیکی دوکتور قاسملو بوون کە ویرای پشتیوانی لە جووڵانەوەی گەلی کورد بە کردەوە زۆریان هەوڵ بۆ چارەسەری مەسئەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا.

بۆ تێگەیشتن لە بیروباوەڕ و ڕێبازی دوکتور قاسملوی نەمر تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە خۆمان بە درێژەدەری ڕێگای ئەو بزانین بە بێ ئەوەی لێکدانەوە و خویندنەوەی دروستمان لە سەر هەڵوێستەکان و بریارەکانی هەبێ، ئەویش پێویستیی بە هەڵسەنگاندن و تەفسیری زانستی هەیە کە بیری سیاسی و زانیاریی ئەو ڕێبەر و گەورە پیاوەی نەتەوەی کوردمان بۆ دەردەخا.دوکتور قاسملو حیزبی دێموکرات دەخاتە سەر ریگەیەکی مودێرن و بیر و بریاری بە کۆمەڵی تێدا جێگیر دەکا، دوکتور قاسملو کاتێک لە گەڵ بیرو ڕا جیاوازەکان دەکەوێتە وتوویژ وێرای حورمەت بۆ بەرامبەرەکەی ئیسپات دەکات کە چەندە شارەزایە و ئامادە نییە لە پێناو ئامانجەکانی گەلدا تۆسقالێک لە ویست و داخوازییەکان بێتە خوار و سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی لە هەموو شتێک بە لاوە گرینگتر بوو.

دوکتور قاسملوی هەمیشە زیندوو بە هەڵسەنگاندنی وردبینانە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و بروا بە داهاتویەکی بەختیار دێتە سەر باسی نەسلەکانی ڕابردو و لە قووڵایی تێگەیشتنێکی مێژوییەوە ئەرکی سەر شانی بەرەی هاوچەرخ دەست نیشان دەکاو بە شێوەیەکی شەففاف خەبات کردن بۆ ئازادی و دێموکراسی لە پرۆپاگەندەی شۆینیستی تێکەڵ بە ئیدۆلۆژیک کراو، شەهید پەروەری، تەرویجی مەرگ جیا دەکاتەوە. ئەو هەڵسەنگاندنەشی هەڵقوڵاوی وردبوونەوەیەکی فەلسەفییە کە سەرکردەی شەهیدمان زانایانە تێیاندا شارەزا بوو.دوکتور قاسملوی ڕێبەر وەک سیاسەتمەدارێکی کارامە گرنگیەکی تایبەتی داوە بە تێگەیشتنی مەعریفی تا لەو ریگایەوە دەست نیشان بکات چ شتێک ژێرخان و پایەی بنەڕەتی و ئەساسییە لەهەڵسانگاندنی پرۆسە و ڕوداوە سیاسیەکاندا، هەر بۆیە لە دەستنیشان کردنی دوارۆژ و خویندنەوەی بریارە سیاسیەکاندا و لە تەعبیری هەڵوێستە سیاسیەکانی دەوروبەرماندا حیزبەکەمان لە ژێر ڕێبەری ئەودا لە هەموو مەیدانەکانی خەباتدا سەرکەوتو و سەربەرز هاتۆتە دەر و لە گەڵ ئەوەی مێژویەکی پرشەنگدار و پر سەروەریی تۆمار کردووە، لە هەمانکاتدا نەوەکانی داهاتوومان شانازیی پێوە دەکەن و لێی فێر دەبن کە سەربەخۆیی سیاسی لە جەریانی خەبات و تێکۆشاندا چەندە شانازیەکی گرینگ و بە نەرخە لە مێژووی شۆڕشەکاندا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتوری نەمر بۆ ئازادی و سەربەستی خەباتی کرد، تەنیا ژیان بە ئازادی بۆ ئەو گەورە پیاوە شێوەی ژیانێکی پر بایەخی ئینسانی بوو، بیری دوکتور قاسملو بیری مرۆڤێکی دێموکرات و ئەوینداری ژیان بوو، ڕوحی ئەو شەیدای ئاشتی و مافی مرۆڤ بوو، دوکتور قاسملوی نەمر خەت و ڕێبازێکی نوێی بە نەسلی ئازادیخوازی و رەوتی خەباتی رزگاریخوازی دا و رەوتی خەباتی رزگاریخوازی بردە قۆناغێکی پێشکەوتووانە و زۆر ئازایانە بیری دێموکراتی لە نێو کۆمەڵگەدا بەهێز کرد، دوکتوری نەمر بروای تەواوی بەوە هەبوو کە هەموو ئینسانەکان ئازادن نەک لە بەر ئەوە کە ئازاد لە دایک دەبن بەڵکوو لە بەر ئەوە بۆ ئەرکی بریاردان و ژیانی ئازاد و ئیرادەی ئازاد دێنە سەر زەوی.

دوکتور قاسملوی رێبەر باوەڕی تەواوی بە چارەنوسی هاوبەشی نەتەوەی کورد هەبوو و قازانجی کاتی حیزبی دێموکراتی فیدای قازانجی ستراتیژیکی گەلی کورد دەکرد، ئەو کاتە کە تەنیا داواکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کورد بە گوناح دەژمێردرا دوکتور قاسملو لە کتێبی بە ناوبانگی خۆی کوردستان و کوردا بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد کورد نەتەوەیەکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیە و ئەگەر ڕۆژێک وەک هەموو گەلانی ئازاد و بەختەوەری ئەم جیهانە چارەنووسی خۆی بە تەواوی بە دەستەوە بگرێ ئەوە یەکگرتنەوەی نەتەوەی کوردە نەک جیا بونەوە لە حکومەتەکانی سەردەست.

سەرەنجام دوکتور قاسملوی هەمیشە زیندوو جگە لە وەی ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو سەرمایەیەکی هەرە بە نەرخی رۆژهەڵاتی نێوەراست بەگشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی بوو، هەر بۆیە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بیر و بۆچوون و هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوی نەمر کارێکی زۆر ئەستەم و سەنگینە و ئەوە ئەرکی گەورە پیاوان و پسپۆرانی مەیدانی عیلم و زانست و سیاسەتمەدارانی بە توانا و نێو بەدەرەوەیە.

لە کۆتاییدا بەدیهێنانی هەموو ئەو ئاوات و ئامانجە پیرۆزانەی کە ئەو رێبەرە هەڵکەوتووی کورد سەری خۆی لە پێناودا دانا هەر وەک بۆ خۆی دەفەرمێ «باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی رێگایانە» تەنیا بە وەفادار بوون بەئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانی و درێژەدان بە رێبازە پر لە سەروەریەکەی دوکتور قاسملوی هەمیشە زیندوو بە دی دێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆمەڵناسیی مەعریفی، یادێك لە شەهید قاسملۆ

**لە ڕۆژهەڵاتەوە: ا.غ**

هەندێک مردن هەیە کە دەبێ بەهانایەوە بچین!

لەفەلسەفەی ژیاندا بوون و نەبوون مانایەکی دیالکتیکیی هەیە.

واتە دەبێ ئەمە بدەرکێنین کە»هەستی هەست«.

هیچ کەس ناتوانێ گۆمانێ لەوی بێ کە «هەستی هەست»چۆنکە بەپێی مەنتق ئەگەر هەستی نەبێ چلۆن دەتوانین گۆمانێک بکەین.

هیگەل ئەم هەستیە «گۆتاری یەکمین»ناو دەنێت.یەکەمین بەو بیانوەیەو کە یەکەمین خاڵی لێکۆڵینەوەیە،کە «هەستی هەست»،چۆنکە ئەگەر نەبوایا بێ گۆمان گفتگۆیش نەیببوو.ئەو ئەم هەستیە»تێز«ناو دەنێت و لانیکەم بەواتای ڕەوش ناسیی ڕەگەزەکانی شیکاری، پێ دەچێت، کە ئەم تێزە لە سێ تایبەتمەندی پێکهاتێ بێت:

١- تێز هەمیشە یەکەمینە،چۆنکە ئەم هەستیە،یەکمی ترین هەستیی مەنتقیە.

٢- تێز هەمیشە سابیتە،چۆنکە جۆڵان ۆ گۆڕان لە گەڵ «هەستیی هەست»کە خاڵی هەر جۆرە سیفەتێکە،ناسازگارە.

٣- تێز ناچار بەسابیت بوونە، و بەچاوی مرۆڤییدا ئەو هەمیشە مەیلی بەسابیتبوونە، چۆنکە جۆڵان و گۆڕان، دەبێتە هۆی گۆڕانی هەستی، و گۆڕان بە مانای تەبدیل بوون بە نیستییە،کە ئەمە نامومکینە.

بۆ ناسینی ئەم باسە دەبێ بسلمێنین کە «هەستی هەست»، چۆنکە بەپێی مەنتق ناچار بە ئاوا سەلماندنێکین. بۆیە لەم ناسینە، ئاگادار دەبینەوە کە هستی بێ هیچ سیفەتێک نادەرکدرێت. بۆیە پێمانوایە لە پێداچوونەوەیک لە هەستیدا بۆ بە وێنە کێشاندنی هەستی، خاڵێکی دیکەدا بدەرکێنین کە هەستی لە خۆ، پێشاندەری هەستییەکی دیکەیە؛ ئەوەش نیستییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا بەئەو ئەندازەی کە «هەستی هەست»، و لەو کاتەی کە «هەستی هەست»،نیستییش زرورەتی هەیە.ئەم گۆتاری دووهەمییە بە ئانتی تیز دەناسرێت.

**ئانتی تیزیش لە سێ تایبەتمەندی بەرەڕوو لەگەڵ تێزە:**

١- تێز هەمیشە دووهەمییە، بەڵام نە بە مانای زەمانی،بەڵکۆ بە واتی مەعریفەتی ناسینیی، و هەمیشە

لەناو گۆتاری یەکەمین،واتە تێز دێتە دەرەوە.

٢- ئانتی تێز لە گۆڕان و جۆڵانە،چۆنکە گەوهەری نیستی وابەستەیە بە گۆڕدرای هەستی، و بەزەروری لە جۆڵان سەقامگیر دەبێتەوە.

٣- ئانتی تێز ناچار لە گۆڕدراوی و جۆڵانە.

لە ناسینی «هەستی هەست» دەبێ بگۆترێ نیستیش هەیە. هەستیی نیستی هەستیی هەستی، بە پێی مەنتق، نەفیی دەکاتەوە، چۆن نیستییە. «هەستی هەست»یش بە پێی ئەوەی کە هەیە،بەناچاری لە سەر هەستیی خۆی پێداگری دەکات. ئەم بەرەڕووییە، کە لە مانای دیالکتیکی هیگەلی دەبێتە تەناقوزی نێوانی ئەم دوو ڕەگەزە، سەنتێز دەخولقێنێت.

مردنیش هەمیشە لە نەبوونی بووندا ڕووی دەدات و هەندێک جار خەڵک بەرەڕووی ئەم کێشەیە دەکاتەوە کە بۆ چی هەندێک مردن بۆ ئێمە دڵتەزینە و هەندێک مردن ئاسایی دێتە بەرچاو.

لە فەلسەفەی بوون مردن وەکو ڕێگایەک دەبینرێت کە ئیتر نەبێت. نەبوونێک کە لە غەیبەتی بوون خۆی دەردەخات. ڕۆژانە بە ملیون کەس دێتە بوون و نەبوون و دڵی خەڵکان شاد و خەمبار دەکات. شایی و ژیانێکی مرۆڤی کە بوونەوەر یان خۆی هەست دەکات و یان خۆی نیست دەکات. ئێستە ئەم هەست و نیست کردنە دێتە ناو دەزگای لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەشەری و تێکەڵی بەها و میناکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستکردانەی مرۆیی دەبێت و لە دوایی بەرچەسبێک بە خۆیە وە دەگرێ کە ئایا ئەم مردنە خاونی شکۆیەک بووە یان مردنێکی ئاسایی بووە. واتە مردنیی «معتاد»ێک «کارتۆن»خاوێک چ جیاوازییەکی لە گەڵ مردنی هۆنەرمەندێک هەیە. یان مردنی پێشمەرگەیەکی ئاکامیدیسین وەکوو قاسملۆ، چەندە جیاوازە لەگەڵ مردنی بازەرگانێک. ئەم بەها لەسەردانانە کە هەندێک جار وا لێمان دەکات تا هەستی و نیستی بکەینە شوێنی مشتومڕی ناو کۆمەڵگەو و بزانین کرامەتەکان تا چ ڕادەیەک لە بەرزی و نزمیدایە...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی رزگار مستەفایی - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خومەینی‌و قاسملو.. لەنۆڤل لو شاتووە تا تاران

**ئا: ڕێژنە سەردار**

«ئوروپاییەک لەوڵاتی کوردانددا»، کە لەنوسینی نەسرین قاسملووەو لەلایەن»ناهید حسێنی«یەوە وەرگێڕراوە، گێڕانەوەی چیرۆکی پێکەوەژیانی کچێکی چیکیی‌و سەرکردەیەکی ناوداری کوردە.

**لێناو عەبدولڕەحمان**

لینا لەسەروەختی قەیرانە گەورەکەی دەیەی ١٩٣٠دا لەپراگی پایتەختی چیکوسلۆڤاکی لەدایکبو، هێشتا زۆر منداڵ بو، کە باوکو دایکی لێکجیابونەوە، تەمەنی ٦ ساڵ بو دایکی کوژرا، باوکی زۆر لەخەمی ئەمدا نەبو، رادەستی هەتیوخانەی کرد، ئیتر ئەو منداڵی‌و مێردمنداڵییەکی پڕ لەخەم‌و دڵتەنگی بەسەربرد، لەشارێکەوە بۆ شارێکی ترو لەقوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر بەدوای کارو خوێندندا وێڵ بو.

دوای جەنگی دوەمی جیهانی کە کۆمۆنیستەکان لە چیکۆسلۆڤاکیاهاتنە سەر حوکم، دەروی لێکرایەوەو لەزانکۆ وەرگیرا، قەدەری رۆژگار ئەم کچە پێستسپی‌و قژ کاڵە ئەوروپییە، بەکوڕە کوردێک دەناسێنێت کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ رویکردوەتە پراگ.

ئەم کوڕە کوردە باڵابەرزو کەشخەیە کە ناوی عەبدولڕەحمان دەبێت، ژیانی لەژیانی لینا نەدەچو، لەبنەماڵەیەکی فیوداڵەوە هاتبو، کوڕی گەورە ئاغایەکی ناوچەی ورمێ بو بەناوی محەمەد ئاغای قاسملو، نانەی دایکیشی بەبنەچە ئاسوری بو، عەبدولڕەحمان‌و براکانی پێش کۆتایهاتنی قۆناغی دوا ناوەندی فێری زمانەکانی کوردی‌و ئازەری‌و ئاسوری‌و فارسی‌و فەرەنسی‌و عەرەبی بون، لەساتەوەختی روخانی کۆماری مەهابادو لەسێدارەدانی قازی محەمەددا لەمارسی ١٩٤٧، هیچکام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکوڕەکانی محەمەد ئاغا قاسملو لەکوردستان نەبون، حسێنی کوڕە گەورەی لەتورکیا سەرقاڵی خوێندنی ئەندازەی بیناسازی بو، ئەحمەد لەپاریس بیرکاریی دەخوێندو عەلی لەتەورێز پزیشکییو عەبدولرەحمانیش لەتارانو ساڵێک بەدوای ئەوەشدا بەیارمەتی حیزبی تودە بۆ خوێندن دەچێتە پراگ.

پایزی ١٩٥٢، لەپراگ لەئاهەنگێکدا لەگەڵ لینا یەکتر دەناسنو لەیەکەم بینینەوە دەبنە عاشقو خۆشەویستی یەکدی، ئەوکات قاسملو تەمەنی ٢٠ ساڵو لینا ١٧ ساڵ دەبێت، زۆر ناخایەنێت لەناو باڵوێزخانەی ئێران مەلایەکی ڕیکپۆشی شیعە مەزهەب لەیەکتریان مارە دەبڕێتو ئیتر ٣٧ ساڵ بەیەکەوە تاڵیو شیرینی ڕۆژگار بەڕێدەکەن.

عەبدولڕەحمان کەڵکەڵەی سیاسەتو بیری چەپ لەمێشکیدا بو، بۆیە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئێران، سەرەڕای ئەوەی پوری ئامۆژگای لینا دەکات کە دوای ئەم موسڵمانە ڕۆژهەڵاتییەی هاوسەری نەکەوێتو ژیان لەخۆی تاڵ نەکات، بەڵام لەگەڵی دەڕوات بۆ تاران.

## تارانو عومەری خەیام

لێرەوە قۆناغێکی نوێی ئەم ژنە دەستپێدەکات، لەو ژیانی ئاوارەییو حەشارگەی نهێنیو چەرمەسەرییەدا، ئەو شەیدای شیعرەکانی عومەری خەیام دەبێت، پاش ماوەیەک دەچنە ماڵەباوانی عەبدولڕەحمان لەورمێو لەوێ زیاتر هەست بە بەریەککەوتنی کولتورەکان دەکات، ئەوەی بەلایەوە سەیرە فرەژنییە، کە محەمەد ئاغا بەقسەی نانەخانی دایکی قاسملو ٢٥ ژنی هێناوەو تەنەنات سەری لەوەش سوڕدەمێنێت کە محەمەدئاغا بەبەرچاوی ژنو منداڵەکانییەوە بەمیش دەڵێت «خوشکت هەبێت دەیهێنم!»

نانەخانم ئەوەشی بۆ باس دەکات کە لەبیری نایە قاسملو لەچلەی هاویندا لەدایکبوە یان سەرەتای زستان، دوای بەسەربردنی ١٠ ساڵ لەم ماڵەدا، بەهۆی کاری حیزبی عەبدولڕەحمانەوە دەچنە تەورێز، هاوسەرەکەی بەوەدا بۆی دەردەکەوێت کە لەو ساڵانەوە کاراکتەرێکی گرنگ بوە کە شەوێکیان «نورەدینی کیا نوری« کە دواتر دەبێتە سکرتێری حیزبی تودە، بەبەرگی سەربازییەوە خۆی دەکات بەماڵیانداو پاش ئەوەش تەیموری بەختیار، سەرۆکی ئەوکاتی ساواک سەبارەت بەعەبدولڕەحمان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەغداو ئەسپێ

دوای ئەوە لینناو دو کچەکەی بەقاچاغ بەرەو کوردستانی عێراق هەڵدێن‌و سەرەتا لەسلێمانی دەگیرسێنەوە، لەوێشەوە بەجیبێکی شەقوشڕ دەبرێن بۆ بەغدا، هەشت مانگ لەچاوەڕوانیی وەرگرتنی ڤیزەدا لەبەغدا لەگەڵ ئەسپێ‌و کوێرەوەری بەسەردەبات.

لینا دیسان لەبەغدا بینینی ئەو ژن کڵۆڵو بێدەرەتانانە ئازاری دەدات کە کەمتر لەپیاو سەیر دەکرێن، ئەو باس لەوە دەکات کە لەم کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیانەدا قەدرو رێزی ئەو ژنانەی کچیان دەبێت، بارتەقای ئەو ژنانە نییە کە کوڕیان دەبێت. بەبۆچونی لینا، هەرچەندە عەبدولڕەحمان لەوبارەوە یەکێک لەمرۆڤە دەگمەن‌و هەڵکەوتەکان بو، بەڵام بۆ رێزگرتن لەپیاوەکانی دیکە، داوای لەلینا دەکرد کە وەکو ژنێکی گوێڕایەڵ‌و خاکەڕا، واتە ژنێکی موسوڵمان هەڵسوکەوت بکات.

## تاڵەبانی.. میهرەبان‌و زۆربڵێ

ئەو رۆژگارەی لەبەغدا لەحەشارگەیەکەوە بۆ حەشارگەیەکی تر دەچێت، لەحەشارگەیەکدا ناچار دەکرێت لەگەڵ سێ پیاوی گەنج بمێنێتەوە کە یەکێکیان خوێندکاری بواری یاسا بو، زانکۆی بەجێهێشتبو، لەدەست پۆلیس رایکردبو، پیاوێکی میهرەبان‌و زۆربڵێ بو، ناوێکی خوازراوی هەبو، بەڵام ناوە راستەقینەکەی جەلال تاڵەبانی بو.هەر کاتێک لینا حەشارگەکەی دەگۆڕی، دەبو ناوەکەشی بگۆڕێت، هەر یەکەم شەوی گەیشتنی بەحەشارگە نوێیەکەی، ئەو سێ پیاوە گەنجە دەکەونە خۆیان ناوێکی خوازراو بۆ لینا بدۆزنەوە. دواجار، جەلال بڕیاری کۆتایی دەداو دەڵێ «ناوی تۆ نەسرینە». نەسرین ناوی گوڵێکی سپییە کە لەشاخەکان دەڕوێ، تا ئێستاش کوردەکان بەو ناوەوە دەیناسن.

## مەلا مستەفاو عەبدولڕەحمان

ساڵی ١٩٥٨، مەلا مستەفا لەڕێی گەڕانەوەی لەیەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق ماوەیەکی کورت لەپراگ لادەدات‌و بۆ نانی ئێوارە میوانی بنەماڵەی قاسملو دەبێت،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو میواندارییەدا مەلا مستەفا پێشنیاری ئەوە دەکات عەبدولڕەحمان بگەڕێتەوە کوردستانی عێراقو درێژە بەخەبات لەدژی رژێمی شا بدات، ئەمیش قبوڵی دەکات. جارێکیتر ژیان لەبەغدا بەشێوەی فەرمی لەساڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ دەستپێدەکاتەوە، لێنا لەوەزارەتی نیشتەجێ کردن لەبەغدا کاردەکاو دواتریش بەهۆی کاری حیزبی هاوسەرەکەیەوە جارێکیتر رودەکەنەوە پراگ.

## لەپراگەوە بۆ بەغداو پاریس

ساڵی ١٩٦٨ لەکاتێکدا بۆ خەباتکارانی کوردی رۆژهەڵات ساڵێکی سەختو دژوار دەبێت، بەهاری پراگیش لەدوری ٢٠٠٠ کیلۆمەتر لەکوردستان لەژێر پۆستاڵی سوپای پەیمانی وارشۆ تێکدەشکێنرێت. بەشێک لەلاپەڕە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم کتێبە کە لەبنەڕەتدا دو ساڵ لەمەوبەر بەزمانی فەرەنسی لەپاریس چاپکراوە، گێڕانەوەی کارەساتی تێکشکانی بەهاری پراگە. دوای ئەو کارەساتە، ئیتر لێناو عەبدولڕەحمان دڵیان لەپراگ هەڵدەکەنرێو جارێکیتر دەگەڕێنەوە بەغدا، عەبدولڕەحمان لە١٩٧٠ەوە تا ١٩٧٤ لەوەزارەتی پلاندانانی عێراق کاردەکاتو هاوکاتیش بەسکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێردرێت، دواتر دەگەڕێنەوە بۆ پراگو لەساڵی ١٩٧٦ەوە بەهۆی گوشاری پۆلیسی نهێنی چیکوسلۆڤاکیاوە رودەکەنە پاریسو لەوێ نیشتەجێ دەبن، دو کچەکەشیان دەچنە سوید.

## عەبدولڕەحمانو خومەینی

ساڵی ١٩٧٨ کە خومەینی لەعێراقەوە پەنادەباتە بەر پاریسو لەنۆڤل لو شاتو نیشتەجێ دەبێت، لێنا سەرەرای تێبینی زۆری لەسەر خومەینی، بەئوتومبێل هاوسەرەکەی دەباتە نۆڤل لو شاتو، لەوێ لێنا لەئوتومبێلەکەیدا دەمێنێتەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوسەرەکەی دەکا، لەبەرئەوەی پێیوایە گەڕانەوەی هاوسەرەکەی زۆر دەخایەنێت دەست دەکا بەخوێندنەوەی کتێب، بەڵام هێندە نەبا عەبدولڕەحمان بەتوڕەییەکی لەڕادەبەدەرەوە دەگەڕێتەوە. کاتێک خومەینی ناوی عەبدولڕەحمانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیستبو، بەسەرسوڕمانەوە وتبوی «کێ ڕێیپێداوە بێتە ژورەوە؟ من هیچ قسەیەکم نییە لەگەڵ ئەم پیاوە بیکەم!» سەرەنجام عەبدولڕەحمانیان لەوێ دەرکردبو. لەبەرئەوە زۆر توڕەو غەمگین بو.

بەڵام سەرەرای ئەوەش ئەو لەمەبەستەکەی پاشگەز نەبۆوە، پاش چەند ڕۆژ سەرلەنوێ بیرۆکەی دیداری ئایەتوڵا خومەینی دەکەوێتەوە سەری، ئەمجارەشیان دەسکەوتێکی بەرچاوتری لەجاری پێشو نابێ. عەبدولڕەحمان لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئێراندا کە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران‌و دەبێتە کەسایەتییەکی ناسراو، سەرەنجام بەسەرۆکایەتی وەفدێکی دەفتەری سیاسی دەچنە لای خومەینی، ئەویش ئامۆژگارییان دەکا کە دوای قورئان بکەون. خومەینی رازی نابێت قاسملو ببێتە ئەندامی مەجلیسی خوبرەگان کە بۆ داڕشتنی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵبژێردرا بو، لەکۆتایی بەهاری ١٩٧٩شدا بڕیاری کوشتنی دا.

## جیابونەوەو مەرگ

لینا دوای روخانی رژێمی شا دەگەڕێتەوە کوردستان‌و لەنزیکەوە لەگەڵ تراژیدیاو کوێرەوەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژنە داماوەکانی وەک جوان‌و ئامینە دەژی، لەو کاتانەدا هەست بەخەمبارییەکی زیاتر دەکات کە عەبدولڕەحمانی هاوسەری خۆی لێدور دەگرێت‌و هەمو کاتی خۆی بۆ کاری حیزبی تەرخان دەکاو لینا بۆ تەنهایی بەجێدەهێڵێت، سەرەنجام لینا دەگاتە تینی‌و بڕیاری جیابونەوە دەدات‌و لێکتر جیادەبنەوەو دەگەڕێتەوە پاریس. دوای داگیرکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان لەلایەن رژێمی ئێرانەوە، قاسملوش دەچێتەوە پاریس، بەڵام بەپێی گێڕانەوەی لینا، «عەبدولڕەحمان لەئەوروپا بەهیچ شێوەیەک خۆی نەدەپاراست‌و سەرەتاییترین ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستنی رەچاو نەدەکرد، تەنیا یەک حیمایەی هەبو کە تەنانەت چەکیشی پێنەبو، زۆربەی کاتەکان بزر دەبو حیمایەکەشی بەدوایبیدا دەگەڕا، تا سەرەنجام لە١١ی تەموزی ١٩٨٩دا بەپێی خۆی بەپیر مەرگەوە چو».

لینا لەشەهید عەبدولرەحمان توڕە بو، لەوەی کە خۆی بەکوشت دابو، بەتوندی لۆمەی دەکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - رێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کێ «قاسملو»ی بەکوشت دا؟

**سات محەمەد**

ڕەنگە هیچ شتێک نەتوانێت بەئەندازەی ئەم وێنەیە گوزارشت لەکارەساتەکە بکات، کە لەشی خامۆشو ساردەوەبووی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران «عەبدولرەحمانی قاسملو»و هاوڕێکانی لەژوورێکی شێواوو هەڵپرژاودا بەجێهێڵراونو خوێن کراسە سپییەکەی سور کردوون. ئەو فیشەکانەی ئێوارەی ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ لەچلەی مەرگی خومەینیدا، لە ئەپارتمانێکی بچوکی ڤیێنای پایتەختی نەمسادا تەقێنران، کۆتایهێنان بەژیانی یەکێک لەسەرکردە هەرە چالاکو هوشیارەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمی کوردییان ڕاگەیاند.

شەوێکی ساردی ساڵی ١٩٣٠ «واتە ئەو ساڵەی کە سمایل خانی شوکاک، بەدەستی پیاوەکانی ڕەزا شا دەکوژرێت»، مەمەد ئاغای وسوق کە ئاغایەکی بەدەسەڵاتو دەسترۆشتووی گوندی قاسملوی نزیک شاری ورمێیە، بەختەوەرە بەوەی یەکێک لەژنەکانی کە «بەرەچەڵەک ئاسورییە» وەجاغی بنەماڵەکەی بەچاو هەڵهێنانی کوڕێک ڕۆشنتر دەکاتەوە، مەمەد ئاغا ئەم کوڕەی ناودەنێت «عەبدولرەحمان».

لەو ساڵەوە تا ١٩٨٩، کە خاڵی سەرەتاو کۆتایی زەمەنی عەبدولرەحمانی قاسملووە، کەمترین ڕۆژو کەمترین ساڵەکانی ژیانی لەو گوندەدا بەسەر دەبات کە زیاتر لەناوە ڕاستەقینەکەی خۆی پێیناسراوە. ٥٩ ساڵی زەمەنی ئەم پیاوە دابەش دەبێت بەسەر چەند شارو شوێنێکی ئەم دنیایەدا کە گرنگترینیان «تارانو پراگو بەغداو پاریسو ڤیێنا»یە.

کە لەهەرەتی گەنجێتیدا بۆ خوێندن ڕوودەکاتە تاران، دەسپێکی جەنگی ساردو ڕۆژگاری هەڵکشانی چەپ دەبێت لەئاستی جیهاندا، ئەوکات حیزبی تودە باڵی بەسەر فەزای فکریو روناکبیرانی ئێراندا کێشا بو، لەتاران مێشکی قاسملو پڕ دەکرێت لەبیری چەپو دەبێت بە»تودە». ئەو کاتەی قاسملو دەچێتە پراگ، هێشتا ستالین لەژیاندا مابو، کە تاقە پیاوی مشت پۆڵاینی ئەو ڕوبەرە لەدنیا بوو لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە بەرین دەبۆوە تا ناوچە ساردو دورەکانی سیبریا. پراگ فێربوونی زمانو بڕوانامەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دکتۆراو ناسینی سەرکردە چەپەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو «هێلین»ی هاوسەری ژیانی پێدەبەخشێت.

ویستگەیەکی گرنگی دیکەی ژیانی قاسملو، بەغدایە بەتایبەتی لەدوو برگەی مێژویی جیاوازدا،

**یەکەمیان:** لەناوەڕاستی دەیەی ۱۹۵۰دا دوای لەکارخستنی محەمەد مسەدقو کودەتای زاهیدیو شاوە، کە لەئێرانەوە بەرەو عێراق هەڵدێو سەرەنجام لەبەغدا دەگیرسێتەوەو پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ دیارترین سیما سیاسیو ئەدەبییەکانی ئەو رۆژگارەی کوردی عێراقدا دروستدەکات، هەر لەئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانییەوە بگرە تا دەگات بەعەبدوڵا گۆران.

**دووەمیان:** لەسەرەتای دەیەی ۱۹۷۰دا کە دەگەڕێتەوە بۆ عێراقو لەوەزارەتی پلاندانان کار دەکاو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی شەخسی لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی بەعسی عێراق بنیاددەنێو بناغەی پەیوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەگەڵ حیزبی بەعسو حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق دادەمەزرێنێت.

پاریسیش، دەروازەی لەنزیکەوە ناسینی سەرکردە چەپەکانی ئەوروپاو دیارترین رۆژنامەنووسەکانی جیهانو دڵسۆزەکانی کورد لەڕۆژئاوا بەڕووی عەبدولرەحمان قاسملودا دەکاتەوە، کە ئەمەش رێگە بۆ پەیوەندی حیزبی دیموکراتو هێزە کوردییەکانی دیکە بەڕێکخراوی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالەوە خۆش دەکات. دوا ویستگەو دوا شوێنی ژیانی ئەم پیاوەش «ڤیێنا»یە، کە لەئەپارتمانێکی نزیک ئوتێل هیلتۆنی ئەم شارەدا، ئێوارەیەک بۆ هەمیشە ترپەی ئاشتیانەی دڵی لەلێدان دەخرێت. دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملو، کە تاقە سەرکردەی کوردە لەئەوروپا خوێندبێتیو زیاتر لەنۆ زمانی رۆژهەڵاتیو ئەوروپایی زانیبێت، هەر زو لەو رۆژگارو جیهانەدا کە ئەوی تیا دەژیا درکی بەوە کرد چارەنوسی گەلانی ئەم ناوچەیە لێرە نا، بەڵکو لەچەند پایتەختو لەچەند ناوەندێکی سیاسی دەرەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دیاریدەکرێ، هەربۆیە زۆربەی کارو کاتی خۆی بۆ ئەوە خستە گەڕ کە جگە لەچیاکان، کورد وەک میللەتێکی لێقەوماوو بەدبەخت، دۆستی دیکەو پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێت.

بەڵام لەبەرامبەریشدا ئەو فاکتەری زاتی کوردی فەرامۆش نەکرد، هەربۆیە یەکێک لەو ئەرکانەی ساڵانێک لەئەستۆی گرت، سەرلەنوی رێکخستنەوەی حیزبی دیموکراتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانی ئێران بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لەحیزبی تودە دابڕاو لەبیری چەپ دورکەوتەوە، ئیتر ئەو بێ سرەوتن بەڕێکخستنەوەی سیاسیو دواتریش ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەی ئەم حیزبەوە خەریک دەبێت.

لەم بوارەشدا قاسملو شانازی ئەوەی پێدەبڕێت کە توانی لەهەلومەرجێکی دژوارو لەدو قۆناغی جیاوازدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لەوەی حیزبی دیموکراتی لەبن باڵی حیزبی تودەو پارتی دیموکراتی کوردستانو مستەفا بارزانی دەربهێنێو بیکات بەحیزبێکی خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ.لەبڕگەیەکی مێژویی دیکەشدا، کە لەدوا ڕۆژەکانی ڕژێمی شادا گەڕایەوە ئێران، بەپەرۆشەوە هەوڵی دا حیزبی دیموکرات بەرامبەر بەهێزێک گەنجو نوێ بکاتەوە کە وەک ڕکەبەرێکی سەرسەختی حیزبی دیموکرات لەو ڕۆژگارەدا پێینابووە گۆڕەپانی خەباتەوەو زۆربەی هەرە زۆری هەڵسوراوەکانیشی گەنج بون، کە ئەویش «کۆمەڵە» بو.

دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو، لەساڵی ١٩٧١ەوە تا کاتی تیرۆر کردنی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بو، بۆیە ڕۆژانێک لەلایەن بەشێک لەهاوکارە حیزبییەکانییەوە بەنادیموکرات لەقەڵەم دراو تۆمەتباریان کرد بەوەی کە نایەوێ دەسەڵاتی لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبەکەیدا بەش بکات، تەنانەت ئەمانە دەگێڕنەوە جارێکیان لەکۆنفرانسێکدا کە سەبارەت بەدارایی حیزب پرسیاری لێدەکرێت، ئەو بەتوڕەییەوە دەڵێت «هەتا من سکرتێری حیزب بم، جگە لەخۆم کەس نابێ بزانێ چیمان هەیەو چیمان نییە». بەڵام لەدیدی زۆربەی هاوڕێکانی دیکەیەوە، قاسملو هەرگیز ژیانێکی پڕ لەڕەمزو ڕازی نەبووەو هەمیشە ئەو «خراپترین دیموکراسی لەباشترین دیکتاتۆری پێ باشتر بوە».

قاسملو دیاردەیەکە تا ساڵانێکی درێژخایەن لەیادەوەریی سیاسی ئێمەدا ناسڕێتەوە، ڕەنگە بەشێکی ئەمەش پەیوەندی بەوەوە بێت کە هەموو ساڵێک لەیادی تیرۆر کردنی ئەم سەرکردە بەئەزمونو دنیادیدەیەدا، پرسیارێکی بێ وەڵام بیرکردنەوەی زۆربەمان دەئالۆزکێنێت: کێ قاسملوی بەکوشت دا؟ ئایا بەپێی خۆی ڕۆی بەرەو کوشتارگە؟ ئەوە چ چارەنوسێک بوو کە ئەوی هەڵگرت بەرەو ڤیێنا، لەکاتێکدا باش دەیزانی دەمێکە ئیتیلاعاتی ئێران لێرەو لەوێی ئەم دنیایەدا شوێن پێی هەڵدەگرێو هەمیشە بۆ دەرفەتێک دەگەڕێ بۆ لەناوبردنی؟ کە زۆر باش دەشیزانی بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتدارانی ئێران پۆ پەکخستنی جەستەی جوڵانەوەی سیاسی کورد بەردەوام کاریان لەسەر زەبر وەشاندنو تێکشکاندنی سەرکردەو مەغزو مێشکە کاراکانی کردووە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# «عەبدولڕەحمان»ی عاشق

**سات محەمەد**

عەبدولڕەحمان کە دایکی ئاسوری بوو بەمنداڵی ناوی «بابوچکا» واتە بچکۆلانەی بەسەردا دابڕی، دواتر لەهەرزەتی هەرزەکاریدا ناوەکەی بوو بە«بابۆش خان»، خوشکەزاکانی پێیاندەوت «خاڵە بابۆش خان»، دوای ئەوەی بۆ خوێندن چووە ئەوروپاو پاشان گەڕایەوە پێیاندەوت کاک رەحمان، کاتێک دکتۆراکەشی وەرگرت، بە«دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو» ناوبانگی دەرکرد.

د.حەسەنی شەتەوی بەمجۆرە باس لەعەبدولڕەحمان قاسملوی خاڵی دەکات، ئەو باس لەوە دەکات بابی قاسملو، واتە «محەمەد قاسملو» کە لەلایەن محەمەد عەلی شای قاجارەوە لەقەبی «وسوق دەولە»ی پێبەخشراوەو لەشاری ورمێو هەموو ناوچەکانی کوردستان بەناوی وسوق ناسراوە، یەکێک لەژنەکانی «فاتمەخانم» ئاسوری بووەو پێش ئەوەی شوو بەمحەمەد قاسملو بکات ناوی «نەنەجان» بوە، دوای ئەوەی موسڵمان بوە ناوی فاتمە خانمی لێنراوە، ئەم ژنە کە بێکەس بووەو لەمسیۆنی کاسۆلیکەکان لەشاری ورمێ ژیاوە، قەدەری رۆژگار دەیکاتە دایکی قاسملو.

دکتۆر حەسەنی شەتەوی ئاماژە بەوە دەکات کە «باوکی قاسملو ٢١ ژنی هێناوە، زەری خانم، خاوەر خانم، ماڕال خانم، سەید زینە، زارا خانم، سورەییا خانمو...

بەپێی گێڕانەوەی ئەو «باوکی قاسملو لەتەمەنی ٨٥ ساڵیدا بەنهێنی کچێکی ١٨ ساڵەی بەناوی سورەیا کە خوشکەزای زەری خانم کۆنە ژنی بووە هێناوە، بەڵام پاش شەش مانگان بەئامۆژگاریی ریشسپییانو لەژێر کاریگەری فاتمە خانمدا تەڵاقیداوە، ئەو کە نەوەی مەمەدئاغای قاسملو بوە دەگێڕێتەوە کە من پێموت: باباغا دەبوو لەجیاتی خۆت ژن بۆ من بێنی، کەچی گوتی: رۆڵە دەمویست کچێکی شازدە ساڵە لاقانم بۆ بشێلێ فاتم نەیهێشت».

حەسەنی شەتەوی دەڵێت «باپیرەم کە بابی قاسملوە، زۆرجار لەبەرخۆیەوە ئەم گۆرانییەی دەوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هەرچەند دەکەم دڵ پیر نابێ**
**دەستم لەمەمکی گیر نابێ**

ئەو زۆر سەیر ئۆگری ژنان بوو، هێندێ کتێب نووسیویانە ٢٦ ژنی هێناوە، بەڵام دایکم دەیوت ٢١ ژنی هێناوە«. ئەگەر بەدوور لەژیانی سیاسی، لەژیانی تایبەتی عەبدولڕەحمان بڕوانین، ئەو پیاوێکی تا بڵێی بەپێی گێڕانەوەی ئەوانەی ناسیویانە جوانپەرستو عاشق بووە، ئەو کە لەهەڕەتی گەنجێتیدا لەپراگ دڵی بەکچێکی چیکیدا چوەو بوە بەهاوسەری بەناوی هێلینا «نەسرین»، هەمیشە خۆش زەوق، قسەخۆشو بەسەلیقە بوە، بەپێی گێڕانەوەی شەتەوی، دکتۆر قاسملو زۆرجار لەبەرخۆیەوە گۆرانییەکەی بابی دەوتەوە.

شاعیری گەورەی کورد «شێرکۆ بێکەس» یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە لەیاداشتەکانیدا «نووسین بەئاوی خۆڵەمێش»، قاسملو بەپیاوێکی جوانپەرست وەسف دەکات، ئەم شاعیرە دەڵێت: «قاسملو حەیاتی بو، وەختی سیاسەت بۆ سیاسەتو گاڵتە بۆ گاڵتە، ژیانی تایبەتی بۆ تایبەتی، ئەو ساتانەی دوور لەسیاسەتو حیزبایەتی ئەوم تیا بینیوە لەپڕێکدا روی ئەکردە منو ئەیوت:

**شانو ملو گەردنی روتی بێگەرد**
**سنگی نەرمو مەمکی قوتی توند وەک بەرد**
**شیعرەکەی گۆران، ها کاک شێرکۆ ئەڵێی چی؟!**

منیش ئەو شیعرەی خۆم بۆ ئەخوێندەوە:

**مەدالیای کەمانێکی بچکۆلانەت**
**دابوو لەسنگ کە هاتوچۆت بە بەردەمی مندا ئەکرد**
**گوێم لێئەبوو**
**کەمان ئەکەوتە لێدانو**
**ئەشمبینی**
**مەمکەکانت ورد ورد سەمایان بۆ ئەکرد**
**ئیتر ئەویش یەک لەسەر یەک ئەیوت: بەه بەه بەه».**

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو؛ هێمای نەتەوەیەکی خاوەن کەرامەت

ڕێبوار کەریمی

یاوەرێکی دەگێڕێتەوە ‹‹قوتابییەکی بەئەدەب چۆن لەبەرامبەر مامۆستای زانکۆ دادەنیشێ و قسەدەکا، سەدام حسەین بەو شێوە و لەهجەیە قسەی لەگەڵ دکتۆر قاسملوو دەکرد. ئەوەندە بەئەدەب، ئەوەندە بە حورمەتەوە..››. ئەم ڕێزگرتنەی دیکتاتۆرێکی بەهێز و هەیبەت لەسکرتێری حیزبێک، تەنیا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ زانایی د.قاسملوو، بەشێکی گرینگیشی پێوەندیی بەسەنگینیی کەسایەتیی ناوبراوەوە هەبووە. ئەمە دیاردەیەکی دەگمەنە لەناو سیاسییەکانی کورددا. ئەوان زۆریان، کەلەزمانی جەستەیان ڕادەمێنی، بەتایبەتی لەکاتی دیدار لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بەڕوونی شەڵەژاوی و خۆبەکەمبینییان پێوەدیارە.

مەرجێکی سەرەکیی ڕێبەرێکی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە هەستیارترین کاتەکانیشدا لەبیری نەکا ئەو ڕاسپێردراو و نوێنەری بەرژەوەندییەکان و لەوانەش زیاتر، کەرامەتی ئەو خەڵکەیە کە نوێنەرایەتییان دەکا. تەنیا لەبەرچاوگرتنی ئەم بنەما سادەیە بەس بوو بۆ ئەوەی زۆر لەو چرکەساتە شەرمەزاریهێنانە نەبینین کەمێژووی هاوچەرخمان لێوانلێوە لێیان: قاسملوو هەرگیز قەبووڵی نەکرد وێنەی دیدارێکی لەگەڵ سەدام حسێن بڵاوبکرێتەوە، ئەوە لە کاتێکدا سەرکردەی وامان هەبووە بە باقەگوڵەوە چۆتە سەر مەزاری سەرسەختترین نەیارانی کورد.

هونەری سیاسییەکی بەتوانا خوڵقاندنی بەرژەوەندیی هاوبەشە، نەک پاڕانەوەو تکاوڕجا. من پێشتر لەوتاری «دیپلۆماسیی کڕووزانەوە» دا باسی ئەوەم کردووە، چۆن بەشێ لەسەرکردە کوردەکان دیپلۆماسی و درۆزەی سیاسییان تێکەڵ کردووە. قاسملوو لە تاکوتەرای ئەو سەرکردانە بوو کە لە کاتی یارمەتیخواستنیشدا هێشتا نەفسبەرزیی خۆی دەپاراست. بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس نیشانی دەدەن کە لەکاتی دیداری نوێنەری باڵوێزخانەی وڵاتەیەکگرتووەکان لەبەغدا – ئەویش لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا کەحیزبەکەی قاسملوو گیرۆدەی گەلێک قەیران بوو –، ئەو لە بریی

وروژاندنی باسی چەوساوەیی و لێقەوماویی کورد، باس لە زەرفیەتەکانی حیزبەکەی و توانایی لەتەنگانەهاویشتنی دوژمنە هاوبەشەکەیان دەکا، ئەویش بەزێدەڕۆییەکی بەرچاوەوە لە باسی توانایی لۆجستیکیی حیزبەکەیدا. واتە، بەرژەوەندییەکی هاوبەش دەنەخشێنێ و لەسەر ئەو بنەمایەش، باسی «هاوکاری؟ دێنێتە گۆڕێ. تەنیا شتێکیش کەلەبەرامبەردا داوای دەکا، پشتیوانیی سیاسییەلەکورد. قاسملوو سەنگی خۆی و سەنگی حیزبەکەی و سەنگی میللەتەکەشی بەیەکجێ دەپاراست.

گومان لەوەدا نەماوە کەقەیرانێکی فرەلایەن وای کرد د.قاسملوو بەرەوپیری وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بچێت. بەوەشەوە، شریتی دەنگی تۆمارکراوی یەکەم خولی دانوستانەکانی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی نیشانی دەدا ئەو بە چ متمانەبەخۆییەکەوە دەست بەقسان دەکا و، چەند حازرجوابانە بەرپەرچی ئیدیعاکانی نوێنەرانی حکومەت دەداتەوە. هەر کەس لە ڕەوتی ئەو گفتوگۆیانە وردبیێتەوە زوو تێ دەگا کە ئەم تاکتیکەی دەستپێکی دانووستان، نەک نیشانەی ناشارەزایی ئەو دیپلۆماتە کارکوشتەیە لەشێوەی دەسپێکردنی «دیالۆگ»، بەڵکو ئاماژە بە توانایی ئەو بۆ ڕەچاوکردنی سایکۆلۆژیی لایەنی بەرامبەری بووە. بەو سەرەتا هێرشکارانەیەوە قاسملوو دەیەوێ هەر زوو ئەو وێنایە بڕەوێنێتەوە کە بەرامبەرەکەی پێی وابێ ئەو لە ڕووی لاوازییەوە دانوستانی هەڵبژاردووە. بەشی ئاشکراکراوی دەوری کۆتایی وتوویژەکانیش دەیسەلمێنێتەوە کە قاسملوو چەند بەمتمانەبەخۆییەوە لەلایەنی بەرامبەری دەگەیەنێت کە ئەو هاوتووە بۆ دانوستان نەک خۆبەدەستەوەدان.

قاسملوو دواجار بووە قوربانیی نیازپاکیی خۆی و، ناجوامێرانە زەفەریان پێ هێنا. ڕەخنەی بەجێ لە قاسملوو گیراوە و گازندەی زۆر لە کەمتەرخەمیی ئەو بۆ پاراستنی گیانی خۆی، کراوە. تەنیا شتێ کە هەرگیز ڕەخنەی نەهاتەوە سەر، ئەو ڕاستییە بوو کە قاسملوو تا ئەو چرکەیەش کە لە جەرگەی دانووستانی ئاشتیدا، سنگیان پێکا و فیشەکی کۆتاییان بەناوچاوانییەوە نا، هەرگیز بەشێوەیەک نەدوا کە مرۆڤێکی کورد هەست بکا ئەو سەرکردە سیاسییەی نەتەوەکەی، حورمەتی نوێنەرایەتیکردنی کەرامەتی ئەوی، بۆ چرکەیەک ژێر پێ نابێ. ئەمەخاڵێکی جەوهەرییە لە کەسایەتیی قاسملووی شەهیددا کە دەشێ هەر تاکێکی کورد، لەهەر چرکەساتێکی ئیفادەکردنی کوردبوونیدا، لەبەرچاوی بگرێت. ڕەنگەهەر ئەمەش باشترین پاداشت بێ بۆ گیانی دکتۆری شەهید.

سەرچاوە: کاناڵی تێلێگرامیی کۆمار – ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ١٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# حەوت وانە لە قاسملوو بۆ ڕێبەرانی داهاتوو

مەجید حەقی

هەر کۆمەڵگایەک، هەر حیزب و ڕێکخراوێک و بنەماڵەیەکی سەرکەوتوو لەیەک تایبەتمەندیدا هاوبەشن:

هەموویان، خاوەنی ڕێبەر یان بەڕێوەبەرێکن کە بنەماکانی ڕێبەری و بەڕێوەبەری دەزانن. ڕێبەرێک کە لە هەلومەرجی دژوار و هەستیاردا هەست بە گۆڕانکاریەکانی کەشو هەوا دەکات و هەوڵ دەدات بە خۆڕێکخستن و سازماندانی نوێیەوە سەرەرای بەلەمی ڕێکخراوەکەی بەرەو مەنزڵگای خۆی ڕێبەری بکات. لەکردنەوەی ئێوارە خوانی کۆنگرەی زانستی کوردستان لە ئۆکتۆبری ٢٠١٢ دا خاتوو کارۆڵ پرۆنهۆبێر نووسەری «خولیا و مەرگی قاسملووی کورد» وتی: «قاسملوو لێرە نیە تا ببینێت خەونەکانی بۆ نەتەوەی وەدی هاتووە. کۆنگرەی وا لە کوردستانێکی ئازاد، خەونی قاسملوو بوو، قاسملوو خەونی پێشڤەچوونی بە وڵاتەکەی دەبینی و خۆزگەی دەخواست گەلەکەی لەزانست و رۆشنبیریدا پێشکەوێت». چیرۆکی ژیانی قاسملوو چیرۆکی ژیانی مرۆڤێکە کە لەرێگای سەرکەوتن و بەرەوپێشچووندا زۆر هەوراز و نشێوی پێواوە. بەڵام هەندێک تایبەتمەندی قاسملوو بوونەتە هۆی ئەوەی کە بەسەر کەندۆکۆسپەکاندا سەرکەوێت و ناوی خۆی لەریزی گەورە مرۆڤانی جیهانی مرۆڤایەتی و کوردوکوردستاندا تۆمار بکات. ئەوەی خوارەوە کورتەیەک لەحەفت تایبەتمەندی قاسملوون کە ئەوی کرد بەرێبەرێکی بێهاوتا لەناو بزاڤی نەتەوایەتی کورددا. لەو تایبەتمەندیانەدا مرۆڤ دەتوانێت لە گەڵ ئەستوونەکانی بنەمایی گۆران و خۆپێگەیاندن، هەڵگرتنی بەرپرسایەتی، ڕاستگۆیی و پشتیوانی گرووپی ببینێ و هەست پێ بکات:

### ١- بیری داهێنەرانە

هۆکاربوون یان دەسپێشخەری واتایەکی بەرینی هەیە. دەستپێشخەری بە واتای ئەوەی کە مرۆڤ بەرپرسایەتی کردەوەکانی خۆی بە ئەستۆ دەگرێت و بڕیاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەر لەسەر بنەمای پرەنسیب و بایەخەکانەوە بنیانتراوە و پێوەرەکانی هەستی لەنەکاوی و هەلومەرجی ڕۆحییان پێوەندی تاکەکەسی ئەو لەگەڵ دەوروبەری نیە. ئالبێرت ئەنیشتاین دەڵێت: «جیهانێک کە خولقاندوومانە، بەرهەمی جۆری بیرو ئەندێشەی ئێمەیە». هیچ شتێک لە داهاتوودا بە بێ بیرو ئەندێشەی نوێ گۆڕانی بەسەردا نایەت. ڕێبەران گەر بیانهەوێ جیهانێکی نوێ بخوڵقێنن دەشێ جۆری بیرکردنەوە زەمینەکانی بیروئەندێشەی خۆیان گۆڕانکاری بەسەردا بێنن. ٨٠٪ی خەڵک بەشێوەی دژکردەوە بیر دەکەنەوە. ئەوان زەحمەت دەکێشن تا کەموکۆڕیەک یان کێشەیەک چارەسەر بکەنەوە. ٢٠٪ دیکە بیرمەندانی داهێنەرن کە کاردەکەن بۆ خولقاندنی شتێکی نوێ. بیرمەندانی داهێنەر لەپرسیاری « چ شتێک مومکینە؟» پێش دەکەون. بیرمەندانێک کە دژکردەوەیی و بەشێوەی ریاکسیۆن هەڵسوکەوت دەکەن بیر لەوە دەکەنەوە «کە چ شتێک هەڵەیە؟» یاخود «چ کەسێک دەبێ سزا بدرێت؟» ئەوان هەڵسوکەوتیان دژکردەوە بە ژینگەی خۆیانە. بەڵام بیرمەندانی لەچەشنی قاسملوو بەرینتر لە ژینگەی خۆیان بیر دەکەنەوە. ڕێبەرانی داهێنەر ئاگاداری چوار دیاری تایبەتی مرۆڤ واتە خۆئاگاداری، ویژدان، هێزی خەیاڵ و ئیرادەی سەربەخۆ و هەروەها فەلسەفەی لە ژوورەوە تەماشای دەرەوە کردن بە سەر هەموو کردەوەکانیان و هەلسوکەوتیان زاڵن. ڕێبەرانی دەستپێشخەر دەیانهەوێ لە ژیانی خۆیاندا ببنە هێزی داهێنەر. ئەمەش بنەماییترین شتێکە کە هەر کەسێک دەتوانێت لە ژیانی خۆیدا بڕیاری لەسەر بدات.

**٢- بینینی ئامانجی گەورە**

هەمووشتێک دووجا دەخوڵقێندرێت. یەکەم لە جیهانی بیرو ئەندێشەدا و دووەم لە مەیدانی کردەوە. ڕێکخراوی سەرکەوتوو بۆ خولقاندنی وێنەیەکی خەیاڵی و ئامانجی دوارۆژ بۆ هەر پلان و پرۆژەیەک ڕووداوەکانی داهاتووی ژیانی خۆیان دەنووسن. ئەوان بە بێ ئەوەی کە ئامانجێکی دیاریان هەبێت ناژین. بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە ڕووی ئەندێشەوە گرینگترین ئەسڵەکان، بەها و بایەخەکان، پێوەندیەکان و ئامانجیان دەناسن و بەکردەوە پابەندن بەو بنەما ئەخلاقیانە. هەڵبژاردنی ڕەساڵەت و ئەرکی تایبەتی بەرزترین جۆری خەلاقیەت و داهێنانی بیری مرۆڤ لە ڕێکخراوەدایە. خولقاندنی فەرهەنگ و چاندێک کە ئامانجەکان، بیروبۆچوون و نرخ وبەها هاوبەشەکان پێکەوە گرێ بدات، دووربینی و بنەمای ڕێبەری پایەبەرزی لە چەشنی قاسملوون.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### ٣- ئامادەیی بۆ گۆران

ڕێبەرێک کە ئامادەیی هەیە بۆ گۆڕان، پێشوازی دەکات لە گۆڕانکاری. ئەوان ئاگاداری قۆناغەکانی گۆڕانکاری و کاردانەوەیان لە سەر کەسانی ژێر ڕێبەریان هەیە و دەزانن چۆن کەسانی دیکە لەو گۆڕانکاریەدا بەشدار بکەن. سروشتیە کە هەندێک لە ئەندامان و کادرەکان بەرهەڵستی گۆڕانکاری دەبن، چونکە گۆرناکاری ئەوانە ناچار دەکات لە گۆشەی بێدەنگی خۆیان دەرکەون. ڕێبەرێکی کارامە دەزانێت چۆن هاوڕێیانی لە گۆشەی بێدەنگی و بازنەی ئارامی خۆی دەربێنێت و پێبەپێی خۆی گەورەیی و ڕێزی پێببەخشێت. ڕێبەری وا یارمەتی هاوڕێیانی دەدات بۆ پێکهێنانی تێگەیشتنی هاوبەش لە رابردوو و هۆی گۆڕانکاری بزانن. ئەوجار بە نیشاندانی وێنەیەکی ئەرێنی لە داهاتوو و بەو چالاکیانەی کە هەموو لایەک تیدا بەشدار بن، ڕێبەری بزاڤەکە دەکات بەرەو گۆڕان و باشتر بوون.

### ٤- پێکهێنانی ئاسۆی دوور

ئەرکی سەرەکی ڕێبەرە کە ژینگەیەکی زیندوو پێک بێنێت کە پێی دەوترێت فەرهەنگی ڕێکخراوەیی. چاندو فەرهەنگی ڕێکخراوەیی واتە گرێدراوەیی و دەرووەست بوون. ڕێبەر دامەزرێنەرێکی بەتوانای کولتووری ڕێکخراوەیە. ئەو شێمای ژینگەی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزب ساز دەکات. ئەندامان و کادرەکان هان دەدات بۆ ئەوەی چاکتر لەوەی کە هەن ببن. ڕێبەری داهێنەر دەزانێت کە توانایی دهێنانی ژینگەیەکی بەلێگەر و بە چالش بۆ گەشەکردن و پێگەیاندنی ئەندامان گرنگتر لە تواناییەکانی تەکنیکی دیکەیە.

### ٥- پێشتر تێبگەین دوایە دوای تێگەیشتن لە خەڵک بکەین

دکتۆر قاسملوو گوێگرێکی باش بوو. ئەو بەرلەوەی کە وەڵام بداتەوە یا بەشداری لە باسێک بکات، تەنانەت لە پلینۆمەکانی حیزبیش دا پێشتر گوێ لە هەموو قسە و بیروراکان رادەگرت ئەوکات بیروڕای خۆی باس دەکرد. کاتێک مرۆڤ بە ئامانجی تێگەیشتن لە قسەکانی خەڵکانی دیکە گوێ دەگرێت نەک بە نیازی وەڵامدانەوە بەوان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بناغەی پیوەندیەکی تەندوروستی دارشتووە. کاتێک مرۆڤی بەرامبەر هەست بکات کە دەمانهەوێ بەرلە هەمووشت لیی تێبگەین، ئەو خۆی بە کەسێکی خاوەن ڕێز و جێی بڕوا دەزانێت. ئەمەش بەواتای ڕێز لە کەڕامەتی مرۆڤی ئەو کەسە گرتنە. لە ئاکامدا لە ڕەوشی بەرگری کردن لە خۆی دەردەکەوێت و قووڵترین بیروهزرەکانی خۆی ئاشکرا دەکات. ئەو کات هەلومەرجێک دەخوڵقێت تا ئەو بەربەستانەی کە بەرگری لە یەکگەیشتن و تێگەیشتن لە یەکتر دەکەن لەناو بچن. دلۆڤانی و بوێری دەوێ تا مرۆڤ هەوڵ بدات وێک بگات و بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان لەیەک گەیشتن و وێککەیشتن پێک بێنێت.

### ٦- پێکهێنانی هێزی کۆمەڵ

کۆکردنەوەی هێزی کۆمەڵ بەرهەمی ڕێگای سێهەمە. نەک ڕێگای من یان ڕێگای تۆ. ڕێگا چارەسەری سێهەم لە ڕێگا چارەسەری هەردووک لایەنی بەرامبەر چاکترە. هێزی بەکۆمەڵ بەرهەمی ڕێز و حورمەتی دوولایەنەیە. بەرهەمی تێگەیشتن و ڕێزلێنان لە جیاوازیەکانی یەکتر و لە چارەسەری کێشەکان و بەهرەمەند بوون لە هەلەکانی هاوبەش. ئەو گرووپ و ڕێکخراوانەی کە هێزی بەشداری و هاوکاری کردن لە ناوخۆیداندا گەشە پیدەدەن، دەبنە هۆی گەشەپیدانی تواناییەکانی تاکەکەسی بە شێوەیەک کە کۆی هێزی ئەوان لە کۆی هێزی دانە دانەیان زیاتر بێت. کەسانی وا خۆیان لە ژێرپێنانی مافی یەکتر دەپارێزن. ئەوان تەنیا لە ڕووی ناچاریەوە پێکەوە ناسازێن یا خود هاوکاری یەکتر ناکەن، بەڵکوو بیر لە هاوکاری داهێنەرانە دەکەن کە لەودا هێزی سێهەم جێگای هەردوو هێزەکە بگرێتەوە.

### ٧- گەشە پێدانی بەردەوام

یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێبەری گەشەپیدانی بەردەوامی هێزی فیزیکی، ڕۆحی، مانەوی، کولتووری و عاتفی ڕێکخراوە. ئەو تایبەتمەندیە کاتێک جێبەجێ دەکرێت کە مرۆڤ لە ئاستی تاکەکەسی دا بۆ گەشەکردن و پەروەردەی خۆی هەوڵی بێوەستان بدات. ئەم تایبەتمەندیە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی بەردەوام، ژیانەوەی

ڕێکخراو و تاکەکەسانی ناو ڕێکخراو و بەرگری لەوە دەکات کە ڕێکخراو وەک ئاوی مەنگ راوەستاو بێت و بەرەو داڕزان و لەناوچوون بروات. ڕێبەر چ وەک مامۆستا بێت چ وەک ڕێنوێن، دەشێ هەوڵ بدات کەشی ناو ڕێکخراو بەشێوەیەک کراوە بێت کە مەجالی هەستی گەشەکردن بە کەسان بدرێت. ڕێبەرێک کە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانیش بڕوا بەوە بکەن دەتوانن ئەرکی خۆیان بە جوانی ئەنجام بدەن. ڕێبەران دەشێ یارمەتی ئەندامان و کادرەکان بدەن بۆ ئەوەی کە پرسەکان لە روانگەی دیکەشەوە ببیندرێن. پرسیارێک بخوڵقێنن کە ئەندامان و کادرەکان هان بدرێن بۆ فێربوون. دیارە کە ڕێبەرانی سەرکەوتوو و دووربین لە کۆکردنەوەی پۆتانسیەلی مرۆڤ سەرکەوتوون. ڕێبەرێکی ئاسۆبین بۆ ئەوەی کە وزەکان ئامانجدار بن، ناوەند پێک دێنێت. هەروەک بەپێکهێنانی کمیسۆنەکانی ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، قاسملوو ویستوویەتی ناوەندگەلی جۆراوجۆر لە پێوەندی لە گەڵ بەرێوەبردنی خەباتی هەمەلایانەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکبێنێت و وزەکان کانالیزە بکات. هەرکام لەو کومیسیۆنانە خاوەنی ئەرک و ئامانجی روون بوون و لەو چوارچێوەیەدا ئەندامانی بەشەکان بڕیاراتی خۆیان دەدا و جێبەجێیان دەکرد. ئەمرۆ پێویست بە شێوازی نوێی ڕێبەری دەکات. دەشێ پێداچوونەوە بکرێت بە شێوازی ڕێبەری و بەرێوەبەری ڕێکخراوەکان و ڕێبەری حیزب بۆ وەڵامدانەوە بەهەلومەرجی نوێی خەبات دابرێژرێتەوە.

بزاڤی کورد سەردەمی قەیرانی «بڕوا» تێپەر دەکات. بۆیە دەشێ سەرمایەگوزاری بکرێت لە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی بڕوا و پێکهێنانی هێزی لەیەک گەیشتن. ئاستی بڕوا نیشانەی رادەی بڕوایەکە کە ئەندامانی حیزب لە ناوخۆ بەیەکتر هەیانە و بە پێی هەو لە گەڵ دەورەبەر دەجۆڵێنەوە. رادەی بڕوا بە زمانێکی سادە وەک رادەی حیسابیماڵی یان رادەی داراییەکە کە لە بانک یان شوێنێک پاشکەوتمان کردووە. کاتێک حیسابە بانکیەکان خاڵی دەکرێن و پاشکەوتەکان بەکار دەبردرێن، ئیتر مرۆڤ خاوەنی بڕوای دارایی نیە. بە هەمان شێوە خاڵی کردنی پاشکەوتی هەستیش دەبێتە هۆی لە ناو چوونی بڕوا. کردەوەگەلی وەک با پێشتر تێبگەین ئەوکات تێ بگەیەنین، دلۆڤانی، وەفاداری بە قەوڵ و پەیمانەکان، راستگۆیی و دەروەست بوون لە کاتی بڕیاردان و جێبەجێ کردنیان دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی پاشکەوتی هێزی بڕوامان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە پێچەوانەوە هەڵاواردن، ناوچەگەرایی، تایفەگەرایی و خزمگەرایی و جیاوازی خستنەوە لە نێوان ئەندامان و کادرەکان دەبێتە هۆی کەمبوونی رادەی بڕوا و خوڵقاندنی قەیرانی بڕوا.

بۆ ئەمەش پێویستە چاویلکەی بڕیار و قەزاوەتی پێشوەخت و هەڵسەنگاندنی لە سەر بنەمای «زێهنیەتی» پێشدا دیاری کراو هەڵگیرێت و بەجیاتی ئەو هەوڵ بدرێت تێگەیشتن و ئاستی وێک گەیشتنی نێوان ئەندامانی رێکخراوە گەشە پێبدرێت. ئەمەش لە رێبەریەوە دەست پێ دەکات.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هزری قاسملوو ئاوێنەیەك بۆ ئەمڕۆ و داهاتوو

سۆران شەمسی

دروشمێکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێ:»تۆ تێدەکۆشیت تاکوو ئاسوودە بیت، بەڵام من تێدەکۆشم تاکوو خەڵکانی تر لە من ئاسوودە تر بن».

سەربەرزی کوردستان پێویستی بە لەخۆبوردوویی و فیداکارییە، ئەگەر دەمانهەوێت بۆ لەنێوبردنی هەژاری، جیاوازی چینایەتی، نەخوێندەواری و دابینبوونی ئاسایش و ئارامی، خەبات و تێکۆشان بکەین، کە ئەوەش بە قسە و دروشم ناکرێت، دەبێت وانەی لەخۆبوردوویی و فیداکاری لە پێشمەرگەکانی کوردستان فێر ببین و ئەوەش بە کردەوە بسەلمێنین.

ناساندن و پێناسەکردنی کەسایەتییەکی وەکوو شەهید دوکتور قاسملوو، ئاسان و سانا نییە، چونکە بەڕاستی سات بە ساتی ژیانی ڕێبەری مەزنمان لێوانلێوە لە شانازی و ڕووداوە تاڵ و شیرینەکان، یەکێک لە ڕێگاکانی بەردەوامی پێناسەکردنی کەسایەتییەکان، نووسینی ژیاننامەی ئەوانە، بەڵام کەسانێکی وەک دوکتور قاسملوو کە لە کۆمەڵگایەکی زۆر دواکەوتوودا و لە نەبوونی کەلوپەل و پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان و لە ناوچەیەکی پاشکەوتوودا چاوی بە جیهان هەڵێناوە، ژیاننامەی ئەوان تەنیا دەردو ڕەنجە کە کۆتایی پێ نایەت.

دوکتور قاسملوو، زانا و بلیمەتێکی نەتەوەیی گەلی کوردە، شەهید دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی ناودار، سیاسەتوان و جیهانبینێکی نەتەوەی کورد بە ئەژمار دێت، کە لە ماوەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆڵێکی کارای هەبووە و پێگەیەکی بەرز و باڵای لەنێو سەرجەم چینەکانی نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردستاندا هەبووە کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەردەوامە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەری نـاودار و کاریزمای کوردستان، بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سـەرووی بەرژەوەندی حیزبی، تاک و پلە و پایە و هەروەها لە سەرووی هەموو گرووپ، دەستە و لایەنێکی دیاریکراو دادەنا و گشت هەوڵ و ماندووبوونێکی تەنیا و تەنیا لە پێناو خەباتی میللی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد و کوردستاندا بوو.

**دوکتور قاسملوو بژاردە و بلیمەتێکی سیاسیی جیهانی بوو**

نـاوی دوکتـور قاسملوو، هـاوڕەنگە لـەگـەڵ خـەبـات و تێکۆشان و بەرگریی و بەرەنگاربوونەوەی بێوچانی چەندین ساڵەی، لە ڕێگای ئازادی و داکۆکی لە دێموکراسی و گەورەیی نەتەوەی کورد، کە بە شانازییە مێژووییەکانی نەتەوەکەمانەوە گرێ دراوە. دوکتور قاسملوو ڕەمزی ئیرادەیەکی پۆڵایینی بەهێزی کوردستانە، کە لە ماوەی چەندین دەیەی ڕابرووددا بیر و هزری، بناغەی داگیرکەرانی هەژاندووە و ترسی خستووەتە دڵی دوژمنانی گەلەکەمانەوە.دوکتور قاسملوو، یەکێک لە بەناوبانگ، کارا و کاریزماتیکترین ڕێبەرەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستان، بە واتای کردەوە و پراکتیکی بووە، کە دەتوانین بڵێین هەنووکەش هەیە.

ئەگەر نووسەران و مێژوونووسەکان، کارنامە و ڕابردوودی کەسایەتییە گەورەکانی مێژوومان تۆمار بکەن، حەماسە و لەخۆبوردووییەکانی دوکتور قاسملوو و کارنامە مێژووییەکانی، شاخە سـەربـەرزەکـانـی نیشتمان و پیدەشت و چۆم و کۆسارە بەهەیبەتەکانی کوردستان لە دڵی خۆیاندا بۆ هەمیشە تۆماریان کردووە و نەوە یەک لە دوای یەکەکانی ئەمڕۆ و دواڕۆژی کوردستان، ئەو شانازییەیان پێ براوە تاکوو هزر و بیرۆکەکانی ئەو ڕێبەرەی نەتەوەکەمان وەکوو گەوهەرێکی بێوێنەی جیهانی لە لاپەڕەکانی مێژوو و وێژدانی نەتەوەیی خۆیاندا بپارێزن.

ئێمە ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی شەهیدبوونی پێغەمبەری ئاشتی و ڕێبەر و پێشمەرگە و مامۆستا و دیپلۆماتکاری نەتەوەکەمان بەرز ڕادەگرین، کە ڕێبەری قارەمان و بەناوبانگی گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەکەی بوو، کە دەبێژرێت قارەمان، بە واتای قارەمانی شەڕ و گۆڕەپانی شەڕ نییە، بەڵکوو ڕێبەرێکی قارەمان و بەناوبانگ لە ئاشتی، ئاوەدانی، ئازادی و دێموکراسیدا بوو و هەموو خەبات و تێکۆشانی خۆی لەو پێناوەدا بووە و تەنانەت لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کرد، بۆیە بە پێغەمبەری ئاشتی ناسراوە، دوکتور بێرنارد کۆشنێر، کەسایەتی بەناوبانگی فەرانسەویی و هاوڕێی نزیکی دوکتور قاسملوو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دۆستی نەتەوەی کورد، فەرموویەتی: «ئەوان لە ئاشتی و ئارامی ترسان، بۆیە پێغەمبەری ئاشتییان شەهید کرد».دوکتور قاسملوو رۆڵەیەکی ئەفسانەیی و مێژوویی کوردستان بووە و ژیانی خۆی بۆ دارِشتنی بناغەی رِوونی داهاتوو و پرِ لە دڵنیایی بۆ نەوەکانی پاش خۆی لە وڵاتەکەیدا تەرخان کرد، شەهیدی رِێبەر، سیاسەتوانێکی زیرەک و وریا بوو، کە ژیانی خۆی بۆ ئازادی کوردستان و رِزگاری لە ژێرچەپۆکیی نەتەوەی کورد بەسەر برد و تا کاتی شەهیدبوونیشی بە بەڵێن و رِێگا و رِێباز و ئامانجەکانی بە پەیمانێکی نیشتمانییەوە وەفادار مایەوە و لەو رِێگایەشدا گیانی شیرینی بە سەربەستی کورد بەخشی و شەهید بوو.مێژووی نەتەوەیەک، جگە لە هەڵسوکەتە کردەوییەکانی ئەو نەتەوەیە کە هاورِەنگی پیرۆزییەکان، دۆرِانەکان، پەروایێزخراوییەکان، ئاوات و هیواکان و...، لە رِێرِەوی رِێگایەکی مێژووییە، مێژووی رِێرِەوی رِێگاکانی مانەوەی هەر نەتەوەیەکیش لە هەوراز و نشێوەکانی ژیاندایە! کە زۆر جار هاورِەنگ و دەنگی خۆشییەکانە و گۆشەیەک لەو رِێگایەی ژیاندا، پرِ لە نشێو و دژوارییەکانە، کە بە خرۆشانە گران و بەهێزەکان لە دڵی رِووباری مێژوودا، رِووبەرِوو دەبێتەوە.

بێگومان بەشێک لە رِێگای پرِ هەوراز و نشێو و دژواری داهاتووەکانی نەتەوەیەک، لە دڵی ئەزموونەکانی رابردووی ئەو نەتەوەیەوە تێپەرِ دەبێت، مێژووی ژیان، وەکوو کەرەستەیەکە، کە بەشەکانی ئەو کەرەستەیە داهاتووەکانی رِێک دەخاتەوە و بەشەکانی تری ئەو کەرەستەیە، لە کۆگا مێژووییەکانی رابردووی ئەو نەتەوەدایە.

بەو تێگەیشتنەوە لە مێژوو و رِەوتە مێژووییەکانی کۆمەڵگایەکی بەرپرسیار بەرامبەر بە داهاتوو، کۆمەڵگایەک دەبێت، کە تایبەتمەندییەکانی لە رێبوارانی بناغەدارِێژەری، داهاتوو رِێگاکانیشی لە شەپۆلەکانی دەریای دڵی مێژووشدا سەفەری خۆیان وەکوو گەوهەرێکی پرِبایەخ و گرانبەها بە داهاتوویان پێشکەش کردووە تاکوو بەو کردەوە پرِ لە شانازییەوە، ناو و یادی خۆیان لە رِەوتی مێژوودا بۆ هەتاهەتایە بهێڵنەوە و لە ئاستی توانا و هێزی

خۆیاندا یارمەتییەکی چووکەش بە کردنەوەی رِێگای داهاتووی نەتەوەکەیان بکەن. ئەگەر لە ئەمرِۆدا شانازی بە رِێبەری شەهیدمانەوە دەکەین، بەو هۆکارەوەیە کە دوکتور قاسملوو هەم مرۆڤێکی لەخۆبوردوو بوو، هەم مانەوەی خۆی لە دڵی مێژوودا تۆمار کرد و هەمیش لە ئاستی تێگەیشتنی خۆی و دوارِۆژی رِووداوەکان و ئاکار و ئاکامە خوازراو و نەخوازراوەکاندا، کە خوێندەوەیەکی رِوون و ئاشکراگەرایانەی بۆ رِێباز و ئامانجی رِێبەرانی پێش سەردەمی خۆی دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەری شەهید، خۆی لە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و نەتەوەی کورددا هەستی بە بەرپرسیارەتییەکی گەورە دەکرد، هەر ئەو هەست بە بەرپرسیارەتیکردنەی بوو، کە بوێری و ئیرادەی چاونەترسانەی پێ دەبەخشی و بە ورەیەکی بەهێز و بەرزەوە، بە هەیبەت و باوەڕبەخۆبوونێکی ئازایانەوە پێنووسی بە هێنانە سەر تێنووسی گۆڕەپانەکانی خەبات و مێژووەوە، تاکوو بیرەوەرییەکانی لە دێڕەکانی مێژووی تێپەڕدا بهێڵێت و بۆ نەوەکانی داهاتوو ببێتە ڕێگایەکی ڕوون و ئاسۆیەکی هیوابەخش و ڕێڕەوی پاپۆڕی هەم مێژوو و هەمیش سەردەمە جۆاوجۆرەکان بسپێرێت بە من و تۆ و هەموو ئێمە.

دوکتوری بلیمەت، سیاسەتی لەسەر ڕاستای ڕاستی و درووستی داڕشتەوە و لە ڕاستیشدا، سیاسەتوانێکی ڕاستبێژ و سادق و ساکار بوو، سیاسەتی لەگەڵ مرۆڤایەتی تێکەڵ کرد، تاکوو قاسملوویەکی سادە و خاکی، بەڵام بەپرستیژ و هەروەها چۆنییەتی ژیانکردن لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕێک خستەوە و فێری کردین، هەروەها ژیانەوەی بە ژیان بەخشی و پێمانی نیشان دا کە بەڕاستی ژیان چییە؟ ژیان واتە نان، ژیانەوە واتە گەورەیی، ئازادی و باوەڕ.قاسملووی زانا، سیاسەتی بە سفرەیەکی نان و خوان، وەکوو ئەو سیاسەتوانەی کە سیاسەتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و دەوروبەرەکانیان بەڕێوە دەبرد و لەو پێناوەدا سیاسەت دەکەن، نەبوو.

ژیانی دوکتور قاسملوو کاریگەرییەکی زۆر و پڕنێوەڕۆکی لەسەر ژیانی خەڵک هەبووە و تەنانەت خۆشی هاودەردی خەڵک بوو، دوکتور قاسملوو ئەو ڕێبەرەیە کە لەنێو خەڵکێکی چەوساوە و بندەستدا هەڵقولا و لەگەڵ ئەو خەڵکەشدا ژیاوە، لە نێو خەڵکیشدا توایەوە و لە دڵی خەڵکیشدا هەرمان مایەوە.

ڕەمزی مانەوە و هەرمانی ئەو ڕێبەرەی نەتەوەکەمان، هەر ئەوە بوو کە، ویست و داخوازییەکانی نەتەنیا لە پێناوی نەتەوەکەیدا بوو، بەڵکوو ویست و داخوازی سەرجەم خەڵکی نەتەوەکەشی بوو و هەر لەو پێناودا و بۆ ئەو ئامانجانەش تێدەکۆشی و ئەو خەباتەشی بۆ خەڵکی کوردستان و سەرجەم کۆمەڵگاش ڕوون و ئاشکرا بوو و جگە لە خەڵکی کوردستان، پاڵپشت و پشتیوانێکی بەهێزی تری نەبوو، تەنانەت ژیان و گیانیشی سادقانە پێشکەش و فیدای خەڵک و نیشتمان و ئاوات و ئامانجەکانیانی کرد.

دوکتور قاسملوو، بەو شێوەیە بوو بە دوکتور قاسملوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆشایی ڕێبەریی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هۆکارەوە تا چارەسەر*

قادر وریا

باسەکەم بە ناردنی سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ ڕێبەری شەهید د.قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵلا قادریئازەر لە ٣٠ ساڵەی تیرۆرکرانیاندا و، بە ئاواتخواستنی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بکوژی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ و هەزاران تیکۆشەر و شۆڕشگێری دیکەی کورد و ئێرانی، دەست پێدەکەم.

تێبینم لە سەر چەمک و دەستەواژەی بۆشایی ڕێبەریی سیاسی

ئەم پانێلەی سمینارەکە، کە من تێیدا بەشدارم تەرخان کراوە بۆ باس لە بۆشایی ڕێبەری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای تیرۆری د.قاسملوو دا. هەر بۆیە دەمەوێ لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم ئایا بە تیرۆری د.قاسملوو، بۆشایی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو؟ ئەم پرسیارە کاتێک باشتر وڵامی خۆی وەردەگرێتەوە کە لە بیرمان بێت، هەم ئەو حیزبەی د.قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، دوای ئەویش لە سەر خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە – ئەگەر چی ئیستا لە تویی دوو حیزبدا بەردەوامە – ق هەم ئەو بیر و باوەڕ و بایەخانەی قاسملوویان پی دەناسرێتەوە، وێڕای خۆشەویستیی ئەو ڕێبەرە لە نێو هەر دوو بەشی دێموکراتدا، بەدی دەکرێن.

بۆ ئەوەی مەبەستی دەستەواژەی «بۆشایی ڕێبەریی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان» ڕوونتر بێتەوە، دەبێ ئەم تێبینییەش بکەین کە ناکرێ بڵێین بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێ ڕێبەریی سیاسییە. ئەو حیزبانەی مێژوویەکی درێژیان لە ڕێکخستن و ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەدا هەیە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یا تێیدا بەشدارن، بەتایبەتی حیزبی دێموکرات، بەشێکی هەر ئەسلی لەو ڕێبەرییە سیاسییەن و، بە کردەوە دەبینین هەم لە نێوخۆ و لە لایەن خەڵکەوە، هەم لە لایەن تارانەوە، هەر وەها لە لایەن دنیای دەرەوەش، بە شێوەیەکی ڕێژەیی حیزبەکان وەک هێزێک کە نوێنەرایەتیی بزووتنەوە و خەباتی دژ بە کۆماری ئیسلامی دەکەن و کاریگەریی سیاسییان لە سەری هەیە، سەیر دەکرێن.

من بە نۆرەی خۆم ئەم چەمکە بەم جۆرە پێناسە دەکەم کە لە ئێستای بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کەسایەتییەک بەدی ناکەم کە «بەتەنیا» بووبێتە نماد یا هێمای ڕێبەری سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات. وەک هێزی سیاسییش، تاقە هێزێک بەدی ناکەم کە بڵێم «بە تەنیا» ڕێبەرایەتیی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. بە بەراوردکردنێکی دۆخی ئەم ٢٠ ساڵەی دوایی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ سەردەمی لە ژیاندابوونی د.قاسملوو، مەبەستەکەی خۆم ڕوونتر دەکەمەوە.

کاتێک د.قاسملوو لە ژیاندا بوو و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو، هەم حیزبەکەی بە مەودایەکی زۆرەوە، گەورەترین هێزی سیاسیی نێو گۆڕەپانی خەبات بوو، هەم کەسی یەکەمی ئەو حیزبە لە ئاستی کوردستان، ئێران و ناوچە و جیهاندا، وەک ناسراوترین و موعتەبەرترین سەرکردەی سیاسیی کوردستان، چاوی لێدەکرا. هەر دووی ئەم ڕاستییانە لە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. واتە هەم حیزبەکەی، ئەو حیزبە یەکگرتوو و بە هێزەی جاران نەماوە- لەگەڵ ئەوەی هەر یەک لەو دوو دێموکراتە لە ڕیزی هێزی یەکەمی ڕۆژهەڵات دان –، هەم ڕێبەرێکی بە توانای وەک د.قاسملوو لە ڕەئیسی حیزب و بزووتنەوەکەدا نییە.

### هۆکارەکانی دروستنەبوونی تاکەکەسێک وەک هێمای ڕێبەری سیاسی

گومان لەوە دانیە کە کاتێک ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نەخشەی تیرۆری دوکتور قاسملوویان دادەڕشت، دەیانزانی قاسملوو کاریگەرترین و گرنگترین سەرکردە و کەسایەتی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دایە. ئەوەشیان دەزانی کە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد جێگای ئەو ڕێبەرەیان بۆ پڕ نابێتەوە و ئەمە گەورەترین زەبرە کە دەتوانن بیوەشێنن.

بۆ چی لەم ٣٠ ساڵەدا، قاسملوویەکی دیکە دروست نەبووەتەوە؟ من وا بیر ناکەمەوە کە مرۆڤی دیکە بەو توانا و بەهرە و لێهاتووییانەی د.قاسملوو، لە دایک نابنەوە. دەکرێ کەسانێک بە بڕوانامەی زانستیی بەرزتر لە د.قاسملوو، لە قاسملوو شارەزاتر لە دیپلۆماسی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زمانزانتر لەو کەسایەتییە، هەر ئێستا هەبن، یا لە داهاتوودا پەیدا ببن. بەڵام لە خۆدا کۆکردنەوەی هاوکاتی هەمووی ئەو تایبەتمەندییانە و کۆمەڵێک بەهرە و ئیعتیبار و ئەزموونی دەوڵەمەندی سیاسی و حیزبایەتی، تەنیا لە پرۆسەی خەبات و تێکۆشان و ڕێبەریکردنی چەندین ساڵەدا، بۆ کەسایەتییەک مسۆگەر دەبێ.

تازە دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ، سەردەمی ئێستا و سەدەی ئێستا لەگەڵ سەردەم و سەدەی پێشوو جیاوازییەکی گەورەی هەیە. سەرهەڵدان و شکڵگرتنی ڕێبەرێکی کاریزما، لە سەردەمی ئێستادا زۆر سەختترە لە سەردەمی پێشوو. تاکی سەردەمی پێشوو (چ لە نێو حیزب و چ لە نێو کۆمەڵ) پشکێکی کەمتری لە خوێندن و خۆ پێگەیاندن، دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، پێوەندیگرتن بە دنیای دەرەوە، سوود وەرگرتن لە بەهرەکان و ماف و ئازادییەکانی خۆی پێ دەبڕا. خۆ فیداکردنی تاک لە پێناوی کۆدا، بایەخێکی هەرە بنەڕەتیی کاری شۆڕشگێرانە و خەبات و تێکۆشان لە سەردەمی پێشوودا بوو. لە ئاکامدا، ڕێبەران هاسانتر لە ئێستا دەیانتوانی حیزب ئیدارە بکەن. بە تایبەتی ئەگەر توانا و لێهاتوویی زۆریان هەبایە، زووتر دەبوونە جێگای سەرنج و متمانە و، حیزب و جەماوەرەکەی لە پشتیان ڕادەوەستان. لە سەردەمی ئێستادا تاکەکان چاو و گوێیان کراوەترە، هاسانتر دەتوانن ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان نەقد بکەنەوە. توانایەکی زیاتریان هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندن، تەنانەت بۆ کێشەخوڵقاندن بۆ حیزبەکانیان. کولتووری حیزبایەتی و کاری سیاسی، گۆڕانی بە سەردا هاتوە. تاک هەموو شتێکی خۆی لە پێناوی بەرژەوەندیی حیزب و گشتیدا وەلانانێ. ئەم ڕاستیانەش ئەرکی ڕێبەریکردن لە لایەن تاکەکەسیان زۆر دژوار کردوە. لەگەڵ ئەوەی تەئکید دەکەمەوە کە د.قاسملوو، «سەرۆک» نەبوو و، حیزبەکەی بە شێوەی تاکەکەسی بەڕێوە نەدەبرد، بەڵکوو لە ڕەئسی ڕێبەرییەکی بە کۆمەڵدا بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پێویستە دوو خاڵی دیکەش هەرلە پێوەندی لە گەڵ دروستنەبوونەوە یا هەڵنەکەوتنەوەی ڕێبەرێکی وەک د.قاسملوو، ئاماژە پێ بکەم:**

یەکەم؛ ململانێیەکان و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێوحیزبەکان و لەتبوونەکان و لێکدابڕانەکانیش، هۆیەک بوون بۆ دروستنەبوونی ڕێبەرێکی بەهێز کە ببێتە هێمای ڕێبەرێکی سیاسیی زۆر دیار بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەهۆی ئەم جۆرە ناکۆکی و کێشانە، ئەگەر نیمچە ڕێبەرانێکیش لەو ساڵانەدا دروست بووبن، زۆر شکاو و شکێنراون و، لە ئیعتیبار و بایەخ و سەنگ و قورساییان کەم بۆتەوە.

دووهەم؛ وانییە کە لەم ٢ – ٣ دەیەی دواییدا، لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەوڵی دروستکردنی ڕێبەر یا سەرکردەیەک بۆ ڕۆژهەڵات، نەدرابێ. لە نێو زۆربەی حیزبەکاندا هەوڵ دراوە کەسانێک تا ڕادەی هێمای سەرکردە و ڕێبەرێکی سیاسی نەک هەر بۆ ئەو حیزبە بەڵکوو بۆ ڕۆژهەڵات، زەق بکرێنەوە. لە گەڵ ئەوەی ئەم جۆرە هەوڵانە جۆرێک ملبەملەی زیانبار و نەخۆشی و دیاردەی تاکپەرستییشیان لە نێو ئەو حیزبانەدا پەرە پێداوە و، کولتوور و بنەماکانی حیزبایەتیشیان لە پێناویدا کراوە بەقوربانی، بەڵام ئەو هەوڵانە نەبوون بە هۆی دروستکردنی سەرکردە و ڕێبەری سیاسی و نمادێک بۆ هەموو ڕۆژهەڵات. هەر لە جێدا، ڕێبەرانێک کە لە حیزبەکەی خۆیاندا بە شێوەیەکی ناسروشتی و لە پرۆسەی ململانێیەکی ناسالمی نێوخۆییدا بووبنە «ڕێبەر»، وەرگیرانیان لە بازنەیەکی گەورەتر و گشتیدا وەک «ڕێبەر» هاسان نییە.

**بەرهەم نەدان و ناسەرکەوتوویی ئەم هەوڵانەش (هەوڵی ڕێبەرسازی)، دوو هۆی هەبووە:**

**هۆی یەکەم؛** سەرکردە و ڕێبەر لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان و نواندن و سەلماندنی تواناکانی ڕێبەری لە لایەن خودی کەسەکە و، داننانی کۆی حیزب و هەروەها جەماوەر بە قابلییەتەکانی سەرکردەبوونی دروست دەبێ نەک بە دەستی ئەنقەست و بە پوستێرسازکردن و دروشمدان و نمایشی سەیروسەمەرەی پلان بۆ دانراوی ژمارەیەک ئەندام و لایەنگری حیزبەکە بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**هۆی دووهەم؛** هەر وا کە لە چەمی قووڵ و گەورە و لە دەریادا نەهەنگ دەدۆزرێتەوە نەک لە جۆگە و تەنکاوەکاندا، ڕێبەری گەورەش لە حیزبی گەورەدا دروست دەبێ نەک لە حیزبی بچووکدا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کەمایەسیی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵات چۆن چارەسەر دەکرێ؟

ئێمە باس لە «ڕێبەریی سیاسی» بۆ ڕۆژهەڵات دەکەین. گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتیش، جگە لەحیزبە سیاسییەکان و ئەندامانیان، ئەکتەر و بەردەنگی دیکەشی تیدایە. بەردەنگە سەرەکییەکەی ئەو ڕێبەر یا ڕێبەرییە سیاسییە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە سەرنجدان بەو فاکتەرەیە کە من دەمەوێ باس لە چارەسەری کەمایەسیی ڕێبەریی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکەم.

بێ کۆتاییهێنان بە ناکۆکی و ململانێ حیزبییە زیانبارەکانی ئێستا، بێ بەخۆداچوونەوە و یەکگرتنەوە و کەوتنەوە سەریەکی حیزبە لەتبوو و لێکدابڕاوەکان، بە دوای ئەم دووهەنگاوەشدا، بێ یەکگرتنی حیزبە سیاسییەکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانەتییەکی سیاسیدا، لەگەڵ کۆی ئەمانەشدا، بێ خوێندنەوەی ویست و زەرفییەت و تواناکانی خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات بۆ کاری سیاسی و خەبات بۆ مافەکانیان و بێ ڕاکێشانی پشتیوانییان، ڕێبەرییەکی سیاسی کارا و جێگای متمانەی خەڵک، دروست نابێ. لە دڵی ئەم ئاڵوگۆڕانەی پێویستە بکرێن، دەکرێ ڕێبەرییەکی سیاسی، شکڵ بگرێ و ڕۆڵی مێژوویی خۆی بنوێنێ. ئەو ڕێبەرییە بە تایبەتی لە سەرەتادا، ناتوانێ تاکەکەسی، یا تاکەکەس بێ. دەکرێ لە کۆمەڵێک سیما لەحیزب و ڕێکخراوی جیاواز، یا هەڵقووڵاو لە هەناوی چەند شێواز و بوار و مەیدانی خەبات، پێک بێ. دووریش نییە لە ڕەوتی چوونە پێشی ئەو هەنگاوانەدا، کەسایەتییەک لە نێویاندا ببێ بە بەرجەستەترین هێمای ڕێبەری سیاسی. بەڵام دڵنیام ئەو کەسە، ئەوە نابێ کە بوون بە سەرکردە و ڕێبەری هەرە دیاری ڕۆژهەڵات، ئارەزووی لە مێژینەیەتی. بەڵکوو کەسایەتییەک دەبێت بەو هێمایە کە دەتوانێ زۆرترین ڕۆڵی هەبێ لە دروستکردنی یەکگرتوویی و هاوپەیمانی لەئاستی حیزبە سیاسییەکان و، لەڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ لای ئەم هاوپەیمانییە و، لەپێک بەستنەوە و گرێدانەوەی خەڵک و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

* بۆ سمیناری مەجازیی «کورد قوربانیی تیرۆریزم» ئامادە کراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د. قاسملوو، ئولگوویەك بۆ هەموو وەرزەکانی ژیان

د. کوێستان گادانی

زۆر کارێکی دژوارە کە پێنووسی کولی من بیهەوێ لەسەر کەسایەتییەک بدوێ کە دەرفەت و شانازیی کاری ڕۆژانەم دەگەڵی نەبووبێ، لە ناوەندی بڕیاردان و کاری ئۆرگانیدا شانازیی ئەوەم نەبووە لە خزمەتیدا بم، بەڵام هاوکات هەر لە دەستپێکی کاری سیاسیمدا ئەم کەسایەتییە ڕێبەرەم بە یەکێک لە ئۆلگووەکانی خۆم هەڵبژاردوە. دژوارتر لەوە ئەوەیە کە بتهەوێ لەسەر کەسێک بدوێی کە لە کات و زەمانی خۆیدا ڕێبەر و کەسایەتییەکی خەللاق بووە و، منی قوتابیی قوتابخانەی شۆڕشی ئەوکات دوای ۳۰ ساڵ لە شەهید بوونی بمهەوێ کاریگەریی ئەم کەسایەتییە لە ژیانی حیزبیمدا دەرببڕم.

هەموو منداڵ و لاوێک تا دەگاتە کات و ساتی بڕیاردان و هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی خۆی دەکرێ بڵێین کە لەژێر کاریگەریی شێوە ڕوانینی بنەماڵەی خۆیدایە. بە تایبەتی لە کومەڵگەی کوردەواریی خۆماندا و ئەویش ۳۰ – ٤٠ ساڵ لەمەوبەر کە ئەم کاریگەرییە بەرچاوتر بوو لەچاو سەردەمی ئێستا. کەواتە ناسین و خۆشەویستیی ڕێبەری شەهید و هەروەها کاریگەریی لەسەر ژیانی من هەر لە سەردەمی منداڵیمەوە واتە لە تەمەنی ٦ – ٧ ساڵیدا لەژێر تەئسیری خۆشەویستی و تێکەڵاویی بنەماڵەمان دەگەڵ ڕێبەری شەهید؛ دوکتور قاسملوو دەستی پێکردوە. ئەم هەست و سۆز و خۆشەویستییە لەم کاتەوە تا ئێستا و لە داهاتووشدا بۆ یەک ساتیش لە ژیاندا نە کەم بۆتەوە نە کەمیش دەبێتەوە. بە نیشانەی ڕێزلێنان لە کەسایەتیی بەرزی شەهید قاسملوو، لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەم لە چەند خاڵدا باسێک لە کاریگەریی بەڕێزیان لەسەر حیزبی بوونی خۆم بەکورتی بکەم؛



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یەکەم، کۆمەڵایەتی بوون و ڕووخۆش بوونی

لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ئێمەدا باوە کە ئەگەر کەسێک لە هەر بوارێکەوە لە کۆمەڵگەی خۆیدا لێهاتوویەک، خوێندەواری یان دەسەڵاتێکی مادی و مەعنەویی بەرچاوی هەبێ، بە شێوەیەک بەرخوردی دەگەڵ دەکەن کە ئەگەر ئەم کەسە کۆمەڵگەی خۆی بە باشی نەناسێ و ژیرانە ئاگای لە خۆی نەبێ ئەم گەورەکردنەوە و ڕێزلێگرتنە تایبەتییە، بە زەرەری کەسایەتییەکە و بگرە کۆمەڵگەش تەواو دەبێ. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەورانی ڕێبەری شەهیدمان، کۆمەڵایەتی بوونی ئەو، تێکەڵاوی و هەڵسوکەوتی دەگەڵ خەڵک هیچکات ڕێگای بەوە نەدا کە ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە، ئەو بکاتە کەسێکی جیاواز و دوور لە خەڵکەکەی خۆی. هەرچەندە ئەو ئێلێمانانەی کەوا دەرەنجامی ئەم دیاردە ناشیرینەی لێ دەکەوتەوە بەڕادەیەکی زۆر لە دوکتور قاسملوودا هەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەی د.قاسملوو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و بە ناوبانگ گەورە ببوو، بە وەرگرتنی بڕوانامەی دکتورا لەو کاتەدا کە بە دەگمەن خەڵکی لای خۆمان تەنانەت هەتا وەرگرتنی لیسانسیش هەڵکشابوون، گەڕانەوەی لە ئوروپا و زانینی چەند زمانی بیانی و هتد؛ بەڵام دێموکرات و عەدالەتخواز بوونی ئەو مەجالی بۆ چەسپاندنی ئەم دیاردەیە نەهێشتەوە.

ماوەیەک لە دەورانی منداڵی مندا بەڕێزیان بە ناوێکی موستەعار لە ماڵی ئێمە ژیاون، بەڵام هەر ئەوکات گەورەیی ئەوم لە ئاکاریدا هەست پێدەکرد کە هیچ کات خۆی لە ئێمە بە زۆرتر نەدەزانی و لە ساڵانی دواتریشدا، زیاتر سەلماندی کە ئەم شێوە ئاکارە کارێکتێری بەرزی بەڕێزیان بوو کە یەکێک لە دەرسەکانی بووە بۆ ئێمە.

## دووهەم، خوێندنەوەی تاکەکان و ڕێز لێگرتنیان

لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە ڕەسمییەکانی حیزبیدا، کە ئێمە دەمانتوانی تێیدا بەشدار بین یان لە سەردانی بەڕێزیان بۆ قوتابخانە و لە میوانداریی تایبەت، ئارامی و لە سەرەخۆییەکی تایبەتم لە ڕەفتاری ئەم ڕێبەرەدا دەدیت. ئەوەندەی مەجال هەبا گوێگر بوو و هەوڵی ڕێنوێنی کردنی دەدا و ئەگەریش وڵامێک نەبا یان شوێنەکە بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باسەکە گونجاو نەبا زۆر جار دەمانبیستەوە کە بەدواداچوونی بۆ کردوە. ڕەنگبێ زۆر جار چارەی کێشەکانیش نەکرابێ، بەڵام گرینگ ئەوە بوو بەهەر شێوەیەک لێپرسینەوە و بەدواداچوونی دەکرد جا لە ڕێگای ئۆرگانی پەیوەندیدار یان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بووبێ. ئەم گوێڕاگرتن و گرینگی پێدانە کارێکی وای کردبوو کە تەنانەت لە لایەن ئەو کەسانەوە کە چارەسەری کێشەکەشی بۆ نەدەکردن، یان دەگەڵیان بە ڕێککەوتن نەدەگەیشت بە ڕێزەوە باس دەکرا. لەم ڕێبەرە مەزنەوە فێر بووین کە دەبێ ئارامیی خۆمان لە کات و ساتی تایبەتدا بپارێزین و بە زمانی ڕێزەوە دەگەڵ خەڵک بدوێین کە هەستی متمانە لە نێواندا پێک بێ. فێر بووین لە هەر کاتێک و لە هەر دۆخێکدا ڕۆحی ئاریکاریمان هەبێ.

**سێهەم، گرینگی دان بە پەروەردە**

پەروەردەی ئاکادێمیک ئەزموونی زۆری بە دوکتور قاسملوو لە ڕێگای فێربوون و خۆ پێگەیاندن بەخشیبوو، ڕێبەری ئێمە دەگەڵ ئەوەی لە زانکۆی فەرمیی دەوڵەتیی بەبۆنەی خەباتەوە وانەی نەدەگوتەوە، بەڵام لە کەمترین ئیمکاناتدا هەوڵی پەروەردەی بەرەی داهاتووی لە شاخەکان و لە زانکۆی سیاسیی حیزبدا هەر دەدا. ئەو ئێمەی فێر کرد کە خوێندن هەر بۆ ناو و ماڵ نییە، بەڵکوو پەروەردە و فێرکردنی نەوەی نوێی کۆمەڵگە بۆ ئاوەدانی دواڕۆژی نیشتمان پێویستە. یەکێک لەوانەکانی لەم بوارەدا ئەوە بوو کە بەبێ چاوەڕوانی، زانست و تێگەیشتنەکانمان لەنێوان هاوڕێیانماندا بەش بکەین. ڕێبەری شەهیدی ئێمە پێداگر بوو لەسەر ئەوەی ئێمە بە جیاوازییەکانمانەوە جوانین و ڕەنگاوڕەنگی، نەخشێکی جوان دەخولقێنی و، تەمرینێکە بۆ دێموکراسی. ئەم شێوە پەروەردەیە لە ڕوانگەی منەوە، هەم وەک قوتابی، هەم وەکوو پێشمەرگە و کادرێکی ئەم حیزبە و چالاکی مافی ژنان و... کاریگەرییەکی زۆری لەسەرم هەبووە. هەروەها دەبێ بڵێم بەگشتی نەسلی ئێمە هەموو کارتێکەریی ئەم وانانەمان لەسەر بووە؛ کە بەدڵنیاییەوە لە هەندێکماندا ڕەنگدانەوەی زیاتری پێوە دیارە. کاتێک دەمدیت چۆن بۆ مافی ژنان و چالاک بوونی ژنان هەوڵ دەدا و دەگەڵ ئەوەی زۆر کۆسپی کولتووری لەسەر ڕێگای پێگەیاندنی ژنان دەهاتە سەر ڕێی، بەڵام هیچکات شلوێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدەبوو و، تەنانەت هەمیشە هاندەری ژنانی نیو ماڵیش بوو کە لەو بوارەی خۆیان پێیان خۆشە کار بکەن و چالاک بن. بۆیە ئێستاش چالاکیی ماندوو نەناسانەی ئەو بەرەیە لە ژنان درێژەی هەیە و جێپێیان لە دەوروبەری خۆیان تێپەڕیوە و زۆربەیان بوونەتە ئۆلگوو بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### چوارەم، کەسایەتیی ناسراو و دیپلۆمات

ئێستا کە ئاوڕ لە دنیای دیپلۆماسی و سیاسیی کورد دەدەمەوە، ئێشی لەدەستدانی ڕێبەری دیپلۆماتمان بەژانتر دەبێ. من هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم کە هەڵسەنگاندن دەبێ بە پێوەری کاتی خۆی بێ نەک بە پێوەرەکانی ئێستا. دکتور قاسملوو دیپلۆماتێکی بێوێنە بووە لە سی - چل ساڵ لەوە پێشدا، هەر ئەوەش وای کرد کە تەنیا کەسایەتیی حیزبی و کورد نەبێ و بەڵکوو زۆرێک لە ئێرانییە سیاسییەکانیش وەک سەرمایەیەکی ئێرانی و نێونەتەوەیی ناوی ببەن. زانینی چەندین زمانی گرینگ، شارەزا لەسەر دۆخی کوردستان، ئێران و ناوچە و جیهان، بەڕۆژ و ئاپدەیت، لەهەمووی گرینگتر شارەزا بەسەر ویست و خواستی دوژمن (واتە بەتەواوی ناسینی دوژمنەکەی)، پارێزەری بەرژەوەندیی گەل و حیزبەکەی، هێشتنەوەی سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی سەربەخۆ، پێکهێنەری پێوەندیی دوولایەنە، بە پلان و بەرنامە کار کردن، بە وەخت هێنانە بەر باسی خاڵە گرینگەکان دەگەڵ لایەنەکان و... خاڵە سەرکەوتووەکانی شێوەی کاری دیپلۆماسیی ڕێبەری ئێمەیان پێک دەهێنا. ئەگەر ئێمە درێژەدەرانی ڕێگای ئەم شەهیدە و ڕێبازی دێموکرات، تەنیا هەندێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم ڕێبەرەمان لە باری دیپلۆماسییەوە ڕەچاو کردبا؛ بەدڵنیاییەوە ئێستا لەم بارەوە دەسکەوتی باشترمان دەستەبەر دەکرد. تواناییەکانی دوکتور قاسملوو ئەوەندە لەسەرەوە بوو کە نەوەک تەنیا هاوڕێیانی بەڵکوو دوژمنانیشی ناچار بە دانپێدانان کردبوو. هیوادارم ئەم کاریگەرییانەی لەم چەند خاڵەدا زۆر بەکورتی باسیان کرا، لەسەر منیش و هاونەسلەکانیشم ڕەنگدانەوەی مەیدانیی زیاتری هەبێ.

لە کۆتاییدا پیویستە بڵێم بێگومان بەشێک لە هاوسۆزیی من بۆ ڕێبەری شەهیدمان بووە هۆی ئەوەی کە ئەم نووسراوەیە بنووسم، بەڵام لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییە باشەکانی ئەو پێوەندی بە خۆشەویستیی منەوە نییە. لە کاتێکیشدا ئەگەر هەستم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردوە کە پێویستە ڕەخنە لە کار و بڕیارێکی دوکتور قاسملوو بگرم، بەڕێزەوە ئەو کارەم کردوە چونکی بۆخۆی هەمیشە لەو بڕوایەدا بوو کە ڕەخنە گرتن بۆ بەهێزتر بوون و باشتر بوونە.هاوکات لەگەڵ ئاڵوگۆڕی خێرا و بەپەلەی دنیای دەوروبەرمان ئێمەش دەبێ حەول بدەین لەگەڵ ڕەوتەکاندا بڕۆین. پیویستە گۆڕان بەسەر خۆماندا بێنین و ئەمەش دەرسێکی دیکەیە کە لە خوێندنگەی ڕێبەری شەهیدمانەوە فێر بووین، کە وشیارانە چارەسەر بۆ کێشەکانمان ببینینەوە و دڵنیام ئەگەر دوکتور قاسملووش لە ژیاندا مابا؛ دەگەڵ ئاڵوگۆڕی ئەم سەردەمەی ئێستا خۆی ڕێک دەخست.

یاد و ناوی ڕێبەری شەهیدمان هەر دەم پیرۆز بێ و ڕێگا و ڕێبازی دێموکرات بۆ گەیشتن بە ئامانجمان هەر پایەدار بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جووڵای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بزووتنەوەی کوردستانی ئێران ئێستاش باوەڕی بە بیرۆکە دێموکراتیکەکانی د. قاسملوو هەیە

خالید عەزیزی

سی ساڵ پێش ئێستا، لە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا؛ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ پرسی کورد، لەگەڵ وەفدێک لە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لەشاری ڤییەن کەوتە وتووێژەوە. دیپلۆمات - تێرۆریستەکانیکۆماری ئیسلامی کە بە ڕواڵەت بە مەبەستی وتووێژ بەڵام لە نێوەرۆک و کردەوەدا بۆ تێرۆرکردنی ئەو چووبوونە ڤییەن، لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەم وتووێژانەدا دوکتور قاسملوو، ڕێبەری حیزبی دێموکرات و عەبدوڵڵا قادریئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندییان تێرۆر کرد.

فەلسەفەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانیەوە لەساڵی ١٩٤٥ی زاییندا و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، هەردەم ئەوە بووە کە پرسی کورد لەئێران پرسێکی سیاسی و نەتەوەییە و، تێکۆشاون هەتا لە ڕێگەی وتووێژەوە ئەم پرس و کێشانە چارەسەر بکرێ.

لەدوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧دا سیاسەتی حیزب بەڕێبەریی دوکتور قاسملوو هەر بەپێی پێشووتر پێداگری لەسەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکان بوو، سیاسەتێک وا لەدوای شەڕی سێ مانگە و بەردەوامیی حەول و تێکۆشانی خەباتکارانی کورد؛ دەوڵەتی کاتیی بازەرگانی ناچار بە قەبووڵی وتووێژ کرد و بۆ ماوەیەکی کورت ئاشتی و ئاشتەوایی لە کوردستان جێگیر و سەقامگیر بوو.

لەدوای نیزیک بە دە ساڵ لە شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی کورددا و بەرخۆدان و پارێزگاریی پێشمەرگەکانی کوردستان، دوکتور قاسملوو بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەم شەڕە نێوخۆییە لە ساڵی ١٣٦٨دا ئامادەیی خۆی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتوویژ کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەربڕی. بەڵام بەداخەوە پەیامی ئاشتیی گەلی کورد بە نوێنەرایەتیی دوکتور قاسملوو بە فیشەک وڵام درایەوە و بووە هۆی شەهیدبوونی ئەو و هاوڕێیانی.

بزووتنەوەی کوردستانی ئێران و هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دوای تێپەڕ بوونی سی ساڵ بەسەر ئەم تیرۆرەدا، ئێستاش بڕوای بە بیرۆکەی دێموکراتیک و ئاشتیخوازانەی دوکتور قاسملوو هەیە و درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆی دەدا و لەم پێناوەدا قوربانیی زۆریشی داوە.

ئێستاش سەرەڕای ئەوەیکە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بەردەوام حەولی ئەوەی داوە پرسی کورد بخاتە خانەیەکی ئەمنیەتییەوە و، بە مەبەستی لەنێو بردنی گەلی کورد بەردەوام ڕێگەچارەی توندوتیژ و ئەمنیەتی ڕەچاو دەکا.

بەڵام گەشەی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی ئێران و چالاکی و بەشداریی بەکردەوەیان لە گۆڕەپانە جیاوازەکان لە بۆنەگەلی جۆراوجۆری مەدەنی، کولتووری، ئەدەبی و نەتەوەیی لە پێناوی داکۆکیکردن لە مافە نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانیان، دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە بیر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو و حیزبەکەی بە تیرۆر و سیاسەتی حاشاکردن لەنێو ناچێ. بەڵکوو بەپێچەوانەوە خەڵکی کوردستان لە خەباتی خۆیاندا شێلگیرتر دەکا.

بەرخۆدان و مانەوەی هێزی پێشمەرگە لە درێژایی ئەم ساڵانەدا لە لایەک و بەردەوامیی خەباتی بەربڵاوی چین و توێژەکانی خەڵک لە بواری مەدەنیدا، شایەدێکە لەسەر ڕاستی و دروستیی سیاسەتی فرەلایەنەی حیزبی دێموکرات و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو لەم بوارەدا.

نەمر دوکتور قاسملوو لە دەسپێکی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، بەردەوام دەیگوت: «ئەگەر تاقە ڕۆژێک شەڕ لە کوردستان ڕاوەستێ، خەڵکی ئێران و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە سەدان ڕۆژ قازانج دەکەن.» ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ کوردستاندا بە تیرۆری دوکتور قاسملوو کۆتایی پێ نەهات. تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ئاڵمان لە ساڵی ١٣٧١دا، تەقینەوە لە شەوی یەلدادا لە ساڵی ١٣٩٥ و، هێرشی مووشەکیی سپای


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاسداران بۆ سەر کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب لە شاری کۆیە لە ساڵی ١٣٩٧دا کە بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەی حیزب کە لە نێویاندا ژن و منداڵیشی تێدا بوو؛ کۆی ئەمانە و سەدان پیلانی دیکەی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی بە ئەمنیەتی کردنی کوردستان و تیرۆری دژبەرانی دەسەڵاتەکەی بەتایبەت ڕێبەرانی کوردی ڕەچاو کردوە و هەتا بە ئێستاش بەردەوامە لەسەر ئەم سیاسەتەی خۆی. ئێستا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، کۆماری ئیسلامییان لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی ناوەکی و ڕێککەوتنی «بەرجام» بەرەوڕووی کێشەگەلی گەورە و بەربڵاو کردووەتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە پێشتریش ڕامانگەیاندوە کە سیاسەت و ئاکاری نابەرپرسانەی ئەم ڕێژیمە بووەتە هۆی کێشە خولقێنی لە نێوخۆ و لە ناوچەدا، لە هەمان کاتدا ڕوونمان کردووەتەوە کە کێشەی ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی تاران لەسەر ماف و داواکارییەکانمان دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ زووتر لە کێشە و شەڕی نێوان ئێران و ئەمریکا.

کەواتە تەوەری سەرەکیی خەبات و دژایەتیی ئێمە لەگەڵ تاران داواکاریی نەتەوەیی و دێموکراتیک و مرۆڤانەی خەڵکی کوردستانە کە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوە. هەر بەگوێرەی ئەم جاڕنامەیە گشتپرسی و ڕێفراندۆم بەشێکن لە مافی سروشتیی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. مافێک کە دوکتور قاسملوو خەباتی بۆ کرد و ئێمەش درێژەی پێ دەدەین.

لە ئەگەری هەر چەشنە گۆڕانێکی سیاسی لە داهاتووی ئێران بێتوو هەمدیسان سەرنج نەدرێتە داوا دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی گەلی کورد - هەر بەو شێوەیەی کە تا بە ئێستا وا بووە - نەک هەر زیان دەگەیەنێ بە ڕەوتی دێموکراسیزاسیۆن لە ئێراندا، بەڵکوو بەگشتی لە قازانجی سەقامگیری و پێشکەوتنی ئێراندا نییە.

بەردەوامیی بیری گشتخوازانەی دەسەڵاتی تاران و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ، داهاتووی ئێران بەرەو کۆمەڵێک سێناریۆی ناڕوون دەبا.

دوکتور قاسملوو وەک سیاسەتوانێکی پراگماتیست و بەپێڕەوی لە واقعبینیی سیاسی، بەردەوام هەوڵی دەدا دەرفەتەکان بقۆزێتەوە و ڕێگەچارەی گونجاو گەڵاڵە بکا و بیخاتە ڕوو. بەڕێزیان لە هەموو ماوەی چالاکیی خۆیدا پێداگری لەسەر یەکیەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هاوکاریی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ دیکەی هێزە سیاسییەکانی ئێران دەکرد.

سی ساڵ پێش ئێستا دۆسییەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لەلایەن دەزگای دادی وڵاتی ئۆتریشەوە بەدواداچوونی یاسایی بۆ نەکرا و، بەداخەوە نەک هەر هیچ دادگا و پارێزەرێک بۆ تاوتوێ کردنی ئەم دۆسییەیە دیاری نەکرا و بەڕێوە نەچوو؛ بەڵکوو دیپلۆمات - تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئازادی چوونەوە بۆ تاران.

ڕۆڵی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێران و گەورەیی هزر و ئەندێشەکانی، سیمای سیاسەتوانێکی دیاری کوردستانی و ئێرانی پێ بەخشیبوو، بەشێوەیەک کە هەر تاک و هێزێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز دوکتور قاسملوو بە ئیی خۆی دەزانێ. هەربۆیە جێگەی خۆیەتی لە سییەمین ساڵڕۆژی تێرۆری ئەم ڕێبەرە بەرچاو و سیاسەتوانە گەورەیەدا، هەمووومان پێکەوە و بە هەر شێوازێک کە دەکرێ یاد و بیرەوەریی نەمر قاسملوو بەرز ڕابگرین و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئیدانە بکەین.

یاد و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو لە بیرۆکە و مێشکی گەلی کورد و بەرنامەی سیاسیی خەباتی حیزبی دێموکرات بە چەشنی چرایەکی ڕێگای خەبات بۆ هەمیشە هەرمانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د. قاسملوو ڕچەشکێنی ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە

**عوسمان بایدەمیر**

عوسمان بایدەمیر، کەسایەتیی سیاسیی کوردی باکوور و پارلمانتار لە تورکیە لە وتووێژێکدا لەگەڵ کوردکاناڵ، تیرۆری د. قاسملووی بە بیرەوەرییەکی ناخۆشی ژیانی ناو برد و گوتی ئەو کاتە ئەمن لاوێکی تەمەن ١٨ساڵ بووم و بەداخ بووم کە بۆ دەبێ سەرکردەیەکی ناوداری نەتەوەکەم جارێکی دی بە دەهۆ و پیلانی دوژمنانمان لەدەست بچێ.

بایدەمیر گوتی د. قاسملووی گەورە ڕچەشکێنی دیپلۆماسیی کورد بۆ ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە بوو و، ئێستا ڕێبەرانی دیکەی کورد وەک میراتێک لەوە دەڕوانن و هەر بەو ڕچەیەدا دەڕۆن کە د. قاسملوو بۆی کردبوونەوە. ئەو فێری کردین ئەوەی لە دەستمان دێ بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستاندا بیکەین، بێ ئەوەی دەستێوەردانمان کردبێ لە کاروباری نێوخۆیی یەکتریدا.

عوسمان بایدەمیر گوتی د. قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران چووە سەر مێزی وتووێژ، بەڵام تیرۆری ئەم ڕێبەرە کاریزمایە لەلایەن نێردراوانی ئێرانەوە پێی گوتین کە ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان چ لە شام و تورکیە، یان ئێران و عێراق باوەڕیان بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد نییە. ئەو کەسایەتییە دیار و هەڵسووڕەی باکووری کوردستان ئەوەشی گوت هەتا پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین چارەسەر نەکرێ، ئەم وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە نە هێمنی و نە سەقامگیرییان تێدا نابیندرێ. ئەمە هەڕەشە نییە و حەقیقەتێکە کە کورد مافی خۆی هەیە و لەپێناو مافەکانیدا خەباتێکی بەردەوام دەکا و پاشەکشە ناکا. بایدەمیر گوتی با ڕێژیمەکانی ئانکارا، تاران و دیمەشق لە چارەنووسی سەدام دەرس وەربگرن، چونکی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندی کە تیرۆری ڕێبەرە پێشەنگەکانی وەک دوکتور قاسملوو نەبووەتە هۆی ڕاوەستانی جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەڕانەوەیەك بۆ بیرەوەریی دانیشتنەكانی گۆڕاییەكەی «قەڵاتی شا»

ئەحمەد شێربەگی

پێش ڕووخانی ڕێژیمی شا ناوبانگی دوكتور قاسملووم بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی ڕەنگ و ڕوخساری چۆنە، بۆ یەكەم جار لە ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە میتینگی سەت هەزار كەسی گۆڕەپانی تۆپی پێی شاری مەهاباد دووراودوور دیتم و گوێم لە دەنگی بوو. دواییش لە چەندین بۆنەی پێوەندیدار بە ڕووداوەكانی كوردستان وەك وتەبێژی هەیئەتی نوێنەرایەتیی كورد دیتم. هەتا ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ دوو ڕۆژ دوای دەستبەكار بوونی دەنگی كوردستانی ئێران بۆ یەكەم جار كە هاتمە شاخ لە نیزیكەوە دەستی لەنێو دەستی نام و بەخێر هاتنی كردم بۆ نێو شۆڕش. لەم ڕێكەوتە بەملاوە بەردەوام دوكتور قاسملووم لە نیزیكەوە دیوە، چ لە كۆبوونەوەكانی ڕادیۆ و ئینتشارات، چ لە كۆبوونەوە گشتییەكانی دەفتەر و چ لەبۆنە و شەودانیشتنەكاندا. دوكتور قاسملوو لەگەڵ بەرپرسیارەتیی قورسی سكرتێری حیزبی دێموكرات و ڕێبەریی بزووتنەوەی كوردستان یەكێك لە نووسەران و هاوكارانی بەردەوامی ڕادیۆی دەنگی كوردستانی ئێران و ڕۆژنامەی كوردستان بوو. لە سەرەتاكانی كاری مێدیاییدا بە هۆی كەم ئەزموونی زۆر كڵۆڵ بووم، تەنانەت لە خوێندنەوەی دەقەكانیشدا گرفتی یەكجار زۆرم هەبوو، ئێواران كاتی شێوخواردن لە گۆڕاییەكی چووكە لە داوێنی قەڵاتی شای لە دەوری یەك كۆ دەبووینەوە. دوكتور قاسملوو زۆر جار بە هێمنی و زۆر مامۆستایانە بۆ ئەوەی كە لە ئەركەكەمدا دڵسارد نەبمەوە دەستنیشانی ئەو وشانەی كردبوو كە لە ڕادیۆ بە هەڵە خوێندبوومنەوە. ئەودەم وەك لاوێكی مەهابادی كە هاتمە شاخ و لە دەنگی كوردستانی ئێراندا درێژەم بە ئەركی حیزبی دەدا ئەو زاراوەیەم ڕاگرتبوو كە خەڵكی مەهاباد قسەیان پێدەكرد. هەمووجارێ دەیگوت:



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک ئەحمەد ئێمە لە ئەدەبیاتی حیزبدا ناڵێین خێن؛ دەڵێین خوێن، ناڵێین خێڕی؛ دەڵێین خوێڕی. دەبێ زارت کۆکەیەوە، مەڵێ کوردوستەن؛ بڵێ کوردستان، وەک پاکستان، خووزستان، پیتی ئەلەف درێژ کەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جارێ تەشویقی دەکردم کە دەنگم زۆر باشە، دەنگم دەنگی شاخە و شوێندانەرە لەسەر بزووتنەوە. دەبێ زۆر هەوڵ بدەم، دەبێ زۆر ڕاهێنان بە خۆم بکەم. بەمجۆرە ساتەکانی شاخ دەهاتن و دەڕۆیشتن. هەتا زەمان زیاتر تێدەپەڕی زیاتر لەدەریای زانست و گەورەیی دوکتور قاسملوو دەگەیشتم. لە شەودانیشتنەکانی شاخ کاتێک دەهاتە قسە بە دەنگێکی ئارام و بزەی سەر لێوان باسی ڕووداوەکانی کوردستان و چونیەتیی خەبات و تێکۆشانی دەکرد. شرۆڤەکانی هەمووی هیوابەخش بوون. هەستت دەکرد شوورەیەکی پۆلایینت لە پشتە و بە بوونی ئەو هێز شک نابەی زەفەرت پێ بەرێ. خاکەڕایی و سادە ژیانی و هەڵسوکەوتی باوکانەی وای لێدەکردی کە بە هەموو تواناتەوە کار بکەی. دوکتور قاسملوو سادە دەژیا و هەرچێکی هەبایە بە لەززەتەوە لەگەڵ ئێمە دەیخوارد. بۆ تاقە جارێکیش نەمدیت گلەیی لە خواردن هەبێ. زمانێکی پاراو و خاوێنی هەبوو. تەنانەت لەگەڵ نەیارەکانیشی بە زمانێکی زبر قسەی نەدەکرد. ئەوینداری کوردستان و خەڵکی کوردستان بوو. باوەڕێکی یەکجار زۆری بە هێزی جەماوەریی خەڵک هەبوو. دڵگەرم بوو بەو پشتیوانییەی کە خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکراتیان دەکرد. حیزب هەموو ژیانی بوو، هەمیشە هیوای لێی دەباری. هەتا دیتوومە پێکەنینی لەسەر زار بوو. هەمیشە نوکتەی خۆشی دەگێڕایەوە. جەفەنگی لێ دەدا. هەرچەند ئەو کەسی یەکەمی حیزب بوو بەڵام لە مەجلیساندا قەت وای خۆی نیشان نەدەدا کە کەسی یەکەمە. فەزایەکی پێک دەهێنا کە بتوانی قسە بکەی. ڕێزی کادر و پێشمەرگەی زۆر لەبەر بوو. دوکتور قاسملوو هەر بەتەنیا سکرتێر و کەسی یەکەمی حیزب نەبوو و، ئەو کۆکراوەی چەندین کەسایەتیی گەورە بوو کە دوکتور قاسملوویان پێناسە دەکرد. د.قاسملوو بێجگە لەوەی سیاسەتمەدارێکی ناوازە و ئابووریزانێکی گەورە و زمانزانێکی کەموێنە بوو کەسێکی بە فەرهەنگ و ئەدیب و ئەدەبدۆست، مێژووناس، شێعرناس، بەئەخلاق، مەجلیس خۆش، نوکتەزان، ورد و دەقیق و، ئاراستە و پاک و خاوێن بوو، هەتا لەکوردستان بوو بۆ جارێکش نەمدیت لە بەرگی پێشمەرگایەتی جیا بێتەوە و جامانەی بەسەرەوە نەبێ. ڕێکوپێکترین پێشمەرگە بوو. وەک کتێبخانەیەکی گەڕۆکی دەوڵەمەند لێم دەڕوانی کە پڕ بوو لە ئەخلاق، لە نەبەزین و ڕاوەستان، لە ڕوانین بۆ ئایندە.لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە شانازیی ئەوەم هەبوو لە نیزیکەوە کاری لەگەڵدا بکەم و وەک مامۆستایەکی مەزن لێی بڕوانم گەلێک بیرەوەریی تاڵ وشیرینم لەگەڵی هەیە. لێرە تەنیا ئاماژە بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەک دەکەم کە زۆر لەسەر هەستی دوکتور قاسملوو شوێندانەر بوو.

شەوانە کە لـەدەوری یەک کۆ دەبووینەوە پاش بیستنی باس و خواسەکانی شار و شاخ، نۆرەی گەڕەلاوژە دەهات. هەرکەسە لەنۆرەی خۆیدا یان گۆرانییەکی دەگوت یان نوکتەیەکی دەگێڕایەوە. یەکەمجار من سروودی «خوایە وەتەن ئاوا کەی»م وت. ئەوکاتە دەنگم لەوپەڕی بەرزی و ڕەساییدا بوو. بێدەنگی باڵی بەسەر دۆڵەکەدا کێشابوو، دەنگم کە لێ بەرز کردەوە زایەڵەی دەنگی خۆمم گوێ لێ دەبۆوە. سروودەکەم کە خوێندەوە هەموو وێکڕا سەربەندەکەیان لەگەڵ دەگوتمەوە. هەستم کرد ئەم سروودە شوێنێکی یەکجار قووڵی لەسەر د.قاسملوو داناوە. فرمێسک لە چاوی چزا بوو. ئەو سەردەمە بەهۆی تەئسیراتی ژەهراویی حیزبی توودە بەیتێکیان لەو سروودە زیاد کردبوو کە:

«ستالین پێشەوایە بۆ کوردان وەک باب وایە

هەستن هەڵکەن ئالایە ئەوا بەرلین گیراوە...»

هەرکە دەگەیشتمە کۆتایی سروودەکە د. قاسملوو دەیگوت ئاخرییەکەی نەڵێی کاک ئەحمەد. ئێستاش نەمزانی د.قاسملوو چ بیرەوەرییەکی لەم سروودە هەبوو کە هەمووجارێ کە دەیبیست فرمێسکی لە چاوان دەگەڕا.

سڵاو لە گیانی نەمری ڕێبەری مەزنی کورد د.قاسملوو، یاد و ناوی بەرز و پیرۆز بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو؛ ڕێبازێك بۆ ڕووناكبیری كورد

شارِوخ حەسەنزادە

## (کورتەمێژوویەکی ڕەوتی ڕووناکبیریی کورد)

### ١

لە بنەڕەتدا چەمکی ڕووناکبیری (intellectualism) بە مانای جیاکردنەوە و هەڵاواردنی دوو بابەت لە یەک مژاردا دێ. کەواتە دەبێ بڵێین نەریتی ڕووناکبیری واتای بەجیا شەنکردنی دوو باس لە یەکتری و شرۆڤە کردنیەتی! یا بە واتایەکی تر ڕووناکبیر کەسێکە بوێرانە بێ هیچ چاوەڕوانی و بەرژەوەندییەک ڕەخنە لە نەریت، هێز و دەستەڵات بگرێ و بەو زانست و جیابیرییەی بەرگری لە مافی بابردەڵە بکا. بەشێوەیەکی گشتی ئاکامی ڕووناکبیری سێ مۆدێل و ڕەهەندیی «شێوازی زانستی»، «بەختەوەریی و ئاسایش» و بیرمەندی (فایدەگرایی) لێ دەردەقولێ.

بێگومان سەربەندی «نوێبوونەوە» ملکی ڕۆژئاوایە. ڕینسانسی ئورووپا کە بە لەبیرکردنی سەرجەم باوەرەکانی ئاسمانی، بوون و مرۆڤ دەستی پێکرد دوو ڕەوتی هزری نوێی دامەزراند:

**یەکەم**، ئاوەزمەندی یا ڕاسیۆنالیزم.

**دووهەم**، هەستمەندی یا ئەمپریسیزم.

ئاوەزمەندی بە دێکارت دەستی پێکرد و لەسەر خوانی کەسانی وەک سپینۆزا، نیتز و هێگڵ گەیشتە سەرچڵەپۆپەی خۆی و، هەستمەندیش بە ڕای کەسانی وەک فرانسیس بیکەن دەستی پێکرد و جان لاک، برێکڵی، هیوم و میل بەسەریدا زاڵ بوون.

ڕاسیونالیزم پشتی دە مەعریفەی ئەوپەر ئاوەزی کرد و بەگژ بەشێک لە لایەنەکانی «هەستی» داهات، وشەی «ڕووناکبیری» ئالێرەدا گوورا کە ڕاسیۆنالیستەکان بەپێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕوونبوونەوە و ئاشکرا کردنی ڕاستییەکانی «هەستی» بە باوەر و هزری خۆیان، پێناسەی ڕووناکبیریان بۆ خۆیان هەڵبژارد. ڕووناکبیر بە کەسێک دەگوترا کە دژی هەرجۆرە ڕاستی و حەقیقەتێک کە سنوورەکانی ئەوپەر ئاوەز ببەزێنێ و شاردراوە و نهێنی بێ و سوڕ و حەشاری هەبێ، دەگوترا. بەڵام سەردەمی ئاوەزمەندی دوای گەیشتن بە لووتکە، لە سەدەی حەڤدە و هەژدەی زاییینیدا وردە وردە داکشاو جێگای بۆ هەستمەندی لێژ کرد. هەستمەندی لایەنی ئاوەزی جیهانی و مرۆڤیشی ڕەد کردەوە و هەموو مەبەست و لێکدانەوی ڕاستییەکانی بانخۆزاو و مێتافیزیکیشی بە بێمانا شرۆڤە کرد. ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوایی بە ڕەدکردنەوەی نهێنییە شاردراوەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ گرینگییان بە مرۆڤ دا و بایەخ و بەهای ئەویان لە ڕاستیەکانی سرووشتدا؛ لەدوو دا. ئەوە بوو کە «ئۆمانیزم» وەک ڕەگ و ڕەچەڵەکی ڕەسەنی تێفکرینی چاخی ڕەوشەنگەری پشکووت و لە نەبوونی متمانە و باوەر بە جیهانی غەیب، ماکی مرۆڤیان کردە پێوەری ناسین و لە جێگای خوای خوڵقێنەر قوت کردەوە. بوونەوەرێکی وەها بەو هەمووە گرینگییە و بایەخەوە نابێ سنووردار و بەستراوە بێ، هەر بۆیە «لیبرالیزم» بناخەی دووهەمی تێفکرینی جیهانی نوێ بوو. ئۆمانیزم و لیبرالیزم وەک دوو هزری نوێ و پێشکەوتووی چەمکی ڕووناکبیری، مەعریفەی ئۆلی و نەریتە کلاسیکەکانی ڕەد کردەوە بە یەکجاری یاسای کردە گرێبەستی کۆمەڵایەتی، گرێبەست و بەڵێنییەک کە متمانە و بایەخی کۆمەڵگەی تێدا شەقڵ گرت. ئەلێرەدا بوو کە ناسیۆنالیزم لە حاڵێکدا کە یاسای پەیمانی، سەر بە سنوورە دیاریکراوەکانی جوگرافیایی بێ و ئەنتێرناسیۆنالیزم، بە پێچەوانەکەی لەدایک بوو.

ئەم چەمک و مەفهوومانە لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ئێراندا خوێندبوویان هاوکات دەگەڵ بزووتنەوەی مەشروتییەت هاوردەی ئێران کران و جێگای وشەی «نەتەوە» و «نیشتمانپەروەری» گرتەوە.

بەڵام ڕووناکبیری بە مانا مۆدێرنەکەی خۆی دوای بێتاوان بوونی ئاڵفرێد دریفووس لە فەرانسە کەوتە سەر زاران و بە نووسینی نامەی پشتیوانی ئێمیل زۆلا و واژۆکردنی ٣٠٠ کەس لە بیرمەندان و ژۆرنالیستەکانی ئەم وڵاتە هەموو جیهانی ڕۆژئاوایی داگرت کە ئاکامەکەشی دواتر(نزیک ٥٠ ساڵ دواتر) دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو!


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای شکانی قەجەرەکان لەوڵاتی (مەمالیکی مەحرووسەی قەجەر) لەشەڕ دەگەڵ ڕووسەکان، شەبەنگی هەڵکەوتەی ئەو مەملەکەتە دەستیان بە خەسارناسی ئەو شکان و دۆڕانە کرد. «عەباس میرزا»، کوری فەتحەلی شا کەسانێک لە لاوانی سەر بە حکومەتی هەڵبژارد و بۆ درێژەپێدان بە خوێندن و خۆپێگەیاندن و دەست وێراگێشتن بە زانستی ڕۆژ بەتایبەت بە زانستی نیزامی ناردە دەرەوە کە لە یەکەم کەسەکان «تالبۆف» و «میرزا مەلکم خان» بوون. بەڵام دواتر بە هاتنەمەیدانی کەسێک وەک ئەمیرکەبیر مەدوای نێوان چاکسازیخوازان و موحافیزەکارەکان زیاتر بوو و زانست پتر پەرەی پێدرا. لە کاریگەرترین ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم دەتوانین ئاماژە بە «میرزا فەتحەلی ئاخوندزادە»ی تەوریزی بکەین کە ڕینسانسێکی نوێی لە مەمامليکی مەحرووسەی قەجەر دەست پێکرد و بەدژی نەریتی نەشیاوی دەرباری قەجەر و کولتووری گەلانی ڕۆژئاوا تشتی دەنووسی. کەواتە دەبێ بڵێین سەردەمی «شۆڕشی مەشروتییەت» پڕشنگدارترین چاخی ڕەوشەنگەری و ڕووناکبیران بووە و بە دامەزراندنی یەکەم ڕۆژنامەکان هزر و ڕوانینی بەتایبەت فەیلەسوفانی فەرانسی کەوتە سەر لاپەرەکان و نوێبوونەوەیەک لە ئێرانی ئەو سەردەمدا ڕووی دا، هەڵبەت دواتر (لە نێوەراستەکانی دەیەی پەنجاوە بۆ ژوور)چینێک لە ڕووناکبیرانی ئۆلیش« Religious Intellectualism » سەریان هەڵدا (مستەفا مەلەکیان، سرووش، موجتەهیدی شەبستەری، د.عەلی شەریعەتی و...) و لەم بەشەدا چالاک بوون و هزری نوێی خۆیان پاراو دەکرد و بڵاوەیان پێدەکرد.

کوردستانیش لەم ڕەوتەی پێشڤەچوون و نوێبوونەوە جیا نەبوو و ئێلیتی کوردیش زۆر خۆی دەگەڵ دوای چاخی ڕێنسانسی ئورووپا هاوتەریب دەکرد هیندێک بەتایبەتی تر بەشی باکووری کوردستان کە بە هۆی ژێئۆپۆلۆتیک، هەڵکەوتەی تایبەت، نزیکایەتی دەگەڵ سنوورەکانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵێک هۆکاری تر بیری دژ بە هیندێ نەریتی کلاسیک و نوێبوونەوە بە تایبەت لەمەڕ جیهانبینیی نەتەوەیی دوای سەدەکانی حەڤدە و هەژدەی زایینی لە ڕۆژئاوا، خۆی دە گۆمی ڕووناکبیری نوێخوازی هاویشت! دەتوانین بڵێین ئەم ڕەوتە بە کەسایەتی ئەحمەدی خانی (١٧٠٦ - ١٦٥٠ ز) دەستی پێکرد و جیلی سەدەکانی کۆتایی شازدە و هەڤدە، هەڵکەوتەی کورد (فەقێ تەیران، حەریری، مەلای جزیری و...) بە زمانی وێژە و شێعر ڕەوشەنگەری نەتەوەیی و بیری نوێ و زانستیان بڵاو دەکردەوە. مەم و زینی خانی بەڵگەیە بۆ هاوتەریب بوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانستی وێژەیی دەگەڵ ڕۆژئاواییەکان و ئاوانگاردی ئەدەبی کوردی و شاکارێکی جیهانییە.

گەلێک لە ڕوانگەی فەلسەفی یونانی و ئیسلامی هێناویەتەوە و تان و پۆی شێ دەکا و خۆشی وەک فەیلەسوف و سۆفییەکی مەزنی زانستی دەوارن وێنا دەکات، خانی لەم بەرهەمە ناوازەیەیدا بە دژی هیندێ بیر و نەریتی کۆمەڵگەدا دەرووخێ و هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و خەبات و ئەوین شەن و کەو دەکا و لە بیری بەرەوپێشڤەچوون دایە، مەم و زین بۆ خۆئاگایی نەتەوەیی کورد شادەقە.

با ئەوەش بڵێین ئەگە لە فەرانسە «نوستراداموس» لەبەر پێشگۆییەکانی ناوبانگی جیهانی دەکردەوە و خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکانی چەند سەد ساڵ دوای خۆی کردوە هەر ڕێک لە سەردەمی ئەودا و تەنانەت چەند ساڵ بەر لە نوستراداموس، لە شارەزوور «ئێل بەگی جاف» (١٤٩٢ - ١٥٥٣ ز)ی یاری(یارسان) ئەو زانست و خوێندنەوە و پێشگۆییانەی هەبووە و زۆر جێ سەرنجن و تێرامانن، بۆ میناک پێنج سەد ساڵ پێش باسی ئەمرۆی ئێران و ڕووداوەکانی دوایی دەکا و دەفەرموێ...

**تاعات بە مەجبووری دەبێ**
**دی بازاری بلووری دەبێ**
**چینی و فەخفووری دەبێ**
**گوڵبانگی جەمهووری دەبێ**
**هەروا بووە و هەروا دەبێ**
**یا لە درێژەدا دەڵێ...**
**دیوانی گورگ و مەڕ دەبێ**
**دەشتی بەغدا بە شەڕ دەبێ**
**گشتی بۆ زێڕ و زەڕ دەبێ**
**شەڕی سەرباز بە شەنگ دەبێ**
**هەوا بووە و هەروا دەبێ**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەحمەدی خانی بە هۆنینەوە و چڕینی شێعر و فەرهەنگی «نۆبار»ی زارۆکان (نەوبەهار) فەرهەنگی وشەی منالآن شۆڕشێکی مەزنی هزری دەست پێکرد کە بە ڕای زۆرێک لە ڕووناکبیران و توێژەرانی زانستە مرۆڤایەتییەکان وەک باوکی ناسیونالیزمی کورد دێتە ناسکرن.

**چ بکەم کوو قەوی کەسادە بازار**
**نینن ژ قوماش ڕا خەریدار**
**یەعنی ژ تەمەع دراڤ و دینار**
**هەریەک ژ مەرا وە بوونە دلدار**
**گەر علم تەمام بدەی بە پوولێک**
**بفروشی تو حکمەتی بە سوولێک**
**کەس ناکەتە مەیتەری خوە جامی**
**ڕاناگرتن کەسەک نزامی**

خانیی نەمر لەو هۆنراوەیەدا ئەگەرچی نەختێک بێ هیوایە لە بێ بایەخ بوونی عیلم و زانست بەڵام پەنگ دانەوە و برەودان بە زانستی ڕۆژ بە پێویست دەزانێ و لە نەستی تێفکرینی خانیدا نوێبوونەوەیەکی هزری هەست پێدەکرێ. ناوبراو هەر بەوە ناوەستێ و بەردەوام ئاواتە خوازە گەلەکەی وەک گەلانی هاوسێ بە یەکگرتوویی و تەبایی هەوڵی دامەزراندنی حکوماتێک بدەن و لە ژێر سێبەر و ئالای ئەم دەوڵەتە خۆماڵییەی خۆمان سەرقاڵی عیلم و خوێندن بین کە ئەمە سەرچڵەپۆپەی هەست و نەستی شاعیرێکی کوردی سەدەی هەڤدەیە کە ئێستاشی دەگەڵ دابێ ئەم داخوازییە لای زۆرێک لە هەڵکەوتەی کورد هەڵتاوێن نەبووە! جەنابیان دەفەرموێ...

**گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقێک**
**ڤێکڕا بکرا مە ئینقیادەک**
**ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیان ژ مەڕا دکر غولامێ**
**تەکمیل دەکر مە دین و دەوڵەت**
**تەحسیل دەکرد مە عیلم و حیکمەت**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هە لەو سەرووبەندی دا و لە سووچێکی تری کوردستانی مەزن خانای قوبادی (١٧٥٩ - ١٧٠٠ ز) کەسایەتیی هەورامی بە هۆنینەوەی شێعری

**«هەرچەن مەواجان فارسی شەکەرەن**
**کوردی جە شەکەر بەڵ شیرین تەرەن**
**یەقینەن جە دوونیای پر ئەندێش**
**هەرکەس دڵشادەن وە زوان وێش»**

شۆرشێکی زمانی و بیرکردنەوەیەکی نوێ دەڕوانێتە پرسی نیشتمان و تەنانەت وەک چاکسازیخوازێکی ئۆلیش دەوری هەبووە و دەڵێن یەکەم کەس بووە کە قورئانی پیرۆزی وەرگێراوەت سەر زمانی کوردی (بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ نوسخەیەک لەو وەرگێرانە لە بەردەست دا نییە) بە مەبەستی تێگەیشتنی هەرچی باشتری خەڵقی کورد کە ئەمە لەو سەردەمدا ڕێک کارەکەی مارتین لۆتێرە کە کتێبی پیرۆزی ئینجیلی هێنا سەر زمانی ئەلمانی و شۆڕشێکی مەزنی دەست پێکرد کە ئاکامەکەشی گوورانی پرۆتستانیزم بوو.

حاجی قادری کۆیی(١٨٩٧ - ١٨١٦ ز) ئەو شاعیرەیە کە بیری ئازادیخوازی، ڕخنەگرتن و بە گژداهاتنی هیندێ نەریتی باو و سەقەتەکانی کۆمەڵگەی وەبەر پڵار دا:

«**هیچتان نەچووتنە گەردش وا تێدەگەن کە دوونیا**
**هەر پادشاهی ڕۆمە و شاهی عەجەم لە تاران**»

یا دەفەرموێ:

**«کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز**
**بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**مەلا و شێخ و میر و پادشامان**
**هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی»**

ئەمە ئەو لایەنی هزریی ڕووناکبیری هەڵکەوتە و ئێلیتی کوردە کە هاوکات دەگەڵ هزری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەچووە پێش و بە هۆنراوەی «کیم ئەز»ی جگەرخوێن (١٩٠٣ – ١٩٨٤ ز) بیری نەتەوایەتی، هەستی گۆڕانخوازی ڕوانگە و هزر لەسەر خوانی شاعیرانی کورد شەقڵی ئاسمان دەشکێنێ و بە گێڕانەوەی ڕووداوە دیرۆکییەکان و سەرکەوتن و نوشست و هەوراز و نشێوی گەلی کورد هەر پێ لەسەر زانست و ڕەوشەنگەری دادەگرێ.

یا ماه شەرەف خان ناسراو بە مەستوورەی ئەردەڵان (١٨٠٤ – ١٨٤٨) یەکەم مێژوونووسی ژن لە جیهان جگە لە بەرهەمە شێعرییەکانی لە سەردەمێکدا کە ژن هیچ بایەخەکی نەبوو وەک ڕووناکبیرێکی نڤیسکار ڕەچە دەشکێنێ و ژنامە دێتە مەیدان.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨ (١٢٧٧ی ک.ه)، «کوردستان» بە هەوڵیماڵباتی بەدرخانییەکان چەمکی ڕووناکبیری زیاتر برەو پێدا و تیشکێک بوو لە شەوی ئەنگوستەچاوی بەرەوپێشچوونی جیهانی و خۆ ڕێکخستن و نیشاندان و هەتا ڕادەیەکی باش ئەم ئامانجانەی پێکا:

یەکەم، ڕایەڵکەی پێوەندی نێوان کوردانی دەرەوە. دووهەم، هەوڵدان بۆ زەقکردنەوەی پرسی کورد. سێهەم، گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە فەرهەنگ و وێژەی کوردی بەتایبەت لە بەستێنی ڕووناکبیریی کوردی و چوارەم، پێک گرێدانی ڕۆژهەڵات ناسان و دامەزراوەکانی زانستی ڕۆژئاوایی دەگەڵ کوردستان.

بەداخەوە بە ڕێکی نازانین ئاخۆ یەکەم ڕۆژنامەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چ ساڵێکدا بووە، پێشتر دەگوترا کە حەوتوونامەی «ڕۆژی کورد» کە سەرەتاکانی ١٩٢٠ لە سەردەمی دەستەڵاتداری سمایل ئاغا(سمکۆی شکاک ١٨٨٧ – ١٩٣٠ز) لە ڕەوتی شۆڕشی ناوبراو لەلایەن ماموستا مەلا محەممەدی تورجانی زادە لە ورمێ چاپ و بڵاو دەبۆوە و وەک یەکەم بڵاوکراوەی کوردی ڕۆژهەڵات دادەنرا؛ بەڵام توێژینەوەکانی ئەم دواییانە باس لەوە دکەن کە دوو بڵاوکراوەی «شەهابی ساقب»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و «بیستون» لە ساڵەکانی ١٩٠٦ و ١٩٠٧ هەروەها بڵاڤۆگی «تەمەدون» لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٣ هەتا ١٩٠٥ لە کرماشان و سنە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەشان کراون.

بەڵام دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هاتنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ نێو جەرگەی وڵاتانی جیهانی سێهەم و مانەوەیان، ڕەوشێکی لێڵ و ناڕوون لە دژوازیی نێوان جیهانی مۆدێرن و سەردەمی کلاسیک بەتایبەت بە ڕوانگەی سیاسییەوە درووست بوو. لەم نێوەدا و لە دۆخی شپرزەی ئێرانی سەردەمی پاڵەوی کۆمەڵەی «ژێکاف» (١٣٢١) لەسەر دەستی ڕووناکبیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا و، بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیران بە تایبەت چالاکانی وێژەیی لەدەوری یەکتر کۆ کردەوە و بە بەشداری هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند(١٣٢٤) و بە بڵاوکردنەوەی بیری ناسیونالیستی دە ڕۆژنامەی «کوردستان» و چاپی یەکەم بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان(گڕوگاڵ) و دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان؛ کەسایەتیی نەمر پێشەوا قازی محەمەدی وەک ڕێبەر و ڕەچە شکێنێکی مەزن وێنا کرد.

پێشەوا جیا لە کەسایەتییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هاوکات پێگەی ڕووناکبیریشی هەبووە، ئەگە بمانهەوێ لە چەمکی ڕووناکبیریی ئۆلی کەڵک وەرگرین، دەتوانین بڵێین قازی محەمەد لە یەکەمەین کەسەکانە کە وەک ڕووناکبیرێکی ئۆلی، زیاتر لە ٧ دەیە پێش لەو کۆمەڵگە نەریتی و کلاسیکەی کە ئایین و باوەڕەکانی ئایینی لەوپەڕی خۆیدا بووە؛ بە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان، سوێند خواردن هاوکات بە قورئانی پیرۆز و بە ئاڵای کوردستان و... ڕێفۆرمێکی دینی دەست پێکردوە و کرانەوەیەک و ڕوانگەیەکی نوێی لە کۆمەڵگەی چەقبەستووی ئەوکاتی کوردستان خوڵقاند.

-----

**٢**

لە بەشی یەکەمی باسەکەماندا کە کورتەمێژوویەکی ڕەوتی ڕووناکبیریی کورد بوو، باسەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندە کۆماری کوردستان و کاراکتێری پێشەوا قازی محەممەد. کۆماری کوردستان (حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی پێشەوای


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەمر) توانیان ببنە بناغە و ڕەگی رووناکبیری، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت لە بەشەکانی تری کوردستان. هەڵبەت بۆن و بەرامەی نوێخوازی ئێرانی گرتەوە؛ شۆڕشی هزری، نویٚ بوونەوە، هێنانە ئارای چەمکگەلی جۆراوجۆری فەلسەفی و سیاسی، خۆ ڕێکخستن دەگەڵ جیهانی دەرەوە، پێوەندییە دیپلۆماسییەکان، دامەزراندنی یەکیەتییە جۆراوجۆرەکان، برەو دان بە زانست و فێر بوون، ڕاگەیاندن، کولتوور، هونەر (ڕۆژنامە، شانۆ، وێژە، قوتابخانە بە زمانی زگماکی و... وەک کەرەسەی سەرەکیی ڕووناکبیری ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە.

لە پەنا دامەزراندنی هەندێک حیزب و ڕەوتی سیاسی و ڕووناکبیری لە کوردستان (کۆڕی زانیاریی کورد، ناوەندی ڕۆشنبیری و کلووپەکان، ڕمێنی ڕۆژنامە، چیرۆک، ڕۆمان، شێعر و...)، هەر لە درێژەی خەباتی بەردەوام و نەپساوەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەسایەتیی مەزنی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٣٠٩ – ١٣٦٨) کە قورسایی و بارستایی زانست و تێگەیشتنی ئەم زاتە لە سەردەمی خۆی و تەنانەت ئێستاشدا بە ئیعترافی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت دوژمنیش، بە تەنیا، کانسێپتی ڕووناکبیری بەتایبەت لە بواری سیاسی و ڕەهەندی فکریی کوردەوە دەگەڵ جیهانی نویٚ و مۆدێرن بردە یەک ئاست! ئەو، بوێرانە ڕەخنەی لە هێز و دەستەڵات و نەریتە کەونەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەگرت، کەوابوو لایەنی سەرەکیی تەوفیری ڕووناکبیرێک دەگەڵ خەڵکی ئاسایی و ئەو بەناو ڕووناکبیرانەی تر ئەو خۆ هەڵاواردن و ئەیاخ کردنی نەریتە کلاسیکەکان و ڕەخنە و بەگژدا هاتنی ئەو دەستەڵاتانەیە کە مافی خەڵک پێشێل دەکەن.

د.قاسملوو وەک میناکی ڕووناکبیرانی هەرە پێشکەوتوو و خوێندەواری سەردەمی خۆی بووە، ئەگەرچی بە ڕوانینێکی چەپی تۆخ (کۆمۆنیستی) هاتە مەیدانی سیاسەت و تێفکرینی فەلسەفی، بەڵام هەر وەک «ئایزایا بێرلین» (١٩٠٩ – ١٩٩٧ ز) بیرمەندی لیبڕاڵی لیتوانی بە جۆرێک دەکریٚ پێکیان بگرین. بۆ کاک دوکتور ئازادییەکانی تاک و دێموکراسی گەلێک پڕبایەخ بوون، بەڕێزیان هزری ئابووریی سیاسی و بەشێک لە ئەندیشەکانی دامەزراندنی سۆسیالیزمێکی کوردانەی خۆی لە «کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک» لە ساڵی ١٩٨٣وە نووسیوە. بەڕاستی پڕزەحمەت بوو کە لە سەردەمی شەڕی سارد لەلایەک سۆسیالیست بی و لەلایەکی تریش، ڕەخنە لە یەکیەتیی سۆڤیەت بگری! بۆ یەکەم جار بوو کە لە ڕەوتێکی سیاسیی کوردیدا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەفاهیمی هزری و فەلسەفیی نوێ ببنە ئامانج و شرۆڤەیان لەسەر بکرێ. ئەمر دوکتور هەر وەک «جان ڕاڵز» (١٩٢١ - ٢٠٠٢ز) لەمەڕ، ئەسڵی بەرابەری، جیاوازی و ئازادی دەدوا.

**ئەسڵی بەرابەری: لە سۆسیالیزمدا کار دەبێ پێوانەی داهات و ڕەوشی کۆمەڵایەتی بێ.**

**ئەسڵی ئـازادی:** دژی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکە و بـاوەڕی قەلبی بە ئـازادی و دێموکراسی هەیە. ئەسڵی جیاوازی: ئەگە کار وەک پێوەر لەبەرچاو بگیرێ دەبێ هەندێک کاری تایبەت وەک پزیشکی، کە بە نیسبەت ڕۆژنامە فرۆشی ئەرکی قورستر و گرینگترە، هەر بۆیە دەبێ دەرفەت و هاوکاریی زیاتری بکرێ.

سۆسیالیزم دەبێ داهاتە نەتەوەییەکانی بە شێوەیەکی عادڵانە دابەش بکات. دوکتور قاسملوو بە ئیلهام وەرگرتن لە «لینکۆڵن» بەدوای جۆرێک لە دێموکراسییەوە بوو کە لەژێر سەردێڕی «ئاستی ماگزیمۆمی دێموکراسی» (زۆرترین ئاستی دێموکراسی) پێناسە دەکرێ و بەم شێوەیە «حکوومەت لە، بە و بۆ خەڵک» بەم جۆرە کە باشترین نوێنەرەکان، بەرزترین بەشداری و عیداڵەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بێ.

ڕەوانشاد قاسملوو بە دوای مۆدێلێکی سێهەم لە سۆسیالیزمدا دەگەڕا کە بە «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» ناوی هێناوە کە لە وڵاتی کوردان بوەشێتەوە و بە کولتوور و ئابووری و سیاسەتی تایبەت بە خۆی پێناسەی بۆ بکرێ.

شەهیدی هەردەم زیندوو د.عەبدولڕەحمان قاسملوو ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) لە پڕاگ پێتەختی چێکۆسلۆڤاکی (ئەوکات) دوکتورای لە زانستە ئابوورییەکان وەرگرت و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لەو زانستگەیەدا وانەی «ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و بیرۆکەی گەشەی ئابووری» دەگوتەوە. هەر لەو ساڵیدا بوو کە کتێبی «کوردستان و کورد»ی ئامادە کرد کە لە ساڵی ١٩٥٧ـەوە کاری لەسەر کردبوو و ساڵی دواتر ١٩٦٣ لەلایەن وەشانی ئاکادێمی زانستی چێکۆسلۆڤاکی لەپڕاگ بە زمانی چێکی بڵاو بۆوە و هەر زۆر زوو ئەم بەرهەمەی بە زمانەکانی ئینگلیسی، عەرەبی، لەهستانی، سلۆڤاکی، فەڕانسەیی، فارسی و کوردیی سۆرانی و (کوردیی کورمانجی) وەرگێـڕدراوە و بڵاو کـراوە. ئەم کتێبە کە بە ڕوانگەیەکی ئابووری و سیاسی،


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسراوە وەک یەکەم توێژینەوەی جدی لەسەر مێژوو، ئابووری، جوغرافیا، پرسی کورد و... لە نەوعی خۆی نووسراوە و هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ؛ بە سەرچاوەیەکی باش لە بوارگەلی جۆراوجۆری کورد و کوردستان دەژمێردرێ.

کاک دوکتور هەر بە تەنیا ڕووناکبیرێکی سیاسی و سەرکردەیەکی حیزبی نەبوو کە ئەمەیان ڕەنگبێ وەک ڕخنەیەک بۆ سەر سەربەخۆیی کەسایەتییە سیاسییە ڕووناکبیرەکان بێتە ئەژمار، بەڵکوو کەسێک بوو لەکەشێکی تووش، سارد، بەستەڵەک و زوخم هاویشتووی تاریک و بوومەلێڵی ژینگەی نەتەوەی کورد بەگشتی و کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، ببووە خۆر و ڕەوشەنگەری زانست و ماف و ژینی سەربەستی دەگەشاندەوە. نەمر قاسملوو ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی پۆشتە و دەوڵەمەندی ئاغا گەورە ببوو و لەئورووپا خوێندبووی و لە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزدا بوو و سەواد و پووڵ و پارەی لێ دەڕژا! بە خوێندنەوەیەکی واقعیی خۆی دە گۆمی شین و مەندی سیاسەت هاویشت و بووە درێژەدەری ڕێبازی سەربەستیی گەل و نیشتمانەکەی. ئەو لەو تیپە ڕووناکبیرە بەڵێندەر و پێشکەوتووانە بوو لە خزمەت خەڵک و نیشتمانی خۆیدا بوو؛ بۆ ڕۆشنگەریی ماف و داخوازیی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەی خاوەن بڕیار و ڕای خۆی بوو و بەرژەوەندیی تاکیی خۆی قوربانیی باوەڕەکەی کرد.

شەهید قاسملوو پێشەکی بۆ «تاریک و ڕوون»ی نەمر مامۆستا هێمن دەنووسێ! (١٩٧٤)، تاریک و ڕوون دەقێکی تەواو ئەدەبی و لەخۆگری دەیان دەسکە شێعری پوخت و پاراو و وێژەیین کە «هێمن» هۆنیویەتەوە، بەڵام قاسملووی سیاسی و ئابووری زان وەهای شەن و کەو دەکا و باڵە کەوی پێدەکا هەر دەڵێی بۆخۆی خوڵقێنەری شێعرە، ئەو شێعر باش دەناسێ و ڕێبازە ئەدەبییەکانیش چاک لێک دەکاتەوە و وەک ڕەخنەگرێکی وێژەیی دەیسەلمێنێ کەسێک ڕووناکبیر بە مانای دەقیقی وشەیە. لە بەشێک لە پێشەکیی تاریک و ڕووندا دەنووسێ: «هێمن شاعیرێکی ڕیئالیستە، ڕیئالیزمی ڕەخنەگرانە لە نێوەرۆکی شێعرەکانی هێمندا بەتەوای بەرچاو دەکەوێ. هێمن بارە هەرە گرینگ و ئەساسییەکانی تەبیعەت و ژیان و ئادەمیزاد بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و شاعیرانە باس دەکا و کۆمەڵ بۆ بەرەوپێش چوون هان دەدا. هێمن زۆرجار لە هێندێ شێعری خۆیدا لە ناتورالیزم نیزیک دەبێتەوە، ئەوەی کە دەیبینێ باسی دەکا و بەچاوی ڕەخنە سەیری تەبیعەت یان کۆمەڵ ناکا. هەر وابزانە دەیهەوێ تابلۆیەکی تەبیعەت بکێشێ و بیخاتە بەرچاوان. بەڵام شێعری وای کەمە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وادیارە خۆشی ئاگای لێیە کە لەڕیالیزم دوور کەوتووە، زوو ناتورالیزم بەردەدا و دەگەڕێتەوە سەر ڕیئالیزم کە سەبکی بنەرەتیی نێوەرۆکی شێعرەکانیەتی. ئەو ناتورالیزمە بە تایبەتی لە «بەهاری کوردستان» و «لە بیرم مەکە» و چەند شێعری تردا خۆی دەنوێنێ.»

«ژیراڵد چاڵیاند»ی فەڕانسەیی ساڵی ١٩٧٧ سەرپەرستیی ئامادە کردن و چاپی کۆمەڵێک وتاری مێژوویی - سیاسیی کورد دەکات بە ناوی «Les kurdes et le Kurdistan» کەتێدا زانایانی سیاسیی وەک «ئارچی ڕۆزوێڵت»، «کەنداڵ نەزان» و «دوکتور قاسملوو» ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر پرسی کورد (کۆمەڵگە، ئابووری، سیاسیەت و دیرۆک)ی ئەو گەلە بە وردی باس کردوە. یەکێک لە وتارەکانی کاک دوکتور لەسەر کوردەکانی ڕۆژئاوایە بە ناوی «کوردەکانی سووریە» کە بە حەق وتارێکی شیکاری و فرە ڕەهەندی زانستی و نوێی لەسەر کوردەکانی سووریە ئامادە کردوە. ئەمە جیا لەو دەیان وتارەیە کە لە کۆتایی دەیەی ٤٠ی هەتاوی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو کردۆتەوە و سەدان کۆبوونەوە، کۆنفڕانس و سیمیناریشی پێک هێناوە.

کاک دوکتور لە سەردەمێکدا وەک ڕووناکبیرێکی کاریزما دەستەڵاتی مەزنترین حیزبی کوردی (لە بواری تەشکیلات و هێزەوە) گرتە دەست کە شەڕی سارد لە گەرمەی خۆیدا بوو، جیهان بەسەر دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دابەش ببوو، شەڕێکی گەورە لە نێوان ئێران و عێراق لەئارادا بوو، سێ ئیدۆلۆژیی مەزنی سەدەی بیستەم ملیان دەبەر ملی یەکتر نابوو و حکوومەتێک بە ئیدۆلۆژیی تۆخی ئیسلامی و بە باوەڕێکی نوێ دامەزرابوو. ڕێبەرایەتیی حیزبێکی چەپی ناسیۆنالیست لەنێو جیهانبینیی تۆخی کۆمۆنیستی و ئیسلامیی شیعی، نە هێندەی تاڵ کردبوو تفی کەن نە هێندەش شیرین کە قووتی دەن! لەو سەردەمدا کە بەشێکی بەرچاو لە بەناو ڕووناکبیران لە پێناو پۆست و پارە شاباشی بارەگای دەستەڵاتیان دەدا و نەزۆکانە بە لێوەلەرزە پرسی ئازادی و دێموکراسییان باس دەکرد و ماف و ویستی خەڵکیان بن گۆم دەکرد، مێرانە لە مەیدانی خەبات ململانێی دەکرد. لە چاخی دوای پاڵەویی دووهەم و هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سێ ڕەوتی، ڕووناکبیریی چەپ، نەتەوەیی و ئۆلی لە بوورسدا بوون کە کاریان بۆ وێژەمانی سۆسیالیزم، ناسیۆنالیزم و ئیسلام گەرایی دەکرد. لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم کە کاک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور ئەگە نەڵێم پێشەنگ، با یەکێک لەو ڕووناکبیرە پێشڕەوانە بێ، کە خاوەن ئارمانج و شۆڕشگێڕ بوون بە تایبەت لە تیپی ڕووناکبیرانی چەپ و ناسیۆنالیزم-ەکان. دوکتور قاسملوو دروشمی ڕۆشنگەری هەر بەتەنیا لە «بەڵێندەر و ڕێنوێن» بوون گۆڕی بۆ «ڕەخنەی دەسەڵات» و «بە کردەوە هاتنە نێو مەیدانی خەبات» بە دژی زاڵمان. ژان پۆل سارتر دەڵێ: «ڕووناکبیر ویژدانی وشیاری کۆمەڵگەیە و پێی وایە هەر جۆرە نارەزایەتییەک بە دژی دەسەڵات تەنانەت واژۆ کردنێکی ئیعترازیش بەشێک لە فەلسەفەی ڕووناکبیرییە.» لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئێران بەو هەمووە پلۆرالیزمە ئەتنیکی و ئایینییەوە و هەروەها، دەمارگرژی، نەزانی، داگیرکاریی سیاسی، بەگژ یەکتردا هاتنی ئێلیتی کۆمەڵگە بە دژی یەکتر، فرە چەمکی ڕەها و... خەبات و تێکۆشانی بە کردەوە و ڕەخنەگرانەی زانستی بوو کە دوکتور قاسملوو ڕێچکەی هەڵدێر و مۆری بۆ سەرجەم ئازادیخوازان و گەلی کورد شەق کرد!

بەو هەمووە ئەزموون و چالاکییانەی، بە ڕوونی دەردەکەوێ کاک دوکتور زۆرتر وەک ڕووناکیدەرێک کەڵکەڵەی هەڵخستنی ڕووناکبیری لە مێشک دایە و بە چالاک بوونەوەی ئەم هەوێتییەیە کە بەدوای مافی کورداندا دەگەڕێ و لە دەرەوەی بازنەی حیزبایەتیش گرینگی بە چاند و وێژە و زانست و هونەر و تەنانەت وەرزشیش دەدا؛ ئەمانە هەمووی بەڵگەن بۆ ڕووناکبیریی فرە ڕەهەندی ئەو زاتە مەزنەی کورد.

ڕەنگبێ بەرچاوترین ڕەخنە کە دەکرێ لەو زاتە مەزنەی کورد و حیزبی دێموکراتی کودرستان بگیرێ ئەوەیە کە لە ڕەوتی بەستنی کۆنگرەی هەشت «لیستەی فیکس»ی، داهێنا کە بەداخەوە حیزبی پێ لەت بوو و دووهەم و دوامینیش ئەوە بوو بە ئەهوەنی و بێدەنگی چووە باوەشی مەرگ و کورد و ئازادیخوازانی چەپی جیهانی تازیەبار کرد.

کەسایەتیی ڕووناکبیر و سیاسیی شەهید دوکتور قاسملوو ئەوەندە پڕلایەنە کە دەتوانین لە هەموو بەشەکانی زانست تەنانەت بە هونەری شەڕیشەوە موتاڵای لەسەر بکرێ و ببێتە هەوێنی تێزی زانستیی خوێندکاران. قاسملوو ڕێبازێکە لە ڕووناکبیری، زانست و کوردایەتی.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو هێشتاش بۆ لاوانی کوردستان هەر سەرمەشقی خەباتە

**ئیبراهیم لاجانی**

پاش تێکشکانی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی، مەیدانی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕادەبەدەر تەنگەبەر بۆوە. ئەوەندەش کە لە تەشکیلاتی حیزب مابوو، یا لە زیندان‌دا بوو، یا لە کوردستانی گەرمێن لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا مابۆوە و مەجالی کاری سیاسی و حیزبی لێ زەوت کرابوو.ڕاست لە هەلومەرجێکی ئاوادا، قاسملوو وەک ئەپۆستێڵ هاتە مەیدان وبوو بە مەسیحی حیزبی دێموکرات.

تەشکیلاتی حیزبی سازماندایەوە. سەربەخۆیی سیاسی وتەشکیلاتی بۆ حیزب گێڕایەوە، بەرنامەو پرۆگرامی تازەی بۆ حیزب داڕشتەوە، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی و تێکۆشەر، نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دەرکردەوە. پێوەندییەکانی حیزبی دەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆر و حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی و کوردستانییەکان ڕێکخستنەوە.

قەوارە و کەسایەتی وهەیکەل وهەیبەتی بۆ حیزب گێڕایەوە. تێکۆشەرانی پەرش بڵاوی حیزبی لێرە و لەوێ کۆکرنەوەوە. بەرانبەر هەیمەنەی حیزبی توودە و لایەنە کوردستانییەکان وەستا و ئیجازەی نەدا کەس دەست لە کاروباری نێوخۆیی حیزبەوە وەردا.

* خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران هەر لەو قۆناخەدا،بەسن بۆ ئەوەی ڕۆڵی قاسملوو لە مێژووی حیزبدا بە ڕۆڵێکی مێژوویی لە قەڵەم بدەین.

نەخشی دوکتور قاسملوو لە تەیارکردنی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە قۆناخی شۆڕشی گەلانی ئێران و پاشان سازماندانی خەبات وبەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان بە دژی هێرش و پەلاماری ڕێژیم بۆ سەر کوردستانیشدا، نەخشێکی حاشاهەڵنەگرە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڕانەوەی بەوەختی کاک دوکتور و باقی ڕێبەری حیزب لەو هەلومەرجەدا، بوو بە هۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات تەنانەت پاش ئەو هەموو سەرکوت و زەبر وزەنگەش کە بۆ دەیان ساڵ لەسەر تەشکیلاتەکەی هەبوو، جارێکی تریش هەستێتەوە سەر پێ و ڕۆڵی پێشڕەوانەی خۆی لە ڕووداوەکاندا بگێڕێ.

دوکتور قاسملوو بە درێژایی تەمەنی پڕکار وبەرهەمی، خزمەتێکی زۆری بە حیزب و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا کرد. ئەو لەنێو کورداندا لە ئینسانە هەرە وشیار و مەزن و بلیمەتەکانی رۆژگاری خۆی بوو.

مێژوو نوسان پێیان وایە ئەوە کە حیزب لە ئیدامەکاری نەوەستاوە، بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو کولتور و سترەکتۆرەیە کە قاسملوو بۆ حیزبی داڕشتووە. دەتوانین ڕۆڵی قاسملوو وەک لۆکۆمۆتیڤ پێناسەبکەین. لۆکۆمۆتیڤ ئەو ماتۆڕەیە کە قەتار بە دوای خۆیدا رادەکێشێ. دوکتور قاسملووش ئەو نەخشەی لە حیزب وبزووتنەوەدا هەیە.

ئەو تەنانەت پاش شەهیدبوونیشی بە قودرەتی زۆرەوە هەروا دەمانباتە پێش. لەو وەزعە ناهەموارەشدا کە حیزبی تێدایە، ئەوە قاسملوویە پاش سی ساڵ لە شەهید بوونیشی، هەر ئینێرژی موسبەت بە حیزب وبزووتنەوە تەزریق دەکا.

تایبەتمەندی هەرە گەورەی قاسملوو ئەوە بوو کە نیشتیمانپەروەر بوو. ئەو کەسایەتییەکی جیهانی، ناوچەیی، ئێرانی بوو، بەڵام کوردستانی بوونەکەی جەوهەری ئەسڵی کەسایەتی قاسملوو بوو. کوردستانی بە هەموو وجودەوە خۆش دەویست.

دەیگووت دەچمە هەر وڵاتێک، هەست دەکەم کە بەحورمەتەوە وەرم دەگرن. بۆیە شانازی دەکەم کە ڕۆڵەی کوردستانم و بە ناوی کوردەوە قسەدەکەم. یەکێک لەو دەرسانەی نەوەی نوێ دەبێت لە قاسملووی فێربێت، لە راستیدا ئەو نیشتیمانپەروەر بوون و کوردپەروەر بوونەیە.

قاسملوو لە هەموو کەس باشتر توانای فۆڕمۆلەکردنی داخوازەکانی کورد و ڕوونکردنەوەی کێشەی کوردی هەبوو. و تەبێژێکی لێوەشاوەی نەتەوەی کورد بوو لە ئاستی دونیادا هەر بۆیە مێژوونوسان دەڵێن کە لە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کورددا نەخشی بنەڕەتی هەبووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوكتور قاسملوو پێشمەرگەیەكی ئازاو قارەمانیش بوو. بە جەرگ ونەترس بوو. دلێربوو. لە خەبات و بەربەرەكانێ و شەڕ و مقاوەمەتدا، نموونەی ورەی بەرز و لەشكاننەهاتوو بوو. ڕۆحیەیەكی بەرزو پۆڵایینی هەبوو. پەیامەكانی كە ڕۆژانە بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵک لەڕادیۆ بڵاو دەبوونەوە، یەكپارچە دەبوونە ورەو هێزیان وەبەر ئەژنۆی خەڵک و پێشمەرگە دەنا.

قاسملوو بۆ تێكۆشەران و پێشمەرگەكانی بەشەكانی دیكەی كوردستانیش پەیكەرەی لەشكان نەهاتوویی و مقاوەمەت بوو.

ڕێبەرێكی بە ئۆتۆریتەبوو. دەیەویست هەموو كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان لە دەوری بزووتنەوە وئامانجە میللیەكانی كۆكاتەوە. هەمیشە لەهەوڵی ڕێكخستنی هێزە كوردستانی و ئێرانییەكاندا بوو. تێدەكۆشا گەروویەكی هاوبەش بۆ هاواری كورد روو بە دونیای دەرەوە درووست بكات.

دەیگووت دەبێ بەیەک زمان وفۆرمۆڵ بە تایبەتی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و پەسندكراوە نێونەتەوەییەكاندا مەسەلەی كورد بەرینە نێو بیروڕای گشتی.

دوكتور قاسملوو لە بەیانكردن ودەربڕینی هەڵوێستە سیاسییەكانیدا، گوێی نەدەدایە بەرژەوەندی شەخسی و تێبینییە ڕواڵەتییەكان. لە هەڵوێستگرتندا بۆ ئەو، ئامانجە ئینسانی و دێموكراتیكەكان و حەقیقەت، پێوانە بوون. زۆر جار بەپێچەوانەی ئاراستەی ڕووبار مەلەی سیاسەتی دەكرد و لە خنكانیش نەدەترسا. ئەگەر ئەو ئالای بەربەرەكانی لە گەڵ كۆماری ئیسامی هەڵگرت، ڕێژیم لە ئەوپەڕی هێز وتوانا و تەنانەتمە قبووڵیەتیشدا بوو بەڵام ئەو زوو ماهیەتی كۆنەپەرستانە ی ئەو ڕێژیمەی تەشخیس دا و كەوتە لەقاودانی. ئەوە ئەو دەم كارێكی زۆر سەخت بوو.

مەحكومكردنی بەبارمتە گرتنی پێرسونێلی سەفارەتی ئەمریكا لە كاتی خۆیدا، مەحكومكردنی پەلاماری سۆڤیەت بۆ سەر بەهاری پراگ، مەحكومكردنی سیاسەتەكانی حیزبی توودە لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمدا، رەخنەگرتن لە سۆسیالیزمی مەوجود لە كاتێكدا كە قوتبێكی گەورەی سیاسەتی دونیا بوو. ڕاوەستان لە بەرانبەر هێژمۆنیخوازی موجاهیدین، حیزبی توودە و هەندێک هێزولایەنی دیكەی كوردستانیدا، هەموویان نیشانەی ڕاستی و دروستی ئەو قسەیەن.


كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەیی قاسملوو لە سیاسەتدا هەمیشە لـەوەڕا هاتووە کە مەینستریمی چاڵێنچ کردووە و خستویەتە ژێر نیشانەی پرسیار. ئەگەر لەسیاسەتدا، تێگەیشتنی بەرژەوەندییە میللی و نەتەوەییەکان وخێری گشتی و دیاریکردنی ئامانجی سەرەکی، لە هەموو شت گرنگترە. ئەگەر دۆزینەوەی ڕێگاو میتۆدی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی و خێری گشتی مەسەلەیەکی زۆر پڕ بایەخە. ئەگەر هەوڵدان بۆ دەکارکردنی ئەو ڕێگاو میتۆدانە و تەختکردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگا، کلیلی مەسەلەکەیە، ئەوە بێ شک دەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو لەو کارەدا لە ڕیزی پێشەوەی کەسایەتییە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکاندا بووە. ئەو ئامانجە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردستان و تاکتیکی خەباتگێڕانە و چالاکی و کردەوەی سیاسیی ڕۆژانەی بە شێوەیەک لێکگرێ دابوون، کە سیاسەت و خەباتی خستبوونە خزمەت ڕزگاری میللەتی ژێرچەپۆکەی کورد. ئەو دەیەویست میللەتی کوردستان ڕزگاربێ و ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمەی هەبێت. لەخۆڕا نییە دەیگوت خودموختاری ئەگەر نێوەڕۆکەکەی نەبێتە ژیانێکی پڕ لە ڕفاە و ئازادی بۆ خەڵکی کوردستان، بایەخی ئەو هەموو خەباتەی نییە، واتە ئەو سیاسەتی بۆ دوو شت دەکرد بۆ ڕزگاری کوردستان و بۆ ژیانێکی پڕ لە سەعادەت بۆ خەڵکی کوردستان. سیاسەت لای قاسملووشتێک نەبوو جگە لە کاروخەباتی ڕۆژانە بۆ گەیاندنی میللەتی کورد بە ئاستی میللەتانی دونیا. لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بایەخی زۆری بە ژیان و جلوە جوانەکانی ژیان دەدەدا. لە شایی و زەماوەندی پێشمەرگەکاندا بەشداری دەکرد. جوانی و ڕێکوپێکی و کاروزەحمەتی و هونەر و مۆسیقا و ئەدەب و ژیانی بنەماڵەیی تەشویق دەکرد.

حزوورێکی بـەردەوام و دیـاری هـەبوو. لـە ریزەکـانی بـزووتـنـەوەدا، لـە نێو بنکەکانی پێشمەرگەدا، لە کۆمیتە شارستانەکاندا، لە نێو تەشکیلاتی نهێنیدا، لە نێو ڕووناکبیراندا، لە نێو نوسەرانی کوردو ئێرانی و ئەدیب و هونەرمەنداندا، لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییە ئێرانی و کوردستانی و ناوچەییەکاندا، حزووری بەرچاوی سیاسی و مەعنەوی پڕڕەنگی هەبوو. پێشمەرگەکان چ لە دفتەر بان، چ لە ناوچە و لە قوڵایی مەیدانەکانی خەباتی پێشمەرگایەتیدا، ئەویان لە پەنا خۆیان دەدیت. لە هەموو جێیەک ئەو حزوورە گەرم و سەمیمی و سەنگینەی لەنێو ڕیزەکانی شۆڕش و خەباتدا هەبوو. ئەو حزوورەی ڕێبەری بوو کە هێزی ئەخلاقی و مەعنەوی دابوو بە خەباتی پێشمەرگە. دوژمن لە هەموو بارێکەوە بەهێزتر وپۆشتە و پەرداختر بوو،

بەڵام ئەوە هەر پێشمەرگە بوو زەبری دەوەشاند، ڕەمزی ئەوە لە هێزی ئەخلاقی پێشمەرگەوە سەرچاوەی دەگرت. بەشی زۆری ئەو قودرەتە مەعنەوییە، دوکتور قاسملوو ئیلهامدەری بوو.

سونامی بوو لە نێو بزووتنەوەدا، لە مەیدانی خەبات و سیاسەتی ئێران و کوردستاندا، لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا پارامیترێکی جیددی بوو. وەک سونامی بوو، لە هەموو لایەکڕا دەهات، نەتدەتوانی خۆی لێ لادەی و لە بەردەستی ڕاکەی. دەکرا موخالیفی بی، دژی بی، تەنانەت دوژمنی بی، بەڵام کەس نەیدەتوانی حاشا لە گرینگی و فاکتۆربوونی ئەوبکا یا ئینکاری بکا. هیچ هێزو لایەنێک نەیاندەتوانی ئینکاری جیدی بوونی قاسملوو لەسیاسەت و خەباتدا بکەن. بەتایبەتی لە مەیدانی سیاسەتی کوردستان.

لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا، لە مەجلیس و میوانی و جەژن و زەماوەندەکاندا، لە نێوماندا، چ لەرۆژانی شایی و چ لە ڕۆژە سەخت و دژوارەکاندا، دەدرەوشایەوە. بە قسەو وتە جوان و پڕماناکانی شوێنەواری لە سەر هەمووان دادەنا. لە خۆڕا نەبوو کۆشنێر دوای شەهیدبوونی وتی لە نێو ڕێبەرانی دونیای سێهەمدا، من ڕێزوحورمەتم لە هەموان زیاتر بۆ قاسملوو هەبوو.قاسملوو ڕووناکبیرێکی خەباتگێر بوو. کاری فکری دەکرد، دەیخوێندەوە، وەزعی سیاسی دونیای لە هەموو گۆشەنیگاکانەوە تەماشا دەکرد و وەدوای ڕووداوەکان دەکەوت. قەت لە خۆی غافڵ نەبوو. زۆری دەخوێندوە، چاک فێردەبوو بەڵام فەرقی گەورەی ئەو دەگەڵ کەسانی دی ئەوە بوو کەئەو هەرچی فێری دەبوو، لەجێی خۆی بەکاری دەهێنا. ئەو فێردەبوو تا لە ژیان و خەباتدا بڕواتە پێش. بە عیشقەوە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و فەڕانسەوی و عەرەبی دەخوێندەوە. ئاگای لە ئاخرین ڕووداوەکانی دونیای ئەدەب و هونەر وسینەماو مۆسیقاو فەلسەفە بوو.

هەموو ڕۆژێ هەواڵەکانی دونیا و ناوچە و ئێرانی تاقیب دەکردن و پێوەندی نێوان ئەوانی دەدۆزییەوە و باشترین تەفسیری لێ دەکردن و بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێی خەبات کەڵکی لێوەردەگرتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێوەندییەکی بەرینی کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی هەبوو. لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی کوردو ئێرانی و عەرەب و بیانی پێوەندی هەبوو. هەرکەس یەکجار دیتبای دەچووە ژێر تەئسیری.

لە سەرتاسەری ئەو ماوەدا کە سکرتێری حیزب بوو، بەتایبەتی لەو ساڵانەی دواییدا، شەووڕۆژ بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنی حیزب کاری دەکرد. باشترین کات و سەعاتەکانی تەمەنی خۆی بۆ نووسین و قسەکردن و دەرس وتنەوە و پێکهێنانی کۆڕوکۆبوونەوە و دیداری جۆراوجۆری سیاسی و حیزبی و دیپلۆماسی تەرخان دەکرد.ئیدەی سیاسی قاسملوو ئەمڕۆ بۆتە دیسکۆرسی سیاسی لەکوردستاندا. بۆتە هەوێنی ژیان و خەباتی کۆمەڵانیخەڵکی کوردستانی ئێران. خوێندکاران، لاوان، قوتابیان، ژنان، مامۆستایان، زانکۆییەکان و باقی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان ئیلهام لە قاسملوو وەردەرگرن.

هەرچەند دوکتور قاسملوو هاونەسڵی، نەسڵی ئێستای کوردستان نییە، بەڵام ئیدە و پەیام و ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئێستاش لە نێو نەوەی نوێی کوردستاندا لە هی هەموو کەس باشتر وەردەگیرێن. قاسملوو لە هەموو ڕێبەرانی ئەمڕۆی کورستان، لە نەوەی نوێی کوردستان نزیکتر و مەقبوڵترە.

قاسملوو دەیگوت کوردستان دەبێ لەو وەزعە بێتە دەر. کورد لە ژێر ستەمدایە و کوردستان دابەش کراوە. ئەو وەزعە نابێت قبووڵ بکرێ. ئەوە نیوەڕۆکی پەیامی قاسملوو بوو. نەوەی نوێی کوردستان بەئێسک و پێستەوە هەست بەو ستەم و بێعەداڵەتییە دەکا کە لەسەر کوردە. هەربۆیە لە دەورانی گلۆباڵیزاسیۆندا، نەوەی نوێی کوردستان، مەوقعیەتی میللەتی خۆی لە نێو گەلانی دونیادا دەبینێ و لە جەوهەری پەیامی قاسملوو تێدەگا. بەڵام قاسملوو تەنیا هەر بەوە ڕازی نەبوو کە بەدژی وەزعی ئێستای کورد و ئەو ستەمە بێتە مەیدان کە لەسەریەتی. ئەو داهاتووی کورد و کوردستانیشی دەستنیشان دەکرد. دەیزانی کورد دەبێ بڕواتە کوێ. حەزرەتی مووسا دەیزانی ئوممەتی خۆی بۆ کوێ هیدایەت دەکا.

قاسملووش دەیزانی کورد دەبێ بەرەوکوێ بڕوا. ئەو دەیگوت کوردستان دەبێ بچێتە ڕیزی میللەتانی ئازاد و پێشکەوتووی دونیا. دەیگوت مۆدێلی ئێمە ئوورووپایە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە چڵەپۆپەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئینسانییە. لووتکەی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و تێکنۆلۆژی ئینسان ئەوەیە کە لە ئورووپا هەیە. بۆیە دەبێ بەرەو ئەو مۆدێلە برۆین. زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە تورکیە بێتە نێو ئورووپاوە. دەیگووت ئەودەم بەشێک لە کوردستان دەبێتە ئورووپا و تەئسیری لەسەر پارچەکانی تری کوردستانیش دەبێ. قاسملوو ژیانی خۆشدەویست. هەژاری تەقدیس نەدەکرد. هەموو هەوڵی ئەوەبوو ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ نەتەوەکەی بنیات بنێ.

ئەو لە مەزڵوومنمایی بێزار بوو. هەمیشە دەیگوت کوردستان شانسی ئەوەی هەیە ببێتە بەشێکی گرنگی بازاڕ و ئابووریی ناوچە. کوردستان مەکۆی نەوت و گاز وئاوە. بۆیە ئەگەر شانسی بدرێتێ و سەرکوتی نەتەوەیی لەسەر لاچێ، زوو دەبێتە ئێکۆنۆمییەکی گەورە بەڵام دەیگوت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کورد دەبێ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی بەسەردا بێ. ئەو دەیگوت پێشکەوتنی فەرهەنگی خەمیرمایەی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە.

قاسملوو نێوەرۆکیی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کوردی فۆرمووڵە کرد، یانی کوردایەتییەک کە لە نێوەرۆکدا دێموکراتیک و ئازادیخوازە، دوورە لە بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی و مەزهەبیگەری. لەو ناسیۆنالیزمەدا خاکی کوردستان کاکڵی کێشەکەیە و کورد حەساسیەتی زۆر بە خاک نیشان دەدا. لەو ناسیۆنالیزمەدا، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەکەونە سەرووی هەموو ئیعتیبارێکی دیکەوە. لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا، ئامانج گەیشتنە بە مۆدێرنیتە، نەک دژایەتی مۆدێرنیتە. لەو ناسیۆنالیزمەدا، دین لە دەوڵەتو حکوومەت جیایە. یانی پێوەندییە سیاسی و حقوقییەکان سێکۆلاریزە دەکرێن نەک کۆمەڵگا. زۆر جار دەیگوت حیزبی ئێمە لائیکە. یانی ئێمە نامانهەوێ دین لە کۆمەڵگای کوردستان وەدەرنێین بەڵکوو دەمانهەوێ دین وەک نیهادێکی کۆمەڵایەتی ئەو نەخشەی هەبێت کە بە شێوەیەکی سرووشتی چاوەڕوانی لێ دەکرێت. لەو مۆدیلە لە کوردایەتیدا مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و منداڵان و کەمایەتییەکان و کەمئەندامان، دەبنە بەشێک لە جەوهەری بەرنامەی ڕزگاری نەتەوەیی و شۆڕش و خەبات.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەمجۆرە قاسملوو ناسیۆنالیزمی کوردی خستەسەر جادەیەکی ڕاست و درووست. ئەو ناسیۆنالیزمی کوردی کردە بەشێک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ناوچەکە. ئەو خەباتی کوردی لە کەوتنە داوی دژایەتی کردنی ئیسرائیل، یەهودییەت و مەسیحییەت و هەر چەشنە دین و مەزهەبێکی دیکە پاراست. بەو جۆرە ناسیۆنالیزمی کوردی کردە پاڕامێترێکی جیددی بە قازانجی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و ناوچەکەدا.

ئەو بە هەموو تواناوە تێکۆشا خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان نەکەونە داوی تیرۆریزم و ڕادیکالیزم و بونیاتگەرایی مەزهەبی و سیاسی و ئیدۆئۆلۆژیک و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە یانی ناسیۆنالیزمی کورد و خەباتی کوردی لەگەڵ دێموکراسی و لیبڕالیزم و ئوسوولە نێونەتەوەییەکان و عورفی نێودەوڵەتی هاوئاهەنگ کرد.

قاسملوو قەت سۆز و رق و کینەی نەدەکردە بناخەی سیاسەتگوزاری و هەڵوێستی سیاسی. واقعبین بوو. بڕوای بە لاوانی کوردستان هەبوو. تێدەکۆشا کورد فێری بەرزەفڕی بکا و هانی دەدا توونتر و بەرزتر لەوە کە هەیە بفڕێ. شوێنەواری قاسملوو لەسەر خەباتی کورد لە چوارچێوەی زەمان و مەکانی سەردەمی خۆی تێپەڕیوە بۆیەشە لە نێو کورداندا هەروا بەرز و بێ هاوتایە. ئەو مەسئولیەتی وەردەگرت. دەیگوت چ وەک تاک و چ وەک نەتەوە دەبێ بەرپرسایەتی قبووڵ بکەین بۆ ئەوەی لەو دۆخەی کە تێیداین بێینەدەر. دژی ئیمامزادە سازی بوو. بۆ ئەو ئیمامزادەسازی یانی ڕاوەستان لە مێژوودا، یانی بەبارمتەگرتنی داهاتوو بوو. لەحیزبایەتی و سیاسەتکردندا دژی ڕۆحیەی کەربەلایی بوو. لایەنگری عەقڵ وکردەوەی سیاسی هەڵسەنگێنراو بوو. دژی بەهرەبەرداری لە شەهیدان بوو. بۆ ئەو سست عونسۆری و کورتبینی و خۆپەرستی و ڕۆحیەی دژی کۆمەڵایەتی و تا سەری لووتی خۆدیتن، گەورەترین نیشانەکانی دواکەوتوویی بوون. لایەنگری سەرسەختی پلۆرالیزمی سیاسی و حیزبی و فەرهەنگی بوو.

پێی وابوو پلۆڕالیزم و دیسانتڕالیزم دەبنە مایەی سەرهەڵدانی ئابووری و پێشکەوتن و خەلاقیەت و ئینێرژییەکان ئازاد دەکەن هەر بۆیە دەیگوت ئێران دەبێ دیسانتڕالیزە و پلۆڕالیزە بکرێ. لە سیاسەتدا جرمی بنتام بۆ قاسملوو سەرمەشق بوو واتە کارکردن بۆ دابینکردنی خێری گشتی. خێری گشتی لەوەدایە کە مرۆڤ قازانجی کورتخایەنی خۆی فیدای قازانجی درێژخایەنی گەل و وڵات بکا. لەسیاسەتدا دووربین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ستراتیژیک بوو. له نووسین و وتار و باسه‌کانیدا دیدی زانستی و ئینسانی زاڵه. شعووری به‌رزی سیاسی و واقعبینی سیاسیان تێدایه. ئه‌وه له وڵاتێکدا که خه‌ڵک به هه‌وا و له‌سه‌ر ئه‌ساسی سۆز و عاتیفه کارده‌که‌ن، کارێکی ده‌گمه‌نه. ئه‌و له به‌یان کردنی مه‌به‌سته سیاسییه‌کانیدا زۆر ڕه‌وان بوو؛ ئاڵۆزترین مه‌سه‌له‌کانی به‌زمانێکی زۆر ساده ده‌ر ده‌بڕین. له سیاسه‌تدا ئاینده‌بین بوو. خۆبه‌زلزان نه‌بوو.

دیدێکی ئاواڵای هه‌بوو. خاوه‌ن نه‌زه‌ر و هه‌ڵسه‌نگاندنی خۆی بوو، بۆیه له لایه‌ن هه‌موو ئه‌کته‌ره‌کانی سه‌ر شانۆی سیاسه‌تی ئێران و کوردستان و ته‌نانه‌ت موخالیفه‌کانیشی به جیددی وه‌رده‌گیرا. زۆریان هێرش کرده سه‌ری به‌ڵام ئه‌وه زه‌ڕه‌یه‌ک کاری لێنه‌کرد و له خه‌باتی سارد نه‌کرده‌وه. قه‌تیش شه‌ڕه‌جنێوی نه‌کرد. هه‌میشه ده‌یگوت ده‌بێ ئه‌ده‌بیاتی حیزب وه‌زین و هه‌ڵسه‌نگێنراوبێ و له ئه‌ده‌بیاتی چاله‌مه‌یدانی خۆ دوور بگرین. ئه‌و قه‌ت حه‌قیقه‌ت وگۆڕه‌پانی سیاسی کوردستانی له پاوانی خۆیدا نه‌ده‌دی، نه‌یده‌ویست حیزبی دێموکرات تاقانه‌بێ به‌ڵام تێده‌کۆشا حیزبی دێموکرات به‌هێز و کاریگه‌ر بێ له مه‌یدانه‌که‌دا. ئه‌وپێی وابوو ته‌وافوق ده‌بێ له ئاکامیهاتنه گۆڕی ڕوانگه جۆراوجۆره‌کانه‌وه وه‌ده‌ستبێ. له کۆبوونه‌وه‌کانی کۆمیته‌ی ناوه‌ندیدا دوای هه‌مووان نه‌زه‌ری خۆی ده‌رده‌بڕی و ته‌نیا هاوئاهه‌نگی درووست ده‌کرد. قاسملوو وێڕای ئه‌وه‌یکه ده‌ریایزانیاری بوو که‌سێکی سه‌میمی و گه‌رمیش بوو. نموونه‌ی به‌رزی ڕۆحیاتی به‌رزی ئینسانی بوو. به هه‌موو بڕواوه بۆ ئه‌و ئامانجانه کاری ده‌کرد که بڕوای پێیان بوو.

پێغه‌مبه‌ر ئه‌گه‌ر بڕوای به په‌یامی خۆی نه‌بێت، ناتوانێ خه‌ڵکیان له ده‌وره کۆکاته‌وه. ئه‌و بڕوای به په‌یامیخۆی بوو بۆیه‌ش ده‌یتوانی خه‌ڵکیان بۆ مۆبیلیزه بکات. ئه‌و ده‌یگوت ده‌بێ له خه‌باتدا ته‌کیه بکه‌ینه سه‌ر ئامانجی درووست و وه‌سیله‌ی درووست و پرۆسه‌ی درووست. ده‌یگووت ده‌بێ له جیاتی چه‌ک و پووڵ داوای پشتیوانی سیاسی و مه‌عنه‌وی بکه‌ین. ئه‌و ده‌یگووت ده‌بێ ته‌کیه بکه‌ینه سه‌ر بیری خه‌باتگێڕانه و په‌روه‌رده و ریتۆریکی حه‌قخوازانه و عادڵانه. له مێژووی هه‌ر نه‌ته‌وه‌یه‌کدا به‌ده‌گمه‌ن که‌سانی وا هه‌ڵده‌که‌ون که ده‌بنه که‌سایه‌تی مێژوویی.

قاسملوو نه‌ک دوای مه‌رگی ته‌نانه‌ت له سه‌رده‌می ژیانی پربه‌ره‌که‌تیشیدا، بوو به که‌سایه‌تییه‌کی مێژوویی. ئازایه‌تی له هه‌ڵوێست گرتندا، بینشی قووڵی سیاسی و شه‌هامه‌تی سیاسی که له‌قاسملوودا هه‌بوون، له هه‌مووسیفه‌ته‌کانی دیکه‌ی زه‌قتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون. زەمانێک کە خەڵک جەمارانیان بە مەککەیەکی دیکە دەزانی، وتی ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێ بۆنی فاشیزمی مەزهەبی لێدێ. ئەگەر نەزەراتی ئەو بە هێند گیرابا، ئێران تووشی ئەو سیاچاڵە نەدەبوو کە ئێستا تێیدایە. دوکتور قاسملوو هەم شارەزا و لێهاتوو بوو، هەم بە ویژدان و خاوەن ئەخلاقی خەباتگێڕانەش بوو. هەمیشە دەیگوت ئێمە بەرپرسین. دەبێ وریای کار و کردەوەکانمان بین و خەڵک لێمان دەپرسێتەوە. لە نێو تەواوی ڕێبەرانی سیاسیی ئێران و کوردستاندا، دەنگی قاسملوو لە دیفاع لە دێموکراسیدا، جەسوورترین و بەرزترین دەنگ بوو. لەخۆڕا نەبوو بە کوردستانیان دەگووت سەنگەری دیفاع لە ئازادی و دێموکراسی. ئازادەگی جەوهەری ئەخلاقی قاسملوو بوو. ئەو دەیگوت سیاسەت ئەگەر ئیلتیزام، تەعەهود و مەسئوولیەتی لەگەڵ نەبێ دەبێتە بۆمبێکی خەتەر. مەسئوولیەت تەعەهود یەکێک لە ماتۆڕەکانی فرۆکەی سیاسەتی قاسملوو بوون؛ هەمیشە نیگەرانی ڕاستی و درووستی کار وکردەوەکانی تێکۆشەرانی حیزب بوو. ئەو چاک پێوەندی دیالێکتیکی نێوان ئامانج و وەسیلە و پرۆسە و ئاکامی دەزانی. دەیگوت ئامانجی بەرز و ئینسانی دەبێ بە وەسیلەیەکی ئینسانی و میتۆدی ئینسانی کاری بۆ بکرێ. دەنا تووشی شکست دەبێ بۆیە تێدەکۆشا بزووتنەوەی کورد لە هەموو هەڵە و پەڵەیەک و کوێرزەینییەکی سیاسی دوور ڕاگرێ.

ڕووناکبیرێکی دیار بوو بەڵام لەگەڵ هەموو ڕووناکبیران جیاوازی هەبوو. قەت ئیدیعای ڕووناکبیری نەدەکرد و ئەدای ڕووناکبیرانی دەرنەدەهێنا. لە هەمان کاتدا ئیدیعای دەروێشیشی نەدەکرد. بێ نیازبوو، کەسێکی حەماسی بوو، هەموو ژیان و زانایی و تواناکانی خۆی هێنابوونە خزمەت شۆڕش. زۆری پێخۆش بوو میللەت و ڕۆحی باوکی لێی ڕازی بن. ئەو حیسابی لە خۆی و هاوڕێیانی دەکێشا. دەڵێن کار دەگەڵ حەزرەتی عیسا سەخت بووە، چوونکە سەختگیر بووە، بەڕاستی ئەوە لەسەر قاسملووش ڕاست بوو. ئینزباتێکی سەختی لە سەرخۆی و حیزب و هاوڕێیانی پیادە دەکرد.

بۆ قاسملوو سیاسەت مەیدانی کار بۆگۆڕینی کۆمەڵ بوو، بۆیە خەڵکی کوردستانی تەشویق دەکرد سیاسەت بکەن. دەرکێکی درووستی لە مێژوو هەبوو، دەیزانی ئێران و کوردستان بەکام وەزعی مێژووییدا تێدەپەڕن بۆیە هەمیشە گەشبین و ڕوو لە داهاتوو بوو. دژی ئەوە بوو سیاسەت، دین وەک وەسیلەی چوونە پێشی خۆی بەکار بێنێ. چونکە دەیگوت لە حاڵێکی ئاوادا سیاسەت سەرەنجام دەبێتە داردەستی دین. ئەو لەوبارەوە ئەزموونی ئوورووپای بە نموونە دەهێنایەوە. فەرهەنگی سیاسی و ئینسانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو هێندە دەوڵەمەند بوو کە هەموو کەسی دەخستە ژێر شوێنەواری خۆی.

دانیال میتران دەڵێ قسەکردن دەگەڵ قاسملوو ئارامبەخشی ڕۆح بوو. ناسری پاکدامەن دەڵێ قاسملوو کەسێکە وەک موسەدیق کە ئێران دەبێ پێیەوە بنازێ. سەرمەشقێکی لە خۆی درووستکرد، کە لە هەموو سەرمەشقەکانی ئەو چەند دەیەی دوایی نێو بزووتنەوەی کورد تێپەڕی. ئەوەتا سێ دەیە دوای شەهیدبوونیشی زەمان نەیتوانیوە بیخاتە هەمبانەی فەرامۆشییەوە. ئەو دەیگووت ئەرکی هەرە گەورەی حیزبی دێموکرات ڕێکخستنی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردستانە. قازانجی گشتی کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوە بوو، بۆیە ئێستاش هەر سەرچاوی ئیلهام و لێفێربوون و مۆتیڤاشونە. پێی وابوو حیزبی دێموکرات دەتوانێ لە یەک کاتدا خەبات بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی و رزگاری لە بێ عەدالەتی کۆمەڵایەتیش بەڕێوەبەرێ. بە ڕۆحیەی مەزهەبی سیاسەتی نەدەکرد. ڕۆحیەی مەزهەبی یانی وشکبیری لە ئەندێشەی سیاسی و توونددوتیژی لە کردەوەی سیاسیدا. بۆ درێژەپێدانی ریبازی قاسملوو دەبێ خۆمان بە ئینلایتنمێنت واتە تەنویری قاسملوو بسپێرین. بە چاویلکەی ئیدئۆلۆژی تەماشای دونیا نەکەین.

ڕوانگە و پێرسپێکتیڤی حیزب و بزووتنەوە بەرین کەینەوە. زەنجیری بەرچاوتەنگی و دەمارگرژی لە دەست و پێی سیاسەت و بیری سیاسیمان بکەینەوە. دەبێ بزووتنەوە گەورە و بەرین کەینەوە بە جۆرێک کە هیچ کەسایەتی و هێزێکی دێموکراتیکی کوردستانی وەلانەنرێ. دەبێ سیاسەتی کوردی و حیزبایەتی لە پاتۆلۆژی پاک کەینەوە و زمانی سیاسەت و دیپلۆماسی و ئەدەبیاتی ڕۆژانەمان لە جوێن و تەوهین و سووکایەتی کردن بە یەکتر و ئەم و ئەو دوور ڕاگرین. دەبێ ئاستی سیاسەت و کاری حیزبی بەرینەسەر و خۆمان هەڵکێشینە ئاستی ئەو مەسئوولیەتەی لە سەر شانمانە. دەبێ خۆمان بەرینە ئاستی تێکۆشەرێکی حیزبی. دەبێ بە جەهەتی خێری گشتیدا هەنگاو هەڵگرین.

بەڵێ دوکتور قاسملوو ئێستاش هەروا سەرمشقی خەبات و سەچاوەی ئیلهامە بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزب و ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی دیکەی ڕێگای ئازادی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرژەوەندیی پشتگیری لە جووڵانەوەی کورد!

مەولوود سوارە

٢٢ی پووشپەڕ رۆژێکی لەبیرنەکراو و تاڵ بۆ کورد بەتایبەت لە رۆژ هەڵاتی کوردستانە. ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ ٣٠ ساڵ بەسەر تێرۆری دکتۆر قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێمۆکرات و ناسراوترین ڕێبەری کوردەکانی ڕۆژهەڵات تێپەڕی. دوکتۆر قاسملوو پاش بەشداریی لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست کە لە سوئێد بەرێوە چوو، بۆ وتووێژ و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردەکانی ئێران و، درێژەی وتووێژەکان دەگەڵ نێردراوانی دەوڵەتی ئێران چوو بۆ وییەن.

قاسملوو لەسەر ئەساسی ئەو فکرە کە هەر لە بنەڕەت ڕا کورد خوازیاری شەڕ و کوشت و کوشتار نییە و، لە لایەکی دیکەش ڕاست لەو کاتانەدا کە ڕێژیمی ئێران پاش هەشت ساڵ شەری وێرانکارانە دەگەڵ ئێراق تازە ئاگربەس و کۆتاییهێنان بە شەڕی قبووڵ کردبوو و، واویدەچوو کە پێویستی بە برێک ئارامی و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی وێرانی خۆی هەبێ، بۆ نیشاندانی نیازپاکیی زیاتری کوردەکان و بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی کوردستانیش بگرێتەوە، هەوڵی سازان و ڕێککەوتنی دەدا. هەر بەو مەبەستەش بێ لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنیی دانیشتنەکان دەگەڵ بەڕواڵەت دیپلۆماتەکانی ڕێژیمی ئێران چووە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەو بە نییەتی باش و کۆتاییهێنان بە شەڕ لە کوردستان و چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ئێران ڕێگای وتووێژی گرتە بەر. لایەنی بەرانبەریش واتا دەسەڵاتدارانی ئێران لە جیاتی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە، وەک سیاسەت و ئیدە و رەوشتی نەگۆریان، کە کوشتن و تێرۆر و لەنێوبردنە، پلانیان بۆ کوشتنی قاسملوو و هاورییانی داڕشتبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێرۆری وییەن، نە یەکەم پیلانی تێرۆریستیی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو و، نە لە دوای ئەم تێرۆرەش کۆتاییان بە سیاسەتی حەزفی فیزیکیی نەیاران و جیابیرانیان هێناوە. لە ماوەی هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان لە ئێران، هەتا ئیستا زیاتر لە شەست هەزار کەس لە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون. زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە چالاکانی سیاسیی کورد لە باشوری کوردستان، بێ لەبەرچاوی گرتنی سەروەریی وڵاتی جیران لە لەلایەن تیرۆریستەکانی ئیرانەوە تێرۆر کراون. بەدەیان کەس ڕفێندراون و بێسەروشوێن کراون. لە زۆر وڵاتی ئوروپایی و تەنانەت وڵاتانی بەشەکانی دیکەی جیهانیش کردەوەی تیرۆریستی بەهۆی بەکرێگیراوانی سەر بەو ڕێژیمە لە دژی تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی کراون.

تێرۆر و لەنێوبردنی نەیاران و جیابیران بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران، شتیکی شاراوە نیە و هەموان لێی ئاگادارن. کوردەکان و نیشتمانەکەیان بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراون و، ئەوە بۆ زیاتر لە سەدەیەک دەچێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی بەردەوام و بێ پسانەوەیان هەیە. ئەگەر لە ڕابـردوودا هەوڵ دەدرا تەنانەت دەنگدانەوەی خەباتەکەشیان کپ بکرێ، ئیستا ئەم خەباتەیان بۆ ناشاردرێتەوە. ئەوانەی پێشتر قاسملوویان ناسیوە، دەزانن کە کەسایەتی و بیر و ئەندیشەی ئەو پیاوە دەیتوانی لە چارەسەرکردنی زۆر لە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یارمەتیدەر بێ. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەی چۆن بوو کە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی وڵاتی ئوتریش، کاتێک ئەو ڕێبەرە سیاسییە کوردە لە ڤییەن تیرۆر کرا، بە بەرچاوی هەموو جیهان و تەنیا لە پێناوی بەرژەوەندە ئابووری و بازرگانییەکانی دوو وڵات، کە بێگومان ئەوەندە زۆریش نەبوون کە هەموو بایەخە مرۆڤایەتیەکانیان بۆ ژێرپێ بخرێ، تێرۆریستەکانی ناردەوە تاران؟ ئایا نەدەبوو وڵاتانی ئوروپایی کە ناوەندی دەسەڵاتی دێمۆکراتیکی جیهانن، و بۆ خۆیان دەڵێن لەسەر مافی مرۆڤ بە جوابن، لە ئاست ئەم ساتوسەودا شەرماوییەدا نارەزایەتیان دەربڕیبا؟ بڵێی کوردەکان بتوانن ئەم غەدرەی دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش لەبیر خۆیان بەرنەوە؟

سێ ساڵ پاش ٢٢ی پووشپەڕی ٦٨ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆتە بنکە و ماکەی تێرور و کوشت و کوشتار. ئەم ڕێژیمە نەک هەر لە نیوخۆی وڵاتدا ژیانی لە خەڵک


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردوە بە جەهەننەم، بەڵکوو بۆ بنیادنانی دەسەڵاتێکی ڕەشی مەزهەبی، چاوی تەماحی بڕیوەتە وڵاتانی دیکەی ناوچە. بەبەرچاوی هەموو گەورە هێزەکان دەست لە کاروباری نیوخۆیی وڵاتانی ناوچە وەردەدا و ئیدیعای بەش و دەسەڵاتی هەیە. ئەوان لەهەر جێگایەک بن، کوشتن و ژێر پێنانی بایەخەئینسانیەکان بەدیاری دێنن، و کوردیش ئیستا لەو چوار وڵاتەی دراوسێدا بە گشتی بوونەتە قەڵخان و دەبەرانبەر تێرۆر و تێرۆریسم و دەسەڵاتە دواکەوتۆکاندا پێشەنگی خەبات و قوربانیدانن. بۆیە ناڕەوایە ئەگەر ئەم فیداکارییانە بێ وڵام بن و خەبات و قوربانیدانی ئێمە لە پێناوی ئەو بایەخ و ئامانج و پرەنسیپانەی کە بۆ هەموو مرۆڤایەتی جێگای ڕێزن، نەبیندرێ و بە تەنیا بهێڵدرێتەوە. هەموو لایەک باش شارەزان کە کورد ئیستا گەورەترین میللەتی بێ وڵاتی جیهانە و بە توندترین شیوەی مومکین سەرکەوت دەکرێ و پێش بە چوونە پێشی دەگیرێ. حەق وایە و دەبەرژەوەندی هەموو لایەکدایە کە کورد بایەخی زیاتری پێ بدرێ و پشتی خەباتە ڕەواکەی بگیرێ.

لە ٣٠ ساڵەی تێرۆری قاسملوو و هاوڕێیانیدا جارێکی دیکە وێڕای ڕێزگرتن لە خەباتی ئەو کەسایەتییە گەورە، پەیمانی وەفاداری نوێ دەکەینەوە کە لەجاران زیاتر لەسەر خەباتی رەوای گەلەکەمان شێلگیرتر بین و، تا وەدیهاتنی ئاوات و ئارەزووەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدەمان، دریژەدەر و پێشمەرگەی ڕێگا و ئامانجەکانی بین.

بەرەو جیهانێکی بێ کوشتار، بەرەو داهاتوویەکی بەدوور لە سەرکوت

و سڕینەوە و بێمافی بۆ نەتەوەی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەوەی لە قاسملووەوە ماوەتەوە

**شەماڵ تەرغیبی**

ڕەنگە دوور لە لۆژیک نەبێ گەر بڵێین یەکێک لەو پارامێترانەی کە بۆ هەڵسەنگاندنی حیزبێکی سیاسی یان ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی لە حاڵی خەباتدا یان ڕەوتێکی فکری باو لە نێو ڕێکخراوەیەکدا لەبەرچاو دەگیرێ و دەکرێتە پێوانەیەک بۆ چاودێران و مێژوونووسان، سیاسەت و لێدوان و ئاکاری سیاسی ڕێبەرانی ئەو حیزبە سیاسییە بێت. لە نێو گەلی کوردیشدا و بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کە خەباتەکەی بۆ ئازادی ساڵانێکی دوورودرێژە دۆم دەکا، کەسایەتییەکی وەک شەهید د.قاسملوو یەکێکە لەو ڕێبەرە بەباندۆڕانەی کە شێوازی سیاسەت کردن و ئاکارە سیاسییەکانی بۆ نەسڵی دوای خۆی جێگەی پرسیار و لە هەمان کاتیشدا لێفێربوونە.

بۆیە لێرەدا ئەم پرسیارە زۆر بە لۆژیکی دێتە بەرچاو کە بپرسین: قاسملوو چی بۆ دوای خۆی بەجێ هێشت؟ یان بە دیوێکیتریدا میراتی سیاسی قاسملوو چییە کە دەوترێ «قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە ؟!»

پڕئاشکرایە کە د.قاسملوو هەم لە کاتی ژیانیدا و هەم پاش مەرگی، بە شێوەیەکی بەرچاو باندۆری لەسەر نەتەوەی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داناوە و میراتێکی دەوڵەمەندی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە؛ بەڵام پێش لەوەیکە بپرژێینە سەر ئەم بابەتە دەبێ ئەوە بزانین کە کەسایەتی د. قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی لەنێوان دوو کولتووردا شکڵی گرت: «کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتی و کولتوورێکی ڕۆژئاوایی؛» بەو واتایە کە لە هەڕەتی لاویەتیدا، لە نێوان چەندین پانتایی و فەزای جۆراوجۆری جوغرافیایی، کولتووری و سیاسیدا بەردەوام هاتوچۆی دەکرد.

جیا لەمەش بەو هۆیەوە کە دایکی مەسیحیی ئاسووری بووە و باوکی کوردی موسوڵمان، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ زمانەکانی کوردی، ئازەری و فارسی ئاشنایەتی تەواو پەیدا دەکا و دواتریش، پاش ئەوەی بۆ خوێندن ڕووی کردە ئورووپا، چەندین زمانی دیکە فێربوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر ئەمەش بووە مایەی ئەوەی لە قاسملووەوە ماوەتەوە شەماڵ تەرغیبی بەرفراوانبوونەوەی جیهانبینییەکانی د.قاسملوو و بەرینبوونی سنووری جیهانێک کە د.قاسملوو تێیدا دەژیا. ئەگەر لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە دەتوانین بڵێین بە هۆی هەڵکەوتنی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک ژینگەی سیاسی شەهید قاسملوو لە ئێراندا، قاسملوو لە سەرەتای ژیانیەوە لەگەڵ دوو کولتووری سیاسی ئاشنا دەبێ: «کولتووری سیاسیی کوردی و کولتووری سیاسیی فارسی .»

دواتر کە دەگاتە ئورووپا، لە گەڵ دوو کولتووری جیاوازتر ئاشنا دەبێت کە بریتین لە: «کولتووری سیاسیی ڕۆژئاوای ئورووپا )واتە لیبراڵ دێموکراسی( و کولتووری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا (واتە سۆسیالیزم).» لێرەدا ڕەنگە ئەو پرسیارە درووست بێت کە کەم نەبوون ئەو کەسایەتییانە کە ژیانیان هاوشێوەی شەهید قاسملوو بوو کەواتە بۆچی ئەوان نەیانتوانی بگەنە ئەوپێگە مەعنەوییەی کە د.قاسملوو پێی گەیشت؟ کە ڕەنگە گونجاوترین وڵام بۆ پرسیارێکی لەو چەشنە ئەوە بێت کە قاسملوو سەرەڕای ئاشنابوونی لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازییە زمانی، کولتووری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیکییانە، هەرگیز کوردستانی بەجێ نەهێشت و ئەگەرچی بە جەستە لە کوردستان دوور بوو بەڵام بە فکر و بە ڕۆح هەر دەم لە کوردستان بوو

و کلتووری نەتەوەکەی خۆی بە کەمتر لەوانی دیکە نەدەبینی و بەپێچەوانەوە هەوڵی ئاشناکردنی کەسانی دۆڕاویشی دەدا لەمەڕ ناسینەوەی «خود» کە ئەمە دەکرێ وەک ڕەمزی سەرکەوتنیشی بەئەژمار بهێندرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە قاسملوو میراتگری حیزبێکی سیاسی بوو کە لە کاتی دامەزراندنیدا، وەرچەرخانێکی مێژوویی لە کولتووری سیاسیی کوردەواریدا هێنابووە گۆڕێ؛ حیزبێکی سیاسی کەتوانی کەڵک لە هەلومەرجی نێودەوڵەتی لە سەروبەندی شەڕی دووهەمی جیهانیدا وەرگرێت و کۆماری کوردستان دامەزرێنێت کە بۆخۆی بووە هۆی بنیاتنانی کولتوورێکی نوێی سیاسی لە کوردستاندا.

بێگومان ئەگەر بمانهەوێ ڕیشەی فکری سیاسی د.قاسملوو لێک بدەینەوە ناتوانین نەخش و دەوری پێشەوا لە بیر بکەین؛ قازی محەممەد کە بێ شک یەکێک لە ئێلیتەکانی زەینیی د.قاسملوو بوو، توانی بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات هاوسەنگییەکی بەرهەست لە نێوان ناسیۆنالیزمی کورد، ئازادی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ڕابگرێت؛ بە واتایەک، حیزبی دێموکرات توانی خۆی لە ئیدئۆلۆژیی باوی ئەودەم، دیکتاتۆرییەت لە ئێران و کۆمونیزمی یەکیەتیی سۆڤییەت، دوور ڕابگرێت و نموونەیەکی بەرهەستتری هاوتەراز و گونجاو لەگەڵ کلتووری کوردستان بدات بە دەستەوە.

ئەمانەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ئەندێشە پێشکەوتنخوازانەکانی د.قاسملوو دانا کە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستییەش لە دوو قۆناغدا بەرجەستە بوویەوە؛ کاتێک کە حیزبی دێموکرات دەکەوێتە ژێر نفوزی حیزبی توده و دواتر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی عێراق، هەست بەو مەترسییە دەکرا کە حیزبی دێموکرات ناسنامەی خۆی لەدەست بدات بەڵام لە هەر دوو قۆناغەکەدا، قاسملوو دەوری سەرەکیی هەبوو لە پاراستنی ناسنامە و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ئەو حیزبەدا و گەڕاندنەوەیان بۆ ڕێچکە و ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی کە بێ شک ئەمە لە ئایدیا و فکری دامەزرێنەری حیزبەوە سەرچاوەی دەگرت.

خاڵیکی جێگەی سەرنج کە مرۆڤ ناتوانێ سەبارەت بە کەسایەتی د.قاسملوو باسی نەکات شوێندانەرییە مێژووییەکانی ناوبراوە کە سەرچاوەگرتوو لە تیژبینی و دووربینی ئەوەوە سەرچاوەیان گرتبوو؛ لە کاتێکدا کە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی ئێران لە ڕێفراندۆمی ساڵی ١٩٧٩ دەنگیان دا بۆ کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد لە ئێران بە ڕێنوێنیی حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو ئەو ڕێفراندۆمەیان بایکۆت کرد کە هەنووکەش پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ یەکێکە لە شانازییەکانی گەلەکەمان. لە هەمان کاتیشدا د.قاسملوو سەرباری ئەوەیکە خوێندنەوەیەکی درووست و پراگماتیستییانەی بۆ شێوەڕوانینی ناوەند بۆ سەر کوردستان هەبوو و بەباشی دەیزانی کە ڕێژیم بە چاوی کۆلۆنییەوە سەیری کوردستان و خەڵک و خاکەکەی دەکات بەڵام دیسانیش نەیدەتوانی خۆی لە پێبەندییە ئەخلاقییەکان بشارێتەوە بۆیە دەبینین کە فەرهەنگی هەڵسوکەوتی درووست لەگەڵ دیلی شەڕی هەموو کات لەبەرچاو دەگرت و ئەمەی وەک وانەیەک بۆ نەسڵی دوای خۆیشی بەجێ هێشت بۆیە دوکتور قاسملوو هەردەم پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە پێشمەرگە نابێ دیلی شەڕ ئێعدام بکەن کە لێرەدا دەتوانین بە فلاش بەکێک بگەینەوە بەو خاڵە گرینگەی کە سنووری جیهانبینییە سیاسییەکان قاسملوو لە کەسانی دیکە زۆر بەرینتر بووە بۆیە وەک میراتێک بۆ نەسڵەکانی پاش خۆی ماوەتەوە و هەنووکە بووەتە بەشێک لە کلتووری سیاسی ئێمەی کورد.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەش دەتوانین ئاماژە بە خاڵی کۆتایی لە سیمای دێموکراتدا بکەین کە لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب د.قاسملوو هێنایە بەرباس و بوو بە مێتۆدی خەباتی گەلی کورد؛ ئەویش بریتییە لەوەیکە «دێموکرات بەشەردۆستە و دۆستایەتی نێوان ئینسانەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز و مەزهەب، بایەخێکی زۆر دەدا و هەر چەشنە رەگەزپەرەستی و فاشیزم و مەزنیخوازییەک مەحکووم دەکا. «خاڵیکی گرینگی دیکە کە لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە د.قاسملوو تا دواساتەکانی ژیانی لەسەر ئەو ڕاستییە پێداگر بووە و قورس و قایم ڕاوەستاوە کە دەبێ وەک ڕێبەرێک ئامادە نەبێ مافەکانی کورد فەرامۆش بکات و لەسەر ئەو ئوسول و پرەنسیپانەی کە خەباتی بۆ کردووە پێداگر بێت و تەنانەت گیانی خۆیشی لەسەر دابنێت. ئەوەی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی داوە لەنێو خەباتی نەتەوەکەیدا بیهێنێتە ئاراوە و لەڕاستیدا هەم نەتەوەکەی لەو چوارچێوەیەدا پێبگەیەنێت و هەم حیزبەکەی پێ گۆش بکات لە سیمای دێموکراتدا بەتەواوی بەرچاوەکاتێک کە دەڵێ: «دێموکرات بۆ وەلاتانی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکا. دابینکردنی ئەم ئامانجە بۆ گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە شێوەی «خودموختاری» دەبینێ.» لە هەمان ڕاستاشدا بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە بەلاڕێداچوونی جەوهەری پەیامەکە دەڵێ: «دێموکرات ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ نییە و بۆ دۆستایەتی نێوان گەلانی ئێران ڕێز دادەنێ و مافی هەموو گەلانی لەلا بەڕێزە.» ئەمە ئەو کەتوارەیە یا باشترە بڵێین یەکێکی دیکەیە لەو میراتانەیە کە قاسملووی مەزن بۆمانی بەجێ هێشتووە.

میراتێک کە پێویستە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەین و بڵێین: د.قاسملوو بەردەوام هەوڵی داوە هەم هاوسەنگەرانی و هەم خەڵکی کوردستان لە سەر ئەو ڕێبازە بار بهێنێت کە پێداگری لەسەر ئازادی و دادپەروەری و هاوپێوەندیی نێوان ئینسانەکان بکەن، مەبەستی ئەو گەیشتن بە جیهانێکی لێوانلێو لە ئاشتی بوو، ئاشتییەک کە تێیدا ئازادیی ئینسانەکان وەدی بێت، ئاشتییەک کە تێیدا بەرابەریی نێوان ئینسانەکان وەدی بێت و ئاشتییەک کە تێیدا هاوپێوەندیی نێوان ئینسانەکان بێت. ئازادی بەو مانایە کە ئینسان لەسەر بیروباوەڕی، لەسەر دەربڕینی ڕای خۆی، لەسەر گەیشتن بە مەبەستەکانی، ئازاد بێت چۆن بیر بکاتەوە، کە چۆن ئامانجەکانی دەستنیشان بکات. بەرابەریش بەو مانایە کە ئەرزشی یەکسان بۆ ئینسانەکان دابنێت. بەرابەری بەو مانایە نا کە جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان بسڕێتەوە، سڕینەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیاوازییەکان و حاشاکردن لە جیاوازییەکان، ئیدئۆلۆژییەکی فاشیستییە، بەڵام دوکتور قاسملوو باوەڕی بە بەرابەری هەبوو بەو مانایە کە لە نێوان ئینسانەکان ئەرزشی بەرابەر دابنێت بۆ ئەوەیکە مرۆڤەکان بتوانن گەشە بە جیاوازییەکان، بەهرەکان و توانایییەکانی خۆیان بدەن؛ بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێت: «تەنیا نان بۆ ژیانی شایستەی ئینسانەکان بەس نییە، بەڵکوو دەبێت ئازادیشی لەگەڵ بێت، بۆیە ئێمە بۆ ئازادی خەبات دەکەین. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتریش دەڵێ: «باشە ئەگەر خەڵک نەچەوسێنرێتەوە، نانی هەبێت، بە زمانی خۆی بخوێنێت، بەڵام ئازادیی نەبێت تاکوو بەو زمانەی خۆی نەزەری خۆی لە سەر وەزعی وڵاتەکەی دەرببڕێت، مانای ئەوەیە ستەمێک ماوە، ئەویش ستەمی سیاسییە، حیزبی ئێمە خەبات دەکات بۆ ئەوەی کە ئەو ستەمە سیاسییەش نەمێنیت.»

هەر سەبارەت بەم میراتە گرانمایە کە قاسملووی ڕێبەر بۆمانی بەجێ هێشتووە دەبێ بڵێین ئەو باوەڕی بە ئازادی تەواو لە دوو بواردا هەبوو، ئازادی لە بواری تاک و ئازادی لە بواری کۆمەڵ؛ ئەو پێی وابوو ناکرێ تەنیا ئازادییە تاکەکەسییەکان دابین بکرێن و واز لە ئازادییە گشتییەکان بهێنین.

مرۆڤایەتی دەبێت لە خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی ئازادی بەردەوام بێت و جیهانێک بێنێتە ئاراوە کە هیچ تاک و چین و ڕەگەز و ئایین و نژادێک نەبێتە کۆیلەی ئەوی تر. بۆیە لە «سیای دێموکرات» دا دەڵێ: «دێموکرات لایەنگری بەرابەریی تەواوی مافی ژنان و پیاوان لە کۆمەڵ و لە نێو خێزانە.»ئەوانە بەشێکن لەو وانە گرینگانەی کە دوکتور قاسملوو بەردەوام وتوویەتەوە و لە دوای نەمانی جەستەیی خۆیشی لە گوێی هەمووماندا دەزرینگێتەوە. باوەڕی د.قاسملوو بۆ بەرابەری و یەکسانی بریتی بوو لەوەیکە هەموو مرۆڤەکان لە یەک ئاستدان و هاوتای یەکترن کەواتە دەبێ هەلی هاوتایان بۆ گەشەپێدانی بوون و ژیانی خۆیان بۆ بڕەخسێت. یەکسانییە کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بنەمای پاراستنی جیاوازیی تاکەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە کەواتە ئازادی و بەرابەری لێک جیا ناکرێنەوە و بەپێچەوانەوە بەرابەری لە هەل و دەرفەتەکاندا مەرجی سەرەکی دەبن بۆ پێشکەوتنی تاکەکان و مانابەخشین بە ئازادیی مرۆڤ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەگشتی و لە کۆتاییدا دەتوانین بێژین ڕاستە کە قاسملوو لە مێژ ساڵە لە نێو گەلی کورد و حیزبی دێموکراتدا نەماوە بەڵام ئەو کەتوارەش حاشای لێ ناکرێ کە شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو لە لایەن کۆماری ئیسامییەوە تەنیا تیرۆرکردنی ڕێبەرێکی کورد نەبووە، بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ لەنێوبردنی نەتەوەیەک و ناسنامەی کولتووری و سیاسیی ئەو نەتەوەیە. تیرۆرکردنی قاسملوو هەوڵێک بوو بۆ تیرۆرکردنی مەعنەویی نەتەوەی کورد و سڕینەوەی ئەو میراتە دەوڵەمەندە کە قاسملوو سەرکەوتووانە پاراستبووی. تیرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندیش کە پارێزەری بەحەقی میراتەکانی قاسملوو بوو، هەوڵێکی دیکەی دزێو و ناجوامێرانەی کۆماری ئیسامی بۆ سڕینەوەی میراتی قاسملوو بوو.

بۆیە دەتوانین وەک دواوتە بڵێین ڕاستە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد پاش ئەو تیرۆرانە لاواز بووە، بەڵام میراتی قاسملوو دەوڵەمەند و زیندووە.

ئەوڕۆ بە میلیۆنان کەس لە ڕێبواران و ئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو لە کوردستاندا سنووری زمان و جیهانبینیان وەکوو سنووری زمان و جیهانبینیی قاسملوو بەرینە و ئەمەش ڕەمزی مانەوە و بەردەوامی کوردە لە شۆڕش و بەرخودان کە ئەویش میراتێکی تری قاسـملووی مەزنە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# له یادی ۳۱ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملودا

**خالید حەسەن پوور**

۱۳ی ژووئیه ۳۱ ساڵ به سەر تیرۆری دوکتور قاسملوو و عەبدوڵای قادری ئازەر تێدەپەڕێ. دەگەڵ ئەوەی هەموو رۆژەکانی ساڵ کەمن بۆ ئەوەی هەست به نەبوونی بلیمەتێکی وەک دوکتور قاسملوو بکەین، بەڵام رۆژی سێزدەی ژووئیه حیزبی دێموکرات و گەلی کورد هەست به ناسۆر و برینێکی پڕ له ئازار دەکەن . ئەوەی که زیاتریش دەبێته هۆی تەشەنا کردنی ئەو برینه، دابڕانی دوو باڵی دێموکرات لێکتر و پڕ نەبوونەوەی جێگای ئەو رێبەره لێهاتۆیەیە.

دوکتور قاسملوو له هەلومەرجێکدا شەهید کرا که شەڕی ئێران و ئێراق کۆتایی پێهاتبوو و جووڵانەوەی چەکدارانەی رۆژهەڵاتی کوردستانیش دەگەڵ ئەوەی کەوتبوه قۆناغی پاتیزانیەوە و زەبری گەورەی له رێژیم دەدا، بەڵام سەرجەم دەکرێ بڵێن له پاشەکشەدا بوو. ئەو بارو دۆخه که له ئاکامی پاشەکشەی جووڵانەوەی سەرانسەری ئێراندا هاتبوه کایەوە، رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوو سەقامگرتووی سیاسی - سەربازی بردبوو. بێجگه لەو گۆرانکاریانەی له ئاستی ئێران و کوردستان هاتبوونه گۆڕێ، سیمای جیهانیش خەریکی گۆڕانکاری له جیهانی دوو جەمسەریەوە بەرەوو جیهانێکی یەک جەمسەری بوو. ناوەندەکانی کێشه و ئاژاوه (کانونهای تشنج) لەو سەروبەندەدا بەهۆی تێکچوونی پارسەنگێ جیهانی دوو جەمسەری به سوودی یەک جەمسەری، بەرەوو کۆتایی هێنان به شەڕو و ئاشت بوونەوه دەچوون. له ئێرانیش ئایەتوڵا رەفسەنجانی که خۆی وەک لیبڕالێک نیشانی جیهان دەدا هاتبوه سەرکار و ئوروپاییەکان خەریک بوون باشترین پێوەندی ئابووری و دیپلۆماتیکی دەگەڵ دابمەزرێنن. هەر بۆیه لەلایەن ئوروپاییەکانەوه بانگەشەیێکی زۆر به سوودی رەفسەنجانی دەکرا! بەگشتی رەفسەنجانی بەخاڵگۆڕانێک له سیاسەتی رادیکاڵی خومەینی به حیساب دهات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشەکشەی جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکم کارتێکەریەکانی لەسەر جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دانابوو و لە ساڵی ١٣٦٧ ی هەتاویدا جوودابوونەوێکی لێکەوتبۆوە. هەموو ئەو فاکتەرە نێوو خۆیی دەرەکیانە نەیدەتوانی لەسەر حیساباتی دوکتور قاسملووی حیسابگەردا کاریگەر نەبێ. خاڵی هاوبەشی دوکتور قاسملوو و قازی محەمەد لە واقعبینی سیاسی ئەودوو رێبەرەدایە. کە وەختێک پارسەنگی هێز دەگۆڕێ دەگەڵ هەلومەرجی نوێ مامەلە دەکەن و رووبەڕووی راستیە تاڵەکان دەبنەوە . قازی محەمەدیش کاتێک دەبینێ هاوکێشەکە بە زیانی کۆمار گۆڕاوە، بە نرخی گیانی خۆی رێگای وتووێژ دەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دەگرێتەبەر. کارتێکەری ئەو وەزعە لەسەر دوکتور قاسملووش بە جۆرێک بوو کە، ئەوەندەی پاشەکشەی جووڵانە و کەتنە نێوو بنبەستی سیاسی – جۆغرافیایی بیری ئازار دەدا، ئەوەندە لەبیری پاراستنی گیانی خویدا نەبێ. بە خۆڕایی نەگووتراوە کە بە حەق دوکتور قاسملوو فیدای پێشبینیە سیاسیەکانی خۆی بوو.

بە داخەوە دوکتور قاسملوو لە قۆناغێکدا شەهید بوو کە وەک گوتر جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تەنێ مابۆوە و لە حاڵی پاشەکشەدا بوو. سەرباقی هەموو دەردان دوکتور شەرەفکەندیش کە وێدەچوو جێگای دوکتور قاسملوو پڕ بکاتەوە شەهید بوو. ئەوانە کارتێکەریێکی زۆریان لەسەر بارودۆخی ناهەمواری حیزبی دێموکرات دەنا. هاوهەنگاوو دەگەڵ کەلێنی گەوری رێبەری کە کەوتە جەستەی حیزبی دێموکراتەوە، هەرێمی کوردستانیش دوای هاڵۆزی و شەڕی براکووژی، بەرەوو دامەزراندنی حکومەت هەنگاوی دەنا و ئاستی پێوەندیەکانی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی پەرە پێدەدا. سەرباقی ئەو هەموە نەهامەتیە کە حیزبی دێموکرات توشی ببوو، بە هۆی پەرەگرتنی ئاستی پێوەندیەکانی هەرێم و تارانیش، تێکۆشانی حیزبی دێموکرات سنووردارتر لە پێشوو کرا. حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەدا دوو رێگای زیاتر لەپێش نەبوو، یان دەبوو بێتە ژێر سەیتەرەی هەرێم و واز لە خەباتی پێشمەرگانە بێنێ، یان دەبوو خۆی هەڵببرێتەوە و بگەرێتەوە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان وخەباتی چەکدارانە و حزووری پێشمەرگانە درێژە بدا. کە ئەمەی دوایی بەسەرنجدان بە زاڵبوونی رێژیم و سەقامگرتووی سیاسی لە ئێران وکوردستان مومکین نەبوو. شتێک کە دەبوو حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە، ناچار بە مانەوە لەژێر سەیتەرەی هەرێم بوو بیکا، گۆرانکاری بنەرەتی بوو لە شێوازی خەباتی پێشمەرگانە بۆ خەباتی سیاسی - جەماوەری و مەدەنی. ئەو شێوە خەباتە بە سەرنجدان بە بارودۆخی حیزبی دێموکرات و هەریمی کوردستان و هەروها بارودۆخی ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان گوونجاوترین شێوەی مووم‌کین بوو. کە ئەوەش پێویستی بنەرەتی بە پەروەردە کردنی کادر و گۆڕانکاری قووڵی کەلتووری و فکری و بازدان لە رووی فکریەوە بەسەر ئۆردووگاکاندا بوو. حدک دوای لەتبوون لەوبارەوە هەنگاوی چاکی هاویشت، بەڵام نەبوونی گوتار و وێژمانێکی سابیت و تۆکمە سەبارەت بە خەباتی سیاسی، جەماوەری و مەدەنی ئەو هەنگاوانەی شلکردەوە. هەتا پارسەنگی هێز بەجوورەبێ و لایەنە سیاسیەکان بە گشتی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی بنکەی سەرەکیان لە نێوو خاکی هەرێمبێ، گوونجاوترین شێوازی خەبات تێکۆشانی جەماوەری، سیاسی و مەدەنیە. و هەتا کرانەوێکی سیاسی لە ئێران و کوردستان پێکدێ و پارسەنگی هێز گۆڕانی بەسەر دادێ، پێویستە شێوازی خەباتی جەماوەری - مەدەنی وەک ئەسڵێکی ستراتیژیک چاوی لێبکرێ.

لەو قۆناغەدا هەنگاوێکی دروست و ئوسوولی کە حیزبی دێموکرات هەڵی هێناوە، یەکگرتنەوەی و تێکەڵبوونەوەی دوو باڵی دێموکرات بوو کە ساڵی ١٣٦٧ ی هەتاوی لێک جیا ببونەوە. بەڵام ئەو هەنگاوە باشە باشاری کارتێکەری شوێنەواری رەوانیەکانی پاشەکشەی جووڵانەوە و نەهامەتیەکانی نێوو حیزبی دێموکرات کە، ببووە هۆی نالێک بوونی نێوو ماڵی حیزبی دێموکرات نەدەکرد. هەروەک چۆن دەڵێن «کاسەی پڕ نیشانەی تەبایی بنەماڵەیە»، ئاواش لەبرەوودا بوونی جووڵانەوەی گەلێک دەبێتە هۆی پتەوی و یەکپارچەیی حیزبەکەی.

پێموایە هەم رێبەرایەتی و هەم ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەگشتی چاوەروانێکی ئەوتۆ کە بەو زوانە جێگای دوکتور قاسملوو پڕ بکەنەوە نەبوون. بەڵام لە حەینی حاڵدا چاوەرانی ئەوەش نەبوون کە حیزب و جووڵانەوێکی کە ئەو هەموو نەهامەتیەی بەسەر هاتوە، لە نێوو خۆشیدا نەشی هەوێ لە ئەقڵی بەکۆمەڵ کەڵک وەرگری و ریزەکانی تووشی دابڕان بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ڕێژیمەی کە دوکتور قاسملوو و سەدان تێکۆسەری سیاسی دیکەی شەهید کرد، وێناچێ بە هۆی ئەویکە گلۆڵەی لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر کەوتۆتە لێژی، چیدیکە ماشێنی تیرۆر و زەبروزەنگ بکەوێتە فریای و خەریکە چرای عوومری لە کزێیە دەدا. بەڵام بە داخەوە کاروانی حیزبی دێموکرات هەروا لەپاش و جێگای ڕێبەر و ڕێبەرایەتی هەروا خالیە. دەگەڵ ئەوەی هەردووک لای دێموکرات و هەرکام بەتەنێ ئێستاش هێزی سەرەکی نێوو جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بەڵام جێگای حیزبی دێموکراتێکی یەکگرتوو کە وەک پێشوو ڕێبەرایەتی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بکا خاڵییە. دەگەڵ ئەوەی دوکتور قاسملوو پاش قازی محەمەد بەرهەمی نیزیکەی پێنج جیلی سیاسیە، بەڵام ئەگەر خاوەنی حیزبێکی یەکگرتوو وتۆکمە بین، ئیمکانی ئەوە کە لە داوێنی ئەو یەکێتی و یەکپارچەیەی دێموکراتدا ڕێبەری دیکە لەدایک بێ زۆرە . هەرچەند ئامانجی حیزبی دێموکرات گەیشتن نیە بە ڕێبەر، بەڵکوو گەیشتنە بە ڕێبەرایەتی. بۆیە لەوقۆناغەدا دوو ڕێگا لەبەر دەم بنەماڵەی حیزبی دێموکراتدایە. ڕێگای یەکەم ئەوەیە دوو لایەنی دێموکرات لەسەربنەرەتی ئێحترامی برامبەر و هاوسەنگ یەک بگرنەوە، بە جۆرێک کە هەردووکلای دێموکرات تێدا براوەبن. تاقیکردنەوە نیشانیداوە کە تێکەڵ بونەوە کە بە قیمەتی سەردەست بوونی لایەنێک بە سەر لایەنێکی دیکەدایە هاڵۆزی و جوودابوونەوەی بەدوادادێ. لە حیزبێکدا کە چەند ساڵ بە دەست کێشەی نێوەخۆیی دیناڵاند و ئێستا زیاتر لە ١٥ ساڵە ریزەکانی لێک جیایە، تێکەڵ بوونەوە بۆی نابێتە چارەسەر، بەڵکوو پێویستە لەسەربنەرەتی مافی برامبەر و یەکسان وهەروها چارەسەری ئەوکێشانەی ببوونە هۆی لەتبوون یەکبگرێتەوە. ڕێگای دوهەم ئەویە کە ئەگەر دوو لایەنی دێموکرات یەکناگرنەوە، لانیکەم بە مەبەستی لێک نیزیک بوونەوە و بۆ ئەوەی دەوری ڕێبەری حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەکە بپارێزرێ لە چوارچێوەی یەکێتێکدا درێژە بە تێکۆشان بدن. هەلبەت ئەو ڕێگایە ئیدئاڵ نیە بەڵام لە دوو کەرتبوون باشترە.

لە ٣١ ساڵەی شەهید بوونی دوکتورقاسملوو و عەبدوڵای قادری ئازەردا، بێجگە لەویکە هەزاران سڵاوو دەنێرین بۆ گیانی پاکیان، پێویستە بیرێکی قووڵیش لە چارەنووس و داهاتووی دێموکرات بکەینەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی جووڵای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوردایەتیی دوکتور قاسملوو

شەهلا دەباغی

## خوێندنەوەی کتێبی «کوردستان و کورد»

جولییا کریستێڤا بیرمەند و فیلەسووفی بولغاری- فەرانسەوی بە زانستی تیورێک و لێکۆڵینەوەکانی خۆی ئاڵووگۆڕی بەسەر ڕوانگەمان بۆ بنیاتی زمان، نیگا بە چۆنێتی و چییەتی و کارکردی زمان دا هێنا. بەڕای کریستێڤا زمان تەنیا بریتی نییە لە وشە و سیستێم و زمان تەنیا ڕەهەندێکی باوک - پیاوسالار نییە، بەڵکوو زمان بریتییە لە ئاهەنگ و ڕیتم و گەرمای ناو سیستێم و زمان. ئەوساکە منداڵ لەناو زگی دایکیدا لەگەڵ یەکەم ڕیتمەکان و موسیقای زمان ئاشنا دەبێ ئەو هەست و زانستە لەگەڵ خۆی دەگوێزێتەوە دنیای دوای زێدانی دایک. بەڕای کریستێڤا مانا لە تێکڕای هێماکان و سیمبۆلەکان دەکەوێتە دەست. زمان هەم نیشانەیە و هەم سیستێم. و بەمجۆرە دەق بریتییە لە سییتێمێکی نیشانەیی کە هەڵگری هەم گەرما و تەپەی دڵ و ڕیتمی دایکانەیە هەم روح و دەسەڵاتی باوکانە. زۆر جار خۆکوتانی دەق بەرەو دایک، یا بە مانایەک بەرەو زێدان و نیشتمانە.

دوکتور قاسملوو بە قین و بە ستایش لەلایەن نەیار و هەوادرانی باسی دەکرێ، بەڵام کاری من لێرەدا لە دەرەوەی ئەم نیگا و باسانەیە. دەق کاری خۆی دەکا و مانا و پەیام و ژیانی خۆی جیا لە دەسەڵاتی دانەر دەخاتە بەردەم خوێنەر. دیارە نە دانەر و نە خوێنەریش بێ لایەن نین. بەڵام بەڕای کریستێڤا دەق پۆلیفۆنییە. واتە موازیکی چەند ڕەنگ و لەنێوان خەتەکانی دەق دا زۆر مانای شاراوە هەن. مانا شاراوەکان زۆر جار ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر دایک/ زێد. (Kristeva, ١٩٩٠)

کتێبە زیاتر ناسراوەکەی دوکتور قاسملوو «کوردستان و کورد، (١٩٦٣)»، هەوەڵ بە چێکی نووسراوە و قەرار بوو ئاکادیمیای زانستی چێکوسلۆاکی چاپی بکا بەڵام لەسەر داوای بنکەی بڵاوکردنەوەی سیاسی داواکرا بە سلواکی چاپ بێ چونکە هەموو سلۆاکی دەزانن و بەمجۆرە ساڵی ١٩٦٤چاپ دەبێ.(ل. ٩)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دواتر ساڵی ١٩٦٥ کتێبەکە دەکرێتە ئینگلیسی و هەمان ساڵ بنکەی کۆلێتزی لەندەن یچاپی دەکا.(ل. ١٠) ساڵی ١٩٦٧ لە ڕووی چاپی ئینگلیزی دەکرێتە عەرەبی. ساڵی ١٩٦٩ لە لایەن بنکەی بڵاوکردنەوەی پۆلۆنی دەگێردرێتە سەر پۆلۆنی. دە ساڵ دواتر ئینجا کتێبەکە دەکرێتە کوردی.(هەمان لاپەڕە)

دوکتور قاسملوو بۆخۆی لە پێشەکیدا دەنووسێ کە «ئارەزووم ئەوە بوو کە کتێبەکەم هەرچی زووتر بە زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە. زۆر بەختیارم کە ئاواتەکەم هاتە دی، هەرچەند دە ساڵیشی بەسەردا تێپەڕیوە.»(ه. ل.)

بەڵام چونکە کتێبەکە لە عەرەبی ڕا کراوەتە کوردی و عەرەبییەکە لە ئینگیسی وەرگیراوە و هێندێک شوێن ورد نەبووە، ناچار نووسەر بەسەر کوردییەکەدا چۆتەوە و هێندێک جێ دەقیق کراوەتەوە.(ل. ١١)

هاوکات چونکە زۆر وشە و زاراوەی زانستی پێویست ئەو کات زۆر لە کوردیدا نەبووە ناچار دانەر و وەرگێڕ هەوڵیان داوە هێندێک وشە دابنێن، تا بەڵکوو لە داهاتوودا کەسانی دیکە بێن و وشەکان باشتر بکەن.(ه. ل.)

نووسەر ئاماژە بەوە دەکا کە کوردستان و کورد بۆ غەیری کورد کە هیچ لەبارەی کوردستان و کورد نازانن نووسراوە تا ئەم دوو وشەیە باشتر بە خوێنەر بناسێنێ.(ل. ١٣)

کاتێک دەست بە خوێندنەوەی کوردستان و کورد دەکەین دەست بەجێ دەزانین کە ئەم کتێبە بە پێی یاساکانی نووسینی ئاکادێمیکە و دەتوانێ وەک کتێبی وانەیی بگوترێتەوە. دیارە ئەم کتێبە بە گوتەی خودی دانەر «باسێکی ئابووری سیاسی یە» بەڵام ناچاربووە «بەشی یەکەمی بۆ باسێکی جوغرافیایی ومێژوویی» تەرخان بکا.(ه. ل) هەوەڵ پاڕاگرافی کتێبی کوردستان و کورد بەوە دەست پێدەکا:

«کوردستان، وڵاتی کوردان(١) لە ئاسیای ڕۆژئاوا کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ پێک نەهاتووە، چونکە خاکی کوردستان لە نێوان ئێران و عیراق و تورکیا و سووریادا بەش کراوە. وشەی کوردستان بەڕەسمی و بە شێوەیەکی نێونەتەوایەتی دانی پێدا نەنراوەو لە نەخشەو کتێبە جوغرافیایی یەکان دا بەرچاو ناکەوێ. وشەی کوردستان بێجگە لە ئێران کە تەنیا بۆ ناوچەی سنە بەکاری دێنن، لە هیچ شوێنێکی تر بەڕەسمی بەکار نابرێ.(٢)»(ل. ١٥)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەبارەت بە ئاماری دانیشتووانی کوردستان نووسەر باس لەوە دەکا کە چۆن دوای کوشتاری ١٩٢٠ و ١٩٣٠ لە تورکیا زمانی کوردی قەدەغە دەکریّ و کورد بە تورکی کێوی دادەندریّ و زۆر کورد بە تورک لەقەڵم دەدرێن. قاسملوو دەنووسیّ:

«بەم جۆرە بە ئاشکرا دەردەکەویّ کە لەبارەی کوردەکانی تورکیاوە ناتوانین ئاگاداری یەکی ئەوتۆ لە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە وەربگرین کە دڵمان ئاوی لیّ بخواتەوە.(١٣) لە ئێرانیش کە حکوومەت کوردەکان بە ئێرانی واتە فارس دادەنیّ، بەڵکوو بە ئێرانی یەکیان دادەنیّ کە خوێنی پاکی ئێرانی لە دەمارەکانیان دا دەجووڵیّ، هەر ئەو نەخش و نیگارەمان دێتە بەرچاو.شۆوێنیزمی پان تورکیست و پان ئێرانیستەکان کە شانازی بە مەزنایەتیی رابردوویانەوە دەکەن، کارێکی وای کردووە کە بە هیچ جۆرێک ئەژمارەیەکی ڕەسمیی راست لەبارەی ژمارەی کورد لەو دوو وڵاتەدا دەست ناکەویّ.»(ل. ٢٣)

لە ئاخر دێڕەکانی کوردستان و کورد لە سەر باسی دانیشتووان و ئاماری کوردستان دا هاتووە:«سەدە هەشتاو پێنجی دانیشتوانی کوردستان کوردە و ئەوەکەی دیکە دەتوانین بەم جۆرە دابنێین: ٤٠٠٠٠٠ تورک، ٣٠٠٠٠٠ ئازەربایجانی، ١٥٠٠٠٠ فارس، ٢٥٠٠٠٠ عەرەب، و ٢٠٠٠٠٠ کەس لە هۆزەکانی دیکە وەک تورکمان و ئاسوری و ئەرمەنی. (...) گەورەترین شاری کوردستان کرماشانە لە ئێران کە ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە ١٥٠٠٠٠ کەس، پاشان کەرکووک لە عێراق (٢٨) (٧٨٦٤٨) کەس و دیاربەکر لە تورکیا (٦٣١٠٨) کەس.*»

لە پەراوێزێک کە بۆ ئەم پاراگرافە داندراوە دوکتور قاسملوو دەنووسیّ:

«شۆوێنیستە مەزنی خوازەکانی تورکیا بێهوودە هەوڵ دەدەن ئیسبات بکەن کەرکووک شارێکی تورکمانی واتە تورکی یە. شتێکی ئاشکراشە کە شاری کەرکووک شارێکی زۆر کۆنی کوردە و هەمیشە زۆربەی دانیشتووانی کورد بوون. (...)»(ل. ٢٧)

بەردەوام دەبیّ...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە بەهاری پراگەوە تا سەهۆڵبەندانی خۆرهەڵات

پێشەوا عەلیپوور

## (کاریگەریی کەسایەتی دوکتور قاسملوو لەسەر ڕێبازی حیزبی دێموکرات)

ڕوون و ئاشکرایە کە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە مێژووی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا، شوێندانەرییەکی تایبەتی هەبووە و ئێستاش ئەو کاریگەرییانە لە ڕەفتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات و کادرەکانی ئەم حیزبەدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بێگومان ڕێبەری کردنی قەیران و مودیریەتی سیاسی و فکریی ئەو حیزبە، لە جەنگەی تۆفانی ئایدۆلۆژیا چەقبەستوو و داخراوەکان لە دەورانە جۆراوجۆرەکانی مێژوودا و، تیئۆریزە کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و خەباتی حیزبی دێموکرات، لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو بوون کە بە خوێندنەوەی دەقیق و ورد لە سەردەمی خۆی تێکۆشا لە بازنەی ئایدیای داخراوی زاڵی ئەو سەردەمدا قەتیس نەبێ و بە تێگەیشتنی دەقیق لە دۆخی کورد و خەباتی حیزبی دێموکرات، فۆرموولی نوێ بهێنێتە گۆڕێ و هەروەها سەربەخۆیی بڕیار، سەربەخۆیی تاک، ڕێزگرتن لە دێموکراسی و ئازادی لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو بوون کە پێداگر بووە بۆ نەهادینە کردن و بە کولتوور کردنیان لە سیستەمی حیزبی و لە نێو بزووتنەوەدا.

دوکتور قاسملوو لە سەردەمێکدا کە بۆ خوێندنی ئاکادیمی دەچێتە فەڕانسە، بیری ئازادیخوازی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی و دێموکراسی دەکاتە سەرلەوحەی تێکۆشانی خۆی و بە وتارێکی ئاگرین لە ئاکسیۆنی ئێعترازیی لاوان و خوێندکارانی ئێرانی لە پاریس - لە سەر دیفاع لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئازادیی ڕادەربڕین، دژی ڕێژیمی شا کە بە بیانووی هەوڵی تیرۆری شا بەرتەسک کرابوونەوە- قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەست پێ دەکا. ئەم هەڵوێستەی دوکتور قاسملوو دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە لایەن سەفیری ئێران لە فەڕانسە داوای دەرکردنی بکرێ

لەو وڵاتە و هەر بۆیە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی (١٩٥٠ی زایینی) بە ناچار فەڕانسە بەجێ دەهێڵێ و بە کەلکوەرگرتن لە بوورسی «یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران» دەچێتە چێکۆسلۆڤاکی و لە پراگ خوێندنی ئاکادێمی درێژە دەدا و دەبێتە مامۆستای زانکۆ.

ئەو قۆناغەی ژیانی دوکتور قاسملوو لە پراگ وەک وێستگەیەکی تایبەتیی تێکۆشانی دێتە ئەژمار، لە لایەک پلەی دوکتورا لە خوێندن بەدەست دەهێنێ و دەبێتە شارەزای بواری ئابووریی سۆسیالیستی و ئابووریی سەرمایەداری و، لە لایەکیش بیر لە جێخستنی ئازادی و دێموکراسی لە سیستمی سۆسیالیستییدا دەکاتەوە، لەوێیە کە وردە وردە خوێندنەوەی نوێ بۆ سۆسیالیزم دادەڕێژێ و یەکەمین چەخماخەی ئەو دارشتنەوەی، بە مەحکووم کردنی هێرشی ئەرتەشی شۆڕەوی بۆ سەر پراگ لێ دەدا.

لە سەردەمێکدا کە دۆخی سیاسی لە چێکۆسلۆڤاکی ئاڵوگۆڕێکی نوێی بە خۆیەوە دەدی و کرانەوەی سیاسی و بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازانە بە دەستپێشخەریی ئەلێکساندێر دۆبچێک، کۆمەڵگەی ئەو وڵاتەی گرتەوە و لە ئاکامدا دەستی حیزبی کۆمۆنیستی لە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە کورت کرد، ترسێک هەناوی شۆڕەوی و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستیی داگرت کە لە ئیدارەی کۆمەڵگەکانیاندا ماهیەتی تۆتالیتێریان هەبوو. ترس لە تەشەنە سەندنی ئەو ئازادییانەی چێکۆسلۆڤاکی بۆ نێو وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی بیری سۆسیالیستیی شۆڕەوی بە واتای کۆتایی حاکمیەتی سۆسیالیزمی مەوجود و بەڕێوەبەرانی ئەم بیرە بوو، هەر بۆیە تەحەمولیان نەکرد و هێرشیان کردە سەر ئەو وڵاتە و ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٨ پێی دەگوترا «بەهاری پراگ»، کەوتە ژێر زنجیری تانکەکانی سۆسیالیستە کەونەکان و ئەمەش دوکتور قاسملووی دێموکراتی هان دا کە بە جورئەتەوە ئەم حەرەکەتەی شۆڕەوی مەحکووم بکا، دیارە ئەم هەڵوێستەی دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە ڕۆشنبیرییە سۆسیالیستییە زاڵەی کۆمەڵگەی کوردی بوو. ئەم بوێرییەی دوکتور قاسملوو لە هەڵوێست و سەربەخۆیی لە بڕیار دانی، جارێکی تر دوکتور قاسملوو تووشی کێشە دەکا و لە سەر داوای حیزبی توودە لە چێکۆسلۆڤاکیی ژێر دەسەڵاتی شۆڕەوی دەر دەکرێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاودێری و لێکۆڵینەوەی وردی دوکتور قاسملوو لە سەر دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەورانی شەڕی سارد لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕەوی بە ئیدارەی سۆسیالیستیی داخراو، ئەو ڕێبەرە هان دەدا کە بیر لە ڕیفۆرمێکی جددی بکاتەوە لە سیستمی سۆسیالیزمدا، بە جۆرێک کە شیاوی کۆمەڵی کوردەواری و کۆمەڵگەی کوردستان بێ و ئـازادی و دێموکراسیی تێدا جێگیر بکرێ، بـەڵام بە داخـەوە دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی و لەوان سەیرتر چەقبەستوویی ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی ئەو سەردەم و نەبوونی خوێندنەوەی دروستی ئەو چینە لە ڕووداوەکان و ئاگادار نەبوونیان لە زاتی سۆسیالیزمی مەوجوود، بوون بە لەمپەر بۆ ئەوەی ئەو بابەتە فکرییە بە ئاسانی نەگاتە نێو کورد و نەتوانێ چەکەرە بکا. دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش بە ئاشکرا بوونی خەباتی ڕەوتی دیکەی غەیری حیزبی دێموکرات و باندۆری گوتاری سۆسیالیستیی ئەو سەردەم لەسەر ڕێبەران و پێشەنگەکانی ئەو ڕەوتە نوێیە و هەروەها نەبوونی دەرکی دروستیان لە واقعیات و نێوەرۆکی ئەو سۆسیالیزمە تۆتالیتێرەی شۆڕەوی، وای کرد کە ڕەوتی نوێش بکەونە بەرەی دژی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات و ئەو حیزبەیان بە کۆنەپارێز ناو دێنا و سیاسەتی ئەو حیزبەیان پێ کلاسیک بوو. هەمووی ئەمانە لە کاتێکدایە کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا لە جەریانی شەڕی سارددا تەجروبەی تاڵیان هەبوو لە تەراتێنی پۆتینی سۆسیالیستیی شۆڕەوی بەسەر ئازادییەکانیاندا و، هەر بۆیەش زوو وەخۆ کەوتن و ئەو چەشنە لە سۆسیالیزمیان قەبووڵ نەکرد و لە هەناوی سۆسیالیزمدا بە دوای ئازادی و دێموکراسییدا دەگەڕان، کە بێگومان ئەمە خەونی دوکتور قاسملووش بوو کە لە نزیکەوە چاودێریی دۆخی ئەو وڵاتانەی کردبوو.

بەهەموو ئەو کێشە و لەمپەرانەشەوە دوکتور قاسملوو لە سەختترین قۆناغەکانی جیهانی و ناوچەیی و کوردستانی، هەم حیزبی دێموکراتی ڕێبەرایەتی کرد و هەمیش وەک کەشتیوانێکی لێزان، بزوتنەوەی کوردی لە تۆفانی ململانێی هزری و سیاسیی سەردەم بە باشی ڕێبەرایەتی کرد.

لە ئاکامدا دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٤ی زایینی) و لە جەریانی کۆنگرەی شەشی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی گەلاڵەی باشووری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان، خوێندنەوەی نوێی لە سۆسیالیزمی سەردەمی جیهانی دوو جەمسەری، لەژێر ناوی «کورتە باس: دەهێنێتە گۆڕێ کە تێیدا پێداچوونەوەی بە سۆسیالیزمی مەوجوددا کرد و لە بیری ستالینی دایمالْی و هەروەها لە خوێندنەوەی چەپی کلاسیک جیای کردەوە. لەو خوێندنەوەیەدا بۆ سۆسیالیزم هەر چەشنە دیکتاتۆرییەتێک ڕەد دەکرێتەوە و جێگە و پێگەی ئازادی و دێموکراسی بەرز دەنرخێندرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە سۆسیالیزمی سۆڤیەت هەناسەی ئازادیی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا بڕیوە و سیستمی تۆتالیتێری بەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەی ژێردەستی خۆیدا سەپاندوە، بەهەموو ئەوانەشەوە لە کوردستان بەشێک هەر سوور بوون و هێشتاش سوورن لەسەر بە بنەماگرتنی سۆسیالیزمی ساردی شۆڕەوی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باس له سەر دوکتۆر قاسملوو تەنیا باس له سەر سکرتێری گشتیی حیزبێك نیە!

**کاووس عەزیزی**

له پێش هەموو شتێک دا دەبێ ئەوە بڵێم که: دوکتۆر عەبدورِەحمان قاسملوو مرۆڤ بوو، کاری سیاسیی دەکرد ئەرکی سیاسی و رِێبەریی له سەر شان بوو، سیاسەت و بەرپرسایەتیی سیاسیی له رِۆژهەڵاتی نێوەرِاست دەکرد. ئەو تێکۆشەر و سەرکردەی نەتەوەیەکی دابەشکراوی ژێر دەسته، بەڵام رِاپەرِیو بوو. ئەو پێشەنگایەتیی خەباتی حیزبێکی دەکرد که لەگەڵ هێرشی دوژمن بەرەورِوو دەبوو. کەوایه سروشتی یه که ئەو مرۆڤه نەیتوانیوه هەمووجارێ بریاری بێ کەم و کورِی بدات، و لۆژیکێکیش نابینم  که وابزانین ئەو مرۆڤه هیچ کەم و کورِییەکی نەبووه.

نه ژینگەی هاتنه دونیای دوکتۆر قاسملوو یەکسان بووه به نیسبەت رِێبەرانی سیاسیی کوردی سەردەمی خۆی، نه پەروەرده و شوێنی ژیان و پێگەیشتنی. با بزانین بۆ یەک سان نەبوون؟

قاسملوو له بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی به گوێرەی ئەوکات رِۆشنبیر و بەربڵاوی حەشیمەتی دا هاتۆته دونیا و هەر لەوێش فێری یەکەم وانەی کوردایەتی و سیاسی بووه. واته کاتێک ئەو خۆی فاماندووه باوکی یەکێک له نوێنەرانی کورده بۆ سۆڤیەتی ئەوکات و زەمینه بۆ رِاگەیاندنی کۆماری کوردستان خۆش دەکرێ. له بنەماڵەی ئەوان دا خەڵکی خوێندەوار و رِۆشنبیر هەیه. سیاسەتوان هەیه. له ماڵه ئەوان دا باوکێک هەیه که ژنی له موسوڵمان و کریستیان هێناوه. دایکی قاسملوو کریستیانێکه له بنەماڵەیەکی موسوڵمان دا که ئەوەش نیشانەی کراوەی و ئاستی رِۆشنبیریی ئەو بنەماڵەیه. ئاستی ژیانیان سەرووی ئاستی ژیانی رِێبەرانی سەردەمی رِێبەریی قاسملوویه، بۆیه ئەو توانیویەتی پەروەردەی باشتر وەربگرێ.

قاسملوو له تارانی پایتەخت دواناوەندی تەواو دەکا، تێکەڵ به کاری سیاسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێ، ماوەیەک لە ئیستانبۆل دەرس دەخوێنێ کە هەردووی ەئو شارانە چ ئەوکات و چ ئیستا شاری نە بچووکن، نە کەم باندۆر. لە پاریس دەخوێنێ، لە پراگ لیسانس و دوکتۆرا وەردەگرێ. هەر لەو دوو وڵاتەش دەبێتەوە مامۆستای زانکۆ. زۆر وڵاتی دونیا دەبینێ، زۆر زمانی زیندووی جیهان دەزانێ، دۆستی هەیە لە نەتەوە و وڵاتی جیاواز. لەگەڵ ئۆرووپاییەک ژیانی هاوبەش پێکدێنێ. تێکەڵ بە حیزبێکی گەورەی ئێرانی دەبێ کە حیزبی توودەی ئێرانە و ئەزموونێکی زۆر لەو حیزبە وەردەگرێ. دێتەوە ناوخۆی وڵات و خەباتی نهێنی لە ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات دا و لە تاران و ئۆرمیە و مەهاباد و.... درێژە دەدات.

قاسملوو تا ئەوکات یەکەمین ڕێبەری کوردە کە مامۆستایەتیی زانکۆ لە وڵاتێک، یان وڵاتانی دێمۆکراتیکی ئۆرووپایی بە جێ دێڵێ و خەباتی شاخ هەڵدەبژێرێ. واتە ئەو لە پێشان خۆی لە بواری زانست و پەروەردەوە تەیار دەکا، جا هەوڵی بەدەستەوە گرتنی جڵەوی دەسەڵاتی ڕێبەری کردن و پێشەنگایەتیی بزووتنەوەیەکی بەرین دەدا.

ڕێبەری کردن لای دوکتۆر قاسملوو پێشمەرگایەتی و بەرگری کردن لە نەتەوەیەک و تێکۆشان لە پێناو وەدەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانی ئەو نەتەوەیە بوو. ئەو لەگەڵ ئەوەی ڕێبەریی بزووتنەوەیەکی سیاسی چەکداریی دەکرد، هەرگیز نە دێمۆکراسیی فەرامۆش دەکرد، نە پاراستنی ماف و کەرامەتی مرۆڤەکانی فەرامۆش دەکرد. لای ئەو پێشمەرگە مرۆڤی هەرە پیرۆزی نێو خەباتی سیاسی بوو و دەیگوت: هەموو شتێک پەیدا دەبێ بەس پێشمەرگە پەیدا نابێ، بۆیە دەبێ هەرچیمان وەک حیزب هەیە لە خزمەت پێشمەرگە دابێ تا خەباتەکەمان پارێزراو بێ.

دوکتۆر قاسملوو تەنیا سەرکردەیەکی سیاسی نەبوو. ئەو لێکۆڵەری مێژوویی بوو. ئابووری زان بوو. مامۆستای زانکۆ بوو. نووسەر بوو. دیپلۆمات بوو. ئۆگرێکی هەمیشەیی شێعر و ئەدەبیات بوو. لە سەر خەباتی چەکداری و بەربەرەکانیی چەکداری لە هەمبەر داگیرکەر ئەزموونی زۆری کۆکردبووەوە. لای ئەو سیاسەت هونەری مومکین بوو. ئەخلاق لە سیاسەت دا بۆ دوکتۆر قاسملوو ئەسڵێکی نەگۆڕ بوو. سەربەخۆیی بڕیاردانی حیزبەکەی هێڵی سوور بوو. ئامادەی هەموو نرخێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو تا سەربەخۆیی سیاسی، فیکری، تەشکیلاتی و بڕیاردانی حیزبی ژێر ڕێبەریی خۆی بپارێزێ.

دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی قانیع بوو. لە هەمبەر دژوارییەکان دا کۆڵی نەدەدا. هەوڵی دەدا بە کەمترین و سادە ترین ئیمکاناتێک کەلە بەر دەستی دابووایە، ژیانێکی خۆشیش بکا. واتە عاشقی ژیان بوو. ئەو دەیفەرموو: ئێمە کە فێربین باش بژین، دەتوانین فێر بین کە باشیش بمرین!

بەو کورتە نووسینە دەگەینە ئەو قەناعەتە کە ناتوانین دوکتۆر قاسملوو تەنیا وەک ڕێبەری حیزبێک شرۆڤە بکەین. ڕێبەری کردنی حیزبێک نە لە کوردستان و نە لە هیچ کوێیەکی جیهان مەرجی بوونی پلەی ئاکادیمی و زانستیی نیە، تەنانەت لەم سەردەمەی ئێمەش دا کە خوێندن و ئاستی خوێندن یەکجار لە سەرێ یە. زۆر سەرکردەی کورد هەبوو و هەیە یان خوێندەواریی نەبووە، یان زۆر کەم خوێندەواریی هەبووە.

بەڵام دوکتۆر قاسملوو سەرمایەیەک بوو کە هی هەموو نەتەوەی کورد بوو. ئەوکاتەی کە دوکتۆر قاسملوو بە ئاشکرا باسی لە مەسەلەی ٢٥ میلیۆن کورد دەکرد، باسێکی نە هیندە هاسان بوو، نە هیندە کەم هەزینە، بەڵام ئەو باسی دەکرد. کاتێک لە عێراق باسی ڕێبەرانی کوردی دەکرد بە وشەی برا و هاوڕێ ناویانی دەهێنان. کاتێک لێیان دەپرسی بزووتنەوەی کورد لە باکوور تێرۆریستە، ئەو بێ سڵەمینەوە دەیپرسی: ئەدی ئەو لایەنەی ٤ هەزار گوندی کوردی وێران کردووە و ژن و منداڵی کورد دەکوژێ ئەو چیە؟

کەوایە دوکتۆر قاسملوو سیاسەتوان و پێشەنگێکی هەرە دیار و سەردەمیانەی بزاڤی نەتەوایەتیی کوردبوو و بە شەهید بوونی ئەو زەربە هەرە قورسەکەش لە بزووتنەوەی کورد بە عام کەوت. دوکتۆر قاسملوو ئەو پێشەنگە بوو کە زۆر وڵاتی جیهان کە دەیان و بگرە سەدان ساڵە سەربەخۆش نموونەیان بە خۆیەوە نەدیوە.

ڕووحی دوکتۆر قاسملوو شاد و ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ

ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆژێك بۆ بیر كردنەوە

**كەماڵ حەسەن پوور**

ئەورۆ ٢٢ی پوشپەڕی ١٣٩٩ی كۆچی هەتاوی، سی و یەك ساڵ بەسەر تێرۆری ناجوانمێرانەی شەهید دوكتور قاسملو تێپەڕ بوو. بە پێی باوی سێ دەیە لەوە پێش، زۆرتر دێموكڕاتەكان یادی ئەو ڕۆژە دەكەنەوە و بە ڕێوڕەسم و نووسینی وتار و بابەت هەوڵ دەدەن باسی كەسایەتی و دەوری شەهید دوكتور قاسملو بكەن.

ئەوەی ڕاستی بێ زۆر جار بابەتەكان دووپات بوونەوەی هەمان شتی پێشوون و بە تایبەتی بۆ كەسێك كە چەند جار ئەو بابەتانەی خوێندبنەوە شتێكی تازەیان تێدا بەدی ناكرێ.

بە بۆچوونی من دەبێ ئەورۆ و هەموو ڕۆژەكانی دیكە كە دوژمنان كارەساتێكیان بۆ نەتەوەی كورد بە دیاری هێناوە، بیرمەندان، نووسەران، سیاسەتوانان و بە گشتی خەڵكی خاوەن هەڵوێست بیر لەوە بكەنەوە كە لە هەمووی ئەو كارەساتانەدا هێڵێك هەیە كە ئەوان لێك گرێ دەدا. ڕۆژی تێرۆری قاسملو، شەرەفكەندی، غولام كەشاوەرز، سەدیق كەمانگەر، ڕۆژی شەهیدكرانی كاك فواد و گیرانی ڕێزدار ئۆجەلان هەر هەموویان خاڵێكی هاوبەشیان هەیە.

هێڵی هاوبەش ئەوەیە كە دوژمنانی گەلەكەمان ستراتیژییەكیان هەیە، ئەویش ئەوەیە كە كەسانی كاریگەر لەناو نەتەوەكەماندا لە كۆمەڵگە بستێنن، جا یا بە كوشتن و تێرۆر یا بە گرتن. خاڵێكی دیكە ئەوەیە كە دوژمنانی ئێمە ستراتیژییەكی ڕوون و ئاشكرایان هەیە، ئەویش پێشگرتن بە گەشە ساندنی خەباتێكی ڕزگاریدەر و لە هەمان كاتدا چاندنی تۆوی دووبەرەكی لەناو لایەنە جیاوازەكانی مەیدانی سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردییە.لەوانەیە بڵێن جا ئەوە شتێكە كە هەموو كەس دەیزانێ، باشە، ئەدی بۆ كەس بیر لە پووچەڵكردنەوەی ئەو پیلانانە ناكاتەوە؟ بۆ لە



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیانوویەک دەگەڕێین کە دژی یەکتر بوەستینەوە، لەجیات ئەوەی کە دژی دوژمنی هاوبەش بوەستینەوە؟

من پێموایە هۆیەکەی ئەوەیە کە ئێمە وەک مێرووولە بیر دەکەینەوە. مێرووولەی هەر کونەمێروویەک پێی وایە کونە مێرووی ئەوان هەموو دنیای مێروولانە، بێ خەبەر لەوەی کە هەرکام لەو کۆمەڵگایانە بەشێک لە کۆمەڵگایەکی مەزنترن.

جوولەکە دوو هەزار ساڵ کڕووسانەوە و کولانەوە چونکە لە میسر دەرکرا بوون. لە ئاکامدا لە سەرانسەری دنیا بە پرش و بڵاوی مابوونەوە، تا چەند کەس لە بلیمەتەکانیان دانیشتن و ڕێگاچارەیەکیان بۆ دەرباز بوون لە دۆخی کولانەوە دۆزییەوە. ئەوە دروستە کە بۆ وەدیهێنانی خولیاکەیان پشتیوانیی وڵاتانی خۆرئاوایان هەبوو بەڵام بێ یەکگرتوویی و گیانفیدایی خۆیان هەرگیز نەیاندەتوانی خاوەنی کیانی خۆیان بن. ئێستا وڵاتێکی بەهێزیان هەیە و بەرەوڕووی گشت دوژمنانیان دەوەستنەوە.

تا ئەو ڕۆژەی تەنیا تازیەباری شەهیدەکانمان بین، بێ ئەوەی کە بیر لە پوچەڵکردنەوەی پیلانی دوژمنانمان بکەینەوە، هەر وا بێ دەستکەوت و هەناسە سارد دەمێننەوە. هەرکات ستراتێژییەکی پتەومان هەبێ کە لەسەر بنەمای یەکگرتوویی و هاوخەباتی دامەزرابێ و پێش بەوە نەگیرێ کە هەر یەکەو سازی خۆمان لێ دەین، بە داخەوە کاروانی شەهیدانی بەناحەق کوژراومان هەر دیتوو درێژتر دەبێتەوە.

بە هیوای ئەو ڕۆژە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هزری مرۆڤتەوەر هەرگیز نامرێ

**مووسا باباخانی**

ڕێبەرانی گەورە تەنیا لە ژیاندا گەورە نین، بەڵکوو بە مردنیشیان هەر بە گەورەیی دەمێننەوە و بە میلیۆنان مرۆڤ دەبنە درێژەدەری ڕێبازەکەیان.

دەبێ هۆکار و بەڵگەی عەینی هەبێ بۆ سەلماندنی ئەو ئیدعایە کە ئەو ڕێبەرانە بیرۆکە و هزریان دەبێتە ڕێبازی گەلی خۆیان یان بە واتایەکی دیکە جێی تێڕامان و هەڵوێستە گرتنە کە دەبێ هۆکار یان هۆکارەکان چ بن کە هزری ئەو مرۆڤگەلە دەبێتە ڕووناکیی ڕێگای ڕزگاریی گەلێکی بن دەست؟

بۆ وڵامی ئەو پرسیارگەلە، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە هێندێک نموونە بکەم لە نێو گەلان و نەتەوە بندەستەکان کە بە هۆی پەراوێزخراوی و ستەمی سیاسییەوە، کەمتر ڕێبەرانی گەورە و بلیمەتیان لێ هەڵدەکەوێ، بەڵام ئەوە واتای ئەو واقعیەتە ناگۆڕێ کە ئەو خەڵکانەش ڕێبەرانێکیان تێدا هەڵ دەکەوێ کە ئەو خەڵک و نەتەوانە لە ستەم و زوڵم ڕزگار بکەن، وەک "مەهاتما گاندی" لە هێندوستان، "ماندێلا" لە ئافریقای باشوور و زۆری دیکە.

کەسایەتی و ڕێبەرییەک کە مەبەستی ئەم وتارەیە، د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانە. د. قاسملوو یەکێک لە ڕێبەرانی سەدەی بیستەمە کە هەڵوێستە سیاسییەکانی، پراگماتیست بوونی، ئاشتیخواز بوونی و زۆر تایبەتمەندیی دیکەی، کە ئەو کەسایەتییە لە ڕێبەرانی دیکەی ئێرانی و کورد جیا دەکاتەوە.

یەکەم ڕێبەری کورد کە بە شێوەی ڕێکخراو و مۆدێرن دەبێتە داهێنەری مانیفێستێک بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران، پێشەوا قازی محەممەد بووە، کە ئەو ڕێبەرە و دەسکەوتە سیاسی و مێژووییەکەی واتە کۆماری کوردستان بە داخەوە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک نەریتی بزووتنەوەکانی دیکەی کورد قوربانیی سات و سەودای زلهێزەکان دەبێ و کۆتایی بە تەمەنی سیاسیی دێنن. بەڵام قۆناغی گرنگ و چارەنووس‌ساز بۆ چالاکیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانە.

لەم وتارە هەوڵ دەدرێ ئاماژە بە چەند هەڵوێستی سیاسیی شوێن‌دانەر و هەروەها باندۆری هزری د. قاسملوو لە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ.

١- دانی فۆرمێکی مۆدێرن بە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن د. قاسملووەوە.

٢- جیا کردنەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حیزبی توودە.

٣- بنەمای دامەزرانی پێوەند یی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حکوومەتی ئەو کاتی عێراق.

٤- داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

٥- شەڕی ئێران و عێراق و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

**کاریگەریی د. قاسملوو پاش بە دەستەوە گرتنی ڕێبەریی ئەم حیزبە:**

بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٥، یەکەیەکی سیاسی لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێ، ئامانج لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات چارەسەری پرسی کورد لە کوردستانی ئێران بووە.

حیزبی دێموکرات چەند مانگ دوای پێکهاتنی توانی کۆماری کوردستان دابمەزرێنی کە تا ئەو کات یەکەم قەوارەی سیاسیی کورد بوو کە خاوەنی هەیئەتی وەزیران و چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ ئیدارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش ڕووخانی ئەو کۆمارە لە لایەن حەمەڕەزاشای پەهلەوییەوە، چالاکیی ئاشکرای ئەم حیزبە کۆتایی پێ دێ تا کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ لە ئێران.

کۆنفرانسی سێهەم نوختە گۆڕانێکی گرنگی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە لە زۆر بارەوە ئەم حیزبە بەرەو پێش دەبا.

کاتێک لە کۆنفرانسی سێهەم لە ساڵی ١٩٧١ د. قاسملوو دەبێتە سکرتێری حیزبی دێموکرات، ئەم حیزبە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا دەبێتە خاوەن بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، واتە مانیفێستی تایبەت بە خۆی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران. هەروەها بۆ یەکەم جارە کە دروشمی تاکتیک و ستراتێژیی حیزبی دێموکرات دیاری دەکرێ، بە گشتی بەدەستەوە گرتنی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن د. قاسملووەوە، فۆرمێکی ئوسوولی و مۆدێرن بەم حیزبە دەدا.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەم بارەوە لە کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەڵێ: «بەڕاستی تەنیا پاش هاوکاری لەگەڵ قاسملوو بوو کە ئێمە شتێکمان لە مانای دروستی حیزبایەتی و کاری ئوسوولیی حیزبی بەرچاو کەوت و کەم و زۆر فێری بووین.»

## ڕۆڵی د. قاسملوو لە جیا کردنەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حیزبی توودە

سەربەخۆیی سیاسی وەک ئەسڵێک لە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و حاکم بوونی فەزای پۆلیسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بۆ درێژەدان بە چالاکیی خۆیان وەک لقی کوردستانی ڕێکخراوی توودەی ئێران لە قەڵەم دەدرێن.

لە وەها حاڵەتێکدا ئەو چالاک و ئەندامانەی حیزبی دێموکرات کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری کوردستان، بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی خەباتیان دەکرد، چیی دیکە لە چوارچێوەی سازمانی توودەدا ناتوانن درێژە بەو چالاکییە بدەن، چونکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سازمانی توودە هیچ باوەڕێکی بە پرسی نەتەوەیی نەبووە.دوو پرس دەبنە هۆکاری جیا کردنەوەی خەباتی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەشکیلاتی توودە، کە دەبێ وەک یەکەم دەسکەوتی سیاسیی د. قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات لە قەڵەم بدرێ.

١- ڕوانگەی حیزبی توودە بۆ پرسی نەتەوەیی.

٢- لایەنی ئەمنیەتی و زاڵ بوونی ساواکی شا بە سەر حیزبی توودەدا.

شکستی ستراتێژیکی حیزبی توودە و لاوازی و خۆ ڕانەگریی ڕێبەرانی و بە تایبەتی گرنگی نەدان بە پرسی نەتەوەیی بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕوانگە و باوەڕەکانیان بە حیزبی توودەدا بچنەوە. جەلیل گادانی کادرێکی هەڵسووڕی حیزبی دێموکرات لەو ساڵانەدا دەڵێ: «ئەم دۆخەی حیزبی توودە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی، زۆر ناڕازی کردبوو.»حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ مودیریەتی ئەم دۆخە و تاوتوێ کردنی هێندێک بابەتی نوێ کە لە پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ بۆی هاتبوونە پێش، پێکهێنانی کۆبوونەوەیەک لە کادرە باڵاکانی بە پێویست زانی، ئەگەر چی لە هەل و مەرجی دژواری خەباتی نهێنییشدا بوون.

بۆ ئەم مەبەستە لە هاوینی ساڵی ١٣٣٤ بە بەشداریی نزیک بە بیست کەس لە چالاکانی حیزب لە گوندێکی دەوروبەری مەهاباد کۆبوونەوەکە بە شێوەی نهێنی پێک هات، لەو کۆبوونەوەیە کە پاشان ناویان لێ نا کۆنفڕانسی یەکەمی «حدک»، سەرەڕای دەستنیشان کردنی ئەرکە هەنووکەییەکان دوو بڕیاری گرنگیان دا. د. قاسملوو کە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوو دەڵێ: ”بڕیارمان دا کە کۆتایی بە پێوەندی لەگەڵ حیزبی توودە بێنین و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێک کە خاوەن تەشکیلاتی سەربەخۆ بێ، جیا لە حیزبی توودە درێژە بە چالاکیی سیاسیی خۆی بدا. چونکە ڕامانی ئەوە بوو کە حیزبی توودە هەم لە سەر مەسەلەی «موسەدیق»ـە هەم لە سەر کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ چەوت ڕۆیشتوە. هەروەها نەزەرمان ئەوە بوو کە حیزبی توودە «پلیس‌زدە» بووە و هەر پێوەندییەک لەگەڵ حیزبی توودە لە تاران بگیردرێ؛ ئاکامی ئەوە دەبێ کە لە داوی پۆلیس بکەون.»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بنەمای دامەزرانی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حکوومەتی ئەو کاتی عێراق

جوغرافیای کوردستان بە گشتی واتە لە چوارپارچەی کوردستان، بە جۆرێکە کە بەداخەوە کێشەی بۆ زۆرێک لە بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی کورد لە مێژووی ئەو نەتەوەدا دروست کردوە. یان بە واتایەکی دیکە بەشێک لەو بزاڤگەلە بۆ درێژە دان بە چالاکیی خۆیان و خەباتی لەگەڵ ئەو حکوومەتەی کە کێشەی سیاسی و نەتەوەییان لەگەڵدا هەیە پێویستییان بە پشتی جەبهە هەبووە - وەک هەر بزاڤێکی ڕزگاریخوازانەی دیکە-، بەڵام بە داخەوە هەر بەو جۆرە کە ئاماژەمان پێی دا بە هۆی دابەشبوونی کورد لە نێوان چوار وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، لە قۆناغگەلێکدا هێندێک لە لایەنە کوردییەکان ناچار بوون ئیمتیاز بە حکوومەتەکانی دیکە بدەن کە بە ڕواڵەت پشتی جەبهەی ئەو لایەنانە بووە، یان واز لە چالاکیی خۆیان بێنن و تەنانەت لە مێژووی بزووتنەوەی کوردیشدا هەیە، کە بزووتنەوەی نەتەوەیی پارچەیەک لە کوردستان فیدای سات و نێوان داگیرکەرانی کوردستان یان خیانەتی حکوومەتێکی داگیرکەری ئەم ناوچەیە بووە.هەر بۆیە بە گشتی بۆ بزاڤی کورد ئەستەمە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین درێژە بە چالاکی و خەباتی خۆی بدا، بەبێ ئەوەی زەرەر لە سەربەخۆیی ئەو بزووتنەوانە بدا.

بەڵام چالاکی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدژ حکوومەتی ناوەندیی ئێران بە بەڵگە و دێکومێنتەوە، هەرگیز بۆ جارێکیش بووبێ سەربەخۆیی خۆی فیدای پێوەندیی دوو لایەنە لەگەڵ هیچ کام لەو حکوومەتانە نەکردوە.بۆ زیاتر ڕاڤە و بەرچاوڕوونیی پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حکوومەتی ئەو کاتی عێراق، پێویست دەکا سەرەتا ئاماژەیەک بە بنەمای چۆنیەتیی دامەزرانی پێوەندییەکەیان بدرێ. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەم جۆرە باسی دەکا: «هێندێ خاڵی هاوبەش لە نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی بەعسدا باس کرابوون وەک ئەوە کە هەر دوو حیزب خەباتی دژی ئیمپریالیستی دەکەن، هەروەها خۆیان بە دۆستی وڵاتانی سۆسیالیستی دەزانن، حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ خودموختاریی کوردستان تێ دەکۆشێ و حیزبی بەعسیش خودموختاری بۆ کوردستانی عێراقی بە فەرمی ناسیوە.»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان هەر لەو نووسینەدا هاتوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم دۆستی حیزبی بەعسی عەرەبە و هەمیش دۆستی پارتی دێموکراتی کوردستانە. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک ئەو دوو دۆستەمان نێوانیان تێک بچێ حیزبی دێموکرات دۆستایەتیی هیچ کامیان بۆ ئەوەی دیکە وەلا نانێ.

ئەو جۆرە بنەما دانانە بۆ پێوەندی لەگەڵ حکوومەتێک کە بۆ خۆیشی پرسی کوردی هەبووە، دەبێتە ئەسڵێک لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ وەک میراتێک بۆ ئەم حیزبە ماوە و تەنانەت بۆ جارێکیش حیزبی دێموکرات بە پێی ئەو بەڵگانەی کە پاش ڕووخانی حکوومەتی سەدام بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بوون، نەچووەتە ژێر باری هیچ داخوازییەکی ئەو حکوومەتەوە کە سەربەخۆ بوونی حیزبی دێموکرات بباتە ژێرپرسیار.

داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکا لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵوێستە لۆژیکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا هیی قوناغی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران نین، بەڵکوو دوای هاتنە سەر کاری ئەم ڕێژیمە ئیسلامییەش بە پێی بەڵگە مێژووییەکان حیزبی دێموکراتی کوردستان سەربەخۆیی سیاسیی خۆی پاراستوە.

پاش هاتنە سەر کاری خومەینی هاوبیرەکانی کە جگە لەو پێناسەیە کە بۆ خۆیان لە بیرۆکەی دینیی خۆیانیان دەکرد، لە دەرەوەی ئەو بازنەیە، هەموو کەسیان بە دوژمنی خۆیان دەزانی و بۆ پێش بردنی بیرۆکەی توندڕەوانەی خۆیان هەموو عورف و عادەتێکی باویان لەژێر پێ دەنا. بۆ نموونە لە ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ کۆمەڵێک کە ناوی «خوێندکارانی موسوڵمانی پێڕەوی خەتی ئیمام». یان لەسەر خۆیان دانابوو، پەلاماریان بردە سەر سفارەتی ئەمریکا لە تاران و هەموو کارمەندەکانیان بە بارمەتە گرت.زۆر لایەن و ڕێکخراو هەبوون کە ئەو کات ئەو کردەوەی ڕێژیمیان وەک دژایەتیی «ئێمپریالیزم» لا پەسەند بوو و شانازییان پێوە دەکرد تەنانەت بە پێی بەڵگە مێژووییەکان هێندێک لەو ڕێکخراوانە ئەندام یان لایەنگریان لە نێو «خوێندکارانی موسوڵمانی پێڕەوی خەتی ئیمام» هەبوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندنێکدا بە فەرمی هەڵوێستی خۆی بەم جۆرە دەر دەبڕێ: «ئەو هەنگاوەی ڕێژیمی ئیسلامی بە شتێکی پێچەوانەی ڕێوشوێن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و یاسا نێونەتەوەییەکان دەزانێ و مەحکوومی دەکا. حیزبی ئێمە ئەو کارەی بە هەوڵ و تەقەلایەک بۆ بە لاڕێدا بردنی بیروڕای خەڵکی ئێران لە مەسەلە بنەڕەتییەکان دەزانێ و بە هیچ جۆر فریوی ئەو فەزایەی نەخوارد کە پڕوپاگەندەچییەکانی ڕێژیم پێکیان هێنابوو.»

## شەڕی ئێران و عێراق و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە وڵاتێک کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی واتە ئینقلاب دەکرێ پێک دێ، لۆژیکی ئەوەیە کە ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، دۆخی ئاڵۆزی نێوخۆی وڵات ڕێک بکا و هەروەها پێوەندییەکی دروستیش لەگەڵ دراوسێکانیدا ساز بکا.

بەڵام پێچەوانەی ئەو لە پاش ئینقلابی ١٣٥٧ لە ئێراندا دەبینرێ. لە نێوخۆ هەموو دەنگ و ڕەنگێکی جیاواز سەرکوت دەکرێ و هیچ فەزایەکی کراوە بۆ چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکان نامێنێ.

ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی خومەینی و هاوبیرانی دەچێتە چوارچێوەی ئەو پێناسەیەی کە بۆ خۆیان بۆ ئینقلاب کردبوویان واتە ناردنە دەرەوەی شۆڕش یان «صدور انقلاب». ئەڵبەت ناردنە دەرەوی شۆڕش زیاتر بۆ ئەو مەبەستە بووە کە ڕێژیم توانایی بەڕێوەبردنی وڵاتی نەبووە، چونکە زۆربەی زۆری بەڕێوەبەرانی وەک کەسانی خودی و نزیک بە بیرۆکەی خومەینی لە قەڵەم دەدران و، تا پێش ئینقلاب وەک مەلا و ئاخوند لە حەوزە عیلمییەکاندا خەریکی خوێندنی بابەتی دینی بوون، نەک ئەوەی کە بۆ ئیدارەی وڵات ئامادە کرابن؛ لە وەها حاڵەتێکیشدا دیارە کە قەیران لە نێوخۆ دروست دەکرێ.

ڕێژیمی ئیسلامی بۆ داپۆشینی ئەو گشتە قەیرانە کە لە نێوخۆ لەگەڵیان بەرەو ڕوو ببوو، سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی وەک یەکێک لە سیاسەتە ئەسڵییەکانی خۆی لە بەرنامەی کاریدا گونجاندبوو.

یەکەم وڵات کە خومەینی و هاوبیرەکانی دەیانهەویست شۆڕشی سەرتاسەریی تێدا وەڕێ بخەن، عێراق بوو. زۆرێک لە لایەنگرانی خومەینی و تەنانەت خۆیشی جواب کردنی خومەینی لە عێراقیان لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی وەک دوژمنایەتییەکی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەی عێراق دەرحەق ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەقەڵەم دەدا و لە هەوڵی تۆڵە ئەستاندنەوەدا بوون.

زۆرجار خومەینی و و هاوبیرەکانی باسی پێویستیی ڕزگار کردنی عێراق و ڕووخاندنی ڕێژیمی بەعسیان دەکرد و بە ئاشکرا خومەینی ئەرتەشی عێراق و شیعەکانی ئەم وڵاتەی هان دەدا دژبە سەدام حوسێن ڕاپەڕن.

هەمووی ئەمانە پێوەندیی نێوان ئێران و عیراقیان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەبرد تا ئەوەی کە کار گەیشتە جێگایەک، سەدام حوسێن لە بەرچاوی بیروڕای گشتی و لە بەرامبەر دووربینەکانی تەلەڤزیۆندا ڕێکەوتن‌نامەی ساڵی ١٩٧٥ی ئەلجەزایری دادڕی و یەک لایەنە ئەو ڕێککەوتن‌نامەیەی هەڵوەشاندەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند ڕۆژ دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق لە پەیامێکی فەرمییدا دەستدرێژیی دەوڵەتی ئەو کاتی عێراق بۆ سەر وڵاتی ئێران مەحکووم دەکا و، بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی ڕادەگەیەنێ، کە ئەگەر «دەوڵەتی ناوەندیی ئێران داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان بە فەرمی بناسێ، حیزبی ئێمە ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگار بوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا. کومیتەی ناوەندی هەر لەو کاتەشدا ئاشکرای کرد کە پەلاماری عێراق بۆ سەر ئێران تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی سیاسەتی چەوتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە کە هەمیشە باسی ناردنە دەرەوەی شۆڕشیان کردوە.»

ئەو چەند بابەت و هەڵوێستە سیاسییانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئاماژەیان پێ درا بەشێکی کەم لە هەڵوێستە گشتییەکانی ئەم حیزبەیە کە لە ماوەی خەباتی خۆیدا وەک حیزبێکی دەروەست ڕەچاوی کردوون و وەک ئەسڵێک لە خەباتی ئەم حیزبە لە قەڵەم دەدرێ.

ئەو هەڵوێستە سیاسی و لۆژیکیانە کە حیزبی دێموکرات لە سەردەمی سکرتێریی د. قاسملوودا گرتوویە، زیاتر بەرهەم و شوێن‌دانەریی ڕێبەریی د. قاسملوو بووە.

وەها هەڵوێست و جۆری خەبات بە دژی ڕێژیم و دەروەست بوون لە هەمبەر خەڵکی کوردستان و تەنانەت پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، دەبێتە هێڵی جیاکردنەوەی بیر و هزری د. قاسملووی نەمر و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تێڕوانینێکی مافناسانە لەسەر دۆسیەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی

**فاراز فیروزی**

بۆ لێکدانەوەی ڕووداوێکی حوقووقی، پێویستە بۆچوونەکان لەسەر بنەمای فاکت و داکیۆمێنت ڕاوەستابن. لەسەر تێرۆری دوکتور قاسملوو، بەپێچەوانەی دۆسیەی میکۆنۆس، تەنانەت لانیکەمی زانیاریی فەرمیش لەسەر هەڵسووڕانی فایلی دادوەریی ڕووداوەکە لە سیستمی دادوەریی ئۆتریشدا لەبەر دەست نییە. هەر بۆیە ئەم دەقە بۆ لێکدانەوەی ئەو دۆسیە، زیاتر خۆی لە گێڕانەوەکاندا دەبینێتەوە.

لە سێزدەی ژووئیەدا، قاسملوو و قادری ئازەر، بێ ئەوەی پارێزەریان لەگەڵدا بێت و بێ ئەوەی ڕێوشوێنی ئەمنییان لەبەرچاو گرتبێ بۆ لینکە بانگاسەی ژمارە پێنج، شوێنی وتووێژ بەڕێکەوتن. دەسپێکی وتووێژ پێنج و نیوی دوانیوەڕۆ دەبێت. دانیشتن لەو ئاپارتمانەدا دەبێ کە لەلایەن فازڵ ڕەسووڵەوە دابین کرابوو و جگە لە خۆی کەس لەو بابەتە ئاگادار نەکراوەتەوە.

ئامادەبووان ئەم کەسانە دەبن: موحەمەد جەعفەر سەحراڕوودی، مستەفا مستەفەوەی (ئاجوودی)، غەفووری دەرجەزی (ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگیان ئەسل)، فازڵ ڕەسووڵ، عەبدوڵا قادری ئازەر و عەبدولڕەحمان قاسملوو.

سەحراڕوودی و موستەفەوی تیمی وتووێژن و بۆزۆرگیان وەکوو بەرپرسی پاراستنیان لە دیوی تەنیشتی دانیشتنەکە دەمێنێتەوە. وتووێژ دەسپێدەکات و بێ ئەوەی کەس بزانێ لەلایەن قاسملووەوە لەسەر کاسێتێک تۆمار دەکرێت. دانوستان بە ئاکام ناگات و لەلایەن قاسملوو و ڕەسووڵەوە پێشنیار دەکرێ کە لە ڕۆژی چواردەی ژووئیە، کاتژمێر شەشی دوانیوەڕۆ درێژەی پێ بدرێت (لە دەنگی تۆمارکراوی سەر کاسێت وەرگیراوە). تۆزێک پاش ئەم دەنگە دەنگی تەقە لە دوو چەکی جۆری کۆڵت بەرز دەبێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فیشەکە دەرچووەکان تەوێڵ، بناگوێ و قوڕگی قاسملوو دەپێکن و سێ جار بەر سەر و دوو جار بەر قوڕگی ڕەسووڵ دەکەون. هەردوو دەسبەجێ گیانیان لەدەست دەدەن. لەوە ئەچێ قادری ئازەر تەنیا کەسێ بووبێ کە توانیبێتی لە خۆی بەرگری بکات؛ یەک فیشەک لە سەر، دوو لە نێوقەد، یەکێک لە بناگوێ، یەکێک لە قوڕگ، یەکێک لە شان و یەکێک لە قامکی دەستی ڕاستی ئەویش دەدرێت. بکوژەکان بۆ دڵنیابوون لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکەیان، یەکێ یەک فیشەک لە هەرکامە لە پێکراوەکان دەدەن، بە جۆرێ کە ئاسەواری پێست و ئێسکی کوژراوەکان لەسەر (دەنگبڕ)ی چەکەکان دەمێنێتەوە.

پاش ئاگاداربوونەوە، پۆلیسی ویەن بە دەسبەسەرکردنی دەرجەزی و سەحراڕوودی - کە لە نەخۆشخانە دەبێ - لێکۆڵینەوەکانی تاوانەکە دەسپێدەکات.

ئەوەی لێرەدا زۆر سەیر و نامۆیە، داخستنی دۆسیەکە و ڕادەستکردنی تۆمەتبارەکانە بە باڵوێزخانەی ئێران.

پاش تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن هاوژینی دوکتور قاسملوو، دادگا ڕادەگەیەنێت کە تۆمەتبارەکان بەهۆی ئەوەیکە بەڵگەی پێویستیان لەسەر نییە و ناکرێ وەکوو تاوانبار بناسرێن، ئازاد دەبن. لە نۆڤەمبری ١٩٩٢دا دادگای بەرزی ئۆتریش ڕەوتی پێڕاگەیشتن بە دۆسیەکە بەجێ دەزانێت بەڵام ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە لە کاتی پێڕاگەیشتنی دادوەری بە دۆسیەکە؛ ناڕوونی لە بەڵگە و هۆکارەکانی تاواندا هەبووە.

ئێستە پرسیاری سەرەکی لای ئێمە ئەوەیە کە ئاخۆ دەکرێ لە دوای تێپەڕینی ماوەیەکی دوورودرێژ، دەکرێ دۆسیەکە دیسانەوە وەگەڕ بخرێت؟

لە وەڵامدا دەبێ بوترێت کە تاوانە تێرۆریستییەکان لە ڕیزی مەترسیدارترین تاوانە دژەمرۆییەکانن و لەو بۆنەوە ڕێسای «تێپەڕینی کات» (statutory limitation) نایانگرێتەوە و دەشێت لە هەر کاتێکدا بە دەسخستنی بەڵگە و داکیۆمێنتی نوێ، دۆسیەکە وەگەڕ بخرێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەم پێیە دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە:**

١- لەبەر ئەوەیکە تاوان لە چوارچێوەی سنووری نیشتمانی ئۆتریش ڕووی داوە، تەنیا دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتە شیاوی پێڕاگەیشتن بەو دۆسیەن و بە لەبەرچاوگرتنی پێشێلکاریی بەردەوامی مافە نێودەوڵەتییەکان لە پرسی «مارالبیان»دا، ناکرێ چاوەڕوانی هەنگاوێکی نێودەوڵەتی بۆ دۆسیەکە لەڕووی حوقووقیەوە بین. بەداخەوە دەوڵەتی ئۆتریش لەو کاتەدا، جگە لە ژینۆساید تاوانەکانی پەیوەندیدار بە حوقووقی نێودەوڵەتیی لە چوارچێوەی ناوخۆیی خۆیدا بە تاوان دانەناوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ بە پەیوەستبوونی بە دیوانی کەیفەریی نێودەوڵەتیی، گشتایەتیی تاوانەکانی دەقی ئەساسنامەی دیوانی لە چوارچێوەی ناوخۆییدا گونجاندووە.

هەروەها لەسەر بنەمایەکی گشتی، مافە نێودەوڵەتییەکان بە بەشێکی دانەبڕاو لە سیستمی دادوەریی خۆی دەزانێت. لەم پێناوەدا دەبێ پێشێلکاریی کۆنڤانسیۆنی ڤییەن، پەسەندکراوی ١٩٦١ بەشێوەی تایبەتی لەبەرچاو بگیردرێ، لەبەر ئەوەی کە تیمی تێرۆر بەگشتی بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکەوە وەکوو فەرمانبەری باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن، چوونەتە ئۆتریش و لە پارێزبەندیی دیپلۆماتیک (diplomatic pouch) کەڵکیان وەرگرتووە و چەکە بەکارهێنراوەکانیان بردووەتە نێو ئەو وڵاتە. ئەمە بە واتای پێشێلکاریی ئاشکرای کۆنڤانسیۆنی ڤییەنە کە هەم ئۆتریش و هەم ئێران پێی پێبەندن.

٢- ئۆتریش لە ڕێککەوتننامەی هاوکاریی ئامریکا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزمدایە. لە ساڵی ٢٠١٦ یاسای دژە تێرۆری ئۆتریش، ڕێوشوێنی بەرفراوانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆر پێشبینی کرد. بە خستنەڕووی ئەم یاسایە، دەبێ لە بەڵگەنامە بڵاوکراوەکانی ئامریکا لەسەر بەدواداچوون بۆ کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو کەڵکی پێویست وەربگیردرێ.

٣- تیمی تێرۆر ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی سپای بەدر بووە کە ئێستا بە سپای قودس دەناسرێ و ئەم ڕێکخراوەش بەپێی دوایین لیستی پەسەندکراوی ئامریکا، ڕێکخراوێکی تێرۆریستییە. هەربۆیە لە میکانیزمەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی خۆیان بە پێبەندی دەزانن ڕەنگە بکرێ بەمەبەستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرەوپێشبردنی دۆسیەکە کەڵک وەربگیردرێ، ئەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی پرسە سیاسیەکان.

لە کۆتاییدا بەگشتی دەبێ بوترێت کە بابەتی تێرۆر و هەروەها کەمتەرخەمیی دەوڵەتی ئوتریش لە پێداپرژانی دۆسیەکە هۆکاری بازرگانی، سیاسی و ئەمنیەتیی بووە و لە ئێستەدا بە ناساندنی سپای پاسداران وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستی و هەروەها میکانیزمە کارامەکانی چاوەدێریی دیوانی دادوەریی ئورووپا و دادگای مافی مرۆڤی ئورووپایی، هەرچەند زەحمەتە بەڵام ڕەنگە درەتان بدۆزرێتەوە کە داوای پێڕاگەیشتن و پێداپڕژانی دادوەری بە دۆسیەکەدا بکرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو دەبێ لەسەڕاوە بخوێندرێتەوە!

**شەهلا دەباغی**

لەسەرانسەری ئەم کتێبەدا کەساڵی ١٩٦٣ بۆ ئورووپاییەکان نووسراوە تا کورد و کوردستان بناسن، دەنگێک ڕوو بە جیهان دەڵێ کورد لە تورکیا زوڵمی لێ دەکرێ، کورد لە عیراق زوڵمی لێ دەکرێ، کورد لە سووریا زوڵمی لێ دەکرێ، کورد لە ئێران زوڵمی لێ دەکرێ. لە سەرانسەری ئەم کتێبەدا پشتی شۆڕشەکانی کورد لە هەر چوار پارچە گیراوە، دەنگێک بەئاشکرا دەڵێ ئێمە یەک نەتەوەین و دابەشکراوین و سەربەخۆیی مافی خۆمانە. لە هیچ کوێ ئەم کتێبەدا شتێک دژی بەشێکی دیکەی کوردستان نەنوسراوە، تەنانەت شکست و هەڵەکان بە داخ و حەسرەتەوە باس دەکرێ. مێژوویەکی پڕ لە پرسیار و ناحەقی و نامێهرەبانی کە بەشێکی زۆری دەستکردی داگیرکەران بووە و ئێمەیان لێک دوژمن کردووە بەلاوە، بەڵام دەبێ کوردستان و کوردی  قاسملوو لەسەڕاوە بخوێندرێتەوە.

٢- ٣ /٤ی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ کورد لە تورکیە، سووریا، عیراق. لەهەر فەسڵێک هەوەڵ باسی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکا دوایە دێتە سەر باسی کورد لە ئێران. بە خۆشەویستی و ئەوین باسی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکا.

لە سەرانسەری کتێبەکەدا داکۆکی لە حیزبەکانی پارچەکانی دیکە دەکا و قامک بۆ چاوچنۆکی و زوڵمی ئیمپریالیسم و ئینگلیس و فەڕانسە و داگیر کەران ڕادەدێرێ.

٣- سەربەخۆییخوازیی دوکتور قاسملوو لە زمان کتێبی «کوردستان و کورد»وە»کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە. بۆ نموونە جێ بە جێ کردنی مافی دانانی چارەنووس لە عیراق مانای جیابوونەوەی کوردستانی عیراق نیە، بەڵکوو یەکگرتنەوەی کوردستانی عیراق لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیایە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین مافی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوەی کوردە بۆ یەکگرتنەوە لەنێو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا.

ئەگەر هەلومەرجی کوردستان وەک لە فەسڵی پێشوودا باسمان کرد لەبەر چاو بگرین، بیری یەکگرتنەوەی گەلی کورد لە یەکەم روانین دا بە شتێکی خەیاڵی دێتە بەرچاو. ئێمە لەمەودوا دێینەوە سەر ئەو مەسەلەیە. بەڵام هەر ئەندازە یەکگرتنەوەی کوردستان دوورو ناراست بێتە پێش چاو، هەق ئەوەیە دانی پێدا بنرێ کە کورد مافت دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. چونکە ئیعتراف بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەیەک بەبێ جیاوازیو بێ لەبەرچاوگرتنی زۆرو کەمیی نەتەوەکەو قۆناخی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی نەتەوەکەی تێدا دەژی، ئیعترافە بە ئوسوولی ئەنتێرناسیۆنالیستیو مافی وەک یەک بوونی نەتەوەکان. ئەوەکە کە هەلومەرجی عەینی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە یان نیە، ئەوەکە سەربەخۆ بوونی نەتەوەیەک، یا مانەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێک دا لەگەڵ چەند نەتەوەیەکیتر لایەنی باش یا خەراپی هەیە، ئەوە کە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان ناو ئەوە کە ئەو داخوازە لە سێبەری رێژیمی سەرمایەداریش دا جێبەجێ دەبێ، یا تەنیا لە رێژیمی سۆسیالیستیدا، هیچ کام لەوانە نابێ ببنە هۆی یەوە کە عاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە:

«پەروەردەکردنی ئەنتێرناسیۆنالیستی زەحمەتکێشانی وڵاتە زۆردارەکان دەبێ زیاتر لەسەر ئەو نوختەیە بێ کە مافی جیابوونەوەی وڵاتە زۆرلێکراوەکان رابگەیەنن و پشتیوانیی لێ بکەن. ئەم داخوازە ئەملاو ئەولای نیە، تەنانەت ئەگەر جیابوونەوە پێش سۆسیالیزم لە هەزار حاڵ لە یەک حاڵدا ئیمکانی وەدیهاتنی هەبێ.»(٤)»

هەر بۆیەشە کە حیزبەکانی چینی کرێکار لە کوردستان سەرەڕای ئەو وەزعە سەخت و نالەبارە دروشمی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردیان بەرز کردۆتەوە.» (ل. ٢٧٦ هەتا ٢٧٧)

کوردستان و کورد
وەرگێڕ، ماموستا حەسەن زادە
کتێبفرۆشی هەرزان، ٢٠٠٤، ستۆکهۆڵم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرهەمی ١٨ ساڵ ڕێبەریی قاسملوو

**ناسر پیرۆتی**

کاک کەریمی حیسامی لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە، «ئەو ڕۆژەی مەلا مستەفای بارزانی چووەتە مهاباد، خەڵکێکی زۆر بۆ پێشوازیکردن لێی کۆبوونەوە و عالەمێکی زۆر لە مەجلیسی بەخێرهێنانی دانیشتوون. یەک لە تایفەی قازییان کە دکتۆر بوو و لە تورکیە دەژی، ماوەیەک بوو بە میوانی هاتبووەوە، هەڵیدایە و خۆی بە مەلا مستەفا ناساند و گوتی قوربان من دکتۆرم و لە تورکیە دەژیم، بڕیارمداوە کاتێک بێمەوە کوردستان کە هەموو شوان و گاوانێکی کورد ڕۆژنامەیان بەدەستەوە بێ و بیخوێننەوە. بە ڕەحمەت بێ مەلا مستەفا گوتی، جا ئەودەم لە چ دەگەڕێی و بۆچی دێیەوە؟ ئەودەم گەلی کورد چ پێویستی بە تۆ دەبێ؟ ئەگەر ڕاست دەکەی و کوردێکی نیشتمانپەروەری ئەمڕۆ وەرەوە کوردستان. کورد ئێستا پێویستی بە تۆ هەیە، ئەگەر هەموو شوان و گاوانی کورد خوێندەوار بوون، ئیتر هیچ پێویستییان پێت نییە و مەیەوە. کابرا بێدەنگ بوو و مرتەقی لەبەر نەهاتەدەر.»

٢٥ ساڵ دواتر، دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار و ڕێککەوتنی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو بەرگی کردەوەی کردەبەر ئەو قسەیە. ئەو لە خراپترین دۆخدا بۆ سەرپێ خستنەوەی حیزبی دێموکرات و بە ڕاستەرێدا کردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات گەڕایەوە نێو ئاوالانی کە ئەوکات لە باشووری کوردستان پەرشو بڵاو بوون. گەڕانەوەی د.قاسملوو لەگەڵ هاوشێوەکانی جیاواز بوو. ئەو بە دەستی پڕ گەڕایەوە.

بەرگی مۆدێرنی کردە بەر حیزبی دێموکرات و کردییە خاوەن حیزبێکی بە بەرنامە و پێڕەو پڕۆگرام. بنەمای کولتووری کاری بە کۆمەڵی دامەزراند و جێی خست کە پێگەی حیزبی بەپێی کار و ماندووبوون و توانایە، نەک ناوبانگ و پشتی بنەماڵەیی و عەشیرەیی.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو سەربەخۆیی کردە بنەمای سەرەکی سیاسەتی حیزب و لە هاوکێشە و کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان و ئێراندا، دەستی بە سنگی ئەوانەوە نا کە تەماحیان لە حیزب کردبوو، بیکەن بە برابچووک و داری دەست.

دکتۆر قاسملوو لە نێوان یاغی بوون و شۆڕشگێڕ بوون جیاوازی دادەنا و دەیزانی کە خەبات تەنیا راپەڕین دژی دەسەڵاتە داگیرکەر - دیکتاتۆرەکان نییە، بەڵکوو شۆڕش دەبێ بنەمای هەبێ. دەیزانی بۆ خەبات دەکات، چۆن خەبات دەکات و چی دەوێ. ئەو بچووک فکری نەدەکردەوە و گەورە دەیڕوانی، سیاسەتمەدارێک بوو بە کولتووری شاریی.

د.قاسملوو لەگەڵ خۆی زانست و پلانی هێنایە نێو سیاسەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئوسول و پرەنسیپی جێ خست و بزووتنەوەی کوردی خستەسەر رێگایەکی دروست. بەوەش رێگایەکی کردەوە بە ناوی رێبازی قاسملوو. ئەو رێبازە تەنیا دروشمێک نییە کە رێبوارانی بیڵێنەوە، رێبازی ئەو سیاسەتکردنی واقع بینانە و باوەڕمەندی راستەقینەیە بە بەها ئینسانی و نەتەوەییەکان. رێبازی ئەو ۳۱ ساڵ دوای نەمانیشی هێشتا بەهێزترین پێناسەی خەباتە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ۱۲ی جوولای ۲۰۲۰



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو ڕێبەڕ و ڕێباز

**برایم جەهانگیری**

هەتا دوو دێڕم لەسەر گەورەییت نووسی کەوتمە بەر تانە و تەشەری ناحەزانت، ئەگەرچی هەندێک تا سەر ئێسقان دژو دوژمنتن بەڵام دەزانن گەورەییت شان لە شانی ئاسمان دەدا، دەزانن گەواڵە هەوری باراناوی هەر بەهەناسەی تۆ کێڵگەی تینوو پاراو دەکا، هاتوون و بە درۆ، پرۆفایلەکەیان بە وێنەی تۆاڕازندۆتەوە.

هەتا دوودێڕ لەسەر کارامەیت دەنووسم، دەبینم لێرەو لەوێ خەڵکیکی هیچ پێنەبوو جیفرکان لە ئاسمانێ دەدەن و پێیان وایە بەنووسینەکەی من تۆ گەورەتر دەبی وکە ئێمە بێدەنگ بین ئەوا تۆ لە گەورەییت کەم دەبێتەوە!! چ خەیاڵێکی خاوە ئەو ڕوانگەیە، چ مەرگەساتێکی عەدالەت و دادە ئەو بیرکردنەوەیە! ئاخر تۆ لە سەر ڕۆژ بدوێ وبنووسی و نەنووسی ڕۆژ گەرما وتینی خۆی هەرهەیە و ڕووناکیەکەی جیهانێک ڕۆۆناک دەکا، ئەوڕۆ بەشێک و سبەی بەشێک.

هەتا دوودێڕ لەسەر تۆ دەنووسم هاوالدوانە بەسیجییەکان لەدوورەوە لە لەژێردەمامکی شاراوە دا ئاوردەگرن و ڕقی بێسنووری خۆیان بەمن دەڕێژن خافل لەوەی من ئەگەر لە یاد وبیرەوەریت دا هەرچی بنووسم، دوو دێڕ بێ یان کتێبێک بێ ئەوە تەنیا ئەمەگناسییەکی بچووکە دەرهەق بە مامۆستاو زانایەکی بلیمەتی کورد کە کورتەباڵاکان حەسوودی پێدەبەن چۆن سەریان ناگاتە پانێی کەوشەکانی.

و بەڵام لەبەرامبەردا کە دوو دێڕت لەسەر دەنووسم وەفاداران و ڕێبوارانی ڕێگە وڕێبازی مرۆڤایەتی، ڕێبوارانی ڕێگەی بەرخۆدان وکۆڵنەدان، ڕێبوارانی ڕێگەی پێشەوا قازی گەش دەبنەوە و زیاتر لەسەرباوەڕوئیمانی خۆیان سوور دەبن و پەیمان نوێ دەکەنەوە کە تاگەیشتن بە هەموو ئاوات وئامانجەکانت هیچ کەندو کوسپێک ناتوانی هەنگاوی بەگوڕیان شل کاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئیتر با هەموو کەس لەوە دڵنیابێ کە قاسملوو هەم ڕێبەڕە و هەم ڕێباز.**

قاسملوو ڕێبەر بوو، چون بە گرتنە دەستی سوکانی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات ئەگەرچی لەسەرەتاوە دەگەڵ گرفتی زۆرگەورە و کێشەی ناوخۆیی حیزبی بەرەوڕوو بوو بەڵام سەرئەنجام ئەو حیزبەی لەباری تەشکیلاتی و سیاسیی و دیپلۆماسییەوە گەیاندە لووتکە، قاسملوو لە ئورووپای بەهەشتی پەنابەران ڕا و لە ژیانێکی زۆر ئاسوودە وئارام ڕا گەڕاوە ناو حیزبێک کە نوقمی ململانێی حیزبی بوو، بەتایبەتی لە دوایی جوێ بوونەوەی مام جەلال وبرایم ئەحمەد لە پارتی دێمۆکراتی کوردستان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کەوتبووە نێوان دووبەرداشی تازە بیرازکراو.

قاسملوو لە حاڵێکدا کە خۆی لە ناو گێژاوی ئیختیلاف و دووبەرەکی و وەزعی یەکجار شپرزەی حیزبدا دیتەوە کە خۆی لە باشترین ژیانی ئورووپایی دا ژیابوو، مامۆستای زانکۆ بوو، بەڵام ئەو هەر لەسەرەتاوە کەسێکی چالاک و بزۆز و بەرهەڵستکار بووە. خەمی گەلەکەی لەبەر بووە وهەوڵی بۆداوە. ئەو هەر لەسەرەتای مێرمنداڵێ وهەرەتی لاوەتی دا هەروابوو، هەر بۆیە لە تەمەنی ١٥ ساڵی دا و لە شاری ورمێ دەبێتە دامەزرێنەری یەکەمین ڕێکخراوی لاوان واتە یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان.

قاسملوو کاتێ و دوای کۆنگرەی ٢ و وەلانانی لە حیزب و دوای بەیاننامەی ١١ی ئازار لە ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە و عێراق و لە بەغدا چاوی بە هاوڕێیانی حیزب دەکەوێ و ئەوانیش داوای لێدەکەن کە بگەڕێتەوە ڕیزەکانی حیزب، کە حیزب لە باری تەشکیلاتی وڕێکخراوەییەوە لەوپەڕی شپرزەیی دابووە، بۆیە ئەو نەخشی ڕێبەری حیزب بە باشی وەئەستۆ دەگرێ و کە دەڵێم هەم ڕێبەر و هەم ڕێباز لێرەدا نەخشی ڕیبەریی کردنەکەی بە باشی دەردەکەوێ. با سەرنج بدەینە قسەکانی مامۆستا حەسەنزادە کە لە نیو سەدە تێکۆشاندا ولە لاپەرەی ٦٣ دا دەڵێ:

**«یەکگرتنەوە دەگەڵ قاسملووخێری بۆ حیزبی دێمۆکرات زۆر بەدواوە بوو، بەڕاستی تەنیا پاش هاوکاری قاسملوو بوو کە ئێمە شتێکمان لە مانای حیزبایەتی و کاری حیزبی و ئوسوولی حیزبی بەرچاو کەوت وکەم و زۆر فێری بووین».**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوایە قاسملوو لەو کاتەدا سوکانی ڕێبەری حیزبێک دەگرێتە ئەستۆ کە لە هیچ بارێکەوە داڕشتی حیزبی پێوە دیار نەبووە. بەڵکوو ئەوە ئەو بووە بە تەجرەبەی خۆی و لێهاتوویی خۆی دەتوانێ ئەوحیزبە خڕکاتەوە و لە هەموو بارێکەوە چ تەشکیلاتی و چ پێوەندی دەگەڵ حیزبەکانی دیکەی ئێران وناوچە و چ پێوەندی دەگەڵ دنیای دەرەوە ئەو حیزبە بخاتەوە سەر بارێکی دیکە. جێگای ئاماژەیە کە تا بەر لەگەڕانەوەی قاسملوو بۆ نێو ڕیزەکانی حیزب ئەو حیزبە خاوەنی بەرنامە و ئەساسنامەیەک نەبووە و ئەوە دوکتور قاسملووە بووە کە لە یەکەم دانیشتنی رەسمی دا دەگەڵ کومیتەی ناوەندی دەڵێ حیزب دەبێ خاوەنی بەرنامە و ئەساسنامە بێ وهەر خۆشی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب دادەڕێژێتەوە.

ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە ئەگەرچی کێشە ناوخۆییەکانی حیزب لەمپەری هەرە گەورە بووە لە پێشکەوتنی کار وباری حیزب و بە تایبەتی ململانەی نێوان دوکتور قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق لەوپەڕی خۆیدا بووە بەڵام سەرئەنجام ئەو حیزبە رەوتی بەرەوپێشچوونی خۆی دەگرێتە بەر و هێدی هێدی پێ دەنێتە قۆناخێکی نوێ کە دەگەڵ قۆناغی بەر لە قاسملوو جیاوازییەکی بەرچاوی هەبووە.

ئەو رەوتە و ئەو بەرەوپێشچوونە درێژەی دەبێ و حیزب دەتوانێ جارێکی دیکە لە ژێر ڕێبەری قاسملوو دا خۆی سازمان بداتەوە و خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ هەر گۆڕانکاریەک و هەر چەشنە پلان وبەرنامەیەک ئامادە بکات.

لە باسی ڕێبەڕیدا بە کورتی لەبەشی دووهەم دا ئاماژەیەکم بە کاراکتیڕی روونی دوکتور قاسملوو کرد، لەوبەشەدا ئاوڕێک لە «ڕێباز» بوونی قاسملوو دەدەمەوە، دیارە بەتەواکردنی بەشی دووهەم بە کورتە نووسینێک لەم بەشەی سێهەم دا.

قاسملوو ڕێبەر بوو چون بیچگە لەوەی کە لە کاتی خۆیدا حیزبی لە گێژاوێکی چەقبەستوو دا ڕزگار کرد بەڵکوو لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی شاهەنشاهیش دا نەخش ورۆڵی ڕێبەری ئەو زۆر زەقتر لە ڕابردوو دەر دەکەوێ.

شەم و لێکدانەوە و تەحلیلی ڕووداوەکان لە لایەن قاسملوو وای کردبوو کە ئەو وەک سیاسەتمەدارێکی کارامە دەرکەوێ، هەر لە زمان سەرکردەکانی حیزبەوە زۆرجاران گوێمان لێبووە کە دەڵێن بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی شا و لە حاڵێکدا


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمتر کەس باوەڕی بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە هەبووە قاسملوو کومیتەی ناوەندی کۆ کردۆتەوە و کوتوویەتی خۆتان ساز کەن دەچینەوە ناو خۆ؟ کەپرسیویانە بۆ؟ قاسملوو وڵامی داوەتەوە ڕێژیم دەڕووخێ.

قاسملوو جودا لە خوێندنەوەی دروستی ڕووداوەکان، کەسێکی ئازا ونەترس و بەجورئەتیش بوو، ئەو پێش ڕووخانی ڕێژیمی شا یەکێک لەو کەسانە بووە کە هاتۆتەوە ناوخۆی کوردستان و لە مەهاباد بۆ ماوەیەکی زۆر و بەرلە ڕووخانی ڕێژیم بە شێوەی نهێنی کاری کردووە و خەڵکی دیتووە. خۆ دوای رووخانی ڕێژیمیش ئەگەرچی تەشکیلاتێک لە ناوخۆ بەو شیوەیە وجوودی نەبووە بەڵام لە ماوەیەکی کورت دا بە هەوڵ و تێکۆشانی کادر و ئەندامانی حیزب و لە ژێر ڕێبەری دوکتور قاسملوو دا توانرا لە سەرتاسەری کوردستان تەشکیلاتەکان ببوژێنەوە. ئەگەرچی ئەو تەشکیالاتانە بەشی ئەو لێشاوە خەڵکەی نەدەکرد کە ئەوکاتی روویان لە بنکەکانی حیزب دەکرد.

لێرەوە و دوای ئەوەی حیزب تێکۆشانی ئاشکرای خۆی لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ بە متینگی پڕ حەشیمەتی زیاتر لە١٠٠ هەزار کەسی لە مەیدانی ئابیاری (ئازادی) ساری مەهاباد ڕاگەیاند هەم کۆنەپەرەستانی ناو ڕێژیم وهەمیش دژبەرانی حیزبی دێمۆکرات بەتایبەتی حیزبی توودە کێچیان دەکەوڵی کەوت و بە هەموو ڕێگایەک هەوڵی کپ کردن و کزکردنی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی حیزبیان دەدا.

زۆری نەبرد حیزبی توودە بەو پەڕێ رووهەڵماڵراوی داوای لە حیزب کرد کە با بگەڕێتەوە ناو باوەشی حیزبی دایک کە دوکتور قاسملوو وێڕای ڕیز لە داواکەیان رەتی ئەوەی کردەوە کە جارێکی دیکە حیزبی دێمۆکرات ببێتە پاشکۆی هیچ هێز و لایەنێک و دەشکرێ وەک دوو حیزبی برا وهاوخەبات بۆ ئازادی هاوکار و هاوئاهەنگ بن. بەڵام حیزبی توودە ئەوە وڵامەی زۆر پێناخۆش بوو و بەهەموو جۆرێک کەوتە کارشکێنی و تەشکیلات ساز کردن لە ناو حیزبی دێمۆکڕات دا بۆ ئەوەی پێش بە سەربەخۆیی خوازی حیزبی و بیرکردنەوەی قاسملوو و حیزبی دێمۆکڕات بگرێ.

ئەمە لە لایەک و لە کۆنگرەی ٤ یش کاتێ قاسملوو ویستی کە ئامانجی دواڕۆژی حیزب کە سۆسیالیسمی زانستی بوولە بەرنامەی حیزب دەرباوێ ئیتر ڕاسپاردەکانی حیزبی توودە کەوتنە گێچەڵ پێکردن و هەرایەکی زۆریان لەسەرئەو بابەتە ساز کرد لە حاڵێکدا حیزبێک لە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نشتمانی دابێ هەرگیز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێویست ناکا ئەو ئەسڵە لە بەرنامەی حیزبەکەی خۆیدا بگونجێنێ بێ ئەوەی بزانێ ئەوکاتەی کە کورد ڕزگاری دەبێ ئایا بەستێنی ئەو سۆسیالیسمە ئامادەیە یان نا؟! ئەو سەربەخۆیی خوازیە وای کرد کە تەنانەت هەندێ لە ئەندامان کادرەکانی حیزب ڕێک دەسەڵاتی دواکەوتوو و تاسەرئێسقان کۆنەپەرەست و خورافی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران هەر بەتەنیا لەبەر ئەوەی دروشمی مەرگ بۆ ئیمپریالیسمی کردبووە دروشمێکی تەبلێغاتی بە ڕێژیمێکی دژی ئیمپرسیاکلیستی پێناسە بکەن وخۆیان بە هاوپەیانی ئەو ڕێژیمە بزانن. هەر ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش بووکە لە ئاکام دا لە ژێر کارتێکەری ڕاستەوخۆی حیزبی توودەوو بە هاوکاری چەندکەسێکی دیاری ناو ڕێبەرایەتی حیزب لە هەلوومەرجێکی زۆر دژوار دا حیزبی دێمۆکراتیان دووچاری ئینشیعاب کرد و لایەک لە باشترین ئەندامان و کادەرەکانی حیزبیان لە حیزب دابڕێ.

لیرەوە و دوای ئەو زەبرە تەشکیلاتییە ودروست بوونی فەزایەکی ئالۆز کە لە هەموو لایەکرا تۆپخانەی تەبلیغاتی حزیبی توودە وباقی خۆ بەچەپزانەکان بەرەو ڕووی حیزب و بەتایبەتی شەخسی قاسملوو بوویەوە هەم ئەرکی حیزب قورستر بووو هەمهیش بەرپرسایەتی گران بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە کەوتە سەر شانی شەخسی دوکتور قاسملوو. ئیتر لێرەوە ڕۆلی قاسملوو هەم لە ڕێبەری کردنی حیزبدا وهەمیش لە ساخکردنەوەی ڕێبازی حیزبی دێمۆکڕات دە ئەوەندەی پێشوو بەرچاو و ئاشکرا بوو.

گاڵتە نەبوو لەو کاتی دا و لە حاڵێکدا یەک لە شەشی جیهان یان بەستراوەبە ئۆردووگای سوسیالیم بوون یان بەجۆرێ لە جۆرەکان خۆیان بە پەیرەوەی ئەو ڕەوتە سۆسیالیستیە دەزانی کە سۆڤییەتی ئەو کات ڕابەرایەتی دەکرد. ئەمە بێجگە لەوەی کە چەپ بوون و خۆ بە چەپ زخان هەر مۆدێ ڕۆژ بوو، زۆر کەسی وات لە شەقامەکان دەدیت کە هەر بۆ پۆز لێدان گوێچکەی کتێبێکی مارکس یان لێنینی بەدەستەوە بوو و لە شەقامەکان خۆی با دەدا لە حاڵێکدا یان هەر دێڕێکی لێ نەخوێندبۆوە یان ئەگەر خوێندباشییەوە لێی حاڵی نەبووە. لە هەلوومەرجێکی ئاوادا بۆ ئەوە باوەڕەکانی خۆت بچەسپێنی و تەسلیمی ناعەداڵەتی و بە کۆیلەکردنی حیزب نەبی کارێکی هاسان نەبوو.

قاسملوو بیرمەند بوو، ئەو باوەڕی وابوو کە ئەو وڵاتانەی کە ڕێک کۆپی سۆسیالیسمی ڕووسیەیان کردووە لە ئاکام دا دووجاری شکست دەبن، ئەو باوەڕی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وابوو، کە سۆسیالیسم هەرچەند دادپەروەریش بێ، کار بۆ خەڵک فەراهەم بکات، نان بە تێروتەسەلی بچێتە سەر سفرەی خەڵک بەڵام مادام ئازادی نیە ئەو سۆسیالیسمە سەر ناگرێ. ئەو باوەڕە لە ناوکورد ئەویش لە حاڵێکدا بەرپرسایەتی گەورەی لەسەر شان بێ تاقە یەک کەس وێراوێتی بیدرکێنی، ئەویش دوکوتور قاسملوو بوو وە قسەکەشی راست دەرچوو.

قاسملوو جگە لە رێبەربوون خۆی قوتابخانەیەکە، ڕێبازێکە نەمر. خۆ زۆر کەس هەن یان تەسلیمی ئەو جەوە و مۆدێلە لە سیاسەت دەبن کە باوی ڕۆژە و یان ڕەنگە وەک قاسملوویان بیر کردبێتەوە بەڵام بۆ ئەوەی تۆمەتە بێبنەماکان بەرەوڕوویان نەبێتەوە ناوێرن قسەی دڵی خۆیان بکەن، ئەوان مرۆڤان لە ژێر شانتاژ و هێرشی تەبلیغاتی نەیار و دژبەرانی خۆیان دا بە چۆک دادێن و خاوەن باوەڕ و بڕوا بەخۆ نین، بەڵام قاسملوو جیاواز بوو، ئەو بەرامبەر بەو چەپە مۆدێلیستە تەسلیم نەبوو، بەرامبەر بە لێشاوی تەبلیغاتی حیزبیب توودە و چەپە سوونەتیەکان بە چۆک دانەهات، سەتان بوتان ودرۆی هێندە ساخداریان بۆ قاسملوو و حیزبی دێمۆکرات هەڵبەست کە ئێستاش مرۆڤ کە بیریان لێدەکاتەوە بۆی دەبێتە پرسیار چۆن حیزبێک بەو هەمووە دەسەڵات و بەرو هەمووە توانایەوە دەتوانێ هێدە بێ چاووڕوو بێ و ئەو درۆ و بوختانە نارەوایانە بەرەو ڕووی حزیبێک و سەرکردەیەک بکاتەوە کلە نایانهەوێ لە ژێر فەرمانی حیزبای توودەدا سدیاسەت بکەن و ئیرادەو بەرژەوەندەی گەلی خۆیان ناخەنە ژێرفەرمان و سیاسەتە سەقەتەکانی حیزبی توودە. دەتونام بڵێم ئێتران چەندی ڕق لە قاسملوو بوو حیزبی توودە و قسە وباوەڕەکانی خۆی گەیاندە جێگا و ئیتر ئێستا بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە ئەوەئ یەک لە شەشەی جیهان دەیکوت و خەڵکێکی زۆپری چەپیش بۆیان لە چەپڵە دەدا راست نەبوو و قسەی بیرمەندە کوردەکە، قاسملووی نەمر وەراست گەڕا.

بەڵی ئەورۆ پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ کە بەسەر ترۆری دوکتور قاسملوو دا تێدەپەڕێ، بیر و هزر و باوەرەکانی و خەسلەتەکانی دەبنە سەرمەشق و هەر دێ و لە ناو خەڵک و ڕووناکبیرانی نەتەوە ونیشتمانی کوردان دا خۆشەویستتر دەبێ و ڕێگەو ڕێباز و بیرکردنەوەکانی دەبنە مەکتەبێک بۆ لاوانی و کوران وکچانی دوارۆژی نیشتمان.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕیکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جێ پەنجەی د. قاسملوو لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کورد دا

عەبدوڵلا حیجاب

کاتێک شەریف پاشا (١٨٦٥ - ١٩٥١) لە کۆنفەرانسی ئاشتی پاریس (١٩١٩ - ٢٠) هەوڵی جێ بە جێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی دەدا کە پێشتر لە گەڵ شاندێکی ئەرمەنی بۆ دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و ئەرمەنی لە ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلیا لە سەری ڕێک کەوتبوون، دەیزانی کە بە بێ دیپلۆماسیەکی بە هێز ئیمکانی مسۆگەرکردنی پێگەی سیاسی بۆ کورد لە سەر خەریتەی جیهان لاوازە. ئەو بە تەنیا بە ڕادەی شاندێکی پڕ کار هەوڵی دا، بەڵام بە داخەوە بە ناکامی لە تاراوگە مایەوە تا لە ساڵی ١٩٥١دا لە شاری کاتانزارۆی ئیتالیاماڵئاوایی لە کوردستان و هەموو هیوا و هزر و خەیاڵەکانی کرد.

لە دوایین ساڵەکانی ژیانی شەریف پاشادا، دوکتور قاسملوو کە ئەو کات لاوێکی تازە پێگەیشتوو بەڵام لە بواری سیاسیەوە بە مشوور و چالاک بوو بۆ درێژەدان بۆ خوێندن لە دەرەوەی وەڵات دەژیا. پاریس، ناوەندی ڕۆشنبیری و ئازادی و پراک، ئەو شارەی کە بە پێی هزری سیاسی ئەو سەردەمەی د. قاسملوو سیستەمی ئیدەئال و بێ قسوور بوو، ئەو دەرفەتەیان بۆ ئەو ڕەخساندبوو کە زیاتر بیری سیاسی خۆی گەشە پێ بدا. دەست پێڕاگەیشتنی ئەو بە سەرچاوە مێژووییەکان و گەڕانی بە شوێن هەموو ئەو کاناڵانەی کە دەیانتوانی یارمەتیدەری بن تا ئاواتەکانی بخاتە چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسیەوە، بێ گومان ئەوی بەرەو ناسینی شەریف پاشا هان دابوو. هەر چەند هیچ بەڵگەیەک لە دیداری نێوان ئەو دوو کەسایەتیە سیایسە کوردە بە دەستەوە نیە، بەڵام ناکرێ قاسملوویەکی چالاک و خاوەن ڕۆئیای کوردایەتی ئاگای لە جموجۆڵەکانی شەریف پاشا نەبووبێ. دوکتۆر قاسملوو گرینگیەکی زۆری بە دامەزراندنی پێوەندی دۆستانە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و جیهانی دەرەوەی ئەو بزووتنەوەیە دەدا. پێداگریی هەمیشەیی ئەو لە سەر ئەوە بوو کە گەلی کورد دەبێ لە ئاستی جیهانیدا چەندە دەتوانێ دۆست و پشتیوان پەیدا بکا و ڕایەڵکەیەکی بەرینی پێوەندی دابمەزرێنێ. بۆ ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرینگ بوو کە حیزبەکەی هەمیشە وەک پرەنسیپ لە گەڵ «بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلانی ژێر دەست، وەڵاتانی سۆسیالیستی و کۆڕوکۆمەڵە دیمۆکراتیکەکانی وەڵاتانی ئەورووپایی»، پێوەندیی دۆستانەی هەبێ. بەڵام هاوکات لە گەڵ لەو پرەنسیپە گشتییە، بۆ بەکارهێنانی هەموو دەرفەت و دەرەتانێک لە پێناو سەرخستنی ئەو خەباتەیدا کە بۆ خۆی سەرکردایەتی دەکرد، زۆر زیرەکانە دەرفەتەکانی دیکەشی دەقۆستەوە و دەیتوانی بە بێ دانی باج ئیمکانی نوێ بخوڵقێنێ و دۆستی دیکە پەیدا بکا. چەمکی «دوژمنی دوژمنی من، دۆستی منە« بۆ دوکتۆر قاسملوو چەمکێکی نامۆ نەبوو، بەڵام ئەو هیچ کات ئامادە نەبوو بە هەر قیمەتێک لە گەڵ هەموو دوژمنەکانی دوژمنەکەی پێوەندی دابمەزرێنێ یا بە مەرجەکانی ئەوان لە گەڵیان بکەوێتە هاوکارییەوە.

لە سەردەمی سیاسەت کردنی دوکتۆر قاسملوودا، جەمسەربەندیە سیاسیەکانی جیهان چوارچێوەیەکیان خوڵقاندبوو کە زیاتر لە لای ئەو ئەکتەرانەی دوکتۆر قاسملوو وەک پرەنسیپ بە دۆستی کوردی دەزانین زەمینەی پێوەندی لە گەڵ بزووتنەوە رزگاریخوازەکان مومکین بوو. هەر چەند پێوەندی وەڵاتانی سۆسیالیستی لە گەڵ بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی نەتەوە ژێر دەستەکان زیاتر روانگەی ئایدیۆلۆژی هەبوو و بۆ بەرەو پێش بردنی سیستەمی جێی پەسەندی ئەوان و دژبەری کردن لە گەڵ جیهانی رۆژئاوا بوو، بەڵام هەر ئەو نییەتە شاردراوەش لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و لە ئافریقا یارمەتیدەر بووتا کۆمەڵێک وەڵاتی نوێ بە سەربەخۆیی بگەن. ئەوە هاندەرێک بوو تا دوکتۆر قاسملوو وەک سەرکردەیەکی خاوەن بەرپرسایەتی مێژوویی لە بەرامبەر گەلەکەیدا لەو سۆنگەیەوە بڕوانێتە ئیمکانی پشتیوانی وەڵاتانی بلۆکی سۆڤیەت لە بزووتنەوەی کورد.

لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی سەدەی رابردوو و لە گەرمەی خەباتی سیاسی دوکتۆر قاسملوودا، رێژیمی شا تا ملان لە گەڵ وەڵاتانی رۆژئاوایی بە تایبەت ئامریکا لە هاوپەیمانی دا بوو. دوای رووخانی شاش جەمسەربەندییە سیاسیەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەر لە سەر رێبازی پێشوویان پێداگربوون و سەرەڕای سەرهەڵدانی دوژمنایەتی لە نێوان رێژیمی نوێی ئێران و ئامریکا و وەڵاتانی رۆژئاواییدا، هیچ وەڵاتێکی رۆژئاوایی ئامادە نەبوو دەستی دۆستایەتی بۆ لای بزووتنەوەیەکی سیاسی درێژ بکا کە بە پێچەوانەی پیوانەکانی زاڵ بە سەر پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان، ناچار کرابوو بە شێوەی چەکدارانە بەرگری لە هەبوونی نەتەوەکەی بکا. لە روانگەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژئـاواوە، ئێستاشی لە گەڵی بێ ئەو بزووتنەوە چەکدارییانەی کە بەشێک لە سیستێمی سیاسی وەڵاتێک پێک ناهێنن بۆ هاوکاری و هاوبەندی نابن، هەر چەند بە کـردەوە ئەو پڕەنسیپەی ڕۆژئـاوا تەنیا تا کاتێک بـرەوی هەیە کە ئەو هێز و بزووتنەوانە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەوان دا نەبن.

بە کردەوە هیوا بەستن بە پشتیوانی وەڵاتانی سۆسیالیستیش هیچ خێرێکی بۆ کورد و بۆ حیزبی دێمۆکرات نەبوو، بەڵام لە بواری تێئۆرییەوە گونجاو بوو کە وا لێکبدرێتەوە لە کاتی لێکترازانی هاوکێشەکاندا ئەو وەڵاتانە ئاوڕێک لە بزووتنەوەی کورد دەدەنـەوە. بیری چەپی ئەو سەردەمەی دوکتۆر قاسملووش هاندەری بوو تا ئێنرژییەکی زۆر بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بیرۆکەیە دابنێ. بەو پێیە دوکتۆر قاسملوو هەوڵێکی زۆری دا تا دەستکەوتێک لە تێئۆریی دۆستایەتی لە گەڵ وەڵاتانی سۆسیالیستی وەدەست بێنێ و بە تایبەت هەمیشە لە هەوڵ دا بوو کە دەرگایەک بۆ پێوەندی لە گەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بکاتەوە. بەڵام لە ساڵانی بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی شا و چەند ساڵی یەکەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، جاسووسی حیزبی توودە لەمپەرێکی گەورەی دروست کرد تا هەوڵەکانی دوکتۆر قاسملوو بە ئەنجام نەگەن. حیزبی توودە ڕقی لە قاسملوو و ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەی ئەو بوو کە حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی لە ژێر سێبەر و ڕکێفی چەپی کلاسیکی ئێران هێنابوویە دەرەوە. بۆیە هەموو هەوڵی ئەو حیزبە ئەوە بوو کە ڕێگر بێ لە بە ڕەسمی ناسینن و دامەزرانی پێوەندی لە نێوان بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەڵاتانی سەر بە بەرەی سۆڤیەتدا. چیرۆکی سازکراوی وەرگرتنی یارمەتی ٩ میلیۆن دۆلاری لە ناتۆ لە لایەن حیزبی دێمۆکراتەوە کە ساڵی ١٩٧٩ قوت کراوە بەشێکی ئەو پرۆژەیەی حیزبی توودە بوو. ئەو کارە دەرگای سۆڤیەتی بە سەر ڕێبەرە بە ئەزموونەکەی حیزبی دێمۆکراتدا گەڵا دا، بەڵام هیوابڕاوی نەکرد کە ڕۆژێک ئەو وەزعە گۆڕانی بە سەر دا بێ.

سـەرەڕای کۆمەڵێک دیدار لە نێوان ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات و وەڵاتانی بەرەی سۆڤیەت، بە تایبەت خودی یەکیەتی سۆڤیەت، کە زۆر جار لە بالوێزخانەی ئەو وەڵاتە لە بەغدا ئەنجام دەدران، بە کردەوە لایەنی بەرامبەر هیچ بەو پێوەندییانە دڵخۆش نەبوو. بگرە حیزبی دێمۆکرات و د. قاسملوویان وەک لەمپەرێک بۆ بە هێزکردنی پێوەندییەکانیان لە گەڵ دیکتاتۆریی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی تاران


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزانی. بەڵام ساڵی ١٩٨٤ بڵاوکردنەوەی وتارێک لە ڕادیۆی کوردی یەریڤانەوە لە سەر کۆماری کوردستان، حیزبی دێمۆکرات و بەردەوامی خەباتی ئەو حیزبە بوو بە هاندەر تا دوکتۆر قاسملوو گوڕێکی پتری بە هەوڵەکانی بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ گەورەترین وەڵاتی دامەزرێنەری کۆمەڵگا خەیاڵیەکەی بدا. (دەستم بە ئارشیڤ ڕا ناگا و ڕێکەوتی دروستی ئەو وتارەم لە بیر نیە، بەڵام دەزانم پایزی ساڵی ١٣٦٣ بوو و من چەند مانگێک بوو لە ڕادیۆی حیزب کارم دەکرد. کاتێک بە دوکتۆر قاسملووم گوت وتارێکی ئاوام لە ڕادیۆ یەریڤانەوە گوێ لێ بووە و قەیدم کردوە، پێکەنی و گوتی ئەوان بە بێ ئیزنی مۆسکۆ ئاو ناخۆنەوە، بڕۆ وتارەکەم بۆ دابەزێنە، بەڵام هەر بە کرمانجیەکەی و زوو بۆم بێنەوە).

گەلۆ ئەوە سیگناڵێک بوو یا هەر ڕێکەوتێکی سۆزدارانە لە لایەن کوردەکانی یەریڤانەوە، هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێ کە دوکتۆر قاسملوو هەلەکەی قۆستەوە و دوبارە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی پێوەندی لە گەڵ سۆڤیەت چڕ کردەوە. ئەوەی ئێمە لێی ئاگاداربووین، سەفەری شاندێکی حیزب بە سەرپەرستی نەمر کاک فەتتاحی کاویان لە ڕێگای مۆسکۆوە بۆ دیدار لە گەڵ کاربەدەستانی کۆماری دێمۆکراتیکی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٥دا لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدا بوو.

هاوکات لە گەڵ ئەو هەوڵانە، دوکتۆر قاسملوو لە دەرگایەکی ئاواڵەتریشەوە دەیەویست پرسی کورد بە گشتی و خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە ڕۆژەڤی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە. دەرگایەک کە دواتر بوو بە دەلاقەیەکی گرینگ بۆ بە ڕۆژەڤ کردنی پرسی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا. دوای دان و ستاندنێکی چەندین ساڵە، سەرئەنجام دوکتۆر قاسملوو توانی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێگایەک بۆ پێوەندی لە گەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست بکاتەوە. لێزانی و شارەزایی ئەو لە زمانی دیپلۆماتیک دا زۆر زوو ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند کە خۆی بگەیەنێتە لایەنە بڕیاردەرەکانی ئەو ڕێکخراوە جیهانیە کە لەو سەردەمەدا خاوەن نفوزێکی زۆر بوو و ڕێکخراوەکانی ئەندامی لە زۆر وەڵاتی بە هێزی ڕۆژئاواییدا لە دەسەڵاتدا بوون. بەڵام بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکان و گەیاندنیان بۆ ئاستی وەرگیرانێکی جیدی، هاوتەریب و خاوەن قسە، لانی کەم ٣ لەمپەری سەرەکی لە سەر ڕێگای دوکتۆر قاسملوو و حیزبی دێمۆکرات بوون کە هەر سێکیشیان ببوون بە بەشێک لە ناسنامەی حیزبی دێمۆکرات: خەباتی چەکدارانە، بڕوا بە سۆسیالیزمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆڤیەتی و هەڵکەوتی حیزب لە دەرەوەی چوارچێوەی دام و دەزگا فەرمی یا ڕێگا پێدراوەکانی وەڵاتێکەوە کە لە ڕوانگەی ئەنترناسیۆنالیستی سۆسیالیستەوە خاوەن سەروەری سیاسی بوو.

دروست کردنی مەشرووعیەت لە ئاستی جیهانیدا بۆ هەر کام لەو پرسانە پێویستی بە شارەزایی و پرۆسەی دوور و درێژی سیاسی بوو کە دەبوو دوکتۆر قاسملوو کاریان بۆ بکا. ئەو زۆر هەوڵی دا کە لە ڕوانگەی حقووقی ناونەتەوەییەوە خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی لە شەڕی چەکدارانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی یا دابەشکردنی دەسەڵات جیا بکاتەوە. هەموو هەوڵی ئەو بۆ ئەوە بوو کە بسەلمێنێ شەڕی چەکدارانە ئەو مێتۆدە خەباتە نیە کە گەلی کورد بە ویستی خۆی هەڵیبژاردبێ یا ئەوە کە دەستپێشخەری بووبێ. بە پێچەوانەوە لە هەموو کۆڕو کۆمەڵ و ناوەندێکی بڕیاردانداا باسی بەرگریی کورد لە هەبوونی خۆی لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتێکدا دەکرد کە هیچ کام لە پیوانەکانی دەوڵەتداری نە لە نێو خۆ و نەش لە دەرەوی سنوورەکانی خۆی دا ڕەچاو ناکا. لە چوارچێوەی ئەو بەرگرییە دا، دوکتۆر قاسملوو هەم بە کردەوە لە مەیدانی تێکۆشان دا و هەمیش لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە کاری دەکرد تا لە شەڕی پێشمەرگەدا، لایەنی مرۆڤانە لە بەرچاو بگیرێ، زیان بە ئامانجە مەدەنیەکان نەگا، خەڵک نەبێتە قوربانی و کردەوەی تۆقێنەر کە تەنیا بە مەبەستی زەربە وەشاندن لە لایەنی دیکە بە بێ لە بەرچاوگرتنی ئاکامەکانی بۆ دەوروبەر ئەنجام دەدرێ بە دەستی پێشمەرگە ڕوو نەدا.

لە وتارێک دا کە ئەگەر هەڵە نەبم لە ساڵی ١٩٨٤ یا ٨٥ دا لە پێوەندی لە گەڵ بەشداریی شاندێکی حیزب لە کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە دا بە هاوفیکری نەمر دوکتور شەرفکەندی ئامادەی کردبوو و لە مەدیاکانی فەڕانسەدا بڵاو کرایەوە بە ڕوونی قامکی لە سەر جیاوازی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ خەباتی باقی بزووتنەوە چەکدارییەکانی جیهان کردبوو و نووسیبووی: ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان تەنیا لە گەڵ هێزی چەکداری ڕێژیم لە شەڕداین، بۆیە ناوەندە ئابووری و مەدەنیەکان ناکەینە ئامانج، خۆمان لە ڕفاندنی فڕۆکە (کە لەو سەردەمەدا هەم باو بوو و هەمیش زۆر دەنگی دەداوە) دەپارێزین و تیرۆر وەک ئەمرازی خەبات ڕەد دەکەینەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناساندنی چەمکی شەڕی ڕەوا لە بەرامبەر سەرکوتی دڕندانەدا بە پێی پیوانەکانی زاڵ بە سەر سیاسەتی جیهانیدا کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ڕێگای بە دوکتۆر قاسملوو دەدا تا زۆر دەرگا کە تا ئەو کات بۆ ئەو، حیزب و بزووتنەوەکەی داخراو بوون بکاتەوە. ئەو زۆر بە ڕاحەتی و زووزوو دەیتوانی کەمەری سەربازی، چەکی دەست و جل و بەرگە بۆرە پێشمەرگانەکانی لە گەڵ کراوات و شەل و چەکێتی ئوتوو کراو بگۆڕێ و لە سەنگەری پێشمەرگانەوە بچێتە سەر کورسی دیپلۆماتێکی لێزانەوە. هەوڵەکانی قاسملوو نەیتوانی پشتیوانی لۆجیستیکی هیچ لایەنێکی ئازادیخواز یا وەڵاتێکی ڕۆژئاوایی بۆ بزووتنەوەی کورد مسۆگەر بکا، بەڵام بوو بە هۆی وەدەستهێنانی مەشرووعیەت بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە شێوەیەک کە میراتگرانی هەنوکەیی ئەو بزووتنەوە ئێستا بە کردەوە کەڵک لە بەرهەمەکەی وەردەگرن.

دوکتۆر قاسملوو گرینگیەکی زۆری بە بەدامەزراوە کردنی خەباتی دیپلۆماتیکی کورد دەدا. لەو پێناوەدا و لە سەرەتای هەشتاکانەوە، لە ژێر سیوانی ناوەندی فەرهەنگی کوردستان لە فەرانسە (ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستان AFK) بنکەیەکی لە پاریس کردەوە کە بوو بە دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێمۆکرات لە دەرەوەی وەڵات. دەفتەری حیزب لە فەرانسە یا دەفتەری پاریس لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا وەک بنکەیەکی دیپلۆماتیک یا سفارەتی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت چاوی لێ دەکرا و کاری دەکرد. بە تایبەت لە بەر ئەوەی کە تا ئەو کات هیچ لایەنێکی کوردی ئادرێسێکی سەربەخۆی لە دەرەوەی خانووی تایبەتی ئەندامان یا نوێنەرانی خۆیان وەک ناوەندی پێوەندی گرتن و کاری حیزبی دانەمەزراندبوو، ئەو کارەی دوکتۆر قاسملوو وەک نیشانەیەک لە ژیری سیاسی ئەو چاوی لێ دەکرا.

هاوکات لە گەڵ کردنەوەی ناوەندێک بۆ کار و چالاکیەکانی حیزبی، دوکتۆر قاسملوو گرینگیەکی زۆریشی بە کاری ئاکادێمیک و کاریگەری لابی لە کاناڵی زانستیەوە لە سەر بڕیار و بۆچوونی وەڵاتان سەبارەت بە گەلی کورد و خەباتە نەتەوایەتیەکی دەدا. ئەو لە ساڵی ۱۹۸۳دا نەمر مام جەلالیشی هێنایە سەر ئەو بڕوایە تا پشتیوانی لە پڕۆژەیەکی ئاکادێمیک بکا کە کۆمەڵێک ڕووناکبیری کورد بۆ دامەزراندنی ئەنستیتۆیەکی کوردی لە دەرەوەی وەڵات کاریان لە سەر دەکرد. پشتیوانی هەمەلایەنەی مادی و مەعنەوی ئەو دوو ڕێبەرە نەمرە یارمەتیدەر بوون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا ئەنستیتۆی کورد لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٣دا لە پاریس دابمەزرێ. پشتیوانانی دامەزراندنی ئەنستیتۆ وێڕای نەمران دوکتۆر قاسملوو و مام جەلال، نەمران قاناتێ کوردۆ، یلماز گونەی و غوڵامحوسێن ساعیدی (ڕووناکبیرێکی چەپی ئێرانی و دۆستی گەلی کورد) بوون. ئەندامانی دامەزرێنەری ئەنستیتۆش ڕووناکبیرانی کورد وەکوو کەندالْ نەزان، سەیدا جگەرخوون، مامۆستا هەژار، مامۆستا تەوفیق وەهبی، قاناتێ کوردۆ، حەجیێ جندی، ڕەمزی ڕاسا و نورەدین زازا بوون. لەو سەردەمەدا ئەنستیتۆی کورد توانی وێڕای خەباتی ئاکادێمیک، وەرگرتنی بورسیەی خوێندن بۆ دەیان خوێندکاری کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە و لەوانە چەندین کەس لە ئەندامانی حیزب و لاوە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئامادەکردنی دەیان بەڵگە و وتاری زانستی لە سەر مێژوو و سیاسەتی کورد، کۆمەڵێک دەرگای داخراوەی دیپلۆماتیکش کە کردنەوەیان بۆ سیاسەتڤانانی کورد ئاسان نەبوو، بە سەر بزووتنەوەی کوردستاندا بکاتەوە.

بۆ ڕەوایـی دان بە هۆکارەکانی هەڵکەوتی حیزبی دێمۆکرات لە دەرەوەی چوارچێوەی دام و دەزگا فەرمی و ڕێگەپێدراوەکانی ئێراندا، دەبوایە دوکتۆر قاسملوو وێڕای دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی حقووقی گونجاو لە گەڵ پیوانە ناونەتەوەییەکان بۆ شەری چەکدارانەی حیزبەکەی، نامەشرووع بوونی ڕێژیم و دام و دەزگاکانیشی هەر لە ڕووی هەمان پیوانە جیهانیەکانەوە بسەلمێنێ. بە هەڵوێست و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی، هەر لە داگیرکردنی بالیۆزخانەی ئامریکاوە بگرە تا بەڕێوەبردنی کردەوەی تێرۆریستی لە دەرەوەی وەلات و قەدەغەکردنی چالاکیی سیاسی هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکان ئەو کارە زۆر دژاور نەبوو. بەڵام نەشدەکرا تەنیا لە سەر بنەمای کردەوە نامەسئوولانەکانی ڕێژیم و تێڕوانینی جیاوازی بەشێکی کۆمەڵگای جیهانی لە سەر سەرەڕۆیی و بێ پرەنسیپیەکانی، بزووتنەوەی کورد چاوەڕوان بێ کە دەرگاکانی دیپلۆماسی بە سەری دا بکرێنەوە. بۆ ئەو کارە زەق کردنەوەی پێبەندی بە پرەنسیپە سەرەکیەکانی مافی مرۆڤ و ڕێز گرتن لە پیوانەکانی زاڵ بە سەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا وەک پیوانێ جێ گرتوو لە حیزبی دێمۆکراتدا و لە لای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیەک بوو کە دوکتۆر قاسملوو زۆر زوو هەستی پێ کردبوو و لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانیەکان دا پێبەندبوونی خۆی لەو چوارچێوەیەدا دووپات دەکردەوە.

خاڵێکی دیکەی ناکۆک لە گەڵ پێوەندییەکانی حیزب و ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، ئامانجی دوارِۆژی حیزب بوو. حیزبێکی سیاسی کە چاوی لە دامەزراندنی سیستێمێکی سۆسیالیستی وەک ئامانجی دوارِۆژ بوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی لە گەڵ هێزە سۆسیال دێمۆکراتەکان بکەوێتە چوارچێوەیەکەوە، بۆیە حیزبی دێمۆکرات و دوکتۆر قاسملوو دەبوایە چارەیەک بۆ ئەو پرسە بدۆزنەوە تا بتوانن کاناڵی ئەنترناسیۆنالیستی سۆسیالیست بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە بەشێک لە ئەکتەرە برِیاردەرەکانی ئەو کاتی جیهان بە کار بێنن. سەرەرِای ئەوەی کە بژاردەی یەکەم و ئامانجی خەباتی هەنوکەیی و ئەوکاتی حیزبی دێمۆکرات خەباتی نەتەوەیی بووە و هەیە، بەڵام دانانی چوارچێوەیەکی سیاسی و تیئۆریک بۆ کۆمەڵگایەکی ئیدەئال بۆ ئەو حیزبە لە رِوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە نەدەکرا پشت گوێ بخرێ. گرفت لەوەدابوو کە ئەو پرەنسیپە بۆ برەوپێدان و گەشەکردنی خەباتی نێونەتەوەیی حیزبی دێمۆکرات تا رِادەیەک رِێگر بوو. لە لایەکی دیکەشەوە خودی دوکتۆر قاسملووش لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی ٧٠ی سەدەی رِابردوودا و پاش ئەزموونێکی دوورودرێژی ژیان و هەڵس و کەوت لە گەڵ وەڵاتانی بەرەوی سۆڤیەت هاتبووە سەر ئەو برِوایە کە سۆسیالیزمی سۆڤیەتی بە بێ گۆرِانکاری و رِیفۆرمی دێمۆکراتیک ناتوانێ ئاواتەکانی ئەو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان وەدی بێنێ. هاوتەریب بوونی ئەو دوو بابەتە هاندەر بوون تا دوکتۆر قاسملوو پێداچوونەوە بەو ئامانجەدا بکا کە بۆ خۆی وەک کەسی یەکەمی حیزبی دێمۆکرات لە کۆنفەرانسی سێهەمی حیزبدا کە ساڵی ١٩٧١ گیرا دابینابوو. هێنانە گۆرِێی بیرۆکەی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک ئەو رِێگا ناوینیەبوو کە هەم دەیتوانی زەمینەی نزیکبوونی حیزب لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست خۆش بکا و هەمیش ئیدەئالە لە مێژینەکەی حیزبی دێمۆکرات و دوکتۆر قاسملوو دەستەبەر بکا.

بە لادانی ئەو ٣ لەمپەرە لە سەر رِێگای پێوەندی لە گەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، حیزبی دێمۆکرات وەکوو یەکەم و تەنیا حیزبی کوردستانی توانی لە هەشتاکانی سەدەی رِابردوودا دەستکەوتێکی گەورەی دیپلۆماتیک بۆ خۆی و بزووتنەوەی کورد دەستەبەر بکا.

لە ئاستی ناوچەیی و لە پێوەندی لە گەڵ دەوڵەتانی جیرانیش دا جێ پەنجەی دوکتۆر قاسملوو لە دامەزراندنی پێوەندی لە رِووی پرەنسیپەوە و بە بێ خۆبەدەستەوەدان زۆر دیارە. ئەو یەکێک لەو بە دەگمەن رِێبەرانە بوو کە هەر زوو شەرِی نێوان ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و عێراقی وەک دەرفەت بۆ گەشە پێدانی خەباتەکەی بە کار هێنا بە بێ ئەوە بچێتە ژێر باری داخواز و بەرنامەکانی لایەنی پشتیوانەوە کە دەولەتی عێراق بوو. تەنانەت لە قۆناغە هەستیارەکان و لە کاتی زێدەڕۆیی لایەنی پشتیوان، دوکتۆر قاسملوو و حیزبەکەی بە جاران هەڵوێستیان لە دژی کردەوەکانی عێراقیش دەگرت.

ئەگەر لینین و هاوبیرەکانی لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩١٧دا بۆ تێپەڕبوون لە خاکی ئالمانەوە بۆ ڕووسیە کە لەو سەردەمەدا پێکەوە لە شەڕدابوون بەڵێنی کارکردن بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ئازادکردنی بارمتە ئالمانی و ئوتریشیەکانی بە ئالمان دا، هیچ بەڵگەیەک لەو بە هەزاران تۆن بەڵگەنامانەی کە دوای ڕووخانی سەددام ئاشکرا کران دەری ناخەن کە دوکتۆر قاسملوو و حیزبەکەی لە هیچ شوێنێک و بە هیچ شێوەیەک بەڵنییەکیان بە ڕێژیمی عێراق دابێ کە لە بەرامبەر پشتیوانی لۆجۆستیکیان دا ئیمتیازێک بە عێراق بدەن. لە بیرمە لە کۆبوونەوەیەکی بنکەی دەفتەری سیاسی دا جارێک پاش گەڕانەوەی لە سەفەرێکی دەرەوەی وەڵات دا باسی دانیشتنی خۆی لە گەڵ کاربەدەستە باڵاکانی حیزبی بەعس و دەوڵەتی عێراقی کرد و گوتی وەبەر گوێیان خستووم کە لە شەڕی دژی هێزەکانی باشووری کوردستاندا کە لە پێوەندییەکانیان لە گەڵ ئێراندا بێ سنوور چووبوونە پێش هاوکارییان بکەین. لە ڕاستی دا ئەو هاوکارییەی هێزەکانی باشوور لە گەڵ سوپای ئێران لە کاتی شەڕدا نە تەنیا دەستی ئێرانی بۆ زەربە لێدان لە عێراق لە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان ئاواڵە کردبوو، بەڵکوو بۆ کار و چالاکیەکانی پێشمەرگەکانی حیزب و باقی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زۆر جار کێشە خوڵقێن بوو. لایەنی عێراقی لە دوکتۆر قاسملوویان پرسی بوو کە داخوا ئەو شێوە هەڵس و کەوتەیان پێ دروستە، کە ئەو وەڵامی ،،نە،، بوو. دواتر پێیان گوتبوو کە ئەگەر ئەو کارەی هێزەکانی کوردی باشوور بە زەرەری ئەوانیشە، بۆچی لە پێناو قازانجی هاوبەشدا هاوکاریی یەکتر نەکەن. دوکتۆر قاسملوو لە بەرامبەردا نموونەی هاوکاری سوورییە و ئێرانی بۆ هێنابوونەوە و پێی گوتبوون کە هاوکاریی سوورییە لە گەڵ ئێران پڕ مەترسیتر و زەرەرمەندترە بۆ عێراق، ئەی بۆ چی عێراق زەربە لە سوورییە نادا. عێراقیەکان وەڵامیان دابوو کە سوورییە وەڵاتێکی عەرەبیە و ناکرێ شەڕی لە گەڵ بکەن. دوکتۆر قاسملووش هەر بە پشت بەستن بە مەنتیقی ئەوان وەڵامی دابووە هەر بەو شێوەیە کە شەڕی نێوان دوو وەڵاتی عەرەبی ڕەوا نیە، شەڕی نێوان کوردەکانی دوو پارچەی کوردستانیش ڕەوا نیە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێجگە لە پێوەندییە سیاسییەکان، جێ پەنجەی دوکتۆر قاسملوو لە دوو بواری گرینگی دەرمانی و ڕەنگدانەوەی مێدیایی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وەڵاتیش دا دیارە. بە هەوڵ و هیممەتی ئەو، ڕێکخراوی دوکتۆرە بێ سنوورەکان کە لە بواری یارمەتیە مرۆڤییەکانەوە خاوەن قورساییەکی نێونەتەوەییە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچەئازادکراوەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە یەکەم نەخۆشخانەی خۆی کردەوە. یارمەتی و هاوکارییەکانی ڕێکخراوی دوکتۆرە بێ سنوورەکان لە هەل ومەرجێک دا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەڕێکی خوێناوی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دا بوو و لە هەموو بوارێکەوە گەمارۆ درابوو، بۆ ڕزگار کردنی گیانی پێشمەرگە بریندارەکان و پێڕاگەشتنی خەڵکی سیڤیل زۆر گرینگ بوو.

ڕەنگە ئێستا نووسینی بابەتێک لە ژێر سەردێری «خەڵکێک کە لە بێدەنگی دا قڕ دەکرێ» لە ڕۆژنامە یا گۆڤارێکی بیانیدا زۆر هونەرێکی گەورە نەبێ، بەڵام لە ساڵەکانی ٨٠ی سەدەی ڕابردوو دا کە گەیاندنی دەنگی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تەنیا لە ڕێگای ئەو بە دەگمەن ڕۆژنامەڤانانەوە بوو کە بە هیممەت و ڕێنوێنی دوکتۆر قاسملوو و لە ڕێگای ئەو کاناڵانەوە کە ئەو دایمەزراندبوون دەهاتنە کوردستان کارێکی گەورە بوو.

مانگی ئووتی ئەو ساڵ، ڕاست ١٠٠ ساڵ بە سەر ڕێککەوتننامەی سێڤردا تێپەڕ دەبێ. لەو سەردەمەدا هەموو لابی و دیپلۆماسی کورد لە سەر شانی شەریف پاشا بوو. هەرچەند ئەو لە هەوڵەکانی دا سەر نەکەوت بەڵام یادگارێکی لە مێژووی کورد دا بە جێ هێشت کە دەبێ نەتەوەی کورد هەتا هەتایە شانازیی پێوە بکا. هەر لەو مانگەدا، ٧٥ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتدا تێپەڕ دەبێ. لەو ماوەیەدا حیزبی دێمۆکرات، بە تێپەڕ کردنی دەیان هەوراز و نشێو و چەندین کەوتن و هەستانەوەی بە گوڕ توانیویەتی بە بەردەوامی هیوا و ئاواتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیندوو ڕابگرێ و خەباتە نەتەوەییەکەی بەرەو پێش ببا. دوکتۆر قاسملوو، سەرکردەی بە کاریزما و ئەفسوونەیی ئەو حیزبە ٣١ ساڵ لەمەوبەر بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، بەڵام جێ پەنجەی ئەو نە تەنیا لە گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی خەباتی ئەو حیزبەدا، بەڵکوو لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە بەرزی ماوە و دەمێنێتەوە.

ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو؛ دیپلۆماتی سەردەم و سیاسەتمەداری کورد

ناسر سالحی ئەسل

دیپلۆماسیی، زانست و هونەری نوێنەرایەتی وڵاتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و حیزبەکانە بۆ دانووستان و وتوویژە لە ڕێگەی دەزگایەکی دیاریکراو کە لە چەند نێردراوێکی دیپلۆمات پێکدێت. هەر لە مێژوویی کۆنەوە بۆ یەکەم جار وشەی و مانای دیپلۆماسیی لە لایەن کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانەوە لە ڕێگای نوێنەرانەوە، یەکە سیاسی و جوگرافیایەکان  پێوەندییان بە یەکەوە هەبووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوانیان و یان زەمینە خۆشکردن بۆ ڕێکەوتنی دوو لایەن یان چەند لایەن. کەوابوو کاری دیپلۆمات لە دانوستان و وتوویژیەکدا ئەوەیە کە کێشە و گرفتەکان لە نێوان دەوڵەتان، ریکخراوە نێونەتەوییەکان و حیزبەکان چارەسەر بکات. لە کاری دیپلۆماسیی دا کەسی دیپلۆمات دەبی هێندێک تایبەتمەندیی وەک: ئاشتیخوازیی، شارەزایی و پسپووریی لە یاسا و ریساکانی نێونەتەوەیی، بە توانا و خۆ و رەوشتی بەرز، ناسینی فەرهەنگ و داب و نەریتەکان، خاوەن هەڵویست و زمان زانی و زیرەکی و راستگو و رێک وپێک و کەسێکی رووناکبیر و زۆر تایبەتمەندی دیکەی هەبێت.

لە مێژوویی خەباتی سیاسی و چەکداری گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەر لە سەردەمی شیخ عوبیدوڵڵا نەهری و هەمزائاغای مەنگور و سمایل ئاغای سمکۆ تا کۆماری کوردستان و شەخسی پێشەوا قازی محەممەد، کورد هەوڵیداوە بۆ  چارەسەرکردنی کێشە و مەسەلەی مافی نەتەوایەتی لە گەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە رێگەی دیپلۆماسی و دانوستاندا چارەسەری بکات. زۆر جار دانوستان و وتوویژ بە تێچوو گیانی و شەهید کرانی بە فرت و فیڵی، رێبەرانی کورد تەواو بووە. لە بەرێوەبەراتی کۆماری کوردستاندا، هەڵویستی پێشەوا قازی لە مەیدان و گۆرەپانی دیپلۆماسیدا دەبێنین کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان تا رۆژی لە سێدارەدان، پێشەوا قازی باوەڕی بە دانووستان و وتوویژ هەبوو بۆ چارە سەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە گەڵ حکوومەتی ناوەندی و تەنانەت لە گەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حکوومەتی میللی ئازەربایجانیش بە شێوەی ئاشتیخوازانە بووە. لەو پێناوەشدا بۆ بە ئەنجام گەیاندن و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد، چەندین جار سەردانی تارانی کردووە و لە گەڵ بەپرسانی حکوومەتی پەهلەوی دانیشتن و دانوستانی کردووە. لە هەمان کاتدا پێشەوا پێوەندیی پتەوی لە گەڵ رێکخراوەکانی نەتەوەکانی ئێران و حیزبە ئێرانییەکان هەبووە.

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، خەباتی و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێنایە قوناخێکی دیکەی تێکۆشانەوە. عەبدولرەحمن قاسملوو یەکیک لەو ئەستیرە دەرەوشـاوانـەی ئاسمانی کورد و کوردستان بوو، کە بوو بە پێشەنگی خەباتگیران و شۆرِشگیرانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان. قاسملوو هەر لە نوجوانییەوە پێوەندی پتەوی لە گەڵ بزاڤی گەلی کورد هەبوو. هەر زوو بێر و باوەرِ و ئەندیشەی ئازادیخوازانەی لە مێشک و دەروونیدا شکلیگرت. کاتێک محەممەد ئاغای باوکی لە گەل چەندین کەسایەتی کورد لە سەفەری رەسمی یەکیەتی سەڤیەت گەرایەوە، دەڵی «ئەو کات تەمەنم ١١ ساڵ بوو، بەڵأم وەک زۆر مندالی دیکەی کورد، سیاسەت سەرەنجی راکێشابووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی شاندی کورد بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ گەرایەوە یەک تا قەند و تاپرِێکی باشیشی لە گەڵ خۆی هێنابوو. لە گەڵ ئەوەی من ئەو کارەی بابم زۆر پێ سەیر بوو. چونکە ئەوان وەک دیپلوماتی کورد چوو بوون بۆ باکۆ تا یەکیەتی سوڤیەت ببێتە پشت و پەنای کورد بۆ ئەوەی لە مافەکانی گەلی کورد پشتیوانی بکات! بۆیە من راست و رەوان لە بابم پرسی ئەدی مافی کوردان چێ لێهات»؟؟

ئەندیشە و هـزری دوکتور عەبدوولرەحمن قاسملوو، هـەر لە سـەرەتـای کاری سیاسییەوەی وەک کەسایەتییەکی دیپلومات، بریتیبی بۆ لە ناساندن و بە نێونەتەوەیی کردنی کێشەی کـورد بـە ولاتـان و گـەلانی جیهان بۆ پشتیوانکردنی سیاسی و چارەسەرکردنی کیشەی نەتەوەی کورد بە گشتی و نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت، بە شێوەی ئاشتیخوازانە و لە رِێگای دانوستان و وتوویژ بووە. قاسملوو گەورە دیپلوماتی کورد، کەسایەتییەکی واقێع بین و رئالیست بوو. هەر بۆیە وەک یەکەم میعمار پێوەندییە گشتی یەکان خەباتی سیاسی هاوچەرخی کورد، توانی بە کردەوە بناغی بنەماکان دیپلوماسی کوردی بە زمان و شکلێکی سەردەم و دێموکراتیک دابریژێت. دوکتور قاسملوو بۆ پێناسەکردنی سیاسەت و دیپلماسی کوردی فەرموویەتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«لە سیاسەت دا ڕەش و سپی نیە! هەموو شتێ یا هیچ شتێک، هەر کەس ئاوا سیاسەت بکا سەر ناکەوێ.با ئیعتراف بکەین کە لە تاریخی میلەتەکەماندا سیاسەتەکە ئەوە بووە، یا هەموو شتێ یا هیچ شتێک... نەتیجەکە بوەتە چی؟! بوەتە «هیچ».لە سیاسەتدا زۆر جار هەیە دوو هەنگاو دەچیتە پێش، شتێک وەردەگری. دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دیکە، ئەوە سیاسەتە و ناویان ناوە هونەری مومکن.نەک ئەوەی خەیاڵی و لە خەیاڵی خۆتدا شتێک دانێی. ئەوەی کە بە واقعیەی جێبەجێ دەبێ ئەوە «سیاسەتە»، ئەوەی دیکە شێعر و خەیاڵاتە، شێعر و خەیاڵات قەدەغە نیە بەڵام بە شێعر و خەیاڵات کاری سیاسی ناکرێ».دوکتور قاسملوو لە ماوەی ژیانی خەباتی سیاسی و تێکۆشانیدا بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی خۆیەوە بە شێوازی جۆراوجۆر توانیویتی، بیر وباوەڕ و هەڵویستی خۆی و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەی دیپلوماسی سەردەم و مودێرن، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی و حیزبە سوسیالیست و دێموکراتەکانی ئوروپا باس بکا و کیشەی کورد بە جیهانی بکات. ئامانجی بەشداریی کردنی دوکتور قاسملوو، لە دانیشتن لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا، ناساندن و شیکردنەوەی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد و بێبەش بوونی نزیک بە ٤٠ ملیون کورد لە مافەسەرەتاییەکانی و بانگخوازیی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ بووە. ئەم هەوڵدانەی قاسملوو لای بەشی زۆری ڕووناکبیران و تێکۆشەر و ڕۆژنامەنووسانی ئوروپایی و ئامریکایی و تێکۆشەرانی سیاسی پارچەکانی دیکەی کوردستان، جێگای سەرنج بوو. هەر بۆیە لە هەموو دەرفەتەکان بۆ بەشداریی کردن لە سمینار و کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی ڕێکخراوەی ئینترناسیونال و حیزبە سوسیالیست و دێموکراتەکانی ئوروپا کەڵکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی کیشە و مەسەلەی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردی شیکاتەوە و بێناسینێت و دوست و پشتیوانی سیاسی بۆ پەیدا بکات. بە هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەم حیزبی کوردی بۆ بە ئەندامی ڕێکخراوەی جیهانی ئنتر ناسیونال کە ڕێکخراوەیەکی جیهان و بە سەدان حیزبی سوسیالیستی جیهانی تێدا ئەندام بوون و بەشێکیان لە دەسەڵاتدا بوون.

دوکتور قاسملوو لە ئێدامەی هەوڵە دیپلوماتیکەکانیدا ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکی هەبوو، بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی پاریس. ئەو کۆنگرەیە قەرار بوو سەبارەت بە کیشەی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا تاوتو شرۆڤە بکا و ڕێگا چارەی بۆ دەست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشان بکات. بە داخەوە خولیای خەونە مەزنەکەی کە بەڕێوە چوونی کۆنگرەی پاریس بوو بە چاوی خۆی نەبینی. بەڵام پاش تیرۆر کرانی لە لایەن دیپلومات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو کۆنگرەیە بە ناوی قاسملووی شەهید ناودێر کرا و بە سەرپرستی و سەرۆکایەتی مادام دانیل میتران و بەشداریی یار و جێگرە وەفادارەکەی، دوکتور سەعید شەرەفکەندی لە پاریس بەڕێوەچوو. لە ئاکامدا کۆنگرەی پاریس خولیا و خەونە کەسکەی قاسملووی مەزنیان وەدیهێنا و بە پێداگری دانی بە مەسەلەی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی نرا و پێداگری لە سەر باوەڕ و ئەندیشەی قاسملوو ڕێبەر کرایەوە کە چون لە پاش ئاگربەستی شەری ئێران و عیراق لە توی نامەیەکدا بۆ سکرتێری گشتی ئەو کاتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی لەوە کرد کە بە بێ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد، ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست سەقامگیر و بەرقەرار نابێت. لایەنێکی دیکەی خەباتی سیاسی دیپلوماسی. گەورە دیپلوماتی کورد دوکتور قاسملوو خەبات پارلمانی بوو. لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور موحەممەدی موسەدیق لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاویدا بە هیمەتی قاسملوو و هاورییان لە حیزبی دێموکراتدا، توانیان بە کاندیدا کردنی سارم خانی سادق وەزیری وەک کاندیدای حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لە هەڵبژارنی مەجلیس شوورای مللی خولی ١٤ لە شاری مەهاباد بەشداریی بکەن. لە ئاکامدا کاندیدا حیزبی دێموکرات دەنگی زۆربەی خەڵکی مسوگەر کرد، بەڵام ئیزن بە کاندیدا هەڵبژیردراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەدرا بچیتە مەجلیسی شوورای مللی و بە جیگای نوینەری هەڵبژیردراوی خەڵکی مەهاباد، مەلایەک بە ناوی جەمال ئیمامی لە تارانەوە لە لایەن رێژمی حەمەرەزا شا وەک نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شوورای مللی دیاری کرا. هەروەها لە سەردەمی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامیشدا هەر چەند هەر لەسەرەتاوە ڕێچمی خومەینی دژایەتی لە گەڵ گەلی کورد دەست پێکرد و بە ڕشتنی خوێنی کوردان و دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینیەوە دژ بە نەتەوەی کورد ناوەرۆکی خۆی بۆ هەموو لایەک دەرخست. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتی دوکتور قاسملوو،لە خۆلی یەکەمی مەجلیسی مۆسسانی یاسایی بنەڕەتیدا خۆ لە پاریزگای ورمێ کاندیدا کرد و وەک نەفەری یەکەم لەو پاریزگایە دەنگی زۆرینەی خەڵکی مسوگەر کرد. بەڵام بە هۆی هەرەشی خومەینی، دوکتور قاسملوو لە کردنەوەی مەجلیسی موسسانی یاسای بنەڕەتی ئێران بەشداریی نەکرد.هەروەها کاندیداکانی حیزبی دێموکرات لە خولی یە کەمی مەجلیسی شوورای میللی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بەشداریی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد و لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نوینەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردیان مسوگەر کرد. بەڵام ئیزن بە هیچ کام لە نوێنەرانی هەڵبژێردراوەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کاربەدەستانی رێژیمی خومەینی نەدرا کە بەشداریی کرانەوەی مەجلیسی شوورای میللی ئێران بن.

هەر چەند دوکتور قاسملووی ئاشتیخواز، هەر لەسەرەتاوە نیازپاکی خۆی بە کاربەدەستانی ریژیمی خومەینیی نیشاندا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بە شێوەی وتوویژ و بەناردنی شاندی دانوستانکار لە گەڵ رێژیمی خومەینی هەوڵی چارەسەر کردنی ئاشتییانەی کێشەکانی لە گەڵ رێژیمی تازە بە دەسەلات گەیشتۆوە دا،بەڵام کاربەدەستانی باڵای رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان بە دەستەبەر کردنی مافی گەلی کورد نەبوو و بە فتوای جهاد و کوشتار وئیعدام و هێرشی نیزامی وڵامی داخوازییە رەواکانە گەلی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان دایەوە. ئازادیخوازانی دێموکرات لە جیهانی پێشکەوتوو و مودێرندا دوکتور قاسملووی نەمری بە یەکێک لە رێبەرانی دێموکرات و ئازادیخوازی دەزانن و دەناسن و بە هێمای ئاشتی و دێموکراسی دادەنین. بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە کاندیدا کردنی دوکتور قاسملوو بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ، کە خەڵاتێکی جیهانییە. شەهید دوکتور قاسملوو لە لایەن ئەنجوومەنی دوستانی کورد لە ئوتریش لە ساڵی ١٩٨٩ بە تیکرای دەنگ وەک کاندیدا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئاشتی دا کاندیدا کرد و دایان بە کۆمیتەی بەربژیرەکان بۆ وەرگرتنی پرس و ڕای دەیان کەسایەتی جیهانی تا بزانن دوکتور قاسملوو شایانی ئەوەیە ببێ بە بەربژێر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ. ئەوەبوو ئەنجوومەنتی دوستانی کورد هەموویان دووپاتی لێهاتوویی و شایسەبوونی ئەوەیان کردووە کە بەڵی دوکتور قاسملوو شایانە و کەسایەتییەکی دێموکرات و ئاشتیخوازە لە جیهاندا. ئەگەر چی ئەو خەڵاتە درایە نیلسون ماندیلا سەروکی کۆنگرەی ئافریقای باشوور، بەڵام بەربژێر کردنی دوکتور قاسملوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ،شان بە شانی کەسانی وەک ماندیلا و میخائیل گورپاچوف و دەیان کەسایەتی دیکە، خۆی لە خۆیدا واتایەکی گەورەی هەیە و ئەوە روون دەکاتەوە کە قاسملووش چی لەو کەسایەتییانە کەمتر نیە و ئەویش بە ئاشتی تێکۆشاوە و گیانیشی لە پێناو وشەی دیپلوماسی، میزی وتوویژ و ئاشتی و دێموکراسی بەخت کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چی لە نەمر دوکتور قاسملوو فێر بین؟

ئەلبورز ڕۆئین تەن

## پێشەکی

جاناتان ڕاندل ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگی ئەمریکایی لە پێشەکییەک کە بۆ کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد کە کارۆل پڕوونهۆبێر نووسیویەتی لە سەر کەسایەتی دوکتور قاسملوو دەڵێ: «ئێستا ئەوە کارۆل پڕوونهۆبێر ئەم ژیاننامە دژوار و هەستبزوێنەی یەکێک لە بەفەرهەنگترین ڕێبەرانی ئەم سەردەمەی نووسیوە کە دەرسی ئابووری دەگوتەوە، بە حەوت زمانان قسەی دەکردن و عاشقی شێعرو شەرابی فەڕانسەیی بوو. مەلا مستەفا بارزانی بێ هیچ ئەملاو ئەو لایەک ناسیۆنالیستێکی بێ هاوتای کورد لە ساڵەکانی نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بوو، بەڵام قاسملوو بەهرە و تواناییەکی هەبوو تەنانەت کەسایەتیی درەوشاوەی پێش خۆی نەیبوو! یەکەمین ڕێبەری کورد بوو کە لە دەرەوەی سیستمی عەشیرەیی هەڵسوکەوتی دەکرد»(١) ئەو ڕستانەی کە ئەم ڕۆژنامەنوسە کە شایەدی لە زانایی و لێهاتوویی ڕێبەری نەمرمان دوکتور قاسملوو دەدات بۆ زۆربەمان کە ئاشنای ناو و خەباتی ئەم ڕێبەرە بلیمەتەن ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام ئەوەی من لەم وتارەدا دەمهەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە ئێمە وەک تاکی کورد چی دەتوانین لەم هزرمەندە کە ژیانی خۆی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد تەرخان کرد فێر بین. چونکە ئەزمونێکی وا بە نرخ کە لە نێو گەلی ئێمەدا هەڵکەوتووە سەرچاوەی لێفێربوونە بۆ زیاتر پێگەیاندنی تاکی خەباتگێڕ بەتایبەتی کە ئەو سەرچاوەیە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات کردووە و شوێندانەرییەکی بێهاوتای لە سەر هەبووە. کەسایەتی فرەڕەهەندی دوکتور قاسملوو لە زۆر لایەنەوە دەتوانرێ بکەوێتە بەر تیشک و ڕامانی لێکۆلەران کە باس کردنی هەمووی ئەو ڕەهەندانە لە وتارێکی وادا ناگونجێ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و کورت چەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەنێک کە دەتوانێ تیشک بخەنە سەر ڕێگای هەر مرۆڤێک و بەتایبەتی ئەگەر کورد ڕێبواری ڕێگای ئازادی بین تاوتوێ دەکەین.

## زانست و زانستخوازی

کاریگەری ئەرێنی و زۆری بنەماڵەی ڕێبەری نەمرمان بۆ هاندانی تاکەکانی بنەماڵە بۆ خوێندن و فێربوون کە لە سەردەمی دواکەوتوویی و بە تایبەتی ژیانی فیئۆدالی ئەو کاتدا نمونەی کەم بووە، بەجۆرێک کە هوشمەند عەلی لە کتێبەکەی لە سەر دوکتور قاسملوو لە زمانی کەریمی حیسامییەوە دەگێڕێتەوە کە «ئەودەم لە مەجلیسان زۆر باسی ئەوە دەکرا کە مەمەدئاغای وسووق کوڕەکانی هەموو ناردووەتە دەرەوە بۆ خوێندن و تاکە کوردێکە ئاوا بە کوڕەکانی دەخوێنێت»()٢ بەڵام لە هەمان کاتدا هەوڵ و شەونخونی دوکتور قاسملوو لەو بوارەدا شایانی باسە دوکتوری نەمرمان وێڕای ئەوەی قوناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی تێپەڕ دەکات بۆ درێژەپێدان ڕێگەی خوێندن لە دەرەوە دەگرێتە بەر؛ سەرەتا لە فەڕانسە دواتر لە پراگ بەردەوام دەبێت. خوێندنی ئەو لە ئۆرووپاش ئاسان نەبووە بەڵکوو چەندین جار گرفتی جۆراوجۆری بۆ هاتۆتە پێش یا تەنانەت ناچار بووە خوێندنەکەی بەجێ بهێڵێت بەڵام لە یەکەمین دەرفەتدا کە بۆی هەڵکەوتووە دووبارە درێژەی بە خوێندن داوە. لایەنێکی دیکەی زانستخوازی دوکتور قاسملوو کاتێک دەردەکەوێ کە دەبینین کە فێربوونی تەنیا لە بوارێکدا سنووردار نەکردووە. دوکتور قاسملوو کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئابووریی سیاسی بە دەست دێنێت دواتر دوکتوراکەی لە سەر ئابووری وەردەگرێت و لە زانکۆی بەغدا دەرسی مێژووی کورد دەڵێتەوە و لە زانکۆی سۆربۆن وانەی زمان و شارستانێتی کورد دەڵێتەوە واتە ئەو لە سەردەمی جیاوازدا هەوڵی داوە زانیاری بواری جیاوازدا بە دەست بێنێت. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی مونیرە خانمی قازی کچی پێشەوای نەمر ئاماژە بە بەشێک لە خەباتی ڕێبەری نەمرمان دەدات و دەڵێ: لە سەردەمی کاری نهێنیدا کە لە ماڵی ئێمەدا دەمایەوە بەردەوام کتێبی کتێبخانەی باوکمی واتە کتێبخانەی پێشەوا قازی محەممەدی دەخوێندەوە. لەو بڕوایەدام کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەم هەڵکەوتە کاریگەری زۆری لـە سـەر دوکتـور قاسـملوو هەبێت کە پێشـەوای بە گوڵێک کە لە سـەحرا ڕوواوە شـوبهاندبوو. بـە هـۆی خەبـات لە ئاوارەییدا ئەوەیکـە بە کەمی دەبیسـتین ماڵـی دوکتـور قاسـملووە چونکـە هیـچ کات بـۆ ماوەیەکـی درێـژ لە شـوێنێک نەماوەتـەوە بـەڵام زۆربەمـان لـە ڕێگەی جیـاوازەوە باسـی کتێبخانـەی دوکتـور قاسملوومان بیستووە، تەنانەت تا ئێستاش هـەر ماوە، نەسـرین قاسـملوو لـەو بوارەدا دەڵێ: «لەم ناوچانەدا زۆرتر لە لایەکەوە بۆ لایەکی دیکە شوێنە گۆڕکێی دەکرد، بـەڵام هەمیشـە کتێبخانەکـەی لەگـەڵ خۆی بۆ شـوێنە نوێیەکەی دەگواستەوە .دوکتور ئاسـۆ حەسەن زادە نامیلکەیەکی لـە ژێر ناوی «بیـری لێنین و باغەکانی سەمەرقەند» لە سەر کتێبخانەکە نوسیوە و بـاس لـە دەوڵەمەنـدی فرەزمانـی ئـەو کتێبخانەیـە دەکات کـە لـە شـاخەکانی کوردسـتاندا لـە ژێـر تـۆپ و تانـک و تەنانـەت موشـەکبارانی دوو سـاڵ لەمەو بـەر هەر بەجێمـاوە، بەڵگەیەکـی دیکەیە بـۆ زانسـتخوازی ڕێبـەری نەمرمـان دوکتـور قاسـملوو. دوکتـور قاسـملوو لە وتووێژێکـدا لەگـەڵ ڕادیـو بی بی سـی چەنـد سـاڵ بەر لە شـەهیدبوونی باس لە ژیـان و ئارەزووەکانـی دەکات و دەڵـێ: «ئەگـەر ئێسـتا بمتوانیبایـە بۆخـۆم بڕیـار بـدەم، حـەزم دەکـرد خەریکی زانسـت بام و خـۆم بـە مەسـەلە فەرهەنگییـەکان و ئەدەبیاتـەوە خەریـک بکەم بـەڵام ئەوەکە ئێسـتا لـە کوردسـتانم، بـە ئەرکـی خۆم دەزانـم، چونکە هەسـت بە بەرپرسـیارەتی دەکەم لە بەرامبەر خەڵکی کوردسـتان و خەڵکی ئێراندا»(٣)

ڕێبـەری نەمرمـان لە دوایین سـاتەکانی ژیانیشیدا دوای کورد و کوردستان تەنیا خەمـی زانسـت و زانسـتخوازی بووە هەر ئـەوەش وای کـردووە کـە جاناتـان ڕانـدل ئەو بە بەفەرهەنگیترین ڕێبەرانی سـەردەم بزانـێ، ئـەو کـە لە نێو شۆڕشـدا ئەرکی مامۆستایەتیشی بە باشی بەجێ دەگەیاند لـە مودیریەت تا ئابووریی سوسیالیسـتی و سـەرمایەداری و دەیـان بابەتی دیکە و تەنانـەت بـۆ پێگەیاندنـی کادری بواری جیـاواز وانەی جۆراوجـۆری دەگوتەوە بۆ نمونـە دەتوانیـن ئامـاژە بـە وتارەکەی لە سـەر فیلـم بکەیـن کـە چۆنیەتی باسـی فیلم هەڵگرتنـەوەی فیلمبەردارانـی نێـو شۆڕشی کردووە کە ئەرکی ڕاگەیاندن و کاری هونـەری بووە بـەڵام ئەو ئەنجامی داوە، بـە فەرهەنگیترین ڕێبەری سـەردەم گەورەبـووی پێتەختـە گەورەکانی جیهان و وڵاتانـی پێشـکەوتوو نییـە بەڵکـوو لـە کوردسـتانی داگیرکـراودا لەدایـک دەبـێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ژیانی خۆشی تەرخان دەکات بۆ ڕزگارکردنی کوردستان. هەربۆیەش بۆ ڕۆڵەکانی قوتابخانەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد بەتایبەتی دێموکرات پێویستە لە مامۆستامان فێر بین کە زانست و زانستخوازی بکەینە سەرەتی ژیانمان.

## بیری نەتەوەیی و خزمەت کردن بە نەتەوە

بە چاوخشاندنێکی کورت لە ژیانی ڕێبەری نەمرمان بۆمان دەردەکەوێت ئامانجی هەرەگەورەی دوکتور قاسملوو لە ژیانیدا خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد بووە هەر بۆیەش بیری نەتەوەیی دوکتور قاسملوو بنەما و گەوهەری هزری دوکتور قاسملوو بووە، چالاکییە سیاسی و زانستی و فەرهەنگییەکانی و دیکەی ژیانیشی لە چوارچێوەی یەک بابەت واتە خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد خۆی دەبینێتەوە. کارۆڵ پرۆنهۆبێر لە کتێبی خولیاوەرگی قاسملووی کورد لەو بوارەدا دەڵێ: «شتێکی یەکجار ڕوون لە گۆڕێدایە عەبدولڕەحمان قاسملوو لە سەرانسەری ژیانیدا هەرگیز لە چوارچێوەی ڕێبەری حیزبێکی ئێرانیدا قەتیس نەمابوویەوە. ئەو وەک ڕێبەرێکی دووربین ژیانی بە سەر دەبرد و گرینگتر لەوەش کوردێک بوو کە ئاواتی ئازادی بۆ کوردستانی لە دڵدا بوو و خۆشەویستی بۆ گەلەکەی دڵ و گیانی داگرتبوو. سەرەئەنجامیش بۆ گەیشتن بەو ئاواتە گیانی خۆی لە دەست دا، ئیمانی درزتێنەچوو و ڕۆحی پاکی لە نێو دڵی جیا شاخاوییەکانی نەتەوەیکدا دەژی کە پێی دەڵێن کوردستان. »(٤) ئەگەر سەرەتای کاری سیاسی دوکتور قاسملوو بە بەشداری و چالاک کردنی یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بزانین دەبینین دوکتور قاسملوو لە ڕێکخراوێکی یادگاری کۆماری کوردستان کە لە سەر بنەمای خزمەت کردن بە بیری نەتەوەیی بووە دەست پێ دەکات. دواتر ڕۆڵی دەبێت لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکاران لە ئۆرووپا کە چالاکییەکانی نەتەوەیی بوون و تەنانەت لە سەردەمێکدا کە لە نێو حیزبی توودەدا خەباتی دەکرد بەردەوام کەوتۆتە بەر ڕەخنەی توودەییەکان کە زیاتر بیری نەتەوەیی و کوردبوونی دوکتور قاسملوو بەرجەستەیە. دواتر خزمەت کردن لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی دەکرد تا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتی شەهیدبوونی بۆ بەرەوپێشبردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد خەبات دەکات. خزمەتی دوکتور قاسملوو لەو بوارەدا شوێندانەرییەکی زۆری هەبوو چونکە لە ژێر ڕێبەرایتی ئەودا ئەگەر خەباتی نەتەوەیی بە ئامانجیش نەگەیشتبێ بە ڕادەیەک پتەو بووە کە دوژمنان نەتوانن بە ئاسانی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت لە نێوی بەرن بەڵکوو سەرەڕای هەموو پیلانەکانی دوژمن و وەشاندنی گورزی گەورەی وەک شەهیدکردنی ڕێبەرانی کاریگەری وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی ئەمڕۆ دوای سێ دەیە لە شەهیدبوونی، حیزبی دێموکرات نەک لە سەر پێیە بەڵکوو دەستپێکەری جوڵەیەکی وەک ڕاسانە کە دوژمنی ترساندووە و هیوای لە نێو گەلی کورددا زیندوو کردۆتەوە. ژیانی ئاکادێمی و زانستی دوکتور قاسملووش وەک ژیانی سیاسی ئەو خزمەتێکی گەورە بە بیری نەتەوەی کورد هەژمار دەکرێت؛ هەموو نووسینەکانی ڕێبەری نەمرمان لە سەر کورد و کوردستان و چۆنیەتی خزمەتی کردن بە کوردبوون هەر لە تێزی دوکتوراکەی کە بە ناوی کوردستان و کوردە کە بەرهەمێکی زانستیانەی گرینگ بۆ سەردەمی خۆی هەژمار دەکرێت تا دەگاتە ئەو وانانەی کە لە زانکۆکانی سوربۆن و پراگ و بەغدادا وەک مامۆستا بە قوتابیانی داوە هەمووی هەر لە سەر کورد بووە. بە پێویستیش دەزانم جارێکی دیکە ئەوە دووبارە بکەمەوە کە زۆرجار باس لە چەپبوونی دوکتور قاسملوو دەکرێت وەک ئەوەی نەتەوەیی بیری نەکردبێتەوە بەڵام ئەوە ڕوونە کە لە سەردەمی جیاوازدا د.قاسملوو هەوڵی دەدا لە ئایدیای جیاواز بۆ خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد کەڵک وەربگرێت ئەمەش هونەری د.قاسملوو بوو. تەنانەت خۆشترین وڵات کە تێیدا هەستی بە ئاسودەیی کردووە شاخەکانی کوردستان بووە، کاتەکانی بە خوێندنەوەی شێعری کوردی بە سەر بردووە، کە دیپلۆماسی کردووە باڵوێزی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە هەموو پارچەکان بووە، تەنانەت دۆستەکانی ئەو دۆستی بەوەفای نەتەوەی کورد بوون. ئەو کە بۆ کورد ژیا لە سەر کێلی نوسراوە کە «من مردم کورد نامرێ» هەر بۆیش بۆ ڕێبوارانی قوتابخانەی ڕێبازی قاسملوو خزمەت کردن بە نەتەوەی کورد ئەولەویەتی ژیانە و ئەو وانەیەش گەورەترین وانەیە کە هەر کوردێک دەبێ بیکات بە سەرمەشقی ژیانی خۆی بۆ ئەوەی کورد بە ئامانج بگات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فیداکاری له پێناو ئامانجه ڕەواکان

فیداکاری و شۆڕشگێڕی دوو بابەتی لێکدانەبڕاون، شۆڕشگێڕبوون بە ئەسڵی فیداکارییەوە دەست پێ دەکات؛ فیداکاری لە پێناو ئامانجە ڕەواکانە کە نرخ بە شۆڕشگێڕەکان دەدات. لە هەمووی گرینگتر ڕێبەرایەتی شۆڕش فیداکاری لە خۆیەوە دەست پێ دەکات و دواتر ئەو فیداکارییە لەنێو تاکەکانی گەلدا وەک ئەرک دەبینرێت و گەلەکان بەو شێوەیە بە ئازادی دەگەن یا هەر ئەو وتەی کە دوکتور قاسملوو کە دەڵێ «گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات» بۆ کوردێک کە لە بنەماڵەیەکی فیودالی دەستڕۆیشتووی کوردستان لە دایک ببێت و لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نەک نیشتەجێ بێ بەڵکوو لە بەناوبانگترین زانستگاکان دەرس بڵێتەوە تەنانەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش وەکوو لە عێراق وەک کارناسێکی ئابووری بە هاوکاری وەزارەتی پلاندانان بەشداری لە داڕشتنی پلانی ٢٥ ساڵەی ئابووری و ئاوەدانی وڵاتێک بکات دەتوانێ ژیانێکی ئاسودە بۆ خۆی و بنەماڵەکەی و تەنانەت دەوروبەریشی مسۆگەر بکات و خۆشبژێوی زۆر دابین بکات؛ بەڵام ئەگەر بتهەوێ خزمەتی نەتەوەیەکی ژێردەست بکەی بێگومان دەبێ بەر لە هەموو شتێک فیداکاری بکەی یا ئەگەر ڕێبەرایەتی شۆڕش بکەی شۆڕشگێڕ بی بەر لە هەموو بابەت دەبێ خۆت ژیانی شۆڕشگێڕانە هەڵبژێری. دوکتور قاسملوو دەڵێ: «بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێک گرنگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیدیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتووە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەیدا کردوویەتی.» (٥) تەنانەت دوکتور قاسملو یەکێک لە ڕەمزەکانی سەرکەوتن و مانەوەی حیزبی دێموکرات بە فیداکاری هێزی پێشمەرگە دەزانێت. دوکتور قاسملوو بۆ خۆی بەر لە هەموو کەسێک ئامادەی ئەو فیداکارییە بوو، لە وەسیەتنامەیەکیدا کە بۆ خێزانی کردووە دەڵێ: «هەر شتێکی بە ناوی من هەیە، ئەوە هی من نییە، بەڵکوو هەمووی هی حدکایە، بۆیە ئەگەر هات و من مردم یان شتێکم لێ بە سەرهات، خێزانم دەبێت بیانداتەوە بە حدکا»(٦). هەر بۆیەش بەر لە هەر تاکێک ئێمە کە خۆمان بە ڕێبواری ڕێبازی قاسملوو دەزانین دەبێ لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانمان لە قاسملووە فێر بین فیداکاری بنوێنین، ئەو فیداکارییەش دەبێ هەر تاکەو لە هەر شوێنێک بێ ئەوەی لە دەستی دێت ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی بە ڕزگاری بگەین.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێزگرتن لە نرخە گەردونییەکان

کە باس لە کاری سیاسی دەکرێ بەتایبەتی لە دونیای ئێستادا باسی بەرژەوەندییەکان تا سەر دەکرێ و تەنانەت زۆرجار نرخە گەردونییەکان دەکرێنە قوربانی ئەو بەرژەوەندییانە. تەنانەت ئەو جۆرە سیاسەت کردنە بە مەرجی سەرکەوتن دەزانرێت، بەڵام دوکتور قاسملوو لە هەموو بوارەکاندا نرخەکانی لە سەرەوەی بەرژەوەندییەکان دانا هەر بۆیەش وەک سیاسییەکەی جیاواز دەرکەوت، لە ئەستەمترین حاڵەتەکاندا نرخەکانی پێشێل نەکرد. ئەوەی کە دوکتور قاسملووی وەک سەرکردەییەکی سیاسی بە هەموو دونیا ناساند و تەنانەت تیرۆرکردنیشی نەبووە هۆی لەنێوچوونی بەڵکوو بە بەردەوامی ڕێبازی زیندووی هەمیشەی خۆی مسۆگەر کرد دانانی نرخ لە کاتی کاری سیاسیدا بوو، ئەو کە بابەتێکی وەک دێموکراسی بە باشی دەزانی خۆی بەردەوام ڕێزی لە دێموکراسی گرتووەو سەرەڕای هەبوونی هێز بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکان بڕیارەکانی دێموکراسی بۆ یەکلاکردنەوەی بابەتەکانی بە کار دەهینا، ئەو کە باسی لە ئەخلاق لە سیاسەتدا دەکرد، دەیزانی ژینگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دوژمنەکانی دوورن لەو نرخە بەڵام ئەوە نابێتە بیانوو ئێمە کە بزووتنەوەیەکی ڕەوا بەڕێوە دەبەین وەک ئەوان بین هەر بۆیەش تەنانەت لەگەڵ دوژمنیشدا ڕێزی لە نرخەکان گرتووە، کە باسی یەکسانی دەکرێت خۆی پێشقەدەم بووە بۆ پاراستنی ئەو یەکسانییە لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە کە باس لە مافی ژنان دەکرێت خۆی بەر لە هەموو کەسێک باوەڕی قوڵی بەو مافە هەبووەو لە ئاستی جیاوازدا کاری بۆ کردووە، لە کاتێکدا کە تەنیا چەند ڕۆژ بوو دەسەڵات بۆ کوردەکان لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دەگەڕاوە ئەو هەوڵی دا کۆمیتەی یەکێتی ژنان دابمەزرێننەوە. هوشمەند عەلی لە لێکۆڵینەوەکەی لە سەر ڕۆڵی دوکتور قاسملوو دەڵێ: «خۆ ئەگەر لە هەندێک ڕووەوە زیادەڕۆیی کرابێت لەبارەی ناساندنی کەسێتی د.قاسملوو، ئەوا بێگومانین لەوەیکە د.قاسملوو کەسێتییەکی دیارو بەرزی هەبووە چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە سەر ئاستی دەرەوە. لەمبارەشەوە ئەوەی زیاتر ئەم لایەنەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، ئەو ڕێزلێگرتنە جیهانییەیە لە د.قاسملوو، کە وەک یەکەم کورد لە هەموو مێژووی کوردستاندا کرا بە کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بۆ ساڵی ۱۹۹۰ز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە د. قاسملوو مرۆڤدۆست بوو، ڕێزی بۆ مافی مرۆڤ و مرۆڤەکانی بەرامبەری دادەنا، لە هەمان کاتدا عاشق بوو، بڕوایەکی قووڵی بە ئاشتیی نێوان گەلان هەبوو کە بەکردەوەش بۆ ئەم مەبەستە گرنگە هەوڵی دەدا. جگە لەوەش دژی تیرۆر و ڕەشەکوژی بوو، تیرۆری بە هەموو شێوازەکانییەوە مەحکوم دەکرد و بە کردەوەیەکی دژی مرۆڤایەتیی لە قەڵەم دەدا.»(٧) هەر بۆیەش هەر ڕێبوارێکی ئەو مەکتەبە پێویستە ڕەچاوی نرخە گەردوونییەکان بکات و تەنانەت لە کێبڕکێ سیاسییەکان و هەڵسوکەوتی نێوخۆیی و تەشکیلاتی پڕەنسیپی ئەخلاق لە سیاسەتدا ڕەچاو بکات.

## پشوودرێژی و بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان

دوکتور قاسملوو لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مارک کوارتز ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی لیبراسیۆن دەڵێ: «کوردەکان هەرگیز دەست لە خەبات بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان هەڵناگرن. ئێمە لە دژی ڕێژیمی شا خەباتمان کرد و ئەگەر ڕێژیمی نوێ پێداگربێت لە پێشێلکردنی مافە ڕەواکانی ئێمە، لە دژی ئەویش لە خەباتەکەماندا بەردەوام دەبین. ئازادیخوازی بووە بە بەشێک لە ژینێتیکی ئێمە». پشوودرێژی لە شۆڕشدا و بەردەوامی لە سەر خەبات یەکێک لە ڕەمزەکانی بە ئامانج گەیاندنی هەر شۆڕشێکە، دوکتور قاسملوو ئەزمونی تاڵی ڕووخانی کۆماری هەست پێکردبوو لە قوناغەکانی دواییشدا بەردەوام بەرەوڕووی سەختییەکان بووە و درێژەی بە خەباتی داوە بۆ ئەوەی بتوانێ ڕزگاری میللەتی کورد بە دەست بێنێت هەر وەکوو بۆخۆی دەڵێ: خەبات بۆ ئازادی لە ژێنتیکی هەر کوردێک و بە تایبەتی ڕێبەری نەمرمان هەیە. لە زۆر قوناغدا کە لەوانەیە هەر سیاسییەکی دیکە هەستی بەوە کردبێت ئیتر بە کۆتایی ژیانی سیاسی گەیشتووە بەڵام دوکتور قاسملوو تا ئەوکاتەی لە ژیاندا مابوو بەردەوام بە دوای دیتنەوەی ڕێگایەک بۆ بەردەوامی بە خەبات بوو. بۆ ئەو خەبات لە ئورووپا، لە ماڵە نهێنییەکانی تاران و مەهاباد، لە شاخە ئەستەمەکانی کوردستان یا لە ئاوارەییدا بە شێوازی جیاواز هەر وجوودی هەبوو و بەردەوام بوونی لەو ڕێگایەشدا وای کردبوو کە سەرکەوتنی زۆر بە دەست بێنێ. بۆ ڕێبوارانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگای ئازادی و ڕزگاری نەتەوەی کورد پێویستە لە قاسملوو پشوودرێژی و بەردەوامی لە سەر ڕێبازی شەهیدان فێر بین تەنانەت ئەگەر بەرهەمی ئەو خەباتە بۆ نەسڵەکانی دواتر بێت.

## کوردایەتی و کوردبوون

ئەو چەند ڕەهەندەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا تەنیا قەترەیەک لە دەریای وانەکانی قاسملوو بوون کە بۆ هەر شۆڕشگێڕێک پێویستە بۆ ئەوەی وەک کوردێک بۆ خزمەت بە کوردایەتی ئەنجامی بدەین بۆ ئەوەی لە بەرانبەر خاک و نیشتمان و ویژدانماندا سەربڵیند بین. دوکتور قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ماوەیەکی دوورودرێژ لە دەرەوە ژیانی کرد، وەکوو شارۆمەندێکی جیهانی بیری دەکردەوە و خۆی بە دۆست و برای گەلانی دونیا دادەنا و سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بە هۆی ستەمی داگیرکەرانەوە چۆبووە نێو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان، بەڵام هیچ کات کورد و کوردستانی لە بیر نەکرد لە هەر شوێنێک کە ژیابێت بۆ کورد و کوردستان ژیا و ئاسودەترین کاتەکانیشی لە شاخەکانی کوردستان لە دۆخێکی دژوار بەڵام لە سەر خاکی باب و باپیرانی بە سەر برد. لە سەر هۆگری بۆ خاک و باپیرانی دەڵێ: «من بە ڕاستی زۆر خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە لە نێو خەڵکی خۆمان و ئەندامانی حیزب و پێشمەرگەدام. وڵاتی دیکە زۆر خۆشن زۆر جێگای خۆشیش لەو دونیایەدا هەیە. بەڵام بۆ من هیچیان بە قەد نیشتمانی خۆمان خۆش نین و هەموو جارێک کە دەگەڕێمەوە هەست بە خۆشحاڵییەکی یەکجار زۆر دەکەم و کە دەگاتە ڕۆژەکانی ئاخری سەفەرەکەم کەمێکیش بە پەلەم کە هەرچی زووتر بگەڕێمەوە نێو هاورێیان و پێشمەرگەکان و گەلی خۆمان.»(٨) کوردانە ژیان کردن و کوردایەتی کردن لە ژیانی دوکتور قاسملوو بە جۆرێک ڕەنگی دابوویەوە کە وێڕای بەڕێوەبردنی ئەرک شانازیەکی گەورەش بوو، بە شانازییەوە بەڕێوەبردنی ئەرکی کوردایەتی سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکانەوە هەستێکی دیکەیە کە دەبێ لە قاسملووەوە فێر بین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**سەرچاوەکان:**

١- خولیا و مەرگی قاسملووی کورد. کارۆل پڕوونهوبێر
٢- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا
٣- قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە
٤- خولیا و مەرگی قاسملووی کورد. کارۆل پڕوونهوبێر
٥- عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا
٦- هەمان سەرچاوە
٧- هەمان سەرچاوە
٨- قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# عەبدولڕەحمان قاسملوو، میراتێکی نەناسراو؟

فیلیپ بولانژێ

وەرگێڕان لە فەڕانسییەوە: دیلان هەردی

فیلیپ بولانژێ، نووسەر و پرۆفسۆر لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس، خاوەنی نزیک بە سی بەرهەمی زانستییە لە بوارەکانی جوگرافی و ژێئۆپۆلیتیک. ئەم بابەتە لە ژمارە ٢٢٢ی گۆڤاری زانستی «مەشریق - مەغریب» بە زمانی فەڕانسەوی بڵاو بۆتەوە. ئەوەی خوارەوە وەرگێڕدراوی بەشێک لە بابەتەکەیە.

ئەگەر عەبدولڕەحمان قاسملوو شیاوترین ڕێبەری کوردە بۆ ستایش کردن، عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش گرنگترینیانە. دوای بەکارهێنانی دوو سیفەتی وەها دەقیق وەک «ستایش» و «گرنگ» ئێستا دەمهەوێ ڕوونیان بکەمەوە. ئەو دوو کەسایەتییە کوردە هەرکامیان بە شێوازی تایبەت بە خۆی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان لە سەدەی بیستەمدا تۆمار کردووە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان)، بە تایبەت دوای گیرانی لە فێوریەی ١٩٩٩ لە کێنیا، ئەگەر کەسێکی ئاکادیمی نییە - هەرچەند کە دەرس و ئامۆژگارییەکانی ئاراستەی لایەنگرانی دەکا و بە بڕوای من نیشاندەری کەسێکی بەهێز نییە و هیچکات ستراتیژیستێکی باش نەبووە و هەروەها خۆی بە هەستێکی سیاسی کەم ناوەڕۆک و ڕوانینێکی سنووردار لە مێژوو دەرخستووە - بەڵام ئەو وێنەیەکی گەورەی لە لایەن پەیڕەوانی خۆی وەک پێغەمبەری شۆڕشی کورد لە سەدەی بیستەمدا لە تورکیا و دەوروبەری لێ کێشراوەتەوە. ئەو گرنگە چونکە پەکەکە کێشەی کوردی بەرز کردەوە بۆ ئاستێکی چڕوپڕتر لە بواری سیاسی و میدیاییدا کە پێشتر نەبینرابوو.

لە لایەکیترەوە، عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات، ئەگەر ئاکادیمیسیەنێکی ناسراو بوو، نە تەنیا بابەت و وتاری ئاکادیمی دەنووسین، بەڵکوو ئەو بە ڕاستی مرۆڤێکی یەکجار زۆر بەکردەوە بوو، واتە نەتەنیا ڕێبەرێکی سیاسی دوور لە مانۆڕدان و بەرپرسێکی بە ئەزموونی حیزب بوو، بەڵکوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرۆکێکی چریکییش بوو کە دەنگی کەلاشینکۆڤ نەیدەترساند. ئەو شایانی ستایشە چونکە هیچکات بنەمای ئەخلاقی خۆی نەفرۆشت و کوالیتییەکانی ئەخلاق بەرزی بە هاوچەرخەکانی خۆی نیشان دا.ماکس ویبێر دەڵێ: «مێژوو نیشانمان دەدا کە سەرۆکە کاریزماتیکەکان لە هەموو بوارەکاندا و لە هەموو سەردەمێکدا دەردەکەون. هەروەها، ئەوان بە دوو شێوە دەردەکەون، هەندێکیان وەک پێغەمبەر و خاوەن موعجیزە و هەندێکیشیان وەک سەرۆکە خەباتکارەکان و فەرماندەرانی شەڕ».

ئایا عەبدولڕەحمان قاسملوو سازگاری لەگەڵ ئەو پێناسە دوولایەنییەی ماکس ویبێردا هەیە؟ دەمهەوێ، لەم وتارەدا، بە سەرنجدان بە ڕێڕەوی کەسیی و پێشینە فکرییەکەی، ئەو کەسایەتییە سەرەکییەی ناسیۆنالیزمی کورد لە سەدەی بیستەمدا بناسێنم، لە پێشدا، باسی کۆتاییە تراژیکەکەی لە ١٩٨٩دا لە ڤیەن دەکەم و ئەوجار باسی میراتە فکری و مەعنەوییەکەی دەکەم.

## تاراوگە وەک فێربوون

کاتێک دەڵێم کە دەتوانین قاسملوو زیاتر لە سەرۆکە کوردەکانیتر ستایش بکەین، مەبەستم ئەوەیە کە، بە لەبەرچاوگرتنی بژاردە ئیدیۆلۆژیک و ستراتیژیکییەکانی یان بەرجستەکردنەوەی ڕوانینەکانی بە نیسبەت شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، جگە لە ڕێزلێنان لە زیرەکی ئەو ئابووریناسە زمانزانە هیچیترمان نییە، پابەندبوونی ڕاستگۆیانەی بۆ چارەسەری ئاشتییانە و ڕاستبینانەی کێشەی کورد، ڕەتکردنەوەی ئیدیۆلۆژی جیاییخوازیی ئێتنیکی یان بەتایبەت، خۆبواردنی هەمیشەیی حیزبەکەی، حیزبی دێموکرات لە کاری تیرۆریستانە. تیرۆریزمێک کە قاسملوو دەیزانی کە لە حاڵێکدا لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە تێکڕایی مەحکوومە بەڵام دەشتوانێ بانگەشە بێ بۆ بەرزکردنەوەی کێشەی کورد، ئەوەیکە لە لایەن پەکەکەوە لە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ی زایینی لە تورکیا بە شێوەی بەربڵاو ئەنجام درا. هەم سیاسییانە و هەم ئەخلاقییانە، ڕێبەری حیزبی دێموکرات هیچکات خۆی نەخستە ئەو بوارەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی دێموکرات، لە ڕاستیدا، زۆر هەستیار بوو بەوەی هیچکات مامەڵەی خراپ لەگەڵ زیندانییەکان نەکرێ، هیچکات سیاسەتی «زەوی سووتاو» نە لە دژی هیچ لایەنێک و نە لە دژی دەوڵەتی ناوەندی ئەنجام نەدرێ، هیچکات بە زۆرەملێ خەڵکی مەدەنی لە ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەر نەنرێن، نابێ کەس بە بارمتە بگیرێ، نابێ ژنان و منداڵان ئازاریان پێ بگا، نابێ هیچکات کاری چەتەگەری و ڕێگری و بۆمبدانانەوە لە شوێنی گشتی ئەنجام بدرێ. کاتێک ساڵی ١٩٧٩ کارمەند و دیپلۆماتەکانی ئەمریکا لە تاران بە بارمتە گیران، قاسملوو بە ڕاشکاوی ئیدانەی کرد. بێ گومان کێشەی کورد لە ئێران هەزینەی ئەو ئەخلاق بەرزییەی لە میدیا و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ڕۆژئاوادا دا. تەنانەت ئەمڕۆش کێشەی کورد لە ئێران هیچی دەست ناکەوێ لەو دەنگدانەوە میدیایی و ئەو سەرنجە ژێئۆستراتیژیکییە یەکسانەی بە کێشەی کورد لە تورکیا و سوریا و عێراق دەدرێ.

قاسملوو وەک زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی دیکەی کورد بە تاراوگە ئاشنا بوو؛ وڵاتەکەی، خاکەکەی و گوندەکەی جێهێشت. لە دێسامبری ١٩٣٠ لە کوردستانی ئێران و لە نزیک مەهاباد، ناوچەیەک کە ناسیۆنالیزمی کوردی تێدا بەهێز بوو و شای ئێران ڕقی لێ بوو و کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی لێدەکرد لە دایک بوو. قاسملوو ناچار بوو چەندین جار نیشتمانی خۆی بەجێ بهێڵێ. ئەو بەو ڕادەیەی کە لە تاراوگە پێگەیشت و شکڵی گرت بە هەمان ڕادەش گۆڕانکاری بەسەردا هات، کە بە ڕای من کرانەوەی هزری و ئاوێتەبوون بە چەندین زمان و کولتووری پێویست بۆ مرۆڤێکی سیاسی هاوچەرخ ئەو شتانە بوون کە تاراوگە پێی بەخشی. لەو خاڵەدا، ئەو بە تەواوی لە کەسێکی وەک ئۆجەلان جیا دەکرێتەوە کە لە کۆمەڵگایەکی نزیک بە تەواویی تورک پێگەیشت، هەرچەند لە سەرەتاکانی ١٩٨٠لە دیمەشق دەژیا.

ساڵی ١٩٤٩ قاسملوو لە فەڕانسە خوێندکار بوو و بورسی حکومەتی پاشایەتی هەبوو، بەڵام کاتێک چالاکی سیاسی دەستپێکرد بورسەکەی لێ ئەستێندرایەوە. زۆر زوو تێکەڵ بە بیرۆکەی مارکسیزم بوو، لە بواری ئابووریدا لە چێکۆسلۆڤاکی درێژەی بە خوێندن دا، دواتر لە ساڵەکانی ١٩٦٠ی زایینیدا بوو بە مامۆستای ئابووری لە زانکۆی شارڵی پراگ؛ ئەو چاوی بە ئەلێکساندر دوبچێک (سیاسەتوانی ناوداری چێکوسلۆڤاکی) دەکەوێ و تێزەکەی لە سەر ئابووریی کوردستان تەواو دەکا، کە لە ساڵی ١٩٦٥ لە لەندەن بڵاو کرایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای خوێندنەوە لە سەر زمانی کوردی لە «زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان» لە پاریس لە نێوان ١٩٧٦ و ١٩٧٨، چەند مانگ دواتر دەبێتە سەرۆکی شۆڕشێک کە ڕێژیمی ئایەتوڵا خومەینی دەهەژێنێ. لە نێوان ساڵەکانی١٩٥٧ هەتا ١٩٧٨ لە تاراوگە ژیا، لە بەغدا و پڕاگەوە هەتا پاریس. قاسملوو زیاتر لە هەر کەسێک سودی لە درێژبوونی تاراوگە بینی بە تایبەت لە سەردەمی پاشایەتیدا، بۆ ئەوەی لە دوورەوە لە بارودۆخی کوردەکان تێ بگا و بە دوای ڕێگەچارەیەکدا بگەڕێ بۆ ئەو پارچەپارچەبوونەی کوردەکان بە گشتی کە لە دوای ڕێککەوتنامەی لۆزان لە ١٩٢٣ـەوە تووشی هاتن و سەرکوت و لەناوبردنی پێناسەی کورد لە ئێران بە تایبەتی.

لە بڵاوکراوەیەکی تایبەت لە ژوئییەی ١٩٨٩ لە بوڵتەنی زانیاری و پەیوەندی ئەنستیتۆی کورد لە پاریسدا، ڕۆژنامەڤان مارک کاراڤێتز، پۆرترەیەک لە قاسملوو دەکێشێتەوە: «سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، فەرماندەی شەڕ لە کاتی پێویستدا، ڕێبەری سیاسی لە پێش هەموو شتێک، مرۆڤی دیپلۆماسی و دیالۆگ. باڵوێزێکی بەورە و ماندونەناس بۆ دۆزەکەی کە دەیهەوێ تەواوی جیهانی لێ تێبگەیەنێ؛ بەڵام هیچکات هێندەی ئەوە خوشحاڵ نییە کاتێک چاوی بە پێشمەرگەکانی دەکەوێ، لە خانوویەکی بە گڵ دروستکراو لە دۆڵێکی ون لە سەر سنووری نێوان ئێران و عێراق، ئەو شوێنەی کتێبخانەیەکیشی بۆ گواستۆتەوە.» شارەزا لە هەشت زمان (کوردی، فارسی، عەرەبی، ئازەری، چێکی، ڕووسی، ئینگلیزی و فەڕانسەوی)، هەندێک زانیاری لە سەر شێعری کوردی، فارسی یان عەرەبی، هۆنراوەکانی هوگۆ یان ویتمەن، لە یەک کاتدا مرۆڤی کولتوور و کردەوە بوو ـ ئاکادیمی بوو، وتووێژی دەکرد، ڕێبەرایەتی شۆڕشی دەکرد، زۆر خێرا هاتە ڕیزی بەرەی خەبات دژی فاشیزم و تاک حیزبی کە لە ساڵەکانی ١٩٣٠دا جیهانی هەژاند و وایکرد کە دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتیش لە سەر سۆسیالیزم و یەکیەتیی سۆڤییەت ناڕوون بن. ئەو ڕێبەرێک بوو کە خەڵکی کوردستان پێویستییان پێی بوو. بەدڵنیاییەوە هەر ئەوەش تەنیا هۆکار بوو کە دوژمنە بەهێزەکانی هیچ شانسێکیان بۆ دەربازبوونی نەهێشتەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بیرمەندی چالاک

لە ڕاستیدا ئاستێکی زۆر بەرزی ئەخلاق لە قاسملوودا هەیە کە تەنیا لەودا بینراوە و ئەو جیا دەکاتەوە لە تەواوی ڕێبەرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا. ئەگەر قاسملوو تایبەتمەندییەکی نەبا و ئەو تایبەتمەندییە وەک مەترسی بۆ سەر ڕێژیمی ئیسلامی لە تاران نەبینرابا، بێگومان بەو شێوە دڕندانەیەش ساڵی ١٩٨٩ لە ڤییەن تیرۆر نەدەکرا. لە نێوان سەرۆکەکانی کورددا ئەو تایبەت بوو: کەسێکی ڕاستبین بوو، دەیزانی کە کۆمەڵگەیەکی خراپ نێونراو بە ناوی «کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی» ڕێگە نادا وڵاتێکی پێنجەم بە ناوی کوردستان لە نێوان چوار وڵاتدا دروست ببێ. بێگومان ئەو یەکێک لەو دەگمەن ڕۆشنبیرانەیە کە گونجاوە بۆ سەرۆکی دەوڵەت. ئەو تایبەتمەندی هاڤێل و ماندێلای هەبوو. دواتر لەیلا زانا لەوانەیە خۆی بۆ ئەو ئاستە لە ئەخلاق و لە ورەی سیاسی بەرز بکاتەوە بەڵام لەوانەیە لە ئاستی فکری لەو ئاستەدا نەبێ.

لە ڕاستیدا خوێندنەوەی نووسراوەکانی قاسملوو کە بە زمانە جیاوازەکان بڵاو کراوەتەوە چێژێکی تایبەتیان هەیە. وەرگێڕدراوی چێکی کتێبی «کوردستان و کورد» کە لە ساڵی ١٩٦٥دا بڵاو بۆتەوە، شێوازێکی ڕوونی شیکردنەوەی کێشەی کوردە. دەکرێ یەکێک لە درەوشاوەترین سەنتێزەکانی مێژووی کورد بێ. لە درێژەی لاپەڕەکاندا هەست بە جێ پێی قورسی مارکسیزم لە نێو شیکردنەوەکانی ئابووریی کوردستان دەکەی. ئەو بانگی لێنین دەکا، باڵادەستی داگیرکەر مەحکووم دەکا، ئیمپریالیزم شەرمەزار دەکا، ئەو لایەنگری لە سەربەخۆیی پارچەکانی کوردستان و داوای یەکگرتنیان بۆ دروستبوونی نیشتمانێک بۆ کوردەکان دەکا - بیرۆکەیەکی کراوەی سەربەخۆییخوازانە کە بیست ساڵ دواتر دێتەوە سەری و بانگەشەی خودموختاری دەکا. هەروەها خوێندنەوەی لە سەر حیزبی دێموکرات، لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی»، کە بەشی یەکەمی لە ساڵی ١٩٨٥ بە بۆنەی چلەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکرات نووسراوە نموونەیەکە لە خاکەڕایی و ڕاشکاوی. «ئەو مێژووە کە ئەو لەسەر حیزبی دێموکرات نووسیویەتی، پێک نەهاتووە تەنیا لە ژیاننامەی سادەی چەند ڕێبەری حیزب، کادر یان ئەندامەکان. مێژووی سەدان هەزار ئەندامە، هەزاران قوربانییە، هەموو خەڵکی کوردستانە، حیزبی دێموکرات و خەڵکی کورد یەکەیەکی جیانەبووەوە پێک دێنن.»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ناسینە لە نێوان خەڵک و حیزب، ئەمڕۆکە دەتوانێ شۆکهێنەر بێ، چونکە لە شوێنی دیکە کارەساتی مرۆیی قەرەبوونەکراوی لێکەوتۆتەوە؛ بەڵام لە باکگراوندی کورددا ئەو کات مانایەکی جیاوازی هەبوو: کوردەکانی ئێران لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە پەراوێز خرابوون، سۆڤییەتییەکان دەستوەردانیان دەکرد، زۆر بە زەحمەت لە لایەن وڵاتانی بێلایەنەوە دەبیستران؛ ئەگەر ئێستا کێشەی کورد وەک دە ساڵ پێش پەراوێز ناخرێ، لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژئاواییەکان پێویستیان بە پێشمەرگەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش. کێشەی کورد لە ئێران هەروا بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە چونکە خاوەنی ڕێبەرێکی کاریزماتیک نییە. لە ئێرانێکی چەندپێکهاتەییدا، کوردەکانی ئێران دەبێ بتوانن لە سەر کێشەی خۆیان بەرەیەک لەگەڵ خەڵکانی دیکەی پەراوێزخراوی ئێران پێک بێنن، دەبێ لە ساختارێکی حیزبی ڕەوا و کاریگەر کەڵک وەرگرن بۆ ئەوەی ببیسترێن، تەنانەت ئەگەر سەرکوتی خوێناوی ڕێژیمیشیان لە بەرامبەر بێ.

بە شێوەیەکی ئیدۆلۆژیکی، قاسملوو ئەو کەسە بوو کە بە کورتی دەتوانین ناوی بنێین مرۆڤێکی چەپ، بە قووڵی بارگاوی، وەک زۆرێک لە ڕێبەرانی جیهانی سێهەم. مرۆڤێکی مارکسیستی و ناسیۆنالیستی بوو، وەک زۆرێک لە بیرمەندانی جیهان. چالاکێکی کۆمۆنیستی بوو لە نێو حیزبی دێموکراتدا (کاتێک لە مەهاباد بوو) و لە حیزبی توودە، پارتی کۆمۆنیستی ئێراندا (کاتێک لە تاران بوو)، ئەو خۆی لە کۆمۆنیزمی ستالینی جیا کردەوە، بە تایبەت دوای دەستێوەردانی هێزەکانی پەیمانی وەرشۆ لە چێکۆسلۆڤاکی لە مانگی ئاگۆستی ١٩٦٨دا. ڕەوتی کۆمۆنیستی لە حیزبی دێموکراتدا لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٥ هەتا ١٩٥٨ کە لە لایەن قاسملووەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، لە دوای ساڵی ١٩٧١ـەوە لە لایەن ڕەوتی ناسیۆنالیستی کە لە دەوری عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق). کۆ ببوونەوە خرا پەراوێزەوە و هەر ئەویش بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات. دەبوایە هەتا کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە سێپتەمبری ١٩٧٣ چاوەڕێ بکرێ تا ئەو مارکسیزمەی قاسملوو دەیویست ئاراستەی حیزب بکرێ. لائیسیزم، سۆسیالیزم و دژە سەرمایەداری دەبنە بەرچەسپ و تایبەتمەندیی ئیدیۆلۆژیکی قاسملوو. لەو کۆنگرەیەدا دروشمێک کە قاسملوو هیچکات خەیانەتی پێ نەکرد پەسند کرا: «دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان.»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک زۆرێک لە مارکسیستەکانی سەدەی بیستەم کە باڵادەستی ئیدیۆلۆژی کۆمۆنیزم بە سەر نەریتخوازی ئایینی وەک دەستکەوت دەبینن، قاسملوو وا دەردەکەوێ کە سەرنجی پێویست ناداتە سروشتی قووڵی شۆڕشگێڕی بە مانای شۆڕشی ئاسترۆنۆمی یان گەردوونی (خولانەوە ی هەسارەیەک بە دەوری ئەستێرە یان خۆردا کە دوای دەورێکی تەواو دەگاتەوە شوێنی یەکەم)، واتە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو – واتە بە شێوەیەکی باو و سوننەتی شۆڕشی جەماوەری لە دژی ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئێران کە ساڵی ١٩٧٨ کۆتایی بە پاشایەتیی هێنا. ئەو نەیدەتوانی بڕوا بەوە بکا کە، وەک بریتانیای سەدەی حەڤدەیەم، ئێران لە ڕێگای ئایینەوە بچێتە نێو مۆدێڕنیتەی سیاسییەوە نەک لە ڕێگای دژایەتیی ئایینەوە وەک لە ١٧٨٩.

حیزبی دێموکرات مارکسیستە و دژی سەرمایەداری: ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی کە پەروەردەکراوی ئیمپریالیزمی ئەمریکایە بە ڕادەی پێویست قەناعەتی پێهێنا لە سەرەتادا. یەکەم ئەوەیکە، شۆڕشی ئێران بە پاڵپشتییەکی لە ڕادەبەدەری ڕەوتە شۆڕشییەکانی چەپی ئێرانی بوو کە گرێدراوی مەلاکان بوون لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەڵام هەر خێرا، هێزی ژیانەوەی شیعە کە خۆی لە ئایەتوڵڵادا دەرخست هاوپەیمانە ڕادیکاڵەکانی قووت دا. ئایا قاسملوو، بیرمەندی وێبێری، سەرۆکی شۆڕش و چالاکی مارکسیستی، هێزی دیاردەی شۆڕش لە ئێرانی بەو پێیەی کە مەزهەبی بووە بە کەم گرتووە و نەچۆتە نێو بازنەی خوێندنەوەیەکی مارکسیستی ئاتێئیستانەی سەدەی بیستەم؟

هەر دوابەدوای ئەوەی هیواکان بە کۆماری ئیسلامی لە ناوچوون، درێژەدان بە بەرگری لە بەرامبەر سەرکوتێکی نوێی کوردەکانی ئێران زۆر گرنگ بوو: بووە هۆی بەهێزبوونی ڕۆڵی حیزب وەک پارێزەری خەڵکی کورد. حیزبی دێموکرات تەنیا قەڵغانی نیزامی لە بەرامبەر هێرش و سەرکوتی حکوومەتی ناوەندی بوو کە لە دەست مەلا شیعەکاندا بوو و بە چاوێکی دیکەوە سەیری کوردەکانیان دەکرد، بە تایبەت کە زۆرینەیان سوننی بوون، گومانی جیابوونەوەیان لێ دەکردن بەڵام حیزبی دێموکرات هیچکات ئۆپۆزیسیۆنی نیزامی و پێناسەی نەتەوەیی لە دەست خۆیدا قۆرخ نەکرد، ئەوەیکە پەکەکە لە تورکیا پلە بە پلە ئەنجامی دا. بە بێ شک «مەترسی تەواوخوازی» کە لە پەیوەندی نێوان حیزب و خەڵکدا سەر هەڵدەدا، لە لایەن قاسملووەوە پێشبینی کرابوو. تەنیا دەتوانرێ گریمانەی ئەوە بکرێ کە ئەو بە توندی دژی ئەو لادانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیدیۆلۆژیکییە دەبوو ئەگەر خۆی پارێزکارتر نیشان دابا و زۆر متمانەی بە ڕێژیمی ئیسلامی نەبا، ئەوەیکە لە ساڵی ١٩٨٩ بە قیمەتی ژیانی تەواو بوو.

دوای شەڕی نێوان ئێران و عێراق لە ساڵی ١٩٨٨، خراپترین شت دیسان بە سەر کوردەکانی ئێراندا هات. بۆ سێهەم جار لە یەک ساڵدا، لە هاوینی ١٩٨٩دا، نوێنەرایەتیی کورد چاوی بە لایەنی ئێرانی دەکەوێ:

محەممەدجەعفەر سەحراڕوودی، حاجی موستەفەوی و ئەمیرمەنسوور بۆزۆرگیان. لە دوو چاوپێککەوتنی پێشوودا هیچ پاسەوانێک بوونی نەبوو. لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا قاسملوو لە ئاپارتمانێکی نهۆمی پێنجەمی بینایەک لە ڤییەن لە لایەن ئێرانییەکانەوە بە سێ گوللە پێکرا و تیرۆر کرا. ئەو تەنیا کوردێک نەبوو کە تیرۆر کرا لەو ڕۆژەدا: عەبدوڵڵا قادری ئازەر، ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات بە ١١ گوللە و فازڵ ڕەسوڵ، کوردی عێراق و مامۆستای زانکۆ کە ڕۆڵی ناوبژیوانی دەبینی بە ٥ گوللە تیرۆر کران. بکوژەکەی ڤییەن گرێدراوی کەسانێک بە ناوی سەعید ئیمامی، بەرپرسی «قەتڵە زنجیرەییەکان» لە وەزارەتی ئیتلاعات، مەحموود ئەحمەدی نەژاد کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بوو بە شارەوانی تاران و دواتر لە ٢٠٠٥ بوو بە سەرکۆماری ئێران.

بەرپرسی حیزبی دێموکرات چلۆن ڕازی بووە کە بکەوێتە ناو داوێکی وەها دڕندانە و خۆی بخاتە بەردەم بکوژانی ڕێژیمی ئێران؟ ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی، جاناتان ڕانداڵ پێیوایە کە دوای مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی، قاسملوو بە بێ شک بە قەناعەتێک گەیشتبوو کە تاران دەیهەوێ وتووێژ لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا بکا. هەرچەند ئەو بە شێوەی ئاسایی زۆر وریا بوو، بەڵام ئەو ورياییەی دابەزاند و تەنانەت نەک هەر پاسەوانەکانی خۆی بەڵکوو پاسەوانەکانی جەلال تاڵەبانیشی ڕێگە نەدان کە لە دوو وتووێژی پێشوودا لە دێسامبری ١٩٨٨ و لە ژانویەی ١٩٨٩ هاوڕێیەتییان کردبوو. ئایا بڕوای وابوو کە دەسەڵاتی ئێران بەرەو ئانارشی دەڕوا یان وردەوردە خۆی دێموکراتیزە دەکا؟ ئایا پشتی بە ڕۆژئاواییەکان بەستبوو کە بە پێشنیارە ماقووڵە بێ لایەنەکانیان خۆیان وەک بەلاڕێداچوو و فریوخواردوو دەرخستبوو؟ وڵام و دەلیل و بەڵگەکانی ئەو هەڵە کوشندەیەی ئەو هەر چییەک بووبن، لەگەڵ قاسملوو چونە ژێر خاکی گۆڕستانی پیرلاشێزی پاریس.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو زۆر زوو ڕۆیشت، ئەو دەیتوانی ببێتە ئەو ڕێبەرەی کە کوردەکان چاوەڕێی دەکەن. ڕێڕەوێکی فکریی و سیاسی هیوابەخش لە لایەن یەکگرتنێکی کوشندەی نێوان دەوڵەتی بەرژەوندخواز، دەمارگرژیی مەزهەبی و بێ ئیحتیاتی شەخسی پێشی پێ گیرا. ئەو بەرهەمێکی فکریی و ئەخلاقیی هەرمانی لە دوای خۆی جێهێشت. میراتێکی سیاسی و ئیدیۆلۆژیکی نادیار لەو کاتانەدا کە کێشەکانی کورد پێویستییان بە تێگەیشتن و ڕوانینێکی زۆر بەرزتر هەیە، هەستێکی سیاسی و ڕوانگەیەکی فکری لە دەرەوەی ڕەوتی باو کە هەر ئەو خاوەنییەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د. قاسملوو؛ هێندەی دەیناسم، دەنووسم

**مەلا بەختیار**

سوپاس بۆ لێژنەی یووبیلی ئەڵماسی کە بۆ ٧٥ـەمین ساڵڕۆژی حیزبی دێموکرات، لە منیان ڕابینی، بەشدارییەکی بچووک لەم یادەدا بکەم. هەوڵیش بدەم، ڕۆڵی د. قاسملوو، هێندەی دەیناسم، باس بکەم.

پێش هەموو باسێک ئومێدەوارم، ئەم ساڵڕۆژی پیاهەڵدانی ئەڵماسی نەبێ، لە باسکردنی حیزبی دێموکرات و ڕابەرە هەڵکەوتووەکانی لەو مێژوویەدا، هەڵوێستەی هەڵسەنگاندن بێ بە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانەوە!

## خەسڵەتی گرنگ

گرنگترین خەسڵەتی دێموکرات، کە جیای دەکاتەوە لە زەمینەی دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە، هاوزا لەدایک بوونێتی، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمارە کۆرپەکەی کوردستان، کە بە کۆرپەیی، دۆشاودۆش لەبەر بەرژەوندیی زلهێزەکان و کۆنەپەرستیی ئەو سەردەمە، سەریان بڕی.

لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، دەیان حیزب و گرووپ و ڕێکخراوی سیاسی دامەزراون. زۆربەیان تیا چوون، ئێستا مەگەر توێژەران لە گۆشەی توێژینەوەدا، ئاماژەیەکی پێ بکەن. بەڵام کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حوکمڕانییەکەی شێخ مەحموودی حەفید، لە باشووری کوردستان، لە ویژدانی هاوبەشی نەتەوەی کورددا، زیندوو ماونەتەوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە حەسرەتی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، کەرامەتی نەتەوایەتیی کورد و کوردستانە. وەچە دوای وەچە ئەم حەسرەتە وەکوو هاوخەم و خەباتی نەتەوایەتی لە نێو نەوەکانماندا، بەشێکە لە کولتووری سیاسییمان .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی دێموکرات، لەو سۆنگەیەوە، ئۆرگانیک گرێدراوی کۆماری کوردستانە. کۆمار و دێموکراتیش، هەژمونییان لەسەر کێشەی نەتەوایەتیمان تا ئێستاش، بویستریّ و نەویستریّ، ماوە!

ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، هاوکات لەنێو چوونی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمۆنیستەکانی ئیسپانیا و یونان، لە ڕۆژهەڵاتی نیزیک و ئۆرووپادا، یەکەمین خیانەتی ئینتەرناسیۆنالیستی شۆڕەوی و ستالین بوو، دەرهەق بە مافە دێموکراسییەکان. بێگومان بڕیاری یەکەم و کۆتاییش هەر ستالینی دیکتاتۆر، داویەتی. جێی داخیشە ئەو خیانەتە، لەو سەروبەندەدا، نەک لە لایەن کۆمۆنیستەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی، ڕەخنەی لیّ نەگیرا، بەڵکوو بە پاساوی سەرکەوتنی لەشکری سووری شۆڕەوی، بەسەر نازیزمدا، کۆمۆنیستەکان، بە سەرمەستیی سەرکەوتن، دۆخەکەیان هەڵسەنگاند و ستالینیشیان لەسەر بەرزترین لووتکەی سیاسەتی نێونەتەوەییدا، دانا.

هەمیشە سەرکەتن، لۆژیکی ڕەخنەی سیاسیی لاواز دەکات. چاوپۆشین لە هەڵە و خیانەتیش، دەبێتە بەشێکی سیاسەتی ئەو لایەنانەی لە ئایدیۆلۆژیەتدا دۆگمن.

## پاشکۆیەتی!

ئەوەی مایەی سەرنجی بەندەیە، تەنانەت حیزبە دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵات و باشووریش، هەر وەکوو کۆماریان نەڕووخێندرابیّ... دوای ئەو خیانەتە گەورەیە لە کورد و کۆماری کوردستان، بە شانوباڵی شۆڕەوی و ستالیندا، هەڵیان دەدا. بەڵکوو دێموکرات زیاتر لە سیّ دەیە، لە لایەن هەندێک سەرکردەی دێموکراتەوە، کە لە تێکۆشاندا درێغییان نەبوو، بەڵام لە تێگەیشتنی سیاسی و ئایدیۆلۆژییدا، بەبیّ بەرامبەر، دێموکراتیان کردبووە پاشکۆی حیزبی توودە کە ڕاستڕەوترین حیزبی کۆمۆنیستی ناوچەکە بوو!

حیزبی توودە کە لە بزووتنەوەی موسەدیقەوە (١٩٥٣ - ١٩٤٩) ماهییەتی ڕاستڕەوییتیی دەرکەوت و ماڵی خەباتی دێموکراسی و نیشتیمانی ئێرانی وێران کرد؛ هەم دژی بزووتنەوەی موسەدیق و هەم دژی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو. حیزبێک تا ئێستەش ئامادە نەبوو مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد بسەلمێنێ، کەچی بەشێکی بەرچاوی سەرکردایەتیی دێموکرات، حیزبی دێموکراتیان کردبووە پاشکۆی خۆبەخشی توودە! تەنانەت، هەتا دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، گرووهی (٧) نەفەری، لەو پاشکۆیەتییە دەستیان بەر نەدەبوو. لێرەدا!...

## ڕۆڵی کاریزما

ئیتر ڕۆڵی سەرکردەی هەڵکەوتوو، دەر دەکەوێ و ڕابەری بەتوانا و ڕابەری بێتوانا، لەو بوارە سیاسییانەی قۆناغ کە دەپەڕنەوە، لێک جودا دەبنەوە!

د. قاسملوو، یەکێک لە بڕیارە مێژووییەکانی ئەوە بوو، بێدوودڵی بەبێ ئەوەی گوێ بداتە تەواوی پڕوپاگەندەکانی پێشتر بۆ توودە و سەرووی توودەش، لێبڕاوانە ڕەگی گولیی ئایدیۆلۆژییەتی پاشکۆیەتی بۆ توودەی ناتوودە، هەڵکێشا و هەڵکشا بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دێموکرات؛ لە سەردەمێکیشدا هێشتا هەژمونگەری پرۆ شۆڕەوییەکان لە تەواوی جیهاندا لە جەنگی ساردیشدا بەهێز بوو؛ بە ڕای من قۆناغی وەرچەرخانی سیاسی – ئایدیۆلۆژیی حیزبی دێموکرات، لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە د. قاسملوو، دێموکراتی ڕاچڵەکاند و لەسەر پایەکانی سەربەخۆیی، دایمەزراندەوە.

شەوارەی تیۆریزۆرجار، ئەوانەی بەر شەوارەی تیۆری کەوتوون، لەو ڕاستییە تێناگەن کە کاریزما، چ کاریگەرییەکی چارەنووسسازی لە نێو ڕووداوەکاندا هەیە. هەمیشەش کاریزما، ڕابەرێکە نەک ڕابەرایەتیی بەکۆمەڵ.

هەڵبەتە لە دوائاکامدا ڕابەری کاریزما دەبێ لە ڕێگەی ڕابەرایەتییەوە بێ؛ ڕابەرێتیی کارامەی خۆی بسەلمێنێ و بەرنامەکانی سەر بخات. ئەگەر وا نەکات بە چەمکە زانستییەکەی نابێتە کاریزما، بەڵکوو دەبێتە ملهۆڕ!

لەدوای شەهید پێشەواوە، دێموکرات لە سەردەمی د. قاسملوو کرایەوە ئەو حیزبە دێموکراتەی لە نێوهاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و کوردستاندا، بەڵکوو لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی سۆسیال –دێموکراتیشدا، فرەڕەهەند کاریگەر بێ. پێشتر لەنێو بازنەیەکی داخراودا، دێموکرات گیری حیزبایەتی لە دۆخی نالەباری پەنجاکان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا حەفتاکان خواردبوو بەڵام بەو حاڵەش، لەو دۆخەدا، لە نێوان بەرداشی فشاری (ئێران- شۆڕشی ئەیلول-حکوومەتە دژەدیموکراسییەکانی عێراق)دا لە کاتێکدا ئاسان نەبوو کومیتەی ناوەندیی حیزبەکە و سکرتێرەکەی دانیشتنێکی ئاسایی بێئاستەنگ بکەن، پاراستنی دێموکرات خۆی لە خۆیدا بایەخ و بەهای مێژوویی هەیە. مایەی ئەو بەها و نرخە بوو، دێموکرات ئامادە بوو لە دۆخی راپەڕینی گەلانی ئێراندا وەکوو یەکێک لە حیزبە سیاسییە ڕەسەن و ئازادیخوازەکان، دابەزییە مەیدان.

## لە ژێرزەمینەوە بۆ سەرزەمین

### ڕاپەڕینی گەلانی ئێران (١٩٧٩ - ١٩٧٨) دوو ڕووداوی گەورەی مێژوویی خولقاند:

**یەکەمیان:** ڕووخانی ڕێژیم و سیستمی سەڵتەنەتی بوو. دووەمیشیان: سەرکەوتنی تەوژمی ئیسلامی - شیعەگەرایە.

**یەکەمیان،** نەک پێشبینیکراو بوو بەڵکوو ئامانجی سەرەکیی لایەنە سیاسییەکانیش بوو، هاتیشە دی.

**دووەمیشیان،** نەک پێشبینیکراو نەبوو، بەڵکوو پێچەوانەی ئامانجی تەواوی چەپ و دێموکراتەکانی ئێران وکوردستانیش بوو؛ ئەمیش هاتە دی.

ئەمەیە، دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵکوو تەواوی کیشوەری ئاسیاش زۆر جار ئامانجە چاوەڕواننەکراوەکان هاتوونەتە دی، بە پێچەوانەوە ئامانجە خەبات لە پێناوداکراوەکان نەهاتوونەتە دی!

ئەگەر مێژووی خەبات و ئەرشیڤی ئەدەبیاتی سیاسیی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی ئێران لە دوای بزووتنەوەی مەشرووتەوە، بۆ بزووتنەوەی موسەدیق، هەتا سەرەتاکانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لێک بدرێنەوە، دەر دەکەوێ کە تەواوی حیزبە چەپ-دێموکرات، نیشتمانپەروەر-ناسیۆنالیست و پانئێرانییش لە هاتنە سەر کاری ئەلتەرناتیڤی شادا بە هەڵەدا چووبوون نە دێموکراتەکانی ئێران نە لیبراڵەکان، نە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناسیۆنالیست و چەپەکان، هیچیان نەهاتنە سەر کار تەنانەت لە هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمان. سەرۆکایەتیی ئێران و پەسەندکردنی دەستووری ویلایەتی فەقیهییشدا، کاریگەریی ئەوتۆیان نەبوو.

## تێزە سیاسییەکانی قاسملوو

لەم دەورانـــەدا، کە ئەدەبیاتی دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەخوێنمەوە، لەناو جەنجاڵی ئەو دۆخەدا، لە گەرمەی خرۆشانی هەست و هەڵوێستی خەفەکراوەکاندا، تێزە سیاسییەکانی د. قاسملوو، بە ڕیالیستی دەبێنم. تەرحەکانی بۆ چارەسەری سیاسی، لۆژیکی و ئەقڵانی بوون، بەڵام بە داخەوە بزووتنەوەی بەرینی خۆڕسکی خەڵک و ئامانجی سەرووی تواناکان ئەوکاتە بەسەر شەقامی سیاسییدا زاڵ بووە.کە دەخوێنمەوە د. قاسملوو نامە بۆ ئیمام خومەینی بە ناوی «حەزرەتی ئیمام» دەنووسێ، ئەمە لای من ئازایەتیی ئەقڵانییەتی سیاسیی د. قاسملوو بووە، کە لە نێو ورووژان و خرۆشانی خەڵکدا لە بەردەم لافاوی دروشمبازییدا بوێرانە نامەیەکی ئاوەها دەنووسێ و داکۆکی لە مافی خودموختاریی ڕیالیستی دەکا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لە ڕەگەزە هەستیارەکانی دۆخەکە و قۆناغەکە و ئەرکە سیاسییەکە، تێگەیشتبوو بۆیە:

- پێموایە دوو ساڵی دوای ڕووخاندنی شا، هێشتا لە هەموو بارێکەوە لێک نەدراوەتەوە.

- جارێ قووڵتر نەزانراوە ئایا سیاسەتی کوردایەتیی چەکدارانە ڕاست بوو یان نا؟

- ئایا شەڕی سەنگەربەندیی نێو شاری سنە ڕاست بوو؟ یان ڕێپێوانی هێمنانەی خەڵکی سنە بۆ مەریوان؟

- ئاخۆ ساڵەهای دیکە بە بەرەوە نەمابوو دۆخی دانوستان و خەباتی مەدەنی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام بێ؟

- لە دوای ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد (کوردستان)ەوە (٣٢) ساڵی ڕەبەق دیموکرات پشووی درێژ بوو و خەباتی چەکداریی نەکرد (جگە لە بزووتنەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کومیتەی شۆڕشگێڕیی دێموکرات) ئەی بۆ لە دوای ڕووخاندنی شادا تەنها دوو ساڵ خۆی گرت و خەباتی چەکداریی دەست پێکرد؟

## ڕوانگەی دوور لە گۆشەگیری

**ئەو پرسیارگەلە دەبێ دوور لە ڕوانگەی گۆشەگیریی حیزبایەتییەوە وڵام بدرێنەوە.**

ئێستا، کە (٧٥) ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، دەرکەوتوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران، نە بە خەباتی چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچار کراوە داخوازییە دێموکراسییەکانی گەلانی ئێران جێبەجێ بکا، نە جەنگی ٨ ساڵەی عێراقیش دژی ئێران، حکوومەتی شیعەی ئێرانی ڕووخاند. ئەوەتانێ ساڵەهایە گەمارۆ سەپێنراوەکانیش دژی ئێران، ئێرانی وەکوو دۆخی گەمارۆدانی عێراقی سەردەمی سەددامیش لێ نەکردوە. وای دەبینم ئێران کەوتۆتە بەردەم دوو ڕێیانێک:

- یان گۆڕینی حکوومەتی ئێستای ئێرانە.
- یاخود چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد و گەلانی دیکەشە.

ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ئێرانی وا دەخوێنمەوە سازشێکی نێودەوڵەتی - ئیقلیمی بەڕێوەیە، بۆ ڕێکەوتنێکی ستراتیژیی نوێچەشن. جەخت دەکەمەوە ئەگەر بەڵێ - ئەگەر - پڕۆژەیەکی وا بێتە پێشەوە (وەکوو ئێستای سووریە-ڕۆژئاوای کوردستان) هەق وایە هێزە سیاسییە کوردستانییەکان دەستخەڕۆی دروشمی دوورکوژە نەبن بە پڕۆژەیەکی ڕیالیستیی خۆیان بۆ ئەگەرێکی ئاوها ئامادە بکەن بەرپرسیارێتییەکە پێکەوە بخەنە ئەستۆ!

من دڵنیام د. قاسملوو بمابا هەموو توانای خۆی بۆ پڕۆژەیەکی ئاوهای هاوبەش، بۆ چارەسەری ئاشتییانە دەخستە گەڕ.

پیرۆزتان بێت ساڵڕۆژە ئەڵماسییەکەتان بە هیوام لەم ساڵڕۆژەدا هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە، بۆ خەبات و فۆرمیلاکردنی سیاسەتی حیزبی دێموکرات، لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی ٧٥ ساڵەتان بە ڕەخنە لەخۆ گرتنیشەوە، بکەنە خەڵات و بەراتی یادەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕوانگە و هزری د. قاسملوو بۆ مافەکانی ژنان

**گەلاوێژ پەیڕەوان**

لە مێژوودا هەر گەلێک خاوەنی کۆمەڵێک کەسایەتی و ڕێبەر و سەرکردەی بە توانا و کاریزما بووە، کە توانیویانە ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی خۆیان هەبێ و، هەوڵیان داوە و هەندێک جار توانیویشیانە خەڵک و وڵاتیان ڕزگار بکەن.

شەهید دوکتور قاسملوو، یەکێک بوو لەو سەرکردانەی مێژووی نەتەوەکەمان کە نەخش و کاریگەریی لە ڕادە بەدەری لەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلەکەی هەبوو.

ئەو ڕێبەرە مەزنەی نەتەوەکەمان دەور و کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لە بەرەو پێش‌بردنی خەباتی گەلەکەی و ناساندنی خەباتەکەی بە دنیای دەرەوە.

ئەوەی لەم بابەتەدا دەمانەوێ قسەی لە سەر بکەین، ڕوانگەی دوکتور قاسملوو لە مەڕ مافی ژنانە. دوکتور قاسملوو لەم بارەیەوە دەڵێ:

«لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگەیەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان، وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ، بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادە کردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەیندا هەیە، دەبێ ئەو مەودایە بەرە بەرە لە بەین بچێ، بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی نزیکترە.»

ئەم وتانە نیشان لەوەیە حیزبی دێموکرات و خودی ڕێبەرەکەی چۆن و چەندە باوەڕیان بە مافی ژن و کاریگەریی ژن لە کۆمەڵگە و کار و تێکۆشانی سیاسییدا هەبووە. د. قاسملوو لەو کاتەدا کە باس لە جێگە و پێگە و مافی بەرابەریی ژن و پیاو لە نێو حیزبەکەی و کۆمەڵگەدا بۆ ژنان دەکا، لە هەمان کاتیشدا واقعی کۆمەڵگەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبینێ و دەزانێ دانانی جێگەی تایبەتی و دانی ماف بە تەنیا هیچ کاریگەریی نابێ. بەڵکوو بۆ بە کردەییکردنی پێویستی بە پەروەردە و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی هەیە.

د. قاسملوو خۆی چ وەک شەخس و چ وەک ڕێبەری حیزبی دێموکرات باوەڕی قووڵی بە مافی ژن و تواناییەکانی ژن هەبوو، هەر ئەو باوەڕەشی وای کردبوو کە پشتیوان و ڕێنوێنی ژنان بێ و هانیان بدا بۆ ئەوەی ماف و ئەرکی خۆیان بناسن و هەوڵی بۆ بدەن.

ئەو ڕێبەرە مەزنەی نەتەوەکەمان پێی وابوو کە ژن دەبێ بۆ خۆی بێتە مەیدان و خەبات بکا لە پێناو بەدەست هێنانی ئەو ماف و ئازادییانەی کە بە هۆی دابونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەی پیاوسالار و دەسەڵاتی زاڵ بە سەر گەلەکەماندا، لێیان زەوت کراوە.

بە بڕوای د. قاسملوو خەبات بۆ مافی ژن تەنانەت لە خەبات بۆ وەرگرتنی خودموختارییش درێژترە و دەبێ دوای وەرگرتنی خودموختارییش ئەو خەباتە بەردەوام بێ. هەر بۆیە و بە بەردەوامیی ڕێنوێنی ژنان و کچانی دەکرد کە سوور بن لە سەر داوای مافی خۆیان و، چاو لە دەستی کەسانی دیکە یان پیاوان نەبن.

لەم بارەوە دەیکوت: «ئەرکی خوشکان گرانترە لە پیاوان، خوشکان دەبێ لە دوو بەرە و سەنگەردا خەبات بکەن، هەم بۆ ڕزگاریی گەلی کورد و هەم بۆ مافی خۆیان لە کۆمەڵگەدا، دیارە ئەم دوو ئەرکە پێکەوە زۆر دژوارن، بۆیەش خوشکان دەبێ پشوودرێژ بن و باوەڕیان بە خۆیان هەبێ و نەترسانە هەوڵ بدەن بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا».

هەروەها پێی وابوو، ژن پێویستە خۆیشی پەروەردە بکا، بۆ ئەوەی ئاگایانە خەبات بکا و داوای مافی نەتەوەیی و مرۆیی خۆی بکا.

باوەڕمەندیی د. قاسملوو بە نیسبەت مافی ژنانەوە، تەنیا بە قسە و لە چوارچێوەی وتار و نووسراوەکانیدا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو ئەو ژن و کچە پێشمەرگانەی کە شوێنی کارکردنیان لە دوکتور قاسملوو نزیک بووە و ڕۆژانە چاویان پێی کەوتوە باسیان لەوە کردوە کە زۆر ڕێزی بۆ ژن دادەنا و باوەڕی بە مافی ژن هەبوو، ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوەڕەشی هەر بە قسە نەبوو، بەڵکوو لە کار و کردەوەی ڕۆژانەی و هەڵسوکەوتی جوانیدا دەردەکەوت.

د. قاسملوو کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی، خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوو، دەیزانی بەشداریی ژن لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتییدا چەندە گرینگە و چۆن دەتوانێ کاریگەریی هەبێ لە بنیاتنان و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە و، ئەگەر ژن مەجالی پێ بدرێ توانای بەڕێوەبردنی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتی هەیە و تواناکانی کەمتر نییە لە پیاو.

هەر لەم پێوەندییەدا و لە وتارێکدا کە لە ٨ی مارسدا پێشکەشی کردوە، دەڵێ: «ڕادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا، نیشانەی ڕادەی پێشکەوتوویی ئەو کۆمەڵگەیەیە، ژنان نیوەی ئەندامانی کۆمەڵن، هەرچی کەمتر لە کاروباری کۆمەڵدا بەشدار بن، ئەوەندە کار و تێکۆشان و خەللاقییەت لە کۆمەڵدا کەمترە و هەر ئەوەندەش کۆمەڵ پاشکەوتووترە، بۆیە ڕادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا، نیشانەی ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەکە. ئەوە لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەشدا هەر ڕاستە، هەرچی ژنان بەرینتر و چالاکتر تێیدا بەشدار بن، ئەوەندە بزووتنەوەکە پێشکەوتووانەتر و سەرکەوتووترە.»

هەر بۆیەش هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە ژن بەشداریی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەباتی نەتەوایەتی بکا، تا بتوانن پێکەوە و لەگەڵ پیاوان کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو پێشکەوتن و ڕزگاری بەرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٢٠


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕوانینی د. قاسملوو بۆ زمان و پەروەردە

**ئەحمەد ڕەحمانی**

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بووە هۆی کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە ئێراندا کە کوردستانیشی گرتەوە. بووژانەوەی فەرهەنگی بە تایبەتی لە بواری زمانەوانییدا لەسەر دەستی دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات یەک لەو بابەتانەیە. گەلی کورد لەمێژ ساڵ بوو چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەم شێوەیە بوو کە چیی‌تر زمانەکەی لە ڕیزبەندی دووهەمدا دانەندرێ، بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەستکردن بە بەرپرسایەتیی مێژوویی خۆی بوو، پێشەنگایەتیی ئەو ڕیسالەتەی گرتە ئەستۆ. لە ماوەیەکی کورتدا توانرا فێرگەی زمانی کوردی دابمەزرێن، بۆوەی منداڵە بێ‌نازەکانی کوردستان ئاشنای فۆنەتیکی وشەی جوانی کوردی بن. دیارە ئەم خولیا و هەوڵە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمێکی زۆر لەمێژینە، بە تایبەت تێکەڵاویی ئەدەبی لەگەڵ باشووری کوردستان کە ئەمە بە هەر شێوەیەکی مومکینی سەردەمی خۆی وای کردبوو بووژانەوەی زمانەوانی، زۆر بە زوویی پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ و ڕێبەرایەتیی شۆڕش بە پەرۆشترەوە هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵبگرێ.

نەخشی د. قاسملووی ڕێبەر وەک کەسێکی ئاکادیمی لەو پرۆسەیەدا بەرچاوە، ئەو زۆر زوو هەستی بەم زەروورەتە کرد و لەم بوارەدا لە هیچ چەشنە هەوڵدانێک درێغی نەکرد. یەکێک لە سیفەتە تایبەتییەکانی د. قاسملوو ئەوە بوو کە لە بارودۆخ و هەلومەرجە هەرە دژوارەکانیشدا گرینگی و بایەخێکی زۆری بە بواری پەروەردە و فێرکردن دەدا. د. قاسملوو زۆر باش دەیزانی کە کۆمەڵگەی پێشکەوتووی بەرەو شارستانییەت بە خوێندن و پەروەردەکردن دێتە دی. ئەو دەیزانی ئەم پرۆسەیە زانا و پسپۆڕی چەلەنگ و چالاکی گەرەکە، بۆیە پێش هەموو کەس بۆ خۆی قۆڵی لێ هەڵماڵی و سەرباری هەموو پڕکارییەکانی بەڵام بۆ ئەو مەبەستە شەو و ڕۆژی دەخستەوە سەر یەک.

د. قاسملوو بە تەنیا گرینگیی نەدەدا بە پێگەیاندنی کادر و ڕێبەرایەتیی بە ئەزموون و قاڵبووی نێو کوورەی تێکۆشان و خەبات، بەڵکوو هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو کە کام دەڤەر و مەڵبەندی نیشتمانەکەی پێویستیی بە قوتابخانە و پەرتووک و مامۆستا هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەزموونەکانی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ناوچە ئازادکراوەکان دەری‌خست کە هەرچەند ڕێبەرایەتیی حیزب تا ئەوکات لە تاراوگە و دوورەوڵاتییدا کوورەی خەباتی بەتین ڕاگرت‌بوو، بەڵام بە چەکی قەڵەم و پەروەردەوە خۆی بۆ مەیدانی نەبەرد تەیار کردوە. بۆیەش لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەدان قوتابخانە داندران و پەرتووکی کوردی چاپ کران و مامۆستایانی شۆڕش یەکەم ئەلف و بێی کوردییان بە گوێی منداڵان و فێرخوازانی تامەزرۆی وشە و زمانی زگماکدا چرپاند. خەرمانی پڕ بەرەکەتی وشە و زمانی کوردی سووری تێکەوت و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە برەودا بوو. منداڵان و بەشمەینەتانی نیشتمانمان فرچکیان بە وشەی زمانی شیرینی کوردییەوە گرت. خوێندن و نووسینی کوردی بوو بە خەون و خولیای شەو و ڕۆژیان، مامۆستایانی شۆڕشیش زۆر بە دڵگەرمی و دڵسۆزییەوە قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵی و بوێرانە هاتنە مەیدان. سروودی «ئەی ڕەقیب» بوو بە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووک و ئاوڕشێنی دڵی تینووی ئەویندارانی ئازادیی دەکرد. گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕیی کوردی سەر لە نوێ لەدایک بوون و گەشانەوە و خەڵک توانییان پڕ بە سییەکانیان هەناسەی ئازاد و ئازادی هەڵمژن.

کارکردی حیزب لەو ماوەیەدا لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی، بوو بە بناغەیەکی قایم بۆ داهاتووش. ئەوە بوو کە شەیدایانی هۆنینەوەی وشەی جوانی کوردی بە ئیلهام‌وەرگرتن لە هەستی نیشتیمان‌پەروەریی مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار و ڕووناکبیرانی دیوی گەرمێن، توانییان لەم ماوە کورتەدا شۆڕشێکی گەورە لە زماندا بێننە ئاراوە، کە ڕەنگدانەوەیەکی باشی لە دوای خۆی بەجێ هێشت؛ لە ڕاستییدا دەکرێ بگوترێ زمان لە مردن و لە نێو چوون بەرەو بووژانەوە گەڕایەوە.وەک پێشتریش باس کرا ئەوەی لەم نێوەدا گرینگ و پڕ بایەخە، ڕۆڵی بەرچاوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنیان، بە تایبەت شەخسی د. قاسملوو لەم هەلومەرجە تایبەتییەدا بوو کە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات خولقابوو.

ئەمەگ و وەفا بۆ د. قاسملووی هەمیشە زیندوو کە حیزبەکەی بە ئیلهام‌وەرگرتن لە بنەما فیکرییەکانی وی وێڕای گرتنەبەری هەمە جۆرە خەباتێکی سیاسی و جیڤاکی و پێشمەرگانە، گرینگییەکی زۆر تایبەتیشی دا بە کۆڵەکە و بڕبڕەی کۆمەڵگە، کە ئەویش خۆی لە زمان و فەرهەنگ و کولتووردا دەبینییەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دێموکراسی و دوکتور قاسملوو

**شاهۆ مەتین**

«دوکتور قاسملوو:» دێموکراسی بۆ ئێمە بە مانای پلۆرالیزم و ئازادیی برِوا، بەیان و کولتوور دێ.»

دوکتور قاسملوو یەکێک لەو بیرمەندانەی جیهان و بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردستان بوو کە باوەرِی قووڵ و رِیشەیی بە چەمکی دێموکراسی بۆ دوارِۆژی ئێران و هەموو دنیا هەبوو.

لە هزری دوکتور قاسملوودا دێموکراسییە کە دەتوانێ ئێرانی فرە زمان، کولتوور، نەتەوە و ئیتنیک لە چوارچێوەیەکی شارستانییدا بە تەبایی و پێکەوە سازان ئیدارە بکا؛ هاوکات ئازادی وەک ئەساسی دێموکراسی و هاوشانی پلۆرالیزم لە نێوان گەلانی ئێران پارێزراو رِابگرێ.

بەڵام بە سەرنجدان بە جۆراوجۆریی دێموکراسی لەسەر ئەرزی واقع کە لە نێو وڵاتان تاقی کراوەتەوە و دەکرێ، دەبێ مەبەستی دوکتور قاسملوو لە کام جۆری دێموکراسی بووبێ؟

**دێموکراسیی زۆرینە:**

لەم مۆدێلەدا ئەو هێز و لایەنەی زۆرترین رِێژەی دەنگی هەڵبژاردنی بەدەست هێناوە دەسەڵات دەگرێتە دەست، واتە ئەو رەوتەی زۆرترین دەنگەکانی بەدەست هێناوە دەزگا و دەسەڵاتە بنەرِەتییەکانی ئەم دەوڵەتە بەرِێوە دەبا، بۆیە ئەم مۆدێلە زۆرتر دەسڵاتێکی ناوەندییە؛ چون دەسەڵاتێکە لە ناوەندەوە برِیار بۆ بەشەکانی تری وڵات دەدا. بەم پێناسەیە لە دێموکراسیی زۆرینە، ئەم مۆدێلە لەو وڵاتانە دەتوانێ وڵامدەر بێ کە لە رِووی زمانی، نەتەوەیی و ئایینییەوە یەکدەست بێ.

لە سەر ئەم ئەساسە، مۆدێلی دیموکراسیی زۆرینە بۆ وڵاتی ئێران کە لە ڕووی زمانی، نەتەوەیی و ئایینییەوە وڵاتێکی پلۆرالە ناتوانێ گونجاو بێ، چون ئەو نەتەوەی خاوەنی زۆرینەی پێکهاتەی حەشیمەتە دەتوانێ زۆرترین ڕێژەی دەنگەکان بەدەست بێنێ و مۆنۆپۆلی جومگەکانی بەڕێوەبەریی وڵات بکا، کە ئەو کات جیاوازی لەگەڵ دیکتاتۆریی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی نابێ.

لەم بارودۆخەدا کە دیموکراسیی زۆرینە وڵامدەر نییە، بە مانای گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئیسلامی نییە، کە بەداخەوە هەندێک حیزبی سەرتاسەریی ئێرانی ئێستا داوای دەکەن.

ئەوەی لەو دۆخەدا پێویستە، کارکردنە بۆ هێنانە کایەی دۆخێکی لەبار بۆ بەدهێنانی مۆدێلێکی تر لە دیموکراسی، کە ئەویش دیموکراسیی ڕێککەوتن یا تەوافوقییە.

**دیموکراسی ڕێککەوتن:**

دیموکراسیی ڕێککەوتن بریتییە لە بەخشینی دەرفەت بە بەشداریی سیاسیی هەموو ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی لەو وڵاتەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان دەبێ لەسەر ژیانی کۆمەڵگە.مۆدێلی دیموکراسیی ڕێککەوتن لەو وڵاتانە وڵامدەر و ئامادەیە کە لە ڕووی زمانی، نەتەوەیی و مەزهەبییەوە جیاوازیی گەورە لە نێو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەدا هەبێ. واتە کۆمەڵگەیەکی فرە زمان، نەتەوە و ئایینییە کە لە جیاتی ئەوەی حیزبی سەرتاسەری شێوازی ڕێکخستنی سیاسیی هەبێ و جێبەجێکاری پرۆسەی دیموکراسی بێ، حیزبی لۆکاڵی و ناوچەیی ئەم ڕۆڵەی دەبێ؛ هەر بۆیە ئینتیمای تاکەکان زیاتر ڕووی نەتەوەیی و زمانی و ڕەگەزی و ئیدئۆلۆژیی هەیە.

لەسەر ئەم ئەساسە ئاشکرایە لە وڵاتێکی وەک ئێران کە بیهەوێ ببێتە وڵاتێکی دیموکراتیک، مۆدێلی دیموکراسیی زۆرینە وڵامدەر نابێ، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی لێرەدا پێویستە، لە ئێراندا بوونی نییە.

هەر بۆیە بە بۆچوونی ڕێبەری هەرمانمان، دوکتور قاسملووش ئەو مۆدێلەی بتوانێ بەکەلکی داوڕۆژی ئێران بێ و لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا یارمەتیدەر بێ و، لەو کێشانەی – بە هۆی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەقڵیەتی پاوانخوازانە و دیکتاتۆریی مێژووی دەسەڵاتدارانی ڕابردوو و ئێستای ئێران دروست بوون - ڕزگاری بێ و بتوانێ ئاشتی و تەبایی بەرقەرار بکا، ئەوە مۆدێلی دێموکراسیی ڕێککەوتنە.

لەبەر ئەم تایبەتمەندییە پۆزیتیڤانەی دێموکراسیی ڕێککەوتن هەیەتی، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی دوکتور قاسملوو، لە کۆنگرەی ١٣ی خۆیدا، بە خوێندنەوەیەک لە چەمکی دێموکراسیی ڕێککەوتن هەیبوو، دێموکراسی بۆ فێدرالیزم لە پێناوی وڵامدەر بوونی زۆرتری ئەم چەمکە بۆ دوارۆژی ئێران دەگۆڕێ، چونکە نە تەنیا لە زۆر وڵاتی دنیا فۆڕمی دێموکراسیی ڕێککەوتن فۆڕمێکی فێدرالییە، بۆ وڵاتێکی وەک ئێرانیش بە لە بەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی؛ مۆدێلێکی گونجاوە.

فەلسەفەی فێدرالیزمیش دابەشکردنی دەسـەڵات و سەروەرییە - نەهێشتنی ناوەندگەرایی لە وڵاتە - کە خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەم قۆناغەی ئێستاشە. واتە فێدرالیزم هەوڵ دەدا دەسەڵات بەسەر بەشە جیاوازەکانی وڵاتدا دابەش بکا و بە هەر بەشێک، بە قەدەر خۆی سەروەری ببەخشێ.

هەم دابەشکردنی دەسەڵات و هەم پێدانی سەروەری، دوو چەمکی سیاسیین کە ئەمەش بەم مانایە دێ لەم وڵاتە (ئێران)دا کێشەی سیاسی هەیە و، فێدرالیزمیش دێ چارەسەری ئەم کێشە سیاسییانە بکا.

بەم پێیە بە فێدرالیکردنی ئێران هەوڵدانێکی سیاسییە کە لەسەر ویست و ئیرادەی هێزە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵات و بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆتە وێژمانی بزووتنەوەی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

ئێرانی دوارۆژ پێویستی بە دامەزراندنی ناوەندێکی لیبراڵ و پلۆراڵ هەیە کە پێوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانی ئەم فێدرالیزمە لەگەڵ ناوەند ڕێک بخات و کولتوورێکی سیاسیی نوێ، کە ڕێککەوتن بنەماکەی بێ و ڕاوێژ و دیالۆگ، بە بەردەوامی لە نێوان ناوەندەکانی دەسەڵات و لە نێو نەتەوە جیاوازەکاندا هەبێ و، دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەری لە وڵاتدا ڕێک بخا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو، ڕوحی قەڵەم و ئەدەبی بەرگری

**ئەنوەر عەزیزیان**

سەدان ساڵە جەستەی وڵاتێکی ڕەنگین بە تاوانی پێناسەکەی هەڵدەقرچێ، بەڵام ڕەوایی هاواری لە خەیاڵی ئەم خەونەوە سەری هەڵدا کە لە ناخی دیرۆکیدا مێژووی لەسەر بنیات ناوە، ئەگەر بڕینی هەناوی لە دەروونی شێعر و ئاوازدا بدوێنین ئەوسا قاسملووی کوردان لە ڕۆحی هۆنەردا ئەبێتە پەیکەرێکی زیندووی ئەبەدیی زێد و واری و دەکرێ لە یەکەمینەکانی جیهانی سیاسەتدا ناوی بێنین کە لەڕووی مانا و نێوەرۆکەوە ئەدەبیاتی بەرگری نوێ کردەوە.

ئەم مرۆڤە پراگماتیستەی دنیای سیاست لە ئورووپای مودێرنەوە کەوتە پێوشوێنی پێناسەی نیشتمانی و بەوپەڕی باوەڕمەندییەوە ڕێبەریی جوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەکەی گرتە ئەستۆ. ئەو سەردەمەی خەباتی ئاشکراشی دەست پێ کرد دژی تاکپەرستی و کۆیلەکردنی ئەندێشەی مرۆڤی کورد وەستایەوە، هەر بۆیە قەڵەم و ئاوازی پرسیارخوڵقێنی خۆش دەویست و هۆگرییەکی پتەوی بە خاوەن قەڵەمانی ئەدەبی بەرگری هەبوو.لەم هاوارە ئازادەوە برەوی بە نوێگەری دا و چەشنی ڕێبەرێکی جیهانبین هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی لە دەوری ئارمانجەکانی کۆکردەوە و سەرئەنجام سەری لە ڕێگای سەربەستی گەلەکەی دانا و زامێکی قووڵی خستە جەستەی نیشتمانەوە. ئەو وشەی ئازادیی لە ناخی شێعر گوشی، ئەوەی بەکوڵ گوێ لە دەنگی ئاواز بگرێ جا دەزانێ قاسملوو چەند زانستییانە چۆتە نێو ڕۆحی هونەر و مەبەستی چۆن بە گیانی موسیقادا کرد و چلۆن لە تەحریری هەموو چینە دەنگەکاندا دەنگی دایەوە، ئێستا ژێی ئامێرەکان لە خەونە مەزنەکەی ئەم ڕێبەرەوە ڕێگەی ئەو دیوی ڕازەکانیان دەپێون و بە چاوی ئەستێرە و تریفەی مانگدا سەفەری نۆتەکانی دڵی ئەژەنن. لەو دەمەوە زمان ناوی کردۆتە سروود و وانەی ئەشقی لێ فێر دەبێ. گەلێکن ئەو خوازە ئەدەبییانەی لە خۆشەویستی بڕوایدا مانای خۆیان دەست کەوتەوە، ئەگینا گەلێ بابەت لە ناخی بێ‌ماناییدا دەمانەوە، ڕەنگە بەشێکیش وەک خەیاڵی دەروونی شاعێر و هونەرمەند سەربەمۆر لە قوژبنی بێدەنگیدا هاواری نەبیسراویان چڕیبایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هزری والای ئەم ڕێبەرە داهێنانی ستایلی ئاوازی کوردی گۆڕی و شێوازی مۆسیقای پاپ، کلاسیک، بلووز، جاز، شەرقی، ئێلێکترۆ پاپ و فولکلۆری بەرەو جیهانێکی بەربڵاوتر ڕاکێشا کە تا ئێستاش دەگمەن کەسایەتییەکی سیاسی هاوشێوەی هەیە کە ئاواز و هۆنراوە لەم خەیاڵەوە میلۆدییان پێ دارشتبێتەوە.

ڕەنگە تەنیا هونەر ئاشقی ئەو نەبووبێ، ئەویش جەوهەری ئەم ڕازەی لە قووڵیی خۆیدا ناسیبێ، بۆیە لە ڕەنگی ئەم ژانرانەدا هاوشێوەی سروشتێکی دڵڕفێن دەخولقێ و ناوی دەبێتە سەردەستەی هێما هونەرییەکان، ئاخر لە بیری ئازادیی خۆیەوە نۆرمی موسیقای لە گۆشەگیری دەرباز کرد و ڕاسانی کردە قامووسی ژێی ئاواز و پەنجەی داهێنانێکی نوێ، چەند بە ئارامی خزایە ساماڵی ئاسمانی پڕ ئەستێرەی هۆنەر و، شێعریش خەونی خولیای وا هۆندەوە کە ئەمڕۆکەش وشەی تەمەن بە بیری ئەو دادەچێنێ.

ئەگەر فتوای حاشا لە ژین خەو بە سوتمانی وڵاتی گەلی کوردوە دەبینێ و کونی چاوی سڕینەوەی بە تاریکی دەکرێتەوە، ئەوە هونەری دەروەستی نیشتمانەکەی قاسملوو دیموگرافیای خەیاڵیان لێ دەشێوێنێ و وانەکانی ئەم ڕێبەرە لە ناخی ئەدەبییات و هونەردا دەبنە بنچینەی ڕێزمانی شعوور و بێکەس، مەلەکشا و دەیانیتر هەیبەتی ئەم مەزنایەتییە چەشنی شکۆی نیشتمانیان دەهۆننەوە.

هەرکە ناوی قاسملوو دێ کارەساتێکی ژیان تەزێن بەرۆکی تەمەن دادەڕێ و سیمای ویژدان کڕنۆش دەبا بۆ باوەڕی و سۆزی هۆنەر بە ئارامی دەکەونە خۆ و گوڵێ لە جوانی هەناسە و وشەی ئەوین هەڵدەگرن و دەیدەن لە بەرۆکی شەهید، گەلێ جاریش بەرگی حەسرەت لە بەر باڵای ئەشق دەکەن تا شیوەنی کۆچی مەزنە مرۆڤێکی ئاشقی ئاشتی پێ بگێڕن. ئاخر قاسملوو لە ناخی نیشتمانی خۆی‌دا دەژی و هەموو دەمێ هەناسەی نەسیمواری ئەو ئارەقەی ناوچاوی پاڵەو شوانکارەی وڵاتی ئەسرێ و هومێدی گەورە دەبەخشێ بە ڕووناکبیری داهاتوو. لەم ڕازەوە بوو بە ڕەمزی هەستانەوە و لە گۆڤەندی ئازادی‌دا سەرچۆپی سەربەستی دەگرێ کە ئەدەبیات و موسیقا لە هزریداخەوی حەزیان دادەڕێژن، ئیتر مەزنە مرۆڤەکەی وڵاتی کورد مێژووی لە سەر بیری ڕانا و لەم ڕازەوە گەیشت بە ئاستێکی بەرزی دەڤەری زمانی مۆتیڤەکانی هونەر و لە زەمەنی خۆیەوە دەستی پێ کرد و لە بۆچوونەکەی خۆشی‌دا نیشتمانی سپارد بە کۆڵنەدان تا ئازادی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی ٥ی جانیوێری ٢٠٢١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دکتۆر قاسملوو، سیاسیەکی هەڵکەوتووی کورد

**شۆڕش ئەسەدزادە**

سیاسەت بەبڕوای دکتۆر قاسملوو کەهەمیشە باسیدەکرد هونەری مومکین بوو. ئەو پێیوابوو سیاسەت تەنیا ڕەش و سپی نیە بەڵکوو لەنێوان ڕەش و سپیّ دا ڕەنگی دیکەش هەن. بەبڕوای دکتور قاسملوو سیاسەت لەگەڵ حەزو ئارەزوو جیاوازیەکی زۆری هەیە، چونکە سیاسەت پەیوەندی بە ڕاستی و واقعیەتی ناوخۆو ناوچەیی و جیهانەوە هەیە. بەڵام حەزو ئاوات و ئارەزوەکانیش پەیوەندیان بەخەیاڵی مرۆڤەوە هەیە، بۆیە خەیال و ڕاستیەکان دوو شتی زۆر لێک جیاوازن.

دکتۆر قاسملوو لە ڕووی هەڵسوکەووتی کۆمەڵایەتیەوە تاکە ڕێبەرێک بوو لەکوردو بەگشتیش لە جیهانی ڕۆژهەڵات دا کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ڕێبەرایەتی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەهێزی کردبێت کە ئەم جوڵانەوەیە لەسەردەمی قاسملوودا بەبرشت تر بوو لەئێستا. چونکە ئەو تاکە ڕێبەری کورد و جیهانی ڕۆژهەڵات بووە کە هەرگیز جنێوو وشەی نابەجێ و ناپەسەندو ناشیرینی بۆ هیچ یەکێک لەنەیارەکانی بەکار نەهێناوە. لەکاتێکدا بەسەدان وتاری پڕ لەخرۆشانی نەتەوەیی لەشەڕەکاندا بەدژی دەسەڵاتی داگیرکەردا هەیە.

دکتۆر قاسملوو هەمیشە نوسین و وتارە توندو حەماسیەکانیشی وەک ڕێبەرێکی مەسئول بۆنی گفتوگۆو هەروەها زۆر بەئەدەبانە بوون لەسەخترین ساتی شەڕەکانیش خۆی پاراستووە لە وشەی نەشیاوی کۆمەڵایەتی.

قاسملوو پێچەوانەی ڕێبەرانی دیکەی کوردەوە زۆر دژی فەرد پەرستی لەناوخۆی حیزب دا بوو. هەربۆیە تەنیا کەسێک بوو کە هەڵواسینی وێنەکانی و شوعاری بژی قاسملووی لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا قەدەغە کردبوو.

هەروەها یەکێکی تر لە بەهرەکانی بوونی فکرو تێزی سیاسی خۆی بوو، هەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە وەکوو بیرمەندێکی سیاسی ناسرابوو. ئەو کۆمەڵێک تێزی تازەی سیاسی هێنابووە ناو کایەی سیاسەتەوە یان داهێنانی نوێی لەجێبەجێ کردندا دەخستە ڕوو. وەکوو سەربەخۆیی بڕیاردان، ئەخلاق لەسیاسەت دا، بەرپرسیارەتی، دێموکراسی ڕاستەقینە، سۆسیالیزمی دیموکراتیک. ئەو سەربەخۆیی بڕیاردانی وەکوو یەکێک لەکۆڵەکەکانی حیزب دەزانی، هیچ کاتێک نەچووە ژێر باری چاوسورکردنەوەکانی دوژمنان و بەڵکوو لەسەر ئەوباوەڕە بوو نەک بۆ حیزبی دێموکرات بەڵکوو هەموو حیزبە ڕەسەنە کوردیەکان پێویستە سەربەخۆیی لەبڕیاردان بپارێزن.

دکتۆر قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هیچ کاتێک کێشەو مەسەلەی کورد ڕێگا چارەی نیزامی نیە، بەڵکوو چارەسەر هەر گفتوگۆو دیالۆگە، ئێمە شەڕمان بەسەردا سەپاوە بۆیە شەڕدەکەین هەتا بگەین بەگفتوگۆ. دکتۆر قاسملوو دەیکووت منداڵەکانتان فێری شەڕ مەکەن بەڵام فێریان بکەن کەچۆن بەرەنگاری لەخۆیان بکەن. بۆیە هەمیشە شەڕی وەکوو تاکتیک بەکارهێناوە بۆ کێشانی ڕژیم بۆسەر مێزی لێک تێگەیشتن.

دکتۆر قاسملوو بەهەموو شێوەیەک خۆی تەرخانی شۆڕش و بەرخۆدان کرد، ئەو تەواوی توانا ئاکادیمی و زمانەوانی و دیپلۆماسیەکانی خۆی خستبووە خزمەت بۆ ناساندنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی چارەسەر کردنی ئاشتیانەی دۆزە ڕەواکەی.

بۆیە سەرئەنجام ئەم ڕێبەرە بیرمەندو شۆڕشگێرە لەڕێکەووتی ١٣ - ٧ - ١٩٨٩ لە شاری وییەن لە ئوتریش لەسەر مێزی گفتوگۆ بەنیازی دیتنەوەی ڕێگا چارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لەڕۆژهەڵات لەگەڵ نوێنەرانی ڕژیمی تاران لەگەڵ شەهید عەبدوڵا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەروەها دکتۆر فازڵ ڕەسوڵ درانە بەر دەسڕێژی گوللەی تیرۆریستانی ڕژیم کەبەناوی گفتوگۆو دیالۆگ لەداویان خستن و شەهیدیان کردن.

ڕۆحیان شادو ڕێگاو ڕێبازیان بەردەوام.

ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠٢١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملو ڕێبەرێکی نمونەیی!

سەید ئەحمەد حسەینی

کاتانەی شارەکانی کوردستان لە دەست پێشمەرگەدا بوون ڕێبەران و کادرەکانی کۆنی حیزبی بۆ ناساندنی حیزبی دیموکرات بە خەلکی کوردستان خەریکی تەبلیغی جەماوەری بوون لە سالۆنی کاوەی شاری سەقز جەماوەرێکی زۆر کۆکرابونەوە و لە پڕ چەندین پێشمەرگە هاتنە ژوری سالۆن و کاک دوکتور قاسملویان لە گەڵ دا بوو، بە ڕێوەبەری بەرنامە کاک دوکتوری ناساند و دواتر نۆبەی قسەکردنی کاک دوکتور هات هەر لە گەڵ دەسپێکی قسەکانی جەماعەتێکی تێکدەر کە پێشتر ئامادە و ڕێنوێنی کراوبوون لە ناو ئاپۆڕاری جەماوەر ڕاست بونەوە و دەستیان کرد بە دروشمی سازشکار، سازشکار، هەر چەند کاک دوکتور هەولّی دا ڕێگە بدەن قسە بکات و جەوەکە هێور بکاتەوە بێ فایدە بوو هەر بۆیە سالۆنەکەی بەجێ هێشت و ئاژاوەچیەوکان ئامانجی خۆیان کە ڕێگە پێنەدان بوو بە کاک دوکتور بۆ قسە کردن پێکا، ئەوە یەکەممین جار بوو کە کاک دوکتور قاسملوو ببینم.

لە درێژەی ڕەوتی شوڕشگێڕانەی ئەو کات و ساتەدا دەیان و سەدان لاو پەیوەستی ڕیزەکانی حیزب و سازمانە سیاسیەکانی کوردستان بوون و منیش خۆم لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دا دیتەوە.

ئەمجار دیتن و چاو پێکەوتن لە گەڵ سکرتێری حیزبەکەم کارێکی گران نەبوو هەم لە کۆبونەوە بەرینەکانی حیزبی و هەم لە سەردانی بۆ ناوەندەکانی نیتشەجێی کادرو پێشمەرگان لە نزیکەوە هەموان دەمانبینی.

لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزب کە بوومە ئەندامی ڕێبەری حیزب لە پلینۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندی دا بەشدار دەبووم و لە نزیکەوە گوێم لە قسە و باسەکانی ڕادەگرت و یاداشتم لێ هەڵدەگرتن و لە بەهرە و زانیاری ئەو کەسایەتیە  شت فێر دەبوم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەحلیلە سیاسیەکانی، هروژاندنی باس و بابەتگەلی جۆراو جۆر لە سەر بەرەو پێش چونی ئەرک و کاری حیزبی وەک نمونە:

دیقەت کردن لە بەڕێوەبردنی کاری حیزبی، ناسینی کات و بەڕێوە بردنی لە کات و وادەی خۆیدا، نەرم و نیان بوون و زمان پاراوی، جارێکیان لە ڕابیتە بە شێوەی ئاخافتن لە گەڵ خەڵک نمونەیەکی بەمشێوە بۆ باس کردین (پاشایەک هەبوو ددانێکی ئاخری کاکیلە یان خرێی خوار ڕوابوو، بانگی دوکتوری دەرباری کرد وتی ئەو ددانەی ئاخری من خوار ڕواوە دەلیلی چیە دوکتوری دەربار وتی جەنابی پاشا نیشانەی ئەوەیە جەنابت لە پێش هەموو ئەندامانی بنەماڵەت دا دەمری، پاشا ترسا، پاشان دوکتورێکی دیکەی بە ناوبانگی ددان هەبوو پاشا ناردی ئەویان هێنا و هەمان پرسیاری ئاراستەی ئەویش کرد ئەویش وتی قوربان ئەوە نیشانەوی ئەوەیە لەوانیە جەنابت کم تەمەونترین کەسی بنەماڵەتان بیت، پاشا وتی ئەوە باشە،

دوکتور قاسملوو وتی زمانی ئاخافتن دەبێ بزانن مانای قسەی ئەو دو دوکتوری ددانە هەر یەکە، بەڵام هەر یەکەو و بە جۆرێک باسیان کرد یەکیان پاشا پێی تۆقی و ئەوی دی قەبوڵ کرد.

دەیوت کادری حیزبیش لە نێو خەڵک دا دەبێ بە زمانێک بدوێ کە خەڵک لێیوەرگرن و حیزب بە هی خۆیان بزانن، لە سەر پاک و خاوێنی گرنگی دان بە مورەتەبی و ئەرکناسی لە کار دا ڕێنوێنی ئەکردین ئەو کەسانەی ڕیشیان دەهێشتەوە نەیاندەتوانی کارتی پێناسی حیزبیان بە ڕیشەوە هەبێ، جارێکیان لە گەڵ کاک حەمەنەزیفی قادری بۆخوا حافیزی گەڕانەوەی ناوچە چوینە خزمەتی من برێک ڕیشم هاتبوو فەرموی ماچم نەدەکردی چونکە ڕیشت هەیە تەنیا لە بەر ئەوەی بۆ ناوچە دەگەڕێیتەوە ماچت ئەکەم.

کاتێک لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی بەرەو ناوچە دەگەڕاینەوە لە نیوەی ڕێگەدا بوین خەبەری شەهید بونەکەیمان پێگەیشت وا لە بەر چاوم پێشمەرگەکان چۆن دەگریان و چەندە نیگەران بوون. کاتێک گەیشتینەوە ناوچە و لە نزیکەوە خەڵکمان بینی گەورەیی دوکتور قاسملومان ئەوەندی دیکە بۆ مەعلووم بوو کە چەندە بوەتە مایەی پەرۆشی و غەمباریان، دوژمن لەو ساڵەدا لە ناوچەی سەقز چەندین پەلاماری یەک لە دوای یەکی کردینە سەر پێیوابو لە دوای نەمانی دوکتور قوتابیەکانی ورەیان نەماوە

بەڵام بەرەنگاری و پەلاماری پێشمەرگەکانی مەکتەبی قاسملوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان پیلان و خەیاڵی خاوی دوژمنی پوچەڵ کردنەوە.

پاش سێ دەیە لە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو جێگە و پێگە و نەمانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە نێو دڵ دەرونی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبوارونی ڕێگەکەی زیاتر هەست پێدەکرێ شوێن دانەری سیاسەتەکانی بە سیاسەتەی کوردە ئێساش کە ئێستایە دیارە و بە زیندوویی دەمێنێیتەوە

سڵا لە یاد و ناوی بەرزت ئەی ڕێبەر و ڕێنوێنی شارەزا و ناوازە دوکتور قاسملوی هەمیشە لە یاد.

٩ی مای ٢٠٢١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دکتور قاسملووی ڕێبەر قوتابخانەیەك بۆ کوردایەتی و ناسنامەیەك بۆ نەتەوەی کورد!

ئەنوەر کەریمی

لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد دا کەم نین ئەو مرۆڤە خۆ نەویست و شۆڕشگێڕ و گیان لە سەر دەستانەی لە پێناو ڕزگاری و سەربەستی میلەتەکەیان دا بونەتە پێشمەرگە و تێکەڵ بە کاروانی نەبڕاوەی خەباتگێڕانی ڕێبازی کوردایەتی بوون و لەو ڕێڕەوەدا ڕۆڵیان لە بەرەو پێش بردنی ئەو بزوتنەوەیەدا هەبوە. لە نێو ئەو هەزاران ڕۆڵە تێکۆشەرەدا نەقشی چەند کەسێک گەلێک بەرجەستەو بەرچاوە. لە نێو ئەو چەند کەسەش دا ڕۆڵی ڕێبەری کاریزما و سیاسەتوانی کەم وێنە و بە دەگمەن هەڵکەوتوو شەهید دکتور قاسملووی مەزن زۆر تایبەتە و دەکرێ بگوترێ تاقانەیە کە وەک ڕوناکی مانگە شەو و گڕو تینی تیشکی خۆر ڕۆڵەکانی گەلی کورد و نیشتیمانی داگیر کراومان بە ڕوح و جەستە هەستی پێ دەکەن.

دکتور قاسملوو ئەو سەرکردە پراگماتیکە بوو کە بە کردوە لە ناو مەیدانی خەبات و تێکۆشانی بێ وچان دا سەروەری و سەرکەوتنی بۆ گەلە بەش مەینەتەکەی دەخوڵقاند. کێ هەیە شارەزای مێژووی کورد بێ، یا بەدوا داچوون بۆ مێژویی بزوتنەوی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکات، نەزانێ کە دکتور قاسملوو چۆن حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە دوای نەمانی کۆماری کوردستان و بە هۆی زەبر و زەنگ و ڕاودونانی ئەندامانی حیزبی دێموکڕات لە لایەن دەستگای سەرکوتگەری ساواکی حەمە ڕەزا شای جنایەتکار بەشێکیان توشی زیندان و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی دێموکڕات کە ئاوارەی باشوری کوردستان ببون، بە هۆی هەلو مەرجی ئەوکاتی باشوری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان و شەرایەتی سەپاو بە سەر تەشکیلاتی حیزب و کێشە و گرفت و پرژ و بڵاوی کۆی ئەندامانی حیزبی دێموکڕات لەو سەردەمەدا چۆن دکتور قاسملوو سەر لە نوێ ساختاری ئەو حیزبەی داڕشتەوە و لە یەکەم دەرفەت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا خۆی وەک سەرکردەیەکی مەیدانی و پێشەنگ و ڕێبەر هەر لە سەرەتاوە بە بەرنامە و ئاگاهیەوە گەڕایەە کوردستان و لە ماوەیەکی کەمدا بە هەزاران کەس لە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد لە دەوری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆبوونەوە و بە حەق وەک میراتگرێکی بە وەفای کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی ڕیساڵەتی ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردیان ڕێبەری دەکرد و لە ماوەیەکی کورت دا حیزبی دێموکڕاتیان گەیاندە لوتکە.

لەو کات و ساتە دا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر زوو پەرەی گرت و لە ناو ڕیزەکانی دێموکڕات دا هەزاران پێشمەرگەی چەک لە شان و دەیان هەزار ئەندام و لایەنگری هەبوو. بەڵام قاسملووی زانا باوەڕی بە چارەسەری کێشەی کورد و گێشتن بە مافەکانی لە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتی هەبوو، دکتور قاسملوو سیاسەتی بە پێی ئێحساس و عاتیفە نەدەکرد بەڵکوو ئەو لە سەر عەرزی واقیع و بە سەرەنجدان بە هەلو مەرجی خەبات و ناوچەو و نێودەوڵەتی و ئیمکانات و هێز و توانای حیزب و میلەتەکەی بەرنامەی سیاسی و تێکۆشانی بۆ حیزبەکەی دادەرشت. هەر بۆیە حیزبی دێموکرات لە لای هەموو لایەک وەک حیزبێکی بە ئیعتیبار و بە نفوز و خاوەن پرستییژی تایبەت سەیر دەکراو حیسابیان لە سەر دروشم و پەیام و بەرنامەکانی حیزب دەکرد.

دکتور قاسملوو دەگەڵ ئەوەیکە باوەڕی تەواوی بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد هەبوو و دەوڵەتی کوردی بە مافی ڕەوای نەتەوەیی کورد دەزانی (بڕواننە بۆچوونی دکتور قاسملوو لەو پێوەندیە دا کە لە ژمارەی ٤٧ی تێکۆشەر کە نامیلکەیەکی نێوخۆیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێرانە بڵاو بۆتەوە):

«مافی دانانی چارە نووس ئەگەر بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان ڕۆژێک جێ بە جێ بێ، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە پێکەوە یەک دەگرنەوە. پێکەوە یەکگرتن مافی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جودا بوونەوە نیە. مافی یەکگرتنەوەیە. جودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە بەڵام لە واقیع دا حەقی یەکگرتنەوە حەتا لە حەقی جودابوونەوە زیاترە.

کە وابوو ئەو حەقەمان هەیە، چونکە دابەش بوونی کوردستان لە واقیع دا دابەش بوونێکی«مەسنوعی»یە» لە لۆژیکە بوو کە یا هەموو شتێک یا هیچ شتێک!

دکتور قاسملوو بە کردەوە لەساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی و دوای کۆنفرانسی سێهەمی حیزب نەقشی سەرەکی و کلیلی لە حیزبی دێموکرات دا هەبوو و زۆر زوو توانی ببێتە جێگای هیواو هومێدی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد. بەڵام ئەو هەوڵی دەدا و تێدەکۆشا کە فەرهەنگی ڕێبەری جەمعی و کاری بە کۆمەڵ لە ناو حیزبی دێموکرات دا جێ بخات و دژی تەک ڕەوی و فەرد پەرەستی بوو. هەر بۆیە کاتێک لە میتینگە دەیان هەزار کەسیەکانی شارەکانی کوردستان دوای ڕوخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری حەمە ڕەزا شاە و لە کاتی وتار پێشکەش کردنی دکتور قاسملوو دا لە ناو ئاپۆرای دەیان هەزار کەسی خەڵک بە دەنگی بەرز دروشمی درووود بۆ قاسملوویان دەگوتەوە، ئەو زۆر بە جیدی دژی ئەم دروشمە دەوەستایەوە و دەیگوت لە حیزبی دێموکرات دا شەخس پەرستی مەمنوعە و دەبێ هەموو دروشمی بژی دێموکرات بڵێنەوە.

دکتور قاسملوو دەگەڵ ئەوەی باوڕی وابوو گەلی کورد لە پێناو ڕزگاری دا دەبێ تەنیا پشت بە هێزی خۆی ببەستێت. بەڵام زۆر بە جیدی و بە بەرنامە شان بە شانی ڕێکخستن و بەرین کردنەوەی سەنگەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تێکۆشانی بەرچاو لە نێو خۆی نیشتیمان، هەوڵە دیپلۆماسی و پێوەندیە نێونەتەویەکانی کردبوە بەشێکی گرینگ لە تێکۆشانی حیزب و بزوتنەوە ڕەواکەی خەلکی ماف زەوت کراوی کورد، تا لەو ڕێگایەوە کێشەی کورد بە دونیا بناسێنێت و دۆست و پشتیوان بۆ ماف و داخوازیەکانی نەتەوەی کورد بە دەست بێنێت کە بە ڕاستی زمان زانی و سیاسەتوانی دکتور قاسملوو وایکرد لەو مەیدانەش دا تاقانە بێت و دەیان حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی نێونەتەوەیی وەک دۆست بۆ گەلی کورد بە دەست هێنا کە بەشێکیان بوونە سەرمایەکی باش بۆ گەلی کورد بە گشتی هەر ئەوانەش بوونە لایەنگرێکی باش بۆ پشتیوانی ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له بەشەکانی دیکەی کوردستان و بە تایبەتی لە باشوری کوردستان! نمونەی هەرە بەرچاویان نەمر دانیال میتەران ئەو کەسایەتیە مەزنە مرۆڤ و کورد دۆستەی کە پشتگری و پشتیوانیەکەی لە ڕۆژانی هەرە سەختدا لە گەلی کورد قەد لە بیر خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان ناچێتەوە.

د.قاسملوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو کورد وەکوو میلەتێکی زیاتر لە چل میلیۆنی و ماف خوراو بە دونیا بناسێنێ. ئەو ڕێبەرە مەزنە سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو و دیپڵۆماتێکی زمان زان و شارازا و سەرکەوتوو بوو. سەرە ڕای ئەوەیکە زۆر دۆست و لایەنگری لە نێو کەسایەتی و سیاسەتوانانی ڕۆژئاوایی بۆ کورد بە دەست هێناو و سەرەنجی دونیای دەرەوەی بۆ لای کورد و کێشە ڕەواکەی راکێشا، لە هەمان کاتدا تەنیا پشتی بە گەلەکەی خۆی بەست بوو و داوا و مافە ڕەواکانی گەلەکەی کرد بە بەرنامەیەکی مۆدێڕن و دروشمی جێ کەوتوو لە ناو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا. دکتور قاسملوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ڕێگای دروست و سەردەمیانەی خەباتی کردە سەر مەشقی تێکۆشان بۆ ئازادی خوازانی گەلی کورد و قەت پەنای بۆ ریگای ترور و تۆقاندن و ڕفاندن و ڕەشە کوژی نەبرد و تەنانەت ئیجازەی نەدەدا دیلەکانی بەرەی شەڕیش بکوژن. د. قاسملوو لە سیاسەتدا واقع بین و ڕاستگۆ بوو. جیاوازی ئەو سەرکردە کاریزمایە لە گەل باقی ریبەرانی روژهەلاتی نێوەراست بە گشتی و ریبەرە کوردەکان بە تایبەتی ئەوە بوو کە ئەو سیاسەتی لە سەر بناغەی ڕاستی و دور لە چەواشەکردن ئانالایز دەکرد و سیاسەتی بە هونەری مومکین دەزانی و هیچ کات بەرژەوەندی گەلەکەی فیدای بەرژەوەندی تاک و حیزب نەدەکرد. د. قاسملوو لە پێوەندی دەگەل پێشرەو بونی حیزبی سیاسی دا پێی وابوو حیزبی پێشڕەو دەبێ خۆی لە گەل ئال و گۆڕەکانی ناوچە و دونیا بەڕۆژ بکاتەوەو.

بە جۆرێک کە لە پێشرەو بوونی خەلکدا نە ئەوەندە دوور بێت کە خەلک نەیبینێ و نە ئەوەندە دواکەوتوو بێ کە خەڵک وەپێشی کەوێ. حیزبێکی پێشڕەو دەبێ چرای ڕووناکی ڕێگای ئازادی خەلک بێ. د. قاسملوو کەسایەتێکی ئەکادەمیک و سیاسەت زانێکی کەم وێنە بوو.هەم ریبەر، هەم پێشمەرگە و هەم دیپلوماتیکی بێ وێنە بوو. د.قاسملوو لەو دەگمەن ڕێبەرانە بوو کە ئەخلاقی هێنایە ناو سیاسەت


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەرنامەیکی مودێرنی بو حیزبەکەی خوی دارِشت، مافی ژن و پیاوی بە بێ جیاوازی و وەک یەک پێناسە و نەهادینە کرد. د. قاسملوو دژی هەموو ترۆریکی شەخسی و فیزیکی بوو، هەر بۆیە دۆستانێکی زۆر بەوەفای بۆ گەلەکەی وەدەست هێنا رِیبەری ناوداری کورد دکتور قاسملوو یەکەم کەسایەتی و سەرکردەی کورد بوو کە بۆ یەکەم جار بەشداری کۆنگرەی ئەنترناسیونال سوسیالیست بوو و یارمەتی بە حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان کرد کە رێگایان بۆ ئەو رێکخراوە جییهانیە بکرێتەوە، کە سەدان کەسایەتی سیاسی و دەیان وڵات لە رادەی نێونەتەوەیی دا تێدا ئەندامن کە ئەو کات دوای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان گەورەترین رێکخراوی جیهانی بوو.

ئەگەر چی بە خۆشیەوە هەر دوو بەشکەی دێموکرات و قوتابیانی بە وەفای رێبازی قاسملوو کە رێبازی دێموکراتە هەروا لە سەر پێ و درێژە پێدەری رێگای ئەو سەرکردە نەمرن (هیوادارم هەرچی زووتر بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و حیزبەکی قاسملوو وەسەر یەک بکەونەوە)بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا و دوای ترۆری رێبەری مەزن دکتور قاسملوو لە لاین دیپلۆمات ترۆریستەکانی رێژیمی ترۆریستی ئێران کەلێنی گەورەی ئەو خەسارە قورسە پر نەبۆتەوە. بەڵام لەوەی دڵنیام کە رێبوارانی بەوەفای رێبازی قاسملوو و خەڵکی بە ئەمەکی کوردستان و قاسملوو خۆشەویست تا گێشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی رێبەری شەهید و گشت شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان لە خەبات و تێکۆشان ناوەستن.

لە کۆتایی دا وێرای دانواندنی سەری رێز و کورنۆش لە ئاست گیانی بەرز و پیرۆزی رێبەر و مامۆستا و سیاسەتوانی ناوداری کورد دکتور قاسملووی کوردان! بە وتەیەکی باڵوێزی پێشووی دەوڵەتی فەرانسە لە حکومەتی هەریمی کوردستان بەرێز دکتور فریدیک تیسۆ لە سەر کەسایەتی زیندە یاد دکتور قاسملوو کۆتایی بەم وتارە کرچ و کاڵەم دەهێنم .

* زۆر جار منداڵەکانم لێم دەپرسن؛ باشە تۆ بۆ ئەوەندە کوردت خۆش دەوێ؟! منیش هیچ دەلیلێک شک نابەم جیا لەوەیکە پێیان دەڵێم؛ چۆن دەکرێ کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو ببینی و میللەتەکەیت خۆش نەوێ!.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* ماڵەکەی ئێستام هەر ٣٠٠ میترێک لە شوێنی مانەوەی شەهیدان؛ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە پاریس دوورە، بۆیە وەسیەتم کردوەو لێرەیش جارێکی دیکەی دووپاتی دەکەمەوە؛ بۆ ئەوەی لەو دونیاکەی دیکەیش هاوڕێ و نزیکی قاسملوو و شەرەفکەندی بم، داوا دەکەم لە پێرلاشێزو و لای گۆڕی ئەوان بمنێژن.»

١٠ی مانگی مەی ساڵی ٢٠٢١ی زایینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیمانە و وتووێژەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کریس کۆچێرا: دوکتور قاسملوو ئەنسیکلۆپیدیایەکی زیندوو بوو

**ڕۆژنامەی کوردستان**

**کریس کۆچێرا نووسەر، ڕۆژنامە نووس و شەخسیەتی کورددۆستی فەڕانسەیی کە چەند کتێب و زۆر وتاری بەنرخی تا ئێستا لەسەر کورد نووسیون، لە دۆستانی بە نرخ و لە مێژینەی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکڕاتە. لە ژووئەنی ئەم ساڵ دا دووجار لە گەڵ هاوسەرەکەی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی کرد. بە دەرفەتمان زانی و بە بۆنەی دەیەمین ساڵی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی ڕێبەرمانەوە ئەم وتووێژەمان لە گەڵ پێک هێنا.**

**پرسیار: بەڕێز کریس کۆچێرا! پێمان خۆشە بزانین یەکەمجار چۆن لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووی؟ لە کوێ و چ وتووێژێک لە نێوانتان دا رابرد؟**

**کۆچێرا:** چاوپێکەوتنێکی سەیر بوو. ساڵی ١٩٧١ لە دەربەندی چۆمان لە میوانخانەی بارزانی لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم. بۆ دیتنی بارزانی چووبوومە ئەوێ. لە میوانخانەکە پیاوێکی بەڕێزم دیت کە جلوبەرگی ئورووپایی لەبەردا بوو، بەو هۆیەوە کە پێم وابوو هیچ کەس زمانی ئێمە نازانێ بە زمانی فەڕانسەیی لە هاوسەرکەمم پرسی: «داخوا ئەو کابرایە لە گەڵ ئێمە نانی بەیانی دەخوا یان نا!» بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە دیتم کابرا بە زمانی فەڕانسەیی وەڵامی دامەوە و گوتی:

**«بەڵێ ئەم کابرایە دەیەوێ نانی بەیانی لە گەڵ ئێوە بخوا»!**

لەسەر نانخواردن، لە بارەی سیاسەتەوە پێکەوە دواین زۆر زوو منی کردە ئۆگری خۆی، چونکە زانیاری‌یەکی یەکجار زۆری هەبوو. لەو پیاوەی وەک بەڵەد و چاوساغ لە گەڵمان دا بوو، پرسیم ئەو کابرایە کێیە؟ گوتی دوکتور قاسملوویە. لە دوکتور



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملووم پرسی دەتوانم لە بەغدایە بیبینم؟ ژمارە تەلەفونی خۆی پێدام. بەم جۆرە ئەو یەکەمین مامۆستای من بوو لە ناسینی مێژووی کوردستان دا. لە بارەی باوکی خوالێخۆشبووی و چوونی ئەو بۆ باکوو هەروەها لە بارەی کۆماری مەهابادەوە قسەی بۆ کردم. لە بارەی بارزانی‌یەوە زۆر زانیاریی وردو تێرو تەسەلی دامێ. لەڕاستی دا ئەنسیکلۆپیدیایەکی زیندوو بوو. هەر لەو کاتەدا کەیفی بەوە دەهات نوکتەی خۆش بگێڕێتەوە و پێبکەنێ. زۆر ڕووخۆش بوو، ئەزموونەکانی سەردەمی خوێندکاریی خۆی لە پاریسی بۆ گێڕامەوەو بە کورتی بناغەی دۆستایەتی‌یەکی پتەومان دانا.

**پرسیار: وەکوو ئێمە بیستوومانە بە دوای یەکەم چاوپێکەوتن دا، لە گەڵ خێزانتان لە بەغدایە سەردانی دەفتەری حیزبی دێموکڕاتتان کرد. گۆیا لەوێ قەولت بە دوکتور قاسملوو دا سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران لە گەڵ کاربەدەستانی ئێران وتوویژ بکەی. ئایا ئەو هەلەت بۆ ڕەخسا؟ لەگەڵ کام یەک لە کاربەدەستانی ئێران توانیت وتوویژ بکەی؟ گەیشتیە چ ئاکامێک؟**

**کۆچێرا:** لەڕاستی دا من چاوم بە ئاغای هووەیدا کەوت، خەریک بوو بچێتە زاهیدان، داوای لێکردین لەو سەفەرە دا هاوڕێی بین، لە نێو فڕۆکە دا وتوویژم لە گەڵ کرد و لە بارەی کێشەی کوردەکانیشەوە هێندێک پرسیارم لێکرد پێم وایە ئەم سەفەرە لە ساڵی ١٩٧٢ دا بوو. ئەم وتوویژە لە گۆڤاری (ئێکسپرێس) دا چاپ بوو. هەموو وتوویژەکەم بە وردی وەبیر نایەتەوە. پێم وایە هووەیدا گوتی: «ئێمە لە ئێران گیروگرفتێکمان بە ناوی کوردەکان نیە». ئەم چاوپێکەوتنە ماوەیەک بەر لە ڕێککەوتنی ئێران و عێراق بۆ من ڕەخسا. بەڵام هووەیدا هیچ ئیشارەیەکی بە شتێکی ئەوتۆ نەکرد، دەقی تەواوی ئەم وتوویژەم لە ئارشیوی خۆم دا، هەروا پاراستوە، بەڵام بە داخەوە ئێستا هەمووم لە بیر نیە، هووەیدا سیاسەتمەدارێکی بە توانا بوو و دەستێکی باڵای هەبوو لە خۆدزینەوە لە وەڵامی پرسیارە ئاستەمەکان دا.

لەسەردەمی شا دا، چەند جاران چوومە ئێران. لەو هۆتیلانەی لێیان دەمانەوە، بەو هۆیەوە کە میکرۆفۆنی نهێنی‌یان لێ دادەنان، هەرکات باسی دوکتور قاسملوومان دەکرد، پیتی یەکەمی ناوی خۆی و شۆرەتەکەی (A.R.Q) مان بەکار دەهێنا. ئێستاش لە ئوروپا و لە مەجلیسی دۆستانەو خۆمانە دا بۆ یادکردنەوەی دوکتوری ڕەحمەتی بۆ خۆشی لە کاتی قسە کردن لە گەڵ ئێمە دا، هەر ئەو پیتانە بەکار دەبا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: ئایا ئاشنایی لە گەڵ دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکڕات، بوو بە هۆی ئەوە کە پتر خۆتان بە کێشەی کورد و خەباتی ئەم گەلەوە ماندوو بکەن؟**

**کۆچێرا:** هەروەک لە وەڵامی پرسیاری یەکەم دا گوتم دوکتور قاسملوو شەخسیەتێکی یەکجار سرنجڕاکێشی هەبوو. ئەو لە بارەی مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەی کوردەوە ئەوەندەی زانیاریی بەنرخ و سەرنجڕاکێش دامێ کە بەڕاستی من بوومە ئۆگری مەسەلەکە، هەروەک گوتم بووین بە دۆستی زۆر نزیکی یەکتر زۆر جار چاومان بە یەکتر دەکەوت چەند جار چەند جار لە بەغدایە میوانی بووم، بە سواریی ماشینە پیژۆیە کۆنەکەی دەگەڕاین. هێندێک جار دەیگوت: «چاوت لێیە نەیارانم دەڵێن بە سواری بێنزی ئاخرین سیستم دەگەڕێم». دوکتور قاسملوو منی لە گەڵ چەندین شەخسیەتی ناوداری کورد بۆ وێنە «هەژار» و «هێمن» ئاشنا کرد. لە گەڵ هێمن جگە لە شەڕاب هیچ خاڵێکی هاوبەشی دیکەمان نەبوو، بەوحاڵەش پێکەوە زۆر شەوی خۆشمان ڕابوارد. جگە لەمەش هێندێک شەخسیەتی بەوەجی دیکەی وەک هەمزە عەبدوڵلای پێ ناساندم، ئەو مەسەلەیە بۆ من زۆر گرنگ بوو. چونکە ناسیاوی و چاوپێکەوتنی کەسایەتی‌یە گەورەکان لای من هەمیشە گرنگی‌یەکی تایبەتیی هەبوو، بۆ هەواڵنووسێک زۆر گرنگە کە دەستی بە شەخسیەتێکی کلیدی ڕابگاو، دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لە گەڵ کێشەی کورد دا، کلیلکی گرنگ بوو، بەتایبەتی کە زۆر زانا بوو و هەستێکی قووڵی ئینسانیی هەبوو.

**پرسیار: بیستوومانە پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات لە ماڵی ئێوە لە فەڕانسە گیراوە کە دوکتور قاسملوو سەرپەرستی کۆبوونەوەکە بووە. ئەگەر دەکرێ پێمان خۆشە بزانین چۆن بوو دا ئەم کۆبوونەوەیە لە ماڵی ئێوە پێک بێ؟**

**کۆچێرا:** لەکتێبی دووهەمی خۆم لە بارەی کێشەی کوردەکان دا، ئیشارەم پێی کردوە، لە نیزیک «شامبور» لە کۆشکێکی گەورە دا دەژیاین، جێگا و ڕێگایەکی زۆرمان هەبوو. ئەو کات حیزب لە باری ماڵی یەوە وەزعی باش نەبوو، بە دوکتور قاسملووم گوت ئەوێ جێ‌یەکی زۆر لەبارە، بۆیە دەتوانێ لەگەڵ هاوڕێیانی بێتە وێ پیرێژنێک لەوێ دا دەژیا کە دوکتور قاسملووی زۆر باش دەناسی. ئەم ژنە لەماوەی ئەو سێ چوار ڕۆژە دا کە کۆبوونەوەی (کۆمیتەی ناوەندی) درێژەی هەبوو، کاری چێشتلێنانی ئەنجام دەدا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشدارانی پلینۆم زووریان ئەو ژنەیان خۆش دەویست و لە کارەکانی دا یارمەتی‌یان دەدا. بەڵام ئەو نەی‌دەزانی ئەم تاقمە، تێکۆشەری سیاسین کە دژی ڕێژیمی شا خەبات دەکەن.

**پرسیار: دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی چەند جار سەری ئێران و کوردستانتان داوە؟ ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین جارێک لە جەنگەی شەڕی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و گەلی کوردستان (شەڕی سێ مانگە) دا هاتوویە کوردستان. بێگومان ئەو کاتیش لە گەڵ دوکتور قاسملوو دیدار و وتووێژت هەبووە. چ بیرەوەری‌یەکتان لەو سەفەرە هەیە و وتووێژەکانتان زیاتر لە بارەی چ مەسەلەیەکەوە بوون؟**

**کۆچێرا:** لە ڕاستی دا سێپتامبری ١٩٧٩ بوو کە سەری کوردستانی ئێرانم دا. ئەو کات نە شەڕ هەبوو نە ئاشتی، لە دێی (پشکاوێ)چاوم بە دوکتور قاسملوو کەوت. لە خانوویەکی بەردین دا دەژیا کە تەنیا ژوورێکی هەبوو، دەیگوت ئەوە یەکەم جارە بوومە خاوەنی چاوە خانوویەک. کەواو پاتۆڵی لەبەردا بوو و دەمانچەیەکی لە قەدی بەستبوو، دەیگوت: «پێشمەرگەکان پێیان گوتووم چۆن تەقەی پێ‌بکەم بەڵام هێشتا فێر نەبووم چۆنی دەکار کەم».شانسێکی باشمان هەبوو کە لەو ڕۆژانە دا لەوێ بووین. چونکە دوکتور قاسملوو چەند ڕۆژ دواتر ئێمەی لە گەڵ خۆی بردە میتینگێکی گەورە لەمەهاباد. لەوێ پێی گوتین ئێرە هەر ئەو جێگایەیە کە قازی محەممەدی لێ بەداردا کراوە. هەزاران کەس لەو مەیدانەی کۆ ببوونەوە، ئەم ڕووداوە زۆر کاری تێ‌کردین، بەڕاستیش جێگای سەرسوڕمان بوو. چونکە لەسەر تەپۆلکەکانی قەراغ شاری مەهاباد، تانگەکان دەبینران. پێم وایە ئەوە دواجار بوو کە هێمنم دیت. وێنەیەکی زۆر جوانی دوکتور قاسملوو و یەکێک لە براکانی و هێمنم گرت. ئەم وێنەیە هەر ئێستا لە سەر مێزی نووسینەکەمە. لەم سەفەرە دا هێندێک لە واحیدەکانی پێشمەرگەم بینی کە زۆر ڕێکوپێک بوون و بە باشی ڕێکخرابوون. لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندییش دا بەشداریمان کرد، هەستمان بە خۆشی‌یەکی زۆر کرد. سێ حەوتوو لەوێ بووین.

**پرسیار: ئایا دوکتور قاسملوو سەبارەت بە کێشەی کورد هیچ کات پرس و ڕاوێژی بە جەنابت وەکوو ڕۆژنامە نووس و شارەزایەکی مەسەلەی کورد، دەکرد؟**

**کۆچێرا:** ئێمە لەو بارەیەوە زۆر پێکەوە دەدواین. بەڵام پێم وایە ئەمن لەو ئاستە دا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبووم کە ڕێنوێنیی ئەو بکەم، ئەو مامۆستا بوو و من قوتابی، بەڵام زۆرجار لەسەر ستراتیژیی بزووتنەوەی کورد، ئامانجی دوارۆژی خەباتی کوردەکان لەسەر پێوەندیی حیزب و بەغدا و هێندێک مەسەلەی لەم چەشنە پێکەوە قسەوباسمان دەکرد. من باوەڕم بە یەکبوونەوەی هەر چوار بەشی کوردستان هەیە و لەو باوەڕەدام کە دەبێ ئەوە ببێتە ئامانجی دوارۆژ.

**پرسیار: ئاغای کریس کۆچێرا! کاتێک هەواڵی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووت بیست تووشی چ هەستێک بووی؟**

**کۆچێرا:** ئەو کات ئێمە لە ئیرلەند بووین. هەموو بەیانان گوێمان دەدایە رادیۆ. بەیانی‌یەک گوێمان لێ بوو گوتی ٣ کەس لە ڕێبەرانی کوردەکان کوژراون. دوای ماوەیەکی کورت ناوی ئەوانیشی گوت. ئەم هەواڵە ئێمەی بە توندی هەژاند. خێزانم دەستی کرد بە شیوەن و گریان. نەمدەزانی چ بکەم. لە دەستدانی دۆستێکی وەک دوکتور قاسملوو، دەردێکی گەورە بوو و پەژارە و نارەحەتیی لە رادەبەدەری خێزانیشمی هاتبووە سەر. هەروەک پێشتر گوتم دوکتور قاسملوو دۆستێکی زۆر نزیکم بوو. هەژدە ساڵ بوو دۆست بووین، ئەوم لە هەلومەرجی جۆراوجۆر دا دیتبوو؛ وەک پەنابەرێکی سیاسی و، وەک ڕێبەری بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی بەهێز. بەڵام ئەو هەموو کاتێک لە دۆستایەتی دا گەرموگوڕ و خۆبەکەمگر بوو.

**پرسیار: بۆ خۆت چ تایبەتمەندی‌یەکت لە دوکتور قاسملوو دا بەدی دەکرد کە ئەوی لە ڕێبەرانی دیکەی کورد جوێ دەکردەوە؟**

**کۆچێرا:** دوکتور قاسملوو تاقە ڕێبەرێکی کورد بوو کە لە ئورووپایەی خوێندبوو، چەند زمانی خاریجیی بە باشی دەزانین، خەڵکی ئورووپای باش دەناسی و دەیزانی چلۆنیان رەفتار لە گەڵ بکا؛ توانایی و لێهاتوویی‌یەکی زۆری لە دامەزراندنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسیی ئورووپا دا هەبوو. پیاوێکی بە فەرهەنگ و سیاسەتمەدارێکی بە تەواو مانا بوو، بە بڕوای من ئەگەر دوکتور قاسملوو ئێستا مابایە، لەوانە بوو وەزعی کوردەکان لە کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیەش گۆڕابا.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٧٢ - پووشپەر - جوولای ١٩٩٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو چۆن ژیا....؟ گفتگۆ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

**خالید موحەممەدزادە**

ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٨٩ بوو کە هەواڵی تیرۆر کرانی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو لە ناخەوە عەبدوڵڵای حەسەن زادە ی هەژاند. ئەو هەر لەو ساتەوە دەرکی بەوە کرد کە تێپەراندنی ئەم کارەساتە گەورەیە بۆحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروا کارێکی ئاسان نابێت و زۆر چاکیش دەیزانی کە کوشتنی کەسایەتی یەک لە قەبارەی قاسملوو تا ئایندەیەکی نادیار سایەی شوومی بە سەرحیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردیش دا دەکێشێ و جێ پرکردنەوەی گەلێک ئەستەمە. چونکە قاسملوو یەکێک بوو لەو سەرکردە کارامە و پراگماتیستە دەگمەنانەی کورد کە بە زیاتر لە هەشت زمان دەدوا و تۆڕێکی پێوەندی چرو پڕیشی لە پێوەندیی دیپلۆماسی و لەگەڵ دەیان سیاسەتمەدار و ئەکادیمیی و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی جیهان چێ کردبوو. ١٧ ساڵەی کۆچی د. قاسملوومان بە دەرفەت زانی کە لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەن زادە لەم بارەیەوە بدوێین، چونکە هیچ گۆمانم نەبوو کە ئەو دەتوانێ زۆر شتی تازەی لە سەر د. قاسملو پێ بێ و پێش بینی یەکەی ئێمەش وەڕاست گەڕا و ئەم دانیشتنەی ئێمەش ئەم دیمانەی لێکەوتەوە کە زۆر شتی تازەی لە خۆ گرتوە:

**پرسیار: مامۆستا با لە ماڵەباوانی د. قاسملووەوە دەست پێ بکەین، دایک و باوکی قاسملوو کێ بوون و کەی و لە کوێش لە دایک بووە؟**

**وەڵام:** باوکی د. قاسملوو «موحەممەدئاغای وسووق» یەکێک بووە لە گەورە پیاوانی ناوچەی ورمێ و بەتەعبیری قەدیم لە فیئۆداڵەکان و ئاغایەکی گەورە« بووە و تایفەیەکی گەورەش بووە، دیارە ناوی «قاسملوو»ش لە کوڕ و کچەکانی موحەممەدئاغای وسووقەوە هاتوە، گوندەکەشیان ناوی گوندی قاسملوویە کە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆڵی قاسملووش هەڵکەوتوە، بۆیە ئەو ناوە لەوەڕا هاتوە، ئەگینا باب و باپیری قاسملوو ئەو ناوەیان لە سەر نەبووە.

**پرسیار: ئێستا ئەو بنەماڵەیە کێ یان لە ژیان دا ماون و لە کوێن؟**

**وەڵام:** دیارە دوو برای ماون. یەکیان برای هەرە گەورەیانە کە ئەندازیار حوسێن قاسملوو ناویەتی کە رەنگە تەمەنی ئێستا لە نێوان ٨٥ تا ٩٠ سالدا بێ، چونکە زۆر گەورەتر بوو لە دوکتۆر قاسملوو.. دوکتۆر قاسملوو ئێستا ئەگەر مابایە، تەمەنی ٧٦ساڵ دەبوو. ئەوی دیکەشیان دوکتور عەلی قاسملوویە کە دوکتۆری لابراتوار لە ئێرانە و پێموایە ئێستاش لە ورمێ ئازمایشگای هەبێ.

**پرسیار: ئەی دوکتۆر قاسملوو چەند منداڵی هەن و ئێستا منداڵەکانی لە کوێن؟**

**وەڵام:** جارێکیان نووسیبوویان کە قاسملوو ناوی منداڵەکەی لنینە! بۆیە رۆژنامەنووسێکی ئێرانی لێدەپرسی راستە ئەتۆ کوڕەکەتت ناو ناوە لنین؟ ئەویش دەڵێ ئەمن هەر کوڕم نیە تا ناوی لنین بێ!. قاسملوو دوو کچی هەن. یەکیان ناوی «مینا»یە کە گەورەکەیانە. مێردی کردوە بە پیاوێکی سوئیدی کە ماوەیەک لە سوئید دەژیا، بەڵام ئێستا نیشتەجێی پڕاگ پێتەختی چێکە. مێردەکەی تیجارەتی دار و تەختەی دەکرد و ئێستا لە پراگ دەژی. سێ کوڕی هەن لە مێردەکەی.کچەکەی دیکەشی ناوی «هیوا»یە. ئەویش مێردی کردوە و مێردەکەشی سوئیدی یە. کچێکی هەیە کە رەنگە ئێستا تەمەنی ٢٥ ساڵ بێ. خۆی و کچەکەی ئێستا لە فەرانسە دەژین. هەم بۆ خوی سەڵتە و هەم ئەوەندەی من بزانم کچەکەشی مێردی نەکردوە. دیارە پێکەوەش ناژین، دایکی لە پاریس دەژی و ئەویش لە شارێکی دیکەی فەرانسەیە.

**پرسیار: ئەی دوکتۆر قاسملوو چۆن ئاشنا دەبێ لە گەڵ هێلین قاسملوو؟**

**وەڵام:** پێموابێ هێلین خانم کە پێی دەڵێین نەسرین بۆخۆی باسی کردوە، لە وتووێژێک دا. لە زانکۆ پێکەوە ئاشنا دەبن و لە پاشان بڕیاری ئیزدواج دەدەن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: ئەی ئێستا نەسرین قاسملوو لە کوێیە و کاری چیە؟**

**وەڵام:** نەسرین خانم کە د. قاسملوو شەهید بوو مایەوە و مێردی نەکردەوە. ئێستا ڕەنگە ٧٥ ساڵ تەمەنی هەبێ. بەهەرحاڵ ماوەیەک لە پراگ دەژیا لە بەر کچەکەی، خۆشی دیارە خەڵکی پراگە. پاشان گەرایەوە پاریس و دوو سێ ساڵ لە پاریس ژیا. بەڵام ئەو سەفەرەی بۆمی باس کرد کە دەگەڕێتەوە پراگ و ڕەنگە بۆ هەمیشە لە پراگ بمێنێتەوە.

**پرسیار: باشە پێوەندیی ئەو بنەماڵە یە لە گەل بزووتنەوەی کوردستان چۆنە؟ ئایا دانەبڕاون؟**

**وەڵام:** وەک دابڕان پێم وانیە. کچەکانی لە پێوەندیی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دا تێکۆشانێکیان نەبووە. نەسرین خانم ئیجگار زۆر زەحمەتی بۆ حیزبی دێموکرات کێشاوە.

ماوەیەکی زۆر لە تاران بووە، لە عێراق بووە، بە تەنیا ژیاوە و بە نهێنی ژیاوە. زۆر کاری بۆ حیزبی دێموکرات کرد. ڕەنگە خەڵک نەزانێ ئەو ئارمەی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستکردی نەسرین قاسملوویە. چونکە خانمێکی دەست ڕەنگین و بەهرەمەندە، یان تەرڕاحیی سەر کتێبەکەی دوکتۆر قاسملوو، کتێبی «کوردستان و کورد»یش تەرحی نەسرین قاسملوویە. ماوەیەکی زۆر سەرپەرستی ئەموال و دارایی حیزبی دێموکرات بوو. دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو کە هێندێک ئیشکالات هاتە پێشێ و کارەکە بوو بە ئۆرگانی، لە دەستی دا نەما. پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەرماوە. بەڵام ئەگەر بلێم ئەو پێوەندی یە وەک جاران گەرمە، ڕەنگە موبالەغەم کردبێ. پێوندی یەکەی زیاتر پێوەندی یەکی عادی و لە گەڵ هێندێ کەسیش لە نێو حیزبی دێموکرات دا پێوەندیی دوستانەی ماوە.

هەروەها هێندێ کاری دیپلوماتیمان لە ڕێگای ئەوەوە دەبوو. پێوەندیی حیزبی دێموکرات لە گەل دانیەل میتران و تەنانەت پێوندیی کورد لەگەڵ دانیەل میتران بێ تەئسیر نیە لە کار و تێکۆشانی نەسرین خانم. چونکە ئاشنایەتیی دووروودرێژیان پێکەوە هەیە. لەگەڵ زۆر کەسایەتیی دیکە پێوەندیی بۆ حیزبی دێموکرات پێک هێناوە. ئەویش زمان باش دەزانی و کوردییش دەزانێ و فارسی یەکی باشیش دەزانێ، کە قسە دەکا غەیرە فارس نازانێ کە فارس نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: دوکتۆر قاسملوو نووسین و کتێبی هەیە کە تا ئێستا بڵاو نەکرابێتەوە؟**

**وەڵام:** پێموانیە شتێکی وای هەبێ کە بڵاو نەکرابێتەوە.

**پرسیار: ئەی کتێبی»چل ساڵ خەبات« گوایە بەرگی سێیەمەکەی بە فەرانسەیی بلاو کراوەتەوە ئەوە راستە؟**

**وەڵام:** چل ساڵ خەبات» بۆ خۆی لە پێشەکی یەکەدا باسی دەکا کە ئەو کتێبە سێ بەرگ دەبێ. بەرگی یەکەمی بڵاو کردەوە لە جێژنی ٤٠ ساڵەی حیزب دا. بۆیە ناوی نابوو «چل سال خەبات». بریار وابوو دوو بەرگی دیکەی دواتر بنووسێ. بە داخەوە بەرگی دووهەمیشی بۆ تەواو نەبوو. تەنیا دوو فەسڵی نووسی، بە داخەوە شەهید بوو کە دوای شەهیدبوونی ئەو دوو فەسڵە وەک بەرگی دووهەم چاپ کرا.

**پرسیار: ئەی مامۆستا نووسینی هەیە بە زمانەکانی دیکە کە نەکرابێ بە کوردی؟**

**وەڵام:** (وتاری زۆرن بەڵام وەک کتێب) پێم وانیە هەبێ.

**پرسیار: باشە تۆ چۆن وەسفی د. قاسملوو دەکەی؟**

**وەڵام:** باشترین شت ئەوەیە بڵێین دوکتۆر قاسملوو ئینسان بوو. دوکتۆر قاسملوو ئەو رستەیەی لەبارەی زۆر کەسەوە دەگوت کە دەیگوت» نە فرشتەیە و نە شەیتانە بەڵکوو ئینسانە«. قاسملوو ئینسانێکی گەورەبوو و بە دیدێکی ئینسانی یەوە تەماشای هەموو شتێکی دەکرد. بەڵام قاسملوو ئینسانێک بوو کە ئێستاش تێکۆشەرانی رێگای ئازادی دەبێ لێوەی فێر بن. پیاوێکی بەفەرهەنگ، ئەهلی خوێندنەوە، زۆر زانا بوو. بەقەد سەد کەسی وەک ئێمەی دەزانی، بەوحاڵە بەقەد سەدان کەس لە ئێمە موتاڵای دەکرد، هەمیشە لە حاڵی فیربوون دا بوو.

**پرسیار: مامۆستا بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب کێ نووسیویەتی تۆ یا دوکتۆر قاسملوو؟**

**وەڵام:** ئەگەر ئەمن شانازی یەکم بووبێ رەنگە ئەوەبێ کە شاگردێکی بە وەفای


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتۆر قاسملوو بووم. لە کونگرەی دوودا بەرنامە و ئەساسنامەیەکمان هەبوو کە زۆر دورودرێژ بوو بەڵام لە ئاستی سیاسی دا بە راستی نزم بوو. ١٩٧٠ کە جارێکی دیکە هاتینە سەر ئەو باوەرِە بەرنامەو ئەساسنامە بنووسین، دوکتۆر قاسملوو دایرِشت و لە پاشان مەمانیش دەستمان تێیدا هەبوو. دیارە ژمارەیەک بووین وەک کاک حەسەن رستگار و کاک کەریم حیسامی و کاک موحەممەدئەمین سیراجی و هێمن بووین و ئێمەش رای خۆمان گوتوە، بەڵام ئەوە راستی یەکە کە پاش یەکەم جار بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات هەموو دەستکاری یەکانی بۆ کونگرەکان ئەمن کردوومە جگە لە کونگرەی ١٣ هەر چەند لەویش دا دەستم هەر هەبوو.

**پرسیار: باشە هەبووە دوکتۆر قاسملوو ئەو دەستکاری یانە تۆی قبووڵ نەبێ؟**

**وەڵام:** دیارە شتێکی وام لە بیر نایە، بەڵام ئەمن ئەو شتانەی کە فێریش بووم هەر لە خۆی فێر بووم. ئەفکاری من لەو زۆر نیزیک بوو. تەنانەت ئەگەر کەمێکیش بە قازانجی خۆمیش بێ پێمخۆشە ئەوە بڵێم کە برایەکی کاک دوکتۆر سەعید هەیە کە ئێستاش لە پاریس دەژی. ساڵی ١٩٨٥ ئەمن نوێنەری حیزب بووم لە دەرەوە، زۆر هاوکاریی منی دەکرد و زۆر خزمەتی منی دەکرد، ئەمنیش زۆر سپاسم دەکرد، جارێکیان لەگەڵم دەهات بۆ لای دوکتۆری چاو دووبارە سپاسم کردەوە و گوتم سپاست دەکەم بۆ ئەو هەموو زەحمەتە ی لەگەڵ من دەیکێشی، گوتی کاکە ئەتۆ ئەو هەموو سپاس سپاسەت لە چیە؟ خۆ من بۆ توی ناکەم بۆ حیزبی دەکەم. گوتی بۆیە بۆ حیزبی دەکەم دوکتۆر سەعید گوتوویەتی ئەگەرخوانەخواستە سبەی دوکتۆر قاسملوو بمرێ هەموو ئەوراقی حیزبی دێموکراتیش بفەوتێ، غەمێک نیە چونکە عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەی نووسێتەوە. ئەمەم بۆیە گێرایەوە بۆ ئەوە بوو کە بلێم ئەمن لە فیکری دوکتۆر قاسملوو نیزیک بووم. بۆیە شتێکم لە بیر نیە کە ئەمن نووسیبێتم و ئەو رەدی کردبێتەوە. زۆر جار نووسینەکانی خۆی بەمن دەدا. مەسەلەن لە کونگرەی ٥ زۆر سەرقاڵ بوو. راپۆرتی کومیتەی مەرکەزی هەمووی بەمن سپارد. ئەمن نووسیم، بۆ کونگرەی ٤ ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام چەند بەشێک لەراپۆرتی کومیتەی مەرکەزی کە دەبوا ئەو بینووسیایە وەک سکرتێر، بەمنی سپارد کە بیان نووسم. پاشان بە راستی زۆر بە گەورەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەوە دەی ڕوانیە من بۆ ئەوشتانە. لوتفی زۆر هەبوو بە من. تەنانەت بەرگی یەکەمی کتێبی»چل ساڵ خەبات«ی کە نووسی ئەمن لە دەرەوە بووم، نوسخەیەکی ئیمزا کردبوو بۆی ناردبووم بۆ دەرەوە. ئەمن هێندێک تێ بینیم لە سەر کتێبەکەی هەبوون و پێم گوت با ڕۆژێک پێکەوە دانیشین و لەسەری قسە بکەین، گوتی دانیشتنی ناوێ، ئەتۆ لە سەر نوسخەی خۆت ئیسلاحیان بکە ئەو شتانەی کە پێت وایە وا نین، ئەمن تایپی دەکەمەوە و لەچاپی دووهەم نوسخەت بۆ ئیمزا دەکەم. تەنیا ئەندامی ڕێبەری کە نووسخەی ئیمزاکراوی لە چاپی دووهەمی «چل ساڵ خەبات» هەیە ئەمنم. یانی یەک کتێب کە نووسیبووی کە گوتم تێ بینیم هەیە، گوتی بۆخوت ئیسلاحی بکەو بیدە بە تایپ. تەنانەت تەماشای هەر نەکردەوە. ئەو ئیعتمادێکی سەیری بە من هەبوو.

**پرسیار: مامۆستا تۆ ڕۆژی تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو لە کوێ بووی؟**

**وەڵام:** ئەو کاتە دەفتەری سیاسی لە قەندیل بوو. بەیانی ئەو ڕۆژەی کە دوکتۆر شەهید بوو هەینی بوو و جێژنی قوربانیش بوو، لەماڵ دانیشتبووم. دوکتۆر سەعید ناردی بە شوێنم دا. کە پێمانی گوت دوکتۆر قاسملوو شەهید کراوە. دوکتۆر قاسملوو پێش شەهیدبوونەکەی دیمانەیەکی کردبوو لە سەر کیمابارانکردنی هەڵەبجە کە لە بارەی دەوڵەتی عێراقەوە قسەی کردبوو. ئەمن گوتم کاری دەوڵەتی عێراقە. دوکتۆر سەعید گوتی نەوەڵڵا شتێک هەیە (ئەوکات ئەمن ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی مەرکەزی نەبووم) کە ڕەنگە ئاگات لێ نەبێ. ئەویش ئەوەیە کە دوکتۆر قاسملوو دیدارێکی هەبووە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بە ناوی وتوویژ. ئەوکات تێگەیشتم ئەوە کاری ئێرانە.

**پرسیار: دەفتەری سیاسی ئاگاداری دانیشتنەکە بووە؟**

**وەڵام:** بەڵێ بە تەواوی ئاگادار بووە. ئەوە لە دوو سێ جێگاش گوتراوە. ئەو وتوویژە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ و ئاخیری ساڵی ٨٨ جارێک ڕووی داوە. لەوێدا یەکیەتیی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال و پێموایە کاک نەوشیروانیش بەشدار بوون لەدانیشتنەکەدا و ڕاپۆرتەکەشی دراوەتەوە بە کومیتەی ناوەندی و لەپاشان بۆ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جاری دووهەم کە لە ژووئیەدا بوو جمهوریی ئیسلامی بەناوی ئەوەی کە یەکیەتیی نیشتمانی زار بەهاوارە و شت دەدرکێنێ، یەکیەتی نیشتمانیی لابرد لەدانیشتنەکەدا. بۆچی؟ چونکە دەیانزانی ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بووایە ئەوان نەیان دەتوانێ تیرۆری بکەن. چونکە جاری یەکەم کە یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار دەبێ و سەرپەرشتی دەکا دەقیقەن ١٩ کەسی یەکیەتی ئیسکۆرتی ئەو دانیشتنەیان کردوە. بۆیە ئەوان تێگەیشتوون ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی بەشدار بێ ئەو تیرۆرەیان بۆ ناکرێ، لەبەر ئەوە، دوکتۆر قاسملوویان قانیع کردوە کە جەلال تاڵەبانی زاربەهاوارە و یەکیەتیی نیشتمانی زاربەهاوارە با بەشدار نەبێ. تەنانەت ئەحمەد بن بلاش کە جاری پێشوو لەگەڵ بووە ئەویشیان لابردوە چونکە نەیانویستوە بیکوژن.

**پرسیار: باشە کێ ئەم قەناعەتەی لە دوکتۆر قاسملوودا پێک هێنابوو کە بە بێ بەشداریی یەکیەتی بچێتە ئەو وتووێژەوە؟**

**وەڵام:** دیارە ڕەنگە ئەوە بەد شانسیی میللەتی کورد بێ کە عەقلی دوکتۆر قاسملوو بە دەست ئەوانە ئیحاتە کرابێ، دەنا چۆن دەبوو دوکتۆر قاسملو بەو هەموو ئەزموونەوە لە گەڵ ئەوان دابنیشێ. لەو نێوە دا کەسی دووهەم دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ دەبێ کە قسەیان لەگەل کردوە و ئەویش قسەکانی بە دوکتۆر گەیاندوە. لێرەدا با بڵێم هێندێک کەس دەڵێن ڕەنگە دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ تەئسیری هەبووبێ لەوکارەدا، بەڵام دوکتۆر فازیل بە تەواوی ئینسانێکی خاوێن بوو. دیارە گەنجێکی زۆر عاشقی ناوو ناوبانگ بوو. کاتێک کۆمۆنیستێکی توند بوو، پاشان بوو بە ئیسلامی و گۆڤارێکی دەردەکرد بە ناوی»الحوار« کە ئەفکاری ئیسلامیی بلاو دەکردەوە و لەگەڵ بەنی سەدر دۆستایەتیی هەبوو. پاشان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی پێوەندیی پەیدا کرد، بەڵام دوکتۆر فازیل ڕەسووڵ بە هیچ جۆر وا نەبوو کە بیەوێ دوکتۆر قاسملو لەداو بهاوێ. وەک نیەتی خێر دوکتۆر قاسملووی هێنابوو کە ئەو وتووێژە بکرێ و مەسەلەی کورد لە ئێران دا چارەسەر ببێ. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەویشی لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو تیرۆر کرد بۆ ئەوەی نهێنی یەکە دەر نەکەوێ. چونکە دوکتۆر فازیل ڕەسوول مابایە حەتمەن نهێنی یەکانی ئاشکرا دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: باشە مامۆستا باست لەوە کرد کە دوکتۆر قاسملوو پێش شەهید کرانی لە وتووێژێکی دا باسی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە دەکا. دەکرێ بڵێی چی گوتوە لەو پێوندی یەدا؟**

**وەڵام:** جارێک ئەمن لە رانیە بووم گوتیان قاسملوو شتێکی نووسیوە کە دەڵێ عێراق دەستی لەو کیمیابارانەدا نەبووە. ئەمە وام لە بیرە لە گۆڤاری «کل العرب »دا بوو. ئەمە هەڵڵای نایەوە بەڵام ئەو گوتبووی لە هەڵەبجە تەنیا عێراق شیمایی بەکار نەهێناوە، هەر دوو وڵات بەکاریان هێناوە. هەر چەند گۆڤارەکە لە تیتری دیمانەکەی دا نووسیبوی:» دوکتۆر قاسملوو دەڵێ عێراق چەکی شیمیایی بەکار نەهێناوە«بەلام لە خوارەوە نووسیبووی کە قاسملوو دەڵێ هەم عێراق و هەم ئێران لە هەڵەبجە چەکی شیمیایی یان بە کار هێناوە. دوکتۆر قاسملوو لە بارەی حیزبی بەعسەوە هەڵوێستێکی سەربەخۆیخوازانەی هەبووە کە جێگای تەقدیر بوو. ئەو سەربەخۆیی سیاسی حیزبی پاراست. ئەوە یەکەمجار نەبوو. جارێک رێژیمی بەعس زیندانی حیزبی بۆمباران کرد کە پێمان دەگوت زیندانی دۆلەتوو. راگەیەندنێکمان دەرکرد کە بە توندی مەحکوومکمان کرد و بە کارێکی فاشیستی ناومان هێنابوو. دوای ئەوە ئەمن و دوکتۆر قاسملوو سەفەرێکی دەرەوەمـان کرد. لە کەرکووک دەعوەتێک بۆ دوکتۆر ساز کرابوو کە دەبووایە لامان دابایە. ئەمن مەسئوولی تەبلیغات بووم. دوکتۆر قاسملوو کە ئەوانی دەناسی وەک پێناساندن گوتی ئەمەش وەزیری ئیعلامی ئێمەیە! دوکتۆر قاسملوو ئێنسانێکی شوخ تەبع بوو. کابرای عـەرەب گوتی ئەوە راگەیاندراوی دۆلەتووی نووسیوە؟ ئەمنیش گوتم ئەتۆ دەستووری بۆمباران کردنی دۆلەتووت دابوو؟ ئەمە دەقاودەق وشەکان بوون کە هێنامانە زمان. کە دانیشتین دوکتۆر قاسملوو فەرمووی بەیانی دۆلەتوو ئەمن نووسیومە. چۆن ئەتو ئیجازە بە خۆت دەدەی زیندانی من بۆمباران بکەی؟ زیندانیم بکۆژی؟ پێشمەرگەم بکوژی؟ بەڵام ئیجازە بەمن نادەی کە مەحکوومی بکەم؟ حیزبی دێموکرات پێوەندیی وا قبووڵ ناکا.

**پرسیار: ئەم پێوەندی یە سالمەی باسی دەکەی، لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوو دەست پێدەکا یا پێش دوکتۆر قاسملووش ئەم پێوندی یە هەر هەبووە؟**

**وەڵام:** لەواقیع دا ئەوە دەگەرێتەوە بۆ پاش بەیانی ١١ی ئازار کە ئەمن لە کتێبی «نیوە سەدە تێکۆشان»یش دا ئیشارەیەکم پێکردوە. ئێمە خۆمان ئەسلەن لە فیکری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەدا نەبووین کە پێوەندیی لەگەل حیزبی بەعس بگرین. چونکە بەیانی ١١ی ئازار دەرچووبوو و کورد لەگەڵ دەولەتی عێراق رێککەوتبوو. پێمان وابوو لە کانالی بزووتنەوەی کوردەوە لە عێراق دەتوانین ئەو پێوەندی یانە جێ بەجێ بکەین و پێوەندیمان لەگەڵ ئەوان هەبێ. تەنانەت چووینە لای مەرحوومی بارزانی بۆ ئەوەی داوای لێ بکەین کە مەحدوودیەتێکمان لەسەر بووە ئەو مەحدوودیەتەمان لەسەر هەڵبگیردرێ. کەچی مەرحووم بارزانی رێنوێنیی کردین کە لەگەڵ دەولەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین. باوەڕ بکە ئێمە وا حاڵی بووین کە بارزانی گومانی لێمان هەبێ کە گوایا ئێمە پێوەندیمان بە دەولەتی عێراقەوە هەبێ گوتمان ئێمە چی و دەولەتی عێراق چی؟ ئێمە بۆ دەبێ لەگەل دەوڵەتی عێراق پێوەندیی بەرقەرار بکەین؟ ئێمە هاتووینەتە لای جەنابتان کە پێوەندی یەکی دیکەمان هەبێ. بارزانی فەرمووی ئێستا دەولەتی عێراق دەولەتی جاران نیە و ئێستا ئەوە حوکمی زاتی هەیە و وەزیری کورد هەیە. لەواقێع دا تێی گەیاندین ئەوان نایانەوێ راستەوخۆ پێوەندیی لەگەڵ ئێمە پتەو بکەن. هەر لەو سەروبەندەش دوکتۆر قاسملوو گەرایەوە و ئەو پێوندی یەش بەرقەرار بوو. ئەمن لە کتێبەکەم دا روونم کردۆتەوە و هەرکەس پێی خۆش بێ دەتوانێ بی خوێنێتەوە کە ئەم پێوەندی یە چۆن بووە.

**پرسیار: باشە مامۆستا دوکتۆر قاسملوو چ رۆڵێکی هەبوو لە هێورکردنەوەی شەری نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات؟**

**وەڵام:** ئەمن جارێکی دیکە باسم کردوە بەڵام بڵاو نەکراوەتەوە. لە دێ یەکی ناوچەی سەردەشت کە وەک پایەگای کۆمەڵە دەناسراو خەڵکێکی زۆری کۆمەلەی لێ بوو، پێشمەرگەی ئێمە دەوریان دابوون کە یان تەسلیم دەبن یان دەکوژرێن، دوو شەوو رۆژ ئەوگوندەیان گەمارۆ کردبوو. دوکتۆر قاسملوو دەتوانم بلێم کە ئێدی تەقییەوە. گوتی یانی سازمانێکی کوردستانی لەم کوردستانە حەقی نیە گوندێکی هەبێ. دەبێ ئێستا دەوری ئەو دێ یە بەرەڵڵا بکەن. چما قەتلوعامیان دەکەن؟ باوەر بکە ئەگەر هێزی پێشمەرگە یان دەفتەری سیاسی موقاوەمەتیان بکردایە لە بەرانبەر ئەو داوایەی دوکتۆر قاسملوودا ئەوە دەستی لەکار دەکێشایەوە. بۆیە هەمیشە لایەنگری ئەوە بوو کە ئەو مەسەلانە لە رێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن. ئەو هیچ کات لایەنگری هەلایسانی شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات نەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: مامۆستا ١٧ ساڵ بە سەر تیرۆرکرانی دوکتۆر قاسملوودا رادەبرێ، ئەو ئەندیشانەی ئەو تا چ رادەیەک نەهادینە کراون یا لە بزووتنەوەی کوردستان کاری لەسەر دەکرێ؟**

**وەڵام:** دەزانی چۆنە؟ شتەکە نابێ بە «مطلق» چاو لێ بکەین. بەشێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو ئەگەر بۆخوی مابا دەیگۆڕی‌ن. چونکە هەر دەورانێک فیکرێک و سیاسەتێکی دەوێ. بەلام هیندێ شتی نەگۆڕ هەیە نابێ بگۆڕدرێن. مەسەلەن بە ئەرزش زانینی سەربەخۆیی سیاسی، دیفاع لە ئازادی، پابەندبوون بە ئاشتی و ئازادی و عەداڵەتی کۆمەلایەتی و مافی مرۆڤ و ئەوانە کۆمەڵە چەمکێک بوون کە لە لای دوکتۆر قاسملوو نەدەسڕانەوە. بەڵام ئەگەر حیزبی دێموکرات بەپێی زەمان شتێک لە ئەفکاری دوکتۆر قاسملوو بگۆڕێ ئەوە کوفر نیە. لەبیرمە لە کونگرەی ١٢ دا مەسەلەی ئەوەی کە ئێمە شیعارەکەمان بگۆرین بە فیدرالیزم لەلایەن هێندێک رەفیقەوە باس دەکرا، بەڵام موخالیفانی ئەوکەسانە دنیایان پر کردبوو لە تەبلیغات کە ئەها ئەوانە دەیانەوێ رێبازی دوکتۆر قاسملوو کوێر بکەنەوە، کەچی بۆ خۆیان لە کونگرەی ١٣ دا قانیع بوون کە نەخەیر دەبێ بگۆردرێ. دیارە ئێمە رەنگە هەموومان نەمان توانیبێ رووحی فەلسەفەی دوکتۆر قاسملوو دەرک بکەین بەڵام ئارەزووم ئەوەیە حیزبی دێموکرات فەلسەفەی فیکری دوکتۆر قاسملوو قەت وەلا نەنێ چونکە بە راستی رێبازێکی راست و ئینسانیی بۆ حیزبی دێموکرات دارشت.

**پرسیار: مامۆستا تۆ زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە گەڵ د. قاسملوو ژیاوی دەتوانی بلێی چی لای تۆ بە جێ هێشتوە و چ کاریگەری یەکی لە سەرخوت هەبووە؟**

**وەڵام:** دوکتۆر قاسملوو تەعلیماتی بۆ هەموومان هەبوو. رەنگە هێندێکان خۆیان بە بێ نیاز زانیبێ کە لێی فێربن، بەڵام لە سەر من ئەوەندە تەئسیری هەبووە کە دەتوانم بلێم لە باری سیاسی یەوە منی دروست کردوە. وانیە کە هەوڵێکی زیاتری لەگەڵ من دابێ. بەڵام ئەمن باوەڕم بە پێشکەوتووی ئەندیشەی دوکتۆرقاسملوو لە چاو رەفیقەکانی دیکەمان هەبوو. باوەرم بە سەلامەتی فیکر و عەقلیەتی قاسملوو هەبوو. بۆیە ئەوەی لە دنیای سیاسەت دا فێری بووم زۆربەی لە دوکتۆر قاسملوو فێر بووم. هەر بۆیەش دەتوانم بلێم مامۆستام بووە و دروستی‌کردووم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: باشە مامۆستا تۆ بیست ساڵ لەگەڵ د. قاسملوودا ژیاویت بە تایبەت لە بواری نووسین و وەرگێران و دارشتنی بەڵگە و نووسینە حیزبی یەکان دا، ئێوە پرستان بە یەک دەکرد و ئاگاداری زۆر شتی نووسراو لە حیزبی دێموکراتی، بۆ تا ئێستا نەهاتووی ئەم بەرهەمانە کۆ بکەیتەوە و جیاکاری یەکیش پێک بێنیت کە کامانە نووسینی دوکتۆر قاسملوویە و کامە نووسینی تۆ یا ئەندامێکی دیکەی حیزبی یە؟ ئێستا جۆرێک تێکەڵی دەبینرێ. بۆ نموونە زۆر وتار و نووسین هەیە دیار نیە لە نووسینی کێ یە؟**

**وەڵام:** ئەوە هەم کاری دەوێ و هەم حەوسەڵەی دەوێ کە ئەمن ئەوکاتەم نەبووە. دیارە ئەمن دوای خوێندنەوەی نووسینێک دەزانم هی منە یان هی من نیە. ئەوە کە کێ نووسیویەتی ئاسان نیە. ئەمن بۆ خوم نووسینەکانی د. قاسملو زوو دەناسمەوە. هەرچەند دوکتۆر قاسملووش وەک زۆر رێبەری دیکە جاروبار خەڵک وەک ئەحادیسی نەبەوی چی یان پێخوش بێ حەدیسێکی بۆ ساز دەکەن و دەڵێن پێغەمبەر وای گوتوە یان یەکێک شتێک کە بۆ خۆی پێی خوشە بیڵێ سازی دەکا و دەڵێ دوکتۆر قاسملوو وای گوتوە. ئەمن ئەگەر بێم ئەوانە دەستنیشان بکەم شتی وا دەبینم کە بە زمانی دوکتۆر قاسملووەوە دەگوترێ کە لە فیکری دوکتۆر قاسملوو دوورە بەڵام کابرا بۆخوی وای پێ باشە. دیارە ئەو کارە هەر بۆ دوکتۆر قاسملوو نەکراوە، بۆ خەڵکی دیکەش کراوە.

**پرسیار: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو وەسیەتنامەی هەبووە؟**

**وەڵام:** وەسیەت نامە وەک ئەوشێوەیە کە باوە نا. بەڵام یەک وەسیەتی هەبووە ئەویش ئەموالی حیزبی کە هەبوو لە ئورووپا بەناوی ئەو بوو، حیسابێکی بانکی و خانوویەکمان کە هەبوو بەناوی ئەو بوو. بۆ ئەوە وەسیەتنامەیەکی نووسیبوو کە دەڵێ ئەوەی من هەمە لە ئەموالی مەنقوول و غەیرە مەنقوول هەموی هی حیزبی دێموکراتە. دەشلێ ئەگەر من شتێکم بەسەرهات ئەرکی خێزانمە کە هەمووی کۆ بکاتەوە و تەحویلی حیزبی دێموکراتی بدا. ئەوە تەنانەت کتێبەکانی خۆیشی گرتەوە. بنەماڵەی دوکتۆر قاسملوو نەبوونە خاوەنی هیچ شتێکی دوکتۆر قاسملوو تەنانەت کتێبەکانیشی. تەنانەت لیباسەکانی خۆشی درا بە حیزب.

سەچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتوویژ لەگەڵ دوكتور میرۆ عەلیار، ئەندامی جێگری كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكرات:

### دەوڵەتی ئوتریش لە نێوان دوو ریسواییدا!!

١٧ ساڵ بەسەر كارەساتی تیرۆری دوكتور قاسملوو، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانو هاوڕێیانی: عەبدوڵڵا قادریئازەرو د. فازڵ رەسووڵدا رابردوە. پەروەندەی ئەم تیرۆرە سەرەڕای داوای بنەماڵەی قوربانییەكان و رەخنەو نارەزایەتیی حیزبی دێموكراتو رێكخراوو كەسایەتییە دێموكراتو مرۆڤدۆستەكان، لە لایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە، هەروا بە داخراوی ماوەتەوە.

بۆ تیشك خستنەسەر بارودۆخی ئەم پەروەندەیەو، هۆیەكانی هەڵوێستی شەرماویی دەوڵەتی ئەو وڵاتە هەر لە سەرەتای رووداوەكەوە تا ئێستا، ئەم وتوویژەمان لەگەڵ بەڕێز دوكتور میرۆ عەلیار ئەندامی جێگری كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموكرات كە بۆخۆی لە ئوتریش دەژی، پێكهێناوە. بە پێی وەڵامەكانی د. عەلیار، دەوڵەتی ئوتریش بۆ ئەوەی رێژیمی ئێران پەردە لەسەر «ریسوایی نۆریكۆم» لانەدا، ریسوایی بەڕێكردنەوەی بكوژانی دوكتور قاسملوو بۆ تارانو دەستبەسەرداگرتنی پەروەندەی ئەم تیرۆرەی بۆخۆی هەڵبژاردوە.

**پرسیار: ئایا هەر لەجێدا شتێك بە نێوی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو یا رووداوی ١٣ی ژووئیە لە دەزگای قەزایی یان پۆلیسی ئوتریشدا هەیە؟**

**وەڵام:** بەڵێ، پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی هەر دوای رووداوەكەو دیاریكردنی وەكیل لەلایەن بنەماڵەی شەهیدەكانەوە، پێكهاتو ئێستاش دانەخراوە، بەڵكوو ڕاگیراوە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: هۆیەکانی ڕاگرتنی ئەم پەروەندەیە چن؟ کاربەدەستانی ئوتریش چ هۆیەک باس دەکەن‌و ڕای خۆت لەم بارەوە چیە؟**

**وەڵام:** کاربەدەستانی ئوتریش دەڵێن ئەوان هەتا ئێستا بەڵگەیەکی نوێ‌و لەباری حوقووقی‌یەوە وا قایم‌و موستەنەدیان نەکەوتۆتە دەستی کە کافی بێ بۆ کردنەوەی پەروەندەکە. بە بڕوای من ئەو قسەیە بەم شێوەیە ڕاست نیە. لە مێژووی تیرۆرە سیاسی‌یەکان‌و تەنانەت زۆر قەتڵی دیکەش‌دا باو بووەو باوە کە زانیاری‌یەکان تەبەقەبەندی دەکرێن، واتە ئەو زانیاری‌یانەی بە وەکیل‌و بنەماڵەی «قاتل»و «مقتول»و هەروەها خەڵک ڕادەگەیەندرێن (گشتی)و، ئەو زانیاری‌یانەی پۆلیس‌و دەزگای قەزایی لە لای خۆیان ڕایان‌دەگرن (تایبەتی)و بیرورِای گشتی لێیان ئاگادار نابن. جا ئەگەر تەنیا زانیاری‌یە گشتی‌یەکانیش بکەینە پێوانە، کاربەدەستانی ئوتریش بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی تاوانباربوونی کۆماری ئیسلامی‌یان لەقیس خۆ دا، یان شاردەوەو، یان وەپشت گوێ خست.

جارێ ئەوان قاتڵەکانیان کە کەوتبوونە دەست پۆلیس بەبێ ئەوەی بدرێنە دادگا، بە ترسنۆکانەترین شێوە لە ئوتریش ڕاپەڕاندن و بەڕێی تارانیان کردنەوە. ئەمەش لە کاتێک‌دا بوو کە محەممەد جەعفەر سەحرارِوودی و ئەمیرمەنسوور بزورگیان لە کاتی لێپرسینەوە (بازجویی)ی پۆلیس‌دا قسەکانیان بە تەواوی لەگەڵ یەک ناتەبا بوون‌و، تەنانەت یەکتریان وەدرۆ دەخستەوە. هەر لەبەر ئەوەندەش، دەبوو لانی‌کەم وەک «گومان‌لێکراو» دادگایان بۆ پێک‌هاتبا.

تەنانەت لە بریندار‌بوونی سەحرارِوودی‌یشیان نەپرسی‌یەوە کە لە لایەن هاودەستەکانیەوە بە هەڵە ئەنگێورابوو! لەوەش گاڵتەتر، ڕێژیمی ئێرانیش نەی‌پرسی‌یەوە ئەو «دیپلۆماتەی« بۆچی‌و چۆن بریندار بووە! بێجگە لەمەش لە حوکمی دادگای بێرلین‌دا (لە ماوەی پەروەندەی تیرۆری کاک د. سەعیدو هاورِێیانی)، دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێران بە دارِێژەرو بەڕێوەبەری تیرۆری د. قاسملووو هاورِێیانیشی دەناسێندرێن. ئەو حوکمە هەموو شک‌و گومانێکی لەسەر تاوانباربوونی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری وییەن ڕەواندەوەو، پاش ئەو حوکمە حەق وابوو دەزگای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەزایی ئوتریش لێکۆڵینەوەکانی دەست پێبکاتەوە. بەم شێوەیە دەبینین هۆیەکانی کاربەدەستانی ئوتریش تەنیا بیانوون.

**پرسیار: ئایا هیچ هەوڵێک دراوە بۆ ئەوەی پەروەندەکە بکەوێتەوە گەڕ؟ ئەم هەوڵانە ئاکامێکیان بووە؟**

**وەڵام:** بەڵێ هەوڵ دراوە. تەقریبەن لە هەموو ساڵوەگەڕێکی تیرۆرەکەدا داوای وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆرەکە کراوەو تەنانەت بەڕێز خوشکە نەسرینی قاسملوو ساڵی ١٩٩٠ شکایەتی لە دەوڵەتی ئوتریش کرد، بەڵام دادگاکانی ئوتریش سکاڵاکەیان رەد کردەوە. هەوڵەکان، لانیکەم ئەوەندەی ئاشکرا بێ، ئاکامێکیان نەبووە.

دیارە دەبێ بڵێم، کاتێک لە مانگی مای ٢٠٠٥ هەواڵنووسێکی ئێرانی رایکرد بۆ دەرەوەو، هێندێک زانیاریی سەرنجڕاکێشی لەسەر تیرۆری وییەن دا بە پۆلیسی ئوتریش‌و، بە شایەدی «د» ناوی دەرکرد، دەزگای قەزایی‌و پۆلیسی ئوتریش ئامادە بوون مەئموورانی خۆیان بۆ پرسیارو لێکۆڵینەوە بنێرن بۆ لای شایەدی «د» لە پاریس. بەڵام وەزارەتی نێوخۆی فەرانسە سەرەڕای موافەقەتی سەرەتایی، ئیزنی نەدا مەئموورانی ئوتریش بچن‌و چاویان بە کابرای ژوورنالیستی ئێرانی بکەوێ!

**پرسیار: ٣ ساڵ لەمەوبەر وەکیلی ئەم پەروەندەیە د. مانفرێد وایدینگەر بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا. تا ئێستا پۆلیس‌و دەزگا پێوەندیدارەکان لەم بارەوە هیچ زانیاریی‌یەکیان ڕاگەیاندوە؟ ئایا ئەو گومانە هەیە ئەم قەتڵە پێوەندیی بە پەروەندەکەوە هەبێت؟**

**وەڵام:** پۆلیسی ئوتریش هەتا ئێستاش شتێکی لەبارەی چۆنیەتیی مەرگی وەکیل وایدینگەر ڕانەگەیاندوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم، وێ ناچێ مەرگی د. وایدینگەر پێوەندیی بە پەروەندەی تیرۆری ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩وە هەبێ.

**پرسیار: ئێستا پاش تێپەڕینی ١٧ ساڵ بەسەر تیرۆری د. قاسملوودا و، دوای زۆر ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئاستی جیهان‌و ئوتریشدا، شانسی وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو چۆن دەبینی؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**وەڵام:** کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆر، بە پێشێلکەری مافی مرۆڤو پشتیوانی تیرۆریزم ناسراوەو، لەگەڵ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە بۆچوونو هەڵوێستی دنیای دەرەوە بەتایبەتی لە ئورووپا، بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پێک هاتوەو بێپەردەو ڕاشکاوانەتر باسی تیرۆرو نابەکاری‌یەکانی دیکەی ڕێژیم دەکرێ، بەم حاڵەش لەگەڵ ئەوەی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو بە نامومکین نازانم، بەڵام ئەو شانسە لە داهاتوویەکی نزیکدا نابینم. لەبەر چەند هۆ پێم وانیە ئوتریش ئازایەتی‌و لەخۆبردوویی پێویستی بۆ هاویشتنی ئەو هەنگاوە هەبێ:

دوای تیرۆرەکە ڕێژیمی ئێران بەتایبەتی بە دوو هەڕەشە دەوڵەتی ئوتریشی خستە ژێر فشارو، ناچاری کرد چاوپۆشی لە پێکهێنانی دادگا بۆ قاتڵەکان بکاو بەڕێی تارانیان بکاتەوە:

١- دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش لە شەڕی ئێرانو عێراقدا بە پێچەوانەی قانوونی ئەو وڵاتە چەکی بە عێراق فرۆشتبوو کە ئێران پێی زانی‌و هەڕەشەی لە دەوڵەتی ئوتریش کرد کە ئەگەر ئەو چەکانە بە ئێرانیش نەفرۆشێ، لێی لە قاو دەداو پێوەندە بازرگانی‌یەکانی خۆشی لەگەڵ ئوتریش دەبڕێ. دەوڵەتی ئوتریش سەری بۆ ئەو هەڕەشەیە دانواندو بەشێوەی غەیری قانوونی چەکی بە کۆماری ئیسلامییش فرۆشت! لەو مامەڵەیەدا پووڵێکی یەکجار زۆر بێسەروشوێن چوو. ئەو کاتە هەردوو حیزبی گەورەی ئوتریش (حیزبی سوسیال دێموکراتو حیزبی دێموکرات مەسیحی) دەوڵەتی هاوبەشیان پێکهێنابوو دەستیان لەو مامەڵەیەدا بوو.

ئەم مەسەلەیە لە ئوتریش بە «ریسوایی نۆریکووم» بەناوبانگە. جا ڕێژیم دوای تیرۆری دوکتور بە هەڕەشەی پەردەهەڵدانەوە لەسەر ئەو ریسوایی‌یە دەوڵەتی ئوتریشی خستە ژێر فشار،

٢- کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی کرد ئەگەر قاتڵەکان نەنێردرێنەوە تاران، «ڕەنگە« گیانی ئەو ئوتریشی‌یانەی لە ئێران دەژین، بکەوێتە مەترسی‌یەوە!

جا ڕەنگە ئێستا کۆماری ئیسلامی نەی‌توانیبێ گیانی ئوتریشی‌یەکان ڕاستەوخۆ بخاتە مەترسی‌یەوە، بەڵام ئێستاش دەتوانێ بە ئاشکراکردنی وردە زانیاری‌یەکانی «ریسوایی نۆریکووم» گرفت بۆ هەردوو حیزبی ناوبراو ساز بکا. هەر ئەمەشە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەردوو حیزب لایەنگری لە وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆرەکە ناکەن. بێجگە لەمەش، ئوتریش پێوەندیی بازرگانیی باشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیەو تەنانەت بە بێدەنگی چەکو چۆڵیشی پێدەفرۆشێ!

پارەکە ئاشکرا بوو کە ئوتریش رەزامەندیی لەگەڵ فرۆشتنی ٢٠٠٠ موسەلسەلی HS٥٠ بە ئێران بۆ «خەبات دژی قاچاخی مادده بێهۆشکەرەکان» دەربڕیوە.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: جوولای ٢٠٠٦


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڤپەیڤین لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

هەڤپەیڤین: عەلی بداغی

## هەڤپەیڤین لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە

## بە بۆنەی حەڤدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملۆوە.

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:**

*** شەهید بوونی دوکتور قاسملوو تەنیا بە نەگبەتی میللەتی کورد دەزانم**

*** باشترین وەفا بۆ دوکتور قاسملوو ئەوەیە کە هەوڵ بدەین زۆر دوکتور قاسملووی دیکەمان هەبێ**

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ی ز) ئەگەر ڕۆژێکی ڕەش لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورددا بوو، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆست کەوتنێکی گەورە بوو. لەو ڕۆژەدا نەتەوەی کورد یەکێک لە بلیمەتترینو زاناترین ڕۆڵەکانی خۆیو حیزبی دێمۆکراتیش مامۆستای ڕێبەرو سکرتێری گشتیی لێوەشاوەو پایەبەرزی خۆی لەدەست چوو. دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە سەر مێزی وتووێژ لوولەی چەکەکانیان ڕوو بە سینگو مێشکی دوکتورو هاوڕێیانی خستەکار، لەوپەڕی سەرسوڕمانی بیروڕای گشتیدا لەلایەن دەوڵەتی ئۆتریشەوە بەرەوتاران ئیسکۆرت کران.

پەروەندەی تیرۆری ڤییەن سێ قۆناغی بڕی، بەڵام لەو نێوەدا خوێنی قوربانیانی ڕێی ئازادیو دێموکراسی، مرۆڤایەتیو دادپەروەری بووە قۆچی قوربانی ساتوسەوداو بەرژوەندییەکانی دەوڵەتانو پەڵەیەکی شوورەیی کەوتە تەوێڵی مرۆڤایەتی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاترو تیشک خستنەوەی سەر پەروەندەی تیرۆری ڤییەن‌و دوائاکامەکانی، وتوویژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێک هێناوە:

**پرسیار: مامۆستا بەرلە هەموو شتێک زۆر سپاس لەوەی ئەم دەرفەتەتان پێدایین تا لە نزیکەوە بتاندوێنین.**

**وەڵام:** ئەمنیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان پێک هێنا تا لەم بارەیەوە چەند قسەیەک بکەم. چونکە پێم وایە ئەم پەروەندەیە دەبێ لە زەینی نەتەوەی کوردو لایەنگران و دۆستانی کوردو ئازادیخوازان دا بە زیندوویی ڕابگیرێ تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی وا پێک دێ کە ئەو مەسەلەیە لە دادگایەکی زیسەلاحدا جارێکی دی بێتە گۆڕێ‌و تاوانبارانی ئەم پەروەندەیە ئەگەر سزاش نەدرێن، لانی کەم لەبەر چاوی بیروڕای گشتیی جیهاندا ڕیسوا بکرێن‌و بناسێندرێن.

**پرسیار: بەڵێ مامۆستا، مامۆستا بۆ سەرەتای چوونە نێو باسی پەروەندەکەو بۆ ئەوەی برێکیش بۆ ئەسڵی ڕووداوەکە گەڕابێتمەوە هێندێک لە زانیارییەکانی «کێسلێر» سەرۆکی گرووپی دژە تیرۆری ئەوکاتی ئۆتریش دێنمەگۆڕێ. کێسلێر دەڵێ کە دوکتور قاسملوو دڵنیایی‌و جۆرێ متمانەی تەواوی بە دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌و قاتڵەکانی خۆی هەبووە. هەر لە ڕەکێش کردنی بەرەو ڤییەن ڕا تا نهێنی هێشتنەوەی وتووێژەکان لە ڕێبەرایەتیی حیزبو تەنانەت لەبەرچاوی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئوتریش. لێکدانەوەی بەڕێزتان سەبارەت بە قسەکانی کێسلێر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو «متمانە« پێکردنەی دوکتور قاسملوو بە قاتڵەکانی‌دا چیە؟**

**وەڵام:** ڕەنگە ئەم قسەیە هێندێک باوەڕ بە خورافات بگەیەنێ بەڵام ئەگەر بەوەش تاوانبار بکرێم دەڵێم تەسلیم بوونی دوکتور قاسملوو لەو قەزیەیەدا تەنیا بە نیشانەی نەگبەتیی میللەتی کوردو چارەرەشیی ئەو نەتەوەیە دەزانم کە عەقڵی دوکتور قاسملوو بەو جۆرە گەمارۆ درا کە بتوانن دوکتور قاسملوو بەفریو بەرن. دوکتور قاسملوو بۆخۆی سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هێندێک ئەسڵی گەڵاڵە کردبوو کە لەوانە ئەوە بوو کە وتوویژ نابێ نهێنی بێ، وتوویژ دەبێ لەسەر داخوازەکانی نەتەوەی کورد بێ‌و زۆر شتی لەو بابەتە، کە دەبینن لێرەدا ئەوەی لە بەرچاو نەگرتوە. دوکتور قاسملوو زۆر جاران لە بۆنەی جۆراوجۆردا بە شۆخی‌و نیوە جیددی قسەیەکی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە باوکی دەگێڕایەوە کە دەڵێ ئەگەر تووشی عەجەمی بووی (دیارە مەبەستی لە عەجەم دەسەڵات بەدەستان بووە) ئەگەر پێت کرا بیکوژە دەنا لەبەری هەڵێ، دەنا زەمانی بت گاتێ فریوت دەدا. کەچی بەو حاڵەش دوکتور قاسملوو تەسلیمی ئەو مەرجانە بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ وتوویژ دایناببوون‌و ئامادە بوو بە بێ پارێزەرو بەبێ واسیتە لەگەڵیان دابنیشێ. ئەوەی کێسلێر گوتوویەتی لە هێندێک بارەوە تەواو راستە. ئەوەی کە لێیان دڵنیا بووە تەواو راستە، ئەوە کە نەی‌هێشتوە هاوڕێیانی ئوتریش وەک بەرپرسی کومیتە لە باسەکە ئاگادار بن ئەوەش بە تەواوی راستە، بەڵام ئەوە بە تەواوی پێچەوانەی حەقیقەتە کە گۆیا ئەم باسە لە رێبەرایەتیی حیزب شاردراوەتەوە. مەسەلەی ئەو وتوویێژە کە لە دوو ساڵیش دابووە لە کۆتایی‌یەکانی ساڵی ١٩٨٨و سەرەتای ١٩٨٩ جارێک و پاشان لە ١٢و ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا جارێکی بووە، هەر دوو جارەکە لە دەفتەری سیاسی‌دا بە دوورو درێژی باسی لەسەرکراوە، تەنانەت جارێکیان کە داوای وتوویێژیان کردبوو، کاک دوکتور سەعید لە ئورووپا بووە، دوکتور قاسملووو دەفتەری سیاسی دەڵێن با نوێنەرانی دەوڵەت لەگەڵ ئەو دابنیشن. ئەوان ئیسراریان دەبێ کە نەخێر هەر دەبێ لەگەڵ خۆت بێ. سەیر ئەوەیە تەنانەت ئەوەش نەکەوتۆتە بەر سەرنجی دوکتور قاسملوو کە رەنگ بێ ئەوە پیلانێک بێ دژی شەخسی دوکتور قاسملووو بیانەوێ تیرۆری بکەن. مەبەستم ئەوەیە کە بە هیچ جۆر ئەوە راست نیە کە رێبەراتیی حیزب لەو مەسەلەیە ئاگادار نەبووە.

**پرسیار: کەواتە دوکتور قاسملوو بۆ ئەو کارەی کرد؟ بۆ وتوویژی بەو مەرجانەوە قەبووڵ کرد؟**

**وەڵام:** دوکتور قاسملوو پیاوێکی زاناو مەنتیقی بوو، بە مەنتیق لێکدانەوەی لەسەر کێشەکان هەبوو ئەو تەحلیلی ئەوەی دەکرد کە کاتێک کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر دوژمنێکی بیانی‌دا کە دروشمی لەنێوبردنی دەدا، ئامادە بێ سازش بکاو بۆ پاراستنی خۆی تەسلیم ببێ، بۆ ئامادە نەبێ لەگەڵ بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی‌و چارەسەری کێشەکان سازش بکا؟ پێی وابوو وەختێکی خومەینی دەیگوت رێگای قودس لە کەربەلاوە تێ‌دەپەڕێ‌و دەبێ حکوومەتی سەددام حسێن بڕووخێ‌و لە پاشان جامی ژەهر دەخواتەوە، کەوابێ مەنتیقی‌یە کە بتوانێ لەگەڵ حیزبی دێموکرات‌و بزووتنەوەی کوردیش وتوویژ بکاو کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانی‌دا چارەسەر بکا. دوکتور



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو ئاوای بیردەکردەوە. بەم بۆنەوە شتێکم بیر دێتەوە کە مناقشەم لەگەڵی دەکرد. دەیفەرموو کە کۆماری ئیسلامی خۆڕاناگرێ، چونکە وەزعی ئابوورییەکەی خراپە ئەمن دەم گوت وەزعی ئابووریی کۆماری ئیسلامی کار ناکاتەسەر رێژیمو بەوە ناڕووخێ. دەی گوت نا، ئابووری تەئسیراتی خۆی درەنگ نیشان دەدا بەڵام کە نیشانی دا بێ‌رەحمە بەزەیی بەکەسدا نایە، ئەوە مەنتیقە. دەم گوت ئیشکالی کاری تۆ لەوەدایە کە بە عیلمو مەنتیق بیردەکەیەوەو ئیستیدلال دەکەی، کۆماری ئیسلامی بە عیلمو مەنتیق نەهاتۆتە سەر کار تا بە عیلمو مەنتیق بڕووخێ. ئەمانە لە خومسو زەکات بەشی لەسەر پێ راوەستانی خۆیان پەیدا دەکەن، باکی ئەوەشیان نیە داخوا خەڵکی ئێران برسی‌یە یا تێرە، ئێران ئاوەدانە یا وێرانە. یانی «تبعیت» لەو مەنتیقە کە وەختێکی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بێگانەدا تەسلیم بووە، بۆ حازر نیە لەگەڵ خەڵکی خۆی وتووێژ بکا، دوکتور قاسملووی تووشی ئەو هەڵەیە کرد، بێجگە لەوەش دەزانین نەک هەر دوکتور قاسملوو، دنیای دەرەوەش بە تایبەت ئورووپا هەموویان بە دروشمەکانی ئاغای رەفسەنجانی بەفریو چووبوون کە گویا ئەو کابرایە دەتوانێ واقع گەرابێ، پراگماتیست بێ، ئەوەش تەئسیری خۆی هەبوو.

شتێکی دیکەش کە لەسەر قبووڵکردنی وتووێژ تەئسیری هەبووە، ئەوە بوو کە پاش وەستانی شەڕی نێوان ئێرانو عێراق بزووتنەوەی کورد لە عێراقیش تووشی وەزعێکی نالەبار هاتبووو لە راستی‌دا بزووتنەوەی کورد لە هیچ کام لە وڵاتەکاندا پەناگایەکی نەبوو. دوکتور قاسملوو پێی وابوو ئەگەر بتوانێ بە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەشێکی کەمیش لە داخوازەکانی گەلی کورد لە ئێران بە دەست بێنێ، قەیدی نیە. چونکە بۆ ماوەیەک کوردستانی ئێران دەتوانێ ببێتە پەناگەو جێ حەسانەوەیەک بۆ تێکۆشەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

**پرسیار: مامۆستا باسی ئەوەتان کرد کە دوکتور قاسملوو تەسلیمی بارودۆخێک بوو کە تەنانەت رەکێشی وڤیبەن بکرێ، لە حاڵێکدا پێشتر بۆخۆی دەی‌زانی کە هەر لەو شارە هەوڵی تیرۆرکردنی کاک مەسعوود بارزانی دراوە. ئەوە چ هەلومەرجێکو زەروورەتێک بوو کە کاک دوکتوری تەسلیمی ئەو واقیعە کرد؟**

**وەڵام:** دوکتور قاسملوو تەسلیمی وەزعەکە نەببوو، بەڵکوو قەبووڵی ئەو شەرایەی کردبوو کە وتووێژ بکا. ئەگەر لەبیرمان بێ مەسەلەی هەوڵی تیرۆری کاک مەسعوود


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بارزانی دەنگدانەوەیەکی زۆری نەبوو، یانی لەواقعدا تەنیا هێندێ کەس ئەوەیان دەزانیو دەنگدانەوەی ئەوتۆی نەبوو، پاشان جیاوازییەک لەو نێوەدا هەبوو، دەوڵەتەکان دوو دەوڵەتی دژ بە یەک بوون. پاشان وەک گوتم ئەو هەلومەرجەی لە ئێران هاتبۆە پێش لەگەڵ هەلومەرجی عێراق جیاوازیی هەبوو. عێراق لەشەڕدا سەرکەوتبوو ئێران لە واقیعدا تێک شکابوو. ئەوانە هەموویان وایان کردبوو کە دوکتور قاسملوو مەرجەکانی ئەوان قەبووڵ بکا. ئەوەشمان لەبیرە کە لە خولی یەکەمی وتووێژەکاندا دوکتور قاسملوو بە تەنێ نەچووبوە سەر مێزی وتووێژ. مام جەلال و کاک نوشیروان مستەفا لە یەکیەتیی نیشتمانیی لەگەڵ بوون یەکەم ئەوەی هەموو جارێ (٣ جار پێکەوە دانیشتوون) هەر جارەی لە شوێنێک دانیشتوونو کۆبوونەتەوە، لە پاشان بۆ خۆیان بێئەوەی شوێنی کۆبوونەوەکە رابگەیەنن چوونو هەر لایەنێکیان بەجیا بە ماشێن هێناوەتە شوێنی کۆبوونەوەکەو ١٩ کەسیش پارێزەری ئەو کۆبوونەوانە بوون کە لەوانە چەند کەسێکیان موسەللەح بوونو دەمانچەیان پێبووە. چونکە لە وڵاتانی دەرەوە خەڵک دەتوانێ بە پێی رێوشوێنێک چەکی چووکی هەبێ.

**پرسیار: مامۆستا! پەروەندەی تیرۆری ڤییەن لە بەشی پۆلیس تا دەزگای قەزایی لە ژێر کارتێکەری دەوڵەتی ئوتریش بە تایبەت وەزارەتخانەکانی نیوخۆو دەرەوەدا تەنانەت بە پێشێلکردنی خودی یاساکانی ئەو وڵاتەش رەوتی ئوسوولیی خۆی نەگرتەبەر. مەترسییەکانی بەدواداچوونی قەزاییی ئەم پەروەندەیە بۆ دەوڵەتی ئوتریش چ بوون؟**

**وەڵام:** ناتوانین بڵێین مەترسییەکانی بەدواداچوونی ئەم پەروەندەیە، چونکە بەدواداچوونی تێدا کرا، بەڵام لە واقیعدا دەبێ بڵێین تێبینییەکان بۆ ماستماڵی کردو دیزەبەدەرخۆنە کردنی راستییەکان و حەقیقەتەکانی ئەو پەروەندەیە چ بوون. دەوڵەتی ئوتریش کاتێک بە رەسمی قسەی دەکرد، جۆرێک قسەی دەکردو کە لەگەڵ ئێمەدا دادەنیشت جۆرێکی دیکەی دەگوت. کاتێک بەرپرسان بە غەیرە رەسمی لەگەڵ ئێمە واتە حیزبی دیموکرات یا لەگەڵ خوێنگرانی شەهیدەکانی ڤییەن قسەیان دەکرد بە ئاشکرا دەیانگوت کە ئێمە دەزانین کۆماری ئیسلامی ئەو کارەی کردوەو ئەوە شکی تێدا نیە. بەڵام ئێمە بە سەدان کەسمان لە ئێرانێ هەیە، ئەگەر ئێمە شتێک لەوانە بکەین یان حوکمێک بدەین لەوانەیە گیانی خەڵکو دیپلۆماتەکانی ئێمە بکەوێتە مەترسییەوە.لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واقعدا ئەو پەروەندەیە نەبەسترا، ئەو پەروەندەیە تەعقیب کراو ٣ قۆناغی دادگای بڕی. بەڵام لێرەدا نەک لە گەڵ کۆماری ئیسلامی بەڵکوو لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش تەرەف بووین. ئەوە دەوڵەتی ئوتریش بوو کە تەرەفی کاری ئێمە بووو پەردەپۆشی لە تەواوی حەقیقەتەکانی نێو پەروەندەکە کرد. بە پێچەوانەی دادگای میکونووس کە لەوێدا هیچ نیشانەیەک لەبەر دەستدا نەبوو بە لێکۆلینەوەی وردو هەمەلایەنە توانییان سەرە داوەکان پەیدا بکەنو تیرۆریستەکان بدۆزنەوە، لە ئوتریش تەواوی بەڵگەکانیان بەدەستەوە بوو، تیرۆریستەکانیان لەبەر دەستدا بوو. بەڵام ئازادیان کردن و ناردیاننەوە. وانیە پەروەندەکە تەعقیب نەکرابێ، تەعقیب کرا بەڵام ئەوان وایان کرد کە ئێمە دادگایەکە بدۆڕێنین.

**پرسیار: مامۆستا مەسەلەی لە مەترسیدابوونی گیانی دیپلۆماتەکانی ئۆتریش بوو کە ئاقاری پەروەندەو مەحکەمەکەی گۆڕی یا ساتوسەودای بازرگانیو شتی دیکە؟**

**وەڵام:** مەسەلەکە هەر بەرژەوەندیی ئابووریی بوو، ئەو هەموو دیپلۆماتە بۆ لەوێیە؟ هەیئەتی دیپلۆماسی دەتوانێ ١٠ کەس بێ، ئەوان بۆخۆیان دەیانگوت بەسەدان کارناسیان لەوێیە، معامەلەو سەودای گەورەی چەکوچۆڵیان لە نێواندا هەبوو، هەموو ئەو شتانە بوون. یانی لە واقیعدا ئەگەر ئەوان کۆماری ئیسلامییان ریسوا کردبایە دەیانزانی کە کۆماری ئیسلامییش دەتوانێ ئەوان ریسوا بکا، چونکە بە پێچەوانەی هەموو «تعهدات»ێکی نێونەتەوەیی کە نابێ چەکوچۆڵ بە وڵاتانی لە حاڵی شەڕدا بفرۆشرێ، دەوڵەتی ئوتریش چەکوچۆڵی بە هەردوو تەڕەفی شەڕی ئێرانو عێراق فرۆشتبوو. کۆماری ئیسلامی دەیتوانی ئوتریش ریسوا بکا، بۆیە دەوڵەتی ئوتریش هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە پەردەپۆشی لە واقعییاتی پەروەندەکە بکا بۆ ئەوەی هەم دیپلۆماتو کارگێڕە ئابوورییەکانیان لە ئێراندا پارێزراو بنو بەرژەوەندی لە ئابوورییەکانیان وەمەترسی نەکەون، هەمیشە خاڵە لاوازەکانیان ئاشکرا نەبێو لێیان لەقاو نەدرێ، هەرچەند بە جۆرێک لە جوران ئەوانە بۆ دنیای دەرەوە هەر دەرکەوتن.

**پرسیار: مامۆستا باسی فرۆشتنی چەکوچۆڵ لە لایەن ئوتریشەوە بە ئێران و عێراقت کرد. هاوکات لەگەڵ دادگاییەکی پەروەندەی ڤییەن، ئەو مەسەلەیە لە دەزگای قەزایی ئوتریش لە**

**پەروەندەی «نۆریکوم»دا هاتبۆ گۆڕێ کە حیزبەکانی گەل و ئازادی و سەوزەکانی ئوتریش وەگەڕیان خستبوو. ئەو پەروەندەیە بە بڕوای ئێوە چەندە کارتێکەری بوو لەسەر پەروەندی تیرۆری ڤییەن؟ بەڕێزتان پێوەندییەیک لەو نێوەدا دەبینن؟**

**وەڵام:** ئەمن پێم وانیە کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر بووبێ، چونکە دوو شتی لێک جیاواز بوون. لە پاش ئەوەش دەلیلێک نیە بۆوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو ببەسترێ یان بێدەنگەی لێبکرێ لەبەر ئەوەی پەروەندەی «نوریکوم» بە جۆرێکی دیکە بەدواداچوونی لەسەر بکرێ، بە پێچەوانە، ئەوە بە قازانجی دەوڵەتی ئوتریش بوو کە ئەو ریسوایییە پەردەپۆش بکرێ، مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە ئەوان دەیان توانی پەردەپۆشی بکەن و دیپلۆمات تیرۆریستەکانیان ناردەوە بۆ ئێران و بە رواڵەت ئەوە عەمەلێکی تیرۆریستی بووەو ئەوان دەستیان تێدا نەبووە.

ئێستا ئەوە هاتۆتەگۆڕێ پێم خۆشە ئەو باسە تەواو بکەم کە گوتم ئێمە لە پەروەندەی ڤییەن دا لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش بەرورووو بووین. ئەو پەروەندەیە نەبەسرا، دەتوانم بڵێم ئێستاش نەبەسراوە، ئێمە وازمان لێ هێنا.

**پرسیار: بۆ مامۆستا؟ دەلیلەکەی چ بوو؟**

**وەڵام:** دەلیلەکەی ئەوە بوو کە ئەو پەروەندەیە سەرەتا لە دادگای شاری ڤییەن هاتە گۆڕێ. لەوێ ئێمە راستەو راست لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش بەرەوو بووین. دیارە نەک وەک حیزبی دێموکراتو بەو ناوە، بەڵکوو وەک وەرەسەو خوێنگرانی دوکتور قاسملوو کە زۆرتر لە خاتوو هێلین قاسملوو، خۆشکە نەسریندا خۆی دەدیتەوە، لەوێدا مەحکوومیان کردین. لە پاشان حەقمان هەبوو شکایەتەکە بەرینە دادگای ناوچەی ڤییەن واتە پارێزگای ڤییەن. شکایەتەکەمان لەو دادگایەش هێنایە گۆڕێ، دیسان هەر دەوڵەتی ئوتریش تەرەفی ئێمە بووو مەحکوومیان کردینەوە.

پاشان حەقمان هەبوو ئەو دادگایە بەرینە دادگای فیدراڵی ئوتریش. پەروەندەو شکایەتەکەمان بردە ئەوێ. لە دادگای فیدراڵیشدا جارێکی دیکە لە لایەن دەوڵەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئوتریش را مەحکووم کراین. مەحکووم کە هیچ، نیزیک ٧٥ هەزار فرانکی فەرانسەشیان جەریمە کردین کە گۆیا ئەوە هەزینەی دادگایەو دەبێ بیدەین! ئەمن بۆ خوم لە دەرەوەی وڵات بووم. خۆشکە نەسرین هەموو ئەو بە سەرهاتەی بۆگێرامەوەو گوتی تەنیا ریگەیەکمان هەیە، ئەویش ئەوە کە ئەو شکایەتە بەرینە دادگایەکی نێونەتەوەیی. لێم پرسی باشە ئەگەر بیبەینە دادگایەکی نێونەتەوەیی کە یەکجار پڕ خەرجەو لەوانەیە لە مانگ دا سەدان هەزار دۆلاری تی‌بچێ، بە باوەڕی تۆ ئێمە تێیدا سەر دەکەوین یا نا، چونکی ئەتۆ لە هەموو وردودرشتی ئەو پەروەندەیە ئاگاداری؟ گوتی نا، چونکی تەرەفەکەمان دەوڵەتی ئوتریشەو ئەویش هەموو شتێکی لەبەر دەست دایەو ئێمەش چمان لەبەر دەستدا نیەو مەحکووم دەبین. گوتم مادام وایە جارێ لێی‌گەڕێین باشە، چونکی رەنگبێ ماوەیەک تەبلیغاتی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەوە کەڵکی وای نیە، بەو حاڵەش ئەمن بڕیاری یەکجاری نادەم. با بزانین هاورێیان رایان چیە.

خۆشکە نەسرین گوتی باشە ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەمن پێشنیار دەکەم کۆنفرانسێکی چاپەمەنیی لەسەر بگرم، گوتم ئەو کۆنفرانسە مەتبوعاتی‌یە هەزینەی چەند دەبێ، کەڵکەکانی چین؟ گوتی ئەگەر بمانەوێ موحترمانە بێ رەنگبێ ٥٠ هەزار دۆلاری تێ بچێ، فایدەکەشی ئەوەیەکە لە قاودان دەبێ دژی ئێران، لە دژی ئوتریش، دەنا تەئسیراتێکی دیکەی نیە.

ئەمن کە لەگەڵ دوکتور سەعیدی رەحمەتیم مەسەلەکە هێنایە گۆڕێ، دوکتور شەرەفکەندی لە بارەی مەسەلەکەی هەوڵدا گوتی ئەمنیش نەزەرم وەک تۆیە، ئەوە خەرجێکی زۆری دەوێ کە ئێمە نیمانە، لە پاشان کاتێک لە سەرەتاوە دەزانین کە تێیدا سەرناکەوین بۆ کارێکی ئاوا بکەین؟ بۆ ئەوەی دیکەش موافەقەتی نەکردو گوتی بۆ ئەوەی ٢ رۆژان ٣ رۆژنامە نیوەستوونێک لەم بارەیەوە بنووسن یا نا، ئێمە لە شەرایتێکی وادا نیین کە بۆ ئەوە ٥٠ هەزار دۆلار خەرج بکەین، هەر بۆیە لەوەش گەڕێن.

**پرسیار: مامۆستا دەفەرموون کە ئەو پەروەندەیە نەبەستراوە بەڵکوو ئێمە بە پێی ئەو هەلومەرجە لە بەدوا داچوونی پەروەندەکە لە دادگایەکی نێونەتەوەیی‌دا وازمان هێناوە. ئەدی چ شتێک، چ هەلومەرجێکو چ گۆڕانێکی دی دەتوانێ دیسان ئەو پەروەندەیە بکاتەوە؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**وەڵام**: ڕەنگبێ پێش هەموو شتێک گۆڕانی سیاسەت‌و هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریش بتوانێ کاریگەریی هەبێ‌و ئەمن بە داخەوە لە ئاسۆدا نیشانەکانی ئەو گۆڕانە نابینم لە پاشانیش دەبێ بیروڕای‌گشتیی نێونەتەوەیی، ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیاردان لەسەر قەزایای نێونەتەوەیی هەیە بتوانن یارمەتیدەر بن یان بارو دۆخەکە لەبار بێ بۆوەی یارمەتی بدەن هەمیش حیزبی دێموکرات لە باردۆخێک دابێ کە بتوانێ سەدان هەزارو بە میلیون دۆلار خەرجی دادگایەکی ئاوا بکا. ئەگینا حیزبی دێموکرات‌و وەرەسەی دوکتور قاسملوو هەموو وەختێک دەتوانن ئەو پەروەندەیە زیندوو بکەنەوە.

**پرسیار: مامۆستا لە کاتی تیرۆری دوکتور قاسملوودا ئێمە دەبینین جگە لە هەوڵێکی زۆر بچووکی ئامریکا بە مەبەستی گوشار خستنە سەر وڵاتی ئوتریش، هیچ دەوڵەت‌و لایەنێک هەڵویستێکی ئەوتۆیان لە بەرامبەر ئەو کێشەیەدا نیە، کەس فشار ناخاتە سەر ئوتریش بۆ بەدوادا چوونی قەزاییی ئەم پەروەندەیە، ئەم بێدەنگیە، ئەم بێ هەڵویستی‌یە لە ئاستی جیهانی‌دا بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

**وەڵام**: زۆر لە مێژە گوتراوە کە بۆشکەیەک نەوت بەقەت ناڵەی هەزاران زۆر لێکراو لە لای دەسەڵاتە گەورەکان تەئسیری هەیە. بەداخەوە ئەوە ڕاستە. ئەگەر دیقەتمان کردبێ دەوڵەتانی ئوروپایی لە لایەک‌و خودی ئەمریکا لە لایەک لەواقیعدا مسابەقەیان هەبوو، پێشبڕکێ‌یان لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبوو، داخوا کامیان بتوانێ بازاری ئێران وەدەست بێنێ، نەوتی ئێران وەدەست بێنێ‌و بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانی تێدا بچەسپێنن. لەبەر ئەوە ئەوان حازر نەبوون بۆ دیفاع لە حەق‌و حەققانییەت، بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌و تەنانەت پێوەندی‌یە دیپلۆماسی‌یەکانیان بخەنە مەترسی‌یەوە. تائێستاش بەداخەوە ئێمە لەگەڵ ئەو نەخش و نیگارە بەرەوڕووین‌و شتێکی زۆر لە قەزیەکە نەگۆڕاوە. مامۆستا بۆ پرسیارێکی پێشووم دەگەڕێمەوە. لە دادگای میکۆنوسدا بەنی سەدرو میسباحی، شاهیدی C بەو زانیاری‌یە وردانەی دایانە داداگا، پەردەیان لەسەر نهێنی «کومیتەی کاروباری تایبەت» لادا کە تێیدا گەورە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێبەرو سەرۆک کۆمارو وەزیری دەرەوە بەشدارن و فەرمانی کوشتنی نەیارە سیاسی‌یەکانیان دەردەکەن. هەر لەویش باس ئەوە هاتە گۆڕێ کە ئەو کومیتەیە بڕیاری تێرۆری دوکتور قاسملووی داوە. دەرکەوتنی ئەم ڕاستی‌یانەو بوونی ئەو شاهیدانە نەی‌دەتوانی بە جۆرێک کاربکاتە سەر پەروەندی تێروری ڤیيەن؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیارە ئەو ئیفشاگەریو لەقاودانەی بەنیسەدر کردی زیاتر دەتوانین بڵێین بێجگە لەو مەعلووماتەی بۆ خۆی هەیبوو وەک سەرکۆماری پێشووی ئێران، ئەوە میسباحی بوو کە دەلایلو بەڵگەی زۆری بەدەستەوە بوو، لەم بارەیەوە پێم خۆشە حق بە حەقدار بدرێ، لە واقیعدا ئەبولقاسم میسباحی بۆ خۆی ئەوە نەبوو کە بچێ ئەو کارە بکا ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوکارییەکی کە دوکتور بەنیسەدر لەو کاتەدا کردی. ئەوە تەئسیرێکی زۆری هەبوو بە تایبەت لەسەر ئەوە کە دادگای ئەڵمان بتوانێ راو نەزەری خۆی بە سەر دەوڵەتی ئەڵماندا بسەپێنێ چونکی لەویش دەوڵەت رای وابوو کە ئەو پەروەندە بە جۆرێک لە جۆران پەردە پۆشی بکرێ بەڵام دادگا توانی نەزەری خۆی بەسەر دەوڵەت دابسەپێنێ. ئەوە زۆر تەئسیری هەبوو. تەواوی نەخشەکانی کۆماری ئیسلامیو ئەو کومیتەیەی کە بە حەقیقەت دەتوانرێ بە کومیتەی تیرۆر ناو ببردرێ، مەقاماتو بەرپرسانی هەرە بەرزی کۆماری ئیسلامیش تێیدا پلانرێژ بن، ئەو کومیتەیە ئاشکرا کراوو کاتێک ئێران حاشای لێکرد کابرا واتا میسباحی شتی بەدەستەوە بوو، بەڵگە و فیلمی بەدەستەوەبوو، ئەو کە لە نیزیکەوە بوو شتی وای نیشان دەدا کەغەیرە قابیلی ئینکارو حاشا لێکردن بوو. ئەمە توانی زۆر شت بکا بەڵام نەیدەتوانی تەئسیر گوزار بێ بۆ زیندوو کردنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، چونکی ئەو قەزیەو مەسەلەیە لە دادگاکانی ئوتریشدا تەواو ببووو دەبوا بچێتە دادگایەکی نێونەتەوەیی. وەختێکیش ئێمە لە هیچ بارێکەوە بواری ئەوەمان لەبەر دەستدا نەبوو کە دادگای نێونەتەوەیی بخەینە جەریانی کارەکەوە، نەیدەتوانی تەئسیری موسبەتی هەبێ لەسەر پەروەندەی تێرۆری ڤییەن.

**پرسیار: مامۆستا ئەو تێرۆرە بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتنێکی گەور نەبوو؟ پێی غەرڕ نەبوو؟ چ کاریگەرێکی هەبوو لەسەر ئوپوزیسیون کۆماری ئیسلامی؟**

**وەڵام:** ئوپوزیسیون دەبێ بەش بکەین بە سەر کوردو غەیرە کورد. دیارە لە دەستدانی دوکتور قاسملوو بۆ ئوپوزیسیونی کورد و لەو نێوانەشدا بۆ حیزبی دێموکرات بەتایبەتی خەسارێکی گەورە بوو. بە خۆشیەوە تێرۆری دوکتور قاسملوو نەیتوانی بەپێچەوانەی زۆر کەس کە پێشبینی ئەوەیان دەکرد حیزبی دێموکرات کەمەری بشکێو لە مەیدان وەدەر بنرێ، بەڵام بەو حالەش خەسارێکی گەورە بووو هەتا ئێستا جێی پڕ نەبۆتەوەو رەنگبێ هەتا هەتایەش پڕ نەبێتەوە، چونکی ئەگەر کەسی وەک دوکتور قاسملووشمان لە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داهاتوودا هەبێ، جێی دوکتور قاسملوو لە سەردەمی خۆیدا بە بەتاڵی هەر ماوەتەوە. بەڵام مادام کە سەرکەوتنێک بوو بۆ دوژمنانی ئازادی، بۆ تەواویەتی ئۆپوزیسیونی ئێرانی زەربەو خەسارێک بوو. هەروەک دەتوانین بڵێین تیرۆرەکانی دیکەش وەک قەتڵی رێبەرانی حیزبە سیاسیی‌یەکانی دیکە وەک موجاهدین‌و وەک کۆمەڵە زەربەتێکە غەیرە موستەقیم‌و حیزبی دێموکرات کەوتوە، سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەو رێژیمە نیزامێک بۆایە کە ئیعتباری بۆخۆی‌و پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی دانابایە دەمان توانی بڵێین کە تیرۆری دوکتور قاسملوو کە بۆ ئۆپوزیسیون خەسار بوو بۆ ئەویش ریسوایی‌یەکی گەورەی بە بار هێنا بەڵام ئەوان لەوە تێپەڕ ببوون لە پردی ئابڕووی خۆیان پەڕیبوونەوەو دەیانهەویست نیزامەکەیان بپارێزن بە هەر جۆرێ بێ. بە تیرۆری دوکتور قاسملوو ئەوان توانییان یەکێک لە گەورەترین نەیارەکانی خۆیان، یەکێک لە بە ئیعتبارترین موخالیفانی خۆیان لەنێو بەرن. بۆیە واقعبینی ئەوەیە کە بڵێین تیرۆری دوکتور قاسملوو بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتن بووە. چونکی ئەو، مەسەلە کە لە روانگەی شەڕو بەربەرەکانی‌یەوە سەیری دەکا نەک ئەوە ئێعتباری نێونەتەوەیی دێتە سەر یان دێتە خوارێ یان بیروڕای گشتی جیهانی چۆن سەیری مەسەلەکە دەکا ، ئەوە بۆ ئەوان مەترەح نیە.

**پرسیار: مامۆستا لەم ساڵانەی دوایی‌دا دوکتور مانفرید وایدنگێر، وەکیلی دوکتور قاسملوو بەشێوەیکی مەرمووز تەرمەکەی لە دارستانێکی دەرەوەی شار دۆزرایەوە. پێتان واهەیە پێوەندی‌یەک لە نێوان مەرگی دوکتور مانفریدو پەروەندی تیرۆری ڤییەن هەبێ؟**

**وەڵام:** ئەمن بەش بە حاڵی خۆم بە دوو هۆ ئەو پێوەندییە نابینم. یەکەم ئەوەی کە وەک گوتم پەروەندەی تیرۆری ڤییەن بە قازانجی دەوڵەتی ئوتریش‌و ناراستەوخۆ بە قازانجی رێژیمی ئێران تەواو بووە. ئێمە لەوێدا مەحکووم کراوین‌و نەمان توانیوە کارێک بۆ ئیعلانی کۆماری ئیسلامی وەک تاوانبار بکەین. هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە پزیشکی‌یەکان نیشانیان دا کە دوکتور وایدنگێر بۆ خۆی خۆی کوشتوە تەنانەت دەرکەوتوە کە بە تێغی ریش تاشین لە چەند جێ لە شادەماری خۆی داوە تا خوێنرێژیی زۆر بکاو بمرێ. باشە ئەگەر قەرار بایە پێوەندی‌یەکی بەو پەروەندەیە بۆایە دەبوایە کەسی دیکە بێ‌و لە بەینی بەرێ‌و بیکوژێ. پاشان هیچی بە جێ نەهێشتوە کە نیشان بدا. مەعموولن ئەگەر وابێ دەتوانێ خۆی بکوژێ بەڵام دەبێ شتێک لە پاش خۆی بەجێ بێڵێ و بڵێ کە ئەمن لەژێر ئەم فشارانەدا ئەوەم کرد. هیچ شتێک لەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرنەکەوتوە تەنیا بە قەولی فارسەکان «گمانەزنی« بۆ ئەوە کافی نیە پێوەندییەک لە نێوان پەروەندەی ڤییەن و پەروەندەی کوژرانی دوکتور وایدینگێر دا ببینن.

**پرسیار: مامۆستا لە هەڤدەهەمین ساڵرۆژی تێرۆری قاسملوودا چ پەیامێکتان هەیە وەک دواوتە بفەرموون؟**

**وەڵام:** لە دوکتور قاسملوو دەبێ ئەوپەڕی تەجلیل بکەین بەڵام لە دوکتور قاسملوو شتێکی فەوقولعادە دروست نەکەین ئینسانێکی فەقولعادە بووە، بەڵام مەوجوودێکی فەوقولعادە نەبووە، وەک هەموو مرۆڤەکان بووە، وەک ئەوان لە دایک بووە بەڵام وەک هەموو ئینسانێکی عادی نەژیاوە، خۆی پێگەیاند، موتالعەی کرد تا بووە ئەو دوکتور قاسملووە. ئەگەر دەمانەوێ ڕێز لە دوکتور قاسملوو بگرین، دوکتور قاسملوو با نەکەینە خوداو فریشتە کە کەس نەتوانێ بیگاتێ. لە ژیانی دوکتور قاسملوو فێر بین بەتایبەتی لاوان و کیژان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دوکتور قاسملووی دیکە مان زۆر بن. ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو. دوکتور قاسملوو هاتوەو نەخش و نرخی خۆی داناوەو رۆیشتوەو هەتا قیامەت دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە نابێتە نان‌و ئاو. دەبێ دوکتور قاسملووی دیکە لە بزووتنەوەی کورددا دروست بکەین ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو. چونکی دوکتور قاسملوو باوەڕی بەوەنەبوو کە شۆرشگێڕی، سیاسەت، دیپلۆماسی بەوی دەستی پێکردوەو بەوی تەواو دەبێ.

بۆخۆی باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێ پاش ئەویش و لەگەڵ ئەویشدا کەسانی دیکە پێبگەن بۆ ئەوەی میللەتی کورد تەنیا یەک نوختە هومێدی نەبێ. پێم وایە ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو کە هەوڵ بدەین ڕێگای دوکتور قاسملوو کە ڕێگەی فێر بوون و زانست و خۆپێگەیاندن بووە درێژەی پێبدەین.

**عەلی بداغی: سوپاس مامۆستا بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا.**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** سوپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور ئیسماعیل بێشکچی:
# دوکتور قاسملوو ئابووریناس و رووناکبیرێکی مەزن بوو.

**بەشێک لە هەڤپەیڤین: ئازاد کوردی**

**د.بێشکچی، دەمەوێ بە بۆنەی ١٩هەمین ساڵرۆژی تیرۆرکرانی ڕێبەری نـاوداری کـورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملوو چەند پرسیار ئاراستەتان بکەم و بۆچوونتان بزانم.**

**پرسیار: وەک ئاگادارن لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ زایینیدا، دوکتور قاسملوو و کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر لەسەر مێزی وتووێژ لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی خومەینییەوە شەهید کران. بۆچوونی ئێوە لەسەر پێشهات و ئاکامی ڕووداوەکە چیە؟**

**وەڵام:** بۆنەی ١٩ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر و د. فازڵ ڕەسووڵ بەڕێز و خۆشەویستییەوە وەبیر دێنمەوە. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، سیاسەتی تیرۆری دەوڵەتی بە شێوەیەکی سیستماتیک بەکار دەبرێت. بەگشتی دەوڵەتی ئێران لە تیرۆر بە دژی ویست و داواکانی کوردەکان لە مەڕ مافی نەتەوەیی کەڵک وەردەگرێت. کاتێک دەنگی گەلی کورد بەرز دەبێتەوە، داوای مافە نەتەوەییەکانیان دەکەن، بە تیرۆریست چاویان لێ دەکرێت و حسێبیان بۆ دەکرێت. لەبەر ئەوە کاتی کەقۆناغی تێکۆشانی رزگاری بۆ دەستەبەربوونی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد وەدرەنگ دەکەوێ، سەرکەوتن وەدەست ناهێنێ، تیرۆری دەوڵەتی دێتە ئاراوە و ئەو میتۆدە دژێوە بەدژی کوردەکان لە زۆر بواردا بەڕێوە دەبرێت. دەوڵەت هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی تیرۆری خۆی شاراوە بهێڵێتەوە تیرۆرەکەی لێ ئاشکرا نەبێت، کاتێک کە ئاشکرا ببێت، کورد خاوەن ماف پێشان دەدرێت.

له ژووئیەی ١٩٨٩ی زایینی دا، له ڤییەن پێتەختی ئوتریش. لەلایەن به ناو دیپلۆماتەکانی ئێرانەوە، بۆ چاوپێکەوتن و دیالۆگ، له شوێن و کاتی داواکراو دا، تێرۆرکردنی لەسەر مێزی وتووێژ، نیشانەیەکی ئاشکرای تێرۆری دەوڵەته و بەکارهێنانی تێرۆری دەوڵەت، پشتیوانیی بەردەوامی چالاکی‌یه تێرۆریستی‌یەکانه.

دوکتور قاسملوو بۆ بەشداریی کۆبوونەوەی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست هاتبووه ئورووپا. ساڵێک پێشتر له نێوان ڕێبەرانی ئێران و PDKI دا بڕیاری چاوپێکەوتن و وتووێژ له ئاڕادا بوو و مەبەستیش چارەسەرکردنی پرسی کورد و وەڵامدانەوە به ویست و داوا ڕەواکانی کوردەکان بوو. به هۆی بیروشکی و بەرچاوتەنگیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران له ڕۆژی دووهەمی وتووێژەکان دا، لەسەر مێزی دیالۆگ دوکتور قاسملووی ئاشتیخوازیان شەهید کرد و هاوڕێی دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵا قادری ئازەریشیان تێرۆر کرد و له ڕووداوەکە دا د.فازل ڕەسووڵیش گیانی له دەست دا.

**پرسیار: لەسەر میتۆدی بەکار هێنانی تیرۆر به دژی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بۆچوونتان چیه؟**

**وەڵام**: زۆر ئاشکرایه که لەو ڕووداوەدا، تیرۆری دەوڵەتی بەکار هاتوه. حکوومەتی ئوتریش، دژی ئەنجامدانی ئەو تیرۆره دەوڵەتی‌یه که لەنێو خاکی ئەو وڵاته بەڕێوه چوو. هەڵوێستێکی جیددی نیشان نەداوە. لێپرسینەوە لەسەر دۆسییەکەی بەرێکوپێکی بەڕێوه نەبردوە، ئاکامێکیشی وەدەست نەهێناوە. پاشان لەگەڵ تیرۆری دەوڵەتی و پارێزەران و بەڕێوەبەرانی تیرۆری دەوڵەتی بوو به خاوەن یەک هەڵوێست.

لەسەردەمی ئەمڕۆ دا، ئەو بەندانەی که پێوەندی‌یه نێونەتەوەیی‌یەکان بەڕێوه دەبەن، بەهاو بایەخەکانی وەک مافی مرۆڤ، ئازادی و یەکسانی نین، کەمتر بایەخ بەم چەمکانه دەدرێت. بەداخم که شتێکی ئەوتۆ لەئارادا هەیه. بەڵام سەرەڕای بوونی ئەم ڕاستی‌یە، تێکۆشان بۆ دێموکراسی و ئازادیش بەرەوپێش دەچێت و ڕاناوەستێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: لەسەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو بۆچوونتان چییە؟**

**وەڵام:** دوکتور قاسملوو ڕووناکبیرێکی هێژاو ئابووریناسێکی مەزن بوو. لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان زۆر لێکۆڵینەوەی هەبوو، مرۆڤێکی ئاکادیمیک و زانستی بوو، دژبەری سیاسەتی ڕێژیمی ئێران لەمەڕ چارەسەرنەکردنی پرسی نەتەوەکانی ئێران بوو. بۆیە تەنانەت پێویستیی تێکۆشانی چەکداریی هەڵبژارد. ئەم هەنگاوە بە گوێرەی خۆی سەرنجڕاکێشە و بابەتێکی گرنگ و شیاوی لێ ورد بوونەوەیە.

٢٣ی ژوییەی ٢٠٠٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتووێژی چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاك ڕەحیم قادری...

ڕەحیم قادری

**وتووێژی چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک ڕەحیم قادری لەگەڵ دوکتور «کارۆڵ پروون هووبێر» هاوڕێ و دۆستی شەهید دوکتور عەبدورەحمان قاسملوو.**

## پێشەکی:

نووسەر، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیر، کارۆڵ پروون هووبێر Carol Prunhuber ساڵی ١٩٥٦ لە کاراکاسی پێتەختی وڵاتی ونزوئلا لە دایک بووە. لە زانستگای کاتولیک ئاندرێس بێیۆ Catolica Andres Beiio لیسانسی زانستەکانی تەجروبی (Letras) وەرگرتوە و پاشان بە دوکتورای مطالعات ئیسپانیا ئامریکای لە زانستگای پاریس گەیشتوە. نووسەری ئاساری ئەدەبی ئاو، سکووت و بیرەوەری لە سەر فێلیس بێرتۆ هێرناندێز Felisberto Hernandez (لە ساڵی ١٩٨٦) و هەروەها کتێبێک بە فەرانسەیی لە ١٩٨٧ لە پاریس لە سەر ژنان بە ناوی: " Femmes: Les Grands Mythesa traves le Mande " لە ڕۆژنامەی ناسیۆناڵ « لە کاراکاس کاری کردوە و هەواڵنێری ئەو ڕۆژنامەیە لە مادرید بوو.» لە زۆر مێدیای ونزوئلایی وەک "El Globo "، "exceso"، Nueva Sociedad و " Diario de Caracas" کاری ڕۆژنامەوانیی کردوە.

لە ئیسپانیا لە ڕۆژنامە پڕ تیراژەکانی وەک " El Pais، Diario١٦، Independinte"، گۆڤاری باسکی " Ahurka" کاری کردوە و لە سەر کورد وتاری نووسیوە.لە چەند ڕێکخراوێکی نادەوڵەتیی ئیسپانیایی وەک M.P.D.L (جووڵانەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ئاشتی، داماڵینی چەک «خلع سلاح» و ئازادی)، ئاژانسی ئیسپانیایی هاوکاری لەگەڵ ئەمریکای لاتین (سەر بە وەزارەتی دەرەوە)، دەستانی یەکگرتوو “ Manos Unidas” و زانستگای سالامانکا لە دەورەکانی هاویندا کاری کردوە.

کارۆڵ وەک شارەزایەکی ناونەتەوەیی سەیری دەکرێ بە تایبەت لە مەسەلەی کورددا.ناسیاوی (شناخت) لە سەر مەسەلەی کورد دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٨٢ کاتێک لە فستیواڵی سینەمای کانس دەگەڵ سینەماگەری کورد - تورک یۆڵماز گونای چاوپێکەوتنی دەبێ و پاشان کوردەکانی دانیشتووی پاریس دەناسێ.

ئەو لە ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ دوکتور قاسملوو ڕێبەری حدک کە لە چیاکانی کوردستان را خەباتی دژی ئایەتوڵلاکانی ڕێبەرایەتی دەکرد ئاشنا دەبێ. لە ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن ئاژانسی فەرانسەوی GAMMA.TV بۆ ئامادە کردنی فیلمێکی دوکومێنت لە سەر خەباتی حدک کارۆڵ بۆ کوردستان سەفەر دەکا.

لە ڕێگای بەغداوە بۆ ناوچەی ئاڵۆزی کوردستان سەفەر دەکا و وەک یەکەمین ڕۆژنامەوانی ونزوئلایی دەستی دەگاتە ڕووداوە نوێ و دەستی یەکەمی کوردستان کە دەبنە بنەمایەک بۆ شارەزایی ناوبراو لە سەر کورد. ماوەی یەک مانگ لە چیاکانی کوردستان دەمێنێتەوە، هەلێک تا لە نێزیکەوە دەگەڵ پێشمەرگەکان بژی.

پەرتووکی «ژان و مەرگی ڕەحمانی کورد»: خەونی کوردستان، بەرهەمی هەموو ئەزموونەکانی ناوبراون. تا ئێرە کورتەیەک بوو بۆ ناساندنی خاتوو کارۆڵ

### دەقی وتووێژەکە

**پرسیار: چۆن لەگەڵ مەسەلەی کورد ئاشنا بووی؟ لە ڕێگای قاسملوو کوردت ناسی یا بە پێچەوانە، مەسەلەی کورد بوو کە تۆی بەرەو ئاشنایی لەگەڵ قاسملوو هان دا؟**

**وەڵام:** لە فستیواڵی سینەمای کانس لە ساڵی ١٩٨٢دا سینەماگەری کورد - تورک یۆلماز گونایم ناسی، هەر وەک دەزانی لەو فستیواڵەدا فیلمی یۆڵ « ڕێگا» خەڵاتی دارخورمای زێری بە نەسیب بوو. ئەو فیلمە زۆری شوێنەوار لە سەر من دانا، نە لەبەر جوانی و بەهێزبوونی، بەڵکوو لەبەر ناسیاوی (شناخت) لە سەر ڕاستی‌یەکانی تورکیا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە تایبەت مەسەلەی کورد. لە ڕێگای یۆلمازەوە لەگەڵ مەسەلەی کورد و دانیشتووانی کورد لە فەرانسە ئاشنا بووم. تا تێرۆری قاسملوو پەیوەندیم هەر هەبوو و نەپچڕا.

**پرسیار: لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی ونزوئلایی کە بە کوردی وەرمگێڕاوەتەوە دۆستایەتیی خۆت و قاسملوو دەگەڕێنیەوە ئەو کاتەی تۆ لە لایەن کاناڵێکی تەلەفزیۆنی فەرانسەیی‌یەوە بۆ کوردستان سەفەر دەکەی. دەکرێ لەو پێوەندی‌یەدا زانیاریی زیاترمان پێبدەی؟**

**وەڵام:** ساڵی ١٩٨٣ لە پێشانگای هونەری کوردی لە ئەنستیتووی پاریس بوو کە کەنداڵ نەزان پێی ناساندم. ساڵی ١٩٨٥ پێشنیارم بە ئاژانسی GAMMA.TV کرد لە سەر ئامادەکردنی دوکومێنتێک لە سەر کوردستانی ئێران. لە سایەی قاسملوو توانیمان ویزای عێراق وەربگرین. لە ژووئیەی ١٩٨٥دا لە ڕێگای بەغداوە گەیشتمە کوردستان. گرووپێکی ٣ نەفەرە (دوربین دار، Sabrina Mervin کە بەرپرسی دەنگ بوو و بۆخۆم). لە کتێبەکەمدا لە فەسلی ١٤دا باسی ئەو سەفەرەم بۆ چیاکانی کوردستان دەکەم کە بۆ ماوەی یەک مانگ لە کوردستانی عێراق و ئێران دەگەڵ پێشمەرگەکانی حدک بووم.

**پرسیار: ئەو هۆیانەی کە تۆیان هان دا کە لە سەر کەسایەتیی دوکتور قاسملوو کتێب بنووسی چ بوون؟ ئایا دەتوانی بە وتەیەکی تازە و وردتر بۆ خوێنەری کورد لە سەر قاسملوو بدوێی؟**

**وەڵام:** هەر ئەو کاتە کە بۆ کوردستان سەفەرم کرد بیرۆکەی ئەوەم هەبوو کە لە سەر کێشەی کورد کتێب بنووسم، ئەو کات هیچ نووسراوەیەک لە سەر کورد بە ئیسپانیایی نەبوو. کاتێک ڕەحمان و عەبدوڵلا لە وییەن کوژران ئیدی بۆم ڕوون بۆوە کە کاتی ئەوە هاتوە پەرتووکێک لە سەر ئەو جینایەتە بنووسم و لە مەڕ ئەوەی کە بێ‌موجازات مایەوە سکاڵا بکەم.

ژیانی ڕەحمان جێی تێڕوانین و سرنجڕاکێشە. چارەنووسی ئەو مرۆڤە دەبێ لە چوارچێوەی شوێن و ڕووداوەکانی زۆر گرنگی مێژووی سەدەی ٢٠دا سەیر بکرێ. لابردنی ڕەزاشا و داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئێران لە لایەن سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٤١، کودەتای سازمانی سیا و سرویسی جاسووسیی بریتانیا و ... سەرۆکوەزیرانی ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

محەممەد موسەدیق لە ساڵی ١٩٥٣دا و داسەپاندنی رژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی، چوونی تانکەکانی سۆڤیەت بۆ پراگ لە ساڵی ١٩٦٨دا، بە ڕەسمی‌ناسینی کوردەکان بۆ یەکەمین‌جار و دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی لە عیراق لە ساڵی ١٩٧٠دا و وتووێژەکانی دواتری مستەفا بارزانی و سەددام حوسێن و ڕاپەرینی گەلانی ئێران دژی خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩دا، وا لە ژیانی ڕەحمان دەکەن کە بایەخی هەبێ. پێم‌وایە ڕەحمان ڕێبەرێکی شۆڕشگێری هەڵکەوتوو و نموونە بوو. ئەو ئوسوولی دێموکراسیی تولێرانس و دیالۆگی ڕێبەرایەتی دەکرد. لە سالەکانی ٨٠ دا زۆربەی هێزەکانی شۆڕشگێر چەپی ڕادیکاڵ بوون و بیرۆکەی ئیدئۆلۆژی بەسەر بەرژەوەندی‌یەکانی گەلاندا زاڵ بوو. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەحمان مرۆڤێکی دیار (زەق) بوو لەمەڕ سیاسەتی پراگماتیکی و میانەڕەوی، ئەو بایەخانەی کە مارکسیسم لنینیسم، فەوتاندبوونی بەرنامەی سیاسیی ئەو لە پێناو بەرژەوەندیی گەلی کورددا بوو.

وەک نووسەر بۆ کتێبەکەم بەڵگەی باشم هەبوون، جینایەتێک کە بێ‌سزا (مجازات) ماوەتەوە، ئەویش لە شارێکی ڕۆژئاوا، کەسایەتی‌یەکی وەک ڕەحمان و ژیان و بەسەرهاتی، هەموویان زەمینەیەکی لەباریان بۆ من رەخساندبوو تا مێژووی کورد بە تایبەتی لە ئێران و تا رادەیەکی کەمتر لە عێراق بێنمە بەر باس.

باسی ناسینی ڕەحمان، ڕۆژێک مەقالەیەکم بۆ خوێندەوە کە لە سەر فەوتی یۆلماز گونای نووسیبووم، کە تەواو بووم پێی گوتم: « ئەگەر مردم پێم‌خۆشە لە سەر ژیانی من و خەباتی گەلەکەم کتێبێک بنووسی». ئێستا پاش نێزیک بە ٢٠ ساڵ ئەو بەڵێنی‌یە بە بڵاوبوونەوەی پەرتووکەکەم لە ونزوئلا بەجێ دێ. دڵنیام کە خوێنەران زۆر بابەت کە تا ئێستا لە سەر ڕەحمان نەیان‌بیستوە پێی ئاشنا دەبن. زۆرجار بە ڕەحمانم دەگوت بۆ بەسەرهاتی خۆت (بیوگرافی) نانووسی، وەڵامەکەی هەمیشە ئەوە بوو کە کاتی نیە، منیش لە وەڵامدا دەمگوت زەبتێک بە دەستەوە بگرە و بەسەرهاتی خۆت بە دەنگ تۆمار بکە.

هێندێ‌جار دەیگوت کە بیری لە نووسینی بیوگرافیی خۆی کردۆتەوە و کاتی ئەوە هاتوە تۆماری بکا و دەبێ ئاوا دەست پێ‌بکەم:

«من ڕۆژێک لە دایک بووم کە سمکۆ کوژرا» بە سەرسوڕمانەوە لێم پرسی بەراستی وایە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵامی دایەوە نا. سمکۆ لە ژوئەنی ١٩٣٠دا کوژرا ئەو ساڵەی کە من لەدایک بووم، بەڵام گرنگ نیە، بڕوانە چ سەرەتایەکی بە هێزە؟ ڕێبەرێکی کورد دەمرێ و هاوکات یەکی‌تر لە دایک دەبێ!

بۆ ژیان و بەسەرهاتی ڕەحمان لە زۆر وتوویژ و بیرەوەری و سەرچاوە کەڵکم وەرگرتوە، بەڵام لە هەمووان گرنگتر بۆ من کە زۆریان یارمەتی دام وتوویژی ڕەحمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی ئاغای Janathan Randal ە، کە زۆر سەخاوەتمەندانە پێی‌دام و یارمەتیی گەورە بوو بۆ سناریو و دیالۆگی ژیانی ڕەحمان.

**پرسیار: بێ‌گومان لە بیرتە کە ماوەیەکی زۆرکەم پێش تیرۆری، قاسملوو لە مادرید بوو، هەم ئەتۆ و هەم ئەوم بۆ زەماوەندی خۆم (١٤ی ژووئیەی ١٩٨٩) بانگهێشتن کرد، قاسملوو گوتی لەو تاریخەدا بەرنامەی هەیە و ناتوانێ بێ. ئایا ئەتۆ زانیاریت هەبوو کە بۆ وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەچێتە وییەن؟ ئەگەر وەڵام ئەرێ‌یە، چت پێ‌گوت؟**

**وەڵام:** نا. نەم‌دەزانی کە دەچێ لەگەڵ ئێرانی‌یەکان دادەنیشێ. کە خومەینی مرد پێی‌گوتم کە ئێستا وەختی بەتەوافوق‌گەیشتن هاتوە و چەند حەوتوو پێش کوژرانی باسی ئەوە دەکرا کە بارودۆخ بەرەو مەسیرێکی باش دەچێتە پێش، بەڵام وردەکاریی زیاتری بۆ باس نەکردم. ئەوەی ڕۆژانی پێش کوژرانی بۆ من سەرنج‌ڕاکێش بوو، ئەوە بوو کە زۆر خۆشحاڵ و هەڵسووڕم دەهاتە پێش چاوان، ئەوانە قسە و دیمەنەکانی دوایین ڕۆژەکانی پێوەندی‌یەکانی ئێمە بوون.

**پرسیار: ساڵانێکی زۆر تێ‌پەرین تا کتێبەکەت بڵاو بۆوە، تا ئێستا بە دەستم نەگەیشتوە، ئایا لەگەڵ پاکنووسەی ساڵی ١٩٩٢ کە بۆ سەیرکردن و خوێندنەوە دات بە من، زۆر جیاوازیی هەیە؟**

**وەڵام:** نا، لە سەریەک هەر ئەوە، تەنیا ئەوەی کردوومە ئەوەیە کە پێی‌دا چوومەوە و هێندێ شتم چاک کردوە، دەزانی کاتێک بەسەر نووسراوەکان‌دا دەچیەوە هەمیشە لەگەڵ وردەبابەت ڕووبەڕوو دەبی و خەریکی باشترکردنیان دەبی و غەلەتەکانی ڕاست دەکەیەوە.

بۆ وێنە زانیاریم لەسەر داواکاریی نوێنەری پارلمانی ئوتریش Peter Peliz بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردنەوەی دۆسیەی قەتڵ و لێکۆڵینەوەی پارلمانم پێوە زیاد کردوە. دوو کرۆنولۆژی (زەمان نیگاری)م بە مەبەستی یارمەتی‌دان و ئاسانکاری بۆ خوێنەر داناوە یەکیان لە سەر ڕەحمان و ئەوی‌تریان لە سەر ڕووداوە مێژوویی‌یەکانی کوردستانی ئێران و عیراق و بەرین‌کردنی لیستی ئەو کەسانەی کە وتووێژم لەگەڵ کردوون و دابەش‌کردنی ئەوان، ئەوەشی هەر بۆ ئاسانکاریی خوێنەرانە کە لەو لیستەیە وەک سەرچاوە کەڵک وەردەگرن.

**پرسیار: لە وەڵاتێک کە پێوەندیی گەرمی لەگەڵ ئێران هەیە بڵاوبوونەوەی پەرتووکێکی ئاوا کارێکی ساکار نیە، بە تایبەت تۆ لە کتێبەکەتدا نە گوڵان بە ئێراندا دەدەی و نە بە بەژن‌وباڵای کۆماری ئیسلامی هەڵدەدەی، بە پێچەوانە، قامکی تاوانباری (اتهام) بۆ ڕژێم وەک بکەری ئەو جینایەتە درێژ دەکەی، بەڕاستی وەک موعجیزە ناچێ؟ دەتوانی زۆرتر بۆمان بدوێی؟**

**وەڵام:** لە ونزوئلا سەرەڕای هەوڵی دەوڵەت بۆ ڕاگرتن و ستۆپ کردنی ئازادی‌یەکان، دێموکراسی ئیستاش بایەخی هەیە، هەر چەند کاناڵێکی تەلەفزیۆنی داخراوە و دەوڵەت لە ڕێگای گوشار و توندوتیژی و بواری ماڵی و بوودجەوە بۆ سەر میدیاکان نەی‌توانیوە چۆک بە ڕاگەیاندنە گشتی‌یەکان دابدا. میدیاکان ڕەخنە دەگرن و شتی خۆیان دەڵێن. تا ئێستا سانسۆر نەگەیشتۆتە چاپخانەکان. لاموایە دوو مەسەلە لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەدا شوێنیان داناوە کە ئێستا پاش ١٦ ساڵ بڵاو دەبێتەوە، یەکەم هەبوون و بەشداریی کوردان لە ناو میدیاکانی نیونەتەوەیی و دووهەم نیگەرانیی خەڵکی ونزوئلا لەمەڕ پەیوەندی‌یەکانی چاوێز و ئەحمەدی‌نژاد.باوەڕم نەدەکرد کە کتێبەکەم بەو شێوەیە سەرنجی مێدیاکان و خوێندکارانی زانستگاکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. وام نەدەهاتە پێش چاو و واشم بیر نەدەکردەوە، کە من ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانم لە ونزوئلا وێنەکانی ڕەحمان، پێشمەرگە و کورد بە خوێندکارانی بەشی ڕۆژنامەنووسی، زانستە سیاسی‌یەکان و بەشەکانی‌تر نیشان بدەم و قسەیان لەسەر بکەم.

**پرسیار: خەڵکی ونزوئلا چۆن سەیری پەیوەندیی وڵاتەکەیان لەگەڵ یەکێک لە ڕژێمە هەرە خوێن‌ڕێژەکانی سەر زەوی دەکەن؟**

**وەڵام:** خەڵک بە نیگەرانی‌یەکی زۆرەوە سەیری پەیوەندیی نێوان چاوێز و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەحمەدی‌نژاد دەکەن. لە هەمان‌کات‌دا زانیاریی زۆریان لە سەر ئێران و مێژووی سەردەمی ئێران نیە، ئەو نەبوونی زانیاری‌یە هێندێک وڵاتی دیکەش دەگرێتەوە. چەند ڕۆژنامەنووسێک دەناسم کە خەریکی لێکۆلینەوە لە سەر شەخسی ئەحمەدی‌نژاد و مەبەستی ناوبراو لە حوزووری لە ونزوئلان. بۆم سەیر نی‌یە کە دەست بە لیکۆڵینەوە و نووسین بکەن بۆ ئەوەی ئایا ئەم پەیوەندی‌یە تەنانەت لەمەر دوژمنی هاوبەش واتە ئەمریکایە یا بە ڕاستی زیاتر و قووڵتر لەوەیە. ونزوئلا و ئێران زۆر گرێبەستی بازرگانی‌یان واژۆ کردوون و گەشتی ئاسمانیی ڕاستەوخۆ لە نێوان کاراکاس ـ تاران لە ڕێگای دەمیشقەوە بەردەوام و لەئارادایە.

**پرسیار: دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ هەڕەشەکانی بەرامبەر بە ڕۆژئاوا و ئیسرائیل چۆن سەیردەکەی؟ بۆچوونت لەسەر بەرنامەی ناوکی چیە؟ ئایا دەکرێ بە ئێران باوەڕ بکرێ کاتێک دەڵێ مەبەست لەو بەرنامەیە ئاشتی‌خوازانەیە؟**

**وەڵام:** سیاسەتی دەوڵەتی ئەحمەدی‌نژاد سیاسەتێکی پۆپۆلیستی‌یە (خەڵک فریودەرانە) بە مەبەستی وەدەست‌هێنانی پشتیوانیی کۆمەڵانی هەژار و لە هەمان‌کات‌دا ئەو سیاسەتە بۆتە هۆی لەناوبردنی ئابووریی وڵات، ئاوسانی گەیاندۆتە ٢٥٪، ڕادەی بەرزی بێکاری، بێ‌سوباتی، هەروەها زیاتر لە ٤٠٪ لە دانیشتووانی ئێران لە ژێر خەتی هەژاری‌دا دەژین و لە یەک‌کەلام دا ئیدارەی خەراپ و غەیری‌موئثر کە قەیرانی ئابووریی خوڵقاندوە. لە لایەکی تر لێدوانە توندەکانی ئەحمەدی‌نژاد بە دژی ئیسرائیل و ئەمریکا و شوێنی‌تر لە لایەن ڕۆژئاوا و وڵاتانی جیران بە نیگەرانی‌یەوە سەیری دەکرێ، بەڵام لە هەمان‌کات‌دا جێی خۆی لە نێو دانیشتووانی عەرەبی سوننە کردۆتەوە و ئەم هەڕەشانە ئامرازێکن بۆ ئەوەی سەرۆک کۆماری ئێران بە ئاواتی ڕێبەرایەتیی ناوچە بگەیەنن.

بێژم لە هەڕەشەکانی هەڵدەستی، بەڵام زۆرتر بۆ مەسرەفی ناوخۆ و بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی وەک ڕێبەری ناوچەیە. ئەحمەدی‌نژاد مەسەلەی ئەتۆمیی کردوە بە شانازیی نەتەوەیی. چونکە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە هیچ چەشنە دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی ئێران نەبووە.سەرەڕای گوشار و سزای نێونەتەوەیی، پێم‌وایە ئێران دەست لە پرۆگرامی ئەتۆمی هەڵناگرێ. بۆ ئێران چەکی ناوکی بە مانای فاکتۆری پێش‌گرتن بە هەر چەشنە هێرشێکی دەرەکی بۆ سەر ئەو وڵاتەیە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: بۆت باس کردم کە لە لایەن دوکتور Bernard Granjon بێرنارد گرانژۆن (لە پزیشکانی جیهان) ئاگاداری دابەشبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووی کە ساڵ و نیوێک بەر لە ئێستا لە ساڵی ٢٠٠٦دا ڕووی دا، ئەو پرشوبڵاوییە لە نێو هێزە کوردییەکاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**وەڵام:** هەرکات ئاگادار دەکرێمەوە کە لە ناو کورداندا دابەشبوون و تێکهەڵچوون ڕووی داوە، هەستێکی پڕلە خەم و پەژارە و نائومێدی بەسەرمدا باڵ دەکێشێ. ئەو نەگبەتییە دژی بەرژەوەندی و داهاتووی گەلی کوردە. هیوادارم کە ڕۆژێک کورد فێر بێ کە ناکۆکییەکانی عەشیرەتی، شەخسی و سیاسی وەلا بنێ و لە جێگای ئەوانە خەریکی دروستکردن و پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسیی یەکگرتوو بن.

**پرسیار: هەل ومەرجی کورد لە عێراق چۆن دەبینی؟**

**وەڵام:** بارودۆخی کورد لە عێراق نەک بۆ کوردان بگرە بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە. کورد لە عێراق نیشانی داوە کە توانای بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی خاکی خۆی هەیە. لەکاتێکدا عێراق نوقمی تێکهەڵچوونی ئایینییە و تیرۆریزم بەدبەختی وماڵوێرانی دەخوڵقێنێ، کوردستان بۆتە نموونەی ئاشتی. دێموکراسیی تازەپێگەیشتووی کوردستانی عێراق مودێلێکە بۆ دراوسێکان.

پێکهاتە سیاسییەکان و کەمایەتییەکان ڕێزیان لێدەگیرێ و مافی بەشداریی تەواویان هەیە لە دەسەڵاتدا، هەروەها ژنان بەشداریی چالاکانە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەرێمدا دەکەن.

**ڕەحیم قادری: کارۆڵ زۆر سپاس بۆ ئەوەی کاتی ئەو وتوویژەت بۆ ڕەخساندین تا زیاتر لە بیروبۆچوونەکانت لە مەڕ مەسەلە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژ ئاشنا بین. هیوادارین هەر وا دۆستی گەلی کورد بمێنیەوە.**

**کارۆڵ:** زۆر سپاس بۆ ئێوەش.

سەرچاوە ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی : ٥ی جوولای ٢٠٠٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د. قاسملوو گوتی: کارۆل، ئەو رۆژەی کە من دەمرم پێم خۆشە کتێبێك لەسەر من و مەسەلەی کورد بنووسی

## دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ نووسەری کتێبی «رەحمانی کوردان»

**دیمانە: فەتاح کاویان وەرگێڕان لە فارسییەوە: رەسووڵ سوڵتانی**

**پرسیار: کەی و لە کوێ دوکتۆر قاسملووتان بینی؟**

**وەڵام:** ساڵی ١٩٨٣ لە ئەنیستیتووی کورد لە پاریس و لەو کاتەدا کە پێشانگایەک بۆ هونەری کوردی لەوێ کرابۆوە چاوم پێی کەوت. لەگەڵ یۆڵماز گۆنەی و خێزانی، فاتووش، چوومە پێشانگاکە. کەندال نەزان بە دوکتور قاسملووی ناساندم. دوو رۆژ دواتر، لە کاتی وتوویژ کردنیدا لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێ هەواڵنێرەکانی خۆم کە نوێنەری ئینتەرپرێس سێرویس (IPS) بوو، دیسان چاوم بە دوکتور قاسملوو کەوتەوە.

**پرسیار: ئێوە دوکتور قاسملوو وەک رێبەرێکی سیاسی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**وەڵام:** دوکتور قاسملوو نموونەی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ بوو. چونکە ئەو، بنەماو پرەنسیپەکانی دێموکراسی و هێوری‌و خۆڕاگری و هەروەها میتۆدی دیالۆگ (وتوویژ) ی رەچاو دەکرد. پراگماتیزم و میانەڕەویی و تێگەیشتن و چاوکراوەیی ئەو، نەک هەر بۆ خەڵکەکەی خۆی بەڵکوو لە بەرانبەر رۆژئاواش‌دا بە گشتی، ئەوی کردبووە کەسێکی تاقانە. ئەو بە هیچ شێوەیەک لایەنی تیرۆریزمی نەدەگرت و خۆیشی هیچکات دەستی بۆ تیرۆرو رفاندن و بارمتەگرتن و بۆمب‌دانانەوە لە شارەکانی ئێران‌دا نەبرد لەحاڵێک‌دا راگەیەنە گشتی‌یەکان سەرنج و گرنگی‌یەکی ئەوتۆیان بە مەسەلەی کورد نەدەدا، واقیعیەتێک کە ئێستا بە تەواوی لە خۆرهەڵاتی ناڤین‌دا لە گۆڕێ‌دایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بە جوانی لە کاروباری سیاسیی جیهان‌و بایەخی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ سیاسەتڤانان و هەواڵنێرو کەسانی هەڵکەوتەی ئورووپایی، تێ‌دەگەیشت و هەر ئەو شێوە بیرکردنەوەیە ئەوی کردبووە کەسێکی واقیع‌بین و پراگماتیست کە رێبەرە کوردەکانی دیکە خاوەنی ئەو تایبەتمەندی‌یانە نەبوون. ئەو نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە خۆرهەڵاتی ناڤین‌دا کەسێکی دوارۆژبین و پێشکەوتوو بوو. ئەو لەو کات‌دا بە باشی لەوە تێ‌گەیشتبوو کە مارکسیزم – لینینیزم یا توندڕەوی بۆ گەلەکەی ئەو رێگەیەکی شیاوو گونجاو نیە. بەرنامەی سیاسی و دێموکراتیکی ئەو لە خزمەتی ئارمانجی نەتەوەی کورددا بوو. ئەو بە روونی لەوە تێ‌گەیشتبوو کە دەبێ کوردەکان سنوورەکانی داب‌ونەریتی عەشیرەتی و کۆنیان ببەزێنن و دەوڵەتێکی مۆدێڕن دامەزرێنن. ئەو هاریکاریی هیچکام لە دەسەڵاتە زاڵەکانی بە سەر کوردستان‌دا نەکرد.

**پرسیار: چ شتێک کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد کە دوکتور قاسملوو تیرۆر بکا؟**

**وەڵام:** ئەو یەکێک لە ئەندامە هەرە گرنگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی ئیسلامی بوو. لەگەڵ ئەوەش‌دا قسەی وی بۆ کوردەکان و راگەیەنە گشتی‌یەکان و رێبەرانی جیهانی دەرەوە، گرنگ و جێی سەرنج بوون. ئەو نوێنەری دێموکراسی، مۆدێڕنیتەو قەبووڵ‌کردنی دژبەرانی رێژیمی تیۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو سیاسەتڤانێکی بە ئەزموون بووو بە جوانی لە هونەری دیپلۆماسی و دیالۆگ تێ‌دەگەیشت و وەک پردێک وابوو بەرەو جیهانی خۆرئاوا. کوردی ئێران پشتیوانی بوون‌و پەیڕەوی‌یان لێ‌دەکرد، ئەو هیچ‌کات ئیزنی بە هیچ دەوڵەتێک نەدەدا بە میتۆدی رابردوو (کە کەڵکیان لە رێبەرانی کورد وەردەگرت) بیکەنە داردەستی خۆیان. ئەوان باش ئەوەیان دەزانی کە ئەو لە دانوستانەکان‌دا دەست لە مافی رەوای کوردەکان بۆ دەستەبەرکردنی خودموختاری هەڵ‌ناگرێ. کوردستان بۆ ئەو لە سەرووی هەموو شتێکەوە بووو ئێرانی‌یەکانیش ئەو شتەیان بە باشی دەزانی.

**پرسیار: چۆن لە بزووتنەوەی کوردی پاش تیرۆری د. قاسملوو دەڕوانن؟**

**وەڵام:** تیرۆری قاسملوو زەبرێکی گورچووبڕ بوو کە وە پەیکەری کوردەکانی ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوت. تیرۆری شەڕەفکەندییش هەروەتر. بزووتنەوەی کورد لە ئێران بەرەو لاوازی چوو. کورد ڕێبەرێکیان لە دەست دا کە یەکگرتووی کردبوون ـ بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو لێکدابڕانانەی  کە لە حیزبدا هاتنە پێش و پرۆژەیەکی سیاسییشی هەبوو کە هەوڵی دەدا جێبەجێ بکرێ.

**پرسیار: ناوی ئەو کتێبە لە بارەی دوکتور قاسملووەوە نووسیووتە چیە؟**

**وەڵام:** ژان و پەژارەی مەرگی ڕەحمانی کوردان. خولیای کوردستان.

**پرسیار: چ شتێک ئەو کتێبەی پێنووسیت؟**

**وەڵام:** هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە کتێبێک لە سەر کورد بنووسم. چونکە بەزمانی سپانیولی زۆر بە دەگمەن لەو بارەیەوە شت نووسراوە. کاتێک دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلای قادری ئازەر کوژران هاتمە سەر ئەوەی کە ئەو کتێبە لە سەر ئەوان بێ و لەگەڵ ئەوەشدا جینایەتێکیش مەحکووم دەکەم کە بەڕێوەبەرەکانی سزا نەدرابوون. هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە دەتوانم بە نووسین لەسەر ژیانی قاسملوو سەربردەی ژیانی کوردی ئێران و تارادەیەکیش باری کوردی عێراق وێنا بکەم. هەستم دەکرد کە نووسین لە سەر قاسملوو شتێکی گرنگە چونکە ئەو ڕێبەرێکی تاقانە بوو لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا. هەروەها بیرم دەکردەوە کە باسکردن لە مەسەلەی کورد بۆ سپانیۆلیزمانەکانیش شتێکی گرنگ بێ. ئەو پیاوێکی هەڵکەوتە بوو و نووسین لە سەر وی ئەو دەرفەتەم پێدەدا چیرۆکێکی دڵبزوێن بنووسم لە ڕێگەی پەنجا وتووێژ لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەویان دەناسی، توانیم ژیانی ئەو ببووژێنمەوە.جاناتان رەندال کە ئەوکات هەواڵنێری واشینگتۆنپۆست بوو، بۆ ئەو کتێبەی کە بەدەستیەوە بوو وتووێژێکی زۆر دوورودرێژی لەگەڵ قاسملوو کردبووو زۆر بە دڵاوایییەوە ئەو وتووێژەی پێدام. وتووێژێک کە ئەو بوارەی بۆ رەخساندم کە زۆربەی ئەو وتووێژو شتە بیستراوانەو مەرجە جیاوازانەی لە کتێبەکەمدان راست بکەمەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: بنەمای کتێبەکە لەسەر چی دارِێژراوە؟**

**وەڵام:** ئەو کتێبە دابەش کراوە بە سەر ٥ بەشدا.

**بەشی یەکەم:** باسی دوکتۆر قاسملووو عەبدوڵلا قادری ئازەرە لە رۆژانی ١٢ و ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا لە شاری ڤیەن دەکرێ. لە سایەی وتووێژێکەوە کە دۆستێکی سپانیۆلیم لە ڤیەن کردبووی، رووداوو راستییەکان، راست کراونەوە. ئەو نەک هەر ژمارەیەک کورد و دۆستی خۆی دواندوون، بەڵکوو وتووێژی لەگەڵ پۆلیس‌و سیاسەتڤان و کەسانی دیکەی ئۆتریشیش کردوە.

**بەشی دووهەم:** ناوی «شۆرشی خودایی»یە. ئەم بەشە بەو شێوەیە دەست پێ‌دەکا: قاسملوو لە نۆزدەیەمی ئووتی ١٩٧٩دا لە مەهاباد لە ماڵەکەی خۆی‌دا، دانیشتوەو چاو لە TV دەکا. تەلەڤزیۆن دەسپێکی کۆبوونەوەیەک نیشان دەدا کە تێی‌دا پسپۆرِانی شووورای قانوونی ئەساسی لە تاران لە دەوری یەکتر کۆ بوونەتەوەو خومەینی سزای مەرگ بۆ قاسملوو دەبرِێتەوە. تەواوی باس و خواسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە پێوەندیی بە رووخانی شاو ئەو شۆرِشەی کە بووە هۆی پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن خومەینی‌یەوە و هەروەها بارودۆخی مەهابادی ساڵی ١٩٧٩ و شەرِی سێ مانگەوە هەیە.

**بەشی سێهەم:** ناوی بێ‌ئەنوایانی جیهانە. پاشەکشەی حیزبی دێموکرات بەرەو چیاکان، هاتنی رێکخراوە پزیشکی‌یە فەرانسەیی‌یەکان: ئەزموونی من لە کوردستان و دارِشتنەوەی رەوشی سیاسی و مەزهەبی لە کوردستان‌دا لە رێگەی وتوویژ لەگەڵ دوو مەلای سوننی‌مەزهەبی کورد ئەحمەد دەرویشی‌و خالید عەزیزی.

**بەشی چوارەم:** ناوی رەحمانی کوردانە. ئەو بەشە تەرخان کراوە بۆ ژیانی قاسملوو لە قۆناخی منداڵی‌یەوە هەتا ئەوکاتەی کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا دەگەرِێتەوە کوردستان.

**بەشی پێنجەم:** لێکۆڵینەوەکانی لەخۆ گرتوە. دوای کوژرانی (دوکتۆر قاسملوو) و ئەوەی کە لە رێگەی چاوپێکەوتن‌و وتوویژ لەگەڵ چەند کەسێک‌دا کراوە: سووسەن رەسووڵ، بن بلا(کە لە ئەلەجزایر دواندم)، جەلال تاڵەبانی، شەرەفکەندی و هیلێن کرولیچ راپۆرتەکانی پۆلیس و کۆمەڵێک بەڵگەو ئەو کاسێتانەی کە تێیان‌دا قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ نوێنەرانی ئێراندا قسە دەکا. هەمووی ئەوانە لە شوێنی جینایەتەکە وەدەست کەوتن.

ئەو بەشە لیستەیەک لە تیرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزسیونی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩وە هەتا ١٩٩٢ لەخۆ دەگرێ.

دوایین باس کە لە ژێر ناوی سمکۆدا نووسراوە، تەنیا بەشێکی بچووکی کتێبەکەی گرتوە. دوکتور قاسملوو جارێک پێی گوتبووم ئەگەر ویستبای ڕۆژێک لە ڕۆژان ژیاننامەی خۆی بنووسێ، نووسینەکەی خۆی بەو قسەیە دەست پێدەکرد کە ئەو ڕۆژەی سمکۆ شەهید کراوە ئەو لە دایک بووە. ئەوە زۆر ڕاست نیە. قاسملوو هەر لەو ساڵەدا لە دایک بووە بەڵام نەک ئەو ڕۆژەی کە سمکۆ شەهید کراوە. بەڵام لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە وەها کارێک دەسپێکێکی گەلێک گرنگ دەبێ بۆ ژیاننامەکەی. کەوا بوو ئەمن پێم وابوو کە سمکۆ لەگەڵ هاوڕێیانی دەچووە شنۆیە و دەیویست چاوی بە نوێنەرانی شا بکەوێ و لەسەر ئاشتی و هێمنی قسەیان لەگەڵ بکا. کاتێک لە نێو شاری پێ  دەرکێفان دەنێ، دەوروبەری خۆی رووناک دەبینێ و لە پەنجەرەکانەوە چاوی بە چەند ژنێک دەکەوێ کە لە هاتوچۆدان.

پێم وابوو کە سمکۆو دوو کوردی دیکە لەگەڵ سێ ئێرانی چاویان پێک دەکەوێ و نازانم چ بە زەینی سمکۆو دوو کوردەکەدا هات. کاتێک خوێنی سمکۆ لە ماڵێکی نزیک ئەوێدا ڕژاوە منداڵێک بە ناوی عەبدولرەحمان لە دایک دەبێ. کتێبەکە بەو شێوەیە کۆتایی دێ.ئەو کتێبە ڕووداوەکانی ژیانی د. قاسملووو یەکێک لە کارەساتەکانی کوردستان لەخۆ دەگرێ. بە تایبەتی لیستەیەک لەناوی ئەو کەسانەی کە لە کتێبەکەدا ناوم هێناون.

**پرسیار: ئەم کتێبە دەکرێتە کوردی؟**

**وەڵام:** بەڵێ ئەو کتێبە دەکرێتە کوردی. رەحیم قادری کە لە سپانیاو لە مادرید دەژی و لە کوردی‌یەوە شتی کردوونە سپانیۆلی و بە پێچەوانەش، ئەو ئەم کتێبە وەردەگێڕێ. دوای ئەوە سەبارەت بە چاپکردنەکەی لەگەڵ سەرنووسەرە وێنزوئێلاییەکەی قسان دەکەین.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: چ بیرەوەرییەکی تایبەتتان لە د. قاسملوو هەیە؟**

**وەڵام:** ڕۆژێکی، وتارێکم نیشان دا کە بەر لە مەرگی یۆڵماز گۆنای بەهۆی شێرپەنجە، لە سەریم نوسیبوو، لە وێنزوئێلا چاپ کرا بوو. بۆ (د. قاسملوو)م تەرجەمە کردەوە.

لە کۆتاییدا گوتی: کارۆل، ئەو ڕۆژەی کە من دەمرم پێمخۆشە کتێبێک لەسەر من و مەسەلەی کورد بنووسی و ئێستاش پاش ئەوەندە ساڵە کتێبەکە چاپ کراوە ئەمن پەیمان و بەڵێنی خۆم بردۆتە سەرێ.

کارۆل پروون هووبێر :لە کاراکاس، وێنزوئێلا لە ساڵی ١٩٥٦دا لە دایک بووە. لە کاراکاس، لە زانکۆی کاتولیکای ئاندرس بیلۆ خوێندوویەتی. لە بواری موتاڵاو لێکۆڵینەوە لەسەر سپانیاو ئەمریکا پلەی دوکتۆرای لە زانکۆی پاریس وەرگرتوە (پاریس ١٩٨٧).

کۆمەڵە وتارێکی لەسەر مەسەلەی کوردان لە گۆڤارەکانی وینزوئیلادا بڵاو کردەوە. ئەو گۆڤارانە بریتی بوون لە:نیوراسیوسیداد، ئەگزیسیۆن، ئەل دیاریۆو ڕۆژنامەکانی ئەل دیارو دوکاراکاس، ئەل گلۆبۆو هەروەها بە زمانی سپانیۆلی لە ڕۆژنامەگەلێکی وەک ئەل پاییس، دیاریۆو ئەل ئیندی پیندێنت.

بە ڕێنوێنیی فیلمێکی کوردەکانی تورکیا، لە دەرهێنانی یۆڵماز گۆنای کە لە ساڵی ١٩٨٢دا لە کەن کە چاوی پێی کەوتوە لەگەڵ مەسەلەی کوردان ئاشنا بووە. ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ ئاژانسی فەرانسەیی گاما، سەردانی کوردستانی کردوە. بۆ ئەوەی کۆمەڵێک بەڵگەی لەسەر خەباتی حدک لە دژی کۆماری ئیسلامی وەدەست بکەوێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداریی د.قاسملوو لە کلاسی دەورەکانی سیاسیدا، تەنیا بۆ بەشدارانی دەورە گرنگ نەبوو،

**چەکۆ رەحیمی**

**بەشداریی د.قاسملوو لە کلاسی دەورەکانی سیاسیدا، تەنیا بۆ بەشدارانی دەورە گرنگ نەبوو، بەڵکوو بۆ کارگێڕان و مامۆستایانی فێرگەش، گرنگ بوو.**

**روانگەی دوکتور قاسملوو بۆ دامەزراندنی فێرگەی سیاسی - نیزامی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نەزمو دیسیپلین لە هێزی پێشمەگە و خەڵکی بوون و بە زمانی خەڵک قسەکردن چەند تەوەری ئەو تووێژەیە کە بە بۆنەی ٢٢هەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆری ئەو رێبەرەی مەزنەی گەلی کورد پێکمان هێناوە. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ بەڕێز کاک چەکۆ رەحیمی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژمان کردووە.**

**پرسیار: بەڕێز کاک چەکۆ رەحیمی بەڕێزتان کاتێک بۆ یەکەمین جار فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دامەزرا، ئەرکی بەرپرسایەتیی ئەو فێرگەتان وەئەستۆ بوو. دەکرێ بفەرموون بۆچوونی کاک دوکتور قاسملوو لەسەر دامەزرانی ناوەندێکی فێرگاری بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن بوو؟**

**وەڵام:** قاسملوو پێی وا بوو، ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی، بەر لەوەی خەبات دەست پێ بکات، دەبێ حیزبەکەی بناسێ و بزانێ لە هەلومەرجی تایبەتیدا توانای بڕیاردان و شیکردنەوەی مەسایلی هەبێ. هەروەها پێی خۆش بوو ئەوەی دەیزانێ بە هاوڕێیانی بڵێتەوە، بە گشتی د.قاسملوو نەزەری وا بوو، کە مرۆڤ هەرچی زیاتر بزانێ، ئەوەندەش خۆڕاگرتر دەبێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د.قاسملوو بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی پێشمەرگەو ئەندامی حیزب، هەمیشە پێشقەدەم بووەو بەر لە دامەزراندنی فێرگەی سیاسی نیزامی، لە ساڵەکانی ١٣٥٨ و ١٣٥٩ و ١٣٦٠ چەند دەورەی پەروەردەیی سیاسی نیزامی بۆ پێشمەرگەکان داندرا. لە دامەزراندنی کۆمیسیۆنێک بە ناوی کۆمیسیۆنی پێشمەرگەو پاشان فێرگەی سیاسی نیزامی و دابینکردنی کەرەسەی فێرکاری و بەردەوام سەردانکردنی و بەشداریکردن لە وانەکانی سیاسیدا، هاندەرێک بووە.

**پرسیار: دوکتور قاسملوو کە لە زانستگاکانی پاریس و پراگ وانەی ئابووریی سیاسی دەگوتەوە، زۆر جار وەکوو مامۆستای فێرگە یان مامۆستا دەورە فێرکارییەکانی کادری سیاسی و نیزامی حیزب وانە گوتووەتەوە. بەڕێزتان وەکوو شایەت حاڵێک دەکرێ بفەرموون رۆحییەی قوتابییانی فێرگە یان دەورەکان لە کاتی وانەگوتنی دوکتور قاسملوودا چۆن بوو؟**

**وەڵام:** بەشداریی د.قاسملوو لە کلاسی دەورەکانی سیاسیدا، تەنیا بۆ بەشدارانی دەورە گرنگ نەبوو، بەڵکوو بۆ کارگێڕان و مامۆستایانی فێرگەش، گرنگ بوو، لەو کلاسانەدا هاوڕێیانی فێرگەش ئیزن دەدران بەشدار بن، بۆ خۆم بە بەردەوامی لە کلاسەکانی وەک گوێگرێک بەشداریم دەکرد، کلاسەکەی زۆرشیرین و سەرنجڕاکێش بوو، هەستت بە ماندووبوون نەدەکرد. بەتایبەت بۆ بەشدارانی دەورەکە لە ناوچە جۆراجۆرەکانی کوردستانەوە هاتبوون، هاندەرو جێی خۆشحالی پتریان بوو، شتێک کە زۆر سەرنجی بەشدارانی رادەکێشا، وەختناسی و تەنزیمی وانەکە بوو، سەری کات دەستی پێدەکرد و بە کۆتایی کات تەواو دەبوو، جلکی رێکوپێک و ردێنی تاشراو و جامانەو پشتێند هەمووی درس بوون بۆ ئەوانەی لە سەر کلاس بوون.

**پرسیار: لە نووسراوەو وتارەکانی دوکتور قاسملوودا دەردەکەوێ کە رێبەری گەورەی گەلی کورد نەزمو دیسیپلینی بە یەکێک لە بنەماییترین کۆڵەکانی کاری رێکخراوەیی لەقەڵەم داوە. ئەگەر دەکرێ بفەرموون ئەو نەزمو دیسیپلینە لە چ هەنگاوگەلێک یان لە چ بڕیارگەلێکدا زیاتر بەرجەستە بوونەتەوە؟**

**وەڵام:** د.قاسملوو بەو زانابیەی هەیبوو، خۆی بەدیسیپلینو بەنەزم و وەختناس بوو، ئەوانە تایبەتمەندییە گرنگەکانی مودیرێکی سەرکەوتوویە.

**دکتور قاسملوو:** داهێنەری سیمای دێموکرات بوو، کە ئەوەندە بە زمانێکی سادەو قابل دەرک نووسراوە کە بە ئاسانی لە بیرۆکەی ئەو ریبەرە بە نیسبەت دێموکراسیو نەزم، حالی دەبی. وەک ئاماژەم پێ کرد لە نەزەر د.قاسملوودا پێشمەرگە دەبێ: وختناس بێ، جلوبەرگی مورەتەبی هەبێ، لێوبەپێکەنین بێ، خۆبەزلزان نەبێ، قانع بێ و پاک و خاوێنی خۆیو ژینگەی بپارێزێ، بە بەردەوامی حەول بدات بۆ فێربوون، رەخنە بگری و پێشنیار بدا، بڕیاراتی حیزبی بەڕێوە بەرێ، بە پێی ئەساسنامەو ئاییننامەکان ئەرکی حیزبی راپەرێنێ ـ بە بەردەوامی لە بۆنەکانی حیزبیدا بەشداری بکا، لە هەر بڕیارێک حالّی نابی پرسیار بکا. یان هاوڕێیان توجیە بکرێن، خۆی بە خزمەتکاری خەڵک بزانێ، بە زمانی سادە و خۆماڵی مەسایل بۆ خەڵک شیکاتەوە. چەندە باوەڕی بە مافی خۆی هەیە، ئەوەندەش باوەڕی بە مافی خەڵکی دیکە هەبێ، راستگۆ بێت، درۆ نەکات، بە بەردەوامی هەر شتێکی بە دژی جووڵانەوە و حیزب دەبیسێ راپورتی لێ بداتەوە.

**پرسیار: بە زمانی خەڵک قسەکردنو دوان بە شێوەیەکی کە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوەو لێی تێبگەن، بە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرەبەرچاوو جیاوازەکان دوکتور قاسملوو دەژمێردرێ. ئامۆژگارییەکانی دوکتور قاسملوو بۆ پێشمەرگەکان لە پێناو بەکارهێنانی زمانی سادە و پاراو چی بوون؟**

**وەڵام:** یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی د.قاسملوو، سادەبێژەی ئەو رێبەرە بوو، ئامۆژگاری بۆ هاوڕێیانی حیزبیش ئەوە بوو، ئێمە وەک حیزبێکی پێشڕەو، بە زمانیکی سادە رێبازو بۆچوونەکانی خۆمان بۆ خەڵک باس بکەین، نە ئەوەندە لە پێش بین کە خەڵک نەمان گاتێ و لێمان حالّی نەبێ، نە ئەوەندە لە پاش بین کە خەڵکەکەمان قەبوڵمانی نەبێ. بە زمانێک قسە بۆ خەڵک بکەین، کە لێت تێ بگات و کاریگەری لە سەریان هەبێ. وەک پێشڕەویک بین، نە ئەوەندە لە پاش خەڵک بین و نە ئەوەندە لە پێش خەڵک کە لێک حالّی نەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠٠٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی شکڵپێدانو بنیاتنانی بیرۆکە پێشکەوتووەکاندا ئاڵاهەڵگر بوو

**مستەفا هیجری**

بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەر، بیستویەکەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بەدەستی دیپلۆمات – تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ لە وییەن، پێتەختی ئوتریشدا، لە یەکێکی دیکە لە بەرنامە دیمانەییەکانی تەلەڤیزیۆنی «تیشک»دا لەمەڕ کەسایەتی، ڕەهەندەکانی ژیانو خەباتی سیاسیی دوکتور قاسملوو بەشدار بوو.

**پرسیار: بەڕێز کاک مستەفا ئەگەر ئیزنتان لەسەر بێ بەرنامەکە لە تاوتوێی ڕەهەندی فیکری یان بنەمای ئەندێشەکانی دوکتور قاسملووەوە دەست پێبکەین. بفەرموون بنەما فیکرییەکانی دوکتور قاسملووو ئەو کۆمەڵگایەی کە دەیویست لە کوردستان دایمەزرێنێت، لەسەر چ بنەماو بنچینەیەکی فیکری بوون؟**

**وەڵام:** یەکێک لە سەرکیترین بنەما فیکرییەکانی دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا، دامەزراندنی حکوومەتێکی سوسیالیست دێموکراتیک بۆ کۆمەڵگای ئێرانو کۆمەڵگای کوردستان وەکوو ستراتژییەک بوو. سوسیالیزم بە واتای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، بەواتای دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتی سەرانەی وڵات، دابەشکردنی کارو یەکسانیو بەرابەری بۆ هەمووان، بەبێ ڕەچاوکردنی روانگە جیاوازە مەزهەبییەکانو زمانیو ئیتنیکی جیاوازو ئەو جیاوازیدانانەی دیکە کە لە کۆمەڵگای ئێراندا هەن. ئەمجۆرە لە سوسیالیزم لە ڕاستیدا بە مانای ڕەتکردنەوەی ئیمپریالیزمو سەرمایەداری هەوسارپچڕاوە کە لەودا هەموو هەوڵو تێکۆشانەکان بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەڵەکەکردنی سەرمایەو چەوساندنەوەی چینی کرێکارو زەحمەتکێشو پاوانکردنی سوود بە قازانجی گرووپێکی تایبەتە. لەلایەکی دیکەشەوە پرسی دێموکراسی لە ئارادایە. باسی سوسیالیزمی دێموکراتیک لە لایەن دوکتور قاسملووە خرایە بەرباسو بۆ یەکەمین جار لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕای لەسەر کراو دواتریش لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکراتدا پەسەند کرا. نموونەی بەرچاوی سوسیالیزم لەو سەردەمەدا، لەراستیدا یەکیەتیی سۆڤیەتیو بلوکی سوسیالیستی بوو. لەو سەردەمەدا حیزبە کرێکارییەکانو وەک سوسیالیستەکانی ئەو دەورانە دەیانگوت، دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەو وڵاتانە دەسەڵاتدار بوونو کۆمەڵێک کەس لە حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەداو دواتر دەفتەری سیاسییانو لەسەری سەرەوەشدا سکرتێرەکانیان لەژێر ناوی دێموکراسی کرێکاریدا، لەجیاتی دێموکراسی، دیکتاتۆرییان بەسەر خەڵکدا دەسەپاندو لە ئاکامیشدا لە جیاتی ئەوەی حکوومەت لە خزمەت خەڵکدا بێ، هەموو خەڵک لە خزمەت ئەم گرووپە ئاپاراتە حیزبییانەدا بوون. کاتێک تاوتوێی ئەو بارودۆخە دەکەین، کەمپی کرێکارە دوورخراوەکانو سزاو بێبەشیو چەوساندنەوەی کرێکاران لەو وڵاتانەدا دەبینین کە حکوومەتگەلێک لە ژێر ناوی سوسیالیزم بەسەریاندا زاڵ بوون. دوکتور قاسملوو ئەو سیستمە لە سوسیالیزمی رەت دەکردەوەو بەهێنانەئارای تێزی سوسیالیزمی دێموکراتیک، لەراستیدا دەیویست سنوورێک لە نێوان ئەو جۆرە لە سوسیالیزم کە لەو سەردەمەدا حیزبی توودەی ئێران ئاڵاهەڵگری بووو بەداخەوە گوتاری زاڵی رۆشنبیرە ئێرانییەکانو کۆمەڵگای رۆشنبیری بەخۆوە خەریک کردبوو، لەگەڵ ئەو سوسیالیزمەی کە خۆی باوەڕی پێ‌بوو، دابنێ. یەکێکی دیکە لەو جیاوازییانەی کە ئەو جۆرە لە سوسیالیزم کە دوکتور قاسملوو خوازیاری بووو هەوڵی بۆ دەداو لە کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەکوو ستراتیژی ئەم حیزبە پەسند کرا، باسی دێموکراسی بوو، بەو واتا کە ئەوەی زیاتر ئامانج بوو، رەتکردنەوەی دیکتاتۆری لەهەر شکڵێکو لەژێر هەر ناوێکدا بوو، چ دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، چ دیکتاتۆری مەزهەبیو یان هەر شکڵو رەنگێکی دیکە. دوکتور قاسملوو دەیهەویست ئەم تێزەو بنەما فیکرییانەی کە لەسەر بنچینەی دادپەروەری خوازی و دێموکراسی رۆ نرابوون، وەکوو سیستمێک لە داهاتووی کۆمەڵگای ئێرانو کۆمەڵگای کوردستانی ئێراندا دابمەزرێنێ، سیستمێک کە لە راستیدا جیاوازیگەلێکی زۆری لەگەڵ سوسیالیزمی کلاسیکو هەروەها لەگەڵ سەرمایەداری هەوسارپچڕاودا هەبوو. چون وەک دەزانین گەر سەرمایەداری تا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمڕۆش هەر سیستمی زاڵ بەسەر جیهانو بەتایبەت ڕۆژئاوادایەو دەستکەوتگەلێکی زۆری لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراسیو پێشکەوتنی تێکنیکو پیشەسازی لێکەوتۆتەوە، بەڵام دیسانیش هێندێ نادادپەروەری تێدا دەبینرێ کە ئیمڕۆکەش لە وڵاتانی پێشکەوتووی کۆمەڵگا شارستانییەکاندا، خەڵک بەنیسبەت ئەو نادادپەروەرییانەی لە سیستمی سەرمایەداریدا هەیە، هەر خەریکی خۆپیشاندانو چالاکیی جۆراوجۆرن تا بتوانن خاڵە لاوازەکانی سەرمایەداری سەردەمی ئێستا چارەسەر بکەن. ئەم تێزە لەو سەردەمەدا لەلایەن دوکتور قاسملووەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خرایە بەرباسو زیاتر بە هۆی پێداگری ئەوو ئەو شیکاریو کارە زۆرەی لە پێناویدا کردی، لە ماوەی ٢ یان ٣ساڵدا بە پەسند گەیەندرا. بە بۆچوونی من، ئەمە یەکێک لە ڕوانگە بەرزەکانی بیرۆکەو ئیدەکانی دوکتور قاسملووە کە لە کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هێنایە ئاراوە، لەکاتێکدا بۆچوونێکی هەڵە بەنیسبەت سوسیالیزمو دێموکراسی لەو کاتەدا باو بووو زۆربەی ڕیکخراوە سوسیالیستییە چەپەکان خۆیان دەبەستەوە بە بیرۆکە سوسیالیستییەکانی ئەوکاتی یەکیەتیی سۆڤیەتیو بەشەکانی دیکەی بلوکە سوسیالیستییەکانو پێیان وابوو لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکانەدایە کە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو خۆشبژێوی بۆ خەڵک دابین دەکرێن. بەڵام دوکتور قاسملوو بەو ئەزموونەی لە کارو ژیان لە هێندێ لە وڵاتانی سوسیالیستیو لەوانە چێکوسلۆڤاکی هەیبووو بینینی ئەو زوڵمو زۆرانەی لەژێر ناوی حکوومەتی کرێکاران لە کرێکارانو چینە خەسارهەڵگرەکانی کۆمەڵگا دەکران، سەرنجی دابووە ئەو کەموکوڕییانە. لەو کاتەدا تەنانەت کەسێک نەیدەوێرا ئەمجۆرە باسانە بێنێتە ئاراوە، وەک وتم بە هۆی ئەو کەشوهەوای لەو سەردەمەدا بەسەر کۆمەڵگاکەمان زاڵ بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو لەپێشدا دوکتور قاسملوو ئەو بوێرییەیان نواندو ئەو باسەیان هێنایە ئاراوە کە هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک تۆمەت لەلایەن گرووپە چەپەکانی ئەوکاتو گرووپە ڕاستەکانو لە ڕاستیدا لەلایەن چەندین جۆر بیرۆکەو ئیدەوە کە لە ڕاستییەکانی بیرۆکەی دوکتور قاسملووو ئەزموونەکانی تێنەگەیشتبوون، دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو دوکتور قاسملوو وەڕێخران، بەڵام ئەوانە ئیدەگەلێکی پێشکەوتووبوونو بەشێک لەو ئیدەو بەرنامە پێشکەوتووانە بوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی پێیان بووو دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی شکڵپێدانو بنیاتنانی ئەم بیرۆکە پێشکەوتووانەدا ئاڵاهەڵگر بوو. ئەم بیرۆکانەی حیزبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیموکرات ئێستاش بەشێکن لە ئیدە زۆر پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگای هەنووکەو پاش تێپەڕینی نزیک بە ٣٠ ساڵ، هێشتا بە نویێ لەقەڵەم دەدرێن‌و جیهان لە هەوڵی هێنانەدییاندایە. ئیدەیەک کە لەودا رەچاوکردنی خاڵە بەهێزەکانی سەرمایەداری‌و پێداچوونەوە بەسەر ئەو خاڵە نێگەتیڤانەی سوسیالیزمی ئەو سەردەمە هەیبوو، دەتوانێ لەلایەک ئاوێتەیەک بێ لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگایەکی بێبەش‌و چینە زوڵملێکراوو خەسارهەڵگرەکانی کۆمەڵگاو لەلایەکی دیکەوە هەموو ئەو خاڵە پۆزەتیڤو پێشکەوتووانەی سەرمایەداری هەیبوو، لەخۆ بگرێ.

دوکتور قاسملوو بەم شێوە بۆ سوسیالیزمی دێموکراتیک وەکوو بنەمایەکی فیکری پێشکەوتوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێی خۆش کرد. بەڵام ئەمە بەو مانا نیە کە دوکتور قاسملوو خۆی داهێنەری ئەو تێزە بوو، پێش لە بەڕێزیان، ئەم تێزە لەلایەن بیرمەندە رۆژئاواییەکانەوە باس کرابوو، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو کە ئەو شێوە بیرکردنەوەیە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و کۆمەڵگای کوردستاندا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دەهاتە ئاراوە.

**پرسیار: بەڕێزتان ئاماژەتان بەوەدا کە دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەبێ لە نێوان سوسیالیزمی رۆژهەڵات‌و دێموکراسی رۆژئاوادا جۆرە ئاوێتەبوونێک بکرێ کە کەموکوڕییەکانی هەر دوو سیستمەکە چارەسەر بکرێ‌و بەم هۆیەشەوە بکرێ لە کۆمەڵگای ئێران سیستمێکی دڵخوازو دادپەروەر دابمەزرێ. بەڵام ئەو کەشوهەوا فیکرییەی کە لەو سەردەمەدا بەسەر هەموو رۆژهەڵاتی ناڤین زاڵ بوو، کەشوهەوایەک بوو کە لە راستیدا حیزبە چەپەکان‌و بەجۆرێک دەکرێ بڵێین کە کۆمەڵگای کوردستان بەهۆی ئەو هەلومەرجە تایبەتییەی کە پاش شۆڕش هەیبوو، ئەو حیزبە چەپانەی کە لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوە پاڵەپەستۆ دەخران، روویان تێدەکردو لە کوردستاندا پێگەو بنکەو بارەگایان دادەمەزراندو نووسینگەگەلێکیان لە شارەکانی کوردستاندا دەکردەوەو هەوڵیان دەدا دزە بکەنە نێو خەڵکەوەو تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شایەتی مێژوو بە جۆرێک یارمەتیی ئەو حیزبانەشی کردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەو یان تەنانەت سەرەڕای هەبوونی حیزبێک وەک توودە لە نێوانیاندا کە رابردووی خەباتی لە حیزبی دێموکراتیش زیاتر بوو، دیسان دەبینین کە ئەو خۆشەویستییەو ئەو بڕەوەی کە حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا هەیبووە، ئەوەندەیە کە حیزبەکانی دیکە کەمتر دەتوانن بەو ئاستە لە خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردستاندا نزیکیش ببنەوە. ئێوە هۆکارەکانی ئەم راستییە بۆچی دەگەڕێننەوە؟ لە خودی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کەسایەتیی دوکتور قاسملوو یان هۆکارگەلێکی دیکەی هەیە؟**

**وەڵام:** چاولێ بکەن، یەکێک لە گرنگترینی ئەو مەسەلانەی کە حیزبێکی سیاسی یان کەسایەتییەکی سیاسی دەتوانێ بەو پێیە لە کۆمەڵگادا متمانە بەدەست بێنێ، بە بڕوای من پتر دووربینییە، بە بێ ئەوەی کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو کەشوهەوا ناڕاستانەی لە ئاراداں کە زۆرجار لە کۆمەڵگا هەستەکییەکانی رۆژهەڵاتدا زۆر بە ئاسانی پێک دێن. ئەو مەسەلانەی کە دێنە بەرباس دەبێ بە شێوەیەکی راستبینانەو وردو زیاتر لە روانگەی داهاتووەوە بەپێی بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا ژیان دەکەین، تاوتوێ بکرێن. ئەمە یەکێک لەو تایبەتمەندییانە بوو کە لەو سەردەمەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەرایەتیی دوکتور قاسملوو خاوەنی بوو. لەم بارەوە دەتوانم چەند نموونە بێنمەوە کە زۆر زیندوون. لەو کاتەدا کە رێژیمی پاشایەتی رووخاو کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار، هەر لە یەکەمین هەنگاوەکاندا بینیمان کە باڵوێزخانەی ئامریکا بە دەستی گرووپێک کە بە خوێندکارانی موسوڵمان ناویان دەرکردبوو، داگیر کرا. لەو کاتەدا بینیمان کە شەپۆلێکی بەرین لە هاندانو دەربڕینی خۆشحاڵی لە لایەن خەڵکەوە لە گرووپە جیاوازەکانو تەنانەت زۆرێک لە رۆشنبیرانیش، بەداخەوە لە پەسەندی ئەم کردەوە وەڕێخرا کە دژی پرنسیپە باوە نێونەتەوەییەکان بوو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەریی دوکتور قاسملوو ئەم کارەی بە پێچەوانەی پرنسیپە باوە نێونەتەوەییەکان لە قەڵەم داو رایگەیاند کە دووکەڵی ئەو کارە لە داهاتوودا دەچێتە چاوی خەڵکی ئێرانەوەو بەپێچەوانەی هەموو پرنسیپو یاسا نێونەتەوەییەکانە. یان لەو کاتەدا حیزبی دێموکرات لەو رێفراندۆمەدا کە بۆ دیاریکردنی جۆری حکوومەت بەڕێوە چوو، بەشداری نەکردو بایکۆتی کرد، چوونکە لە راستیدا ئەوە رێفراندۆم نەبووو پەسەندکردنی سیستمێک بوو کە دەیانگووت کۆماری ئیسلامییەو دەبێ هەڵبژێردرێ. لەبەروەی سەرانی رێژیم زۆر زیرەکانە ٢ سیستمیان خستبووە دەنگدانەوە، یەکێکیان سیستمی پاشایەتی بوو کە روون بوو خەڵک راپەڕیبوونو رووخاندبوویانو لێی ناڕازی بوون، کەواتە دیار بوو دەنگی پێ نادەن، ئەوەی دیکەیان کۆماری ئیسلامی بوو کە هێشتا لە سەرەتاکانی ژیانیدا بووو کەس نەیدەزانی ئەم کۆمارە چی پێیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لێکدانەوەی ئەو راستییانە رایگەیاند کە ئەوە رێفراندۆم نیەو لە جیاتی ئەوە، ئیزن بدەن کۆماری دێموکراتیکیش لە رێفراندۆمەکەدا بگونجێندرێ. بەڵام سەرانی رێژیم نەیانهێشت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕیفراندۆمەکەدا بەشداری نەکردو لەو ڕۆژانەدا بە هۆی هەڵوێستی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ باڵوێزخانەی ئامریکاو ڕیفراندۆمدا، شەپۆلی بەرچەسپە ناحەزەکان بەرەو حیزبی دێموکرات وەڕێخراو لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات لەو قۆناغەدا وەپەراوێز خرابوو. بەڵام ئێستا پاش ٣٠ ساڵ، پاش ئەو ناسینەی کە هەمووان لە کۆماری ئیسلامییان هەیەو پاش ئەو هەموو خەسارو زیانانەی بە هۆی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئامریکاوە تووشی خەڵکی ئێران بوو، مەسەلەکان بۆ هەمووان ڕوون بۆتەوە. بەڵام جیاوازی نێوان مرۆڤێکی سیاسی یان ڕێکخراوێکی سیاسی لەگەڵ خەڵکی ئاسایی لەوەدایە کە حیزبێکی سیاسی بتوانێ داهاتوو بە شێوەی ڕێژەیی پێشبینی بکات، لانیکەم بتوانێ خەسارو زیانەکانی کارەکانی ئیمڕۆ لە پێوەندی لەگەڵ داهاتوو هەڵسەنگێنێ. ئەمە مەسەلەگەلێک بوون کە لەو سەردەمەدا بە داخەوە کەمتر سەرنجیان پێ دەدرا.

بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەری دوکتور قاسملوو بەو ئەزموونەی کە پاشکەوتی کردبوو، گرینگی بەم مەسەلانە دەداو ئەمەش یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدایە، لە کاتێکدا هەر وەک ئاماژەتان بەوەدا کە لەو کاتەدا حیزبی توودە ڕابردووو مێژووەکەی زیاتر لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، بەڵێ لەوانەیە بە گشتی ژمارەی ئەو کەسە خوێندەوارانەی لە حیزبی توودە بوون، زۆر زیاتر لەو کەسانە بوو کە لە ڕێبەری حیزبی دێموکرات یان لە بەدەنەی ئەو حیزبەدا چالاک بوون. بەڵام ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو ئیدەو بیرۆکانەی ئەوکاتە باو بوونو مەسەلەگەلێکیان باس دەکرد کە ڕاست بە پێچەوانەی قازانجی خەڵک بوون. بۆ نموونە ئەوان جەختییان دەکردەوە لە بەرەوەی کۆماری ئیسلامی دژی ئیمپریالیزمی ئامریکا دروشم دەدا، کەوابوو حکوومەتێکی پێشکەوتووەو دەبێ بەرگری لێ بکرێ. بەڵام تێپەڕینی زەمان، هەڵەبوونی ئیدەکانی ئەوانو دروستو وردبوونی ئیدەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەلماند. چەند مەسەلەی دیکە کە بە بڕوای من ببوونە هۆی خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتو بە تایبەت دوکتور قاسملوو کە ڕێبەری ئەم حیزبە بوو، بریتی بوون لەوەی حیزبی دێموکرات لە پێناو داواکارییە ڕاستەقینەکانی خەڵک لێبڕاوو ڕەنگدەرەوەو زایەڵەی دەنگی خەڵک بووە. داخوازیی خەڵکی کوردستانی ئێران لەو کاتەدا داخوازییەکی نەتەوەیی بوو، هەڵبەت دێموکراسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە داخوازیی نەتەوەیی بەشێکییەتی، داخوازیی حیزبی دێموکراتو هەمووان بوو. بەڵام بۆ خەڵکی کورد لە چوارچێوەی دێموکراسیدا، داخوازیی نەتەوەیی لە پێش هەموو پرسەکانەوە بوو کە نەدەکرا پشت گوێ بخرێو حیزبێکیش کە خۆی بە نوێنەری خەڵک دەزانێ، دەبێ لەسەر ئەم داخوازییە سەرەکییەی خەڵک پێداگری بکاو هیچ ساتوسەودایەکی لە سەر نەکرێ. حیزبی دێموکرات لەو سەردەمەدا ئەم پرسانەی هێنایە ئاراوە، دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان، بەڵام لەو کاتەدا هەموو رێکخراوەکان بەو جۆرە بیریان نەدەکردەوەو بەشێکیان هێنانە بەرباسی داخوازییە نەتەوەییەکانیان بە نیشانەی دواکەوتوویی حیزبی دێموکرات دەژماردو وابیریان دەکردەوە کە هێنانە بەرباسی داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد یان نەتەوە ئێرانییەکانی دیکە بە واتای دووبەرەکی‌نانەوەو لێکترازاندنی پرۆلیتاریایەو لە روانگەی مەزهەبیشەوە پێیان وابوو درز خستنە نێو ئۆمەتی ئیسلامییە، چوونکە هەموو، کوردو فارسو تورکو خەڵکی دیکە موسوڵمانو کەوابوو هێنانە بەرباسی داخوازیی نەتەوەیەک یان چەند نەتەوەی موسوڵمان درز خستنە نێویانەو بە قازانجی ئیمپریالیزم تەواو دەبێ. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەکەوتە ژێر کاریگەریی ئەو کەشوهەواو بوو بە دەنگی راستەقینەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران، داخوازییەک کە ئیمڕۆ، پاش ٣٠ ساڵ، بەشێکە لە داخوازییە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵگاکەمانو داخوازییەک کە هێندێ لەوانەی لەو سەردەمەدا هێنانە بەرباسیان بە خاڵێکی لاوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قەڵەم دەدا، ئێستا راست هەڵگەڕاونەتەوە بۆ سەر ئەو داخوازییانە، داخوازیگەلێک کە ٣٠ ساڵ لەمەوبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناویاندا تێدەکۆشا. ئەو داخوازییانە لە سەری سەرەوەی داخوازیو داواکارییەکانی خەڵکی کورددا بووو حیزبی دێموکراتیش دەنگی زووڵاڵی خەڵکی کورد بوو. لەم بارەوە دەکرێ زۆر مەسەلەی دیکە باس بکەین کە یەکێک لەوانە ئەوەیە کە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکدا، مافەکانی مرۆڤ رێزی لێ دەگیرا، جا لە هەر رەنگو زمانو نەتەوەیەک. هەر ئەم ئیدە بوو کە بووە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تەنانەت لەو کردەوە چەکدارییانەی کە لەو کاتەدا لە پێشی دەگرت، مافەکانی مرۆڤو مافەکانی دیلەکانی شەڕ رەچاو بکات. لە هەمان رۆژەکانی دەسپێکی خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێموکرات دژی کۆماری ئیسلامی، گرووپەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ لە نێو پێشمەرگەکانی حیزبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموکرات له کوردستاندا بوون. ئەو گرووپانەی لایەنگری مافی مرۆڤ که له وڵاتانی جۆراوجۆرەوه هاتبوون، هەم یارمەتیی مرۆییان به پێشمەرگەکانو خەڵکی ئاسایی له کوردستان که بریندار بوون، دەگەیاندو هەم وەکوو چاودێرو شایەتێکی بێلایەن بوون به سەر رەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤەوه تەنانەت له مەیدانەکانی شەڕ له لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوه. ئەم مەسەلانه بوونه هۆی ئەوەی پێگەو بڕواپێکراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەتەنیا له نێو کۆمەڵگای کوردستاندا، بەڵکوو له نێو کۆڕو کۆمەڵه نێونەتەوەییەکانیشدا به شێوەیەکی تایبەتی قایم بێ. به رێکەوت نیه که ئیمڕۆ دەبینین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له زۆرێک له ئۆرگانو رێکخراوه نێونەتەوەییەکانو لایەنگرانی مافی مرۆڤدا به ئەندام وەردەگیرێو له رەوتی کۆبوونەوەو بڕیاردانو راگۆڕینەوەیاندا راوێژی لەگەڵ دەکرێ. ئەم ئاکارانه سەرمایەدانانێکی گرنگیی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو سەردەمەدا بوونو ئاکامو بەهرەکەی ئیمڕۆکه خەڵکی کوردستانی ئێران دەیبیننو ئەمەش یەکێکی دیکه له هۆکارەکانی پشتیوانیی خەڵکی کوردو کۆمەڵگای کوردستان له هەموو بەشەکانی له حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانه که لەو پێوەندییەدا تەنانەت رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی ئێرانیش به چاوی رێزەوه سەیری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەنو جێگەو پێگەی له نێو حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆندا به قورسو قایم دەزانن. ئەمانه نموونەگەلێک له ئیدەو بەرنامەکانی حیزب بوون که جێگەیەکی تایبەتی به حیزبی دێموکرات له نێو دڵی خەڵکی کورددا داو هەر ئەمەشه که دەبینین حیزبی دێموکرات سەرەڕای هەموو ئەو پیلانانەی کۆماری ئیسلامیو ئەو لایەنانەی دیکه که بوونی حیزبی دێموکراتیان به یەکێک له کۆسپەکانی سەر رێگای ئامانجەکانیان زانیوه، هەروا قورسو قایم راوەستاوەو سەرەڕای ئەو جیابوونەوانەی لەو ماوه زەمانییەدا به هۆگەلی جیاوازەوه له حیزبدا پێکیان هێناو سەرەڕای ئەو تیرۆرانەی که له رێبەرانی حیزبی دێموکراتو چالاکانی ئەو حیزبه کراونو سەرەڕای سەدانو هەزاران زیندانی سیاسی که له بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا زیندانی کرانو ئەشکەنجه درانو له زێدی خۆیان دوور خرانەوەو شەهید کران، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر له لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوه رێزی لێگیراوەو پێشوازی لێکراوەو له هەر قۆناغێکدا له خەباتی خۆی دژی کۆماری ئیسلامی له لایەن خەڵکەوه پشتیوانی لێ کراوه، چ ئەو کاتەی خەباتی چەکداری له کوردستاندا دەکردو چ ئەو کاتەی رووی کرده خەباتی مەدەنی.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمانە دەرسگەلێکن کە پێویستە بۆ نەوەکانی داهاتووی کۆمەڵگای کوردستان بگوازرێنەوەو لەو سەرمایە مەزنەی لە دەست حیزبی دێموکراتدایە، بە باشی کەڵک وەرگرین. لەو پێوەندییەدا دەبێ بڵێم دوکتور قاسملوو لە راستیدا مامۆستایەکی بیرمەندو دێموکراتو دادپەروەریخواز بوو کە لە پێکهێنانی ئەم دەرسانەو ئەم بڕواپێکراویو کەسایەتییە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رۆڵی یەکەمی گێڕاوە.

## بە فەرمیی ناسینی خودموختاریی خەڵکی کورد دەسکەوتێکی گەورەی شوورای میللی موقاوەمەت بوو

**پرسیار: دەگەڕێینەوە بۆ بەشێک لە وتەکانی بەڕێزت لە پەیوەندی لەگەڵ درووشمی حیزبی دیمۆکراتدا. لە ساڵەکانی رێبەریی دوکتور قاسملوودا درووشمی دیمۆکراسی بۆ ئێرانو خودمۆختاری بۆ کوردستان درا، بەڕێزت یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستیی حزبی دیمۆکرات دەگەڕێنیتەوە بۆ پێبەندیی پراکتیکیی ئەم حیزبەو بەردەوامبوونی لە خەبات بۆ، دیمۆکراسی بۆ ئێرانو خودمۆختاری بۆ کوردستان. واتە خەباتی دیمۆکراتیک لە ئێراندا هەڵگری بزووتنەوەیەکی گشتییەو دابین بوونی مافی نەتەوەکانی ئێرانو دیارە خەباتی نەتەوەی کوردیش بەشێک لە خەباتی نەتەوەکانی ئێرانە. جەنابتان پێگەی ئەم خەباتانە واتە خەباتی گشتییو خەباتی نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی دەستەبەر بوونی داخوازەکانیان لە بیروڕای گشتییو کارکردی دوکتور قاسملوودا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**وەڵام:** ئێستا پاش ٣٠ ساڵ زۆرێک لەو راستییانەی کە ئەوسا بۆ خەڵک روون نەبوو، بۆیان روون بۆتەوە. دوکتور قاسملو هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بیری لە پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین دەکردەوە لە رێکخراوە دێموکراتیکەکانی ئێران بە مەبەستی یەکگرتوویی کردەیی لە رووبەڕووبوونەوەی هاوبەش دژی کۆماری ئیسلامیو یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەو کاتەدا زۆرێک کردەوەی بەپەلەی ئەنجامدا کە سەرلەنوێ شاری مەهاباد بگرێتەوە دەستی خۆی، بڕیاری کۆبوونەوەیەک بوو لەسەر بانگهێشتی حیزب لە رێبەرانی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان لە مەهاباد بۆ یەکگرتوویی بە مەبەستی گەیشتن بە بەرنامەو پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی. واتە لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو خودی دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و خەڵکی کوردو یان هیچکام لە نەتەوەکانی ئێران‌و یان گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە تەنیایی ناتوانن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بڕووخێنن‌و ببنە ئاڵتەرناتیڤی‌و ئەو ئەگەرەشی بە پێویست نەدەزانی، چونکە ئاڵتەرناتیڤ بوونی یەک حیزب، دەرئەنجامەکەی دەبووە کۆماری ئیسلامی‌و یان هەر شکڵێکی دیکە لە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی‌و سیستمی ناوەندگەرا کە بۆ هەموو خەڵک‌و نەتەوەکانی ئێران بڕیاردەر بێت. ئەمە یەکێک لە باوەڕەکانی حیزبی دێموکرات بوو و دوکتور قاسملووش بەدوای ئەوەوە بوو کە ئەو یەکگرتوویە پێک بهێنێت‌و تا ئەو کاتەی شەهید بوو لە ڕێگەی ئەو ئارمانجەدا کارو تێکۆشانی هەبوو. پاش دوکتور قاسملووش، بیرۆکەکەی بووە بەشێک لە بەرنامەی کاریی‌و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. وەک دەبینین دوکتور سادقی شەرەفکەندیش پاش ئەو، لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبەکان‌و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە بێرلین شەهید کراو ئەم باوەڕو هەوڵە هەتا ئێستاش بەشێکی دانەبڕاو بووە لە بەرنامەی کاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. هۆکارێکی دیکەش کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و دوکتور قاسملوو لە ڕێگەی هێنانەدی ئەم مەبەستەدا کاریان بۆ دەکرد، بەشداریکردن بوو لە یەکیەتیەکدا کە لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدین‌و گرووپێکی دیکە لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ناوی «شورای میللی موقاوەمەت»، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک بوو لە ئەندامە چالاک‌و کاراکانی ئەو شورایە کە بەداخەوە بە هۆی هۆکارگەلێک ئەو شورایە لێک هەڵوەشایەوەو نەیتوانی لە کارەکانی بەردەوام بێت. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە حیزب بە ڕێبەرایەتی دوکتور قاسملوو بەردەوام لە کارو چالاکیدا بوو بۆ کۆکردنەوەو لێک نزیک کردنەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنە دێموکراتەکان کە لە بوونی کۆماری ئیسلامی‌و دەسەڵاتەکەی بێزار بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو پەیوەندییەدا هەوڵی زۆری داوەو ئێستاش لەو بوارەدا چالاکە.

**پرسیار: ئاماژەتان دایە شورای میللی موقاوەمەت کە حیزبی دێموکرات‌و چەندین ڕێکخراوی دیکەش بۆ ماوەی چەند ساڵ لەو شورایەدا خەباتی هاوبەشیان هەبووە، حیزبی دێموکرات پاش ماوەیەک دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەبێ لەو شورایە بچێتە دەرەوە. لە بنەڕەتدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئامادەبوون لەو یەکیەتیی‌و شورایەدا چ دەسکەوتێکی هەبوو؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**وەڵام:** بە بڕوای من یەکێک لە دەسکەوتەکانی، ئامادەبوونی نوێنەری حیزب بوو لە کۆبوونەوەکانی ئەو شورایەدا، وەک باسم کرد نوێنەرانی بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە بۆچوونی ئیسلامی، چەپ، دێموکراتو میللی مەزهەبی لەو شورایەدا هەبوونو ئەو باسو گفتوگۆیانەی حیزب لە گەڵ ئەو گرووپانە هەیبوو لە کۆبوونەوەکانی شورادا، بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان پتر لەگەڵ بیروبۆچوونە مرۆڤ تەوەرو پێشکەوتووەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بنو زیاتر پشتگیریی لە بیروبۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەن، بە شێوەیەک کە ساڵەکانی کۆتایی بەشداریی حیزب لەو شورایەدا، باسو لێکدانەوەکانی حیزب زیاتر سەرنجو پشتگیریی زۆرینەی ئەو ڕێکخراوانەی بەدواوە بوو. لە لایەکی دیکەشەوە دەرئەنجامی ئەو باسو گفتوگۆیانە لە پەیوەندی لەگەڵ ناسینی مافی نەتەوەیی ئەوە بوو کە لەوێ پلاتفۆرمێک چەسپا کە لەودا خودموختاری خەڵکی کوردستان بە فەرمیی ناسراو بە رای من ئەوە دەستکەوتێکی سیاسی گەورەی شورای میللی موقاومەت بوو بۆ خەڵکی کورد. نەک هەر بۆ خەڵکی کورد بەڵکوو هەموو ئەو گرووپانەی لەوێ بەشدار بوونو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەی یەکەمم کە گوتم ئەو ڕێکخراوو گرووپانە پاش شرۆڤەو باسگەلی زۆر، کاتێک زانیاریی تەواویان سەبارەت بە ئارمانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیوەندیی لەگەڵ خواستی بابەتی خودموختاری بۆ خەڵکی کورد پەیدا کردو تێگەیین کە ئەو خواستە نەک لە ڕەوتی دژایەتی مافە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێراندا نییەو نەک بە پێی پڕوپاگەندەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو گرووپێک لەو کەسانەی کە هێشتا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان نەناسیبوو و پرسی خواستی نەتەوەییان بە جودایی خوازی دەزانی، ئەو خواستەیان پەسەند کرد. قبووڵ کردنو پەسەند کردنی ئەو خواستە یەکێک لە دەستکەوتە سیاسییو جێی بایەخەکانی شورای میللی موقاومەت بوو بۆ خەڵکی کوردو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بۆ هەموو شوراو لەوانەش ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق.

**پرسیار: دەگەڕێینەوە سەر بابەتێکی جێی ناکۆکی. یەکێک لە ناکۆکییەکان لە شورای میللی موقاومەت، دانووستانی حیزب لەسەر بابەتە جیاوازەکان لە گەڵ ڕێژیمی دەسەڵاتدار بوو، حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە لەگەڵ هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمە لە چەندین قۆناغدا دانووستانی هەبووە لەگەڵی کە دەکرێ ئاماژە بکەین بە دانووستانەکانی سەرەتای شۆڕش لە ساڵی ٥٨دا لە چوارچێوەی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردو پاشان دانووستانەکانی ساڵی ٦٨ کە شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە. ئەگەر ئەو دوو نموونە لەبەرچاوبگرین، بەڕێزتان بارودۆخی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێران لەو دوو قۆناغەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**وەڵام:** لە دانووستانەکانی دەوری یەکەمدا لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، کە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد دەچێتە دانووستانەوە، تەنیا حیزبی دێموکرات نەبوو، ئەوە خاڵێکی جیاوازیی ئەو دوو دەورەیە، بەڵکوو کۆمەڵێک لە نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکان کە لە کوردستاندا هەبوون، هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردیان پێکهێنا بۆ ئەوەی لە گەڵ نوێنەرانی حکوومەت دانووستان بکەن بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ئاشتی خوازانە بۆ پرسی کورد. کە لەو هەیئەتی نوێنەرایەتییەدا، دوکتور قاسملوو وتەبێژ بووەو بەڕێز شێخ عێزەالدین حسێنی، سەرۆکایەتیی هەیئەتەکەی لە ئەستۆ بووە. لە لایەن حکوومەتەوە گرووپێک ڕادەسپێردرێن کە لە گەڵ ئەم هەیئەتی نوێنەرایەتییە دانووستان بکەن کە لە ناویاندا کەسانی خێرخوازو خاوەن بیری جوانیش هەبوون وەک، خوالێخۆشبوو داریووش فرووهەرو ڕەنگە زۆربەیان بیریان لە دۆزینەوەی ڕێگە چارە دەکردەوە. بەڵام بەداخەوە لەوکاتەدا ئەوەی لە پشتی پەردە دەگوزەراو ئەو سیناریۆیەی کە کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کوردستان ڕەچاویان کردبوو، لە ڕاستیدا دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ئاشتی خوازانەو گوێ گرتن لە خواستی خەڵکی کورد نەبوو، بەڵکوو دەرکەوت کە ئەوانە تەنیا لە بیری وەدەست خستنی کاتدا بوونو دەیانویست لە کاتی گونجاودا هێزە شپرزەولەبەریەک هەڵوەشاوەکەی ئەرتەش ڕێکبخەنەوەو ئیمکاناتو کەرەستەی جبەخانەکانی جەنگییان تەیار بکەنەوەو پاشان هێرش بکەنە سەر کوردستان، ئەوەش بوو کە دانیشتنەکانی هەیئەتی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم لە ڕاستیدا لە یەک دوو جەلەسە تێنەپەڕی، چونکە ئەوانەی لە پشت پەردەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە سیناریۆی کوردستانیان دادەڕشت، بیریان لە کات دەکردەوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر ئاوڕێک لە دۆخی ئەوسای حیزبی دێموکراتو هێزە کوردییەکان لە گوردستانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بدەینەوە دەبینین کە، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەدەست پێشمەرگەکانی حیزبە کوردستانییەکانەوە بوون، بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆماری ئیسلامی پاش ئەو هێرشەی کە ڕووبەڕووی بەرگریی سێ مانگەی ئەو هێزانەو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به گشتیی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە، شکست دەهێنێت، هەربۆیەش تێدەگات که بەو حاڵەوە ناتوانێ له هێرشەکانی خۆی بۆ سەر کوردستان بەردەوام بێتو پێویستی به دەستەبەرکردنی کاتە، ئەوەش بوو که بابەتی دانووستان دەهێنێتە ئاراوەو پاش یەک دوو جار دانیشتن که هەیئەتی نوێنەرانی خەڵکی کورد له چاوەڕوانیدا دەهێڵنەوە، لەو مەودایەدا هێزەکانیان نۆژەن دەکەنەوەو دواتر بینیمان که هێرشیان کردە سەر کوردستانو هەنگاو به هەنگاو شارەکانی کوردستانیان گرتەوە دەست. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دۆخی ساڵی ٦٨، لەدەوری دووهەمدا تەنیا حیزبی دێموکرات بوو که لەگەڵ ڕێژیم دانووستانی کرد، ئەوکاتە دۆخی ناوچەو دۆخی ئێران ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتبوو، لەوکاتەدا کۆماری ئیسلامی له شەڕ له گەڵ عێراقدا تووشی شکست هاتبوو. خومەینی ڕێبەری ئێران جامی ژەهرەکەی خواردبووەوەو هێزەکانی ڕێژیم تووشی زەربەی قورس ببوونو ئێران تووشی خەسارەتی ماڵیو گیانیی زۆر ببوو که هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە. لەو دۆخەدا کۆماری ئیسلامی ئێران، خاوەنی سەرۆک کۆمارێک بوو به ناوی هاشمیی ڕەفسەنجانی، که به ناو وەکوو سەرۆک کۆمارێکی پراگماتیکو واقعبین ناسرابوو، دوکتور وا بیری دەکردەوە - له ڕوانگەی لۆژیکیو سیاسیی خۆیەوە - حکومەتێک که له شەڕ لەگەڵ بێگانەدا شکستی خواردبوو، هێزەکانی لەبەریەک هەڵوەشابوونەوە، ئەم حکوومەتە پێویستی به نۆژەن کردنەوەی خەسارەتەکانی شەڕو نۆژەن کردنەوەی وڵات هەیەو هەربۆیەش هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی که حکوومەتێک که ئاگربەس لەگەڵ ڕێژیمی سەدام حسێن ڕادەگەیەنێت، نەتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات، کێشەگەلێک که دەتوانێ وزەبەخشی حکومەت بێت له پەیوەندی لەگەڵ نۆژەن کردنەوەی وڵاتدا له پەیوەندی لەگەڵ سارێژ کردنی ئەو برینانەی وەبەر جەستەی کۆمەڵگای کوردستانو هەموو خەڵکی ئێران کەوتووە. بەم لێکدانەوەو لۆژیکەوە دوکتور قاسملوو دەچێتە دانووستانەوە، بەڵام بەداخەوە دەبینین که ئەم دانووستانەش هیچ نەبوو جگه له پیلانێک به مەبەستی لەناوبردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانیو دەستکەوتێکی بۆ خەڵک نەبوو. لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بدەم به خاڵێکو ئەوەش ئەوەیە که هەرچەند ئەم دانووستانانەو بەتایبەت دانووستانەکانی دەوری دووهەم که بەداخەوە شەهید بوونی دوکتور قاسملووی لێکەوتەوە، ئێمە نرخی زۆرمان داوەو له بریی ئەو نرخە بۆ هەموو خەڵکی ئێرانو هەموو دنیا دەرکەوت که حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی خوازیاری شەڕو خوێنڕشتن نییەو له بیری ئەوەدایە که

گرفتو پرسەکانی کۆمەڵگاکەی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ڕێی دانووستانەوە چارەسەر بکات، هەربۆیەش سەبارەت بە دانووستان بە پیریی پێشنیارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەچێت. ئەوەش هەرچەند هەزینەی قورسی بۆ حیزبی دێموکرات بەدواوە بوو، بەڵام لە لایەکیشەوە بۆ چەندەمین جار تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامیی‌و ئاشتیی خوازیی حیزبی دێموکراتی بۆ هەموو دنیا دەرخست.

**پرسیار: کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ساڵەکانی دەسەڵاتداریی خۆی، یەکێک لە سیاسەتەکانی بەرامبەر بە هێزە نەیارو ئۆپۆزیسیۆنەکانی، سڕینەوەی فیزیکیی ڕێبەران‌و بەدەنەی ئەو ڕێکخراوە سیاسیانە بووە کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، شاپوور بەختیار، دوکتور شەرەفکەندی‌و بە پێوانەیەکی دیکەش لەمدواییانەدا عەبدولمالێک ریگی یەکێک لە دوایین ڕێبەرانی بزووتنەوەکانی دژی ڕێژیم بوو کە بەدەستی ڕێژیم لەناوچوو، بەڕێزت ئەو سیاسەتە چۆن لێکدەدەیتەوەو بەڕای ئێوە ئەو سیاسەتە چ کاریگەرییەک لە سەر ڕەوتی خەباتەکان دادەنێت؟**

**وەڵام:** بڕوانن، ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە سڕینەوەی فیزیکی ڕێبەرانی دژبەری خۆی تا ئێستا کردوویەتی سەلمێنەری یەک خاڵە، ئەویش ئەوەیە کە وا بیردەکەنەوە کە خواستو داخوازییە ڕەواکانی خەڵک لە پەیوەندیی لە گەڵ پرسە نەتەوەییەکان یان ئازادیگەلێک وەک ئازادیی ڕادەربڕین، مافی ژنان‌و داخوازییەکانی دیکەی خەڵک، لە لایەن کەسانێکەوە ڕێبەریی دەکرێن‌و ئەگەر ئەو ڕێبەرانە لە گۆڕەپانی سیاسەت بسڕدرێنەوە کێشەکان چارەسەر دەبن‌و خەڵک چیدی خوازیاری مافەکانیان نابن. لە سەر بنەمای ئەم بۆچوون‌و ڕوانینە دواکەوتووانەیان، کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە تا ئێستا ئەو سیاسەتەی ڕەچاو کردووەو لەسەری پێداگریی دەکات، بەڵام غافڵە لەوەی ئەو کردەوانە تەنیا سڕینەوەی رووکاری کێشەکەیە‌و ناکرێ بە سڕینەوەی رووکار، کێشەیەک چارەسەر بکرێت. داخوازە نەتەوەیی‌و دێموکراتیکەکانی خەڵک، داخوازیگەلێکی ڕەوان کە خەڵک لێیان بێبەشن‌و خەڵک مافی ئەوەیەیان هەیە کە ئەو مافانەیان هەبێت‌و ئەو مافانە تایبەت بە تاک، ڕێکخراو یان گرووپێک نییە، بەڵکوو داخوازیگەلێکی گشتین‌و ڕاستییەکان سەلمێنەری ئەوە بوون کە بە سڕینەوەی فیزیکیی ڕێبەرانی سیاسیی ئێران کە لە ڕاستیدا ژمارەیان کەم نییە، نەک ئەو داخوازییانە کۆتاییان پێنەهاتووە،


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵکوو ئەمڕۆکە لە رەهەندگەلی بەرینتردا خەڵک خوازیاری مافەکانیانن. پێویستە روونی بکەمەوە کە کاتێک باس لە سڕینەوەی فیزیکیی دەکەین، تەنیا مەبەستمان ئەوە نییە کە تاکێک ئێعدام دەکەن، بەڵکوو سڕینەوەی فیزیکی بریتییە لە بەتاڵکردنەوەی هەموو ئەو چەمکە مرۆییانەی کە لە مرۆڤێکی زیندوودا بوونی هەیە. مرۆڤی زیندوو ئەو کەسە نییە کە تەنیا جەستەو ئەندامانی لەشی هەیەو لێیدەستێننەوە. کاتێک زیندانییەکی سیاسی بە هۆی ئەشکەنجەوە تووشی پەریشانیی زەینیی دەبێ، کاتێک زیندانییەکی سیاسیی بە هۆی ئەشکەنجەوە غرووری پێشێل دەکرێت، کاتێک لە زیندانە بەدناوەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە گەڵ هەموو چەشنە ئەشکەنجەیەکی رۆحیو جەستەیی بەرەوڕوو دەبێتو تەنانەت پاش هاتنەدەرەوەی لە زیندانیش تووشی نەخۆشینی سەیروسەمەرە دەبێتو لە بنەماڵەکەی خۆیشی دەبێت بە بارو زۆر جاران خۆی بە شەرمەزاری بنەماڵەکەی دەزانێت، ئەمانە هەموو دەچنە خانەی سڕینەوەی فیزیکی، واتە بەتاڵکردنەوەی مرۆڤ لە مانا ئینسانییەکانی. لەو پەیوەندییەدا کۆماری ئیسلامی بە دەیان هەزار جار سڕینەوەی فیزیکی ئەنجامداوە بەرامبەر بە ئازادیخوازانی ئێرانی لە رێبەرانیی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە بگرە هەتا رۆژنامەوانان، چالاکانی میللی مەزهەبی، چالاکانی سیاسی، مافی ژنانو... ئەمانە ئاریشەگەلێکن کە لە بنەڕەتدا ئەگەر کۆماری ئیسلامی رێژیمێکی حیسابگەر بووایە، دەرکەوتەی زیندووترو روونتر لە ئەمڕۆ بوونی نابێت بۆ ئەوەی سەرەڕای ٣٠ساڵ سڕینەوەی فیزیکی رێبەرانو چالاکانی سیاسی، ئەمڕۆکە داخوازییەکانی خەڵکی ئێران نەک هەر لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا نەماوەتەوە، بەڵکوو گەیشتووەتە سەرانسەری دونیا. ئەو داخوازییانەی کە بەتایبەت لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بە گوێی رێژیمی کۆماری ئیسلامیو دونیا گەیشتووە. هەربۆیەش ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی مەحکوومە. سیاسەتێکی شکست خواردووە کە ناگاتە هیچ کوێو ئێمە ئەزموونی ئەم چەشنە سیاسەتانەمان لە رێژیمە دیکتاتۆرییەکانی پێشووشدا دیوەو پاشەرۆژی هەموو ئەو رێژیمانە دەگاتەوە بە رووخانیانو لە کۆتاییدا خەڵک بە مافەکانیان گەیشتوونو ئەم چارەنووسە چاوەڕێی کۆماری ئیسلامیش دەکات.

سەرچاوە: رۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە ٥٣٢

٤ی ئەپریلی ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتوویژ لە گەڵ دوکتور حەسەنی شەتەوی

**محەممەدی فەقێ عەلی**

دوکتۆر حەسەنی شەتەوی ساڵی ١٩٤٠ لە شاری ورمێ لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە ورمێ تەواو کردوە. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لە پۆلی هەشتی ناوەندی لە لایەن «روکنی دووی ئەرتەش» لە سەر خەباتی سیاسی لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ ماوەی پنجاڕۆژ زیندانی کراوە.

ساڵی ١٩٥٩ لە ئەستەنبووڵ لەزانستگای پزشکی خوێندنی دەست پێکردوە. هەر لە تورکیە دەبێ کە لەگەڵ چەند کوردێکی باشوور لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە تورکیە دادەمەزرێنن و پاش سێ ساڵ بە بۆنەی خەباتی سیاسی لەدژی ڕێژیمی شاو یارمەتی بەجووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور بە ناچاری تورکیەی بەجێ هێشتوە. ساڵی ١٩٦٣ لە زانستگای «لوودڤیگ ماکزیمیلیەن»LMU لە شاری مونیخی ئەڵمان دەستی کردوە بە خوێندن، هەر لەو سەروبەندەدا یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کورد بووە

لە ئەڵمان، ئەندامی دەستەی پێکهێنەری ڕێکخراوی دیفاع لە مافی کورد لە شاری مونیخی ئەڵمان. پاش نووسینی تێزی دوکتۆرا ساڵی ١٩٧٥ بەڵگەنامەی پسپۆڕیی لەبەشی نەشتەرگەری و ساڵی ١٩٩٦ پسپۆڕیی گرنگترین بەشی نەشتەرگەریی وەرگرتوە و زیاتر لە ٢٠ ساڵ سەرۆکی بەشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی زانستگا بوو.

ساڵی ١٩٧٠ لە هەشتەمین کۆنگرەی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراقدا بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی ئوورووپا بەشداری دەکا. لە ساڵی ١٩٧١دا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی پزیشکانی کورد لە ئوورووپا بووە. لە کۆنگرەی سێی حدک وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و ساڵی ١٩٨٢ لە سەر داوای دوکتۆر قاسملوو ماڵ و منداڵ و کار بەجێ دێڵێ و بۆ خزمەتە پزیشکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. بەیارمەتیی فکریی دوکتۆر قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٨ دا دەستەی هاوار بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دادەمەزرێنن. کە بە داخەوە ڕێبەرەکان و حیزبە سیاسییەکانی ئەو دەم هیچ جوابێکیان بەم هاوارە نەدایەوەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وابوو پەکەکە لەم ساڵانەی دواییدا ئەم کارەی وەک کۆنگرەی نەتەوەیی ڕاگەیاند.

زیاتر لەپەنجا ساڵ راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەشی زۆریشی لە مەیدانی کردەوەدا بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی گەلی کورد تێکۆشاوە ویارمەتیی هێزە سیاسییەکانی کوردی داوە.دوکتۆر حەسەن خاوەنی چەند پەرتووکی زانستیی پزشکییە کە یەکەمیان ساڵی ١٩٨٩ لە سەر نەشتەرگەریی سەرەتانە، دووهەمیان لە ساڵی ١٩٩١دا لە سەر شێرپەنجەی ناو زگ و سێهەمیشیان ساڵی ١٩٩٦ لە سەر چارەسەری نەخۆشیی سەرەتان نووسراون.ساڵی ١٩٩٦ پسپۆڕیی گرنگترین بەشی نەشتەرگەریی (ویسچەرال) واتا جەرگ و ڕیخۆڵە و گەدەی وەرگرتوە، بەهۆی کۆمەک بە ئاوارەکانی باشووری کوردستان و زۆر وڵاتی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٠دا میداڵی شانازیی یۆنسکۆ UNESKO ی پێدراوە.لە ساڵی ٢٠٠٣ وە تا ٢٠٠٨ سەرۆکی ڕێکخراوی نەشتەرگەرانی پسپۆڕی ڕیخۆڵە لە ئەڵمان بووە کە ئێستاش ئەندامی فەخریی ئەم ڕێکخراوەیە.لە سەر خزمەت بە زانستی پزشکیی نەشتەرگەری لە ڕێکخراوی جەڕاحانی ئەڵمان کە یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوەکانی دنیایە، میداڵی زێوی پێدراوە.

**پرسیار: کاک دوکتۆر بەڕێزت لەم دواییانەدا کتێبێکت لە سەر بنەماڵەی قاسملوو بڵاو کردەوە، مەبەستتان لەم کارە چی بوو؟**

**وەڵام:** من وەک بەشێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتە دڵگیرو شیرینەکەم واتا کوردستان بە ناچاری ٥٠ ساڵە لە دەرەوەی وڵات لە غوربەتدا دەژیم، زۆربەی نەسڵی جەوانی بنەماڵەکەمان ناناسم، بۆ خۆم بیرم لێکردەوە کە شەجەرەنامەی بنەماڵەکەمان بنووسم، لە لێکۆڵینەوەدا بۆم دەرکەوت کە ئێمە لە عێلی موکریانین.

لە لایەک بنەچەکەی ئێمە خاوەنی ٥٠٥ ساڵ مێژوون. لە ساڵی ٨٨٥ی هەتاوی تا ئێستا، لە لایەکی دیکەوە هێندێک کەس لە سەر بنەماڵەی ئێمە لە ڕۆژنامە و پەرتوکەکانیاندا ئیشارەیان بە بنەماڵەی ئێمە کردوە کە ئەمانە هەڵەیان تێدایە. ئێمە خاوەنی ٥٠٠ ساڵ خەباتین لە پێناو ئازادیی نەتەوەکەماندا، کە لە کەم شوێندا ئیشارەی پێکراوە.ئەو چەند هۆیە بوون کە منیان هان دا دەست بە نووسینی وەها کتێبێک بکەم و پاشانیش دۆست و برادەرانی خۆم و بنەماڵەکەشمان زۆریان هان دام بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەم. ئەندامانی بنەماڵەش پیرو لاو، چەند جارێک ئەو داوایەیان لێکردم و هەرکەسەش لە پەنای خۆیەوە هاوکاریی کردووم کە لێرەدا سپاسیان دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: کتێبەکە بە دوو زمانی فارسی (راه و سرنوشت) و کوردی (چارەنووس) نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە. بۆچی بە دوو زمان یان باشتر بڵێم بۆ بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی؟**

**وەڵام:** هەروەک خوێنەرانیش ئاگادارن ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی نەتەوەی باڵادەست لە ئێراندا ئەو دەرفەتەیان نەخوڵقاندوە کە زمانی کوردی لە فەزایەکی ئازاددا هەڵبدا. تەنانەت بە خاتری نووسین بە کوردی و چاپ و بڵاو کردنەوەی بڵاوکراوەی کوردی زۆر لە نووسەرانی کورد سزای قورسی زیندان و بگرە ئیعدامیشیان بەسەردا سەپاوە، تاریفێک کە ڕێژیمە کۆنەپەرست و دژەمرۆڤییەکانی تاران بۆ کوردیان هەبووە بۆتە هۆی ئەوە کە کورد وەک هەیە نەناسرێ و بگرە زۆر جاریش بە میللەتێکی دڕندەو نەگونجاو لە کۆمەڵگادا و دواکەوتوو و چی و چی ناساندوویانە. ئەوە دەلیلێک بوو بۆ ئەوەی من بە زمانی فارسی ئەم کتێبە بڵاو بکەمەوە بۆ ئەوەی هەم ئەو کوردانەی کە بە داخەوە دەرفەتی فێربوونی زمانی دایکیان نەبووە کەڵکی لێوەرگرن و هەمیش میللەتەکانی دیکەی ناو ئێران بە مێژووی ئەم بنەماڵەیە کە بەشێکی بچووکە لە مێژووی نەتەوەکەم ئاشنا بکەم.

هۆیەکی دیکەش بۆ نووسینی ئەم کتێبە بەزمانی فارسی کە هەر دەچێتەوە سەر دەلیلەکەی پێشوو، ئەوەیە کە بنەماڵەی ئێمە لە ناوچەی ورمێ لە گەڵی قاسملوو ژیاون کە لەوێش تورکیی ئازەری و فارسی زیاتر بە سەریاندا زاڵ بووە و زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەمان بە داخەوە بە هۆی ئەو ستەمانەی کە لە سەر گەلی کورد بە گشتی و بنەماڵەی قاسملوو لەم ناوچەیە بە تایبەتی هەبووە، ئەو دەرفەتەیان بۆ نەخوڵقاوە کە زمانی زگماکیی خۆیان بتوانن بە شێوەیەکی پێویست بخوێننەوە و بنووسن. هەرچەند هەر هەموویان بە کوردی دەدوێن بەڵام توانای نووسین و خوێندنەوەیان بەم هۆیانە کە باسم کردن، نیە. هەروەها منیش لە تاراوگەدا توانیومە خویندن و نووسینی کوردی فێر بم.

**پرسیار: لەم کتێبەدا چەند خاڵێک بۆ من جێگای سەرنجن کە پێمخۆشە خوێنەرانیش لێی ئاگادار بن، ئەویش ئەوەیە کە جەنابت کاتێک باسی ئەم بنەماڵە ناودارەی نەتەوەکەمان دەکەی، بەشی هەرەزۆری ئەو کەسانەی کە جەنابت لەم کتێبەدا ناوت هێناون، لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانن، یان باشتر بڵێم لە ئاوارەییدا دەژین یان ژیاون، ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە.**

**وەڵام:** هەروەک لە جوابی پرسیاری پێشووشدا ئیشارەم پێکرد، بنەماڵەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە وەک زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان لە شۆڕشەکانی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بوون، گەورەکانی ئەودەم ئەو کەلەبەرەیان لە ناو خەباتی نەتەوەیی‌دا بەدی کردوە، کە نەفەری خوێندەواری زانستە باڵاکانمان نیە یان زۆر کەمە، بەتایبەتی مەمەدئاغای قاسملو باپیری من، کە یەکێک لە تێکۆشەرانی سەردەمی کۆمار بووە، ئەم پیاوە دیتوویەتی کە توانای ماڵیی هەیە و دەتوانێ لە خۆیەوە دەست پێ‌بکاو بۆ ئەم مەبەستەش کوڕەکانی ناوەتە بەرخوێندن و تا خوێندنی باڵاش بەهۆی دەستڕۆیشتوویی توانیویەتی هاوکاری‌یان بکا و پێیان بگەیەنێ. ئەو ئەو کارەی بەو هیوایە کردوە کە لە داهاتوودا کوردیش خەڵکانێکی زانا و ئاکادیمیکی هەبن بۆ ڕێبەری‌کردن، کە لەم بارەیەوە بە هەڵە نەچووە و تێکۆشەر و ناوداری وەک دوکتۆر عبدولڕەحمانی قاسملوی بۆ نەتەوەکەی پێ‌گەیاندوە. دیارە چەندانی تریش لەم بنەماڵەیە لە خەباتی نەتەوایەتی‌دا بەشدار بوون و هەن بەڵام ناودارترینیان و نموونەی هەرە بەرچاویان دوکتۆر قاسملوویە.لە لایەکی دیکەش کورد بە گشتی و بنەماڵەی ئێمەش کە بەشێکی بچووکی ئەو بنەماڵە گەورەیەیە، پۆتانسیەل و توانای فێربوونمان زۆرە، ئەوە دوژمنانن کە نەیانهێشتوە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان پـێ‌بگەن و تێ‌بگەن، ئەگینا دڵنیام تائێستا سەدان ناوداری نێونەتەوەییمان لەبوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی‌دا دەبوو.

**پرسیار: خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە خوێندنی باڵایان لە دەورانێکدا تەواو کردوە کە ئەو دەرەتانە بۆ هەموو بنەماڵە کوردەکان نەڕەخساوە ئەوە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

**وەڵام:** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەت دەبێ بڵێم، کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان پێش ٥٠ ساڵ قوتابخانە نەبوو و باپیرەکانی ئێمە سەوادی خویندن و نووسینیان نەبوو و ئەگەر بووشیان لە ناوەندە مەزهەبی‌یەکان‌دا لە ڕێگای قورعان‌خوێندن فێری نووسین و خوێندنەوە ببوون. پیش ٦٠ ساڵ لە شارە گەورەکانی کوردستان پۆلی یازدە و دوازدە نەبوو، باپیری من کە زۆر دەوڵەمەند بوو کوڕەکانی خۆی دەنێرێت بۆ دبیرستانی «شبانەروزی»ی ئەلبۆرز لە تاران، کچەکان بە داخەوە بەپێی عورف و عادەتی ناو کۆمەڵگای کوردەواری بێسەواد دەمێننەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باپیرم کوڕەکانی بەم شێوەیە هەریەکەو بۆ وڵاتێک بەڕێ دەکات بۆ خوێندن؛ حسینی قاسملوو رەوانەی ئیستانبووڵ دەکا، ئەحمەدی قاسملوو و رەحمانی قاسملوو دەنێرێ بۆ پاریس، عەلی قاسملوو بۆ تەورێز.

کوڕەکان کە گەڕانەوە، ئەو ئازادی‌یە کە لە دەرەوەی وڵات تاڕادەیەک دیتبوویان هەستیان پێ‌کردبوو بە تایبەتی لە فەڕانسە وەک دیاری لەگەڵ خۆیان هێنابۆوە وڵات. لە گەڵ ئەوەش‌دا زانیاری‌یەکی زۆریان وەدەست هێنابوو،لە ناو کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان خوێندنی باڵا دەگمەن بوو. ئەو ئازادی و بە ئازادی ژیانەیان لە دەرونیان‌دا چەکەرەی کردبوو. لە کوردستانیش کە کۆمار هەرەسی هێنابوو و بە دەستە چەپەڵەکانی مێژوو لە ناو چووبوو، ئەندامانی بنەماڵەی ئێمە کە ڕابردوویەکی دێرینیان لە شۆڕش و خەبات‌دا هەبوو. ئەوەش بوو بە هەوێنێکی تری خەباتی نەتەوایەتی بۆ ئەم پێڕە لە نەسڵی بنەماڵەکەمان. دوژمن دوای هەرەسی کۆمار ملک وماڵێکی زۆری ئێمەی داگیر کرد ئەندامانی بنەماڵەکەمان زۆریان گیران و زیاتر لە پێشوو کەوتنە بەر غەزەبی داگیرکەرانی کوردستان، ئەم زوڵم و زۆرە لە تەواوی کوردستان‌دا دەستی پێ‌کردبوو، بەڵام لە بنەماڵەی ئێمەدا چونکە لەو مەرزە دەژیان کە تێکەڵاوە لە گەڵ ئازەری‌یەکان، زیاتر هەستی پێ‌دەکراو لە شارەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی شارەکانی دوور لە عەجەم ئەوەندە خەڵکەکە نەدەخرانە ژێر فشار یان لانی‌کەم لە باری ڕوحی و ڕەوانی‌یەوە دوژمن ئەوەندە کاری لە سەر نەدەکردن. تەوهین و جنێودان بە ژن و منداڵ، گاڵتەجاری بە لیباسی کوردی، بێ دەلیل گرتن و بێ لێپرسینەوە لە زیندانەکان‌دا ڕاگرتن و زۆر شتی دیکەی لەم بابەتە ژیانیان بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەمان لەم ناوچەیە بە تەواوی زەحمەت کردبوو.

ئەوە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بوو. لە دوای شۆڕشیش وەعزەکە بۆ بنەماڵەکەمان باشتر نەبوو، ئەمە دەلیلەکانن کە ئەندامانی بنەماڵەکەمان بە مەجبووری پەڕیوەی هەندەران یان شارەکانی دیکەی ئێران بوون. مەجبوور کراون، دەست لەملک و ماڵی خۆیان هەڵگرن و هەرکەسە لە شوێنێک بگیرسێتەوە و ژیانی خۆی بەسەر بەرێ. بەڵام لە ژێر ئەو هەموو تەوژمەی داگیرکەرانیش‌دا، دەستیان لە تێکۆشان و فێربوون شل نەکردوە، بەپێی توانا هەوڵی خۆیان بۆ فێربوون و خزمەت بە نەتەوەکەیان داوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: خاڵێکی دیکە کە بۆ من جێگای سەرنجە، محەممەدئاغای قاسملوو وتەیەکی هەیە کە دەڵێ، قەت باوەڕ بە عەجەم مەکە، مەهێڵە زمانی بتگاتێ،ئەگەر نەتتوانی بیکوژی ڕاکە لە چەنگی، وا دیارە زۆر لە فرۆفێڵی عەجەمی دەسەڵاتدار گەیشتوە، لێرەدا پرسیاری من ئەوەیە ئەدی چۆن بوو دوکتۆر قاسملوو ئاوا بە هاسانی لە گەڵ چەند پاسداری بە ناو نوێنەری کۆماری ئیسلامی دانیشت، کە بەداخەوە ئاکامەکەیمان دیت و ئێستا ئەم وتەیەی باوکی دوکتۆر قاسملوومان دێنێتەوە یاد؟**

**وەڵام:** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەتان دەبێ بڵێم، کە دوکتۆر قاسملوو هەر لەجێ‌دا، مرۆڤێکی ئاشتی‌خواز بوو. لە تەواوی ژیانی‌دا پێم شک نایەت چۆلەکەیەکیشی کوشتبێ. ئەو مرۆڤێکی ئەهلی عیلم و زانست بوو و نەفرەتی لە شەڕ هەبوو. ڕاستە مەمەد ئاغای باوکی ئەم وتەیەی هەیە، بەڵام بۆ قاسملوو گرنگ ئەوە بوو نەتەوەکەی دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوێ و لەم دەرفەتەدا بە ئارامی و دوور لە شەڕ و کوشتار باشتر تێبگا و پێبگا، هەر ئەوەش بوو کە بۆ دەستکەوتێک بۆ نەتەوەکەی گیانی خۆی بەلاوە زۆر گرنگ نەبوو، و وەک هەست بە بەرپرسایەتی‌یەکی مێژوویی دەیویست لە هەل کەڵک وەرگرێ و نەتەوەکەی لە شەڕ و کوشتار ڕزگار کا.

دەنا هەموومان باش دەزانین کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەی دوکتۆر قاسملوو بۆ ناوخۆی وڵات لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەی ڕێبەریی حیزب، چۆن لەماوەیەکی کورت‌دا حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بوو بەحیزبێکی سەرتاسەریی بە هێزی کوردستان. لە بیرتانە کاتێک قاسملوو لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە میتینگێک‌دا بۆ خەڵک دوا بەپێی مەزەندە سەدهەزار کەس بەشدار بوون، لەدوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەواوە هیچ ڕابەرێکی کورد لە کوردستان ئەو خۆشەویستی‌یەی قاسملووی نەبووە کە ئەوەندە خەڵکی بۆ کۆبێتەوە.

ئەوە خۆشەویستیی قاسملوو و کارزانی و لیهاتوویی ئەو بوو کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی گەیاندە ئەو پلەیە، ئەمە وای کرد کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و شەخسی دوکتۆر قاسملوو لە نێو خودی هێزە کوردی‌یەکانیش‌دا بەربەرەکانییان لەگەڵ بکرێ و هێزو لایەنی وا هەبوون کە حیزبی دیمۆکراتیان بە تاقمی قاسملوو ناو دەبرد و چاویان لە حاندی ئەم شۆڕشە مەزنە بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و لە پلەی یەکەم‌دا بە ڕێبەریی قاسملوو هەڵ نەدەهات. سەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەی ئەو هەموو پشتیوانی و خۆشەویستی‌یە بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ڕابەریی ئوسووڵی و سیاسەتی دروست و لێزانانەی قاسملوو. ئەو خۆشەویستی‌یە بە ڕادەیەک بوو کە دۆستانی قاسملوو کە لە نیزیکەوە دەیان‌ناسی باوەڕیان بە سیاسەتەکانی هەبوو، دەنا ئەوانەی لێی دوور بوون هەر جارە بە ناوو ناتۆرەیەک موتتەهەمیان دەکرد.

قاسملوو لە هەمووی ئەم سەرکەوتنانەش‌دا مرۆڤێک نەبوو کە لەخۆ بایی بێ، ئەو پێی وابوو لە دەرەجەی یەکەم‌دا دەبێ مافی مرۆڤەکان بپارێزرێ و ئەوەشی نەک هەر بە قسە دەگوت بەڵکوو لە ناو حیزبی دیموکراتی‌دا بە کردەوە هەنگاوی بۆ دەنا، نەفرەتی لە دیکتاتۆری هەبوو، حیزبی دیموکراتی کوردستان یەکەم حیزب بوو کە لە بەرخورد لە گەڵ دیلەکانی مەیدانی شەڕدا دەرسی مرۆڤایەتیی بە پێشمەرگەکانی دەگوتەوە کە بەرخوردیان دەبێ لەگەڵ دیلەکانی مەیدانی شەڕ زۆر مرۆڤانە بێ. ئەوە شتگەلێکی حاشاهەڵنەگرن. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن کە لە کاتی شەڕ لە کوردستان سەردانی زیندانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردوە ئەم ڕاستی‌یە بە باشی دەسەلمێنێ.

قاسملوو زۆر جار تۆمەتبار دەکرا بەوەی کە لەلایەن حکوومەتی بەعسی عێراقەوە هاوکاری و پشتیوانی دەکرێ، من خۆم شاهیدی ئەو هاوکاری‌یانەم کە بەراستی بۆ شۆڕشێکی کورد لەم شێوەیە ئەوانە بە هاوکاری‌یەکی کاریگەر ناژمێردرێن، ئەوە بریتی بوو لە هێندێک کەلوپەل کە بەوڵاغ لە مەرزەوە دەگوێزرایەوە، شتێکی تایبەتی نەبوو، بەڵام قاسملوو لەهەموو ئەو هاوکاری‌یانەش‌دا کە بەعسی عێراق دەیکرد، هەمیشە پێداگریی لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی حیزبەکەی دەکردەوە. ئەو خەڵکی کوردستانی پێ پشتیوانی ئەسڵی و سەرچاوەی داهات و دەرامەتی حیزب بوو.

لە دوا قۆناغەکان‌دا قاسملوو پێی وابوو کە بە لەنێوچونی خومەینی مەجالی حەللی مەسەلەی کورد دەبێ لەبارتر بووبێ، و لەلایەکی دیکەش کورد کەوتبووە قۆناغێکی دیکەی ترسناک، ئەویش ڕاوەستانی شەڕی ئێران و ئێراق بوو کە دەکرا لە سەر کەوڵی کوردەکە دووبارە ڕێک کەون و نەتەوەی کورد دووبارە تووشی دەستخەڕۆیی بکەنەوە، لەلایەکی تریش هەڵایساندن و درێژخایاندنی شەڕی نێوخۆی کۆمەڵە و حیزب کە من پێم‌وایە هەردووکیان بە ئەندازەی خۆیان خەتابار بوون، و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها متمانەی قاسملوو بە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی کە رابیتی ئەم کارە بوو، قاسملوی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە لەم دانیشتنانەدا بەشداری بکا.

شتێکی دیکەش کە دەبێ عەرزتان بکەم ئەوەیە کە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەم مەسەلەیە ئاگادار بوون، من دوو ڕۆژ پێش تیرۆرەکەی لەڤییەن بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد و داوام لێکرد کە جارێ خۆی بەشدار نەبێ، لە وەڵامدا گوتی: حەسەن تۆ نیگەران مەبە ئێمە لە هوتێل هیلتۆن دەبین و مام جەلالیش لە گەڵمانە.

لە کۆتایی دا دەبێ بڵێم کە قاسملوو بە قسەی باوکی کردوە، ئەگەر گوێ لەم نەوارانە بگری کە هەڵگیراون دەبیسی کە دوکتۆر قاسملوو چەندە بەسەبرو حەوسەلە و بەشێوەیەکی زانستی و عیلمی‌یانە مەسەلەی کورد لێک دەداتەوە و روونی دەکاتەوە، بەڵام هەروەک عەرزم کردن ئەو دەستکەوتێکی کەمی بۆ نەتەوەکەی پێ لە ژیانی خۆی موهیمتر بوو.

**پرسیار: مەمەد ئاغا قسە خۆش و بە دەست و بردیش بووە لە جواب دانەوەدا، دەکرێ یەک دوو قسەی خۆشی ئەم گەورە پیاوەشمان بۆ وەگێڕی؟**

**وەڵام:** بەڵێ ئەوە ڕاستە زۆر کەس لە دۆستان و ئاشنایان قسەی خۆشی ئەویان گێڕاوەتەوە، مرۆڤێکی مەجلیس‌خۆش بوو، شتێک کە بۆ خۆم شاهیدی بووم، لە بیرم نایە دروست چ ساڵێک بوو بەڵام دوای رووخانی کۆمار سوپا هەمیشە بەچاوی گومانەوە دەیڕوانیە بنەماڵەی قاسملوو، زۆرجار دە پازدە کەس ژاندارم دەهاتن و ناو ماڵەکان دەگەڕان گوایە لە چەکوچۆڵ دەگەڕێن، ڕۆژێکیان لە قوتابخانە دەهاتمەوە، یەکێ لە دۆستان کە تووشی بووم گوتی مەچۆوە ماڵێ چونکە پۆلیس و سوپا هاتوون. منیش لە دڵی خۆمدا گوتم وا چاکە بچمە ماڵێ باپیرم کە پێمان دەگوت «باباغا»، کە چوومە ژووری حەوشەی، دیتم چەند چەکداری سوپا لەوێش بۆ چەک دەگەڕێن. پاشان کە هیچیان نەدیتەوە ئەفسەری بەرپرس لە باباغای پرسی: ئاغای وسووق چەکەکانت لە کوێ شاردوونەوە؟ باباغا زۆر بە بێباکی و ئارامی وەڵامی دایەوە و گوتی: لە ق...ی دایکت دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەمەد ئاغای قاسملوو قسەکانی بۆیە وا خۆش و دڵگر بوون چون زۆر نەترسانە ڕووو بە دوژمنی نەتەوەکەی کردوونی، یەکێکی تر لەم قسە خۆشانەی، یان باشتر بڵێین لەم هەڵوێستە بوێرانەی ئەوەیە: کە مەمەد ئاغای قاسملوو چەند ساڵ لەگەڵ سەرداری بۆکان لە تەورێزی وەلیعەهدنشین لە لای وەلیعەهد بووە، وەلیعەهد محەممەد عەلیشا مرۆڤێکی دڵڕەش بووە، ڕۆژێک کە لەگەڵ سەرداری بۆکان و مەمەد ئاغا دەچنە ڕاوێ لە ڕاوگە لە مەمەد ئاغا دەپرسێ: ئەرێ وسووق ئەوە چیە کە سەگ نایخوا بەڵام سوننی دەیخۆن؟ مەمەد ئاغا کە مرۆڤێکی حازر جواب دەبێ دەستبەجێ جوابی دەداتەوە و دەڵێ: ئەوە کەروێشکە ئێمە کورد و سوننی دەیخۆین، بەڵام ئێوەو شیعەکان نایخون.

**پرسیار: وەک ئەندامێکی بنەماڵەی قاسملوو، ڕۆڵی ئەو بنەماڵەیە لە شۆڕشی نەتەوایەتیی کورددا چۆن پێناسە دەکەی؟ بە گشتی کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی ئەو بنەماڵەیە کێ بوون؟**

**وەڵام:** بنەماڵەی ئێمە لە ڕاپەڕینی سمکۆدا بە شدار بووە. براگەورەی مەمەد ئاغای قاسملوو میرزا ڕحمەتوڵلاخان ناسراو بە زێڕین قەڵەم، میرزای سمکۆ بووە. مەمەد ئاغای قاسملوو لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد لە، کوماری کوردستاندا حەبیبوڵلاخان، ئیبراهیم خانی قاسملوو ئەفسەری کۆماری کوردستان بوون.. باوکی محەممەد ئەمین ئاغای شەتەوی، عێزەت ئاغای موکری، براگەورەی مەحموودئاغا، لەسەر کوردایەتی شەهید کراون. ئەحمەدی قاسملوو لە کۆمەڵەی ژێ کافدا بەشدار بووە و ڕەحمانی قاسملوو لە پێکهێنانی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتدا بەشدار بووە. هەروەها لە پیکهێنانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا. لە بنەماڵەی ئێمە لە سەر کوردایەتی ئەو کەسایەتییانە لە تەرەفی هە ر دوو حکوومەتی ئێران زیندانی کراون.

حوسێنی قاسملوو، دوکتۆر عەلیی قاسملوو، محەممەد ئەمین شەتەوی، ئیبراهیم قاسملوو، رحمانی قاسملوو, سمایلی قاسملوو، عەبدوڵلا عێزەتپوور، د.حەسەنی شەتەوی و خوسرەوی عیزەتپوور. حەسەنی قاسملوو، نژلای قاسملوو، سلێمانی قاسملوو، لوقمانی قاسملوو، سوهەیلا قاسملوو، ناسری قاسملوو ئەوانە بەینی دوو مانگ تا دوازدە ساڵ لەلایەن هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییەوە زیندانی کراون. زۆربەیان ئەندامی حدک یا هێزەکانی دیکەی سیاسیی کورد بوون


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیان کەسی دیکەش لە بنەماڵە بۆ ئازادیی گەلی کورد خەباتیان کردوە. بەتایبەتی رۆڵی ژنەکان بەداخەوە زۆر کەمڕەنگ کراوەتەوە، دەنا ئەوان کارو تێکۆشانیان ئەگەر لە پیاوەکانی بنەماڵە زیاتر نەبووبێ کەمتر نەبووە، مەسەلەیەک هەیە کە دەڵێ لەپشت هەر پیاوێکی گەورە ژنێکی گەورە هەیە بەڵام کە پیاوەکان توانیویانە ئەم ناوونیشانە بۆ خۆیان بەدەست بێنن و خزمەتێک بە نەتەوەکەیان بکەن، ئەوە پشتیوانی و هاوکاریی ژنەکان بووە کە ئەم دەرفەتەیان بۆ خوڵقاندوون و هاوکاری یەکەمیان بوون، هێندێک لەم شێرەژنانە بریتین لە: ئەشرەف، تەبەسسوم، پەری، سورەییا، سۆهەیلا، ئەسمەرو ئێستاش زۆربەی نەسلی تازە.

**پرسیار: ناودارترین کەسی ئەم بنەماڵەیە دوکتۆر عەبدوڕڕەحمانی قاسملوویە. دوکتۆر قاسملوو رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ناساندنی دۆزی کورد بە دنیای دەرەوەدا و جەنابیشت وەک ئەندامێکی ئەم بنەماڵەیە لە نیزیکەوە ئەم ڕێبەرە ناودارەت ناسیوە و بە هەڵوێست و شێوەی کارو وردبینییەکانی ئاشنایەتیتان هەبوە. لە سەر ئەم گەورە پیاوەش زۆر نووسراوەو زۆریش گوتراوە. پێت وایە شتێک هەبێ کە جەنابتان بیزانن و خوێنەران لێی ئاگادار نەبن؟**

**وەڵام:** دیارە شتێکی وا بەتایبەتی نیە، بەڵام چەند رووداو و هەڵوێست کە من بۆخۆم شاهیدیان بووم بە کورتی بۆتان باس دەکەم. من و کاک ڕەحمان لە بەغدا بووین سەددام داوای لە کاک ڕەحمان کردبوو، کە پێکەوە لە سەر تەلەفیزیۆن ئامادە بن ئەوە ئەو زەمان بوو، کە هێزەکانی سیاسیی کورد لە هەر چوار پارچە و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێیان خۆش بوو هەر بەغاردان بچن بۆ لای سەددام. کاک ڕەحمان ئەو داوایەی ڕەد کردەوە، گوتی ئێمە کارێکمان لە تەلەڤیزیۆن نیە، بە هەڵەداوان بەغدامان بەجێ هێشت.

لە سەفەرێکی دیکەدا بۆ بەغدا کاک رەحمان تازە چاوی بە سەددام کەوتبوو و هەردوای ئەو چاو پێکەوتنەش، سەفیری ئەمریکا مولاقاتی دەگەڵ دەکات، لە جوابی پرسیاری سەفیری ئەمریکادا کە دەپرسێ: ئەو تۆپباران و کوشتارەی کە لە کوردستانی عێراق دەکرێ بە بڕوای تۆ کێیە دەیکا، کاک ڕەحمان لە جوابدا دەڵێ، شەخسی سەددام حوسێن...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتۆر قاسملوو هەر بۆ حیزبی دیمۆکرات خەبات و تێکۆشانی نەدەکرد، ئەو حیزبی دیمۆکراتی وەک ئامرازێک بۆ خزمەت بە نەتەوەکەی تەماشا دەکرد و بۆ کاری باش و سەرکەوتووش بە دڵنیاییەوە پێویستیی بە ئامرازی باش و کارا هەیە. جارێکیان من و دوکتۆر قاسملوو و کاک فواد حوسێن وتەبێژی ئێستای کاک مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردیستان، بەیەکەوە سەردانی حکوومەتی هولەندمان کرد و داوای نەخۆشخانەیەکمان کرد، لە جوابدا گوتیان ئێمە نەخۆشخانەیەکی ٢٠٠ تەختیتان دەدەینێ، بەڵام دەبێ بیستوپێنج لە سەدی خەرجییەکەی بۆخۆتان دابین بکەن. لە جوابدا دوکتۆر قاسملوو گوتی ئێمە دوو نەخۆشخانەی ١٠٠ تەختیمان دەوێت یەکیان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەویتریش بۆ باشووری کوردستان، دیارە من بە پێویستی نازانم کە کۆمەنتارێک لە سەر ئەو قسەیەی قاسملوو بدەم چون بۆخۆی روون و ئاشکرایە.

کاک رەحمان بە یازدە زمانی دنیا شارەزایی هەبوو. ئەو موسەللەت بوو بە سەر زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی، چەکی، سلۆڤاکی، فەرانسەیی وعەرە بیدا و لەم زمانانەش تاڕادەیەکی زۆر شارەزا بوو: لەهستانی، رووسی و بولغاری.

**پرسیار: رۆڵی دوکتۆر قاسملوو لە زیندووکردنەوە و گەشەسەندنی حیزبی دیمۆکراتدا کەس ناتوانێ ئینکار بکا، ئێستاش دوای لێکدابڕانی حیزبی دیمۆکرات هەر دوو حدک و حدکا وەک ڕێبەرێکی کەموێنە باسی لێدەکەن، پێتان وایە حیزبە دیمۆکراتەکان تا چەندە لە هەڵوێستە سیاسییەکانیاندا، ڕێنمایییەکانی ئەو گەورەڕابەڕەیان ڕەچاو کردوە؟**

**وەڵام:** کاکی برا! ئەم پرسیارە پێویستە ئاراستەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاک مستەفا هیجری و کاک خالید عەزیزی بکرێ، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە دوکتۆر قاسملوو هیچ کات کۆپیی نەدەکرد، مرۆڤێکی دوگم نەبوو، دیکتاتۆر نەبوو، سیاسەتی بەتەواوی وەک هونەری مومکین سەیر دەکرد. ئەگەر لە هەڵوێست و بڕیارەکانی حیزبی دیمۆکرات بە ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو یان لە هەڵوێستەکانی خۆیدا وردبینی بکەی ئەم شتە بە باشی دەردەکەوێ. من لە سەر ئەو بڕوایەم ئەگەر دوکتۆر قاسملوو ئێستا مابا، خاڵی سەرەکیی کارو تێکۆشانی کۆکردنەوەی هێزە پەرشوبڵاوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبوو، ئێمە هەمووومان باش دەزانین کە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە زەرورەتێکی مێژوییی‌یەو بەرپرسیاریەتەکەش دەکەوێتە سەر شانی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی مەیدانی تێکۆشان، چونکە ئەوەشمان باش بۆ دەرکەوت کە بزووتنەوەی سەوزیش باوەڕێکی بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا نیە. بۆیە ئەگەر ئێمەی کورد دەمانەوێ لە داهاتووی ئێراندا دەستکەوتێکمان هەبێ و مایەپووچ دەرنەچین، هەنگاوی یەکەممان دەبێ ئێستا باوێین، ئەم هەنگاوەش یەکدەنگی‌یە لە ئاست پرسی نەتەوەییمان و دانانی بەرنامەیەکی نەتەوەیی بۆ چارەسەری کێشەکەمان لە ئێران. ئێمە دەبێ بە دەستی پڕ و بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستانەوە بچینە مەیدان. ئەگەر دوکتۆر قاسملو لە ژیاندا مابا، بە بڕوای من ئەم هەنگاوانەی تا ئێستا جێبەجێ کردبوون. با دروشمەکانمان بکەین بەکردەوە، ئەوە ئەرکێکە مێژوو خستوویەتە سەرشانی هێزو لایەنە سیاسی‌یەکان. ئەگەر بەیانی ئێران ئاڵوگۆڕی تێدا بێتە پێش، خاوەندارانی ئەم ئاڵوگۆڕە لەگەڵ کێ لە سەر مەسەلەی کورد قسە بکەن؟ هەر کەس بڵێ من بە تەنیا دەتوانم نوێنەرایەتیی میللەتی کورد لە ڕۆژهەڵات بکەم، لە هەڵەدایە؟

**پرسیار: بەڕێزتان ساڵانێک تێکەڵاویتان لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات هەبووە و ڕابەرانی بەئەزموون و کۆنەکاری سەردەمی دوکتۆر قاسملوو دەناسی، ئێستا ڕێبەریی ئەم حیزبانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ تا چەند حیزبەکانی دێموکرات لە سەر بنەمای ئەو سیاسەتانە درێژە بە خەبات دەدەن کە دوکتور قاسملوو بۆی بەجێ هێشتن؟**

**وەڵام:** با بەر لە هەمووشتێک ئەوە بڵێم کە من ئێستا ئەندامی هیچ حیزب و سازمانێکی سیاسی نیم، کەوابێ لە کار و کردەوەکانی ناوخۆی تەشکیلاتی حیزبەکانیش ئاگادار نیم، نازانم تا چ ڕادەیەک دیمۆکراسیی ناوخۆیی ڕەعایەت دەکرێ. بەڵام من دۆستی زۆربەی هیزەکانی سیاسی و دیموکراتی کوردستانم.

دوکتۆر قاسملوو مرۆڤێکی نوێخواز و داهێنەر بوو، جورئەتی سیاسیی زۆر بوو، و باوەڕی بە پرەنسیپە دیمۆکراتیکەکان هەبوو هەم بۆ ناوخۆی تەشکیلات و هەمیش بۆ دەرەوە.

نموونەم بۆ ئەم قسانەم ئەوەیە، کە دوکتۆر قاسملوو بەئاشکراو بێ‌ترس لە کۆمۆنیزم و حیزبی تودە وازی هێنا چونکە پێی وابوو ئەو بیرۆکەیەی کە ئەو بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕزگاریی نەتەوەکەی لە نەزەری‌دایە لەناو ئەو حیزبەدا ناتوانێ گەشە بکاو پێ‌بگا. پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران شتێکە کە دوکتۆر قاسملوو بە غیرەتەوە هەمیشە پێداگریی لە سەر کردۆتەوە و بەکردەوەش ئەوەی نیشان داوە، هەر پەیوەندیی نێوان حیزبی بەعس و حدک لە سەردەمی ئەو دا ئەوەندە دیپلۆماتی‌یانە بوو، کە تاقەجارێک بە نموونەش بۆ کارێک کە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی بێ ملی بە بەعسی‌یەکان نەداوە. بۆ ئەم مەبەستە ئێستاش ئەوە ڤیکی لیکس بڵاوی کردۆتەوە کە دوکتۆر قاسملوو چەندە نەترسانە هێرش دەباتە سەر سەددام.هەروەک پێشووش ئیشارەم پێ‌کرد دوکتۆر قاسملوو سیاسەتی وەک هونەری مومکین تەماشا دەکرد، ئەگەر خومەینی باسی مافی کوردی کرد دوکتۆر قاسملوو بە باشی زانی و لەبیەیکی پێ‌گوت هەرچەند مانگ پێشتر لە کوردستان ڕای‌گەیاندبوو کە ئێمە بەو سیاسەتەی کە مەلاکان بەدوایەوەن دەنگ بە کۆماری ئیسلامی نادەین.یان دوکتۆر قاسملو قسەیەکی هەیە کە دەیگوت هیچ ئێرانی‌یەک لە خۆم بە ئێرانیتر نازانم، دڵنیام لە سەردەمی گلۆبالیزم و ئەو دەرفەتانەی کە ئێستا بۆ کورد لە ئارادان ئێستا ئەگەر مابا دەیگوت لە هەموو کوردێک کوردستانیترم و ئێرانی بوونی پێویست نەبوو وا زەق بکاتەوە.

بۆیە حیزبە دیمۆکراتەکان دەبێ هەوڵ بدەن سیاسەت و بەرنامەکانیان بەشێوەیەک بێ کە نەسلی داهاتوو دوای بیست ساڵی تر شانازی‌یان پێوە بکا، من پێم وایە میراتی دوکتۆر قاسملوو بۆ ڕێبوارانی ڕێگایەکەی لە پلەی یەکەم‌دا دیمۆکراسییە. دەبێ ئەم خاڵەیان لەبەر چاو بێ، دیمۆکراسی ئەگەر بە مانای ڕاستەقینەی خۆی کاری پێ‌بکرێ تەواوی موشکیلاتەکان حەل دەکات، پرستیژی تاک و کۆمەڵگا دەباتە سەر، مرۆڤی زانا و باوەڕبەخۆبوو بار دێنی و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕووحی برایەتی و یەکترقەبووڵکردن زیاتر بێ و توانای تاکەکان بۆ ئاخاوتن و لە یەکترتێگەیشتن بچێتە سەرێ و دەیان شتی تری لەم بابەتە.

زور سۆپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١١


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوا کاتژمێرەکانی ژیانی د. قاسملوو
# وتووێژ لەگەڵ دوا خانەخوێی د. قاسملوو

**له تورکییەوە: مەسعوود مەناف**

ئەمڕۆ ٢٤مین ساڵوەگەری تیرۆرکرانی یەکێک لە ڕێبەرانی کورد بە ناوی دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوویە. د. قاسملوو و هەڤاڵانی لە ١٣ی جولای ساڵی ١٩٨٩ی زایینی لە ویەن، کاتێک لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرقاڵی وتووێژ بوو، درایە بەر دەستڕێژی گوللە و گیانی لەدەست دا. دوکتۆر کەریم پیرۆتی، کە تا شوێنی وتووێژەکە هاوڕێیەتی د. قاسملووی کردووە، باسی چۆنیەتی ئەو جەنایەتەی بۆ ئاژانسی فرات گێڕایەوە. د. کەریم پیرۆتی کە لە تەمەنی ٥٢ ساڵی دایە و قژی ڕەنگی سپی لێ نیشتووە، لەبەر دەرگای ماڵەکەی پێشوازی لێکردین. ناوبراو کە پزیشکێکی دانیشتووی «رابێنسبورگ» - شارۆچکەیەکی هەڵکەوتوو لە سێگۆشەی ئۆتریش، چێک و سلۆڤاکییە- یەکێک لەو کەسانەیە کە شایەتی ڕووداوێکی هەستیار لە مێژوویی هاوچەرخی کورد بووە. د. پیرۆتی، ساڵی ١٩٧٣، لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا، بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن هاتۆتە ئۆتریش و دواتر بۆتە نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ویەن. ناوبراو لە ڕۆژانی ١١ تا ١٣ی جولای ١٩٨٩ش، میوانداری دوکتۆر قاسملووی کردووە و کاتژمێر ١٧ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٣ی جولای، بە ئۆتۆمۆبیلە ئۆپێلە ئاوییەکەی، بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو داوە بێت کە بۆ هاوڕێیانی نراوەتەوە، دوکتۆر قاسملووی گەیاندۆتە هوتێل هیلتۆن.

چ سەرنجراکێشە کە»م. ئەمین»، باوکی دوکتۆر پیرۆتیش، هاوڕێی «پێشەوا قازی موحەمەد»، سەرۆکی کۆماری کوردستان بووە. د. پیرۆتی لەمبارەوە دەڵێ: باوکم لە ناو ئەو وەفدە دابوو کە لەگەڵ پێشەوا قازی چوونە باکۆی ئازەربایجان، لە گەڕانەوەدا، پێشەوا فلاکسێک وەک دیاری دەداتە باوکم، ئەگەرچی فلاکسەکە شکابوو بەڵام باوکم بەو حاڵەش لای خۆی هەر رایگرتبوو. پاش ئەوەی کە قازی محەمەد کە لەسێدارە درا، باوکم تماشای فلاکسەکەی دەکرد و پێشەوای بیر دەکەوتەوە و...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیرۆتی که دوکتۆر قاسملووی لەبەر دەرگای هوتێل هیلتۆن جێهێشت، بێ شک وەک باوکی، هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات کە ڕێبەرێکی تری کورد بکوژرێ بەڵام مخابن کە مێژوو حەزی لە دووپاتبوونەوەی هەڵکەوتی لەم چەشنەیە.

**پرسیار: با لێرەوە دەستپێبکەین کە د. قاسملوو ڕۆژی ١١ی جولای هاتۆتە ویەن، ئایا ئێوە لە فڕۆکەخانە پێشوازیتان لێکرد؟**

**کەریم پیرۆتی:** ڕۆژێک پێشتر لە پاریسەوە تەلەفۆنی بۆکردم و وتی کە ڕۆژی دواتر دێت. کاتژمێر ١٨ی ئێوارە، د. قاسملوو لەگەڵ «عەبدوڵا قادری ئازەر»، نوێنەری حدکا لە پاریس هاتە ویەن. من و چەند هاوڕێی حیزبی تر کە لە ویەن نیشتەجێ بوون، پێشوازیمان لێکردن. دوایە بە ئۆتۆمۆبیلی من چووینەوە ماڵی ئێمە و شەویش هـەردووک لەوێ مانەوە. دەمزانی کە وتووێژگەلێک لەگەڵ ڕەژیمی ئێران لەئارا دایە بەڵام ئاگاداری وردەکارییەکان نەبووم. ڕۆژی دواتر، هەرکە لەخەو هەستاین، دوکتۆر فازڵ ڕەسووڵ تەلەفۆنی کرد. د. قاسملوو بڕیاری دا کە لە کافەیەک بە ناوی «لاندمان»، چاوی بە د. فازڵ ڕەسووڵ بکەوێ. پاش خواردنی قاواڵتی، هەموو بە یەکەوە لەماڵ چووینە دەر. بەرەبەری نیوەڕۆ بوو.

**پرسیار: لە کافەکە باسی چیتان کرد؟**

**کەریم پیرۆتی:** ڕاستییەکەی، شایەتی چ گوتوبێژێکی تایبەت نەبووم بەم هۆیە کە د. قاسملوو، ٥٠٠ مارکی دا بە من تا بچم بە شیلینگی ئوتریشی بگۆڕمەوە. دیتم کە ٥٠٠ مارکی دیکەشی لەگیرفاندابوو. بۆ گۆڕینەوەی پارەکە چوومە بانک، نزیک دە پازدە دەقەیەکم پێچوو، هەر کە گەڕامەوە گوتیان هەڵدەستین دەڕۆین. لەو ماوەیەدا کە من لەوێ نەبوو، دیاربوو دوکتۆر قاسملوو، د. فازڵ ڕەسووڵ و عەبدوڵا قادری ئازەر پێکەوە قسەیان کردبوو کە من شایەتی نەببووم و بەم هۆیە نەمتوانی لە ڕازی گفتگۆی نێوان ئەو سێ قوربانییە تێبگەم.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: بکوژان، پارەکەشیان دزیبوو بەو جۆرەی باستان کرد ١٠٠٠ مارک لە گیرفانی دوکتۆر قاسملوو دابوو. چ بەسەر ئەو برە پارەیە هات؟**

**کەریم پیرۆتی:** رۆژێک دوای جەنایەتەکە، زانرا کە ئەو پارەیە لە گیرفانی دوکتۆردا نەماوە، بە ئەگەری زۆر، دەبێ بکوژران ئەو پارەشیان دزیبێ.

**پرسیار: با بگەڕێینەوە کافەکە، پاشان چوونە کوێ؟**

**کەریم پیرۆتی:** چووینە گەڕەکی ژمارە ٩ی ویـەن. میوانەکانم لە ماڵی د. فازڵ رەسووڵ دانا و رۆیشتم. دواتر زانیم کە هەرسێک پێکەوە چوونەتە ماڵی دووهەمی فازڵ رەسووڵ، کە لە جادەی ژمارە ٥ی «لینکێن باگاسێ» هەڵکەوتبوو. هاوکات چ ئاگادارییەکم سەبارەت بەوەش نەبوو کە ئەوان یەکەم دیداریان لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەنجام داوە. ماڵی دووهەم، ماڵی هاوسەری دووهەمی دوکتۆر فازڵ رەسووڵ، واتە خاتوو «رێناتا»یە. لای ئێوارێ، د. قاسملوو تەلەفۆنی بۆکردم، من ئەو کات لە ماڵ بووم، داوای لێکردم کە بچم لە کافە «موسیوم»وە بیگەیەنمەوە ماڵ، دەستبەجێ لە ماڵ دەرکەوتم و خۆم گەیاندە کافەکە، لەوی کەمێک دانیشتین و دواتر، لەگەڵ د. قاسملوو و قادری ئازەر گەڕاینەوە ماڵ. قادری ئازەر بێ کەیف بوو

**پرسیار: باشە ئەو شەوە، چ باسێکیان سەبارەت بەو دیدارانە نەکرد؟**

**کەریم پیرۆتی:** تەنیا ئەوەیان پێ گوتم کە لەگەڵ ئێرانییەکان کۆبوونەتەوە بەڵام چ زانیارییەکان سەبارەت بەوەی کە ئەو کەسانە کێن و چییان لەگەڵ باسکردوون نەکرد. تەنیا من نەبووم، دۆستانی تریش ئاگاداری ئەو کۆبوونەوانە نەبوون. لە وەڵامی پرسیاری مندا کە ئەو کەسانە کێن تەنیا وتیان کە «ئەوەی کە کێن گرینگ نییە، هەر ئەوەندە بەس کە ئێرانین». بڕیار درابوو کە رۆژێک مەودا بدرێتە کۆبوونەوەکان بەڵام شەو، بەر لە خەوتن، د. فازڵ رەسووڵ تەلەفۆنی کرد و داوای کرد کە سبەی جارێکی تر کۆبوونەوە لەگەڵ وەفدی ئێرانی بەڕێوەبچێ. د. رەسووڵ گوتیشی کە ئەو زانیارییە بە ئێرانییەکانیش رادەگەیەنێ و پاشان تەلەفۆنەکەی داخست. بەرە بەرەی نیوەشەو، لاتێک دوکتۆر قاسملوو بۆ خەوتن چۆ ناو ژوورەکەی، منیش چوومە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لای قادری ئازەر و قسەم لەگەڵ کرد. قادری ئازەر چ کەیفێکی نەبوو، دەیکوت کە گوتوبێژەکان بە دەستپێشخەری د. قاسملوو بووە. سبەی، بۆ خواردنی نیوەڕۆ، چووینە رێستورانی کالێنبێرگ.

**پرسیار: کێتان لەگەڵ بوو؟**

**کەریم پیرۆتی:** من، هاوسەرەکەم و دوکتۆر قاسملوو. قادری ئازەر نەهات. کەیفی ناساز بوو. زۆری پێ ناخۆش بوو کە بەو شێوە لەگەڵ ئێرانییەکان گوتوبێژ دەکرێ بەڵام پێناخۆشبوونەکەی دەشاردەوە. ئەگەر بەو بیانووە خۆی لە بەشداریکردن لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئێرانییەکان دزیباوە، ئەگەری ئەوەی کە پێی بوترێ «دەترسێ بۆیە نایەی» هەبوو. هەم من و هەم ئەویش، زۆر باش دەزانین کە گوتنی «ترسەنۆک» بە شۆڕشگێڕی کورد، مەزنترین سووکایەتییە.

پاش خواردنی نیوەڕۆ، بۆ ماوەیەکی کورت، گەڕاینەوە ماڵ، پشوویەکمان دا. دوکتۆر قاسملوو دەیگوت کە کاتژمێر ١٦ی پاشنیوەڕۆ دیداری لەگەڵ «مانفرێد ماتزکا»، سەرراوێژکاری وەزیری ناوخۆ هەیە. ماتزکا بەرپرسێکی ئوتریشی کورددۆست بوو و یارمەتییەکی زۆری لە کاروباری بروکراتیک دەداین. چووینە وەزارەتی ناوخۆ، ماتزکا لەوێ نەبوو، جێگرەکەی وتی کە ماتزکا هەر ئێستا لەگەڵ کەسێکی دیکە دیداری هەیە. ١٠ پازدە دەقەی تریش چاوەڕوان بووین و سەرئەنجام کاتژمێر ٣٠ : ١٦لە وەزارەتی ناوخۆ دەرکەوتین. دوکتۆر قاسملوو دەیکوت کە وەعدێکی تری هەیە و داوای کرد کە خۆی و قادری ئازەر بگەیەنمە هوتێل هیلتۆن. کاتژمێر ١٧ و سی خولەکی پاشنیوەڕۆ گەیشتینە بەر دەرگای هوتێل.

## ئێرانییەکان، نەیانویستبوو کە «بین بێلایان» بەشداری دووهەم کۆبوونەوە بێت

**پرسیار: گەلۆ گوتی کە لەگەڵ کێ کۆدەبێتەوە و باسی چییان لەگەڵ دەکات؟**

**کەریم پیرۆتی:** گوتی لەگەڵ ئێرانییەکان کۆدەبینەوە و ٢ کاتژمێری دیکە لەهەمان شوێن چاوەڕوانمان بکە. با ئالێرەدا باس لە وردەکارییەک بکەم: وا تێگەیشتبووم کە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«ئەحمەد بین بێلا»، سەرۆک وەزیری ئەوکاتی جەزایر، نێوبژیوانی دانووستانەکانە بەڵام چەند رۆژ دواتر، کاتێک بین بێلا، هاتە ریوورەسمی پرسەی دوکتۆر قاسملوو و هاورێیانی، پێی گوتین کە «ئێرانییەکان نەیانویستووە کە بەشداری دووهەم کۆبوونەوە بم». هەست دەکەم کە ئەگەر بێن بێلا لەوێ با، ئێرانییەکان ناچار دەبوون ئەویش بکوژن، شتێک کە خۆیان حەزیان نەدەکرد و خۆیان لێ پاراست.

**پرسیار: ئەی ئێوە لەو دوو کاتژمێرە دا چیتان کرد؟**

**کەریم پیرۆتی:** توورە بووم، بەم هۆیە کە سەرەڕای ئەوەی کە نوێنەری حدکا لە ویەن بووم، ئاگاداری ئەو دانیشتنانە نەکرابووم. گرووپێکی تر لە هاوحیزبییەکانمان، لە ماڵی هاوڕێیەک، چاوەڕوانی د. قاسملوویان دەکرد. چوومە لای ئەوان، هۆکاری توورەییەکەم بۆ ئەوان باسکرد، حەقیان پێدام، تەنانەت بیرم لە وازهێنان لە حیزبیش کردەوە، بڕیارمان دا کە سبەی لە کۆبوونەوەیەکدا، ئەو مەسەلە لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو باس بکەین. من لە هاوڕێیان جیابوومەوە و بەرەو هوتێل هیلتۆن کەوتمەوە ڕێ. کاتژمێر ١٩ بوو، کەمێکی تر چاوەڕوان بووم، هەر نەهاتن. ڕاگرتنی ماشێن لەو شوێنە بۆ ماوەیەکی درێژ قەدەخە بوو، من دەستم کرد بە سووڕانەوە بە دەوری هوتێلەکەدا.باش لەبیرم نییە بەڵام وابزانم نیو کاتژمێر تێپەڕیبوو بەڵام هێستا دیار نەکەوتبوون.

کاتێک لەو ناوچە دەسووڕامەوە، چاوم بە هەژمارێکی زۆر ئۆتۆمۆبیلی پۆلیس و ئامبولانس لە شەقامی لینکێن بانگاسێ» کەوت.وە دڵە خورپە کەوتم. نەشمدەزانی کە شوێنی کۆبوونەوەکە و یەکێک لە ماڵەکانی دوکتۆر فازڵ ڕەسووڵ لەوێیە. لە پۆلیسەکان نزیک بوومەوە و لێم پرسین کە چ باسە؟

لە وەڵامدا گوتیان «لە قاتی سەرێ، سێ بیانیان کوشتووە و ئێمە سەرقاڵی دۆزینەوەی ناسنامەی قوربانییانین».بە بیستنی ئەو وەڵامە، ئەوەندەی تریش کەوتمە دڵەخورپە و نیگەرانییەوە. تەلەفۆنم بۆ دۆستانی ترم کرد کە چاوەڕوانی گەڕانەوەمان بوون. ئەوانیش وتیان کە بە پەلە خۆیان دەگەیەننە شوێنەکە.

«کیسلێر»، سەرۆکی بەشی دژە - تیرۆری پۆلیس لەوێ بوو. پێی وتم برۆ سەر بزانە تەرمەکان دەناسییەوە یان نا. تەرمەکانم ناسییەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: بە تەنیا چوویە سەر؟ چاوەڕوانی هاوڕێیانی ترت نەکرد؟**

**کەریم پیرۆتی:** بەڵێ، بە تەنیا سەرکەوتم و چوومە سەر، پۆلیس پێی وتم کە کەسێکیش بریندار بووە و گەیاندراوەتە نەخۆشخانە، بۆ ناسینی ئەو کەسە، لە لایەن پۆلیسەوە هاوڕێیەکی ترمان بردرا بۆ نەخۆشخانە بەڵام نەیناسیبوو بۆیە کە بریندارەکە، «جەعفەر سەحرارووودی»، ئێرانی بوو.

چوومە ژووری ئەنجامی جەنایەتەکە، ژوورەکە ببوو بە گۆمی خوێن. مێز و کورسییەکان کەوتبوون.دوکتۆر قاسملوو لە سەر کاناپەیەک، لە سەر پشت کەوتبوو، گوللە بەر سەر و ملی کەوتبوو، دوکتۆر فازڵ رەسووڵ لە سەر روو کەوتبوو و عەبدوڵا قادری ئازەریش کەمێک لەوان دوورتر، درێژ ببوو.

**پرسیار: باشە سەحرارووودی ئێرانی چۆن بریندار ببوو؟**

**کەریم پیرۆتی:** وەڵامدانەوە بەو پرسیارە تۆزێک ئاستەمە. ئەوە تاکوو ئێستاش وەک رازێک ماوەتەوە بۆیە کە هیچ یەک لە کوردەکانی بەشداری ئەو کۆبوونەوە چەکی پێ نەبوو. بەڵام بە پێشبینی من، مومکینە لەکاتی دەستەویەخەبوون لەگەڵ قادری ئازەر، بە هەڵە خۆی بریندار کردبێ بۆیە کە قادری ئازەر ١٤ گوللەی وێکەوتبوو و ئەمەش بە ئەگەری زۆر بە هۆی دەستەویەخەبوونی ناوبراو لەگەڵ بکوژران بووە. «ئەمیر مەنسوور بۆزۆرگیان» کە هەمان شەو قۆڵبەست کرابوو، بۆ سبەی ئازاد کرا، جەعفەر سەحرارووودیش، پاش کۆتایی هاتنی دەرمانی، رەوانەی ئێران کرایەوە.

**پرسیار: باشە ئوتریش بۆ چاوپۆشی لە گەڕانەوەی بکوژان لە وڵاتەکەی کرد؟ بە بڕوای ئێوە، دۆسیەی تیرۆری د. قاسملوو بۆ داخرا؟**

**کەریم پیرۆتی:** پاش تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی لە بێرلین و دادگاییکردنی بکوژران و مەحکوومکرانی ئێران بە «تیرۆریزم»ی دەوڵەتی، قەپات و ئارشیوکرانی دۆسیەی دوکتۆر قاسملوومان بیر سیاسەتمەدارانی ئوتریش خستەوە. پێمان گوتن کە «تەماشا کەن، ئاڵمان چ هەوڵێستێکی نواند! دیارە کە ئێوە وڵاتێکی بچووکن و لە

ئێران ترساون». ئەوانیش بەم شێوە وەڵامی ئێمەیان داوە:

مەسەلە بچووک یا مەزن بوونی وڵاتی ئێمە نییە، یاساکانی ئاڵمان، پێش بە دەستێوەردانی حکوومەت لە کاروباری مەحکەمەدا دەگرێ بەڵام ئەوە لە ئوتریش بە پێچەوانەیە، حکوومەت بە کەیفی خۆی دەست لە کاروباری مەحکەمەکان و سیستمەی قەزایی وەردەدات و تەنانەت دیاری دەکات کە چ دۆزێک لە دادگاکاندا بەرز بکرێتە و چ دۆزێک نا. لە ئاڵمان مەحمەکە تەسلیمی ویستی دەوڵەت نەبوو.

**پرسیار: ئەو جەنایەتە چ کاریگەرییەکی لە سەر ژیانی ئێوە دانا؟ ئێستا کاتێک وەبیرتان دێتەوە، چ هەست دەکەن؟**

**کەریم پیرۆتی:** ڕووداوێکی تاڵە، تاڵترین ڕووداوی ژیانمە. بۆ چما لەدەست دانی ناسیاوێک، ئەویش کەسێک کە ڕێبەری حیزبەکەت بێ و بەتایبەت خۆت تا دوا ساتەکانی بەر لە مەرگیان هاوڕێییت کردوون، ڕووداوێکی هێندە بچووکە؟ بێ شک ئەو ڕووداوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبوو، ڕووداوێک کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نەمتوانی خۆم لە شوێندانەرییەکەی ڕزگار بکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی : ١٣ی جوولای ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د. قاسملوو له مێژووو له هەناوی حیزبی دێموکرات دا؛
## وتووێژ لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**دیمانە: ئازاد شێخی**

**خوێنەرانی بەڕێز! ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە وتووێژێکە لە گەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و تایبەت بە ژیان و ڕۆڵی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کە پێنج ساڵ لەوە پێش ئەنجام دراوە. دیمانەکە ئەو کات لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی چاپی باشووری کوردستان دا بڵاو کرایەوە. چونکە ئەو کات دیمانەکە نەهاتە سەر تۆڕیٚ ئینترنێت و ڕەنگە زۆربەی خوینەران نەیاندیتبیٚ، بە پێویست زانرا جارێکی دیکە و لە بیست و سێهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملوو دا سەرلەنویٚ بڵاو بکرێتەوە.**

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا، سەرەتا پێمان خۆشە باسی یەکەم ئاشنا بوونت لە گەڵ خوالێخۆشبوو د.قاسملوو بکەی، یەکەم جار چۆن لە گەڵی ئاشنا بووی؟**

**وەڵام:** پێش ئەوەی جوابی پرسیارەکەت بدەمەوە، چونکی ئەو وتوێژە لە سەروبەندی ١٨ هەمین ساڵی شەهید بوونی د.قاسملووەو دا، ئیجازە بە خۆم دەدەم سڵاوێک لە یادی د.قاسملووی نەمر بکەم و سڵاو لەو کەسانە بکەم کە سادقانە باوەڕیان بە ڕێبازی د.قاسملوو هەیە کە دیارە هەر ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد و قاسملوو و هەموو ڕێبوارنی ڕێگای ئازادی، سڵاو لەوانیش بکەم و سەرکەوتنیان لە وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامانجی پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندیو هەموو شەهیدان، بۆ بە ئاوات بخوازم.

ئەمن پێش ئەوەی کە د.قاسملوو لە نیزیکەوە بناسم لە دوورەوە لە گەڵ ناوی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاشنا بووم، دەبێ ئیعتراف بکەم کە ئاشنایەتی لە گەڵ ناوی دوکتورتا رادەیەکی زۆر تاریکو لێڵ بوو. دەگەڵ شەهیدی نەمر» مەلا ئاوارە« هەر ئەوەندەمان لە سەری دەزانی کە رەحمانی قاسملوو - نەک د.قاسملووش - پیاوێکی خوێندەوارەو لە دەرەوەی وڵات لە چێکۆسلۆواکی دەژیو تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بووەو، ئێستەش پێوەندیی لە گەڵ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ هەیە.

بە داخەوە بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧ پاش ١٨ مانگ خۆراگری سەرکوت کرا و پێوەخرا تا گەیشتینە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی و دەرچوونی رێکەوتننامە یا بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە رێکەوتنێک بوو لە نێوان سەرۆکایەتیی بزووتنەوەی کورد بە رێبەریی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی و دەوڵەتی عێراق کە ئەو وەختی سەرکۆمارەکەی «ئەحمەد حەسەن بەکر» بوو.

لەو مناسەبەتەدا بوو کە د.قاسملوو بە حوکمی ئەوەی پێوەندییەکی نیزیکی لە گەڵ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و شەخسی مەرحومی بارزانی هەبوو، گەڕایەوە بۆ کوردستان و سەردانی مەلا مستەفای کرد بۆ پیرۆزبایی ئەو رێکەوتننامەیە، لەو وەختەدا رەفیقێکی ئێمە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، لە مەنتەقەی گەڵاڵە یا مەنتەقەی چۆمانێ بوو کە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی لێ بوو. لەوێ چاوی بە د.قاسملوو کەوتبوو، هێندێک قسەیان کردبوو، بۆ ئەوە بڕیارێکیان دابوو کە دیدارێکی دیکە هەبێ لە بەینی ئێمەو د.قاسملوودا بۆ وەی بیر لەوە بکەینەوە چۆن ریزەکانی حیزبی دێموکرات کە زۆر پەرش و بڵاو بوون رێک بخەینەوە. کە دەڵێین پەرش و بڵاو بوون، ئاوا بوو، بێجگە لە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات، بەشێک لە ئەندامانی حیزبی لە ئوروپا بوون، کە ئەوانیش لە راستیدا یەک دەست نەبوون و پێکەوە کاریان نەدەکرد، بەشێک لە مەنتەقەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانیدا بوون کە ئێمە لەوێ بووین، بەشێکمان لە نێو حکومەتی عێراقێ دەژیان لەلای دەوڵەتی عێراقی نەوعێک پەنابەرییان وەرگرتبوو، بەشێکمان لە گەڵ مەکتەبی سیاسیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوون کە ئەو وەختی دوو دەستەیی یەک لە نێو پارتی دیمۆکراتی کوردستان دا هەبوو. بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە ئەوەندەی مومکینە سەروسامانێک بە حیزبی دیمۆکراتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان بدرێتەوە، بڕیارەکە درابوو کە جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە. ڕەنگە ئەوە ڕەخنەیەکی گەورەی پێ وارید بێ، بەڵام بە ڕاستی لە بیرم نیە کە چەندی خایاند، حەتمەن لە مانگ کەمتری پێ نەچوو کە د.قاسملوو جارێکی دیکە هاتەوە بەغدایە، ئێمەش هەر بۆ ئەو مەبەستە لە کوردستانەوە چووین و لە بەغدایە لە گەڵ د.قاسملوو و هێندێک ڕەفیقی دیکە کە لە گەڵ د.قاسملوو بوون ئاشنا بووین.

**پرسیار: ماموستا ئەوەندەی جەنابتان لە بیرت بێ بۆ یەکەم جار کاک د.قاسملوو چۆن بوو بە ئەندامی حیزب؟ یان لای کێ بوو بە ئەندامی حیزب؟ ئەوەندەی بزانی....**

**وەڵام:** بە بێشک ئەمن ئەوەم لە بیر نییە چونکی د.قاسملوو هەم تەمەنی لە من زیاترە و هەم تەمەنی هاوکاریی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشترە، بەڵام وەکوو دەزانین د.قاسملوو لە ڕێگای یەکیەتیی لاوانەوە ڕێی کەوتۆتە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەر لەساڵی ١٣٢٥ دا تاریخەکەی نازانم بە دەقیقی کەنگێ یە. لکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە ورمێ کە دامەزراوە ئەو سەر پەرستی بووە، لە نەتیجەدا لە حیزبی دێموکرات نزیک بۆتەوە، کەنگێ بۆتە ئەندام بە داخەوە نەک هەر لە بیرم نییە، هەر نەشم بیستوە هەتا بۆ خۆشی ئەوەندەی لە بیرم بێ لە هیچ جێیەک دا سەبتی نەکردوە.

**پرسیار: مامۆستا، ئاماژەت بەوە کرد بۆ یەکەم جار هەر لە دوورەوەو هەر بە ناو د.قاسملووتان دەناسی کاتێک لە نزیکەوە لە گەڵی ئاشنا بوون لە گەڵ شەخسیەتێکی روبەروو ئاشنا بوون ئایا تەسەورتان ئەوە بوو کە پێشتر هەتان بوو یان تەسەورتان گۆڕا یان شەخسیەتێکی دیکەتان بینی کە رووبەروو لە گەڵی ئاشنا بوون؟**

**وەڵام:** ڕەنگە زۆرم پێوەنەنابێ ئەگەر بڵێم وەختێکی د. قاسملووم لە نزیکەوە دی زەرفیەتی دەرکی عەزەمەتی د.قاسملووم نەبوو. د.قاسملوو دەریایەک بوو. ئەمنیش زۆر لە ئێستا سادەتر بووم، زۆر لە ئێستا کەم ئاگاهی‌تر بووم، چونکی من لە نێو کاری سیاسیدا بووم، زۆر کۆن بوو لە کاری سیاسیدا بووم. بەڵام لە نێو کاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسیی فەعالدا نەببووم. ئەو وەختی کە لە کوردستانی خۆماندا بووین، بە قەولی فارسی «ئەمن زۆر خام بووم». بەڵام شتێکی کە لە بیرم ناچێتەوە ئەوە بوو کە د.قاسملوو چونکی زۆر کەم لە دێهاتی ژیابوو، لە دێهاتی لەدایک ببوو لە پاشان چوببووە ورمێ و لە ورمێ ڕا چووببووە تارانێ و چوببووە دەرەوە، زیاتر دەگەڵ فارسی زمان و ئازەری زمانەکان قسەی کردبوو و ئەو دوو زمانەشی بە حەددی کافی دەزانین یا بڵێین بە حەددی باشی دەزانین لە بەر ئەوە وەکوو غەیرە کورێک قسان بکا ئاوا بوو. هەم لە سەر وشە و زاراوە پەکی دەکەوت، هەم کە قسەی دەکرد زیاتر وەکوو غەیرە کوردێک قسە بکا مەسەلەن، «ع»ی نەبوو «ح»ی نەبوو. زۆر جار بە گاڵتە پێمان دەگوت عەجەم. بەڵام لە باری فکرییەوە کە بۆ ئێمە دەرکی رادەی زانست و تێگەیشتن و ئاگایی د.قاسملوو بە راستی ئاسان نەبوو، یانی گەورەتر بوو لەوەی کە بیستبووم.

**پرسیار: مامۆستا، کاتێک کە د.قاسملوو دەگەڕێتەوە، لە کونگرەی ٢ی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا د.قاسملوو دژایەتیی دەکرێت لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە یان بڵێین لە دەرەجەی ئەوەڵ دا ئەحمەد توفیق. هۆکاری دژایەتیی ئەو رێبەرایەتییە یان خودی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ د.قاسملوو بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

**وەڵام:** وەکوو دەڵێن ئەمن شاهیدی زیندووی قەزیەکە نەبووم، بەڵام ناکۆکیی نێوان د.قاسملوو و جەرەیانی مەرحومی عەبدوڵا ئیسحاقی لە کونگرەی ٢ دا نییە، زۆر پێش کونگرەی ٢ یە. کونگرەی ٢ لە ساڵی ١٣٤٣ دا گیراوە، لە حاڵێکدا ئەو ئیختلافە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٣٣٧ و ٣٨ و ٣٩ کە ناکۆکییەکی عومدەتەن فیکری لە بەینی د.قاسملوو لە لایەک و کاک ئەحمەد توفیق لە لایەکی دیکەدا هەبوو، بە جۆرێک کە تۆزێک لە لەفافەدا بۆی دەچم، وای لێهات کە د.قاسملوو بە دەسیسەی ئەحمەد تۆفیق هەر لە عێراقێ وەدەرنرا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وەختی. بەڵام لە کونگرەی ٢ دا ئەحمەد تۆفیق بڕیارێکی بە ڕادان دا لە سەر د.قاسملووی کە د.قاسملوو لە حیزب دەرکرا و تەنانەت تۆمەتی خەیانەتی درایە پاڵ و ئەوەش تەنیا شاکاری کونگرەی ٢ نەبوو، لە کونگرەی ٢ دا ئەوەی بە د.قاسملوو کرا خراپ تر لەوە بە قازی محەممەدی کرا. بەیانێکی کە کونگرەی ٢ دەری کرد ـ بەیانی کۆتایی کونگرە- هیچی بە خودی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازی محەممەدو ڕێبەرانی کۆماری کوردستانەوە نەهێشتبوو، کە ئەوە ئاڵۆزییەکی زۆری پێک هێنا کە وای لێهات ئەمن شەخسەن لە بەهارەکەیدا سەرێکی کوردستانی گەرمێنم دا و لە گەڵ ڕێبەرانی حیزب دانیشتم، هەر بۆ خۆم کە بەیانەکەم دی زۆر ئیعترازم پێی بوو کە چۆن جەریانێک کە شانازیی تاریخی میللەتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی یە ئاوا هوجوومی دەکرێتە سەری! کە دیار بوو پێش من خەڵکی دیکە ئیعترازەکەی پێ کردبوون. گوتیان ئەتۆ بەیانییەی ١٠ی خاکەلێوەت نەدیوە. گوتم نەوەڵا، گوتیان ئێستە بۆت دێنین. کۆبوونەوەکەمان تەواو بوو چووین بۆ نان خواردنێ، لە سەرنان خواردنێ نوسخەیەک لە بەیانییەکەیان بۆ هێنام ئێستە ١٠ی خاکەلێوەش نەببوو، بەڵام ئامادەیان کردبوو، کە تەماشام کرد تەقدیرو تەجلیل لە نەقشی پێشەوا قازی محەممەدو ڕێبەرانی جمهوری کراوە. لە پاش نیوەڕۆیە سەعاتی ٣ و ٤ جارێکی دیکە دانیشتینەوە، کۆبوونەوەکان زۆر درێژەیان کێشا زۆر تەوەجوهیان کرد، لەوێ ڕوحی شاد بێ کاک سولەیمانی موعینی لێی پرسیم بەیانییەکەت خوێندەوە گوتم بەڵێ خوێندمەوە. گوتی پێت چۆن بوو؟ گوتم بۆ خۆی باش بوو بەڵام نابێتە کەفارەتی گوناحی بەیانییەی کونگرەی.

**پرسیار: ئێوە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی سیاسیی ئەو کاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کاتێک کە پاش پرش و بڵاوی، یان ئەوەی کە دادەبڕێن و ئێوە هەر یەکی لە شوێنێک دەبن. کاتێک د.قاسملوو دەگەڕێتەوە، ئێوە لە چایخانەی ئەبوونەواس لە بەغدا کۆدەبنەوە، لەوێ کومیتەیەک هەڵ دەبژێرن کە لە بەرنامەی حیزب دا یان لەو کاتی حیزب هیچ قەرارێکی لە سەر نەدرابوو کە ئەو کەسانە سەلاحییەتی ئەوەیان هەبێ. بەڵام ئەوەندەی بزانم، ئێوە کۆمەڵێکی دیکەتان هەڵ بژارد وەک ڕێبەری. ئەو کۆبوونەوەیە چۆن پێک هات، ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چ بوون، د.قاسملوو چ نەخشێکی لەو کۆبوونەوەیەدا هەبوو؟**

**وەڵام:** پێموابێ لە کتێبی نیوسەدە تێکۆشانیش دا بە جۆرێک ئیشارەم پێ کردوە نازانم چەندە بە درێژی و بە ڕوونییە، داستانەکە ئەوە بوو کە ئێمە دەمان هەویست یەک بگرینەوە، ئێمە پێش ئەوەی بچین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، کۆبوونەوەیەکی بەرینمان گرت کە ئەو وەختی چونکی ئێمە نەمان دەزانی ئەو ئیستلاحە سیاسییانە چۆنن، ناوی پلینۆممان لە سەر دانا. چەند نەفەرێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیمان هەبوون


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکێکی زۆریش لە کادرەکانی حیزبی لە دەوروبەری شوێنی کومیتەی ناوەندی کە ناڵێم ماڵێک بوو، دەڵێم ژوورێک بوو، تاقە یەک ژوور بوو لە شوێنێکی ناوچەی ئاکۆیان، لەوێ کۆبوونەوەمان کردبوو بڕیارمان دابوو پێشمان ئیبلاغ کرد کە: ئێمە د.قاسملوو وەردەگرینەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی کە هیچ، تەنانەت حازرین پەیڕەویش لە نەزەراتی وی بکەین، کە خودی د.قاسملوو وەختێکی خوێندبوویەوەو لە پاشان دیتی گوتی ئەوە شتێکی زۆر نادروستە، چون کومیتەی ناوەندی پەیڕەوی لە نەزەراتی کەسێکی دەکا کە بۆ خۆی ئەندامی کومیتەی ناوەندی نییە ، یان چون دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی لە حاڵێکدا ئەوان کومیتەو کونفراسێک هەڵی بژاردوون؟ بەڵام وەختێکی بۆ ئەو مەبەستە یەکمان گرتەوە، ئیحتیاجیش بە کەسێکی وەکوو د.قاسملوو لە باری فیکرییەوە، لە باری تەشکیلاتییەوەو بە تایبەتی لە باری ئوسوولی حیزبی یەوە زۆر زەق هەست پێ دەکرا، مەرحوومی د.قاسملوو گوتی: ئەمن نایەمە نێو ئەو کومیتە ناوەندییەی، ئەو کومیتە ناوەندییە کە بریتی بوو لە چوار عوزوی ئەسڵی، یەکێکیان لەوانە بوو کە لە کۆنگرە هەڵ بژێردرابوو کاک ئەمیری قازی، سێیان ئەوانە بوون کە لە کونفرانس دا هەڵ بژێردرابوون ـ کونفراسی ٢ کە شتێکمان کرد ناومان نا تەرمیمی کومیتەی ناوەندی، لەوێدا هەڵبژێردرا بوون، گوتی: بناغەی ئەو کومیتەی ناوەندییەی هی کونگرەی ٢ یە، کونگرەی ٢ منی بە خائین ناساندوە، کە وابێ ئەمن نایەمە نێو کومیتە ناوەندییەکی کە ئەوەبێ. بەحسێکی زۆر دوورو درێژمان بوو، لە راستیدا ئێمە کە ٣ کەسمان چووبووین کاک ئەمیری قازی بوو کاک حەسەن رستگار بوو، ئەمن بووم، ئێمە ئەمن و کاک ئەمیر هەتا سەر موخالیفەتمان کرد گوتمان ئەوە نابێ، ئێمە جێگەی تۆ دەکەینەوە هاوکاری دەکەین بەڵام کومیتەی ناوەندی رازی نابێ هەڵی وەشێنینەوە. لە ئاخرەکەی دا پێم وایە، لە بیرمە کاک حەسەن رستگار وا بزانم هێناویشمە گوتی: کاکە ئێوە ئەگەر ئەو شەڕە ئیدامە دەدەن ئەمن خواحافیز، ئەمن شەڕی قاسملووم پێ ناکرێ، جەبهەکەی ئێمە شکا، بۆیە رازی بووین بەوەی کە کومیتە ناوەندییەکی پێک بێنین کە لە بنی ڕا نە کۆنگرەیەک نە کۆنفرانسێک، هیچی لە پشت نیە.

یانی لەو کۆبوونەوە چوکەڵەیەدا نازانم ئەو ریستورانە لێی کۆببووینەوە ناوی ئەبوو نەواس بوو یان نا، بەڵام لە کەناری دیجلە مەنتەقەیک هەیە کە پێی دەڵێن ئەبوو نەواس، جادەیەکیشی پێدا دەڕوا هەر بەو ناوە، ریستورانی جۆراوجۆری لێ

بوو، یەکێکیان ناوی ئەبوو نەواس بوو بەڵام شایەد لەوێ نەبوو، لەوێ کۆبووینەوە ٦ کەس بووین، ٧ کەسمان کردە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لەو کومیتە ناوەندییەدا بوو ئەوە بە بێشک لە پێکهاتنی ئەو کومیتە ناوەندییە دا لە کارەکانی ئەودا نەقشی د.قاسملوو نەقشێکی زۆر بەرچاو و بەرجەستە بوو، دەکرێ بڵێین د.قاسملوو بە تەنێ لایەک بوو ئەوانی دیکەمان لە زۆر شت دا بە هەموانمان لایەکی دیکەی بووین، ئەوە داستانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

**پرسیار: کاتێک کە د.قاسملوو دەگەڕێتەوە عێراق و ئێوەش وەک کەسایەتییەکی ئەو کاتی حیزب لە گەڵ کۆمەڵێک لە تێکۆشەران دەچن بۆ ئەوەی د.قاسملوو بێننەوە یان داوای لێ بکەن بگەڕێتەوە ناو ریزەکانی حیزب، بەڵام ئەو مەرجێک دادەنێ، ئەو دێ داوا دەکا کە دەبێ حەتمەن کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمین سیراجی لە گەڵ بێ. پێ داگریی د.قاسملوو لە سەر ئەو دوو کەسە بۆ؟ لە حاڵێک دا کێشەیەکی دیکەشی هەبوو لە گەڵ جەنابت دا، ئەوەی کە دەبێ کونگرەی ٣ نەبێ، بەڵکوو دەبێ کونگرەی ٢ بێ. کۆمەڵێک مەرجی دیکەی هەبوو چۆن بوو ئەو مەرجەی دەیهەویست بسەپێنی بە سەر ئەو جەمعەی کە دەیان ویست د.قاسملوو بگەڕێتەوە ؟**

**وەڵام:** ئەوە دوو مەرحەلەیە. مەرحەلەی ئەوەڵی ئەوەیە کە د.قاسملوو ئیسراری هەبوو کە ئەو دوو سێ برادەرەی لە گەڵ بن، هەر کەریمی حیسامی و حەمەدەمین سیراجی نەبوون، برادەرێکی دیکەش بوو کە ئەویش نەماوە بە ناوی «یوسف ریزوانی« کە مەشهوور بوو بە « عەبدوڵڵا شلێر» ئەویشی هەر لەگەڵ بوو، حەساسیەتێک کە ئێمە بوومان ڕەنگە ئەمن نەم بوو، بە راستی ئەمن نەم بوو چونکی ئەمن زۆر رەفیق بووم لە گەڵی، لە سەر کاک محمد ئەمین سیراجی بوو، بەڵام کاک محمد ئەمین سیراجی لە نێو بزووتنەوەی ٤٦ – ٤٧ دا بوو، بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندییش لە گەڵ بزووتنەوەکە نەبوون، جگە لەوە هێندێک تێ بینی یان لە سەری هەبوو کە رەنگە تێ بینی یەکان نەم هەوێ باس بکەم، هێندێک وارید بوو هێندێکیان وارید نەبوون، ئیسرارەکەی کاک دوکتوری لە سەر هەموویان بوو بەڵام، موخالیفەتەکەی برادەرانی مە لە سەر کاک حەمەدەمینی سیراجی بوو تەنانەت ئەو پلینۆمە بریاری دا بوو کە محمد ئەمینی سیراجی بە هیچ

جۆرێک نابێ وەر بگیرێتەوە. هەتا دوایەش کە بریار دراو وەرمان گرتەوە، لە گەڵ موخالیفەتێکی زۆری کادرو ئەندامانی حیزب لە کوردستانی گەرمین بەرەو ڕوو بوو، دەلیلەکەی دوو شت بوو، یەکێکیان لە باری فکرییەوە ئەو وەختی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دا دوو خەتی فکری هەبوون، فکرێکی چەپی کە دەکرێ پێی بڵێین فکرێکی دەستە چەپی ئەگەر پێی نەڵێین فکرێکی کۆمونیستی. ئەوی دیکەیان فکرێکی ناسیۆنالیستیی بەرچاوتەنگ و تا حەددێکی زۆریش دەستەڕاستی بوو، کە فکری ئەوەڵ د.قاسملوو نمایندەگیی دەکرد یا بڵێین عونسوری هەرە بەرچاوی بوو، فکری دووهەمی مەرحوومی ئەحمەد تۆفیقی. یەکێکیان ئەو هاوفکرییە بوو، دەلیلی دیکەشی ئەوە بوو پێکەوە کاریان کرد بوو. ئێستە د.قاسملوو حازر نەبوو رەفیقەکانی بە جێبێڵێ و بۆ خۆی بێ لە گەڵ جەمعێکی دیکە هاوکاری بکا. ئێمە کە تەسلیم بووین بە نەزەراتی د.قاسملووی، دەبێ قبوڵ کەین بێجگە لەوە کە ئیحتیاجییەکە یەکجار زۆر بوو، بە جۆرێک لە جۆران ئێمە هاتین قەرارێکی کە جەمعی گەورەتر لە خۆمان دابوویان ئەو قەرارەمان شکاند، بە شێوەیەکی غەیرە ئوسووڵی بە پێی ئەو وەختی ئەوەمان قبول کرد ئەو شەرتەی د.قاسملوو. بەڵام بەشێک لە دەلیلەکانی ئەوە بوو کە جەبهەکەی ئێمە کەلێنی تێ کەوت کە من بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە کارەکە لە باری ئەساس نامەیی یەوە کارێکی خەراپ بوو، بەڵام ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دواتر دا نەسیبی بوو لە شانازییەکان، دەتوانین بڵێین هی ئەو قەرار شکاندنە بوو، ئەوەش موهیم ترە.

**پرسیار: مامۆستا کاتێک کە کۆمار دەڕووخێ، تا وەکوو چەندین ساڵ دواتر بەرنامەی ئەو حیزبە وەک خۆی دەمێنێتەوە. یانی هیچ ئاڵوگۆرێکی تێدا پێک نایە، یەکەم جار کە بەرنامەو ئەساسنامە دوای تێک چوونی کۆمار دەسکاری کراوە یا دارێژراوە بە شێوەیەکی مۆدێرن، بۆ حیزبێک کە بتوانێ کاروباری خۆی لەو راستایەدا بەرێتە پێش کەی دەسکاری کرا د.قاسملوو چەندە لە دارشتنەوەی ئەو بەرنامەو ئەساسنامەیەدا شوێن دانەر بوو؟**

**وەڵام:** ئەگەر بکرێ پێی بڵێین بەرنامە و ئەساسنامە نەک لە دەورانی کۆماردا بەڵکوو لە پێش دامەزرانی کۆماردا نووسراوە شتێکی زۆر کورت و موختەسەرە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیاتر وەکوو مەرامنامە حەق وایە باسی بکەی، چونکی چەن ئەسڵێکی کوللین کە ئەو وەختی نووسراوە ئیدی دەسکاری نەکراوەتەوە و تەنانەت بەلای زۆر کەس نەش بووە. ئێمە ئەندامی حیزب بووین شتێکمان بە ناوی بەرنامە و ئەساسنامە نەدیبوو. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە بیرمە عومرم ١٣ ساڵ و سێ مانگ بوو کە بووم بە ئەندامی حیزب، لە حاڵێک دا دواتر نازانم ئەو وەختی نەنووسرا بوو، بەڵام دواتر ١٨ ساڵمان دانا بۆ تەمەنی ئەندامەتی. بەڵام ئەتۆ گوتت کەنگێ بە شێوەی مودێڕن. ئەمن ئەگەر بڵێم بە شێوەی مودێڕن، دەبێ بڵێم لە دوای ساڵی ١٩٧٠، ئەو وەختەی ئێمە دەگەڵ د.قاسملوو یەکمان گرتەوە. د.قاسملوو بەرنامە و ئەساسنامەیەکی گەڵاڵە کرد و هەموومان دەسکاریمان کرد، دەتوانم مودێڕنەکەی بۆ وەی دابنێم. بەڵام دەسکاری کردنی یەکەم جاری، ساڵی ١٣٤٢ دەسکاری کراوەو لە کۆنگرەی ٣ دا کە ساڵی ١٣٤٣ پێک هاتوە لەوێ دا پەسەند کراوە. ئەویان بەرنامە و ئەساسنامەیەکی زۆر دووردرێژە و بەڵام ئیدی ناکرێ پێی بڵێین مودێڕن بەراستی چونکی (ئێستا بریا بە دەستەوە بایە) وەکوو شتێکی عەنتیکە دەهاتە بەر چاو. یانی لە باری موحتەواوە زۆر سادە دەهاتە بەر چاو، بە هیچ جۆر شتێکی مودێرن و رێکوپێک نەبوو. لە وەدا د.قاسملوو هیچ نەقشێکی نەبوو لە حالێک دا لەوەی دواتر کە بە شێوەیەکی جوانتر و رێکوپێکترو عیلمی‌تر نووسرا بوو د.قاسملوو نەقشی هەرە ئەساسی هەبوو، یانی ئەو دای ڕشت، نووسی، لە پاشان هێنای ئێمە ئەوەندەی توانای فکریمان هەبوو قسەمان لە سەرکرد و دەستکاریمان تێدا کرد.

**پرسیار: لە نیو سەدە تێکۆشاندا هێناوتانە، بگەرێنەوە رابردووتر عەبدوڵڵا ئیسحاقی و هاوبیرانی بە رێگایەک. وا نووسیوتە کە ناکرێ ئێستا دەلایلەکەی باس بکرێ، د.قاسملوویان لە عێراق وەدەرنا. پاش چل ساڵ زیاتر وەختی ئەوە نەهاتوە کە باسی ئەو هۆکارە بکرێ کە د.قاسملووی لە عێراق پێ وەدەرنرا؟**

**وەڵام:** ئەمن لە پێشەوەش باسم کرد کە بە شێوەیەکی ناڕوون باسی دەکەین. بەڵێ بە داخەوە دەورانی ئەوە کە رەنگە ئەمن نەیبینم ئارەزوو دەکەم ئێوە ببینن، ئەو شتانە بگوترێن وەکوو حەقایقی تاریخی بگوترێن بێ ئەوە هیچ شتێکی خراپی لێ شین بێتەوە هێشتا نەهاتوە. ئێستێ زۆر حەقایقی روونی تاریخی هەن ئەگەر باسیان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکرێت وا تەماشا ناکرێن کە ئەوە تاریخ چۆنە وا باس کراوە بۆ ئەوەی بەرەی تازە لێی ئاگادار بێ و وەک ئەمانەت و شتێکی تاریخی بنووسرێ. هێندێک ئاڵۆزی سیاسی و فکری و دیپلۆماسیی لێ شین دەبێتەوە، لە بەر ئەوە بە داخەوە جارێ وەختی نەهاتوە. دەزانم ئەمن نای بینم چونکی ئەمن زۆر دەژیم دەساڵی دیکە بژیم کە رەنگە نەژیم. بەڵام بە دە ساڵی دیکە بەداخەوە ئایندەی کورد و کوردستان و کوردەواری وا نابینم کە بڵێین هەموو شتەکان دەڵێین بێ ئەوەی تەفسیری خراپی لێ بکرێ.

**پرسیار: لە بەرەبەری رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێران و بەرەو ئینقلابێکی نوێ لە ئێراندا، ئەو دەستە لە تێکۆشەرانی حیزبی کە لە عێراق دا بوون، دەیانەویست جموجۆڵێکیان لە ئێراندا هەبێ لە کوردستان دا، بە تایبەتی ئێوە لەو سەردەمەدا کومیتەیەکتان بە نێوی کومیتەی زاگرۆس پێک هێنا. ئەو کومیتەیە چۆن پێک هات ئامانجەکانی چی بوون ئەندامەکانی کێ بوون و چۆن دەستتان بە کارەکانی خۆتان کرد؟**

**وەڵام:** ئەگەر «بەرەبەر» بە مانای چەند ساڵێک بێ دەبێ، بەڵام ئەگەر بە مانای چەند مانگێک بێ، وانییە. ئێمە لە چەند ساڵ پێش ساڵی ١٣٥٧ وە دەستمان کردبوو بە هێندێک کار کردن لە نێو کوردستان و تەنانەت لە هێندێک باردا زۆریش چووبووینە پێشێ، مەسەلەن دەتوانم بڵێم رێکوپێک ترین رێکخراوی خوێندکاریمان لە دانشگای تارانێ هەبوو. یانی لەو ماوانەدا قەتمان رێکخراوی خوێندکاری لە تارانێ لەو وەختی بە قەوەت تر نەبوو. کاری تەشکیلاتیمان لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان دیسان دەست پێ کردبوو. بەڵام پێش ئەوەی کە کومیتەی زاگرۆس پێک بێ، نزیک بە چوار ساڵ پێش ئەو وەختی، ئێمە شتێکی دیکەمان پێک هێنا. هەر ئەو وەختی ناوی «سیامی«مان لە سەر نا، یانی کومیتەیەکی سیاسی ـ نیزامی. مەبنایەکەی ئەوە بوو کە هەیئەتێکی پێک دێنین بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات و لە نێوخۆی وڵات دا تێکۆشانی تەشکیلاتی و سیاسی بەکار بەرن، بەڵام چونکی ئیمکانی نییە بێ چەک بن، دەبێ چەکیشیان لە شان دابێ. کە وابێ دەبێتە سیاسی – نیزامی، کە رەنگە جوانتر بوو بگوترابا تەشکیلاتی نیزامی، بەڵام ناومان نا سیاسی – نیزامی. بەس بە کردەوە ئەو بریارەی ئەو کومیتەیە بە مردوویی لە دایک بوو. یانی هیچ وەختێکی ئەوە عەمەلی نەکرا چونکێ هەلومەرجەکە سەخت بوو، ئەو کەسانەش کە ئامادە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون خەباتێکی ئاوا سەخت لە داخڵی وڵات دا دەست پێ بکەن، لە باری عەدەدییەوە یەکجار زۆر کەم بوون. بەڵام لە سەروبەندی هەڵگیرسانی راپەرینی گەلانی ئێراندا ئەو جارە کە مەسەلەکە بە جۆرێکی دیکە هاتەوە گۆرێ، هەلومەرجەکە گۆڕا بوو راپەرینیش دەستی پێ کردبوو، کە مەرحومی د.قاسملوو لە دەرەوە ڕا هاتەوە گوتی: دەبێ بچینەوە، ئێستا ئیدی وەک جاران نیە، ئەوە گەرانەوەی بۆ نییە. لە بیرمە ئەو کاک حەسەنی رستگارە گوتی : شا دەروخێ، ئەو پیاوە وەک قەل بە بن باڵی خۆیدا دەڕوانێ و شتی دەبینێ. حەتمەن شا دەرووخێ مادام ئەو بەو جەزمەوە باسی دەکا، شا رۆیشت. لەو هەلومەرجەدا بڕیار درا کە ئێمە بگەرێینەوە وڵات، بۆ ئەو مەبەستە دەبوو کومیتەی ناوەندی و رێبەری بگەڕێتەوە وڵات، بەڵام ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ( ئیشەڵڵا کەس قەڵس نەبێ)، هەموویان ئامادە نەبوون بگەرێنەوە وڵات، بۆ کار لە نێو خۆی وڵاتدا تەنیا بەشێکی کەمیان ئامادە بوون.

داوایان لە کادرەکانی خوارەوەی کومیتەی ناوەندی کرد، کە بگەرێنەوە. بۆ ئەوە هەم روویـان لە چەند کەسێک کردو هەم ئەو چەند کەسە بە دەنگیانەوە هاتن. ئەو چەند کەسە بریتی بوون لە (مەرحووم سەیید رەسووڵ بابی گەورە، (سەیید رەسووڵ دێهقان)، کاک حەسەنی شیوەسەڵی و عەبدوڵڵا حەسەنزادە). لەوێدا فکرێک هاتە پێشێ، رەنگە ئەگەر تاوانیش بێ، تاوانەکە ئەمن قەبووڵی دەکەم زیاتر هی من بوو. ئەمن گوتم ئەگەر کومیتەی ناوەندی دێتەوە وڵات، ئێمەش وەکوو پێشمەرگە لە خزمەتیان داین، بەڵام ئەگەر کومیتەی ناوەندی وەک کومیتەی ناوەندی نایەتەوە، ئێمە بەوە رازی نابین کە ئێمە لەوێ لە گەڵ مەرگ بەرەو رووبین (چونکی تەسەورمان ئەوە بوو کە هەموو رۆژێک ٢ جار دەرگیر دەبین و دەکوژرێین و زیندانی دەکرێین) لێرەش کومیتەی ناوەندی لە سێبەرێ دانیشێ و بڕیارمان بۆ بدا. بەو شەرتە ئێمە دەگەڕێینەوە کە سەلاحیەتی کومیتەی ناوەندی مونتەقیل بێ بەو کەسانە کە دەچنەوە وڵات. ئەوان یەک هەیئەت پێک بێنن کە رێبەریی حیزب وەئەستۆ بگرن. سەرفە نەزەر لەوە کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەن یا نین، پاش موناقیشەیەکی زۆر کومیتەی ناوەندی ئەوەی قەبووڵ کرد، و لە کومیتەی ناوەندیدا ئەو ئۆرگانە پێک هات. ئەندامانی ئەو ئۆرگانە لە کومیتەی ناوەندی بریتی بوون لە، شەهید د.قاسملوو، کاک ئەمیر قازی، کاک هاشمی کەریمی. لە دەرەوەی کومیتەی ناوەندییش کاک سەیید رەسووڵ دێهقان بوو، کاک حەسەن شێوەسەڵی بوو، ئەمن بووم، دیارە بە حقوقی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موساوییەوە هەموومان بووین بە ئەندامی ئەو ئۆرگانە. هەر لەو کاتەدا بڕیار درا هەر کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی کە گەڕایەوە کوردستان بێ ئەوەی هەڵبژاردنی بۆ بکرێ هەر لە ئێستاوە ئەندامی زاگرۆس بێ. ئێمە کە گەڕاینەوە بە سێ وەجبە گەڕاینەوە. پاش دوو هەفتە یا سێ هەفتە ئەو پەڕەکەی ٣ حەوتوو پێم وایە فاسیلەی هەبوو، کاک حەمەدەمین سیراجییش گەرایەوە، ئەویش بوو بە ئەندامی زاگرۆس.

ئیدی هاوڕێیانی دیکەی کومیتەی ناوەندی هیچیان نەگەڕانەوە هەتا شا رووخاو کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار و وەزعییەتەکە خۆش بوو. وەختێک گەڕانەوە تازە وەختی ئەوە نەبوو کە ئەوان بێن ببن بە ئەندامی زاگرۆس، وەختی ئەوە بوو کە زاگرۆس هەڵ وەشێ. کۆبوونەوەیەک کرا لە کومیتەی ناوەندیدا، ئەندامانی زاگرۆس و ئەوانەی کومیتەی ناوەندیش نەبوون بەشدار بوون پێشنیاریان پێ کردین کە زاگرۆس ئێستێ زەروورەتی نەماوەو هەڵ دەوەشێ، بەڵام ئەو ئەندامانەی زاگرۆس ببن بە موشاویر، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم رەتم کردەوەو قەبووڵم نەکرد. نازانم پێشتر ئەوانیش هەر بڕیاریان دا بوو یان ئەوەی من بوو بە سەرمەشقێک، ئەو دوو هاوڕێیەی دیکەش مشاویریی کومیتە مەرکەزییان رەد کردەوە. ئیدی ئێمە بووینەوە بە ئەندامێکی سادەی حیزبی و کومیتەی ناوەندی کارەکانی خۆی دەست پێ کردەوە. ئەمە کەوتە بەهاری ١٣٥٨. پێموابێ ٢ مانگێک لە بەهار چووبوو .

**پرسیار: کاتێک کە کومیتەی زاگرۆس دەگەڕێتەوە ئەوەندەی باس کراوە د.قاسملوو دادەنرێ بۆ تاران، ئەندامەکانی ئەو کومیتەیە لە شارەکان بڵاو دەبنەوە. بە راستی ئێوە هیچ ئامادەییەکتان هەبوو وەک کومیتەی زاگرۆس یان وەک ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بۆ هەر رووداوێک، بۆ هەر گۆرانکارییەک کە لە کوردستان دا دێتە پێش؟ پاشان نەقشی د.قاسملوو لە چوونەوە ناوخۆی وڵات چۆن بوو، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە د.قاسملوو کەسایەتییەک بوو کە بەو شێوەیە کە پێویست بێ لە ناو جامعەدا نەناسرابوو. چونکە فەعالیەتێکی بەو شێوەیە لە ناوخۆی کوردستانی رۆژهەڵات دا نەبوو بەڵام کە هاتەوە ئایا ئێوە ئامادەگیی ئەو ئینقلابەتان هەبوو؟**

**لە جەریانی ئینقلاب دا د.قاسملوو چەندە کاریگەر بوو لە ناساندنی حیزبی دیمۆکرات دا؟**

**وەڵام:** ئەگەر راست بڵێین ئەوەیە کە ئێمە هەر وەختێکی کە دەگەڕاینەوە وڵات هێندێک تەسەوری زۆر ناواقیعیمان لە هەلومەرجی داخڵی وڵات هەبوو، مەسەلەن وەختێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د.قاسملوو پێشنیهادی کرد کە ئێمە دەبێ بە بێ چەک بچینەوە وڵات، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە ترسی ئەوەی پێم بڵێن ترسەنۆکە قەبووڵم کرد دەنا پێم وابوو ئەوە خودکوشییە. چۆن بە بی چەک دەچینەوە نێوخۆی وڵات، ئیدی ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە وڵاتی خۆمان دا رووی دابوو لە سەرتاسەری ئێراندا، لە دەرەوەی سنوورەکان بۆ ئێمە قابیلی پێش بینی نەبوو. بە خۆشییەوە لە ئەوەڵ مەرحەلەدا کە پێمان وەجادەی کەوتو سواری ماشین بووین تەماشامان کرد مەلمووسە. لە دێیەکی مەنتەقەی پیرانشار ڕا چووینە سەر جادەی. بەفر و سەرما و سایەقە بوو، بە نێو شاری پیرانشاردا بە بەردەم پاسگاکانی سەر سەر رێگادا، بە نێو شاری نەغەدەدا ئێمە رۆیشتین هیچ مەئمورێکی دەوڵەتی لە سەر رێگا نەبوو بڵێ بۆ کوێ دەچن. کە ئێمە قاچاغ بووین ئەو وەختی دیتمان کە بابە ئاڵوگۆڕەکە زۆر قووڵترە لەوە. بە بێشک د.قاسملوو نەقشێکی زۆر ئەساسیی بوو بە تایبەتی د.قاسملوو ئیدی ئێستا ئەو کەسە نەناسراوە نەبوو وەکوو پێشتر. د.قاسملوو چەن ساڵێک بوو هاتبۆوە نێو کوردستان و لە گەڵ حیزبی دیمۆکرات هاوکاریی دەکردو وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان ناسرابوو لە پاشان پێوەندییەکی بەرینی سیاسی و دیپلۆماسی و شەخسی و عیلمیی لە گەڵ کۆرو کۆمەڵەی جۆراوجۆر هەبوو هەم لە داخڵی کوردستان و هەم لە رادەی ئێراندا و هەم لە سەتحی نێونەتەوەییدا. بۆیە، د.قاسملوو نەقشێکی یەکجار زۆری هەبوو. ئەمما، بۆ ئەوەی ئایا ئامادەییمان وەک حیزبی دێموکرات بۆ کارێکی ئاوا هەبوو یان نە، واقیع بینانە ئەوەیە کە بڵێم نەخیر، ئەو ئامادەییە نەبوو. دەبوو خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. دەبوو بێیننەوە نێوخۆی وڵات، چونکی ئێمە لانی کەمی تەشکیلاتمان هەبوو. ئەو تەشکیلاتەی کە هەبووشمان، زیاتر تەشکیلاتێکی هەستەیی و پەرش و بڵاو بوو. نەفەرێ لێرە ٤ نەفەر لە جێیەکی دیکە، وەک گوتم تەنیا جێیەکی کە خەڵکێکی زۆرمان پێکەوە سازمان دابوو دانیشگای تارانێ بوو. دانشجوی باشمان هەبوون و لەوێ تا حەددێکی زۆر دەتوانم بڵێم وەکوو رێکخراوی حیزبیمان هەبوو، ئەوەی دیکە فەقەت هەستەی حیزبی هەبوون، حەتا ئەگەر لە شارێک چەن کەسمان هەبوون ئەو چەند کەسە پێکەوە نەبوون. بەڵام کە گەڕاینەوە وڵات بە تایبەتی پاش ئەوەی کە رێژیمی شا رووخا ئیدی ئەوجار، کە ئەو زەمینە موساعیدەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی و ئەو تاریخەی کە هەیەتی شتەکە دەتەقێ. دەکرێ بڵێین لە ماوەیەکی زۆر کەم دا لە ماوەی مانگێک دا حیزبی دیمۆکرات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە حیزبێکی چەندە کەسییەوە یا ئەوپەڕەکەی چەن سەد کەسییەوە بوو بە حیزبێکی چەند دە هەزار کەسی.لە بیرمە دۆستێکی ئەندامی حیزبی شیوعی عێراق، (ئەو وەختی حیزبی شیوعی کوردستان نەبوو بەڵام کورد بوو)، کە میوانی ئێمە بوو لە مەهاباد، لە وەختی خەباتی نهێنی ئێمەش و ئەوانیشدا، مالێکمان بۆ گرتبوون، ٢ رەفیق بوون لەوێ دەژیان، هات بە منی گوت: «تەماشای پێرەوی نێوخۆی حیزب مەکەن. وەختی پێرەو نیە، ئەورۆکە وەختی هوجوومی خەڵکە، خەڵک دێ بەرەو حیزبی دێموکرات. ئەگەر ئێوە وەریان نەگرن روو دەکەنە جێی دیکە، ئەورۆ رۆژی گەشە کردنی حیزبی دێموکراتە«. نەسیحەتێکی زۆر باش بوو. گوتی: «ئەو خەڵکە وەربگرن. ئەگەر ویستیان تەسفیەیان بکەن دوایە تەسفیەیان بکەن». بەراستیش وا بوو کە ئێمە دەرگامان کردەوە خەڵکێکی زۆر هات. لە حاڵێکدا لە گەڵ ئەو خەڵکە زۆرەش خەڵکی وا هاتبوو کە پێویست بوو دوایە دەری کەین، چونکی خەڵکی ناسالمیش هاتبوون، بەڵام ئەو خەڵکە ناسالمە لە خراپترین حاڵەت دا یەک لە هەزاری خەڵکەکەی بوو. ئەو وەختی ئیدی ئەمە ئەگەر نەمان توانی بوو سازماندەهی یەکی باشیش بکەین و ئاگاهیی سیاسی باشیش بدەین بە خەڵکی توانیبوومان خەڵکێکی یەکجار زۆر بەسیج بکەین. هەر بۆیە حدوودی ساڵێک دواتر، کە کۆنگرەمان گرت لە کۆنگرەی چواردا نمایندەی زیاتر لە چل هەزار کەسی فەقەت ئەندامی حیزبی، ئەندامی رەسمی، دەنا وەکوو لایەنگر دەبێ بڵێین نمایندەی زیاتر لە نیو میلیون کەسێک هاتبوون بۆ کۆنگرە.

**پرسیار: کاتێک کە حیزبی دێموکرات لە مەهاباد بە ئاشکرا بوونی خۆی ڕادەگەیەنێ و کار و چالاکیی خۆی دەست پێ دەکا، بە پێی رەوتی کار و زەمان و چالاکی ئێوە، وردە وردە حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەردەکەوێ، یان بڵێین لە مەیدانی سیاسیی ئەو کاتی ئێراندا خەباتی نەتەوایەتیی رێبەری کردوە. بەخێرایی لە سەر ئەو بەشە تێ دەپەڕین، چونکە جەنابت لە وتووێژێک دا لە وڵام دانەوە بە گۆواری «چشم انداز» دا ئەو برگە زەمەنییەت تاوتوێ کردوە. بەڵام چۆن بووە لە کاتێک دا کە کەسایەتیی وەک د.قاسملوو و زۆر کەسایەتیی ئاکادمێک هەبوون لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و بە تایبەتی لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، بەڵام د.قاسملوو زۆر جار لە زۆربەی هەیئەتی نوینەرایەتیی کورد و هەیئەتی نوینەرایەتیی حیزبی دێموکرات دەور و رۆڵی یەکەمی داوە بە جەنابت؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**وەڵام:** ناکرێ بڵێین کەسایەتیی ئاکادێمیک لە دەوروبەری حیزبی دیمۆکراتدا نەبوون. بەڵام ناشکرێ بڵێین زۆر بوون، چونکی غەیری د.قاسملوو کە شەخسیەتێکی ئاکادمێک بوو وەکوو حیرفەیی کاری بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرد، ئەوانی دیکە کەمیان بەو شێوەیە لە کاری حیرفەیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوون، ئەو کەسانە بوون کە لە داخڵی وڵات دا بوون، مەسەلەن کەسێکی وەکوو مەرحوومی شەهید د.شەرەفکەندی ئەندامی موشاویری کومیتەی مەرکەزی بوو چیهرەیەکی ئاکادێمی بەرجەستەش بوو. بەڵام ئیدی مامۆستای دانیشگا بوو لە تارانێ، نەدەکرا بێتە نێو شتی عەمەلیەوە. لە پاشان ئەمن بە هیچ جۆر نەفەری یەکەم نەبووم لە پاش د.قاسملوو، بڵێین نەفەری دووهەم لەو جۆرە شتانەدا. تەنیا لە جەرەیانی مەسائیلی مەربووت بە موزاکەرە چ لە نێو هەیئەتی نمایندەگی خەڵقی کورددا، چ لە نوینەرایەتی لە گەڵ ئەملاوئەولا، یانی وەکوو نوینەر دەچووینە تاران و قوم، وا دانرا بوو، ئاگام لێ نەبوو چونکی ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم. بەڵام وا داندرابوو کە لە غیابی د.قاسملوودا ئەمن مەعمولەن بە دەرەجەی یەکەم سەرپەرستیی هەیئەتەکانم دەکرد یان دەچووم بۆ ئەملاوئەولا. بریا بۆ خۆی مابا لێی پرسرابا بەڵام رەنگە هی ئەوە بوو کە ئەوەڵەن تەجرەبەم هەبوو و ماوەیەکی زۆر بوو پێکەوە کارمان دەکرد، لە پاشان وەکوو سیاسەتی حیزب، ئەمن لە گەڵ سیاسەتی حیزب گەورە ببووم ئەو خەڵکەی لە داخڵی وڵات دا بوون رەنگە مامۆستای دانیشگا بن، بەڵام لە گەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان جارێ ئاوا ئاشنا نین. ئەو کەسەی کە لە دەرەوە دەی بینێ یا دەیبیستێ دەگەڵ ئەوەی هەموو رۆژێ کاری لە گەڵ دەکا ئەو دووانە فەرقیان هەیە. پاشانیش بە خۆشیەوە مەوریدی ئیعتمادی ئەندامانی کومیتەی مەرکەزی بووم لە بەر ئەوە ئەو نەقشە بە من سپێردرا بوو کە لە نەبوونی د.قاسملوو دا سەرۆکی بە کردەوە نەک بە رەسمی، سەرۆکی هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد بووم. یان زۆر جار کە دەچووین بۆ ئەملاوئەولا ئەمن وەکوو چەن جاریش بە شۆخی گوتوومە چەن جارم ئاوەسوێرەکەی قوم خواردۆتەوە. هەموو جارێ سەرۆکی هەیئەت بووم، غەیری جارێک کە کاک غەنی بلوریان لە گەڵ بوو ئەو جارەی کە چووینە لای ئاغای بەنی سەدر، دەنا ساڵی پیش تر جاری ئەوەڵ وەکوو هەیئەتێک چوبووین، ئەمن نوێنەری هەیئەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بووم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: مامۆستا ئێوه له گەڵ د.قاسملوو قەت چوونه لای خومەینی؟ ئەگەر چوون، روانگەی د.قاسملوو سەبارەت به خومەینی چۆن بوو له سەرەتای شۆڕش دا؟**

**وەڵام:** هەم دوکتور هەم ئەمن یەکی جارێکمان خومەینی دیوه، بەڵام پێکەوه نەبووین. جاری ئەوەڵێ که دوکتور چوو، کاک جەلیل گادانی بوو، چەن کەسێک بوون، هەیئەتێکمان هەڵ بژارد بوو له کوردستانەوه چوون، ئەوانه پێکەوه بوون، دواتر که ئەمن چووم ئەوجار د.قاسملو له گەڵ نەبوو. نازانم دیدگای چۆن بوو بەڵام به هەر حاڵ ئەمن ئەو کابرایەم به پیاوێکی زیرەک هاته بەرچاو. دژ به ئەفکاری ئێمه بوو، دژ به ئامانجەکانی مه بوو، بەڵام کابرایەکی زیرەک بوو. جارێکی دیکەش گێڕاومەتەوه ئەمن به خەیاڵی خۆم دەم هەویست زیرەکی بکەم قسەیەکی له زاری دەربێنم که بۆ رۆژنامەکانی باس کەم، که قسەمان کرد گوتی: «نابێ به پەله بن و نابێ فشارمان بۆ بێنن، ئینقلاب کراوەو مەسائیل زۆره دەبێ حەل بێ و به ڕۆژێک حەل نابێ». ئەمنیش لەوێدا زیرەکییەکەم کرد گوتم: «ئێمه ئەوانه هەموو دەرک دەکەین، بەڵام خەڵکی کوردستان زوڵمیان لێ کراوه، ئێستێ دەیان هەوێ بزانن که له دەورانی کۆماری ئیسلامیدا ئەو زوڵمەیان له سەر لادەچێ. لەو بارەشەوه باوەریان به کەس نیه به جەنابت نەبێ، جەنابت کافییه تەنیا ئەو ئومێده به خەڵکی کوردستان بدەی که کۆماری ئیسلامی رەفعی زوڵمیان لێ دەکا». نه گوتی دەکرێ، نەگوتی ناکرێ. ئەوه زیرەکییەکەی بوو. گوتی هەر کەس دێ دەڵێ زوڵمم لێ کراوه، کورد دێ وا دەڵێ، ئازەری دێ وا دەڵێ، ئیسفەهانی وا دەڵێ، شیرازی دێ وا دەڵێ، مەسئەلەکەشی تێکڵاو کرد، یانی له میللەتانەوه بردیه سەر خەڵکی شاران، کوڕه لەو قومەی، لەو قومەی نەیان دەهێشت ئێمه مەراسمی مەزهەبی به ئازادی بەرێوه بەرین. کردیه تەپوتۆز و مەسەلەکەی ماسماڵی کرد و جوابی نەدایەوه، ئەوه نیشانەی زیرەکی بوو. بەڵام به بێ شک دەگەڵ ئەفکاری حیزبی دێموکرات بیگانه بوو، موخالیفی دابین کردنی داخوازییەکانی میللەتی کورد بوو، هەتا تەماشا پەیامی ٢٦ی ئابانی بکه لەوێش دا ئەو زەکاوەته وەدەر دەکەوێ. مەسەلەن دەڵێ هاووڵاتی یانی کورد، دەبێ رەفعی ئەوەو ئەوەیان لێ بکرێ، بەڵام باسی حقوقی سیاسی ناکا به هیچ جۆرێکی. باسی حقوقی نەتەوایەتی ناکا، زۆر به دیققەت کەلەماتی هەڵ دەبژارد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: د.قاسملوو وەک کەسایەتییەکی ئەو سەردەمە چەندە کاریگەری لە هەماهەنگ کردنی هێزە سیاسیەکاندا هەبوو، ئەو کە ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا ژیابوو ئەزموونیکی ئەورووپای دیبوو. داخوا رۆڵی د.قاسملوو هەست پێ دەکرا لە ئاستی هەماهەنگی نوینەرایەتی کورد بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی؟**

**وەڵام:** بە داخەوە دەبێ بڵێین دەگەڵ ئەوەی د.قاسملوو سەر رشتەی لە هەموو مەجالێکی کاری سیاسی و دیپلۆماسیدا زۆر بوو، بەڵام فەزای سیاسیی ئەودەم ئەوە نەبوو کە د.قاسملوو یا تەنانەت هەموو حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بتوانن ئەو نەقشە بازی بکەن. هەر ئەوە بوو کە وەختێکی ئێمە ویستمان دەنگێک دروست بکەین کە دەنگی هەموو میللەتی کورد بێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان نەی توانی ئەو وەزنەی کە هەیە ئیعمال بکا، هەر وا د.قاسملووش نەی توانی. هەر لە نەتیجەی ئەوەش دا بوو کە هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد لە ٤ گروپ پێک هات، گروپی یەکەمی دەفتەری مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینی حوسێنی بوو، کە تەنیا شەخسییەتی مامۆستای بوو. دەنا دەفتەرەکە چەند کەسی تێدا بوون کە کەمیانیش موستەقیل بوون، ئەمیان هی ئەو گروپە بوو، ئەویان هی گروپێکی دیکە بوو، بەڵام مامۆستا بوو بە رەئیسی هەیئەتی نوینەرایەتیی گەلی کورد. یا مەسەلەن رێکخراوێکی کە لە راستیدا کوردستانی نەبوو، رێکخراوی چریکی فیدایی خەڵقی ئێران، خۆ ئەوان هەر کوردستانی نەبوون. کۆمەڵە هاتبوو بە پانەوە دەیگوت: ئەمن هاتوومە نێو هەیئەتی نمایندەگیی خەڵکی کوردەوە بۆ ئیفشاگەری، نەک بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد حەل بکا. یانی نەی توانی ئەو نەقشە بازی بکا حیزبی دێموکرات و لە سەروی هەمووشەوە د.قاسملوو. بەڵام بۆ نەقشە داڕشتن چ بۆ بزووتنەوەی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، چ بۆ بزووتنەوەی سەرتاسەری بەرامبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، د.قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان نەخشی باشیان هەبوو. بەرنامە داڕشتن مەسەلەن بانگەوازی جەبهەی لە تەرەف حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەرچوو، لە ساڵی ١٣٥٨دا کە داوا کرا جەبهەیەکی بەرین لە هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان پێک بێ، لەوێش دا بە سەراحەت گوترابوو هەستەی مەرکەزیی ئەو جەبهەیە دەتوانێ ٣ هێز بن، لە کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ئێرانیش «سازمان موجاهدین خلق ایران و سازمان چریکهای فدائی خلق ایران»، کە ئەو وەختی جارێ هیچیان لەت نەببوون، دواتر بوو کە چریکی فیدایی ئەو لەت بوونەیان تێدا پەیدا بوو. یانی وەک بەرنامە داڕشتن بەڵی بەڵام وەکوو کاری عەمەلی د.قاسملوو بە داخەوە نەی توانی ئەو نەقشە بەکار بێنێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: مامۆستا بگەڕێینەوە سەر وەزعییەتی حیزب لەو سەردەمەدا، وردە وردە کاتێک کە حیزب لە ناوخۆی وڵات دا بەرەو کونگرە دەچێ، دەستەیەک لە کادرەکان لە حیزب جیا دەبنەوە بە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ یان تاقمی ٧ کەسی. ئەوەندەی باس دەکرێ کێشەو ئیختلافەکانیان لە گەڵ د.قاسملوو و لە گەڵ جەنابت بووە. ئایا دەکرێت ئەوە روون بکرێتەوە ئەو دەستە لەو کادرانە بۆجوێ بوونەوە لە حیزب؟**

**وەڵام:** سۆئالەکەت لەکەت وا بزانم تێکەڵاو بوو. ئەتۆ فەرمووت لە بەرەبەری کۆنگرە دا، لە پاشانیش دەستەیەک جودا بوونەوە پەیرەوانی کۆنگرەی چوارەم. نەخیر ئیختلافێک کە هەبوو لە بەینی ٢ دەستە لە ئەندامانی حیزب یا ئەندامانی رێبەریدا، پێش کۆنگرەو دوای کۆنگرەش هەبوو. دەستەیەک کە بریتی بوون لە کاک غەنی بلووریان و ئەوانەی کە دواتر جودایی خۆیان راگەیاند خۆیان بە ناوی پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ ناساند، ئەوانە باوەریان بە شتێک هەبوو کە (بە بێ ئەوەی قەستی بێ ئیحترامیم هەبێ) لە راستیدا فکرەکە فکری خۆیان نەبوو، ئەفکارێک بوو کە لە تەرەف حیزبی توودەوە بەوان ئیلقا دەکرا. حیزبی تودە باوەری وابوو کە دەتوانێ، (دیارە باوەرێکی زۆر ساویلکانە بوو دەرکەوت بۆ هەموو کەس)، دەتوانێ بە ئاسانی بەرە لە بن پێی ئەو ئاخوندانە دەر کێشێ کە چونکە ئاخوندن و هیچ نازانن و وردە وردە لە رێگای دۆستایەتییەوە بن پێیان بەتاڵ دەکات و بە کوودەتایەکی خەزەندە دەتوانێ دەسەڵاتی ئێران بگرێتە دەست. ئەوانیش لە ژێر تەئسیری ئەو ئەفکارەدا کە لە حیزبی توودە نزیک بوون بە تایبەتی مامە غەنی و کاک حەمەدەمین سیراجی و عیدەیەکیان، پێیان وابوو کە حیزبی دێموکرات دەبێ هەموو شتێک قەبوول بکات و لە گەڵ کۆماری ئیسلامی رێک بکەوێت و چەک دابنێ، ئەوانەی کە حیزبی توودە پێی باش بوون. بۆیە ئیختیلافەکە لە پێش کۆنگرەوە هەبوو، بەڵام بە راستی فکرێک نەبوو کە لە کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبێ، کە دیتمان ئەوەندە ئیدەیەکی خەتەرناک بوو کە سەری حیزبی توودەی بە تەواوی خوارد. هەرچی کادری بەرجەستەیان بوو، هەر چی رێبەری بەرجەستەیان بوو، لە نەتیجەی ئەو خۆش باوەڕییەدا کەوتنە زیندان و ئێعدام کران و لە ژێر شکەنجەدا کوژران. دەتوانم بڵێم سەرمایەیەکی گەورەی فکری بوو بە تایبەتی لە دەستی ئێران و بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی ئێرانی چوو. کەوابێ مەسەلەکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دوو دەستەگییە بوو، لە پاشان گوتت لە گەڵ تۆو د.قاسملو و مەبەستت ئەوە بوو کە د.قاسملوو موخالیفی من بووە؟(نە گوتم ئەوان موخالیفەتی هەردووی ئێوەیان کردوە)، وایە. هەر چەند کە پێش کۆنگرە ئەمن ئەندامی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام بە هەر سورەت بە حوکمی سابیقەیەکی کە هەمبوو، هێندێک بەشداریم هەبوو نەقشم هەبوو، لە میتینگەکان دەر دەکەوتم، لە هەیئەتی نمایندەگیی خەڵکی کورد دا دەردەکەوتم، بە هاوفکرێکی د.قاسملووشیان دەزانیم، یان بە نمایندەکیی فکری بە قەولی ئەو وەختی وان کونەپەرستییان دەزانیم، ئەو موخالیفەتەیان لە گەڵ منیش دەکرد، بە خۆشیەوە میللەتی کورد وشیارانە بڕیاری دا. تەنانەت وەختێکی گروهی ٧ نەفەری جودایی خۆیان ئیعلان کرد، لە بیرمە بڕیاری میتینگێکمان دا، ئەو وەختی لە دەرێ بووین لە شاخی بووین بەڵام مەهاباد هەر چەند پادگانی لێ بوو و بە دەست خەڵکەوە بوو. برادەرێکمان نارد کە میتینگێک رێک بخا، چوو دوو رۆژان لە مهاباد بوو، هاتەوە گوتی ناکرێ لە مهاباد میتینگ سازکەی لە دژی غەنی بلووریان. گوتم، یان ئەمن مهابادم نەناسیوە یان ئەتۆ نەت ناسیوە، ئەمن دەچم و میتینگێک پێک دێنم. چووم هەر لە سەر بڵیند گۆ هاوارم کرد کە سەعاتی ٤ی ئەورۆکە میتینگێکە، د.قاسملو دێ قسە بۆ خەڵکی دەکا. بۆ سەعاتی ٤ تەمەشام کرد هەر نەبێ شەست هەزار کەس لە مەیدانی چوارچرا کۆببوونەوە، خەبەریشم دا بوو کە ئەوە میتینگ ئامادەیە. راست لە وەختەدا کە دەبوو دەست پێ بکرێ، نامەیەک هات کە د.قاسملوو بۆی ناکری بێت بە دەلایلێک کە هەیبووە، زۆر بە خەجاڵەتیەوە چووم ئێعلانم کرد کە، بە داخەوە د.قاسملو بۆی نەکراوە سبەی عەینی سەعات لە عەینی جێ. زۆر نیگەران بووم کە سبەی خەڵکەکە نەیێ، چونکی درۆیان لە گەڵ کراوە. بەڵام سبەینی کە هاتین ئەو شەست هەزارە رەنگە ببوو بە هەشتا هەزار کەس، هەر مەیدانی چوار چرا نەبوو ئەو شەقامانەی دەچوونە سەر مەیدانی چوارچرایە، شەقامی قەدیم پێیان دەگوت شاپوور، پەهلەوی... هەمووی خەڵک بوو کۆببۆوە. لەوێدا د.قاسملوو لە بەشێک لە قسەکانی دا گوتی: «بابە ئەو فەلسەفەبافی یەی پێ ناوێ، مەسەلەکە ئەوەیە، ئایا ئێمە چەک دانێین یان داینەنێین؟ لێک ڕا هەشتا هەزار کەس هاواریان کرد داینانێین،یانی خەڵک زۆر هوشیارانە بەرخوردیان پێ کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: د.قاسملوو کاتێک کە دێتەوە ناو کۆمەڵگای کوردی بە تێگەیشتن لە ئوروپا کۆمەڵێک فیکرو ئیدە دێنێتە ناو حیزبی دێموکراتەوەو لە ڕێگەی حیزبی دێموکراتیشەوە دەیخزێنێتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە. هێنانی کورتەباس لە کۆنگرەی شەش دا، باسێکی جیددیی بوو کە لەگەڵ موخالیفەت بەرەوڕوو بوو، لە حاڵێک دا کە کۆمەڵگای کوردی بە تێگەشتنێکی ئەوڕۆیی، ئەو سەردەمە ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو جۆرە ئیدانەی نەبوو. د.قاسملوو لەسەر چ بنەمایەک دەیویست ئەو تێگەیشتنە بگوازێتەوە ناو حیزبی دێموکراتو کۆمەڵگای کوردی؟**

**وەڵام:** هەم ئەرکی ڕێبەرایەتیی هەڵکەوتووی میللەتان ئەوەیە، هەم موشکلی کاری ئەوان ئەوەیە، موشکلی کاری وان ئەوەیە کە لە پێش خەڵکەکەیانەوەن، خەڵکەکەیان دەرکی ناکەن. ئەرکە کەشیان ئەوەیە کە شتی تازە بێنن. ئەوەی ڕۆحی کورتە باسە، یان ڕۆحی ئەو بڕیارەیە کە لە کۆنگرەی شەش دا درا، ئەوەیە: وازهێنان لە سوسیالیزمی مەوجوود یان سوسیالیزمی شۆرەوی، لە پاشان ڕووکردن لە سوسیالیزمێ بە مەفهومێکی ئینسانییەوە ئەوەی کە لە سەری لە چێکۆسڵۆواکیش دەرکرا. ئەو وەختی دەرکرانی لە چێکۆسڵۆواکی لە بەر ئەوەی بوو کە موخالیفی داگیر کردنی چێکۆسڵۆواکی لە لایەن ئەرتەشی شۆرەوییەوە بوو، موخالیفی ئەو سیستەمە بوو کە لەوێدا پێڕەو دەکرا، باوەڕی بە دێموکراسی و ئازادی هەبوو. مەسەلەی کورتە باسیش فکرێک نەبوو کە تەنیا لەوێدا هاتبێتە گۆڕێ، ئەوەی کە لە کورتە باس دا باس کرا لە کۆنفرانسی سێهەمدا مەترەح بوو. سوسیالیزمی دیمۆکراتیک لە کونفرانسی سێ و لە کۆنگرەی سێ و لە کۆنگرەی چوارو کونگرەی پێنجدا وەکوو فکر لە فکری د.قاسملوویدا هەبوو، بەڵام هەر جارەی بە جۆرێ فورموولە دەکرا، تا لە کۆنگرەی شەش دا بە سورەتی سوسیالیزمی دیموکراتیکە هاتە گۆڕێ. ئیدی ئەو مخالیفەتە کە هەبوو لە لایەن دەروێشانی شوورەوییەوە هەر جارێک بە شێوەیەک خۆی دەنواند، لە کۆنفرانسی سێ دا کەریمی حیسامی هەستا گوتی: «سوسیالیزمی عادڵانە و سوسیالیزمی دیمۆکراتیک و ئەو شتانە مەعنایان نیە، کە گوتت سوسیالیزم هەموو شتێک تەواوە، هەموو شتێکی تێدایە«. ئەمن گوتم: «لە نێو مەلاو فەقێیان لە نێو موسڵمانەکاندا شتێک هەبوو کە دەیانگوت: ناوی ئەڵڵا یا ناوی خودا یانی ئەو زاتە کە هەموو کەماڵاتی تێدا هەیە، کە گوتت خودا ئیدی پێویست ناکا بڵێی خوای توانا، خوای زانا، خوای عالەم، خوای «تبارک و تعالی»، هیچی ناوێ، ئەتۆ دەتهەوێ سوسیالیزم ئاوا لێ بکەی، نەخێر سوسیالیزم وانییە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوسیالیزم عەیب و کەموکوڕیی خۆشی هەیە، کەوا بوو بە جێیە. ئەوەبوو کە لە کۆنگرەی شەش دا بەو سیغەیە پەسەند کرا، دەنا فکرەکە هەر هەبوو. دەلیلەکەشی ئەوە بوو کە وەکوو گوتم لە ئەوەڵەوە، د.قاسملوو لە باری فکری و فەلسەفییەوە زۆر لە هاوڕێکانی و هاودەورەکانی لە پێشتر بوو، بۆیە ئەوەی کە د.قاسملوو ئەو وەختی هەستی پێ کردبوو، رەنگە هەمووشی لەمێشکی خۆی دەرنەهێنابوو، لەدونیای موتەمەدین دا دەژیا، لەگەڵ ریجالی فکرو سیاسەت سەروکاری هەبوو، حەتمەن ئیلهامی لە وانیش وەرگرتبوو، بەڵام ئەوە د.قاسملوو ساڵی ١٣٥١ و ١٣٥٢ مەترەحی کرد، ئێمەمانان لە ساڵەکانی ١٣٦٥ەوە لێی حاڵی بووین، ئەوە نیشانەی فاسیلەی فکریی بەینی د.قاسملوو و رفیقەکانی دیکە بوو.

**پرسیار: د.قاسملوو لە کۆنگرەی ٧ دا دەڵێ: «ئەوە یەکەم جارە لەهەڵبژاردنەکانی حیزب دا یەکەم دەنگ دێنمەوە، واتە کۆنگرەکانی پێشوو یەکەم دەنگی نەهێناوەتەوە، تۆ ئەوە بۆچی دەگێڕییەوە، لە حاڵێکدا د.قاسملوو کەسایەتییەک بووە لەرابردوودا سەرێک لەسەران بەرزتر بووە، توانایی یەکەی لەتوانای کەسانی دیکە بەرزتر بوو، بەڵام لەوێدا بۆ یەکەم جار دەنگ دێنێتەوە، وەک دەنگی یەکەم؟**

**وەڵام:** ئەوە لە هەموو دونیا هەیە، ئەوانەی ئینسانی بەفکرن و ئینسانی پێشکەوتووترن لە خەڵکی، موخالیفەتیان لە گەڵ دەکرێ لە کۆمەڵی خۆیاندا. د.قاسملووش موخالیفی خۆی هەر هەبوو، بەڵام بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ ئەوە کە بەدەنەی حیزب بەدەنەیەکی نە ئەوەندە ئاگا بوو کە ئەفکاری وی وەربگرێ، نە ئەوندەش دەکرێ بڵێین، مونسیف بوو. مەسەلەن بەدەنەی حیزب لە دواتردا گەیشتە جێگایەک کە رەنگ بوو یەکێکی ناخۆش بوێ، بەڵام مادام دەیزانی بۆ حیزبەکەی بەکەڵکە دەنگی پێ دەدا. بۆیە لە کۆنفرانسی سێ، لە کۆنگرەی سێ، لە کۆنگرەی چوار، لە کۆنگرەی پێنج ، لە کۆنگرەی شەش، هەر جارە کەسێک دەنگی یەکەمی دێنا کە لە د.قاسملوو لە دواتر بوو، تەنیا لە کۆنگرەی ٧دا بوو کە گوتیشی، زۆریشی پێ خوشحاڵ نیم کە دەنگی یەکەم دێنمەوە، هەر چەن پێم وایە نیشانەی ئەوە بوو کە کۆنگرەی ٧ خەڵکەکە زیاتر فکری کراوەتەوە، بە عەقڵییەتێکی تازەترەوە بیر دەکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: ماموستا لە کۆنگرەی ٨ دا لیستەی فیکس دێتە ئاراوە، تۆ خۆت تا چەندە لایەنگری ئەو لیستەیە بووی، دیارە دواتریش خۆت کاندیدا نەکرد بۆ ڕێبەری حیزب، ئایا خۆکاندیدا نەکردن نیشانەی موخالیفەت لە گەڵ لیستەی فیکس بوو؟**

**وەڵام:** زۆر پێش کۆنگرەو زۆر پێش ئەوەی کە شێوەی هەڵبژاردن بێتە گۆڕێ، ئەمن ئیعلانم کردبوو نابم بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، تەنانەت لە کۆنگرەی ٧دا، نەم دەویست ببمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، د.قاسملوو بە دەلایلێک هەر لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا نەک لە خوسوسی دا، بە منی سەلماند کە دەبێ ئەو سەفەرەش ببمەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بەڵام هەر دوای کۆنگرە ئەمن ئیعلانم کردبوو کە لە کۆنگرەی ٨ دا نابمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. کە وابێ خۆکاندیدا نەکردنەوەم بە هیچ جۆر ئیرتباتی بە مەسەلەی لیستەی فیکسەوە نەبوو. لە سەر لیستەی فیکس، نەزەری من ئاوا بووە و تا ئێستاش ئەوەی هەر تێدا هەیە. لیستەی فیکس بۆ کۆمەڵگای کوردەواری زوو بوو، بەڵام لیستەی فیکس لە کۆمەڵگایەک داو لە حیزبێکیدا کە بەراستی زەرفییەتی فیکریی هەبێ شتێکی زۆر باشە. ئیستێ لە وڵاتانی دێموکرات دا، لە ئەحزابی دێموکرات دا، ئەمن چەند جار لە کۆنگرەکانیاندا بەشدار بووم لە هیچ جێیەکی لیستەی ئازادم نەدیوە، هەمیشە یەک لیستە دێنن یا دەنگی پێ دەدەن، یا چەپڵەیکی بۆ لێ دەدەن، زۆر جار هەر بە چەپڵەیەک تەواو دەبێ، ئەوەی دیکە دەنگی پێ دەدەن یا موافیق یا موخالیف، چ سەرکەوت ئەوە دەبێ. جاری واش هەیە کەمن نەمدیوە، دوو لیست سێ لیست پێکەوە رەقابەت دەکەن کامیان سەرکەوت، سەر دەکەوێ. کە وابێ لیستەی فیکسم پێ خراپ نیە. ئەمن لە کۆنگرەی ٨ دا، هەم دەنگم بە لیستەی فیکس دا، (کە لیستی فیکس بە دوو سووەمی ئارا پەسەند بوو)، هەم دەنگم بەو لیستەیەدا کە دەنگی بۆ وەرگیرا. ئەوەیان بە تاقە یەک دەنگ پەسەند کرا کە ئەگەر ئەمن دەنگی مەنفیم پێ دابایە، یا دەنگی مومتەنیعیشم پێدابایە سەرنەدەکەوت. کە وابێ هیچ ئیرتباتی بەوەوە نەبوو، ئیستەش پێم وایە لیستی فیکس بەو شەرتە کاری بۆ بکرێ بە سەلامەتەوە بێ، کارێکی زۆر باشە. ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵ دەبژێری، هەق وایە لە پێش دا مەعلووم بێ کێ یە، لە پێش دا مەعلووم بێ تەرکیبەکەی چیە، تەنانەت مەعلووم بێ ئەندامەکان، هەرکەسەیان کاریشی چیە. بە هیچ جۆر ئەو هەیوولایەی لە لیستەی فیکس دروست کرابوو ئەمن لە گەڵی نەبووم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: ماموستا دوای رۆیشتنی ئەو بەشە لە کادرو پێشمەرگەی حیزب کە دوایە بە ناوی رێبەرایەتیی شۆرشگێر خۆیان پێناسە کرد، جارێک د.قاسملوو دەنێرێ بە دوای جەنابتاندا، دەڵێ: با چاوم پێ بکەوێ، جەنابت دەڵێیی نەخێر با نەیێ قسەی دەشکێنم. بەڵام قسەکە ئەوەیە سەرەرای ئەو هەموو نیزیکیە هەم لە بواری فکرییەوە، هەم لە بواری دۆستایەتییەوە، هەم ئەوەی کە زۆریش تێکەڵ بوون بۆ چی ئەو چاو پێکەوتنەت ئەنجام نەدا، دوای چوونی رێبەرایەتی؟**

**وەڵام:** ئەوەش دیسانەکە خراپ وەرگیراوە، یا خراپت بیستوە. لە دەوروبەری کۆنگرە دا بوو، پێش کۆنگرە بوو نەک دوای کۆنگرە. رۆژێکی لە دوای ناردبووم کە بچمە خزمەتی، ئەمنیش گوتم عەرزی بکەن ئەگەر بۆ ئەوەیە داوام لێ بکا کە مەسئولیەت لە کومیتەی ناوەندیدا وەربگرمەوە یانی لە کۆنگرە ببمەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، با نەچم، تکای لێدەکەم با ئەو لێم خۆش بێ ئەمن نەچم چونکی حەتمەن بڕیارەکەی دەشکێنم، پێشنیهادەکەی دەشکێنم، پێشم خۆش نیە پێشنهادەکەی وی رەد کەمەوە. کە پێیان گوتبوو، گوتبووی راست بۆ ئەو مەبەستەیە، کە وابێ با ئەو دیدارە نەبێ. یەعنی ئەو دیدارە پێش کۆنگرەی بوو، نەک دوا کۆنگرە. لە دوا کۆنگرە بۆ ماوەیەک ئەمن کارێکی دیکەم گرتبووە دەست، لە مەیدانی کاری فیکری و تەبلیغاتیدا کارم نەدەکرد. د. قاسملوو چووبووە سەفەرێ ئەمن لە ماڵ نەبووم کە بم بینێ، کاغەزێکی بەجێ هێشتبوو، لە کاغەزە کەدا (ماوەمە ئەو کاغەزە) نوسیبووی زۆر غەدرە ئێستا ئەتۆ لەو هەلومەرجە حەساسەدا خۆت بە کارێکی لاوەکییەوە وەکوو کار لە کۆمیسیۆنی ماڵی خەریک کەی، ئەتۆ دەبێ کاری فیکری بەعۆدە بگری، بە داخەوە نەشکرا بت بینم رۆیشتم و بەڵام پێم خۆش بوو ئەو نامەیەت بۆ بەجێ بێڵم. ئیدی پێش ئەوەی بێتەوە ئەمن چووم ئیعلانم کرد گوتم حازرم بێم لە بەشی چاپەمەنیدا کار بکەم. کە هاتەوە نەیزانیبوو، میوانمان لە دەوری کۆ ببوونەوە، میوانێکی نازانم کێ بوو خاریجی بوو، هەر وا پرسیاریان کرد کە کێ لە کوێ کار دەکا، د.قاسملوو گوتی: «فلانەکەس لە فلانە جێی کار دەکا، فلانەکەس لە فلان جێێ کار دەکا، گوتی وەلاهی فلانەکەسیش یانی (من) نازانم بلێم لە کوێ کار دەکا، چونکی مەبەستی ئەوە بوو ئەو جێیەی کاری لێ دەکا موناسیب نیە، گوتیان لە چاپەمەنییە، گوتی ئا وەڵلا ئەوە خەبەرێکی خۆشە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: د.قاسملوو تاوەکوو لە ژیاندا مابوو، دوای دابڕانی هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ هەوڵی داوە بۆ یەکگرتنەوەی حیزب؟**

**وەڵام:** د.قاسملوو هەر لە ئەوەڵەوە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی ئەو جوداییە نەبێ. زۆر جاری بەزمان گوت بەڵام دوو جاریش بە نامە نووسی ئیختلافی نەزەرمان هەیە یا نییە کەیفی خۆیەتی، ئێوە وەرن کار بۆ ئەو حیزبەی بکەن ئەمن دەستان ماچ دەکەم. د.قاسملوو ئەگەر ئەجەل مۆڵەتی دابایە پێم وایە ساڵێکی دیکەی نەدەخایاند کە حیزبی دێموکرات یەکی دەگرتەوە، ئەگەر د.سەعید شەش مانگی دیکە ژیابایە حەتمەن حیزبی دێموکرات یەکی دەگرتەوە. چونکی هەر لەو سەفەرەیدا کە تێیدا شەهید بوو، لەو سەفەرەیدا لە هەموو جێیەک قسەی کردبوو، لە واقیع دا بڕیاری دابوو کە موشکلی دوو دەستەیی لە نێو حیزبی دێموکرات دا حەل بکا.

**پرسیار: ماموستا کاتێک د.قاسملوو سەفەری ئورووپا دەکا بە نیازی وتووێژ دەروا تا چەندە ڕێبەرایەتیی حیزب لەو وتووێژە ئاگادار بووە، یا شەخسی جەنابت تا چەندە ئاگادار بووی کە د.قاسملوو دەیهەوێ شتێکی وا بکا؟**

**وەڵام:** ئەوەڵەن د.قاسملوو بە نیازی وتووێژ نەچووبووە دەرێ، سەفەری دەرێی هەبوو. بەڵام وتووێژ پێشتر جارێکی دیکە کرابوو، جارێکیش کە د.سەعید لە دەرێ بوو داوا دەکرێ کە د.قاسملوو بچێتەوە بۆ ملاقاتێ، د.قاسملوو و دەفتەری سیاسی دەڵێن، با لەگەڵ د.سەعید کە ئێستێ لە دەرێیە بیکەن ئەوان قەبووڵی ناکەن، ئەوەش نەگبەتیی کوردە حەتا ئەوەش، هەستی د.قاسملووی زاناو بلیمەتی وەخەبەر نەهێنا کە ئەوە تەوتئەیەک بۆ وی لە کاردایە. بۆیە بۆ ئەوە نە چوو بوو، بەڵام کە لەوێ بوو هەوڵیان داوە کە ئەو دیدارە ببێ، یا بڵێین ئەو تەوتئەیە ڕێک بخەن. ئەمن هیچ ئاگام لێ نەبوو، تا ئەو جێیەی لە بیرم بێ تەنیا شتە کە د.قاسملوو لە منی شاردۆتەوە. پێش ئەو سەفەرەی لە دوای ناردم چووین قسەمان کرد، تەنیا وەکوو کوللیات لە منی پرسی، گوتی بە نەزەری تۆ ئەگەر کۆماری ئیسلامی حازر بێ موزاکیرەیەکی جیددی بکا بۆ حەللی مەسەلەی کورد ئێمە بیکەین یا نە؟ گوتم نابێ یەک لەحزەی لێ ڕاوەستی، تەنیا ئەوەندەی گوت. بۆیە وەختێکی کە دوکتور تیرۆر کرا د.سەعید لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای منی نارد. ڕۆژەکە ڕۆژی جومعە بوو، ڕۆژی جێژنی قوربانیش بوو، بنکەی دەفتەری سیاسی لە بۆڵێ بوو، ئێمەش ماڵەکانمان لە ئێندزێ بوو. ماشێنی ناردبوو بە دوا من و کاک مستەفا هیجری دا. کاک مستەفا ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، بەڵام ئەمن ئەندامی ڕێبەری نەبووم. کە چووین کاک سەعید بۆی باس کردین گوتی دوکتور تیرۆر کراوە. تازە دوکتور موساحەبەیەکی کردبوو لە دژی عێراقێ، لە دژی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، گوتم کاری عێراقە، د.سەعید گوتی: وەڵڵا شتێک هەیە تۆ ئاگات لێی نیە، موزاکەرەیەک هەبووە لە بەینداو بە قەستی موزاکەرەی کۆببوونەوە، گوتم جا ئیدی نایهەوێ، هیچ ئیشکالی تێدا نیە کە ئەوە کۆماری ئیسلامی خۆیەتی کوشتوویەتی. قەستم ئەوەیە کە تەواوی دەفتەری سیاسی لە تەواوی جەرەیانەکە ئاگادار بوو بەڵام ئەمن ئاگادار نەبووم.

**پرسیار: کاتێک بۆ یەکەم جار هەواڵی تیرۆری د.قاسملووت بیست، حەسەنزادەی دۆست و نزیک و ئاواڵی پێبەپێی د.قاسملوو چ هەستێکی هەبوو لەو کاتەدا؟**

**وەڵام:** ئەو هەستە تەعریف ناکرێ، بەڵام جارێکی دیکە بە جۆرێکی دیکەم باس کردوە. ئەمن پەیامی د.قاسملووم وەبیر هاتەوە، ئەوەڵ جار کە ئێمە ببووین بە کومیتەی مەرکەزی بە سەر یەکەوە، لە کۆنفرانسی سێ دا هەڵبژاردنێکمان کردو کومیتەی ناوەندییەک هەڵ بژێردرا، یەکێک لە ئەندامانی ئەو کومیتەی ناوەندییە بە سەفەر گەڕایەوە نێوخۆی وڵات و لە بانە تیرۆر کرا (شەهید قادری وێردی) هەمووومان دەگریاین زۆر عەجایەب دەگریاین، د.قاسملوو نەدەگریا، نەدەگریا لە واقیع دا نەلە بەر ئەوەی نارەحەت نەبوو لە بەر ئەوەی خودداریی دەکرد. بانگی منی کرد گوتی، هەستەبا بچین بەیانیەی بنووسین، لە هاڵەکە دانیشتبووین، وەتاغێک لە سەرەوە بوو کاری نووسینمان لەوێ دەکرد، چوینە ئەوێ گوتی دانیشە بەیاننامەکە بنووسە لە سەر بدەی. دانیام بە شەهید بوونی قادری وێردی، گوتم دوکتور مێشکم هیچی تێدا نیە، گوتی نا، ئەمن دەتوانم بنووسم، بەڵام دەبێ ئەتۆ بنووسی، ئەوە ئەوەڵتە، سبەینێ هەزار شتی ئاوا دێتە ڕێ دەبێ ئیدامە زۆر ئەو بەیاننامەی پێ نووسیم، بەجێی هێشتم گوتی دەبی بینووسی، دیارە هێندێک ڕێنوێنیی کردم. کە د.قاسملوو شەهید بوو ئەوەم وەبیر هاتەوە، پاش خەبەرەکەو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نارەحەتییەکە بە د.سەعیدم گوت ئەتۆ خەریکی کارەکان بە ئەمن دەچم بەیانییە دەنووسم. کە نووسیم تاریف ناکرێ بە چ حاڵێکم دەنووسی، پاراگرافێکم دەنووسی کاغەزەکەم لادەبرد بۆ وەی بە فرمێسکانم رەش نەبێتەوە، پاراگرافێکی دیکەم دەنووسی. لە بیرمە بۆیان گێرامەوە رەفیقێک گوتبووی ئەی لەو دڵە رەقەی! چۆن لەو وەختەی دا بەیاننامەی پێ نووسرا. ئەمن قسەکەم پێ خۆش بوو، بانگم کرد گوتم رەفیق هی دڵ رەقی نییە، بەڵام پەیامی د.قاسملوو ئەوە بوو ئەو وەختی پێی گوتم، بەڵێ ئێستا قاسملوو رۆیشتوە نابێ رێیە کەی کوێر بێتەوە، دەبێ بەیانییەکە بنووسرێ. دەنا دوکتور هەر رفیقی من نە بوو ئومیدی میللەتی کورد بوو، لەو وەختەدا لە دەستمان چوو بوو، هەر بۆ من نەبوو بۆ هەر کوردێکی زەربەێیک بوو لە گێڕانەوە نایە.

**پرسیار: ماموستا ئەو کاتە د.قاسملوو شەهید دەبێ جەنابت لە رێبەریی حیزب نەبووی، بەڵام کاتێک حیزب دەیهەوێ هەیئەتێک بنێرێ بۆ بە خاک سپاردنی تەرمی شەهید د.قاسملوو، سەرەرای ئەوەی کە لە رێبەریدا نەبووی لە گەڵ دەستەیەک لە هاوڕێیان کە دەچنە ئەوێ، سەرۆکی ئەو هەیئەتە جەنابت بووی، لەوێش بە نوێنەرایەتیی حیزب قسە دەکەی. چۆن بوو، ئایا پەیامێکی تایبەتیی تێدابوو کە رێبەریی حیزب تۆی هەڵ بژارد یا لە سەر داوای خۆت بوو یا ئەوەی کە پێویست بوو لەو کاتەدا تۆ بچی؟**

**وەڵام:** بە هیچ شێوەیەک داوای منی تێدا نەبوو. دەفتەری سیاسی بڕیاریان دا بوو دوو کەس بچن کە یەکێکیان دەفتەری سیاسی بوو، کاک حەسەن شەرەفی، یەکێکشیان ئەمن بووم، واشیان بڕیار دابوو کە ئەمن بچم تا تەشییع جەنازەکە تەواو دەبێ، لە پاشان کاک حەسەن شەرەفی بێتەوەو ئەمن لەوێ بمێنم بۆ سێ چوار مانگان تا نوێنەر دیاری دەکەن. ئەمن چوومە لای کاک سەعید، ئەوە تاریخە زۆر جاریشم گێڕاوەتەوە کەس ناتوانێ حاشای لێ بکا گوتم، کاک سەعید ئەو بڕیارەتان داوە بڕیارێکی باش نیە، کاک سەعید مەسئولی بەشی رادیوو ئینتشارات بوو هەر دووکیان. گوتم ئەمن دەتوانم دڕوویەک لە لەشی تۆ دەر بێنم، هاوکاریت بکەم، لانیکەم یەکێکیانت بۆ ئیدارە بکەم کە ئەتۆ ئێستا دەبیە سکرتێر و کارت پترە، کاک حەسەن ناتوانێ، کە وابێ با ئەمن بێمەوە کاک حەسەن وەمێنێ، کاک سەعید گوتی ئاخر دەفتەری سیاسی بڕیاری داوە، گوتم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا کەیفی خۆتانە ئەمن پێشنیهاد دەکەم بە دەفتەری سیاسی بڵێی بڕیارە کە بگۆڕن، وا بوو پێشنیهادی کردبوو بڕیارە کەیان گۆڕیبوو کە کاک حەسەن وەمێنێ ئەمن بێمەوە، ئەوەش نەبوو کە ئەمن رەئیس بم، بەڵام چوون عەمەلەن وەکوو شتێک لە باری سنی یەوە لە باری تەجروبەوە نەوعێک ئەولەوییەت بۆ من قائل بوون ئەمن مەقالەم نووسی و من مەقالەم خۆیندەوە، تەنانەت لێرە لە رادیو بڵاو کرابۆوە، پەیامەکە بە ناوی کاک حەسەن شەرەفی یەوە بڵاو کرابۆوە لە رادیۆ دا، بەڵام هەموو کەس گوتبوی ئەوە نووسینی عەبدوڵا حەسەن زادەیە هی کاک حەسەنی نیە. کە هاتمەوە پێیان وابوو کە ئەمن نووسیومەو کاک حەسەن خویندوویەتەوە، گوتم نەوەڵڵا هەر ئەمنیش خویندوومەتەوە. بۆیە لە رۆژنامەی کوردستاندا کە چاپمان کرد نووسیمان قسەی عەبدوڵا حەسەن زادە لە سەر گڵکۆی شەهیدان. هیچ داخوازێکی من نەبوو بەڵام پێیان باش بوو ئەمن بم، دەلیلەکەی دەفتەری سیاسی ئەو وەختە رەنگە بیزانێ.

**پرسیار: دەڵێن ئەگەر کەسێک سکرتێر بوو ئەندامانی دەفتەری سیاسی وەکوو شاگردی ئەو سکرتێرە وان. لە دوو کۆنگرەی پشت سەر یەک دا جەنابت جێگری د.قاسملوو بوویت، کەسانی دیکەش لە گەڵ جەنابتان، کۆمەڵێک بوون کە رێبەری حیزبتان کردوە. د.قاسملوو سکرتێری ئەو حیزبە بوو ئێوە وەکوو کەسێک کە خۆتان بە یەکێک لە قوتابییەکانی د.قاسملوو دەزانی تا چەندە کاریگەریی فیکری‌و سیاسیی د.قاسملوو لە سەر خۆت دەبینی لە مێژووی سیاسیی خۆت دا؟**

**وەڵام:** بێ تەوازوع دەڵێم لە باری سیاسییەوە ئەگەر قابلیەتێکم تێدا بووبێ شتێک فێربم بە شانازی دەزانم، بەڵام پێم وایە لە باری سیاسییەوە تەکوینی فکری سیاسیی من کاری د.قاسملوویە و زۆری تەئسیر لە سەرم هەبووە. جارێکی گوتم ئیددعایەکم کرد گوتم رەنگە هێندێ کەس موافیقی نەبووبێ، پێم وایە هیچ کەس بەقەد من لە د.قاسملوو فێر نەبووە، ئەویش لە بەر ئەوەی نیە ئەمن لە هەمووان زیرەکترم، لەبەر ئەوە بوو ئەمن دەمزانی ئیحتیاجیم بە فێر بوون هەیە، خەڵکەکەی دیکە «الحمدالله» زۆری دەزانی ئیحتیاجی بە فێر بوونێ نەبوو، بەڵام ئەمن کە هیچم نەدەزانی پێم خۆش بوو زۆر فێر بم، بۆیە زۆر سەعیم دەکرد ئەفکاری وی وەربگرم، لێی فێر بم، خۆم پێ بگەیەنم. هەتا جارێکی لە بیرمە دانیشتبووین لە مەجلیسێکیدا هەروا قسە دەکراو پرسیارم دەکرد، کاک حەسەنی رستگار رووی تێ کردن کاک دوکتور بوو،


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەریمی حیسامی بوو، حەمەدەمینی سیراجی بوو، مەرحومی هێمنی شاعیر بوو، گوتی راوەستن ساڵێکی دیکە بە خودا هەرچی پێتانە هەمووتان لێ دەستێنێ، یانی ئەوندە سەعیم دەکرد فێر بم مەسەلەکە هەر ئەوە بوو.

**پرسیار: ماموستا جاری وابووە جەنابت لە گەڵ د.قاسملوو سەفەرت کردوە، ئەوندەی لە ئەوروپا یا ئەوندەی لە عێراق لە گەڵ کەسایەتییەکانی دەرەوەی حیزب بە تایبەت کەسایەتییە خاریجییەکان، لە کاتی دانیشتنەکان، مەجلیسو قسەکردنەکان، د.قاسملووت چۆن دەبینی؟**

**وەڵام:** ئەوە لە بەر خۆشەویستیی د.قاسملوو یا تەعەسسوبی حیزبیم نیە. لە خزمەت دوکتوریدا لە گەڵ زۆر شەخسییەتی کورد و ئێرانی و خاریجی دانیشتوم، جاری وابووە ئەو کەسەی لە گەڵی دانیشتووین وەزیرە، تەنانەت رئیس وڵاتە، رئیس حیزبێکی گەورەیە، لە گەڵ زۆر کەس دانیشتووین، لە زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو جارانەدا، ئەمن د.قاسملووم لە سەرەوەتری ئەوانی دیکە دەدیت. دەم دیت کە تەرەفەکە چاویان لە زاری ویە ئەفکاری وی بخوێننەوە، ئەوان پتر ئیحتیاجیان بەو هەیە کە لە د.قاسملووی فێر بن تا د.قاسملوو لەوان فێر بێ، هەرچەن د.قاسملوو دەبوو فێر بێ، ئەگەر د.قاسملوو هیچ لە کەس فێر نەبا پیاوێکی زیرەک نەدەبوو. حەتمەن ئینسان دەبێ فێر بێ، بەڵام بەراستی بەرتەری و دەسەڵاتی زیاتری وی لە هەموو دیدارەکان دا بەرچاو بوو.

**پرسیار: ماموستا پێوەندییەکانی حیزب لە گەڵ دەوڵەتی عێراق یا لە گەڵ حیزبی دەسەڵاتداری ئەوکاتی عێراق چۆن بوو؟ کێ ئەو شێوە پێوەندیرەی دارشت، دەوڵەتی ئەوکاتی عێراق بە گشتی بە چ چەشنێک هەڵسوکەوتی لە گەڵ حیزبی دێموکراتو د.قاسملوو دەکرد؟**

**وەڵام:** ئەو پێوەندییانە دوو رێگایان هەبوو، یەکێکیان لە خاریج لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، ئەمن لە کتێبی نیو سەدە تێکۆشاندا بە جۆرێک ئیشارەم پێ کردوە. پاش بەیانییەی ١١ی ئازار چووینە خزمەتی مەرحومی بارزانی، داوای ئەوەمان کرد کە ئێستە بزوتنەوەی کورد بە جێگایک گەیشتوە مەجال بدەن کە ئێمە فەعالییەتمان پتر بێت، کۆمەکمان بکەن، بارزانی کە زۆر دووری دەخوێندەوە، رێنوێنیی کردین کە ئێمە بچین لە گەڵ دەوڵەتی عێراقی تەماس بگرین، تەنانەت کە پێشنهادەکەی کرد ئێمە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمێک وشک کەوتین. گوتمان باشە ئێمەو دەوڵەتی عێراق چی و ئێمە چ پێوەندیکمان لە گەڵ دوڵەتی عێراق هەیە. گوتی نابابە مەبەستم ئەوە نیە بەڵام خۆ ئێستە وەک جاران نیە، ئێستێ رێککەوتن هەیە، حوکمی زاتی هەیە، وەزیری کورد هەیە، هێندێک شتی لەو شتانە تێکەڵاو کرد. گوتی ئەمن تەوسیە دەکەم بە وەزیر، مەبەستیشی لەو وەزیرەی ناوی برد مەرحومی «سامی عەبدالرحمان» بوو کە وەزیری کارو باری شیمال بوو کە ئەو کار بکا. لە لایەکی دیکە د.قاسملوو لە گەڵ هێندێک شەخسیاتی عێراقی و عەرەبی دۆستایەتی و ناسیاویی هەبوو لە سەروی هەموویانەوە پیاوێک هەبوو بە ناوی «عبدالخاق السامرایی«، ئەمن هەر قەتم نەدی، بەڵام زۆریان تەعریف دەکرد، ئینسانێکی رووناکبیر و ئینسانێکی چەپ و دێموکرات بوو، لە رێگای ئەوەوە پێوەندی دامەزرا. ئەمن لە کتێبەکەی خۆمدا باسم کردوە کە ئەساسی ئەو پێوەندییانە د.قاسملوو بە کوردی نووسیونی و ئەمن کردومن بە عەرەبی کە بناغەکەمان لە سەر ئەوەی دانا کە، ئێمە لە گەڵ حیزبی بەعس موشتەرەکاتمان هەیە لە زۆر شت دا، نوختە هاوبەشەکان هاتبوون، لە ئاخیرەکەی دا هێنابوومانە سەر ئەوەی کە ئێمە هەم دۆستی ئێوەین هەم دۆستی پارتی دیموکراتی کوردستانین، خۆشحالین کە ئەو دوو حیزبە ئێستا بۆ خۆیان پێکەوە دۆست و هاوپەیمانن، بەڵام ئەگەر رۆژێک خوای نەخواستە ئەو پێوەندییانە تێک چن ئێمە نە دۆستایەتیی ئێوە بۆ پارتی وەلا دەنێین، نەهی پارتی بۆ ئێوە وەلا دەنێین، لە بنی را بناغەی ئەوەمان دارشت ئەگەر رۆژێک شەڕ بووە ئێمە شەڕی پارتی بۆ ئەوان نەکەین، هەر چەند ئەوەشمان دانابوو کە شەڕی وانیش بۆ پارتی نەکەین. مەبەستەکە ئەوە بوو ئەو ئیستقلالیەتە بپارێزین. لەوەدا د.قاسملوو نەخشێکی زۆر باشی هەبوو، لە دارشتنی ئەو سیاسەتە موستەقیلەدا، لە ئیدامەکەشی دا. دەوڵەتی عێراق بە بێ شک هەوڵی دا کە ئێمە بێنێتە ژێر رکێفی خۆی، بەڵام کە سەر نەکەوت تەسلیمی ئەمری واقیع بوو، دەنا لە ئەوەڵەوە هێندێک هەوڵی دەدا، لە ئاخرەکەی دا تێ گەیشتبوون کە حیزبی دێموکرات ئەوەیە، دەبێ ئاوای رەفتار لە گەڵ بکا. لەو موناسەبەتەدا شتێک دەگێرمەوە وەختێکی دەیانەویست لە بۆڵێ دەرمان کەن، بۆ حەللی موشکلەکەی ئەمن ناردرامو لە گەڵ فەرماندەی فیرقەی چوار قورنەی بە نوێنەرایەتیی فەردێکی مونەزەمەی شیمالیان کە لە کەرکوکێ بوو لەوێ دانیشتبووین، داوای کرد کە ئێمە نەیەڵین پێشمەرگە بە ناوماندا بێ، گوتم ئەوە کاری ئێمە نیە، ئەوە ئەرتەشی لێیەو ئەفواج خەفیفەی لێن (خۆ نەم کوت جاش) با ئەوان نەیەڵن، گوتی باشە مەیەڵن بە ناو مقەرەکانتان دا بێن. گوتم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە نێو مقەرەکانیشماندا بێن ناتوانین پێیان بڵێین بەوی دا مەیەن،گوتم، ئێمە میوانی وانین خۆ ئەوان میوانی مە نین، ئەو خاکە خاکی ئەوانە خاکی مە نیە، ئیدی کابرا هەر کافر بوو، ئەو نمایەندەکەی مونەززەمەکەی شیمال گوتی، لە سەرەخۆ «سید القائد». گوتی: کاکە ئەوە دەڵێ ئەگەر بە نێو مقەرەکانی ئێمەش دا بێن پێیان ناڵێین. گوتی: «سید القائد» ئەو سیاسەتەی حیزبی دێموکرات لە مێژە بۆ رەهبەریی عێراق ئاشنایە، رەهبەریی عێراقی بە عیلم بەو سیاسەتەی لە گەڵ حیزبی دێموکرات دۆستە. یانی ئاوامان هێناوە.

**پرسیار: ماموستا ئەوندەی باس دەکرێ، جارێک د.قاسملوو سەدام حوسەینی بینیوە، ئەو کەسایەتیيە چۆن دەی روانییە د.قاسملوو یان د.قاسملوو چۆن دەی روانییە ئەو؟**

**وەڵام:** د.قاسملوو زیاتر لە جارێ سەدام حوسەینی دیوە، چەن جاری دیوە بە تایبەتی ئەو وەختەی وتووێژ لە بەینی یەکیەتیی نیشتمانی و حکومەتی عێراق دا هەبوو چەن جار لەگەڵ مام جەلال سەدام حوسینیان دیوە. بەڵام ئەمن یەکجاری لە گەڵ بووم، ئەو وەختی ئەو موزاکەراتە نەبوو، دەگەڵی بووم چاوی بە سەدام حوسەین کەوت. سەدام حوسەین هات و رۆیشت بەڵام پیاو هەق بڵێ یەکجار بەرخوردێکی موحتەرەمانەی هەبوو، یەکجار بەئەدەب بوو لە گەڵ د.قاسملوو. لە بیرمە گوتی دوکتور ئەمن زۆر حەساب لە سەر نەزەرات و ئەفکاری تۆ دەکەم، داوات لێ دەکەم لە سەر هەلومەرجی خاوەرمیانە، لە سەر ئەوزاعی ئێرانێ، لە سەر ئەوزاعی عێراقێ، نەزەراتی خۆت چیە بۆم فورمووله کە، بۆم بنێرە موهیم نیە بە چ زمانێکە کوردیە، فارسیە،عەرەبییە، ئینگلیزییە، فەرانسەیی یە، خەڵک هەیە بۆ منی تەرجەمە بکا، بەرخوردێکی زۆر موئەدەبانە و موحتەرەمانەی هەبوو، بۆ تاریخ ئەوەی دەبێ بڵێم. لە گەڵ خەڵکی عێراق مەعلوومە سەدام حوسەین چۆن بوو، بەڵام بەرخوردێکی زۆر موحتەرەمانەی لەگەڵ دوکتور هەبوو.

**پرسیار: لە پاش شەهید بوونی د.قاسملوو تەنها کەسێک کە بە نووسین و بە قسە کردن لە کۆرو کۆبونەوەکاندا قسەی کردوە، بە شێوەیەکی جیدی داکۆکی لە رابردوو، لە مێژوو، لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات و لە پلەی یەکەم دا لە د.قاسملوو کردوە . لە بەر ئەوەی تەئسیری زۆری لە سەر حیزب هەبوە. جەنابتی، بڵێین بە دەرەجەی یەکەم جەنابتی. باشە ئایا ئەمە تەنها ئەرکی تۆیە،**

**یان ئەرکی کەسانی دیکەشە کە لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا هەبوون. لانی کەم داکۆکی کردن لە مێژووی حیزبی دێموکرات بە شێوەیەک داکۆکی کردنە لە د.قاسملوو یان بە پێچەوانە. باشە بۆچی هەموو ئەو ئەرکە لە سەر شانی تۆ دەبینرێ یان وا دیارە تۆ زیاتر لە سەر شانی خۆتی دەبینی؟**

**وەڵام:** پرسیارەکەت لە دوایە راست کردەوە، پێم وایە ئەمن تەنیا کەس نیم کە دیفاعم لە شەخسیەتی د.قاسملوو کردبێ، خەڵکی دیکەش کردوویەتی. بەڵام بەبێ شک هەموو مونسیفێک دەیبینێ کە ئەمن لە تەبلیغی ئەفکاری د.قاسملووی دا فەعالترم. بە قەولی فارسان کەلیمەکە عەرەبیە بەڵام دەڵێ: عەجین بووە، د.قاسملوو لە گەڵ فکری من عەجینە یانی بێ ئیرادە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم دەڵێم دوکتور وا دەڵێ، دوکتور وای دەگوت، لە گەڵ دوکتوری وابوو، یەعنی بۆ هەموو کەس مەلمووسە. تەنانەت دوو سێ جار، هێندێک کەس سوپاسیان لە من دەکرد کە، زۆر سپاست دەکەین کە هێندە حوزوورت هەیە لە کن د.قاسملوو، گوتم بۆ سپاسم دەکەی، یەعنی د.قاسملوو هی جەنابتە! کە سوپاسم بکەی. پێم خۆش نیە ناویان بێنم ئێستە کە ئەوەیان گوێ لێ بێ وەبیریان دێتەوە. گوایە ئی وانە!. بەڵام ئەوە کە ئەمن کردوومە لە بەر ئەوەیە کە پێم وایە د.قاسملوو حەقی بەسەر منەوە لە هەمووان پتر هەیە، لە پاشانیش ئەفکاری د.قاسملووی ئەفکاری منە، ئیمانم پێ هێناوە، خزمەتم پێ کردوە، لە عەینی حاڵیش دا با ئەوە بڵێم ئەمن د.قاسملووم بە ئینسان زانیوە و بەئینسانی دەزانم، د.قاسملوو هەم لە دەورانی خۆیدا ئینتقادم لێکردوەو رەخنەم لێگرتوە و بەگژیدا هاتووم و شەڕم لەگەڵ کردوە، هەم ئەو وەختی دیفاعم لە ئەفکاری کردوەو پەیرەویم لێ کردوە، بە حەددێک لەگەڵی بەشەڕ هاتووم کە پێیان وابووە دوژمنین، بە حەددێک ئیتاعەتم لێ کردوەو هاوفکریم دەگەڵ کردوە کە موخالفینی وی و خۆم بە نوکەری د.قاسملوویان ناو بردووم، زۆر جار. ئێستەش هەر پێم وایە د.قاسملوو ئینسانێکی گەورە بووە، ئەفکاری بۆ لێ فێر بوونێ دەبێ. بەڵام ئەفکاری د.قاسملوو قابیلی ئەوەیە کە تەجدیدی نەزەری تێدا بکرێ، نا بێ تەعەسوبمان هەبێ، وەفا بە د.قاسملوو ئەوە نیە کە ئێمە هەرچی د.قاسملوو کردویەتی تا قیامەتێ ئەوەی بکەین. د.قاسملوو خودموختاری شوعاری بووە لە دەورانی ویدا، ئێستە گۆڕیومانە خەیانەتمان بە د.قاسملووی نەکردوە. لە وانەیە د.قاسملوویش لە حەیات دا بایە شوعارەکەی گۆڕیبایە یان سبەینێ شتێکی دیکە بگۆڕین ئەوە هیچ بەو مەعنایە نیە کە خەیانەتمان بە وی کردوە، لە عەینی حاڵدا ئەگەر ئێمە لە د.قاسملووی بوتێک دروست کەین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بڵێین قەت قەت ئیشتبای نەکردوە، ئەوەش خەیانەتە بە د.قاسملوویە، چونکی د.قاسملوو ئەو کەسە نەبوو کە پێی وابێ ناتوانێ هەڵە بکا، هەر ئێستە کە ئەوە کرا من شتێک لە د.قاسملوو دەگێرمەوە بۆ ئەوەی بیکەمە موقەدەمە بۆ باسی هەڵەیەکی د.قاسملوو. د.قاسملوو لە هەموو کەسێکی باشتر باسی قازی محەممەدی کردوە، لە هەموو کەسێ باشتر تەجلیلی لێ کردوە. بەڵام دەنووسێ لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا، دەڵێ: رۆژی ٢٥ی سەرماوەز قازی محەممەد تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە بە پیر ئەرتەشی ئێرانەوە چوو. ئەمنیش دەڵێم د.قاسملوو ئەوندە گەورە بوو کە ئەمن دەزانم، بەڵام ئەویش، رۆژی ١٣ی ژووئیە تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە باوەڕی بە دوژمنەکەی کرد و چوو هەڵەیەکی کرد کە ئەو زیانە گەورەی لە میللەتی کورد دا. ناکرێ بڵێی د.قاسملوو هەڵەی نەکردوە چۆن نەی کردوە. یانی ئەوە باش بوو کردی؟ مەعلوومە هەڵە بوو، ئەوە لە عەزەمەتی د.قاسملووی کەم ناکاتەوە چونکی د.قاسملوو ئینسانە.

**پرسیار: مامۆستا بە دوو پرسیار لە پرسیارێک دا کۆتایی بە وتووێژە کەمان دێنین. پاش و پێش لەتبوونی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵێک ناووناتۆرە و تۆمەت و تاوان رووبەڕووی جەنابت دەکرانەوە کە کوێر کەرەوەی ڕێبازی د.قاسملووی، خەیانەتت بە رابردوو کردوە، خەیانەتت بەو کەسایەتییە کردوە کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵی ژیاوی، چ قسەیەکت بۆ ئەو جۆرە کەسانە هەیە کە ئەو جۆرە قسانە دەکەن؟ لە هەمان کاتدا چ قسەیەکت هەیە لە بەرامبەر نەسڵی داهاتوودا بۆ لاوانی کورد بە نیسبەت رابردووی د.قاسملوو و بۆ دەرس و ئەزموونەکانی د.قاسملوو لە رەوتی خەباتدا؟**

**وەڵام:** بۆ ئەوانە هیچ جوابێکم نیە، چونکی بایی جواب دانەوەی نابن. نە لەبارەی د.قاسملووداو نە لە بارەی هیچ شتێکی دیکەوە هەتا ئێستا موخالیفانی ئەو دەورەیەی من موناقشەی ئەفکاری منیان نەکردوە. جنێوان دەدەن، تۆهمەت لێ دەدەن، ئەوە کاری خۆیانە گەردنیان ئازاد بێ، ئەوە موهیم نیە. بەڵام بۆ نەسڵی نویی میللەتی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکرات، ئەمن پەیامم هەر ئەوەیە کە وشیار بن، د.قاسملوو وەکوو ڕێبەرێکی گەورە بناسن، وەکوو ئینسانێکی گەورە بناسن کە دەبێ لێی فێر بن، ئەگەر هەڵەیەکی هەیە لە هەڵەکەشی فێر بن. د.قاسملوو نە وەک


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمن تەماشا بکەن، نەوەکوو ئینسانێ کە قابیلی خەتا نیە. ئەمن زۆرجار گوتوومە سەت جاری دیکەش دەیڵێمەوە لێی ماندوو نابم، د.قاسملوو بە د.قاسملوویی لە دایک نەبوو، منداڵێک بوو وەکوو هەموو منداڵانی دیکەی دونیایە لە دایک بوو، بەڵام خۆی پێ گەیاند بە فکر، بە خوێندنەوە، بە خوێندن و نووسین و موناقشە بوو بە د.قاسملوو. جەوانانی دیکە دەبێ هەوڵ بدەن ببن بە د.قاسملوو هیچ، وەپێش د.قاسملووش بکەونەوە. ئەوەیە خزمەت بە د. قاسملوو، ئەگینا هەر بلێی د.قاسملوو گەورە بوو ئەوە فایدەی چی.

**سەعدی دەڵێ:** گیرم پدر تو بود فاضل از فضل پدر ترا چە حاصل

بزانین ئێمە چیمان پێ یە، دەبێ سەعی بکەین لە د.قاسملووی فێر بین بۆ ئەوەی شتی تازە بێنین، زیاد بکەین لەسەر خەرمانی د.قاسملوو.

**زۆر سپاس**

**وەڵام:** سپاس بۆ ئێوەش

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٤ی جوولای ٢٠١٢


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# د.پیتێر پیلتز لە وتووێژی تایبەت لەگەڵ «کوردستان»دا:

## مەسەلەی تیرۆری وییەن پێش ئەوەی پرسێکی جینایی بێ، پرسێکی سیاسییە

**دوکتور پیتێر پیلتز، وتەبێژی حیزبی سەوزەکان لە ئوتریش بە کتێبی «ئیسکۆرت بەرەو تاران»ەوە ناسراوە کە سەبارەت بە پەروەندەی شەهیدکرانی رێبەری مەزنی گەلەکەمان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو نووسیویەتی. ئەم کەسایەتییە ناسراوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا یەکێک لە دیارترینی ئەو کەسانە بووە کە لە پێناو وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی وییەن هەوڵیان داوەو کەمتر کەسێک لە نێو گەلی کورددا هەیە کە بە ناوو هەوڵەکانی ئاشنا نەبێ. بەڕێز هیوا بەهرامی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئوتریش لە لایەن رۆژنامەی «کوردستان»ەوە زەحمەتی بەڕێوەبردنی ئەم وتووێژەی لەگەڵ دوکتور پیلتز کێشاوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی بۆ رادەکێشین.**

**کوردستان: کەسایەتیی د.قاسملوو چون دەبینن؟**

**د. پیلتز:** بە دڵنیایییەوە د. قاسملوو گەورەترین سیاسەتمەدارو کەسایەتیی غەیرە فارسی ئێران بوو. ئەو کەسایەتیو ڕێبەرێکی بلیمەتی کوردستان بوو. لەبەر ئەوەش کە لە دەرەوەی کوردستان و ئێرانیش بە تایبەت لە ئورووپا وەک کەسێکی ناسراوو سیاسییەکی بەوەج سەیری دەکرا، دەیتوانی بە باشترین شێوە پرسی کورد بکاتە پرسێکی نێونەتەوەیی.

**کوردستان: لە نێو کوردی ئێراندا بە گشتی و حیزبی دێموکراتدا بە تایبەت کەسایەتییەکی ناسراوو جێگای رێزە. ئەوەش دیارە بو ئەوە دەگەڕێتەوە کە جەنابت بە گشتی یارمەتیدەری پرسی کورد بوویت و بە تایبەتیش لە مەڕ دۆسیەی تیرۆری وییەندا هەوڵێکی زۆرت داوە. دەکرێ پێمان بڵێیت، هۆی نزیکبوونت لە کوردو یارمەتیدانت لە پرسی کورددا لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**د. پیلتز:** پێش هەموو شتێک لە بەر ئەوەی نەتەوەی کورد نەتەوەیێکی بن دەستە. دیارە نەتەوەی بن دەستی دیکەش لە دنیادا هەن، بەڵام نزیکبوونەوەی من لە پرسی کورد دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ژیانی خۆمو ئەو پەیوەندیانەم کە لەمێژ ساڵە لە گەڵ چەند دۆستێکی کورددا هەمە. لە میانەی پەیوەندییەکانم لەگەڵ دوستە کوردەکانمدا ڕووبــەرووی چەند پرسیارێک بوومەوە سەبارەت بە پرسی کوردو سەرنجیان ڕاکێشام. هەر ئەو کاتە بوو - پێش زیاتر لە ٢٠ ساڵ - بۆم دەرکەوت کە لە ڕاستیدا کورد لە سەر ئاستی جیهان بە هیچ جورێک پشتگیری لێ ناکرێت. ئەمەش زۆر بە پێچەوانەی نەتەوە بن دەستەکانی دیکەی دونیا وەک فەلەستینیەکانو ڕەش پێستەکانی ئافریقا. لە ڕاستیدا کێشەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژئاوادا پشتگوێ خرابوو. هەر ئەو کاتە بوو کە چەند کەسایەتییێک لە ڕۆژئاوا بە مەبەستی هێنانە بەرباسی پرسی کورد هەوڵەکانیان دەست پێکردو ئەوانەش کەسانێکی وەک دانییل میتران لە فەرانسەو چەندین کەسایەتی زانستی و ڕۆژنامەوانی بەریتانیایی و ئامریکایی و دوستی من دانییل کۆمبندێت لە پارلمانی ئورووپاو منیش لە ئوتریش.

**کوردستان: ئێوە چ وەک تاکو چ وەک حیزب چەند ساڵێکە وەدوای وەڵامی دەیان پرسیار سەبارەت بە تیرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانی لە وییەن کەوتوون و چەندین جاریش داوای لێکۆڵینەوەی پارلمانیتان کردووە. بۆ تا ئێستا هەوڵەکانتان بە ئاکام نەگەییشتوون؟**

**د. پیلتز:** لە بەر ئەوەی حیزبی گەلی ئوتریش (ئێستا لە گەڵ سوسیال دێموکراتەکان لە حکوومەتدان) نایەوێت لێکۆڵینەوەکان دەست پێ بکەن. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەندین کەسایەتی ئەم حیزبەو یەک لەوان د. تۆماس کلێستیل کە دواتر بوو بە سەرۆکۆمار تێکەڵاوی ئەم مەسەلەیە بوون. لە بەر ئەوەی کە وەزیری دادی ئەوکات، سکرتێری گشتی وەزارەتی دەرەوەی ئەو کات(کلێستیل)و هەروەها وەزیری دەرەوە هەموو هەوڵێکیان خستبووە گڕ بۆ ئەوەی کە تیرۆریستەکان کە لە ڕاستیدا ٢ کەسیان لە ژێر کۆنترۆڵی پۆلیسدا بوون بەر بدرێن و ڕەوانەی ئێران بکرێنەوە. هەر بۆیەش دژ بە هەرچەشنە لێکۆڵینەوەن لەو بارەیەوە.

**کوردستان: لە بەر هەوڵە سیاسییەکانی ئەو کاتی حکوومەتی ئوتریش زۆر ڕاستی لە جەرەیانی تیرۆری وییەندا شاردراونەتەوە. چ گوشارێک لە سەر حکوومەتی ئوتریش بوو بەهۆی بەردانی ئەم تیرۆریستانە؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**د. پیلتز:** لە لایەکەوە ئەو گوشارە بوو کە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە خرابووە سەر ئوتریش. حکوومەتی ئێران هەڕشەی رفاندن و کوشتنی هاووڵاتیی ئوتریشی لە تاران کردبوو. پاشانیش ئەوە بوو بە دەستپێکێک بۆ دامەزراندنی بەرنامەی تێجاریی نوێ لە نێوان ئوتریش و ئێران کە بۆ ئوتریش بەرژەوەندی ئابووری ئێجگار زۆری هەبوو. چەندین کۆمپانیای ئوتریشی توانیان دوای شاردنەوەی ڕاستیەکانی تێرۆری وییەن لە لایەن حکوومەتی ئوتریشەوە، گرێبەستی گەورەی ئابووری لە گەڵ ئێران ببەستن و لە لایەن حکوومەتی ئوتریشەوە پشتگیریان دەکرا.

**کوردستان: یانی دەکرێت بڵێین کە حکوومەتی ئوتریش توانیی بەو ڕووداوەوە تێجارەت بکات؟**

**د. پیلتز:** بەشێک لە حکوومەت بە دڵنیایەوە.

**کوردستان: تا چ ڕادەیێک دەکرێت لە بیروڕای گشتی بۆ وەگەڕخستنەوەی دۆسییەی تیرۆری وییەن کەڵک وەربگیردرێت؟**

**د. پیلتز:** بۆ ئەم مەبەستە دەکرێتو دەبێت لە هەموو ئامرازەکان وەک بیروڕای گشتی، میدیاکان، نفووزی کەسایەتییە ئوروپاییەکانو هتد کەڵک وەربگیردرێت. دیارە ئەوەی دەبێتە هۆی سرنجراکێشانی بیروڕای گشتی بو ئەم مەسەلەیە کە ٢٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوەو جیلی نوێ ئوتریش زانیاری لە سەری نیە، چالاکبوونی میدیاکانە. هەروەها کاریگەری کەسایەتییە نێونەتەوەییەکان کە بتوانن ڕاستەوخو داوا لە حکوومەتی ئوتریش بکەن تاکوو لێکۆڵینەوە لە بارەی تیرۆری وییەندا دەست پێ بکایەوە. من چەندین جار وتوومەو ئێستاش دەیڵێمەوە کە مەسەلەی تیرۆری وییەن پێش ئەوەی پرسێکی جێنایی بێت، پرسێکی سیاسییەو دەبێ بڕیاری وەگەڕخستنەوەی لە سەرکردایەتی حێزبە حاکمەکاندا بدرێت.

**کوردستان: بێجگە لە حیزبی سەوزی ئوتریش، هیچ سیاسەتمەدارێکی حیزبەکانی دیکە لەم بوارەدا هاوکاریی ئێوەیان کردوە؟**

**د. پیلتز:** نەخێر، بەڵام ئەوەش گرینگەو دەبێ لەو بارەشەوە هەوڵ بدرێت. دیارە زۆربەی ئەندام پارلمانەکانی حیزبەکان لە خەتی گشتی حیزب دەرناچن، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەسانێک هەن کە دەتوانرێت بۆ ئەم مەبەستە داوای پشتگیریان لێ بکرێت. ئەوەی کە ئامادەن هاوکاری بکەن پرسیارێکی دیکەیە.

**کوردستان: جگە لەوەی دەزگای دادی ئوتریش بڕیاری وەگڕ خستنەوەی دۆسییەی د. قاسملوو بدات، هیچ مەرجەعێکی دادوەری دیکەی نێو نەتەوەیی هەیە کە بتوانێت لەم بارەوە بڕیار بدات؟ بۆ نموونە بینیمان کە عومەر ئەلبەشیری سەرکۆماری سوودان بە تاوانی کوشتاری مرۆڤەکان شکایەتی لێ کراوە.**

**د. پیلتز:** ئەم کارە تەنیا کاتێک دەکرێت کە تاوانی وییەن کە بە دڵنیاییەوە سەرکۆماری ئێستای ئێران بەشدار بووەو یەکێک لە تاوانبارەکانە، لە گەڵ تاوانەکانی دیکەی حکوومەتی ئەحمەدی نەژاد کە لە ئێراندا بەڕێوەچوون‌و بۆ نموونە دژ بە کورد یان نەتەوە بن دەستەکانی دیکەی ئێران، پێکەوە وەک دۆسییەیێک کاری بۆ بکرێت و لە ئاستی مەرجەعێکی قەزایی نێونەتەوەییدا شکایەتێک بێتە ئاراوە. بۆ ئەم کارەش بەڵگەی سەلمێندراو پێویستن کە ئێمە لەو بووارەدا لە هەوڵدا دەبین.

**کوردستان: بەڕێز د. پیلتز، بە ناوی ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە زۆر سپاست دەکەین و پێمان خۆشە ئەگەر پەیامێکت بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەیە بفەرمیت.**

**د. پیلتز:** سڵاوێکی گەرم‌و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. بە تایبەت سەرکەوتن لە خەبات دژ بە ڕێژیمی ئێران. پەیامی منیش بۆ یەکیەتیی ئورووپا ئەوەیە کە دەبێ ئەو یەکیەتییە ئێستاو لەم قۆناخەدا پشتگیری لە هەموو گەلانی ئێران بە تایبەت گەلی کورد بکات. لانیکەم بەو شێوە کە کوردەکان هیچ نەبێت ئەمنییەتی گیانییان هەبێت‌و هەموو کات دڵەخورپەی ئەوەیان نەبێت لە لایەن پاسدارەکانی ڕێژیمەوە بکەونە بەر گیران‌و کوشتن. یەکیەتیی ئورووپا دەبێ هەوڵی ئەوە بدات کە مافی کوردەکان لەو بەشەی کوردستاندا چیدیکە زەوت نەکرێت‌و سیستمێکی عادڵانە بێتە سەرکار کە کورد بتوانێت وەک هەموو گەلانی دیکەی دنیا بە ئاسایش بژیت. ئەوە ئاواتی منە.

ڕۆژنامەی کوردستان – ژمارە: ٥١٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خالید عەزیزی:

## بە قازانجی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە بەسەر یەکەوە باین و بە یەکەوە یادی دوکتور قاسملوومان بکردایەتەوە

**لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو سیاسەتمەداری ناوداری کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتدا، کوردکاناڵ وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێناوە کە لێرەدا دەقی پیادەکراوی ئەم وتووێژە دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستان:**

**کورد کاناڵ: کاک خالیدی بەڕێز زۆر بەخێر بێی سپاس کە داوای ئێمەت لە کورد کاناڵ قەبووڵ کرد.**

**خالید عەزیزی:** زۆر سپاس بۆ ئێوەش هەروەها بۆ سەرجەم بینەرانی کورد کاناڵ و تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها جێی خۆیەتی کە لەو رۆژەدا سڵاوو ڕێزو ئیحترام و پێزانینی خۆمان بۆ رووحی پاکی دوکتور قاسملوو بنێرین و جێگەی خۆشیەتی کە ئەوەش دووپات بکەمەوە ٢٥ساڵ دوای دوکتور قاسملوو ئێمەی تێکۆشەرانی دێموکرات،خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سابیتمان کرد کە هەرچەند دوکتور قاسملوو لە نێومان‌دا نیە، بەڵام خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی بۆ جێبەجێ کردنی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو، هەرچەند هەورازو نشێوی هەبووە، بەڵام بەردەوام چۆتە پێشێ، ئەوەش بە هیممەت و توانایی و رێز و حورمەتی خەڵکی نێوخۆی وڵات و حیزبی دێموکرات و حیزبەکەی دوکتور قاسملوو بووە.

**کورد کاناڵ: کاک خالید! کە باس لە مێژووی چەند دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت و لەو نێوەدا بە تایبەتی باس لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرێت، ناوی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دوکتور قاسملوو زۆر دیارە، زۆرجار باس لە دەورو ڕۆڵ و نەقشی دوکتور قاسملوو کراوە پێم خۆشە لە زمان جەنابتەوە ببیسم، ڕۆڵ، نەقش و دەورو هەروەها ئەو سروشتانە کە دوکتور قاسملوویان لە ڕێبەرانی دیکە جیا دەکردەوە چین؟**

**خالید عەزیزی**: زۆر تەبیعی‌یە مادام تۆ ئاوڕ لە مێژووی سیاسیی ئێران بە تایبەت لە ٣٥ساڵی ڕابردوو بدەیەوە، بە مێژووی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە زۆر شت لە پێوەندی لەگەڵ قەزیەی کورد بە گشتی ئاوڕ بدەیەوە، ناکرێ بە جۆرێک ئاماژە بە دوکتور قاسملوو نەکەی. دەورو کاریگەریی دوکتور قاسملوو، بیرو هۆش و ئەندیشەی دوکتور قاسملوو و شوێنەواری دوکتور قاسملوو دوای نەمانی خۆشی لە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و گۆڕەپانی سیاسیی ئێران بە جۆرێک هەر دیارە، ئەوە دەردەخات کە دوکتور قاسملوو لە هەمان‌کات‌دا کە ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو و کەسێکی بەتوانا بوو لە حیزبی دێموکرات‌دا، بەڵام لە دەرەوەی حیزبی دێموکرات بە هۆی بیرکردنەوەو شێوەی سیاسەت کردنی و خوێندنەوەی لە سیاسەت و دروست کردنی مەیدان بۆ حیزبی دێموکرات و هەروەها جووڵانەوەی کورد، دوکتور قاسملوو لەوێ‌ڕا گەورەیی‌یەکەی پتریش دیارە. تەبیعی‌یە بۆ ئێمە وەک ئەندامانی حیزبێک کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرمان بووە، ڕێبەری خۆمان خۆش دەوێ، هەمیشە پێمان خۆشە بە چاوی ڕێزو ئیحترام و گەورەیی چاوی لێ‌بکەین، بەڵام هونەری دوکتور قاسملوو ئەوە بوو لە دەرەوەی حیزبایەتی دا لە شێوەی فکرکردنەوەی خۆی خەڵکێکی زۆری لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی خۆی بەشدار دەکرد. بە باوەری من بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوانە.

جیاواز لەو لایەنە حیزبی‌یەی، ئەگەر ئێران وڵاتێکی دێموکراتیک بووایە، لە ئینتخاباتێکی ئازادو دێموکراتیک‌دا توانیبات ڕێبەرانی ئیدارەی ئێران هەڵ بژێری و ڕێبەرانی ئیدارەی کوردستان هەڵ بژێری دڵنیام دوکتور قاسملوو یەکێک لە دوو یا سێ کەسی یەکەم دەبوو کە دەیتوانی وەک دەوڵەتمەردێکی بە توانا هەم لە کوردستانی ئێران هەم لە ئێران دەورێکی باش بگێڕێ. ئەو هەڵسەنگاندن و ئاوڕدانەوانە لە ڕاستی‌دا بە حەق، حەقی خۆیەتی و ڕەنگە لەوە زیاتریش هەڵ بگرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کورد کاناڵ: لە سیاسەتدا، لە دەرەوەی حیزب دا، تەنانەت ئەوەیکە شارەزای کەسایەتیی سیاسیی دوکتور قاسملوو بووە دەزانێ کە کەسایەتی‌یەکی دۆگم نەبووە، لە یەک خانەدا لە سیاسەت نەماوەتەوە، ڕۆژێک باس لە هەڵبژاردن دەکات تەنانەت بۆخۆشی بەشداری دەکات وەک نوێنەری مجلیسی خوبرەگان لە ئێران هەڵ دەبژێردرێ، ڕۆژێک ئینتخابات تەحریم دەکا، ڕۆژێک دەچێتە فلانە بەرەوە، ڕۆژێک دێتە دەرەوە بە هەر حاڵ زۆر دەگوترێ ئینعیتافی هەبووە، لە سیاسەت دا ئەمە یانی چی؟**

**خالید عەزیزی:** لە حیزبێکی سیاسی‌دا نەفەری یەکەم و رئیس‌جمهور یان سەرۆک وەزیری وڵاتێک کاتێک دەچێتە نێو تەعامول لەگەڵ ڕووداوەکان و لە سیاسەت دا خۆی بەرامبەر بەو میللەتە یا ئەو حیزبە یا ئەو ئەرکەی پێی ئەسپاردراوە خۆی مەسئوول دەبینێ و هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ئەوەیە کە چۆن بەستەری موناسب بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی خۆی دروست بکا. مادام ئاوا چاو لە سیاسەت بکەی بە مانای ئەوەیە کە سیاسەت وەک مەزهەب چاو لێ‌ناکەی، سیاسەت دەخەیە ناو بازنەیەکی گەورەی ئیحتمالات و فورسەت و گونجان و نە گونجان. لێرەدا با من هێندێک برۆمەوە دواتر، ساڵی ١٩٧٩ی ز. لە ئێران ئینقلابێک دەکرێ زیاتر لە ٣٥ ساڵ پێش ئێستا هەر لەو وەختەدا دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە دوای ئینقلاب کێشەی کورد بە موزاکەرە چارەسەر بکرێ و لەو پێوەندی‌یە دا چوونە نێو گەمەیەک یا بازنەیەک کە قەواعیدی بازیی خۆی هەبوو. بۆ؟ بەو دەلیلە لە ئێران تازە ئینقلاب کراوە لە دەرەوەی کوردستان ئایەتوڵڵا خومەینی و ڕێبەرانی ئینقلاب ئێستا ماهیەتیان نازانرێ و لە ئێران دا لە تەنیشت ئەوە جەوێکی ئینقلابی لە گۆڕێ دا هەیە، لە جەوی ئینقلابی دا عادەتەن ئیحساسات و عاتفە و توندوتیژی و شۆعار زۆرە، تۆ لە کوردستان مەوزووعێکت هەیە، مەوزووعی کوردستان و مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆمان، لە لایەک خەڵک موسەللەح بووە خارج لە ئیرادەی تۆ کە حاڵەتی موسەللەح بوون تەبیعەتەن جۆرێک روخساری ئینقلابی و شۆڕشگێرانەی دەبێ، لە لایەک چاو لێ‌دەکەی دوڵەتی ئێرانیش، دەوڵەتێکی ئینقلابی‌یەو تازە هاتۆتە سەرکارو هێز و توانایەکی زۆری هەیە، چی دەگەڵ دەکەی، چۆنی دەبێ تەعامول دەگەڵ بکەی؟ بە باوەڕی من دوکتور قاسملوو جوان تەشخیسی دا کە تەعامول و موعامەلە بە لەحازی نیزامی و شەڕ لەگەڵ حکوومەتێکی تازە ئینقلابی ئاسان نیە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە زۆری ئیهتیمام دا بە موزاکەرە، هەوڵی دا بە شێوازی جۆراوجۆر کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە و لە نێو خەڵکیش دا ئەو قەناعەتە دروست بکا دەبێ ئەو کێشەیە لە ڕێگای گفتوگۆوە چارەسەر بکرێ و لەو مەیدانەدا تەبیعەتەن زۆر قەزاوەتی لەسەر کراوە، قەزاوەتی ناعادڵانەشی لەسەر کراوەو توندڕەوەکانی ئەو وەخت کە واقیعییاتیان دەرک نەدەکرد.

**کورد کاناڵ: کاک خالید لە نەتیجەی ئەم هەڵوێستە جۆراوجۆرانە لە تێکۆشانی سیاسیی دوکتور قاسملوو و هەروەها حیزبی دێموکرات دا زۆرجار ئەم تاکتیکگۆڕینانە ئەم هەڵوێستە جیاوازانە لەوانەیە کێشەی بۆ دوکتور قاسملوو دروست کردبێ کە دەڵێم کێشە لەوانەیە لە نێو خودی حیزبی دێموکراتیش دا موخالیفینی خۆی هەبووبێ لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە یان نەخێر لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتدا زۆر جار لە باسی موزاکەرە دا دوکتور قاسملوویان بە سازشکار ناو بردوە، ئەوانە چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟**

**خالید عەزیزی:** بۆ کەسێک کە بیهەوێ گفتمان دروست بکا، بۆ ڕێبەرێکی سیاسی بەتایبەت کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو لەو هەلومەرجەی ئەوکاتی ئێران، لەو جەوە ئینقلابی‌یە دا تەبیعەتەن گفتمان دروست کردن کارێکی ئاسان نیە و تۆ دەبێ ئەو ڕیسکانە بکەی و تەحەمولی ئەو بەرخوردە جۆراوجۆرانە بکەی. ئەگەر من بڕێک بگەڕێمەوە دواتر ئاماژە بە هێندێک لە شتە تایبەتی‌یەکانی دوکتور قاسملوو بکەم ئەو کات کە موزاکەرات دەکرا هەوڵی دەدا بە شێوازی جۆراوجۆر، نەهێڵێ موزاکەرە بە شکست بگات. ئەوە هونەر بوو، جمهوریی ئیسلامی ئیستراتیژی یەکەی ئەوە بوو موزاکەرە بە شکست بگا، ئیستراتیژیی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە بە شکست نەگا بۆ؟ بۆ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆرتر لە ئێران لە قەزیەی کورد تێ بگەن و بە ئیعتباری وان فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێ، دوایە دەبینین کە جەوی ئێران جەوێکی زۆر ڕادیکاڵ و ئینقلابی و چەپ و ئەوانە بوو و حیزبی دێموکراتیش باوەری بە سۆسیالیزم بوو ئەوکاتی، وا چاوەڕوان دەکرا کە حیزبی دێموکرات ئەگەر بەرەیەکی دروست بکا دەبێ دەگەڵ حیزبە چەپ و ڕادیکاڵەکان بەرەیەک دروست بکا، بەڵام دەبینین کاتێک هێرش دەکرێتە سەر موجاهیدین و هەروەها بەنی سەدر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دەسەڵات دەکەوێ، حیزبی دێموکرات هەڵ دەبژێرێ کە دەگەڵ بەنی سەدرو موجاهیدین بەرەیەک دروست بکا و لە نێو خودی حیزبیش دا هەر وەکی تۆ ئاماژەت پێدا ڕەخنەی لەسەر بوو، خۆش بینی و گەش بینی لە سیاسەتدا حەقی ئینسانێکە کە سیاسەتمەدار دەبێ خۆشبین و گەش بین بێ، بەڵام لە سیاسەتدا واقیع بینی لە خۆشبینی و گەشبینی گەورەترە، بە باوەری من دوکتور قاسملوو ئەوەی زۆر تێدا بەرجستە بوو، چووە نێو «شورای ملی مقاومت» چون موجاهیدین مەترەح بوون، هێزیان هەبوو، ئاڵترناتیڤ بوون و دوای ئەوە بەنیسەدر بە شێوەیەکی قانوونی لە ئێران هەڵ بژێردرا بوو، رەئیس جومهوورێکی ئێعتراف پێکراو بوو، بە باوەری من ئەوە یەکێک لە واقیع بینییەکانی دوکتور قاسملوو بوو. دوایە شەڕی ئێران و عێراق دەست پێدەکا، ئەو لە کۆمەڵگای ئێران هەر بێ تەفاوەت نەبوو، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا لە دەرەوەی کوردستان خەڵک لە دژی کوردستان هان بدا، بە زیددی ئینقلاب و لایەنگری ئیمپریالیزم و سەر بە ئەمریکا و ئیسرائیلمان بناسێنێ، بەڵام دوکتور قاسملوو گوتی ئەگەر کۆماری ئیسلامی مافەکانی ئێمە لەبەر چاو بگرێ، مافەکانی خۆمان بداتێ ئێمە ئامادەین لە بەرەکانی شەڕ دژی حکوومەتی عێراق شەڕ بکەین، ئەوانە زیرەکی و هونەری تایبەتی سیاسەت کردنی دوکتور قاسملوو بوون و لە هەمووی ئەوانە کە دێینەوە سەر موزاکەرەش کە کاتی خۆی موزاکەرە کرا و لەو موزاکەرەیە دا کە لە ڤییەن بوو بە داخەوە دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا، جاری وا هەیە دیسان لەسەر ئەو موزاکەرەیەش قەزاوەتی جۆراوجۆر دەکرێ کە لەوێدا لە قەزاوەت کردنەکە بەو جۆرەی کە دوکتور قاسملوو دەبێ حەقی خۆی پێ بدرێ غەدری لێدەکرێ.

**کورد کاناڵ: هەر ئەم باسی موزاکەرە لە ڤییەن کە تیرۆری دوکتور قاسملووی لێ کەوتەوە ئێستاشی لەگەڵبێ ڕێبەران چ ڕێبەرانی پێشوو و ئێستای حیزبی دێموکرات رەنگە جوابێکیان بۆ ئەوە نەبێ کە بۆچی دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا، باسی واقیعبینیت کرد بە پێی چ واقیعبینییەک دوکتور قاسملوو چووە سەر میزی موزاکەرە یان لە ڕاستی دا هەڵەی کار لە کوێ دا بوو کە دوکتور قاسملوو تێدا چوو؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خالید عەزیزی:** یەکەم تۆ کاتێک باسی موزاکەرە دەکەی یەک سێناریو دابنێی لەو سێناریۆیە دا دوو لای موزاکەرە دەمێکە دەگەڵ یەک لە کێشەدان، لە رەقابەتدان هیچ لا نەیتوانیوە هیچ لا لە مەیدانەکە دەر بکا، ئەوە یەک. حالەتێک ئەوەیە لایەک تەشخیس دەدا لە مەوقیعییەتێک دایە و مەوقعییەتەکەی لە دەوروبەر باش نیە، لە فورسەتێک دەگەرێ جەوی خەباتەکەو تێکۆشانەکە بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی دیکە. ئەو موزاکەراتەی کاتی خۆی دوکتور قاسملوو دەگەل کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد و لە ڤییەنا تیرۆریان کرد تۆ دەبێ لە بازنەیەکدا، لە مەوقیعییەتێک کە ئەو کاتی ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕی ئێران و عێراق و قەزیەی کورد بە گشتی تێیدا بوو. لەو سەردەمە دا شەڕی ئێران و عێراق ڕادەوەستێ، حیزبی دێموکرات حیزبێک بووە کە هەمیشە لە عیلاقاتی خۆی دەگەل دەوروبەر سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو، لەوە نیگەران بوو کە ئەو شەڕە ڕابوستێ و فشارێکی لە لایەن حکوومەتی عێراقیشەوە بێتە سەری لەلایەن حکوومەتی ئێرانیشەوە لەفشاردا بێ و لە هەمان کاتیشدا لەو سەردەمدا هەڵەبجەو ئەنفال و ئەوشتانە کرابوو، لە سووریە کورد نەی دەتوانی بلێ هاووڵاتیشم، لە تورکیە زۆر بە توندی ئینکاری کورد دەکرا، بۆیە ئەگەر ئێمە بە ئینسافەوە بگەرێینەوە ٢٥ ساڵ پێش ئێستا کە کەش و هەوای کوردستان جەوێکی نائۆمێدکونەندەی تێدابوو. دوکتور قاسملوو بۆخۆی پێشوو لە کوردستانی عێراق بووە لە ساڵەکانی ٥٨ی میلادی بەولاوە هاتۆتەوەو دوایە چۆتەوە دەرێ و دوایە دیسان هاتۆتەوە و حیزبی دێموکراتی دروست کردۆتەوە، زۆر نیگەرانی وەی بووە جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات ژیانی سیاسیەکەی بکەوێتەوە تەبعید، زۆر نیگەرانی وەی بووە کە حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵقەندرێ و لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بێتەوە، کە بە داخەوە وای لێهات. بۆ ئەوەی کە ئەو پێشبینی یانەی کە هەیبوو ئەوانە نەیێنە دی و حیزبی دێموکرات تووشی ژیانێکی تاراوگە نەبێت. راستی یەکەی هەوڵی دا لەو فەزایەی کە رەفسەنجانی هێنایە گۆرێ کەڵک وەربگرێ، هەوڵی دەدا موزاکەرە بێنێتە پێشێ، ئەگەر وایە بە تەشخیس لەو کەش و هەوایە و بە تەشخیس لەوەیکە شەڕی نیزامیی ئێمە، خەباتی پێشمەرگانەی ئێمە سەرەڕای موقەدەس بوونی خۆی، باوەری قووڵی دوکتور قاسملوو بەو خەباتە نەی دەتوانی ئەو وەختی کۆماری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامی بڕووخێنێ، بۆ ئەوەی کە زەرەرو زیان کەمتر بێتەوە لە بەرەکانی شەڕو بە نیسبەت داهاتووو حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدا بۆ موزاکەرە.

**کورد کاناڵ: بەڵام نەتیجەی موزاکەرەکە کاک خالید ڕێک بە پێچەوانەیە.**

**خالید عەزیزی:** جەوهەری ئیدەی موزاکەرە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە دوکتور قاسملوو هێناویەتە گۆڕێ و ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتیش تەئیدیان کردوە کامیلەن دروست بووەو لە جێگای خۆی‌دا بووە، نەفسی ڕووداوەکە کە دوکتور قاسملوو تیرۆر دەکرێ نابێ ئیدەی موزاکەرە و گفتوگۆو دیالۆگ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی، هەرکەسێک بێ لە نێو ئێمەدا لەبەین بچێ کەوایە قسە لە موزاکەرەکردنەکە نیە کە شتێکی خراب نەبووە و شتێکی باشیش بووە بەڵام لەسەر دەرئەنجامی موزاکەرەکە، ئەگەر موزاکەرەکە دوکتور قاسملووی تێدا تیرۆر نەکرابایە و هیچ نەتیجەشی نەبووایە بە باوەری من تاریخ ئاوای دەنووسی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی داوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد و مەوزووعەکانی خۆی هێنا گۆڕێ و کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران ئاگادار بن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەوەی قەبووڵ نەکرد بەڵام لەبەر ئەوەی‌کە لەو موزاکەرەیەدا نەفەری یەکی حیزبی دێموکرات بە داخەوە تیرۆر دەکرێ، هەمووی قەزاوەتەکان و ئیحساس و عاتیفەی ئێمە کەوتە نێو ئەو بازنەیە. ئیشکالی موزاکرە لە جەوهەری موزاکەرەکە و ئیدەی موزاکەرەکەدا نەبوو، لەوەدا بوو بە لەحازی ئەمنییەتی ئیقداماتی دروستو پێویست و میکانیزمی موناسب ڕەچاو نەکرابوو بۆوەی کە ئەو نیەتانەی کۆماری ئیسلامی کە لە پشتی ئەو موزاکەرەیە هەیبوو ئەو نیەتانە هەروا بە ئاسانی جێ‌بەجێ نەبن ئیشکالەکە لەوێ بوو.

**کورد کاناڵ: کاک خالید زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دوکتور قاسملوو لە سیاسەتی لە پەراوێز خستن و هەروەها کپ کردنی دەنگی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا نەزەری جەنابت چیە؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خالید عەزیزی:** ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو پێش تیرۆرکردنی دوکتور قاسملووش ڕێبەرانی کورد تەنانەت لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەوییش دا تیرۆر کراون و لە سێدارە دراون، ئەوە دەرکەوت کە ئەوە هەڵەیە یا ئەو ئیقدامە نامەسئوولانەی کە دەوڵەتە مەرکەزی یەکان بە تایبەت کۆماری ئیسلامی بوویەتی لەبەین بردنی ڕێبەرانی ئێمە تەنیا نەتیجەکەی دەبێتە ئەوە کە ئەو کەسایەتی‌یە لە ئێمە بستێنێ. ڕاستە لەدەستدانی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات خەسارەتێکی گەورە بوو، دوکتور قاسملوو پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە سیاسەت و لە دیپلۆماسی و لە حیزبایەتی و لە ئێران ناسی و لە دنیاناسی دا هەبوو، ئەگەر ئەو توانایە لەسەر یەک وەک گەنجینەیەک مەجالێکی زۆرتریشی بووایە لە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات دەی‌توانی دەورێکی زۆرتریشی هەبێ بۆ حیزبی دێموکرات. جووڵانەوەی کورد نەتەنیا سەرکوت نەکراوە، بە باوەڕی من تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بێزاری و تووڕەیی‌یەکی زۆر بە قووەتی بە دژی کۆماری ئیسلامی دروست کرد و لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا تەعەهودات و ئیلتیزاماتی دروست کرد، تەعەهودات و ئیلتیزامات بەو مانایە حیزبێک ڕێبەرەکەی ئامادەیە لە پێناو مافی میلەتەکەی دا گیانی خۆی دابنێ، دەی باشە ئەندامانی خوارەوەی ئەو حیزبە رووحی فیداکاری یان تێدا بە قووەت‌تر دەبێ و بەقووەت بوونی رووحی فیداکاری و تێکۆشان لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕەنگی دایەوە، لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکێکی زۆر هاتە نێو ئەوە، مادام کۆماری ئیسلامی ڕێبەرانمان لەسەر میزی موزاکرە تیرۆر دەکا، ئێمە دەبێ خەبات و تێکۆشانی خۆمان بە قووەت‌تر بکەین لە دژی ئەو ڕێژیمە، ئەگەر سەردەمی تیرۆری دوکتور قاسملوو خەباتی کوردایەتی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شعووری سیاسی لەو پارچەیە بڵێین لە خوارەوەتر بوو یا مەنتەقەیەکی مەحدودی داگرتبۆوە، هەر ئەو بێزاری‌و ڕق‌و کینەیە لە کۆماری ئیسلامی و مودیرییەت‌کردنی ئەو ڕق و بێزاری‌یە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە تایبەت لەو دوایی‌یانە دا بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو خەبات و تێکۆشانە زۆربەی زۆری ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە.

تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو لە ئاستی نێودەڵەتییش دا بێزاری لە کۆماری ئیسلامی و ئەوەیکە ئەو حکوومەتە ئاوا تەعامول دەگەڵ ڕێبەرێک دەکا، نیشان دا. لە هەمان کاتیش دا پێم خۆشە ئەوەش بڵێین زۆر جار ئێرانی یەکان کە باسی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕابردووی ئێران و مێژووی دروست بوونی ئێران دەکەن چ بە کۆماری ئیسلامی و چ بە ئەوانی پێشوو باس لە تەمەدونی ئێرانی دەکەن. جارێکی من هەر لەو پێوەندی‌یە دا لە شوێنێک دانیشتبووم کابرایەکی ئێرانیشی لێ بوو دوو - سێ دانە کەسایەتیی دەرەوەشی لێ بوون، وا تەسەور بکەم لە ئاڵمانیا بوو، چەند ساڵ پێش ئێستا بوو ئەو کابرایە زۆری باسی تەمەدونی ئێرانی کرد بەراستی بۆخۆم بە فکرم دا نەدەهات، بەڵام ئەو کابرا ئاڵمانی‌یە قسەیەکی زۆر جوانی کرد، گوتی تەمەدون ئەوەیە کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو کە بۆ چارەسەری کێشەیەکی سیاسی دێ، ئاڵای سپی دێنێ بە موزاکەرە تیرۆری بکەن؟ ئەو کابرایە بە تەواوی بێدەنگ بوو. جا جێگای خۆیەتی بڵێم ئەو پێ‌هەڵگوتنە بە تەمەدونی ئێرانی کە ڕەنگە شتی باشی تێدا بووبێ، بەڵام ئەو جۆرە کردەوانەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو بەو شێوەیە زۆری زەرەر بە غرووری ئێرانی و بە تەمەدونی ئێرانی گەیاند. زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئێرانیی غەیرە کوردیش کە لە دەرەوە قسە دەکەن بە موناسەبەت ئاوڕ دەدەنەوە و تەعریف لە خۆیان و ئێرانی دەکەن زۆرجار ئەوەیان پێ دەڵێنەوە، ئەوەیە نیشانەی تەمەدونەکەتان کە ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملووتان لە کاتی موزاکەرە کردن دا تیرۆر کرد؟! بە باوەری من هەمووی ئەوانە بوونەوە بە وزەو توانای عەکسولعەمەلێکی بەقووەت لە پێناو ئەندیشە و بیرو هۆشی دوکتور قاسملوو لە دژی کۆماری ئیسلامی.

**کورد کاناڵ: کاک خالید بەر لەوەی کە بچین باسی ٢٥ ساڵ لە نەمانی دوکتور قاسملوو بکەین کە باسی تیرۆری دەکەین لایەنە ئەمنیەتییەکە جەنابت باست کرد زۆر زوو یەعنی دەوری سێ ساڵ پاش ئەوە ئێمە دیسانەکە مەجمووعەیەک لە ڕێبەرانمان و بەتایبەتی سکرتێری ئەو کات دوکتور سەعیدیشمان لەدەست دا باشە بۆ ئەوە نابێ کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات خۆیان نەقد بکەن؟**

**خالید عەزیزی:** ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات نە تەنیا دەبێ خۆیان نەقد بکەن بەڵکوو بە شێوەیەکی ئاسیبشناسی، مەسئوولانە، خۆماڵی، کوردانە، دێموکراتانە، ١٠ یان ساڵ لە ڕابردووی خۆمان لە خزمەت بەهێز کردنی حیزبی دێموکراتیش دا نەقد بکەین. ئێمە حیزبێکین نیزیک بە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانمان کردوە، لەو نیزیک بە ٧٠ ساڵە، غەیری سەردەمی کۆمار دوای ئینقلابی ئێران دوو - سێ ساڵ مەجالی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەمان هەبوو لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بین، بەڵام بەشی زۆری ژیانی سیاسیی ئێمە لە تەبعیددا بووە، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو لێی نیگەران بوو بۆیە چوو بۆ موزاکەرە. ئێستا نیزیک بە ۳۰ ساڵە لە هەرێمی کوردستان ماوینەتەوە و لەو دەورانەدا ئەگەر بڵێم لە ٥٠ ساڵی ئەخیردا کێشەی نێوخۆیی، تەحەممول نەکردنی یەکتر لە حیزبی دێموکراتدا کۆمەڵێک لەتبوون و ئینشعاباتی بەدوودا بووە ئەگەر لەمن بپرسی هەم ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم هاوڕێیانی پێشوو جێی خۆیەتی پێکەوە دانیشین لە بەردەم ئاڵای کوردستان و عەکسی ڕێبەرانی شەهید کە هێمای ئێمەن بڵێین، ئێمە لە کوێوە بۆ کوێ، ئەگەر ئەو نەقدە لە خۆمان بکەین سادقانەو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، بە ئیحساسی مەسئوولیەتەوە ئاوڕ لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و بەرچاوەروونی بدەین بە داهاتوو و بڵێین حیزبەکەی قاسملوو گەورە دەکەینەوە، دەتوانێ ئەو نەقدە شتی باشی لێبکەوێتەوە. دووهەم؛ بە نیسبەت ئەوەیکە ئێمە دواتر لە میکۆنووس دوکتور سەعیدمان لە دەستدا، دیسان هەر ئەوە دەڵێمەوە، کارەکەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی بۆ ئەوەی کە لە میکۆنووس بچێ دەگەڵ ئێرانی یەکان گفتوگۆ و موزاکەرە بکا بۆ ئەوەی کە بەرەیەک دروست بکا ئەویش نەک هیچ ئیشکالی تێدا نەبوو، لە جێگای خۆیدا بووە. کاری ئێمە ئەوەیە ئێستاش هەر ئەوە دەکەین، خۆ ناتوانین لە ژوورێکی بەستەدا دانیشین، دەبێ بگەرێین پچینە کۆڕو کۆبونەو سیمینار و موزاکرات و دانیشتن و هەمووی ئەوانە. بەڵام دیسان لەوێ ئیقداماتی ئەمنییەتی خراپ نیە، ڕەخنەم لە ئیقداماتی ئەمنییەتی ئەو کارە هەیە کە لە ڕێستوورانی میکۆنووس گیرابوو، نەک لە نەفسی کارەکەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی، ئەوە نەقسێکە کە ئێمەی دێموکراتەکان و ڕێبەرانی دێموکرات بوومانە کە ئیدەی باشمان بۆ دێتە گۆرێ وەک بازیی سیاسی بەڵام کە دەچینە نێو جێبەجێ کردنی ئیشکالمان هەیە لە مەسەلەی ئەمنییەتی خۆماندا.

**کورد کاناڵ: کاک خالید بە نەقدی دێموکرات مەجالی پرسیارێکی دیکەت کردەوە بۆ من پاش ٢٥ ساڵ چۆن لە دێموکراتو دێموکراتەکان دەڕوانی؟**

**خالید عەزیزی:** پاش ٢٥ ساڵ پێم خۆشە لە ڕۆژی یادکردنەوەی شەهید دوکتور قاسملوودا ئاماژە بە یەک - دوو شت بکەم لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراتو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموکراتەکان‌دا، پێش هەموو شتێکی وا خۆش بوو یا وا باش بوو، وا بە قازانجی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە بەسەر یەکەوە باین و بە یەکەوە توانیبامان ئەو ئاڵوگۆڕە لە ئەقلیەتی واحیددا دروست بکەین کە بەشێکی دەیان ساڵ پێش ئەورۆ دوکتور قاسملوو لە گوفتمانی سیاسی‌دا دروستی کردوە. ئێمە بە یەکەوە ئیدامەمان دابا و بەو ئەقلیەتە حیزبی دێموکراتمان لە نێو خۆی وڵات، لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەرجەستە کردباوە، دووهەم؛ لەوە بەداخم کە حیزبەکەی دوکتور قاسملوو بە هەر دەلیلێک بێ ٧ ساڵ پێش ئەڕۆ لەت بوو ئێستا دوو دێموکراتمان هەیە هەردووک لامان ئیحترامان بۆ دوکتور قاسملوو، هەموو شەهیدەکان و ڕابردوو، بیرو ئەندیشەی دوکتور قاسملووش هەیە، بەڵام جێگەی داخە کە لەو ٧ ساڵەی ئەخیردا بە ڕێگاحەللێک نەگەیشتووین کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێمەوە بێ لە ڕاستی‌دا هەوڵمان داوە کە بە موزاکەرەو گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین و لە تەواوی ئەو چەند ساڵەی ئەخیردا کە ئێمە گفتوگۆو موزاکەرەمان هەبوو هەوڵمان داوە بە موناسەبەتی جۆراوجۆر هاوکاری لەگەڵ یەک بکەین، بە موناسەبەتی ڕۆژی شەهیدان، ڕۆژی دوکتور قاسملوو، ڕۆژەکانی دیکە کە لەو شتانەڕا دەست پێ‌بکەین کە وردە وردە دێموکراتەکان لێک نیزیک بنەوە، بەڵام ئەوان ئەوەیان بە تەواوی بەستوە و ئیستیعدادی هێچ جۆرە هەماهەنگی‌و هاوکاری‌یەکیان نەبووە. ئێمە گەڵاڵەیەکمان هێنا ئەوانیش گەڵاڵەیەکی ١٨ ساڵ لەوەپێشیان هێناوە، تا ئێستاش ئێمە داوامان لێ‌کردوون ئامادە نەبوون لەسەر ئەو گەڵاڵانە قسان بکەین، تا ئەو جێیەی پێوەندیی بەو گەڵاڵەیەوە هەیە، گەڵاڵەی ئێمە بەرهەمی ڕێگاچارەی ئێمە بۆ چارەسەری کێشەی دێموکراتەکانە، ئی وانیش هی ئەوانە، ئەو دوو گەڵاڵەیە دەکرێ قسەی لەسەر بکەین، تەعدیل و تەئمیمی تێدا پێک بێنین، هەردووک لامان بۆ یەکتر لە پێناو دێموکراتێکی یەکگرتوو دا تەنازول بکەین. لەو پێوەندی‌یە دا ئەوەی لە روانگەی منەوە گرنگە بۆ چارەسەری کێشەی دێموکراتەکان، بە کورتە ئاوڕدانەوەیەک ئەوەیە کە کەرامەت و شەخسییەت و ئیحترامی ئینسانەکان، نەشکێندرێ، ئەمنییەتی سیاسی، حقوقی ئینسانی لە حیزبێکی واحیددا بۆ من لە هەموو شتێک گەورەترە، زۆرجار گوتومە ئینسانییەت لە حیزبایەتی گەورەترە. ئەگەر حیزبایەتی ئینسانییەتی ئینسانەکانی خراپ کرد، فێری تۆڵە کردنەوەو ئینتقام جویی و یەکتروەلانان و دەستەبەندی و باندبازی لە نێو حیزبێک کرد کە ئەو ڕێبەرانەی لەدەست داوە و دەیهەوێ لە داهاتوودا ئیدارەی وڵات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکا ئەو حیزبایەتی‌یە خراپە، من دڵنیام نە پێشەواو نە دوکتور قاسملوو نە دوکتور شەرەفکەندی کاتێک شەهید بوون لەسەر ئەو شتانە شەهید نەبوون، پێشەوا لەسەر دیفاع لە کۆماری کوردستان، دوکتور قاسملوو لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ تاران، دوکتور شەرەفکەندی لەسەر دیتنەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ بەهێز کردنی بەرەیەک لە ئێراندا، کە وایە ئەو شتانە زۆر چووکەن کە ئێمە لەسەری لەت بووین و ئێستا تەوافوقیان لەسەر ناکەین. لە کۆتاییدا پێمخۆشە یەک شت بڵێم ئەویش ئەوەیە، ئێمە لەو کێشانەدا کە هەمانبووە تا ئێستا یەک شت بکەین، کەسایەتیی دوکتور قاسملوو، کەسایەتیی سیاسیی دوکتور قاسملوو هەمیشە خارج لەو کێشانە ڕابگرین و بە نێوی دوکتور قاسملوو لەسەر تەعریف و تەمجید لە دوکتور قاسملوو موزایەدەی سیاسی نەکەین. خەڵکی وا هەیە تەعریف لە دوکتور قاسملوو دەکا کە بە حەق هەڵ دەگرێ بەڵام بۆ ئەوەی نیە کە جێگای خۆی بداتێ بۆ ئەوەیە کە ڕەهبەرانی دیکە نەقد بکاو بیان کوتێ، ئی‌وا هەیە دەڵێ کاتێک دوکتور قاسملوو شەهید بوو حیزبی دێموکرات وەک هەتیوی لێ‌هات، بێ‌سەرپەرست بوو و ئەوەیکە دێموکراتەکان ئاوان دەلیلی ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو نەماوە. ئی‌وا هەیە کە نەقدی دوکتور قاسملوو دەکا دەیهەوێ لایەک لە دێموکرات نەقد بکاو ئەزیەتی بکاو شتی ڕابردوو شتی ئاوا بێنێتەوە. بە باوەڕی من ئێمە دوکتور قاسملوو وەک موزایەدەی سیاسی لە دژی یەک ئیستفادەی لێ‌نەکەین، بەڵکوو لە فکرو ئەندیشەکەی دوکتور قاسملوو ئیستفادە بکەین لە دژی کۆماری ئیسلامی. وەک چێهرەیەکی سیاسی لە ڕیزی هەموو ڕێبەرانی سیاسیی کورد بۆ خۆمان ئیحترامی بۆ دانێین. میللەتێک چێهرەکانی خۆی بشکێنێ بە مردوو و بە زیندووەوە، کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی خۆی بشکێنێ، ئەو میللەتە فێری ئەوە دەبێ کە خۆی بشکێنێ، ئیحترام بۆ خۆی دانەنێ، بە داخەوە لە لەت بوونی دێموکراتەکان دا بە تایبەتی لە دوو - سێ ساڵی ئەوەڵدا ئەو دیاردە دزێوە هەبوو، ئێستا بە خۆشی‌یەوە ئەوە نەماوە، هیوادارم ئێمە لە ٢٥ ساڵەی یادی دوکتور قاسملوودا جارێکی دیکە شانس بدەینەوە بەو موزاکەراتو دانیشتنانە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئامادەین بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکراتێکی یەکگرتوو بتوانێ ئیدارەو ڕەهبەریی جووڵانەوەی کورد بکا، لە هەمووی ئەو ئیحتمالات و سیناریۆ نادیار و ناڕوونانەی کە لە داهاتوودا دێنە پێش، ڕێگاکەی ئەوەیە کە ئێمەی دێموکراتەکان کێشەی خۆمان چارەسەر بکەین. بە باوەڕی من، ئاواش فکری لێ‌بکەینەوە تۆ سبەینێ لەسەر مەوزووعێک هەزار کەس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە موناسەبەتی دوکتور قاسملوو خڕ بکەیەوە یا یەک میلیون کەس، ئەگەر کێشەی دێموکراتەکان نەکەوێتە ئاقارێکی مەعقوول و جێبەجێ نەبێ ئەو دوو بەرەکیو یەکتربوغزاندنانە پچێتەوە نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێران، کەسایەتیی دوکتور قاسملوو چووکە دەکاتەوە، بۆ؟ هەماهەنگی و وەحدەت نابێ، ئێنێرژییەکە کەڵکی لێ وەرناگیرێ. بە خۆشییەوە پێمخۆشە ئەوە بڵێم لەو دواییانەدا ئەندامانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات هەر دووک بەشی بە شێوەی مەعقوولانە مەسئوولانە تەعامول دەکەن رەوابیتیان دەگەڵ یەک خۆشە هەر ئەوەشیان لێ چاوەروان دەکرێ و ئەوان ئەو کێشانەی کە لێرە لە نێو ئێمەدا هەیە نەیگوێزنەوە نێو خۆیان، تێبکۆشن لە نێو خۆی وڵات کە ئێمە هەمیشە ئەهمیەتمان بۆ داناوە عەقلیەتی وەحدەت و یەکڕیزی بە قووەت بکەن و فشار بێنن بۆ هەردووک لا.

**کورد کاناڵ: کاک خالید! سەرەڕای چەندین مانگ لەو گەلاڵە کە گوزەراوە، تەوافوقاتتان بە ئەنجام نەگەیوە، ئەمە پرسیاری خەڵکیشە، دەڵێن کە ئێوە دێموکراتەکان تەنانەت ناتوانن لە پێرلاشێز لەسەر گۆڕی دوکتور قاسملوو پێکەوە کۆ بنەوە، چی دەڵێی جوابی ئەو خەڵکە چی ئەدەیەوە وەک لایەنێکی قەزیەکە؟**

**خالید عەزیزی:** ئەمن روو بە خەڵکی نێوخۆی وڵات و روو بە ئەندامانی دێموکرات لە هەردووک لا دەڵێم، ئەگەر ئاوڕدانەوەک بە مێژووی دانیشتنەکان و موزاکەرەکان و ڕێگا چارەکان و گوفتمانی هەردووک لا بکەنەوە بەحەق دەزانن کە ئێمە زۆر مەسئوولانە، بە ئیحساسی مەسئولییەتەوە بە تێبینی، بە وردبینی و بە نیگەرانی بە نیسبەت داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەوقیعییەتی حیزبی دێموکرات تەعامولمان کردوە. لە هەوڵەکانی خۆماندا جدی بووین و پێم خۆشە ئەوە بڵێم ئیبتیکاری دەست پێکردنی ئەو گفتوگۆو دانیشتنانە بەشێکی ماندوویەتیی ئێمە بووە. ئەو هاوڕێیانەمان ئەوایل خۆیان لێ نەدەدا بەڵام بە خۆشییەوە ئەوانیش دوای دوایین کۆنگرەی خۆیان هاتنە سەر ئەو قەناعەتە. بۆیە ئێمە کۆتاییمان نەکردوە و بۆ ئێمە کە دەڵێین دێموکرات یەک بگرێتەوە، بەراستی بە دوای ئەوەداین کە دێموکراتێک دابمەزرێتەوە کە هەموو لایەکمان تێیدا مورتاح بین. ئێمە کاری خۆمان کردوە، لەمەوبەدواش ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین، ئەگەر پێویست بێ ئێمە بۆئەوە تەنازول دەکەین، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو فشارەی کە دەهێنرێ کە ئێوە ئینتزارتان لە ئێمە هەیە، ئێمە دیالۆگمان دەگەڵ ئێوە هەیە خەڵکێکی زۆر لە ئێوە دێن دەگەڵ ئێمە دادەنیشن باسی ئەوە دەکەن، ئێمە دەرکی ئەوە دەکەین، بۆیە ئەوەمان کردوە، ئەوەی کە بە قەولی جەنابت لە پێرلاشێز نەمانتوانی لەسەر رۆژێک بە توافوق بگەین ئەوە نوقتەیەکی زۆر مەنفی و خراپە بۆ دێموکراتەکان کە ناتوانن بۆ یادی دوکتور قاسملوو لە سەر گۆڕەکەی بە یەکەوە بیکەن ئێمە هیچ گوناحێکمان نیە هەموو هەوڵێکمان داوە. بەڵام ئەوان هەموو شت ڕەد دەکەنەوە سیاسەتێکی ئینحیسارتەڵەبیی خراپیان هەیە و هیوادارم ئاڵوگۆر لەوانیش دا بە قووەتتر بێ و پتر بێنە سەر ئەو قەناعەتە بە یەکەوە بین.

**کورد کاناڵ: کاک خالید! ئەمجارە باسی خۆت! لە قسەکانتان دا زۆر نیگەرانی بە نیسبەتی دێموکراتەکانەوە بە نیسبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، دیارە ئەو نیگەرانی‌یانەت بە تایبەتی لە سەر بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بە گشتی نیگەرانی‌یەکانت چین بۆ هێندە بە نیگەرانی یەوە باسی دەکەی وەک دەڵێی کاتی خۆی دوکتور قاسملووش ئاوا نیگەران بوو؟**

**خالید عەزیزی:** پێشەکی من بە داهاتووی خەباتو تێکۆشانی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خۆش‌بین و گەش‌بینم، بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە پێم وایە کورد لە مەوقیعییەتێک دایە دەتوانێ ئیستفادەی زۆریان لێ‌بکا،

ڕۆژانە ئێمە خەڵکی نێو خۆی وڵات دەبینین بەراستی ئەمن ئیحساسی خۆشحاڵی دەکەم، ئیفتخار دەکەم کە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئوستانەکانی جۆراوجۆر سەرەڕای زەخت و فشاری کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر تەحەممولی موشکلاتێکی زۆر دەکا بەڵام لە خەباتی نەتەوایەتی، لە خەباتی سیاسی و مەدەنیی خۆی تا ئێستاش ڕانەوەستاوە و بەردەوام چۆتە پێشێ. ئەوە هیوا بەخشە بۆ ئێمە و خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە تایبەت بە دوای گوفتمانی ئێمەدا تێ‌دەکۆشن لەو فەعالیەت و جموجۆڵانەی نێوخۆی وڵات فورسەتەکان لە دەست نەدەن لە هەموو مەجالێک ئیستفادە بکەن بە شێوازی جۆراوجۆر جمهوری ئیسلامی بە چالش بکێشن ئەوە جێگای خۆشحاڵی‌یە من گەش‌بینم بە داهاتووی خۆمان، بەڵام بۆ من لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە نیگەرانی یەکەم لەوە دایە کە ئیحتمالات زۆر دێتە پێشێ کێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشبینی وەی دەکرد عێراق ئەو سوئاله گەورەیەی لەسەر بێ کە هەڵ دەوەشێتەوە وەک واحیدێکی موشەخەس نامێنێ، له شوێنێک ئیحتمالەن عێراق هەڵوەشێتەوە من دەڵێم ئیحتمالەن هەڵوەشێتەوە کە کورد تێیدا بووە بە دەسەڵاتێک و کورد بەرەو ئەوە دەروا کە لەسەر داهاتووی خۆی بڕیار بدا. ئەوە گۆڕانێکی زۆرە ئیحتماڵێکی بەقووەتی هێناوەتە گۆڕێ کە تۆ دەبێ بۆی ئامادە بی. ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ئێستا کەمێک لێی نیگەرانم و له دانیشتنی خۆم لەگەڵ لایەنەکان لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە کە پێمان ئەسپێردراوە ئەوە بووە کە وەحدەت و یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن، ئەگەر وەحدەت و یەکڕیزیی خۆیان بپارێزن یەک دەنگ و یەک گوفتمان و یەک وتاریان هەبێ دڵنیام لەو ناوچە شێواوە کە دراوسێکانی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەیانهەوێ بچنە نێو قەزیەکە و شکاف و ناکۆکی لە نێوان ڕیزەکانی کورددا دروست بکەن ناموەفەق دەبن ئەو وەقتە کوردێکی یەکگرتوو دەبینن لەو حاڵەتەدا مەجبوورن موعامەلەی دەگەڵ بکەن بەو دەلیله نیگەرانم کە ئێمە بەو ئەقلیەتە، یەکتر تەحەممول نەکردن و دوو بەرەکی و چەند بەرەکی و ئینشعاب و ئینشقاق پچینەوە نێو بازنەیەکی گەورەی سیاسی لە ئێران دا وڵامدەری ئەرک و مەسئولییەتەکانی خۆمان نەبین، ئەو کێشە و ئەو لایەنە ڕەوانی و یەکتر بۆغزاندنە و یەکتر ئەزیەت کردنە بەرینەوە نێو خەڵک، ئەگەر ئێستا ئێمە جەمعێک لێرەو جەمعێک لە دەرەوە پێی مەشغووڵین زۆرتر مەشغەلەی ئەندامانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتە، من لەوە نیگەرانم ئەو جەمعە ئەو کێشانە بەرێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئوستانەکانی کوردستان دا بەو شێوەیە کە تا ئێستا تەعامولمان لەگەڵ یەک کردوە تەعامول لەگەڵ یەک بکەین. ئەو وەختە میلیونها لە خەڵکی کوردستانی ئێران دەکەوێتە نێو کێشەکانی دێموکراتەکانەوە، بەوجۆرە گۆڕەپانەکە دابەش بێ. ئەوەیە من لێی نیگەرانم و جێگای خۆشیەتی کە من ئەو نیگەرانی‌یە باس بکەم و هەر لەسەر ئەو نیگەرانی‌یەیە کە ئیحساسی مەسئولیەت دروست دەکا بۆیە هەمیشە ئێمە پێشقەدەم بووین بۆ ئەوەیکە ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەی دێموکراتەکان ببینینەوە.

**کورد کاناڵ: کاک خالید! باسی دوگمەنەبوونی دوکتور قاسملوومان لە سیاسەت دا کرد هەڵوێستە جۆربەجۆرەکانی، گەمە سیاسیە جۆربەجۆرەکانی و تەنانەت چوونە سەر میزی موزاکەرەش، پاس**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**٢٥ ساڵ هەمان شت لە جەنابت دەبینرێت، دیارە بە نەقدەوە چاوی لێ دەکەن کە سکرتێری حیزبی دێموکرات واتە خالیدی عەزیزی ڕۆژێک دەگەڵ هەڵبژاردنە ڕۆژێک نیە، ڕۆژێک باس لە مادەی ١٥ و ١٩ی قانوونی ئەساسی لە ئێران دا دەکا کە لە ئاستێکی خوارەوەیە و تەنانەت لە چەند مانگی ڕابردوودا باس لە دانیشتنی جەنابت بە مەبەستی موزاکەرە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کرا، چی ئەڵێی جەنابت؟ ئەمە ئینعیتافە ئەمە خاڵی لاوازە، نەخێر خاڵی بە قووەتە؟**

**خالید عەزیزی:** کاتێک ئەتۆ دێیە نێو هەمووی ئەو مەوزووعاتە، مەسەلەی موزاکەرە مەسەلەی مادەی ١٥ و ١٩، مەسەلەی دروستکردنی حیزبێک لە نێو خۆی وڵات، مەسەلەی خەباتی مەدەنی، مەسەلەی کەڵک وەرگرتن لە فورسەتەکان، هێنانە گۆری زمانی زگماکی، ئەوانە بەشێکن لە پرۆژەو پرۆسەی جێبەجێ کردن و جێخستنی مافە نەتەوایەتی یەکانی خۆمان. من ئاماژەم بەوە کرد کە دوکتور قاسملوو سیاسەتی یەک بۆعدی نەدەدیت، سیاسەتی ئاوا چاو لێدەکرد، لە سیاسەتی یەک بۆعدیدا یەک ڕێگا حەل بەسەرت دا تەحمیل دەکرێ، لە سیاسەتێکی ئاوا دا تۆ ئەنواعی ئیحتمالات موتالەعە دەکەی و ئەنواعی ڕێگا حەل دەبینیەوە. من لەو کەسانەم لە نیزیکەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو بە ڕاستی کارم نەکردوە، نە عوزوی ڕێبەریی حیزب بووم ئەو کاتە، نە مەوقیعییەتە حیزب و تەشکیلاتی یەشم ئەوەندە لە سەرەوە بووە، بەڵام هەمیشە کە ئاوڕ دەدەمەوە بە شێوەی سیاسەت کردنی دوکتور قاسملوو، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو زۆر لیبڕاڵ و زۆر واقیع بین چاوی لە شتەکان دەکرد بەتایبەت لە جامیعەی پیچیدەی ئێراندا ئەوە بە لای منەوە زۆر گرنگیی هەبوو، جا کاتێک ئەو مەوزووعاتە دێتە گۆڕێ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات وەزیفەمان ئەوەیە نەقشەیەکی سیاسیی گەورەی ئێران دابنێین، مەجال و دەرفەتەکان، ئاستەنگەکان، فورسەتەکان، توانایی خۆمان، داهاتووی ئێران، ئێران چۆن دروست بووە، چۆن دەگۆڕێ، ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەزع لەوێ، چمان بۆ دەکرێ چمان بۆ ناکرێ، ئاوا چاو لە خەبات و تێکۆشان و وەزیفەکانی خۆمان بکەین، بە باوەڕی من کۆماری ئیسلامی ئەو گوفتمانەی ئێستای حیزبی دێموکرات کە ئەو شتانەی ئاماژەم پێ کردوە خەڵک تەشویق دەکا لەسەر وانە کار بکەن بە زەرەدی کەمتر، خەتەری زۆر بۆ خۆیان دروست نەکەن تا بە راحەتی تێدا نەچن بەڵکە لەو چوارچێوە دا تەعامول بکەن ئەو گوفتمانە مەدەنییە، کۆماری ئیسلامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو گوفتمانە مەدەنی‌یەی ئێمە دەترسێ و لەو گوفتمانە مەدەنی‌یەی نێوخۆی وڵات دەترسێ، کۆماری ئیسلامی کە بە عەقلیەتی سپای پاسداران و خەڵکی دەوروبەری وەلی فەقیە شکڵی گرتوە بە دیدی ئەمنییەتی چاو لە کوردستان و هەموو ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکا، هەمیشە پێی خۆشە موخالیفینی کۆماری ئیسلامی شوعار بدەن باسی توندو تیژی بکەن حاڵەت‌های نا ئەمنی بێننە گۆڕێ، هەڕەشەو گوڕەشە بکەی، لەو حالەتەدا ئەو ئیستعدادی زۆرە بۆ بەربەرەکانیی تۆ لەو جورە شوعارانە کە هەر هەڕەشەو گوڕەشە بێ، شوعار بدەی خۆت دەیڵێیەوە، شوعارەکان ئەگەر وابوون کە خەڵکێکی زۆر خۆی تێدا نەدیتەوە، ئەوە کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە، بەڵام ئێمە کە ئێستا مەجالی خەباتی چەکداری ڕاستەوخۆی پێشمەرگانەمان نیە، ئێمە حیزبێکی ئازاد نیین لە نێوخۆی وڵات ئەو خەباتە ڕێبەری بکەین ڕێگامان ئەوەیە گوفتمانی خۆمان بە شێوەیەکی مەدەنی بخەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک، ئەگەر وایە ئێمە شتێکمان دەست پێ‌کردوە کە کۆماری ئیسلامی لێی نیگەرانە. بە نیسبەت هەمووی ئەوانە هەدەفەکەی ئێمە ئەوەیە ئەوەی دوکتور قاسملوو لێی نیگەران بوو کاتی خۆی مەجبوور بوو موزاکەرەی کرد کە حیزبی دێموکرات تووشی ژیان لە تەبعیددا نەبێ، لە جێگای خۆی نەمێنێتەوە کە بەشێکی موشکیلاتی ئێمە لەوەوە سەری گرتوە. هەدەفی ئێمە و گوفتمانێک کە ئەمنیش کۆمەکم پێ کردوە ئەوە بووە کە خەڵکێکی زۆر خۆیان ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببیننەوە. ئەگەر ئەو حیزبە هەر لە باشووری کوردستان بمێنێتەوە و کۆماری ئیسلامی نەڕووخێ و ئێمە نەتوانین بچینەوە نێوخۆی وڵات، با عەقلیەتی حیزبی دێموکرات و ئەو حەللە مەدەنی‌یانەی دێنێتە پێشێ کە خەڵکێکی زۆر لە خەباتەکەدا بن لەوێ لە گۆڕەپانەکەدا ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بێتەوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بۆخۆی پێی‌وایە حیزبەکەی ئێمەی لە تاراوگەدا هێشتۆتەوە بەڵام بیرو هۆشی حیزبی ئێمە لە نێو خەڵکێکی زۆر دەبێ بێتە گۆڕێ و لەوێدا ڕووبەڕووی ببنەوە، لەسەر موزاکەرە ڕەنگە شتێکی زۆرم نەبێ ئێستاش لەو باوەڕەدام ئەگەر کۆماری ئیسلامی داوای موزاکەرە لە ئێمە بکا، ئێمە دەبێ لەگەڵی دابنیشین کە داوا دەکا مەوزووعاتێکی هەیە و دەبێ گوێی بدەینێ و بڵێین کە ئێمەش لەسەر موزاکەرە ئەو تێبینی‌یانەمان هەیە ئەگەر مەوزووعێک دێنێتە گۆڕێ ئێمە نابێ نادیدەی بگرین، شتەکەی خۆمان باس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەین ئێمە نەکەوینە ئەو خانەیە. دیارە با بڵێم رووخانی کۆماری ئیسلامی باشترین شتە بۆ دیموکراسی و بۆ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرچەند عەواقیب و عەواریزی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە نابێ لێی بترسێین. بەڵام هەر لەو خانەیەدا گیر نەکەین مادام ٣٥ ساڵە بۆمان نەرووخاوە شتی دیکە نەهێنینە گۆڕێ، بەحسو قسە دەبێ بخەینە نێو خەڵک بۆیە گوفتمانی موزاکەرەش بە باوەڕی من هەر لە جێی خۆیدایە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی پەیامێکی بۆ ئێمە ناردبێ‌و ئێمە وڵاممان داوەتەوە ئەوە لە جێگای خۆیدایە، ئەو سیاسەت دەکا بە دوای بەرژەوەندی یەکانی خۆی‌دا دەگەڕێ ئێمەش سیاسەت دەکەین بەدوای بەرژەوەندی یەکانی خۆمان‌دا دەگەرێین هەرچەند ئێمە ئێستا چالاکیی نیزامیمان نیە کە گوتم بە شێوەی ئازادانە کار بکەین، بەڵام بۆی دەرکەوتوە لە هەمووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیلامەوە بگرە تا کرمانشان و ئوستانی سنە و ئوستانی ورمێ و کوردەکانی خوراسان و کوردەکانی هەمەدان و مەنتەقەی لۆرستان و کوردەکانی تاران کە ئەقلیەتی دیفاع لە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆمان لە پەرەگرتن دایە، بۆی دەرکەوتوە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە فاکتۆرێک، بۆی دەرکەوتوە ئەو سەردەم بەسەر چوو کە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا بە کێشەی فەلەستین و ئیسراییل باسی لێ‌دەکرا ئێستا قەزیەیەک بە نێوی قەزیەی کورد هاتۆتە گۆڕێ، درەنگ یا زوو پێی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێ لە لایەنێکی دیکەشەوە بێینە سەر دروستکردنی زەمینە و بەستەری موناسب بۆ ئەو جۆرە گوفتمانە.

**کورد کاناڵ: کاک خالید وەک دوایین پرسیار لەم بەرنامەیەدا کە زیاتر تایبەت بوو بە یادی دوکتور قاسملوو، باس لە کەسایەتیی سیاسیی دوکتور قاسملوو بوو، ئێستا پاش ٢٥ ساڵ لە نەمانی دوکتور قاسملوو دەبینین لە باشووری کوردستان باس لە ڕێفراندۆم دەکرێت، جەنابت چۆن لەو دۆخە دەڕوانی؟**

**خالید عەزیزی:** دەکرێ بڵێم هەرچەند ئێستا دوکتور قاسملوو لە نێومان‌دا نەماوە بەڵام ٢٥ ساڵ دوای تیرۆر کردنی شەهید دوکتور قاسملوو بەشێک لەو پرۆژەو ئەو ئارەزووانەی دوکتور قاسملوو بە دوای‌دا دەگەڕا، وەدی هاتوە. قەزیەی کورد


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان بە خۆشی‌یەوە لە مەوقیعییەتێک‌دایە کە تازە بەرەو دوایە ناچێتەوەو بەرەو پێش دەچێ. تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو شوێنەی دوکتور قاسملوو لێی لەدایک بووە و هەموو ئارەزووەکانی ئەوە بووە کە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە لەوێ بتوانێ دەوری هەبێ لەسەر دروست کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و عەقلییەتێکی سیاسی لەوێ ئێمە ئێستا ئەو مەوقیعییەتمان نیە، لە تەواوی ئەو باسانەی کە مەربووت بە پارچەکانی دیکەیە پێم خۆشە ئاماژە بە یەک شت بکەم، ڕاستە لە هەرێمی کوردستان بەرەو ئەوە دەچێ کە ڕاپرسی یەک بکرێ شتێکی باشە لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن، بەڵام ئەوە قەزیەی چارەنووسی باشووری کوردستانە ئەگەر قسەش لە دەوڵەتی کوردی بکرێ قسە لە دەوڵەتی کوردی بۆ باشووری کوردستانە، قسە لە دەوڵەتی کوردی یا چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە، ئەگەر وایە ئەرک و تێکۆشان و وەزایف و کاری خۆمان چ بۆ ئێمە حیزبی دێموکرات چ بۆ خەڵک لە نێوخۆی وڵات وەک خۆی لە جێگای خۆی‌دا هەیە، دەبێ بەردەوام بچێتە پێشێ و دەبێ تێ‌بکۆشین لە هەمان کات‌دا حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدا هەڵوێستێکی مەسئوولانەی نەتەوەیی هەبێ نیسبەت بە باشووری کوردستان و بە شێوازی جۆراوجۆر بە ئێرانی‌یەکان بڵێین کە ئەگەر لە باشووری کوردستان لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن حەق و مافی خۆیانە ئەوەشمان لەبەر چاو بێ ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران زۆرتر دە فکری بەشەکەی خۆمان‌دا بین زۆرتر بەوێوە فکرمان مەشغووڵ کەین، بۆ ئەوێ بنووسین بۆ ئەوێ قسە بکەین، بۆ ئەوێ سیاسەت بکەین، بۆ ئەوێ دیپلۆماسی بکەین، بۆ ئەوێ لۆبی بکەین و دەبێ فکری سەرەکی و مەشغەلەی فکری فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات هەر لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ ئەگەر ئێمە لەوێ بەقووەت بین، دەنگمان بە هێز بێ، قەڵەمەمان باش کار بکا، خەڵکێکی زۆر لە ئێران لە کێشەکەی خۆمان بگەیەنین، بەوجۆرە دەتوانین کۆمەگ بکەین بە خوێندنەوەیەکی مەسئوولانەی کۆمەڵگای ئێران بەرامبەر بە داهاتووی باشووری کوردستانیش و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی مەجبوور بە هەڵوێستێکی مەسئوولانە بێ و نەکەوێتە خانەی تێکدان، بۆیە بۆ جارێکی دیکە دێمەوە سەر ئەوە کە ئەمن گەش‌بینم بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داهاتووی کورد بە گشتی بەڵام لە تەنیشت ئەوە دا تەئکید لەسەر واقیع بینیەک دەکەمەوە کە دوکتور قاسملوو هەمیشە بەلایەوە گرنگ بوو، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێ خۆمان ئەرکدار بکەین و کاری بۆ بکەین و هەوڵ و تێکۆشانمان هەر بۆ ئەوێ بێ ئەگەر باشووری کوردستان هیوادارم بەرە و ئەوە بڕوا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی خۆشی پێک هێنا ئەوە بۆ خۆیان بۆ باشووری کوردستان دەوڵەتی کوردیان دروست کردوە نەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبیرمان بێ ئێمە دەوری ٢٠ دەوڵەتی عەرەبیمان هەیە هەرکەسە مەسئوولە بەرانبەر بەو شوێنەی تێی دا هەیە.

**کورد کاناڵ: بەڕێز کاک خاکید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆشحالم کە ئەو مەجالەت بۆ ئێمە ڕەخساندو میوانی ئەم بەرنامەوە بووی.**

**خالید عەزیزی:** زۆر سپاس بۆ ئێوەش‌و بۆ هەمووی بینەرانی کوردکاناڵ هەر وەکی لە ڕاگەیاندراوەکانی هەردوو لای دێموکرات هاتووە ئێمە خۆمان مەسئوول و موەززەف دەبینین کە یادی دوکتور قاسملوو بکەینەوە ڕەنگە زۆر ئاسان نەبێ لە ژێر فشارو تەهدید و عەقلیەتی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕاحەتی ئیجازەمان پێ بدرێ ئەو ئەرکە بە جێ بگەیەنین، بەڵام هیوادارم هەمووی خەڵک بە هەر جۆرێک بۆیان دەکرێ و بە هەر شێوەیەک بۆیان عەمەلی‌یە بە جۆرێک یادی ئەو ڕێبەرە مەزنە بکەنەوە تەواوی ژیان و ئەندیشە و فکری خەبات و تێکۆشان بوو بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر لەو پێناوەش دا تیرۆر کرا، هەموو لایەکتان هەر ساغ و سلامەت بن هیوادارم لە داهاتوویەکی نیزیکدا بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قانونی بێ، مۆئەسەسەیی بێ، بێ بە دەسەڵات و ئێمەش بە مافەکانی خۆمان شاد بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٤


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتووێژی کوردستان لەگەڵ نەسرین قاسملوو

نەسرین قاسملوو: ڕۆژنامە نووسان، سیاسەتمەدارەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان هەموویان نەتەنیا خۆشحاڵ دەبوون کە لە گەڵ «ڕەحمان» قسە بکەن بەڵکوو هەموویان، ڕازی بوون کە بتوانن لە گەڵ وەها دیپلۆماتێک قسە بکەن.

هێلێن کرۆلیچ یان نەسرین قاسملوو هاوژینی ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتییە دیار و بەرچاوانەیە کە لە ساڵانی سەختی خەباتدا چ بەنهێنی و چ بە ئاشکرا هاوکار و یارمەتیدەری ڕێبەری بلیمەتی بزووتنەوەی کوردستان بووە. لەم ژمارەی کوردستاندا و لە بەرەبەری سیهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ناجوامێرانەی شەهید قاسملوو لەگەڵ نووسەری کتێبی»ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا» وتووێژێکمان ئەنجام داوە کەدەخرێتە بەر دیدی ئێوەی ئازیز:

**هەڤپەیڤین: د.ئومید ساعێدی**

**یوا میرزایی**

**پرسیار: کاتێک کتێبی «ئۆرووپاییەک لە وڵاتی کوردان» ئەخوێنینەوە، بەسەرهاتی ژنێک دەبینین کە سەختی و دژواری زۆری دیتوە، ئەم کوێرەوەری و ژیانە سەختە لە پێناوی چیدا بوو؟**

**وەڵام:** دەزانن، کاتێک کە لە تەمەنی لاویە تیدا سیاسی بیر بکەیتەوە، ئەو کات کە دەچیتە نێو جۆرێک خەباتەوە، بۆتانشتێکی سەلمێندراوە کە ئەم ڕێگە ئاسان نابێ، کاتێک کە ئاسان نییە، ئێوە دەزانن کە بۆچی ئاسان نییە، ئە مەیە کە کاتێک دەچیتە نێو خەبات لە دژی ئەم فیکرە، ئیدی بۆتان سەلمێندراوە کە یان دەبێ بەرە و پێش بڕۆیت یان دەبێ بێدەنگ بی و من نەمدەویست بێدەنگ بم، ئەمەیە کە دروستە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاسان نەبوو بەڵام لە زەینمدا جۆرێک هێز هەبوو دەدرا بە ڕۆحی من و من دەمتوانی درێژەی پێ بدەم بێ ئەوەی کە نەخۆش بم، بێ ئەوەی کە ناراحەت بم لە بواری ڕۆحی، بێ ئەوەیکە لە واقیعدا ئەو شتەی کە خەڵک خەبات ناکەن و بیردەکەنەوە کە زۆر دژوارە بۆ من زۆر دژوار نەبوو.

**پرسیار: دەکرێ باسی جیهانبینی دوکتور قاسملوومان بۆ بکەی، چۆن دەیڕوانییە جیهان؟**

**وەڵام:** من دەتوانم تەنیا ئەوە بڵێم کە «ڕەحمان» هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، یەکەم بیری لە کورد دەکردەوە، بیری لە کوردستانی خۆی دەکردەوە بەڵام دەیزانی کە بەبێ جیهان ناتوانێ ژیان بکا و ژیانی کوردستان بەشێکە لە ژیانی جیهان و هەر بەم هۆکارەش جیهانبینیەکەی زۆر بەر بڵاو بوو. بۆ خۆیشی دەیسەلماند و بۆ هەر کوێی دونیا بڕۆیشتبا هەوڵی دەدا کە لە خەڵک تێبگات و لێهاتوویی و شارەزاییەکی زۆری هەبوو کە خۆی بە خەڵک بناسێنێ و لە خەڵکیش تێبگات، لەم بوارە دا بەڕاستی «ڕەحمان» کەسێکی تێگەیشتوو بوو.

**پرسیار: دوکتور قاسملوو چەندە باوەڕی بە نوێگەری بوو و چەندە هەوڵی دەدا کە هەم خۆی و هەمیش حیزبەکەی بە ڕۆژ و مودێڕن ڕابگرێ؟**

**وەڵام:** لە وڵاتێکدا کە نەخوێندەواری زۆرە، یەکێک کە تێگەیشت کە دێموکراسی مانای چییە؛ بۆ ئەو وڵاتە دواکە وتووە، دێموکراسی مودێڕنە و شتێکی نوێیە. جوان لە بیرمە کاتێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشی ناوەندی کوردستانی ڕزگار کردبوو و لە بەرنامەی حیزب نووسرابوو کە بەرە و دێموکراسی حیزب دەبێ هەنگاو هەڵبگرێ و چ شتگەلێک پێویستە، خەڵکی کوردستانی نیشتە جێی ئەو شوێنە هەوڵیان دا بە خێرایی، بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر هەموو ئەم گۆڕانانە ئەنجام بدەن، ئەمە ئیمانی «ڕەحمان» بوو کە دەبێ دێموکراسی بێنێت بۆ کوردستان. مودێڕنیزە کردنی کوردستان ئەو کات شتێک بوو کە لە واقیعدا مودێڕن بوون لە کوردستان جۆرێک مانای نەرێنی هەبوو بەڵام «ڕەحمان» توانی ئەو مانایە بەپێچەوانە بکاتەوە و بڵێت کە دێموکراسی سەرەڕای ئەوەیکە شتێکی مودێڕنە، ئیدەیەکە کە ئازادی دەدا بە خەڵک. دەتوانین بڵێین کە لە واقیعدا «ڕەحمان» ڕێبەرێکی زۆر مودێڕن بوو. ئەم


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەزموونەی کە من کردم لەو سێ بەشە ئازادەی کوردستاندا، لە فیکرو زەینی مندا ماوەتەوە کە ئیمکانی نەبوو پێشتر لە شوێنێکی دیکە ببینم. بە دڵنیاییەوە حەتمەن لە شوێنێکی دیکەش شتی وا ڕوویداوە لە مێژووی وڵاتانی ئۆرووپایی، بەڵام من ئەو کات هێشتا لە دایک نەبوو بووم و ئەم ئەزموونە بۆ من شتێکی زۆر سەرە نجڕاکێش بوو.

**پرسیار: لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکاندا و ڕوو لە دونیای دەرەوە دوکتور قاسملوو چۆن دەیڕوانی و هەڵسوکەوتی دەکرد؟**

**وەڵام:** بۆ وڵامی ئەم پرسیارە تەنیا دەتوانم بڵێم کە حیزب هیچکات دیپلۆماتکارێکی وەها تێگەیشتووی نەبووە، لانیکەم تا ئەو کات نەیبووە، نازانم ئێستا بە چ شێوەیەکە. ڕۆژنامە نووسان، سیاسەتمەدارەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان هەموویان نەتەنیا خۆشحاڵ دەبوون کە لە گەڵ «ڕە حمان» قسە بکەن بەڵکوو هەموویان، ڕازی بوون کە بتوانن لە گەڵ وەها دیپلۆماتێک قسە بکەن و دوای ساڵانێکی زۆر ئەوانەی کە دوکتور قاسملوویان دەکەوتەوە بیر، هێشتایش یادی ئەو ئازادی و ساکار قسە کردنەکانی ئەو دەکەنەوە. بە ڕای من ئەمە پێوەندی بە خوێندەواری کامڵی «ڕەحمان» بوو، پێوەندی بەوە هەبوو کە چەندین زمانی دەزانی، پاشانیش ئەخلاقێکی زۆر ساکاری هەبوو و هەموو ئەمانە دیپلۆماتێکی لێ دروستکردبوو کە نایاب بوو.

**پرسیار: ئەو ڕێنوێنی و ڕێگە چارانەی کە دوکتور قاسملوو بۆ نەوەکانی پاش خۆی بە جێی هێشت چ بوون؟**

**وەڵام:** کاتێک کە چاو لە وێنەکانی نەوەی ئەمڕۆ دەکەم، یادی ئەو نەوە دەکەومەوە کە خۆم شایەتی بووم لە ٤٠ ساڵ لەوە پێش. «ڕەحمان» لە گەڵ لاوەکانی حیزب، پێوەندی گەلێکی هەبوو کە پێموایە کە ئەوان خۆشیان لێ دەهات، واتە نیشانیان دەدا بەڵام ئەو شتەی کە بە ڕای من گرینگتر لە هەموویان بوو ئەوە بوو کە دەیخستە زێهنیانەوە کە خەبات هەمیشە بە کەڵکە، نەتەنیا بە کەڵکە بەڵکوو پێویستە و لەمە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرینگتر ئەوە بوو کە نیشانیانی ددا کە جیهان بەربڵاوە و نابێ تەنیا خۆیان ببینن بەڵکوو دەبێ جیهانیش ببینن، لە گەڵ جیهان بسازن، بە کورتی فێری ئەوانیشی دەکرد کە فیکرێکی نێونەتەوەییان قەبووڵ بێ و ئەنجامی بدەن و پەرەی بەم شێوازی بیرکردنەوە لە نێو لاوان و کەسانی دیکە دەدا و ئەمە بە ڕای من زۆر گرینگە.

**پرسیار: بۆچی کوردەکان بۆ هەمووان کێشەن، یان بە واتایەکی دیکە بۆچی چوار دەوری ئێمە کێشەیان لە گەڵ خەباتی کورد هەیە، مەگەر کورد داوای چ دەکا؟**

**وەڵام**: ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو و خراپتر لە مەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردستانیان کردە چوار بەش، هەموو ئەم وڵاتانە لە واقێعدا خۆیان باڵاتر لە کورد دەزانن و لە ژیانی مرۆڤ ئەمە جێگەی تەحەمووڵکردن نییە، گرفتی کورد ئەمەیە؛ دواتر گرفتی کورد ئەمەیە کە چوار وڵات لە واقێعدا کورد بە دەستکرد دەزانن و لە قوتابخانە و لە فێربوون دووریان خستووەتەوە و کوردیان بە شێوەی فەرمی دواکەوتوو هێشتووەتەوە. ئەمەیش بۆ هیچ کەس جێگەی قەبووڵ کردن نییە، کورد بۆ خۆی دەزانێ چی دەوێ، ئەوە شتێ کە من دەزانم دەیانهەوێ لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەش بووە، بێنەدەرێ کە جیهان ئەوان وەک نەتەوەی ئازاد و بەرابەر بناسێ و بتوانن خۆیان ڕێبەری خۆیان بن. من ناڵێم کە دەبێ خێرا سەربەخۆییان بوێت، چوونکە یەکەم نازانن چی لێبکەن، چوون شارەزاییان لێی نییە، دووهەمەن دوژمن لە پشت سەریانە، هە ئەو کاتەی کە کورد بە دەنگی بەرز بڵێت کە من سەربەخۆییم دەوێ لە خودموختاری وازبێنێ، ئەو کات دوژمن ئامادەیە کە هەموو کارێک بکات کە سەر لە نوێ کورد بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی. دوکتور قاسملوو بارودۆخەکەی زۆر بە ڕوونی دەبینی نەتەنیا بۆ کورد بەڵکوو ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش. کاتێکیش دەیگوت کە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان مە بەستی هەر ئەمە بوو کە کورد سەرەتا فێربێ چۆن خۆی ڕێبەری و بەرێوە ببات؛ کاتێ کە فێربوو یان لانیکەم تێگەیشت کە یانی چی، ئەو کات دەتوانێ داوای سەربەخۆیی بکات، هەڵبەت من دەزانم کە هەموو کوردەکان سەرەبەخۆییان دەوێ زۆر سروشتییە؛ تەنیا مێژوو لە هەمبەر کوردەکان تاوانی کردووە، ئێستایش جیهان نایهەوێ هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە، کورد دەبێ خۆی هەوڵ بدات کە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارێک بکا کە بەڕاستی فێربێ و ئەو کات سەربەخۆیی وەربگرێ. تۆ وێنای بکە کە کوردستان سەربەخۆ دەبێ، کێ قەبووڵی دەکا، ئەم چوار وڵاتە، لەم چوار وڵاتە دەبێ لە هەر کامیان پارچەیەک جیا ببێتەوە لە بەر ئەوەیکە کوردستانە؛ بۆ زلهێزەکان هەموو ئیستراتیژی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تێک دەچێ، ئەمانە دەبێ ئیستراتیژییەکی نوێ دابڕێژن. نەوت چەکێکی مەرگهێنەرە، ئەوەیش دەبێ کورد لێی تێبگات ئەمەیە کە کارەکەی ئاسان نییە بەڵکوو زۆر دژوارە بەڵام لە کۆتاییدا دەبێ بە خودموختاری و بە ئازادی خۆی بگات.

**پرسیار: تۆ بۆ خۆت کوردت چۆن ناسیوە؟ ئایا کورد ئەو سیماو ڕووخسارەیە کە نەیاران و دوژمنانی وێنای دەکەن؟**

**وەڵام:** کوردەکان ناراحەت نەبن ئەگەر من ڕاستبێژانە قسەیەک بکەم؛ بەهۆی چارە نووسییەوە من تەنیا ئارەزوو دەکەم کە بەهێز بێ و خەبات بکات بەڵام مەسەلەی عاقڵ بوونی بۆ من گرفتێکی هەیە، ڕەنگە پێوەندی بەوە هەیە کە جیهان کورد لە گەڵ خۆی بەرانبەر نازانێ، کورد ئارەزوویەتی کە خۆی نیشان بدات کە لە هەموو کەس بەهێزترە و ئەمە وادەکات کە ڕێکخراو دادەمەزرێنێ و حیزب دادەمەزرێنێ و هێواش هێواش ئەم ڕێکخراو و حیزبە دابەش دەکا بە چەند دانە لە بەر ئەوەیکە قەبووڵی نییەیان وا بیر دەکاتەوە کە خۆی لە کەسی دیکە بە باشتر دەزانێ؛ کورد کەمێک لە منداڵ دەچێ، بۆ ئەوەیکە خۆی نیشان بدات هەڵە گەلێک دەکا کە نەدەبوا بیکردبا. من لە واقێعدا هەموو ژیانم لە گەڵ کوردەکاندا بووە، ڕەنگە هەمیشە لە گەڵیان ژیانم نەکردبێ بەڵام تەواوی بوون و ناخی من لە گەڵ کورد بووە ئەمەیە کە من کورد و کوردستانم خۆش دەوێ و ڕەنگە هەر ئەمەش بێ کە من هەڵەکانی کورد دەبینم و حەزم لێیە کە عاقڵ ببێ.

**پرسیار: ئەم هەموو تراژیدیا گەورانە کە بەسەر کورددا هاتووە، هۆکاری چییە کە دونیای دەرەوە هێشتا لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی دیپلۆماسییەکاندا ئاوڕ لە کورد ناداتەوە و پشتیوانی لە خەباتی کورد ناکات؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**وەڵام:** دەبێ فێر بین لە قوتابخانە، لە کتێب، لە ڕۆژنامە، لە جیران، لە نەتەوەکەی، دەبێ فێر بێ و بیر بکاتەوە و ببینێ کە چ دەرسێکی لێ وەرگرتووە؟ ئەگەر تێگەیشت، فێربوو، ئەو کات بوێری ئەوەی هەبێ کە بەپێی ئەوە کار بکات، خەبات بکات و قسە بکات، ئەمانە ناکرێ لە ڕۆژێکی دیکەوە فێر بێ و ئەنجامی بدات بەڵام دەبێ مرۆڤ ئەو بوێرییەی تێدا بێ کە بەڕاستی ژیانی بەرە و ئەم شتانە ببات و بزانێ کە ڕەوتێکی درێژخایەنە بەڵام بڵێت کە من کوردم، من ژنم، دەبێ من ئەم کارە بکەم، ئەمەمن دەگەیەنێت بە ژنانی کورد. مەسەلەی ژنانی کورد بۆ من بووەتە مەسەلەیەکی دژوار، دەزانی ژنانی وڵاتانی دواکەوتوو هەموویان چارە نووسیان زۆر دژوارە؛ لە ڕاستیدا لە ژێر دەستی باوکیان، مێردەکەیان، براکەیان، کوێخا، شارەدار و دەوڵەتدان و هەموویان دەبێ ئەم ژێردەستییە تەحەمول بکەن و درێژە بە ژیان بدەن، ژنانی کورد ژانێکی زیاتریان هەیە کە کوردن؛ لە ڕاستیدا هەموو ئەم زوڵمانەی دیکە کە ژنان ئەزموونی دەکەن، کورد بوونیشی پێوە زیاد دەبێ. من بینیومە کە ژنانی فارس و عەرەب لە باڵا دەستییەوە سەیری ژنانی کورد دەکەن ئەمە وەحشەتناکە، بەڕاستی وەحشەتناکە! ئەمەیە کە پیاوی کورد کاتێک کە لە مە تێگەیشت دەبێ بۆی ئاسانتر بێ کە لە گەڵ ژنکی ڕەفتارێکی دیکەی هەبێت و ژن لە گەڵ خۆیدا بەرابەر بزانێ ئەو کات دەبینێ کە ژنانی کورد چ شتگەلێک دەزانن و چ بوێرییەکیان هەیە و چ تێگەیشتوویەکیان هەیە.

دەبینی ئێستا ڕێژەی ژنانی خوێندەواری کورد زیادی کردووە. سەرەڕای ئەمانە بگەڕێمەوە بۆ کوردستان مەسەلە هەر ئەمەیە و من نزا دەکەم کە ڕۆژێک بگات بەو شوێنەی کە ژنانی کوردیش(هەڵبەت بۆ ژنانی دیکەیش، بەڵام بۆ من ژنی کورد نیزیکترە تا ژنی تورک) ئازاد بن.

**پرسیار: ئێمە دەزانین دوکتور قاسملوو جیا لە وەی کە کەسایەتێکی سیاسی بوو، ئۆگری بۆ هونەر و بوارەکانی دیکەیشە هەبوو، دەتوانی پێمان بڵێت کە کاک دوکتور قاسملوو لەم شتانە حەزی لە چی بوو؟**

**وەڵام:** لەم بوارە دا دوکتور قاسملوو کەسێکی ئاسان بوو، لە بواری خواردن هەموو شتێکی دەخوارد، شتێک نەبوو کە حەزی لێ نەبێ و قەبووڵی نەبێ، هەڵبەت


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خواردنی ئێرانی پێخۆشتر بوو، بەڵام دەکرێ ئەمەیش لە بارەی خۆیشمەوە بڵێم من خواردنی ئێرانیم لە هەموو خواردنێک پێ خۆشترە، ئەمە بوو کە لە بواری خواردن کەسێکی سادە بوو واتە ئاشپەزێک کە بۆ دوکتور قاسملوو خواردنی دروست بکردبا، کارەکەی زۆر دژوار نەبوو.

**پرسیار: خواردنێک تایبەت بوو کە زۆری حەز لێ بێ؟ بۆ خۆیشتان چ خواردنێکی تایبەت هەیە کە حەزتان لێ بێ لە خواردنە کوردی و ئێرانییەکان؟**

**وەڵام:** خواردنی تایبەت نازانم بەڵام ئەو شتەی کە بەڕاستی زۆری دەخوارد گوێز و فستەق بوو.

ئەو شتەی کە پێوەندی بە کتێبەوە هەیە من هەمیشە دەکەومە بیر باوە گورم، دوکتور قاسملوو هەموو شتێکی دەخوێندەوە هەر شتێکی پەیدا دەکرد، تیکە ڕۆژنامەیەک، کتێبێک هەموو شتێکی دەخوێندەوە، هەڵبەت کتێبە کلاسیکەکانی ئۆرووپا و ئەمریکایشی دەخوێندەوە. بۆ مووسیقی گوێی لە موسیقی کلاسیک دەگرت کاتێ لە ماڵەوە داماندەنا بەڵام ئەو شتەی کە لە هەموو شت زیاتر حەزی لێی بوو مووسیقی و گۆرانییە کوردییەکان بوو، لە بەر ئەوەیکە ئەوی دەبردەوە بۆ نیشتمانی خۆی. ژیانی تایبەتی دوکتور قاسملوو زۆر سادە بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی جولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مام جەلال چۆن ویستی عەبدولرەحمان قاسملۆ لەکوشتن بپارێزێت؟

**ئامادەکردن: حلمی رەسوڵ رەزا**

واژووکردنی رێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران، هەلێکە بۆ ئەوەی تاوانەکانی ئێران بەرانبەر گەلی کورد و سەرکردەکانی لەو وڵاتە وەبیر خەڵکی بهێنرێتەوە، بۆ تیشک خستنە سەر ئەو قۆناغە و پرۆسەی تیرۆر کردنی دیارترین سەرکردەی کوردی ئێرانی «دکتۆر عەبدول رەحمان قاسملۆ».

لەو بارەوە رۆژنامەی قەبەس قسەی لە»شێخی خەباتکارانی کورد» عەبدوڵڵا حەسەن زادە ئەمینداری گشتی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران، کە نازناوی مامۆستای پێبەخشراوە لەلایەن هاورێکانی لە حیزب و جەماوەری کوردستانی ئێران کردووە.

بەپێی قسەکان، دەسەڵاتی پەهلەوی لە ئێران و دوو لە شۆرشە گەورە شکستهاتووەکان لە ساڵانی ١٩٤٦ و ١٩٦٢ ئەزموونێکی ئازار بەخشە بۆ کوردەکانی ئێران، پێش ئەوە رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بە هەموو هێزیانەوە پاڵپشتی شۆرش بوون دژی رژێمی شای ئێران، بەسەرۆکایەتی خومەینی لە فیبرایەری ١٩٧٩.

هەر بەپێی قسەکان شای ئێران وای پیشاندابوو گرنگی بەداواکاریەکانی کورد نادات سەبارەت بە سەربەخۆیی و هێورکردنەوەی دەسەڵاتی تاران بەسەر کاروبارەکانیاندا.. کەچی ئەم پشتگیرییەی شۆرشی خومەینی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو دەسەڵاتی نوێی باش نەکرد.

لەسەرەتای رۆژە یەکەمەکانی شۆرشدا، پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەندی و رێکخراوە کوردییەکان ئالۆزی زۆری تێدا هەبوو.. ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ ئەوەی جیاوازی هەبوو لە زمان و خوونەریت و هاوپەیمانییەتییەکانیان لە سنوور، وەک مەترسییەکی راستەقینە لێی دەروانین بۆ سەر پرۆژەی فارسی و سەفەوی.. کوردە سونەکان بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێچەوانەی زۆرینەی هاووڵاتییانەوە دەنگیان نەدا بە پاڵپشتی کردنی دروست کردنی کۆماری ئیسلامی لە نیسانی ١٩٧٩.. ئەم گشتپرسییە هەلی بۆ شیعە گەرایی رەخساندو هەلی نەدا بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆ بەڕێوەبەری هەرێمایەتی.

کێشەکە زیاتر قووڵ بووەوە پاش ئەوەی کوردەکان بێ بەش کران لە کورسییەکانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شارەزایان لە ساڵی ١٩٧٩، کە بەرپرس بوو لەنووسینەوەی دەستوری نوێو خومەینی رێگەی نەدا عەبدولرەحمان قاسملۆ ئەندام پەرلەمانی هەڵبژێرداوی ناوچەکە بەشدار بێت لە کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجوومەنی شارەزاییان، بەمەش کوردەکان لە مافە سیاسییەکانیان بێ بەش کران لە چوارچێوەی دەستوری نوێی ئێران، چونکە زۆربەی زۆریان سەر بە مەزهەبی سونە بوون.

لەبەرانبەر ئەوەدا شەپۆلێکی نیشتمانی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە لەپاش هەرەس هێنانی دەوڵەتی پەهلەوی و زنجیرەیەک شۆرشی پێچەوانە بۆ شۆرش لەسەرجەم ئەو وڵاتەدا روویاندا (خۆزستان، بلوجستان و چەند بەشێکی تر)، هەڵگەڕانەوەیەکی فراوان لە ئازاری ١٩٧٩ دا روویدا، پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران پلانێکی هەشت خاڵی دارِشتەوە بۆ سەربەخۆیی کورد.

لەناوەڕاستی ئازاری ١٩٧٩ دا هەڵگەرانەوەکە روویدا، کاتێک کوردەکان دەستیان بەسەر بنکەی پۆلیس و بارەگاکانی سەرکردایەتی سوپا و چەند شوێنێکی تردا گرت لەشاری (شنۆ) پاش ئەوەی نەتوانرا بڵاوەیان پێ بکرێت لەلایەن سوپاوە.

بەگوێرەی کەناڵی (بی بی سی) شۆرشەکە کاتێ دەستی پێکرد، کە پیاوی هۆزەکان بەسەر سەربازەکاندا سەرکەوتن لە شاری پاوە، پاشان شۆرش بڵاوەی کرد بۆ ناوچەکانی تر، دوای ئەوەی راپەریوەکان دەستیان بەسەر دیواندەرەو سەقزو مەهاباتدا گرت، لەو کاتەدا زۆربەی سەرکردەکانی شۆرش خۆیان وون کرد بە گوێرەی کاری شۆرشی نهێنی دەجولان دوای ئەوەی خومەینی فەرمانی گرتنی بۆ دەرکردن.. لە نیسانی ١٩٧٩ ململانێی چەکداری دەستی پێکرد لە نێوان گروپە چەکدارەکانی کورد و هێزە ئەمنیەکانی سەر بە حکومەتی شۆرشی ئێرانی و هێزەکانی کورد بەنمرە یەک پێک دەهات لە پارتی دیموکراتی کوردستان - ئیران و هێزەکانی کۆمەڵە.

لەناوەڕاستی مانگی ئابی ١٩٧٩، سوپای پاسداران روەو پاوە رۆشتن کە لە ژێر دەستی راپەڕیوەکاندا بوون بەبێ ئەوەی ئامادەکاریەکی وەهایان کردبێ و سوپا خۆی ئامادە کردبێت و کەوتنە بۆسەیەکی گەورەوەو توشی شکست هاتنەوە. ئەم شکتهێنانە وای لە خومەینی کرد لە سەرکردەکانی سوپا و حکومەت نزیک ببێتەوە، سەرکردەکانی ئەو کاتی ئێران ئارامیان نەبوە لەسەر داواکاریەکانی کورد بۆیە رێگەی سەربازییان گرتە بەر بۆ تێکشکاندنی خۆپیشاندەرەکان.. لە ئەنجامی ئەمەشدا، خومەینی رابەری نوێی ئێران جیهادی پیرۆزی دژی کوردەکانی کوردستانی ئێران راگەیاند و هەندێک لەکەسایەتییە کوردییەکانی وەک دوژمنی دەوڵەت ناساند لە بەیاننامەی ١٧ی ئابی ١٩٧٩ و هێزە سەربازییەکانی حکومەتی ئێران هێرشێکی چەند هەفتەییان دەستپێکرد بۆ تێکشکاندنی کوردەکان لە سەقزو مەهاباد.

### چۆن دکتۆر قاسملۆ سەرکردایەتی حیزبی بەدەستەوە گرت؟

ژیانی سیاسی لە منداڵییەوە دەست پێکرد، ئەو تەمەنی ١٥ ساڵان بوو کاتێک سەرکردایەتی لقی یەکێتی گەنجانی سەر بە حیزب کەوتە سەر شانی لە شاری ئورمیە، دوای ئەو بەساڵێک، یان زیاتر شەرەفی ئەندامێتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان – ئێرانی پێ رەوا بینرا.

ناوبراو رۆڵێکی مەزنی گێڕا لە مەهاباد و دەوروبەری لەپاش شکستهێنانی کۆماری کوردستان لەو شارەدا لە زیندوکردنەوەی رێکخراوەکانی حیزب و لە دوای ساڵی ١٩٤٨ زیاتر کارەکانی پێشکەوت.

بەڵام بەمانای وشە سەرکردایەتی حیزبی وەرنەگرت تا دوای رێککەوتننامەی ١١ی ئازار لە نێوان حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد لە ساڵی ١٩٧٠ بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و تیایدا حکومەتی ئەو ولاتە دانی نا بەمافە نەتەوەییەکانی کورد لەگەڵ پێشکەش کردنی گرەنتی ئەوەی بەشدار بن لەحکومەتی عێراقی و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەدامەزراوە پەروەردەییەکاندا. بەلام نەگەیشتنە هەڵوێستێکی چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە کێشەی کەرکوکی دەوڵەمەند بەنەوت و بەهەلواسراوی مایەوە لەچاوەڕوانی سەرژمێریەکان بۆ زانینی رێژەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوە جیاوازەکان لەو شارەدا.. لەو ژینگە ئازادیخوازانەیەی کوردی تێدا بوو دکتۆر قاسملۆ لە چیکسلۆفاکیاوە گەرایەوە بۆ عێراق و چاوی بە هاورێکانی کەوت لە پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێران؛ ئەوانەی لە دەست رژێمی ئێران هەلاتبوون، عەقلانیەت و دیموکراتیەت دوو سیفەتی دکتۆر قاسملۆ بوون، خۆی هاورێکانی دیراسەی دۆخی سیاسی و ئابوری ئێران و دۆخی چەپی ئێران و بزوتنەوەی نیشتمانی کوردو پەیوەندیەکانی وەک ئەمینداری گشتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت پاشان لە ستراتیجیەتی دیموکراتی بۆ ئێران و حوکمی زاتی بۆ کوردستان دەستی پێکرد، هەرچی حیزبیشە لە کۆنگرەی سێیەمیدا لەسەر پێشنیارەکانی قاسملۆ رەزامەندییان داو بوە ستراتیجیەتی فەرمی حیزب و لە کۆنفرانسی سێیەمی حیزبدا هەلبژێردرا بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی و ئەمینداری گشتی حیزب لەلایەن لیژنەی ناوەندی و بوە یەکێک لە کەسایەتیە سیاسیە گرنگەکان لەسەرجەم کوردستاندا.

پێش ئەوە وەک وانەبێژ لە زانکۆی براگی چیکسلۆفاکیا بوە، پێش ئەوەی بچێت بۆ فەرەنسا و لە زانکۆی سۆربۆن ببێتە مامۆستای زمان و مێژووی کورد.. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٨ گەڕایەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان.. بۆ ئەوەی لقەکانی حیزب دابمەزرێنێ.. لەو کاتەدا پێشمەرگە دەستی بەسەر ئەو ناوچە کوردیانەدا گرتبوو کە لە ئەنجامی ئالۆزیەکانی ولاتەوە دروست بوبو، لە کاتی شۆرشی ئیسلامیدا کورد هەستی کرد دۆخەکە لە بەرژەوەندیاندا نیە، و رژێم مافەکانیانی رەتکردەوە.

### رۆڵی قاسملۆ پێش ئەوەی سەرکردیەتی حیزب وەربگرێ چی بوو؟

لە هەرەتی لاوێتیدا دکتۆر قاسملۆ رۆڵی گرنگی هەبو لە چالاککردنەوەی لقەکانی حیزبدا لەسەرجەم بوارەکان و بەتایبەتی لە بواری رێکخستن.. مەزنترین خزمەتی بۆ حیزب بریتی بوون لە پچڕاندنی پەیوەندی رێکخستن بە حیزبی شیوعی ئێرانی (تودە) لە میانی کارەکانی کۆنفرانسی یەکەمی حیزب لە هاوینی ١٩٥٥ لوتکەی چیایەکی کەنارەکانی شاری مەهاباد، بۆ گەڕانەوەی حیزب تاکو کاری جەماوەری لە نێو ناوەندەکانی کورددا بکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەو کۆنگرە حیزبیانە کامانە بوون کە دکتۆر قاسملۆی تێدا ئامادە بوو؟ پەیوەندی لەگەڵ هاورێ و سەرکردەکان چۆن بوو، چۆن هەلس و کەوتی لەگەڵ دەکردن، چۆن ناکۆکیەکانی چارەسەر دەکرد، ئایە لە بڕیارەکاندا بەشداری بەوان دەکرد؟**

دکتۆر قاسملۆ بەشداری سەرجەم کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی کردوە تاکو کۆنگرەی هەشتەم و پێش کۆنگرەی نۆیەم کۆچی دوایی کرد.. لەسەرجەم کۆنگرەکاندا وەک ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵدەبژێردراو پاشان دەکرایە ئەمینداری گشتی وەک رێزێک بۆ ئەو رۆڵەی هەیبو لە جولانەوەی نیشتمانی ئێرانی و کوردی. پەیوەندی لەگەڵ هاوڕیکانیدا توندو تۆڵ و برایانە بوو، هەندێ کات باوکانە بوو، مکوڕ بوو لەسەر فێرکردن و پەروەردە کردنیان لەسەر باشترین شێوە، بەبێ ئەوەی بە چاوێکی نزمتر لە خۆی تەماشایان بکات. دەیوت ئەگەر جیاوازی لە دیدگاکاندا روویدا ئەوا گفتوگۆی بنیادنەر باشترین رێگەیە بۆ قەناعەت پێکردن، کەسێکی زۆر ئارامگر بوو، دەیتوانی بگاتە عەقڵ و دڵی هاوڕێکانی.

**دکتۆر قاسملۆ لە بەرەکانی جەنگدا چۆن بوو، بەشداری لە هیچ شەڕێکدا کردوە؟**

بە کردەیی بەشدرای لە هیچ شەڕێکدا نەکردوە، ئەو کەسێکی سیاسی بوو، بەلام ئەمە مانای وا نیە سەردانی بەرەکانی جەنگی نەکردبێت، سەردانی دەکردو کۆبونەوەی بە هاوڕێکانی دەکرد و ورەیانی بەرز دەکردەوە.. دۆخی رووبەرووبونەوەی سیاسی بۆ روون دەکردنەوە و کاری لەسەر رۆشنبیرکردنی گشتی سیاسی و سەربازی و شۆرشکردن ی شەڕکەرەکان دەکرد، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ورەیان و گوێ گرتن لە بۆچونەکانیان داواو پێداویستیەکانیان.. وەک منداڵی خۆی مکوڕ بوو لەسەریان، ئەم ئامادەبونەشی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ورەی پێشمەرگەو سەرکردەکانیان.

**کێ پەیوەندی لەگەڵ عێراقی سەدام حسێن دامەزراند و مەبەست لەو پەیوەندیە چی بوو؟**

خەباتگێرانی کوردی ئێرانی لە دێر زەمانەوە و هەرکاتێ رووبەرووی چەوسانەوە هاتبێتن پەنایان بۆ عێراق بردووە بەمەبەستی پاراستنی ژیان و بیروباوەڕیان، پەیوەندی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پتەو هەبوە لە کوردەکانی هاوسنوری هەردوو وڵات ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەوەی کوردانی عێراق هەندێ مافی خۆیان بەدەست هێنابوو، بەلام ئەم خەباتگێڕانە لە شارە کوردیەکاندا دەژیان لە نێو براکانیان بەبێ ئەوەی داوای مافی پەنابەرێتی سیاسی بکەن، هەندێ جاریش وەک تاکە کەس مافی پەنابەرییان بەدەست دەهێنا.

پەیوەندی فەرمی لە نێوان حیزبی دیموکرات و دەسەلاتدارانی عێراقدا نەبوە تاکو واژۆ کردنی ڕێککەوتننامەی ئازار لە نێوان سەرکردایەتی جولانەوەی کوردو حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠.. لە مانگی حوزەیران یان تەموز، یەکەم دیداری قاسملۆو ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە بەغدا ئەنجامدرا لە ڕێگەی نێوەندگیری شەهید محمد محمود عبدالرحمن ناسراو بە (سامی) وەزیری کاروباری باکورو نوێنەری جولانەوەی کورد لە عێراق. لەو کۆبونەوەیەدا قاسملۆ وەسیقەیەکی وەک بنەما گشتیەکان خستە روو، هەردووولاش لەسەری رەزامەند بوون، زەمینەیەکی هاوبەشی رەخساند بۆ پەیوەندی نێوان هـەردوولا.. لەو بنەمایانە بریتی بوو لە پتەوکردنی پەیوەندیەکان لەگەڵ ولاتە سۆسیالیزمیەکان و سنوردانان بۆ هەژموونی ئیمپریالی و بڕوا بوون بەوەی چارەسەری نمونەیی بۆ کێشەی کورد ئەوەیە؛ گەلی کورد لە عێراق و ئێران مافی حۆبەڕێوەبەردنیان هەبێت و هـەردوولا پەیوەندی هاوڕێتیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەبێت، دیارەی لایەنی عێراقی بەم بنەمایانە رازی بوون وەک سەرەتایەک بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران.

### پەیوەندی قاسملۆ و مەلا مستەفای بارزانی چۆن بووە، ناکۆکییە کرۆکییەکانی نێوانیان چی بوو؟

قاسملۆ پێگەیەکی زۆر بەهێزی هەبوو لای مـەلا مستەفای بـارزانی، کە هیچ سەرکردەیەکی جولانەوەی کورد لە پارچەکانی کوردستان نەیانبووە، بە شێوەیەک بارزانی پۆستی ئەمینداری گشتی حیزبی بۆ پێشنیار کرد لەگەڵ ئـەوەی دەیزانی قاسملۆ ئەندامی حیزبێکی ترە، دیارە قاسملۆ پێشنیارەکەی رەتکردەوە و وەک ئەندامی حیزبەکەی خۆی مایەوە.

ڕەنگە قاسملۆ تەنیا سەرکردەی کورد بوبێت لە نامەکانیدا گوزارشتی برام مەلا مستەفای بەکارهێنابێت بەبێ هیچ ناونیشانێکی تر.دەربارەی ئەوەی پێی دەڵێن ناکۆکی کرۆکی، من بڕوام وا نیە هیچ ناکۆکیەکی لەو جۆرە لە نێوانیان هەبوبێت دەربارەی کێشە چارەنوسسازەکان.. ئەوەی لەو بابەتەدا هەبو ئەوەیە؛ بڕوای بەسەربەخۆیی خۆی و حیزبەکەی هەبوو، مکوڕ بوو لەسەر پاراستنی ئەو سەربەخۆییەو خوالێخۆش بوو بارزانیش ڕێزی ئەو واقیعەی دەگرت.

**پەیوەندی نێوان خەڵک و قسملۆ چون بوو، چۆن پێشوازی لێدەکردن، چیرۆکێکی دیاریکراو هەیە حەز بکەیت بۆمانی باس بکەی؟**

جەماوەری زۆر خۆشدەویست و ڕێزی بۆچونەکانیانی دەگرت و وای دادەنا ئەوان خاوەنی کێشەی کوردن، زۆر بە ڕێزەوە پێشوازی دەکردن، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت قاسملۆ هونەری تێکەڵ بوونی لەگەڵ خەڵکی سادەدە نەبو، بەهۆی ئەو پەروەردەیەی لەسەری ڕاهاتبوو، ئەو لە خێزانێکی دەرەبەگ بوو، منالی و گەنجێتی لەشارە گەورەو پایتەختەکان بەسەر بردبوو، دوور لە ژینگەی ژیانی کرێکار و جووتیار.

**پێمان بڵێ پەیوەندی قاسملۆ لەگەل خێزان و خەڵکی سادەو هاوڕێ و گرینپێدانەکانی.. (موسیقا و خوێندنەوەو هونراوە)؟**

قاسملۆ نمونەیەکی دیار بوو لە پەیوەندییەکانی لەگەل هاوڕێ و خێزان و هۆزەکەی یان ئەوانەی پەیوەندیان لەگەڵ خێزان و عەشیرەتەکەی هەبوو. هەلس و کەوتی لەگەلیان زۆر باش بوو، بەنزم سەیری کەسی نەکردوە، ئەو لووت بەرز نەبوو، حەزی بە خوێندنەوەی بابەتە هەمەڕەنگەکان دەکرد، حەزی لە ئەدەبیات و شیعر دەکرد بەشێوەیەکی تایبەتی.. ئەوەی ئاشکرایە جگە لەزامنی دایک، فارسی و تورکی و فەرەنسی دەزانی و دەتوانی قسەیان پێ بکات و بنوسێت، جگە لەوانەش زمانەکانی ئینگلیزی و روسی و عەرەبی و ئەلمانی و ئیتالی بە شێوەیەکی باش دەزانی. ئەو زۆر حەزی لەشعرو موسیقا بوو، گەورە هونەرمەندەکانی لە نەتەوە جیاوازەکان دەناسی، زانیاری تەواوی هەبوو لەسەر سەمفۆنیای موزرات و بتهۆڤن و موسیقای کلاسیکی بە شێوەیەکی گشتی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دیدی دکتۆر قاسملۆ بۆ کوردستانی ئێران و کوردستانی گەورە چی بوو؟

قاسملۆ یەکێک بوو لەوانەی دەیوت کوردستان بەش بەش کراوە، هەرکاتێ هەل برەخسێت سەرجەم پارچەکانی یەک دەگرێتەوە، بەمە گوزارشتی لە یەکخستنی وڵاتێکی بەش کراو دەکرد، نەک بەشکردنی وڵاتێکی تر یان جیابونەوە لێی، بەلام لەهەمان کاتدا وای دەبینی باشترین چارەسەر بۆ کێشەی کورد لەم دۆخەی ئێستا ئەوەیە، هەر پارچەیەک لە کوردستان مافی خۆبەڕێوەبەری هەبێت لە چوارچێوەی ولاتەکەی خۆیدا بە گوێرەی ئیرادەی گەلەکەی.

## پەیوەندی قاسملۆ لەگەل شای ئێران چۆن بوو؟

لەگەڵ شای ئێران بەرهەلستکار بوو، ئەو دژی رژێمی شا خەباتی دەکرد و داوای رووخانی رژێمەکەی شای دەکرد لە نزیکترین کاتدا.. لە ساڵی ١٩٤٨ خۆپیشاندانێکی گەورەی لە پاریس رێکخست وەک نارەزایەتی دەربارەی سەردانی شا بۆ فەرەنسا، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی لەو ولاتە دوور بخرێتەوە بەهۆی فشارەکانی رژێمی شاوە لەسەر دەولەتی فەرەنسا، ئەوەی من بزانم هەرگیز شای نەبینیوە.

## پەیوەندی قاسملۆ لەگەڵ ئیمام خومەینی چۆن بوە، یەکتریان بینیوە، دەربارەی ئەو چی دەوت؟

قاسملۆ دوو جار خومەینی بینیوە، جارێکیان لە پاریس پێش ئەوەی بە فرۆکە بگەرێتەوە بۆ تاران، پێی راگەیاندین لە دانیشتنێکی گشتیدا چاوی پێکەوتوە، کاتێ داوای لە خومەینی کردبوو بەتەنها بیبینێ کەچی رەتی کردبوەوە. دکتۆر قاسملۆ وای دەبینی هەڵس و کەوت کردن و لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەو پیاوەدا قورسە. دووەم جاریش لە شاری قوم بینیویەتی کە لەگەڵ وەفدێکی دە کەسی کورددا بۆ ئەوەی داواکاریەکانی گەلی کورد بخەنە روو، و دیدارەکە هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤی نەبوە، و رێگە بە وەفدی کورد نەدراوە داواکاریەکان بخەنە روو لە تاران و قوم، بۆیە قاسملۆ لەو کۆبونەوەیە هاتۆتە دەرەوە بەهەمان شێوەی کۆبونەوەکەی پاریس.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دکتۆر قاسملۆ چۆن ڕژێمی مەلایی هەڵسەنگاندوە؟

رژێمی وەک شێوەی راستەقینەی خۆی هەلسەنگاندوە، وای داناوە رژێمێکی جیاوازەو بەربەرییە ناتوانرێ لەگەڵیدا بگەیتە هیچ ئەنجامێک لە بارەی کێشە چارەنوسسازەکانەوە بەوەی خزمەت بە داواکاریەکانی چینەکانی کۆمەلگە و گەشەکردن و پێشکەوتنی ولات بکات لە رووی ئابوری و کۆمەلایەتی و ..تد. بە داخەوە بە تێپەربوونی کات و بە ئەزمونکردنی زۆر لەگەل ئەم رژێمەدا دەرکەوت بۆچونەکەی قاسملۆ زۆر راست بوەو لە جێگەی خۆیدا بووە، ئەم رژێمە هیچ شتێکی بە گەلی ئێران و ولاتانی دەوروبەری پێشکەش نەکردوە جگە لە کوشتن و تیرۆرو وێرانکردن.

## دەربارەی دانوستانەکانی ڤیەننا قسەمان بۆ بکە، کە تیایدا قاسملۆ کوژرا، کێ لەوێ بوو، ئامانجەکەی چی بوو، لەوە نەدەترسا بیکوژن؟

دانوستانەکانی ڤیەننا بە دوو قۆناغ ئەنجامدرا، یەکەمیان لە کۆتا رۆژەکانی ١٩٨٨، و یەکەم رۆژەکانی ١٩٨٩، تیایدا داواکاریەکانی گەلی کورد لە ئێران خرانە روو، رێگەی نمونەییش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەم بەشەی کوردستان لە بۆچونی حیزبی دیموکرات لەسەر زمانی قاسملۆی تێدابوو.. وەفدی دانوستانکاری ئێران رایگەیاندبوو، توانای بڕیاردانیان نیە بەلام بە ئەمانەتەوە دەیگەیەننە بەرپرسەکانی تاران و پاشان گەڕی دووەمی دانوستانەکان دێت بە وردەکاری دیدگای بەرپرسە ئێرانیەکان لەم بارەیەوە، قۆناغی دووەمی دانوستانەکان لە رۆژەکانی ١٢ و ١٣ی تەموزی ١٩٨٩ ئەنجامدرا، وەفدەکەی ئێران بە پەیمانەکانی خۆیانەوە هاتن بۆ وردەکاری بۆچونەکانی رژێم، ئەویش بریتی بوو لە چەکی بڕینەر بۆ تیرۆر کردنی بەرپرس و نوێنەرانی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێران لەکاتی دانوستاندا. بەوەی ئەوان پێویستیان بە زانینی هەلوێستەوە هەبوو لە رۆژی یەکەمدا پیلانەکەیان جێبەجێنەکردو کردیانە رۆژی دوایی بۆ ئەوەی هاوکات بێت لەگەڵ یادی چلەی کۆچی دوایی خومەینی، پەیامەکەیان بە فیشەک و خۆین بەگەلی کورد گەیاند کە هیچ جیاوازی نەبوو لەگەل فەتواکەی خومەینی بە شەر و جیهاد کردن دژی کورد بەوەی دوژمنن و هاولاتی ئێران نین. ئەوەی جێگای سەرەنجی منە رێککەوتننامەی ئەتۆمی کۆتایی لە نێوان ئێران و ٥ +١ لە هەمان شار (ڤیەننا) و هەمان رۆژ کە قاسملۆی تێدا شەهیدبوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واژۆ کرا (١٣ی تەموز) ئایە ئەمە تەنها رێککەوت بوو یان مەبەستدار و رێکخراو بوو بەلایەنی کەمەوە لەلای کۆماری ئیسلامی؟ دیارە رژێمی ئێران تەنها بە تیرۆرکردنی قاسملۆ نەوەستا لە گۆرەپانی ئەورووپیدا، بەلکو دوای ئەوەی هەستا بە تیرۆرکردنی دکتۆر صادق شەرەف کەندی لە بەرلین، رووداوی چێشتخانەی میکونوس لە ١٩٩٢، کە پاش قاسملۆ ئەمینداریێتی حیزی دیموکراتی وەرگرتبوو، هەر لەو کاتەوە گەلی کوردستان لە ئێران رووبەرووی سەرکوتکردنی دەسەڵاتداران دەبنەوە بەهۆی داوا نەتەوەییەکانیانەوە، و گرتن و لە سێدارەدان دەرهەق بە چالاکوانان بەردەوامە، ئەوان بە جیاکاری نەتەوەیی و مەزهەبی دوولایەنە کار دەکەن بەوەی خەڵکی کورد سەر بەمەزهەبی سونەن.

## رۆڵی سەرۆکی پێشووی عێراق جەلال تاڵەبانی لەو دانوستانەدا چی بوو؟

تاڵەبانی رۆلی نێوەنگیری دەبینی لە دانوستانەکانی ڤیەننا، خۆی و ئەندامێکی تری مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەگەل خوالێخۆشبوو ئەحمد بن بلا سەرۆکی پێشوتری جەزائیر، لەبەشی یەکەمی دانوستانەکەدا. تاڵەبانی بەرپرسیارێتی پاراستنی گیانی قاسملۆی خستبوە سەر شانی خۆی و تۆڕێکی ئەمنی دروست کردبوو لە نزیکەی ٢٠ کەس، حەوتیان دەمانچەیان هەڵگرتبوو بۆ پاراستنی گیانی دانوستانکاران، دوای ئەوەی ئێرانیەکان زانیبویان ناتوانن بە ئامادەبونی تاڵەبانی پلانی تیرۆرەکەیان جێبەجێ بکەن، مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی گەڕی دووەم ئەنجام بدەن بە بێ ئەوەی کەس لەلایەنی سێیەم ئامادەبێت، بە پاساوی ئەوەی ئەوان ئێرانین و نابێ هیچ کەس لە کێشەی ئێراندا بەشداری بکات، دیارە قاسملۆ هەستی بەم پلانە نەکردوە لەگەل ئەوەی ئەزمون و زانیاری فراوانی هەبوو لە بارەی پیلانەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران و نیەتی غەدرو لە هەمبەر بەرهەلستکاران و بەتایبەتی دەرهەق بە سەرکردە مێژوویەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد.

## پێش ئەوەی بچێت بۆ دانوستان چی بە سەرکردەکانی حیزب راگەیاند؟

من ئەو کات ئەندامی سەرکردایەتی نەبووم، بەلام ئەوەی بیستومە، یەکەم دیداری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوان قاسملۆو نمایندە ئێرانیەکان بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی بوە رەنگە تەنها ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و جێگرەکەی زانیاریان هەبوبێت. بەلام پاش ئەوەی گەرایەوە کوردستان هاورێکانی لە سەرکردایەتی حیزب ئاگادارکردبوەوە دەربارەی وردەکاری نێوان خۆی و وەفدەکەی ئێران. دزای تێپەرینی چەند مانگێک بەسەر دیداری یەکەمدا، ئێرانیەکان پێشنیاری دیداری دووەمیان بۆ قاسملۆ کردبوو بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانەی دکتۆر کردبونی بۆ ئێران پێی رابگەیەننەوە، وەلامی قاسملۆ بریتی بوو لەوەی چاویان بە جێگرەکەی بکەوێت سادق شەرەفکەندی و وەلامەکەی ئێرانی پێ بلێن، بەلام ئەوان مکورِ بوون لەسەر ئەوەی دەبێ قاسملۆ خۆی ئامادە بێت و ئەوان ئامادە نین لەگەل هیچ کەسێکی تر دابنیشن، بەداخەوە ئەم مکورِیەی ئەوان دیسان سەرەنجی قاسملۆی بۆ پیلان رانەکێشابوو.

### چۆن هەواڵی شەهێد بونەکەیتان بیست؟

بەبێ گومان شەهید بوونی قاسملۆ رووداوێکی جەرگ بر بوو، سەرسورهێنەر بوو نەک بۆ هاورێکانی، بەلکو بۆ سەرجەم هاورێکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد لە ئێران و پارچەکانی تریش.. هەواڵەکەمان بەهەستکردنێکی شۆرشگێرانە وەرگرت بەوەی بە تەواوی بەرپرسیارێتی خۆی هەستاوە و تەواو کردنی رێگاکە دەکەوێتە سەرشانی هاورێ و قوتابیەکانی.. شەهید بوونی لەناکاوی یادکردنەوە شۆرشگێرەکانیمان هاتەوە یاد کە دەیوت: سەردەمی خۆمان لەسەر شانی خۆمانە ناگرین بۆ شەهید بوونی هاورێکانمان لەسەر رێگای خەبات پێویستە بە زیندویی رایانبگرین و رۆحی شەهیدەکانمان ئاسودە بکەین و بەردەوام بین لە خەباتکردن تا ئەو کاتەی ئامانجەکانیان بەدی دەهێنین کە لە پێناویدا قوربانیان بە رۆحی خۆیاندا یان پێیان بگەین لای نەمران. لەسەر خەباتگێرانی ئەو کاتە و هەر کەسە لە ناوچەی خۆی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و دەبو تەنها لەرێگەی لاسلکیەوە پەیوەندییان پێوە بکەین، سەرکردایەتی حیزب هەواڵی شەهید بوونی رابەرەکەیان دکتۆر قاسملۆیان بە شەرکەرەکان گەیان بەم شێوەیە: دکتۆر قاسملۆ شەهید بوو، بەلام حیزبەکەی ماوەو خەباتمان بەردەوامە. ئەم پەیامەو هەلوێستەکانی پاشتری سەرکردایەتی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگەکان و زیاد بوونی حەماسەتی گەنجان، بەشێوەیەک دوای رووداني تیرۆرکردنەکە لەماوەی چەند مانگێکدا ٤٨٠ گەنج پەیوەندییان بەرێزەکانی پێشمەرگەوە کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کێ بەشدار بوو لە تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملۆ؟

لەگەڵ ئەوەی لیستێکمان لایە بەناوی ئەوانەی بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان کردوە لە پرۆسەی تیرور کردنەکەدا لەنمونەی مستەفوی و سەحراودری و بزورگیان بەنی هاشمی و ئەحمەدی نەژاد، بەڵام لەمانە گرنگتر بریاری تیرۆرکردنەکە لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتی رژێمی ئێرانیەوە دەرچـووە، لەخودی خامنەییەوە، لەبەرئەوە ژمارەیەک لە دەستەبژێر بەشدار بوونە لە پرۆسەکەدا و جێبەجێکردنەکەی بە کۆمەڵێکی ئاسایی نەدراوە.

## لە ئەمرۆدا ئێران بەرەو کوێ؟

قورسە شرۆڤەکاران بزانن دۆخی ئێران لە ئایندەدا بەرەو کوێ دەروات، چونکە ئەم رژێمە لە شێوەی هیچ رژێمێکی دونیادا نیە تاپێشبینی بۆ بکرێت بە وەلامدانەوەکانی یاخود بە ئایندەی رژێمێکی دیکتاتۆری کە خاوەنی بەلێن نیە. ئەوەی دەتوانم بلێم لەم بارەیەوە ئەوەیە؛ رژێمی دەسەلاتدار لەئێران ناتوانێ بەردەوام بێت لەسەر ئەم میتۆدە، دەبێ میتۆدەکەی بگۆرێ (ئەمەش بەدوور دەزانـم)، یان دەبێ گۆرەپان چۆل بکات بۆ رژێمێکی نوێی گونجاو لەگەل سەردەمەکە، دیسان ئەمەش پێویستی بە خەیاتێکی قورس و پێشکەش کردنی قوربانی هەیە.

## ئێران هاوبەش یان دوژمنی ئەمریکایە؟

دووپاتکردنەوەی سەرکردەکانی ئەمریکاو ئێران لەسەر زاری دەسەلاتدارەکانیانەوە بەردەوامیدانە بە میتۆدەکانیان لە هەلس و کەوت کردنیان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان و رونکردنەوەی ئەوەی پێی گەیشتون لە گفتوگۆکانی ڤیەننا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەردوولایان نەگەیشتونەتە چارەسەری کێشەکانیان، ئەوەی کراوە رێککەوتنە لەسەر بنەمایەک دەکرێ خزمەتی هەردوولایان بکات بۆ ماوەیەکی کورت.. لەبەر ئەوە وەک خۆم پێشبینی ئەوە ناکەم ئەم رێککەوتنە بـەردەوام بێت هەتا لەسەر ماوەی بریار لێدراو لەسەر دەقی رێککەوتنەکە و قورسی زۆر دێتە بـەردەم جێبەجیکردنەکەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەرا ئەوەش ڕێککەوتنەکە لەلایەن دەسەلاتی یاساییەوە تا ئێستا پەسەند نەکراوە چ ئەمریکا چ ئێران، بەدوریش نازانرێ پەسەند کردنەکەی بەربەستی زۆری بێتە بەردەم.. لەسەر ئەم بنەمایە، بروام وایە قورسە ئێران و ئەمریکا لە ئایندەدا ببنە دۆست، چونکە ئەم ڕژێمە لەسەر دەسەڵاتە، بەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە بە واز هێنان لەدروشمی مەرگ بۆ ئەمریکاو پێناسە کردنی بە شەیتانی گەورە.

## چارەنوسی کوردەکانی ئێران چیە؟

ناتوانم پێشبینی بۆ چارەنوسی ئایندەی کوردی ئێران بکەم، ئەوەی دەتوانم دڵنیایی بدەم بەردەوام بوونی خەباتە لە پێناو بەدەستهێنانی داواکاریەکان لەگەڵ بوونی هەموو بەربەستەکاندا. بەلام چۆن ئەمە بەدەست دەهێنێت ناتوانم ڕێگەیەکی تایبەت دابنێم، بەتایبەتی من وای دەبینم کوردی ئێران هەروەک لە رابردوودا سەلماندویانە ئامادەن بۆ هەموو ڕێگاکان خەبات پەرە پێبدەن و بەردەوام بن.. دەبێ ئەم گەلە هەر سەربکەوێ دوور بێت یان نزیک چونکە ئەمە یاسای ژیانە و ئێران ناتوانێ لەم ڕێسایە دەربچێت.. بەلام دیاردەی پارچە بونی بەرهەلستکاران ی کورد لە ئێران زۆر تاڵە لە راستیدا، لە پێشدا کوردی پێوە دەناڵێت پێش هەموو کەسێک ، بەڵام ئەم دۆخە تایبەت نیە بەبەرهەلستکارانی کورد بە تەنها وەک دەزانن، ئەمە نەخۆشیەکە جولانەوە رزگاریخوازەکانی گرتۆتەوە هەتا حیزبە سیاسیەکانی وڵاتە پێشکەوتوەکان، پێویستیشە ئەم دۆخە کۆتایی پێ بێت لە پێناو ئامانجە هاوبەشەکانی کە هەموو لایەنەکان کۆ دەکاتەوە.

ڕاپەرینی مەهاباد بەهۆی کوشتنی کچە کوردێکەوە بەناوی فریناز خوسرەوانی دۆخێکی دابڕاو نیە، بەڵکو زنجیرەیەکە لە زنجیرە قورس و درێژەکانی کورد لە ئێران لە پێناو ئامانجەکاندا. بەلی ڕاپەرینی مەهاباد کۆتایی هات بە لام خەباتی قارەمانانەی ئەم گەلە کە ڕاپەرینی مەهاباد زنجیرەیەکی بەردەوام بوەو دەسکەوتی سیاسی بەدەستهێناوە و لە گرنگترینیان سەربەرزی کورستانە، هەروەها سەرجەم خەباتگێڕانی ئێران بە ڕێز و هیواوە لێی دەڕوانن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**وەک بەرهلستکارانی کورد هیچ گفتوگۆیەک لە نێوان ئێوەو ئەمریکا و رۆژئاوا هەیە؟**

لەگەڵ ئەوەی من ئەندامی سەرکردایەتی هیچ حیزبێکی کوردی نیم لە ئێستادا، بەلام ئەوەندە دەیزانم زۆربەی پارتە کوردیەکانی ئێران پەیوەندییان لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکادا و هەندێ ولاتی رۆژئاوادا هەیە، جگە لەوەش وەک خۆم نەمبیستوە گفتوگۆ هەبێت، هیوادارم هەلە بم.

**گەلی کورد لە ئێران چاوەڕوانی چی لە ئێوە دەکات؟**

گەلی کورد لە ئێران چاوەڕوانی ئەوەیە لەسەرجەم گروپەکانی جولانەوەی کورد بەردەوامی بدرێ بەخەباتی رزگاریخوازیی تا بەدەست هێنانی ئامانجەکان، بەبێ گومان گەل دەیەوێ پارتە شۆرشگێرەکان کۆتایی بە ناکۆکیەکانیان بهێنن و لە نێو یەکتریدا رێکبکەون لەسەر بنەماو ئامانجی هاوبەش کە هەموان بڕوایان پێ بێت و بەیەک ڕێز بوەستنەوە دژی هەر لایەنێک کە هیواکانی گەلی کورد تێکدەدات. هیوادارم هەموان داوای گەلی کورد ببیستن، کە خۆشی دەوێن و هیوایان لەسەر هەڵچنیوەو هەموو باشەیەکیان دەوێ بۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# عەبدوڵڵا حەسەن زادە: لەوانەی دیومن کەسم لە سەرووی دوکتۆر قاسملوو نەدیوە

**عەلی بداغی**

**٣٠ ساڵ لە تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی تێپەڕی کە لەسەر مێزی وتوویژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەلایەن ئەوانەوە درانە بەر دەستڕێژ. ناودارێکی کورد دەڵێ: «میللەتی کورد وەجاخ کوێر نییە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێ کورد کوڕی دیکەی نەبووە بڵێ قاسملووم.» خاوەنی ئەم وتە بەنرخە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە تێکۆشەری دێرین، یاری غاری دوکتۆر قاسملوو، و هاوسەنگەری بەوەفای بەڕێزیانە؛ کە لە دیدارێکی تایبەتدا هاتووینەتە خزمەتی بۆ ئەوەی بە بۆنەیساڵیادی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو، لەگەڵ بەڕێزیاندا یادێکمان لە قاسملووی نەمر و باسێکمان لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی ئەم زاتە گەورەیە لە زمان بەڕێز مامۆستاوە کردبێ.**

**عەلی بداغی: مامۆستا با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم کە جەنابت یەکەم جار دوکتۆر قاسملووت لە کوێ دیت؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** جارێ لە پێشدا با بڵێم سڵاو لە یادی دوکتور قاسملوو، سڵاو لە گیانی پاکی، سڵاو لە هەموو ئەوانەی کە لە پێناو بیروباوەڕەکەی دوکتور قاسملوودا شەهید بوون، سڵاو و ئاواتی سەرکەوتنیش بۆ ئەوانە کە ئێستاش هەر لە ڕێگەی دوکتور قاسملوو و پێشەوا و بەگشتی حیزبی دێموکراتدا خەبات دەکەن.

ئەمن لەمێژ بوو لەگەڵ ناوی دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم، بەڵام دیتنم بۆ یەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ی زایینی کە دەبێتە ١٣٤٩ی خۆمان، ئەو وەختە کە ڕێککەوتن لە بەینی دەوڵەتی عێراق و بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیدا هەبوو؛ دوکتۆر قاسملوو لە دەرێڕا هاتبوو بۆ پیرۆزبایی لە مەلا مستەفا و لە عەینی حاڵدا بۆ پێوەندی بە هاوڕێیانیەوە لە حیزبی دێموکراتدا. چونکی ئەو وەختی حیزبی دێموکرات زۆر پەرشوبڵاو بوو، بێجگە لەوانەی وڵات کە سابیتن، ئەوانی دیکە ژمارەیەکمان لە دەرێ بوون کە پێکەوە پێوەندیی دۆستایەتییان هەبوو نەک پێوەندیی ڕێکخراوەیی. بەشێکمان لە مەنتەقەی شۆڕش لە کوردستانی عێراق بووین، بەشێکیش لە مەناتیقی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق بوون. لەوێ لە زیمنی سەردانی مەلا مستەفادا، مەرحوومی دوکتور قاسملوو چاوی بە برادەرێکمان کەوتبوو بەناوی کاک ئەمیری قازی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو؛ لەوێ باسی ئەوەی کردبوو کە پێم خۆشە یەکتر ببینین. ئێمەش بۆخۆمان کۆبوونەوەیەکمان کرد، بڕیارمان دا دەعوەت لە دوکتور قاسملوو بکەین بێتەوە نێو ڕێبەریی حیزب و تەنانەت وەکوو مەسئوولیش لە ڕێبەریی حیزبدا بێ. بەڵام ئیدی ئەو دیدارە ئەو وەختی نەکرا؛ وا دیاری کرا کە دوکتور قاسملوو بچێتەوە و پاش ماوەیەک بێتەوە. ڕاست تاریخەکەیم لەبیر نییە بەڵام لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩٧٠دا بوو کە بۆ یەکەم جار لە بەغدا چاوم بە دوکتۆر قاسملوو کەوت و، دیدارێکی پێنج – شەش ڕۆژەمان هەبوو. کە لە جێی دیکەدا باسم کردوە، لەوێ شەش نەفەر کۆ بووینەوە، حەوت کەسمان کردە ئەندامی کومیتەی ناوەندی(پێکەنین) لە حاڵێکدا نە کۆنگرە بوو نە کۆنفرانس.

**عەلی بداغی: سەرەتایەکی گرینگ زۆر گرینگ بۆ بنیاتنانەوەی حیزبی دێموکرات، بۆ ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات کە بوو بە ڕفیقایەتییەکی پتەویش لە نێوان جەنابت و دوکتور قاسملوودا کە هەتا کاتی شەهیدبوونی ١٩ ساڵی خایاند. مامۆستا ئەدی دوادیدارت لەگەڵ دوکتور قاسملوو کەی بوو، لە کوێ بوو و، ئەوەندەی لە بیرتان مابێ باسی چیتان دەکرد؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دوا دیدار لە کاتێکدا بوو کە ئەمن لە ڕێبەریی حیزبدا نەبووم، دوای کۆنگرەی هەشت بوو کە ئەمن هەڵنەبژێرامەوە ببمە ئەندامی کومیتەی ناوەندی، بەڵام پێوەندییەکە هەر پێوەندییەکی مامۆستا و شاگردی بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**عەلی بداغی: خۆت کاندید نەکردبوو مامۆستا!**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** موهیم نییە ئەوە، موهیم ئەوەیە نەبوومە ئەندامی ڕێبەری. دوکتۆر قاسملوو لە هەموو موناسەبەتێکدا زۆری لوتف لەگەڵ من دەکرد، تەنانەت لە مەسائیلی سیاسیدا دەکرێ بڵێم هیچ مەسەلەیەکی عومدەی سیاسی نەبووە، کە لەگەڵم باس نەکا و من ئاگادار نەکاتەوە هەرچەندە لە ڕێبەریدا نەبووم؛ ئەمە هەر تایبەت بەو دواییانە نەبوو پێشێش هەر وابوو. بەینی کۆنگرەی چوار و پێنجیش کە ئەمن دیسان لە ڕێبەریدا نەبووم، ئەو پێوەندییەمان هەر هەبوو. ئاخر دیدار ئەوە بوو کە لەدوای ناردبووم بچم، بۆ یەکەم جار تەواوی قەزیەکەی لەگەڵ من باس نەکرد بەڵام بە شێوەیەکی سەربەستە لە واقیعدا ئەو داستانەی لەگەڵ باس کردم؛ کە بەداخەوە سەری تێدا چوو. پرسیاری کرد کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی ئامادە بێ وتووێژمان لەگەڵ بکا، ئەتۆ نەزەرت چییە؟ گوتم جا سیاسەتی ئەم حیزبە داڕێژراوە، ئەم حیزبە قەتی وتووێژ نەفی نەکردوە. بەڵام بەپێی ئەو زەوابیتە کە ئێمە پەسەندمان کردوە تەنانەت بۆخۆشت گەڵاڵەت کردوە؛ جا ئەووەڵ جار ئەو شرووتە دوکتور قاسملوو بۆخۆی گەڵاڵەی کردبوو و دوایە بەبێ شک ئەوانی دیکەش دەستکارییان تێدا کردبوو. ئەوە ئاخرجار بوو کە ڕۆیشت و بەداخەوە ئیدی یەکترمان نەدیتەوە.

**عەلی بداغی: مامۆستا پێش ئەوەی بێمە سەر پرسیارە سیاسییەکان ڕەنگبێ بیرهێنانەوەی ئەو ڕۆژانەوە و ئەو کات و ساتانەش بۆ جەنابت زۆر ناخۆش بێ، بەڵام بێگومان بۆ بینەرانمان گرینگە کە ئەگەر بکرێ باس لەو ئانوساتەش بکەی کە هەواڵی تێرۆرەکەت بیست. لەو کاتەدا بیرت لە چی دەکردەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەو ئانوساتە ئانوساتێکی ناخۆش بوو بەڵام بۆ ئێمە وەک دەڵێ تەدریجی بوو، ڕۆژی هەینی بوو، ڕۆژی جێژنی قوربانیش بوو، ئێمە شوێنی کاری دەفتەری سیاسیمان لە دێیەک بوو بەناوی «بۆڵێ» لە بناری قەندیل، بەڵام ماڵەکانمان لە دێیەکی دیکە بوو هەر لە بناری قەندیل بەناوی «ئێندزێ». ڕۆژانە هاتوچۆمان دەکرد بەڵام ڕۆژانی جێژن و تەعتیل نەدەچووین. دەوری سەعاتی نۆ و ئەوانە بوو ماشێنێکمان بەدووودا هات لەبیرم نییە کاغەزی لەگەڵ بوو یان نا، بەڵام


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێویست نەبوو ئەگەر کاغەزیش نەبووبێ. گوتی: کاک دوکتور سەعید داوا دەکا بێن. کاک مستەفای هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، ئەو و من. کە چووین لە ڕێگادا ئەو کوڕە پێی گوتین: دەڵێن لە ئۆتریش تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە. گوتمان: باشە چ بووە چ نەبووە؟! گوتی: مەعلووم نییە، هەر ئەوەندە دەزانین تەقە لە هێندێک ئێرانی کراوە بەڵام کێن، کێ نین، بریندار بوون، کوژراون یان چی نازانین. هەتا چووینە لای شەهید دوکتۆر سەعید، دوکتور سەعید دیارە بە پارێزەوە بەڵام بە سەراحەت مەسەلەکەی لەگەڵ باس کردین. جارێ عەکسولعەمەلی من لە باری سیاسییەوە ئەوە بوو کە گوتم کاری عێراقییە. چونکی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ عێراق هەبوو زۆری عێراق ئەزیەت دەکرد. هەر حیزبەکەمان وابوو چەند جار ئێمە دەوڵەتی عێراقمان بەتۆمەتی کاری فاشیستی لە بەیانییەی ڕەسمیدا سەرکۆنە کردوە. دوکتور سەعید گوتی: ئەوەی تۆ بۆی دەچی وایە بەڵام هەندێک شت هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە. گوتم وەک چی؟ گوتی: وەڵڵا ئاوەهایە. دیارە کاک مستەفا ئاگای لێ بوو، ئەمن ئاگام لە تەفسیلاتەکەی نەبوو. گوتم: جا کەوابێ موناقەشەی ناوێ، ئەوە وتووێژ بۆ مافدان نەبووە، وتووێژەکە بۆ ئەوە بووە کە ئەوی لەبەین بەرن. لەوێدا وەختی گریان نەبوو، چونکی لە سەعاتی وادا دوکتۆر قاسملوو شەخسی منی فێر کردبوو، کە دەبێ ڕووحییەمان لە شعوورمان بەقوەتتر بێ. چۆنی فێر کردم؛ یەکەم ئەندامی کومیتەی ناوەندیمان کە شەهید بوو مەرحوومی قادری ویردی بوو. ئێمە لە کومیتەی ناوەندی ١١ کەس بووین، ئەو شەهید ببوو، دوومان لە دەرێ بوون، هەشتیشمان لەوێ بووین. حەوت کەسمان دەگریاین زۆر سەیر دەگریاین؛ تەنانەت کەسێکی وەکوو مەرحوومی کەریمی حیسامی کە پیاوێکی هەم بەتەمەن، هەم بەئیستلاح کارکوشتە بوو. دوکتۆر قاسملوو تانەی لەمن دا، گوتی: هەستە وەختی گریانێ نییە وەرە با بچین بەیاننامە بنووسە. پیلی گرتم ژوورێک لەسەرێ بوو کە مەعموولەن بۆخۆم لەوێ کارم دەکرد؛ کاری نووسین و شت. گوتی: دانیشە بەیاننامەکە بنووسە، گوتم: دوکتۆر مێشکم هیچی تێدا نییە. گوتی: ئەوە ئەووەڵتە، سەت حاڵەتی وا دەبینی، لەو وەختانەدا ئەتۆ دەبێ ڕووحییەت بەقوەت بێ. یەک - دوو کەلیمە ڕێنوێنیی کردم و بەجێی هێشتم، مەجبوور دانیشتم ئەو بەیاننامەی کە دەبوو حیزب دەری بکا نووسیم. جا لەو لەحزەیەدا ئەوەم وەبیر هاتەوە کە دەبێ ئێمە ئەوەندەی دەکرێ ڕووحییە بدەین بە خەڵکی. پاش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەک هێندێک کارمان کرد، یەکێک لە کارەکان ئەوە بوو، شتێکمان گەڵاڵە کرد بۆ خەڵک کە بەرنامەی ڕادیۆ بڵاوی بکاتەوە: بەداخەوە خەبەرمان وەرگرت کە دوکتۆر قاسملوو لە ڤییەنی تەقەی لێ کراوە، ئێمە لەگەڵ ڕەفیقەکانمان لە ڤییەن لە تەماس‌داین بزانین نەتیجەکەی چییە. بۆ ئەوەی یەکسەر خەبەرەکە نەدرابێ. کاری دووەم ئەوە بوو کە شتێکی چووکەڵەمان نووسی، بە بێسیم بیدەین بە تێکۆشەرانی حیزبی، ئیدی بۆ ئەوان ئاوا نووسرا: دوکتۆر قاسملوو شەهید بوو، بەڵام بیروباوەڕەکەی زیندوویە، حیزبەکەش زیندوویە؛ شتێکی ئاوا کورت. دواتر ئەمن بە مەرحوومی دوکتۆر سەعیدم گوت: ئەتۆ کارەکانت بکە، ئەمن دەچم بەیاننامەی دەنووسم بێ‌ئەوەی ئەو پێم بڵێ. چووم، دانیشتم بۆ بەیاننامەنووسین بەڵام ئیدی لەوێ نۆرەم بوو، چەند جار لە زیمنی نووسینەکەدا - خۆ ئەو وەختە کامپیۆتێر نەبوو -، کاغەز و قەڵەم بوو، مەجبوور دەبووم کاغەزەکەم لابەرم هەتا ئەوەی نووسیومە بە ئاوی چاوم ڕەش نەبێتەوە. بەهەرحاڵ ئەوە عەکسولعەمەلەکە بوو.

**عەلی بداغی: زۆر ناخۆش بوو وەبیرهێنانەوەی ئەوە. مامۆستا تێکەڵاوی و کاری هاوبەش و هاوڕێیەتی و هاوسەنگەر بوون لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو، بێگومان هەر کەسێک کە لەگەڵی بێ کاریگەریی زۆری لەسەر دادەنێ؛ پێم خۆشە بزانین دوکتۆر قاسملوو لەسەر کام ڕەهەندی ژیانت جیا لە ڕەهەندی سیاسی کە باست کرد کاریگەریی داناوە؟ لەسەر چ لایەنێکی بیرکردنەوەی جەنابت زۆرتر کاریگەری هەبووە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** هێمن لەبارەی مەلا ئەحمەدی فەوزییەوە دەڵێ: ئەمن دروستکراوی دەستی مەلا ئەحمەدی فەوزیم. ئەگەر موبالەغە نەبێ ئەمنیش وا دەڵێم، هەم لە باری سیاسییەوە، هەم لە باری ئاداب و ڕەفتار و بەتایبەتی هێندێک شتی زۆر گەورەی هەبوو کە ئێمە هەر ڕەعایەتمان کردبێ و تۆزێک بەلایدا چووبین هەر زۆرە. ئەو ڕۆحگەورەییە، دێموکراتبوون، کەمتر بیرلە تۆڵەکردنەوە، نەزاکەتی کەلام لە نووسیندا، لە زۆر بارەوە ئەخلاقی دوکتۆر قاسملوو بۆ ئەوە دەبوو، پیاو ڕەچاوی بکا و لێی فێر بێ. ئەوەی کە لە موقەدەمەی قسەکاندا باست کرد، وا بوو. یەعنی لێی زیاد دەکەم ئەمن لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو و لەگەڵ زۆر کەس دانیشتووم، هیچ کەسم لە سەرەوی دوکتور قاسملووی نەدی، هیچ کەس.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## جوانترین وەسف بوو لە پەسنی قاسملوودا هیچ لەبەر تەعەسسوبیش وا نالێم؛ واقعیەت دەڵێم

**عەلی بداغی: بێینە سەر پرسیارە سیاسییەکانمان لەم دیدارە تایبەتەدا، زۆر جار دەبیستین: کە دەڵێن حیزبی دێموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی کورد هەتا ئێستاش بێقاسملوویی پێوە دیارە. ئایا ئێوەش وا بیر دەکەنەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن وا بیر دەکەمەوە کە چەند لایەنی هەیە، ئەوەڵەن جێی هیچ کەس پڕ نابێتەوە، نەک دوکتۆر قاسملوو بەڵکوو جێی خەڵکی دیکەش. چونکی ئێمە بەنناپەک نیین ئیحتیاجیمان بە دە فەعلە هەبێ، ئەگەر یەکێکیان نەخۆش بێ یەکی دیکە لە جێگەی دادەنێ. ئێمە قەزیەیەکمان بە دەستەوەیە ئیحتیاجیمان بە هەمووان هەیە، کەوابێ جێی هیچ کەسمان بۆ پڕ نابێتەوە. شتێکی دیکە دووبارە دەڵێم، بە مردنی هیچ کەس نابێ جێیەکە بەتاڵ بێ، نابێ ڕەوتەکە بوەستێ. ئەسڵەن هونەری ڕێبەرێکی سیاسییش لەوەدایە کە وای کار کردبێ، وای خەڵک پێ گەیاندبێ کە دوای خۆی کارەکە بڕوا؛ دەنا هونەرێکی نییە فەقەت ئەو وەختە کار بڕوا کە بۆخۆی دەیکا. بەڵام ئەگەر ئەوەی لێ دەرچێ، بەڵێ ئەمنیش باوەڕم وایە کە بێقاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە هەتا ئێستا دیارە. چونکی بۆخۆی ئەو چەترە بوو کە هەمووی خڕ دەکردنەوە لە عەینی حاڵدا ڕێبەرێکی گەورە بوو.

**عەلی بداغی: بە دیوێکی دیکەی ئەم باسەدا، بەهەر حاڵ کۆمەڵێک ئەندامی ڕێبەری، کۆمەڵێک کادری تێکۆشەر، کۆمەڵێک پێشمەرگە هەن لەو نێوەدا، بەهەرحاڵ دوای قاسملوو ئەم حیزبە درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی داوە؛ ئایا ئەمە غەدرێکیش لەم ڕێبەرییە نییە کە بەهەرحاڵ بە شەو و شەونخوونی بە قوربانیدان ئیدامەی کاریان داوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** عەرزم کردی، گوتم نابێ کارەکان ڕاوەستن، کارەکان ڕۆیشتوون و چاکیش ڕۆیشتوون. تەنانەت لەدوای شەهیدبوونی کە ئەمن لە بەخاک سپاردنەکەیدا بەشدار بووم، هاتمەوە موساحەبەیەکی ڕادیۆییمان کرد؛ باسی ئەوەم کرد کە دوکتۆر قاسملوو تەمرینی نەمانی خۆی بە ئێمە دەکرد،ساڵی لە سێ مانگەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا شەش مانگ بەجێی دەهێشتین، بۆ ئەوەی ئێمە کارەکانمان بکەین. تەنانەت جارێکی – ئەمن کەمێک سەریحم لەو شتانەدا– دەگەڵ خۆی قسەم دەکرد، گلەییم لە شتێکی کرد گوتم: لە کاری خۆیدا کاک دوکتۆر سەعید بەمشوورتر و مودیرترە تا تۆ. گوتی: چۆن وا دەڵێی دوکتۆر سەعید ڕادیۆی ئیدارە دەکا ئەمن حیزب ئیدارە دەکەم. گوتم: نا حیزب هەموومان ئیدارەی دەکەین، ئەتۆ بەتەنێ ئیدارەی ناکەی. فێعلەن هەرواش بووە. ئەمن لە پێشەوەش کە هەموومان لە بیرمانە ئەووەڵ قسەکانم ئەوە بوون کە سڵاوم لەوانە کرد کە ڕێگاکەی ئیدامە دەدەن، بەڵێ ئەوان فەزڵیان هەیە، هونەریان هەیە لە هیچی کەم ناکەمەوە، بەڵام ئەوە حەقیقەتێکی تاڵە و تەنانەت کەمێکیش تەقسیری ئەو خەڵکەیە، کە ئێستا دەڵێن قاسملوو جێی بەتاڵە، بریا قاسملوو دە کەسی لە جێ بایەن.

**عەلی بداغی: مامۆستا فاکتێکیش لە کەسانی غەیرە کورد بێنینەوە، مەسەلەن بۆ نموونە کریس کۆچێرا دەڵێ: «ئەگەر قاسملوو مابا ڕەنگبێ پرسی کورد لە شەرایەتی ئێستادا بەرەو ئاقارێکی دیکە چووبا» و ئەوەش هونەری قاسملوو بوو، یان جاناتان ڕەندڵ دەڵێ: «کەسم نەدیوە وەک قاسملوو لە دانیشتن لەگەڵ هەموو ڕێبەرانی دنیادا توانای ڕاگرتنی سەربەخۆیی فیکری و سیاسیی خۆی هەبووبێ.» ئەم وەسفانە، ئەم پێناسەکردنانە چ مەنتقێکی لەپشتە؟ ئەوانە قسەی کۆمەڵێک کەسی ئورووپایین کە ئێحساسی قسە ناکەن.**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دوکتۆر قاسملوو جەززابترین ڕێبەری کورد بوو بۆ هەموو خاریجیەکی، ئەمن شتێک دیکە زیاد دەکەم؛ دوکتۆر کوشنێر لەسەر جەنازەکەی لە زیمنی قسەکانیدا گوتی: «هەتا دەمدی شتی تازەی لێ فێر دەبووم»، جا قسەکانیش دەقاودەق پێم خۆشە وەک خۆی بن. چونکی ئەمن زۆرم پێ جالب بوو بڵێم؛ قسەی جاناتان ڕەندال ئەوەیە کە دەقیقەن دەڵێ: «تەنیا ڕێبەری سیاسی بوو کە دەیتوانی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکیش دابنیشێ قسەی خۆی بکاو ئازادیی سیاسیی خۆشی نەدۆڕێنێ.» ئەوە وەسفێکی زۆر گەورەیە. ئەو لەگەڵ دەوڵەتانیش (ئەوەندەی دەکرا، لەگەڵ وەزیری خاریجە، لەگەڵ دەوڵەت، جاری وا بووە لەگەڵ ڕێبەری دەوڵەتیش دانیشتوە) بەڵام قاسملوو هەر قاسملوو بووە و حیزبەکەی هەر حیزبەکەی بووە. حیزبەکەشی فێر کرد کە بەبێ ویش هەر سەربەخۆ بمێنێتەوە و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی بپارێزێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**عەلی بداغی: لە زیمنی قسەکانتدا ئاماژەیەکیشت بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئەو کات بەپێی شەرایەتی سیاسی، لەگەڵ مەسەلەن دەوڵەتی ناوەندیی عێراق پێوەندیمان هەبوو بەڵام دوکتۆر تەنانەت ئەزیەتیشی دەکردن.**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** تازە زیندانی ئێمە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆمباران کرابوو، بەیاننامەیەکمان لەسەر نووسیبوو؛ زۆر توند. بە فاشیستمان ناو بردبوون و مەحکووممان کردبوون. کە سەفەرمان کرد لە کەرکووکێ نانی نیوەڕۆیان بۆ دوکتور قاسملوو ئامادە کردبوو، ئەمنیش لەو وەختەدا بەرپرسی ڕادیۆ بووم. هەر وەژوور کەوتین ئەو دەیناسی ئەمن نەمدەناسی، دوکتۆر گوتی: «ئەوەش وەزیری ئێعلامی ئێمەیە»، هێشتا دانەنیشتبووین کابرا گوتی: «یانی بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتی؟» گوتم: «عەمەلیاتی دۆڵەتوو ئەتۆ دەستوورت دابوو؟» دانیشتین، چایان هێنا دوکتۆر قاسملوو گوتی: «بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە.» نازانم نووسیبووی یان نا، چونکی ئەمن ئەو وەختی لە سنە بووم، ئەمن نەمنووسیبوو. گوتی: «ئەمن نووسیومە بەڵام ئەتۆ دۆستی منی حەق بەخۆت دەدەی بێی زیندانەکەم بۆمباران بکەی، زیندانییەکانم بکوژی، تەنانەت پێشمەرگەکانم بکوژی؛ حەق بەمن نادەی مەحکوومت بکەم؟ حیزبی دێموکڕات ئەو پێوەندییانە نازانێ.

**عەلی بداغی: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو لە سیاسەت و لە کاری سیاسیدا هەلومەرجی دەخوڵقاند یان زیاتر لە هەلومەرجە ڕەخساوەکان بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکەی و نەتەوەکەی باشترین ئیستفادەی دەکرد؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەکرێ بڵێین ڕێبەرێکی سیاسی بەتایبەتی ڕێبەری سیاسیی حیزبێک کە لە دەسەڵاتدا نییە، قەت ناتوانێ هەلومەرج بخوڵقێنێ، بەڵام ئیدە دەخوڵقێنێ و، مەرحەلەی دووهەمی کە باست کرد بەڵێ وا بوو. لە هەلومەرجی مەوجوود زۆر باش وەدەست دەهات و زۆر زوو ئیستفادەشی لێ دەکرد. تەنانەت جاری دیکەم گێڕاوەتەوە با تیکراریش بێ دەیڵێم؛ساڵی ١٣٥٧ ئەو لە دەرەوە بوو ئێمە لە عێراق بووین، هاتەوە گوتی: «ئێمە ئیدی نابێ لێرە بین دەبێ بچینەوە، وڵاتی ئێمە دەگۆڕێ.» ئەو وەخت لە ئێران بە کەست گوتبا شا دەڕوا، ئیدی نازانم چی پێ دەگوتی! دەیگوت شێت بووە. بەڵێ تەوزیحی دا و بە قسەمان کرد و بڕیارمان دا، هێندێکمان بگەڕێینەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک حەسەنی ڕەستگار گوتی: «شا ڕۆیی!» گوتم: «بۆ؟» گوتی: «ئەو کابرایە وەک سوورەداڵەی بەبن باڵی خۆیدا دەڕوانێ. پێشبینییەکانی وان.» بەڵێ فێعلەن وابوو.

**عەلی بداغی: هەر بەو پێیە ئەگەر دوکتۆر قاسملوو لە ژیاندا مابا، بەپێی ئەو هەلومەرجانەی کە لە دوای شەڕی کەنداو لە مەنتەقەی ئێمە دروست بوون، ئایا دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ هەمان بڕیار و هەمان تەسمیمگیری دەبوو کە ڕێبەریی حیزب کردیان؟ (بە گشتی عەرزت دەکەم نەک لە مەوردێکی خاسدا) یان ڕەنگبێ ئەو کاتە بڕیارەکان جۆری دیکە بان؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نا، ئەمن پێم وایە لەو بارەیەوە، هەندێک موبالەغە لە توانای دوکتور قاسملوودا نەکەین؛ ڕەنگبێ لە تەکنیکدا تەکنیکی وردتر و جوانتر ڕەعایەت بکرێ بەڵام ئەو هەلومەرجەی خولقا ئەگەر دوکتۆر قاسملووش مابایە؛ ئێمەی تووشی ئەو حاڵەتە دەکرد. زۆر جار پێمان دەڵێن ئەوە کەمپنشینییە حیزبی دێموکراتی وا لێ کردوە. نا بابە کەمپنشینی وای لێ نەکردوە؛ هەلومەرجی خەباتەکە وایە کەمەجبووری کردووی و کردووتی بەکەمپنشین. کەمپنشینی نەتیجەی هەلومەرجەکەیە، نەک هەلومەرجی ئێستامان نەتیجەی کەمپنشینی بێ. ئەگەر هەلومەرجەکە وا نەبێ، لێرەڕا بە چوار سەعاتان دەچینەوە وڵاتی خۆمان. کەوابێ دوکتور قاسملووش مابایە شتی وا هەر دەبوو، جاروبار هەندێک موبالەغە دەکەن لە توانای دوکتۆر قاسملوودا. ئاخر ئێستا هەر یەکە و بۆخۆی دوکتۆر قاسملوویەک دروست دەکا؛ بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندیوە. دەڵێن ئەگەر دوکتور قاسملوو مابایە حیزبی دێموکرات دوولەت نەدەبوو، دوکتۆر قاسملوو مابوو ٣ ئینشعاب لە حیزبی دێموکراتدا کرا.

**عەلی بداغی: زیاتر مەبەستم ئەوە بوو کە دەڵێن ئەگەر دوکتۆر قاسملوو مابا ڕەنگبێ ئێمە لە قەندیل دانەگەڕابایین، ئەوەش نموونەیەک؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەدی بۆ هاتینە قەندیل؟ بۆ چووینە گەڵاڵە؟ بۆ چووینە گەورە دێ، لە مەنتەقەی چوارتا؟ خۆ ئەودەم دوکتۆر قاسملوومان مابوو. لە مەنتەقەی چوارتاوە بۆ هاتووینە قەندیل؟ دوکتور قاسملوومان لەوێدا لەگەڵ بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەندێک موبالەغەیە لە وەسفدا. دوکتۆر قاسملوو ئەوەندە گەورەیە پێویست ناکا بە قسەی خیلاف گەورەی بکەین!

**عەلی بداغی: بەڵێ. مامۆستا پێم خۆشە هەر لە زمان جەنابتەوە بڕێک زیاتر لایەنە جیاوازەکانی کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو باس بکەین، چی دوکتۆر قاسملووی لە بڕیارداندا، لە ڕێبەرانی دیکەی کورد جیا دەکردەوە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دەتوانم بڵێم ئەوەی لە هەموو خەسڵەتێکی دوکتۆر قاسملوو بارزتر بوو، دێموکراتبوون بوو. یەعنی دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا کە بەتەنێ (هەر ئەوە تەعلیماتی حیزبیش بوو دەڵێ: «کادری حیزبی دەبێ لە وەختی زەروورەتدا بتوانێ بۆخۆی بڕیار بدا») تەنیا لەو وەختانەدا بڕیاری دەدا؛ دەنا ئەو وەختە کە ئیمکانی مەشوەرەت لەگەڵ هاوڕێیانی هەبوو هیچ وەختێک بەتەنێ بڕیاری نەدەدا. چەند جاریشم لەبیرە کە ڕەئییەکەی وی و نەزەرەکەی وی ڕەت کراوەتەوە، تەنانەت مەوریدێکم لەبیرە زۆر جاری دیکەش ڕەنگە گێڕابێتمەوە بەڵام دووبارە گێڕانەوەیم پێ خراپ نییە؛ مەسەلەکە زۆر ناکەمەوە. مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ هەموومان نەزەرمان ئەوە بوو کە دەبێ سەفەرێکی بۆ بکرێ، دوکتۆر قاسملوو موخالیف بوو بەڵام تەسویب کرا کە دەبێ ئەو سەفەرە بکرێ، کە تەسویب بوو باسی ئەوە کرا کە سەفەرەکە کێ بیکا، گوتمان: «دوکتۆر قاسملوو!» گوتی: «کاکە ئەمن تەنیا موخالیفی ئەو بڕیارەم چۆن شتی وا دەبێ؟» گوتمان: «بەتۆ نەبێ ناکرێ.» هەستا چوو جێبەجێی کرد بە باشترین شێوەش جێبەجێی کرد، بەڵام مانگێکی نەخایاند هەموومان پەشیمان بووینەوە. دەرکەوت ڕەئییەکەی وی سەحیحترە، ئەو لە پێش ئێمەوە دەرکی کردبوو، ئێمە دەرکمان نەکردبوو؛ بەڵام بەو حاڵە چووە ژێر ڕەئیی ئەکسەریەتی کومیتەی ناوەندی و قبووڵی کرد. لەحاڵێکدا ڕێبەرانی سیاسیی دیکە زۆر جار بۆخۆیان بڕیار دەدەن.

**عەلی بداغی: بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژ لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەمەی ڕەعایەت نەکرد و بۆخۆی بڕیاری دا.**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** عەرزم کردی ئەوە لەو جێیانەیە کە دەبێ بەتەنێ بڕیار بدا. ئەووەڵ جار کە لە دەرێ بوو پێوەندییەکە گیراوە بە حوکمی ئەو بڕیارە سیاسییەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که بوومانه واته ئێمه وتووێژ ڕەت ناکەینەوە، ئەوەی کردوە. دوایە هاتۆتەوە لەگەڵ کومیتەی ناوەندی باسی کردوە، لەگەڵ دەفتەری سیاسی بەدرێژی باسی کردوە؛ هەمووی ئەوانە. بەڵام بەهەر حاڵ ئەوە یەکێکە لە مەواریدی هەڵەی دوکتۆر قاسملوو هەڵەیەکیش کە قەت قابیلی جوبران نییە و قەتیش قابیلی لێخۆشبوون نییە.

**عەلی بداغی: مامۆستا جیا لەدنیای سیاسەت جەنابت پێگە و جێگەی دوکتۆر قاسملوو لەڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی، لەئەدەبیاتدا، لەهونەردا چۆن دەبینی؟ ئەگەر باسێک لەعەلایەقی دوکتۆر قاسملوو بکەی لەو بوارانەدا.**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** دوکتۆر قاسملوو پیاوێکی زۆر جامێع بوو، باسی ئەدەبیات کرابا تێبینیی زۆر وردی ئەدەبیی هەبوو، شارەزاییەکی زۆر باشی لە ئەدەبی کوردی هەبوو. تەنانەت لەوەدا ساحەبنەزەر بوو کە شێعر یان وتاری ئەدەبییش هەڵسەنگێنێ؛ هەربۆیە ئەو مریدی دوو کەس بوو بە دەرەجەی یەکەم گۆران کە وەختی خۆی گۆران گەورەترین شاعیری دەوران بووە، باوەڕ کە تا ئێستاش خەڵکی دیکە نەیانگەیاندۆتە گۆران، هەموو کەس نەیتوانیوە خۆی لە قەرە بدا. لە شاعیرانی زاراوەی کرمانجییشدا قەدریجان. زۆری شێعری ئەو دووانە لەبەر بوو. باسی ئەدەبیاتی فەڕانسە دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی ئێران دەکرا، لێی شارەزا بوو. باسی تاریخی وڵاتان دەکرا، لێی شارەزا بوو. تەنانەت لەبیرمە جارێکیان چەند فەڕانسەییەکی لەلا بوون، باسیان کرد و لەبارەی کوردستانەوە ئیزهاری نەزەریان کرد، خیلافیان لەگەڵ وی هەبوو؛ لێیان تووڕە بوو گوتی: «ئەمن چەند ساڵم لە وڵاتەکەی ئێوە خوێندووە، تاریخی ئێوەم خوێندووەتەوە، لە وڵاتی ئێوە ژیاوم، زمانەکە وەک ئێوە دەزانم؛ ئەلعان لەسەر مەسائیلی فەڕانسە خۆم بە ساحەبنەزەر نازانم. ئێوە سەفەرێک هاتوونەتە کوردستان بۆ هەمووتان بوونە ساحەبنەزەر؟!» بەڕاستی بێدەنگ بوون، یەعنی لە زۆر بواردا، دوکتۆر قاسملوو لەحەددی ئینسانێکی مەعمولی بەولاوەتر بوو. هەموو سەمفۆنییەکانی دەناسی، سەمفۆنییە خاریجییەکان کە ئەمن یەکێکیان ناناسم.

**عەلی بداغی: مامۆستا ئەگەر ئەوە گرێ بدەینەوە بە دنیای سیاسەت ئایا تواناکانی دوکتۆر قاسملوو، ئەو توانا زۆرانە ئەوی بێمنەت نەکردبوو لە هاوڕێیەتی، لە بڕیاری گشتی یان لە ئیجماعێک کە دەبوو بۆ شتەکانی دیکە ببایە؟**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەوبارەیەوە ڕەئیی من و ڕەئیی ڕەفیقەکانی دیکەی دوکتۆر قاسملوو فەرقی هەبوو. جاریَ با ئەوەی بڵێم ئەمن ڕەنگە دە جار، بیست جار لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو شەڕم کردبیَ. چونکی ئەمن شاگردی وی بووم. بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەویش پێی خۆش نەبوو شاگردەکەی هەر بڵیَ بەڵیَ. پێی خۆش بوو ڕەئیی تازە ببیسیَ. هێندیَ کەس پێیان وابوو دوکتۆر قاسملوو ڕەئیەکانی خۆی دەسەپێنیَ، بەڵام ئەمن وام نەدەدی. دوکتۆر قاسملوو هیچ ڕەئیەکی خۆی نەسەپاندوە، بڵێن بۆخۆی دەیکا. بەڵام مەنتقی بەقوەت بوو کە لەسەر ویستەکان و بۆچوونەکانی خۆی ئیستدلالی دەکرد ئەوانی دیکە قسەیان پیَ نەدەما، پەسەندیان دەکرد.

**عەلی بداغی: ئەدی دوکتۆر قاسملوو کاریگەریی هیچ کەسایەتییەکی کوردی لەسەر نەبوو؟ یان بۆخۆی باسی لە شتێکی کردبیَ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لەباری سیاسییەوە، ئەووەڵەن با ئەوە بڵێم ڕێبەرێک کە لە هیچ کەس فێر نەبیَ ڕێبەرێکی زیرەک نییە، هونەری ڕێبەرێکی گەورە ئەوەیە کە لە ئەندامەکان و عونسورەکانی خوارەوەی کۆمەڵیش شت فێر بیَ و ئیلهام وەر بگریَ. شت هەیە ئەتۆ نایزانی ئەو دەیزانیَ، دەبیَ لێی فێر بی؛ کەوابیَ لەو بارەیەوە ئەو وشک نەبوو، دەیویست لە خەڵکی فێر بیَ. بەڵام وەکوو مامۆستا و مورشید ئەو تەنیا خۆی بە شاگردی پێشەوا قازی محەممەد دەزانی؛ بەحەقیقەت پێشەوا قازی محەممەدیش لە دوکتۆر قاسملوو لەسەرتر بووە.

**عەلی بداغی: مامۆستا دوکتۆر قاسملوو جیا لە کوردستان و کورد کە تێزی دوکتۆراکەی بوو و، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی و کورتەباس کە نامیلکەیەکی تێئۆری بوو؛ نووسینی دیکەی هەبوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نووسینی دیکەی زۆر بوو، جاریَ نامیلکەی نێو حیزبی و ڕاپۆرتی کومیتەی مەرکەزی و ئەوانە کە نووسیبوونی بەجێی خۆی. بەڵام بێجگە لەوە ئێستا دوو شتی دیکەیم لەبیرە، یەکێکیان مێژووی کوردستان بوو کە بە هاوبەشی نووسرا، بەشی تورکیە «د. کەنداڵ نەزان» نووسی، بە زمانی فەڕانسە نووسرا، بەشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عێراق «د. عیسمەت شەریف وانلی» نووسی، بەشی سووریەش هەر ئەو نووسی بەڵام بە ناوی مستەفا نازدار، بەشی ئێرانیش دوکتۆر قاسملوو نووسی. لە پاشان دوکتۆر قاسملوو وەکوو کارناس لە وەزارەتی بەرنامەڕێژیی عێراق کاری دەکرد، کتێبێکی زۆر عیلمی و جوانی نووسی بە ناوی بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، بەعەرەبی نووسی. دیارە عەرەبی نەدەزانی بەڵام لە وەزارەت هەیئەتێکی پێک هێنابوو، دوو کەس لەبەر دەستیدا کاریان دەکرد کە هەر دووکیان دوکتۆرایان هەبوو، هەر دووکیان دۆکتورایان لەسەر دەستی وی وەرگرتبوو، هەر دووکیان لە چێکۆسلۆڤاکی ببوون، زمانی چێکی و سلۆڤاکییان دەزانی، بۆیە ئەو ئیدەکانی دەگوتن بە عەرەبییەکی ناتەواو یان بە چێکییەکی سەحیح، ئەوان بە عەرەبی دایاندەڕشت؛ کتێبێکی زۆر بەنرخە. دیارە چاپیان نەکرد بیدەنە دەست خەڵکی هەر لە ئیختیاری خۆیاندا بوو.

**عەلی بداغی: نەکراوەتە کوردیش؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** نەخێر نەکراوە، چونکی نەیانهێشت بکەوێتە بازاڕ.

**عەلی بداغی: بەڵێ. مامۆستا لە پرسیارەکانی کۆتایی نیزیک دەبینەوە. ئامانجەکانی قاسملوو بەشی زۆری وەدی نەهاتوون بەڵام پێت وایە کە دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو ڕێگای قاسملوو لە ئێستادا چۆن دەپێوریٚ؟ ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو چۆن لەم ڕێگایە هەنگاو هەڵدێننەوە؟ پێت وایە ئەو شەرایەتەی ئێستا ڕۆحی قاسملووی شاد کردوە یان لێمان ناڕەحەتە؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئیشارە بە قسەکەی کریس کۆچێرا بکەینەوە کە ئەو وەزعەی عێراق پێکهات دەڵێ: «ئەگەر قاسملوو مابایە، وەزع جۆرێکی دیکە دەبوو چونکی پیاوی ئەو مەیدانە بوو.» بەبێ شک ئەگەر قاسملوو مابایە تەئسیری لەسەر شتەکان زۆر دەبوو، بەڵام ناحەقی دەبێ، بێئەمەگی دەبێ کە ئێمە نەقشی ئەوانەی دوای قاسملوو نەفی بکەین. دوکتۆر قاسملوو مابایە شتەکان چاکتر دەبوون، بەڵام ئەو ڕەوتەی کە بووە زۆر سەریعتر نەدەبوو. پێم وایە خراپ نەبووە، هەڵەمان هەیە. لەباری ئیدئۆلۆژی و ئەفکاری سیاسییەوە کەمبوودمان هەیە. بەڵام خەباتەکەمان بەردەوامە، ئالایەکەمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە شەکاوەیی ڕاگرتوە، ئەوە زۆر موهیممە دەنا خۆ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەدیش نەهاتوونە دی. لە واقیعدا ئامانجی حیزبی دێموکرات و دوکتۆر قاسملوو، ئەوانە هەموویان بناغە دانەرەکەیان پێشەوا قازی محەممەدە. ئەوە ئەمن بە دوو جەنبە دەیبینم، جەنبەیەکی ئەوەیە کە زیرەکی و وشیاریی ڕێبەرانی دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات ئەوەندە زۆر بووە ئیدەیەکی سیاسییان هێناوەتە سەر کاغەز کە پاشی حەفتا سالێش هەر نوێیە؛ ئەوە زۆر موهیممە. لایەکەی دیکەی ناکامییەکی زۆرە حەفتا ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە، کەچی بە شێوەی تەواو نەهاتوونە دی. ئەگەر ئینسان لە تاریخدا دەژی، تاریخ نابینێ، بەڵام ئەگەر یەکێک (دەڵێن فەرزی مەحاڵ، مەحاڵ نییە) ساڵی ١٣٣٠ مردبێ و ئێستا زیندووی کەیەوە، هەر سەری سوڕ دەمێنێ کە حەتتا لە باری مەسەلەی نەتەوایەتییەوە کوردستان چەندە پێش کەوتوە؟ خۆ وا نییە هیچ وەدی نەهاتبێ. شتێک لەو ڕۆژانەدا هەبوو پێم خۆشە ئیشارەی پێ بکەم؛ ئەو کۆنگرەیە کە دوێنێ و پێرێ لە سنە گیرا، هەڵڵایەکی زۆری لەسەر ساز بوو، ئەمن باسی ئەو هەڵڵایە ناکەم، بەڵام ئەوە نەتیجەی خەباتی میللەتی کوردە کە جمهووریی ئیسلامی وادار دەکا بە درۆش بێ، ڕێز لە ناودارانی کورد و گەورەپیاوانی کورد بگرێ. خۆ لە خۆڕا وەدی نەهاتوە. نا وا نییە کە ئامانجەکان بە هیچ جۆر وەدی نەهاتبن. لە وردەکارییەکاندا وەدی هاتوون لە عومدەکەش نیزیک بووینەوە. پێم وایە سبەینێ و دووسبەی نییە و ڕەنگە ئەمن نەیبینم بەڵام ئیشەڵڵا ئێوە حەتمەن دەیبینن؛ وەدی دێ بەڵام ئێستا وەدی نەهاتوە.

**عەلی بداغی: مامۆستا تەمەندرێژ دەبی ئیشەڵڵا. دوکتۆر قاسملوو لەسەر مێزی وتووێژ شەهید کرا، دوای ئەم ڕووداوە تاڵە ئەویش بەم شێوەیە ئایا دەکرێ وتووێژ و ئاشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مانایەکی هەبێ؟ یان با پرسیارەکەم جۆرێکی دیکە بکەم ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەر حاڵەتێکدا دەتوانێ لە تاوانی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو خۆش بێ؟**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە قسە ناکەم بە ناوی خۆمەوە قسە دەکەم. عەرزم کردی کاری دوکتۆر قاسملوو لە خۆیدا دروست بوو، بەڵام ئەو تەکنیکە کە ئەو گرتیە پێشێ هەڵەیەکی گەورە بوو کە بە قیمەتی گیانی تەواو بوو. ئێستاش حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە دروست نییە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی یان هەر دەوڵەتێکی دیکە کە بێتە جێگەی کۆماری ئیسلامی نەفی بکا. بەڵام بەو شەرتە ئوسوولی وتووێژ ڕەعایەت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکا، پێداگر بێ لەسەر حەقیقەتەکان و حەقەکان، لە عەینی حاڵیشدا دەبێ ڕێبەرێکی سیاسیی حیزبێکی سیاسی ئینعتافیشی هەبێ، وا نییە کە یان سفر یان هەزار ڕەنگە لە پێنسەدی بە یەکتر بگەن. بەڵام -زۆر ناخۆشە پیاو ئەوەی بڵێ- بەش بە حاڵی خۆم هیچ ئومێدم بەوەی نییە کە لە بوونی جومهووریی ئیسلامیدا ماف و ئازادییەکانی میللەتی کورد و گەلانی دیکەی ئێران وەدی بێن؛ بۆ تاریخ دەبێ ئەوەی بڵێم.

**عەلی بداغی: مامۆستا دوا سەرنجت چییە لەسەر ئەم وتووێژە کە قسەیەکی نەگوتراو مابێ بە بۆنەی ئەم یادە کە ئاوڕێکمان لە مێژووی پێوەندییەکانی جەنابت و دوکتۆر قاسملوو دایەوە. ئەگەر پەیامێکت هەبێ بۆ لاوان و نەوەی نوێی کورد.**

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** لە مێژووی پێوەندییەکاندا شت زۆرە و دەبێ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاییندەدا لە زیمنی کاردا فێری بن، ئەوە یەکێک بوو لە قسەکانی دوکتۆر قاسملوو ڕەنگە ئەویش ئی خۆی نەبێ، دەیگوت: «ئینسان لە نێو ئاودا فێری مەلەی دەبێ لە وشکانی فێری مەلەی نابێ.» بۆیە دیپلۆماتێکی ئێمە دەبێ ئیستفادە لە تەجرەبەکانیش بکا، بەڵام شتێکی کە ڕێبوارانی ڕێی دوکتۆر قاسملوو دەبێ فێری بن، ئەوەیە کە ئەو لە بێئومێدی، ئومێدی دەخوڵقاند بەو مانایە کە نەیدەهێشت خەڵکەکە نائومێد بێ. ئێمە ڕۆژی زۆر سەختمان دیوە، یانی ئەو حیزبەی کە لە دەورانی دوکتۆر قاسملوودا ببوو بە حیزبێکی یەک میلوێنی، دوکتۆر قاسملوو لە وەختێکدا هەوڵی زیندووکردنەوەی دا (دیسانەکە دەڵێم هەر بەتەنێ نەبوو خەڵکی دیکەشی لەگەڵ بوو)، کە ئەو حیزبە چەند دە نەفەرێک بوو. تەنانەت لەبارەی خۆشمانەوە نا لەبارەی سازمانەکانی دیکەشەوە، دەیگوت قەت حیزبێک، سازمانێک بەژمارەی ئەندامەکانی هەڵمەسەنگێنن، بەئەفکارەکەی هەڵیسەنگێنن، ڕەنگە ئێستا پێنج کەس بێ بەڵام ئەگەر ئەفکارەکەی دروست بێ، ئەگەر سەرنجڕاکێش بێ؛ دەتوانێ لە ئایندەدا ببێتە بیروباوەڕی سەدان و هەزاران و میلوێنان.

**عەلی بداغی: مامۆستا سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا.**
**عەبدوڵڵا حەسەن زادە:** ئەمن سپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو لە ئیلهام بەخشین بە ژنانی نێو ڕیزەکانی شۆڕشدا

شەونم هەمزەیی

لە کەس شاراوە نییە یەکەم ڕێکخراو لە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەییدا کە ڕێگەی بۆ بەشداریی ژنان لە کایە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا کردەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە ٧٤ ساڵ پێش ئێستا بە دامەزراندنی «یەکیەتیی ژنانی دێموکرات» ئەم ڕچەشکێنییەی کرد.

باوەڕی حیزبی دێموکرات کە لە بەرنامە و پێڕەوەی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە بە ڕوونی دەڵێ کە ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە. تەنانەت کاتێک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا باس لەوە کردوە کە «ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێردراندا مافیان وەک یەکە» کە، لە بەشێکی زۆری وڵاتانی پێشکەوتووی ئورووپایی، ژنان هێشتا مافی دەنگدانیان نەبووە!

مێعماری بەتوانای ئەم حیزبە بەو پێشەنگایەتییە، شەهید دوکتور عەبدوڵڕحمان قاسملووە کە دەڵێ: «لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان. وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەاو لە گەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەیندا هەیە. دەبێ ئەو مەودایە بەرەبەرە لەبەین بچێ. بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوترە و بزووتنەوەکە پێشکەوترە و شانسی سەرکەوتن نزیکترە».

**پرسیار: لە ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوودا «کوردستان» ڕای چەند خاتوونێکی وەرگرتوە کە لە نیزیکەوە دوکتور قاسملوویان دیوە و وەک بۆ خۆیان دەڵێن بۆ ژیانی سیاسی و کاری ڕێکخراوەییان ئیلهامیان لێ وەرگرتوە:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەلالە قازی

لە ژیانمدا چەندین جار شانس و شانازیی ئەوەم بووە کە لە نیزیکەوە د قاسملوو ببینم و کاری لەگەڵ بکەم. پێش شەڕی سەراسەری و فتوای خومەینی دژی گەلی کورد لە چەند شوێنیک کە میوان کرابوو دیتم. کەسایەتییەکی سەرنجڕاکیش، بەڕێز و شارستانیی هەبوو. کەسیک بوو کە لە قەیرانی ڕێبەریی شۆرشی ئێراندا دەیتوانی شوێنەواری بنەڕەتی لەسەر کۆمەڵگە دابنێ.

ئەو کاتەی لە تەشکیلاتی حیزبدا لە نیزیکەوە کارم لەگەڵ دەکرد، ئەرکێکی من تایپی «تێکۆشەر»، نامیلکەی نێوخۆیی حیزب بوو. هیندێک نووسراوە دەچوونەوە بەر دەستی بەڕێزیان و ئەم نووسراوانە دەبا من بردبام بۆ د قاسملوو.

حیزبی دێموکرات بەپێی تایبەتمەندیی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردەواری دەبوا زۆر کاری بنەڕەتی بکا و و د. قاسملوو بەتەنیا نەیدەتوانی هەمو ئاڵوگۆڕێک پێک بینی. بۆ نموونە لە بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبدا بەرابەریی ژن و پیاو هەبوو، یارمەتیی ماددیی پێشمەرگەی ژن و پیاویش وەک یەک بوو، بەڵام ئەمە هەلە و دەرفەتەی پیاوان هەیانبوو ژن نەیانبوو، بۆ نموونە پێشمەرگەی وەک زینەبە ڕەشمان هەبوو کە تانکی دەشکاند، کەچی پێشمەرگەکانی هاوڕێی کە پیاو بوون دەبوونە سەرپەل و، پیشمەرگە کچەکان هەر پێشمەرگە دەمانەوە.

لە بیرمە جارێک د. قاسملوو لە سەفەری دەرەوە ڕا هاتبوە و منیش بۆ بەخێرهێنانەوەی سەردانم کرد، وەک دیاری قەڵەمیک و عەترێکی دامی کە زۆر لە لام خۆشەویست بوو. دڵخۆش بووم کە ڕێبەری حیزبەکەم ڕێزی گرتووم و دیاریی تەنیا بۆ هاوکارە پیاوەکانی نەهیناوە. د. قاسملوو و د. سەعید ژن و منداڵیان لە لا نەبوو و لە تەنیشت پێشمەرگەکان و وەک ئەوان دەژیان. لە بیرمە هەر ئەو کات نیوەڕۆیەک لە دەفتەر بەرەو مەقەڕی خۆمان لە تەشکیلات دەچومەوە. د. شەرفکەندی دانیشتبوو لە نێو تەشتێکدا یەخەی کراسەکەی بە دوو قامکان گرتبوو و لێکی دەخشاند و دەیشوشت. لێی چوومە پیش و داوام کرد کە ئیجازە بدا من بۆی بشوم. گەڕاوە گوتی سپاست دەکەم، بەڵام قەت ئەو پیشنیارەی بە هیچ پێشمەرگەیەکی دیکە مەکە. با نەڵێن چونکی تۆ کچی دەبی ئەو کارانە بکەی... دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی ئەو جۆرە کەسایەتییانە بوون کە هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە لە ژنیان دەڕوانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیدارەکانی دواتری من لەگەڵ د. قاسملوو لە کۆبونەوەکانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات بوو. ئەو کات کە لە دەرەوە بووم بۆم دەرکەوت بۆچی بە تایبەت د. قاسملوو کە بە چەند زمانی بیانی قسەی دەکرد دەبوا هاتوچۆی دەرەوە و کاری دیپلۆماسییان کردبا و کاری نێوخۆیی حیزبیان بە بەرپرسانی نێوخۆی ولات سپاردبا. لە نامەیەکدا ئەو پیشنیار و داوایەم لێکرد کە وەڵامێکی کورتی بۆ ناردمەوە.

ئەو نەوعە دێموکراسییەی د. قاسملوو باوەڕی پێی هەبوو لەگەڵ نێوەرۆکی نیزامی سیاسیی ئێران و تەنانەت کۆمەڵگەی کوردیش نەدەگونجا. ئەو زۆر لەپێش خەڵکەوە بوو.

## خەدیجە مەعزوور

دوکتور قاسملوو گەلێک خەسڵەت و ڕەفتاری جوان و ئەمرۆییانەی تێدا بوو کە مرۆڤ مەجزووبی ئەو ڕەفتارانەی دەبوو. ئەو ڕێبەرێکی زۆر بەفەرهەنگ و هەڵسوکەوت جوان بوو. دوکتور قاسملوو کاتی خۆی بەناچار بەشێکی زۆری تەمەنی لە وڵاتانی ئۆرووپایی بە تایبەت وڵاتی فەڕانسە بەسەر بردبوو، کولتوور و فەرهەنگێکی زۆری ئۆرووپایی گوڵبژێر کردبوو و وەسەریەکی نابوو و کردبووی بە تێشوو بۆ ژیانی داهاتووی گەلی کورد. بە هاتنەوەی بۆ نێو خاکی نیشتمان و دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزب، هەموو ئەو ئەزموون و فەرهەنگە جوان و بەکەڵکانەی ئۆرووپای ئاوێتەی فەرهەنگی کوردەواری دەکرد و لە ژیانی ڕۆژانەی حیزبایەتیدا لەگەڵ کەسانی دەورووبەری بەکاری دێنا. بۆ نموونە لە کات و سات، قەراردانان، کارکردن و...دا. بێ زیادە ڕەویی دەڵێم: هەڵسوکەوت و ئاکارەکانی بۆ ئێمە کە لە دەوروبەری دەژیاین و یەکترمان دەدی وانە بوو، وانەیەکی بەنرخ، وانەی فێربوون، خۆڕاگری، متمانە و باوەر بەخۆبوون و ڕێز لە ژن گرتن و... دوکتور قاسملوو ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەتایبەت لە گەڵ ئێمە ژنان ئینسانی و پێشکەوتوو بوو. کە لەگەڵ ژنان قسەی دەکرد زۆر وشیارانە و بەوردی وشەکانی هەڵدەبژارد و دەیزانی لەگەڵ لایەنی بەرانبەری کە ژن بێ چی دەڵێ. بۆیە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین وشەی دەدۆزییەوە و بەکاری دێنا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاخافتنەکانی لە ڕادەبەدەر گیرا و کاریگەر بوو لە سەر ئێمە ژنان، بە تایبەت لە سەر من. پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا بیرەوەرییەک کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەمە بگێڕمەوە.کە هەرگیز لە بیرم ناچێ:

ئاخروئۆخرەکانی ساڵی ۱۳۵۹ و سەرەتای ساڵی ۱۳۶۰ بوو. تازە لە شاری شنۆ بەرەو گوندی (شیوەجۆ) و دۆڵی دێمۆکرات دەچووم کە بارەگای حیزبی دێمۆکراتی لێ جێگیر کرابوو. ئەمن زۆر شارەزاییم لە سەر ئەم دۆڵە و کەسانی نشتەجێ لەوێ نەبوو، هەموو شتێک بۆ من نامۆ و نائاشنا بوو. ئەو کات من پێشمەرگەیەکی زۆر شەرمێون بووم. نیوەڕۆ و کاتی نانخواردن هات و شوێنی نانخواردنیان پیشان دام. کە چووم بینیم شوێنێکە ١٥ میتر لە ٦ میتر دەبوو و کەم ڕووناکایی و سادە بوو. خەڵکەکە هەموو لەوێ بوون. دوکتور قاسملوو لە سەرەوە دانیشتبوو و فەرمووی: «خەجیج خانم بەخێر بێی، من لەگەڵ ئەو خانمە جوان و شیرینە نان دەخۆم، وەرە لە پەنام دانیشە.» منیش بە حوجب و شەرمەوە چوومە لای کاک دوکتور قاسملوو دانیشتم. زۆری تاریف کردم و قسەی خۆشی زۆری کرد. سفرە ڕاخرا و شتە پێویستەکان داندرا و خواردنەکە کە شۆرباو گۆشت بوو هات. کاک دوکتور فەرمووی خەجیج خانم گۆشت ناخوا و شۆرباوەکە دەخوا. ئەمنیش لەخۆڕا گوتم وایە و من تەنیا ئاوی گۆشتەکەی دەخۆم. زیاتر لە یەک مانگ ئەو بەزمە هەر درێژەی هەبوو و منیش خەریک بوو بۆ گۆشت دڵم بتۆقێ. ڕۆژێکیان گوتیان گۆشتێکی زۆریان هێناوەتە چێشتخانە. وابزانم گورگ لە مەڕی حیزبی دابوو. کورتی کەمەوە نیوەڕۆیە برینج و گۆشتی سوورکراوە بوو، دیسان وەک هەمیشە کاک دوکتور فەرمووی خەجیج خانم گۆشت ناخوا و برینجەکەی دەخوا. کاک دوکتور قسەکەی تەواو نەکردبوو من بە دەنگێکی بەرزەوە گوتم: نا ئەمن گۆشت دەخۆم و گۆشتیشم زۆر پێ خۆشە! کاک دوکتور قاقایەکی لێدا و فەرمووی: ئافەرین ئەوەم دەوێ! لەمێژە چاوەڕوانی ئەم قسەیەم. ئاخر کاتێک تۆ ناتوانی دیفاع لە مافی خۆت کە من دەیخۆم بکەی چۆن دەتوانی دیفاع لە مافی میللەتێک بکەی. د. قاسملوو بەو شتە سادەیە فێری کردم کە ناحەقی لە کەس قبووڵ نەکەم.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ماپەرە قەرەگۆلی

قاسملوو ئیمان و باوەڕی زۆری بە کورد و کوردایەتیی و حیزبی دێموکرات هەبوو. هەموو هەوڵی ئەو لە هەموو دەم و ساتێکدا ئەوە بوو کە کورد و پرسی ڕەوای کورد زیاتر بە دنیا بناسێنێ. د. قاسملوو هەمیشە ڕێزی بۆ بیروبۆچوونی خەڵکانی دەوروبەری دادەنا، کەسێکی خۆشئەخلاق، زانا، بە دیسپلین بوو و ڕێزی لە دەوروبەری خۆی دەگرت و ئامادە بوو ڕاوێژیان پێ بکا. بیروباوەڕی بەرز و خۆڕاگریی ئەو کاریگەریی زۆری لەسەر هاوسەنگەرانی هەبوو.

ئەو باوەڕێکی زۆری بە خەباتی ژنان هەبوو و هەمیشە دەیگوت ئەگەر بۆخۆتان نەیەنە مەیدان و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانتان نەدەن هیچ کەس ناتوانێ هەقی ئێوە وەدەست بێنێ و بتانداتێ.شتێک کە قەت لەیادم ناچێتەوە ئەوەیە کە ساڵی ١٣٦٠ کاتێک دوای دەورەیەکی دەرمانی لە فەرانسە گەڕاینەوە، لەسەر داوای کاک دکتور چووینە ناوچەی ئالان کە دەفتەری سیاسیی حیزبیش لەوێ بوو. ڕۆژێک دواتر لە کاتی هاتنەوەدا قادری هاوسەرم پێی گوتم :»ئافرەت وەرە درەنگە با بڕۆین.» دوای ئەوە یەکسەر کاک دکتور بانگی کردمەوە و گوتی: جارێکی دیکە هەق بە کەس مەدە پێت بڵێ ئافرەت، ئافرەت بە مانای زەعیفە دێ و ژن زەعیفە نییە، ئەتۆش لەگەڵ پیاو هیچ جیاوازییەکت نییە و ژن زۆر لەوەی پیرۆزترە کە بە زەعیفە ناوی بێنن.

## ئەسمەر عەباسی

دوکتور قاسملوو لە بنەماڵەی ئێمەدا زۆر خۆشەویست بوو، ئەمن لە بیرمە زۆر جاران نەنکم، دایکم و پوورم لە مەڕاسیمەکانی بنەماڵەییدا یادیان دەکرد و ئاخیان هەڵ دەکیشا و دەیانگوت جیگای «بەبۆش» زۆر بەتاڵە. ناوی دکتور قاسملوو لە سەردەمیی منداڵییدا «بەبۆش» بوو.

زستانی ساڵی ١٣٥٧ لە تاران بووین کە پوورم بانگی کردین و گوتی ئەمشەو میوانمان دێ و کەس نابێ بچێتە شوێنێک. ئێمە نەماندەزانی چ باسە. هێشتا ڕێژیمی شا نەڕووخابوو. هەموومان دانیشتبوون کە دیتمان کەسێکی خۆشمەشرەف و جوانکەلە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتە ژووریێ. پوورم دەسبەجێ باوەشی پێدا کرد و دەستی کرد بە گریان... ئەمە یەکەم دیداری ئەمن و دوکتور قاسملوو بوو کە خزمی نیزیکم بوو. دەریایەک لە زانست و بەئەخلاق و مەجلیس خۆش. دوای شۆڕشیش زۆرترم لە ماڵی خزمان دەدی. بەڵام ئەو زۆر پڕکار و ماندوو بوو بە کاری حیزبەوە.

شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردبوو. ڕۆژێک میوانی ماڵی ئێمە بوو. لە خزمەتیدا دانیشتبووم کە لەپڕ ڕووی تێکردم و گوتی ئەتۆ لە ماڵێ چ دەکەی؟ بۆ نایەیە نێو حیزب. ئێمە دەمانەوێ بەشی ئازەریی ڕادیۆ وەڕێ بخەین و پێویستیمان بە وێژەر هەیە. ئەگەر بە دوومدا ناردی وەرە. کە من هاتمە نێو حیزب دەفتەری سیاسی لە شیوەجۆ بوو. پێشمەرگەیەکی زۆر لەو ناوچەیە بوو و د. قاسملوو نەزم و ئینزباتێکی سەیری لەوێ جێگیر کردبوو. هەر کەسە و کاری خۆی دەکرد. ئەمن دەمدی کە دوکتور قاسملوو لەگەڵ هەموو بلیمەتی و زانایی خۆی هیچ جیاوازییەکی نەدەکرد لە نێوان خۆی و پێشمەرگەکانی دیکەدا. لەگەڵ ئێمە نانی دەخوارد و لەگەڵمان دادەنیشت و باسی سیاسەت و حیزبایەتی و بارودۆخی ئێران و کوردستانی بۆ دەکردین. بەتایبەت ئێمەی ژنانی هان دەدا کە دەبێ بۆخۆمان لە فیکری ماف و ئازادییەکانی خۆماندا بین و نابێ چاوەڕوان بین ئەو مافانەمان بەبێ ڕەنج و ماندووبوونی خۆمان بدەنێ.

بیرەوەرییەکی خۆشم لە کاک دوکتور هەیە. باڵتۆیەکی هەبوو زۆر جار بە پێشمەرگەکاندا ناردبووی بۆی بدوورمەوە. دەمگوت خاڵە بۆ باڵتۆیەکی تازە ناکڕی؟ هەموو جارێ وەڵامەکەم ئەوە بوو: «ئەگەر بۆ هەموو پێشمەرگەکانمان کڕی ئەمنیش دانەیەکم بەردەکەوێ.»

### سەکینە حوسێنی

ڕەزبەری ١٣٦٠ی هەتاوی بوو کە دوای ئاشکرابوونی پێوەندیم بە حیزبەوە لە شاری سەردەشت هاتمە دەرێ و خۆم بە یەکەم بنکەی حیزب ناساند. دواتر بەپێی کاری پەروەردەییم پاش دیتنی یەکەم دەورەی مامۆستایی لە ئاوایی مووسالان و، دوای کۆنگرەی شەشەمی حیزب، لە سەر داوای کۆڕی پەروەردە ئەرکی مامۆستایەتیم لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا درێژە پێدا. ئەو کات بۆ یەکەم جار لە نیزیکەوە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بە ئاودەنگی شەهید دوکتور قاسملوم دیت. سەردان و لێپرسین و لە ئیختیارنانی کەرەسەی پێویست و جێگاوڕێگاو بواری ئەمنییەتی و پشتیوانی و کەسایەتی پێدانی مامۆستا و قوتابیانی قوتابخانەی کوردی لەسایەی گرینگیپێدانی شەهید کاک دوکتور قاسملۆوە، حاشاهەڵنەگرە. کاک دوکتور بەپێی دەرفەت و دەرەتان سەردانی خێوەتی دەرس تێداگووتنەوەی دەکردین. ئەو هەتا بڵێی بە گفت و لفت و قسەخۆش و مێهرەبان بوون دەگەڵمان. راسپاردەی بەجیدیی بۆنەهێشتنی کەموکوڕییەکانی قوتابخانە بە ئۆرگانی پێوەندیدار دەدا. مامۆستایانی بنکەی دەفتەری سیاسی چەند ژن بووین کە لە سایەی سەری ڕێنوێنی و کاریگەریی د. قاسملوووەوە کەسایەتیی حەقیقی و حقوقیمان پارێزراو بوو و بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکراین. ژنان دەرەتانی نواندنی نەقش و چالاکییان لە هەموو کۆمیسیونەکاندا هەبوو، یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاون بە پشتیوانی و پشتگەرمیی کاک دوکتورەوە پتر ڕوو لە گەشەسەندن و دەورگێڕان بوون.

بەکورتی شەهید .ر قاسملوو ڕێبەرێکی بەوەج و لێهاتوو و زانای دێمۆکڕات بوو، ئۆتوریتە و پرستیژ و گەورەیی و دەنگ و ڕەنگی حیزب لە سایەی ڕێبەریی ئەودا سنوورەکانی بەزاند و پێشکەوتن و سەرکەوتنی بەشی پەروەردە و بارهێنانی حیزب، لە گرینگی پێدان و پشتیوانی گەرموگوڕی شەهید قاسملووی دەزانم.

وەک مامۆستایەک خۆم بە بەختیار دەزانم کە لە نەتیجەی پەروەردەکردنی چەندین ڕۆڵەی ئەو حیزبەدا کە بە پلەکانی دوکتورا و خوێندنی باڵا و تەنانەت خۆدیتنەوەی بەشێک لەو ئازیزانە لە ڕێبەریی حیزبدا و لە دەورانی پڕ لە شانازیی وجودی دوکتور قاسملووی ڕێبەردا نەخشم بووە.

## خەدیجە ڕۆستەمی

کاک د. قاسملوو باوەڕی تەواوی بە مافی ژنان هەبوو هەر بۆیەش هەر لە سەرەتای شورشدا لەنێو حیزبی دێموکراتدا ژنانیش توانییان بەشداریی چالاکەنەیان لەو شۆڕشەدا هەبێت. دوکتور قاسملوو هەر زۆر زوو کاریگەریی خۆی لەسەر دیاردەکانی کۆمەڵگە دانا و قەدەغەکردنی «ژن بە ژنە»، «گەورە بە بچووک» و ڕێگری لەوە پیاو دوو ژن بێنێ بۆ ئەم بەرنامە و سیاسەتانە دەگەڕێتەوە دوکتور قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایڕشتبوون. دوکتور قاسملوو هەمیشە دەیفەرموو ئەو کۆمەڵگەیە بەختەوەرە کە مافی ژنی تێدا دەستەبەر کراوە و، هیوادارم ڕۆژێک بێ ئەوە کۆمەڵگەی کوردەواریش بگرتەوە. وە بەحەق بۆ ئەوە هەوڵی دەدا و بووژاندنەوەی یەکیەتیی ژنان و مەیداندان بە ژنان لە کاری ڕێکخراوەیی بەشی زۆری بۆ هەوڵەکانی ئەو دەگەڕاوە. د. قاسملوو دەیفەرموو ئەرکی خوشکان زوور دژوارترە لە پیاوان، خوشکان دەبێ لە دوو بەرە و سەنگەردا خەبات بکەن، هەم بۆ ڕزگاریی گەلی کورد و هەم بۆ مافەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا کە دیارە ئەم دوو ئەرکە پێکەوە زور دژوارن، بۆیەش خوشکان دەبێ پشوودرێژ بن، باوەڕیان بە خۆیان هەبێ و نەترسانە هەوڵ بدەن بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا.

کاک د. قاسملوو هەوڵی دەدا کچان زیاتر بێنە مەیدانی خەبات و پێشمەرگایەتی، ئەگەرچی هەلومەرجی کۆمەڵگە و خەباتەکەش بۆ ئەوە زۆر گونجاو. بەڵام کاک د. قاسملوو سوور بۆو لەسەر ئەوەی کە ژنانیش سەرباری هەموو دژوارییەکان دەبێ بەشداربن لە شۆڕشدا.

ئەمن بۆخۆم یەکیک لەو کچانەم کە لەسەردەمی کاک د. قاسملوودا پێشمەرگە بووم و بیرەوەریی زۆر بەنرخم لەو سەردەمە هەیە. کاتی خۆی من لەهێزی پێشەوا بووم و پاش ماوەیەک بەهۆی بارودۆخی سەختی ناوچە بێ ئەوەی پێمخۆش بێ بەزۆر بەڕێی شوێنەکانی دەورووبەری دەفتەری سیاسی کرام. ئەمن ئەو بڕیارەم پێناخۆش بوو، بۆیە هەر کە گەیشتمێ داوام کرد کە د. قاسملوو ببینم. فەرمووبووی با بێت. ئانوساتێکی یەکجار خۆش بوو کە دەمدی لە نیزیکە لە خزمەت کاک دوکتور دام. نەمدەزانی چۆن دەست پێبکەم. دواجار هاتمە قسە و گوتم باشە بۆچی پێتان وایە کچان هەردەبێ لەنەخۆشخانە و قوتابخانە و ئینتشاراتدا پێشمەرگایەتی بکەن؟ فەرمووی قەولت پێ دەدەم وا نامێنێ لە داهاتوودا. واش بوو. دوایە ڕێژەی کچان زیادی کرد و کاری مەیدانیی زیاتریان پێ سپێردرا.

ئەمن هەموو کاتێ خۆم بە ئەمەگداری قاسملوو و بە ڕێبواری ڕێباز و ئامانجەکانی دەزانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێژیمی ئێران بە تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو سامانێکی مەعنەویی مەزنی لە حیزبی دێموکرات، کوردستان، خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناڤین ستاند

**دیمانە: ئازاد مستۆفی**

**« بێ هۆ نییە کە دەڵێن دوکتور قاسملوو نەک هەر تەنیا ڕێبەری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مافویستی کوردستان بوو، بەڵکوو لە ڕێبەرە کاریزماتیک و ئاوانگاردی پێواژۆی دێموکراسی خوازانە لە ئێران بووە. هەر بۆیەش تیرۆری ئەم کەسایەتییە و نەبوونی ئەو، زەربەیەکی بەهێز بوو؛ کە وە جەستەی ڕەوتی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای گێشتن بە ئازادی و دێموکراسی کەوت.**

**پرسیار: ڕۆژنامەی «کوردستان» لە سییەمین ساڵیادی تیرۆری د قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤیەن بە دەست دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆچوونی چەند کەس لە کەسایەتییەکان و چالاکانی سیاسی باقی ڕەوتە سیاسیەکان لە مەڕ تایبەتمەندییە دیارەکانی د.قاسملوومان پرسیوە.»**

## د.کەریم عەبدیان «کەسایەتیی»، سیاسیی عەرەب و بەرپرسی ماڤی مرۆڤی ئەهواز لە واشینگتۆن

ناوی دوکتور قاسملووم بۆ یەکەم جار کاتێک کە لە نیویۆرک خوێندکار بووم و وەک چالاکێکی سیاسی کارم دەکرد، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠ی زایینی لە هاوڕێ کوردە تێکۆشەرەکانم لە ئەمریکا بیستبوو. هەر لەو ساڵانەدا و دواتر کە بوومە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرپرسی نێودەوڵەتیی کۆنفدراسیۆنی خوێندکارانی ئێران و چالاکییەکانم لە ئاستی ڕێبەری بە دژی شا توندەی پێ درا، زیاترم لەسەر ئەو زانی و خوێندەوە و پەیامم بۆ نارد و لەوێدا باسی ئەوەم بۆ جەنابیان کردبوو کە، خەباتی ئێمەش وەک گەلی عەرەبی ئەهواز لەئێران هاوتەریب دەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد درێژەی هەیە و ئێمە پێکەوە هاوسەنگەرین. دوای تەواو بوونی خوێندن لەساڵی ١٩٧٦ی زایینی بە نهێنی گەڕامەوە ئێران کەگیرام و بۆ ماوەی ٢ساڵان لە بەندیخانەی ئێڤین زیندانی کرام و هەر لەوێش بوو کە دەگەڵ زۆرێک لەخەباتکار و تێکۆشەرە ڕاستەقینەکانی کورد هەم لە زیندانی ئێڤین هەمیش لە زیندانی قەسر هەروەها لە کۆمیتەی هاوبەشی ساواک و شارەبانی، دەگەڵ هاوڕێیانی د.قاسملوو قسەم دەکرد و دوای ئازاد بوونیشم و دوای شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ بەردەوام پێوەندییەکانم دەگەڵ ڕێبەرانی کورد پاراست. پێوەندییەکانی ئێمە دەگەڵ دوکتور قاسملوو و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان گەلێک توندوتۆڵ و هەتا شەهیدیش بوو هەر بەردەوام بوو. ئەگەرچی ئێمە لە ساڵەکانی هەوەڵ هیندێک جیاوازیی ڕوانگەی سیاسیمان دەگەڵ د.قاسملوو و ڕێبەری حیزبی دێموکرات هەبوو، بەڵام کاک دوکتور نەک هەر تەنیا ڕێبەرێکی کورد بەڵکوو بەراستی ئەومان وەک یەکێک ڕێبەرانی نەتەوەی خەباتکاری عەرەب و هەروەها لەڕێبەران و پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری خەباتی سەرجەم گەلانی شۆناسخواز، ژێردەستە و پەراوێزخراوی کورد، عەرەب، تورک، بەلووچ و تورکمان و... دەزانی و ئێستاش دەزانم. هەربۆیە بەم هۆکارانەی باسم کرد بەڕاستی بۆشایی و نەبوونی د.قاسملوو هەر وەک گەلی کورد، هەست پێدەکەم. ئەو کە لە فەڕانسە، ناوندی کۆبوونەوەی گەلانی ژێردەستی ئیستعماری جیهانی سێهەم، لە سوربۆن دەرسی خوێندبوو و لێی ژیابوو و باش دەگەڵ خەبات و تێکۆشانی گەلانی ڕۆژهەڵات و ئەفریقا و ئەمریکای باشوور ئاگادار بوو، لەو ڕوانگەیەشەوە ماموستایەکی باش بوو بۆ هەموومان.

## «محەمەد نەزەری»، ئەندامی ڕێبەریی ئەنجومەنی یەکگرتوویی تورکمان

ڕەوانشاد دوکتور قاسملوو، وەک ڕێبەرێکی زانا و پراگماتیست لە سیاسەتمەدارانی دێموکرات و ناوداری ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووە. ئەو باوەڕێکی قوڵی بە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێویست بوونی مێژوویی خەڵکی ئێران بە دامەزراندن و نەهادینە کردنی دێموکراسی بۆ دەرباز بوون لە زوڵم و زۆری هەبوو و درووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستانی کردبوو درووشمی ستراتژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان.لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی کاتێک کە ئێمە، واتە چالاکانی سیاسی تورکمان لەحیزبی تودە و ڕێکخراوی ئەکسەریەت جیا بووینەوە و ناوەندێکی کولتووری و سیاسیی سەربەخۆمان دامەزراند، بەپێی ڕاپۆرتی گوتەبێژ و ڕێبەری ئەوکاتی ناوەندەکەمان، ئەم هەوڵەی چالاکانی سیاسیی تورکمان جارێکیتر وەک سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٧، لەلایەن حیزبی دێموکرات بە سەرکردایەتیی د.قاسملوو هاوکاری و پشتگیری کراین و بەو ڕوانینە یەکیەتی خوازانەیە، ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دوو نەتەوەیە ساڵانێکە کە درێژەی هەیە.

دوکتور قاسملوو لە ڕەوتی چالاکیە سیاسیەکانی خۆی، تەنانەت بەمەرگی جەرگبڕی یەکجارەکیشی بۆ بە جیهانیبوونی پرسی کورد و داخوازییەکانی ئەو گەلە ڕۆڵێکی مێژوویی و لەبیر نەکراوی گێڕاوە. یادی بەڕێز و ڕێگای بەردەوام بێ.

**عەزیز دادیار**

**نووسەر و چالاکی سیاسی بەلووچ**

**«سعدیا! مرد نکو نام نمیرد هرگز**

**مرده آن است که نامش به نکویی نبرند»**

نەمر د.قاسملوو، کەسایەتیی سیاسیی جیهانی، گەورەیی خۆی هەروا بەسووک و سانایی وەدەست نەهێنابوو، ئەو وێڕای خۆشەویستی خەڵکی نیشتمانەکەی، خەڵکی هەموو دوونیای خۆش دەویست، هەربۆیە هەموو سوسیالیستەکانی جیهان، دۆستایەتیی ناوبراویان بە شانازییەوە وەردەگرت و ئەو بە یەکێک لە هاوڕێیان و تێکۆشەرانی جیهانی حیزبە سوسیالیستە نێونەتەوەییەکان دەژمێردرا. قاسملوو یەکێک لەماموستایان و بناخەدارێژەرانی، یەکیەتیی نەتەوەیی هەموو خەڵکی ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو، درووشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودمختاری بۆ کوردستان هەرماوترین دروشمی سیاسی لە ڕێگای یەکیەتیی نەتەوەیی هەموو ئێرانیەکان بووە.

ئەو لەنێو سیاسەتمەدارانی ناسراوی ئێرانی، یەکێک لە ئاوارتەترین سیاسەتمەدارنی وڵات بوو کە «سازانی سیاسی» لە کرداری خۆی، وێڕای مەرگ و نەمانی خۆی، لە مەیدانی سیاسەتدا، شرۆڤە کرد. کاتێک کە حکوماتی ئاخوندی، ڕێوی ئاسا ویستیان خەڵکی کوردستان بە چەواشەکاری و درۆ لێی داماڵن و ئەو وەک کەسێکی دژە ئاشتی نەتەوەیی بناسێنن، ئەو گیان و ڕۆحی خۆی خستە نێو گۆمی زێڕینی ڕاستی و گیان لەسەردەست ئامادەی خەبات دەگەڵ مردنێک بوو هەتا سیاسەتی مەلا و کاربەدەستانی ڕێوی حکومات بۆ هەموو لایەک ئاشکرا بکا. ئەگە جار جارە لە سیاسەتەکانی ناوخۆی کوردستانی ئێران، لێرە و لەوێ، ئەمجۆرەی هیندێ لە گرووپە سیاسیەکانی کوردستان بە ڕخنە و لۆمە، کەموکووڕیەکی لێ دەگرن، هیچ لە سیاسەتەکانی و کەسایەتیی شوێندانەری جیهانیی ئەو زاتە کەم نابێتەوە، چوونکە ئەو ناوازە و ئاوارتەیەک لە جیهانی سیاسەتدا نەبوو و هەموو کەسایەتییە مەزنەکانی جیهانی، تووشی ئەو خاڵانە بوونە و ئەویش وەک هەموو مرۆڤێکی سیاسی و ڕیالیستی جیهان بووە.

د. قاسملوو لە بەرەو پێشبردنی خەباتی سیاسی خەڵکی کورد لەئێران، بەردەوام ڕێگای درووستی یەکیەتیی نەتەوەیی دەگەڵ هەموو خەڵکی دەویست، هەربۆیە ئەمڕۆ، هەموو ئێرانییەکان، ئەو وەک گیانبازی هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی دەناسن و لە نەمانیدا وێڕای شین گێران سڵاو و سپاس دەنێرن بۆ ڕووح و ڕەوانی ئەو بلیمەتە و یادی هەردەم بەرز ڕادەگرن.

### ڕئووف کەعبی

## ئەندامی ڕێبەریی یەکیەتیی فیداییانی خەڵقی ئێران

دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو هەم بۆ کوردستان و هەمیش بۆ کۆمەڵگەی ئێران سامانێکی سیاسیی لە بڕاننەهاتوو بوو کە توانیی کاریگەریەکی زۆر لە سەر کۆمەڵگەی خۆی دابنێ. ئەم سامانە مەزنە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر مێزی گوتوبێژ لە ئێمەی ستاند، زەربەیەکی گەورە بوو بۆ سەر حیزبی دێموکرات


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کوردستان و کۆمەڵگەی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناڤینیش. من، بەڕێزیانم بۆ یەکەم جار لە میتینگە مەزنەکەی مهاباد کە چاوپێکەوتنێکی کورت بوو دیت، ئەم دیدار و جڤینانە بەردەوام هەبوون و بەڕێزیان کەسایەتییەک بوون کە هەر جارێ کە دەمدیت، شتێکی تازەی لێ فێر دەبووم، د.قاسملوو دەگەڵ هەبوونی جیاوازی بیروڕا کاریگەری لەسەر بەردەنگەکەی خۆی دادەنا.

د.قاسملوو هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆرشی گەلانی ئێران هەوڵی ئەوە دا کە بەرەیەک لە هێزە دێموکرات و پێشکەوتن خوازەکان پێک بێنی و دواتر هێزەکان بەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە دوکتور قاسملوو وەک زەرورەتێک دەیدی، گەشتن. پێوەندیە بەربڵاوەکانی لە، پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی بووە هۆی ئەوە کە بتوانێ باشتر پرس و داخوازییەکانی کورد لە کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەکان باس بکا. ناوبراو لە یەکەم کەسایەتییەکانی کورد بوو کە توانیبووی بەو ئاستە بەربڵاوە پرسی کورد لە جیهاندا بێنیتە بەرباس و بیناسێنیت.

وێڕای ئەو هەمووە کێشە و گرفتەی نێو ژیانی و دووری لە نیشتمان و وڵات و خوێندن لە زانستگە و وەرگرتنی بڕوانامە، دوکتور قاسملوو توانی ژان و دەردی خەڵکی کورد بگەینێتە کۆمەڵگە ئوروپاییەکان. کاتێک کە د.کوشنێر کە ئەو کات وەزیری ساخلەمیی فەرانسە بوو و لە مەراسیمی ناشتنی دوکتور قاسملوو قسەی کرد گوتی:

«د.قاسملوو ماموستای دێموکراسیی من بوو». ئەمە نیشاندەری چالاکییەکانی پێشووی دوکتور قاسملوو لە بەرگری و ناساندنی خەبات و تێکۆشانی بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هونراوە و پەخشان:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەمیشە ... قاسملوو ... هەمیشە!

شێرکۆ بێکەس

نە ئاو کۆتایی بۆ هەیەو نەنووسین لەسەر ئەو!
نە مانگ لەم ئاسمانە ئەبڕێو نە شێعری ئێمەیش لەسەر ئەو.
نە هەڵاڵە سورایی ئەچێتەوەو نە خوێنی ئەو.
قاسملوو بەفرێکی سوورەو... کلوو... کلوو
چوار وەرزە بەسەرماندا ئەبارێ.
جارێک ئەمانکا بە یاقووتو
جارێکی دی بە دارهەناری بەر مانگەشەو.
وەکوو زەردەخەنە کاڵەکەی
پڕمان ئەکات لە سروودی نەرم نەرم
وەکوو قوڵپەی زنەی برینی لە گەرووماندا
ئەبێتە لرفەی سروودی گەرم گەرم
لە ماڵەکانماندا... قاسملوو
جوانترین درەختی حەوشەیەو
نازدارترین گوڵدانو ئینجانەیەو
پاکترین شووشەی پەنجەرەیەو
یەکەمین ڕەفەی کتێبخانەیەو
قوڵینەی نانەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەڵەم دانەو پەرداخەو
گڕوگاڵی منداڵەکانمانە ... قاسملوو!
هەموو ساڵێ لەم رۆژەدا
ئەگەڕێتەوە ژوورەکانمان
ئەبێتەوە بە هەتاوی بەر هەیوان
بە پەپوولە پاییزەو
دێتەوە سەر پێخەفەکانمان
وەلێ کە دێتەوە بە دەستی بەتاڵ
نایەتەوە قاسملوو
ئەو لەگەڵ خۆیدا بە باوەش تریفە دێنێتەوە
شێعری سەوز بە دەستەوەو
سنگی ئەبێتە پوورە هەنگو
هەنگوین لە قسەیداو بەسەر هەژاراندا
ماڵ بە ماڵ ئەیبەخشێتەوە
ئەو هەروا خۆی تەنیا ناگەڕێتەوە
بە ئاوەڵی شەفەق نەبێ ناگەڕێتەوە
لەگەڵ نەورەسی سپیدا نەبێ ناگەڕێتەوە.
لەگەڵ هۆرەی دوا شەهیدا نەبێ ناگەڕێتەوە.
ئەو هەروا تەنیا خۆی ناگەڕێتەوە
لە سنەوە مشتێ لە خۆڵی «ئاویەر» دێنێتەوە
لە سەقزەوە فرمێسکی بێوەژنێکو
لە مەهابادەوە سروودی هەڵۆیەکو
لە کرماشانەوە بە سواری ئەسپێکی
«تاق بوستان» دێتەوە.
ئەو هەموو ساڵێ
وەکوو نێرگز ئەگەڕێتەوە!

*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاسملوو لە شتە هەرە بچووکەکاندا دەرئەکەوێ
ئەگەر باش ورد بیتەوە:
لە خانەکانی سەر باڵی پەپوولەدا
یەکێکیان ئەوە!
لە کراسی گوڵگوڵی کیژۆڵەیەکدا
هەرە سوورەکەیان ئەوە!
لە ئاگرداندا پشکۆ هەرە گەشاوەکەیان ئەوە.
لە پۆلە مەلی کۆچەری ئێوارانی هاویندا
ئەوەی لە پێشی پێشەوەیە ئەوە.
ئەگەر باش ورد بیتەوە
لە بندینی رووبارێکی رووندا
ئەو ماسییەی کەوتۆتە پێش کاروانی ماسییەوە
باریکەلە سپیەکەیان
ئەوە ئەوە!
ئەگەر باش ورد بیتەوە
لە تیرێژی ئەو هەتاوەی
ئەچێتە ناو زیندانەکانەوە... تاڵێکی گەورەی ئەوە.
لە کەوانەی پەلکەڕەنگینەدا
کام رەنگیان لە هەموویان رووخۆشترە... ئەوە، ئەوە
لە شەقامە راپەڕیوەکاندا کام شەقامیان
هاواری بڵندترە... ئەوە ئەوە!
قاسملوو خۆی یەکێکەو
بەڵام هەموویشیان ... ئەوە!
ئامادەیە... لە ناوماندا... ئامادەیە
لەسەر کورسی دڵمان دائەنیشێ.
لە چاوماندا... گلێنەیە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دەنگماندا ژێی هاوارو زایەڵەیە.
پەنجەی ئەبێ بە قەڵەمو
سنگی ئەبێ بە دەفتەرو
سەرو ملی مایکرۆفۆنی بەردەممانەو
خوێنەکەیشی چرای سووری
داگیرساوی نەوە لە دوای نەوەی
ئەو خەڵکەیە.
ئامادەیە... لە (سەر)ماندا ئامادەیە.
وەکوو عەشق بۆ ئازادی
وەکوو پەیام بۆ دوارۆژو
وەکوو باران ئامادەیە.
لێرە بینو لێرە نەبین
ئەو لێرەیە.
خۆی یەکێکەو هەزارانەو
هەزارانەو خۆی یەکێکەو
لەگەڵماندا ورەی شاخەو
بۆ چرکەیەک
ئەم مێژووە جێناهێڵێ
زیندوویێتی وا لە پەیامدا
نەک جەستەدا.
مانەوە وا لەو زەنگەدا
کە بەردەوام لێ ئەداتو
کە بەردەوام رێ ئەکاتو
بەردەوامیش ئاڵای خۆرو
ئاڵای شەهیدو ئاڵاکەی
ئەو هەڵئەکا!

*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو باڵندە هێلانەکەیان چێ ئەکرد
پووشیان هێنا، پووش لە کازیوەی هەواری
قاسملوو بوو!
دوو منداڵی سەر قۆچکەتاشی شوکاکی
کۆلارەیەکیان هەڵئەدا، کۆلارەکە کاغەزەکەی
لە رەشنووسی بیرەوەری قاسملوو بوو.
دوو دڵداری جێژوانێ لە «بانە«دا
سوێندیان بۆ یەکتری ئەخوارد، سوێندەکەیان
بە جامانەو بە کڵاوی قاسملوو بوو.
دوو زیندانی لە ناو ژووری سێدارەدا
بە دەنگی بەرز گاڵتەیان بە مەرگ ئەکرد
هەرە دیاری ئەو گاڵتانە
نوکتەیەکی بەجێماوی قاسملوو بوو.
لە یەکەم رۆژی مەشقدا
یەکەمجار بوو، دەستێک بێتو
پێشمەرگەیەک فێری تەقە بکات
ئەویش دەستی قاسملوو بوو!
لێرە چەندین مێژووی بچووک بچووک هەبوون
چیانکەو پێیان نەئەگرت
تا رەورەوەیەک پەیدا بوو
بەوەوە فێری رۆیشتن بوون
ئەویش رەورەوەی مێژووەکەی قاسملوو بوو!
قاسملوو لە سلەیمانی بۆ یادگار
قەڵەمێکی بەجێهێشتووە
هەموو ساڵێ لە دووی رێبەنداندا
ئەم قەڵەمە لەسەر گۆیژە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێعرێک ئەنووسیْ!
لەسەر شوورەی ئامەد بۆ یادگار
مەشخەڵ دانێکی داناوە
هەموو ساڵیْ لە یادی شێخی پیراندا
ئەم مەشخەڵە دائەگیرسیْ!.
قاسملوو لەوبەر «خابور»یش
بە رووکاری قامیشلوودا
درەختێکی خۆی رواندووە
هەموو ساڵیْ ئەم درەختە
لە یادی پۆلیْ ئەستێرەی قوربانیدا
گوڵی خوێنو
هێشووی تیشکو ئەوین ئەگریْ!

*

جووتیْ شیعری نێرەو مێیەم
کە پیر نابنو هەر گەنجن
هەموو ساڵیْ لە دیوانێکی تازەدا
کچیان ئەبیْو کوڕیان ئەبیْو
شاخیان ئەبیْو مانگیان ئەبیْو
رووبارو شەقامیان ئەبیْو
وەلیْ لە ناو هەموویاندا
جوانترینیان سروودەکەی قاسملووە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەواڵی خەم

**ئەنوەر سوڵتانپەنا**

**پێشکەشە بە گیانی پاکی سەرکردەی زانا و مەزنی نەتەوە د. عەبدولرەحمان قاسملوو**

گەردەلوولی هەواڵێکی ژان و ماتەم
لە رۆژئاوا بەرەو زێدی فرمێسک و خەم
دەشت و دۆڵ و هەردی بڕی
کە گەیشتە سەر یەکەمین لووتکە شاخی ناوچەی دێرسیم
سەدان گوڵی پارێزەری شان و شەرەف
لە شەپۆلی چۆمی مونزوور
مونزووری نامۆی خۆرەتاو
ئەستێرەی گەش تێیدا خنکاو
چاوی خەمناکیان هەڵبری
مونزوور گوتی:
گەردەلوولی هەواڵی خەم
پەیام هێنی پرسە و ماتەم
لەسەر گۆڕی عەلیشێر و سەید رەزا ئیستێ بگرە و باڵی هەواڵ لە
خوێن وەردە
کە گەیشتیە چیای قەندیل
هۆبەی پرسەی چارەی رەشم
لەگەڵ کسپەی کۆستێ تازەی هەر چوار پارچەی کوردستانی مەینەت بەشم


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەداوێنی قەندیل هەڵدە.
گەردەلوولی باڵا رەشپۆش
خەم داگرتووی دەروون پەرۆش
پێش تاریک بوونی ئێوارە
خۆی گەیاندە دیاربەکر
شاری شەهید ، شاری فواد و شێخ سەعید
شاری پیلان و سێدارە
دیاربەکر هاواری کرد:
گەردەلوولی دەردو ماتەم!
منیش لێرە چەندین ساڵە
پسپۆرانی زوڵم و ستەم
گوڵی سووریان پێ پەست کردووم
ئازادییان بەربەست کردووم
خۆریان کوشتووم
خوێنی ئەستێرەیان رشتووم
پیرەداری گۆرەپانم چەندین ساڵە
دایکێکی رۆڵە کوژراوە
شنەی شادیی لێ تۆراوە
چونکە باڵای رۆڵەکانی
بە پەلکەی خۆی هەڵواسراوە
با ئەو دارە بە ئازارە داری ئاڵای کۆتەلی سووری سەرکردەی
کوردستانی مەینەتبار بێ
ئەو ئاڵایە لەسەر لووتکەی چیای قەندیل وەها هەڵدە با بەرزان و
سلێمانی و رەواندز و شاری بۆتانی لێ دیار بێ.
گەردەلوولی هەواڵی خەم هەر دەهات و رێگای ئەبری
هەر ئەو رۆژە ئەو ئێوارە خۆی گەیاندە چیای ئاگری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاگری گوتی: هەواڵی خەم!
نامەی پرسەم لە دەروونی برینداری بە خوێنی سوور گوڵگوڵمەوە
لە یاتاغگەی ڕەوەی بەوری ئارام گرتووی نێو دەرونی بە کوڵمەوە
لەگەڵ بارگەی ئێشی سەخت و دەردی سەریم
بۆ هەوارگەی قەندیل یەرە
با منیش وەک هەموو شاخ و بەندەنێکی ئەم وڵاتە
لەنێو جەرگەی خەمبارانا
بۆ کۆستی نوێی کوردستانی بەشکراوم
بە کوڵ بگریم، بە دڵ بگریم
ئێوارە بوو!
یەشتا شەمزین چەتری شەوی لەسەر سەری هەڵ نەدابوو
چاوی مەستی گوڵە هێرۆی ناوچەی خەمباری هەکاری نێشەی خەوی
تێ نەزابوو
ئێوارە بوو!
بە خوێنی سوور، تازە سوور بووی لێوی ئاسۆ
هەواڵی خەم بە واژباڵی لای دا گەردی سەر گۆڕی پیرۆزی سمکۆ
ئێوارە بوو!
یەشتا تەرمی زەردی هەتاو بۆ گۆڕستانی شەو نەبرابوو
تاک و تەراک شەمی کزی ئەستێرەکان لە ترۆپکی لەندی شێخان
هەڵ نەکرابوو
دەستی لاوازی دوا گزینگ بسکی بەژنی تاقەداری مەهابادی بەر
نەدابوو
ئەم هەواڵە بەئازارە
لە ماکۆوە تا بێستوون و دالاهۆ
زامی کۆنی چوار نیکاڵی کوردستانی هێنایە سۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منیش لێرە لە شاری یازدە ئەستێرە
ویستم هەموو ئاسمانی شین
وەکوو دەسرەی ئازیەتی و شین
بدەم بەسەر بووکی خەما
ویستم ئەوەی باخی سەوز و کێڵگە و کانین
بتاسێنم لە دووکەڵ و تۆزو تەما
ویستم ئاوی زرێبار و وان و ورمێ
لەچاوی تاقە دێرێکی شێعری خەفەت دا بڕێژم
ویستم لە وەرزی بەهارا
تەرمی هەموو گوڵاڵەکان
نیگای گەرمی گشت نێرگزە چاو کاڵەکان
لە گۆرستانی پەژارە بەدەستی بولبول بنێژم
ویستم باسی تینی تیشک و رەنگی هەتاو
لە دەروونی تەم داگرتووی بێ ئۆقرەمدا بخنکێنم
لەنێو دڵی دڵدارانی شاخەوانی و نەترسیدا
گەردە لوولی تەم گرتوو بم
دەنگی هۆرە و لاوک و قەتار دامرکێنم
رەوتی مێژوو بوەستێنم
لەدڵما بوو لەمەولاوە
دەستی وشەی ئازیەتباری لەبەر ئەژنۆی هۆنراوەکان گرێ دەم
و شێعرم شێعری داماوی بێ
لەسەر لێوی دڵنیای
دوا تروووسکەی هیوای پیرۆز بەر داهاتوو بخنکێنم و بەستەکانم
هەموو بەستەی خەماوی بێ
بەڵام دیتم لە نەکاوێ
ئەستێرەیەک بە ئاسمانی کوردستانا راست راخوشا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەش و ڕووناک لێم بوو بە گیانی پێشەوا
ئەستێرەی گەش پێش ئاوابوون لە زەردەکۆ وا هاتە گۆ:
بۆ ئاوات و ئامۆژگاریی مامۆستای ژیرتان لەبیر چوو
چما نەیگوت:
پاداشتی شیاو بۆ شەهید
نە فرمێسک و دەستە وەستان و گریانە
ئەوەی ئەوانی پی شاد بێ
درێژەدان بە ڕێبیر و ڕێگایانە
بۆ نازانن
برینی سینەی سەرکردە میداڵیای سەرکەوتنە
ڕەمز و ڕازی خونچەی هیوا پشکوتنە
چونکە بەپێی یاسای سروشت
داری ئازادی و سەربەستیش
وەکوو هەموو دارێ بەری دوای گوڵ پشکوان میوە ئەگرێ
دڵنیا بن کوچی دوایی سەرداری گەل
هەر بە تەنیا کۆچی لەشە
ئاوێنەی ڕوونی ڕێبیر و ڕێنوێنی زانایانەی
لە ئێستاوە تا هەتایە
لە لاپەڕەی مێژوومان و خەبات لەڕێی ڕزگاریدا زیاتر گەشە
دەنگی دلێری پێشەوا لە چوار نکاڵی کوردستان
ڕچەی سامی بۆ شکاندین
تێکی داوی دژدامان و دەستەوەستانیی پساندین
بۆیە دیتم بە هەزاران پڵنگ و شێر
لە بێشەڵان و دارستان
دەستە دەستە هەڵۆی سووری باڵ خوێناوی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر لووتکەی چیا و کوێستان
رق و قینیان دەردەبری
زەرد و شاخی پارێزەری کوردستانیش
بەرز و سەرکەش راوەستابوون
پڕ بە دڵی ئەشکەوتەکان
سروودی هەر مانیان ئەچری
بەم ئاوایە ئۆگرانی سەرفرازیی نیشتمانم
پەیمانیان تازە کردەوە
وەک رابردوو رێبواری رێی شەهیدان و کێوی ورە و بێ باکی بن
وەکو قەندیل وەکو ئارێز و پەرەژاڵ چاوەروانی دەرکەوتنی
گەردەلوولی رووناکی بن
منیش لێرە لە شاری یازدە ئەستێرە بەڵێن بەڵێن
هەموو کات و سامە ساتێک
لە هەڵدێر و هەورازە ڕێ
لە ئاستەنگ و نەهاتە سال
بەرگێڕەوەی گورزی دەستی کارەسات بم
شانی شێعرم لەژێر باری دژدامانا نەوی نەبێ و
بەرەو رووگەی سەرفەرازی سەر لە پێناوی وڵات بم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنک - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٠٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# له کۆچی قاسملوو دا

**جەلال مەلەکشاه**

که تۆیان کوشت دەستیان شکێ،
بەهێزترین ئەستووندەکی تاوڵی مرادی کورد شکا.
که تۆیان کوشت چاویان کوێر بێ،
گهشت کوردستان زریکاندی
که تۆیان کوشت کۆستیان کەوێ،
گڕ کەوتە خەرمانی کورد هەتا بۆی کرا سووتاندی
جرجە مشکی خاوەن گەرای شوومی تاعوون،
و ایانزانی ئیدی دەریا
تەنانەت یەک هەناسەش وێی ناکەوێ
تا وەخرۆش کەوێتەوە.
وایانزانی ئەوی چوو چوو.
نا یەتەوە،
نەیانزانی گڕکان دوای دامرکانیشی
سەرلەنوێ گڕ دەگرێتەوە
کوردستانیان نەناسیبوو
نەیانزانی کوردستان گشتی گڕکانە.
لە نێو دڵی زامداری دا ژانەکانی هەڵدەگرێ،
پەنگ بە خەفەتەکان دەدا،
فرمێسکەکان دەخواتەوە،
جارجار خۆی رادەچڵەکێنێو هەرمانی خۆی دەسەلمێنێ.
بە ئاگری یادی شەمە کوژراوەکان هەر دەکوڵێ،
هەر دەکوڵێ هەتا هێندەی
باڵای بەرزی سەربەرزیی سەردارەکانی گڕدەگرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەهید

**جەلال مەلەکشاە**

کاتێ زانیان
دڵت پاپۆڕی ئەوینە و
بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی
دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبری
هاتن سینگتیان هەڵدڕی!

کاتێ زانیان

دڵت پردێکە پان و پۆڕ
بەرەو ناخی مێژووی جیهان
دەستی کوێستانت گرتووە و
لە قووڵایی مەرگ و خوێنا
ئەیبەی بەرەو کۆشکی ژیان
پەردەی وەرزی زریان ئەدڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی!

کاتێ زانیان

بورکانە دامرکاوەکان ئەخرۆشێنی
بوومەلەرزە خنکاوەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ناو خوێنتا ئەجوێنەوە
نەخشەی جیهان ئەشێوێنی
سنوورەکان لە ژێر پێتا ئەتوێنەوە
وەک بڵێسەی کڵپەی ئاگر
لە ناو شەوەزەنگا ئەگڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی

کاتێ زانیان

ناوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین
دڵدارەکان ئەبزوێنی
دەنگت بووە بە چەپکە تیشک
شەوی چڵکن ئەشڵەقێنی
شانت داوە بە ژێر خەمی نیشتمانا و
فرمێسک لە چاو هەژار ئەسڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی

کاتێ زانیان،

کوێستانت کردووە هێلانە
بە شمشاڵی لوولەی تفەنگ
دڵدارەکان بۆ جێژوانی چیا ئەچڕی
هاتن سینگتیان هەڵدڕی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شینی بێری بۆ قاسملوو

**ڕازاو هەمزەپوور**

پووشپەرە، ماڵمان لە هەوارە،
تازە گەڕاومەوە لە مەڕ دۆشینێ،
چێشتەنگاوێکی درەنگە،
دانیشتووم لەبن رەشماڵی هەوارێ،
هەر چەند دێت کزەی شەماڵ،
نازانم بۆ لە جەستەم گەرمە؟
هەستام برۆم، نەمتوانی،
دیتم لەبەر چاوم دونیا تارە،
زۆر گریام، نەمزانی بۆ دڵم تەنگە؟
هێندەم روانی لەو رۆژە تارە،
لەپر دیتم، هاتن پۆلێ سوارە.
کە هاتن، لەبەر دەرکی رەشماڵ دابەزین،
هەستامە سەرپێ و، بەرە و پیریان چووم بەتین.
کە لێم روانین ئەمجارە،
دیتم، گشتی غەمبارە.
کەوام دیتن، کزە لە دڵ هەستاو،
هاوارم کرد، هۆ برا، برا،
توخوا بڵێ، چی رووی داوە؟
وەڵام نەبوو، هیچ دەنگ نەبوو،
پاک دەگریان، فرمێسک دەرژا بە لێشاو،
ئیتر نەما هێزو تاقەت،
دەستم گرتە چەکی شۆڕشگێرێ و،
پرسیم:
هۆ براکەم، خەبەر چیەو، بۆ بێدەنگی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**که چاوی هەڵێناو، سەری بەرزۆ کرد،**
**فرمێسک قەتارەیان بەست و، هاتنە دەنگ و.**
**گوتیان:**
**هۆ بێری دڵ غەمین،**
**نەتزانیوە، قاسملوومان شەهید کراوە؟**
**کە بیستم ئەم هەواڵە،**
**دڵم گڕی گرت، جەستەم تەزی، تەزی،**
**چاوم فرمێسکی لیوەری و،**
**هاوارم کرد، هۆ خەڵکینە، وەرن، توخوا وەرن،**
**ئەمرۆ شینە، شینی قاسملوویە، شینی سەرکردەیە،**
**زۆر گریام،**
**چاوم وەک گۆمی خوێن، سوور هەڵگەڕان،**
**هێندە گریام، بی تاقەت بووم،**
**کەوتم بەروودا، هۆشم نەما،**
**درەنگانێکی ئێوارێ، کە سەرم هەڵێنا،**
**دیتم، کات درەنگەو، سێبەر داگەڕانە،**
**لەوە زیاتر، چیم لە دەست نەهات،**
**بەڵام، لە دڵدا، گوتم،**
**هۆ قاسملوو، هۆ سەرکردە،**
**قەسەم بەمەرگی سوورت، قەت لەبیرم نەچی و،**
**هەموو ساڵێک، لەم رۆژە دا،**
**وردە، وردە، بدوێنم،**
**چەند دێڕ، بۆ مەرگی سوورت بنووسم،**
**تا ناو و، یادو بیرت، فەرامۆش نەکرێ و،**
**بۆ هەمیشە، وەکو ئەمرۆ،**
**لە دڵی، وەچەکانی داهاتوو دا،**
**بەزیندوویی، بمێنیەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوونی ٢٠١٣


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مەرگی قاسملوو ، مەرگی خۆرە تاوە...

ئەحمەد شێربەگی

گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
فریشتەکان دەبینن،
هەموو شەوێ نیشتمانم بۆ لای دەفڕێ،
دەچێتە ژوور سەری،
دڵنەوایی دەداتەوە.
گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
بەهاری هەمووساڵێک،
نیرگزەکان چەپک چەپک، دەچنە سەری رادەوەستن،
لە تاسەی مردنی دا،
شەونم ئاسا،
زەنگوڵ زەنگوڵ ئارەقەیان دڕژێتە خوار،
هۆن هۆن فرمێسک هەڵدەڕێژن.
لەم هەوارە دوور دەستەدا،
گۆڕێک هەیە،
هەموو جارێک کە ئازادی لە گەڕان دا شەکەت دەبێ،
دەجێتە لای ئۆقرە دەگرێ.
گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
نەتەوەیەک لە تامەزرۆی دیتنی دا،
بۆی دەسووتێ و ئاور دەگرێ.
گۆڕێک لە پێرلاشێز هەیە،
پێغەمبەرێک تێدا خەوتوو،
شۆڕەسوارێکە گلاوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەڵەمێرێکە پێکراوە،
لە سەر کێڵەکەی نووسراوە،
کە من مردم، کورد نامرێ.
هۆ قاسملوو! هۆ پێغەمبەرە پێکراوەکەی کورد!
تۆ کێ بووی کە پەیڤەکانت لە ئامێزی دایکم گەرمتر،
هەناسەکانت لە شنەبای ئازادی فێنکتر،
خەندەکانت لە هەرچی مۆسیقایە خۆشتر،
خۆزگە بتزانیبا ژیان بە بێ تۆ چ ئاوازێکی حەزینە و
چ نەغمەیەکی غەمگینە.
مامۆستا گۆڕ غەریبەکەم!
گیانە شیرینەکەم!
من چیم هەیە لە ساڵڕۆژی نەبوونت دا پێشکەشت کەم،
تەنیا جەستەیەکی لاوازی گڕ گرتوو نەبێ،
کە ئەویشم ساڵانێکە کردۆتە، خەڵاتی سووری ڕێبازەکەت.
ئەمشەو گەرمە شینە،
هەنووکە دایە پیرەم ڕاسپاردووە بێتە دەرێ،
بەرۆکی خۆی دابدڕێ، شین بگێرێ،
پرسەی گشتی ڕاگەینێ،
منیش لێرە، دوور لە زێدو کاشانەکەم،
لە سەر بستە خاکێکی سەر ئەم ئەستێرە نامۆیە،
دەستی هەرچی کێژ و کوڕە دەگرم،
دەیکەمە ڕەشبەڵکی گریان و
ڕوو بە پێرلاشێز،
سروودی ئەبەدی دەڵێینەوە.
ئێمە خەڵکی وڵاتێکی بێ ناسنامەین،
دەمانکوژن،
دەمانبڕن،


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قڕمان دەکەن،
سێدارەمان بۆ هەڵدەخەن.
قاسملوو!
هاتنت لە پشکوتنی هەڵاڵە برایمە و
ئۆغر کردنت لە گوڵزاری پەپولەیەک دەچوو،
کوێر بن کە تۆیان کوشت،
ژیانیشیان کوشت،
کە تۆیان کوشت جوانیشیان کوشت،
هەرچی پێکەنین و بزە بوو تۆرا،
کۆترەکان لە گمە کەوتن،
هەمووی هەڵفرینە تاریکی،
کاتژمێرەکان کڕبۆی کەوتن.
قاسملووی کورد
تکا کارتین
بگەڕێوە چاوەڕێتین،
کفنی سپیت بدرێنە،
سینگی زەوی شەق کە
بگەڕێوە بە یەکجاری،
کوردستانم لە بێ نازی دا دەخنکێ
ڕزگاری کە،
بگەڕێوە بە یەکجاری، کوردستانم لە بێ نازی دا دەخنکێ ڕزگاری کە،
ڕزگاری کە..
چارەگە سەدەیەک لە مەرگی سوورت تێپەڕی کەچی خۆری
قەندیلەکەی ناو دڵمانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەورەم، سەروەرم شەهید قاسملوو!

حەمەرەسووڵ کەریمی

باوەش بۆ کوڕە شەهیدەکانت، بۆ کۆترە باڵ بەخوێنەکانی دێموکرات بکەوە، ئەوان بۆ ڕووناکی و خەندە و لە دایکبوونت، بوونە شەمی ڕووناکی و هاتنە لات.

کوڕە شەنگ و چەلەنگەکانی حدک، سووری دەنکی هەناریان بە خوێنی خۆیان سوورتر کرد و خوێن و جەستەی خۆیان بۆ لە دایکبوونت کردە نوقڵ و شەربەتی سووری گوێزەبانە و گەشی چاوەکانیان کردە ڕووناکی شەمێک بۆ نێو تاریکی و بۆ تاریک پەرەستان.

هێژام شەهید قاسملوو!

مێژەر بەسەرانی تاران تۆیان لە سەر مێزی ئاشتی و وتووێژ خەڵتانی خوێن کرد، بۆ ئەوەی ئێمە چاوترسێن بکەن، ئەمشەو جارێکی‌تر لە یادی لە دایکبوونت دا پۆلێک هاوڕێ و هاوڕێباز و پێشمەرگەی باوەر و ئامانجەکانتیان وەک پیشەی هەمیشەیان کردە ئامانجی تیرۆریستی خۆیان و لە دوای خۆشی لە دایکبوونت، تاریک پەرەستان بە چرکەیەک هەناسەی گەرم و هەستی دڵی پڕ لە ئەوینی درێژەدەرانی ڕێگەی تۆیان لە گەرمی و لە لێدان خست.

حاکمانی ترسنۆکی ئێران، بە نیازی گوڵاویان جەستەی تۆیان لێ ستاندین، تۆیان لێ دوور کردینە بۆ ئەوەی بە جێ پێ و هەنگاوەکانی تۆ دا هەنگاو بەرەو لووتکە هەڵنەهێنینەوە، بەڵام ئەوان خەیاڵیان خاو بوو، چوونکە باوەر و ئیمان و ورە و ڕێبازت، دەرس و وانە و ئامۆژگاری‌یەکانت وەک ملوانکەی زێرین لە گەردنی ڕێبوارانت دا هەروا دەدرەوشێتەوە و بە شەهیدبوونی ڕێبوارانی ڕێگاکەت زیاتر لە تۆ و ئامانجەکانت نزیک دەبینەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمشە لە یادی لە دایکبوونی خۆری چاوەکانت دا، پۆلێک ئەستێرە هاتنە سەر مەزارت، ئەوان بە خەندە و بزە و شادی لە ئاسمانی سامالّی ژیانت بوونە میوان. هەروەک چۆن تۆی سەروەرمان لە سەر سەرمان دەدرەوشییەوە، ئەوانیش بە عیشقی درەوشانەوە لە تەنیشت شەوقی پڕ لە تروسکەی تۆدا لە تەنیشت تۆ دەدرەوشێنەوە و ڕێگای خەباتمان بۆ ڕووناکتر و والاّتر دەکەن.

بە دلّنیایەوە هەروەک چۆن لە یادی شەهیدبوونی تۆی تاجی سەرمان دا، پەیمان و بەلّێنیمان دا تا وەدیهاتنی ئامانجەکانت ڕێبواری شێلگیری ڕێگای پڕ لە هەوراز و نشێوت بین، ئەوە ئەمشەویش لە یادی لە دایکبوونت دا و لە یادی یەلّدای سووری دێموکرات دا بەلّێن دەدەین بە جێ پێ و هەنگاوەکانتان دا هەروا بڕێین و زیاتر لە جاران لێتان نزیک بینەوە و بە یەکریزی و یەکدلّی و یەکگرتوویی خۆمان دلّی دوژمنان و تیرۆریستان و شەوپەرەست و تاریک پەرەستانی کۆماری ئیسلامی وەلەرزە بخەین.

ڕووحی شەهیدانی شەوی یەلّدای سووری دێموکرات شاد و ڕێگای خەباتی هەموو شەهیدان پڕ ڕێبوار بێ.نەفرەت لە تیرۆر و نەفرەت لە بکوژ و بکەرانی ئەم تاوانە قێزەون و دوور لە ئینسانی‌یە.

**شەهیدەکانی ئەم ڕووداوە بریتین لە:**

١- عەلی قۆیتاسی، کادری حیزب
٢- وەهاب میر خزری، پێشمەرگەی حیزب
٣- سالار باقری، پێشمەرگەی حیزب
٤- ئەرسەلان عەباس نیا، پێشمەرگەی حیزب
٥- ناسر کەریمی، ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات،
٦- عەدنان عەبدوڵلا، مفەوەزی ئاسایش
٧- سەنگەر ستار پۆلیسی ئاسایش

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەواهینامەی مێژوومان

مەهاباد قەرەداغی

(بۆ قاسملوو، سەرکردە و پێشمەرگەی کوردستان)

لە مێژووم پرسی
لەم سی ساڵەدا کێی وا دەناسی
پێشمەرگە بووبێ، سەرکردە بووبێ و عاشقی ڕاستی؟

کێی وا دەناسی؟
هەسارەی زەوی جێی نەهێڵابێ یادی پڕ شکۆی
خوێنی بووبێتە گەشترین تابلۆی
چوار وەرزەی خەبات
بۆ هەرکوێ چووبێ
لە نێو هزریدا هەڵیگرتبێ چوارپارچەی وڵات

لەم سی ساڵەدا
کێی وا دەناسی؟
دڵی هەمیشە لێی دابێ بۆ ژیان، ئازادی و عەشق
گیانی هەمیشە مەشخەڵێ بووبێ لە مەیدانی مەشق
کێی وا دەناسی
دیرۆکی پیری کوردستانی من
ئەی پەڕاوەکەی پڕ داستانی من
کێی وا دەناسی؟


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم سی ساڵەدا
خەندەی ئاوێتەی خۆرهەڵات بووبێ
بەردەوام گزنگ ماچی کردبێ بیروبۆچوونی
هەردەم وەک ئاسمان فراوان بووبێ ناخی دەروونی

کێی وا دەناسی؟
مەلی ئاواتی دڵی میللەتی
فێری فڕینی بێ وەستان کردبێ
کێی وا دەناسی مەرگ نەناسێت و
هەر کەسیش بیری لە مەرگی گیانی پیرۆزی کردبێ
دەستبەجێ مردبێ!
کێی وا دەناسی ئەی مێژووی دێرینم
لەم سی ساڵەدا شەیداترین بێ بۆ خۆشەویستی
هەوێنی هزری
بەبێ هەدادان هەنگاوی نابێ بەرەو سەربەستی؟!

-----

مێژوو پێی گوتم: ڕاستیت پێ بێژم؟
لەم سی ساڵەدا رۆژ بە ڕۆژ زیاتر
شانازی و شکۆ
دەبێتە بەشی سەرکردەیەکی خاکیتر لە خاک
پاکژتر لە پاک
بەناوی قاسملۆ!
مێژوو پێی گووتم: ڕاستیت پێ بێژم؟
سەرسامم بەو ڕۆژەی کە ڕەنگێکی سوور


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ڕۆحی ڕژا و
بوو بە مەرەکەب بۆ خامەی هەتاو
هەر لەو ڕۆژەوە پڕشنگ دەبارێ

هەر کاتێ ناوی ئەو بێتە سەر زار
جۆش و خرۆشی شۆڕش وەک ڕووبار
دەرژێتە شادەمار!
دیرۆک پێی گوتم:
ئەمە ڕاز نییە، ئاشکرایە خۆ
لاپەڕەیەکی گەشتر لەپەڕەی دیرۆکی ئەوم، نەدیوە بە خۆ!
سی ساڵە باڵای بەرزتر دەبێ بڕوا و ڕێبازی
تیژتر دەڕوانێ چاوی وەک بازی
زووتر دەگاتە جێ پەیامەکەی
پێشمەرگە لە نێو سەنگەری بەرگری
دەیخوێنێتەوە وشە بە وشەی بڕوانامەکەی!

مێژوو پێی گوتم: موژدەت دەدەمێ
دڵۆپەکانی خوێنی خۆرئاسای
قازی و قاسملۆ و
هەزاران پێشمەرگەی ئازای نێر و مێ
بوونەتە دەیان زێ
زێکانیش یەک دەگرن دەبنە زەریا
هێندەی نەماوە ببنە ئۆقیانووس
سوێند بێ بە مەزدای مەزنی تێکۆشان
سوێند بە چارەنووس
سوێند بە کوردستان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هێندەی نەماوە تیایدا بخنکێ ڕێژێمی مەرگ و تاریکپەرستی**
**هێندەی نەماوە کۆتایی پێ بێ شەوگاری پەستی**
**ئەوسا دەیبینن چەند بە شکۆوە**
**مەشخەڵی ڕزگاری دەبەنە سەر کێوان**
**پۆل پۆل پێشمەرگەی بەئاکاری کورد**
**نەورۆزێکی نوێ**
**دەکەنە شادێڕی مێژووی سەرکەوتن**
**بۆ بەهاری کورد!**

**ئەوسا دەیبینن چۆن جارێکی تر**
**قەت لەبار ناچێ و لە کوردستاندا**
**لە دایک دەبێ کۆمارێکی تر!**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# باری وەفا

## بێبەش پیرۆتی

**بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ نووسیبووم و بەخت یار نەبوو لە کاتی خۆیدا بکەوێتە بەر چاوی یارانم. وا لێرە دایدەنێم.**

**چەمی بیری رووناکی تۆ، قەت ناسرەوی**

**چیای کوردی هەر بە پێوەی قەت ناکەوی**

**سێ دەیەیە دەستەو داوێنی هەستێکم شێعرێکم بۆ بخوڵقێنێ هەتا لە بەرزیی باڵا دا شان لە شانی تیشکی خۆردا، شێعر هەروا باڵا دەکا و لە بەرامبەر هەست و ویستم کورتی دێنێ.**

سی ساڵە و هەموو ڕۆژێ
ماری رقم ژار دەردەکا
سی ساڵە و هەموو ساتێ
شێعری کێوییم وەک پێشمەرگە
بەرگی تۆڵە دەبەر دەکا
سی ساڵە گشت بەیانیان
تیشەی ناڵە خەوی شیرنم دەرووخێنێ
سێ دەیە وەک سێ سەدەیە
تاڵاوێکی وەک ژەقنەمووت
کچی قژ زەردی شادییم و
کانی بزە و بەختەوەرییم دەخنکێنێ
سێ دەیە وەک سێ سەدەیە
پەنجا میلیۆن باری وەفام کردۆتە کۆڵ
لەم شاخ لەو دەشت

لەو چەم لەم دۆڵ
گێڕاومە و دامنەناوە
سوێندم خواردوە بە کانیاوی چاوی خەزاڵ
بە یاقووتی سووری دەمی دارەبەنێ
بەو ئازارەی هەستا لە شاری «ڤییەن»ێ
بەو رووە گەشەی تا کورد ماوە
بە رووی مەرگ و بیری رەش و خەیاڵی خاو پێدەکەنێ
داینەنێم تا
زەوی ژار پژاوی ژینم
دڵی خاکی پڕ برینم
مەزرای مەزاری ئەوینم
سەرانسەر سەوزیی حەز دێنێ.
ناخم دەفری سەر ئاگرە و
خوێنم تێیدا سێ دەیە نا... سێ سەدەیە
لە کوڵ ناچێ
دار و بەردی کوردستانم پێی بۆتە گڕ
دەسووتێنێ رووحی ئەوەی ویستی رووحم بسووتێنێ
ئەوەی ویستی بەژنی ئاڵام لێ بشکێنێ
تیری بیری قاسملووەکەم بوەستێنێ
ناخم دەفری سەر ئاگرە هەر هەڵدەچێ و بێ حەجمینە
هیوای بەرزی ئاسمانی شین
دەریای شین و
رەنگی شینە
لە نێو چنگی گورگی مەرگ
رەها بوونی بووکی ژینە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆ ڕوحی پیرۆزی قاسملوو

**کەریم فەرخەپوور**

لە سەدەی پێشکەوتندا
لە مەملەکەتی یاسا و قانووندا
لە پێتەختی دێموکڕاسی، لە لانکی پێشکەوتن و عەداڵەتدا
لە سەدەی بیست، لە هەناوی ئورووپادا
لەسەرمینبەری کلیسا، لە بەردەمی پاپادا
ئاشتیخوازێک، مافخوراوێک، پێشمەرگە و سەرکردەیەک لە خاچ درا،
قاسملووی کورد تیرۆرکرا
نیشتمانێک ڕەشپۆش کرا
ئاسمان خڕۆشا گەردوونی گریاند
گۆڕ لەرزی و زەوی هەژاند
بەڵام ئەهلی کتێب و یاسا تا ئێستا کپ و بێدەنگ هەر لە خەودان
لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستەوە
لە تەکیەی تاریک پەرستانی جەمارانەوە
لە کۆشکی جیهاد و جینایەت و ئەنفالەوە
ڕەوەی دڵڕەش و قین لە دڵ
بەدەمامک و شمشێرەوە
بۆ زەماوەندی مەرگی فریشتەیەک
هاتنە ناوەندی خۆرئاوا
لە ڤییەنی شۆخ و شەنگدا
لە باوەشی بووکی ڕازاوەی ئورووپادا
مەرگیان بە باڵای قاسملوو بڕی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بیابانی غوربەتدا
لە شەوەزەنگی سیاسەت و بێدادیدا
لەناو گڕی باڕوت وگوللەدا
ڕوحیان سووتاند
قاسملوو و هاوڕێکانی شەلاڵی خوێن و
خوێنڕێژانیش بە پەنجەمۆری خوێناوییەوە
بە دەهۆڵ و زوڕنای مەرگەوە
بە بەردرگای کۆشکی خاوەن شکۆدا
لەنێو ئاپۆرای بازرگانان و سیاسەتوانانادا
بە کەژاوەی ڕازاوەی سیاسەتی بەرژەوەندی و درۆ، لەژێر چارشێوی مەغول و هیتلێردا
لەژێر سێبەری ئینجیل و خاچەکەی عیسادا
بەرەو بارەگای جەهل و جەهالەت
بەرەو کۆشکی ئەهریمەنیی هۆلاکۆ بەدرەقەکران
داد و دێموکڕاسیش متتەقیان لێوە نەهات
لەمێژ ساڵە لە کوردستانی داگیرکراودا
خاکی کورد و مافی کورد و نەوتی کورد
کلیلی دەروازە داخراوەکانی نێوان زۆرداران ودەوڵەتانن، بەڵام بۆ یەکەم جارە لەمێژوودا
لەسەرمینبەری کلیسا، لەسەر تابووت و تەرمی کورد، مزگەوت و کلیسا بەیەک دەگەن
قەشە و ئاخوند شمشێر و خاچ لەیەک دەگەن
دەرگای دادگا گاڵە دەدرێن، حەق و یاسا لەنێو دەبرێن
بێتاوان تاوانبار و تاوانبارخەڵات دەکرێن
ئەی سیاسەتوانانی کۆشک و کلیسا
سەدان ساڵە بە بێتاوان لەناو دەبرێین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ساڵەهایە خوێنمان دەڕژێ و دەکوژرێین**

**زەمەنێکە هەقمان دەخورێ وهاوار دەکەین**

**هەتا کەی کپ وبێ دەنگن؟**

**هەتاکەی ئاشقی زێڕ ونەوت وگەنجن؟**

**تاکەی تەماشاچی مەرگی ژن وپیاو  و پیر و گەنجن؟**

**تاکوو ئێوە وا بێدەنگ بن**

**تا کڕنۆش نەبەن بۆ سەر گۆڕی شەهیدی من**

**تا لە کریسمەس ڕۆشن نەکەن مۆمێ لەسەر مەزاری ڕێبەری من**

**تا تاجەگوڵینە دانەنێن لەسەرگۆڕی سەربازی ون، تا شەرمەزار نەکەن دژمنی خوێنڕێژی من**

**تا پێرلاشێز ئارام نەگرێ لە ئاهو حەسرەتی میوانی دووروڵاتی غەریبی من**

**تا لەسەر ئیڤێل لێ نەدرێ جاڕی مافخوراوی شەهیدی من،**

**لێرە لەم مینبەرەوە لە بناری قەندیلەوە، لە ماڵەکەی قاسملوووە تا ئورووپا ، هەموو ڕۆژێ، هەموو ساڵێ، لەبەر دەرگای پارلمان وکلیساتان، لەبەر پەنجەرەی هەموو ماڵێ،**

**لەگشت شەقامێ، لەنێو هەموو گوندێ، لە ناوەندی هەموو شارێ، لە هەموو مێدیاکانی جیهانەوە هاوار دەکەم، تا دەهەژێن کۆشک و تەلار، تا ڕیسوا بێ هاودەست و دۆستی زۆردار،**

**هەمووجارێ لەگەڵ زەنگی کلیساتان هاوار دەکەم تا ویژدانە نووستوەکان لە خەو ڕابن، هاوار دەکەم تا گوێچکە ئاخنراوەکان، دەرگا داخراوەکان دەکرێنەوە**

**هاوار دەکەم تا ئەو ڕۆژەی یاسا و داد ودادوەرتان شەرم دەیگرێ،**

**هاواردەکەم**

**تا ئەو ڕۆژەی رۆحی پیرۆزی قاسملووی کورد ئارام دەگرێ**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد  -  ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆ یادی سی ساڵەی شەهید د.قاسملووی نەمر

لە کوێوە و باسی کوێ بکەم؟
لە چیەوە و باسی چی بکەم؟
ئەوە هاژەی بەفرەلۆکەی کوێستانەکانی خاک نییە،
کێوە دەگری!
ئەوە گرمەی لەیەکدانی سەری دوو کەڵەکێویی بزۆز نییە،
بەردە لە یەک دەبێتەوە!
ویشکەساڵیی سەردەمی فیرعەونەکان نییە، ئەم وەنەوزە
رەپستە و مێرگ و بژوێنە
کە مانیان گرتوە لە رسکان!
لەو ساتەوەی کە تۆ رۆیشتی
هیچ بەهارێک گوڵی نەکرد،
هیچ هەنارێک بەری نەگرت،
داربەڕووی ئەم نیشتمانە بوونەتە داوەڵەی مردن،
رووبارەکان پێچەوانەی رەوتی خۆیان دەلوێنەوە و
بەجێی باران خۆڵ دەبارێ.
کە تۆ رۆیشتی
خوداش پشتی لە ئێمە کرد
نە پێغەمبەرێکی ناردەوە و
نە ئایەتێک پشتێندی لێ بچنینەوە.
لە کوێوە و باسی چی بکەم؟
قەرار وابوو
مەشخەڵەکەی رێبەندانی پێشەوامان، لە پەنجەی تۆوە گوڵ بگرێ.
قەرار وابوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەرووی کوێستانەکان بدڕی و هەواری کوردی تیا چێ کەی.
ئەی خوداوەندەکەی ئەوین،
ئەی کەژاوەی دڵی ماندووی بەرخۆدانی بێ خودای کورد،
کوا بەهاری دوارۆژی کورد؟
کوا خۆری رۆژی رزگاری؟
کوانێ قەندیل؟
کوا نەکەرۆز؟
کوا وەنەوشە و داڵانپەڕ و مانێشت و داڵاهۆ و بەیان؟
کە رۆیشتی
شاخەکانیش لە سەربەرزی بەربوونەوە و
تەمی نەگبەت سۆمای بەریی لێ بڕیوین.
لەو ساتەوەی کە تۆ رۆیشتی،
دایکانی ئەم نیشتمانە هەمووی سەریان لە هەش ناوە.
دەریێغ لە بزەی ئەوینێک!
مەخابن بۆ چرۆی باران!
دەگریم بۆ خۆم، کە چەندە بێ تۆ غەریبم ..
دەگریم بۆ تۆ، کە چەندە غەریبی لە خۆت.
لە چیەوە و باسی کوێ بکەم؟
هێشتاش باڵندەکانی بیانووی رێت
سۆراغی جێژوانت دەگرن.
هێشتاش کە باران دەبارێ
بە یادی تۆوە گوڵ دەگرێ.
تراویلکەی هەناسەی ودمی هەنگاوت
دەربەندی چۆڕێ سێبەرتن.
لە کوێوە و باسی چی بکەم؟


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە چیەوە و باسی کوێ بکەم؟
چەندە ساردە باوەشی ئەم نیشتمانە
چەندە زەردە، چ بێ متمانە، چەند لەرزۆک و لاوازە،
بەهاری دوای تۆی تەمامان.
کانیاوێکی قوڵپی خوێن
رووبارێکی سوێی مل بەکوێن
چیایەکی چەماوی رووت لە ئاوێنەی مانگەشەودا
بێ هەناسە و مەل و بژوێن،
ئەوە شینی گەلێکی بەجێماوی مێژوویە
کوردە، بۆ قاسملوو دەگری.

* شێعری برادەرێک لە نێوخۆی وڵات (رۆژهەڵاتی کوردستان)،
بۆ یادی سی ساڵەی شەهید د.قاسملووی نەمر.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی وریا رەحمانی - رێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو له ڕێبازدا زیندووه!

**هاشم رۆستەمی**

هەیاران! ئەی هەڤاڵانی دێموکرات!

ئەی ڕێبوارانی رێگەی سەختی خەبات!

ئەمرۆ ئێوه چما رەشپۆشن؟!

چما بێ دەنگن چما خامۆشن؟!

چـما چاو به فرمێسک و دڵ بەخەمن؟!

چما روخسار پەرێشان و لێو بەتەمن؟!

رەنگه ئێوەش لەمن بپرسن، چما تۆ نازانی ئەمرۆ سی هەمین ساڵیادی شەهیدی سەرکردەو ڕێبەره؟ ڕۆژی سوور بوونی مێزی وتووێژ به خوێنی دیپلۆماتکاری کارامەو، یارو یاوەری پێشمەرگەی نێو سەنگەره!

هەیاران ! ئەی هەڤاڵانی دێموکرات!

ئەی ڕێبوارانی رێگەی سەختی خەبات!

فرمێسکی چاوەکانتان بسڕن. پەرێشانی له روخسارتان لادەن. تەمی خەم له سەر لێوان لابەن. چونکه به هەڵه مەچنو بزانن که قاسملوو هەرگیز نامرێ و، نەمردووه.

ئەو له بیر و ئەندێشەدا

له ڕێبازدا

له رێگەی رزگاریدا

له نێو دڵی تەک تەکی ئێمەی رێبواری رێگەکەیدا هەر جاویدانەیەو هەر زیندووه.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هۆ شەهیدە لە خوێندا شەلاڵەکەی سەر مێزی وتووێژ!

هۆ میوانە سوورخەلاتەکەی گۆرستانی پیرلاشێز!

ئاگات لێیە کە کیژو کوڕانی دڵسۆزی دێموکرات چ لە هەندەران چ لە نێوخۆی وەڵات، لە رۆژئاواوە تا رۆژهەڵات، شێرانە دەگوڕێنو داوای سەزادانی بکوژانت بە گوێی تا هەنووکە کپی دونیادا دەدەن.

هۆ دونیای پێشکەوتوو! هۆ جاڕدەرانی مافی مرۆڤ! هۆ پەرە پێدەرانی نەزمی نوێ!

هۆ ئورووپای بێشکەی دادپەروەریو دێموکراسی!

دە تۆزێ لە ئاست ئەم گەلە ستەمدیدەیەی ئێمەشدا، لە ئاست ئەم شەهیدە بەناحەق کوژراوەی ئێمەشدا، چاوی قووچاوتان بکەنەوە تا بزانن‌و ببینن کە چلۆن‌و بەئاشکرا، لەناو جەرگەی ئوروپادا، ئەوە حەڤدە ساڵە، بازرگانانی فرمێسک‌و خوێن، لە ئاست ئەم جینایەتە سامناکەدا بێ دەنگ‌و خوێنی سەرکردەی نەتەوەیەکی ئازادیخوازیان چۆن فیدای سات‌و سەودای ئابوری‌و بازرگانی کردوە. دە ئێوەش بزانن کە قاسملو لە رێباز دا هەر زیندوە.

ئەی نەیارانی گەل و وڵاتم

ئەیدوژمنانی نیشتمان و خاکم

ئەی دڵرەشانی حاکمی قوم و تاران

ئەی گورگە کەڵپ خوێناویەکانی جەماران!

لاتان وابوو بە تیرۆر کردنی رێبەرانمان، بە شەهید کردنی سەروەرانمان، هێزو توانامان لێ دەستێنن؟

لاتان وابوو دەتوانن لە ریشەوە دەرمان بێنن؟

ئای چەندە سەهوون، چەندە نەزانن!

مەگەر هەستی شۆرشگێری‌و ماف ویستی دوای شێخ سەعیدو شێخ مەحمودو سەید



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەزاو سمایل ئاغای شکاک، کپو بێ دەنگ بوو؟
مەگەر دوای لەداردانی پێشەوا
لە مەکۆی ئازادیخوازی، لە چوارچرا
مەگەر هێزی لەبن نەهاتۆوی گەل بڕستی لێ برا؟
ئایی کە مێژوو نەزانو نەفامن، ئای کە خوێنرێژو بێ تامن.
تاوانی دەیان جارە دووبارە دەکەنەوە، جینایەتی بە ئاکام نەگەیشتوو تازە دەکەنەوە.
ئەی شەمشەمەکوێرەکان!
کام ستەم کار، کام خوێن ڕێژ،
کام دیکتاتۆری نێو حەرەم سەرا یا سەر بەرماڵی نوێژ
توانیویەتی تاسەر لە کەللە سەراندا شەرابی دەستەڵاتداری هەلقورێنێ؟
یا چۆنی پێی خۆش بێ ئاوها بنەڕێنێ؟
ئەهای دەسەڵاتدارانی تاران! بۆ نابینن؟ خۆ هەر دوێنێ بوو لە دراوسێی ڕۆژهەڵاتتان فڕکە فڕکی ، فڕێ دانی ڕیش و مێزەر بوو، خۆ هەر دوێنێ بوو لە دراوسێی ڕۆژئاواشتان، کە خاوەنی کۆشکی زێر بوو،
دیکتاتۆر، کونەمشکی لێ بە قەیسەر بوو.
دە ئێوەش بزانن کە ئەمڕۆ یا سبەی، درەنگ یا زوو،
هەستی شۆڕشگێرانەی گڕ گرتوو،
فڕێتان دەداتە نێو زبڵدانی مێژوو.
هۆ شەهیدە سوور خەڵاتەکەی پیرلاشێز!
هۆ مامۆستاو سەرکردەی بیرو هێز!
چەند نەفام بوون ئەوانەی وایان زانی دەتوانن بە گوللە تۆ بکوژن،
چەند نەفام بوون، وایان زانی تۆو ڕێبازت پێکەوە دەنێژن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند نەفامن، چەندە گێژن!

ئەوان نەفام بوون، نازانن و نەیانزانی تۆ پاش مەرگیش هەر سەرکردەو ڕێبەری،

تۆ هەر بیلبیلەی چاو و تاجی سەری.

ئاخر تۆ سیاسەتوانو دیپلۆماتکارێکی لێزان بووی، ئاشنا بە مووسیقیو شێعرو زمان بووی.

تۆ هاندەری بەگوڕی ڕێگەی سەختی خەبات بووی، بووژێنەرەوەی ڕێکخراوی دێموکرات بووی.

هۆ سەرکردە! هۆ ڕێبەرە شەهیدەکەی دێموکرات!

هەرتۆ بووی ئەتوت وتووێژیش شێوەیەکە لە خەبات.

داهێنەری» ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە» تۆ بووی، ئەوەی دەیوت باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگەکەیانە تۆ بووی. ئەوەی دەیگووت گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادی یەش بدات، تۆ بووی.

بۆیە منیش پر بەدەم هاوار دەکەم و دەڵێم، هۆ ورمێو سنە! هۆ ئیلامو کرماشان! هۆسەرجەم شارەکانی تری کوردستان!

هۆ دۆڵی دێموکرات

هۆ قەندیلی مەکۆی خەبات

هۆ گەڵاڵەی دڵ پر لە گڕ

هۆ کۆیەی خۆ ڕاگر!

هۆ وردو درشت، کیژو کوڕی وڵات

هاوسەنگەرانی بیری دێموکرات

هۆ ڤییەننی تا هەنووکە بۆ ئێمە خوێنتاڵ

هۆ پیرلاشێز، گۆڕستانە بەناوبانگەکەی کۆنە ساڵ!

هۆ دییاری دیار، هۆ ونیی ون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هۆ لوتکەی بەرز، هۆ بەحری بێ بن!**

**هەموتان بزانن کە قاسملوو لە ڕێبازدا ،**

**لە سیاسەت و بیری دێموکرات دا**

**هەر دەمێنێ و جاویدانەیە**

**لە شێعر وسروود و گۆرانی دا هەر دەمێنێ و، فەرزانەیە.**

**بەرز و بەڕێز بێ سیهەمین ساڵیادی شەهید بوونی**

**دوکتور قاسملوو و هاورێیانی.**

ئەم پەخشانە شێعرەم ساڵی ٢٠٠٦ (حەڤدە ساڵ بەر لە ئێستا)نووسیوە و لە خۆپێشاندانێک کە بە مەبەستی داواکاریی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی دوکتور قاسملوو پیک هاتبوو، لە ئۆسلۆ لە بەرامبەر سەفارەتی ئوتریش خوێندەوە. بە برێک دەستکاریەوە دامنایەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاسملوو نەمرە

**برایم جەهانگیری**

٢٢ی پووشپەڕ ڕۆژی کیمیابارانی ویژدانی مرۆڤ، ڕۆژی ڕەشهەڵگەڕانی ئاسمان و کۆچکردنی پەڕەسێلکە کۆچەرەکانە، لەم ڕۆژە دا، گەلی کورد ماتەم دایگرت و ڕێژنەی خەمی بەسەردا باری، کۆترەکان لە گوێسوانەی بانەکان لارەمل بوون و لە کوێستانان فرمێسکی گەشی شلێرە وەری.

ئێستاش پاش ساڵەهای ساڵ، لەم ڕۆژەدا شایی و داوەت و ڕەشبەڵەک لە بیر دەچنەوە و سەرکانی و جێ ژوان چۆل دەبن و پەپوو لێیاندەخوێنێ. لەم ڕۆژەدا درۆ و رق و چەقۆ بەسەر راستی و خۆشەویستی وئاشتیدا زاڵ بوو. لەم ڕۆژەدا کەڵپی دراکۆلاکان بێڕەحمانە شادەماری گەردنی کیژی ئازادییان هەڵبڕی، ئەهریمەن باڵی فریشتەیەکی شکاند و خەڵتانی خوێنی کرد.... لەم ڕۆژەدا هاواری بێوەلامی مەزلوومان پەردەی ئاسمانی دڕی.

ئەم فریشتەیە قاسملوو بوو، قاسملوو لە وڵاتی مەلائیکە درۆزنەکان، لە وڵاتی تاجرەکانی ئازادی شەهید کراو لە ساتوسەودایەکی ئاشکرا و بێئابڕووانەدا، لەگەڵ بازرگانانی فرمێسک و خوێن، لەگەڵ چەتەکانی بزە، بکوژان ڕەوانـەی هەرێمی ئاسوودەیی کەمتیار و گورگەمێشەکان کرانەوە.

بەڵام بۆچی قاسملوویان تیرۆر کرد؟ هەر ئەو کاتەی کە هێشتا قاسملوو لە نێو هەندێ لە ڕووناکبیرانی کورددا ئەو جۆرەی پێویست بوو نە ناسرابوو، راست ئەو کاتە دوژمنان زۆرچاک هەستیان بەوە کردبوو کە قاسملوو کێیە! ئەوان زەندەقیان لە قاسملوو چووبوو. تەنانەت ناوی قاسملوو نەترەی بردبوون، ئەوان لەو دەمانچەیە نەدەترسان کە بە قەدی قاسملووەوە بوو، ترسی ئەوان لە هەنگاوەکانی قاسملوو بوو کە بێ ماندووبوون شاخ و دۆلی کوردستانی دەپێوا. ترسی ئەوان لەو بیر و ئەندێشەیە بوو کە لە نێو مێشکی قاسملوودا کۆ ببۆوە و وای کردبوو کە ئورووپای بەهەشتی پەنابەران بەجێ بێڵێ و شانبەشانی پێشمەرگە، بەرد بە بەرد و گرد بە گرد و لووتکە بە لووتکەی ئەو کوردستانە بکاتە سەنگەر. ئەوان لەو ئیمانە شۆڕشگێڕانەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەترسان کە لە مێژ بوو لە ناخی قاسملوودا گوورابوو و وای کردبوو کە دوو منداڵی جگەرگۆشەی بەجێ بێڵێ و لە جیاتی «مینا» و «هیوا « کوڕان و کچانی پێشمەرگە بە هەستی خۆشەویستی پەروەردە بکا.

بۆیە دوژمن دانیشت و نەخشە و پیلانی گڵاوی داڕشت. پیلانی خاو.... خەیاڵی خاو...لە سەر مێزی وتوویژ دەستیان بە خوێنی گەشی قاسملوو سوور بوو. دڵە مەزنەکەی‌یان لە لێدان خست. کاڵفامان پێیان وابوو دوای قاسملوو سوارچاکانی رێبواری رێگای ئازادی زەبری ئاوزەنگیان دەشکێ و دەستی جڵەویان شل دەبێ و لە لووتکەوە سەربەرەژێر دادەگەڕێن...گەندەپیاوان پێیان وابوو دوای ئەو شاسوارە رێرەوانی رێبازەکەی هەتڵەو لاڕێ دەبن و لە سەختەڕێی ئەوین سەر دەرناکەن! گێلەپیاوان نەیانزانی و نەیانزانی..کە قاسملووی مەزن بە گوللەی شوورەیی نامرێ، نەیانزانی کە ئەو، خوێنەو لە نێو دەماردا دەگەڕێ، نەفەسەو لە خەو وبێداری‌دا بە ئەسپایی لە ژیان دەدوێ. حۆلەپیاوان نەیانزانی ئەم ڕچە و کاروانەرێیە هێند کوتراوەتەوە تازە کوێربوونەوەی بۆ نیە!

ئەوان نەیانزانی هەر بە شەهیدبوونی قاسملوو، تەنانەت هەزاران ئینسانی خەواڵوو لە خەو رادەپەڕن و دوای ناسنامەی ئەو مرۆڤە دەکەون تا بزانن ئەو گەورەپیاوە کێ بووە ئاسوودەیی توور هەڵداوە و مەرگی پیرۆزی هەڵبژاردوە؟! ئەوان نەیانزانی کە بیری قاسملوو هەموو ساڵێ لە گەڵ شنەی بلاوێنی بەهاردا لە کوێستان و چیا سەرکەشەکانی کوردستان‌ڕا بەرەو شار و لادێ دادەگەڕێ و دەبێ بە هەوێنی شێعر و پەخشانی هەستیاران، ئەوان نەیانزانی رۆژێ دادێ کە دیواری کۆڵان و شەقامی کوردستان دەبێتە تەختەرەشەی دەرس و منداڵەکان، قوتابی‌یە خنجیلانەکان لێی دەنووسن» قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە«.

بەڵێ ئەوان نەیانزانی ٢٢ی پووشپەڕ دەبیتە چقڵی چاویان. لەو رۆژەدا لاوان جل و بەرگی کوردی لەبەر دەکەن، جەمەدانی دەخەنە ملیان و سۆرانی بۆ شۆڕ دەکەنەوە و بە هەنگاوی بە گوڕیان بەرەو چوارڕێ و مەیدانەکان وەڕێ دەکەون تا جارێکی دیکە لە گەڵ دوکتور قاسملووی پێشمەرگە، لە گەڵ هاوڕێی شەهیدی سەرکردە، پەیمان نوێ کەنەوەو ئەو وانەیە بڵێنەوە « گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادی‌یەش بدا».

دوژمن پێی وابوو قاسملوو شەتڵە گەر هەڵیکێشێ و بینێتە لاوە وشک دەبێ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەیزانی قاسملوو لقی پیرەدارێکی ساردوگەرمچێشتووی زەمانەیە و رەگی لە نێو خاک و خۆشەویستیدا داکوتاوە، بیشیبڕن دەبێتە قەڵەم و لە سەر دڵی یەک بەیەکی مرۆڤەکان وشەی، ئاشتی و ئازادی و دێمۆکراسی دەنووسێتەوەو پیرەداریش هەزار لقی دی لێدەڕوێتەوە.

## پیرە دار

لە بنارێ
پیرە دارێ
چەتری سەری کانییەکی ساردی کوێستان بوو
لە خوارەوە
لە نزمیدا
جاڕێکی پڕ دڕک و داڵ بوو
پۆڵکەمارە و نووسەنەکەی لێ ڕوابوو
پێش خەزەڵوەر
وەبەر شەقی با دەکەوتن
جارجار سەرەنگرێ دەبوون
جار و بارە بۆی دەکەوتن
کە سەیری سەرێیان دەکرد
دار بە ئاستەم دەشنایەوە

------

رۆژێ لە پڕ کۆبوونەوە
بەتەور و داس
بیور و مشار
هەڵکیانکوتایە پیرەدار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بیور بەربۆ جەستەی خەستەی**
**لق و پۆپی دار**
**کەوتە بەر تەوژمی مشار....**

**------**

**چیی پێنەچوو**
**دیسانەکە هەر پیرەدار**
**لقی دەرکرد هەزار هەزار**
**لەو دەمەدا خاک تووڕە بوو**
**بانگی جاڕ و دڕ و داڵی ئەم ناوەی دا**
**هۆ ئەوانەی لەگەڵ «با» دان**
**گوێ رادێرن پێتان بێژم**
**پیرەداری ئەم بنارە**
**بۆتە باڵای ئاسمان و**
**لە هەر شوێنێ سەر هەڵبڕی هەر لێت دیارە**
**پیرە دارم**
**قەت بە ئێوە لە بن نایە**
**پیرە دارم**
**هەزار رەگی خۆشەویستی لە خاکدایە.**

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٠٧


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گوڵبژێرێك لە وتەكانی دوكتور قاسملووی نەمر

گەلێک ئازادیی بویّ دەبیّ نرخی ئەو ئازادییەش بدا

گەلێک ئازادیی بویّ دەبیّ نرخی ئەو ئازادییەش بدا. هیچ میللەتێک بە بیّ زەحمەتو تێکۆشان، بە بیّ بەختکردنی رۆڵە بە نرخەکانی خۆی بە ئازادی نەگەیشتوە.

گەلی کوردیشو حیزبی ئێمەش کە پێشڕەوی خەباتی گەلی کوردە لەمێژە ئەوەی دەزانن کە ئازادی، فیداکاریی دەویّ، خۆبەختکردنی دەویّ. کاروانی شەهیدانمان درێژە، بەڵام رەنگە لەوەش درێژتر بیّ.

ئێمە لە رۆژی شەهید بوونی شەهیدەکانمان لەمێژە بڕیارمان داوە نەگرین. لەمێژە بڕیارمان داوە کە تەنیاو تەنیا کارێک کە دەتوانین بکەینو لەبەرچاو و لەبەر بیری شەهیدانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە رێگای ئەوان بەرنەدەین، وەک ئەوان تا سەر ئەو رێگایە بڕۆین، لە هیچ تەنگو چەڵەمەیەک نەترسێین، لە هیچ سەختی یەک نەکشێینەوە.

خەباتی ئێمە خەباتێکی رەوایە.خەبات بۆ ئازادیی میللەتێکە، خەبات بۆ دوارۆژی منداڵەکانو نەسلەکانی دیکەیە. ئەگەر ئێمە وەک ئەم نەسلە ئەرکی خۆمان بە چاکی بەجیّ بگەیەنین دەتوانین هیوادار بین کە نەسلی داهاتوومان شەهیدی نەبیّ. هەروەها ئەگەر نەسلی رابردوو یا نەسلەکانی رابردوو بە چاکی ئەرکی خۆیان بەجیّ هێنابا رەنگ بیّ ئەو نەسلەی ئێمە شەهیدی نەدەبوو.

بۆیە بیرەوەریی شەهیدەکانمان جارێکی دیکە دەمان هێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بە بیروباوەڕێکی چەسپاو، بە دڵێکی پڕ لە شۆڕشو بە هیوایەکی زۆر، خەباتی خۆمان درێژە پیّبدەین. ئەو خەباتە ئاکامی دەبێتە دوو شت: هەم گیانی شەهیدەکانمان شاد دەکاو هەم میللەتەکەمان رزگار دەکا بۆ ئەوە لە دوارۆژدا شەهیدمان نەبیّ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەم وتانە لە رێورەسمی پرسەو سەرەخۆشیی پێشمەرگەوئەندامی لەمێژینەی حیزب کاک خالیدی عەلیپوور دا (زستانی ١٣٦٧) پێشکەش کراون.**

رادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی دا، نیشانە رادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵێکە

ژنان نیوەی ئەندامانی کۆمەڵن. هەرچی کەمتر لە کاروباری کۆمەڵدا بەشدار بن، ئەوەندە کارو تێکۆشانو خەللاقییەت لە کۆمەڵدا کەمترەو هەر ئەوەندەش کۆمەڵ پاشکەوتووترە. بۆیە رادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی دا، نیشانە رادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵێکە. ئەوە لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەش دا هەر راستە. هەرچی ژنان بەرینترو چالاکتر تێی دا بەشدار بن، ئەوەندە بزووتنەوە پێشکەوتووانەترو سەرکەوتووترە.

... بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەر نەبێ لە سێ بەرەدا خەبات بکەین.

خەبات بکەین بۆ لابردنی پاشکەوتنی گشتیی وڵاتەکەمان کە هۆی ئەسڵیی پاشکەوتنی ژنانیشە. تێبکۆشین دژی هەموو دابو شوێنی کۆنەپەرستانە کە ژن لەگەڵ پیاو بە یەک مافو یەکسان سەیر ناکەن. خەبات بکەین دژی شێوەی بیرکردنەوەی پاشکەوتووانەی پیاوان کە چەوساندنەوەی ژنان لە نێو خۆیان دا بە کارێکی بەجێ دەزانن. تێبکۆشین دژی خۆکەم بینیو لە خۆ دڵنیا نەبوونی ژنان، کە ستەمی کۆمەڵو خێزان دژی خۆیان بە دیاردەیەکی ئاسایيو رەوا دادەنێنو لە بەرامبەری‌دا تەسلیم دەبن.

**لە پەیامی دوکتور قاسملووی نەمر بەبۆنەی ٨ی مارسی ١٩٨٧**

**خەبات دژی ستەم، مەسەلەی بنەڕەتی لە ژیانی دوکتور قاسملوودا**

**لەماوەی ساڵانی تێکۆشاندا چ ئاڵوگۆڕێک لە خۆتدا پێک هاتوە؟**

**دوکتور قاسملوو:** مەسەلەیەکی بنەڕەتی بۆ من کە هەر لە سەرەتای لاوەتی‌یەوە خەباتم بۆ کردوە، مەسەلەی لەنێو بردنی ستەم بووە. لەو مەسەلە بنەڕەتی‌یەدا ئاڵوگۆڕێکم تێدا پێک نەهاتوە. دیارە ئەزموونێکی زیاترم لە ژیانی سیاسیمدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەسەریەک ناوەو واقیع بینتر بووم یا هەر بەگشتی واقیع بینتر بووم. من لە ژیانمدا هەمیشە خۆشبین بوومو لە سەختترین هەلومەرجەکانیشدا هەمیشە روحیەی خۆم پاراستوە. ئێستاش هەر وام. زۆر ئۆگری خوێندنەوەم. هەموو گۆڤارەکان، ڕۆژنامە خاریجیو ئێرانییەکان لە کوردستان دەخوێنمەوەو زۆریش ئۆگری خوێندنەوەی ڕۆمانو کتێبە زانستییەکانم. بەڵام شێعرم زۆر خۆش دەوێ. لە کوردستان شەوی شێعر پێک دێنینو منیش شێعر (لەو شەوە شێعرانەدا) دەخوێنمەوە.

عەلاقەیەکی یەکجار زۆرم بە شێعری کلاسیکی ئێران هەیە (بە شێعری) حافزو سەعدیو خەییامو بابا تاهیری عوریانو فیردەوسی. هەروەها بە شێعری کلاسیکی کوردی بەتایبەتی بە شێعری گۆران کە شاعیری سەدەی بیستەمی کوردستانەو بە شێعری ئەحمەدی خانی کە شاعیری کلاسیکی کوردە. لە شاعیرە نوێیەکان دیارە نادر نادرپوورو ئەحمەدی شاملووم بە دڵن. دیوانی ئەوانم هەنو پەروینی ئیعتیسامییشم زۆر خۆش دەوێ. وا بیر دەکەمەوە کە شێعرەکانی زۆر لە ژیانی من لە هەلومەرجی ئێستادا نزیکن.دیارە دەزانن کە خەباتی سیاسی بەتایبەتی کە تۆ بەرپرسیش بیو شەڕی نێوخۆییش لە گۆڕێ بێ، گیروگرفتت بۆ دێنێتە پێش کە بە داخەوە ناتوانی بە شێوەیەکی سیستماتیک بپرژێیە سەر ئۆگریی خۆت بە شێعر یا موسیقا. یەکێک لە گیروگرفتەکانی ژیانی من مەسەلەی شەهید بوونی هاوڕێیانی نزیکمە. ئەوە یەکێک لە گەورەترین ناڕەحەتییەکانی ژیانمە. ئەگەر ئێستا بم توانیبایە بۆخۆم بڕیار بدەم، حەزم دەکرد خەریکی زانست بامو خۆم بە مەسەلە فەرهەنگییەکانو ئەدەبیاتەوە خەریک بکەم. بەڵام ئەوەکە ئێستا لە کوردستانم، بە ئەرکی خۆمی دەزانم، چونکە هەست بە بەرپرسایەتی دەکەم لەبەرامبەر خەڵکی کوردستانو خەڵکی ئێراندا.

**لە وتووێژی «بهروز یوسف زاد» لەگەڵ شەهیدی نەمر دوکتور قاسملو (لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویدا)، رادیۆی B.B.C، بەرنامەی «جام جهان نما» ٢٣ - ٤ - ١٣٦٨ پرسیارێکی دیکەت لێ دەکەم، ئەویش ئەوەیە پێت وایە ١٠، ١٥، ٢٠ ساڵی دیکە خەریکی چ کارێک بیو لە کوێ بی؟**

**دوکتور قاسملوو:** من ناتوانم پێش بینی بکەم. لەو هەلومەرجەی ئێمە تێی داین هەر پێش بینیی شتی وا زۆر سەختە. من حەز دەکەم پاش چەندین ساڵ، ئەگەر بتوانم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەریکی کاری زانستیو نووسین بم. ئێستا نزیکەی ٤٠ ساڵە لە خەباتدا بەشدارم. حەز دەکەم ئەزموونەکانی خۆم بنووسمەوە. بەڵام لە هەر حاڵدا پێم خۆشە لەنێو خەڵکدا بم و ئێستا وا ڕاهاتووم کە لە هەلومەرجی ئێستادا دووری لە خەڵک زۆر سەختە. هیوادارم هەلومەرجێک بێتە پێش کە وڵاتەکەمان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆو هێمنو لە هەلومەرجێکی ئاوادا، من لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستان، لەوانەیە لە گوندی «قاسملوو» ـ ڕەنگە ئێوە نەزانن کە دێ یەک بەو ناوە هەیەو من ناوی خۆم لەو وەرگرتوە ـ لە دێی قاسملوو دابنیشمو تا کۆتایی تەمەن بخوێنمەوەو بنووسم.

## دێموکراسی و مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلانی ئێران

پاراستنی ئازادی یە دێموکڕاتی یەکان و چەسپاندن و پتەو کردنی بناخەی ڕێژیمێکی ڕاستەقینە لە سەرانسەری ئێران دا، زامنی ئەسلیی پێشکەوتنی شۆڕش و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی یەکانی هەموو گەلانی ئێرانە. بێ بوونی ڕێژیمێکی دێموکڕاتی ڕاستەقینە مافەکانی گەلی کورد دابین ناکرێ و بە بێ دابین بوونی مافی نەتەوایەتیی گەلی کوردیش ڕێژیم بەمانای تەواوی وشە دێموکڕاتیک نابێ. ئەگەر دوژمنانی گەلی کوردیش پێیان وایە بەسازکردنی بەیت و باوی جیاوازیخوازی دەتوانن گەلی کورد ناچار بکەن حاڵەتی دیفاعی بە خۆیەوە بگرێ و داوای مافە ڕەواکانی نەکا زۆر بە هەڵە چوون. ئێمە دڵنیاین هیچ ڕێژیمێک لە ئێران دا ڕێژیمێکی بە ڕاستی گەلی، دادپەروەر و دێموکڕاتیک نابێ ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێک لە گیروگرفتە بنەڕەتی یەکانی وڵاتی ئێمەیە چارەسەر بکا. ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە لە ئێران دا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵات پێک دێنن. خوێندن بە زمانی زگماکی، پاراستن و پەرە پێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازیدانانی ئابووری و سیاسی و لە هەمووی گرینگتر دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان بە شێک لە مافە ڕەواکانی ئەو گەلانەن، لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر ئەو گەلانە بە پێچەوانەی ئیددیعای ژمارەیەک لە دوژمنانی خەڵک هاندان بۆ جیا بوونەوە نیە، بە پێچەوانە دابین کردنی یەکیەتیی ڕاستەقینەی ئەو گەلانە لەچوار چێوەی ئێرانێکی دێموکڕاتی دا، زامنی پاراستنی یەکیەتی و سەربەخۆیی وڵاتە. مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێران دا هەیە و هیچ چەشنە خۆ گێل کردنێک لە بایەخی ئەو کەم ناکاتەوە، بە پێچەوانە ڕێگا بۆ کەڵکوەرگرتنی دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی ئێران خۆش دەکا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یەکیەتیی سیاسی و فیکری:

پتەو کردنی یەکیەتیی سیاسی و فیکری ئەرکێکی بنەڕەتی یە کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو ڕێکخراوەکانی حیزب. دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسی یەکانەوە وەک یەک فکرناکەنەوە، ئامانجیش ئەوە نیە وەک یەک فکر بکەنەوە. چونکە ئەوە نە مومکینە و نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە، مەبەست لەو یەکیەتی یە ئەستاندنەوەی داهێنانی فیکری لە ئەندامانی حیزبی نیە. بوونی بیروڕای جیاواز و ڕێککەوتنی دێموکڕاتیکی ئەوان کلیلی چارەسەر کردنی دروستی گیر و گرفتەکان و هۆی بەرەو پێشچوونی حیزبە.

## مەسەلەی ژنان:

لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمە دا، دەبێ جێگایەکی تایبەت بدرێ بە ژنان کە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەمان پێک دێنن. وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لە گەڵ پیادە کردنی ئەو مافە لە کۆمەڵ دا مەودایەکی زۆریان لە بەین دا هەیە. دەبێ ئەو مەودایە بەرە بەرە لە بەین بچێ. بە بیروڕای

حیزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵاتی و سیاسی یەکان دا بەشدار بن کۆمەڵ پێشکەوتووترە و، هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەک دا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە.

## نەخشی دانیشتووانی شار لە بزووتنەوە دا:

شارەکانی کوردستان پشتی جەبهەی دوژمنن، کەوابوو لە شارەکانی کوردستان دەکرێ زۆر زەربەی باش لە دوژمن بدرێ.دەبێ هەموو کارەکانی دوژمن بۆ ئەوەی پشتی جەبهەی خۆی بە قەوەت بکا، تێک بدەین. دوژمن تەداروکاتی لە شارەکانەوەیە، دوژمن هێزی خۆی لە شارەکان کۆ دەکاتەوە. دوژمن ئازووقەی لە وێ را دێت. دەبێ کارێکی وا بکەبن نەک هەر لە دەرەوەی شار کە پێشمەرگەی لێ یە و ڕێگای لێ دەگرێ و زەربەی لێ دەدا، بەڵکوو لە داخیلی شاریش دا بە ئیبتکاری دانیشتووانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارەکانی کوردستان دەبێ زەربەی لێ بدرێ. نابێ لە بیریان بچێ کە هەرچەند ئەوان لە شارەکانن و هەرچەند بە زاهیر چەکیان پێ نیە، بەڵام پێشمەرگەن، وەک پێشمەرگە لە سەنگەر دان و دەبێ بۆ تێکدانی نەخشەکانی دوژمن، بو گەیاندنی ئەخبار بە پێشمەرگە و بو بەربەست کردنی ڕێگای دوژمن لە هەر ڕێگایەکەوە و بە هەرشێوەیەکی بتوانن ئەرکی خۆیان جێ بە جێ بکەن.

## ڕەمزی خۆڕاگریی حیزبی دێموکڕات:

بۆ چی حیزبی دێموکڕات توانیویەتی ڕابوەستێ، ئەوانی دیکە نەیانتوانیوە ؟ ئەوە سێ هۆی هەیە:

**یەکەم**: سیاسەتی حیزبی دێموکڕات، سیاسەتێکی دروست بووە. بۆ داخوازەکانی خەڵکی کوردستان کە بریتین لە دێموکڕاسی و خودموختاری خەبات دەکەین. ئێمە شوعاری خۆڕاییمان نەداوە، شوعاری توند و تیژمان نەداوە، کە بۆمان جێ بە جێ نەکرێن. ئێمە مەسئوولانە هەتا ئێستا چووینە پێش. وەختی ئاشتی ویستوومانە وتووێژ بکەین و وەختی شەڕ شەڕمان کردوە.

**دووهەم**: خەڵکی کوردستانی ئێران پشتیوانی ئێمەیە. حیزبی دێموکڕات وەک ماسی یەک لە نێو گۆم دایە، گۆمەکەش خەڵکە. هێزی حیزبی دێموکڕات لە وە دایە کە خەڵک پشتیوانی لێ دەکا.

**سێهەم**: هۆی مانەوەی خەباتی ئێمە فیداکاریی پێشمەرگەکانمان بووە.

## مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە:

مەسەلەی کورد لە هەموو ئەبعادی خۆی دا بەو شێوەیە کە هەیە لە واقیع دا مەسەلەی ٢٥ میلیۆن کوردە کە دەبێ مەترەح بکرێ. پێم وایە ئەگەر بەو شێوەیە بچینە پێش سەرکەوتنمان زیاتر دەبێ، موهیمیش ئەوەیە کە ئەو پەیامە کە لەو وەزعە تازە دا دەینێرین پەیامێک بێ کە باش لە دەرەوە وەربگیرێ. دەبێ بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە بڵێین کە داوای کورد زۆر سادە و ڕەوایە. کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ، کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاد دا هاتوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واتە شتێکی زیادی نیە، بۆیە مەسەلەن داوای خودموختاری مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە. زۆر لە دەوڵەتان وەک دەوڵەتی ئێران ئەگەر باسی خودموختاری دەکرێ دەڵێن : ئەوە مەسەلەیەکی داخیلی یە کەس حەقی نیە دەستی تێ وەردا. کەوابوو مەسەلەی خودموختاری مەسەلەیەکی نێو خۆیی نیە و بەشێکە لە مافی ئادەمیزاد. بۆیەش ئەو دەوڵەت و رێکخراو و شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن پێویستە کە لە داوا رەواکانی گەلی کورد پشتیوانی بکەن.

## روو لە گەلانی ئێران:

پێم خۆش بوو چەند کەلیمەش لە گەڵ گەلانی بەشەکانی دیکەی ئێران بدوێم. ئێوە دەبێ بزانن کە کوردستان تەنیا بۆ خودموختاری شەڕ ناکا، بەڵکوو بۆ ئازادیی سەرانسەریی ئێران خەبات دەکا. کوردستان لە پێناوی رزگاریی هەموو ئێران لە ئیستیبدادی ئاخوندی یە کە شەهید دەدا. بۆیە ئەرکی سەشانی هەموو شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی ئێرانە کە یارمەتیمان بدەن. ئێمە دەزانین کە رێژیمی سەرکوتکەر رێگاتان نادا کە یارمەتیمان بدەن، بەڵام رێژیم ئەوەندەش بە هێز نیە کە کاربەدەستانی ئیددیعا دەکەن. رێگای یارمەتیدان بە کوردستانی خوێناوی ئاواڵەیە. لە بیرتان نەچێ کە یارمەتیدان بە کوردستان، یارمەتیدان بە سەنگەری لە گیران نەهاتووی سەرانسەری ئێرانە.

## رەت کردنەوەی تیرۆریزم:

ئێمە وەک حیزبی دێموکڕات رەشە کوژی رەت دەکەینەوە. چونکە حیزبێک لە لایەن گەلەوە پشتیوانیی لێ بکرێ هیچ پێویستی یەکی بۆ پەنا بردن بەو چەشنە کارانە نیە. ئێمە تیرۆریزم لە هەر شوێنێک مەحکووم دەکەین.

## ئەخلاق لە سیاسەت دا:

ئێمە بێ ئوسولی و جنێو فرۆشی لە سیاسەت دا رەت دەکەینەوە، بۆ جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەت دا تێ دەکۆشین و یەکەم رێکخراوی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خەباتی فەرهەنگی و نەتەوەیی:

ژیانی فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان لە حاڵی پێشکەوتن و بووژانەوە دایە، پێشکەوتن و پشکووتنی فەرهەنگ، جووڵانەوەی رزگاریخوازیی ئێمە بەهێز دەکا و ئەویش لەبەرامبەر دا شوێن دادەنێتە سەر بووژانەوەی فەرهەنگ. تەنانەت ئەگەر بڵێین شوێنەواری ئەم دوو دیاردەیە لە سەر یەکتر شوێنەوارێکی راستەوخۆیە هیچ موبالیغەمان نەکردوە. بۆ سەلماندنی ئەم ئیددیعایە دوو بەڵگە لە دەست دایە.

**یەکەم:** ئەوە کە خەباتی ئێمە خەباتێکی نەتەوەیی یە. خەڵکی ژێرستەمی ئێمە کە بۆ دیفاع لە مانەوەی خۆی شەڕێکی چەکدارانەی دەست پێکردوە، هەر لەو کاتەش دا ئەرکی سەرشانیەتی کە فەرهەنگی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ و بیبووژێنێتەوە.

**دووهەم:** ئەوە کە ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستان دا لە گەڵ رێژیمێکی یەکجار زۆر دواکەوتوو، رێژیمی ئایەتوڵڵاکان کەلە تاریکایی چەرخەکانی نێوەڕاستەوە هاتوون، رووبەرووین. شەڕی ئێمە لە دژی رێژیمی نەزانی و خورافات پەرستی درێژەی هەیە، هەم لە بەرەی شەڕ دا و هەم لە مەیدانی فەرهەنگ و پەروەردە و فێرکردن دا. ئەم دوو دیاردەیە پێکەوە گرێ دراون. دیاردەی یەکەم بە بێ دووهەم سەر کەوتوو نابێ،دووهەمیش بێ یەکەم ناتوانێ وجوودی هەبێ.

## دیکتاتۆری، مەحکووم بە نەمانە:

سەرکەوتن بە سەر فاشیزم دا زۆر دەرسی بە نرخی تێدان:

**یەکەم:** ئەوەی کە دیکتاتۆری یەکان هەرچەند بە هێزیش بن ئاخرەکەی لە بەرامبەر راوەستانی گەلان دا هێزی خۆڕاگرتنیان نیە و دەڕووخێن.

**دووهەم:** شەڕ خوازی بە مەبەستی لە ژێر چۆک خستنی گەلان یا سادر کردنی رێژیمێکی دیاریکراو، ئەنجامێکی بێجگە لە شکست و لە نێوچوونی خۆی بەدواوە نیە.

## سەر بە خۆیی سیاسی:

ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین و سەربەخۆیی خۆمان لە هەموو شتێکی دیکە خۆشتر دەوێ. ئەوەی بۆ خۆمانی بە قازانج بزانین جێ بە جێی دەکەین. هیچ کەس ناتوانێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەزەری خۆی بە سەر ئێمە دا بسەپێنێ و تا ئێستاش هیچ کەس نەزەری خۆی بە سەر ئیمە دا نەسەپاندوە.

## تیرۆریزمی دەوڵەتی:

لە رابردوو دا دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە پشتیوانی کردن لە ئاکار و کردەوەی تیرۆریستی خۆیان پاراستوە و بە دایم لە دڵەخورپە دا بوون کە نەکا وەک پشتیوان و لایەنگری تیرۆریزم کە ئەو پەڕی قانوون شکێنی و تێکدانی داب و نەریتی نێونەتەوەیی یە بناسرێن و بە لایەنگری لە تیرۆریزم تاوانبار بکرێن. بەڵام لە حاڵی حازر دا وای لێ هاتوە کە رێژیمە دیکتاتۆرەکان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان دا نە تەنیا کردەوەی تیرۆریستی بە خراپ نازانن، بەڵکوو بە راشکاوی و بە شێوەی رەسمی لە نێو خۆ و دەرەوەی وڵات دا لە رەشەکوژی و شێوە جۆراوجۆرەکانی تیرۆر کەڵک وەردەگرن.ئەم رێژیمانە لە نێو خۆی وڵات دا موخالیفە سیاسی یەکانی خۆیان تیرۆر دەکەن و لەو رێگایەوە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بە زۆری بە سەر خەڵک دا دەسەپێنن. لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ کپ کردنی دەنگی هاودەردی و هاوپێوەندیی جیهانی و بۆ بەرگری لە لایەنگریی ئازادیخوازان و بە مەبەستی ناچار کردنی دەوڵەتان بۆ قەبووڵی هێندێک مەبەستی تایبەتی و جاروباریش بۆ باج ئەستاندن یان سەپاندنی ئیدئۆلۆژی و بۆچوونی تایبەتیی خۆیان پەنا دەبەنە بەر تیرۆریزم.

## گرنگیی تەشکیلات:

بە بێ بوونی تەشکیلاتی حیزبی، هێزی بێ پایانی خەڵک وەک ئینێرژی‌یەکی دەست لێ نەدراو دەمێنیتەوە، ئەگەر چی بە شێوەی خۆبەخۆ حەرەکەت لە خۆی نیشان دەدا، بەڵام کاریگەر نابێ، دوژمن زەبری لێ دەدا و بە چووکی دادێنێ. ئەوە راستی یەکی مێژوویی یە و لە جووڵانەوەکانی رابردووی گەلی کورد دا نەبوونی تەشکیلات وەک ئاوێنەیەک خۆ دەنوێنی کە هۆی تێکشکان و ناکامی یەکانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دێمۆکراسی:

هەرگیز خەبات بۆ دیموکڕاسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی. چونکە ئەوە هۆی بنەڕەتیی پێکهاتنی حیزبی دیموکڕاتە و تا حیزبی دیموکڕات ماوە دیموکڕاسی مەبەست و ئامانجیەتی.

## مودیرییەت:

شێوەی مودیرییەت لە حیزبی ئێمە دا بە گشتی لە سەر بناخەی پێوەندیی زیندوو، ڕێنوێنی و لە ئاکام دا ئیقناعە. بەرپرسی حیزبی دەبێ ڕێنوێنی و بڕیارەکان کە لە بەخشنامەدا دەدا، دەبێ پێوەندیی زیندووی لە گەڵ نەفەراتی خۆی هەبێ و تەوزیح بدا و ماندوو نەبێ تا ئەو کاتەی تەڕەف قانع دەکا.

## ڕەفتاری دروستی حیزبی:

ئەوەش ئەسلێکی گرنگی دیکەی مودیرییەتە کە بەرپرسی حیزبی دەبێ بزانێ چۆن هەڵسوکەوت لە گەڵ ئەفرادی سەرەوە و ئۆرگانی سەرەوە بکات و لە هەمان کات دا بشزانێ کە چۆن بەرخورد لە گەڵ ئەفراد و ئۆرگانەکانی خوارەوە بکات. شێوەی ئوسوولی ئەوەیە کە نابێ بە تەحەککوم و دەستووردان و توند و تیژی و کوێخایانە ڕەفتار لە گەڵ ئۆرگانەکانی خوارەوە دا بکەین و لە گەڵ ئۆرگانەکانی سەرەوەش نابێ ڕەفتارمان چاپلووسی و تەمەللوق و پێدا هەڵکوتن بێ.

## ئەوینی نیشتمان:

من بە راستی زۆر خۆشحاڵم کە جارێکی دیکە لە نێو خەڵکی خۆمان و ئەندامانی حیزب و پێشمەرگە دام. وڵاتی دیکە زۆر خۆشن، زۆر جێگای خۆشیش لەو دنیایە دا هەیە. بەڵام بۆ من هیچیان بە قەد نیشتمانی خۆمان خۆش نین و هەموو جارێک کە دەگەڕێمەوە هەست بە خۆشحاڵی یەکی یەکجار زۆر دەکەم و، کە دەگاتە ڕۆژەکانی ئاخری سەفەرەکەم کەمێکیش بە پەلەم کە هەرچی زووتر بگەڕێمەوە نێو هاوڕێیان و پێشمەرگەکان و گەلی خۆمان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### پێوەندی لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران:

سەدان ساڵە کە خەڵکی کوردستان لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران پێکەوە دەژین. ئێمە خۆمان بە ئێرانی دەزانین و بەو کەسانە کە جاروبار لێرو لەوێ ئێمە بە جیاوازیخواز (تەجزییە تەڵەب) دادەنێن دەڵێین: بە هیچ جۆر ئەو حەقە بە هیچ کەس نادەین کە خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێ.

### دیفاعی مەشرووع:

بە پێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمنانی نەتەوەی کورد، کوردەکان شەڕ خواز نین، ئەوان خوازیاری سوڵح و ئاشتین، بەڵام کاتێک بوون و مەوجوودییەتیان وەک نەتەوەیەک لە مەترسی دەکەوێ، دیارە بۆ دیفاع لە هوویەتی میللی و شەخسییەتی ئینسانیی خۆیان ناچارن راپەڕن.

### دادپەروەریی کۆمەڵایەتی:

وەدەستهێنانی خودموختاری بێ لە نێو بردنی هەژاری و کوێرەوەری، دەبێتە داخوازێکی بێ نێوەرۆک.

**ئەم وتانە کە لە سەرچاوەی جۆراوجۆر دەرم هێناون تا تێرە لە ژمارە ١٨٧ی «کوردستان»، پووشپەڕی ١٣٧١(ژوئیەی ١٩٩٢)دا بڵاو بوونەوە.**

### شانازی یەکی گەورە بۆ حیزبی دێمۆکرات

دەتوانم بڵێم و رابگەیەنم کە ئێمە هەوەڵین کەس بووین لە بەربەرەکانی لە گەڵ رێژیمی خومەینی داو، لەو باوەڕەدام لە داهاتووش دا ئاخرین کەس دەبین کە بەربەرەکانیمان لە گەڵ رێژیمی خومەینی هەردەمێنێ.

**وتووێژی دوکتور قاسملوو لە گەڵرۆژنامەی «یوم السابع»، «کوردستان» ژمارە ١٠٩**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## جێگای ژنان لە کۆماری ئیسلامی دا

لە حاڵێک دا کە ژن ئیلهامدەری هونەرمەندان بۆ خوڵقاندنی بەرهەمەکانە، تەعلیماتی کۆن و رزیوی خومەینی مەقامی ژنی هێناوەتە خوارو و کردوویەتی بە بوونەوەرێکی چادر بەسەر، رەشپۆش و بێ مایە، بوونەوەرێک کە شیاوی کۆیلەتی یە، مەجبوورە لە ماڵ دا زیندانی بێ بۆ ئەوەی خزمەتی پیاوان بکا و دوور لە کۆمەڵی پیاوان درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

**وتاری «سەبارەت بە فەرهەنگ»، «کوردستان» ژمارە ٩٤**

## مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان

ئێمە لە کوردستان دەرسی نیشتمانپەروەری دەدەین بە خەڵک و هەرچەند داوا لە پێشمەرگەکانمان دەکەین کە ئازایانە دژی دوژمن شەڕ بکەن و بۆ وەدەستهێنانی ئازادی تێ بکۆشن، هەر لەو کاتەش دا فێریان دەکەین کە چۆن بژین. چونکە ئامانجی هەرە بە نرخی ئێمە لە مردن، لە خەباتێکی زەرووری و خوێناوی دا کە بە سەریان دا سەپاوە، وەدەست هێنانی ئازادی بە مەبەستی باشتر ژیانە.

**وتاری «سەبارەت بە فەرهەنگ»، «کوردستان» ژمارە ٩٤**

## با بەخۆمان و خەباتی خۆمان پشت ئەستوور بین

لە پێش دا، با بایەخ بە هێزی بێ پایانی گەلی کورد بدەین و، لە خۆمان و خەباتی خۆمان دڵنیا بین و، وەک عامیلێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسیی وڵات دا خۆ بنوێنین، ئەو کاتە پشتیوانمان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ.

**لە پەیامی دوکتور قاسملوو بە بۆنەی ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٦٧**

## بزووتنەوەی ئێمە پێویستی بە پەنا بردن بۆ تیرۆریزم نیە

من پێم وایە بزووتنەوە بە هێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی بە رێگای دێمۆکراتی دا دەڕۆن و رێنوێنی دەکرێن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لە گەڵە، پێویستی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکیان بە پەنا بردن بۆ تیرۆریزم نیە. لە بارەی خۆمان دا دەبێ بڵێین، لە گەڵ ئەوی خومەینی چەندین جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تیرۆریستی کەلکی وەرگرتوە، ئێمە هیچ کات ئەوەمان تەئیید نەکردوە و بە پەیرەوی کردن لە ئوسوول، بارمتە گرتنمان مەحکووم کردوە. لە ساڵی ١٩٧٩ دا ئێمە تەنیا حیزبی ئێران بووین کە بارمتە گرتنمان لە سەفارەتی ئەمریکا دا مەحکووم کرد. دواتریش هەمیشە تەیارە رفاندن و بۆمب دانانەوەمان مەحکووم کردوە. تیرۆریزم سیاسەتی رەسمیی کۆماری ئیسلامی یە کە بەپرسانی رێژیم چەند ساڵ لەمەو پێش بە ئاشکرا رایانگەیاندوە. ئێستا چونکە لە نێوخۆی ئێران دا لەهەر لایەکەوە هاواری رەخنەو ئێعتراز بەرز بۆتەوە، رێژیم بێ ئەوەی بەرەسمی قسە لەتیرۆریزم بکا، بەکاری دێنێ. بەڵام فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە و هەمیشە ئەوە بووە کە شۆڕشی ئیسلامی بە هەر شکل و شێوەیەک کە ئیمکانی هەبێ - با لە رێگای تیرۆریزمیشەوە بێ - بۆ دەرەوە بنێرێ.

**وتووێژ لە گەڵ هەواڵنووسی رۆژنامەی لیبراسیۆن، « کوردستان » ژمارە ١٢٠ ل ٨**

## هۆی پەنا بردن بۆ شەڕی پارتیزانی

کاتێک لە وڵاتێک دا سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار بێ، ئازادی یەکان پێشێل بکرێن و مافە ئینسانی یەکان بایەخیان بۆ دانەنرێ، خەڵکی ئەویندارى رزگاری و عەداڵەت چونکە بە هۆی بێ هێزی یەوە ناتوانن راپەڕینێکی تێکڕایی یان شۆڕشێکی گشتی بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ناوەندی وەڕێ بخەن، رێگایەکی دیکەیان، بێجگە لە پەنا بردن بۆ شەڕی پارتیزانی نیە.

**وتاری دوکتور قاسملوو لە ژێر ناوی «شەڕی پارتیزانی و زەبرو زەنگ»، «کوردستان» ژمارە: ١٢٤**

**پێوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی گەلانی ئێران**

بزووتنەوەی گەلی کورد هەر چەند بە هێزیش بێ ئەو پەڕەکەی تەنیا دەتوانێ رێژیم لاواز و رێگا بۆ رووخانی خۆش بکا بەڵام هیچ کات ناتوانێ بە تەنیایی ببێتە ئاڵتێرناتیو، بۆیە ئێمە بەردەوام هەوڵمان داوە کە پێوەندیی نێوان گەلی کورد و بزووتنەوەکانی دیکەی ئێران بە هێز بکەین.

**وتووێژی «عاتفە گورگین» لە گەڵ دوکتور قاسملوو، گۆڤاری وەرزانەی «فصلی در گلسرخ» بەرگی سێهەم**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئەوەی ئێمە دەمانهەوێ

ئێمە لەو باوەڕە داین پاش تاقیکردنەوەی دوو سەرەڕۆیی توند و تیژ واتە سەرەڕۆیی پاشایەتی و سەرەڕۆیی ڕێژیمی خومەینی کاتی ئەوە هاتوە کە ڕێژیمێکی دیمۆکراتیک لە ئێران دابمەزرێ. ئێمە ئامادە نین لە گەڵ هیچ هێزێکی لایەنگری دیکتاتۆری هاوکار بین و هەر لە بنەڕەت را هەر چەشنە دیکتاتۆری یەک رەت دەکەینەوە. ئێمە دەمانهەوێ بو هەتا هەتایە کۆتایی بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە تاران بێنین.

ئێمە خوازیاری ئێرانێکی سەربەخۆ و بێ لایەنین و لەو باوەڕە داین لەم رووەوە زۆربەی هێزەکان لە گەڵمان هاودەنگن.

**لە وتووێژی «عاتفە گورگین»، «فصلی در گلسرخ» بەرگی سێهەم**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆیە بە سەر چاوی تیرۆریزم دادەنرێ لە بەر ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دی ناوەندی ناتەبایی یە، ستراتێژی، سیاسی، ئابووری، مەزهەبی و نەتەوەیی یەکانە و هەتا ئەم ناکۆکی یانە بنەبڕ نەکرێن بوار بۆ کردەوە تیرۆریستی یەکان هەر دەمێنێ.

**« سەرچاوەی پێشوو «**

## باوەڕی قووڵ بە دیمۆکراسی

ئێمە لە کوردستان و لە حیزبی دیمۆکرات دا باوەڕێکی قووڵمان بە دیمۆکراسی هەیە و هەر وەها لەو باوەڕە داین: بە بێ دابین بوونی ئازادی یە دیمۆکراتی یەکان، وڵاتی ئێمە ناتوانێ ئەو کێشە و گیروگرفتە ئاڵۆزانە چارەسەر بکا کە بە دەستیانەوە دەناڵێنێ.

**بڵاوکراوەی «جامعه نوین و دمکراتیک کردستان» ژمارە یەک**

## ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێک گرنگە

بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێک گرنگە ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ویژدانی خۆی بێ و دەبێ هەردەم بتوانێ ئیددیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتوە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی و رزگاریی نیشتمانەکەی دا کردوویەتی.

## تەنیا تاوانی خەڵکی کوردستان هەڵگردنی ئاڵای خەباتە

تاوانی خەڵکی کوردستان تەنیا ئەوەیە کە ئامادە نین دان بە دەسەڵاتی سەدەکانی نێوەڕاستی ئاخوندەکان دا بنێن و لە بەشێکی نیشتمانە ئازیزەکەمان واتە لە کوردستان دا ئاڵای خەباتیان شەکاوە راگرتوە، بۆیە کەوتوونەتە بە رق و تووڕەیی لە رادە بەدەری خومەینی و دەست و پێوەندەکانی.

**بەشێک لە پەیامی د. قاسملوو بۆ رێکخراو و کەسایەتی و هاونیشتمانان لە دەرەوەی وڵات، «جامعه نوین و دمکراتیک کردستان» ژمارە: ٤**

## کوردستان سەنگەری ئازادیی سەرانسەری ئێران

خەڵکی کوردستان داوای «دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» دەکەن، ئەوان لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئاخوندەکان دا نەک هەر بەرگری لە بوون و بایەخە ئینسانی یەکانی خۆیان دەکەن، بەڵکوو بۆ ئازادیی سەرانسەری ئێران تێ دەکۆشن. ئەو شانازی یەش بۆ هەتا هەتایە بۆ خەڵکی کوردستان دەمێنێتەوە کە لە قۆناغە هەرە سەختەکانی مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەمان دا کوردستانیان کردۆتە سەنگەری رزگاریی سەرانسەری ئێران و بۆ پاراستنی ئەم سەنگەرەش گیانی خۆیان بەخشیوە.

**«سەرچاوەی پێشوو»**

## خەباتگێڕانی رێگای ئازادی کێن؟

خەباتگێڕانی رێگای رزگاریی ئێران هەر ئەوانە نین کە چەکیان لە شانەو لە بەرەکانی شەڕ دا دژی رێژیمی ئاخوندی شەڕ دەکەن، بەڵکوو تێکڕای ئەوانە کە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوێرەی توانای خۆیان بە گیان و دڵ بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانی دژی ڕێژیمی ئاخوندی دا بەشدارن، تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادین.

**«سەرچاوەی پێشوو»**

## داهاتووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ئەگەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی خومەینی، چ بە خومەینی یەوە و چ بێ خومەینی، ڕێژیمێکی بێ داهاتوویە، بەڵام هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە (بەدوای مەرگی خومەینی دا) زۆر زوو لە پڕ دەڕووخی. لەڕاستی دا ئەوە ڕاستە کە ڕێژیم ئیدی پشتیوانیی زۆربەی خەڵکی لەپشت نیە، بەڵام کەمایەتی یەک کە ماوەتەوە، هەستەیەکی زۆر چڕ پێک دێنێ و لەگەڵ ئەوەش دا کە یەکپارچە و یەکدەست نیە، بەڵام قازانجی هاوبەش لێکی گرێ داون. لەنێو هەڵسووڕێنەرانی ڕێژیم دا بەرەبەرە دووقۆڵ پێک هاتوە: قۆڵی توندڕەو و... قۆڵی میانەڕەو... ئاشکرایە هەر یەک لەو دوو قۆڵە هەوڵ دەدا کە سەنگەرەکانی خۆی پتەوتر بکاو ئەگەر توندڕەوەکان مەبەستیان ئەوەیە کە هەر ئەم ڕێگا و شێوازە وشک و توند و نەگۆڕەی ئێستا درێژە بدەن، میانەڕەوەکان پێیان خۆشە کە هێندێک لە ئازادی یە پێشێل کراوەکان بەشێوەیەکی ڕێژەیی (نسبی) زیندوو بکەنەوە و ئەو دەرگایانەی بەرووی ڕۆژئاوایان دا داخستوون، بەرە بەرە بکەنەوە و بەم جۆرە چارەسەرانە، تەمەنی کۆماری ئیسلامی درێژ بکەنەوە...

**وتارێکی دوکتور قاسملوو لە ڕۆژنامەی لۆمۆند دا - مارسی ۱۹۸۲ لە گۆڤاری «روزگار نو» ژمارە: ۹۰ وەرگێڕاوە.**

من نازانم کە خومەینی چەندە دەژی. نێونجی تەمەن لە بنەماڵەی ئەو دا، دورووبەری سەد ساڵە. کەوابوو لەوانەیە بەو زووانە نەمرێ... بە هەر حال تا کاتێک خومەینی ماوە، پێم وا نیە ئاڵوگۆڕێک بێتە پێش. بەڵام دوای وی ئەو ڕێژیمەی ئێستا یا دەمێنێتەوە یان شەڕی نێوخۆیی ساز دەبێ. من پێم وانیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش مردنی خومەینی هەر بەو شێوەیە کە لە دە ساڵی ڕابردوودا هەبووە، دەمێنێتەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایەش نیە کە ڕێژیم بەخێرایی لە نێو دەچێ. چونکە کۆماری ئیسلامی لەم دەساڵە دا توانیویەتی هێندێک جێ پێ بۆ خۆی بکاتەوە و بەو ۲۵۰ هەزار پاسدار و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥٠ هەزار ئاخوندەی کە لە ئیختیاری دان، ناکرێ بە شەوێک ئەم ڕێژیمە بگۆڕێ. بەو حاڵەش ئاڵوگۆڕی گەورە روو دەدەن. چونکە ئاخوندەکان بە تەنیایی ناتوانن دەروەستی گیروگرفتەکان بێن، بۆیە بە ناچار مل بۆ جۆرێک دیمۆکراسیی چەند حیزبی دەدەن، دیارە گرتنە بەری ئەم ڕێگایە لەوی دیکە واتە شەڕی نێو خۆیی، ئیعتیباری زیاتری هەیە. چونکە هەڵکەوت (موقعیت)ی ئێران لە ئاستی نێونەتەویی دا جۆرێکە کە وڵاتانی دەرەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ قازانجیان تێ دایە و لوبنانیی کردنی ئێران، زیانێکی قەرەبوو نەکراو بە هەمووی ئەوان دەگەیەنێ.

لە پوختەی وتووێژی دوکتور قاسملووله گەڵ هەواڵنووسانی فەرانسەیی، ١٥ی سیپتامبری ١٩٨٨ بەشێک لەم وتانە کە لە ساڵیادەکانی تێرۆری د.قاسملوو لە رۆژنامەی«کوردستان» دا، بڵاوم کردوونەوە، لە کتێبی «چەپکە بۆچوونێک لە سەر گەورە شەهیدی گەلی کورد د.قاسملوو»، ح. ماردین، ١٩٩٤، چاپی سوید، هەر وەها زۆربەشیان لە کتێبی«دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مودێڕن و شۆڕشگێڕێکی دێموکرات»، دا بڵاو بوونەوە.

## لە پازدە ساڵەی ئاوابوونی هەتاوێک دا

«هیچ نێعمەتێک لە جیهان دا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان و، ڕێگا نادا بکرێ بە مۆرە... ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر، ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ« دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ دا، ١٥ ساڵی تەواو بە سەر شەهید کرانی ڕێبەر و مامۆستای پایەبەرزی حیزبی دێمۆکرات و خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا رادەبرێ. کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە لایەن کۆماری ئیسلامی یەوە و، جێگا و شوێنی ژیان و خەبات و شەهید بوونی ئەو کەسایەتی یە مەزنە لە حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد دا، لە گەڵ ئەوەش دا کە تا ئێستا بە سەدان وتاری لە سەر نووسراوە، هەڵ دەگرێ زۆر پتری لە سەر بنووسرێ.دوکتور قاسملوو بەو خزمەتە بە نرخانەی بە حیزبی دێمۆکرات و خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی کردن، بەو بیروبۆچوون و رێوشوێن و پرەنسیپە ئینسانی، دێمۆکراتیک و بەرزانەی هێنایە نێو خەباتی رزگاریخوازانە و

شۆڕشگێڕانه و، بەو نەخشە بێوێنە و بێهاوتایەی لە ڕێبەری کردنی حیزبی دێمۆکرات و بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلەکەی دا هەیبوو، هەمووکات دەتوانێ سووژەو بابەتی نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادێمیک بێ.

لە بەرەبەری ١٥ ساڵەی شەهید بوونی ئەم مامۆستا و ڕێبەرە بەتوانا و خۆشەویستەمان دا، بە باش و پێویستی دەزانم لە جیاتی چوونە سەر بوار و لایەنەکانی دیکەی پێوەندیدار بە کارەساتی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، ئاوڕێک لە هەڵبژاردەیەک لە بیروبۆچوون و ڕوانگەکانی بدەمەوە کە وەک هەمیشە دەتوانن ئیلهامدەر و ڕێنوێنی ڕێبوارانی ڕێگاکەی و تێکۆشەرانی حیزبەکەی بن. با ئەم وتە و بۆچوون و ڕوانگانە، لە لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسی و، چۆنیەتیی بەرەوڕوو بوونەوە لە گەڵ ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکان، لە دانی بڕیاری گونجاو و دروستی سیاسی دا، لە چاو خشاندنەوە بە بەرنامە و پێڕەوی نێو خۆی حیزب دا، لە چارەسەر کردنی دێمۆکراتیک و بەرپرسانەی گیروگرفتە نێوخۆیی یەکانمان دا و، لە هەنگاو نان و خۆ ئامادە کردن بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ریسالەت و ئەرکانەی لە سەر شانی خۆمان و حیزبمانن ئیلهامیان لێ وەربگرین. با بیرەوەریی تاڵی لە دەستدانی ئەم ڕێبەرە مەزنە، بکەینەوە بە دەرفەتێک بۆ حزووری مەعنەویی خۆی و ڕێنوێنی و ئامۆژگاری یەکانی لە کۆڕی تێکۆشەرانی حیزب دا.

## نابێ یەک هەنگاو بەرەو لە ژێر پێنانی دێمۆکراسی بڕۆین

ئێمە دێمۆکراتین و دەبێ تا سەر دێمۆکرات بین. نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەگەر هەنگاوێک بەرەو لە ژێر پێنانی دێمۆکراسی بڕۆین، تازە بەرەو دیکتاتۆری ڕۆیشتووین و گەڕانەوە دژوارە.

## ئێمە دەبێ بۆخۆمان وڵاتی خۆمان ئازاد بکەین

بەداخەوە لە ڕابردوو دا، زۆر لە تێکۆشەرانی کوردستان ئەو چاوەڕوانی یەیان هەبووە و وا فێرکراون کە سۆویەتەکان دەبێ بێن و ئازادمان کەن. ئێستا حیزبی ئێمە ئەو ڕاستی یەی بۆ ئەندامانی خۆی و گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران ڕوون کردۆتەوە کە ئێمە خۆمان دەبێ وڵاتەکەمان ئازاد بکەین. نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە یەکیەتیی سۆویەت یا هەر کەس و هەر جێگایەکی دیکە لە دەرەوە ڕا بێ و دێمۆکراسی و خۆدموختاریمان بۆ وەربگرێ.

## سەربەخۆیی سەرمایەی گەورەی حیزبی دێمۆکرات

دۆستایەتی لە روانگەی ئێمەوە ئەوە نیە کە هەرچی دۆستەکانمان گوتیان، بڵێین بە چاوان! نابێ لە بیرمان بچێ کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەیە، ئەمەش هەر ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەیە کە گرتوویەتە پێش. یەکێک لە رەمزەکانی سەرکەوتنی ئێمە هەتا ئێستا، هەر ئەم سیاسەتە سەر بەخۆیە بووە. ئەو سیاسەتە چەوت بووبێ و راست بووبێ، دەسکردی خۆمان بووە. چونکە پێمان وایە هیچ کەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقیعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نیە و هەر بۆیە هیچ کەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نیە.

هیچ ئۆرگانێک، چ هی وڵاتێکی تایبەتی و چ نێونەتەوەیی، حەقی ئەوەی نیە کە لە بارەی ئێمەدا بە بێ ئێمە بڕیار بدا. هەر وەک ئێمەش ئەو هەقە بە خۆمان نادەین کە لە سەر وڵاتێکی دیکە بڕیار بدەین. نابێ قازانجی هیچ وڵاتێک و، هیچ حیزبێکی دیکە، بۆ ئێمە ببێتە میعیار،، تەنیا بۆ ئێمە دەبێ قازانجی گەلانی ئێران و گەلی کورد میعیار بێ و بەس. هیچ کەسیش لە خودی گەلانی ئێران و گەلی کورد باشتر ناتوانێ ئەم قازانجە دیاری بکا.

## سەربەخۆیی بڕیاردان، میعیاری بنەڕەتی بۆ حیزبی دێمۆکرات

با بە سەراحەتەوە بگوترێ کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لە بەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو میعیار بۆ ئێمە قازانجی حیزب و گەلی کورد و گەلانی ئێران و سەربەخۆییمانە. میعیاری ئەساسیی سەربەخۆیی بڕیاردانە. دۆستایەتی دەکەین بەڵام لە گەڵ پاراستنی سەربەخۆیی. ئەگەر پێویست بوو دۆستایەتی یەکە فیدای سەربەخۆیی دەکەین، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی فیدای دۆستایەتی ناکەین.

## کردەوە و تاقیکردنەوە دەبێ میعیاری راستی و دروستیی تیئۆری بێ

تیئۆریی زانستی لە پاوانی هیچ کەس دا نیە... هەموو کەس دەتوانێ پەرەی پێ بدا و هەموو کەسیش دەتوانێ تەتبیقی بکا و کەسیش مافی ئەوەی نیە خۆی بکا بە حەکەم. میعیاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راستی و دروستیی تیئۆری، کتێب نیە. کردەوە و تاقیکردنەوەیە. تیئۆریی کۆمەڵایەتی لە جەریانی تەتبیق دا راست و دروستیی خۆی نیشان دەدا. راستە کە واقیعییەت سەرچاوەی تیئۆری بووە. بەڵام چونکە واقیعییەت هەمیشە لە گۆڕان دایە و هەلومەرجیش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە فەرق دەکا تیئۆریش دەبێ بگۆڕێ. لە ئاخیرەکەی دا میعیار تیئۆری نیە، میعیار پراکتیکە و واقیعییەتە. ئەگەر تیئۆری یەک لە گەڵ واقیعییەت رێک نەکەوێ، واقیعییەتی رەق بە زۆر ناچێتە نێو چوارچێوەی تیئۆری یەوە.

## سێ ئامانجی گەورە کە حیزبی دێمۆکرات خەباتیان بۆ دەکا

حیزبی دێمۆکرات بۆ وەدیهێنانی سێ ئامانجی گەورە پێک هاتوە و خەباتیشیان بۆ دەکا:

**یەکەم:** لابردنی ستەمی نەتەوایەتی یە.

**دووهەم:** لابردنی ستەمی چینایەتی یانی چەوساندنەوەی ئادەمیزاد. حیزبی ئێمە بۆ لابردنی هەموو چەشنە زۆرداری یەک تێ دەکۆشێ. چەوساندنەوەش، ستەمی چینایەتییش بەشێکە لە زۆرداری. هەر بۆیەش لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا هاتوە کە بۆ لابردنی چەوساندنەوە خەبات دەکەین بۆ ئەوە کە هەموو چەوساندنەوەیەک واتە چەوساندنەوەی چینایەتییش لە بەین بچێ.

**سێهەم:** ستەمی سیاسی... تەنیا نان بۆ ژیانی شایستەی ئادەمیزاد کافی نیە، دەبێ ئازادییشی لە گەڵ بێ. بۆیە ئێمە هەر لە سەرەتاوە بۆ ئازادی خەبات دەکەین. باشە ئەگەر خەڵک نەچەوسێندرێتەوە، نانی هەبێ، بە زمانی خۆی بخوێنێ بەڵام ئازادیی نەبێ بەو زمانەی خۆی نەزەری خۆی لە سەر وەزعی وڵاتەکەی دەرببڕێ مانای ئەوەیە ستەمێک ماوە کە ستەمی سیاسی یە. حیزبی ئێمە خەبات دەکا بۆ ئەوە ئەو ستەمە سیاسی یەش نەمێنێ. ستەمی نەتەوایەتی، ستەمی چینایەتی و ستەمی سیاسی هەر سێکیان دەبێ لە نێو بچن. لە بەین بردنی ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی و دابینکردنی دێمۆکراسی و ئازادی، ئەوەیە ئەو کۆمەڵەی حیزبی دێمۆکرات خەباتی بۆ دەکا.

## بەختیاریی ئینسان یەکەم ئامانجی سۆسیالیزم

سۆسیالیزم دەیەوێ کۆمەڵێکی وا پێک بێنێ کە ئینسان هەم لە باری ماددی یەوە و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەم لەباری رووحی و مەعنەوی یەوە،ئاسوودە دەبێ. تەواوی ئەوانەی کە سۆسیالیزمی خەیاڵییشیان پێک دێنا و ئەوانەی پێش سۆسیالیزمیش، هەوڵیان دابوو بۆ ئەوەی کە ئینسان بتوانێ تەواوی ئیستیعدادی خۆی بە کار بێنێ لە باری ماددی و مەعنەوی یەوە ئاسوودە بێ. (هەم) لە باری ماددی یەوە ژیانێکی باشی هەبێ، هەم ئازادیی هەبێ.

## بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتی ئێران دا

ئێمە دڵنیاین هەر رێژیمێک لە ئێران دا بە راستی گەلی، دادپەروەر و دێمۆکراتیک نەبێ ناتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێک لە گیروگرفتە بنەڕەتی یەکانی وڵاتی ئێمەیە، چارە سەر بکا. راستی یەکەی ئەوەیە کە لە ئێران دا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی وڵات پێک دێنن. خوێندن بە زمانی زکماکی، پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازیدانانی ئابووری و سیاسی و لە هەمووی گرنگتر، دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان، بەشێک لە مافە رەواکانی ئەو گەلانەن. لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو گەلانە، بە پێچەوانەی ئیددیعای ژمارەیەک لە دوژمنان، هاندانی خەڵک بۆ جیابوونەوە نیە، بە پێچەوانە دابینکردنی یەکیەتیی راستەقینەی ئەو گەلانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتی دا، زامنی پاراستنی یەکیەتی و سەربەخۆیی وڵاتە.

## کوردان شەڕخواز نین، خوازیاری سوڵح و ئاشتین

بە پێچەوانەی تەبلیغاتی دوژمنانی نەتەوەی کورد، کوردان شەڕخواز نین. ئەوان خوازیاری سوڵح و ئاشتین. بەڵام کاتێک بوون و مەوجوودییەتیان وەک نەتەوەیەک لە مەترسی دەکەوێ، دیارە بۆ دیفاع لە هوویەتی میللی و شەخسییەتی ئینسانیی خۆیان ناچارن راپەڕن.

## کۆبوونەوەی دەسەڵاتی ئێران لە تاران، دەبێ کۆتایی پێ بێ

ئێمە ئامادە نین لە گەڵ هیچ هێزێکی لایەنگری دیکتاتۆری هاوکاری بکەین و هەر لە بنەڕەت ڕا، هەر چەشنە دیکتاتۆری یەک رەت دەکەینەوە. ئێمە دەمانهەوێ بۆ هەتاهەتایە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆتایی بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە تاران بێنین. ئێمە خوازیاری ئێرانێکی سەر بەخۆ و بێلایەنین و لەو باوەڕە داین زۆربەی هێزەکانی ئێران لەگەڵمان هاودەنگن.

## شۆڕشگێڕێک، نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ

بە بڕوای من ئەوەی بۆ شۆڕشگێڕێک گرنگە، ئەوەیە کە نابێ هیچ کات شەرمەزاری ویژدانی خۆی بێ و، دەبی هەردەم بتوانێ ئیددیعا بکا کە ئەوەندەی بۆی کراوە و لە دەستی هاتوە، لە پێناوی شۆڕش، ئازادی و رزگاریی نیشتمانەکەی دا کردوویەتی.

## کلیلی چارەسەر کردنی دروستی گیروگرفتەکان و هۆی بەرەوپێش چوونی حیزب

پتەو کردنی یەکیەتیی سیاسی و فیکری، ئەرکێکی بنەڕەتی یە کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو رێکخراوەکانی حیزب. دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسی یەکانەوە وەک یەک فکر ناکەنەوە. ئامانجیش ئەوە نیە وەک یەک فکر بکەنەوە. چونکە ئەوە نە مومکینە، نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە. مەبەست لەو یەکیەتی یە ئەستاندنەوەی داهێنانی فکری لە ئەندامانی حیزب نیە. بوونی بیروباوەڕی جیاواز و رێککەوتنی دێمۆکراتیکی ئەوان کلیلی چارەسەر کردنی دروستی گیروگرفتەکان و، هۆی بەرەو پێشچوونی حیزبە.

**سەرچاوەکان:**

١- کتێبی «کورتەباس»(ناملیکەی کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم و شی کردنەوەی کورتەباس)، نووسینی: دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئامادە کردنی بۆ چاپ: سەلاح شەشە، سوئێد. بەفرانباری ٢٠٠٣

٢- چەند ژمارەی «کورستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.

٣- ناملیکەی «رەوتی ئاشتی و دێمۆکراتیزاسیۆن» پاشکۆی «تێکۆشەر»ی ژمارە ٢٦(دەقی باسێک کە دوکتور قاسملوو لە سمینارێکی حیزبی دا، پێشکێشی کردوە.)


ئەم بابەتە لە ژمارە ٣٩٢ی رۆژنامەی «کوردستان»، ٨ی ژوئیەی ٢٠٠٤ دا بلاو بۆتەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەلبۆمی وێنەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




فەرەیدوون عەبدولقادر، د. قاسملوو، مام جەلال



نەبی قادری، قازی عەلی مارەغانی، د. قاسملوو ، حوسین مەدەنی،
حاجی ڕەحمانە سوور



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



د. قاسملوو. مامۆستا هێمن، حوسێن‌ئاغای قاسملوو



د. قاسملوو. مام جەلال، د. کەمال خۆشناو




د.فلۆرانس ویبێر، د. قاسملوو، مستەفا شڵماشی، مەستانە بابانزادە، د. شەرەفکەندی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حەسەن شیوەسەڵی، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، د. قاسملوو و کاوە مەدەنی و چەند پێشمەرگە



حەسەن شەرەفی، د. قاسملوو، هاشم کەریمی




حەسەن رەستگار، رەحمان کاژەیی، جەمال حەکیمئاغا، د. قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



عەبدوڵڵا قادری ئازەر، شوان پەروەر، گوڵستان، د. قاسملوو



نەبی قادری، ئەبووبەکر ڕاد، رەحیم محەممەدزادە، حەسەن رەستگار،
د. قاسملوو، جەلیل گادانی



مستەفا شڵماشی، د. قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



د. شەرەفکەندی،  د. قاسملوو، عەبدوڵڵا حەسەنزادە و کۆمەڵێک پێشمەرگە



د. قاسملوو، بابەعەلی مێهرپەروەر، مستەفا هیجری و چەند پێشمەرگە



مولازم سەید کەریم، مولازم عومەر، مەلا بەختیار، د. قاسملوو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



د. قاسملوو و کۆمەڵێک خەڵک وپێشمەرگە



شەهید د. قاسملو و کۆمەڵێک لە لایەنگرانی




نەبی قادری، قادر وریا، د. قاسملوو، رەشید ئەمیر عەشایری و...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



د. قاسملوو و د. بێرنارد کۆشنێر وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرانسە



د. قاسملوو بە منداڵی، لە نێوان دایکی و بابی و دوو لە براکانیدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کەژاڵ لالەعەباسی، د. قاسملوو، نەسرین حەداد، موحەممەد حەسەنپوور،
لەیلا وەیسی، مەجید سوڵتانپوور و... (زەماوەندی نەسرین و موحەممەد)




د. قاسملوو، نەبی قادری، شێخ عزالدین حسینی و چەند پێشمەرگەیەک



ئەحمەد نەقشی، کەریم شڵماشی، خەدیجە مەعزوری، د. قاسملوو، لەیلا وەیسی، مەجید سوڵتانپور



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




عەبدوڵڵا حەسەن زادە ، د. قاسملوو



د. قاسملوو و نەسرین خانمی هاوسەری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



د. قاسملوو ، عەبدوڵڵا قادری ئازەر



عەبدوڵڵا حەسەن زادە، حاجی حەمەدەمین حەسەن پوور و د. قاسملوو و چەند پێشمەرگە




حەسەن شیوەسەڵی، عەبدوڵڵا حەسەن زادە،د. قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




شەهید د.قاسملوو و بنەماڵەکەی



د. قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



عەبدوڵڵا حەسەن زادە، د. قاسملوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



د. قاسملوو و کۆمەڵێک پێشمەرگەی بریندار



پرۆفیسۆر کارێل جێچ . Karel Jech و شەهید د. قاسملوو



مام جەلال، د. قاسملوو، نەوشیروان مستەفا، عەبدوڵڵا حەسەنزادە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



...، ئەمیر قازی...، د. قاسملوو، حەمەدەمین سیراجی، ئەحمەد قازی، نەبی قادری



کارۆل پرونهۆبێر، د. کەندالّ نەزان، ....، شوان پەروەر، شەهلا (ڕیزی پێشەوە)
د. قاسملوو، گوڵناز، کاوە مەدنی، (ڕیزی پشتەوە)



د. قاسملوو و پاڤڵ تالەبانی گەلاوێژ خان(خێزانی برایم ئەحمەد) و قوباد تالەبانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





ئەحمەد تۆفیق، د. قاسملوو. هێلێن و...



د. قاسملوو. هێلێن و دوو کچەکانیان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




**گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس گلکۆی د. قاسملوو**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org